هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 49

سالٚی/ 2008 – بەرگی چل و نۆ

---

چاپی یەکەم/ سالٚی 2008

له بڵاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2008)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق
بەرگی: 49
چاپی یەكەم: 2008
تیراژ: 250
تەصمیم: شەرمین خضر بهجت
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/9/8 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/9/10 ل23

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/9/15 ل39

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/9/17 ل77

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/9/22 ل121

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/9/23 ل179

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/10/15 ل233

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/10/20 ل265

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/10/27 ل317

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/10/28 ل369

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/10/29 ل455

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/11/3 ل505

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/11/4 ل555



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێك**

**دوو شەممە رێکەوتی 8\9\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێك

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2008/9/8

کاتــژمێر (11)ی ســەر لــە بــەیانی ڕۆژی دوو شــەممە ڕێکــەوتی 2008/9/8 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی کردنەوەی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگە (1) لە ماددەی (5) و هەردوو بڕگەی (1، 2) ی ماددەی (54) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ئەنجومــەنی نیشــتمانیی کوردســتانی عێــراق، ژمــارە (1)ی ســاڵی 1992ی هــەموار کــراو، بڕیــاردرا کــاتی کردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی چوارەمی ئەنجومـەن لـە کاتـژمێر ( 11)ی سـەرلە بـەیانی ئـەمڕۆ دوو شەممە ڕێکەوتی 2008/9/8 بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

1 -دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی بڕگە (1) لە ماددەی پێنج و هەردوو بڕگەی (1، 2) ی ماددەی (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ژمارە(1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، بڕیاردرا کاتی کردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی چوارەمی ئەنجومەن لە کاتژمێر (11)ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دوو شەممە ڕێکەوتی 2008/9/8 بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان - عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق.

کردنەوەی ئەم خولە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان ئەکەینەوە، فەرموون بۆ وەستان، بەرنامەی ئەم دانیشتنەمان وتاری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانە بۆ کردنەوەی خولەکە و وتاری بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز( کاك دکتۆر کەمال فوئاد سەرۆکی پێشووی پەرلەمان وبەڕێز کاك عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەت، هەموو وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین کە ئامادەن لێرە، بەڕێز سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، خانمی شەهید سامی عبدالرحمن کەلەگەڵمان لەم دانیشتنە بەشدارن، زۆر بەخێر بێن سەرچاوان.

**خوشك‌و برایانی بەرێز.**

**ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، لەم دانیشتنەدا كردنەوەی خولی گرێدانی دووەم، لە ساڵی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان 2008 رادەگەیەنین.

سەرەتا مانگی رەمەزان لەئێوەو هەموو خەڵكی كوردستان‌و موسڵمانان پیرۆزبێت. هیواداریین ئەم مانگە پیرۆزە مانگی ئاشتی و خێروخۆشی‌و پێكەوەژیان بێت لەهەرێمی كوردستان‌و عێراقی فیدراڵدا. مانگی لێبوردەیی و چارەسەری كێشەو گرفتەكان بێت. لە دوو مانگی پشووی پەرلەماندا، چەندین رووداوی گرنگ هاتۆتە پێشەوە كە كاریگەری بەرچاوو پەیوەندی راستەوخۆیان بە گەلی كوردستانەوە هەیە. كە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر كردن و لێكدانەوەو وەرگرتنی هەڵوێستی راشكاوانە هەیە. هەندێكیان زەنگی مەترسیدارن بۆ سەر دەستكەوتەكانی گەلەكەمان و ئەو مافانەی كە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق جێگیر كراون. ئەو رووداوانە مەترسیدارن لەسەر خودی دیموكراسیەت لە عێراقی فیدراڵ، مەترسیدارن لەسەر گیانی پێكەوەژیان، لەسەر بنەمای تەوافوق، چونكە مومكین نییە ئەو دیموكراسیەتەی عێراق بەبێ رەچاو كردنی دەستوورو بنەمای تەوافوق بەردەوام بێت، بەڵام بەداخەوە كەسانێك هەن دەیانەوێ وكاردەكەن بۆ ئەوەی مێژووی حوكمرانی لە عێراقدا بۆ دواوە بگێڕنەوە. بە پیلانگێڕان‌و كۆبوونەوە لە ژوورە تاریكەكان، لەناوخۆو دەرەوەی عێراق دەیانەوێ مافەكانی ئازادی و دیموكراسیەت پێشێل بكەن، جارێكی تر سیستمی مەركەزیەت لە بەغدا بەهێز بكەنەوە. تەنانەت ئەگەر لەسەر هەمان رەفتاو شێوازی حوكمی دیكتاتۆری و شمولیش بێت. كە لە لایەن میللەتانی عێراقەوە لەرێی دەنگدان بە دەستووری هەمیشەیی رەتكراوەتەوە. شێوازی گفتوگۆكان و تێپەراندنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان لە رۆژی 22ی تەمووز لە ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق نموونەیەكی زەقە لە ویستی كەسانێك وئەو لایەنانەی كە دەیانەوێ بە هەر رێگایەك بێت لە ماف‌و دەستكەوتەكانی گەلی كوردستان كەمبكەنەوە، ئەم جۆرە رەفتارانە خەڵكی كوردستانی نیگەران و بێزاركردووە، چونكە دوور لە هەموو پرەنسیپێكی پەرلەمانی و رەچاو نەكردنی بنەمای تەوافوق و دەستووری عێراق، مادەی 24 یان لە پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان تێپەڕاند. لە هیچ تەجروبەیەكی پەرلەمانیدا نەبووە، لە پرۆژە یاسایەكدا بە تەنیا یەك مادە بەنهێنی دەنگی لەسەر بدرێ، دەنگدانەكەش بەبێ ئامادە بوونی نەك تەنیا هاوپەیمانی كوردستان، بەڵكو هەموو نوێنەرانی گەلی كوردستان و چەندین پێكهاتەی تری پەرلەمان بوو، كە بڕوایان بەو شێوازە نەبوو كە رۆژی 22ی تەمموز بەرێوە چوو. ئەنجامەكەشی بووەهۆی ئەوەی كە پرۆسەی سیاسی و گفتوگۆی نێوان لایەنەكان لە عێراقدا تووشی قەیران ببێت. جەماوەری كوردستانیش لە هەموو شارو شارۆچكەكانی كوردستان، لە هەڵوێستێكی جوامێرانەدا نیگەرانی‌و هەڵوێستی خۆیان بۆ رەتكردنەوەی ئەو مادەیە دووپاتكردەوە. دیارە ئۆباڵی ئەو گرفتانەی كە دروستیشبوون دەكەوێتە ئەستۆی

ئەو کەسانەی کەپیلانی موئامەرەی رۆژی 22ی تەمووز یان گێڕا. بۆیە ناکرێت ئەم رووداوەو رووداوەکانی کە لە رۆژانی رابردوو هاتنەپێشەوە بە دوور بگرین لەو نەخشەو پیلانە ئیقلیمی و عەرەبیانەی کە هەندێکیان زۆر بە ئاشکراو زۆر بەزەقی چەندین کۆبوونەوەیان لە قاهیرەو ئەنقەرەو دیمەشق و عەممان و شوێنی تر ئەنجامداوە کە هەندێکجار نوێنەرانی دەزگای موخابەراتی ئەو ولأتانە راستەوخۆ بەشداریان تێدا کردووە. سەبارەت بەمادەی 24 لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان سەرۆك کۆمارو جێگری سەرۆك بە هەست کردن بەو مەترسیانەی کە شێوازی تیپەراندنی یاساکە لەسەر پرۆسەی سیاسی و دەستوورو دیموکراسیەت دروستی دەکات. دەسەلأتی یاسایی خۆیان بەکارهێناو پرۆژە یاساکەیان رەتکردەوەو رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانانیان کردەوە. دوای ئەوەی نیگەرانی و تێبینی خۆیان لەسەر مادەی 24و چەند خاڵێکی تریش دەربڕی. کە جێگای خۆیەتی قبوڵ نەکرێت، وەك: کەم کردنەوەی رۆڵ و دەسکەوتەکانی ژنان و ئافرەتان، چونکە بەپێی ئەو بنەمایانەی لە پرۆژەکەدا هاتووە رێژەی ئافرەتان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان کەم دەبێتەوە. وەفدی هەرێمی کوردستانیش بە سەرۆکایەتی بەرێز سەرۆکی هەرێم گفتوگۆیەکی راشکاوانەو جدیان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەك: ئەمریکاو بەریتانیا ئەنجامدا، بەلأم ئەنجومەنی نوێنەران نەگەیشتنە رێکەوتنێك کە هەموو لایەنەکانی پێی رازی بێت و لەگەڵ دەستوورو بنەمای تەوافوق بگونجێت. پاشانیش پشووی پەرلەمانی بەسەر داهات. لەم چەند هەفتەی رابردووشدا بەر لە دەستپێکردنی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە چاوەڕوان دەکرا، لەو ماوەیەدا لایەنە سیاسیەکان لەناو پەرلەماندا بە هاوکاری un بگەنە دەرەنجامێك دەربارەی مادەی 24 لەو یاسایەدا. بەلأم بەداخەوە حکومەتی فیدراڵ لەرێی ناردنی هێزی سەربازی بۆ سەر ناوچە ئارامەکانی (خانەقین‌و سەعدییەو قەرەتەپەو جەلەولا) کێشەیەکی تری دروستکرد. لە کاتێکدا هیچ بیانوویەکی پێویست لە گۆڕیدانەبوو، تائەو هەموو هێزە بۆ ئەو ناوچانە بنێرێ، لێرەدا چەند راستیەك هەیە کە پێویستە خەڵك بیزانێ و حکومەتی فیدراڵیش رەچاوی بکات، چ بەنسبەت خانەقین و ناوچەکانی تر، چ بەنیسبەت کەرکووك، کە لە ماددەی 24ی قانونەکەدا داوای ناردنی هێزی سەربازی لەخواروو و ناوەڕاستی عێراق دەکات بۆ شاری کەرکووك. دیارە مەسەلەی کەرکووك و گشت ناوچە دابڕاوەکان کە مەشمولن بە ماددەی 140 بە حوکمی واقیع زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچانە کوردن، تەنانەت زۆربەی ئەو براتورکمان و عەرەبانەی لەو ناوچانەشدان شاهیدی ئەوەن کە لە پاش 2003\4\9 هێزی پێشمەرگەی کوردستان، واتە پاسەوانانی هەرێم کە هێزێکی سەرەکی بوون لە رزگار کردنی عێراق و رووخانی دیکتاتۆریەت، بەشداریەکی گەورەو بەرچاویان لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی خەڵکی ئەو ناوچانەو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان و لە ناو بردنیان بینیوە، ئەم راستیەش چەندین جار لە لایەن بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵی و هاوپەیمانان دانی پێدانراوە. دوا بەڵگەش لێدوانی وەزیری بەرگری عێراق خۆیەتی کە دوای سەردانی بۆ شاری کەرکووك بەر لە چەند هەفتەیەك رایگەیاند: کە بارودۆخی کەرکووك ئارامەو ئەو شارە پێویستی بەناردنی هێز نییە. بەلأم ئەوەی ئێستا

کاری لەسەر دەکرێت پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەیەو رایانگەیاندووە کە بەنیازن چەند فرقەیەکی سەربازی لە خەڵکی ناوچەکانی ناوەراست و باشووری عێراق لە کەرکووك دروست بکەن. دیارە ئێمە کاتی خۆشی پشتگیریمان لە چالاکیەکانی سوپای عیراق کرد کەلەبەسراو بەغداو موسڵو دیالی و ئەنبار بۆ جێگیر کردنی یاسا ئەنجام درا. ئەو کاتیش ناردنی هێز بۆ ئەو شوێنانە بەهۆی ئەوەبوو کە ئەو ناوچانە ناوچەی نائارام بوون وببونە مۆڵگەی تیرۆریستان. بەلأم سەبارەت بەخانەقین و ناوچە دابراوەکانی تری کوردستان، جێی خۆیەتی بپرسین بە چ بیانوویەك حکومەتی فیدراڵ تاك لایەنە بەبێ راوێژو هەماهەنگی لەگەڵ هەرێم هێزێکی زۆری سوپای عێراقی دەنێرێتە سەر خانەقینو ناوچە دابراوەکانی تر کە ناوچەی ئارام و پاك کراوەن لە تیرۆریستان. راستە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵەو هێزی سوپای فیدراڵ بۆی هەیە بچێتە هەر بەشێك لە عێراقدا، بەلأم ئەو کاتە دەبێت کە کێشە سیاسیەکان لە عێراق و گرفتی ناوچە دابراوەکانی کوردستان لە رێی ماددەی 140 چارەسەر کرابن و دامەزراوەکانی حوکمرانی لە عێراق بەشێوەیەکی یاسایی دامەزرابن. ئەو کاتەش، جموجۆڵێکی وای سەربازی و ناردنی هێز پێویستی بە هەماهەنگی هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. یالەحاڵەتێکدا ئەگەر هەرێم تووشی پەلامارێکی سەربازی دەرەکی یا تیرۆریستی ببێتەوە، ئێمە خۆمان داوا لەحکومەتی فیدراڵ دەکەین هاوکاری سەربازیمان بکات. بەلأم ئەو شێوازو ئالیەتەی بەم دواییە بینیمان دوورە لە حاڵەتێکی ئاسایی. چونکە ئەگەر تەماشای وڵأتانی فیدراڵی دنیا بکەین کە شێوازەکەی وەك دەوڵەتی عێراق وایە، بەبێ دیاری کردنی هۆو هەماهەنگی پێش وەختی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران هێزی سەربازی نانێرنە سەر هیچ هەرێم و شارێك. شاری خانەقین و کەرکووك و ناوچەکانی تریش هێزی ناوخۆی خۆیان هەیە بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش و تا ئێستاش سەرکەوتوو بوونە لەکارەکانیاندا. بۆیە ئەو نیگەرانیە لەلایەن خەڵکی کوردستان دروستبوو، کە هەقی خۆیانە مەترسیان هەبێت لە دووبارە بوونەوەی رەفتاری کۆنی سوپای رژێمی پێشوو کە سوپای ئەنفال و کیمیاباران کردنی گەلەکەمان و وێران کردنی کوردستان بوو. بەم بۆنەیەوە جێی خۆیەتی داوا لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو هێزەکانی فرەنەتەوە بکەین بەتایبەتی ئەمریکا، کەلەم رۆژانەدا گفتوگۆکانی نێوان ئەمریکاو عیراق لەسەر مۆر کردنی پەیمانی دووقۆلی لە ئارادیە، هاوکاتیش دەنگۆی ئەوە هەیە کە حکومەتی عێراق سەرقاڵی کڕینی فڕۆکەی سەربازی F16 و هەلیکۆپتەری جەنگیە ، داوا لە ئەمریکاو ئەو وڵأتانە دەکەین کە چەك بە عێراق دەفرۆشن ، دەبێ ئەم چەکانە بەمەرج بە عێراق بفرۆشرێت، بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك حکومەتی فیدراڵی نەتوانێ ئەو چەکانە لە دژی گەلی کوردستان و تەواوی گەلانی عێراق بەکاربهێنێت. دووپاتیشی دەکەینەوە کە پێویستە کێشەکان لەرێی دیالۆگ و لەسەر بنەمای تەوافوق چارەسەر بکرێن، بەتایبەتی کەگەلی کوردستان لەسەر بنەمای شەراکەت لە بریارو بەرێوە بردن و رێز گرتن، لایەنێکی سەرەکیە لە پرۆسەی سیاسیی و حوکمرانی عێراقدا. لێرەوە بە هاوپەیمان و دۆستەکانی گەلی کوردستان لە نێو گشت پێکهاتەکانی عێراق دەڵێین هەر پیشێل کردنێکی دەستوور یاخود کەم کردنەوە لە مافە دەستووریەکانی هەرێم. ئەمە سووکایەتیە بە خۆیان و بە دیموکراسیەت و کورت

بینی تێروانینی ئەو لایەنانەش دەخاتەروو بۆ ئێستاو ئایندەی عێراق و تەنانەت پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداش. بە هیچ شێوەیەك گەلی کوردستان و ئەوانەی  کە بڕوایان بە دەستوور هەیەو هەزاران شەهیدیان لە پێناو ئازادی و دیموکراسیەت داوە ئەو حاڵەتەی  22ی تەمووز قبووڵ ناکەن. ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان پشتیگری لە هەنگاوەکانی هەرێم دەکەین بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان بە ڕێگای دیالۆگ، پێشمان وایە ئەم ڕێگایە چاکترین شێوازە بۆ بەردەوام بوون و پێکەوە ژیان و پابەند بوون بە دەستوور. هەر وەك جەختیش دەکەینەوە کە جێبەجێ کردنی ماددەی 140  لەلایەن حکومەتی فیدراڵی زۆربەی کێشەکان چارەسەر دەکات و ئەو زوڵمە گەورەیەش لەسەر خەڵکی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان لا دەبات، کە ڕژێمی پێشوو بۆ گۆڕینی دیموگرافیەتی ئەو ناوچانە لە دژی  خەڵکی کوردستان ئەنجامیداوە. لێرەوە سلاّو و ڕێزی بێ پایانمان ئاراستەی دانیشتوانی خۆراگری گشت ناوچە دابڕاوەکان دەکەین کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، هەروەها سەری ڕێزو نەوازشیش بۆ گیانی پاکی شەهیدانی خۆپیشاندانەکەی 28ی تەمموزی شاری کەرکووك و گشت شەهیدانی گەلەکەمان دادەنەوێنین. هەروەها تێکرای خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە، کە لە خەباتی نەپساوەو بێوچان بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140و گێڕانەوەی  تەواوی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبین.

**دەستووری هەرێمی کوردستان و مافی نەتەوەکان**

**خوشكو برایانی بەرێز.**

لێرەدا  پێویستە هەندێك قسە بۆ برایانمان لە نەتەوەکانی تورکمان و عەرەب و کلدان و ئاشوور ئەوانەی کە مێژوویەکی درێژی پێکەوە ژیانمان لەگەڵ یەکدا هەیە بکەین، بۆ ئەوەی دڵنیایان بکەینەوە  کە هەڵوێستی ئێمە  بەرامبەر  بە مافەکانیان. مێژووی و پێکەوە ژیانمان لە ڕابردوودا ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە پەیوەندییەکانمان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن بووە. حکومەتی هەرێمیش بە کردەوە بەشێکی زۆری مافەکانیانی دابینکردووەو برایانی تورکمان و کلدان و ئاشوور  لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بەشدارن، تەواوی بوارەکانی ئازادی کاری سیاسی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنیان بۆ فەراهەم کراوە. لە ڕوانگەی ئەوەی بڕوای تەواومان بە دابین کردنی مافی گشت پێکهاتەکان کە پێمان وایە پێکەوە ژیانی برایانەو ئەزموونی فیدراڵی و دیموکراسیەتی هەرێم لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراس و فیدراڵ بەهێزتر دەکات.بۆیە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کەئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایە، هەموو مافەکانیان لە ڕووی دەستووری و قانونیەوە دابینکراوە. پاش ئەوەی لە دوو مانگی پشووی پەرلەماندا، لیژنەی نووسینەوەی دەستوور زۆر لەکارەکانیان ئەنجامدا، ئومێدەوارین ڕۆژانی داهاتوو لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت. کە ڕەنگە زۆر  زیاتر بێت لەو مافانەی کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق  بۆ ئەو نەتەوانە دیاری کراوە. ئەمەش بەمنەت نازانین بەسەر هیچ کەسێك و پێکهاتەیەك، بەڵکو مافێکی سروشتی گشت پێکهاتەکانە. لە هەمان کاتیشدا بنەمای  دیموکراسیەت و دروستکردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات. هەروەك  براتورکمان و کلدان و ئاشووریەکانی ناوچە دابڕاوەکان دڵنیا دەکاتەوە کە

بەرژەوەندیان لە جێبەجێ کردنی ماددەی 140 دایە. گەڕانەوەی ئەو ناوچانەش بۆ سەر هەرێم مانای وانیە کە کوردستان لە عێراق جیا دەبێتەوە. بەڵکو ئەو عێراقە فیدراڵە یەکگرتووە بەم جۆرە بەهێزتر دەبێت و مەترسی پارچە پارچە بوونی نایەتە پێشەوە.

بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك

بەریزان، خاڵێکی تر کە دەمەوێ هەڵوەستەی لەسەر بکەم، بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکە، کە لە هەڵوێستێکی بوێرانەدا زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی کەرکووك بە گشت پێکهاتەکانیەوە داوایان کرد شاری کەرکووك بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئەگەر هاتوو ماددەی 140 پشتگوێ بخرێت و چارەسەرێکی نادەستووری و ناقانونی بەسەر خەڵکی کەرکووك فەرز بکەن، بێ رەچاو کردنی بنەمای تەوافوق و گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵك و دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان. ئێمە لە کاتێکدا پشتگیری تەواو لە بریاری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك دەکەین، داوا لە ئەنجومەنی نوێنەران دەکەین بە هەڵوێستی بەرپرسیارانەو لە رێی پابەند بوون بە دەستوور، رەچاوی مەبدەئی تەوافوق بکەن لە داڕشتنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان یەکخستنەوەی وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشمەرگەو دارایی.

خوشكو برایانی بەرێز، ناکرێت لەم قەیرانەدا کە ئاماژەمان پێکرد، باسی بەرپرسیارێتی خۆمان و کەموکورتیەکان نەکەین، لە پێش هەموویانەوەش یەك نەخستنەوەی هەرسێ وەزارەتی دارایی و پێشمەرگەو ناوخۆی حکومەتی هەرێم، کە زۆرجاری تر باسیی لێکراوەو چەندین جار بڕیاری جێبەجێ کردنەکەشی دراوە. لێرەدا جارێکی تر داوا دەکەینەوە کە پێویستە بەزووترین کات ئەم سێ وەزارەتە یەك بخرێنەوە. چونکە پێویستیەکی گرنگی خەڵك و قۆناغەکەیە، هەروەها بەڵێنێکی پەرلەمان و حکومەت و حزبە سیاسیەکانیشە کە بە خەڵکی کوردستانمان داوە. دوا کەوتنی یەك خستنەوەی ئەم سێ وەزارەتە مانای بەردەوام بوونی کۆسپ و تەگەرەکانە لەبەردەم جێبەجێ کردنی بەرنامەی یەك خستنەوەو ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە و چاککردنی بوارەکانی خزمەتگوزاری لاواز دەبێت. لە ژێر هەر هۆیەك بێت نابێت یەك خستنەوەی ئەو سێ وەزارەتە دوابخرێت. لە ژێر هەر بیانوو و هۆکارێك بێت قابیلی قبووڵ نییە، بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بە زووترین کات بڕیاری یەکخستنەوەی هەرسێ وەزارەتەکە جێبەجێ بکات.چونکە ئەو یەکخستنەوە کار ئاسانی دەکات بۆ باشتر رووبەڕوو بوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و نایاسایی، کە ئەمەش تەوەرێکی گرنگەو پێویستە بایەخی زیاتری پێبدرێت و هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. بۆ دژایەتی کردنی دیاردەی گەندەڵی لەکوردستاندا. لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەدوو یاسای پەرلەمان بکەم کە چاوەروان دەکرێت دەوری کاریگەریان هەبێت لە دژایەتی کردنی گەندەڵی، یەکەمیان: یاسای دەسەڵاتی دادوەری یە، بەپێی ئەو یاسایە، دەسەڵاتی دادوەری، بە تەواوی دەسەڵاتێکی سەربەخۆیەو بودجەی تایبەتی خۆی هەیە، تەنانەت سەرۆك و ئەندامان و پلەی حاکمەکانیش بەشێوەیەکی سەربەخۆو لەسەر بنەمای پیشەیی و رێنماییەکانی خۆیان دادەمەزرێن. بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست هێشتا ئەو دەسەڵاتە رۆڵی خۆی نەبینیوە، بۆیە پێویستە لێپرسراوانی ئەو

دەسەلأتە موبادەرەی خۆیان هەبێت بۆ بەهێز کردنی دەسەلأتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان. ئاشکراشە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە کاریگەریەکی باشی دەبێت بۆ چەسپاندنی دەسەلأتی یاساو دابین کردنی عەدالەت و رووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی و بنەبڕ کردنی هەموو دیاردە نایاسایی و ناشیرینەکان. ئەگەر لە خودی یاساکەشدا هەر کەموکوریەك هەبێت، دەکرێت هەموار بکرێتەوە بەو شێوەیەی  کە کارئاسانی بۆ جێبەجێ کردنی دەکات.

یاسای دووەم:  یاسای دیوانی چاودیری داراییە،  ئەو دەسەلأتەش  بەپێی ئەو یاسایە، لە رووی ئیداری و داراییەوە سەربەخۆیە، بەلأم کۆسپی گەورە لەبەردەم جێبەجێ کردنیدا یەك نەخستنەوەی هەردوو دیوانی چاودێری داراییە لە هەولێرو سلێمانیدا. ئێمە لەگەڵ بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران لە پەیوەندی بەردەوامداین بۆ جێبەجێ کردنی بە پەلەی ئەو هەنگاوە پێویستە. کە بێگومان دوای  یەکگرتنەوەو کارابوونی دیوانی چاودێری دارایی و بەهێزبوونی دەسەلأتی دادوەری، هەنگاوەکانی بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و نەهێشتنی دیاردەی نایاسایی و چەسپاندنی دەسەلأتی یاساو دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی زیاترو زیاتر دەچێتە پیشەوە. دیارە لەمەشدا میدیاکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەوری گرنگ و بەرچاویان هەیە لە هاوکاری کردنی هەوڵەکانی پەرلەمان و حکومەت بۆ نەهێشتنی دیاردەی  گەندەڵی، پێویستە بایەخی تەواو بۆ دابین کردنی زیاتری ئازادی و گەیشتن بەسەرچاوەکانی زانیاری بدرێت. هەروەها پێویستە رۆژنامەنووسان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەشێوەیەکی  پیشەیی و بابەتیانە دەست نیشانی کەموکورتیەکان و دیاردەکانی گەندەڵی و نایاسایی بکەن.

### کێشەکانی خەڵك

بەرێزان، لایەنێکی تر کە پێویستە پەرلەمان بەگشتیو لیژنەکان بەتایبەتی لەم رۆژانەدا بایەخی پێبدەن و بەداواداچوونی بۆ بکەن. کێشەو پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکە لە بواری کارەباو گرانی نرخی بازاڕو کێشەکانی تر. لە ماوەی رابردوودا چەندین راپۆرت و داواکاری لەلایەن لیژنەکان و نووسینگەکانی پەرلەمان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرز کراوەتەوە.، ئومێدەوارین لە ئایندەی نزیکدا بانگهێشتی وەزیرە پەیوەندیدارەکان بکەین،  بۆ چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی خەڵك. لێرەشەوە بە پێویستی دەزانین قسەیەك ئاراستەی هەندێك لەو بازرگان و کەسە نامەسئولانە بکەین کە بەشیکی سەرەکین لە هۆکاری گران بوونی نرخی بازاڕو قورس کردنی باری ژیانی کۆمەلأنی خەڵك. کە هەندێکیان بێ گوێدانە بەرژەوەندییەکانی خەڵك و ویژدانی خۆیان یاری بە نرخی  کالأکان دەکەن، نەك لەسەر بنەمای  عەرزو تەڵەب، کە یەکێکە لە بنەماکانی بازاڕی ئازاد، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕەواو خراپ ئیستیغلالی سیاسەتی بازاری ئازادو دەست تێوەرنەدانی حکومەت دەکەن.  بەلأم  لەو بارودۆخە سەختەی  بازارو گرفتی بەرز بوونەوەی نرخی کالأکان لە کوردستاندا، پێویستە حکومەت هەنگاوی کاریگەر بنێت بۆ ئەوەی چیتر کەسانی بێویژدان  یاری بە قوت و گوزەرانی خەڵك نەکەن،  پێویستە لەوە زیاتر رێگە نەدات پاوان کردنی

بازارو بەرز کردنەوەی نرخ بەردەوام بێت، ئەگەر پێویست بکات لە هەندێك بواردا دەکرێت حکومەت وەك مونافیس  بۆ داشکاندنی نرخ لە بازاڕ خۆی بەرنامەیەکی  هەبێت، بۆ چاودێری و ڕێکخستنی بازاڕەکان.

لیژنەکانی پەرلەمان

بەڕێزان، خاڵێکی تر کە پێویستە قسەی لەسەر بکەین و گەشەی پێبدەین لەم خولەی پەرلەماندا، چۆنیەتی کاراتر کردنی ڕۆڵی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانە، لە کاتێکدا دەستخۆشی لەو لیژنانە دەکەین، کە چالاکانە کارەکانی خۆیان ئەنجامداوە،  بەتایبەتی کە هەندێکیان لە پشووی دانیشتنەکانی پەرلەمانیشدا لە کاری خۆیان بەردەوام بوون. وەك: لیژنەکانی یاسایی و لیژنەی نووسینەوەی دەستوورو لیژنەی ماددەی 140و لیژنەی  ناوخۆو لیژنەی پەیوەندی و ڕۆشنبیری و لیژنەی داکۆکی لە مافەکانی ژنان و لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلأیەتی و لیژنەکانی شارەوانی و ئاوەدان کردنەوەو پەروەردەو خوێندنی بالأو  مافی مرۆڤ و کشتوکاڵ. هەروەها دەستخۆشی لە نووسینگەکانی پەرلەمان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەکەین. کە سەردانی دامەزراوە حکومیەکانیان کردووە، بۆ بەدواداچوونی کێشەکانی هاوولأتیان، بەتایبەتی نووسینگەی سلێمانی، کە ڕاپۆرتی تایبەتیان ئامادە کردووەو پێش چەند ڕۆژێکیش وەفدێکیان بە بەشداری چەند ئەندامێکی تری پەرلەمان سەردانی خانەقینیان کرد، بۆ ئەوەی پشتگیری پەرلەمان و خەڵکی کوردستان بۆ خەڵکی خانەقین و ناوچە دابڕاوەکان دووپات بکەنەوە. دیارە نووسینگەکانی تریش لە زاخۆو دهۆك چالاکیان هەبووە، بەلأم نووسینگەی سلێمانی چالاکتربووینەو دوو ڕاپۆرتیشیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان  بەرز کردۆتەوە و بە پوختی ئەو چالاکیانەیان نیشانداوە، بەلأم بەشێوەیەکی گشتی، پێویستە لیژنەکان باشترو چالاکانەتر بەدەوری خۆیان هەڵبستن لەچاودێریکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و ڕێکخستنی بەرنامەی گفتوگۆ کردن و بانگهێشت کردن لەگەڵ سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك و وەزیرانی حکومەت و دەست نیشان کردنی ئەو بابەتانەی پێویستی بەلێپێچینەوە هەیە، بۆ ڕێکخستنی دانیشتنی تایبەت لەپەرلەماندا. چونکە وەك ئاشکرایە لیژنەکان داینەمۆی ئەنجامدانی چالاکییەکانی پەرلەمانن لە چاودێری کردنی حکومەتدا. سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بە هەموو شێوەیەك ئامادەیە هاوکاری تەواوی لیژنەکان بکات، بەتایبەتی لەدابینکردنی کەسانی پسپۆڕو شارەزا بەپێی داواکاری و پێویستی لیژنەکان.

بەرنامەی کاری ئەم خولە

لەم خولە نوێیەی پەرلەماندا لەڕووی داڕشتنی یاساو بڕیارەکاندا ئەرکێکی زۆرمان لە پێشدایە، بەتایبەتی ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لە حکومەت یا لە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە  ئامادە کراوەو بەرز کراوەتەوە. بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هاوکاری لیژنەی یاسایی ئامادە کراوە، چاوەڕوان دەکرێت پەرلەمان لەم خولەی دانیشتنەکانیدا گفتوگۆ لەسەر تەواو کردنی ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بکات:

1-تەواو کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

2- پرۆژەیاسای کاری رۆژنامەگەری  لە کوردستان.

3- پرۆژە یاسای  ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان.

4- پرۆژە یاسای  ریکخستنی خۆپێشاندانو  کۆبوونەوە گشتیەکان.

5- پرۆژە یاسای  باری کەسێتی .

6- پرۆژە یاسای  هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

7- پرۆژە یاسای  پاراستنی  خاوەنداریێتی  هزریو  هونەری.

8- پرۆژە یاسای  پاراستنی موستەهیلك.

9- پرۆژەریاسای  پاوانکردن (ئیحتکار).

10- پرۆژە یاسای دیاردەی  دەسکەوتی ناڕەوا.

11- پرۆژە یاسای  بەدەستهینانی زانیاری.

12- پرۆژە یاسای  لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان.

13- پرۆژە یاسای  ئەنجومەنی باڵای راوێژکاری.

14- پرۆژە یاسای  دەستەی فرۆکە مەدەنیەکان لەهەرێمی کوردستان.

هەروەها چەندین  پرۆژەی  تر. میوانانی بەرێز ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان

دیارە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان گرنگترین ئەرکە کە پێویستە لەم خولەی پەرلەماندا تەواوبکرێتو بڕیاری لەسەر بدرێت. بەتایبەتی کەقۆناغی خۆی بڕیوەو  لەساڵی 2006 ەوە  گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ماوەیەکی زۆریشە خراوەتە بەردەست کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزو لایەنە سیاسەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیاکان. دواتریش بەسەرنج و تێبنی و پێشنیازی هەموولا پرۆژەکە هەموارو دەوڵەمەند کراوە. بۆیە بەم زووانە لە پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت. سەبارەت بە پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانیش لە هەرێمی کوردستان چاوەڕوان دەکەین، لیژنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ حکومەت و ئەنجومەنی پارێزگاکان گفتوگۆکانیان تەواو بکەن، بۆ ئەوەی پرۆژەکە بەشێوەیەکی رێکخراوو پرۆژەیەکی دەوڵەمەند پێشکەش بە پەرلەمان بکەنەوە. بەهەمان شێوەش بۆ یاسای کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان، کەکاری زۆری لەسەر کراوە. هەروەها بۆ تەواوی  پرۆژە یاساکانی تریش کەئاماژەمان پێکردووە بایەخی تەواویان پێدەدرێت. لەگەڵ حکومەتی هەرێم لە پەیوەندیداین بۆ ئەوەی بتوانین ئەرکی  هەر دوولا  جێبەجێ بکەین، لەپێناو دابین کردنی خزمەتگوزاری و سەپاندنی دەسەڵاتی یاساو رووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی. لێرەدا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکارەکانی خۆیدا، ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرێت و جێبەجێ یان بکات:-

1- ناردنی بودجەی تەکمیلی (تەواوکار) بۆ پەرلەمان کەلەلایەن  پەرلەمانی عێراق دارێژراوەو سەرۆکایەتی کۆمار موصادەقەی لەسەر کردووە.

2- راپۆرتی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2008 رەوانەی پەرلەمان بکات، بۆ روون کردنەوەی چۆنیەتی خەرج کردنی بودجەی شەش مانگی یەکەم لەلایەن وەزارەتەکانی حکومەتەوە.

3- جێبەجێکردنی بڕیاری سولفەی عەقارو یاسای دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون کەلەپەرلەمان بڕیاری لەسەردراوە.

داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەین بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2009 ئامادەبکەن، بۆ ئەوەی لەوادەی یاسایی خۆیدا، پێشکەش بەپەرلەمان بکرێت‌و گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

لەکۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم، کە ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، پێویستە ئەو هەڵبژاردنەش بەر لەتەواوبوونی ئەم خولەی ئێستا بێت . چونکە لە2009\6\4 چوارساڵ بەسەر یەکەم کۆبوونەوەی ئەم خولەی ئێستا تێپەڕ دەبێت. بۆیە دەبێ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەنگاوی پێویست بنێن‌و خۆیانی بۆ ئامادەبکەن‌و پێداویستیەکانی سەرخستنی دابین بکەن. باشتریش وایە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان پێش وادەی 2009\6\4 ئەنجام بدرێت. ئومیدەوارم ئەم خولەی داهاتوو بەسەرکەوتوویی تەواو بێت. سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەین. لێرەدا قسەکانم کۆتایی پیهات. داوا لە کاك عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەین وتاری خۆی پێشکەش بکات.

**بەڕێز عمر فتاح حسین/جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاك کەمال فوئاد سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان وەزیرەکان و میوانە خۆشەویستەکان، پێشەکی پیرۆزبایی لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین بەبۆنەی کردنەوەی دەورەی خولی چوارەمی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، سوپاسی پەرلەمانی کوردستان ئەکەین، کە لە دەورەکانی پێشوودا هاوکارو پشتیوانی حکومەتی هەرێم بوون، هەم بە جێبەجێکردنی بەشێکی زۆر لەو پرۆژە یاسایانەی کە بۆ تەنزیم کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە بۆ تەنزیم کردنی ئیدارە پێویست وگرنگ بوون، بەشێکی تر لەو پرۆژە یاسایانەی کە پێویست بوو بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە خەڵکی کوردستان وباشتر کردنی ئیدارەی کوردستان، ئومێدەوارین ئەم دەورەی داهاتوو سەرکەوتن بەدەست بهێنن وجارێکی تر پشتیوانیمان بکەن بۆ ئەوەی کە ئەو پرۆژە یاسایانەی کە گرنگ و پێویستن و ئەوەشی کە پەرلەمان ئەمڕۆ بڕیاری دا کە بیخاتە بەرنامەی خۆیەوە، کە پرۆژەی زۆر گرنگن، بەتایبەتی هەندێکیان پەیوەندیان بە جۆری نیزامی حوکمەوە هەیە لەکوردستان، بەتایبەتی نیزامی حوکم لە گۆڕینیەوە لە مەرکەزییەوە بۆ لا مەرکەزی کە ئەویش لە قانونی محافەزاتدا هاتووە، ئەوە جگە لەقانونەکانی تر کە زۆر پێویستن، دیارە ئەرکی حکومەت ئەمانەن کە بریتین لە پاراستنی ئەمن وئاسایشی وڵاتەکەو سیادەی وڵاتەکە، وە بتوانێت خزمەتگوزاری پێویست وەکو تەربیەو تەعلیم جێبەجێ بکات، جگە لەوەی کە هەوڵ بدات پەرە بە ئیقتیصادی وڵاتەکەمان بدات وە پێشی بخات و بتوانێت بنەمایەکی ئیقتیصادی وا دابنێت کە وڵاتەکەمان بتوانێت لەسەری بژێت و ئیمکانیەتی ئەوەی

هەبێت کە بتوانێت پەرە بە گەشەکردن و بەرەو پێشچوون بدات، دیارە وەزعی کوردستان تایبەتیەکی هەیە، لەگەڵ شوێنەکانی تر فەرقی هەیە، لەگەڵ وڵاتانی تر فەرقی هەیە، وڵاتانی تر ئاوەدانن، موئەسەساتیان هەیە، شتەکانیان تەواو کردووە، ماوەتەوە سەر ئەوەی بەرەو رەوتی گەشەکردن وبەرەو پێش چوون بڕۆن، ئەوانەشی کە گرنگ و پێویستن و داهێنانی تازەن بیهێنن، بۆ باشتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، بەڵام ئێمە وڵاتێکی وێرانمان هەیە، ئێمە دەستمان کردووە بە ئاوەدانکردنەوەی، بەڵام پێداویستی زۆر زۆرمان هەیە کە راستە خەڵك داوای هەمووی ئەکات، بەڵام ئێمەش وەعدیان پێ ئەدەین کە بەردەوام ئەبین لەسەر جێبەجێکردنی هەمووی، بەڵام هەنگاو بەهەنگاو، ناتوانین ئێمە هەمووی بەجارێ دە شەقاو بنێین، دەتوانین هەنگاو بەهەنگاو ئەگەر هەنگاوەکانیش خێرا بن باشترە، زۆرجار باسی بودجەی کوردستان ئەکەن، کە لە 17٪ زۆرەو باشەو ئیمکانیەت زۆرە، بەڵام ئەوە بۆ وڵاتێك باشە کە ئیستقراری تێدا بووبێت، کە بنەما ئیقتیصادیەکانی مابێت، کە وڵاتەکە ئاوەدان بێت، کە موئەسەساتەکانی تەواو بێت، کە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش کرابێت، بەڵام پێویستی بەگەشەکردن و بەرەو پێش چوون وزیاد بوون هەبێت، وە پێویستی بەپاراستنی وڵاتەکە هەبێت، بەڵام بەڕاستی ئێمە لەو ناحیەوە غەدرێکی گەورەمان لێ ئەکەن، چونکە ئەگەر هەر بێتە سەر بەسیت ترین شت کەباسی بکەین، هەموو ئینسانێك حەقی ئەوەی هەیە، کە یەکەیەکی نیشتەجێبوونی هەبێت، ئێمە لەکوردستان ئێستا بۆ ئەوەی هەر خێزانێك ئەوەی هەبێت پێویستیمان بە زیاتر لە 125 هەزار خانوو هەیە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن تێیدا بژین و ئەوەی یەکەمین پێویستی مرۆڤە، کە ئەبێت جێبەجێی بکەین، لەبەر ئەوە کە باس لەو بودجەیە ئەکەن، ئێمە بەداخەوە داوامان لە حکومەتی عێراقیش کرد، وتمان خۆ ئێوە ئێستا ئیمکانیەتتان هەیە وپارەتان هەیە، مەماندەنێ بەزیادە، بەڵام ئێوە لە جنوب و لەوەسەت مەشاریعتان پێ جێبەجێ نابێت، بماندەنێ ئێمە مەشاریعی پێ جێبەجێ ئەکەین، بەقەرز بماندەنێ لە ساڵەکانی داهاتوو کە ئێوە فرسەتتان هەبوو ئەو مەشاریعانە بکەن لێمانی بگێڕنەوە، بەڵام ئەوەشیان بۆ نەکردین بەس ئێمە بەڕاستی بەردەوامین لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەخەڵکی کوردستان، گرنگترین شت لەلای ئێمە ئێستا کە پێویستە بیکەین ئیصلاحی نیزامی ئیدارییە، نیزامی ئیداری ئێمە نیزامێکی لاوازە و خراپە رۆتینێکی زۆری تێدایە، ناتوانێت باش خزمەتی خەڵك بکات، ناتوانێت باش کارەکان بەڕێوە بەرێت، بۆیە پێویستی بە چاندین پرۆژە یاسا هەیە، پێویستی بەچەندین نیزامی تازە هەیە، کە بگۆڕێت و بگونجێت لەگەڵ ئەم سەردەمەدا، لەگەڵ ئەو سورعەتە زۆرەی جێبەجێکردنی ئیشی خەڵکدا، ئەو رۆتینە زۆرە کەم بکاتەوە، دەست نیشانیشمان کردووە، دیارە دیاردەی گەندەڵی هەیە، کە دیاردەیەکی کوشندەیە، دیاردەیەکە وەکو سەرەتان وایە، ئەگەر بێت و چارەسەری نەکەیت و دوری نەخەیتەوەو بنبڕی نەکەیت هەموو شتەکانمان لەکیس ئەدات، بەڵام ئیصلاحی نیزامی ئیداری بەبەشێك لەچاککردنی ئەو گەندەڵیە ئەزانین، ئەگەر نیزامی ئیدارییەکەمان ڕێك وپێك بێت وعەسری بێت، بەپێی ئەم سەردەمە بێت، بگونجێت لەگەڵ بنەمای نیزامێکی دیموکراتی و بگونجێت لەگەڵ بنەمای نیزامێکی لامەرکەزی و دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر یەکە

ئیدارییەکان وبەسەر شوێنەکاندا، دیارە ئەو عاملێکی باش ئەبێت لەکەم کردنەوەی گەندەڵی بەڕاستی جگە لەوەش ئەو وەزعانە دیارە هەموو گۆڕانکارییەك کە لەشوێنێك ئەبێت کۆمەڵێك شتی باش ئەهێنێت، بەڵام کۆمەڵێك بنەمای کۆن ورزیو پاشکەوتەی پێشوو هەیە، کە بۆ بنبڕ کردنیان ئەوانەش وەختی ئەوێت و کاتی ئەوێت و زەمەنی ئەوێت وبڕیاری ئەوێت و یاسای ئەوێت، ئێمە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری ئەمساڵ لەبەرنامەی حکومەتدا وەعدمان بەپەرلەمانی کوردستان وخەڵکی کوردستان داوە کە وتمان ئەولەویەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمساڵ بریتیە لە ئاو وکارەبا وسوتەمەنی، ئەتوانم بڵێم ئێمە ئەمساڵ لە سوتەمەنی موشکیلەمان نەبوو، خەڵکیش سودمەند بوو، خەڵك ئەیتوانی دەستی بکەوێت، ڕەنگە سیعرەکەی فەرقی هەبێت، بەڵام خۆ هەموو شتێك گران بووە، حەتا مەعاشی خەڵکیش زیادی کردووە، لەبەر ئەوە دیارە ئەو گۆڕانانە سیعریش ئەگۆڕێت، بەڵام بەڕاستی بۆ پرۆژەی ئاوەکان ئیمە ئومێدەوارین ئەو وەعدانەی کەداومانە ئیمساڵ جێبەجێی بکەین، بەڵام خوشك وبرایانی بەڕێز ئێمە دەسەڵاتی پسپۆڕی وشارەزایی و لێزانینمان کەمە، لەگەڵ ئەم پلانە بەربڵاوە زۆرە ئاوەدانکردنەوەیەدا ناگونجێت، هەر بۆ نموونە ئێمە پرۆژەی ئاوەکان، ڕەنگە زۆرکەس پێمان بڵێن ئێوە پرس بەکەس ناکەن، پسپۆڕتان نیە، شارەزاتان نیە، ئێمە بۆ هەر پرۆژەی ئاوێك داومانە بە زانکۆکانی کوردستان ئەو کەسانە بەشدارییان کردووە لە ئامادەکردنی پرۆژەکەدا کەوا پسپۆڕن و شارەزان، ئەوانە مهندیس پێ ئەگەیەنن، مهندیسی ئاو و هەموو بەشەکان پێ ئەگەیەنن، بەڵام بەڕاستی بەداخەوە ئێستا لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا سەیر ئەکەین هەر هەمووی نەقسی گەورە گەورەی تێدایە، نەقسی وای تێدایە کە ئینسان هەر تەسەوری ناکات، چۆن ئەبێت لیژنەیەکی پسپۆڕ وشارەزا، کە بەڕاستی دائیرەی ئاو نەیکردووە، وەزارەتی شارەوانی نەیکردووە، ئەوە لیژنەیەکی پسپۆڕو شارەزا کە بەحساب ناویان ئیستیشاری وزانا ودانان کە هەمووی سەیر ئەکەین نەواقسی گەورە گەورەی تێدایە، بۆ نموونە ئاوی ڕانیە، ئەوەی پێی ئەڵێن ئینتێك کە ئاوەکەی لێ وەر ئەگرێت، ئەوەی تێدا نیە، ئێ باشە تۆ ئەم بۆری وشتانەت داناوە نابێت بیر لەوە بکەیتەوە ئاوەکە چۆن وەر ئەگرێت، ئێستا کەسەردانمان کردووە، سەیر ئەکەین نەواقسی تێدایە، یەعنی ئێمە بەڕاستی ئیمکانیەتمان لەو ناحیەوە کەمە، حەقە خۆمان وەزعی خۆمان، هی میللەتەکەمان، هی خەڵکەکەمان، وەزع و ئیمکانیەتمان بزانین، ڕەنگە بڵێن ئەی بۆ نەتانداوە بەپسپۆڕ و شارەزا و ئەوانەی کە ئەزانن، بەڕاستی خەڵك نایەت یەعنی ئەوانە نەهاتوون ڕەنگە لەمەودوا لەم فەترەی داهاتوودا بێن، بەڵام لە فەترەی پێشوودا نەهاتوون بەدەنگمانەوە، هەندێك شەریکاتیش کە هاتوون ڕەنگە هەمووتان گلەییتان لێیان هەبێت، کە ئیشەکانیان بەجێ هێشتووەو تەواویان نەکردووە، ئەوانیش بەهەمان شێوەی پسپۆڕ وشارەزاکانی خۆمان کارەکانیان تەواو کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیاتان ئەکەین کە ئێمە ئەو وەعدانەی کەداومانە لە مەسەلەی ئاوو کارەباو سوتەمەنی ئەمساڵ جێبەجێ ئەبێت، بۆ کارەبا ڕەنگە بیرسن ئێمە هەموو ئیعلانمان کرد کە $9/1$ کارەبا باش ئەبێت، ئەو کارەبایەی کە لە هەولێر ئیش ئەکات، بەڵام ئەو بۆڕیانەی کە دانا غاز هێناویەتی بۆ ئێرە سەیر ئەکەین لەکاتی فحص کردندا دیارە فحص کردنی

**بۆڕی غاز فەرقی هەیە لەگەڵ بۆڕی تردا، ئەو فحصە وای کرد یەکێك لەپارچەکانی تێدا عاصی ببێت لە بۆڕییەکان بۆ دەرهێنانەوەی، ئەو جۆرە ئامێرە نیە لێرە کە بتوانێت دەری بهێنێت، ئەبێ لەدەرەوە بیهێنێت، ئەوە بووە بە هۆی دواخستنی بیست ڕۆژی ئەو پرۆژەیە لەبەر ئەوە ڕەنگە، بەڵام ئێمە بەدواوەوەین ڕۆژانە موتابەعەی ئەکەین، داوایان لێ ئەکەین لەکاتی خۆشیدا ئەو کاتەی کە وەعدمان داوە پرۆژەی کارەباکانیش تەواو ئەبێت، کە ئێستا هەردووکی لە پێشکەوتندایە، ئەوەی چەمچەماڵ و ئەوەی هەولێریش ئەو مەشاکیلانە بەڕاستی مەشاکیلی فەنی مەشاکیلی نەبوونی کەرەسەتە مەشاکیلی ئەوانە لەوانەن کە ئێمە چاوەڕێی ئەوەین کە چارەسەریان بکەین بۆ ئەمساڵ، بۆ ساڵی داهاتووش ئێمە ئەمساڵ کۆمەڵێك ئەزمەمان هەبووە لەوانە ئەزمەی وشکە ساڵی کە دیارە جێگایەکی زۆری ویست و پێداویستیەکی زۆری ویستووە کە ئەوە لە تەوەقوعدا نەبووە، هیچ بەرنامەیەکیشی بۆ دانەنراوە، بەتەمای ئەوەش نەبووین ساڵێکی وا تووشی ئەم وڵاتە بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە بەباشترین شێوە خزمەتی خەڵك بکەین و بتوانین نارەزایی خەڵك کەمێکی ئەگەر هەمووشی نەبێت بەشێکی باش لەپێداویستیەکانیان جێبەجێ بکەین، جگە لەوەش لە رووی تەندروستیەوە کە ئەرکێکی گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئێمە توانیوومانە لە ساڵی ڕابردوودا چەندین خەستەخانەی پسپۆڕی بکەینەوە، کەوا بکەین لەمەودوا نەخۆشەکانمان پێویستیان نەبێت بەوەی کە بچێت بۆ دەرەوە، بەعەکسەوە لێرە، لەوڵاتی خۆمان وا بکەین لە شوێنانی تریشەوە خەڵك بێن و بودجەی باش و ئیمکانیەتی باشی بۆ دانراوە، یەکێکی تر ئەزمەی تەعلیمە، کە بەڕاستی ئێمە تەعلیمەکەمان تەعلیمێکی کۆن بوو، لەسەر ئەساسێکی کۆنە لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتنی دونیادا ناگونجێت، بەڵام ئەوەش ئەزمەی زۆری بۆ دروست کردین هەر یەکێك لەوانە، ئێمە تەبعەن کۆنفرانسمان گرتووە، زۆر پسپۆڕ و شارەزامان هێناوە، ئیستیفادەمان لە تەجاروبی وڵاتان کردووە، لە شێوەی نیزامی پەروەردەیان چۆن توانیوویانە کە بەباشی ئەو کارە بەرێوە بەرن، سەیر ئەکەین نارەزاییەکی زۆر لەلایەن مامۆستاکانەوە، مامۆستاکانی خۆمانەوە پەیدا بووە، کە ئەڵێن ئەمە وەختی نیەو ئەمە جێبەجێ ناکرێت و موستەلزەماتی تەواو نەبووە، پرسمان پێ نەکراوە لەم بابەتانە، بەڵام ئێمە بەردەوامین، سوورین لەسەر ئەوەی کە ئەو پرۆژەیە جێبەجێ ببێت، ئەو نیزامە نوێیە بێتە کایەوە، چونکە بەوە ئەتوانین بەڕاستی بڵێین نیزامی پەروەردەمان چاککردوەو گەشەی کردووە، یەکێك لەسەروەرییەکانی تری حکومەت کە واجبی سەرەکیشیەتی بەڕاستی ئەویش پاراستنی ئەمن و ئاسایشە، پاراستنی سەروەت و سامان وسیادەی وڵاتەکەیە، ئێمە ئەوانین لەو رووەوە ڕوو سوور بین بەوەی کەتوانیوومانە ئەمن وئاسایشی وڵاتەکەمان بپارێزین، لەگەڵ ئەو هەموو موئامەرەیەی کەهەیە، لەگەڵ ئەو هەموو پەلامارو پلانەی کەهەیە، بۆ تێکدانی ئەمن و ئاسایشی کوردستان وبۆ ئەوەی وەکو بەشەکانی تری عێراقی لێ بێت، یان خراپتریشی لێ بێت، بەڵام ئێمە روو سوورین بەوەی کە توانیوومانە ئەمن و ئاسایشی وڵاتەکەمان بپارێزین، بۆ بەرنامەکانی داهاتوو بەڕاستی ئێمە هەست ئەکەین کە ئێمە وڵاتێکی کشتوکاڵی نوێ و بنەمای ئیقتیصادی کشتوکاڵی زۆرە، وڵاتێکین سەرچاوە ئاوییەکانمان باشن، ئەگەر باش تەنزیمی**

بکەین و باش رێکی بخەین، باش بەکاری بهێنین و بیخەینە خزمەتی چاککردنی وەزعی ئیقتیصادی وڵاتەکەمانەوە، بۆیە داوا لە ئێوەش ئەکەم کە لەدانانی بودجەی ساڵی داهاتوو، کە بۆتان ئەنێرین ئیهتیمام بەلایەنی کشتوکاڵی بدەن، لایەنی کشتوکاڵ و ئاودێری کە ببێت بەیەکێك لە ئیشە گرنگەکان و ئەساسیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەجێبەجێی بکات، دیارە بەڕاستی ئێمە بێینە سەر کشتوکاڵ، کشتوکاڵ بەشێوەی پێشوو جێبەجێ نابێت، شێوەی پێشوو بەشی زۆری ئیعتیمادی کردبوویە سەر باران و سەر بەشەر، ئێمە بەشەرەکانمان ئەتوانم بڵێم ئێستا جوتیار لەکوردستاندا زۆر کەم بووەتەوەو نەماوە، ئەو کەسانەی کەجاران جوتیاریان ئەکرد ئێستا پیر بوون وجوتیارییان پێ ناکرێت، بەهۆی ئەوەی ڕاگوێزراونەتەوە بۆ ئۆردوگا زۆرە مللییەکان و دێکانیان ڕووخا بوون، ئەو گەنجانەشی کە تازە پێگەشتوون، بەڕاستی بەو شێوە کۆنە کشتوکاڵ ناکەن و ناتوانن بیکەن و ئەنجامی بدەن، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە پلانێکی تازە دابنێین و ئیهتیمام بە کشتوکاڵ و بەئاو بدەین بەشێوەی نوێ، بەشێوەیەك کەبتوانین هەم ئیمکانیەتی بەشەری وهەم ئیمکانیاتی ئەو سەرچاوە سروشتیانەی لە زەوی و لە ئاو هەیە بیخەینە گەڕ، بەڵام بەشێوەیەکی وا بێت کە خەڵك بتوانێت ئەو کارە جێبەجێ بکات، دیارە لایەنی گەشەکردنی تری ئیقتیصادی کەزۆر گرنگە ئەوەی کەلەم وڵاتەی ئێمەدا هیچ کارگەیەك نیە، هیچ شتێك نیە، ئەوەش جێگای ئیهتیمامی حکومەتە کە بتوانێت، بەڵام ئەوە بەتایبەتی هەوڵمانداوە کە پەنا بەرینە بەر سەروەت وسەروەتێکی تر کە ئەویش ئیستیسمارە، ئێمە هانی ئیستیسمار بدەین، هانی شەریکات بدەین، هانی خەڵك بدەین، هانی کەرتی تایبەت بدەین، کە بێن ئیستیسمار بکەن لەکوردستاندا، هەوڵ بدەین ئەو لایەنە بەباشی گەشە بکات، دیارە ئەوەش پێویستی بەوە هەیە حکومەت هاوکاری بکات و یارمەتی بدات، پێویستی بەخەڵکیش هەیە، بەڕاستی ئەو نەوعە ئیش وکارانەش لە وڵاتی ئێمەدا نامۆن، یەعنی ڕەنگە بەعزێك شت کە ئەکەیت بۆ شەریکەیەك زۆر خەڵك پرسیار ئەکات، ئەی بۆ ئەوە بۆ هی خۆمان ناکرێت، ئاخر ئێمە ئەو ئیمکانیەتەمان نیە کەرتی تایبەتی ئێمە ئەو سەروەت و سامانەی نیە، ئەو ئیمکانیەتە فەنی و شارەزایی و پسپۆڕی ولێزانینەی نیە، ئەو ئیمکانیەتەی نیە کە بتوانێت لە بانکی دونیا لەوانە پارەی بۆ پەیدا بکات، لەبەر ئەوە ئێمە لایەنی ئیهتیمامدان بە کەرتی تایبەت و بەتایبەتی بە بەرهەم وەبەرهێنان بە شتێکی گرنگ وئەساسی ئەزانین، پێم وایە ئەوە گەورەترە لەو بودجەیەی کە بۆ کوردستان تەرخان ئەکرێت بیخەینە گەڕ، تا بتوانین لایەنەکانی تری ژیانی ئیقتیصادیمان باش بکەین و بنەمایەکی ئیقتیصادی بۆ کوردستان دابنێین، ئیستیفادە لەو بەرهەمانە بکەین کە لەکوردستاندا هەیە، تا بەکار بێت بۆ بنەمای ئیقتیصادی، دیارە بۆ دیاردەی گەندەڵی ئێمە لەئەنجومەنی وەزیران دیراسەمان کردووە، لیژنەیەکی شارەزامان داناوە بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە بنەماکان دابنێت، ڕێنماییەکان دابنێت، بەکۆمەکی هەموو لایەك بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر پێویستی کرد هەندێکی پێویستی بەگۆڕینی یاسا و ڕێساکان بێت بۆمان بگۆڕێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەوە چارەسەر بکەین ئەو لیژنەیەش ئێستا لەکاردایە، دیاردەیەکی تری گرانی بەڕاستی ئەو گرانیە زۆر تەئسیری کردۆتە سەر خەڵك، بەتایبەتی

**کۆمەڵانی خەڵکی هەژار وبێ دەرامەت، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی ناوە لەهەموو پارێزگاکان و لەهەموو شارەکاندا ئاگاداری یەکە ئیدارییەکانی کردۆتەوە، کە لیژنەی تایبەت دروست بکەن و سەرپەرشتی بازاڕ بکەن، هەوڵ بدەن ڕێی پێ نەدەن ئەو ئیستیغلالە بکرێت بەو شێوەیە، بەڵام دیارە خۆ ئەزمەی خواردن وئەزمەی گرانی لە دونیادا حەتا نەتەوە یەکگرتووکان ئیعلانی کردووە، ئەڵێت سەردەمی هەرزانی بەسەرچوو ئیتر دونیا بەرەو گرانی ئەچێت، دیارە ئەوە عیلاقەی بەکۆمەڵێك فاکتەرەوە هەیە، بەشی زۆریشی ئێمە ئەگرێتەوە، بەڵام ئێمە بۆ ئەوە نیە کەڕێگە بدەین ئیستیغلال بکرێت، داواکارین هەم لیژنەکانی پەرلەمانیش بەشداربن لەگەڵمان و پشتیوانیمان بکەن و هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دیاردەیە بنبڕ بکەین، دیاردەیەکی تر ئەوەی ناوچەکانی کەنەهاتوونەتەوە سەر کوردستان و جێبەجێنەکردنی ماددەی 140، ئەوە زۆر تەئسیری کردۆتە سەر ئێمە، زۆر تەئسیری کردۆتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە ئێستاش ئەناڵێنین بەدەست ئەو هەموو خەڵکە ئاوارەی ئەو شوێنانەوە، کە لێرەن و هیچیان بۆ نەکراوەو ئیمکانیەتیان نیە، ئەڵێن بۆچی خۆ ئێمەش لە ئازادکردنی عێراق بەشدار بووین، بۆ ئێوە ژیانتان باش بێت و گوزەرانتان باش بێت، بۆ هی ئێمەش باش نەبێت، لەبەر ئەوە مەجبورە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە یارمەتی و هاوکارییان بکات، جگە لەوەش بەڕاستی بەشێکی زۆری ئەو کارمەندانەی کەلەو شوێنانەی ئێستاش نیزاعی لەسەرە کە ماددەی 140ی تێدا جێبەجێ نەکراوە، دەرکراون لە وەزیفەو بێ کارن، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچارەبووە کە تەعینیان بکات، موچەیان پێبدات، هەتا ئەوکاتەی ئەتوانین چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، کێشەی خانەقین بەڕاستی کێشەیەکی زۆر چاوەڕوان نەکراو بوو، لەکاتێکدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی خۆی پیشاندابوو ئاگاداری حکومەتی مەرکەزی کردبوو کە ئێمە ئامادەین بە هەموو هێزو توانامانەوە هاوکاری بکەین بۆ بنبڕکردنی تیرۆرو بۆ ئەوەی ئەمن و ئاسایش وئیستقراری عێراق بپارێزین وئامادەشین لەبەغداو لەبەصرەو لە هەر شوێنێك ئێمەتان پێویست بێت بێین بۆ هاوکاریتان، کەچی ئەزمەیەك دروست بوو کە دێن بۆ خانەقین، دەباشە خۆ خانەقین ناوچەیەکی ئامینەو هیچی تێدا نیە، موشکیلەی نیە، پارێزراوە، ئێمە لەکاتێکدا ڕەنگە بیرمان کردبێتەوە لەوەی کە بەشێك لەو هێزانە بەرین بۆ شوێنەکانی تر، بەڵام بەڕاستی ئەوە بیرکردنەوەیەکی ناڕاست بوو، دژ بەدەستور بوو، دژ بە ماددەی 140 بوو، ئەوەش خزمەتی ئیستیقرارو ئەمن وئاسایشی عێراق ناکات، خزمەتی ئەوە ناکات کە میللەتی کورد، کە خەڵکی کوردستان هەموویان پشتیوانیان کردووە، لەدروست بوونەوەی حکومەتی عێراق، لەدامەزراندنەوەی هاوکارییان کردووە، لە دابین کردنی ئەمن وئیستقراری، خۆ ئەگەر هیچیش نەبێت ئێمە ئەگەر لێرەوە ڕێگامان بدایە ڕەنگە زۆر مەجال هەبوایە بۆ ئەوەی کە ئەمن و ئیستقراری عێراق تێك بچێت، لەبەر ئەوە ئەو ئەزمەیەش کە دروستیان کرد، ئەزمەیەکی نادەستورییە لەگەڵ نیزامی حوکمی تازەی عێراق کە ئەبێت حوکمێکی دیموکراتی فیدراڵی بێت، ئەبێ حقوقی هەموو خەڵکێکی عێراق دابین بکات، ئەبێ ئەو مەسەلانە بەڕێگەی یاساو دیالۆگ و ئەو شتانە چارەسەر بکات، ئەوەش یەکێکە لەو ئەزمانەی کە دروست بووە، ئێمە**

ئومێدەوارین کە چارەسەر بکرێت، جارێکی تر دڵنیاتان ئەکەینەوە کە ئێمە هەوڵ ئەدەین هەموو ئەو قانونانەی کە ئێوە دایئەڕێژن، کە ئێوە بۆمان ئەنێرن جێبەجێی بکەین، داواکاریشین کە یاساکان زیاتر لە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بێت، لەخزمەتکردنی چەسپاندنی ئیدارەیەکی لامەرکەزی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، داخوازی ئەوەیە کە حکومەت لەناو خۆیدا لەناو هەرێمی کوردستاندا ئیدارەیەکی لامەرکەزی هەبێت، دابەشکردنی دەسەڵات بێت بەسەر هەموو یەکە ئیدارییەکاندا، بەسەر هەموو شوێنەکاندا بۆ ئەوەی هەر یەکە بتوانێت بەپێی خۆی ئیش بکات، کار بکات، خزمەت بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشدار بێت لە پرۆسەی ئیدارەکردن وبەرەو پێش چوونی وڵات، زۆر سوپاستان ئەکەم، ئومێدەوارم سەرکەوتوو بن، بەڕاستی ئەو بەرنامەی کە پێشکەشتان کرد ئەو یاسایانە هەمووی لەخزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، ئومێدەوارم بە ئەرك و ماندووبوونتان بتوانن لەم دەورەی داهاتوودا ئەوانەمان بۆ تەواو بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ڕێزدار کاك عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ ووتارەکەی، خوشك وبرایان ئەندامانی پەرلەمان پێش ئەوەی کۆتایی بەدانیشتنەکەمان بێنین، ئاماژە بەوە ئەکەم کە دوو سبەی 9/10 سەعات 10/30 دانیشتنەکانمان دەست پێ ئەکەینەوە، بەرنامەی کاریشتان پێدەگات، تا ئەو کاتە کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین، زۆر سوپاسی ئامادەبووان دەکەین، بەتایبەتی میوانە بەڕێزەکان، زۆر بەخێربێن سەرچاو.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (1)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 10\9\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (1)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2008/9/10

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2008/9/10 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەم, ساڵی (2008)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10,30) ی پێشنیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2008/9/10دا بەم شێوەیە بێت:

1- پێش چاوخستنی دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن (د.رۆژان عبد القادر دزەیی) لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری پەروەردە و فێرکردنی باڵا و پاڵاوتنی بۆ لێژنەی کاروباری یاسایی.

2- پێش چاوخستنی دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن (سەردار صباح بۆزۆ هەرکی) لە لێژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری و پاڵاوتنی بۆ لیژنەی کاروباری یاسایی.

3-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (188) ساڵی 1959ی هەموارکراو، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کراوە.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای قەدەغە کردنی توندو تیژی دژی(ژن و ئافرەت)، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

5- خوێندنەوەی یەکەمی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 1993 یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی بڕگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10,30) ی پێشنیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2008/9/10دا بەم شێوەیە بێت:

1- پـێش چاوخسـتنی دەسـت لـە کـار کێشـانەوەی ئەنـدامی ئەنجومـەن (د.ڕۆژان عبـد القـادر دزەیـی) لـە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری پەروەردە و فێرکردنی باڵا و پاڵاوتنی بۆ لێژنەی کاروباری یاسایی.

2- پێش چاوخستنی دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن (سەردار صباح بۆزۆ هەرکی) لە لێژنـەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری و پاڵاوتنی بۆ لیژنەی کاروباری یاسایی.

3-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (188) ساڵی 1959ی هەموارکراو، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کراوە.

4- خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی یاسـای قەدەغـەکردنی تونـدو تیـژی دژی(ژن و ئـافرەت)، کـە لـە لایـەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

5- خوێندنـەوەی یەکـەمی هـەموار کردنـی یەکـەمی یاسای ژمـارە (14)ی سـاڵی 1993 یاسـای یـەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلـەمان پێشکەش کراوە.

پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەی کارەکانمان بکەین، بڕیارمـان وابـوو کـە لـە دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئەگـەر ژمارەیـەکی تـر لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان ئەگـەر ئاگـادار بـن کـە لـە یەکـەم دانیشـتنمان، یاسـای ئیمتیـازاتی کەسوکاری شەهیدان هەموار بکەینەوە، یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007 لەسەر داوای وەزارەتی شـەهیدان و ئەنفالکراوەکان، بەڵام دواکەوت لەسەر صیاغەی نیهائی و قانونی، ئینشاء الله رۆژی دووشەم کۆتایی پێ دێت و حازر بووە، هەروەها پرۆژەیەکی تریش دەربارەی شـەهیدانی هەڵەبجە دەبـێ بڕیارێـك هـەبێت ئیعتیبـار بکرێ کە 3/16 رۆژی شەهیدانی هەڵەبجەیە، لەبەر ئەوەی رژێمی پێشوو بڕیارێکی هەیـە، ئـەم شـەهیدانە ئیعتیبـار دەکـرێ 3/13 ، بـۆ ئـەوەی رۆژی 3/16/ رۆژی شـەهیدان پێشـێل بکـات، ئـەوەش حـازر کـراوە، دووشەمی داهاتوو ئینشاء الله کە کۆ دەبینەوە، یەکەم شتمان ئەوە دەبێ ئـەوە هـین بکـەین، داوا لـە لێژنـەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کـار: پـێش چاوخسـتنی دەسـت لـە کار کێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن (د.ڕۆژان عبد القادر دزەیی) لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری پەروەردە و فێرکردنی باڵا و پاڵاوتنی بۆ لێژنەی کاروباری یاسایی، د. رۆژان پێشەکی ئیسـتیقالەی داوە لـە لیژنەکـەی خۆیان، لە لیژنەی کاروباری پەروەردە و فێرکردن، پێویستە ئیستیقالەکەی یەکەم جار قبولْ بکرێ، ئینجا تەرشیحەکەی هین بکـەین، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە ئیسـتیقالەکەی قبـول بکـەین دەسـتی بـەرز بکاتـەوە تکایـە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ هین کرا، ئێستا داوای ئەندامی پەرلەمان د.ڕۆژان دزەیـی بـۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لە لێژنەی یاسایی، داوای کردووە، کێ رەزامەندی هەیە بۆ ئەو هینە دەستی بەرز بکات تکایە؟ فەرموون ، کێ موافیق نیە؟ بە کۆی دەنگ بوو بە ئەنـدام، پـیرۆزە ئینشـاء الله سـەرکەوتوو دەبـی لـە ئیشەکانی تازەتان، خـاڵی دووەم لـە بەرنامـەی کـار: پـێش چاوخسـتنی دەسـت لـە کـار کێشـانەوەی ئەنـدامی ئەنجومەن(سەردار صباح بـۆزۆ هـەرکی) لـە لێژنـەی پەیوەندییـەکان و کاروبـاری رۆشـنبیری و پـاڵاوتنی بـۆ لیژنەی کاروباری یاسایی.

به هەمان شێوە هەنگاوی یەکەم، دەست لە کار کێشانەوەی لێژنەکەی خۆیان لە لێژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە قبولی ئیستیقالەکەی بکەین با دەستی بەرز بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قبول کرا، کاك سەردار داوای کردووە کە ببێت بە ئەندام لە لێژنەی یاسایی، تکایە کێ رەزامەندە کە ببێتە ئەندام لە لێژنەی یاسایی دەستی بڵند بکاتەوە؟ کێ رازی نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ بوو بە ئەندامی لێژنەی یاسایی، ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازین لە کارەتازەکەیدا، هەردووکیان ببنە هۆی ئەوەی دەوڵەمەند کردنی لێژنەی یاسایی و کارێکی زۆریان هەیە ئینشاء الله زۆرتریش دەبێت و سەرکەوتوو تریش دەبن، خاڵی سێیەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (188) ساڵی 1959ی هەموارکراو، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کراوە.

فەرمووو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الاول

الزواج

الفصل الاول

الخطبة والزواج

المادة الثالثة: يوقف العمل بالفقرة (ا) من المادة الثالثة و يحل محلها ما يلي:

الزواج عقد بين رجل و امرأة يحل كل منهما للاخر شرعآ غايته تكوين الاسرة على اسس المودة و المسؤولية المشتركة و طبقآ لاحكام هذا القانون.

اما الفقرات (4،5،6،7) من المادة الثالثة فيوقف العمل بها و تطرح اللجنة محلها مقترحين و ذلك لعدم التوصل الى اتفاق فيما يخص موضوع تعدد الزوجات و فيما يأتي كلا المقترحين:

المقترح الاول : تقييد تعدد الزوجات

لا يجوز الزواج بأكثر من واحدة الا باذن القاضي، و يشترط لاعطاء الاذن تحقق الشروط التالية:

أ- قيام عذر مشروع يبرر التعدد كالمرض الثابت المانع من المعاشرة الزوجية او عقم الزوجة الثابت وذلك بتقرير من لجنة طبية مختصة.

ب- ان يكون لطالب الزواج الثاني امكانية مالية تكفي لاعالة اكثر من زوجة واحدة.

ج- امكانية تحقيق العدل بين الزوجين في القسم و غيره من الالتزامات الزوجية( المادية و المعنوية).

د - ان لا تكون الزوجة قد اشترطت عدم التزوج عليها في عقد الزواج الاصلي.

هـ - اذا تخلف احد الشروط المذكورة يعاقب الزوج و الزوجة وولي الزوجة اذا كان مقصرآ بالحبس مدة لا تقل عن ستة اشهر و لا تزيد عن سنة و بغرامة قدرها عشرة ملايين دينار.

و- لا يجوز للقاضي الحكم بايقاف تنفيذ العقوبات المذكورة.

**المقترح الثاني**

**منع تعدد الزوجات**

**1- لا يجوز تعدد الزوجات وفق احكام هذا القانون.**

**2- يعاقب كل من تزوج و هو في حالة الزوجية و قبل فك عصمة الزواج السابق بالحبس مدة لا تقل عن ثلاث سنوات و بغرامة قدرها عشرة ملايين دينار.**

**3- تعاقب كل من تزوجت برجل و هي تعلم انه في حالة الزوجية بنفس عقوبة الزوج.**

**4- يعاقب الوكيل في حالة ابرام عقد تعدد الزوجات بعقوبة الموكل و يعاقب ولي القاصر بدلاً منه في حالة التعدد.**

**5- لا يجوز للقاضي ايقاف تنفيذ العقوبات المذكورة.**

**6- تنفذ هذه المادة بعد مرور سنة من صدور هذا القانون.**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەوە قیرائەی یەكەمە، تەعلیق هەر یەكەو لە لای خۆیەوە بۆچوونەكی هەیە، تكایە هینی مەكەن، دوایـیش كەی كاتی موناقەشە هات ئەو كاتی هەر یەكە و بۆی هەیە رەئی خۆی بدات، فەرموو كاك عەونی.**

**بەرێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل الثاني**

**اركان العقد وشروطه**

**المادة الخامسة: يوقف العمل بالمادة الخامسة و يحل محلها ما يلي:**

**تتحقق الاهلية في عقد الزواج بتوافر الشروط الواجب توافرها في العاقدين او من يقوم مقامهما وفق احكام هذا القانون.**

**الفصل الثاني**

**اركان العقد وشروطه**

**يوقف العمل بالفقرتين (1-د،3) من المادة السادسة و يحل محلهما ما يلي:**

**1- د- شهادة شاهدين متمتعين بالاهلية القانونية على عقد الزواج و يستوي في ذلك الرجل و المرأة.**

**3- للزوجة ان تشترط على الزوج تفويضها بالتطليق.**

**الفصل الثالث**

**الاهلية**

**يوقف العمل بالفقرة (2) من المادة السابعة و يحل محلها ما يلي:**

**للقاضي ان يأذن بزواج احد الزوجين المريض عقلياً اذا ثبت بتقرير طبي على ان زواجه لا يضر بالمجتمع و انه في مصلحته الشخصية اذا قبل الزوج الاخر بالزواج قبولاً صريحاً كتابة و في عقد الزواج.**

**يوقف العمل بالفقرة (1) من المادة الثامنة من الفصل الثالث و يحل محلها ما يلي :**

1- اذا طلب من اكمل السادسة عشرة من العمر الزواج، فللقاضي ان يأذن به، اذا ثبت له اهليته و قابليته البدنية، بعد موافقة وليه الشرعي فاذا امتنع الولي طلب القاضي منه موافقته خلال مدة يحددها له، فان لم يعترض او كان اعتراضه غير جدير بالاعتبار اذن القاضي بالزواج.

و تضاف الفقرة التالية الى المادة الثامنة:

3- تعتبر الام ولياً اذا كان الاب متوفياً او غائباً و فيما اذا كانت حاضنه.

يوقف العمل بالمادة التاسعة من الفصل الثالث و يحل محلها ما يلي:

1-لا يحق لاي من الاقارب او الاغيار اكراه اي شخص، ذكراً كان ام انثى على الزواج دون رضاه، و يعتبر عقد الزواج بالاكراه موقوفاً اذا لم يتم الدخول بعد زوال اثر الاكراه ، كما لا يحق من الاقارب او الاغيار منع من كان اهلاً للزواج، بموجب احكام هذا القانون من الزواج.

2- يعاقب من يخالف احكام الفقرة (1) من هذه المادة بالحبس مدة لا تقل عن سنة و لا تزيد عن ثلاث سنوات اذا كان قريباً من الدرجة الاولى، اما اذا كان المخالف من غير هؤلاء ، فتكون العقوبة السجن مدة لا تقل عن ثلاث سنوات او السجن مدة لا تزيد عن عشر سنوات.

الفصل الرابع

تسجيل عقد الزواج و اثباته

يوقف العمل بالفقرتين (2و 5) من المادة العاشرة و يحل محلهما ما يلي:

1- يرفق البيان بتقرير طبي يؤيد سلامة الزوجين من مرض نقص المناعة و بقية الامراض السارية و الموانع الصحية و بالوثائق الاخرى التي يشترطها القانون.

5- يعاقب بغرامة لا تقل عن مليون دينار و لا تزيد عن ثلاثة ملايين دينار كل رجل عقد زواجه خارج المحكمة، و تكون العقوبة الحبس مدة لا تقل عن ثلاث سنوات و لا تزيد على خمس سنوات اذا عقد خارج المحكمة زواجاً اخر مع قيام الزوجية.

الباب الثالث

الحقوق الزوجية و احكامها

الفصل الاول

المهر

تبقى الفقرة الاولى من المادة التاسعة عشر كما هو في قانون الاحوال الشخصية رقم 188 لسنة 1959 و تعديلاته و ليس كما جاء في مشروع اللجنة البرلمانية.

تستحق الزوجة المهر المسمى بالعقد فان لم يسم او نفي اصلاً فلها مهر المثل.

الفصل الثاني

نفقة الزوجة

يوقف العمل بالمادة الثالثة و العشرون و يحل محلها ما يلي:

تجب نفقة الزوجة على الزوج، و في حالة يسار الزوجة تكون المسؤولية مشتركة.

اما الفقرة (1) من المادة الرابعة و العشرون فيوقف العمل به و يحل محله ما يلي:

تعتبر نفقة الزوجة المعسرة غير المخلة بالالتزامات الزوجية الواردة في هذا القانون ديناً في ذمة زوجها من وقت امتناع الزوج عن الانفاق.

يوقف العمل بالمادة الخامسة و العشرون و يحل محلها ما يلي:

1- على كل واحد من الزوجين ان يعامل الاخر بالمعروف و يحسن عشرته و يتجنب الحاق الضرر به.

2- يقوم الزوجان بالواجبات الزوجية وفق احكام هذا القانون.

3- يتعاونان على تسيير الاسرة و حسن تربية الابناء و تصريف شؤونهم بما في ذلك التعليم و السفر و المعاملات المالية.

4- يشترك الزوج او الزوجة في الانفاق على شؤون البيت و رعاية الاسرة و الاطفال، حسب الامكانيات المالية لكل منهما و يلزم الطرف الموسر بالانفاق، يوقف العمل بالمادتين التاسعة والعشرون والثلاثون ويحل محلهما مايلي:

اذا ترك الزوج زوجته المعسرة بلا نفقة واختفى او تغيب او فقد او سجن حكم القاضي لها بالنفقة من تاريخ اقامة الدعوى وتقوم صندوق الرعاية الاجتماعية بصرف النفقة المقدرة لها.

يوقف العمل بالمادة الثالثة وثلاثون ويحل محلها مايلي:

لا طاعة للزوج على زوجته ولا للزوجة على زوجها في كل امر مخالف لاحكام الشريعة وهذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی با كاك زانا تەواوی بكات.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الباب الرابع

انحلال عقد الزواج

الفصل الاول

الطلاق

يوقف العمل بالمادة الرابعة والثلاثون ويحل محلها مايلي:

1-الطلاق رفع قيد الزواج بصيغة صريحة لا تدل عليه لغة او عرفا دون التقييد بصيغة محددة او لغة معينة بايقاع من الزوج او الزوجة ان وكلت به او فوضت من القاضي.

2- لايعتد بالوكالة في اجراءات البحث الاجتماعي والتحكيم وفي ايقاع الطلاق مالم يكن هناك مانع من حضور احد الزوجين.

3- لايعتد بالطلاق الا بحضور شاهدين عادلين حين الايقاع او الاقرار به امامهما او امام القاضي.

يوقف العمل بالفقرة (2) من المادة الخامسة والثلاثون ويحل محلها مايلي:

يقع طلاق المريض مرض الموت او في حالة يغلب في مثلها الهلاك اذا مات في ذلك المرض او تلك الحالة ولم يكن فاقد التمييز وترثه زوجته ولو كان الطلاق بائنا ويوقف العمل بالفقرة (2) من المادة السابعة والثلاثون ويحل محلها مايلي:

لايقع الطلاق المقترن بالعدد ولفظا او اشارة الا واحدة ولا يقع الطلاق المعتدة ويقف العمل بالماد الثامنة والثلاثون ويحل محلها مايلي:

1-رجعي: وهو كل طلاق بعد الدخول للمرة الاولى او الثانية على ان لا يكون بعوض (خلعا) ولا للمرة الثالثة وحكمه هو ان للزوج مراجعة زوجته اثناء عدتها منه دون عقد جديد.

2- لا يعتبر الطلاق الرجعي فكا لعصمة الزواج.

ويوقف العمل بافقرة (2) من المادة التاسعة والثلاثون ويحل محلها مايلي:

3- يلزم الزوج بوضع مبلغ من المال بقدر مساهمته بالانفاق على الاسرة لفترة ثلاثة اشهر في صندوق خاص لرعاية الاسرة عند رفضه دعوة الطلاق وتضاف هذه الفقرة الى المادة التاسعة والثلاثون.

4- تلتزم الدولة برعاية المراة المطلقة التي لا تملك دخلا شهريا وتخصص مبلغ شهري لها من قبل الرعاية الاجتماعية ولغاية ايجاد فرصة عمل لها.

## الفصل الثاني

## التفريق القضائي

يوقف العمل بالفقرة (5) من المادة الاربعون ويحل محلها مايلي:

اذا تزوج الزوج من الزوجة الثانية يحق للزوجة الاولى طلب التفريق، ويوقف العمل بالفقرة (اولا) من المادة الثالثة والاربعون ويحل محلها مايلي:

اولا: للزوجة طلب التفريق عن توفر احد الاسباب الاتية.

1- اذا حكم على زوجها بعقوبة مقيدة للحرية مدة ثلاث سنوات فاكثر بعد مضي سنة على التنفيذ ولو كان له مال تستطيع الانفاق منه،

2- اذا هجر الزوج زوجته مدة سنة فاكثر بلا عذر مشروع ولو كان الزوج معروف الاقامة وله مال تستطيع الانفاق منه، وتلغى الفقرة ثالثاً (أ) و (ب) من المادة الثالثة والاربعون، اما المادة الرابعة والاربعون فيوقف العمل بها ويحل محلها مايلي:

يجوز اثبات اسباب التفريق وانحلال عقد الزواج بكافة وسائل الاثبات بما في ذلك الشهادات الواردة على السماع اذا كانت متوافرة ويعود تقديرها على المحكمة، وذلك باستثناء الحالات التي حدد القانون وسائل معينة لاثباتها.

## الفصل الثالث

## التفريق الاختياري (الخلع)

توقف وتوحد الفقرة (1) و (3) من المادة السادسة والاربعون كالتالي:

1- الخلع ازالة قيد الزواج بلفظ الخلع او مافي معناه مقابل عوض لا يزيد عن ما قبضته من المهر المسمى، ولا يشترط رضى الزوج في الخلع اذا تبين للقاضي عن طريق التحكيم ان الزوجة لا تطيق العيش معه.

## الباب الخامس

## في العدة

يوقف العمل بالمادة (50) ويحل محلها مايلي:

تجب نفقة العدة للمطلقة المعسرة على زوجها الحي ولا نفقة لعدة الوفاة.

**الباب السابع**

**نفقة الفروع والاصول والاقارب**

**يوقف العمل بالمادة الثامنة والخمسون ويحل محلها مايلي:**

**نفقة كل انسان من ماله الا الزوجة المعسرة فنفقتها على زوجها من حين العقد الصحيح.**

**يوقف العمل بالمادة التاسعة والخمسون ويحل محلها مايلي:**

**تعتبر نفقة الاولاد دينا في ذمة ابيهم حسب نسبة مسؤوليته في الانفاق من وقت امتناعه عن الانفاق.**

**الباب الثامن**

**في الوصاية**

**الفصل الاول**

**الوصية**

**يوقف العمل بالمادة الرابعة والسبعون ويحل محلها مايلي:**

**1- اذا اجتمع اولاد الاولاد مع الاولاد او اولاد اولاد الاولاد مع اولاد الاولاد وان نزلوا يحلون محل والدهم المتوفى او والدتهم المتوفاة وينتقل اليهم ما يستحقه من الميراث لو كان على قيد الحياة على ان لايزيد على ثلث التركة اذا لم يرثوا ولم يعطهم الجد والجدة ما يساوي استحقاقهم واذا اعطاهم الاقل يكمل من الوصية الواجبة.**

**2- تسري احكام الوصية الواجبة على اولاد الاخوة والاخوات ذكورا كانوا او اناثا وان نزلوا وعلى الزوجين اذا كان الزوجة من اهل الكتاب.**

**3- للمورث حال حياته توزيع ماله على الورثه ذكورا كانوا او اناثا بالمساواة او ان يوصي بذلك على ان لايزيد على ثلث التركة وباجازة البقية فيما زاد على الثلث.**

**4- للمورث ان يوصي لوارثة بما لا يزيد عن ثلث تركته.**

**5- اذا تزاحمت الوصية الواجبة مع الوصية الاختيارية تقدم الاولى على الثانية.**

**الباب التاسع**

**في احكام الميراث**

**يوقف العمل بالفقرة (1) من المادة واحدة والتسعون ويحل محلها مايلي:**

**يستحق الزوج مع الفرع الوارث لزوجته الربع ويستحق النصف عند عدمه اما الزوجة فتستحق الثمن عند وجود الفرع الوارث والربع عند عدمه بعد اخراج حصتها مما ساهمت في تكوينه من التركة.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، چەند تێبینیەك لەسەر ئەو پرۆژەیە، یەکەم بەداخەوە کە تەرجەمەی کوردی تەواو نەبووە، بۆیە کە تەواو بوو دەگاتە دەست ئەندامانی پەرلەمان، دووهەم ئەو پرۆژەیە لە ئەساسا لە لایەن لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان لە پەرلەمان ئامادە کرابوو وە ئێمە ناردوومانە بۆ حکومەت، ئەو پرۆژەیە بۆ جارێکی تر بۆ ئەندامانی لیژنەی داکوکی کردنی مافی ئافرەتان وژنان دووبارەی دەکەمەوە بۆ ئەوەی گوێیان لێ بێت، ئەو پرۆژەیە لە لایەن ئەوانەوە ئامادە کرابوو، ژمارەی یاسایی ئەوان وە ئێمە ناردمان بۆ حکومەت، حکومەتیش کۆبوونەوەی لەسەر کرد، چەندین کۆبوونەوەو کونفراسی لەسەر کرد و ئێستا لەنامە ئەصلێکە بە پرۆژە بۆ ئێمە هاتووە، بەڵام وادیارە ئەو لیژنانەی کە تەکلیف کرابوون لەلایەن**

حکومەتەوە لەپرۆژەکەیان کە ناردووە تەوصیاتیان کردووە، لەسەر ئەوە نووسراوە تەوصیات، حکومەت دیارە قەبوڵی کردووە ئەو تەوصیاتەی کردووەتە پرۆژەیەك، یەعنی ئەو کەلیمەیە رێگر نیە لەوەی کە ئێمە وەکو پرۆژە تەماشای بکەین، چونکە ئەصلی کتێبەکەو نووسراوەکەی حکومەت لەسەر ئەوە نووسیوێتی پرۆژە بۆ ئێمەی ناردووە، کەواتا ئەمە پرۆژەیە تەوصیات نیە وئەو کەلیمەیە لیژنەی یاسایی رەچاوی بکات، ئێمە دەیدەینە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ ولیژنەی ئافرتان (داکوکی کردن لەمافی ئافرتان) ولیژنەی ئەوقاف، پرسیارێك هەیە دەڵێت دوو موقتەرحیان ناردووە لەسەر مەسەلەی تعدد الزوجات ئەوە دەکرێت بۆیە ناردوویانە، پەرلەمان قەراردەدات کام موقتەرح لەو دوو موقتەرەحە قەبول دەکات، دەمێنیت لەکۆتاییدا بڕیاری خۆتانە، ئومێد دەکەین کە بتوانن لیژنەکان پاش ئەوەی کە کاری باش دەکەن ئەگەر کەم و کوڕییەك هەبوو لەرووی یاساییەوە، لەرووی زمانەوە زۆر مەسائیلی تێدایە، ئومێد دەکەم کە چارەی بکەن لەراپۆرتەکەتان، ئەگەر کرا راپۆرتێکی هاوبەش پێشکەش بکەن، لەو خاڵانەی کە ئیتیفاقی لەسەر نیە دەکرێت هەر لیژنەیەك رەئی خۆی بڵێ بۆ ئەوەی لێرە موناقەشەکان بەباشی بەرێوە بڕوات، هەر کەسێکیش رەئی و بۆچوونی تایبەتی هەبوو دە توانێت بیداتە لیژنەکان و مکو موناقەشەی یاسای خوێندنی بالای لێبکەین، موناقەشەکان لە لیژنەکاندا بێت بۆ ئەوەی لێرە وەختی زۆری پێنەکوژرێت، ئەساسەکە لەوەیە، چونکە لێرە ئیتیفاقیش نەکەین هەر دەبێت بگەڕێینەوە لیژنەکان، بۆیە ئەو لیژنانە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکەن، راو بۆچوونەکانیان یەك بخەن، ئەگەر نەیانتوانی، ئەوخاڵانەی کە موتەفیق نین لەسەری، دەکرێت لێرە بڕیاری لەسەر بدەین، خاڵی چوارەم لەبەرنامەی کارمان، خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای قەدەغەکردنی توندوتیژی دژی (ژن وئافرت)، کە لەلایەن ژمارە یاسای ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مشروع قانون مكافحة العنف الاسري في اقليم كوردستان**

المادة الاولى: اسم القانون: قانون مكافحة العنف الاسري في اقليم كوردستان.

المادة الثانية:

1- العنف الاسري هو ارتكاب اي فعل او تصرف عنيف او التهديد بارتكابه ضد الطفل والمرأة على اساس النوع الاجتماعي، وذلك على صعيد الحياة الخاصة في اطار العائلة او خارجها ويترتب عليه اذى من الناحية النفسية والجسدية والجنسية وهدر لحقوقها وحريتها.

2- تعتبر الافعال التالية على سبيل المثال عنفا اسريا.

أ-اكراه المراة على الزواج، تزويج الصغيرة، عقد قران الاناث الرضع، زواج الشغار، تزويج المرأة بدلاً عن الدية.

ب- الاهانة والسب وشتم الاهل وابداء النظرة الدونية اتجاهها وايذائها وتهديدها، وممارسة الضغط النفسي عليها وانتهاك حقوقها والمعاشرة الزوجية معها دون رضاها.

**ج- ضرب الزوجة والاطفال بحجة التأديب.**

**د- ختان الاناث.**

**3- تطبق احكام قانون العقوبات رقم (111) لسنة 1969 على حالات العنف الاسري الموجه ضد الرجل.**

**المادة الثالثة: تشكل محكمة مختصة باسم المحكمة المختصة بقضايا العنف الاسري في مركز كل محافظة للبت في الجرائم المشار اليها في هذا القانون.**

**المادة الرابعة: يحق للاشخاص التالية اقامة الدعوى لدى مركز الشرطة او الادعاء العام او امام المحكمة المختصة.**

**1- اي شخص تعرض لشكل من اشكال العنف الاسري، او كان شاهد على ارتكاب عمل عنيف او اي شخص من افراد العائلة او من سكنة الجوار او كان مساهما او مطلعا على حالة العنف الاسري.**

**2- الادعاء العام او نائبه والعاملون في مجال الصحة، التربية، او العاملون في المراكز الرسمية لتقديم المساعدة لضحايا العنف من المطلعين على حالات العنف.**

**المادة الخامسة:**

**1- يستوجب على مركز الشرطة التحرك مباشرة لدى تلقي الدعوى والسعي لحماية الضحية والتوجه الى محل الحادث في الحالات التالية.**

**أ-اذا كان العمل العنيف على وشك الحدوث.**

**ب- اذا حدث العمل العنيف فعلا.**

**2- على مركز الشرطة ايصال الضحية مع اطفالها باسرع وقت ممكن الى مكان امن او الى احدى مراكز رعاية المتعرضات للعنف، يجب توفير المكان الامن خلال 24 ساعة.**

**المادة السادسة: بامكان من تعرض للعنف تسجيل الدعوى حول حالة العنف الاسري في المستشفى او في مركز الشرطة.**

**المادة السابعة: يحق للمتهم الالتقاء باطفاله بشكل منظم بعلم الشرطة، بشرط ان لا يهدد ذلك حياتهم.**

**المادة الثامنة: ليس للمتهم الاتصال بالضحية التي تعرضت للعنف، اذا شكل هذا الاتصال تهديدا لحياة الضحية، للضحية الحق في عدم افساح المجال للمتهم.**

**المادة التاسعة: تصدر المحكمة خلال فترة شهر قرار المحافظة على الشخص المتعرض للعنف كاجراء مستعجل للمحافظة على حياته، وتاخذ المحكمة النقاط التالية بنظر الاعتبار:**

**1- ضمان عدم تعرض الفاعل في اي وقت وفي اي مكان للضحية وعائلتها والاشخاص الذين قدموا لها ملاذا امنا وعدم افساح المجال له بحمل الاسلحة لغاية حسم الدعوى.**

**2- مغادرة الفاعل مسكن الاسرة وترك محتوياته وموجوداته عدا حاجاته الشخصية لاستخدام افراد الاسرة فيه، على ان يستمر بأيفاء الالتزامات المالية تجاه الاسرة، بما في ذلك تحمل المعالجة الطبية والنفسية للضحية.**

3- يعرض الفاعل على اختصاصي للامراض النفسية من اجل اعادة تأهيله للتعامل مع المجتمع بشكل طبيعي.

المادة العاشرة: يحق للمراة التي تتعرض للعنف على يد زوجها طلب التفريق.

المادة الحادية عشرة: تكون جلسات المحكمة المختصة بقضايا العنف الاسري سرية بغية المحافظة على اسرار كافة الاطراف.

المادة الثانية عشرة:

1-تعتبر افادة الشخص المتعرض للعنف كافيا لتحريك الاجراءات القانونية مع حالات العنف الاسري.

2- تقدم اللجنة الطبية تقريرها حول حالة العنف الاسري واثارها الجسدية والنفسية وتأخذ المحكمة التقرير المذكور بنظر الاعتبار عند بتها في الحالة.

المادة الثالثة عشرة: تقديم المساعدة الى المتعرضات للعنف الاسري.

1- تقدم مركز حماية ورعاية المراة من العنف بمساعدة جهاز الشرطة في المرحلة الاولى الاجراءات الاولية التالية:

أ-ايصال الضحية بسرعة الى المستشفى، عند الضرورة.

ب- توفير مكان امن خلال 24 ساعة، و تأمين مستلزمات المعيشة الضروريةللاسرة، مع ضمان تقديم المساعدة القانونية للضحية مجانا.

2 ـ تقوم مركز حماية ورعاية المرأة في المرحلة الثانية بتقديم الخدمات التالية للأشخاص المتعرضين للعنف المنزلى:

أ ـ ضمان محل للأقامة الدائمة، وتأمين الخدمات والعلاج الطبى والنفسى عند الضرورة.

ب- مساعدة الضحية لايجاد فرص العمل، وتأمين الضمان الاجتماعى للأشخاص غير القادرين على العمل.

ج ـ فتح دورات خاصة لهم من أجل تأهيلهم للحياة الطبيعية.

المادة الرابعة عشرة: من الضرورى توفير المستلزمات التالية من أجل تطبيق هذا القانون:

1 ـ انشاء مركز مكافحة العنف الأسري ضد النساء، والاشراف عليه من قبل وزارة المرأة ( وزارة حقوق الانسان)، على أن يشارك في المركز المذكور ممثلون عن وزارات العدل، الداخلية، الثقافة، التربية، الشؤون الاجتماعية، الصحة، الاوقاف.

2 ـ تخصيص رقم هاتف للطوارىء من اجل اتصال النساء المتعرضات للعنف المنزلى.

3 ـ انشاء مراكز خاصة وسرية لايواء المتعرضات للعنف الاسري.

4 ـ زيادة عدد النساء العاملات في أجهزة الشرطة، وانشاء قسم خاص بالتعامل مع قضايا العنف الأسري في جهاز الشرطة، على أن يكون قوام هذا القسم بالدرجة الأولى من النساء.

المادة الخامسة عشرة:

1 ـ على المحكمة البت فى القضايا المحالة لها خلال فترة ثلاثة أشهر.

**المادة السادسة عشرة: يعاقب من يرتكب جريمة العنف الأسري بالحبس لمدة لاتزيد ثلاثة أشهر فى حالة الضرب الذي لا يترك اثرا على جسد الضحية، أو اذا ترك حالة العنف اثارا نفسية ليست خطيرة.**

**المادة السابعة عشرة: يعاقب كل من يرتكب جريمة العنف الأسري بالحبس مدة لاتزيد عن سنة واحدة في الحالات التالية:**

**أ ـ اذا ظهر أثر العنف على جسد الضحية، كأن تكون هناك كدمة واضحة أو جرح عميق واضح.**

**ب ـ اذا تعرضت الضحية نتيجة العنف الى مرض أو أذى نفسى.**

**المادة الثامنة عشرة: يعاقب من يرتكب جريمة العنف الأسري بالحبس مدة لاتزيد عن ثلاث سنوات فى الحالات التالية:**

**أ ـ فى حالة عودة الجانى الى اقتراف جريمة العنف الأسري المشار اليها فى المادة التاسعة عشرة.**

**ب ـ اذا أقدمت الضحية كرد فعل، نتيجة ممارسة العنف ضدها، على الانتحار، ولم تفقد حياتها.**

**ج ـ اذا نجم عن جريمة العنف كسر عظم الضحية أو عجز يفقدها القدرة على أداء عملها الطبيعى لمدة 20 يوما.**

**د ـ اكراه المرأة على الزواج، تزوج الصغيرة، عقد قران الأناث الرضع، زواج الشغار، تزوج المرأة بدلآ عن الدية.**

**المادة التاسعة عشرة:**

**1- يعاقب المتهم بالسجن مدة لا تزيد عن 15 عاما اذا كان الجانى قاصدا من عمل العنف احداث عجز لدى الضحية كاحداث عاهة مستديمة، أو تشويه جسم الضحية، أو اختلال فى العقل.**

**2- يعاقب المتهم بالعقوبة أعلاه اذا نجم عن فعل العنف قيام الضحية بالانتحار، وفقدان حياتها.**

**3- يعاقب المتهم بالسجن مدة لاتزيد عن 10 اعوام اذا نجم عن عمل العنف دون قصد عجز لدى الضحية كاحداث عاهة مستديمة، او تشويه جسم الضحية أو جنون فى العقل.**

**المادة العشرون: يعاقب كل من يرتكب جريمة الاعتداء الجنسى فى اطار الأسرة ضد المرأة أو الطفل أو المرأة المعوقة، حسب المادة 393 من قانون العقوبات العراقى رقم 111 لسنة 1969 المعدل.**

**المادة الواحدة والعشرين: يعاقب من يرتكب جريمة قتل النساء بذريعة غسل العار وفق القانون رقم 14 لسنة 2002 الصادر من المجلس الوطنى لكوردستان ـ العراق.**

**المادة الثانية والعشرين: يعاقب المتهم بالجرائم غير المشمولة ببنود هذا القانون وفق قانون العقوبات العراقى رقم 111 لسنة 1969 المعدل.**

**المادة الثالثة والعشرين: تشكل لجنة من ممثلى الوزارات التالية: العدل، الداخلية، الشؤون الاجتماعية، التربية، الثقافة، الأوقاف، وذلك من أجل متابعة وتطبيق هذا القانون.**

**المادة الرابعة والعشرين:**

**لايجوز العمل بأى بند قانونى يتعارض مع أحكام هذا القانون.**

**المادة الخامسة والعشرين:**

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ صدوره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الاسباب الموجبة

نظرا لتفاقم مظاهر العنف ضد المرأة والطفل، وتأثيرها السلبي على السلم الاهلي والاستقرار المجتمعي، ظهرت الحاجة الى وجود قانون لمكافحة العنف الاسري.

ان هذا القانون الذي يعتمد على الاعلان العالمي لحقوق الانسان والمواثيق والاتفاقيات الدولية التي تضمن حقوق الانسان، من شأنه أن يحد من مختلف أشكال العنف الأسري الموجه ضد النساء والأطفال على وجه الخصوص.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو پرۆژەیە دەدرێت بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و تەندروستی و كۆمەڵایەتی، ئەم پرۆژەیە پێشكەش كراوە لە لایەن ( پەخشان عبدالله زەنگەنە، كوێستان محمد عبدالە، سەردار هەركی، بارزان عبدالله، كوردستان پیرداود، گەلاوێژ شابا، د.شوكریە رسول، د. ئاریان خالص، گێلاس محی الدین محمد، محمد احمد صالح)، لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ و تەندروستی و كۆمەڵایەتی و ئەندامانی پەرلەمان بەرپرسیارن بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە دەوڵەمەند بكەن، لەگەڵ كۆپیە كوردیەكەی ئەوە دەگاتە دەستتان، زۆر سوپاس، خاڵی 5 لە بەرنامەی كارمان (خوێندنەوەی یەكەمی هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە 14 ی ساڵی 1993 ی یاسای یەكێتی ژوورەكانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە)، فەرموون بۆ خوێندنەوەی.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خوێندنەوەی یەكەمی هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە 14 ی ساڵی 1993 ی یاسای یەكێتی ژوورەكانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان دا

ماددەی یەكەم:

ماددەی سی و دووەمینی یاسای یەكێتی ژوورەكانی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (14) ی ساڵی 1993 لە هەرێمی كوردستاندا ئیلغا دەكرێ و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە: ـ

ماددەی سی و دووەمین : ﴿ حوكمەكانی یاساگەلی خزمەت و خانەنیشینی مەدەنی كە لە هەرێمدا بەركارە، هەموو كارمەندانی یەكێتی ژوورەكانی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم دەگرێتەوە﴾.

ماددەی دووەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەكان، حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بەکارخستنی یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 1993 وە جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کۆپیە عەرەبیەکەی حازرە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و لیژنەی پیشەسازی و ئەندامانی پەرلەمانی دەکەم، ئەم پرۆژەیە پێشکەش کراوە لە لایەن ئەو ئەندامانەی پەرلەمانەوە ( رشاد احمد ابراهیم، خلیل ابراهیم محمد، شێروان حەیدەری، طارق جامباز، عونی بزاز، عبدالکریم هەمەوەند، محمد صالح اسماعیل، کریم بحری، دلێر محمدشریف، د. ناصح غفور)، ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو سەعات 10,30 لەبەرئەوەی رەمەزانە بۆیە پێشی دەخەین، بێجگە لەو دوو پرۆژەیەی کە لە سەرەتادا ئاماژەم پێی کرد لە سەرەتای دانیشتنەکەماندا، پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە 9ی ساڵی 2007 یاسای ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان، هەروەها بڕیاردان لەسەر ئەوەی ڕۆژی 3/16 /1988 ببێت بە ڕۆژی شەهید کە وەفاتی ئەو شەهیدانەی کە لە قەسفی هەڵەبجە شەهید بوون، جگە لەو دوو پرۆژەیە لیژنەی یاسایی هەر پرۆژەیەك کە ئامادە بکات دەخرێتە بەرنامەی کارو پێشتر ئاگادارتان دەکەمەوە، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاستان دەکەم.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (2)**

**دوو شەممە رێکەوتی 15\9\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (2)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2008/9/15

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2008/9/15 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەم، ساڵی (2008)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2008/9/15دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەم و گفتوگۆکردن لەسەر ڕاستکردنەوەی مێژووی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، لە 3/13/ بۆ 1988./3/16

2- خوێندنەوەی یەکەم و گفتوگۆکردن لەسەر هەموارکردنی دووەمی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007 یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

3- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی سەبارەت بە سەردانی بنکە چاکسازییە کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

1- خوێندنەوەی یەکەم و گفتوگۆکردن لەسەر ڕاستکردنەوەی مێژووی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، لە 3/13/ بۆ 1988./3/16

2- خوێندنەوەی یەکەم و گفتوگۆکردن لەسەر هەموارکردنی دووەمی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007 یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

3- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی سەبارەت بە سەردانی بنکە چاکسازییە کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستان.

سەرەتا زۆر بەخێرهاتنی گەرمی كاك عدنان محمد قادر وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی وكاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین، كەلەگەڵمان لەم دانیشتنە ئامادەن، زۆربەخێر بێن سەرچاو، داوا لە لیژنەی یاسایی ئەكەم بێن بۆ شوێنی خۆیان بۆ خوێندنەوەی خاڵی یەكەم.

1- خوێندنەوەی یەكەم و گفتوگۆكردن لەسەر ڕاستكردنەوەی مێژووی كیمیاباران كردنی هەڵەبجە، لە 3/13/ بۆ 1988/3/16. ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بە ژمارەی یاسایی ئەندامان پێشكەش كراوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرۆژە بڕیار

یەكەم: رۆژی 1988/3/16 ڕۆژی كیمیابارانی هەڵەبجەیە لەلایەن ڕژێمی بەعسی لەناو چوو.

دووەم: رۆژی كۆچی دوایی شەهیدانی كیمیابارانی هەڵەبجەیە، ڕۆژی 1988/3/16 ودواتری، هەریەك بەپێی بەڵگەنامەی كۆچی دوایی.

سێیەم: حوكمەكانی ئەم بڕیارە لەسەر هەموو مامەڵەكانی پێش بەركاربوونی جێبەجێ دەكرێت اعتباراً لە رۆژی (1988/3/16)ەوە.

چوارەم: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بكەن.

پێنجەم: كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یا بڕیارێك ناكرێت كە ناكۆك بێت لەگەڵ ئەم بڕیارە.

شەشەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)دا بلاّودەكرێتەوە.

هۆیە پێویستییەكان

سەبارەت بە ڕوودانی هەندێ كێشەی یاسایی لەكاتی پیادەكردنی یاساكەو سەبارەت بەوەی كە ڕژێمی لەناوچوو ڕۆژی 3/13ی داناوە بە ڕۆژی بۆردومانی هەڵەبجە بە پێچەوانەی ڕاستی ڕووداوەكەوە بۆ شێواندنی مێژوو و چاوپۆشین لەو تاوانەی كە لەلایەنیەوە ئەنجامدراوە و بۆ ڕاستكردنەوەی ئەو زانیارییانەی كەلە لایەن هاووڵاتیانەوە لەبارەی مێژووی راستەقینەی ئەو تاوانەی ئەنجامدراوە ئەم بڕیارە دەرچوینرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە بە عەرەبیش بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مشروع قرار

اولاً: ان یوم 1988/3/16 هو یوم تعرض حلبجة للقصف الكیمیاوي من قبل النظام البعثي البائد.

ثانياً: ان تأريخ وفاة شهداء القصف الكيمياوي على حلبجة هو 1988/3/16 وما بعده كل حسب مستمسك وفاته.

ثالثاً: تسرى احكام هذا القرار على جميع المعاملات السابقة على تأريخ نفاذه وأعتباراً من 1988/3/16.

رابعاً: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القرار.

خامساً: لايعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض واحكام هذا القرار.

سادساً: ينفذ هذا القرار أعتباراً من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.

الاسباب الموجبة

لحدوث بعض الاشكالات القانونية اثناء تطبيق القانون ولكون النظام البائد كان قد اعتبر يوم 3/13 تأريخاً لقصف حلبجة خلافاً للحقيقة والواقع تشويهاً للتأريخ وتغاضياً عن الجريمة المرتكبة من قبله ولأجل تصحيح ذلك وتصحيح المعلومات المقدمة من قبل المواطنين حول التأريخ الحقيقي للجريمة المرتكبة فقد شرع هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خوشك وبرایان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە لەبەرنامەی کار خاڵی یەکەم وا نووسراوە، خوێندنەوەی یەکەم و گفتوگۆکردن ئەمە بۆ؟، عادەتەن وابووە بۆ خوێندنەوەی یەکەم دوایی لە دانیشتنێکی تردا گفتوگۆی لەسەر کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمە دواخراوەو داواکاری خەڵکە و موعامەلاتیان دواخراوە، بۆیە وامان لێکرد، ئێستاش من ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەم یەکێکیان، یان دوانیان، لەگەڵ یەك، یان دوو، لە لیژنەی مافی مرۆڤ، بۆ ئەوەی لە ماوەی نیو کاتژمێردا تەماشای بکەن، ئەگەر بۆچوونێکیان هەبوو لەسەری، تا خاڵی سێیەم تەواو ئەکەین، دوایی دێینە سەر ئەوەی کە وا گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەین، چونکە خاڵی دووەمیش بەهەمان شێوەیە لەسەر هەمان هۆ و بنەما، وامان پەسەند کردووە لەسەرۆکایەتی بەڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی پەلە بکەین و لە رۆتین دوور بکەوینەوە، بۆیە ئێستا ئەم پرۆژەیە ئاراستەی هەردوو لیژنە ئەکەم، کە لەوەختێکی کورتدا تا ئیستیفادەی لێ بکەین، تا خاڵی سێیەم ئەخوێننەوە ئەوان تەواوی بکەن، پێش ئەوەی بچنە دەرەوە ئەو ئەندامانەی لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ خاڵی دووەمیش با بخوێننەوە، چونکە پەیوەندی بەویشەوە هەیە، فەرموون.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ژمارە(9)ی ساڵی 2007 یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان_عێراقدا

مادەی یەکەم/ برگەی (شەشەم) لەماددەی (پێنجەم / دووەم) لەیاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007 یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**شەشەم: براو خوشك و منداڵی قوربانیانی جینۆساید لە مەرجەکانی کە لە برگەکانی (3،2)ی سەرەوە داهاتوون بەدەردەبن تا کاتی قەرەبووکردنیان لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە.**

**ماددەی دووەم/ پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی سێ یەم/ ئەم یاسایە لەرۆژی جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (9) ی ساڵی 2007 یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان _عێراقدا کاری پێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.**

**مشروع قانون التعديل الثاني للقانون رقم(9) لسنة 2007 قانون حقوق وامتيازات ذوي الشهداء والمؤنفلين لأقليم كوردستان_العراق**

**المادة الاولى/تعدل الفقرة (سادساً) من المادة (الخامسة / ثانياً) من القانون وتقرأ كالآتي:**

**(سادساً): يستثنى الاخوة والاخوات واولاد ضحايا الابادة الجماعية من الشروط الواردة في الفقرتين (3،2) اعلاه لحين تعويضهم من قبل الحكومة الاتحادية.**

**المادة الثانية/ على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**المادة الثالثة/ ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نفاذ القانون المرقم (9) لسنة 2007 قانون حقوق وامتيازات ذوي الشهداء والمؤنفلين وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، ئەو پرۆژەیە لەلایەن ئەندامانی بەڕێز (کاك شێروان حەیدەری، کاك عەونی بەزاز، کاك تارق جامباز، کاك محمد صاڵح اسماعیل، کاك قادر سعید، کاك کریم بەحری، کاك خلیل ابراهیم، خاتوو ڤیان دزەیی، کاك ئیحسان ئامێدی، کاك رەشاد احمد) پێشکەش کراوە.**

**بەهەمان شێوە ئاراستەی هەردوو لیژنەکەی ئەکەم، دوو برادەر لە هەر لیژنەیەك هی یاسایی و هی مافی مرۆڤ، خاڵی سێیەم لەبەرنامەی کار، خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی سەبارەت بە سەردانی بنکە چاکسازییە کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستان. تکام وایە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی جەنابی وەزیریش لێرەیە، هەر مولاحەزەیەکی هەبوو، یان پرسیارێکتان هەبوو ئاراستەی ئەوی بکەن.**

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

**بە مەبەستی بەدواداچوونی ڕەوشی زیندانیەکانی نەوجەوانان لە کوردستان و لەسەر راسپاردەی سەرۆکایەتی پەرلەمان شاندی لیژنەی یاسایی پەرلەمان کە پێکهاتبوون لە حاکم/ عەونی بەزاز جێگری سەرۆکی لیژنەو حاکم/ عبدالکریم هەمەوەندی بڕیاردەری لیژنەو پارێزەر محمد صالح اسماعیل وپارێزەر طارق جامباز ئەندامانی لیژنە، وەکو ئەرکێکی سەرەکی خۆی بۆ چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی یاساکان**

و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنیان،زنجیرە سەردانێکی ئەنجامدا بۆ بنکە چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی لە ڕۆژانی 22و2008/7/24 هەتا 2008/7/29، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاودێری باری یاسایی زیندانیەکانی نەوجەوانان لە گیراوەکان (الموقوفین) و مەحکومەکان بکات کە تا چەند لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگاییدا و لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی حوکمەکان و بڕیارەکانی دادگا لەکاتی جێبەجێ کردن و شێوازی جێبەجێ کردن ڕەچاوی ڕێکارە یاساییەکان کراوە، هەروەها بە مەبەستی ئەوەی لە نزیکەوە ئاگادار بێت و ڕاستەوخۆش گوێبیستی داواکاری و پێشنیازەکان بێت، ئەویش بە مەبەستی دەستنیشانکردنی هۆکارو ڕێگەچارەکان لەڕووی یاسایی و تەکنیکیەوە. بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی یۆنامی (UNAMI) سەبارەت بە زیندانیەکان لە هەولێرو دهۆك، بۆیە لێرەدا لێژنەکەمان تێبینی و پێشنیارەکان پێشکەشتان دەکات سەبارەت بە چاکسازیەکان بە چەند حاڵەتێك کەوا لە خوارەوە باسی لێوە کراوە:

**هەولـــێر**

***یەکەم: سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان (چاکسازی کۆمەڵایەتی نەوجەوانانی) هەولێر.***

سەرەتا شاندی لیژنەی یاسایی لە ڕۆژانی(7/22 و 7/27) سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێری کرد و کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێوەبەر و کارمەندانی چاکسازیەکە ئەنجامداو تیایدا ڕەوشی مەحکومەکان و گیراوەکانی خستەڕوو، دواتر هۆڵەکان و ژوورەکان و بەشەکانی ناو چاکسازیەکەی بەسەر کردەوەو ڕاستەوخۆش لەگەڵ کۆمەڵێك لە مەحکومەکان وگیراوەکان گفتوگۆی کرد و لە ڕەوشی یاسایی وتەندروستی و پێداویستیەکانیان کۆڵیەوەو، دواتر شاندەکە سەردانی بنکەی تەندروستی و چێشتخانە ونادین(المطبخ) و هۆڵی سیمنار و کتێبخانەو وەرشەکان و گۆڕەپانی وەرزشی و هەروەها بەشە جیاجیاکانی تری کارگێڕی و توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەسەر کردەوە، دواتر بەڕێوەبەرو کارمەندان چەندین پێشنیارو داواکاریان خستەڕوو.

دوابەدوای بەسەر کردنەوەی هەموو شوێنەکانی (چاکسازیەکە) و گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرو کارمەندان و گیراوو بەندکراوەکاندا شاندەکەمان کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی بەدەست هێنا کە لەم خاڵانەی خوارەوەوە بەرجەستە کراون:-

1- ژمارەی ئەو کەسانەی کە مەحکوم وگیراون تا ڕۆژی سەردانەکەمان لە «2008/7/22» بەتۆمەتی جۆراوجۆر لەوانەش کوشتن و دزی و داوێن پیسی وبەدرەوشتی وهاتوچۆ وشەر و تۆمەتی تریش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ- ژمارەی ناوجەوانە مەحکومەکانی (کور) «31»

ب - ژمارەی ناوجەوانە گیراوەکانی (موقوف) کور «33»

ج - ژمارەی ناوجەوانە گیراوەکان (موقوف) ئافرەت «5»

2- بینایەو شوێنی (چاکسازیەکە) بۆ هەولێری پایتەخت شیاوو گونجاو نیە، بە تایبەتی بینایەکە کۆن وماندووە و بچوکەو مەرجەکانی بنکەی چاکسازی تێدا بەتەواوی بەدی ناکرێت ، بەڵام دەکرێت ئێستا کاربکرێت بۆ چاکردنەوە ونۆژەن کردنی بیناکە بە تایبەتی دروستکردنی چەند هۆڵ و ژوورو ئاودەست و گەرماو بۆ گیراوەکان و مەحکومەکان و خانەی تێبینی ، هەروەها دابینکردنی کارەبای نیشتمانی لەکاتی شەوان بۆ چاکسازیەکە، چونکە کوژانەوەی بەشەو ئەنجامی بەدی لێ دێتەکایەوە.

3- لەبەر نەبوونی شوێنی سەردانی خێزانی: چاکسازیەکە پێویستی بە دروستکردنی هۆڵێکە بۆ سەردانی منداڵان و ئافرەتان لەلایەن کەس‌وکارەکانیانەوە.

4- نەبوونی خانوو بۆ بەرێوەبەر و یاریدەری بەرێوەبەر و توێژەرەکۆمەڵایەتی یەکان نزیك چاکسازیەکە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری چاکسازیەکە بن‌و چاودێری بکەن.

5- هەڵکەندنی بیری ئیرتوازی بۆ دابینکردنی ئاو بۆ چاکسازیەکە، چونکە ئێستا ناچارن رۆژانە دوو تانکەر ئاو بکڕن.

6- هەرچەندە چەند ژوورێك تەرخان کراون بۆ قوتابخانەو خوێندنگا، بەڵام پێویستی بە دروستکردنی قوتابخانەیە بە هەموو قۆناغەکانی یەوە.

7- فراوانکردنی وەرشەکانی کارکردن و چاککردنی، بۆ ئەوەی چاکسازییەکە بکرێت بە دەزگایەکی بەرهەمهێنەر، نەك وەك ئێستا دەزگایەکی بەرکاربەر( أستهلاكي)بێ.

8- پەرتوکخانەی چاکسازی: تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا پەرتووکەکان کەمن و جۆراوجۆرنین و رۆژنامەکان کۆنن، بۆیە دەبێت پەرتووکخانەکە دەوڵەمەند بکرێت بە پەرتووکی جۆراوجۆرو رۆژنامەی نوێ و نەوجەوانەکان هانبدرێن بۆ خوێندنەوەو چالاکی خوێندنەوە.

9- نەبوونی ئۆندری گەورە بۆ شوشتن وئوتووکردنی بەرگەو چەرچەف و پێخەفی مەحکومەکان و گیراوەکان.

10- دابینکردنی چەند ئامێرێکی مۆبایل بۆ چاکسازیەکە بۆ بەکارهێنانیان لەلایەن مەحکوم و گیراوەکانەوە و بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ خێزانەکانیان لەهەر (15) ڕۆژ جارێك وهەر یەکێك بۆ ماوەی (5) خولەك لەژێر دەست و چاودێری فەرمانبەرانی چاکسازی.

11- دابین کردنی تانکەری ئاو و تانکەری گواستنەوەی (ئاوە ڕۆی) پیس.

12- دامەزراندنی چەند توێژەری کۆمەڵایەتی تری ژن( باحثة اجتماعية)، چونکە لەرووی چاکسازی کۆمەڵایەتیەوە پێویستیان بەکۆمەڵناسی دەروونناسی هەیە، بۆ ئەوەی لەکێشەکانیان بکۆڵێتەوە، هەروەها خولی گونجاویان بەپێ ی بواری پەروەردەیی و رۆشنبیری بۆبکرێتەوە.

13- دامەزراندنی یاریدەدەری پزیشکی ژن ﴿معاونە طبية﴾، چونکە چاکسازییەکە پێویستی بەوکارمەندانە دەبێت.

14- چاکسازی پێویستی بەتاقیگەی سەرەتایی و تیشکی گەڕۆك( أشعة متنقلة) و ئامێری پزیشکی ددانی هەیە.

15- دابینکردنی ئامێری کۆنترۆڵی ناوەندی( مركزي) بۆ سەتەلایتەکان و دابەشکردنی بەسەر بەشەکاندا هەتا مەحکومەکان بتوانن کەناڵەکانی ئاسمانی ببینن لەژێر چاودێری چاکسازیەکە.

16- نەبوونی پاسەوانان و چاودێرانی ژن لە چاکسازییەکە بەتایبەتی بۆ کارکردن‌و ئێشك گرتن لەکاتی شەوان لەبەشی ژنان و نەوجەوانانی ژن.

17- نەبوونی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە چاکسازیەکەدا: ئەبێت فەرمانگەی داواکاری گشتی لە چاکسازیەکە دابمەزرێت و جێگرێکی داواکاری گشتی بۆ دەستنیشان بکرێت لەگەڵ چەند فەرمانبەرو کارمەندێك لەفەرمانگەکەدا، چونکە تەنها سەردانی جێگری داواکاری گشتی ناوەناوە ئامانجەکانی یاسا بەتەواوی بەدی ناکات.

18- سیستەمی مۆڵەتی خێزانی و بەردانی مەرجدار پەیڕەو ناکرێت بەپێچەوانەی حوکمەکانی یاسای دەزگای چاکسازی کۆمەلایەتی و ماددەکانی (331هەتا337)لەیاسای بنەماکانی دادبینی سزایی (أصول المحاكمات الجزائية).

19- نەبوونی پشکنینی گشتی بۆ هەر حاڵەتێك بۆ ئەو نەوجەوانەی دێتە ناوچاکسازیەکە بەتایبەت بۆ نەخۆشیە ساریەکان ودووبارەکردنەوەی ئەو پشکنینە بەشێوەیەکی دەوری، هەروەها هەربەندکراوێك پێش وەرگرتنی یان لەکاتی وەرگرتنی لە چاکسازیەکاندا پێویستە پشکنینی بۆ بکرێت و هەموو تێبینەکانی پزیشك کە لەراپۆرتەکە دەنووسرێت وێنەیەکی لەدۆسیەی بەندکراوەکە هەڵبگیرێت بەمەبەستی چاودێریکردنی تەندروستی.

20- خەرج کردنی دەرماڵەی ترسناکی بۆ تەواوی فەرمانبەرانی چاکسازی و بۆ چاودێری چاکسازی و پاسەوانەکان و هەروەها بۆ ئەوانەی کە لە هێزی جێبەجێ کار کار دەکەن.

21- دابینکردنی هۆی گواستنەوەی پێویست بۆ گواستنەوەی مەحکومەکان و ئەوانەی چاودێری پاشینە دەیانگرێتەوە.

22- تەرخان کردنی ئۆتۆمۆبیلی تایبەت بە بەڕێوەربەری چاکسازیەکە، چونکە لەبەر دووری شوێنی نیشتەجێ بوونی تاکو ئێستا بە پاس هاتووچۆ دەکات.

23- لەکاتی سەرپێچی کردنی نەوجەوانە مەحکوم کراوەکان وگیراوەکان، نابێ سزای راگرتنی سەردانی خێزانی، یان قەدەغەکردنی یاریکردنیان،یان دانانیان لەژووری تاکی(الغرفة الانفرادية)، یان گواستنەوەیان بۆ چاکسازیەکی تر لەشارەکانی تر بەسەریان بسەپێندرێت، چونکە نابێت نەوجەوانی گیراوو مەحکوم سزا بدرێت وهەروەها نابێت لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە بەشێوەیەکی رەمەکی یان وەکو جۆرێك لەجۆرەکانی سزادان. چونکە تێبینی ئەوەمان کرد کە چەند حاڵەتێکی لەم جۆرانە ڕوویدابوو.

24- بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی پێشنیاردەکات کەوا پەرلەمان چارەسەریەك بدۆزێتەوە بۆ کێشەی هاموشۆی دەزگاکانی راگەیاندن بۆچاکسازیەکە و گواستنەوەی دەنگوباس ولێدوانی مەحکومەکان و گیراوەکان کە زۆر جاران کێشەی کۆمەڵایەتی وخێزانیی خراپی بەدواوەدا هاتووە.

**دهـــــۆك**

**دووەم: سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لەدهۆك.**

سەرەتا شاندەکە لە رۆژی 2008/7/24 سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی لە دهۆك کرد و کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێوەبەر و کارمەندانی چاکسازیەکە ئەنجامداو تیایدا رەوشی مەحکومەکان و گیراوەکانی خستەڕوو، دواتر هۆڵەکان و ژوورەکان و بەشەکانی ناو چاکسازیەکەی بەسەر کردەوەو ڕاستەوخۆش لەگەڵ کۆمەڵێك لە مەحکومەکان وگیراوەکان گفتوگۆی کرد و لە ڕەوشی یاسایی وتەندروستی و پێداویستیەکانی کۆڵیەوە، دواتر سەردانی بنکەی تەندروستی و چێشتخانە ونانەدین (المطبخ) و هۆڵی سیمنار و کتێبخانەو وەرشەکان و گۆڕەپانی وەرزشی و بەشە جیاجیاکانی تری کارگێڕی و توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەسەر کردەوە، بینایەو شوێنی چاکسازیەکە هەموو مەرجەکانی چاکسازی تێدایە لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئوتێلێکی مۆدێرنە لەگەڵ چەند تێبینی یەك کە لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێدەکەین کە هەر چەند لەگرینگی شوێنەکەوئەرکی بەڕێوەبەروفەرمانبەرەکان وکارمەندەکانی کەم ناکاتەوە.

دوابـەدوای بەسـەر کردنـەوەی هـەموو شـوێنەکانی (چاکسـازیەکە) و گفتوگـۆ کردنـی لەگـەڵ بەڕێوەبـەرو کارمەندان و گیراو بەندکراوەکاندا شاندەکەمان کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی بەدەست هێنا کە لـەم خاڵانـەی خوارەوەوە بەرجەستە کراون:-

1/ ژمارەی مەحکومەکان وگیراوەکانی ناوجەوانان لە چاکسازی و کۆمەڵایەتی دهۆك تا بەرواری «2008/7/24» کە بە تۆمەتی جۆراوجۆر لەوانەش کوشتن ،دزی ،داوێن پیسی و بەدرەوشتی، گزیکردن(تزویر)، تیرۆر،شەڕ، هاتوچۆ،......تۆمەتی تریش بەم جۆرە بوو:

أ: ژمارەی ناوجەوانە مەحکومەکانی (ژن) «20»

ب: ژمارەی ناوجەوانە گیراوەکانی (ژن) «10»

ج: ژمارەی ناوجەوانە مەحکومەکانی (کور) «24»

د: ژمارەی ناوجەوانە گیراوەکانی( کور) «17»

2/ بیناو شوێنی چاکسازیەکە وەکو ئاماژەمان پێکرد زۆر شیاووگونجاوە و هەموو مەرجەکانی بنکەی چاکسازی تێدا بەدی دەکرێت لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی هەندێك کەمووکورتی تێدەکرێت لەوانەش نەبوونی شوێنی سەردانی خێزانی،چونکە چاکسازیەکە پێویستی بە درۆستکردنی هۆڵێکە بۆ سەردانی منداڵان و ئافرەتان لەلایەن کەس وکارەکانیانەوە.

3/ نەبوونی تەوەری چاودێری یان سیستەمی چاودێری ئەلیکترۆنی پێشکەوتوو بۆ ناوەوەو دەوروبەری چاکسازی یەکە، بەتایبەتی هەڵکەوتە و رێك وپێکی چاکسازیەکە ئەو سیستەمە دەخوازێ.

4/ نەبوونی خانوو بۆ بەرێوەبەر و یاریدەری بەرێوەبەر و توێژەرەکۆمەڵایەتیەکان نزیك چاکسازی، بەتایبەتی زەوی تەرخان کراو بۆ چاکسازیەکە رووبەرەکەی زۆرە و دروستکردنی ئەم خانووانە بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون و چاودێریکردنی چاکسازیەکە لەلایەن بەرێوەبەر و کارمەندەکانەوەو کارێکی پێویستە

5/دابین کردنی تانکەری ئاو وتانکەری گواستنەوەی (ئاوە رۆی) پیس.

6/فراوان کردنی وەرشەکانی کارکردن و چاك کردنی بۆ ئەوەی چاکسازییەکە بکرێت بە دەزگایەکی بەرهەم هێنەر، نەك وەك ئێستا دەزگایەکی بەرکاربەر ( أستهلاكي)بێ.

7/پەرتوکخانەی چاکسازی: تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا پەرتووکەکان کەمن و جۆراوجۆرنین و رۆژنامەکان کۆنن، بۆیە دەبێت پەرتووکخانەکە دەوڵەمەند بکرێت بە پەرتووکی جۆراوجۆرو رۆژنامەی نوێ و نەوجەوانەکان هانبدرێن بۆ خوێندنەوەو چالاکی خوێندنەوە.

8/چاکسازی پێویستی بەتاقیگەی سەرەتایی و تیشکی گەڕۆك(أشعة متنقلة) و ئامێری پزیشکی ددانی هەیە.

9/دامەزراندنی چەند توێژەری کۆمەڵایەتی تری ژن (باحثة اجتماعية)، چونکە لەرووی چاکسازی کۆمەڵایەتیەوە پێویستیان بەکۆمەڵناسی دەروناسی هەیە بۆ ئەوەی لەکێشەکانیان بکۆڵێتەوە، هەروەها خولی گونجاویان بەپێ ی بواری پەروەردەیی و رۆشنبیری بۆبکرێـتەوە.

10/نەبوونی پاسەوانان و چاودێرانی ژن لەچاکسازییەکە بۆ کارکردن و ئێشك گرتن لەکاتی شەوان لە بەشی ژنان و نەوجەوانانی ژن.

11/كردنەوەی خولی شیاندن بۆ چاودێران لەناو هەرێمی كوردستان بۆ توێژەری كۆمەڵایەتی لە دەرەوەی هەرێم.

12/نەبوونی دەرماڵەی ترسناكی بۆ فەرمانبەران و چاودێران و پاسەوانانی چاكسازی كۆمەڵایەتی.

13/دابینكردنی چەند ئامێرێكی مۆبایل بۆ چاكسازیەكە بۆبەكارهێنانی لەلایەن مەحكومەكان وگیراوەكان بۆ پەیوەندی كردن لەگەڵ خێزانەكانیان لەهەر (15) رۆژ جارێك هەر یەكێك بۆ ماوەی (5) خولەك لەژێر دەست و چاودێری فەرمانبەرانی چاكسازی بێت.

14/دابینكردنی ئامێری كۆنترۆلی ناوەندی(مركزی) بۆ سەتەلایتەكان و دابەشكردنی بەسەر بەشەكاندا هەتا مەحكومەكان بتوانن كەناڵەكانی ئاسمانی ببینن لەژێر چاودێری چاكسازیەكە.

15/نەبوونی پشكنینی گشتی بۆ هەر حالەتێك بۆ ئەو نەوجەوانەی دێتە ناوچاكسازیەكە بەتایبەت بۆ نەخۆشیە ساریەكان ودووبارەكردنەوەی ئەو پشكنینە بەشێوەیەكی دەوری، هەروەها هەربەندكراوێك پێش وەرگرتنی یان لەكاتی وەرگرتنی لە چاكسازیەكاندا پێویستە پشكنینی بۆ بكرێت و هەموو تێبینەكانی پزیشك كە لەراپۆرتەكە دەنووسرێت وێنەیەكی لەدۆسیەی بەندكراوەكە هەڵبگیرێت.

16/لەكاتی سەرپێچیەكانی نەوجەوانە مەحكوم كراوەكان وگیراوەكان، نابێ سزای ڕاگرتنی سەردانی خێزانی یان قەدەغەكردنی یاریكردنیان یان دانانیان لەژووری تاكی( الغرفة الانفرادية) یان گواستنەوەی بۆ چاكسازیەكی تر لەشارەكانی تر لەسەریان بسەپێنرێت، چونكە نابێت نەجەوانی گیراو ومەحكوم سزا بدرێت وهەروەها نابێت لەشوێنێك بۆ شوێنێكی تر بگوازرێتەوە بەشێوەیەكی رەمەكی یان وەكو جۆرێك لەجۆرەكانی سزادان. چونكە تێبینی ئەوەمان كرد كە چەند حاڵەتێكی لەم جۆرانە ڕوویدابوو.

17/لیژنە تێبینی ئەوەی كرد كە فەرمانگەی داواكاری گشتی هەیە، بەڵام تەنها جێگری داواكاری گشتی خودی خۆی دەوام دەكات و هیچ كارمەندێك و فەرمانبەرێكی بۆ دانەنراوە تەنانەت فەرمانگەكە بێ كارەبا بوو، هەرچەندە كارەبا لە چاكسازیەكەدا هەبوو چ نشتیمانی چ مۆلیدەبێت لەكاتی سەردانمان.

18/مەحكوم كراوان كە ناویان لەخوارەوە هاتووە ئیدعای ئەوە دەكەن كەوا لەكاتی لێكۆڵینەوە لە بنكەكانی پۆلیس پێش رەوانەكردنیان بۆ دادگاكان ئەشكەنجە دراون:

1/ شمال سعيد مجيد لەبنكەی پۆلیسی كلكچین ئەشكەنجە دراوە.

2/ هڤال عزيز لەبنكەی پۆلیسی كلكچین ئەشكەنجە دراوە.

3/ كامان فرزندە لەبنكەی پۆلیسی گوڵان ئەشكەنجە دراوە.

4/ شێروان أحمد كريم دهۆك/ لەلایەن پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) (مكافحة) ئەشكەنجە دراوە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سـلێمانی

سێیەم: سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی كۆمەڵایەتی نەوجەوانانی سلێمانی:

سەرەتا شاندەكە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی ژنان و منداڵانی (چاكسازی كۆمەڵایەتی نەوجەوانانی) سلێمانی كرد وكۆبوونەوەیەكی لەگەڵ بەڕێوەبەر و كارمەندانی چاكسازیەكە ئەنجامداو تیایدا ئەوانیش

ڕەوشی مەحکومەکان و گیراوەکانیان خستەڕوو، دواتر هۆڵەکان و ژوورەکان و بەشەکانی ناو چاکسازیەکەی بەسەر کردەوەو ڕاستەوخۆش لەگەڵ کۆمەڵێك لە مەحکومەکان وگیراوەکان گفتوگۆی کرد و لە ڕەوشی یاسایی وتەندروستی و پێداویستیەکانیانی کۆڵیەوە، ئینجا شاندەکە سەردانی بنکەی تەندروستی و چێشتخانەو نانەدین(المطبخ) و هۆڵی سیمنار و کتێبخانە و وەرشەکان و گۆڕەپانی وەرزشی و بەشە جیاجیاکانی تری کارگێڕی و توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەسەر کردەوە دواتر بەڕێوەبەرو کارمەندان چەندین پێشنیارو داواکاریان خستەڕوو وهەروەها شاندەکە سەردانی خانەی تێبینی کرد کەلە ناو شاری سلێمانیە و لەدەرەوەی چاکسازیەکەیە ولەناو گەڕەکی نیشتەجێبوون ناوماڵانە.

دوابەدوای بەسەرکردنەوەی هەموو شوێنەکانی (چاکسازیەکە) وخانەی تێبینی و گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرو کارمەندان و گیراو وبەندکراوەکاندا شاندەکەمان کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی بەدەست هێنا کە لەم خاڵانەی خوارەوەوە بەرجەستە کراون:

1/ ژمارەی مەحکومەکان وگیراوەکانی ناوجەوانان لەچاکسازی کۆمەڵایەتی تا بەرواری 2008/7/28 بە تۆمەتی جۆراوجۆر لەوانەش کوشتن ،دزی ،داوێن پیسی بەدرەوشتی ،گزیکردن (تزویر) ،شەڕ، هاتوچۆ، ...تۆمەتی تریش بەم جۆرە بوو:

أ- ژمارەی ناوجەوانە مەحکومەکانی(کور) ﴿23﴾

ب - ژمارەی ناوجەوانە مەحکومەکانی(ژن)﴿3﴾

ج - ژمارەی ناوجەوانە گیراوەکان بەتۆمەتی جۆراوجۆر﴿13﴾.

د- ﴿3﴾گیراوی کچ لەبەرنەبوونی شوێنی تایبەت لەگەڵ مەحکومەکان گیراون، چونکە خانەی تبێبینی بچووکە و شوێنی وای لێ نییە بۆگیراوی کچ بشێت.

2/ هەوڵدان بۆ دروستکردنی گرتوخانەیەکی تازە بۆ نەوجەوانان لەدەرەوەی (معسکرسلام) کە لەگەڵ سەردەم گونجاوبێت، چونکە شوێنەکە لەناو سەربازگەیەکی کۆنە و بیناکەی مەرجەکانی چاکسازی تێدا بەدی ناکرێت، هەروەها هەندێك لەبەشەکانی مەرجی تەندروستی تێدانیە هەرچەندە هۆڵ و ژوورەکانی بەندکراوەکان بەشێوەیەکی باش ڕێکخراون، بەڵام زۆربەی گیراوەکان و مەحکومکراوەکان تێکەڵاون لە رووی جۆری تاوان وئەو مادده یاساییانەی کەوا لەسەری حوکم کراون، واتە بەندکراو بەماددەی دزی لەگەڵ بەندکراو بەماددەکانی داوێن پیسی لە ژوورێك دانراون، ئەمەش پێچەوانەی یاساو ڕێنماییەکانی پۆلێنکردنی مەحکومەکانن ودەبێت لێك جیاکردنەوەی مەحکومەکان بەپێی گەورەیی وجۆری کێشەکانیان بێت، هەروەها لەبەر بێ شوێنی لە﴿خانەی تێبینی﴾چەند کچی گیراو گواسترابوونەوە بۆ بەندیخانەی نەجەوانان و لەگەڵ مەحکومەکان تێکەڵ کرابوون.

3/ نەبوونی شوێنی سەردانی خێزانی: چاکسازیەکە پێویستی بەدروستکردنی هۆڵێکە بۆ سەردانی منداڵان وئافرەتان لەلایەن کەس وکارەکانیانەوە.

4/ نەبوونی خانوو بۆ بەڕێوەبەر و یاریدەری بەڕێوەبەر و توێژەرەکۆمەڵایەتی یەکان نزیك چاکسازیەکە و دروستکردنی ئەم خانووانە بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون و چاودێریکردنی چاکسازیەکە لەلایەن بەڕێوەبەر و کارمەندەکانەوە.

5/ خانەی تێبینی پێویستی بە دروستکردنی بەشێك هەیە کە پێکهاتبێ لە (3) ژوور و یەك W.C لەگەڵ ژوورێك بۆ پاسەوانەکان و چاککردنی گۆڕەپانی چاکسازی ژنان و منداڵان بە تارتان واتە چاندنی

فریزلەگۆڕەپانەکەی یاریکردنی، چونکە خاکە وناگونجێت لەگەڵ  بارودۆخی چاکسازیەکەدا و دەبێتە هۆی پیس بوونی مەحکومەکان وگیراوەکان کاتی پشوو ویاریکردنیان..

6/دامەزراندنی چەند توێژەری کۆمەڵایەتی تری ژن (باحثة اجتماعية)، چونکە لەرووی چاکسازی کۆمەڵایەتیەوە پێویستیان بەکۆمەڵناسی دەروونناسی هەیە بۆ ئەوەی لەکێشەکانیان بکۆڵیتەوە، هەروەها خولی گونجاویان بەپێ ی بواری پەروەردەیی و رۆشنبیری بۆبکرێتەوە.

7/ هەڵکەندنی بیری ئیرتوازی بۆ دابینکردنی ئاو بۆ چاکسازیەکە، چونکە ئێستا ناچارن رۆژانە دوو تانکەر ئاو بکرن لەبەرنەبوونی ئاو.

8/ دابینکردنی کۆمەڵێك لەپەرتووك و گۆڤاری کۆمەڵایەتی وژنانە  بۆ پەرتووکخانەکە (مكتبة)،وتێبینی ئەوە کراکە ڕۆژنامەکان کۆن بوونو ڕۆژنامەیان پێناگاتو بوویتە هۆی دابرانی بەندییەکان لە دونیای دەرەوە.

9/ دامەزراندنی یاریدەری پزیشکی ژن(معاونة طبية) بۆ بنکەی تەندروستیی لەسەر میلاکی فەرمانگەی چاکسازی ناوجەوانان.

10/  دابین کردنی تانکەری ئاوی خواردنەوە و تانکەری گواستنەوەی ئاوە رۆی پیس.

11/ نەبوونی پشکنینی گشتی بۆ هەر حاڵەتێك بۆ ئەو نەوجەوانەی دێتە ناوچاکسازیەکە بەتایبەت بۆ نەخۆشیە ساریەکان ودووبارەکردنەوەی ئەو پشکنینە بەشێوەیەکی دەوری، هەروەها هەربەندکراوێك پێش وەرگرتنی یان لەکاتی وەرگرتنی لە چاکسازیەکاندا پێویستە پشکنینی بۆ بکرێت و هەموو تێبینەکانی پزیشك کە لەراپۆرتەکە دەنووسرێت وێنەیەکی لەدۆسیەی بەندکراوەکە هەڵبگیرێت.

12/ چاکسازیەکە پێویستی بەتاقیگەی سەرەتایی و تیشکی گەڕۆك(أشعة متنقلة)و ئامێری پزیشکی ددانی هەیە.

13/فراوانکردنی وەرشەکانی کارکردن و چاککردنی بۆ ئەوەی چاکسازییەکە بکرێت بە دەزگایەکی بەرهەمهێنەر، نەك وەك ئێستا دەزگایەکی بەرکاربەر( أستهلاكي)بێ.

14/دابینکردنی ئامێری کۆنترۆڵی ناوەندی( مرکزی) بۆ سەتەلایتەکان و دابەشکردنی بەسەر بەشەکاندا هەتا مەحکومەکان بتوانن کەناڵەکانی ئاسمانی ببینن لەژێر چاودێری چاکسازیەکە.

15/دابینکردنی (2) ئۆتۆمبێلی جۆری پیکەب بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی چاکسازی.

16/دابینکردنی ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی حاویە بۆ گواستنەوەی پاشەڕۆو زبڵەکان وهەوەرها دابینکردنی حاویەکی نوێ.

17/دابینکردنی ئۆتۆمبێلی جۆری پاص بۆ گواستنەوەی فەرمانبەران و بۆ ئەوەی ناچارنەبن گرێبەست لەگەڵ شوفێری دەرەکی مۆربکەن.

18/لەبەرنەبوونی فەرمانگەی داواکاری گشتی لەچاکسازیەکەدا پێشنیازدەکەین فەرمانگە یەکێکیان بۆ دابمەزرێت و جێگری داواکاری گشتی و چەند فەرمانبەرێکی بۆ دەستنیشان بکرێت، چونکە تەنها سەردانی جێگری داواکاری گشتی ناوەناوە ئامانجەکانی یاسا بە تەواوی بەدی ناکات.

19/لەکاتی سەرپێچی کردنی نەوجەوانە مەحکوم کراوەکان وگیراوەکان، نابێ سزای راگرتنی سەردانی خێزانی ، یان قەدەغەکردنی یاریکردنیان، یان  دانانیان لە ژووری تاکی (الغرفة الانفرادية)، یان گواستنەوە یان بۆ چاکسازیەکی تر لە شارەکانی تر لەسەریان بسەپێنرێت، چونکە نابێت نەوجەوانی گیراو یان

**مەحکوم سزا بدرێت وهەروەها نابێت لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە بەشێوەیەکی رەمەکی یان وەکو جۆرێك لەجۆرەکانی سزادان. چونکە تێبینی ئەوەمان کرد کە چەند حاڵەتێکی لەم جۆرانە ڕوویدابوو.**

**20/ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی پێشنیار دەکات کەوا پەرلەمان چارەسەریەك بدۆزێتەوە بۆ کێشەی ئامادەبوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەچاکسازیەکەدا و گواستنەوەی دەنگوباسو لێدوانی مەحکومەکان و گیراوەکان کە زۆر جاران کێشەی کۆمەڵایەتی وخێزانیی خراپی بەدواوەدا هاتووە.**

**21/خەرج کردنی دەرماڵەی ترسناکی بۆ فەرمانبەران و پاسەوان و چاودێران و هەموو کارمەندانی چاکسازی ناوجەوانان.**

**پوختــەی ڕاو بــۆ چــوونمان ســەربارەت ســەردانەکانمان بۆهەرسێ چاکســازیەکان و ئــەو تێبینیانــەی کەلــە ڕاپــۆرتی یۆنــامی لەبــەرواری ﴿2008/6/3﴾ هــاتبوو لەســەر زیندانــەکانی هــەولێرو دهــۆك بــەم شــێوەی خوارەوەیە:**

**(1) لیژنە تێبینی ئەوە دەکات کەوا هیچ بنکەیەکی پۆلیس زیندانی تێدا نیە، بەڵکو تۆمەتبار لەژورێك دادەنرێت کە تایبەتە بەژووری لێکۆڵینەوە، تاتەواو بوونی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی ئیفادە وقسەکانی بەپێی ی یاسا لەلایەن پۆلیسەوە یان لێکۆڵەری دادی، ئینجا رەوانەی دادوەری لێکۆڵنەوە دەکرێت و دووبارە وەرگرتنی قسەکان بۆ پەسند کردنی وەلەوێوە راەوانەی چاکسازی دەکرێت ئەگەر دادگا بڕیاری ڕاگرتنی دا، نەسەلمێندرا کەوا نەوجەوانێك لەدەستشۆر دەستگیرکرابێ.**

**(2) نەسەلمێندرا کەوا نەوجەوانان لەبنکەکانی پۆلیس ئەشکەنجە دراون و هیچ ئاسەوارێکی وامان نەدیت لەجەستەی ئەو مەحکومەی کە ئیدعای ئەوەی دەکرد کەوا ئەشکەنجە دراوە لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا، واتە هیچ حاڵەتێکیان بەڵگەیەکی مەلموسی نەبوو نەسەلمێندرا، ئەگەر ئەمە ڕاست بوایە دەبوایە لەلای دادوەر قسەی لەسەر کرابایە هەتا رەوانەی پشکنینی پزیشکی بکرێت بۆسەلماندنی ئاسەواری ئەشکەنجەکە.**

**(3) یاساکانی بەرکار لەکوردستان ئیلزامی دادگاکان دەکات کەوا پارێزەر دەستنیشان بکرێت لەکاتی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردندا بۆئەوانەی کەوا پارێزەری تایبەتی خۆیان نیە لەتاوان و کەتندا جگە لەمەش گیراو بۆی هەیە هیچ قسەیەك نەکات هەتا پارێزەرێکی بۆ دەستنیشان دەکرێت لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەوە، واتە لێرەدا هیچ کێشەیەکی یاسایی نیە سەبارەت بەم بابەتە، جگە لە هۆشداری کردنی خەلك و تومەتباران‌و سەرنج ڕاکێشانیان بۆ سوود وەرگرتن لەو مافە یاسایی‌و دەستووریانەی کە هەیانە.**

**(4) لەبەر بێ شوێنی لە هەولێرو سلێمانی زۆربەری گیراوەکان و مەحکوم کراوەکان تێکەڵاون لە رووی جۆری تاوان و ئەو ماددە یاساییانەی کەوا لەسەری حوکم کراون، ئەوەش وایان کردووە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی بەندییەکان خراپ بێت لە ئەنجامی تێکەڵی لە نێوان گیراوەکاندا لە رووی جۆری تاوان، بۆیە دەبێت ئەم حاڵەتە نەمێنێتەوە و راپۆرتی یونامیش ئاماژەی بەوە کردبوو.**

**(5) سەبارەت بەوانەی کە ماوەی حوکمیان لە (6) مانگ تێناپەڕێت پێشنیاردەکەین چاویان پێدا بخشێندرێتەوە، کە ئەو ماوەیەیان یان نیوەی ئەو ماوەیە بە قۆناغی ئامادەکاری بۆ ﴿چاودێری پاشینەدا﴾ تێپەڕێت. وە لەو بەشەدا شیاندنی بۆ بکرێت (تأهیل) بکرێتەوە.**

**(6) ســەبارەت بەوانــەی کــە (افــراج الشــرطي) دەیانگرێتــەوە ئامــاژە بــەوە بکرێــت کــە پــێش (6) مــانگ لــە ئازادبوونیان ئەوانیش سوود لە مەرجەکانی بڕگەی پێشوو وەربگـرن بـۆ قۆنـاغی ئامادەکاری بـۆ چاودێری**

پاشـینه، بـەپێی ماددەكـانی (99هـەتا 107) لەیاسـای چـاودێری ناكامـەكان ژمـارە (76)ی سـاڵی 1983 هەموارکراو {قانون رعاية الاحداث رقم (76) لسنة 1983}.

(7) جـەخت لەسـەر ئـەوە دەكـەین كـە دەبێـت پاسـەوانان و چـاودێرانی ژن هـەبێت لەهـەردوو چاكسازی هەولێرو دهۆك بۆ كاركردن و ئێشك گرتن لەكاتی شەوان لەبەشی ژنان و نەوجەوانانی ژن.

(8)ئەو بەندكراوانەی لە شارەكانی دەرەوەی هەرێمەوە هاتوونە و لە سەرتاوانی (لەشفرۆشی) حوكم دەدرێن پێشنیازدەكەین رەوانەی چاكسازیەكانی ئەوشارانە بكرێنەوە كەلێ ی هاتوونە بۆئەوەی كەسانی تر لە چاكسازیەكانی كوردستان بەد رەوەشت نەكەن بەتایبەتی لەشاری دهۆك.

(9)پەیرەوكردنی سیستەمی مۆڵەتی خێزانی بەپێ ی یاسا هەتا مەحكومەكان پەیوەندییان نەپچڕێت لەگەڵ بنەماڵەو كەس وكارەكانیان وهەست بەوەبكەن كەدووبارە دەگەڕێنەوە كۆمەڵگە پاش چاكسازی كردنیان.

(10)تێبینی ئەوەكرا كە هەندێك لە نەوجەوانە مەحكومەكان كاری ئامادەكردنی خواردن و چێشت لێنان دەكەن ئەوانەی شارەزاییان هەیە لەكاری چێشت لێنان بەرامبەر بەمووچەی مانگانە كە لەبەلێێندەری چێشت لێنەر (مطبخ) وەریدەگرن.ئەمەش كارێكی باشە بۆ پەیداكردنی بژیویان و پارە پەیداكردن بۆ ژیانی خێزانەكانیان.

(11) شاندەكە تێبینی ئەوەی كرد كەوا مەحكومەكان و گیراوەكان ئاسوودە بوون بەهەڵسوكەوتی بەڕێوەبەری وكارمەندانی هەرسێ چاكسازیەكە لەگەڵیاندا وە هەموویان هاورابوون كەوا مامەلەكردنیان وەك ئەندامانی یەك خێزان وایە.

(12) وەرشەكانی تایبەت بە دارتاشی ،بەرگدروو ،سەرتاشی و هەروەها ژوورەكانی فێركردنی كۆمپیوتەر و مۆسیقامان بەگرنگ نرخاندكە مەحكومەكان فێری پیشە ودەست رەنگینی دەكات بۆ ئەوەی دوای تەواوكردنی ماوەی سزاكەیان لەچاكسازیەكان بگەرێنەوە ناو كۆمەڵگا و پیشەیەكی باش فێرببن بۆ خزمەتكردنی وڵاتەكەیان و پەیداكردنی بژێوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەكەیان.

(13) لەسەر داواكاری بەشێك لە نەوجەوانە حوكمكراوەكان بۆ یاریكردن و خۆ خافلاندیان لە چاكسازیەكەدا پەرلەمانی كوردستان (15)دانە ئامێری ئەتاری كردە دیاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی هەولێر.

(14) پێشنیاردەكەین بەزووترین كات بینایەكی نوێ دروست بكرێت بۆ چاكسازی سلێمانی كەگونجاو بێت لەگەڵ مەرجەكانی چاكسازی سەردەم و نۆژەنكردنەوە (تعمیركردن)ی بینایەی هەولێرو تا ئەو كاتەی بینایەكی نوێ و گونجاویان بۆ بنیات دەكرێت.

(15) تێبینی ئەوە كرا كە زۆرینەی مەحكوم كراوەكان وتاوانبارەكان ئاستی رۆشنبیریان نزمە و دانیشتوانی دەرەوەی ناوەندی شارەكانن ، واتە خەڵكی لادێ ینەو لە بنەماڵە هەژارەكانن و كێشەی خێزانی لە ناو بنەماڵەكانیاندا هەیەو بۆتە هۆكاری ئەم تاوانانە.

(16) پێشنیاردەكەین كەوا سنوورێك دابندرێت بۆ دەزگاكانی راگەیاندن، چونكە گواستنەوەی دەنگوباس و لێدوانی مەحكومەكان و گیراوەكان كەزۆر جاران كێشەی كۆمەلایەتی وخێزانی خراپی بەدواوەوە دا هاتووە لەبەر ئاشكرابوونی نهێنیەكانی بنەماڵەكانیان لەكێشەكاندا.

(17) جەخت لەوە دەكەین كە لایەنە پەیوەندیدارەكان جێبەجێی داواكاری و پێداویستەكانی و پێشنیارەكانی جۆراوجۆری هەرسێ چاكسازییەكان بكەن كە هاوپێچە لەگەڵ ئەم راپۆرتە.

(18) هەرچەندە بەشێك لەو پێشنیارانە پەیوەندی راستەوخۆی بەلیژنەكەمان نیە، تەنها باری یاسایی نەبێت، بەڵام ئەگەر تەماشای بكەین ئەو پێشنیارانە تەواوكەری یەكن بۆ دامەزراندنی چاكسازیەكی هاوچەرخ وگونجاو، چونكە ئەگەر چاكسازییەكە لە هەموولایەنێك تەواو نەبێت ئەمە كاری لەچۆنیەتی راپەڕاندنی كارەكانی چاكسازییەكە دەكات. بۆیە لیژنەمان ئاماژە بەهەموو كەموكوڕییەكانی كردو لە چۆنیەتی چارەسەر كردنی ڕاوبۆچوونی دەربڕی.

لەكۆتایی دا سوپاسی بەڕێوەبەرەكان و كارمەندەكان دەكەین، لە هەرسێ پارێزگاكان بۆ پێشوازیان و هاوكاریان و پێشكەشكردنی ئاسانكاری لەكاتی بەجێگەیاندنی فەرمانەكەماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ خوێندنەوەی ئەو ڕاپۆرتە بۆ لیژنەی یاسایی و ئەو برادەرانەی كەوا سەردانی ئەو زیندانانەیان كردووە، بۆ لای نەوجەوانان و ماندوو بوون لە ئامادەكردنی ڕاپۆرتەكەدا، سوپاسی ئێوەی بەڕێزیش ئەكەم، پێم وایە ئەندامانی پەرلەمان زۆربەی زۆریان پێشتر ئەو ڕاپۆرتەیان خوێندۆتەوە، چونكە لەلام دیار بوو كە دەیانخوێندەوە مەشغوڵی بیست نەبوون، دیار بوو كە خوێندبوویانەوە پێشتر، دووەم: جەنابی وەزیر لێرەیە، من لەسەر ڕاپۆرتەكە كە پێش چەند رۆژێك هاتبووەلام، نووسیبوو دەبێ بچێتە لای حكومەت تا پێشتر پێیان گەشتبێ، ئەگەر پێیان گەشتبێ و جوابیان ئامادە كردبێ ئەوە باشە، ئەگەر جوابەكەش ئامادە نەبێت هەر بەشێوەیەكی گشتی هەندێ قسەمان بۆ بكات، دەبێ دانیشتنێكی تری بۆ بكەین، چونكە ئەوە دوورو درێژە، لەبەر ئەوە داوا لەجەنابی كاك عەدنان ئەكەم، وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی ئەگەر قسەیەكی هەبێت لەو بارەوە فەرموو.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی ئەكەین، بۆ سەردانی بنكەكانی چاكسازی و ئەو ڕاو بۆچوونانەیان، بەڕاستی ڕاپۆرتەكە دوێنێ پێمانگەیشت، ئەكرا زووتر بیاننارداییە، هەرچەندە ئێمە ئەو پێشنیارانەی ئەوان خۆشمان ئیشمان لەسەری كردووە، جوابیشمان پێیە بۆیان هەندێكیشیان چارەسەر كراوە، جا نازانم من خاڵ بەخاڵ لەسەری قسە بكەم یان خاڵبەندیەكان كۆبكەینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر دوێنێ پێتان گەیشتبێت، ئەوا زۆر خاڵی تێدایە، ئەبێ تۆش لە مودیریەتەكان بپرسیت، ئەگەر جوابیشت لایە، فەرموو بە پێوە ماندوو ئەبیت. ببورە كاك غەفور دیارە قسەیەكی هەیە، با قسەكەی بكات، فەرموو كاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی زۆر زەرووریە، خۆشتان ئەزانن زۆربەی ڕۆژان ڕۆژنامەکان لەسەر ئەو پرسە ئەنووسن، زۆر ڕێکخراوی نێودەوڵەتیش لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕاپۆرتیان هەیە، قسەیان کردووە، من پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە ڕاپۆرتەکە خوێندرایەوە، جەنابی وەزیر خۆی باشتر بۆ ئامادە بکات، ئەندامانی پەرلەمانیش ڕاپۆرتەکە موناقەشە بکەن، بۆ ئەوەی دانیشتنێکی تایبەت لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەین، نەك ئێستا هەر سەرپێیی ئێمە شتەکان بەڕێ بکەین، ئەو ڕاپۆرتە 12 لاپەڕەییە لە دانیشتنێکی ئاوادا نابێت، جەنابیشی ئەڵێت دوێنێ پێم گەیشتووە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە ئەکەم، ئەگەر پێتان قبوڵ بێت دانیشتنێکی تایبەتی لەسەر بکرێت، بۆ دیراسەت کردنی ڕەویشی زیندانیانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی مولاحەزەکەت لەبەر یەك نوقتە رەنگە بەجێ بێت، چونکە نەشنووسراوە گفتوگۆ کردن، نووسراوە خوێندنەوەی راپۆرت، لەبەر ئەوە من داوا لەجەنابی وەزیر ئەکەم، بەکورتی جواب بداتەوە، ڕۆژێکی تر دائەنێین و ئەندامانی پەرلەمانیش خۆیانی بۆ ئامادە بکەن، چونکە هەندێ مەتالیب هەیە، حکومەت ئەبێ جێبەجێی بکات، جگە لەوەش هەندێ ڕوونکردنەوەی پێویستە، ڕەنگە هەندێ خاڵ هەر غەڵەت بن، لەبەر ئەوە ڕاپۆرتەکە نووسراوە خوێندنەوە، نەنووسراوە گفتوگۆ کردن، کەواتە ئەو مولاحەزەیە بەجێیە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵانەی کەوا مونەزەمات وسەحافە لەسەری ئەنووسن، کەبووەتە خاڵێك قسەی لەسەر بکرێت، من پێم باشە ئێستا باسی بکەین، چونکە ئێمە حەلمان کردووەو قەراراتیشی پێ دەرچووە، وەکو ئەڵێن (مردووش لەمە پاکتر ناشۆردرێت) هەموو شتەکان حازرن و ئێمەش حازرین، بۆ بکەوینە جارێکی تر، خاڵەکان زۆر گرنگ نین ئەوانەی کەوا ئەساسین هەمووی چارەسەر کراون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاست ئەکەین، ئەزانین تۆ خۆت حازر کردووە، بەڵام ئەندامان داوای ئەوە ئەکەن، مومکینیشە و لە بەرنامەشدا نەنووسراوە گفتوگۆ، بۆیە ڕەنگە هەندێکیان حەز بکەن دیراسەتی بکەن، دڵنیاشم لەوەی کەوا هەندێکیان ئێستاش پێویستیان بەوە هەیە، کەوا جارێکی تر بیخوێننەوە، جا بۆیە دوای ئەخەین و دانیشتنێکی تری بۆ دائەنێین، جەنابیشت باشتر جوابت پێ ئەبێت، ئەزانم ئێستا خۆت حازر کردووە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام دەکرێت دوای بخەین، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو خاڵانەی کەوا لە هەر سێ چاکسازییەکەدا باسکراون، خۆی لەوەدا ئەبینێتەوە لە خراپ بوونی بینایە، بینایە بۆ کارمەندانی چاکسازی دامەزراندنی توێژەری کۆمەڵایەتی نەبوونی چاودێری ژن بۆ شەوان، کێشەی ئاوو پێویستیەکانی تر، ئەوانەی کەوا گرنگن لەلای من، باسی بکەم و برایانی پەرلەمان ئاگاداربن لێی کێشەی دەرماڵەمان حەل کردووە، بە بڕیاری (2070) لە 7/17 ئەوانەی لەچاکسازی کار ئەکەن، دەرماڵەیان پێ ئەدرێت جگە لە مووچەکەیان، 230 هەزار بۆ پاسەوان، 200 هەزار بۆ مەئمورو چاودێر، 100 هەزار بۆ ئەو فەرمانبەرانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بەندکراوەکاندا هەیە، ئەوە قەراری پێ دەرچووەو لەمالیەش تەصدیق کراوە، بۆ مەسەلەی بینای سجنەکان، تەبعەن ئەو بینایانە هیچیان بۆ چاکسازی ناشێن، لەبەر بێ جێگایی ئەوێ کراوە بەبەندینخانە، بەڵام ئەوەش بە بڕیاری ژمارە(960) لە 4/27 دەرچووە، دروست کردنی چوار بەندینخانەی نەوجەوانان، لە شاری هەولێر وسلێمانی و دهۆك و گەرمیان، حەز ئەکەم تەوزیحێك لەسەر ئەوە بدەم، ئەمە ئێمە کردوومانە ئێستا دیزاینەکەی لەلای کۆمپانیایەکی لوبنانیە، سجن نیە، ئێمە دێی منداڵانمان دروست کردووە، خەبیرێکی سویدیمان هێناوە وتیان ئەگەر ئێوە بیکەن ڕەنگە ئەو سجنە، ئەگەر بکرێت ئێوە تاقە وڵات بن لە جیهاندا، ئێمە لەباتی سجن کردوومانە بە دێیەك، هەموو شتێکی تێدایە، مەکتەبی تێدایە، نەخۆشخانەی تێدایە، هۆڵی تێدایە، مەلەوانگەی تێدایە، ماڵە لەباتی حەرەس هەر ماڵەو دایکێکمان بۆ داناوە تا لەگەڵیان بێت، بەم زوانە ئەچێتە قاڵبی جێ بەجێ کردنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پێمان وایە ئەم بابەتە ئەوەندە دێنێت کە تەئجیل بکرێت، بۆ ئەوەی کەوا دواش نەکەوێت و پشتگوێ نەخرێت، هەر لە ئێستاوە دوو سبەی سەعات 10/30 دانیشتنێکی تایبەت ئەکەین بۆ ئەو بابەتە، ئێستا دانیشتنەکەمان بۆ ماوەی چارەکێك دوا دەخەین، سەعات 12 دەست پێدەکەینەوە بۆ تاوتوێکردنی خاڵی یەکەم ودووەم، فەرموون.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەینەوە داوا لە لیژنـەی یاسایی و لیژنـەی مـافی مـرۆڤ دەکـەم بـێن لـە شـوێنی خۆیان دابنیشن, گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر خـاڵی یەکـەم و دووەم. خـاڵی یەکـەم, خوێندنـەوەمان بـۆ کرد, ئێستا گوێبستی راپۆرتی هەردوو لیژنەکە دەبین, ئەگەر راپۆرتەکە هاوبەشە بیخوێنەوە, لەسەر راست کردنەوەی مێژووی هەڵەبجە لە 3/13 بۆ 3/16, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئەوەی جەنابتان ئێمەتان تەکلیف کرد, ئێمە کۆبوونەوەکمان ئەنجامدا لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ, کـە تایبەتە بە 16ی مانگ, ئەوە گفتوگۆمان لەسەری کرد, ڕەنگە لەسەر هەموو خاڵەکان ئێمـە موتـەفیق بـین,

ئیعادەی صیاغەمان کردەوە, بەلاّم هەر هەمان مەبەستە, خاڵێکمان لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ رەنگە خیلاف بێت, ئەویش دەخەینە بەردەم بەڕێزتان بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەن, بڕیارەکە ماددە بە ماددە دەخوێنینەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین.

مشروع قرار

اولاً: ان یوم 2008/3/16 هو یوم تعرض مدینة حلبجة للقصف الکیمیاوي من قبل النظام البعث البائد.

چونکە مەدینە هەندێك وا تەفسیر دەکات, کە ئەو تەنها حەلبجەی دەگرێتەوە, دەورو بەری ناگرێتەوە, بۆیە حەلبجە بە موتڵەقی هێناومانە, بۆ ئەوەی دەروبەرەکەشی بگرێتەوە, دوایش را رای ئێوەی ئەندامانی پەرلەمانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رای لیژنەی مافی مرۆڤیشە ئەگەر کەس مولاحەزەی نییە لەسەری, دەیخەمە دەنگەوە, کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان دەزانین کاتێك شەڕ لە هەڵەبجە دروست بوو, 14 ی مانگ و 15 ی مانگیش کۆمەڵێك خەڵك لەو شەڕەی تیا چوون, یەعنی ئەوانەی تەنها لەو رۆژەی تیاچوون شەهید نین, 14, 15 ی مانگیش کۆمەڵێك خەڵك تیا چوون, حەقە ئەوانیش بە شەهیدی جینۆساید ناوبرێن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مەعروف ئەوەیە کە 3/16 قەصفی کیمیاوی دەستی پێکردووە, ئەگەر تەماشای فەقەرەی دواتری بکەین, دەڵێ تاریخی وەفاتی ئەو شەهیدانە رۆژی 16 ی مانگ و رۆژانی پاشائیشە, رۆژانی پێشتر وەفاتی خۆی هەیە ئەگەر بە چەکی کیمیایی نەبووبێت, بەلاّم ئەوانە زەحایەی کیمیاییە, بەلاّم شەهید بوونە, بەرنامەی خۆی هەیە, ئەوە بۆ ئەوەیە حکومەت قەرارێکی هەیە رۆژی 13ی مانگ بوو ئەو کەسانەی هەمووی مردووە, بۆ ئەوەی تاریخەکە تێك بدات, رەبتی ئەوە نەکات, ئەوان لە 16 ی مانگ شەهیدی قەصفی کیمیایی بوون, حکومەت کردوویەتی بە 13 ی مانگ, عامە کەدروست بووە 16 مانگ ئیعتیرافێك نەبێت لەلایەن حکومەتەوە کە ئەوانە لەو رۆژەوە وەفاتیان کردووە و شەهید بووینە, کاك ئاخیر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە لیژنەی یاسایی نەڵێت (النظام البعث البائد), باشترە بنووسی (النظام العراقي البائد), چونکە بەیانی عێراقیەکان دەڵێن ئێمە وەکیلی بەعیس نین, بەلاّم وەکیلی عێراقین, یەعنی وەکو خۆی بێت, تەنها ئەوەندە بگۆڕدرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی شتێكی هین نییە, با بنووسرێ (النظام البائد), عێراقیشی ناوێت, بەعسەكەی شەتب بكەین, فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر لەم پەرلەمانەی رۆژی ژینگە, بڵێین ئەو رۆژەی قەصفی بالیسانیش بە یەكەم قەصفی كیمیاوی لەهەرێمی كوردستان دانرا, من پرسیار دەكەم, ئەو قەرارە تەئسیر دەكاتە سەر شەهادەی وەفاتیش بۆ ئەوان, ئەویش ئیعتیرافی پێدەكرێت, كەئەوانیش بە قەصفی كیمیاوی رۆیشتوون, یاخود ئەمە تەنها بۆ قەصفی كیمیاوی هەڵەبجە, بەس بۆ تەوزیح ئەو پرسیارە لەلای من دروست بووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی تەنها بۆ قەصفی كیمیاوی هەڵەبجەیە, چونكە خۆی نووسراوە دەڵێت رۆژی 3/16, ئەو رۆژەیە كە هەڵەبجە تووشی قەصفی كیمیاوی بووە لەلایەن رژێمی بەعسەوە, كەئێستا بووە بە رژێمی لەناوچووەوە, فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەم بڕیارە دوو جار دەستەواژەیەك هاتووە, یان وشەیەك هاتووە, رژێمی لەناوچووی عێراق, لەناوچوو مەبەستی چییە؟ چ لەناوچووە؟ ئەگەر مەبەست لەوەیە كە رژێمێكی دیكتاتۆری رەگەز پەرست لەناوچووە كە سیاسەتی بەعەرەب كردنی پیادە كردبێ, ئەو رژێمە لەناو نەچووە بەڕاستی, ماكی ئەو رژێمە زیندووە, لەبەرئەوە ئەو دەستەواژەیە ئەصڵەن بەكارهێنانی من بە شتێكی راستی نازانم, لادانی بە شتێكی پێویست دەزانم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابت باسی ئەوەت كرد كە عێراقی لێ لابدرێت, با لانەدرێت, نیزامی دەسەڵاتدار ئەوكاتە بە هەدەفی لەناو بردنی گەلی كورد, جینۆسایدی كوردەوە كردووە, ئەو نیزامە بەناوی دەوڵەتی عێراق ئەو كارەی كردووە, لەبەرئەوە نە بائیدەكەی دەوێت, نە بەعسیەكەی دەوێت, نە لەناوچووشی دەوێت وەكو كاك دلێر وا دەڵێت, یەكسەر (النظام العراقی البائد), جا بائیدەكەی دەنووسی, یان نانووسی ئەوە شتێكی ترە, بەڵام دەبێت عێراقیەكەی تێدا بێت, چونكە دەسەڵات بەناوی دەوڵەتی عێراق, ئیبادەی گەلی كوردستانی كردووە, ئەوە خۆشمان دەزانین یەعنی بۆ ئیبادەی كردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕۆژی 3/16 که ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەیە, بە ڕۆژی شەهید ناوبراوە لەکوردستان, ئایا ناکرێت لێرە جێگیر بکرێت, یان لە شوێنی تر جێگیر کراوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە عیلاقەی نییە, ئەوە بۆ مەسەلەی مەحاکم و قەوانین و دەوڵەت و قەراراتی دەوڵەتە, قەسامی دەرهێنایە, ئەوە فەرقی لەگەل ئەوە زۆرە, کاك د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە بۆچوونی لیژنەکە دەکەم, کەوا بنووسرێت لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە, چونکە هەمان شت لە ئەڵمانیای نازیدا لەپاش ڕووخانی حکومەتی نازی, ئەو تاوانانەی کەوا دژ بە جووەکان کرابوو, نووسراوە (ئەو تاوانانەی کە لەلایەن ڕژێمی نازییەوە کراوە), نەك لەلایەن ڕژێمی پێشووی ئەڵمانیا کراوە دژ بە جولەکەکان, بۆیە پێویستە بنووسرێت لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وشەی هەڵەبجە ئەگەر بکرێت بە هەڵەبجە و دەروبەری, چونکە ئەو کیمیابارانە بناری شارەزوو و هەورامانیشی گرتەوە, پێم وایە گونجاوترە, ئەمە تەنها هەڵەبجە دەگرێتەوە, یان بووترێ قەزای هەڵەبجە, ئەوە عامەکەش دەگرێتەوە, یان بووترێ هەڵەبجە و دەوروبەری, ئەوە یەك, دوو/ هەوڵبدرێ کە لەمڕۆ بەدواوە ئیعتیراف بەغداش بەدەست بهێنن, بۆ گۆڕینی 3/13 بۆ 3/16, هەروەها پێشنیاز دەکەم بۆ بەڕێزتان کە بتوانن لەم خولە بەڕێزتان سەردانێکی هەڵەبجە بکەن, ئاگام لێیە ساڵی ڕابردووش جەنابت بەرنامەت هەبوو سەردانی هەڵەبجە بکەیت, بەلاَم هەندێ ئیلتیزام هاتە پێشتەوە, بۆت ڕێك نەکەوت, بۆ ئەوەی گڕوتینێکی زیاتر بدرێت بە خزمەت گوزارییەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی و باری دەروونی و ژینگە, پێشنیازی ئەوە دەکەم کەبەڕێزتان لە بەرنامەیەك سەردانی هەڵەبجە و ئەو ناوچانە بکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم ئەو نەصە چۆن گۆڕاوە, من تۆزێ بەدەرنگی هاتم, بەلاَم ئەوەی 3/16 و بعد وەفاتی, ئێمە لە 1987 لەشەڕ بووین عێراق کیمیایی بەکارهێنا, خەڵك زۆر شەهید بووە, یەعنی هەر کەسێ بە چەکی کیمیایی شەهید بووە پێش 1988 یان پاشی بێت یەك حیسابە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو, سێ شت هەیە تێکەلاَو کراوە لەقسەکانت, ئەمە بۆ یەك شتە, ڕۆژی هەڵەبجە 3/16 قەصفی کیمیایی گەورەکە بوو, ژمارەیەکی زۆر وەفاتیان کرد, حکومەت ئەو ڕۆژەی قبوڵ نەکرد بڵێت لە 3/16 وەفاتیان کردووە, یەعنی شەهیدن, لەهەموو شەهیدەکان نووسیویەتی 3/13, بۆ ئەوەی تێکەلاَو نەکات لەگەڵ ئەو بڕیار سیاسیانە و ئەو بەیاناتانە کە دەرچووە لە 3/16, فەقەت عیلاقەی بەوە هەیە, کیمیابارانی 1987

رۆژانــی تــری هەیــە, ئــەوانی تــر رۆژانــی تــری هەیــە, ئەمــە بــۆ 3/16 یــە کــە حکومــەت بــە ئەنقەســت نووســیویەتی 3/13, کــەوتت هەڵەبجــە ئەگــەر دەوروبەریشــی نەنووســی, دەوروبەرەکــەی دەگرێتــەوە, بەنیسبەت کاك د. نوری باشتر وایە کەلیمەی بەعسەیەکە لابدرێت, بنووسرێ (من قبل النظام الـدیکتاتوری البائد), ئەوە موصتەڵەحێکی سیاسیشە, نووسراوە لە شوێنەکانی تریش, نەعێراقی و نەبەعسی, بنووسـرێ نیزامی دیکتاتۆری بائد, ئەوە مەعروفیشە, کاك د. کەمال مولاحەزەی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی چۆن بووترێ مەعلومە, چونکە هەڵەبجەی لەگەڵ هاتووە, بەلام ئەگەر تەعریفەکە وازح تـر بێـت باشترە, چونکە نیزامی بەعس لە شوێنێکی تریش هەیە, ئەگەر عێراقیەکەی لەگەڵ نەبێت, ئەوە نـەختێك خەلەلێك پەیدا دەکات, بۆیە رژێمی دیکتاتۆری بەعسی عێراق بووترێ, باشتر دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی کاك شێروان دەکەم, ئەوە بڕیارێکە لـە ئیـدارەی سـلێمانی دەرچـوو بـە ئیمـزای خـۆم, جێگـری سەرۆك حکومەتی ئەوێ بووم, لە 2001/4/14 دەرچوو, ئەویش بەم شێوەیە بوو (گۆڕینی رۆژی شـەهید بوونی سەرجەم قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە کـە لەسالانی 86, 88, 89, 90 رژێمـی عێراقـی بڕیـاری داوە لە 1988/3/13, بۆ 1986/3/16 کەدەکاتە رۆژی تاوانی کیمیابـارانی هەڵەبجـە, رژێمـی عێـراق بـۆ خۆ دزینـەوە لـەو تاوانـە گەورەیـە, رۆژی وەفات نامـەکانیان بـۆ رۆژی 1988/3/13 دەرکـردووە), وازیحـە ئێستا, یەعنی ئەمە لە ئیدارەی سلێمانی دەرچووە, بـەلام بـۆ ئـەوەی لێـرەش ئـەو مەشاکیلە نـەمێنێ, دێـن موراجەعـەی ئێـرە دەکـەن, ئـەو هینانـە مەعامـەلاتیان ببێتـە قـەرارێکی پەرلـەمان, نـەك بەتـەنیا قـەراری ئیدارە بێت, ئەوە پێویست دەکات قەرارێکی قانونی بێت, یاسایی بێـت, جا لێـرە نووسـراوە رژێمـی عێـراق, ئەو کات بەڕاستی ئێمە بەشێك نەبووین لە رژێمی عیراقی, ئێستا بەشدارین, بۆ ئەوەی هین بێت, کەلیمەی دیکتاتۆری بەکار بهێنین, رژێمی دیکتاتۆر لە هینەکان باشترە, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەمە لە چییەوە هاتووە؟ مەسەلەی کیمیاباران, ئەو خەڵکەی لە 1988 لە ئێرانەوە گەڕانـەوە, بـەلام خەڵکی هەڵەبجە ئەوانـەی کەبـەر کیمیـاوی و رای کـرد, کەسـی نـەماوە, هـەمووی چوونە ئێـران پاشـان کـە گەڕانەوە هاتن هەڵەبجەی تازەیـان بـۆ دروسـت کـردن, بـەبڕیارێکی شـەفەیی, یـەعنی هەرچـی گـەڕاین ئـەو بڕیارە رەقەمی هەبێت, هیچی نییەو حکومەت دژی بووە, هەوڵی داوە بەنهێنی بێـت, ئەوانـەی کـە کـەس و کارەکانیان بەر کیمیاباران کەوتووە وەفاتنامەی 3/13 بۆ دەرهێناون, 3/13 شەڕەکە دەستی پێنـەکردووە, یەعنی هەر لە دوورە وە چ ئێران, چ عێراقیش بە تۆپ لێیان داوە, ئەوانە ببنە قوربانیـانی شـەڕ, کـە هـیچ شتێکی دروسـت ناکـات, بـا بڵێین ئەوانـە قـەرەبوو دەکرێنـەوە, لەڕووی جەرائیمـەوە هـیچ دروسـت ناکـات, یەعنی شەڕ کە خەڵك تیـا کوژراوە و قەصف کـراوە, لـە 14 و 15 و 16 ەوە دەسـتی پێکـردووە, 14, 15

هەمووی بە قەصفی ئەسلیحەیە, زۆربەی ئەم خەڵکانـە کـە کوژراون هـەمووی بـەوە تیاچوون, لـە 16 ەوە کیمیاوییەکە بووە, ئـەم حکومەتـە ئـەوەی کـردووە, ئـەم 13 ی مانگـەی هێنـاوە بـۆ ئـەوەی دوور بێـت لـەو شتانەی کە خۆی دەیکات بەرامبـەر ئێـران, جـا ئێستا لـە نفووسـی و هەرچـی خـەڵکی هەڵەبجـەش یـەعنی شەهیدەکان بە 3/13 نووسراوە, ئێوە خۆتـان دەزانـن بیرۆقراتیـەت چۆنە, ئێستا گرفتەکە ئەوەیـە چۆن ئەمە بگۆڕین, ئەم بڕیارە بۆ ئەوەیە, ئەوە هەڵبوەشێتەوە, هەرکەسێ بەر ئـەو چـەکی کیمیاوییـە کـەوتووە بیکەن بە 3/16, ئەوە خۆی بەقانون وایە, دادگاکانیش ئەوە رەچاو بکـەن, تـا ئێستا ئـەو بڕیـارەی بـەڕێز سەرۆکی پەرلەمان خوێندیەوە تا ئێستا ئیشیان پێنەکردووە, ئەوان هەر دەڵێن بەو یاسایە ئیش دەکەین کە 3/13 یە رۆژی وەفاتی کیمیابارانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان و کاك محمد فرج, من پێم وایە دەبێ ئیشارەتێك بکرێت بۆ 3/13, ئێستا لەو قەرارەی پێشوو هاتووە لەلای خۆمـان, یـەعنی فەقـەرەی دووەم (تـاریخ وفـاة شـهداء) ئـەوەی ناوێـت, (ولـیس 3/13) دەبـێ شتێکی وا بنووسرێ, لەئەسبابی موجەبە هەیە, بەڵام لێرەش بنووسرێ باشە, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە (وما بعده)مان زیاد کردووە, بۆ ئەوەی ئیزافەمان کرد, چونکە تاریخی وەفاتەکە بۆ هەموو رۆژێـك نییە, هەندێك لە 3/16 وەفاتیان کردییە, هەندێك پاش 3/16 وەفاتیان کردووە, هەندێك پاش دوو سـاڵ, بۆیە (وما بعده) بۆ ئەم حاڵەتە دانراوە, ئەمە یـەك, بەنیسـبەت 3/13 هـەروەك جـەنابت ئیشـارەتت پێـدا خۆ دزینەوەیە لەو تاوانەی کە ئەنجامدراوە لە 3/16, بەڵام واقیعێك هەیـە, دەبـێ ئـەو واقعیـەش بـزانین, خەڵك هەیە لە 3/16 گیانی لەدەستداوە, خەڵکێکیش هەیە لە 3/15 گیانی لەدەستداوە, ئەگەر بێیە سەر یاسایەکەی خۆمان تەماشا بکەیت کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند کراوە, شـەهیدی سـەنگەرمان هەیـە, شـەهیدی جینۆسـایدمان هەیـە, شـەهیدی هاووڵاتیمـان هەیـە, ئەوانـە ئەگـەر لـە 13 و 14 بـە عەمـەلیاتی عەسکەری لەناوچووبن, ئەوانـە هـەتا ئێستا بـەناوی شـەهیدی مـواتن لەقەڵـەم دەدرێـن, نـەك بەناوی شەهیدی جینۆساید, بۆیە گۆڕینی تاریخەکە بەقەناعەتی مـن ئیـبراز کردنـی مەسـەلەی هەڵەبجەیـە بەدەرجـە یـەك, نـەك ئـەوەی کـە رژێـم ئیشـارەتی پێـداوە 13, 14 یـان 15, بـەڵام ئەگـەر ویسـترا ئـەو مەسەلەیە لە موستەقبل ئەوە تەعدیل بکرێ, ئیمکـان هەیـە قانونەکـە تەعـدیلێکی تـری بـۆ بێـت بـۆ ئـەو مەسەلەیە, یاخود ئێمە دەسەڵاتمان داوە بە ئەنجومەنی وەزیران کە پەیڕەوی تایبەت دەربکات کـە لەلایـەن وەزارەتی شەهیدان تەبەنی دەکرێت, موصادەقەی لەسەر بکرێت, ئێستا حالی حازر لە ئەنجومەنی وەزیرانـە ئیمکان هەیە, ئەو مەشاکیلانەی کە هەیە لەناو پەیڕەوەکە جێبەجێ بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە یەك موشكیلەمان هەیە, فەقەت دەمانەوێ قەرارەكە 3/13, ببێتە 3/16, ئیتر ئەو هەمووە پێویست ناكات, كاك كەمال فەرمور.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە پێویستە تەوزیحێك هەبێت, ئینجا لەم یاسایە, یان لەیاسایەكی تر, لێرە حكومەتی عێراق ئەیەوێ زوڵم لە شەهیدەكانی هەڵەبجە بكات, ئەوانەی لە 16 و 17 و 18 شەهید بوونە, وەفاتنامەیان بۆ دەركراوە بە 13 مانگ, دەبێ ئێمە ئەمە روون بكەینەوە, كە ئەم وەفاتنامانە لە 16ی مانگ شەهید بوونە, جا لێرە چارەسەری دەكەن, لە شوێنێكی تر, ئەوە شتێكی ترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر هەویەی موجریمەكە, ئەوە جەریمەیەكی زۆر گەورەیە, ئێمە ناسنامەی موجریمەكە بەتەواوی تەشخیص بكەین, من پێم باشە بڵێین نیزامی صەدام حسێنی لەناوچوو, چونكە بەڕاستی هەموو بەعسیش لەمە دەستیان نەبووە, بەتایبەتی نیزامەكەی صەدام حسێن بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی 2 ئەوە پەیوەندی بەمافی شەهیدەكان هەیە, بڕگەی یەك ئەوە رۆژی نەتەوایەتییەكەیە كە 3/16, بەڵام ئەوەی تر كە سەبارەت بە تاریخی وەفاتەكەیە كارەساتی هەڵەبجە خۆی لە 4 رۆژ بووە, یەعنی ناكرێ تۆ بەپێی قانونەكە دووجۆر شەهیدت هەبێت, شەهیدی كیمیاوییە ئیمتیازات و مافی زیاترە, ئەوەی تر شەهیدێكە وەكو شەهیدی هاووڵاتییە, یان ئەبێ لێرە جێگای بكەینەوە, یان دەبێ وەزارەتی شەهیدان تەعدیلێك بكاتەوە سەبارەت بەو كەسانەی كە لە كارەساتی هەڵەبجە تیاچوونە, ئەم بڕگەیە تایبەتە بەمافی كەس و كاری شەهیدەكان, بڕگەی یەكەم راستە بڕگەیەكی نەتەوایەتییە كە دەبێ 3/16 بێت, موڵاحەزەكەی من ئەوەیە, یان لێرە, یان لەقانونەكە تەعدیل بكرێتەوە بڕگەی دووەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی نیزامی پێشوو قەرارێكی دابوو كە 3/13, ئێستا ئێمە هاتووینە دەڵێین لە 1988/3/16, لەقانون مەبدەئێك هەیە دەڵێت (اللاحق یسحب السابق), لێرە كەئێمە وتمان 3/16 خۆی لەخۆیدا 3/13 لادەدرێت, ئێمە كە هاتووینە لەئەسبابی موجەبەكە ئاماژەمان بە 3/13 كردووە, پێم وایە كیفایەتە,

منیش لەگەڵ کاك شێردڵ هاوڕام کە بڵێن (نظام صدام حسين البائد)، چونکە نیزامی بائد عبدالسلام عارفە، عبدالكريم قاسمە، دەبێ تەعریفێکی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆ راست کردنەوەی ئەو مەوزوعە، هاوڕام لەگەڵ قسەکانی کوێستان خان، لە 3/13 شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێکرد بۆ سەر ناوچەکانی هەڵەبجە، خەڵك زۆر کوژرا لە 3/13 لە سیروان پێیان دەگوت دجویلە ئەوکات، لە 14 و 15 ش خەڵکێکی ئێجگار زۆر کوژران، هەتا 400، 500 کەس بوون، چونکە قەصفێکی ئێجگار زۆری لەسەر بوو ئەو مەنتیقانە هەمووی، ئەگەر بێتو ئێمە ئێستا ئەوانەی دوای 3/16 بخەینە بەر کیمیاباران، بەکیمیابارانیان حیساب بکەین ئیمتیازاتی وەکو برادەرێك فەرمووی، کە ئەڵێت ئیمتیازاتی شەهیدی کیمیاباران زیاترن، ئەدی ئەوانی تریش سەروماڵیان هەمووچوو، خۆ مەنتیقەکە هەمووی سەروماڵیان چوو، مانای وایە ئەوانیش دەبێت حیسابێکیان بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من شەرحم کرد، ئەمە بۆ ئەوە نییە کە بڵێین ئەوە شەهید نییە، ئەوەی 13 مانگ لێدراوە، قەصف کراوە، شەهید بووە، مەبەستمان ئەوانە نییە، مەبەستمان 13 ی مانگ دواتر بە چەکی کیمیاویی شەهید بووینە، حکومەت وەفات نامەی وانەی دەرهێناوە بە 3/13، دەمانەوێ ئەوە نەمێنێ، ئەو 3/13 ئیلغا بکرێ، هەر ئەوەندەیە، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەو بەشەی تەواوە، بەڵام ئێستا گرفتێکی گەورە لە هەڵەبجە دروست کردووە، ئەوەی کە لە 14 و 15 بە قەصفی ناپاڵم ماڵەکانیان وێران بووە و کوژراون، ژمارەیەکی زۆرن، یەعنی ژمارەیەکی زۆر خەڵك دەرچوو بەرەو سلێمانی، لە زەڵم تیاچوون، ژمارەکەش کەم نییە، ژمارەیەکی زۆرە، یەعنی نزیکەی 600 بۆ 700 کەس دەبێت، ئەمانە کە ئێستا دەیانەوێ وەفاتنامە دەربهێنن ئەڵێن دەبێ موحامی بگریت، ئەو رۆژەی 14 بکەیت بە 16، ئایا ئەگەر حادیسەیەکی ئەوها گەورە بەیەك رۆژ حیساب دەکرێ، چۆن بەیەك رۆژ حیساب دەکرێت، حکومەت نیەتی هەبووە ئەو شارە وێران بکات، لە 14، 15، 16 تا چووە دواوە، ئەم رۆژانە هەمووی بەردەوام بوو، نابێت بەیەك رۆژ حیساب بکرێت، چۆن دەتوانین حیسابی بکەیت بەیەك رۆژ، یەکەم جار لەدوورەوە بە ئەسلیحەی قورس لێیداوە، لەبەرئەوە ئێستا گرفتەکە ئەوەیە، خەڵکێکی زۆر لە 14 و 15 هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێ، ئەمە بۆ دەرەوە نییە، لەدەرەوە هەموو عالەم، راگەیاندنەکان رایانگەیاندن کە 16ی مانگ چەکی کیمیاوی بەکارهاتووە، هەموو ناوەندەکانی نێودەوڵەتی ئەمەیان زانیوە، ئەمە بۆ ناوەخۆیە، ئەمە بۆ راست کردنەوەی هەڵەیەکە کە بیرۆقراتیەت دروستی کردووە، کە بە 13 مانگ لەقەڵەم دراوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم، جیاوازی ئێمە و لیژنەی یاسایش هەر لەسەر ئەو 14 و

15 ييه, ئەوان دەڵێن ئەوە شمولی ناكات, ئێمەش دەڵێین ئەوە یەك حادیسەیە, فەرقی 14 و 15 و 16 نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە زۆر موناقەشەی هەڵناگرێت, خیلافەكە لەسەر ئەوەیە (ان یوم 1988/3/16 هو یوم تعرض حلبجة للقصف الكیمیاوي من قبل النظام البعثي البائد), ئەو بەعسییە بگۆڕدرێت بۆ دیكتاتۆری, چونكە ئەو وشەیە مەعروفە لەدەستوور و ئەدەبیاتی خۆمان هاتووە, راستە لای ئێمە وایە, بەڵام نیزامی بەعس نەبووە, نیزامێكی دیكتاتۆری بووە, نیزامی عێراقی بووە, بەڵام ئێمە ئێستا جوزئێكین لە عێراق, بۆ ئەوەی لەو ئیشكالە رزگارمان بێت, دووەم (ان تاریخ وفاة شهداء قصف الكیمیاوي علی حلبجة یوم 3/16 و ما بعده... ولیس یوم 1988/3/13 كما حاول النظام البائد تثبیته خلافا حقیقة), كەواتە با لەیەكەم رزگارمان ببێت, ئەگەر پێتان باش بێت (من قبل النظام الدیكتاتوری البائد), یەكەم هەمووی دەخوێنمەوە (ان یوم 2008/3/16 هو یوم تعرض حلبجة للقصف الكیمیاوي من قبل النظام الدیكتاتوری البائد) دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, كاك د. دلێر لەگەڵدا نییە, بە ئەكسەریەت قبوڵ كرا, دووەم (ان تاریخ وفاة شهداء القصف الكیمیاوي علی حلبجة وهو یوم 1988/3/16 وما بعدة كل حسب مستمسك وفاته, ولیس یوم 1988/3/13 كما حاول النظام البائد تثبیته), صیغەكەی لە ناحیەی قانونییەكەی هین بكەن, ئەگەر كەسێك هینی لەسەر نییە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, كاك محمد 13, 14, 15, 16 هەمووی حكومەتی عێراق كردوویەتی بە 3/13, 3/13 مان ئیلغا كرد, لە 3/16 حیساب دەكرێ, مەعروفە بە كیمیاوی لە 17 مانگ موستەمسەكی خۆی هەیە, ئەوە 13, 14, 15 كە حكومەت بە درۆ كردوویەتی رەنگە شەهید هەیە لە 13, یان 14, یان 15 ی مانگ, بەڵام شەهیدی شەڕە, بەڵام با ئەویش حیساب بكرێ, لەبەر ئەوە حكومەت ویستوویەتی ئەوە چەواشە بكات, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە وجهی نەزەری كاك محمد فەرج ئێمە بڕۆین, بەڕاستی ئێمە دەبێت رۆژی 14 و 15 ش بكەینە رۆژی كیمیاباران, ئەوەش مومكین نییە, ئەگەر لەرۆژەكانی كوردستان بگەڕێین هەزاران رۆژی 14 هەیە, هەزاران رۆژی 15 هەیە, هەزاران هجوماتی عەسكەریمان هەیە, بۆیە ئەو مەوزوعە حەسم كراوە, ئەمە لەلایەك, لەلایەكی تر, ئەگەر ئێمە 14 و 15 تێكەڵی بە 16 بكەین, مانای وایە تەئیدی وەجهی نەزەری حكومەت دەكەین, كیمیاباران لە 13 روویداوە و 14 و 15 ش ئەو حادیسانە روویداوە, بۆیە من پێم وایە ئەوە لەجێگای خۆیەتی, ئەگەر هاتوو ویسترا تەعدیل بكرێت, دەبێ لە پۆلین كردنی شەهیدەكان تەعدیلات بكرێت, نەك لێرە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە لەوەی کە مەتڕوحە و لەبەردەستمانە دەرچووین لە موناقەشە, لەبەر ئەوە هیوادارام سەرۆکایەتی حەدێك بۆ ئەمە دابنێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر دەرنەچووینە, فەقەرەی دووەم ئیزافەیەك هاتە پێشەوە, خیلاف لە نێوان لیژنەی مافی مرۆڤ و یاسایی هەیە, بۆیە ئەوە ئیهمال کرا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابتان روونتان کردەوە, باس لە رۆژی 16 ی مانگ دەکەین, قەرارێکی سیاسی بۆ ئەوەی ئەو قەصفی کیمیاوییە تێکەڵی عێراق وئێران کراوەتە 13ی مانگ، زەحایاکانی، ئێستا ئێمە باس لەوەیە، لەبەر ئەوەی کە دەچینە سەر زەحایای حەربی عێراق وئێران، ئەوە مەوزوعێکی کەیە، ئەکرێت لەدانیشتنێکی کە، لە مەوزوعێکی کە، لەقانونێکی کە باسی لێبکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ دواجار دەیڵێمەوە تکایە، ئەوە ناو پەرلەمانە، لەصەحافە نیە خەڵك بەکەیفی خۆی قسەبکات، ئەمە تەنها بۆ ئەوەیە ئەو قەرارەی حکومەت داویەتی وەفاتنامەی دەرهێناوە بۆ شەهیدانی رۆژی 16ی مانگ نوسیوێتی 13ی مانگ، ئەو وەفاتنامەیە ئیلغا بکەین، حەقیقەتەکە 16ی مانگە، دەبێت بنوسین 16ی مانگ، هەر ئەوەیە هیچی تر نیە، من خۆم موتمەئینم ولجنەی قانونیش موتمەئینن، ئێمە مەبەستمان لێرە چیە، لەبەر ئەوەی عەرزم کرد لەساڵی 2001 خۆم ئەو قەرارەم دەرهێناوە باگ راوندەکەیش دەزانم چیە، سەبەبەکەیشی دەزانم چیە، بۆیە دڵنیام لەوەی کە مەبەستەکە چیە، ئەو وەفاتنامانەی حکومەت ناوی ئەو شەهیدانەی 16ی مانگ هەمووی کردبوو بە 13 مانگ دەچوە، دائیرەکان، ئەوەی 14ی مانگیش جیاوازە، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی یەك تەسبیتمان کرد، جێگرمان کرد کە 16ی مانگ رۆژی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەو دەوروبەرێتی، ئەوە مەعنای ئەوەیە 3/13یەکە ئیلغا بووە، اللاحق ینسخ السابق ئەوە ئیلغا بووە، ئەوەی دووهەم بۆ ئەوەی مەخرەجێك بدوزینەوە ئەوانەی لە 14 و 15 شەهید بوونە زەحایای ئەوە بوونە، دەڵێین: یکون یوم 14یەوە بڵێن، 14 و 15 و 16 ئەوانە هەموو بگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دانیشە کاك کریم، تۆ ئیمزایشت کردووە و پاش سێ جار شەرحیش ئێمە دەگەڕێنیتەوە سەر سفر، و پاش سێ جار شەرحیش دەمانگرێنیتەوە سەر باسی 14 و 15، ئێمە باسی ئەوە ناکەین دەڵێین: ڕۆژی 3/16، بە قەسفی کیمیاوی هەزاران کەس شەهید بوون کە چوونە لای دەوائیری حکومەت، حکومەت وتی ئەوانە لە 3/13 وەفاتیان کردووە، بۆ ئەوەی ببن بە بەشێك لە شەڕی عێراق و ئێران یان لافاو بردوویانی یان خۆیان کوژراون، بەغەڵەت کوژراون، مەبەستەکە لەوەدایە ئێمە دەمانەوێ ئەو سێ قەرارە کە ئەوانە حاڵەتێکن دیارن، ئەوەی 14ی مانگن، 15ی مانگن، یان 17ی مانگە یان 20 مانگە مەبەستێکی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی 16ی مانگە هەر هەمووی حکومەت وەفاتنامەی داوەتێ نووسیویتی 13ی مانگ، ئەوە بۆ ئەوەیە ئەو 13ی مانگە ئیلغا بکرێت، خۆ خەڵك نایەتەوە جارێکی تر 25ی مانگ نووسراوە ودەمەوێت بیکەم بە 16ی مانگ، ئەوانە ناگرێتەوە، ئەو کەسانە دەگرێتەوە لە 16ی مانگا حکومەت وەفاتنامەی داونەتی، بە 13ی مانگ، ئەوەی وەفاتنامەی 13یە ئیلغا دەبێت ودەبێتە 16ی مانگ و تەواو، فەرموو کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپێش 16ی مانگ هەر کەسێك لەوێ شەهید بووبی ئەوە گومانی لەسەرە، ئێران کردوویەتی یان عێراق، ئێمە دەمانەوێ عێراق لێرە ئیتیهام بکەین، مەعنای لە16وە کە قەسف کراوە عێراق کردیتی، ئەوەکەی دی ئێران هجومی کرد، ناتوانین هەمووی لەسەر عێراق حیساب بکەین، عێراق لەبەر ئەوە کردی، ناڵێت من قەسفم کرد وکوشتیتم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە مەبەستمان ئەوەیە 16ی مانگ قەسفی کیمیاوی بووە بۆ هەڵەبجە و 5000 شەهید بووە، چوار بووە، پێنج بووە، حەوت بووە، ئەوانە کە چوون دەیانەوێ قەسام شەرعی دەربێنن دەیانەوێ ئەنواع وئەشکاڵ ئیشبکەن، حکومەت هەموویانی نووسیوە 13ی مانگ، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

3/13 کراوەتە ڕۆژی کیمیابارنی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە، بەتەئکید بڕیارێك بووە، هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە ئەرکی پەرلەمانی کوردستان نیە بەتەنها بەراستی، تا ئێستاش لەعێراقدا تەعامل بە 3/13 دەکرێت، ئەبێت ئێمە بێر لەوە بکەینەوە، ئەمانە ئەگەر دادگایەکی عێراقی بەجینۆسایدی ناساند 3/16 کە لەکاتی مەحکمە بەبۆنەی کارەساتی 3/16وە ئەوە ئیلتیزاماتێکی کەمتر

دەكەوێتە سەر حكومەت، حكومەت دەتوانێت خۆی بدزێتەوە لەو ئیلتیزامەی كە سەدان كەس لەوانـەی كـە لە 13 و 14 و 15 شەهید بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكەت بەجێنیـە عـەفوم بكـە، چـونكە پەرلـەمانی كوردسـتان دەسـەڵاتی هەیـە هـەموو قـەوانین و قـەراراتی حكومـەتی رژێـم و دەیـان قـەرارات وقـەوانینی ئیلغـا كـرد لێـرە كـە دژی مـافی مـروڤ ودژی گـەلی كوردبوون، حەقی خۆمانە ئەوە زۆر تەبیعیە، دەیخەمە دەنگەوە بەو سیغەیە، بیخوێنـەوە كـاك شـێروان بـۆ ئەوەی بیخەمە دەنگەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ان تأریخ وفاة شهداء القصف الكیمیاوي علی حلبجة هو 1988/3/16 وما بعده كل حسب مستمسك وفاتـه ولیس 1988/3/13.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بـا ئـەوە ئیزافـە بكرێـت: كمـا حـاول النظـام البائـد تثبیتـە في شـهادات وفـاة یـوم 1988/3/16 والقصـف الكیمیاوي، دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵ ئەو سیغەیەدایە با دەست بڵند بكات تكایە؟ كێ لەگەڵدا نیە؟ باشـە كاكە بەزۆرینەی دەنگ، سێهەم تكایە بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ثالثا: تسری احكام هذا القرار علی جمیع المعاملات السابقة علی تأریخ نفاذه وأعتباراً من 1988/3/16.

سـێیەم: حوكمـەكانی ئـەم بڕیـارە لەسـەر هـەموو مامەڵـەكانی پـێش بـەركاربوونی ئـەم بڕیـارە جێبـەجێ دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من داوا دەكەم، یەعنی جێكردنەوەی ئەو قوربانیانەی 14 و 15ی مانگ مەسەلەیەكی گرنگە، یـەعنی ئـەو لێـدانی هەڵەبجە بـە یـەك رۆژ نـەكراوە ئێسـتا كـابرا كیمیـاوی بەركەوتـەوە 16ی مـانگ و دوای دوو سـاڵ مردووە هەر بەشەهیدی كیمیاباران حیساب كراوە، هەیە رۆژی پێشوو بەچەكی گـەورە لێـدراوە، بـە چـەكی

قورس، یەعنی جەرائیمی حەربیش وەکو جەرائیمی ئیبادەی جەماعی وایە، ئیدانەکردنی علی حسن مجید بە سێ جینایەتی گەورەیە یەکێکیان جەرائیمی حەربە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد من بۆ ئاخر جار شەرحی دەکەمەوە، بۆ ئاخر جار، چونکە دیارە روون نیە لە لای زۆرتان نەك بەس لای کاك محمد، ئەم قەرارە جارێکی تر ئەیلێمەوە بۆ ئەوەیە ئەو قەرارەی رژێمی بەعسی لەناوچوو پۆچەڵ بکەینەوە کە شەهیدانی 16ی مانگی کردوەتە 13ی مانگ، شەهید هەیە 13 و 14ی مانگ شەهید بووە نەك بەچەکی کیمیاوی، ئەوانە حەقی ئەوەیان نیە بڵێن ئێمە بەچەکی کیمیاوی شەهیدن، بەڵێ شەهیدن، چونکە موستەمسەکاتیان هەیە لای ئەو حیزبە، لای ئەو حیزبە، شەهید دانراون، ئەنواع شتیان بۆ کراوە، ئێمە مەستمان دەمانەوێ ئەو قەرارە سیاسیە ئیلغا بکەین کە شەهیدانی 16ی مانگ نووسراون بە 13ی مانگ، ئەگەر شەهیدانی 16ی مانگ نووسراون بە 14 و 15 حەقی بوو ئەو وەختە، بەڵام ئەوە 14 و15ی بە موستەمسەکی خۆی لەژێر قەسفی عێراق یان ئێران شەهیدن یان لەشەڕی پێشمەرگە دژی عێراق شەهیدن، حیزبەکە خۆی موعاملاتی بۆ کردووە، ئەوە بۆ ئەوەیە شەهیدانی رۆژی 3/16 حکومەت هەر هەمووی بە وەفاتنامەی 3/13 نووسیوە، ئەوە ئیلغا بکەین، ئەوەی سێهەم کە خۆێندیەوە، حوکمی ئەو قەرارە لەسەر هەموو موعاملاتێکی پێشویش دەسەپێنرێت وجێبەجێ دەکرێت کە لە16ی مانگەوە رووی داوە، کی لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، فەرموو کاك شێروان بۆ مادەی چوارەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القرار .

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چوارەم: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە، کی لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قەبول کرا، فەرموو بۆ پێنجەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خامساً: لايعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض واحكام هذا القرار.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێنجەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم بڕیارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قەبول کرا، فەرموو بۆ شەشەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سادساً: ينفذ هذا القرار أعتباراً من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەشەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاْودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قەبول کرا، فەرموو بۆ ئەسبابی موجبە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

لحدوث بعض الاشكالات القانونية اثناء تطبيق القانون ولكون النظام البائد كان قد اعتبر يوم 1988/3/13 تأريخاً لوفاة السكان المدنيين نتيجة القصف الكيمياوي في حلبجة خلافاً للحقيقة والواقع، تشويهاً للتأريخ وتغاضياً عن الجريمة المرتكبة من قبله ولأجل تصحيح ذلك وتصحيح المعلومات المقدمة من قبل المواطنين حول التأريخ الحقيقي للجريمة المرتكبة فقد شرع هذا القرار.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆیە پێویستییەکان

سەبارەت بە ڕوودانی هەندێ کێشەی یاسایی لەکاتی پیادەکردنی یاساکەو سەبارەت بەوەی کە ڕژێمی لەناوچوو ڕۆژی 3/13ی داناوە بە ڕۆژی بۆردومانی هەڵەبجە بە پێچەوانەی راستی ڕووداوەکەوە بۆ شێواندنی مێژوو و چاوپۆشین لەو تاوانەی کە لەلایەنیەوە ئەنجامدراوەو بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن هاوولاْتیانەوە لە بارەی مێژووی ڕاستەقینەی ئەو تاوانەی ئەنجامدراوە ئەم بڕیارە دەرچوێنرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ لیژنـەی قـانونی زۆر نـاكۆك نـەبووین لـەلای كەمـەوە ئەزعـەف ئـەلئیمان لـە ئەسـباب الموجبـە جێگـەی بكەینـەوە، لـەم ئەسـباب الموجیبـە باسـی 14 و 15ی بكەینـەوە، بـەڕێز سـەرۆكی ئەنجومـەن ئـەم ژمارەیە زۆر زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە بڕیارێكە دەری دەكەین بۆ ئەو شروحاتەی كە چوار، پێـنج جـار دام، ئەسـبابی موجیبەكـەیش دەبێـت شەرحی ئەو بڕیارە بێت رەبتی بە 14 و 15ەوە نیە، 14 و15 ئەگەر بۆچوونێكی وای هەیە مەشـروعێكی تری بـۆ بێنـە، ئێمـە لێـرە هـەدەف ئەوەیـە ئـەو قـەرارەی حكومـەتی لەناوچـوو پۆچـەڵ بكەینـەوە، ئەگـەر خـەڵكێك هەیـە 14ی مـانگ موستەمسـەكی دەرهێنـاوە دەچـێت چـاكی دەكاتـەوە بـەرێگای مـەحامی ئـەوە دەبێت ئیعتیادیە، ئێمە هەدەفەكەمان ئەوەیە قەرارێك دەرچوو، قەرارەكە مەحاكم ناتوانێـت ئیلغـای بكـات ئەگەر بە پەرلەمان ئیلغای نەكەین، 14ی مـانگ لەوەفاتنامـەیا زۆر ئـەتوانێت ئێسـتا وەفاتنامـەی باپیرمـان دەتوانین بچین بگۆڕین، بڵێین بابە ئەوە غەڵەتە دەچێت مەحامییەك دەگریت وشكات دەكەی و دوو شاهید دەهێنیت ئەو وەفاتنامەیە ئـەو رۆژە نیـە ئـەو رۆژەیـە تەبیعیـە ئـەوە، نازنـاز خـان نوقتـەی نیزامـی هەیـە فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نازانم بابەتەكە زۆر زۆر وازیحە تەعەجوب دەكەم لەكاك محمد فەرەج بۆ بەزۆری دەیەوێ مێژوو تـەحریف بكات، حادیسـەی هەڵەبجـە 3/16 بـەپێی هـەموو پێوەرەكـانی سـتانداردی جیهـانی، بـەڵی كـاك محمـد فـرج مێژوو ناگەڕێتەوە بە دواوە، ئێمە دەتوانین بڵێین لـە14 و3/15 سـاڵی 1989 خـەڵك كوژراوە بـە چـەكی كیمیاوی، هین ساڵی دواتر، بـەڵام ناگەڕێنـەوە پێشـەوە، ئێمـە چـۆن حادیسـەكە لـە 16ی مـانگ رووی داوە، دەڵێین ئەوانەی كە دوو رۆژ پێش ئەوە مردوونە، حەتمەن بە كارەساتی 16ی مانگ بەراسـتیش حـەق نیـە سەرۆكایەتیش ئەو مەجالە بدات، یەعنی كەسانێك یان هـەر كامنمـان بچینە سـەر مەنەسـە ئـیتر یـاری بـە مێژوو بكەین و رووداوەكانی مێژوو وتأریخ تەحریف بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نانا نازناز خان، یەكەم یـەعنی بەشـێكی قسـەكانت بەجێیـە، بـەڵام بەشـەكەی تـر كـاك محمـد فـرج لێرەیـە وسەرۆكی لیژنەی مافی مرۆڤە وە تەعبیر لە ژمارەیەك دەكات، لەبەر ئەوە دەبێت گوێی لێبگرین، بـەڵام مـن بۆ دوا روون كردنەوە كە 14 و 15 رەنگە خەڵكانێك شەهید بوونە لە16ی مانگ و نووسـرابێت لـە بـەیان وەفاتەكەی 14ی مانگ، ئەوە بەقەراری حكومەت نیە خۆی هەڵەیەكی كردووە بە ئاسانی چـاك دەبێتـەوە،

بەڵام یەكێك 16ی مانگ شەهید بووە و13ی مانگ نووسراوە ئەوە قەراری حكومەتە، مەحكەمە ناتوانێت چاكی بكاتەوە سەد محامیش بگرێت، بۆیە ئێمە 13ی مانگەكە ئیلغا دەكەین، بەڵام 14 و 15ی مانگ هەیە نووسرابێت لە وەفاتنامەكەی 14 و15ی مانگ، محامیەك دەگرێت دەڵێت كاكە ئەوە درۆیە من لەقەسفی كیمیاوی شەهید بوومە، دەڕوات دو شاهیدیش دەهێنێت تەواو دەبێت مەحكەمە ناتوانێت بڵێت نا لەبەر ئەوەی قەرارەكەی حكومەتی پێشوو 13ی مانگە، بۆیە ئەوە روونە لامان، بڕیارەكە بە دیباجەكەوە دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندكات، فەرموو كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ قەبول كرا، فەرموو كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ئێمە ئەگەر تصویت لەسەر مادەیەك بكەین ئەبێت دووبارە بگەڕێنەوە لەسەر ئەو مادە موناقەشە بكەین؟ ئەوە دەنگی لەسەر كرا بۆ دووبارە موناقەشە دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە باسی دیباجەی كرد دیباجە، دەنگ دان بۆ فەقەرە فەقەرە بوو، بەڵام دیباجەكە لەئەسبابە موجەبەكە كاك محمد فرج وتی لێرە جێی بكەینەوە، بۆیە نیقاش كراوە دەنگمان لەسەر دیباجەكە نەداوە، تەواو كاكە بەكۆی دەنگ بڕیارەكە درا، سوپاسی هەموو لایەك دەكەین، بۆ خاڵی دووهەم لەبەرنامەی كار، كفتوگۆكردن لەسەر هەمواركردنی دەركردنی دووهەمی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007ی (یاسای ماف وئیمتیازاتی كەس وكاری شەهیدان وئەنفالكراوان) فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پڕۆژەیە، ئێمە لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ دانیشتین، بۆیە هیچ خیلافێكمان نیە لەسەر پرۆژەكە ئەگەر ئیجازەم بدەی مادەی یەكەم دەخوێنمەوە.

مشروع قانون التعديل الثاني للقانون رقم(9) لسنة 2007 قانون حقوق وامتيازات ذوي الشهداء والمؤنفلين لأقليم كوردستان_العراق

المادة الاولى/تعدل الفقرة (سادساً) من المادة (الخامسة / ثانياً) من القانون وتقرأ كالآتي:

(سادساً): يستثنى الاخوة والاخوات واولاد ضحايا الابادة الجماعية من الشروط الواردة في الفقرتين (3،2) اعلاه لحين تعويضهم من قبل الحكومة الاتحادية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازشم پێدەی تەوزیحێكیش بكەم، دیارە دوای ئەوەی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007 (یاسای ماف وئیمتیازاتی كەس وكاری شەهیدان وئەنفالكراوەكان) كە لەپەرلەمانی كوردستان پەسەند كرا چووە بواری جێبەجی كردن و لەكاتی جێبەجێ كردنا رەنگە هەندێ كەم و كوڕی پەیدا ببێت و ئەمەیش شتێكی

سروشتیەو هەندێکیان رەنگە بەو نیزامە موعالجە کرابێت کە ئێمە دەسەڵاتمان داوەتە ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی بکات، بەڵام هەندێکیان لەخودی یاساکەدا هەیە کەم و کوڕیەکە، یەك لەوانە مەوزوعی خوشك و برای شەهیدانی جینۆسایدە، ئێمە کە شەهیدەکانمان پۆلێن کرد هەر وەکو ئیشارەتم پێیدا سێ جۆرە شەهیدمان هەبوو، شەهیدی هاووڵاتیمان هەبوو، شەهیدی جینۆسایدمان هەبوو، شەهیدی سەنگەرمان هەبوو، بەنیسبەت کوڕو کچی شەهیدان ئەگەر هاتوو تەمەنەکەیان گەیشتە 24 ساڵ بەنیسبەت کوڕ ئەگەر هاتوو بەردەوام نەبوو لەسەر خوێندن شەهیدانەکە لێی دەبڕێت، بەنیسبەت کچیش ئەگەر هاتوو تەعین کرا شەهیدانەکەی لێی دەبڕێت، ئەمە هەر سێ جۆرە شەهید بەم شێوە تەعامل لەگەڵی کراوە، بەڵام ئەگەر بێیتە سەر فەقەرە شەشی مادەی سێ لەیاساکەدا دەڵێت کوروکچی شەهید ئیستسنا دەکرێن لەو دوو فەقەرەیە واتا لەشەرتی تەعینەکە بەنیسبەت کچ و لە24ەکە بەنیسبەت کوڕ، تەنها شەهیدانی جینۆساید کورو کچەکانیان لەو دوو شەرتە ئیستسنا دەکرێت، بۆیە ئەو بڕگەیە بووە مایەی ئەوەی کە زۆربەی زۆری موچەی براو خۆشکی قوربانیانی جینۆساید ببڕێت بەتایبەتیش لەمەنتەقەی گەرمیان کەرۆژانە رەنگە یاداشتنامە بەپەرلەمان پێشکەش دەکەن وپەیوەندی بە ئەندامانی پەرلەمان دەکەن و پەیوەندی بەلیژنەی یاسایش دەکەن، گەیشتە رادەیەك کە خۆپیشاندانیش ئەنجام بدەن بۆ ئەو فەقەرەیە، هەتا ئەو رۆژە قائیمقامی کفری تەلەفۆنی بۆ ئێمە کرد وپەیوەندی بە ئێمەوە کرد وئێمە پێیمان راگەیاند کە ئەو پڕۆژەیە لەلایەن وەزارەتی شەهیدان وئەنفال کراوەکان پێشکەش کراوە، ئێستا لەگفتوگۆدایە لە پەرلەمان، ئومێد دەکەین بڕیارێکی گونجاو دەربچێت لەپەرلەمان، ئەوە پوختەی ئەو مادەیەیە کەلەلایەن وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان پێشکەش کراوە بۆ ئەوەی هەرموار بکرێت، ئەمە کورتەی مەسەلەی ئەو پڕۆژەیە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەسبابەکەتان بیست کەئەوە چی زەرورەتێکە ئەو یاسایە کە دەرچووە لە جێبەجێکردنیا خەڵکێکی زۆر سوود وەرناگرێتن لەو قەرارەی کە دامان ناوە بەتایبەتی بۆ کەس وکاری قوربانیانی چەکی کیمیاوی و ئیبادەی جەماعی و ئەوانە، زۆر شکات هات بۆ ئەوەی، بۆیە ئەو دوو فەقەرەیە تەعدیل کراوە بۆ ئەوەی خوشك وبراو ئەوانە ئستیفادە بکەن ویارمەتی بدرێن تا ئەو رۆژەی حکومەتی فیدرال بەپێی ئەو قەرارەی کە دایان ناوە جینۆسایدیان حیسابکردووە تەعویز بدرێن، ئەوانە هەتا تەعویز دەدرێن دەبێت حکومەتی هەرێم تەعویزیان بۆ بکاتەوە، فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەش بەحاڵی خۆم پشتگیری تەواوی ئەو گۆڕانکاریە دەکەم و پێم شتێکی زۆر باشەو لەجێی خۆیەتی، بەڵام لێرە بەفرسەتی دەزانم کاتی دەرچوونی ئەم یاسایە جارێکی تر ئێمە ئەو خاڵەمان خستە روو کە گفتوگۆیشی لەسەر کرا لەناو پەرلەمان ئەویش بەراستی قەرەبووکردنەوەی شەهیدانی سەنگەری

پێشمەرگە، بۆیە من بەدەرفەتی دەزانم ئەمڕۆ لەم دانیشتنەدا لەرێگای ئەم مینبەرە تەمەنام دەکرد بەڕێز وەزیری شەهیدانیش ئامادە بێت، بەراستی دەبوو وەزیری شەهیدان وئەنفالکراوەکان و حکومەتی هەرێم کوردستان بانگ بکەین بەهەماهنگی لەگەڵ پەرلەمان بەرنامەیەك ئامادە بکەن بۆ قەرەبوو کردنەوەی شەهیدای پێشمەرگەی شەهیدی سەنگەر کە بەراستی مەغدوریەکی زۆر دەبێنرێت بەنیسبەت ئەوانەوە، من تەنها حزم کرد ئەوە عەرز بکەم هیوادارم پەرلەمان ئەو تێبینیە بە نەزەر وەربگرێت وە کاری لەسەر بکربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتوانیت لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوەکان فکرەکەت بە ئەوان بدەیت بۆ ئەوەی بزانن لەرووی عەمەلیەوە چیان بۆ کراوە وە ئەگەر بۆچوونەکەی تۆ باش بێت بۆ ئەوەی بێکەینە پرۆژەیەکەوە بۆ ئەوانە، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تەوزیحم هەیەو پشگیری پرۆژەکە دەکەم، زۆریش هەوڵمان دا و نوێنەری کەس وکاری شەهیدانیش هاتە لای جەنابتان، هەر بۆ ئەندامانی بەڕێز شەهیدانی جینۆساید کەسو کارەکەی زۆر جیاوازترە لەشەهیدی سەنگەرو شەهیدی سێدارەو ئەوانەی تر لەبەر ئەوەی زۆر خێزان هەیە، یەعنی خێزانەکە بەتەواوی تیاچووە باوك، دایك، کوڕو کچ هەمووی تیاچووە، ژن و پیاوەکە برایەکی ماوەتەوە، بەپێی ئەسڵی ئەو کەسانەی کە تیاچوونە لەسەقفی ئەم قانونە ئەوان مەشمول نەبن، بۆیە لەجێبەجێکردنی قانونەکەدا هەر بەنموونەیەکی بەسیت لەناوچەی قەزای کفری و کەلار 122 کەس مووچەیان برا، لەبەر ئەوەی بۆ ئەندامانی بەڕێز روون بێت حاڵەتەکەی کەس وکاری شەهیدانی جینۆساید زۆر جیاوازترە لەشەهیدی ئاسایی لەبەر ئەوەی هیچ کەسێکی نەماوە، خێزانی وا هەیە 25 کەسی یان 30 کەسی تیاچووە تەنها یان براو خوشکێك ماوەتەوە، تەنها ئەو تەوزیحەم هەیە ودەست خۆشی دەکەم لە ئەو پرۆژەیەو پێویستە دەنگی بۆ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتور نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە لیژنەکە ئەکەم بۆ ئەو برگەیە، بەڵام خاڵێکی دی هەیە لەم رۆژانەدا قانونی ناساندنی جینۆساید لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقەوە پەسەندکرا، ئەوە فرسەتێکی چاکە بۆ ئێمە لەم رۆژەدا کەوا داوا بکەین ئەو کەسانەی ئەو قانونە دەیانگرێتەوە پێویستە لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە قەرەبوو بکرێنەوە، من دەڵێم برگەیەك دەتوانین لێرە بخەینە سەر ئەم پڕۆژەیە کە حکومەتی هەرێمی

کوردستان بەفەرمی داوا لە حکومەتی ناوەندی بکات بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی بەپێی ئەو قانونە تازەیە دەیانگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ ئەوە شتێکی باشە لە پرۆژەی دستوریشا نەصێکمان هەیە کە دەبێت حکومەتی فیدرال قەرەبووی ئەوانە بکاتەوە، بەڵام لە گفتوگۆدا، لە نامە نووسیندا پێش ئەوەی دستوریشمان هەبێت حەقی خۆیەتی داوا بکەین، کاک حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو رەئیەی منیش هەمان رەئی کاک عادلە، بەڵام ئێمە ئەوەی کە یەك دوو کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ کەسو کاری شەهیدان وبەڕێەوەبەرایەتی شەهیدو ئەنفالی گەرمیان، زۆریش نین ئەو عائیلانە لەگەرمیان تەقریبەن $250$ خێزانن کە شمولیان ناکات، بەڵام لێرە هاتووە شەهیدو جینۆساید تەقریبەن جیابکرێتەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەرکەسێك تەزحیەی داوە هەر شەهیدێکمان هەیە لەم وڵاتە هەرچی شتێکی بۆ بکرێت هەر کەمە، بەڵام جیاکردنەوەیەك هەبێت وەکو بڵێین قوربانیانی جینۆساید لەبڕگەکە کەهاتووە لەبەر ئەوەی هیچ کرفتێك دروست نەبێت لەرووی قانونیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم، باسی شەهیدی پێشمەرگەیە، ئەبینیت کوڕێك لەخێزانێکی خۆبەخشە خۆی فیدائەکات ئەچێت دەبێتە پێشمەرگە وشەهید دەبێت، ئێستا باوکی نەماوە، دایکی نەماوە کە شەملی تەقاعد بکات برایەکی ماوە ئەو برایە چ ئیعتیزاز بەو شەهیدەی بکات نە ناوی هەبێت نە شەهیدانەی هەبێت نە تەعویزێکی هەبێت شمولی ناکات یان خوشکێکی هەبێت شمولی ناکات، شەهیدی پێشمەرگەیش کەمتر نیە لە شەهیدی ئەنفال، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکانت بەجێیە، بەڵام جێگای ئێرە نیە، بۆیە مولاحەزەیەکی ئەوتۆ نیە لەسەر مادەکە، مادەکە دەخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ بادەست بڵندکات تکایە، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا بۆ مادەی دووەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیە دەخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵێتی؟ بادەست بڵندكات تكایە، كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ قەبوڵ كرا بۆ مادەی سێهەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نفاذ القانون المرقم (9) لسنة 2007 قانون حقوق وامتيازات ذوي الشهداء والمؤنفلين وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێهەم:

ئەم یاسایە لەرۆژی جێبەجێ كردنی یاسای ژمارە (9) ی ساڵی 2007 یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەس و كاری شەهیدو ئەنفالكراوەكان لە هەرێمی كوردستان _عێراقدا كاری پێ دەكرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان)دا بلاّو دەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە زۆر جێی خۆیەتی بۆ ئەوەی ئەسەری رەجعی هەبێت وە ئیستیفادەی لێبكرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە، دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵێتی؟ بادەست بڵندكات تكایە، كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ قەبول كرا، هەموو پڕۆژەكە هەمواركردنی یاسای (9)ی ساڵی 2007، دەخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵێتی؟ بادەست بڵندكات تكایە، كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ قەبول كرا، زۆر سوپاس پیرۆزبایی لە هەموو لایەك دەكەم كە ئیشیان كرد بۆ دەرهێنانی ئەو یاسایە، ئومێد دەكەم سوودبەخشبێت بۆ كەس وكاری شەهیدانی ئەنفال وكیمیاباران، پێش ئەوەی كۆتایی بە دانیشتنەكە بێنم دوو قسەم هەیە یەكێكیان ئەوەیە بەیانی داوا لە سێ ئەندامی لیژنەی یاسایی و سێ ئەندامی لیژنەی پەیوەندی و رۆشەنبیری دەكەم لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمان كۆبوونەوە بكەین لەسەر پرۆژە یاسای رۆژنامەگەری، دوویش خەڵكێكی زۆر تێبینی و سەرەنجیان بۆ ئەوە راكێشاوین كە زۆر یاسا لەپەرلەمان دەرچووەو جێبەجێ ناكرێت، داوا لەهەموو

لیژنەکانی پەرلەمان دەکەم هەر لەبەیانیەوە هەر یەکە بەپێی مەسئولیەتی خۆی موتابەعەی وەزارەتەکان بکات و دەست نیشانی ئەو یاسایانە بکات کە جێبەجێ نەکراون وە لەگەڵ هۆیەکەی قسەلەگەڵ وەزیری پەیوەندیدارو مەسئولینی پەیوەندیدار بکات بۆ زانینی هۆی جێبەجێنەکردنی بەراپۆرتێك بۆ سەرۆکایەتی بەرزی بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین کەموکوڕیەکان لابەرین، ئەگەر پێویستیشی کرد وەزیریش بانگەویشت بکەین بۆ ئەوەی بزانین هۆی ئەوە چیە کە ئەو یاسایانە جێبەجێ نەکراون، سوپاستان دەکەم کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین تا دوو سبەی سەعات 10/30 خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (3)**

**چوار شەممە رێکەوتی 17\9\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (3)

## چوار شەممە رێكەوتی 2008/9/17

**كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2008/9/17 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەم, ساڵی (2008)ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوکمی بڕگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11) ی پێشنیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2008/9/17دا بەم شێوەیە بێت:

1- پێش چاوخستنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن (ڤیان احمد خضر) لە ئەندامیەتی لیژنەی پەروەردەوفێرکردنی باڵاو لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان و پاڵاوتنی بۆلیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان دەکەینەوە بە خوێندنەوەی بەرنامەی کار:

1- پێش چاوخستنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن (ڤیان احمد خضر) لە ئەندامیەتی لیژنەی پەروەردەوفێرکردنی باڵاو لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان و پاڵاوتنی بۆلیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی.

خاتوو (ڤیان دزەیی) داوایەکی پێشکەش بە سەرۆکایەتی کردووە، کە داوا دەکات واز بێنێت لەو دوو لیژنەیە، و قبوڵیش بکرێت لە لیژنەی تەندروستی، داوای وازهێنانەکەی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ موافقە لەسەر داواکەی دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ موافق نیە؟ دوو کەس موافق نینە، بە زۆرینە موافقن، داوای دووەمیشی لە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان وژنان وازبێنێت، کێ ڕەزامەندە لەسەر داواکەی تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ ڕازی نیە؟ بە زۆرینە لەوێش دا قەبوڵ کرا، ئێستاش داوای کردووە قبوڵ بکرێت لە لیژنەی تەندروستی و ژینگەو کۆمەڵایەتی، چەند کەس موافقە خاتوو ڤیان ببێت بە ئەندام لەو لیژنەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ موافق نیە؟ بە تێکڕای دەنگ قەبوڵ کرا، پیرۆزە انشاللە سەرکەتوو دەبی لەو لیژنەیە، خاڵی دووەم لە بەرنامەی کارمان پێش ئەوەی بیخوێنمەوە، پێم باشە جارێکی تر بەخێرهاتنی کاك عدنان وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و هەروەها بەخێرهاتنی کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین کە لەگەڵمان بەشدارن، خاڵێکی تر لە بەرنامەی کارمان:

2- گفتوگۆکردنە لەسەر راپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی سەربارەت بە سەردانیان بۆ بنکە چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان، بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، دیارە کە جەلسەی پێشوو راپۆرتی لیژنەکەمان خوێندەوە و دواتریش داوامان کرد کە لەو دانیشتنەدا بەڕێز جەنابی وەزیر هەم وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە هەم ڕاوبۆچوون و پێشنیاری خۆی کە لە لایەتی پێشکەش بکات، داوای لێ دەکەم با بفەرمووێت بۆ ئێرە بۆ ئەوەی رووت لە ئەندامانی پەرلەمان بێت.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاره وا بڕیار بوو کە ئەمڕۆ دووبارە بێینەوە، ئێمەش بۆ ئەو مەبەستە، وەڵامی راپۆرتەکە بە نووسین داومانەتەوەو دابەشیش کراوە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان، منیش لێرەوە وەڵامەکە دەخوێنمەوە، ئەگەر هەر پرسیارێك هەبوو ئامادەین بۆ وەڵام دانەوەی. بە مەبەستی وەڵامدانەوەی راپۆرتی لیژنەی پەرلەمانی کوردستان کە لە 2008/7/21 ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کراوە، بە مەبەستی تەنها سەردان کردنی بەرێوبەرایەتی چاکسازیەکانی ژنان و منالانی هەر سێ پارێزگا بووە، وەك بەرێزتان ئاگادارن کاری سەرەکی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان جێ بەجێ کردنی بڕیاری دادگاکانی هەرێمی کوردستانە بە پێی سیستەم و یاسای چاکسازی کە لە عیراق و کوردستان پەیڕەو دەکرێت بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەو توانایەی هەیەتی، سەرەڕای نەبوونی بودجەی پێویست بۆ نەهێشتنی کەموکوڕیەکان توانراوە بە پێی راپۆرتەکانی مافی مرۆڤ کارەکان بە جۆرێك ئەنجام بدەین کە لە لایەن پسپۆرانی بیانی سەرنج ڕاکێش بووە، ئەگەر سەرنجی راپۆرتی یۆنامی بدەین لە بەندیخانەکانی ئاسایش و پۆلیس و بەندیخانە تایبەتیەکانی تر دەبێتەوە، نەوەك چاکسازیەکان، بۆ ڕاستی قسەکانیشمان لە هەفتەی رابردوو کۆنفرانسێکی یۆنۆپس بوو لەسەر عەدالەی ئینتیقالی و عەدالەی ئیجتیماعی سجنەکان، نوێنەرمان لەوێ بوو بەرێوەبەری گشتیمان نارد و لە بەغدا بوو، وەزیری مافی مرۆڤی عیراقی لەبەردەم هەموویان گوتبووی لە کوردستان چاکسازی باشەو هیچ کێشەیەکیان نەبووە، ئەوەی هەبێت لە بەندیخانەکانی ترە ئەگەر هەبێت، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت لەگەڵ کەمی تواناو نەبوونی بودجە توانیومانە باری گوزەرانی ناو چاکسازیەکان باشتر بکەین، سەرەڕای دەست خۆشیمان لە سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی ناوبراو لەسەردانی کردنیان بۆ چاکسازیەکان، تا لە نزیکەوە ئاگادارو ئاشنای کارەکان بن، لە راپۆرتەکەیان دا جۆرە تێکەڵاویەك هەیە بە تایبەتی دووبارە بوونەوەی یادەکان وەك یەك کە لە یەك کات دا جیاوازی بەدی دەکرێت، خۆشمان بە نووسراو زۆر بە روونی و ئاشکرایی باسمان کردووە، بە پێویستی دەزانین لە خوارەوە روونکردنەوەکان کورت و پوخت بکەین بۆ هەر سێ چاکسازیەکە، چونکە زۆربەی خاڵەکان دووبارەن، سەبارەت بە بڕگەکانی 2 و 3 و 6 و 7 و 8 لە هەولێرو سلێمانی، بڕگەی 2 لە دهۆك، بە پێویستی دەزانین روونی بکەینەوە کە ئەم شوێنانە ئێستا بەندکراوی تێدایە و لەسەر بنەمای زانستی و چاکسازی دروست نەکراون، بەڵکو بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییەك بووە، لەبەر نەبوونی بینای چاکسازی لە هەموو کوردستان، ئێمە لە لایەن خۆشمانەوە چاکسازی دهۆك سەرەڕای باشی ئەویش دامانناوە کە بینایەکی تازە لە دهۆك دروست بکرێت، ئێستا نەخشەیەکی پوخت و چاك ئامادەکراوە، نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێی ئەوانیشەوە دراوە بە کۆمپانیایەکی لوبنانی بۆ دیاری کردنی دیزاین و دەرخستەی پێویست کە خۆی لە ماڵی منالێ دەبینێتەوە، لەرووی چاکسازیەوە گرنیگیەکی زۆری هەیە، چونکە هەموو پێداویستیەکانی چاکسازی وەك پەروەردەیی و فێرکردنی پیشەو وەرزش و خۆش گوزەرانی تیادا بەدی دەکرێت، بۆیە بە دروست کردنی بینای تازە کێشەکان چارەسەر دەبێت، هەروەها شوێنی سەردانی خێزانی داندراوە و زۆر شتی تر، بە هیواین لە ساڵی تازە ئەنجام بدرێت، ئەو ڕۆژەش باسی ئەوەم

کرد کە موافەقەی چوار ماڵی منالّ کراوە لە ئەنجومەنی وەزیران لە هەر سێ پارێزگا، هەروەها پێشنیار کراوە لە گەرمیانیش بکرێت، جگە لەوە هەر لەو کۆبوونەوەی لیژنەی تایبەت بە زیندانیەکان قەرار درا سجنەکانی تەسفیرات، کە لە هەموو قەزاکان بکرێت، لەگەڵ ئەوەش دا ڕەچاوی ئەوە کراوە بۆ مەوقوفەکانی نەوجەوانان هەندێك بینای تازە بۆ حاڵی تەوقیفیان بۆ ئەوانەش دروست بکرێت، سەبارەت بە نەبوونی بڕگەکانی 5 و 7 بەرێزتان ئاگادارن کە لە هەردوو چاکسازی هەولێرو دهۆك باسی کێشەی ئاو دەکات ئەو دوو خاڵە، لە هەردوو چاکسازی هەولێر و دهۆك بیری ئیرتیوازی هەیە، لە ڕاپۆرتەکە نووسراوەو وا پێشنیار کراوە، بیری ئیرتیوازی بۆ هەولێرو دهۆك لێ بدرێت، خۆشتان دەزانن کێشەی ئاوی زۆر نیە، کێشەیەکی کەمی هەیە، لەگەڵ ئەوەش بیرەکەشمان هەیە، نەك هەرخۆمان گەڕەکەکەش ئیستیفادەی لێ دەکات بەهۆی بوونی زیادەی ئاو، لە سلێمانی کێشەی ئاو کێشەیەکی عامە، لەگەڵ ئەوەش دا ئەو مەنتیقەی کە بینای چاکسازی لێیە، ئێمە دوو بیرمان لێداوە، بەڵام بیرەکان فەشەلی هاوردە، لەبەرئەوە پسپۆری جیۆلۆجیمان بردووەتەوە سەر ئەرزەکە، دەڵێن تا 750 م یش هەر ئاو نیە، لەبەر ئەوە ئێمە گرفتەکەمان هەیە، بەڵام تەنکەرمان هەیە لەوێ، بیری سەتحیمان هەیە، ئاوی ترمان هەیە وەك ئەو ئاوەی کە دەڕوات بۆ تاسلوجە، تەنکەریشمان هەیە، لەبەر ئەوە تەقریبەن گرفتی ئاومان نیە لەوێ، بڕگەی 9 لۆندەر، لۆندەری گەورە تەنها لە چاکسازی دا هەیە، لەبەرئەوە ئیقتراحی ئەوە کراوە لۆندەری گەورە بکڕدرێت، لەبەر ئەوە چاکسازی هەولێر ئێستا کە هاتووەتە سەر چاکسازی کۆمەڵایەتی، لەوێ ئەو لۆندەرانەمان هەیە، هیچی تر پێویست ناکات، لەبەر ئەوە دەتوانین ئیستیفادە لە ئەوانە بکەین بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشەکانمان، لە بڕگەی 4 ئێمەش پشتگیری لە داوایەکەیان دەکەین لە لای هەر بەندیخانەیەك باڵەخانەیەکی گەورە بۆ چاکسازیەکانیان دروست بکرێت، کە لە رووی ئاسایش و هاتوچۆوە سوودی هەبێت، ئیقتراحەکە ئەوە بووە، خانووی بەڕێوبەر و کارمەندەکان لە نزیکی چاکسازیەکەوە دروست بکرێت، ئێمەش پێمان خۆشە ئەوە بکرێت، بەڵام تا ئەو کاتەی ئەوە دەکرێتە پێشنیار، بڕگەکانی 10 و 13 و 14 تایبەت بە مۆبایل، کە بدرێتە نەوجەوانان و ئیستیفادەی لێ بکرێت، لە سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی موبایل قەدەغەیە، بەڵام بۆ هەموو بەندکراوێك دەتوانێت سوود لە تەلەفۆنەکانی بەڕێوبەرایەتیەکە وەربگرێت، هەروەها دەسەڵاتیش دراوە بە بەڕێوبەرەکان بۆ کار ئاسانیان، ئێمە لە سلیمانی میدیامان داناوە (میدیا فۆن)، لێرەش (ئاریا فۆن) هەیە، کارتیان هەیە دەتوانن بە پێی پێویست ئیستیفادەی لێ بکەن، نەك مۆبایل، چونکە لە سجنەکان بە تایبەتی گەورەکان بەردەوام تەفتیش دەکرێن، بۆ ئەوەی سیم کارتیان بۆ نەچێتە ژوورەوە، خۆتان دەزانن ئەگەر لە ناو سجنەکاندا تەلەفۆن هەبێت لەرووی ئەمنیەوە چەند کاریگەری دەبێت لەسەر سجنەکان، بڕگەکانی 6 و 9 و 12، تایبەت بە تەنکەری ئاوو ئاوی پیس، تەبعەن ئێمە بە نووسراوی ژمارە 20 ، لە 27/7/ 2008 ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، داوامان کردووە ئەو تەنکەرانەمان بۆ بگۆڕن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ئێمە لە هەولێر ئەو تەنکەرانەمان هەیە بۆ ئەوەی ئاوەڕۆ و پیسی فڕی بدات، دەشتوانین ئیستیفادە لە شارەوانیەکان بکەین، خۆ ناکرێت هەر دائیرەیەك تەنکەرێکی

پێویست بێت و بۆی دابین بکرێت، ئێمە ئەگەر گرفتێکمان هەبێت لە سلێمانی یان لە هەولێر دەتوانن ئەوانەمان بۆ جێ بەجێ بکەن، هەرچەندە هەندێکیان لەسەر زێرابن، بە نیسبەت توێژەرەوە ئێمەش چەندین توێژەرمان هەیە لە هەولێر و سلێمانی، لە هەولێر 16 توێژەرمان هەیە کە چواریان ئافرەتن، لە سلێمانی 15 توێژەر هەیە و حەوتیان ئافرەتن، بەلام لە دهۆك گرفتێکمان هەیە، نەك بۆ سجنی منالان بۆ پیاوانیش، 20 دەرەجەمان ئیعلان کرد لەوێ کەس نیە، لەوێ توێژەرمان نیە دابمەزرێت، کەسیش لێرەوە ناڕوات، ئەگینا ئەگەر توێژەر هەبێت ئێستا میلاکمان هەیە بۆ ئەوەی تەعیینی بکەین، بڕگەکانی 8 و 9 و 11 و 12 و 13 و 15، دامەزراندنی پزیشك و یاریدەدەر و دانانی تاقیگەو تیشکی گەڕۆك هەمووی لە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی دایە، سەرەڕای دەست خۆشیمان بۆیان هاوکارمان بوون، بەلام بە نووسراویش داوامان لێ کردوون ئەو کەموکوڕیانەمان بۆ پڕبکەنەوە، ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە، دابین کردنی ئامێری سەتەلایتی ناوەندی، ئێمە زۆر محاوەلەمان کرد ئەو جیهازەی کە ئێمە دەمانەوێت دەست ناکەوێت، ئەو ئامێرە دەبێت لە مەودای 2 کم ی چوارگۆشە پەخشی خۆی بکات، لە سلێمانی تاقیمان کردەوە، بەلام لە قاعەکان باش نەبوو، هەر ئەوەش دەست دەکەوت لە بازاڕدا، بەلام لەگەڵ ئەوەش دا هەموو ژوورێك تەلەفزیۆنی لێیە و جەریدەشیان بۆ دەڕوات، ئەوانە دابڕاو نین، لەهەر سێ چاکسازی پاسەوانی ژن هەیە، بەلام لەبەر نەبوونی دەرماڵە لە چاکسازی دهۆك و هەولێر بە شەو دەوامیان نەدەکرد، بەلام لە سلێمانی بە شەویش ئیشکگری دەگرن، پاش پەسەند کردنی دەرماڵەی چاکسازی هەر ژنێك نەتوانێت بە شەو دەوام بکات لە چاکسازی لادەبردرێت، بەڕاستی ئێمە زۆر کێشەی کۆمەلایەتیمان هەیە بە تایبەتی لە دهۆك و لە هەولێر کە هەتا توێژەری ئافرەتمان هەیە ناڕۆن بۆ ئەوروپا، یان لەوێ نامێننەوە، ئێستا ئێمە قەرارێکمان هەیە، کە لەدوای ئەوەش ئەگەر عقوبەیان بدەین، لەوانەیە بلێن بۆ عقوبەیان دەدەن؟ ئەوانیش دەوام ناکەن، بۆیە ئەو دەرماڵەیەمان داوە پێیان بۆ ئەوەی ئەرکەکەیان جێ بەجێ بکەن، بۆیە پێویستە بە پێی حقوقیان واجباتیان جێ بەجێ بکەن، ئاگاداری بەرێزتان دەکەینەوە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەرماڵە بە بڕیاری ژمارە 70، 2008/7/17 بڕیاری داوە بە بەخشینی دەرماڵەی پێویست بۆ چاکسازی، بەلام بەهۆی دواکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری، دەرماڵەکەشمان گوایە لە 100 هەزارەوە تیایەتی، پاسەوان کە شەهادەکەی کەمترە 230 هەزارە، بۆ رەقیب و مەئمور و ئەوانە نیسبەیەکی ترە، بۆ رەقیب 150 هەزارە، بۆ مەئمورەکانیش 100 هەزارە، هەر کاتێك تەسدیق کرا لە وەزارەتی دارایی ئێمەی جێ بەجێ ی دەکەین و بە سوپاسەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەم داوایەی ئێمەیان جێ بەجێ کرد، بە نیسبەت ئۆتۆمبیل هەموو بەرێوبەرەکان ئۆتۆمبیلیان هەیە، لەوانەیە کە لیژنەکە چوو حەزدەکەن بیگۆڕن، لەگەڵ ئەوەشدا داوامان کردووە سەیارەی تریشیان بۆ بکڕن، لە هەولێر حەوت سەیارەیان هەیە، لە سلێمانی 6 سەیارە هەیە، لە دهۆك 6 سەیارەیان هەیە، ئەگەر پێویست بکات بە پێی بودجەکە بۆیان جێ بەجێ دەکەین، داواکاری گشتی لە هەر دوو چاکسازی منالانی هەولێر و دهۆك بینای تازەیان بۆ دروست کراوە، لە سلێمانی ژووریان بۆ دابین کراوە، بەلام دامەزراندنی

**فەرمانبەران پێویستە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ئەنجامی بدات، سەبارەت بە بینای داواکاری گشتی لە دهۆك، کارەبای نیشتمانی هەیەو ئێستاش نوسراو کراوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ وەرگرتنی رەزامەندی، ئەو نوقتەیە دەمەوێت لەگەڵ داواکاری گشتی بکەم کە گلەیی ئەوەی کردووە کە کارەبای نادرێتێ، مەسائیلی کێبڵ و ئەوانە لە دەسەڵاتی ئێمە نیە، داوامان کردووە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بودجەیان بۆ دابین بکرێت، ئێستاش خەریکین کارەبای موەلیدەیان بۆ دابین بکرێت، مۆڵەتی خێزانی لە سلێمانی لە** 2004 **ەوە پەیرەو دەکرێت، پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە بڕیار دراوە لە هەردوو چاکسازی هەولێر و دهۆکیش پەیرەو بکرێت، ئەوەش پێویستی بە هەندێك موافەقات بووە کە تەواوی بکەین، حەتمەن ئەو موشکیلەیەش جێ بەجێ دەکرێت، بەردانی بە مەرج** (افراج شرطی) **لە چاکسازی بە پێی یاسا پەیرەو دەکرێت بە بێ جیاوازی لە هەر سێ پارێزگاکە، بە پێی ماددەکانی** 331 **و** 337 **لە یاسای بنەماکانی دادبینی سزایی، جگە لەو کەسانەی کە بە پێی یاسا کە یاسا نایانگرێتەوە، ئەم ئازادکردنەش بە بڕیاری دادگای کەتن دەبێت، لە ڕاپۆرتەکە باس لە سەرپێچی کراوە لە خاڵی** 16**، باسی ئەوە کراوە کە نابێت منالّ لە چاکسازی سزا بدرێت، لە یاسای چاکسازی دا عقوبە هەیە، حیرمانە،قەتع، مەنعی زیاراتە، یان هەتا ئەگەر منالێك شەڕێکی کرد، بە چەتالێك، بە چەقۆیەك، یەکێکی بریندار کرد، سجن دەکرێت و دەعواشی لەسەر تەسجیل دەکرێت، بە پێی یاسا تەعاملی لەگەڵ دەکەین، بەڵام ئەگەر کەسێك لە خارجی یاسا و تەعلیمات و قەوانین ئیجرائێك بکات، ئێمەش لێی دەپێچینەوەو عقوبەشی دەدەین، ئەوەشمان هەبووە و عقوبەشمان داون، سەبارەت بە سەرپێچی کردنی سزادان بە پێی سیستەمی سزادان داندراوە بۆ ئەو بەندکراوانەی کە سەرپێچی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان ئەنجام داوە، چونکە چاکسازی بێ جێ بەجێ کردنی سزای سەرپێچی کەر بەرەڵایی بڵاودەبێتەوە، لە ڕاپۆرتەکە باسی ئەوە کراوە سجنێك (نەوجەوان) وەکو عقوبە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر گوازرابێتەوە شتی وانیە، سەبارەت بە گواستنەوەی سزادراو، لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو هیچ سزادراوێك لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر نەگوازراوەتەوە، جگە لەو سزادراوانەی لە بەندیخانەی کەرکووك پێشتر وەرمان دەگرتن، ئێستا پاش تەواوکردنی تەمەنی** 18 **ساڵی ناچارین دەیانگوێزینەوە بۆ سوسێ، چونکە بە پێی یاسا ناکرێت لە سەرووی تەمەن** 18 **ساڵی تێکەڵاوی نەوجەوانان بێت، بۆ ئەوەی تەوزیحێکتان بدەمێ، ئێمە لە سجنەکانی کەرکووك نەوجەوان لەبەر ئەوەی شوێنیان نیە، ئێمە هاوکاریان دەکەین، بۆیە دەیانێرنە لای ئێمە، هەرچەندە ئەوانە کێشەو گرفتی زۆریان بۆ دروست کردووین، بەڵام کە مودەی قانونی تەمەنیان تەواو بوو، بە پێی قانون ناکرێت ئەوانە تێکەڵاوی نەوجەوانان بکرێن، ئەوانەش دەنێردرێنە سوسێ بۆ ئەوەیە کە سوسێ سجنی فیدراڵی عیراقە، نایان نێرن بۆ ئێرە لەبەر ئەوەی سجنی خۆیانە و خۆشیان مەسئولن بەرامبەریان، کردنەوەی خولی شیاندن لە بەرنامەی چاکسازی دا هەیەو بەردەوام کراوەتەوەو بڕیاریشمان داوە لە داهاتوودا چڕ تری بکەینەوە، بە هاوکاری پسپۆرانی بیانی و ناوخۆیی بۆ کارمەندان و توێژەران، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو دا** 19 **توێژەرو** 5 **کارمەند نێردراون بۆ وڵاتانی ئەمریکا و**

بەریتانیا و هۆڵەنداو سوید و نەمسا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و ئوستڕالیا و ئەلبانیا و کۆسۆڤۆو ئەردەن و لوبنان، جگە لەو خولانەی کە لە ناوەوە بۆ کارمەندانی چاکسازی ئەنجام دراون، بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی یونۆپس و یونسێف و ڕێکخراوی دیاکۆ و تیمی چاکسازی ئەمریکی و پەیمانگای نێو دەوڵەتی یاساکانی مافی مرۆڤی سەر بە زانکۆی تیپی شیکاگۆ، هەروەها کردنەوەی ۆرك شۆپ لەلایەن ڕێکخراوی هاردلاندی ئەمریکی و ڕێکخراوی گەشە پێدانی خەڵك، سەبارەت بە ڕاوبۆچوونی لیژنەکەش ئەوەندەی پەیوەندی بە وەزارەتمانەوە هەبێت بە کورتی وەڵامتان دەدەینەوە.

من بۆ خاڵی خولی شیاندن و ئەوانە، ئێمە ئێستا قەرارێکمان هەیە، ئەو کارمەندانەی کە تازە تەعیین دەکرێن، بڕیارمان وایە پۆلیسەکانیان لە 6 ی ئامادەیی کەمتر نەبن و لە خەریجی ئامادەیی بۆ سەرەوە وەریان بگرین، لەگەڵ خەبیرێکی سویدی ئیتیفاقمان کردووە کە هاوکارمان بێت بۆ دانانی بەرنامەیەکی باشتر، بڕیارمان وایە خولەکانمان لە ناو سجن دا بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی بەردەوام مەعلوماتیان بۆ تازە بکەینەوە، بۆ ئەوەی خیبراتی وڵاتانی دراوسێ و ئەوانەی کە عەقدمان لەگەڵ دا کردوون، ئیستیفادەیان لێ بکەین، سەبارەت بە راوبۆچوونی لیژنەکە لە بڕگەی 4 هەروەکو باسمان کرد کە دروست کردنی بینای تازەیە، نەوەکو کێشەی پۆلین کردن سەرجەم کێشەکان چارەسەر دەکرێت، بڕگەی 5 بۆ چاوخشاندنەوەیە بە گۆڕینی ماوەی سزا، بە تایبەت ئەو کەسانەی 6 مانگ سزاکەیان تێ ناپەڕێت، پێویستە لە پەرلەمانی کوردستان یاسای بۆ بچێت، چونکە لە یاساکانی عیراقی دا نیە، ئەوانەی ئەو مودەیان تەواو نەکردووە کە لە 6 مانگ کەمتر بێت، ئێمە ناتوانین بە پێی یاسا تەعاملی لەگەڵ بکەین، هەر قەرارێك دەرچوو ئێمە جێ بەجێی دەکەین، با لیژنەی یاسایی خۆیان پرۆژە یاسایەك ئامادە بکەن لە پەرلەمانی کوردستان، بەربوونی بە مەرج لە هەموو بەرێوبەرایەتیەکان بە پێی یاسای بنەماکانی دادبینی سزای پێویستە، ئەو ماوەی سزا دەیگرێتەوە لە ماوەی ساڵێك 4 مانگە، ئەگەر مەبەست لە گۆڕینی بێت پێویستە ئەوەش هەر دەبێت خۆتان لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدەن یان تەعدیلێکی بۆ بکەن، لە دوا بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە 2520 لە 9/1 ەوە رەزامەندی نیشان دراوە، بە دامەزراندنی کارمەند بۆ چاکسازی، لەم ڕۆژانە بانگەوازی بۆ دەکەین، تەبعەن قیاسمان بۆ تەعینەکان ئەوەیە ئیعلانی بۆ بکەین بەپێی مەرجەکانی خۆمان، هەرکەسێك سیدی خۆی تەقدیم بکات، ئەو مەرجانەی کە لە دوای مەعامەلە کردنەکە بە کەڵکی چاکسازی هات ئەوە وەردەگیردرێت، سەبارەت بەو کەسانەی لە دەرەوەی هەرێم دێن و کاری لەشفرۆشی ئەنجام دەدەن، پاش دەستگیرکردنیان لە لایەن دادگاکانی هەرێم سزا دەدرێن، ئیشیش لەسەر کەیسەکەیان کراوە، پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دادی عیراقی بکەین بۆ گوێزانەوەیان، ناکرێت ئەوە لەودیو دەردەکرێنەوە و لە لایەکی تردێنەوە، ئەم حاڵەتەمان زۆر بووە، جگە لە مەسائیلی ئەمنی بۆ نەقل کردنیان کێشەی تریشی زۆرە، ئەگەر وەزارەتی عەدلی عیراقی موافەقەی بکات ئالیەتێك بدۆزینەوە بۆ ئەو مەسەلەیە، بڕگەی 10 و 11 سوپاسی لیژنەکە دەکەین کە لە نزیکەوە توانیویانە ئاشنای کێشەکانمان بن و لە نزیکەوە کەموکوڕیەکان دەست نیشان بکەن، پاش بەگەڕخستنی وەرشەکان بە

بینای تازە، کێشەی فراوان بوونیان چارەسەر دەکرێت، سوپاس بۆ لیژنەکە 15 دانە ئاماری تازەی ئەتاری بۆ بەرێوبەرایەتی ژنان ونەوجەوانانی هەولێر دابین کردووە، هەروەکو پێشتر باسمان کرد، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە 906 لە 4/27 ڕەزامەندی داوە بە دروست کردنی بینای تازە لە هەر سێ پارێزگاکان و گەرمیانیش، کە ئێستا ئیشی لەسەر دەکرێت، سەبارەت بە ئاستی نزمی خوێندن، بە بەردەوامی خولی فێربوونیان بۆ دەکرێتەوە، سەرەڕای بوونی قوتابخانە لە چاکسازی، هەروەها ئێمە پشتگیری بۆ دانانی سنوورێك بۆ ڕۆژنامەنووسان دەکەین کە زۆر کێشەیان بۆ دروست کردووین، لە کۆتایی دا دووبارە دەست خۆشی لە سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی ناوبراو دەکەین، ئەوەش بە بیر بەرێزیان دەهێنینەوە کە وەزارەتمان لەسەر هەڵسەنگاندنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەو سێ وەزارەتە بوو کە پلەی باشی پێدراوە، هەوڵی بەردەوامیشمان داوە بۆ باشتر کردن لە هەموو ڕوویەکەوە، لەگەڵ باشتر کردنی ڕەوشی گوزەرانی کارمەندانین بە مەبەستی خزمەت کردنی چاکسازی و بۆ گەڕانەوەی ئەو کەسانەی کێشەی یاسایان هەیە بە شێوەیەکی سوود بەخش، تەبعەن لەگەڵ نووسراوەکەمان دا ئەوەی ڕاپۆرتەکەی یۆنامی وەڵامەکەمان داوەتەوە و ئەوەی چاکسازی لە لای بەرێزتان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەو وەڵام دانەوەی کە تیشکی خستە سەر ئەو خاڵانەی کە لە ڕاپۆرتەکە دا هاتوون، هەروەها لە ڕاپۆرتی یۆنامی داهاتوون، دیارە هەندێك مەسائیل هەیە کە ئەو لە ڕێگا دایە بۆجێ بەجێ کردنی، ئەو لایەنانەی کە نیشان دراوە لە ڕاپۆرتەکە، ئەوانیش هەستیان پێی کردووە، وەکو دانانی کارمەند بۆ چاکسازی کە موافەقەکەی وەرگیراوە، ئایا موعامەلە کردنە، زۆر لەو مەسەئیلانەی روون کردەوە، لەگەڵ ئەوەش دا دەبێت هەموومان هاوکار بین، چونکە ئەوە تەنها ئەرکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی نیە، ئەرکی وەزارەتی تەندروستیە، ئەرکی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەرکی ئێمەیە بە تایبەتی لیژنە پەیوەندارەکان کە هاوکاریان بین، چونکە مەسەلەیەکی گرنگە، ئەگەر توانیمان لە شوێنێك دا چاکسازی بکەین، ئەوا دەتوانین لە شوێنەکانی تریش دا بیکەین، بۆیە من حەزدەکەم وەڵامەکانی جەنابی وەزیر بە هەند وەربگرن، ئەگەر پرسیاریشتان هەیە لەسەر مەسەلەکان، تکایە زۆر کورت بێت و بە نەوعێکی تر پرسیارەکە دووبارەنەکەنەوە، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم و دەست خۆشی لە کارە باشەکانیان دەکەم، من دوو پرسیارم هەیە، ئەگەر جەنابی وەزیر بۆمان باس بکات، تا کوێ گرتووخانەکانی ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستان بە تایبەتی گرتووخانەکانی ئافرەتان و منداڵان دەوری چاکسازی دەبینن؟ بەدواداچوونتان هەبووە بۆئەوەی کە بزانن ئەوانەی کە لە گرتووخانانە دەرچوون تاوانیان ئەنجام نەداوەتەوە، ئەو ماوەیەی کە لەوێ بەسەریان بردووە کاریگەری هەبووە؟ ساڵ و نیوێك بەر لە ئێستا دانیشتنێك کرا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر

گرتووخانەکان، ئەو کاتە بۆمان دەرکەوت کە یەك دوو حاڵەت هەبوو کە ئافرەت گیراوەو کۆرپەی بچووکی لەگەڵ دابووە، ئایا ئەو حاڵەتانە تا ئێستاش هە ماوە؟ یاخود چارەسەر کراوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەست خۆشی لە لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ دەکەم بۆ ئەو سەردانەیان، بەڵام باشتر وابوو ئەم سەردانە بە هاوکاری لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیش بوایە، چونکە زۆربەی راپۆرتەکەی ئەوان دەربارەی کێشە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکانە نەوەکو کێشە یاساییەکان، ئەوەی کە گرنگە ئێمە ئیهتیمام بە ئەوانەی دەدەین کە تاوان یان کەتنیان کردووە، بەڵام لەوە گرنگ تر ئەوەیە کە ئێمە ڕێژەی تاوان کەم بکەینەوە و بە دوای هۆیەکانی تاوان دا بگەڕێین، ئەوجا بەدواداچوونمان هەبێت، بۆ ئەوانەی کە تاوانیان کردووەو لە چاکسازیەکان دا کاتێك بەسەر دەبەن، ڕێژەی دووبارە بوونەوەی تاوان چەندە بۆ ئەوەی ئەنجامەکەمان هەبێت؟ ئێمە دەبێت بزانین باروگوزەران و ژیانی خەڵکی تاوانکار لە دەرەوەی بەندیخانە و چاکسازیەکاندا چۆنە؟ ئیش لەسەر چاك کردنیان بکەین، ئەگەر بەندیخانەکانمان بکەینە ئەو شوێنەی کە خەونی پێوە ببینرێت، ڕەنگە ئەوە لە داهاتوودا ئەگەر وەزعی کۆمەڵگامان وەکو ئێستا بێت دەبێتە هاندانێك بۆ ئەوەی خەڵك بچێت تاوان بکات و کاتێکی باش لەوێ بەسەر بەرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد رشید فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی 10 کە دەربارەی پاسەوانی ژنە، مەوزوعی دەرماڵە هاتووە لێرە وەکو عقوبەیەك داندراوە، ئەگەر هاتوو هەر ژنێك پاسەوانی نەگرێت هەر لە چاکسازی لابردرێت، نەك دەرماڵەکەی، من پێم وابێت دەرماڵەکە عاید بە شتێکی ترە نەك بە ئەوەی کەوا ئەگەر تایبەتە بەوەی کە خەفارەتی شەو بێت، یاخود لە جێگەی بڕێك پارە بێت بۆ ئەوەی کە شەو حەراسەت بگرێت، ئەوە شتێکی ترە، خاڵێکی تر کە حەزدەکەم پیشانی بدەن، مەسەلەی سنوور دانان بۆ ڕۆژنامەنووس، ڕاستە هەندێك جار ڕۆژنامەنووسان شتێك دەوروژێنن لەداوایدا موشکیلەیەکی لێ دروست دەبێت، بەڵام ڕاستیەکەی سنووردانان بۆ ڕۆژنامەنووس و مەنع کردنی بۆ ئەوەی کە سەردانی ئەو شوێنانە بکات، وا دەزانم زەرەرێکی گەورەی تیادا

**دەکەین، لەبەرئەوە زەرورە هەمیشە ئەو دەزگایانە ئاگاداری خۆیان بن و بە شێوەیەکی ڕێك وپێك کاری خۆیان بکەن، زەرورە زمانی ڕۆژنامەنووس هەمیشە لە کارکردن دا بێت، لەگەڵ ڕێزم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك انور فەرموو.**

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی مافی مرۆڤ بەشدار نەبوو لە ئەو راپۆرتە، هەروەکە جەنابت ئاگاداری هەر لیژنەی یاسایی ئەوەی کردووە، ئەسڵیش وایە کە لیژنەی مافی مرۆڤ مەعنی تر بێت بۆ مەوزوعی مافەکان، ئەو دوو چین و توێژە کە نەوجەوانان و ئافرەتانن، ئەوەندەی کە پێویستیان بەوەی هەیە کە حەق و مافیان بۆ دابین بکرێت ئەوەندە پێویستیان بە سزاو بە سجن نیە، لەبەر ئەوە من پێم چاك بوو باسی هۆکارەکانی دەستگیرکردنی ئەو نەجەوان و ئافرەتانە بکرێت، لە دوای هۆکار بگەڕێین بزانین سەبەبی چیە کە گیراوە، بۆ چاکسازی حەق وایە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی ئەوقافیش بکرێت، ئێمە بوعدە پەروەردەیەکەمان لەبیر نەچێتەوە کە ئەو دوو چین و توێژە، بە تایبەتی نەوجەوانان زیاتر پێویستیان بەوە هەیە کە بەیانی دەرچوو لە سجن نەگەڕێتەوە سەر عەینی کار، یەعنی ئەگەر تەنسیقێك بکرێت لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف بۆ پڕکردنەوەی ئەو لایەنە شتێکی باشترە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك بەڵێن فەرموو.**

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دوو ساڵ بەر لە ئێستا هەر چوار لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی مافی داکۆکی کردن لە ژنان و لیژنەی مافی مرۆڤ، هاتن لێرە بە حزوری وەزیرە بەڕێزەکان ڕاپۆرتی خۆیان خوێندەوە، من ئێستا ئەو ڕاپۆرتەی ساڵی 2006 لەبەردەستم دایە کە خوێندیانەوە، ئەو ڕاپۆرتەی کە ئێستا ئامادەیان کردووە پاش دوو ساڵ هەمان سەرنج و تێبینی تیکرار بووەتەوە لە هەردوو راپۆرتەکان، جەنابی زۆر لە پرسیارەکانی ئێمەی وەڵام دایەوە، بەڵام بەزۆری کێشەی بینایان هەیە، بەڵام دەکرێت ئێمە چاوەڕێ بین بۆ ئەوەی دووساڵی تر بکەوێتە تەنفیز، مومکینە جێ بەجێ کردنەکەی دوو ساڵی تر بخایەنێت، لەبەرئەوە کێشەی بودجەیان هەیە، پێویستە بە زووترین کات چارەسەر بکرێت، ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی یۆنامی داهاتووە مەسەلەی نەخۆشی کە وەزارەتی تەندروستی تا ئێستاکە نەیتوانیوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، دەکرێت ئێمە بێینەوە راپۆتەکی تر ئامادە بکەین و هەمان سەرنج و تێبینیمان هەبێت و تیکرار ببنەوە، لەبەرئەوە پێویستە ئیجرائاتی پێویست وەربگیردرێت سەبارەت بەو مەوزوعانە، بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندیان بە بیناوە نیە، دەکرێت هەندێك شت بکرێت پەیوەندی بەبیناوە نەبێت،**

دامەزراندنی کارمەندە، مەسەلەی ئاوە، مەسەلەی نەخۆشیەکانە، توێژەر دابمەزرێت، ئەوانە هیچ پەیوەندیان بە بیناوە نیە، پێویستە چارەسەربکرێت، بۆ ئەوەی جارێکی ترو ساڵێکی تر نەیەینەوە هەمان تێبینی و مولاحەزەمان هەبێت لەسەر شتەکان و بە ڕاپۆرت وەڵام بدرێتەوە و باس بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی سوپاسی لیژنەی یاسایی دەکەم، چونکە دەرفەتێکی گەورەی خولقاند بۆ ئەوەی دیراسەی ئەو مەوزوعە بکەین، هەروەها بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، بەڵام رەخنەیەکی یەکجار توندوتیژم هەیە لە جەنابی وەزیر و لە جواب دانەوەکەی سەبارەت بە خاڵی $1$ ، دەڵێ لە ڕاپۆرتەکە ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە کە هیچ بەندکراوێك لە لایەن بەڕێوبەرایەتیەکانی چاکسازی فەرمانی گرتنیان لە لایەنی پەیوەندار لەگەڵ نەبێت کە خۆی لە دادگا و ئاسایش و پۆلیس، ئەمە شتێکی زۆر خراپە، ئێمە بڵێین سجنمان هەیە و بە ئەمری پۆلیس، سجنمان هەیە بە ئەمری ئاسایش، سجن و چاکسازی تەنها دەبێت بە ئەمری مەحکەمە بێت، مەحکەمە بڕیار بدات لەسەر یەکێك کە حوکم دەدرێت، ئەوجا بنێردرێت، پۆلیس حەقی ئەوەی نیە خەڵك بنێرێت بۆ سجن، نابێت حەقی هەبێت، ئەمە بخرێتە سەرو وەزیرێك ئەوە بڵێت! ئەوە شتێکی زۆر خراپە، بە نیسبەت راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی لە خاڵی $4$ دەڵێت، خانووبەرە دروست بکرێت بۆ بەڕێوبەرایەتی و ئەو کەسانەی کە ئیش دەکەن لە سجنەکان، کاکە لە شوێنان ئەوانەی کە لە چاکسازی و سجن ئیش دەکەن، نە ناوی خۆیان و نە ئەدرێسیان نابێت کەس بیزانێت، بەڵام تۆ خانوو و ئەدرێسی ئاشکرا دەکەی و دەیبەیتە پاڵ چاکسازی دایدەنێت، سبەی خەڵك دەزانێت ئەو کەسانەی کە لەوێ گیراون، نەفسیەت خەڵکی تیایە نەخۆشە، خەڵکی وای تیایە بە تەمای تۆڵە سەندنەوەیە، ئەگەر سوڕ بزانێت ماڵەکە لە کوێیە، ئەوەی کە من شەخسی خۆم مەعلوماتم لەسەری هەبێت، لەو سجنە توندوتیژانەی ئەمریکا خەڵك ڕا دەکات، خەڵکێك لەوێ ڕابکات و خۆی بکات بە ماڵی بەڕێوەبەرەکە مناڵەکانی بکوژێت، ئەمە دەبێت، بۆیە ئەمە هەر زۆر نا مەدروس بووە ئەم خاڵە، لەبەرئەوە من ئەوە هەر رەفز دەکەم و حەزیش دەکەم ئەندامانی پەرلەمان ئەو خاڵانە هەمووی روفز بکەنەوە، کە ئەو کەسانەی کە عیلاقەیان بە سجنەوە هەیە ماڵ و حاڵیان نزیك سجن بێت، من لە تێبینیەکان دا شتێکم مولاحەزە کرد، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان مەجالم بدات، لە کۆمەڵگای مەدەنی عادەتەن کە یەکێك حوکم دەدرێت لە ماوەی یەك ڕۆژەوە بۆ دوو هەفتە ئەو کەسە لە تەوقیف نەقل دەکرێت بۆ شوێنێك کە سجنە، بەڵام سجنی دائیمی نیە، سجنێکە دکتۆری لێیە، ناحیەی نەفسانی لێیە، مەسەلەن کانسڵەری لێیە، پسپۆری یاسایی لێیە، تەحقیق لە قەزیەی ئەو شەخسە دەکەن بە پێی قەناعەتی خۆیان پاش ئەوەی کە هەموو فحوساتێکی دەکرێت، هی خوێن و شتی تر، ئەی دی هەیە یان نیەتی، ئەمانە هەمووی دەچێتە فایلەکەیەوە، ئینجا

**دەست نیشانی ئەوە دەکرێت بۆ کوێ بنێرێت، تەبیعی لەو قەزایانە پێویستیان بە ئیسلاح هەیە، پێویستیان بەوە نیە بخرێنە سجنەوە، زۆرواردە ئێمە کە سەیری سجنەکان دەکەین، بە هەزارو دە هەزار نیمانە، هەمووی مەحدودە، 31 لەوە و 32 لەوەو، یەعنی هەمووی کۆمەڵەکەی 100 کەس ناکات، تۆ دەتوانی لە دێیەك دا خانوویەك بکەیتەوە، یەعنی ئیحتیمالە بە 3 مانگ بتوانی خانوویەك بکەیتەوە کە بتوانی موئەسەسات و پەیڕەو پرۆگرام و شتی وای تیا بێت کە بتوانێت چاکسازی بکات لەو شەخسە، ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە حوکمەکانیان کەمە یان حوکمی نەفسیان هەیە، بەنیسبەت ئەوانەی تریشەوە، تەبیعی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای مەدەنی خەڵکێك کە دەچێتە سجن بەرنامەی بۆ دادەنێن، ئەمە جگە لەوەی لە سجنە گەورەکاندا مەکتەبی تیایە لە سەرەتاییەوە بۆ ئامادەیی، تەنانەت جامیعە بە ئەنواع هینەکانەوە، بۆ نموونە ئەوە حقوقە، ئەوە حیساباتە، ئەمە کۆمپیوتەرە......هتد، بەڵام لە شوێنێکی وەکو ئێمە ئەگەر ئیمکانیەتمان نیە هەر هیچ نەبێت با لاسایی وڵاتانی تر بکەینەوە و هەندێك هەنگاوی ڕێك و پێك بنێین، ئەو کەسەی کە دەچێتە چاکسازی با بەرنامەی بۆ دیاری بکەین، کۆمەڵێك بەرنامە کە بریتی دەبێت لەو خۆشیانەی کە لەناو کۆمەڵگاکەمان دا هەیە، ئیتر ئەگەر مەسەلەی دزی بێت، ئەگەر مەسەلەی ئەخلاقی بێت، ئەگەر مەسەلەی دەوڵەمەند بوون بێت بە ناحەقی، با پرۆگرامەکان بۆ دیراسە کردنی ئەوە بێت، ئەو کاتە ئەو کەسانەی کە حوکمەکەیان دوو ساڵە کە 6 مانگی دەمێنێت بۆ ئەوەی ئەم عونسرە جارێکی تر پاش دوو ساڵ یان 10 ساڵ بتوانێت بچێەوە ناو کۆمەڵگا بەرنامەیەکیان هەیە پێی دەڵێن (ووٚرك فۆر لۆو) یەعنی ئیش کردن بۆ قانون، ئەمانە دەبەنە ناو شارەکان، مەسەلەن لە سلێمانی بڵێین 10 کەس هەیە لەم بابەتە، خانوویەك دەگرن ئەو خانووە یەك، دوو کەسی بۆ دادەنێن بۆ محافەزەو خەڵکێکیش بەناوی کانسڵەرەوە، ئەم کانسڵەرە چی دەکات؟ دەچێت ئیش بۆ ئەوانە پەیدا دەکات، دەیانباتە سەر ئیش، 6 مانگی ئەخیر خۆ ئامادەکردنە پێی دەڵێن(ڕۆتەیشن) بۆ گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگا، بەیانیان دەچێت بۆ ئیشەکەی، ئێوارانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنە، ئەم 6 مانگە لەوێ دەیباتە سەر لە ماوەی ئەو 6 مانگەدا، ئەگەر کەموکوڕیەك لە مێشکیدا هەبێت، ئەو کانسڵەرە ئیشرافی دەکات و تەوجیهی دەکات، ئەگەر کەسێك توانی لە ماوەی ئەو 6 مانگە دا بتوانێت خۆی وا بگونجێنێت کە بتوانێت ئەو کانسڵەرە قەرار بدات کە ئەوە شیاوی ئەوەیە بچێتەوە ناو کۆمەڵگا، ئەو کاتە دەگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا، بەرنامەی تریشیان هەیە لە هەندێك شوێن مەسەلەن حاسلاتی زراعیان هەیە، ئەو 6 مانگە لە خانوویەك لە مەنتیقە کە دەبن و یارمەتی فەلاح دەدەن، یارمەتی دائیرەی کوژانەوەی ئاگر دەدەن، یەعنی ئێمە دابنیشین پرۆژەو پرۆگرامێك دابڕێژین، ئەو خەڵکە بە شێوەیەك چاکسازی بکەین لەگەڵیاندا کە بتوانێت جارێکی تر بچێتەوە ناو کۆمەڵگا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك جعفر فەرمووە.**

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەست خۆشی لە لیژنەی یاسایی دەكەم ئیشەكی باسیان كردووە، زۆر سوپاس بۆ وەڵامەكانی جەنابی وەزیریش، بەشی یەكەم ماددەی 8 ی بە رەئی من، ئەگەر ئەوە تەحدید بكرێت بۆ ئەو نەوجەوانانە كە15 ڕۆژ جارێك مۆڵەتیان پێ بدرێت كە كەسێك بتوانێ كەفالەتی بكات با بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، ئەمە موهیمە، لە مناسەبەتەكان دا بگەڕێنەوەماڵەكانیان، ئەوەش هەموویان نا تەنها ئەو كەسانەی كە قابیلی ئیجازە دانن، خاڵێكی ترم پێم وایە پێویستە مامۆستایانی ئایینی ئیستیفادەی باشیان لێ بكرێت، یەعنی مامۆستایەكی ئایینی موتەخەسس بێت بەو ئیشەو لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی كە دەرس دەڵێنەوە، بەلای كەمەوە هەفتەی جارێك با بچێت قسە بۆ ئەو نەوجەوانانە بكات، چونكە ئەوە تەئسیرێكی زۆری دەبێت، ئەگەر سەیری مزگەوتەكانی كوردستان بكەین، زۆربەی زۆری نەوجەوانەكان دێن بۆ نوێژ، پێشنیارێكم بۆ جەنابی وەزیر هەیە با هەوڵ بدرێت ئەو بینایەی چاكسازی لە قەزا گەورەكان بكرێتەوە، چونكە نەقڵی نەوجەوانێك لە ناحیەكەوە بۆ ناحیەكی ترو لە شارێكەوە بۆ شارێكی تر تەئسیرێكی ماددی زۆر دەكاتە سەر ئەو سجنە، ئەگەر لە قەزا گەورەكان دا ئەو سجنانە هەبێت شتێكی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە، یەكێكیان سەبارەت بەو منداڵانەی كە دایكیان حوكمی سجنی بۆ دەدرێت، ئایا ئەو منداڵانە تا تەمەنی چەند لە سجن دەمێننەوە؟ دوای ئەوەی كە دەگەنە ئەو تەمەنەی كە لە سجن دەردەچن، ئەگەر كەسێ: نەبێت بیانگرێتە خۆیان لە كەسوكاری خۆی، ئایا شوێنی تایەبەت هەیە كە بە ژیانێكی ئاسایی خۆیان بژین؟ یەعنی نەزانرێت ئەوە كەسێكە كە دایكی لە سجن دایە، یەعنی لە ناحیەی دەروونی تەئیسری تێ نەكات و بە شێوەیەكی ئاسایی خۆی بژیت، پرسیاری دووەمم ئەوەیە ئایا ئەو كەسانەی كە نەخۆشیەكی دەروونیان هەیە بۆ نموونە (شیزۆفرینیا) یان هەیە كار دەكاتە سەر ئەوەی جاری وا هەیە جەریمەی قەتلیش بكات، ئایا ئەو كەسانە لە مەحكەمەوە كە تەحویل دەكرێن دەچنە نەخۆشخانە؟ دوای ئەوەش كە چاك دەبێتەوە دەبردرێت بۆ نەخۆشخانەی تایەبەت و چارەسەر دەكرێت؟ دوای ئەوەش دووبارە دەگەڕێندرێتەوە سجن؟ یان لە نەخۆشخانە دەردەچێت و حوریەتی خۆی وەردەگرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو صبریە فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش تەئکید لە خاڵێك دەکەمەوە بە ئومێدی ئەوەی یەعنی دووبارە نەبێتەوە، دەست خۆشیەکی زۆر بۆ ئەو لیژنەیە کە بەڕاستی ماندووبوونە، ئەگەر بە سێ تەوەر دامان بەزاندبایە تەوەری حقوقی ئیجتماعی و تەوەری حقوقی قانونی وا بزانم زیاتر وازح دەبوو، کە هەر سێ لیژنەکە دەوریان ببوایە لە راپۆرتەکە، ئێمە دەتوانم بڵێم سێ تا چوار راپۆرتمان هەیە، ئەو مەعلوماتانەی کە ئێستا هەمانە لە لای ئێمەش دا هەمووی حزوری هەیە، خاڵی دووەمم، بەرێز جەنابی وەزیر، ئێمە گرفتێکمان بەدی کرد لە بەشی چاکسازی، ئەو کەسانەی کە حوکمیان تەواو دەبێت، سەقافەی کۆمەڵگا وایە تەفەهومی چاکسازی ناکات، باوك نایەوێت کچەکەی رووی تێ بکاتەوە، ئێوە چیتان کردووە بۆ چاکسازی کردنی باکگراوندی رۆشنبیری ئەو خێزانە کە بتوانێت جارێکی تر ئامێزی بکاتەوە بۆ کچەکەی یان بۆ خێزانەکەی، یەکسەر تەڵاقنامەی بۆ ژنەکەی ناردووە بۆ ئەو شوێنە، کە دەبێت کارێکی باشیش لەسەر ئەو شوێنە بکرێت، چونکە ئەو کەسانە ئەگەر تەغییریشیان تیادا دروست بوو بێت کۆمەڵگا ئامێزی خۆی ناکاتەوە بۆیان جارێکی تر، خاڵی دووەمم لە راپۆرتەکەی جەنابت یەکێك لە گرفتە زەقکان ئەوەیە کە نەریتێکی نایاسایی لە ناو ئێمەیە، ئەو مەسەلەی مەوقوفە، ئەو کەسەی کە دەگیردرێت 6 مانگ، ساڵێك، ساڵ و نیوێك بەسەری دا چووە و هەتا ئێستا هیچ لێ پرسینەوەیەکی لەگەڵ دا نەکراوە، لە راپۆرتەکەی جەنابت ئاماژە نەکراوە بە ئەوە، خاڵێکی ترم گرفتی ئێمە ئەوانەی حزوریان هەیە لەو بەشانە بەشی پسپۆری زەرورە، موەزەفینی تیا هەیە، بەڵام پسپۆری کە بتوانێت ئەو کەمەش کە هەیە دەوری ئیسلاحی ببینێت، مەکتەبەیەك هەیە ناتوانێت بزانێت ئەو کەسانە چۆن فێر بکات و چۆن بخوێنێتەوە، یان ئەگەر خۆی چووە دزیکردووە، بەڵام چەند حاڵەتێك لە دزیەکە دوو، سێ کەسی تر هەن ئەخلاقیاتی تریان هەبووە و تووشی ئەوەش بوونە لەگەڵی، ئەمە بۆ؟ چونکە ئەوانە وەکو پسپۆرێکی کارا ناتوانن ڕۆڵ ببینن، چیتان بۆ ئەو بەشە کردووە بۆ گۆڕانکاری؟ زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.شکریە فەرموو.

**بەرێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێزت پێری ئاماژەت بەوە کرد گوتت حەز دەکەم راپۆرتەکە بە وردی بخوێننەوە، جا منیش راپۆرتەکەم بەوردی خوێندووەتەوە، بۆیە ئەگەر بوارم بدەیت و قسەکانم نەبڕن هەندێك بۆچوونی تایبەتیم هەیە، هەم پرسیارەو هەم بۆچوونی تایبەتی خۆمە، دەست خۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم کارێکی چاکیان کردووە لە سێ سەردانی جۆراو جۆردا سەردانی سێ شاریان کردووە، هەروەها سوپاسی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیش دەکەم کە بەڕاستی بەووردی دەست نیشانی خاڵەکانی کردووە و زۆر بەڕاشکاوانەش وەڵامی دایەوە، من حەز دەکەم ئاماژە بە کۆمەڵێك کەتن و تاوان بکەم کە هەموو ئەمانە وەکو یەکە، پێم باش بوو

لیژنەکە هەموو خاڵەکانی یەك بخستبا، ئەوەیان ئەو دوور و درێژیەی نەدەویست، خاڵێکی ترم ئەو داتایەی کە دایناوە بۆ هەر شارێك کە من لە لای خۆم هەموو داتاکانم کۆکردووەتەوە و نووسیومە، مەحکومەکان، گیراوەکان، هەروەها کچ و ژنەکانیش بەجیا، هی هەر سێ شارەکە 179 کەسمان هەیە، حەزم کرد هەر هیچ نەبێت هۆکاری گرتنی ئەو مەحکومانەیان روون بکردایەتەوە، هەروەها ئاماژەی بەوە کردایە و لە وەزیری بپرسیایە هۆی چیە لە هەولێر 31 مەحکوممان هەیەو کەچی لە سلێمانی 23؟ یان بۆ نموونەلە دهۆك 20 ژن مەحکومە کەچی لە شارەکانی تر ئەو مەحکومە نیە، جا لەبەر ئەوە ئەمە هۆکارێکی تایبەتیە دەبێت ئێمە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، خاڵێکی تر دەربارەی پرۆژەی ئیستهلاکیە کە لە ناو سجنەکانە، من پێم باش بوو بەرهەمهێن بێت، یەعنی ئیستیفادە لەو هێزو وەزەیەی کە لەناو سجنەکان دا دەیکەن، نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە، من ناسیارێکمان هەیە کە دراوسێمانە، کوڕەکەیان لە یەکێك لە شارەکانی ئەوروپا گیرا، پاش ئەوەی کەوا بەربوو، هێندەی پارەی لەناو سجنەکە کۆکردەوە بەهۆی ئەوەی کە پاتری دەخستە ناو پاکەتەوە سەیارەیەکی ئاخر مۆدێلی پێ کڕی، ئەمە یەك، دوو هێندە کتێبی خوێندبووەوە کە بۆی باس دەکردم من تەقەی سەرم دەهات کە مامۆستای رۆمان بووم لە کولیەش، هێندە مەعلوماتی پەیدا کردبوو، واش چاکسازی کرابوو کە بەڕاستی مرۆڤێکی تر بوو، ئایا ئەوانەی کە دێنە دەرەوە ئەو چاکسازیانەیان بۆ دەکرێت؟ ئایا فیلمی جۆراوجۆر دەربارەی هەڵسانەوەی کەسایەتی ئەوانەی کە لە ناو سجنەکان بە تایبەتی مەحکومەکان، جۆرە فیلمیان پیشان دەدەن لە پاڵ ئەو وۆرك شۆپە، سەرتاشین و دورمان و ئەم شتانەی کەوا هەموو مرۆڤێك دەیزانێت، خاڵێکی تر من پێم باش بوو کە باسی پەرتوکخانە دەکرێت هەموو ئاماژەیان پێی کرد کە زۆر لاوازە، من پێم باش بوو ئەو دوو حیزبەی کە لە کوردستان هەیەو لەگەڵ حیزبەکانی تر دا هەموویان خاوەنی گۆڤارو رۆژنامەن، چەندین دەزگای گەورەی وەکو سپیرێزو وەکو سەردەم و وەکو موکریان و وەکو ئاراس و وەکو شەفەقمان هەیە، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی داوا لەو دەزگایانە بکات کە هەمووی خاوەنی هەزاران کتێبن و چاپیان کردووە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا سجنەکان دەبنە کتێبخانەیەکی نایاب، پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە، ئەو ئافرەتانەی لەسەر مەسەلەی لەشفرۆشی یان ئەوانەی بردوویانە کە لە کوردەواری دا پێیان دەڵێن (قەوادە) ئایا ئەوانە هەمووی بەیەکەوە داندراون؟ چونکە من لە کتێبێك کە خوێندمەوە (ئۆڤیانوسێك لە تاوان)، باسی ئەو ئافرەتانە دەکات کە ئەو کچانەیان بردووە بۆ کەسانی تایبەت، بەڵام هەر لەناو سجنەکە تەحریکی کردوون و کە هاتوونەتە دەرەوە هەمان کاریان کردووە، ئایا ئێوە ئەوانەتان جیا کردووەتەوە لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە خاوەنی ئەو پیشە ناشیرینەنە کە ئێستا لە ئەوروپا قانونێکی تایبەت داندراوە کە بە داخەوە من داوا دەکەم لە بەڕێزتان یاسایەکی تایبەت دابندرێت بۆ ئەو ئافرەتانە و ئەو پیاوانەی کە ژن دەکڕن بۆ پارەو دواتریش دەیفرۆشن، ئەمە چونکە ئێستا لە هەموو ئەوروپا واریدەو ئەو خوشکانەی کە لە گەڵمان دابوون کە چووینە سوید ئەو یاسایانەیان بۆ ئێمە باس کرد، پرسیارێکی ترم ئەو مەحکومانەی لەسەر تاوانی کوشتن و دزین و داوێن پیسی هەن ئایا هەموویان بەیەکەوەن لەناو سجنەکە؟ خاڵێکی تریشم بەڕاستی بۆ

وەزیرە، کۆمەڵێك لە دهۆك ئەشکەنجە دراون، ئایا بەڕێز هیچ لێپێچینەوەتان لەگەڵ ئەو پۆلیسانە دا نەکرد کە ئەشکەنجەی ئەو نەوجەوانانەیان داوە؟ خاڵێکی ترم باسی ئەوە کرا کە بەس لە دهۆك مەسەلەی لەشفرۆشی هەیە، هەروەکو کاك بەڵێن ئاماژەی پێی کرد لە سلێمانی و لە هەولێریش ئەو بابەتانە زۆر هەیەو زۆریش بڵاون، بۆچی ئەوە داوا دەکات لیژنەی یاسایی بینێرنەوە بۆ شارەکان؟ مەحکەمە هەر یەك مەحکەمەیە، ئێمەش هەرچەندە لە هەرێمێکی فیدراڵین، بەڵام لەگەڵ عیراق دا ئێستا یەکین، با حوکمی خۆیان بدرێن کە ئەو کارە ناشیرینانەیان کردووە و هاتوونەتەوە، خاڵێکی تر، ڕۆژنامەنوسەکان بەڕاستی نهێنی پەرست نین، بەڕاستی داوا لە وەزیر دەکەم ئەو کۆمەڵە توێژەرە کۆمەڵایەتیە لەوێن، ئێستا ئەمڕۆ شتێکم خوێندووەتەوە لەسەر مەسەلەی ئیمان بە ناوێکی تایبەتی خۆیەتی کە ناوی راستەقینەیە لە دهۆك کە گیراوە دەڵێ من بۆ کوێ بچم وەکو کە صبریە خان ئاماژەی پێی کرد، باوکی کوژرا، کەسوکاری حاشایان لێی کرد و منداڵێکی دوو ساڵەشی هەیە، ئێستا هاوار دەکات دەڵێ من 15 ساڵ حوکم دراوم و منداڵەکەشی دوو ساڵە، کەواتە کە دێتە دەرەوە ئەگەر منداڵەکە ئێستا دوو ساڵ بێت ئەو کاتە دەبێتە 17 ساڵ، ئایا لەم حاڵەتەدا چی دەکەن؟ جا لەبەر ئەوە داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە نهێنی دەبەنە دەرەوە بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی ئەو ئافرەتانە ئەوانە لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش کۆمەڵێك ڕاوبۆچوونم هەبوو، بەڵام بە حەقیقەت کورتم کردەوە، تەنها ئیشارەت بە ئەوە دەدەم دیارە ئەم بەندکراوانە کە لە سجنی نەوجەوانان دان تەمەنیان لە خوار 18 ساڵیە، بۆیە کە تووشی ئەو هەڵەیە بوونە و چوونەتە ئەوێ، من ڕەئیەکم هەیە با وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەوڵ بدات خولێکی رۆشنبیر کردن لە ناو داخلی ئەو سجنانە هەبێت، کە لە خەڵکی پسپۆر و شارەزا پێك بهێندرێت لەرووی چاکسازی و لەرووی رۆشنبیری و هەتا لە رووی چاکسازی دەروونیشەوە بۆ ئەو کەسانە کە ئەو مێردمنداڵانە کە بە حەقیقەت لەو سجنانە، بۆ ئەوەی بتوانرێت خۆیان بناسن و جارێکی تر بە شێوەیەکی باشتر بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگا، خاڵی دووەمم پێشنیارێکە با وەزارەت هەوڵ بدات بە هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری گۆڤارێك دەربکات لەلایەن کۆمەڵێك قەڵەمی پسپۆر لە بوارەکانی دەروونی و رۆشنبیری بۆ ئەوەی بتوانرێت بخرێنە ئەو بەندیخانانەوە و هەتا ئەوان ئیستیفادەی لێ بکەن لەو بوارانەی کە تووشی ئەو هەڵانە بوونە، خاڵێکی ترم دوێنێ لیژنەی قانونی ئیشارەی بە ئەوە دا کە لە سلێمانی دا لە گرتووخانەکاندا جۆرە تێکەڵاویەك هەیە، حەقە عیلاج بۆ ئەو تێکەڵاویە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گلەییەکەی کاك ئارام کە بە ئیشارەت پێم دەڵێت، قەبوڵمە، یەکەم کەس قسەی کرد و دوو پرسیاری هەبوو گوتم یەك پرسیار، بە ئومێد بووم ئەوەی گوتم پێم وابوو وا دەبێت، حەقی خۆتە کاك ئارام، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەڵامدانەوەی وەزیردا لە خاڵی 18 دا هاتووە، کە خولی شیاندن کراوە کارمەندەکان و چوونیان بۆ دەوڵەتانی دەرەوە، ئەگەر ئەمانە ئەوەندە شیاو بن، بۆ یۆنامی ئەم تەقریرە زلە لەسەر ئێمە دەنووسێت؟ خاڵێکی تر ئایا لەم بەڕێوبەراتیانە تەنها ئەو 19 کەسەن کە جەنابتان باستان کردووە، هەموو کەسێك کاتێك کە لە ئەم بنکە چاکسازیانە کار دەکات دەبێت بە بەردەوامی خولی شیاندنی بۆ بکرێتەوە، خاڵی دووەمم لەسەر وەڵامەکەی راپۆرتی یۆنامیە کە لە لایەن (عمید نصرالله هیدایەت) بەڕێوبەری گشتی چاکسازی دراوەتەوە، سەبارەت بە ئەو نەجەوانە (فەرزەند) کە هەڵایەکەی لەسەر نرایەوە، من پرسیار دەکەم کەس ناتوانێت تۆمەت بۆ خۆی دروست بکات، خاڵێکی ترم ئەوەی کە زۆر جێگەی سەرسورمانە لەلای من ئەوەیە، کە بەڕێوبەرەکە خۆی چوو لێی پرسی سکاڵات هەیە یاخود نا؟ ئێ تەبعەن دەترسێت بڵێ ئا، تۆ ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت منالێك ئەگەر تەعەداشی لێ کرابێت لە بنکەی پۆلیس، ئەگەر هاتوو ئەو ترسە نەبێت لەدڵی دا بە بەڕێوبەرەکە دەڵێت سکاڵام لەسەریان هەیە، ئێ خۆ ئێمە خۆمان دەزانین شتەکە چۆنە، پێویست ناکات خۆمان جوانی بکەین و بڵێین هیچ عەیبێکی تیا نیە، من یەك پرسیار ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەم سەبارەت بە سنووردار کردنی ڕۆژنامەنووسان، تکایە بە هۆی سەردانی ڕۆژنامەنووسانەوە بۆم باس بکە چەند کێشەت بۆ دروست بووەو جۆری کێشەکانیش چین و ئایا کێشەکان قەتل و عامی لێ کەوتووەتەوە؟ هەر ئەوەی کە ڕوویداوە لە ناو زیندانیەکان دا ئەو شوێنانەیە دەکەوێتە سەر لاپەڕی ڕۆژنامەکان و خەڵکی باسی لێوە دەکەن، من سەیرم بەوە دێت کەسێك لە بەڕێوبەرایەتیەك دا کاربکات کە تۆ دەبێت تەوجیهی بەڕێوبەراتیەکانی بکەیەوە، ئەگەر من ئیشەکانم ڕاست و ڕەوان بێت بۆ بترسم ڕۆژنامەنووس هەر چ کاتێك بێت؟ دووەم چ کێشەیەك دروست بووە؟ من بە حەیاتم نەمبینیوە ڕۆژنامەیەك ناوی تەواو بنووسێت، هەر حەرفی یەکەم و دووەم و سێیەمی نووسیوە، یەعنی بۆ ئێمە بۆ هەموو شتێك هەر تەعلیمات دەربکەن و کاتی خۆی هەیەو بۆی نیە لە هەموو کاتێك دا خۆی پیادا نەکات! بۆ دەبێت کاتێك کە دادەنیشێت لەگەڵ ئەو کەسەی کە نەوجەوانە، کەسێکە نابالغە ئەوە کەسێکی گەورە وەکو توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵی دا دابنیشێت، ئەمانە هەمووی واریدە لەسەر سەرم، دەبێت تەعلیماتی وا هەبێت، بەڵام نابێت بڵێین ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات کێشەی کۆمەڵایەتی بێت، ئەی چۆن بزانین ناو ئەو زیندانیانە چی تیادا دەبێت؟ ئەگەر ڕۆژنامەنووس نەبێت، ئێمە با ئەو جۆرە سیقەیە دروست بکەین لە ناو خۆمان و ئەوانیش دا، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك جمال لێرە نیە تا بپرسین لە ئەمریکا ڕێگا بە ڕۆژنامەنووس دەدرێت لەگەڵ زیندانی نەوجەوان موقابەلە بکات؟ لەگەڵ مەحامی قەیدی نیە، بەڵام لە کاتی تەحقیق دا تەبیعیە، پێشی قەراری مەحکەمەش تەبیعیە، بەڵام ئەوە کاری لیژنەکانی مافی مرۆڤە، کاری لیژنەکانی پەرلەمان نیە، کاری لیژنەی تایبەتی وەزارەتە، بەڵام ئەگەر دەرگا بکرێتەوە بۆ ڕۆژنامەنووسان مانای وایە زیندانیەکان ئیش و کاریان نابێت هەر ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسێك بێت و یەکێکی تر بڕوات، بەهەرحاڵ ئەوە جەنابی وەزیر خۆی وەڵامی دەداتەوە، کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەست خۆشی لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی و هەموو ئەو ئەندامانەی کە بەردەوام بەدواداچوون دەکەن لە ئیش و کارەکانی حکومەت، چونکە ئەوانە تەنها خزمەت بە جەماوەری هەرێمی کوردستان ناکەن، خزمەت بە حکومەتی هەرێمە کوردستانیش دەکەن، لەبەر ئەوە دەست خۆشیان لێدەکەم و زۆر بە خێر هاتنی وەزیری بەڕێزیش دەکەم، ئێمە ساڵی پار یاسایەکمان دەرکرد، یاسای لێبوردنی گشتی، یاسای ژمارە (4) لە 2007/4/18، لە ماددەی (3) ئاماژەمان بەوە کرد (41) حالەتمان هەیە لە سلێمانی کە زیندانی هەتاهەتایین، بەراستی پێشنیارمان کرد ئەوە بگۆڕێ بۆ ماوەی (20) ساڵ، یەعنی زیندانی ئەبەدی، موئەبەد بوون بگۆڕێن بۆ (20) ساڵ، بەڵام تاوەکو ئێستا ڕۆژانە تەلەفۆنمان بۆ دەکەن و ئەوە نەگۆڕدراوە، من لەگەڵ لێژنەی یاسا قسەم کردووە و لێژنەی یاسا لە وەڵامدا دەڵێن ئێمە نووسراومان کردووە و تەئکیدمان لەسەر کردووتەوە، بەڵام تا ئێستا دیارە ماددەی (3) لە یاسای لێبوردنی گشتی کە ساڵی پار لە 4/18/ دەرمان کرد، نەکەوتووتە بواری جێبەجێ کردن، پێشنیار دەکەم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان جارێکی تر تەئکید بکەنەوە لەسەر جێبەجێ کردنی ماددەی (3) ی یاسای (4)ی ساڵی 2007 و، زۆر سوپاس، ماددەکە ئەوەیە (41) حالەتمان هەیە، خۆی ئەوانە زیندانی موئەبەد بوون، (مدى الحياه) داوای لێبوردن دەکەین، یەعنی هەتا لە ژیان مابن لەناو ئەو زیندانەدا بن، لە ماددەی (3) من خۆم قسەم لەسەر ئەوە کرد، پێشنیارمان کرد، وا بزانم بە زۆرینەی دەنگیش بوو، پەسند کرا کە ئەوانە ببن بە زیندانی هەتا هەتای یەعنی (20) ساڵ، بەڵام تا ئێستا تەلەفۆنمان بۆ دەکەن و دەڵێن: ئێمە نەبووینە بە زیندانی هەتا هەتایی، هەر (مدى الحياه) ماینەوە، پێشنیار دەکەین بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، جارێکی تر تەئکید بکەنەوە لەسەر ماددەی (3)ی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2007، کە بەراستی خەڵکێکی زۆر دەست خۆشی لە پەرلەمانی کوردستان کرد و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەللا وابزانم شتێکمان بۆ هاتووە کە دەسەڵاتی دادوەری بەتەمان چارەسەری بکەن، کاك شێروان شتێك هەیە لەو بابەتە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو کاك زرار ئیشارەتی پێدا، لێرە ئەو موناقەشەیە کرا، ئەوانەی کە حوکم درابوون وەختی خۆی بە (مدى الحياة) لەسەر ئەساسی بڕیاری بریمەر حوکم دران، لە قەوانینی ئێمە (مدى الحياة) نیە، ئەوەی هەیە موئەبەدە و ئەویش (20) ساڵە، بۆیە لێرە کە ئێمە بڕیاری لێبوردنەکەمان دەرکرد، ئەوانیشی شمول دەکرد بە گوێرەی قەوانینی خۆمان، پاشان ئیستیفسار دەکات لە رێگای سەرۆکایەتی پەرلەمان و بەرەسمی جوابمان داونەتەوە کە ئەو بڕیارەی لێبوردنی گشتی شمولیان دەکات، دەبێ تەخفیفی عقوبەیان بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەسەڵاتی دادوەریش دەڵێ: بەدواچوونی بەردەوامی هەیە بۆ چارەسەرکردنی، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من لەسەر دوو وەڵامی جەنابی وەزیر تێبینیم هەیە، پێم وایە وەڵامەکانی زۆر موقنیع نیە، بڕگەی (3) کە باسی لۆندەریەکەی کرا، هەر جوابەکەی زۆر وازیح نیە، دەڵێ دەکرێ سوودی لێ ببینین، من پێم ئەوە شتی بەپەلەیە و ئیسعاف فەوری دەتوانێ هەستن بە ئیجرائاتێك سەریع و ئەو موشکیلەیان بۆ حەل بکات، زۆر گەورە نیە و چاوەڕێی ئەنجومەنی وەزیران نەکرێ، لە مەسەلەی بڕگەی (2) بە تایبەتی تێبینەرایەتی هەولێر کە بۆ (30) کەس تەنها یەك حەمام و ئاودەستیان هەیە، ئەوەش دەکرێ بە ئیجرائاتێکی بەپەلە چارەسەریان بۆ بکرێ، چاوەڕێی ئەوە نەکرێ تا بینایەیان بۆ دروست بکرێ لە ئەنجومەنی وەزیران، بە نیسبەت ئەو پیشانەی کە فێر دەکرێن لەناو چاکسازی، من پێم باشە ئەو پیشە نوێیانەی کە هەن فێری ئەو نەوجەوانانە بکرێ، چاککردنەوەی کۆمپیوتەر و بەرنامجەکانی کۆمپیوتەر و رادیو وتەلەفزیون، هەر لەسەر دار تاشی تەقریبەن مۆدیلی نەماوە، خەڵك زۆر شتی حازر دەکرێت، من پێم وایە کەم پێویستی بە دار تاشی هەبێ، خاڵێکی تر، ژمارەی گیراوەکان 179 کەسن لە هەرێمی کوردستان، شتێکی باشە کە تاوان لەم چینەدا کەمە، ئەمە موئەشرێکی زۆر باشە، لەگەڵ ئەوەشدا کەم و کوڕیەکی دەردەخات بە تایبەتی لە مەسەلەی دیاردەی لەشفرۆشی ئیجرائاتی قانونی زۆر زۆر کەمە، ئەگەر نا دیاردەکە زۆر لەوە زەقترە و خەڵکێکی زۆریش پێوە موبتەلا بووە، پرۆژە یاساشمان پێشکەش کرد کاتی خۆی ڕەت کرایەوە، ئێستا بەهەموار کردنی یاسایەکەی بەغدا حازری دەکەینەوە سەر لە نوێ، بە نیسبەت ئیدیعای عام، لە ڕاپۆرتەکەی لێژنەی یاساییدا هاتبوو، بەڕاستی کێشەکە لە قانونەکەدایە، ئەوان ناتوانن ئیجرائاتی راستەوخۆ بکەن لە ناو چاکسازیەکان، بچەن ئەگەر خەلەلێکی قانونی ببینن، تەدەخول بکەن، دەبێ تەقریریك بنووسن بۆ مەرجەعی خۆیان، ئەوانیش وەڵام ئەدەنەوە

یان وەڵام نادەنەوە، ئەوەش پێویستی بە چاککردنی قانونی ئیدیعای عامی هەیە بۆ ئەوەی تەفعیل بێت دەوریان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەرێز ڤیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارم لە جەنابی وەزیر، بە نیسبەت پۆلین كردن، پۆلین كردن ئایا بە شێوەیەكی لەسەر بنەمای كۆنگرەی ساڵی 1955 كە لە سویسرا كرایە لە جنێف، كە لە كۆتایی ئەوە بەیاننامەیەك دەرچوو كە لە 94 بەندە، كەوا لەسەر ئەو بنەمایە كە بوویتە رێبەرێك و سیستەمێك بۆ چاككردنی هەموو رەوشی زیندانێك لە جیهاندا، ئایا هەر لەسەر ئەوە دەڕۆێن؟ چونكە ئەگەر بەو شێوەیە بێت، پۆلین كردن دەبێ بە شێوەیەكی وا بێت ئایا ئەوانەی كە مەترسیان كەمترە لەگەڵ ئەوانەی كەوا لێ راهاتوونە لەسەر تاوان كە بەبەردەوامی، ئەگەر مودەی سجنیانیش تەواو بێت هەر بەردەوامن لەسەر تاوان، لە لایەكی ترەوە ئایا پۆلین كردن دەبێ بە شێوەی چەند دەستەیەك بێ بۆ ئاسان كردنی چارەسەری گونجاو بۆیان بە ئامانجی چاكسازی باش، پرسیارێكی تریشم ئەوەیە بە گوێرەی خاڵی فێركردن كە دووبارە لە بڕگەی یەكدا هاتووە، لە كۆنگرەكە لە بەیاننامەی خاڵی 94 هاتووە، كە دەبێت پێویستە هەموو هۆكارەكانی دابین كردنی فێركردن دەبێ دابین بكرێ، بەڵام بە شێوەی ئیلزامی بێت نەك بە شێوەی خۆشی خۆیان بێت سجنەكان، لە بڕگەیەكی تر هاتووە دیسان لەو بەیاننامەیە دەبێ مەنهەجی خوێندنەكە گونجاو بێت و رژێم و مەنهەجی گشتی ئەو وڵاتەدا بێت تاكو ئەو زیندانەی كە دەرەچن لە سجنەكە دەردەچن بتوانن بەردەوام بن لەسەر خوێندنی خۆیان و بگەنە ئاستێكی بەرز لە خوێندن و شەهادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تاڤگە خان، فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە راپۆرتی لێژنەی یاسایی دەستخۆشی پێویستە، بەڵام ئێمەش هەر دووبارەی دەكەینەوە پێمان باش بوو لێژنەی مافی مرۆڤ و لێژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و لێژنەی ژنانیش بەشداریان هەبووایە لەو راپۆرتە، چونكە رەوشی ئەو زیندانیانە هەر چوار لێژنە دەگرێتەوە، خاڵێكی دیكەم هەیە، ئەو چاكسازیەی كە لەناو چاكسازیەكان دەكرێ ئەو كەسانەی كە كاریان لەسەر دەكرێ بۆهێنانە ئاستی ئەوەی كە ببن بە

هاووڵاتیەکی سەوی، بەڵام کە دوای ئەوەی لە سجنەکان دێنـە دەرەوە یـان ئـازاد دەبـن دوایـی حوکمـەکانیان تەواو دەکەن، ئایا وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی موتابەعەیان دەکات و بەدواداچـوونیان بـۆ دەکـات، چونکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان هەموو کاتێك کە سجن و سجین بەردەبن و ئازاد دەبن لە سجنەکان تـا دوو ساڵ موتابەعەی بەردەوامیان هەیـە ئەوانـەی کـە لـە بـواری دەروون ناسـی یـاخود لـە بـواری چاکسازی کـار دەکەن، هەتا لەناو خێزانەکانیشیان کاریان لەسەر دەکەن و بەردەوام بەدواداچوونیان بۆ دەکەن، خاڵێکی تر ئێمـە لـە یاسـای وەزارەتـی کاروبـاری کۆمەڵایـەتی باسمـان لـەوە کـرد کـە لانـە یـاخود مـاڵ بـۆ بینـەوایان و سەرپەرشتیاران بۆ ئەوانەی کە لە خێزانەکان جێگایان نابێتەوە و دروسـت بکـرێ لـە شـار و شاروچـکەکانی کوردسـتان، ئـەو قسـەی صـبریە خـان ئیشـارەتی پێکـرد کـە هەنـدێ لـەو ژنانـە یـان هەنـدێ لـەو منداڵانـە خێزانەکانیان ئامێزیان بۆ ناکەنەوە، ئایا تا ئێستا وەزارەتـی کـار و کاروبـاری کۆمەڵایـەتی توانیویـەتی ئـەو بڕگەیـەی کـە بـە یاسـایەك لـە یاسـایەکەی خـۆی جـێگیر کـراوە، تـەنها یـاخود لانـە یـان مـاڵ بـۆ ژنـانی سەرپرشـتیار و ئەوانـەی نـەوایان نیـە بکرێتـەوە تـا چـەندە دروسـت کـراوە و تـا چـەند هەیـە لـە شـارو شاروچکەکانی کوردستان؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ فەتاح، فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ لێژنەی یاسایی، بۆ هەموو کار و بەشەکانی دیکە کە ئەو مەوزوعـەی بووژانـدووە و خسـتنە روو، سـوپاس بـۆ جـەنابی وەزیـر، مـن ئەمـەوێ ئیشـارەت بـە خاڵێکیـان بکـەم کـە بەلامـەوە زۆر گرنگـە و د.شوکریە باسی، ئەویش ئەو دیاردەیە و ئەو زاهیرەی کە بـەناو پێـی دەڵێن(لەشفرۆشـی)، پـێم وایـە وەکـو قانون و دەسەڵات لە کوردستان تا ئێستا کـاری گونجـاوی بـۆ نـەکردووە و نەویسـتوە رێـی لـێ بگرێـت، ئـەوە حەقیقەتێکە، چونکە ئەگەر بیانەوێ رێی لـێ بگێـرێ جـەنابی وەزیـر نووسـیتی دەبـێ بـە هەماهـەنگی بـێ لەگەڵ دادگای بەغدا، ئێمە لە کوردستانین و پێویست ناکات بیگەڕێننـەوە بـۆ دادگـای بەغـدا ئایـا چ بکـەین لەوێ یان چ نەکەین؟ ئەوە دیاردەیەکە کە لە کوردستاندا هەیە بۆ کـەلتوور و عـادەت و وڵات و دیـنی ئێمـە شتێکی زۆر ناشرینە، کوردیش زیاتر مولزەمە بەو ئەخلاق و قانونە و حەقە رێی لێ بگیرێ، یەعنی ئەوەی پێویستە نەکراوە، خاڵی دووەم: سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەم کە ئەڵێ: رۆژنامە نووس پێویستە سنووردار بکـرێ، سـنووری بـۆ دابنـرێ، زۆر سوپاسـی دەکـەم و حـەقی خۆیـەتی، چـونکە بەشـێك لـەو شـتانەی کـە نـا کەلتووره لە لای ئێمە بە حەقیقەت رۆژنامـەنووس ئـەیورووژێنێ و ئاشـکرای دەکـات لـەناو خەڵکـدا، زیـاتر رێی بۆ خـۆش ئـەکات، بـۆ نموونـە ئـەو لـەش فرۆشـیە یەکێکـە لـە مەنتیقـەی سەرسـەنگدا شـتێك دەرچـوو رۆژنامـە نـووس لێـرە بەپەلـە و بـە تەلـەفۆنێك غاریـان دا بـۆ مەنتیقـەی دهـۆك و ویسـتیان بیخەنـە سـەر جەرائید و نەشری بکەن لەناو کوردستاندا و کردیشیان، بۆ ئەوەی خەڵکی بۆ کەسب بکەن و دڵی گەنجی بۆ

رابكێشن، موشتەری بۆ پەیدا بكەن، بۆیە من سوپاسی جەنابی وەزیر دەكەم، حەقە و جێی خۆیەتی سنوورێك بۆ رۆژنامە نووس دابندرێ بۆئەو كارانە زیاتر رێگە خۆش نەكەن، چونكە رۆژنامەنووس نابێ رێ خۆشكەر بێت بۆ كاری ناشرین لەناو میللەت و وڵاتی خۆی، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور، فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەنیسبەت ئەو راپۆرتانە، زۆر سوپاسی لێژنەی یاسایی دەكەم، بەراستی ئیشەكی باشیان كردووە و حەقە سوپاسی ئەرك و ماندووبوونیان بكرێ، بەڵام دەبوایە راپۆرتەكە یەك راپۆرتی یەكگرتوو بوایە، لەبەر ئەوەی كە ئەوەی تێبینی دەكرێ، هەم لەسەردانی دهۆك و سلێمانی و هەولێر، هەموو شتەكان دووبارە بوونەتەوە وەك مەسەلەی دابین كردنی ئامێری مۆبایلە و لێدانی بیری ئیرتیوازیە و شوێنی حەوانەوە، هەموو یەك راپۆرتی یكگرتوو بنووسرابا و بوترابا سەردانی ئەو شوێنانەمان كردیە و ئەو كەم و كورتیانە هەستمان پێكرد لە هەموو شوێنەكان ئەو كەم و كورتیانە هەبوو، ئەوە خاڵێك، دوو: بەنیسبەت مەسەلەی رۆژنامەنووسان، من پێشنیاری ئەوە دەكەم لە هەر خانەیەك بەشی راگەیاندن هەبێت و بەشێكی فراوان بێت، ئەو بەشە هاوكار بێت لەگەڵ رۆژنامە نووسانی كوردستان، رۆژنامەنووسانی كوردستان مافێكی رەوای خۆیانە كە حەقی وەدەست هێنانی زانیاریان هەبێ لە كوردستان، ئەصڵەن رۆژنامەنووسانی كوردستان كە ئەو بابەتانە دەوروژێنن، هۆكارێكە بۆ كەمكردنەوەی تاوانە لە كوردستان، لە هەمان كاتدا هۆكارێك دەبێت بۆ ئەوەی كاری هەڵە كەمتر بكرێ لە كوردستان، ئێمە دەبێ هاوكاری رۆژنامەنووسان بین لەو روانگەیەوە، نەك رێگریان بكەین و بواری ئیش كردنیان پێ نەدەین لەو بوارە، ئەوە خاڵێك ، خاڵێكی تر ئەوەی كە من تێبینیم كرد لە مەسەلەی وەرشەی كاركردن لە پەرتووكخانەكان هەنە، بەڵام بەداخەوە پەرلەمانی كوردستان لە جیاتی شتی باشیان پێشكەش بكات، چووە ئەتاری پێشكەش كردوونە، لە خاڵی هەشتەم، كە ئی هەولێر باس دەكات، لە راپۆرتەكە لێژنە نووسیویەتی نەوجەوانان هان بدرێن بۆ خوێندنەوە و چالاكی خوێندنەوە، داوای ئەوە دەكات، بەڵام لە خاڵی (13) پێشنیارەكان لەسەر داخوازی ئەوان (15) دانە ئەتاری پێداوە ئەوان بۆ غافلاندن، بەڵام بەراستی لە جیاتی ئەوانە پەرلەمانی كوردستان ژمارەیەكی كۆمپیوتەری باشی بۆ تەئمین بكردبانە بۆ ئەوەی ئەوان خەریكی ئەوە بوانە و هێڵی ئەنتەرنیت لە گرتووخانەكان هەبێت بۆ ئەوەی ئاگاداری دەرەوە بن و ئاگاداری هەواڵ بن، لە هەمان كاتیشدا ئەو كتێبخانانەی كە هەن لە گرتووخانەكان كە هەر سێ گرتووخانە باسی كراوە كە كتێبەكان وەكو پێویست نین و رۆژنامەكان كۆنن، لە جیاتی ئەوە دەكرا بەشێك كتێبی باش بۆ ئەو كتێبخانە بدرێ و هاوكار بن، خاڵێكی تر باس دەكرێ مەسەلەن لە ئی دهۆك، ئەوە مایەی خۆشحاڵیە كە لە گرتووخانەكە باس لە هۆڵی سیمینار دەكرێ، ئایا هۆڵی سیمینار كە لەوێ هەیە تا ئێستا چەند سیمینار بۆ گرتووەكان

كراوە؟ يەعنى بە پێويستى دەزانم بەراستى هەوڵ بدرێت بەشى وشيارى لە گرتووخانەكان فەعال بكرێت و ناوە ناوە سيمينارى پێويستيان بۆ بگيرێ و لە دەرەوەش لە دەرەوەى زيندانەكان بە هۆى ئەو شارەزايانەى كە لە سجنەكان كار دەكەن بچن و هاوكاريان بكەن لەوێ و وشياريان بكەنەوە، بۆ ئەوەى كە دەردەچن شتێك فێر ببن نەك هەر بەو شێوەيە، ئەو پێشنيارەى كە كرا لە وەرشەكان جگە لە دار تاشى شتى تر ؛كۆمپيوتەرە و مەسائيلى تر بكرێتەوە، من لەگەڵ ئەوەدام بەراستى، باس لە مۆسيقاش كراوە لێرەدا، مايەى خۆشحاڵيە كە ئێمە بتوانين بەو شێوەيە پەروەردەيان بكەين و تاكێكى سوودمەنديان لێ دەربچێتن و بە ئيمكانيەتەوە بگەرێنەوە ناو كۆمەڵگا، بەڵام ئەوە كە تێبينى دەكرێتن لە راپۆرتەكەى جەنابى وەزير زياتر هەوڵ دراوە شتەكان روون بكرێنەوە، بڵێ ئەوە وابوو و وا ئێمە وامان كردووە، نەخێر من لەگەڵ ئەوەدام جەنابى وەزير لەگەڵ رێزم بۆ بەرێزيان بيگوتبا ئێمە بەڵێن دەدەين ئەو گرفتانە چارەسەر بكەين، چونكە لێژنەكە داواى چارەسەركردنى ئەو گرفتانە دەكات، داواى ئەوە ناكات بەرێز جەنابى وەزير بێت خاڵ بە خاڵ بڵێت ئێمە ئاوامان كرد و يان ئەوە لە دەسەڵاتدا نيە و ناتوانرێ بكرێ، نا دەبێ هەوڵ بدرێت، مەسەلەن ناو سەتەلايتى مەركەزى كە دەڵێ ناتوانرێ لێرە تەئمين بكرێ، كار بكرێ كە لە دەرەوە هەمووى چەند دانەيەكە، گرتووخانەيەكى مەركەزى هەولێرت هەيە، گەرميانت هەيە، دهۆكت هەيە، هەوڵ بدە لە دەرەوە بيهێنێ، جەنابى وەزير ئيشارەتى پێدا مەسەلەى پارەيە، پارە هەيە، پارە بۆ شتى تر هەبێ بۆ ئەوە نەبێ ؟ بەراستى ئێمە دەبێ جەخت لەسەر ئەو مەسەلانە بكەينەوە هەوڵ بدەين كە ئەوەى پێويستە بۆ گرتووخانەكان گرتووخانەى سەردەميانە بن، بتوانرێت ئيشى لەسەر بكرێت، يەعنى ئێستا ئەو راپۆرتەى لێژنەى ياسايى رێگە چارەيەكى زۆر گونجاوى داناوە بۆ دەربازكردنى ئەو رەوشەى كە ئێستا زيندانەكانى كوردستان تێدا هەنە، حەقە ئێمە ئيشى لەسەر بكەين و خاڵ بە خاڵ جێبەجێى ئەو راپۆرتە بكەين، نەك بێين ئەو روونكردنەوەيە بدەين و بڵێين: ئاوامان كرد و ئاوامان نەكرد، نەء ، ئيش كردنەكە حەقە و لە داهاتوودا دەتوانين زيندانەكانمان زيندانى سەردەميانە بن و زيندانى هاوچەرخ بن، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من پێشەكى ئەمەوێ شتێك روون بكەمەوە، ئەوەى كاك زرار باسى لەسەر كردو كاك شێروانيش بە تەفصيل شەرحێكى لەسەر دا، ئێمە زۆر رووبەرووى ئەو پرسيارە بووينەوە لاى ئەو جەماعەتەى گرتووخانەى سلێمانى بە سجنى هەميشەيى ماونەتەوە، بەڵام من پێم وايە كاك شێروان تەفسيرێكى ماددەكەى كرد، بەڵام ئەو قانونەى عەفوەكەى كە دەركرا مودەى جێبەجێ كردنەكەى كۆتايى پێهات،

پێویستە ئەگەر لێژنەی یاسایی بیەوێ ئیشی لەسەر بکات، دەستکاری مودەکەی بکات بۆ ئەوەی ئەوە ماددەیە بچێتەوە جێبەجێ کردن، ئەوە یەك، دوو: من دەستخۆشی لە برادەرانی لێژنەی یاسایی دەکەم، کارێکی زۆر باشیان کردووە، بەڵام من دەمەوێ ئاگاداری جەنابیشتان و سەرجەم برادەرانیش بکەم لێژنەی مافی مرۆڤیش هەمان کاریان ئەنجام داوە، سەردانی گرتووخانەکانمان کردووە و لە کاتی خۆیدا و راپۆرتیشمان حازرە، مولاحەزاتی خۆشمان لەسەری حازرە، بەنیسبەت راپۆرتەکەی لێژنەی یاساییەوە خاڵی پێنجەم و شەشەمی من پێم وایە جەنابی وەزیر هەڵوێستەی لەسەر بکات، بەنیسبەت ئەو کەسانەی کە حوکم ئەبن و حوکمەکانیان لە شەش مانگ تێناپەڕێ، بە تەئکید مودەی شەش مانگیش مودەیەکی زۆرە، پێویستە ئەوانیش پێش ئەوەی مودەکەیان تەواو بکرێ لە گرتووخانەکاندا تەئهیل بکرێنەوە بۆئەوەی کە گەڕانەوە ناو کۆمەڵگا ببنە خەڵکی باش و ئەوانیش هەر خەڵکی ئەو کۆمەڵگایەی خۆمانن با لە دەست دەرنەچن، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تر نەتیجەی سەردانی گرتووخانەکان هەر لە مەوقفی تەسفیراتی سلێمانی کۆمەڵێك مەوقوف تەوقیف دەکەن خاریجی مودەی قانونیە تێپەڕیوە لە شەش مانگ، من پێم وایە ئەوە ئەگەرێتەوە رووبەرووی زیاتر وەزارەتی داد دەبێتەوە و رووبەڕووی مەجلیسی قەزا دەبێت، بەڵام ئەگەر بێت و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی تەسهیلات بۆ داواکاری گشتی بکات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی داد، ئەوان ئەتوانن لە کێشەی ئەو خەڵکانە بکۆڵنەوە و زووتر تەڵەب بدەنە سەرۆکی دادگا بۆ ئەوە قەزیەکانیان ئیحالەی مەحکەمە بکرێ و لە شەش مانگ زیاتر نەمێنێتەوە، ئەوە ئێمە پەیوەندیمان بە داواکاری گشتی کرد لە سلێمانی، ئەوانە کێشەی ئەوەیان هەیە کە لە سلێمانی شوێنی تایبەتیان نیە و وەسائیتی نەقلیشیان نیە بگەڕێن بەسەر شوێنەکاندا بتوانن راپۆرتی خۆیان تەقدیم بە دادگا بکەن، بە نیسبەتی ئەوەی کە راپۆرتەکەی جەنابی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دەستخۆشی لێ دەکەم راپۆرتەکی تێر و تەسەلی پێشکەش کردووە، بەڵام پێویستە هەندێ خاڵ بەرای من هەڵوەستەی لەسەر بکات، بۆ ئەوەی کە باس لە دەرماڵەی فەمانبەرانی چاکسازی دەکات، ئێمە سەردانی گرتووخانەکانمان کرد، بەراستی کێشەی دەرماڵەیان هەیە، هەر چەندە جەنابی سەرۆکی وەزیران بڕیاری لەسەرداوە، بەڵام ئەوەی من ئاگادار بم هەرچی چوویتە وەزارەتی دارایی، بەڵام تا ئێستا نەچوویتە جێبەجێ کردنەوە و پێ ناچی بەم زووانەش بیاندرێتێ، بۆیە داوا لە جەنابی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم هەڵوێستەی زۆرتری لەسەر بکات، تەئکیدیان لەسەر بکاتەوە، بە نیسبەت گرتووخانەکانەوە، ئێمە بینای گرتووخانەکان وەکو جەنابی وەزیر و راپۆرتەکەش باسی لەسەر کردووە، هیچ شرووتێکی گرتووخانەی تەواوی تێدا نیە، زۆر راستە بە دەلیلی ئەوەی قاعاکانیەوەو چاریش نیە ئەوە ئەمری واقیعە خۆی ئەو شوێنانە لە ئەصڵەن گرتووخانە نەبوونە، بەڵام بە ناچاری کراونە گرتووخانە، ئەو داوایەی من لە جەنابی وەزیر ئەوەیە زووتر پەلە بکات و هەوڵ بدەن ئەوەندە نەمێنێتەوە، چونکە لە ژوورەکاندا ئەبینین ئەوەی کە لەسەر موخەدەرات حوکم دراوە، ئەوەی لەسەر مەسەلەی زینای زەوجی حوکم دراوە، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بە (25)ی مرور حوکم دراون، (25)ی مرور قەزیەکی قەزا و قەدەرە و زەلامێك کە کوژراوە و مودەی تەواو دەبێ و دەڕواتە

دەرێ، شەرت نیە تاوانبارێکی موحتـەریف بێـت و پیـاوێکی خـراپ بێـت، بـەڵام لەگـەڵ یەکێکـدا کـە لەسـەر زینای زەوجی یان لەسەر خیانەی زەوجی یان لەسەر قەتلێکی عەمد، ئەوانە لە قاعەیەکدا ئەوانـە تەئسـیر لەسەر نەفسیەتی ئەوانی تر دەکات، پێم باشە چەند بکرێ ئەوانە بە گوێرەی حوکمـەکانیان وەکـو سـەقیلە و خەفیفـە و ئەوانـەی جـاران هـەبوو، جیـا بکرێنـەوە، بـە نیسـبەتی ئـەوەی ئەوانـەی لەسـەر لەشفرۆشـی دەسـتگیرکراون، بگەڕێنـەوە سـەر شـوێنەکانی تـر، مـن پـێم وایـە ئەوانـە موخالەفەیـەکی سـەریحی یاسـایە، قانونێك نیە کە ئەو کەسانەی کە لە لای ئێمە دەگیرێن بنێرنەوە بۆ گرتووخانەکەی، ئەگـەر لـە ناصـریەوە هـاتبێ، ئەگـەر لـە عـەمارە هـاتبێ، حەقـە بچێتەوە ئـەوێ، ئـەوە مـەفرۆزە لەگـەڵ وەزارەتـی دادی عێراقـی ئیتیفاقی گۆڕانەوەی گرتووەکان هەبێ، لە لایەك، لە لایەکی دیکە، جائیزە ئەوانـەی ئیفـراج شـەرتی هەنـە شمولیان بکات، ئەوانەی خەڵکی ئەو شوێنانە بن کێشەیان بۆ دروست دەکرێ، من پێم وایـە جـەنابی وەزیـر ئەو موفتەرەحەی لە راپۆرتەکەی خۆی لاببا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عثمان ، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە برادەران دەکەم، بەراستی زۆر خاڵـەکانیان بـاس کـرد، هەنـدێکیان زۆر پـێم باشـن و تەئکیـد دەکەمەوە لەسەریان، کاك جەمال باسی ئەوەی کرد کە کەسێك بە بێ بڕیاری دادوەری دەسگیر بکـرێ ئـەوە کاتی خۆی بڕیاری وامان هەبوو نازانم جێبەجێ نەکرایە تا ئێستا حەقـە هـەموومان بەدواداچوون بکـەین لەم مەسەلەیە، حەق نیە لە کوردستان کەسێك هەبێ بە بێ بڕیاری دادوەری بگیرێ، ئەگەر ئـەو کـارە مـاوە حەقە بەراستی پەرلەمان بێ دەنـگ نـەبێ لێـی، نـابێ کەسـێك بـەبێ بڕیـاری دادوەری بگێـرێ، خـاڵێکی تـر تەئکید لەسەر قسەی برادەران دەکەمەوە، مەسەلەی فیعلەن ئەو زیندانیانە چەند ساڵێکە رەنگـە عـەفومان دەرکردیە و ئەو زیندانیانـەی کـە هەمیشـەییەنە تـا ئێسـتا مـەشمول نەبووینـە، سـاڵێك و قسـوورە کراینـە، حەقـە بەراسـتی بەدواداچوونێکی بـۆ بکـرێ، چـونکە رووبـەرووی ئەوەمـە لێـرە بڕیارمـان دا ئەوانـەی کـە فیعلەن سجنی ئەبەدین (مدی الحیاە) بکرێن بە (20) ساڵ، بەڵام تا ئێستا لـە هـیچ شـوێنێك کارەکـەیان بـۆ جێبـەجی نـاکرێ، حەقـە بەدواداچـوون بکـرێ و ئیشـەکە یـەکلایی بکرێتـەوە، ئێمـە فیعلـەن دەبـێ گرتووخانـەکانی خۆمـان بکەینـە مەدرەسـە، چـونکە ئەوانـەی دەگیرێـن کەسـی ئێمەنـە، ئەوانـەی دەگیرێـن نەوەی ئێمەنە یاخود فیعلەن نەوجەوانانن یان هەرزەکارن، ئێمە دەبێ بەراستی پەروەردەیان بکەین، وایـان لێبکەین کە لە زیندان هاتنە دەرێ کەسێکی ئیعتیادیان لێ دەربچێ کە هاتنەوە ناو کۆمەڵگا، نابێ بە چاوی زۆر خەڵکی مەکروە و ناشیرین تەماشایان بکەین، ئەوانیش تووشی شتی خـراپ بـن، مـن لەگـەڵ ئـەو رایـەم کار بۆ زیندانیەکان بەراستی بدۆزرێتەوە، شوێنە یان قاعەیەکە لە هەموو شێوەکانی کارکردن، حەدادیە یان هـەر ئیشـێك دەکـرێ لـەوێ خـۆی دەتـوانێ بـە سـیاجێکی بـەرز و قاعەیـەکی گـەورە دروسـت بکـرێ، ئـەو

زیندانیانە کار بکەن لەوێ ، بۆچی لەوێ دابنیشن و هەم بۆخۆیان باشە و هەم ئینتاجێکیان دەبێ، حەق نیە ڕێگای کارکردن لە زیندانیەکان بگیرێ، دەبێ بۆیان فەراهەم بکرێ، مەسەلەی ئامێری مۆبایل بەراستی شێوەك لە شێوەکان تەنزیم بکرێ باشە، بەڵام حەقە مۆبایل هەبێ، حەقە زیندانی بتوانێ لەگەڵ عائیلەی خۆی و لەگەڵ کەسوکاری خۆی مەسەلەن (10) ڕۆژ جارێك، چەند ڕۆژ جارێکە پەیوەندی بکات، زۆر تەبیعیە، مەسەلەی مۆڵەت دان بە زیندانیەکان ئەوانەی بەراستی خێزانیان هەیە، حەقە لە کوردستان یەك بڕیار هەبێ، نابێ بڵێین لە سلێمانی ئەوهایە و لە دهۆك ئەوهایە و هەر حەق نیە لێرە باسی بکەین، حەقە یەك یاسا هەبێ ئەویش ئەگەر مۆڵەت یان ئیجازە دەدرێ بەو کەسانەی کە خێزانیان هەیە دەبێ بە یەك قەرار لە هەموو جێگایەك وەکو یەك بێت، ناکرێ ئێمە دیسان ناوی شارەکان بێنینەوە بەراستی لەسەر زۆر مەسەلە نابێ بڵێین لەوێ ئەوهایەو لێرە ئەوهایە، یەك بڕیار هەبێ سەرجەم شوێنەکان بگرێتەوە، یەعنی بەسە ئەو شتانە حەق نیە دووبارە بێتەوە، دەربارەی ئەو هەموو کەم و کورتیانەی ڕاپۆرتەکەی لێژنەی یاسایی هاتیە بەراستی نازانم وەکو کاك بەڵێن باسی کرد، سێ ساڵ لەمەو پێش هەمان ئەو هەوڵانە هەبوو، باشە کێ بەرپرسە بەرامبەری ؟ کێ جێبەجێی دەکات؟ ئێمە هەر قسە بکەین و هەر ئەوە بکەین و هیچی جێبەجێ نەبێ چۆن دەکرێ؟ ساڵێك، دوو ساڵ، سێ ساڵ، ئێمە بەراستی باوەڕ ناکەم بودجەمان ئەوەندە کەم بێت کە نەتوانین زیندانیەکانی خۆمان سەردەم بکەین و ڕێکیان بخەین و یەعنی شوێنێك تۆزێك حەزارەتی پێوە بێت، یەعنی حەقە ئێمە مەسەلەن ئەو ڕاپۆرتەی کە سێ ساڵی ڕابووردوو کاری لەسەر نەکرایە و ئەوەی ماوەیەك پێشتر کاری لەسەر نەکرایە ئێستا بەدواداچوونی بۆ بکەین، بۆ چی بودجە تەرخان نەکرایە؟ بۆ چی ئەوانە جێبەجێ ناکرێ؟ یەعنی ناکرێ خەڵك هەر وا بێ، خۆتەنیا بۆ قیامەتی ناژێت، بۆ دونیاییش دەژی، دەبێ بۆ دونیاش هەندێ کارەکانی خۆی ببێنێ و خەڵك فیعلەن پەنجەی شادومانی درێژ بکات، دەربارەی ڕۆژنامە نووس، من بە باشی دەزانم سەردانی زیندانەکان بکەن، بۆ نا؟ مەسەلەن بۆ ئێمە شەفافیەت لە هەموو شتەکانمان نەبێ ؟ ئێمە ئەوەی پێوە جوان بین بەراستی بەڕێوەبردنێکی کاری تەندروستیە لە هەموو دامودەزگاکان و شەفافیەتیش شتێکی باشە، ئێمە بە پرۆسیسێکی جوان بەڕێوەبردن دەبینە شتێکی جوان، زۆر تەبیعیشە وەکو برادەرێك باسی کرد و کاك غەفور باسی کرد، ئەگەر ئەو شتانە بچنە سەر لاپەرەی ڕۆژنامەکان تاوانەکان کەمتر دەبنەوە و بەعەکسەوە زیاد ناکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، سەبارەت بەوەی کە دوو، سێ برادەر ئاماژەیان بەوە کرد کە یاسای لێبوردنی گشتی، کاك زرار بەتایبەتی، ئێمە لە $7/15$ نووسراوێکمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران کردووە، ئەم مەسەلەیەمان باس کردووە و دەڵێ: پێویستە کار بە یاسای لێبوردنی گشتی بکرێ و ئەو بڕگەیە بە تایبەتی، ئەمر بکەن بە دامودەزگاکان و وەزارەتەکانی حکومەت، لە $8/11$ ئەنجومەنی وەزیران نووسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی داد و ناوەخۆ و هەرێم بۆ کاروباری ناوەخۆ و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی دادوەری

کردووە، نووسراوی ئێمەی هاوپێچ کردووە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بڵێت جێبەجێی بکەن بە قەناعەتی من رەخنەیەك لەو نووسراوە دەگرم هەر چەند من نەمدیوە، دەڵێ ڕاو و بۆچوونی خۆتان ئاگادارمان بکەن، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە لەم نووسراوەدا کە دەبوایە بڵێت : ئەمە جێبەجێ بکەن، ئەمە ئێستا بۆیان هێنام من نەمدیوە بەراستی ئەگەر نا وەڵاممان دەدانەوە و رەخنەی توندیشمان لەو جۆرە دەگرت، چونکە ئەگەر یاسایەك کە دەرچوو، راوبۆچوونی لەسەر نادرێ و یەکسەر جێبەجێ دەکرێ، ئێستاکەش لێرەوە پێیان دەڵێین و بەنووسراوێکیش وەڵامیان دەدەینەوە بە رەسمی، کاك عثمان احمد، فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی یاسایی و جەنابی وەزیریش وەڵامی لێژنەی یاسایی شتێکی باشە، بەڵام بەراستی ئەوەی هەم لێژنەی یاسایی و هەم وەڵامی جەنابی وەزیر تێبینیم لەسەری ئەوەیە کە باسی چاکسازی دەکرێ، بەڵام رۆڵی کاراو کاریگەری ئایینیان لە بیر کردووە، کە بێگومان ئایین رۆڵی زۆر کارا و کاریگەری هەیە لە ئیصلاح و چاکسازی، ئەوانەی کە لەو شوێنانەدا گیراون دیارە تاوانێکیان کردووە، یان بە دەستەواژەیەکی دیکە گوناحێکیان کردووە، یان بە پێی زاراوەی یاسایی تاوانێکیان کردووە، ئەو تاوانە لادانی کۆمەڵایەتیە، کوشتنە یان هەر تاوانیکی دیکەیە، ئەوانە بەراستی ئایین رۆڵی زۆر کارا و کاریگەری هەیە لە چاکسازی کردنی ئەو جۆرە کەسانەدا ئەو کەسانەی کە تاوانێك ئەنجام دەدەن دوایی بۆخۆشیان مەگەر سروشت و فیترەتیان تەواو تێکشکابێ، دەنا هەست بەوە دەکەن کەوا تووشی شکانێك بوون، کەسایەتیان تێکشکاوە، بۆ چاککردنەوەی ئەو تێکشکاویە وەکو لە بەرنامەی وەزارەت و لە بەرنامە تایبەتیەکاندا هەیە بۆ چاکسازی کردن، بێگومان بۆ ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە دوایی کە لەو ماوەی لەوێ دەمێنێتەوە کە دەرچوو و هاتەوە ناو کۆمەڵگا، مرۆڤێکی چاك و خزمەت گوزار بێتەوە ناو کۆمەڵگا وەکو مرۆڤێکی ئاسایی، ژیان دەست پێبکاتەوە، لەبەر ئەوە بەراستی وەکو چۆن لە نووسەرە گەورەکانی ئیسلام لەوانە پیاوی گەورە وەکو ئیمامی غەزالی (د.خ)کتێبە مەشهور و بەناو بانگەکەی (علوم الدین) هیچ زانایەکی علم النفس نیە کۆن و نوێ مەگەر بێ ئینصاف بێ دەنا دان بە گەورەیی ئەو پیاوە گەورەیە دا دەنێن، کە چ رۆڵێکی کاریگەری هەیە لە ئیسلاحدا بە تایبەتی هەندێ باب لە کتێبەکەیدا راستەوخۆ بۆ چاککردن و چاکسازی کردنی ئەو جۆرە مرۆڤانەی کە تووشی تێکشکان دەبن، لەبەر ئەوە داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم کە بە جیدی لە بەرنامە رێژی و پلانی ساڵانەیان بۆ چاکسازی رۆڵی ئایین بە گرینگ و جیدی وەربگرن، وە لەو شوێنی چاکسازیەدا بەراستی پۆلین کردنی کەسەکان زۆر گرینگە، وەکو جەنابی کاك عومەر و هەندێك لە برادەرانیش باسیان کرد کە یاساناس و شارەزان، ئومێد دەکەم لە ئایندەدا، وەزارەتی تایبەت رۆڵی کارا و کاریگەری خۆی لەو بوارەدا ببینن و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبد الرحمان، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند پرسیارێك بە کورتی، یەکەم ئایا قانونێك هەیە بۆ سجن، یان هەر بە تەعلیمات و بە بەرنامەیەکی داخیلی ئیش و کارەکان بەڕێوە ئەچن؟ لە بەڕێوەبەروە و بۆ کارمەندانی خوارەوە، بەرنامەیەك هەیە کە ئیشی سجنی پێ بکرێ؟ پرسیاری دووەم، ئایا کاتەکان دابەش کراون لە ناو سجندا وەکو پەروەدرە و وەرزش و خەوتن و ئیش کردن، یان ڕۆژی وا هەیە سجن (12) سەعات دەخەوێ و ڕۆژی دوایی مەسەلەن 6 سەعات ئیش دەکات؟ ئایا بەرنامەیەکی دابەش کراو هەیە بۆ کاتەکان؟ ئایا سەردان بێجگە لە ڕۆژنامە نووس، سەردان هەیە بۆ دکتۆر و بۆ ڕێکخراوەکانی ماڤی مرۆڤ و خەڵکانی تر؟ بۆ ئەوەی کە بچن زیندانیەکان ببێنن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك عادل.

**بەڕێزعادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەبوو جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە سەبارەت بە بینا بە تایبەتی لە گەرمیان، ئەو بە سوپاسەوە باسی چوار بینای کرد دەستخۆشیان لێ ئەکەین ئەگەر جێبەجێ بکرێن، بەڵام پرسیاری دووەمم لە لێژنەکەیە، ئەگەر لێژنەکە ڕاسپێردراون بەوەی کە هەموو ناوچەکانی کوردستان ببێنن، ئایا بۆ چی ئەوان نەچوون سەردانی گەرمیان بکەن؟ ئەگەر چی حوکم مەرحەلەی ئەخیرە، بەڵام لە گەرمیان پێنج قەزا و پێنج دادگا هەیە ئەگەر ئێستا بچن ببێنن چەنێك یاخود نەوجەوانێك لە مەرکەزی پۆلیس لەوێ تەوقیف دەکرێ و هەندێ جار مەوقوف ئەمێنێتەوە بۆ ماوەی شەش مانگ و (15) ڕۆژ جارێك دادوەر تازەی ئەکاتەوە، ئایابۆ چی لێژنەکە سەردانی ئەوێ نەکردووە و ڕاپۆرت و بۆچوونی خۆیان ئی ئەو جێگەیەش بنووسن؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.هالە ، فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تەئکید لە مەسەلەی منداڵ دەکەم، ئەو ژنانەی کە مەحکومن منداڵی ساوایان پێیە، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین منداڵ جیاواز بکرێتەوە لە دایکی هەتا ئەگەر دایکەکە حوکمیش درا بێ، بەڵام پێشنیار دەکەم ئەو دایکانەی منداڵیان پێە جیاواز بکرێن لە شوێنێکی تایبەت بۆ ئەوە ئەو منداڵانە تێکەڵی زیندانیەکانی تر نەبن، بۆ ئەوەی تەربیەتی منداڵ نەگۆڕدرێ، ئەگەر پرۆژەیەکی دیکەشیان هەیە بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە بە

شێوەیەکی دیکە لە بینایەتێکی دیکە بن ئەوە باشترە، پرسیارم هەیە لە جەنابی وەزیر کە ئەو مەحکومانە پاش ئەوە حوکمی خۆیان تەواو دەکەن و ئازاد دەکرێن هەندێکیان بە هەمان تۆمەت دەستگیر دەکرێن و حوکم دەدرێنەوە، ئایا ئامارتان هەیە لەسەر ژمارەی ئەو زیندانیانە و هۆکارەکەی چیە؟ ئایا بەرنامەی تەئهیل پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە؟ ئایا چاکسازیەکە وەکو پێویست نەکرایە، ئەگەر بکرێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێ و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د. نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا دەستخۆشی لە راپۆرتی ئەو بەڕێزانە دەکەم، کەوا ئەو راپۆرتەیان ئامادە کردووە، هەروەها سوپاس بۆ راپۆرتی جەنابی وەزیر بۆ کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە لەوە دەچێ کەوا بەرنامەیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی بەشێکی زۆر لەو کێشانە، بەڵام لەبەر نەبوونی پارە نەیانتوانیوە تا ئێستا بەشێکی زۆر لەو پلانانەیان جێبەجێ بکەن، ئەرکی ئێمەیە لە پەرلەمان کەوا لە کاتی ئامادەکردنی بودجەی ساڵی داهاتوودا کەوا هاوکاری ئەو وەزارەتە بکەین بۆ ئەوەی کەوا پارەی باشیان بۆ تەرخان بکرێت تاکو بتوانن ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەن، خاڵێکی تر هەیە کەوا هەستم کرد هەندێ تێکەڵی و پێکەڵی هەیە لە وەڵامدانەوە یان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەرپرسە تەنیا لە زیندان و بەندیخانەکان، بەڵام لە گرتووخانەکاندا ئەوانە سەر بە بنکەی پۆلیسن یان سەر بە هەندێ دەزگای تایبەتین لەوانە وەکو پاراستن، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەرپرس نیە لەو گرتووخانانە، ئێمە بۆ چاککردنی سیستەمی بەندیخانە لە هەرێمی کوردستاندا پێویستمان بە سیستەمێکی نوێ هەیە، ئەگەر جەنابی وەزیر لە بیری بێت ساڵی پار کە هاتە لێژنەی قانونی بۆ تاوتۆکردنی پرۆژەی قانونی وەزارەتەکەی لەوێ پێشنیازی ئەوەم بۆ کرد کەوا سیستەمێك هەیە لە قانونی فەرەنسیدا کەوا دەسەڵاتی دادوەری دەسەڵاتێکی زۆری هەیە لەناو زیندان و لەناو بەندیخانەکاندا، حاکمێك هەیە بەناوی (دادوەری جێبەجێ کردنی سزا) بەعەرەبی( قانون تطبيق العقوبات) ، ئەو دادوەرە دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، دەتوانێ چاودێری هەموو زیندانیەکان و بەندیخانەکان بکات، هەڵبەتە کۆمەڵێك لە کۆمەڵناس هاوکاری ئەکەن بۆ ئەوەی کە رۆژانە هاوکاری هەڵسوکەوتی ئەو کەسانە بن ئەوانەی کەوا رەوشیان بەرەو باشتر ئەڕوات، دەتوانێ ئەو دادوەرە راپۆرتێك پێشکەش بکات بۆ وەزیری داد بۆ ئەوەی داوا بکات کەوا ئەو بەشە حوکمەی کە ماوە لێی خۆش بن وەکو فاکتەرێك وەکو کەسێکی چاك بێتەوە ناو کۆمەڵگاکەی، من لەو باوەڕە دام کەوا پێویستە ئێمە بیر لەو سیستەمە بکەینەوەو من بڕوانامەی ماستەرەکەم لەسەر ئەو بابەتە بوو، لە قانونی فەرەنسیدا ئامادەم هاوکاری کردنی هەردوو وەزارەتی داد و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بکەم بۆ ئەوەی کەوا هەوڵ بدەین ئەو سیستەمە لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێ بکرێت و ئەوە ئەبێتە هاوکاریەکی چاك، لە لایەکەوە دەسەڵاتی دادوەری

دەتوانێ بێتە ناو زیندانیەکە و بێتە ناو بەندیخانەکان لە هەمان کاتیشدا وەکو بڵێین دەڵخۆشیەك ئەداتە ئەو زیندانانە کەوا نیازیان هەیە و تووشی هەڵە بووینە، کەوا بەرەو باشی ئەڕۆن و کەوا پێش ئەوەی حوکمەکانیان تەواو بێت بێنە دەرەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو نەسرین، فەرمووو.

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە تێبینیم کرد لە راپۆرتەکە هەر ئەوەی کە خوێندمەوە، ئەو کێشانەی کە پار هەبوو و کە پێرار هەبوو هەر بە هەمان شێوە ئەم ساڵەش دووبارە بوویتەوە، من وەکو خۆم لێژنەیەکی پەرلەمانی لە ساڵی پار سەردانی گرتووخانەکانی سلێمانیم کرد بە تایبەتی هی منداڵان، تێبینی دوو خاڵی گرینگم کرد، یەکێك لەوانە ئەو تەمەنانەی ئەو منداڵانە کە لە ژوورێکدابوون من خۆم چوومە ژوورەکە، بینیم ئەو منداڵانەی کە لەو ژوورەدا بوون تەمەنەکانیان جیاواز بوون، هەبوو (10) ساڵ، (11) ساڵ، (13) ساڵ، (15) ساڵ هەموو لە یەك ژووردا بوون، ئەوە کاردانەوەیەکی زۆر خراپ لەسەر ئەو منداڵانە دروست دەکات، دەبێ چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێ، دووەم، ئەو منداڵانەم دواند و قسەم لەگەڵیان کرد، هەبوو دزی کردبوو یان بەدڕەوشتی کردبوو یان قەتلی کردبوو، زۆر بەدڕەوشتی کردبوو و دزیەکەش، کارەکەیان دووبارە کردبووەوە، هەبوو دوو جار گیرا بوو، هەبوو سێ جار گیرابوو، پێویستە ئەمانە لە ناو زینداندا نەك ماوەیەك سجنیان بکەن لەو ژوورەوە و دوایی بەربێت و بچێتە ناو کۆمەڵگەوە هەمان کار بکات و دیسانەوە بگەڕێتەوە ناو ئەو شوێنە، دەبێ لەوێ پەروەردەیەکی وەها بکرێت دژی ئەو کارە بێت کە خۆی کردوویەتی، ببێتە ئینسانێکی چاك و رێك و پێك و بچێتە ناو کۆمەڵ دووبارە پەروەردە بە ژیانی خۆی با، سێیەم: ئەوەی ئەم ساڵیش ئێمە لەگەڵ لێژنەیەکی پەرلەمانیش سەردانی بەندیخانەکانی ژنانم کرد، بینیم پۆلیسەکان و ژنەکان زۆر گلەیی و هینیان هەبوو، ئەوانەی کە پاسەوانن مووچەکانیان کەمە و دەوامیشیان زۆرە، داوایان ئەکرد کەوا ژمارەیان زیاد بکرێ، چونکە هیلاك دەبوون لە بەیانیەوە تا ئێوارە لەوێ دەوام ئەکەن، یەعنی مودەکەیان کەم بکرێتەوە و مووچەکەشیان زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوا کەس قسە ئەکات، کاك دیلمان، فەرمووو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی (15) لێژنەی یاسایی و خاڵی (12) وەزارەت، کە دەڵێن : سنووردانان بۆ رۆژنامەنووسان، بەڵام دیاریان نەکردیە ئەو سنووردانانە چۆن دەبێت؟ بە تەعلیماتە؟ بە بریارە؟ بە یاسایە؟ دوو: ئەم قسەیە

تەنها کە دەڵێ : سنووردانان پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو مەنهەج و فەلسەفەی کە حکومەتی هەرێم بەکاری دێنێت بۆ مامەلە کردن لەگەڵ ئازادی رۆژنامەگەری، سێیەم: ئێمە لە پەرلەمان یاسای رۆژنامەگەری دەرچوو، بەلأم لە سەرۆکایەتی هەرێم گەڕایەوە، مومکینە ئێستا لە پەرلەمان دووبارە هەموار کردن لەسەری ببێت و بە پێی ئەو یاسایەی پەرلەمان و وەزارەت دەتوانن لەگەڵ ئازادی رۆژنامەگەری بکرێت، بەلأم حکومەت ئەیتوانی بە پێی یاسای مەتبوعات ئەگەر تەجاوزات هەیە، شتێك بكات لەگەڵ ئەوانە، خاڵی (16) کە دەڵێ: بە پێی سیستەمی چاکسازی سزا دانراوە، منداڵێك (8) ساڵە، غورفەی ئینفیرادی هەیە، وەکو لە راپۆرتی لێژنەی قانونیدا هاتووە، ئایا ئەوە دروستە سبەینێ منداڵێکی(8) ساڵی، لەسەر سەپێچیەك بیخەینە غورفەیەکی ئینفیرادی؟ لە خاڵی (5) کە دەڵێ: بە پێی سیستەمی چاکسازی بەکارهێنانی مۆبایل قەدەغەیە، لە راپۆرتی لێژنەی یاسایی نەهاتیە کە مەحکوم مۆبایل بەکاربێنێت، بەڵکو هاتیە دەڵێت: (15) رۆژ جارێك لە پێنج دەقیقە لە ژێر چاودیری و ئیشراف چاکسازی ئەو مەحکومە حەقی هەبێ بۆ پێنج دەقیقە مۆبایل بەکار بێنێ، چونکە ئەوە حەق دەبێت، ئەوەی لە راپۆرتی وەزارەت هاتیە دەڵێ: دەتوانێ سوود وەربگرێت لە تەلەفۆن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو خوشك و برایان و ئەندامانی پەرلەمان، کە قسەیان کرد و راوبۆچوون و پرسیاریان هەبوو، زۆر دوور نیە لە راپۆرتەکەی جەنابی وەزیریش ، ئەویش قسەی ئێوەی تەئکید کردەوە، ئێستا بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێك قسە ئەدەم بە جەنابی وەزیر بۆ ئەوەی ئەو شتانەی کە پێویست دەکات وەڵام بداتەوە، شەرت نیە هەمووی، هەندێ شت وەڵام دراوەتەوە و هەندێکی باس کراوە و هەندێکی راو بۆچوون بووە، بەڵام ئەو پرسیارانەی کە پێویستە وەڵام بداتەوە، دواتر بزانین دەگەینە چی؟ کاك جەنابی وەزیر با بزانین کاك محمد فەرەج وەڵامی کورت دەداتەوە بە ناوی سەرۆکی لێژنەی ماڤی مرۆڤ.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر باسی لیژنەی ماڤی مرۆڤ هات، کە دەبوایە یەك شت بوایە، ئێمە راپۆرتێکمان هەیە، بەلأم یەك بەشمان کرد سلێمانی و راپۆرتێکیشمان هەیە حەزمان لێ بوو هەولێرو دهۆکیش لە پاڵ ئەوەدا بکەین، چاوەڕێی ئەوەشمان کرد لەگەڵ لیژنەی یاسایی بەیەکەوە بیکەین، چونکە ئەو داوایەی یۆنامی کە لەوانی کرد هەمان رۆژ لە ئێمەشیان کرد، بەلأم دیار بوو نەگونجاو ئەوان نەیانکرد، لەبەر ئەوە ئێمە بە تەماین هەولێرو دهۆکیش بکەین، ئەو کاتە راپۆرتێك هەم مەجلیسی قەزاشی تیایە، پێموایە کەمتر پەیوەندی بەمانەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش یەك، دوو تەوزیحم هەیە، ئەگەر مەجالم بدەیت، جارێ بەنیسبەت سەفەرەكەی لیژنەی یاسا لەسەر ئەو راپۆرتە بوو كە یۆنامی تەقدیمی كرد بوو، ئێمە پێمان وا بوو ئەوەی لە راپۆرتەكەی یۆنامی هاتووە 100٪ گومانی لێ دەكراو، بەڕاستی فیعلەن واش دەرچوو، زۆر خاڵ هەبوو بەو شێوەیە نەبوو كە لە راپۆرتی یۆنامی داهاتووە، ئەمە یەك.

دوو/ كاك جەمال قاسم زۆر جار باسی ئەوە دەكات تەجروبەی ئەمریكا لەوێ وابوو، تەجروبەی ئەمریكا لێرە وا بوو، بە هەمان شێوە وا دەزانێت لێرە ئێمە دەنگ لەسەر یاسایەك دەدەین و كەس دەنگی بۆ نەدات و كەس لەگەڵدا نەبێت، ئێمە شتێكمان خستۆتە روو و ئەوە داواكاری كارمەندانی ئەو دەزگایانە بووە، كە دەڵێت ئێمە نزیك ئە بینەوە، رەنگە دەورێكی باشتر ببینین، ئێمە چ عیلاقەمان بە ئەمریكاو سوید و بەولاو بەولایانە هەیە، فیعلەن كە برادەرانی ئێمە چووینەتە ئەوێ دەبینین كارمەندان لەگەڵ سەجینەكانی ناوجەوانان وەكو باوك و كوڕ موعامەلەیان لەگەڵدا دەكەن، وەكو باوك و كچ موعامەلە دەكرێت، كە ئەگەر لێیان نزیك بوونەوە بە تەئكید زیاتر بەرەو ئیسلاحیان دەبەن.

خاڵی سێیەم/ ئەوەیە ئێمە بە كتوپڕی چووین، جەنابت دەزانی هەر لیژنەیەكیش ئازادە بۆ خۆی بچێت، شەرت نییە كە ئێمە موتابەعەی شتێك دەكەین بە لیژنەكانی تریش بڵێین، بۆ ئەوەی لیژنەكانی تر پێش ئەوە زیارەت بكەین، ئێمە ئەو هەفتەی یۆنامی هات، هەفتەی داهاتوو ئەو بەسەر كردنەوەمان كردووە، بەنیسبەت ئەو سیستەمەی كاك دكتۆر نوری ئیشارەتی پێ كرد، ئەو سیستەمە لێرە پیادە كراوەو پیادەش دەكرێت، بەلام لە جیاتی ئەوەی حاكمێك لەوێ لە سجن دابنیشێت و جێ بەجێ بكات، قازی جونح دادەنیشێت، مەسەلەی ئیفراج شەرتی نییە، بەو مەرجەی كە هەیە جێ بەجێ دەكرێت، ئەو سیستەمە وەنەبێت شتێكی تازە بێت كە پیادە نەكرا بێت لە هەرێمی كوردستان، مەسەلەی ئەشكەنجەدانیش، ئێمە لەو سەردانە بۆمان نەسەلمێنردراو ئیسپات نەبوو كە هیچ حاڵەتێك لەو بابەتە هەبێت، چونكە ئێمە ئیعتیمادمان لەسەر ئەم زیارەتە مەیدانیە كرد بۆ ئەوەی بگەینە حەقیقەتێك، یەك حاڵەتمان بۆ نەسەلمێندرا لەو زیارەتەی كە كردمان، ئەوە هەر ویستم بۆ ئێوەی بەڕێز ئەو تەوزیحاتە بدەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە من مولاحەزەو پرسیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەمووم نووسیووە، جا نازانم بەش دەكات یان نا، یان هەر بە تەنیا وەلام بدەمەوە، ئێمە ئێستا ئەوەی كە باسی لێ دەكەین ئەو فەرمانگەی كە هەمانە لەو بینایانەی كە هەمانە، ئەگەر بە گوتن و ئەمانە بێت، ئێمە دەتوانین هەر لە سایتەكانی ئەنتەرنێت سەیری زۆر بینایەی سجن بكەین و زۆر دیزاین بكەین، زۆر بەرنامەش هەیە بیخوێنینەوە، بەلام ئێمە

ئێستا ئەمەمان لەبەر دەستەو ئیش لەسەر ئەمە دەکەین، ئێمە گوتمان ئەم بینایانە بە کەڵکی چاکسازی نایەت، کە بینای چاکسازی نین، لەبەر ئەوە گرفتی پۆلین کردنمان هەیە بەڕاستی، گرفتی یاریمان هەیە بۆ شوێنی ساحەو ئەمانە، گرفتی وەرشەی کار کردنمان هەیە، ئەمانە ئێمە داوامان کردووە لە بینایەی تازە بۆمان چارەسەر بکرێت، لەوێ چارەسەر دەکرێت، دەکرێت ئەگەر لەسەر ئەمانە هەر قسە بکەین و وەڵام بدەینەوە، ئەوە زۆر دەخایەنێت، بەڵام خەیری کەلام ما قەلە وەدەل، ئەم بینایانە بۆ چاکسازی نین، ئێمە دەمانەوێت بینای چاکسازیمان بۆ دروست بکرێت، بەنیسبەت ئەوەی ئێمە ئەو لیژنانە، تەبعەن پرسیارەکانیان زۆر بوون، زۆری دەچێتەوە لای سجنی گەورەی پیاوان، ئەوەش تێکەڵاو بووە، بەڵام دانیشتنەکەی ئەمڕۆ لەسەر سجنی نەوجەوانان و ژنانە لە سنووری هەر سێ پارێزگاکاندا، دیارە خۆتان نیسبەکان دیارە، ژمارەی ئەو ژنانەی کە سجنن ژمارەیەکی زۆر نییە، بەڕاستی ئێمە لێرە گرفتی چارەسەرو کۆمەڵایەتیمان هەیە، نەوعی کۆمەڵایەتی لای ئێمە بەرزە، هەر یەکێك رەنگە ئێستا ئێمە لێرە دانیشتووین بە من بە جەنابتانەوە، لە کەسوکارمان، لە خێزانمان، لە عەشیرەتمان لەم گرفتانەی تیا بووە کە ژنێك روو بەڕووی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە کەسوکاری وەریناگرێتەوە، یەکێك لەوانە ئێوە خۆتان داکۆکی لەسەر دەکەن و حکومەت ئیشی لەسەر دەکات توندوتیژییە دژی ژن، رەنگە لەسەر گرفتێکی زۆر بچووك لە وڵاتی ئێمە تووشی گرفتێکی، کێشەیەکی گەورە بوو بێت، یەعنی ئەمانە کێشەیەکن ئەم ژنانە لە لای ئێمە چەند چاکیان دەکەینەوە، چاکیش ببنەوە 100٪ بشگۆڕێت، بەڕاستی لەناو کۆمەڵگا ئەو گرفتە هەیە، هەر بەو چاوەی جارانەوە سەیری ناکرێت، ئێمە لە بەرنامەمان هەیە ئێستا موافەقەی سێ شەڵتەرمان وەرگرتووە، رێکخراوێکی ئەڵمانی خەریکین، سێ شەڵتەری ژن تازە بیکەینەوە، جگە لەو چوار سەنتەرەی کە هەمانە لە شارەکاندا هەیە، سێی تر بکەینەوە، ئەوە یەکسەر خەریکی دابەش کردنی بەرنامەیەکین، چۆن بتوانین ئەوانەی لەو دەرگایەوە داخیل دەبن لە دەرگایەکەی ترەوە ئامادەیان بکەینەوە بێنەوە ناو کۆمەڵگا؟ و چۆنیان بپارێزینەوە؟ ئێستا خەرێکی ئەو بەرنامەین ئەوەش کاتی ئەوێ، خۆ پلاکی کارەبا نیە یەکسەر دەستی پێدا بنێن و دابگیرسێ، ئەوەش وەختێکی ئەوێ و خەرێکی ئەوەین و موافەقەمان وەرگرتووە و ئێستا بودجەشمان بۆ تەخصیص کراوە ئەو سێ شەڵتەرە بکەینەوە، بەڵام بەراستی نامانەوێ بە سەقەتی دروست بێ ئەمانەوێ بە بەرنامەیەکی باش ئەوانە دروست بکرێ، زۆر جار باسی دەرماڵە و ئەوانە کرا، دەرماڵەکان بەراستی موافەقەی لەسەر کراوە بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران، جگە لەوەی لێژنەی یاساییش مولاحەزەی ئەوەی کردووە، ئێمە پێشتریش داوامان کردبوو بۆ پاسەوان (230) هەزار موخەصصاتمان داناوە و (200) هەزارمان داناوە بۆ مەئمور و چاودێر، (100) هەزارمان داناوە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە پەیوەندیان بە سجنەوە هەیە لە ناو سجن ئیش دەکەن، باسی ئەوەی سلێمانی کرا کە مووچەیان کەمە و ئەوانە، پێش زیاد کردنی مووچە، مووچەی ئەو چاکسازیانەی کە لە سلێمانی بووینە خۆی ئیجرائیەکەیان مووچەیان لە مووچەی هەموو موەزەفێك زیاتر بوو بۆ مەعلوماتتان (330) هەزار بووە ئەو کاتە، وەکو پۆلیس بووە، ئەوەی کاك غەفور ئیشارەتی بە هەندێ شت دا، ئێمە بەس بەڵێنمان

نەداوە و ئیشیشمان کردووە بەراستی، بەڵام کە دێتە سەر ئەوەی بودجە نیە من ناتوانم، ئێمە لە بودجەی خۆمان بۆ چاکسازی هاتووتە لای ئێمە ئێستا موناقەشە کراوە و حکومەت نارودیەتی داوای (21) ملیار دینارمان کردووە (6) ملیارمان بۆ دەرچووە بە هەر سێ پارێزگا، یەعنی ئەو قورە ئەو تۆزەی لێ هەڵدەستێ، من ناتوانم لەوە زیاتر هین بکەم، ئەرکی زیاتر بخەمە سەر دائیرەکەو بڵێم تۆ ئەم مانگە (100) دینارت هەیە و داوای لێ بکەم بای (500) دینار ئیشم بۆ بکات، هەر بای (100) دینارەکە ئەتوانێ ئیش بکات، ئەو هۆڵانەی کە هەمانە لە سجنەکان بەراستی هەر بۆ هۆڵ نیە، کۆڕی تێدا ئەکرێ و سیمیناری تێدا ئەکرێ و وۆرك شۆپی تێدا ئەکرێ، خۆلی شیاندنی تێدا ئەکرێ، و جگە لەوەی نەجارە، هەر نەجارە نیە لە سجنەکان، کاری دەستیمان هەیە، رەسممان هەیە، حەدادیان هەیە، هەر بۆ ئاگاداریتان ئێمە لە بنکەی مەشقی پیشەیی هەولێر چەند مانگی رابووردوو ئەوانەی چاکسازی کە رەغبەتیان لە ئیش کردن هەبوو، نەوجەوانانی هەولێر، هەموو بردمانە ئەوێ و لە ماوەی دوو مانگ لە دەرەوەی سجن دەورەیان پێ کراوە ، لەوێش حەرەسمان بۆ دانەناون تەنها دەرگاکەی دەرەوەمان زەبت کردبوو بۆ ئەوەی هەست نەکەن کە رەبتێکیان لەسەرە، رۆژانەش جگە لەوە رۆژی هەر یەکی پێنج دۆلارمان داونەتێ بۆ مەسرەفی خۆیان کە لەوێ بن، بەشێك لەوانە لە چاککردنەوەی موەلیدە ئیشیان کردووە و دەورەیان بینیوە ، لە ئەلیکترۆنیات ئیشیان کردووە، لە مەوادی کارەبا دەورەیان بینیوە، و خەڵاتیشمان داونەتێ، یەعنی مەبەستم ئەوەیە هەموو رێگاکانمان گرتووتە بەر بۆ ئەوەی کە هەوڵ بدەین ئەوانە تەئهیل بکەین کاتی ئەگەڕێنەوە بۆ ناو کۆمەڵگا، زۆر باسی رۆژنامەنووس ئەکرێ و ئەوانە، رۆژنامەنووس تەبعەن ئازادیەکی موتڵەقمان داونەتێ لە سجنەکاندا و زۆر زیاد لە ئەنجامی هەندێ راپۆرت ئێمە تووشی گرفت بووینە، کەسێك ئەچێ بۆ حەزەکانی خۆی و خەیاڵەکانی خۆی تێکەڵی واقیعەکە ئەکات ئێمە لەوە تووشی گرفت ئەبین، ئێمە رێگەمان لە رۆژنامەنووس نەگرتووە و ئەگەر ئێوە رۆژانە خۆشتان موتابەعەی رۆژنامە و جەریدەکان ئەکەن، کەم رۆژ هەیە شتێکی لەسەر زیندانەکانی تێدا نەبێ و ئێمە بە زەروریشی ئەزانین بەراستی دەسەڵاتی چوارەم موراقەبەی ئەدائی ئێمە بکات، بۆ ئەوەی ئێمە کەم و کوڕیەکانمان ئەگەر یەکێك نەیخاتە پێش چاومان چۆن چارەسەری ئەکەین؟ بەڵام گلەییمان لەوە هەیە ئەوانە هەندێکیان بە نا قانونی، بە نا حەقی شتی ناڕەوا ئەنووسن، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە ئەتوانین بەراستی لە رێگای یاساوە شکاتیان لێ بکەین، من هەر بۆ مەعلوماتتان ئێمە شتێکمان کرد لە زیندانی سلێمانی لە رۆژی مۆسیقای جیهانی، لە دونیا تا ئێستا هیچ حکومەتێك جورئەتی نەکردووە ئەوە بکات و کەسیش نەیکردووە لە هەرێمی کوردستان تاکە کەس ئێمە بووینە، حەفلەیەکمان کرد بۆ زیندانەکان و لە کوردساتەوە بە نەقلی موباشیر نەقل کرا، ئەوانەی کە مەحکومی ئیعدامن و ئەوانەی هەمیشەیین و ئەوانەی (20) ساڵن و ئەوانەی سەقیلەو خەفیفە، هەموویان ئەو رۆژە بە ئامادەبوونی رێکخراوێکی فەرەنسی لەو ساحەیە هەڵپەڕێکیان دەکرد و ئەصڵەن گرفتێکیان نەبووە، هەر کێشەیەك نەبووە لە حەفلەیەکی تر لە دەرەوە هەر نەبێ دە شەڕی تێدا ئەکرێ، ئەوەش نەبووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەو کارمەندانەی ئێمە رەغمی کەمی ئیمکانیاتمان زۆر بە

باشی توانیویانە دەوری خۆیان ببێنن و عیلاقەیەکی خێزانی لەناو زیندادا دروست بکەن، هەر ئەوەش بوو وای لێ کردین ئێستا ئەمریکیەکان سجن ئەکەنەوە لە چەمچەماڵ و داوایان لێ کردین بەشێك لە کارمەندەکانی ئێمە ببەن و ئەو کارمەندانەی ناردوومانە بۆ دەورەش، راستە (19) کەس بووینە، بەڵام ئەم (19) کەسەی ئێمە ناردوومانە ئەوە نیە هەر کەسێك هەبوو بینێرین، ئێمە کەسێك ئەنێرین بۆ دەورەیەك و لەسەر مەوزوعێك، دووەم بێت هەر ئەو ئەنێرینەوە، سێیەم بێت، بۆ ئەوەی لێرە مامۆستایەکی باشیان لێ دەربکەین، نەك بۆ ئەوەی بە ئینصاف تەوزیعی بکەین و هەموو کەس ئەوروپا ببێنی و دەرەوە ببێنێ، دەورەکەمان بۆ ئەوەیە ئێمە ئیستیفادە لە خیبرە و توانای ئەوانە بکەین، ئێستا بەشێکی خۆمان ئامادە کراوە مامۆستان لەو دەورانەی خۆمان کە ئیستیفادەیان لێ بکەین، بۆ مەسەلەی مۆڵەت، کاك عثمان ئیشارەتێکی دا لە هەموو کوردستاندا دەکرێت، ئێمە ئیشارەتمان پێدا لە هەولێر کراوە و لە سلێمانی کراوە و لەوێ نەکراوە، ئەو دوو سجنە مەبەستم گەوران بووە، چاکسازی عایدی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوەخۆ بووە، کە هاتووتە لای ئێمە ئیشی لەسەر ئەکەین، هەمان قانون جێبەجێ ئەکەین، مۆڵەتیش بەراستی بۆ سجن ئێمە هەم ریعایەی لاحیقەمان هەیە کە دەر ئەچن لە سجن، ئەوانە لە ماڵەوە توێژەری کۆمەڵایەتی موتابەعەیان ئەکەن و تەقاریر ئەنووسن و تا ماوەیەکی موعەیەن کە یاسا دیاری کردووە، ئێمە بۆ نەوجەوان ئەو ریعایە لاحیقەمان هەیە و رەنگە لە داهاتوودا پەرەشی پێ بدرێ بە پێی ئیمکانیات، بەڵام وەکو باسم کرد کە توێژەری کۆمەڵایەتیمان دەست ناکەوێت لە دهۆك هینی بکەین، جگە لەوە ئێستا ئێمە بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەهێز کردن و باشتر کردنی وەزعی چاکسازی لە کوردستاندا جگە لە (631) کەس قەرارمان دایە تەعینیان بکەین، پێش ئەوە موافەقەمان وەرگرتووە بۆ ماوەی پێنج مانگ (60) توێژەری کۆمەڵایەتی تەعین بکەین بۆ چاکسازی و ئەوانە تەعینمان کردووە، بێمە سەر قسەیەکی کاك جەمال کە رەخنەی توند و تیژی هەیە، بەڵام ئەوەی ئەو باسی کرد وا نیە، پێویست ناکات ئەوە کارەسات نیە، ئێمە گرفتێکمان هەبووە هەم پەرلەمان و هەم لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لێژنەیەکی باڵا دروست کراوە بۆ بەدواداچوونی کێشەی زیندانەکان، لە ئاساییش و لە پۆلیس  ئەوە حاڵەتێك هەیە خۆمان باسی بکەین باشترە تاوەکو خەڵك باسی بکات، گرفتێکمان هەبووە و لێژنەیەکی بۆ دروست کراوە و رەئیسی لێژنەکە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران خۆی بووە و لێژنەکە ئیجرائی کردووە و بەرهەمیشی هەبووە بەراستی ، خەڵکێك هەبووە ئەگەر مودەکەی زۆر بووە لە سجندا، بەڵام لێپێچینەوە کراوەو زۆری تەصفیە کراوەو ئەتوانم بڵێم لە 90٪ تەصفیە کراوە، ئەگەر لە 100٪ نەبێت، تاوانیش نیە ئەگەر بڵێین ئێمە سجنی مەوقوفینمان هەیە، بەڵێ ئەو سجنانەی کە کێشەیەکیان هەیە بە ئەمری حاکم ئەگیرێن و ئیحالەی پۆلیس یان ئاساییش ئەکرێن لەوێ ئیجرائاتی قانونی بۆ ئەکرێ و کێشەکەیان دوا قەرار وەرئەگرێ، دوا بڕیاری دادگا ئەگەر بەربوو ئەچێتەوە ماڵی خۆی و، خۆ ئەگەر هاتە لای ئێمەش ئەو سیستەمەی چاکسازی کە هەمانە ئەگەر کەم و کوڕیشی هەبێ ئەوە جێبەجێ ئەکەین، ئەگینا هیچ تاوانێك نیە، من ئێستاش تەئکید دەکەمەوە لە ئاساییش و لە پۆلیسیش

سجنی تەوقیفمان هەیە و سجنی تەسفیراتیشمان هەیە، ئەو شوێنەی کە لە مەرکەزەوە ئیحالە ئەکرێ بۆ تەسفیرات و ئیجرائاتی خۆی قانون لەوێ جێبەجێ ئەکرێ، بۆ مەسەلەی وەزارەتی ئەوقاف ورۆڵی ئایین زۆر باس کرایە، بەڵێ ئێمە تەنسیقمان لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف هەیە و مامۆستای ئایینی لەوێ موحازەراتیان هەیە، بە بەشێکی گرنگی دەزانین لە چاکسازی و ئیستیفادەشمان لێی کردووە، ئەگەر پێویستیش بکات بۆ فراوانکردن و زیاتر ئیستیفادە کردن لێیان هیچ مانعێکمان نیە، کردوومانەو تەنسیقێکی باشمان هەیە، کە خوتبەی جومعەشیان بۆ دەدرێت، پێش دانی خوتبەکە مامۆستاکە لەگەڵ بەرێوبەری سجنەکە تەنسیق دەکات لەو مەوزوعانەی کە پێویست بکات، لەوێ ئیشی باشیان لەسەری کردووە، بە کورتی بەو ئیمکانیەتەی هەمانە درێخیمان نەکردووەو کەموکوڕیشمان هەیە، لە هەوڵ داین بۆ چارەسەرکردنی و ئەوانەی کە باسمان کرد، من لە راپۆرتەکە بە کورتی جوابم داوەتەوە، کاك غفور ئیشمان لەسەری کردووە و ئەو ئیشانەش هەندێکیان بەرهەمی هەبووە، زۆریشیان وەك خۆتان دەزانن زۆربەی ئیشەکان دەکەوێتە سەر بودجە، من خۆم هاتمە لیژنەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی لە پێش تەسدیق کردنی بودجە خۆیان لێرەن و گوێیان لێیە کە داوام لێ کردن کە پشتیوانمان بن بۆ ئەو بودجەیەمان بۆ ئەوەی باش بێت، ئەسڵەن نەك بۆ زیندان و چاکسازی بەڵکو بۆ هەموو دائیرەکان، ئەسڵەن من داوام کرد تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیش بودجە تەرخان بکرێت، داوای 176 ملیار دینارم کردبوو بە هەمووی 29 ملیار دینارم بۆ گەڕاوە، ئێمە کالا بەقەد بالای خۆمان بە پێێ بەرنامەکەی خۆمان ئەوەندەیە، لەبەر ئەوە لە حکومەت جەنابتان ئاگادارن ئەولەویەتی میزانیە لە ساڵی پار سووتەمەنی و کارەبا و ئەوانە بووە، ڕەنگە ئەم ساڵیش ئەولەویەت بۆ شتی تر بێت، بۆ زراعە و ئاودێری و ئەوانە بێت، ئەو بودجەیەی کە دەکەوێتەدەست ئێمە هەوڵ دەدەین هەمووی جێ بەجێ بکەین، بە داخەوە هەندێکی ڕەنگە تاوەکو ئێستا دەستمان کراوە نەبێت لە بەکارهێنانی بودجەکەمان، پێویست بە موافەقاتی تر دەکات ئەوانەش گرفتێکن، بەڵام دەکرێ ئێمە ئەوەندەی کە بودجەمان بۆ تەرخان کراوە ئیشمان هەیە و مەسئولین بەرامبەر ئیشەکانمان، پێمان خۆشە لێ پرسینەوەو لێپێچینەوە هەبێت لەسەر ئیشەکانمان، دیسانەوە دەیڵێم ئێمە سجنەکانمان، دەرگاکانمان والایە بۆ هەموو کەسێك، بۆ ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەر دام ودەزگایەکی تر با ڕۆژنامەش بێت، بەلام بە ئینسافەوە شتەکان بنووسن، بۆ قەزایەی سیاسی و بۆ ترس دروست کردن بەکارنەهێندرێت، مەسەلەی لەشفرۆشی وەك خۆتان دەزانن ئەگەر هەموو لەشفرۆشەکانی عیراق وەك خۆتان دەزانن کە عێراق بە وەزعێکی نا تەبیعی دا دەڕوات کێشەی ئەمنی و ژیان وئەوانە زۆر بووە، بەشێکی زۆریان روودەکەنە ئێرە کەلای دهۆکەوە دێن لەبەرئەوەی لە موسڵەوە نزیکە زۆربەیان دێنەوە دهۆك، ئەگەر ئەمانە هەمووی لێرە حوکم بدرێن و لێرە دابندرێن هەموو ئەوانەی عیراق دێنە لای ئێمەوە، بەڕاستی ئەوە ناکرێتن دوای ئەوە بۆ گەڕاندنەوەشیان بۆ حکومەتی عیراقی بەڕاستی هەروا ئاسان نیە، دەبێت لەگەڵ وەزارەتی عەدلی عێراقی ئێمە تەنسیق بکەین و موافەقاتی ئەوان وەربگرین، موافەقەی ئەوانیش لە دەسەڵاتی ئێمە نیە، ئێمە رەئی خۆمان دەدەینە دەستی ئەوان، جا بۆیە هەندێك جار کە

دەنێردرێنەوە ئەو دیو، باشترین شت ئەوەیە بۆ ئەوەی لە کۆڵمان ببنەوەو برۆن، ئەگەر چی لە دەرگاوە دەریان بکەین بەشێکیان لە پەنجەرە دێنەوە، هەندێك گرفت هەیە کە بەڕاستی بە من چارەسەر ناکرێت، وەکو لە راگەیاندن و لە ئاستی وەعی کۆمەڵایەتی، ئەوە هەموو لایەك لێی بەرپرسیارە، پەروەردەو کۆمەڵگاو پەرلەمان و ئەمانە هەمووی لێی بەرپرسیارن، ڕادەی وەعی کۆمەڵایەتی ئێمە لە ئاستێك دایە پێویستی بەوە هەیە کە هەموومان ئیشی لەسەر بکەین، ناکرێت ئەوە بدەن بەسەر شانی مندا بڵێن ئەوە بدەنە سەر چاکسازی و من کە ئاستی کۆمەڵایەتی خێزان بەرزبکەنەوە، ئەوەی لەلای ئێمەیە کە چەند بتوانین ئیش لەسەر ئەو کەیسانە بکەین، ئەو گرفتانەی کە هەن هەموومان لێی بەرپرسیارین، من هیوادارم و ئاواتە خوازم ڕۆژێك بێت کە لەلای ئێمەش خێزانی ئێمە بە واقعی سەیری ئەو گرفتانە بکات و چارەسەری گونجاویشی بۆ دابنێت، جاری وا هەیە وەك خۆشتان باش دەزانن لە نێوان دوو کەس دایە (ژن و مێرد) لەجیاتی ئەوەی چارەسەری بکات جەریمەیەکی گەورەتری لێ دەکەوێتەوە، مەبەستم ئەوەیە گرفتە کۆمەڵاتیەکان هەموومان لێی بەرپرسیارین، بەتەنها ئێمە لێی بەرپرسیار نین، ئەو کێشەی حاکمی جێ بەجێ کردن لە ناو سجن دا، منالْ 8 ساڵە ، جارێك لە پەرلەمان تەعدیلێك دەرچوو کە منالْ جاران لە عیراق دا 9 ساڵ بوو، ئێستا 11 ساڵە، ئەوە کاری پێ دەکرێت، ئەگەر 8 ساڵ بێت هەر سجن نیە، ئەگەر بە رەئی من بێت حەق نیە منالی 11 ساڵی و 12 ساڵی حەق نیە هەر سجن بکرێت، بەڵام ئەمە قانونی عقوباتەو بە من تەعدیل ناکرێت، هیوادارم ئێوە لە پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و دەسەڵاتی قەزائی کارێك بکەن لە عیراق دا قانونی عقوبات بگۆڕدرێت، ئیش لەسەر ئەوە بکرێت، ئەو ڕێژەیە زیادبکرێت، یان هەر هیچ نەبێ 11 ساڵی و 12 ساڵی عقوبەی بەدیلیان بۆ هەبێت لە ماڵ بێت یان لە شوێنی تر بن، ئەوانە ئەرکی ئێمەش سووك دەکەن و ڕەنگە ئسلوبێکی حەزاریش بێت وەك ئەوەی لە زۆر جێگای تریش دا ئەوە پەیڕەو دەکرێت، ئیفراجی شەرتی لای ئێمە هەیە، بەڵام ڕەنگە زۆر تەئخیر بێت، خۆ ئەگەر بکرێت، ئەو تەعدیلە لە قانونی عقوبات بکرێت هەمان سیستەم لە دەزگاکانی ئێمە جێ بەجێ بکرێت کارێکی باشە، ئەوەش دیسانەوە دەکرێت لە پەرلەمان پرۆژە یاسایەکی پێ دەربچێت، ئێمە لە چاکسازی بە پێی میزاجی بەرێوبەرەکان کار ناکەین، چونکە لە عیراق سیستەمی چاکسازی هەیە، لەلای خۆشمان لە هەرێمی کوردستان سیستەمی چاکسازی هەیە و چووەتە ئەنجومەنی وەزیران و تەسدیق کراوە، سیستەمەکەی ئێمە بەپێی ئەو سیستەمە کاردەکەین، بەرنامەکان دیاری کراوە کاتی خواردن چەندەو کاتی ئیسراحەت چەندە؟ چوونە دەرەوە چەندە؟ ئەگەر پێویست بکات زیادو کەم بکرێت، ئەوانە بە پێی توێژەرەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، ئەو سیستەمەی کە ئێمە ئێستا جێ بەجێ ی دەکەین لە کوردستان دا ڕاستە کەموکوری هەیە، پێوستی بە باش کردن هەیە، ژیانیش ڕۆژانە لە پێشکەوتن دایە، ڕۆژانە پێویستی بەگۆڕان هەیە لە لای ئێمەش ئەو پێویستیە هەر هەیە، بەڵام بە نموونە وەری گرن لە عیراق دا هی ئێمە زۆر لەوێ باشترە بەو ئیمکانیەتە کەمەی کە هەمانە هەوڵمان داوە کە ئیستیفادە لە وڵاتانی دەوربەر بکەین، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین رەوشێکی باشتر بۆ زیندانیەکانمان فەراهەم بکەین، دوو، سێ وەفدمان ناردووەتە لوبنان و ئوردن،

ئەو سجنەی کە دروستی دەکەین بۆ نەوجەوانان لە یەکێك لە پێشنیارەکان باس کرا، بەڕاستی وەکو ماڵێکە و دێیەکە کە فێری ئیشیان دەکەن، وایە کە خۆیان مەڕو مریشك بەخێو بکەن زراعەتی زۆری تێدا بکەن، تا ئەو کاتەی ئەوانە دەگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگاو هەموو پێداویستیەکانیان پەروەردەیی و تەندروستی لەوێ لە نەخشەکە دیاری کراوە، بۆ ئەوەی بۆیان جێ بەجێ بکەین، تا ئەو کاتەی کە گەڕانەوە ناو کۆمەڵگا هەست بەوە نەکەن کە زەختێکیان لەسەر بووە، ئەو رۆژە باسیشم کرد دایکیشیان لەگەڵ بێت لە پەروەردە کردنیان، بۆ هاوکاری کردنیان، کە گەڕانەوە ناو کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ئامادە کراو و باش دوور لە هەموو حاڵەتێکی نەفسی خراپ ئەوانە بگەڕێنەوە، بۆ مەسەلەی چارەسەر کردنی دەروونی و ئەوانە باس کران، ئێمە لە هەر سێ پارێزگا بنکەی رێنمایی دەروورنیمان هەیەو لە چاکسازییەکان توێژەری دەروونیمان هەیە، لە وەزارەتی تەندروستی نەخۆشخانەی عیلاجی دەروونیمان هەیە، هەر بەند کراوێك ئەو گرفتەی هەبێت بەپێی ئەو بەرنامانەی کە تەعامولیان لەگەڵ دەکرێت، بەلأم دوای ئەوەی کە چاك بۆوە دەگەڕێتەوە زیندان، بەڵێ دەگەڕێتەوە زیندان، چونکە ئێمە دەسەلأتی ئەوەمان نییە ئیلا بەپێی قانون دیاری کراوە، چۆنەو چۆن نییە، لە عمومیاتدا من نازانم، رەنگە زۆر شت و پرسیارەکان زۆر زۆر بوون و زۆریشم نووسیووە، من ئەوەی لە مێشکمدا کۆم کردۆتەوە، لە خاڵە سەرەکییەکان وەلأمم دایەوە، ئەوانەی چاکسازی ئێمە پێویستی بەوە هەیە باشتری بکەین و لە هەنگاونانێك بۆ باشتر کردن بەپێی ئەو گۆڕانەی کە ئێمە دەمانەوێت و لە سیستەمەکەدا کردوومانە لە دامەزراندن و ئەوانەی کە تەعامول لەگەڵ زیندانیەکاندا دەکەن بە عام، چونکە تاوەکو ئێستا پۆلیسەکانی ئێمە، رەنگە هەر پۆلیسێکی دەرچووی شەشی سەرەتایی بێت، رەنگە نەیانتوانیوە ئیستیعابی زۆر شت بکەن، ئەوەی کە کردوویانە بە جوهدو توانای خۆیان بووە، بەلأم ئێستا دەمانەوێت سیستەمەکە کە بڕیارەکەمان داوە دامەزراندنەکەیان لە دەرچووی ئامادەیی کەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی باشتر بتوانن ئیستیفادە لەو موحازەراتانە بکەن، یان ئەو دەوراتانەی کە دەیبینن باشترو ئەو هەولأنەی کە خۆیان بۆ زیاتر پەروەردە کردنی خۆیان، زیاتر توانایان هەبێت لە دەرچووی ئامادەیی کەمترمان نەبێت، ئێمەش دەزانین تەعامول لەگەڵ خەڵکی خۆماندا دەکەین و لە ولأتی خۆماندا زۆرە، رەنگە بەشێك لەوانەی خۆمان ئێستا لێرە نییە کەسوکارمان لە زینداندا بوون زەحیەی هەندێك زوڵم و ئەوانە بوون، ئێمە دەزانین ئەوانە خەڵکی ولأتی خۆمان بە هەر کێشەو گیروگرفتێك هاتونەتە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەلأیەتی ئەرکمانە بە ئەرکی دەزانین و ئیش لەسەر ئەوە بکەین، بۆ ئەوەی ئامادەیان بکەین بەشێوەیەکی دروست بیگەڕێنینەوە ناو کۆمەڵگاو لەو ئەرکانەش کە جێ بەجێمان کردووە، ئەرکەکانمانە ئەگەر کەم تەرخەمیەکمان هەبوو بێت، لێپرسینەوەمان هەبووەو هیوادارین لیژنەکانی پەرلەمان، نەك هەر لیژنەی یاسایی، لیژنەی کۆمەلأیەتی، لیژنەی ماڧی مرۆڤ، هەموو لیژنەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش لە لای ئێمە ئازادن، بۆ ئەوەی بێن کەموکوڕیەکانمان ببینن و دەست نیشانی بکەن، ئێمەش هەوڵ بدەین لەبەرنامەی گونجاو بەهاوکاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چارەیان بکەین، لێتان نەشارمەوە  سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەمساڵ گرنگیەکی زۆری

داوە، پێیان گوتین هەر پێداویستیەکتان هەیە بۆمان بنێرن، شەخصی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران خۆیان لە لیژنەی باڵای زیندانیەکان موتابەعاتیان هەیە بۆمان جێ بەجێ بکەن، دوێنی ئەوانەی ئێمە داوامان کرد، ئێستا ئەوانەی کە داوامان کردووە بەرهەمەکەی دێتە دی، پێداویستیەکانمان بۆ جێ بەجێ دەکرێت و بەند کراوەکان هەمووتان خۆتان دەزانن لە یاسای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کە لێرە دەرچووە، بڕیار درا هەموو سجنەکان بێتەوە سەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوە جێ بەجێ کراوە، تەنها سجنی دهۆك گرفتێکمان هەیە، لەوێ مەحکومین و ئەوانە تێکەڵاون لەگەڵ مەوقوفین جیایان بکەینەوە، ئەویش لەم ڕۆژانە بە ڕاستی وەریدەگرین، هیوادارم وەڵامەکانم ئیقناعتانی کرد بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر کاك عەدنان، بۆ وەڵامەکەی، بەڕاستی ئێمە هەر هەموومان چ ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی، لیژنەی مافی مرۆڤ سەردانەکانیان و هەروەها لیژنەکانی تر ئەندامانی پەرلەمان، هەموو دامودەزگاکانی حکومەت وەکو مەبدەئ مەبەستمان ئەوەیە چاکسازی لە هەموو شوێنێکدا بکرێت، چاکسازی و پاکسازی، زیندانیش شوێنێکە مرۆڤی تێدایە، ئەگەر چی حکوم درا بێت، بەڵام مافی مرۆڤی هەر ماوە، مافی ژیانی، لەبەر ئەوە بایەخدان بە ژیانی ئەوانیش بەشێکە لە مەسئوولیەتی هەموو لایەکمان، جگە لەوەش ئەگەر بمانەوێت هەرێمەکەمان ببێتە نموونە، دەبێت هەموو کەموکوڕیەکان نەهێڵین، مانای ئەوە نییە لە شوێنێکدا دەست نیشان دەکەیت و موناقەشە دەکەیت، ئەمە لە هەموو شتێك گرنگترە، نەخێر، زۆر شتی گرنگ هەیە، ڕەنگە ئەمڕۆ نەتوانین موناقەشەی بکەین و بیخەینە بەردەم موناقەشە کردن لێرەدا، بەڵام مانای ئەوە نییە شتی بچووك دەکرێتن، کە ئەمە بچووکیش نییە، بەڵام ئاسانترە لە شتی تر دەست پێ بکەین، مەسئوولیەتی لیژنەکانیش وەکو دوێنێ لە دانیشتنی پێشتر باسمان کرد، مەسئوولیەتی لیژنەکان ئەوەیە چالاکتر بن، وەکو عەرزم کردن جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە بە دوای ئەم یاسایانەدا بچن کە جێ جێ نەکراون، ئەو تێبینیەی کە ئەمڕۆ درا زۆر جێی بایەخ بوو، پێویستە هەموو لایەکمان وا بکەین ئەو کۆمەڵگایە ببێتە کۆمەڵگایەکی یاسایی، دەسەڵاتێکی یاسا بگاتە هەموو کەسێك، کەسێك کە سەرووی ئەو دەسەڵاتە نەبێتن، سوپاسی یۆنامیش دەکەین کە ئەو ڕاپۆرتەی نووسیووە، بەهۆی ئەوەی لیژنەکان زووتر بچن، لیژنەکان پاریش چوون بێ ڕاپۆرتی یۆنامی وەنەبێتن لەبەر ڕاپۆرتەکە نووسی بێت، بەڵام هەر کێ هاوکارمان بێتن بۆ ئەو مەسەلانە ئێمە سوپاسی دەکەین، ڕاپۆرتەکەی دەخەینە بەردەمی جەنابی وەزیر لەگەڵ ئەو تێبینیانەی خۆتان داتان، ئێمە پشتگیری لە هەموو هەنگاوەکانیان دەکەین لەگەڵ حکومەتیش لە پەیوەندیدا دەبین بۆ دابین کردنی ئەو پێداویستیانەی کە باس کراوە، کە باسی لیژنەکانیش دەکەین، زۆر جار باسی گەندەڵی دەکرێت لەناو دامودەزگاکانی حکومەت، من هەمیشە جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە مەسئوولیەتی ئەوەی عیلاقەی بە پەرلەمانەوە هەیە مەحدودە، هەموو کەسێك مەسئووڵە، هەموو دەسەڵاتەکان مەسئوولن، حکومەت مەسئوولی یەکەمە، دەسەڵاتی دادوەری، دیوانی چاودێری،

لیژنەكانی پەرلەمانیش بەو پێیە مەسئوولیەتە هەر لیژنەیەك مەسئووله دەست نیشان بكات بـه بەلگـەوە تەقدیمان بكاتن، تەنیا بە قسە نا، لە رۆژنامەیەكدا وتارێك دەنووسرێت، ئەوە بەلگە نییە، خۆتان سـەردانی وەزارەتەكان بكەن بە بەلگەوە پێشكەش بكەن و ئەو وەختی لێپێچینەوەی لێ دەكرێت، بەلأم بـه وردی، بـه دیقەت پێشكەشی سەرۆكایەتی بكەن و یەك رۆژیش دوا ناكەوێتن، تەنیا لە ئیعلامدا قسە كردن كافی نییـە، هەموو جار نا، هەندێك جار باشیش نییە بـۆ پەرلـەمان، رەخنەیـە بگرێـت بلێـت گەنـدەڵی هەیـە كەسـیش هین ناكاتن، تۆ ئەندامی لە لیژنەیەكدا لە رێگای لیژنەكەی خۆتەوە برۆ بە دوای ئەو دیاردەیەی كە ئەوەی دەكەیت، راپۆرتی خۆت بنووسە، ئێمەش سوپاست دەكەین، پێش ئەوەی كۆتایی بە دانیشـتنەكە بێـنین دوو خاڵ هەیە حەز دەكەم عەرزتان بكەم، یەكێكیان عیلاقـەی بـە پێشـنیارەكەی دیمسـتۆرا هەیـە سـەبارەت بـە مەسـەلەی هەڵبـژاردنی پارێزگاكـان، دەزانم زۆربـەتان ئەگـەر نـەڵێن، یـان لـە دڵتـان دەمێنێـت، یـان پرسـیار دەكەن، دوێنێ ئەو دەنگۆیە لە رۆژنامەكاندا بلاّو بۆوە، لە میدیاكاندا بلاّو بـۆوە كـە دیمسـتۆرا پێشـنیارێكی پێشكەش كـردووە، بـۆ لایەنـە پەیوەندیـدارەكان وا پـێ دەچـێت ئـەمرۆ ئەگـەر بۆیـان برەخسـێت بیخەنـە بـەردەم ئەنجومـەنی وەزیـران، ئێمـەش لـە دوێـنێ ئێـوارەوە سـەرۆكایەتی پەرلـەمان لـە پەیوەندیـدا بـووین لەگەڵ هاوپەیمانی كوردستان لە بەغدا، ئەوەندە دەتوانم بلێم وەكو پەرلەمان كە مەسـئوولین لـەوە وەخـتی خـۆی لێـرە لەگـەڵ دیمسـتۆرا كۆبووینـەوە، دواتـر لـە پـاش پەسـند كردنـی مـاددەی (24) كـە هـەموومانی بورژاند باسمـان لـێ كـردو رەدمـان كـردەوەو رەئـی ئێوەمـان گەیانـدە هـەموو لایەنـەكانی پەیوەندیـدار، كـە پەرلەمان بە كۆی دەنگەوە ئەو ماددەیە رەفز دەكاتن و قەبولیشی ناكـات، داواشمـان كـرد هـیچ چارەسـەرێك بۆ مەسەلەی كەركووك و ناوچە دابڕاوەكانی تر، بەتایبەتی ئێستا مەوزوعی كەركووكە، نابێت دوور بـێتن لە بنەماكانی دەستوور، بەتایبەتی ماددەی 140، نابێت دوور بێت لـە دیموكراسیەت، نابێـت دوور بێـت لـە حـەقی گـەلی كوردسـتان لـەوەی ئـەو زوڵـم شـتانەی كـە بەسـەریدا هـاتووە لا نەچـێتن، بۆیـە ئێمـە لـەو پێشـنیارانەدا چـاوی ئـەوەمان كـردووە، دووپاتمـان كردۆتـەوەو ئـەمرۆ لیسـتی هاوپـەیمانی كوردسـتان و برادەرانی یەكگرتووش كە هەمان هەڵوێستیان هەیە لە پەیوەندیـدان، ئـەو چـەند بنەمایـە لـە ئەساسـدایە، تەبعەن مەسەلەی دەستوور، ماددەی 140، مەوزوعی دیموكراسیەت، مەوزوعی نەهێشتنی زوڵـم و زۆرداری كە بەرامبەر بە گەلی كوردستان كراوە، تەبعەن رەچاوی ئەوەش بكرێـت كـە ئێمـە ئەساسـەن رەدی مـاددەی 24مانـدا یـەكێك لـە بنەمایـەكانی ئـەو رەدە ئـەوە بـوو، كـە بـەو جـۆرە بـەڕێوەبردنی گفتوگۆیـەكان لـە ئەنجومـەنی نوێنـەران قـەبول نییـە لـەلای ئێمـە، دیموكراسـی نییـە، چونكە دیموكراسـی لـە عێراقـدا، ئـەو دیموكراتیـەی زۆرینـەی، كەمینـە نییـە، بـەڵكو دیموكراتیـەت تەوافوقـە، بۆیـە لـەو مەوزوعەشـدا رەچـاوی ئـەوەش دەكـەین، كـە ئێمـە شـتێكی وا تـەعزیزی ناكـەین، ئێمـە دەڵـێین پابەنـد بـن بـە دەسـتوور، ئـەو دەستوورەی میللەتی عێراق دەنگی بۆ داوەو دەبێت رێزی لێ بگیرێت و جێ بەجێش بكرێتن، ئەو مەبدەئـە ئەساسییە رەچاو بكرێتن، تەبعەن هەر پێشنیارێك ئەگـەر پەسـند كـرا، لێـرەدا قـابیلی قبـول نـەبوو، ئێـوە دەتوانن رەئی خۆتان بلێن، لێرە رەئی خۆمان لەسەر بدەین، بەلأم لێـرە مـەوقیفی ئێمـە دیـارەو لـە هـەموو

لایەنەکانیش روونە، ئەمڕۆ پێش ئەوەی کۆبوونەوە دەست پێ بکات لەو چەند دەقیقەیەی چوومە دەرەوە، دیسان هەر بۆ ئەو مەوزوعە بوو، هەموو لایەك لە گفتوگۆ داین، لایەنە سیاسیەکان، لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لیستی برایانی یەکگرتوو، بۆ ئەوەی ئەو مەوزوعە لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان لەگەڵ بنەمای دەستوور تەواو بێت.

خاڵی دووەم/ لە قسەکانم ئەوەیە کە هەفتەی داهاتوو ئومێد دەکەم ئێمە دوێنێ کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری لەسەر پرۆژەی یاسای رۆژنامەگەری، کە لەلایەن جەنابی سەرۆکی هەرێمەوە بۆ پەرلەمان گەڕاوەتەوە، تەبعەن بەبێ ئەوەی دەست نیشانی ئەو ماددانە بکاتن، کە سەرنجی رابکێشن بۆ ئەوانەی کە موافیق نینە لەسەری، لەبەر ئەوەی کە ئێمە ئاراستەی ئەو نووسراوەی سەرۆکایەتی هەرێممان کرد بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری، کە لەو ماوەیەدا چەندین کۆبوونەوە کراوە، چەندین تێبینیمان بۆ هاتووە لە لایەن کۆمەڵگای مەدەنی، خەڵکانی دۆست، مەحامیەکان لە ئینگلترا، لە وڵاتانی ئەوروپی زۆر مەعلوماتمان وەرگرتووە لەو جۆرە یاسایانەی لە وڵاتانی ئەورووپاوە، هەندێك لە وڵاتانی عەرەبیدا، ئەو دوو لیژنەیەش چەند ماددەیەکیان دەست نیشان کرد بوو، کە ئەو ماددانە پێویستە گۆڕانکاری لەسەر بکرێت و دەوڵەمەند بکرێن، ئێمە دوێنێ تا حەددێکی زۆر هەردوو لیژنە گەیشتنە چەند بنەمایەك، ئومێد دەکەین لە هەفتەی داهاتوو بتوانین دانیشتنی لەسەر بکەین، مادام راپۆرتەکەیان حازرە دەتوانین رۆژی دوو شەممە سەعات دەو نیو دەست پێ بکەین بە موناقەشە کردنی ئەو پرۆژەیە، کاك دکتۆر کەمالیش رەنگە حەز بکات دوو قسە بکاتن لەسەر دیمستۆرا، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو هەموو ئاگادارن و موتابەعە دەکەن، ماوەیەکە کە یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی عێراق لە پێشە، خەڵکانێك، کەسانێك لەناو پەرلەمانی عێراق، ئەوانەی ئیمانیان بە دیموکراتیەت نییە، ئیمانیان بەو دەستوورەی کە 80٪ی عێراقیەکان دەنگیان بۆ داوە موحاوەلە دەکەن ئەو هەڵبژاردنە تێکەڵ بکەن لەگەڵ وەزعی کەرکووك، خۆی ئەگەر نیەت پاك بێت، نیەت ساف بێت، بیانەوێت هەڵبژاردن بکەن با کەرکووك و شارەکانی تری وەکو یەك بە یەك شێواز هەڵبژاردن بکەن، چارەسەری کێشەی کەرکووك و ماددەی 140 جیایە، یەعنی جیایە لە هەڵبژاردن، بەڵام دیارە پایان داگرتووەو رەبتیان کردووە بە ئەوە، یان هەڵبژاردن نابێتن، یان دەبێتن باس لەو مەوزوعە بکرێت، تەقریر لە دوای تەقریر، راپۆرت لە دوای راپۆرتی یۆنامی دیمستۆرا دێتن، هەموو وەختێك تەحالوفی کوردستانی موافەقەت دەکات، بەڵام لە ئاخیر دەقیقە ئەوان پاشگەز دەبنەوە، هەوڵیان دەدا کە کورد بکەنە سەبەبی ئەوەی کە ئەم هەڵبژاردنە نابێت، بەڵام کە برادەرانمان لە تەحالوفی کوردستانی قەبولیان نەکرد، ئەوان پاشگەز دەبنەوە، ئێستاش ئاخیر راپۆرت کە رۆژی پێنج شەممە لەبەردەستی ئێوەی بەڕێز بوو، ئێستا لەوەش پاشگەز

بونەتەوە، یەعنی تۆ چەند موافەقەت دەکەیت ئەو هێشتا تەنازولێکی تری لێ دەکەوێتەوە، ئێستا ئەم پێشنیارە تازەیان هێناوە، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی ئەگەر قەبولیش بکرێتن پڕی مەغالەتەیە، ئەغلاتی زۆر تێدایە، زەرووره بگوترێت و بزانرێت رەئیمان لەسەر دیار بێت، مەسەلەن ئەم پێنشارە تازەی کە ئێستا لەبەردەستمان قەرارە ئیمڕۆ، یان سبەی دەنگی لەسەر بدرێت، کە باس هەر لەوە دەکات (بنسب عادلة ومتوازنة) ئەمە هەتا ئێرە باشە، بەس لەدوای ئەوە کە دەڵێت (ویخیر المكون ذو الاغلبية في مجلس المحافظات باختيار احد اعلى ثلاث مناصب المحافظ ونائب المحافظ ورئيس مجلس المحافظة) ئەمە دژە بە ماددەی دوو لە دەستووری عێراق فەقەرە (ب)، دژە بە ماددەی (14) لە دەستووری عێراق، دژە بە مافی مرۆڤ، چونکە تۆ ئیستیحقاقی ئینتیخابیت هەیە، ئیستیحقاقی ئینتخابی تۆ فەرز ناکاتە سەرت و بڵێ رەئیسی مەجلیسەکە ئیلا دەبێت دەنگ بدەیت و لەو قەومە بێت، یان لەو کەسە بێت، ئەمە زوڵمێکە فەرز دەکرێتە سەرمان، بۆ ئەوەی کە بیکەین، بەلاّم لەگەڵ ئەوەش بۆ برادەرانمان لە تەحالوفی کوردستانی ئەو مەتروکە، ئێستا خۆیان دەتوانن لەوێ قەرار بدەن، هەروەها لە فەقەرەی (ب) دووەم ئەویش دژ بە ماددەی 140، ئەگەر ئیزافەیەکی بۆ نەکرێت بڵێت (بشرط ان لا يتعارض مع المواد الدستورية)، ئەگەر ئەم فەقەرەیەی بۆ ئیزافە نەکرێت، ئەویش دژ بە ماددەی دەستوورە، یەعنی بە موختەسەری ئەوانەی لەوێنە هەوڵ دەدەن ئەفکارێکی خراپ لە مێشکیاندا هەیە موحاوەلە دەکەن کورد لە مافی خۆیان بێ بەش بکەن، بەلاّم برادەرانمان لە بەغدا زۆر بە وردی کار دەکەن، لەگەڵ ئەم کوموکوڕیەش مەحاوەلە دەکەن تاسەکە لەسەریان نەشکێتن، پێویستە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان، چونکە تەحالوفی کوردستانی ئەمەی درەنگ بە ئێمە گەیاندووە، ئێمە ئەمشەو لە مەکتەبی رێزدار جەنابی سەرۆکی هەرێم بەدەستمان گەیشت، کە بۆ ئەوانیش درەنگ پێیان گەیشت بوو و مەجالی ئەوەش نەبوو کە جەلسەیەکی تایبەتی بۆ بکرێت و ئێوەی بەڕێز بیخوێنێتەوە، بەلاّم وەك پەرلەمانی کوردستان ئەگەر دەنگیشی لەسەر درا حەقە هەڵوێستمان دیار بێت کە ئێمە مەوقیفمان بەرامبەر ئەم شتە نایاساییەو نا دەستوورییە چی بووە؟ چونکە بە حەقیقەت من لێتان ناشارمەوە، ئەمە دژە بە بنەمای دیموکراتیەت، دژە بە مەوادی دەستووری، رەنگە لە بەرژەوەندی هەندێك کەس بێت، بەلاّم ئێستاش هێشتا من قەناعەتم هەیە ئەتراف هەیە ئەویش رەفز بکەن، هێشتا بەمەش قانیع نەبن، بۆ ئەوەی تەنازولی ترتان پێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کۆبوونەوەی رۆژی دوو شەممەمان سەعات (11)یە، بۆ ئەوەی بەیانیەکەی بتوانن فراکسیۆنەکان دانیشتن بکەن، راپۆرتی لیژنەی هاوبەش حارزە ئینشائەڵلا چاپ بکرێت، هەر ئەمڕۆ یان سبەی پێتان دەگاتن، سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین کە لەگەڵمان بەشدار بوو لەو دانیشتنە، دوو جار هاتووە، سوپاسی کاك سەعدیش دەکەین کە ئەویش دائیمەن هاوکارمانە، بەلاّم داواشی لێ دەکەین نووسراوەکانمان بەدوای

دابچێتن بزانێت چی بەسەر هاتووە، زۆر نووسراومان هەیەو راپۆرتی دارایی هاتووە کە بڕگەیەك هەبوو لە یاسای بودجە کە دەڵێت دەبێت راپۆرتی شەش مانگ سەرفیات بۆمان هاتووە، ئیحالەمان کردووە بۆ لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی، ئومێد دەکەین زوو ئەگەر مولاحەزەیەکیان هەبێتن، لێرە بخوێندرێتەوە لە دانیشتنێکدا، هەروەها جارێکی تر داوا لە کاك سەعد دەکەین کە پەلە بکاتن لەسەر وەزارەتی دارایی بۆ ناردنی بودجەی تەکمیلی کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەسند کراوە، سەرۆکایەتیش دەریهێناوە، پێویستە بە زووترین کات بێتە پەرلەمان بۆ تاوتوێ کردن و بڕیاردان لەسەری، زۆر سوپاستان دەکەم، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (4)**

**دوو شەممە رێکەوتی 22\9\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (4)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/9/22

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/9/22 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەم, ساڵی (2008)ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمی بڕگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/9/22دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی یاسای كاری ڕوژنامەگەری ژمارە (35)ی ساڵی 2007 لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری سەرۆكی هەرێمی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2008**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار: خستنە روو وگفتوگۆكردنی یاسای كاری روژنامەگەری ژمارە (35)ی ساڵی 2007 لەبەر ڕۆشنایی بریاری سەرۆكی هەرێمی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2008، سەرەتا بەخێرهاتنی گەرمی كاك فلك الدین كاكەیی وەزیری ڕۆشنبیری و بەڕێز كاك سعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەم كە لەگەڵمان بەشدارن، زۆر بەخێر بێن بەسەرچاو، داوا لەلیژنەی یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری دەكەم نوێنەرانیان بێن لەسەر مەنەصە دابنیشن.**

**خوشك و برایان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە پاش ئەوەیش یاسای ژمارە (35) لەساڵی 2007 یاسای ڕۆژنامەگەری كوردستان لە لایەنی ئێوەوە پەسەندكرا، سەرۆكی هەرێم بۆ ئێمەی گەڕاندەوە بە بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی 2008، بەنووسراویان ژمارە (2) لە 2008/1/10، ئیعتزازی هەبوو، بەڵام بەبێ ئەوەی دەستنیشانی ئەو مادانە بكات كە تێبینی لەسەر هەیە، یەعنی ئیعتیرازی لەسەر هەیە، داوای كردووە پێداچوونەوەیەكی پێدابكەینەوە و لەبەر ڕۆشنایی تێبینی هەندێك ڕۆژنامەنووس و هەندێك لایەنی تر كە تێبینی و سەرنجیان دابوو لەسەر هەندێك لەمادەكانی یاساكە، ئەویش بۆ ئێمەی گەڕاندەووە، بۆ ئەوەی چاوی پێدابخشێنین، وەكو باسم كرد دەستنیشانی ئەو خاڵانەی نەكردبوو كە تێبینی خۆی لەسەر هەیە، بۆیە ئێمە وەكو ڕێگایەكی ئاسایی بۆ ڕەچاوكردنی ئەو بڕیارەی سەرۆكی هەرێم، لێرەدا باسمان كردو ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار ولیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی یاساییمان كرد كە پێیدابچنەوە و ڕەچاوی ئەو ڕەخنانە بكەن كە هاتە سەر یاساكە و لەو ماوەیەشدا چەندین كۆبوونەوە ئەنجامدرا چ لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمان و لیژنەكان خۆیان لەگەڵ سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان و لەگەڵ ڕۆژنامە ئەهلیەكان، ڕاگەیاندنی حیزبە سیاسیەكان، سەنتەری جیاجیا لەكۆمەڵگای مەدەنی لەناوی كوردستان و لەدەرەوەی كوردستان، تەنانەت چەندین پسپۆڕی دەرەوەیش هاوكارمان بوون لەوەی كە موناقەشەمان لەگەڵ بكەن بۆ ئەوەی بزانن كەموكوڕیەكان چیەو و بەشێوەیەك یاساكە دەربێنین كە بگونجێت لەگەڵ**

وەزعی ئیستای كوردستان و ئەو رەخنانەش كە هەیە ئەگەر واقعیەتی هەیە لایبەین و بەو شێوەیە بێت كە سوود ببەخشێت بە ئەو بوارە، پێشی بخات ئازادیەكان زیادبكات وهەر وەها بەرێگایەكی یاسایی هەموو لایەك بە تێگەیشتنی یاسا، دەسەڵاتی یاسا، ئازادی تاكە، ئازادی رۆژنامە نووسی، هەموو مەسەلەكان رەچاو بكرێت، قۆناغی ئێستای كوردستانیش هەروەها، بۆیە چەندین كۆبوونەوەی هاوبەشیش لەبەینی هەردوو لیژنەكەدا ئەنجام درا، ئێوەیش ئەندامان هەمووتان پەیوەندیدارن بەو مەسەلەیە كەم وزۆر، رەئی و بۆچوونتان، لەمیدیاكاندا زۆربەتان رەئیتان داوە و وتارتان نووسیوە و باستان لێكردووە، هەندێ كەس وتیان زۆر دوا كەوت، بەڵام دواكەوتنەكە قازانجی هەبوو، ئێستا باشتر ئاشناین لەم یاسایە و باشتر مەعلوماتمان هەیە، ناڵێم 100٪، بەڵام زۆربەمان من خۆم شخصی پێم وایە ئێستا ئاشناترم لەسەر ئەم بوارە، لەسەر ئەم یاسایە لەوەی كە لەرۆژانی یەكەمدا موناقەشەمان دەكرد، بەڵام هەر دەمێنێتە سەر ئەوەی ئەوانەی كە پسپۆرن ئیشیانە زیاتر ئەم ئەركە لەئەستوویاندایە، ئەوان كارەكەیان ئەنجامدا، واتا لیژنەی رۆشنبیری و لیژنەی یاسایی دەستنیشانی ئەو خاڵانەیان كردووە كە پێویستە رەچاوی بكەین و پێدا چوونەوەی بۆ بكەین، بۆیە داوایان لێدەكەم ئێستا یەكەم جار لیژنەی رۆشنبیری، مەسەلە پەیوەندیدارە بەئەو راپۆرتەكەی بخوێنێتەوە دواتر لێژنەی یاسایی راپۆرتەكەی بخوێنێتەوە، دیار دەكەوێت كام مادە پێویستە و ئەو بڕیاردەدەین وئەو مادانە پێداچوونەوەی بكەین، ئێنجا دێینە سەر مادەكان كە پێشنیار كراون، فەرموو لیژنەی رۆشنبیری بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەكەتان.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ب/ راپۆرتمان دەربارەی پرۆژە یاسای رۆژنامەگەری

دوای سڵاو و رێز.

یاسای رۆژنامەگەری یاسایەكی زۆر گرنگو هەستیارە، چونكە پەیوەندی بە ئازادی دەربڕینو، راگەیاندنو، بیرو بۆچوونی جیاوازو، گەیشتن بە زانیاریەكان، مافەكانەوە هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە جیا لە هەموو یاساكانی تر بۆتە جێی باسو بابەتی رۆژانەی دامو دەزگاكانی راگەیاندنو رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی. دیارە، لە روانگەی جیاوازەوە ئەم یاسایە هەڵدەسەنگێنرێو بیرو بۆچوونی لە بارەوە دەردەبڕدرێن، بەڵام ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەوەیە كە یاسایەكی مۆدێرنو ئازادی بەخشو مافپارێزی هاوسەنگ لە نێوانی ئازادیو مافەكان بەرژەوەندی گشتی بێ، واتا هاوسەنگو بێ تەمو مژ بێ.

بەڕێزان: ماوەی رابردوو هەڵلایەكی زۆر لەسەر یاساكە دروست بوو ، ئەوەش بەڵگەی هەستیاری بابەتەكەو داكۆكی كردنی دەستەبژێری كۆمەڵە لە مافو ئازادیەكانی تاك. بێگومان ورووژاندنی ئەو بابەتەش بەو شێوەیە بووە مایەی پتر هۆشیار بوونەوەو ئاگاداربوونەوەی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان لە گرینگیو ناوەرۆكی یاساكەو زیاتر درك كردن بە مافە رەواكانیان كە ئەوەش خۆی لە خۆیدا بە قازانجی بڵاوبوونەوەی رۆشنبیری یاساییە، بە تایبەت لە بارەی خودی ئەم یاسایە.

بۆ ئەوەی یاسایەك پەسەند بكەین كە لەگەڵ پێشكەوتنە كۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسیەكانی كوردستاندا كۆك بێ‌و نمونەیەكی سەردەمیانە پێشكەش بكەین پێمان وایە دەبێ هەموو ئەو نارەزایەتیەو ئەو رەخنانە لەبەر چاو بگرین كە چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوە ئاراستەی یاساكەو پەرلەمانیش كراون. پێویستە سوپاسی هەموو ئەو كەس‌و سەنتەرو رێكخراوانەش بكەین كە بەمەبەستی دەوڵەمەند كردنی یاساكە هەوڵیانداوەو چ بە كۆڕو سیمینارو، چ بە ناردنی پێشنیارو، چ بە لەسەر نووسین‌و دەربڕینی سەرنجەكانیان رۆڵیان گێڕاوەو سەرنج‌و بۆچوونەكانیان گەیاندووە، بە رەچاو كردنی ئەو راستیانەی سەرەوەو دوای بەدواداچوونێكی زۆرو وەرگرتنی هەموو ئەو سەرنج‌و بیرو بۆچوونە جیاوازانەی لە ماوەی رابردوودا سەبارەت بە یاسای رۆژنامەگەری خراونەتەڕوو و بڵاو كراونەتەوەو، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنەوەی پرۆژە یاساكەو دیاری كردنی بۆچوون‌و سەرنجەكانمان لێژنەكەمان رۆژانی 2008/6/23 و هەروەها 2008/9/16 كۆبوونەوەیەكی هاوبەش لە گەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمان‌و لێژنەی یاسایی و، هەروەها 2008/9/17 چەند جارێك كۆبۆتەوەو دوا كۆبوونەوەشمان لە رۆژی 2008/09/21 بوو، وا لە خوارەوەش بۆچوون‌و سەرنجەكانمان لەسەر ئەو ماددەو برگانەی كەمایەی نیگەرانی‌و نیشانەی رەخنە لێگرتنی رۆژنامەنووسان، رووناكبیران، راگەیاندنی هەندێ لە حزبەكان، سەندیكای رۆژنامەنووسان، رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی‌و رێكخراوە جیهانیەكان دەخەینە ڕوو.

چەند تێبینیەكی پێویست:

1. پرۆژە یاساكە لە رۆژی 2007/12/11 لە لایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بەڵام تارۆژی 2007/12/29 بۆ سەرۆكایەتی هەرێم نە نێردراوە.

2. لە رۆژی 2008/1/3 لە لایەن سەرۆكایەتی هەرێمەوە بە مەبەستی پێداچوونەوە ناردراوەتەوە پەرلەمان، دیارە لە لایەن بەڕێز سەرۆكی هەرێمەوە هیچ تێبینیەكی تایبەت لەسەر هیچ ماددەیەك یان، برگەیەكی یاساكە نەدراوە، بەڵكو تێكڕای یاسایەكە گەڕێنراوەتەوە.

3. هەر چەندە پرۆژە یاساكە بە كوردی‌و عەرەبی بوو، لە ناو هۆڵی پەرلەمانیش گفتوگۆ كردن لەسەری بە زمانی كوردی بوو، كەچی یاساكە بە عەرەبی پێش كوردیەكە داڕێژراوەتەوەو كوردیەكەشی بەو شێوەیە بەڕاستی مایەی نیگەرانیە، ئێمە لە ناو هۆڵی كۆبوونەوە بڕیارماندا كە دوای پەسەند كردنی لەلایەن لێژنەكەمان كە لێژنەی تایبەتمەندە بەكوردی دابڕێژرێتەوە، بەڵام نازانین بۆچی ئەو بڕیارە جێبەجێ نەكراو جارێكی تر زمانی كوردی پەراوێز خرایەوە؟ ئەوە لە كاتێكدا پێویستە زمانی كوردی زمانی یەكەم‌و بنچینەیی بێ چ بۆ نووسین‌و چ گفتوگۆ كردن بە تایبەت بۆ بابەتێكی هەستیاری وەك یاسای رۆژنامەگەری، نەك هەر كوردیەكەش باش نییە، بەڵكو هەڵەكانی گەیشتوونەتە سەر ئاستی گۆڕینی ماناو هەندێ راستیەكانیش، بۆ نموونە ئێمە پێشنیارمان كرد ناوی یاساكە بە كوردی بكرێ بە یاسای رۆژنامەگەری، چونكە رۆژنامەگەری پیشەیەو ناوەكەش لەسەر كێشی ئاسنگەری، زێڕینگەری، مسگەری پڕ بە پێستەو كوردیەكی رەسەن‌و رەوانەو لەبارمبەر (العمل الصحفی) عەرەبیشدا هاوتا دێتەوە، چونكە پاشگری (گەر)

هەمان واتای (العمل) یان کار دەگەیەنێ، ئەمە پەسەند کرا، کەچی لە دارشتنەوەدا جارێکی تر کاری ڕۆژنامەگەری نووسراوەتەوە، واتا لێرەدا لە لایەك (کار)ی زیادکراوە، لە لایەکی دیکەش ئەنجامی گفتوگۆی ناو هۆڵەکە لەبەر چاو نەگیراوە، جگە لەوەش ئێمە تەنیا بۆ بوارە پیشەیەکە دەستەواژەی ڕۆژنامەگەریمان دانا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسمان لە ناوێکی یان ئەلتەرناتیفێکی تر بۆ ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەنووسان نەکردووە، کەچی هەر لەخۆوە ئەوانەش دەسکاریان کراوە، لەوەش زیاتر تەنانەت ناوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش کراوە بە سەندیکای ڕۆژنامەگەران، ئایا ئێمە بڕیارمان دابوو ناوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش بگۆڕین؟.

بەڕێزان: لەو دارشتنەوەیەدا پێمان وایە جگە لەوەی کوردی بێ بایەخ نیشان دراوە لە هەمان کاتیشدا ئەمانەتی گواستنەوەی ئەنجامی گفتوگۆکانیش نەپارێزراوە، بۆیە ئەم بابەتە مایەی هەڵوەستە لەسەر کردن و بەخۆ داچوونەوەیە، لە پێش هەر کارێکیش پێویستە ئەمجارە بە کوردیەکی راست و ڕەوان دابڕێژرێتەوە، ئینجا ئیمزابکرێ، گفتوگۆ لەسەر پڕۆژ یاساکەکراوە و چوار چێوە گشتییەکەی دارێژراوە و زۆربەی ماددە و بڕگەکانیشی لە جێگای خۆیاندان، بۆیە ئێمە تەنیا ئەو بڕگەو مادانە دەخەینەوە بەر باس کەمایەی ڕەخنە لێگرتن بوونە و بۆ گۆڕینی هەرماددەیەکیش بە پشت بەستن بە راستیەکانی بەردەستمان پێشنیاری ئەلتەرناتیف دەخەینە روو:

### یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان

### پێناسەکان

ماددەی یەکەم:

دووەم: سەندیکا بکرێ بە سەندیکای ڕۆژنامە نووسان

سێ یەم: نەقیب بکرێ بە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

چوارەم: ڕۆژنامەگەری: پیشەی ڕۆژنامەگەریە لە کەناڵە جیاجیاکانی راگەیاندندا.

پێنجەم: ڕۆژنامەگەر بکرێتەوە بە ڕۆژنامەنووس، هەرکەسێك کە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لەهەر کەناڵێکی راگەیاندندا کار بکا.

ماددەی دووەم: پرانسیپەکان

أ- زۆربەی ئەندامانی لێژنە لەگەڵ ئەوەن کە دەستەواژەی دابی گشتی لابدرێت چونکە:

1- دابی گشتی پێناسە نەکراوە.

2- دابی گشتی بابەتێکی جێگیر و چوارچێوە دیاری کراو نییە.

3- دەستەواژەیەکی لاستیکیە ئەگەری خراپ لێکدانەوەو خراپ بەکارهێنانی هەیە، بەتایبەت لە وڵاتی خۆمان کە هێشتا دادوەری وەکو پێویست سەربەخۆ و راستە ڕێ نەبووە.

4- دوای لادانی دەستەواژەی دابی گشتی و لادانی رستەی بەپێی بەڵگەنامەکانی (U.N) بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: ڕۆژنامەگەری ئازادە و هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە و ئازادی دەربڕین و بڵاوکردنەوەش بۆ

هەموو هاووڵاتیەك لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی مافەکانی مـرۆڤ و ئازادیـە تایبەتیـەکانی تـاكو تایبەتمەنـدی ژیانیانو سیستمی گشتیو پاراستنی ئیتیکی ڕۆژنامەگەری بـەپێی بەڵگەنامـەی فیدڕاسـیۆنی نێـو دەوڵـەتی ڕۆژنامەنووسان دەستەبەرە.

ج- دەستەواژەی ئاسایشی هەرێم بکرێ بە ئاسایشی نیشتمانی.

بڕگەی دووەم: زۆربەی ئەندامانی لێژنە لەگەڵ ئەوەدان کە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

ڕۆژنامـە نـووس بـۆی هەیـە هـەر زانیاریـەك کـە سـوودو بایـەخی بـۆ هاووڵاتیـان هـەبێ لـە سەرچـاوە جیاوازەکانەوە وەدەستی بێنێو بڵاوی بکاتەوە، تەنیا ئەو زانیاریانە نەبێ کە زیـان بـە ئاسایشـی نیشـتمانی دەگەیەنن.

بڕگەی پێنجەم: لەبەر ئەوەی ئەم بڕگەیەش پڕانسیپە زۆربەی ئەندامانی لێژنە لەگـەل ئـەوەدان کـە بـەم شێوەیە دابڕێژریتەوە:

ڕۆژنامە قەدەغە ناکرێو دەستی بەسەرداناگیرێو راناگیرێ، یەعنی (ڕاگرتن).

مـاددەی سـێ یـەم: ئـەو لایەنـەی ڕۆژنامـە یـان گۆڤـاری لـێ تۆمـار دەکـرێ لـە جیـاتی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بێو ئەویش وەزارەتی ڕۆشنبیری ئاگادار بکاتەوە.

ماددەی چوارەم:

یەکەم: پێویست ناکا سەرنووسەر ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بێ، چونکە بوون بـە ئەنـدام لـە هـەر کۆمەڵەو سەندیکاو ڕێکخراوێك ئارەزومەندانەیەو دانانی ئەو مەرجە پێشێل کردنی مافی بنەڕەتیو ئـازادی تاکە.

دووەم خاڵ لابدرێ.

ماددەی پێنجەم: لابدرێ.

ماددەی شەشەم وماددەی حەفتەم وماددەی هەشتەم هیچ تێبینیکمان لەسەریان نیە.

ماددەی نۆیەم، ئێمە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە وەکو پرۆژە یاساکە کە هاتووە بمێنێتەوە.

ماددەی دەیەم:

یەکەم: بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

لە کاتی بڵاوکردنەوەی بابەتێك کە ببێتە هۆی ئەم حاڵەتانەی خوارەوە:

چاندنی تۆی دوو بەرەکیو ڕقو کینـە لـە نـاو پێکهاتـەکانی کۆمـەڵ یـان سـووکایەتی کـردن بـە بـاوەڕداریو سیمبولو پیرۆزیەکانی ئاینی، یان هەر بابەتێك پەیوەندی بـە نهێنیـە تایبەتیـەکانی تاکـەوە هـەبێو ببێتـە مایەی ریسوابوون، یان هەر بابەتێك کار بکاتە سەر ڕەوتی لێکۆڵینەوەو دادگایی کـردن تـەنیا مەگـەر دادگا ڕێگای پێ دابێ، ناو زڕاندنو تۆمەت دروست کردنو جنێو دان.

زۆربەی ئەندامانی لێژنە لەگەڵ ئەوەن کە:

رۆژنامــەنووس بــە بڕێــك پــارە ســزا دەدرێ كــە لــە (1.000.000) یــەك ملیــۆن دینــار كــەمترو لــە (5.000.000) پێنـج ملیۆن پتر نەبێ.

دووەم: غەرامەكە لە (5) پێنـج ملیۆن كەمترو لە (20) بیست ملیۆن زیاتر نەبێ ئەمە بۆ رۆژنامەیە، ئێمە لەم حاڵەتەدا بەحەقیقەت بیروبۆچوونێكی تریشمان هەیە ئەگەر هەردووكی بكرێت بە یەك سزا جا ئێمـە مانیعمان نیە پێمان خۆشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن:**

ئەوانی لێژنەی رۆشنبیرۆی ئیمزایان كردووە، سەرۆكی لیژنەكە كاك ئارێز عبدالله جێگـری سـەرۆكی لیژنـە كاك جمال محمد قاسم ئەندامانی لیژنە خاتوو تاڤگە محمد كاك رەشید كەریم رەشید، كاك سەید تەلعەت، كاك رۆمیۆ هەكاری ئیمزای نەكردووە، محمد احمد صالح (دیلمان) ئیمزای كـردووە لـە گـەڵ تێبـینی لەسـەر هەندێك، لەسـەر لابردنـی ئـادابی عامـە، كـاك بـەڵێن ئیمـزای نـەكردووە و احسان عەبـدوڵلا وخـەمان زرار لەگەڵ تێبینی لەسەر هەندێ شت، خاتوو ڤیان سلێمان، كاك ئارام رەسـول گەلاوێـژ شـابا ئیمزایـان كـردووە، كاك غەفور مەخموری وكاك كەرخی نەجم الدین وكاك پیر خدر سـلێمان ئیمزایـان نـەكردووە، كـاك بـەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئیمزام كردووە، بـەڵام دوێـنێ دوای كۆبوونەوەكـەی لیژنـە رۆیشـتم و نەمامـەوە ئـەمڕۆ بـەیانی ئیمـزام كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور تۆ ئیمزات نەكردووە، كاك كەرخی ئیمزات نەكردووە، ئیمزای دەكـەی؟ كـاك پـیر خـدر ئیمـزای دەكـەی؟ باشـە كـاك رۆمیـۆیش ئیمـزای كـردووە، مـادام لەسـەر مەنەصـە دانیشـتووە، یـەعنی وایـە ئیمـزای كردووە، لیژنەی رۆشنبیری پێشنیار دەكات مادەكانی یەك و مادەی دوو ومادەی سـێ ومـادەی چـوار ومـادەی پـێـچ ومــادەی دە بێتــە موناقەشــەكردن وهــەمواركردن، لیژنــەی یاســایی فــەرموون بــۆ خوێندنــەوەی راپۆرتەكەتان.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عێراق

ب/ ڕای لیژنە

لیژنەی یاسایی بەیانی رۆژی 26/ی گەلاوێژی کوردی، رێکەوتی 2008/9/17 کۆبوۆوە بۆ تاوتوێ کردنی یاسای ژمارە (35)ی ساڵی 2007 (یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان) کە گەڕاوەتەوە بۆ پەرلەمان بە بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان_عیراق ژمارە (1) ی ساڵی 2008 لە (2008/1/3)، بۆ چاو پێ خشاندنەوەی سەرجەمی یاساکە.

دوای گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە لیژنەکەمان راپۆرت و پێشنیارەکانی سەر لە نوێ سەبارەت بە یاساکە بەم جۆرەی خوارەوە پێش کەش دەکات:

1- لیژنە رای وایە رەت کردنەوەی یاساکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە یاساییە، چونکە لە کاتی یاسایی خۆی و بە پێی ماددەی (10/یەکەم)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو رەتکراوەتەوە.

2- جگە لە هەندێ برگەی مادەکانی (دوو،سێ،چوار، پێنج وده)ی یاساکە کە تێبینیان لەسەرە، لیژنە پێشنیاز دەکات ماددە و برگەکانی تر وەك خۆیان بمێننەوە، تەنها هەندێکیان پێویستیان بە داڕشتنەوە هەیە.

3-سەبارەت بە ماددەکانی دووەم، لیژنە پێشنیازدەکات بڕگەکانی یەکەم و دووەم و پێنجەم بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێنەوە:

یەکەم: رۆژنامەگەری ئازادەو سانسۆری لەسەر نییەو ئازادی دەربڕین و بلاوکردنەوە بۆ هەموو هاوولاتیەك دەستەبەرکراوە لە چوارچێوەی رێزلێنانی ماف وئازادییە تایبەتیەکانی تاکە کەسان و تایبەتمەندیی ژیانیان و ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی و پابەندبوون بەبنەماو رەوشتەکانی کاری رۆژنامەنووسی بەپێی پەیماننامەی (شەرەفی) فیدراڵی نێو نەتەوەیی ساڵی1954ی هەموارکراو.

دووەم: رۆژنامەنووس بۆی هەیە لەسەرچاوەی جیاواز ئەو زانیاریانە وەربگرێت کە گرنگن بۆ هاوولاتیان و پەیوەندیدارن بە بەرژەوەندی گشتی، بە مەرجێك پەیوەندی بە ئاسایشی نیشتمانی یەوە نەبێت

پێنجەم: نابێ رۆژنامە رابگیرێت، یان دەستی بەسەردابگیرێت، دەکرێ بەبڕیارێکی دادوەریی بۆ ماوەیەك رابگیرێت لە سێ مانگ تێپەڕ نەکات.

4- سەبارەت بەمادەی سێیەم: لیژنە پێشنیازی داڕشتنەوەی بڕگەی سێیەمی بەم جۆرەی خوارەوە دەکات.

سێیەم: پێویستە لەسەر خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەرەکەی، بەیاننامەی دامەزراندن و لایەنی داراکردنی پێشکەش بە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بکات و سەندیکاش ئەم زانیاریانە بە وەزارەتی رۆشنبیری رابگەیەنێت.

5- سەبارەت بە مادەی چوارەم: لیژنە پێشنیازدەکات رستەی( ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسان) لەبڕگەی (یەکەم) بکوژێتەوەو بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

یەکەم: دەبێ رۆژنامەنووس زمانی رۆژنامەکە بە خوێندنەوەو نووسین بزانێ.

دووەم: برگەی دووەم بکوژێتەوە.

**سێیەم: برگەی سێیەم بکرێتە دووەم و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:**

**سەر نووسەرو نووسەر بەرپرسیارێتی مەدەنی وسزایی لە ئەستۆدەگرن لەسەر ئەو بابەتانەی کە بلاْودەکرێنەوە، خاوەنی ئیمتیازیش بەرپرسیەتی مەدەنی دەکەوێتە ئەستۆ.بەلاْم ئەگەر بەکردار بەشداری لە نووسینی رۆژنامەکەدا کردبوو ئەوا هەمان بەپرسیەتی سەر نووسەری دەکەوێتە ئەستۆ.**

**6- سەبارەت بەماددەی پێنجەم: لیژنە پێشنیازدەکات بکوژێتەوە، چونکە زیادە وزنجیرەی بڕگەکان بەم پێیە بگۆڕێت.**

**7- سەبارەت بەماددەی نۆیەم: لیژنە پێشنیازدەکات بڕگەی (یەکەم)ی بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**یەکەم: لەکاتی تۆمەتبارکردن و ئەنجامدانی رێکارە یاساییەکان دژی رۆژنامەنووس لەسەرچالاکیەك کە پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەبێت، دەبێ سەندیکای پێ ئاگادار بکرێتەوە.**

**8- سەبارەت بەماددەی دەیەم: لیژنە پێشنیازدەکات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:**

**یەکەم: رۆژنامەنووس و سەرنووسەر بەغەرامەیەك سزادەدرێت کە لە(1) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لەپێنج ملیۆن دینار تێپەڕنەکات لەکاتی بلاْوکردنەوەی یەکێك لەمانەی خوارەوە لەمیدیاکاندا:**

**أ: چاندنی کینەو رق ودووبەرەکی ولێك دوور خستنەوە لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەلْگە.**

**ب: سووکایەتی کردن بەبیروباوەڕی ئایینی وشەعائیرە ئایینیەکان.**

**ج: سووکایەتی کردن بەهێماو پیرۆزیەکانی ئایینی هەر ئایین و ئایینزایەك.**

**د: هەرشتێك پەیوەندی هەبێت بە نهێنیەکانی ژیانی تایبەتی تاکە کەسان، تەنانەت ئەگەر راستیش بێت، ئەگەر بلاْوکردنەوەی ببێتە مایەی سووکایەتی پێکردنیان.**

**هـ: جوێن و شت هەلْبەستن و ناو زڕاندن و دەرچوون لەداب و نەریتی گشتی.**

**و: هەر شتێك زیان بەرێکارەکانی لێکۆلْینەوەو دادگایی کردن بگەیەنێت، مەگەر دادگا ماوەی بلاْوکردنەوەی بدات.**

**دووەم: ئەو رۆژنامەی بلاْویان دەکاتەوە سزادەدرێت بە غەرامەیەك لە (10) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت ولە (20) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.**

**سێیەم: لەکاتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچی، دادگا بۆی هەیە غەرامەکە زیاد بکات بەمەرجێك لە دوو هەندی ئەو غەرامەیەی لەبڕگەکانی یەکەم و دووەم داهاتوون پتر نەبێت.**

**چوارەم: داواکاری گشتی و زیان لێکەوتوو بۆیان هەیە داوا تۆماربکەن بەپێی یاسا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایش، سەرۆکی لیژنە کاك شێروان حەیدەری، جێگری سەرۆکی لیژنە کاك عونی کمال بزاز و بڕیاردەری لیژنە کاك عبدالکریم هەمەوەندی ئیمزایان کردووە وکاك طارق جامبازو کاك کریم بحری ئیمزایان کردووە، بەلاْم لێرە دیار نیە، کاك خلیل و کاك محمد صالح وکاك دلێر محمد شریف**

وكاك قادر سعيد خضر ناسراو بە (زانا)و د. رۆژان ئیمزایان کردووە، ئەوەی ئیمزای نەکردووە کاك د. نوری تاڵەبانی وکاك سەردار هەرکی، موافیق نیت د. نوری؟ لیژنەی یاساییش وەکو لیژنەی رۆشنبیری پێشنیار دەکات چەند برگەیەك لەو یاسایەدا بگۆڕێت، هاوبەشن لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیری لە گۆڕێنی مادەی دوو وسێ و چوارو پێنج ودە، بەڵام ئەوان نۆیەمیشیان ئیزافە کردووە، هەتا ئێستاکە ئەگەر هەردوو راپۆرتەکە رێکبخەین و پێشنیار کراوە ئەگەر مادەی یەك و مادەی دوو ومادەی سێ، مادەی چوار، مادەی پێنج، مادەی نۆ ومادەی دە هەموار بکرێنەوە، ئەم پێشنیارە دەبێت بێخەمە دەنگدانەوە، تەنها ئەو مادانەی کە خوێندمەوە، جارێکی تر دەیخوێنمەوە مادەی یەك و مادەی دوو ومادەی سێ، مادەی چوار، مادەی پێنج، مادەی نۆ ومادەی دە، پێشنیار کراون لە لایەن هەردوو لیژنەوە هەندێکیان لەلایەن لیژنەیەکەوە وهەندێکیان لەلایەن هەردووکیانەوە، تەنها ئەو مادانە هەموار دەکرێنەوە، ئەو مادە کانی تر تەنها قەبول کراوە، کێ لەسەر ئەو پێشنیارە رازیە؟ دەست بڵند کات تکایە، فەرموون، کێ رازی نیە؟ یەك کەس تەنها کاك د. نوری رازی نیە، بەهەر حاڵ بەئەکسەریەت رازین لەسەر راپورتی هەردوو لیژنەکە، لەدەستنیشان کردنی ئەو مادانەی کە پێویستی بە هەموار کردن هەیە، دێنە سەر ئەصلی مەسەلەکە لە راپۆرتەکەی لیژنەی رۆشنبیری هاتووە رەخنەی گرتووە لەزمانی کوردی وەڵامەکەمان بۆ ئەوەیە رەخنەکانی رەنگە هەندێکی قەبول بکرێت، بەڵام ئێمە هەمیشە وتومانە کەموکورتیەکی زۆرمان هەیە لەمەسەلەی زمانەوانی کوردی، بەڵام ئەگەر خیلافێك بێت وتومانە عەرەبییەکە ئەساسە تا وەکو رێك دەکەوین لەسەر زمانی یاسایی کوردی، بۆیە ئەگەر ئیختیلافێك هەبێت، ئیختیلافەکە لەوەدا هاتووە، گلەییەکیش هەبێت گلەییێکە لەزمانەوانە هاتووە، بەڵام عارەبێکە ئەساسە هەر شتێك و خیلافێك هەبوو عەرەبییەکە دەبێتە ئەساس بۆ تەرجمە کردن و تێگەیشتنی وە ئێمە بەئامانەتەوە لێرە لەکۆبوونەوە چ بریار دراوە وشکتان خستوەتە سەری لێرە دەتوانین بگەرێنەوە پێش ئەوەی ئیمزا بکرێت سێ وچوار کەس پێیدا دەچێت و تەماشای مەحزەرەکە دەکەین، هیچ خیلافێك نیە لەو بریارەی کە لێرە دراوە بەخیلافی ئەوە نەقڵ نەکراوە بەتایبەتی عارەبییەکە، ئەگەر لەکوردییەکە تێنەگەیشتنێك هەبێت ئەوە مەوزوعێکی ترە، یاسا کە بەعەرەبی هاتووە (قانون العمل الصحفي في كوردستان) ئەوەی کە پێشنیار کراوە لە کوردیەکەدا هەر یاسای کاری رۆژنامە گەری لەکوردستان ئیعترازەکەتان لەسەر چی بوو؟ کارەکە لابدرێت، ئێستاش ئاساییە عارەبییەکە وازیحە پێویست بە موناقەشە ناکات، وەکو وتم پێویست بە دەنگدان ناکات هەر کوردییەکە پێداچونەوە بکرێتەوە، لەبەر ئەوە من ئیقتیراحەکەم پێ قەبوڵە، لیژنەی رۆشنبیری لەگەڵ پسپۆرانی زمان لەپەرلەمان پێکەوە دابنیشن لەرووی زمانەوانییەوە چ هەبێت چاکی بکەن، دێینە سەر مادەی یەکەم ئەصلی مادەکە، مادەی یەکەم لیژنەی یاسایی بیخوێنەوە هەتا ئەو ئیقتیراحاتەی کە هاتوەتەوە پێشەوە بیخەینە بەر موناقەشە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی یەکەم: مەبەست لەم زارەوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا.

1-هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- سەندیکا: سەندیکای رۆژنامەگەرانی کوردستان.

3- نەقیب: نەقیبی رۆژنامەگەرانی کوردستان.

4- دەزدگاکانی رۆژنامەگەری لەکەناڵە جیاوازەکانی راگەیاندندا.

5- رۆژنامەگەر هەرکەسێکی کاری رۆژنامەگەری لەکەناڵەکانی راگەیاندندا بکات.

6- رۆژنامە هەر چابکراوێك کەبەدەوری بەناوێکی دیاری کراو وە بەژمارەی یەك لەدوای یەکتری و بەرێك و پێکی دەرچێت و دابەش بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشنبیری پێشنیارەکەی ئەوەیە ئەو دەستەواژانە بگۆڕێت، تکایە بیخوێنەوە یەکە بەیەکە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەبیعی پێشنیارمان کردبوو سەندیکا بکرێت بەسەندیکای روژنامەنووسان نەك رۆژنامەگەری، چونکە ئێمە ئەو بڕیارەمان نەداوە، سەندیکای رۆژنامەنووسانە، نەقیب بکرێت بەنەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، چوارەم: رۆژنامەگەری: پیشەی رۆژنامەگەریە لەکەناڵە جیاجیاکانی راگەینادندا، پێنجەم: رۆژنامەگەر بکرێتەوە بە رۆژنامەنووس، هەر کەسێك لەبواری رۆژنامەگەریدا یان لە هەر کەناڵێکی راگەیاندندا کاربکات، تێبینیەکەمان ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیەکانتان زمانەوانیە، عەرەبیەکە هیچ ئیختیلافێکی لەسەر نیە لەبەر ئەوە ناکرێت بیخەینە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەصلەکە موافیقین لەسەری یان موافیقین لەرووی زمانەوانیەوە، لیژنەی رۆشنبیری لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە مەسئولن لێی پێداچونەوەی بکەن، کەواتا مادەی یەکەم ئیعتیادیە خەلەلەکە، بەڵام زمانەوانیە پێویست بە دەنگدان ناکات، مادەی دووەم لیژنەی یاسایی ئەصلی مادەکە بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی دووەم:

یەکەم: رۆژنامەگەری ئازادەو سانسۆری لەسەر نیەو ئازادی دەربڕین  و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاوڵاتییەك دەستە بەر کراوە لەچوار چێوەی ڕێزلێنان و ماڤ و ئازادییە تایبەتییەکانی کەسەکان و تایبەتمەندی ژیانیان و ئازادی گشتی و سیستمی گشتی بە پێی یاسا دەستە بەرەو خۆبەستنەوە بە پرەنسیپەکانی کاری رۆژنامەگەری بە پێی پەیمانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

دووەم: رۆژنامەگەر بۆی هەیە ئەو زانیارانە وەربگرێت کە گرنگن بۆ هاووڵاتیان و پەیوەندیدارن بە بەرژەوەندی گشتی لەسەرچاوەی راست وجیاواز ئەگەر پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە نەبێت.

سێیەم: رۆژنامەگەر دەبێت سەرچاوەی زانیاریەکانی یان هەواڵەکانی کە بەدەستی دەکەون بەنهێنی بیانپارێزێ سەبارەت بەو داواکاریانەی کە خراوەنەتە بەردەم دادگا، مەگەر دادگای تایبەت بەپێچەوانەی ئەمە بڕیار بدات.

چوارەم: هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی ماڤی هەبوونی رۆژنامەی هەیە و دەتوانێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

پێنجەم: نابێت رۆژنامە رابگیرێت ودەرچونی قەدەغەبکرێت یاخود دەستی بەسەردا بگیرێت تەنها مەگەر بەبڕیارێکی دادوەری نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی تەنها لەبڕگەکانی یەکەم و دووەم و پێنجەمە کە بەو شێوەی خوارەوە، بڕگەی یەکەم بەو شێوەی خوارەوە لێ بێت، رۆژنامەگەری ئازادەو سانسۆری لەسەر نیەو ئازادی دەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتێەك دەستەبەر کراوە لەچوار چێوەی ماڤ وئازادە تایبەتیەکان تاکە کەسان و تایبەتمەندی ژیان و ئادابی گشتی و سیستمی پابەندبوون بە بنەماو رەوشتەکانی کاری رۆژنامەنووسی بەپێی پەیماننامەی رەوتی شەرەفی فیدرالی نیۆنەتەوەیی ساڵی 1954ی هەموارکراو، بڕگەی دووەمیش بەو شیوەیە، رۆژنامەنووس بۆی هەیە لەسەر چاوەی جیاواز ئەو زانیارانە وەربگرێت کە گرنگە بۆ هاووڵاتیان وپەیوەندیدارن بە بەرژەوەندی گشتی بەمەرجێك پەیوەندی بە ئاسایشی نیشتمانیەوە نەبێت، پێنجەم: نابێت رۆژنامە رابگێرێت یان دەستی بەسەردا بگیرێت، دەکرێت بەبڕیارێکی دادوەری بۆ ماوەیەك رابگیرێت لەسێ مانگ تێپەڕنەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە لیژنەی رۆشنبیری لەسەر ئەو مادەیە راپۆرتەکەتان بخوێننەوە تکایە، فەرموون.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەحەقیقەت لەسەر مەسەلەی دادی گشتی تێبینیمان هەبوو وتمان لێرە دانەڕژێتەوە، چونکە ئێمە لەم مادەیە شتێکمان ئیزافەکردووە بەڵگەنامەی فیدراسیۆنی بیۆدەوڵەتی لەنێو بەڵگەنامەی فیدراسیۆنی نیۆدەوڵەتی کە ئەبێت رۆژنامەمووس پابەند بێت بەم خاڵە ئەوە دیاری کراوە، بۆیە یەکەم بڵێین دادی گشتی شەرحی بۆ نەکراوە، یەعنی پێناسەی بۆ نەکراوە وشتێك کە پێناسەی بۆ نەکرابێت نابێت دیاری بکرێت ئەوە یەك، دووەمیش: هەمان نوقتە لەبەڵگە نامەی فیدراسیونی نیۆدەوڵەتی رۆژنامەنووسان جێگەی خۆی کردووەتەوە، لەبەر ئەوە بە پێویستمان نەزانی لێرە بنووسرێتەوە جارێکی تر وە بەم شێوەیەش دابڕژێتەوە، رۆژنامەگەری ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەر نیەو ئازادی دەربڕین و بلاوکردنەوەیش بۆ هەموو هاوولاتیەك لە چوارچێوەی رێزگرتنی ماەکانی مافی مروڤ و ئازادیەکانی تاك و تایبەتمەندی ژیانیان و سیستمی گشتی و پابەندبوون بە ئەتەکی رۆژنامە گەری بە پێی بەڵگەنامەی فیدراسیۆنی نیۆدەوڵەتی رۆژنامە نووسان دەستە بەرە، ئەوە لە لایەك لە لایەکی تر لە خاڵی (ج) دەستەواژەی ئاسایشی هەرێم بکرێت بە ئاسایشی نیشتیمانی فراوانترە وگلەیی لەسەر کەمتر دەبێت، رۆژنامەنووس بۆی هەیە هەر زانیاریەك کە سوودو بایەخی بۆ هاوولاتیان هەبێت لەسەر چاوە جیاوازەکانەوە بەدەستی بێنێت و بلاوی بکاتەوە، تەنها ئەو زانیاریانە نەبێت کە زیان بە ئاسایشی نیشتیمانی دەگەیەنن، برگەی پێنجەمیش، ئێمە لەو قەناعەتەداین وباوەڕمان وایە کە بەم شێوەیە دا بڕێژێتەوە، رۆژنامە قەدەغە ناکرێت وە دەستی بەسەردا ناگیرێت و راناگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە ئێستا لەسەر مادەی دوو راوبۆچوونی هەردوو لیژنەمان بێست، مادەی دووەم مادەیەکی گرنگە و بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەرە، مەعلومە کەوایە، رەنگە لەناو خودی لیژنەکانیشدا موناقەشەکراوە من دڵنیایشم کە ئەوەی لەهەردوو لیژنەکەیشدا ئیمزایان کردووە ناکرێت بڵێین والله هەمووماں بەدیقەت موافیقین لەسەر ئەم وتارەو ئەم کەلیمەیە، بەلام تکام وایە ئەگەر موناقەشەکان موناقەشەیەکی مەوزوعی بێت ورەچاوی هەموو لایەنێك بکرێت، رەچاوی ئازادی بکرێت، رەچاوی مافی موقابیلەکەیش بکرێت، رەچاوی کۆمەڵگایش بکرێت، رەچاوی یاسایش بکرێت، بۆیە من پێم باشە برگە برگە رەچاوی بکەینەوە ویەك لای بکەینەوە نەك هەموو پێکەوە، چونکە هەر یەکە جیاوازە لەوەی تر، تەبعەن گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە وپێم وایە ئەوەی لەراپۆرتی لیژنەی یاساییدا هاتووە، دەڵێت: بەپێی میساقی شەرەفی فیدراسیۆنی دەولی ساڵی 1954 المعدل، ئەمە وابزانم نۆ یان دە پرەنسییە کە سەر تاسەری دنیا رۆژنامەنووسان پابەندن پێی وگرنگیشە وە ئەگەر ئەوە رەچاو بکرێت وکاری پێ بکرێت ئەوانەی پەیوەندیان بەو کارەوە هەیە زۆربەی زۆری مەسەلەکان یەك لادەبێتەوە، بەلام بەداخەووە لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەزموونی ئێمە لەو بوارەدا کەمە لە هەموو لایەکەووە، یەعنی ئاستی تێگەیشتنمان بۆ مافی ئازادی رۆژنامەنووسان وئاستی بەکار هێنانی یاسا تێگەیشتنمان لەمافی یەکتری کەمە، بۆیە پێویستیمان

به وەخت هەیە هەتا هەموو رۆژنامەنووسان بتوانن لەمافی خۆیان تێبگەن ولەمافی خەڵکی تریش تێبگەن و تێبگـەن لەیاسـاکە لەبەرگـەکانی، بۆیـە رەئێیـك هاتووەتـە پـێش لـەکاتی موناقەشـداو لەسـەرۆکایەتیەوە ئیقـتیراح کـراووە کـە ئـەو میسـاقی شـەرەفە کـە بەپەلـە تەرجومـەمان کـردووە، ببێتـە بەشـێك لەویاسـایە، یەعنی هـاوپێچ بێت لەگـەڵ ئـەو یاسـایە رۆژنامـەنووس پێـی ئاشـنابێت، حـاکم پێـی ئاشـنابێت، وە رۆژێـك لەرۆژان ئەوەندە هەموو لایەك پێوە مەشغۆڵ نەبین، هەریەکە مافی خۆی دەزانێت و رێکاری خۆی دەزانێـت وە حـەقی موقابیلەکەیشـی دەزانێـت، بۆیـە لێـرە مـن دەیـدەم بـە بـرادەران بـۆ ئـەوەی بیخوێننـەوە تـەنها خوێندن موناقەشە نیە، پێشنیارکراوە کەبخرێتە ئەخیری فەقەرەی یەك لـەمادەی دوا کـە میسـاقی شـەرەفی دەولـی بـۆ سـاڵی 1954ی هـەموارکراو وپرەنسیپەکانی کـە هاوپێچـە دەبێتـە بەشـێك لـەو یاسـایە یـاخود رەچاودەکرێت، داوا دەکەم لە کاك خلیل هەر بیخوێنێتەوە بۆ موناقەشە نیە، تەنها بۆ ئەوەی تێبگـەن ئـەو میساقە حەقی موناقەشمان لەسەری نیە لەبەر ئـەوەی میساقێکی دەولیـە، بـەس تێبگـەین دەمـەوێ ببێتـە بەشێك لەو یاسایە، بـۆ ئـەوەی لەیـەك لاکردنـەوەی ئـەو کێشـانەی دێنـە پێشـەوە هـەموو لایـەك بیزانێـت، حاکمیش بزانێت مافی رۆژنامەنووس هـەتا سـەری دنیـا چـوونە وە رۆژنامەنووسـیش بزانێـت حـەقی خـۆی چۆنە وەچی بکات، فەرموو کاك خلیل بیخۆێنەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میثـاق شـرف الفیدرالیـة الدولیـة للصـحفیین، یـتم اعتمـاد هـذا الاعـلان العـالمي بمثابـة معیـار لـلاداء المهـني للصحفیین الذین یقومون بجمـع ونقـل وتوزیـع المعلومـات بالاضـافة الى اولئـك الـذین یقومـون بـالتعلیق علـی الانباء اثناء تناولهم للاحداث:

1- احترام الحقیقة وحق الجمهور في الوصول الیها هو اولی واجبات الصحفي.

2- خلال ادائهم لعملهم سیکون الصحفیون وفي جمیـع الاوقـات بالـدفاع عـن الحریـة مـن خـلال النقـل الامـین والصادق للانباء ونشرها، وکذلك الحق في ابداء التعلیقات واراء نقدیة بشکل عادل.

3- سیقوم الصحفي بنشر تلك الانباء وفقا للحقائق التي یعلم مصدرها فقط ولن یقوم بأخفاء معلومات هامة او تزییف وثائق.

4- سیستخدم الصحفي وسائل مشروعة للحصول علی الانباء بالصور او الوثائق.

5- سیقوم الصحفي ببذل اقصی طاقته لتصحیح وتعدیل معلومات نشرت ووجد بانها غیر دقیقة وعلـی نحـو مسئ.

6- سیلتزم الصحفي باتباع السریة المهنیة فیما یتعلق بمصدر المعلومات التي یطلب عدم افشائه.

7- علی الصحفي التنبه للمخاطر التي قد تنجم عن التمییز والتفرقة الذین قد یوعوا الیهما الاعلام وسیبذل کل مابوسعه لتجنب القیام بتسییر مثل هذه الدعوات التي قد تکون مبنیة علی اساس عنصـري او الجـنس او اللغة او الدین والمعتقدات السیاسیة وغیرها من المعتقدات او الجنسیة او الاصل الاجتماعي.

8- سيقوم الصحفي باعتبار ما سيأتي على ذكره انه تجاوز مهني خطير، الانتحال، التفسير بنية السوء، الافتراء، الطعن، القذف، الاتهام على غير اساس، قبول الرشوة سواء من اجل النشر او اخفاء المعلومات.

9- على الصحفيين الجديرين بصفتهم هذه ان يؤمنوا ان من واجبهم المراعاة الامينة للمبادئ التي تم ذكرها ومن خلال الاطار العام للقانون في كل دولة ومن خلال الاطار العام للقانون في كل دولة وفيما يخص القضايا المهنية على الصحفي ان يراعي استقلالية زملائه باستثناء اي شكل من اشكال التدخل الحكومي او غيرهـ تم تبني هذا الاعلان من قبل المجلس العالمي للفيدرالية الدولية للصحفيين عام 1954 وتم تعديله من قبل المجلس عام 1989.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەمە دیارە لە لایەن هەموو رۆژنامەنووسان لەکوردستاندا قەبوڵی هەیە تەنانەت کۆنفراسی سەندیکای رۆژنامەنووسانیش کردوویەتی بەوەسیقەیەك لەوەسیقەکانی خۆی کاری پێدەکات، بۆیە لەئیقتراحەکەمانا لەئەخیرەکەی کە وترایە بەپێی راپۆرتی لیژنەی یاسایی (وفق میثاق شرف الفیدرالیة الدولیة لعام 1954 المعدل) ئیزافە بکرێت (الملحق بهذا القانون) بۆ ئەوەی ببێت بە بەشێك لەو قانونە، نەك هەروابێت جا کوردیەکەی کاك ئارێز ئێوە بزان چۆنی چاردەکەن، دەمێنێت مەوزوعی لیژنەی رۆشنبیری و لیژنەی یاسایی لەسەر مەسەلەی ئادابی عامەو نیزامی عام، ئادابی عام نیزامەکە چاك کراوەتەوە لێرە لەئەصلدا نووسرابوو، رێگا دەدەم چەند کەسێك رەئی خۆی لەسەر ئەو دوو فەقەرەیە بڵێت، پێویست ناکات هەموومان قسەبکەین بەراستیەکەی دوو مەوزوعی جیاوازە، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی وسێ کەس لەلیژنەکە دەڵێت بمێنێتەوە وموقتەرەحی لیژنەی رۆشنبیریش دەڵێت ئادابی عام لابدرێت، کێ موئەیدی لیژنەی رۆشنبیریە کە دەڵێت ئادابی گشتی لابدرێت؟ ئەوە پێشنیارێکی باشتر هاتووەتە پێشەوە زۆر چاکە، دەڵێت با لیژنەی رۆشنبیری با بۆچوونی خۆی بڵێت بۆ چی لابدرێت؟ وە لیژنەی یاسایی بۆ چی دەڵێت با بمێنێتەوە، رەئی وەزیریش وەردەگرێن ئینجا دەرگا دەکەینەوە رەئی ئێوەیش وەبگرین، فەرموو لیژنەی رۆشنبیری پێشنیارەکەت کە دەتەوێ لای بەی، بەڵی کاك محمد رفعت نوقتەی نیزامیەکەت بڵێ.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەق وایە مەجالمان بدەی ئێمەیش قسەبکەین ، چونکە ئەوە رەئی لیژنەی رۆشنبیری خۆیەتی وئەندامانی پەرلەمانیش رەئی خۆیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە نەمانوتووە مەجالی قسەنادەین، دەڵێین ئەوان داوایان کردووە بابی گشتی لابدرێت، لیژنەی یاسایی دەڵێت بمێنێتەوە، نابێت شەرحتان بۆ بکەن، باشە ئەوداوایە بۆچی کراوە، خۆ ئەبێت تێبگەن با سەبەبەکەی تێبگەین وئەسبابی بزانین بۆ ئەوەی تر دیفاعی لێبکات، ئینجا ئێوە رەئی بدەن لەسەر ئەو تێگەیشتنە، فەرموو لیژنەی رۆشنبیری، زۆرینەی لیژنەی رۆشنبیری کە ئیمزایان کردووە داوادەکەن بابی گشتی لابدرێت، تکایە بۆ دواجار بەکورتی لەخیلال دوو، سێ دەقە شەرحی بکات بۆ ئەوەی بزانین بۆ چی ئەوداواتانە هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: بابی گشتی لەم یاسایە پێناسە نەکراوە، هەر شتێك بکرێت بەخاڵ لەم یاسایە دەبێت پێناسەکرابێت، دوای ئەوە ئیزافەبکرێت، دووەم: بابی گشتی بابەتێکی جێگروچوارچێوە دیاری کراوی نیە، زۆر فراوانە، لەبەر ئەوە ئێمە بەپێویستی دەزانین کە تێدانەبێت، سێهەم: دەستەواژەیەکی کلاسیکە ئەگەری خراب لەیەکدانەوەو خراپ بەکارهێنانی هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتی خۆمان کە هێشتا دادوەری وەکو پێویست سەربەخۆ راستە رێ نەبووە، چوارەم: ئێستا حالیەن برادەرانی لیژنەی یاسایی لەسەر فەرمانی سەرۆکی پەرلەمان میساقی شەرەفی فیدراسیۆنی دەولی خوێنرایەوە، هەموو ئەو خاڵانە، هەموو ئەو نوقاتانە لەئادابی گشتیاهەیە، لێرە هەیە، ئەمەمان کردووە بە بنەما، هەموو ئەو شتانە ئیحتیماڵە بەناو تێدانەبێت، بەڵام شتێك هەیە کەلەبابی گشتی باس بکرێت ولێرە تێدانەبێت، یەك یەك خاڵەکان زۆر بەتەفصیل هەموو شتێکی باس کردووە، هەموو خاڵەکان وەکو خوێنرایەوە زۆر بەفراوانی چووەتە ئەم مەوزوعەوە، ئێمە ئەیشڵێن ئیحتیماڵە هێشتا ئەمەی کەلێرە نووسراوەتەوە هێشتا نەیتوانیبێت وەکو پێویست بابی گشتی باس بکات، لەبەر ئەوە یان ئەبێت پێناسەی بکەین یان ئەبێت لێرە نەبێت، بەڕای ئێمە ئەوەیە، دووهەم: ئێمە سیستەمی گشتیمان ئیزافەکردووە، سیستەمی گشتی فراوانە وئیحتیماڵە بەشێك لە شتەکانی بابی گشتی لەخۆ بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تەنها داوادەکەم وشەیەك لەقسەکانی داهاتووا شەطب بکرێت، ئەویش کە دەڵێت ئیحتیماڵە مەحاکم ئستیغلالی ئەوە بکات، کاك خلیل فەرموو بۆچونی خۆتان بخوێنەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچوونی ئێمە دەبینین زۆر زەرورە وشەی ئاداب بمێنێت و ئەمە زۆر لەقازانجی صحەفیینە با رۆشنبێت لایان، لەمیساقی شەرەفی دەولی و لە هەموو مەواسیقی دەولی بڕگەیەك هەیە دەڵێت، ئەم میساقە لە ئیتاری قەوانینی عام، ئەمەیش لەبڕگەی نۆیەم دەڵێت: ومن خلال الاطار العام للقانون لكل دولة، ئیتاری عامی قەوانینی ئێمە لەعێراق، لە کوردستان یەکەم ئێمە دستوری ئیتیحادیمان هەیە مادەی (38) دەڵێت:

تكفل الدولة بما لايخل النظام العام والاداب، باسى حرية التعبير دەكات، باسى حرية التظاهرة دەكات، باسى حرية التجمعات دەكات، باسى حرية الصحافة دەكات، يەعنى ئێمە بڵێين نەڵێن ئەوە لازمە مولتزم بين بەم دەستورە، دووەم ئيتارى عام لەقوانينى ئێمە هەموويان باسى فكرەى ئاداب وئيتارى عام دەكرێت كە دووشتە پێكەوەن لەقانونى مەدەنى عێراقى لە مادەى (130، 131، 132) ئەمە هەيە كە نابێت هيچ ئيلتيزامێك، هيچ عەقدێك موخاليفى قانونێك بێت يان مخاليفى ئادابى عام يان موخاليفى ئيتارى عام بێت، ئەگەر مەجال بدەن نەصى مادەكە بخوێنم، مادەى (130) لە قانونى مەدەنى دەڵێت يەكەم: يلزم ان تكون محل الالتزام غير ممنوع قانونا ولا مخالفا للنظام العام او الاداب والا كان القانون باطلاً، لەمادەى (131) لەبڕگەى دووەم ئەويش دەڵێت: كما يجوز ان يقترن بشرط ان يكون له نفع لاحد العاقدين او للغير ان لم يكن ممنوعا قانونا او مخالفا للاطار العام او للاداب، يەعنى ئەو فكرەى تێدايە، لەمادەى (132) لەبرگەى يەكەم دەڵێت: يكون العقد باطلاً اذا التزم المتعاقد دون سبب او لسبب ممنوع قانونا او مخالف للنظام العام او الاداب، لەقانونى عقوباتيش زۆر مەواديش هەيە باسى عقوبەى موخالفى ئادابى عام دەكات، سەوابقى قانونى وسەوابقى قەزائى زۆر هەيە لەقانونى عێراقى ولە هەموو مەحاكم تەفسيرى ئەم مەوزوعە كراووە بۆ ئاداب كە چۆنە، ئەمە تەفسير بۆ قەزايە، تەعنيش لەقەزائى كوردستان، ئێستا بڵێين وايەو وايە، من وائەزانم قەوانين وا دادەنرێت لەسەر ئەساسى شەك كو تەعن لەهەندێك موئەسەسات، ئەمەيش جوان نيە، تەعريف كرايە، يەعنى فكرەى الاداب العامە دەڵێت: منظومة الحد الادنى من القيم التي يتواضع عليه المجتمع والتي تحافظ على النسيج الاجتماعي وكيان المجتمع، يەعنى ئەوە راگرێت، يەعنى لەهەموو مجتمع قيەمى خۆى هەيە، لەهەموو مجتمع حد الادنى كە جيگاى ئيتيفاقە، من وا نابينم ئێمە لە كوردستان مجتمع ئەوەندە وابن نە زانن قيەمى ئێمە چيە، وقەواعيدى ئەخلاقى ئێمە چيە، ئێمە رەجادەكەين كە چەواشەى صحفيين، رۆژنامەنووسان نەكرێت و ببێت باشە، ئەگەر نەبێتيش با صحفيين لێرە وانەزانن ئەگەر ئێستا لامان برد مەعناى وايە ئەو خەبتە دروستەو حەڵاڵەو بەمەنتقى موباح بەكەيفى خۆيان دەچنە ناو مەوزوعەوە، خرابتريش دێت، ئەگەر ئێستا لێرە نەبێت بەقەوانينى تر مەحكەمە دەكرێت و عقوباتى تريش دێتەپێش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەبعەن نە ليژنەى ياسايى بە تێكراى دەنگ موتەفيق، چونكە دووكەسيان ئيمزايان نەكردووە، لە ليژنەى رۆشنبيريش هەر وا ئيمزا نەكراوە، ئێستا ناو دە نووسم، چونكە ئەو مەوزوعە مەوزوعێكى گرنگە، بەڵام يەك شت بزانن شەرت نيە هەمووتان قسە بكەن و قسەيش بدەن، دەكرێت لە دەنگدانا رەئى خۆت دەربڕى، دوو رەئيە، هەيە يان نا؟ ئەگەر يەكێ قسەى كردووە يان دوو، سێ كەس قسەى كرد، ئێستا شتەكە روون بوو با چەند كەسێك قسەبكەن، دواييش دەتوانيت رەئى خۆت دەربڕێت لە دەنگدانا كە لەگەڵ ئەو رەئيەى يان لەگەڵ ئەوەى ترى، كاك شێروان نوقتەى نيزامى هەيە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی ئەو دوو برادەرەی کە جەنابت ئیشارەتت پێی دا ئەسڵەن لە کۆبوونەوەکە حازر نەبوونە، بۆیە ئمزایەکانیان لەوێ نیە، بە کۆی دەنگ بووە کە ئەو کەسانەی حازر بوونە لەلیژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ دەزانم بەکۆی دەنگ بووە، بەڵام من لێرە لێم پرسین وتیان ئێمە حازر نەبووینەو بەس رازی نیین لەسەر موفتەرەحەکە، دوو کەس کاك سەردارو کاك دلێرە، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من راستە ئیمزام نەکردووە، بەڵام راپۆرتەکەم بۆ هاتووە لەسەری نووسیومە رازی نیم لەسەری، یەعنی ئەوە بڕێك دیقەتی تێدا نیە کە کاك شێروان باسی دەکات، بەڵام نازانم بۆچی رابۆرتەکەی دی بڵاو بووە و ئەوی دی بڵاو نەبووە، کاك دلێریش لەسەری نووسیوێتی لەگەڵ تێبینیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ، بەڵام ئیمزاتان نەکردووە، نەفس شتە، پێش ئەوەی ئەو ئیمزایە بکەیت ئیستینساخ کرا، لێرە نەبوویتە دیارە، بەهەر حاڵ کێ دەیەوێت قسەبکات ناوی دەنووسم، باشە ناوتان دەنووسم، بەڵام دوایی خۆم ئیختیار دەکەم بۆ قسەکردن بەگوێرەی کوتلەکان ، چۆنکە ناکرێت هەمووتان قسەبکەن، تەسەلسول دەبێت تەقسیمی بکەین، نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە بیرو بۆچوونەکان زۆر ئاشکران و لەو دوو راپۆرتەیشدا رەنگدانەوەی هەیە ، بۆ هەردوو بیرو رەئیەکەیش ناخەیتە دەگدانەوە؟ بۆ ئەوەی ئەوەندە کاتیش نەڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە، ئەو پێشنیارەی تۆ دەخەمە دەنگدانەوە، کێ رازییە؟ لەسەر ئەو پێشنیارە با دەستی بڵندکات، فەرموون، کێ رازیی نیە؟ ژمارەی رازی و نارازی زۆر روون نیە، بویە دەیژمێرم، جارێکی تر دەیخەمە دەنگدانەوە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار لە لایەن یەك ئەندام کراوە، کەس پشتگیری لێ نەکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك د. كمال و كاك فرست لێرە پشتگیریان لێ کردووە، بۆیە من خستمەدەنگەوە، د. كمال وكاك فرست پێشنیارەکەیان پەسەند کرد، بەدەنگیش دەکەس وتی زۆر باشە لەبەر ئەوە، منیش دەزانم یەك کەس نابێت، لێرە دوو کەس ولەوێش دەکەس، بۆیە بووە پێشنیارێکی عام، کاك ناصح فەرموو.**

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هەردوو لیژنە راو بۆچوونی خۆیان وت، بەڵام هەردوو لیژنەی ئاماژەیان بە دستور نەکرد، یەعنی یاسای بنەڕەتی وڵات ئەساسی هەموو شتێکە، هەر یاسایەك ئێمە دەریبکەین ئەگەر لەگەڵ دەستورا نەگونجێت، مەعنای وایە ئەو یاسایە ئیعتیباری بۆ نابێت، چونکە دژی دەستورە، لەبەر ئەوە پێویستە موناقەشە بکرێت، من یەکێکم لەوانەی دەربارەی هەردوو رەئیەکە قسە ئەکەم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**كاك ئارێز فەرموو.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هەردوو لیژنە بەزۆرینەی دەنگ بۆهەردووکی، یەعنی ئەوە نیە دوورەئی بێت، لە لیژنەی رۆشنبیریش رەئی جیاواز هەیە ولەلیژنەی یاساییش رەئی جیاواز هەیە، لەبەر ئەوە نیە تەنها دوو رەئی بێت، یەعنی چۆن رەئی سێهەم لەناو پەرلەمان هەیە لەناو هەردوو لیژنەیش هەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دوو رەئی هەیە، دوو رەئی ئەکسەرییەتە، من پێم باشترە بەراستی بۆ ئەوەی نەیخەمە دەنگەوە، ئەگەر موافیقن سێ کەس بە سێ کەس قسەبکات ئەوجا بیخەینە دەنگدان، یا سێ کەس بە سێ کەس قسەبکات، خۆشم ئیختیار دەکەم، کێ لەگەڵ موقەرەحەکەی رۆشنبیریدایە با دەست بڵندکات؟ بۆ ئەوەی سێ کەس ئیختیار بکەم، سێ کەس بۆ ئەوەی شەرحی موقتەرەحەکە بکات، بۆ ئەوەی ناوی بنووسم، دواتر عەکسەکەیشی سێ کەس قسە بکات دوای ئەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، باشە پەخشان خان وکاك محمد رفعت و كاك غەفور مەخموری فەرموو ئەو سێ کەسە، پەخشان خان فەرموو.**

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی رۆشنبیریم، بەلابردنی ئەو عیبارەتە و لەگەڵ ئەوەم ئەو یاساوانە کە لیژنەی رۆشنبیری دایناوە، ئێمە ئەمڕۆ یاسا دادەنەین، بەڵام تەنها بۆ ئەمڕۆ نیە، ئەمڕۆ هەل و مەرجێك هەیە، راستە لەرۆژنامەنووسەکان، یەعنی خەلەلێك هەبێت لێرە یان لەوێ، بەڵام خودی ئەم یاسایەیش ئەبێت بە بنەمایەك بۆ ئەوەی کاری رۆژنامە گەری رێچکەی خۆی بگرێت، ئەگەر خەلەلێکی تێدابێت لەوە رزگاری بێت ئەمەیەك، دوو من لەگەڵ سیستمی گشتیش نیم کەلە راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیریا هاتووە،**

سیستمی گشتی بەراستی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قانونی مەدەنی کە لەمادەی (130)یا تەعریفی کردووە کە هین ساڵی 1951، یەعنی ئەوەی کە ئێستا دەبیسترێ ئەبێت ئەسڵەن حوکمی موئەبەد یان ئیعدام بکرێت، ئەوەی کە بەپێی مادەی (130) کە باسی سیستمی عامی کردووە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ سیستمی عامیشانیم بە تایبەتی کە میساقی شەرەفی نیودەوڵەتی بوەتە بەشێکی تەواوکەر لەم یاسایەدا، لە میساقی شەرەفی نیودەوڵەتی ئەڵێت: من واجبهم، یەعنی صحفیین موراعاتی مەبادئ و ئەو شتانەی کەباس کرا، خلال الاطار العام للقانون في كل دولة، یەعنی لە چوارچێوەی یاسای هەر یەکێك لە دەوڵەتەکانایە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ لابردنی سیستمی گشتیشم بەوەی ئەمە ببێتە بەشێکی تەواوکەرلەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد رفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی رۆشنبیری دەکەم، منیش لەگەڵ ئەوەدام کە سیستەمی گشتیش لابدرێت لەو پێشنیارە, چونکە ئەوەش ئەتواندرێ سیستەمی گشتی و نیزامی عام لە دەستووری هەرێمدا تەوزیح بکرێ و, بەڕەوشەنی دیاری بکرێت کە ئەوە چییە, لەگەڵ ئەوەشم (وفق میثاق الدولي 1954) ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من ئەو یاسایە, یاسایەکی زۆر گرنگە, کاتی خۆشی باسم لەوە کرد, ئەگەر ئێمە لەیاسای ئیستسمار هەوڵی ئەوەماندا سەرنجی وەبەرهێنەرەکان بۆ کوردستان راکێشین, بێن لێرە وەبەرهێنان بکەن, دڵنیابن ئەو یاساییەش هەندە گرنگە, ئێمە دەتوانین لە کۆمەڵگای دەرەوە زیاتر سەرنجی ئەو خەڵکانە رابکێشینە سەر وەزعی کوردستان کە چەند بوارمان بە ئازادی بیروڕای ئازادی کاری رۆژنامەگەری داوە, ئەوە خاڵێك, خاڵێکی تر, مەسەلەی سنووردارکردنی کاری رۆژنامەگەری بەو شێوەی کە ئێمە بمانەوێ ئەو هەموو کۆت و بەندەی بۆ دابنێین کاریگەریەکی زۆر خراپ دەکاتە سەر کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان, رۆژنامەنووسانمان ئێستا ئەگەر تێبینی بکەین, بەردەوام رۆژانە لەلایەن دادگاکان لەسەر شتی زۆر ئاسایە, یەعنی شتەکە بەم شێوەیەش نییە بانگ دەکرێن و سزا دەدرێن, یەعنی زۆرجار دەگەنە حاڵەتی ئەوها کە هەموو رۆژنامەگەریەکانی دەرەوەش بەچاوێکی تر تەماشای ئەزموونی باشووری کوردستان بکەن, بۆیە ئێمە دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین, لەهەمووشی گرنگتر ئەو یاسایە یاسایەکە تایبەت بەکاری رۆژنامەنووسانە, یەعنی یاسایەکی گشتی نییە, پاشان ئەگەر تەماشا بکەین مەسەلەی عقوبات و مەسەلەی هەندێك شت لە یاساکانی تر هاتووە, مەسەلەن قانونی مەدەنیمان هەیە, قانونی عقوباتمان هەیە, دواتر کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەییە, فرە داب و نەریتیشە, فرە ئایینیشە, هەرەیەك لەنەتەوەکان داب و

نـەریتی خۆیـان هەیـە, ئـاینی تایبـەت بـەخۆیان هەیـە, دیسان مەسـەلەی ئـەو تەفصیل کردنـەی کەئێمـە بمانەوێ کە دەگەڕێتەوە بۆ سوڵتەی قەزائی, ئێمە لەوەدانین کـە تەشـهیری سـوڵتەی قـەزائیی بکـەین, بـەڵام هەر تەحاکومێك پاشخانێکی فیکری خۆی هەیە, بەپێی ئەو پاشخانەی خۆی, تەقدیری ئەو شتە دەکات کـە بۆی دەنووسێت, خاڵێکی تر ئەوەی پێویستە کە من ئیشارەتی پـێ بـدەم, مەسـەلەی داڕشـتنەوەی صـیاغەی ئەرکەکە کراوەتەوە ئەو بڕگەی کە لـە لیژنـەی یاسایی و لیژنـەی کاروبـاری رۆشـنبیرییەوە, مـن پێشـنیاری ئەوە دەکەم لە جێی ئەوەی کە باری گشتی و سیستەمی گشتی کە نووسراوە لێـرە یەکسـەر بـوترێ بـە پێـی پابەنـد بـوون بـە بنـەماکانی پەیماننامـەی شـەرفی فیدراسـیۆنی نێودەوڵـەتی رۆژنامەنووسـان, ئەوانـە هەڵبگرێت, کە ئەوە دەکەینە مولحەقێك لەم یاساییەدا بڵێین (رۆژنامەنووسـان بـەپێی پابەنـدبوونیان بـەو بنەمایەی کە لەو میساقی شەرفە هاتووە), ئەوە هەر هەموو لایـەك دەگرێتـەوە, لـەو ئەزمەیـەش رزگارمـان دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستا روون بۆوە لەلاتان ئەو پێشنیارەی لیژنەی رۆشنبیری داوای کردووە, کە مەسەلەی داب و نەریت لە بڕگەکـە نـەمینێت, ئـەو سـێ بـرادەرەش شـەرحیان کـردو جگەلـەوەی کـە لەراپۆرتەکـە بـەرروونی هاتبوو, ئەوەی کە پشتگیری لە پێشـنیاری لیژنـەی رۆشـنبیری بکـات, بۆچـی ئەگـەر دەنـگ بـدات بـۆ لادانـی روونیان کردەوە, ئەگەر نوقتەی نیزام نەبێت قسەت دەبڕم, فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم رای لیژنەی رۆشنبیری لەگەڵ لیژنـەی یاسـایی, نـاکرێ هـەر بڵێـت دوو رەئیـی هەیـە لێـرە, چونکە لیژنەی رۆشنبیری سیستەمی گشتی لانەداوە, یەعنی رای سێیەم هەیە, کە دەڵـێن دابـی گشـتی و سیسـتەمی گشتی, هەردووکی لابچێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوەش دەخەینە تەصویت, ئـەوە مەعلومـە, شـتەکە رەبتـی بەیەکـەوە هەیـە, کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە کـە پشتگیری لەراپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دەکات, کـە دابـی عـام و نـەریت و سیسـتەمی گشـتی بمێنێـت, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ پشتگیری کردن لە رای لیژنەی یاسـا, مـن چـەند تـەوزیحێکم هەیـە, یەکـەم/ سیسـتەمی گشـتی و ئـادابی گشتی, ئـەو دوو دەسـتەواژەیە لەخۆمانـەوە نـەمانهێناوە, بـەڵکو لەهـەردوو عەهـدی دەوڵی مـافی مـەدەنی و سیاسـی هـی مافـەکانی مـرۆڤ هەیـە کـە لەلایـەن نەتـەوە یـەکگرتووەکان پەسـند کـراوە, کـە ئێسـتا لـە ژێـر

دەستمدایە بەروون و ئاشکرا هاتووە, لەهەمان کاتدا لە مافەکانی ئابووری و رۆشنبیری, مافەکانی کۆمەڵاتیش هاتووە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کراوە.

دوو/ لەزۆربەی دەستووری وڵاتانی بیانی و زۆربەی دەستووری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووە بەدەستووری عێراقی فیدراڵەوە, بەدەستووری هەرێمی کوردستانەوە, لەخودی یاسای سەندیکاشدا هەیە, لەخودی پرۆژە یاسای سەندیکاش هەیە, کەخۆیان پێشنیاریان کردووە و هاتۆتە ئەو پەرلەمانە, ئەمە بەقەناعەتی من دوو بەرژەوەندی تێدایە, یەك/ بەرژەوەندیەکی گشتییە, بۆ پاراستنی سیستەمی حوکمڕانی ئێمە لەلایەك, دووەم بەرژەوەندیش ئەوەیە بۆ پاراستنی داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردەواری, چونکە داب و نەریت هەروەك جەنابت دەزانی لەخودی وڵاتێك فەرق دەکات, لەبەینی موحافەزەکان, نەك لەنێوان وڵاتەکان, ئەمە لەلایەك, لەلایەکی تریشەوە بەقەناعەتی شەخصی خۆمان وەکو ئەندامانی لیژنەی یاسا, کە هەموومان باوەڕمان بەبیروڕای ئازادی هەیە, لەجیاتی هەمووشیان ئەو قسە دەکەم, ئێمە ئەوەی کەدەبینین لەبەرژەوەندی رۆژنامەنووسانە, چونکە ئەو فەقەڕەیە واتە دەستەواژەی نیزامی عام و ئادابی عام ئەگەر لەناو یاساکە بێت, بەتەئکید رۆژنامەنووس دەپارێزێت لە سزای حوکم, تەنها سزایەکە دەبێتە غەرامە, یەك لەسەرکەوتنەکانی ئەو یاسایەیە, تەنها مانەوەی غەرامەیە بۆ رۆژنامەنووسان, لەکاتی موخالەفەدا نەك حوکم, چونکە بابێکی تایبەت لەقانونی عقوبات کە حوکمی دەکات, ئەویش بابی (الأجرام المخلة بالأداب العامة), ئەگەر ئەو دوو دەستەواژەیە لێرە زکر نەکرێ, دەگەڕێینەوە بۆ قانونی عقوبات, قانونی عقوباتیش سزای حوکمی تێدایە بەنیسبەت رۆژنامەنووس, بەنیسبەت پێناسەی نیزامی عامەوە, من حەز دەکەم ئەو پێناسەی کە برای بەڕێز کاك خەلیل ئیشارەتی پێدا, ئەو برادەرانەی کە داوای دەکەن پێناسەی بۆ بکرێ, فەرموو یەك پێناسەم پێبدەن کە ئێمە قەناعەتی پێ بێنین, پێناسەیەکی گشتی هەیە, ئەوەی کە کاك خەلیل ئیشارەتی پێدا, چونکە ئەو پێناسەیە لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر فەرقی هەیە, لەقۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر فەرقی هەیە, جگەلەوەش من ئەو میساقی شەرەفە بڕوام بەهەموو بەندەکانی هەیە, بەڵام مەسەلەی نیزامی عام و ئادابی عامی تێدانییە, بۆ یاسای وڵاتەکەی جێهێشتووە, کە ئێمە دەست نیشانی بکەین ئینجا ئەو یاسایە چ دەستوور بێت, چ یاساش بێت, پێویستە ئەوە لەناوی زیکر بکرێت, من هەر ئەو تەوزیحاتەمدا, بۆ ئەوەی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان, وجهەی نەزەڕی ئێمە بەڕوون و ئاشکرا بزانن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە بە تەشەنوج ئەم شتە سەیر نەکەین, نەیکەین بەدوو بەش, بەشێك ناوی خۆی لیبراڵ و بەشەکەی تر موحافزکار, ئێمە دەزانین ئێستا رۆژنامەگەری شەوتێکی باشی بڕیوە, دەورێکی شێرانەی بینیوە لەم کرانەوەیە لەدنیادا, کوردستان و عێراقی ئێمەش بەڕاستی جۆتە بازنەیەکی پێشکەوتوو, ئەمانە پشکی شێریان هەیە لەم مەسەلەیە, هەست بەوە کراوە کە جۆرێ تێکەڵاوبوون و جۆرە گرژیەك لەبەینی

دەسەڵات و لەبەینی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی چوارەم خەریکە جارجار پیاگرژئەبن, ئەم یاساییە دەیەوێ ئەوە رێك بخات, ئەو مەسەلەیە رێك بخات, هەندێك شتی تر لێرە دروست بووە, من پێم باشە بۆ ئەوەی لەوە گرژییە رزگارمان بێت کەلیمەی ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی و نیشتیمانی کە ئەم سێ دەستەواژەیە دەتوانرێ بڵێت ئیستغلال دەکرێت, یان ئیستغلال کردنەکەی تەفسیری جیاواز هەڵدەگرێت, پێم باشە لە پاڵ هەریەك لەمانە بنووسرێ بەیاسا رێك بخرێت, یاسا دیاری بکات, کامەیە ئادابی گشتی, کامەیە سیستەمی گشتی, خۆ ئەمانە هەر رۆژی یەکێك دەستی بۆ ببرێ دەتوانێت تەفسیرێکی جیاوازی بکات, یان تەفسیری بۆ بکات بەو ویستەی کە خۆی دەیەوێت, بەلاّم ئەگەر بەیاسا ئەمە رێکخرا پێم وایە لەمە رزگارمان دەبێت, ئێمەش وا نەکەین رۆژنامەنووس کۆت و زنجیر بکەین لەبەردەم ئەم کەلیماتانە نەتوانن هیچ بڵێت، بەم شێوەیەش نەبێت ببێتە سووکایەتی، من پێم وایە ئادابی گشتی من داکۆکی لێ دەکەم کە نەچێتە قالبی سووکایەتی، سووکایەتی پێکردن، ئەگەر نا رەخنەگرتن شتێکی زۆر ئاساییە، هەتا ئەگەر شتەکە ئیسلامیش بێت، ئەکرێ کابرا رەخنەیەکی مەوزوعیانەی لێبگرێت، بەلاّم ئەوە باس لە سووکایەتی پێکردنە، هیچ گەل و نەتەوەیەکیش نییە بەبێ پیرۆزی نەتەوەیی و ئایینی, ئەوانەش دەبێ جۆرە رێز و تەقدرێکیان هەبێت، چونکە پابەندن بەخەڵکێکی ترەوە، ئادابە گشتیەکە پەیوەندی بەخەڵکەوە هەیە، سیستەمە گشتیەکەش پەیوەندی بە دەوڵەت و دەسەلاّتەوە هەیە، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەو سێ دەستەواژەیە بۆ ئەوەی رزگارمان بێت لەو گرژیانە بەیاسا رێك بخرێن, یاسایان بۆ دیاری بکرێت, پێم وایە ئەو مەشاکیلانە زووتر و چاکتر حەل دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی بەڕێز کاك شێروان حەیدەری دەکەم, بەڕوون و ئاشکرا تەوزیحی کردەوە, ئێمە لە لیژنەی یاسایی بەڕاستی موناقەشەکی زۆر تێر و تەسەلمان کرد سەبارەت بەم دوو وشەییە (ئادابی عامە و نیزامی عام), ئادابی عام تەبیعی بەپێی مادەی 38 لەدەستووری عێراقی تەسبیت کرایە, دەڵێت هیچ قانونێك نابێت دەربچێت ئەگەر موخالفەی نیزامی عام و ئادابی عامی کرد, واتە لێرە لەقانونی صەحافە دەمانەوێ تەسبیتی بکەین, مەبەستمان ئەوەیە زیاتر تەئکیدی بکەین, چونکە قانونەکەمان قانونێکی دەستوورییە، هیچ کەسێك ناتوانێت تەعنی لێ بکات, هیچ شکایەتی لێ ناکرێ لە مەحەکمەی ئیتیحادی دەستووری عێراقی, فوقەهائی قانون هەتا ئێستا ئیتیفاقیان نەکردووە لەسەر تەعریفێکی موحەدەد, بۆ ئادابی عامە و نیزامی عام, بەلاّم زۆرینە موتەفیقن بەعەرەبیەکەی بەم شێوەیە, ئەگەر مەجالم بدەن بیخوێنمەوە (النظام العام: هى القواعد القانونية العامة الامره التي يحمى المصلحة العامة), واتە مەصڵەحەتی گشتی, مەصڵەحەتی میللەت لەوە دایە, تەعریفێکی موحەدەد نییە, بەو وەزعە دەتوانین تەسبیت بکەین لەقانونەکە, نوقتەی دووەم/ لەمیساقی شەرەفی دەولی, نۆ خاڵی تێدایە, ئیشارەت بەوە دەدات کە ئەو خاڵانە دەبێ رێزی لێ بگیرێ, صەحافە حورە ئەگەر تەماسوکی بەوانە کرد, بەلاّم لەمادەی

لەفەقەرەی نۆیەم تەحدیدی کردووە, دەڵێت (على الصحفين الجديرين بهذا ان....), واتە قانونی خۆمان دەبێ ئەوانەی لێ تەسبیت بکەین, تەسبیت کردنەکەش وابزانم حەقێکی خۆتە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەگەر جەنابی وەزیری رۆشنبیری رای خۆی بدات, فەرموو.

**بەڕێز فلك الدين كاكەيی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئەو رێگادانە, بەڕاستی ئێمە وەزارەتی رۆشنبیری ئاگامان لە تێبینیەکانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری نەبووە, کە ئێمە دوێنێ ئاگادار بووین هاتین لەسەر ئەساسی ئەو گۆڕانکاری و ئەو هەموارکردنەی کەوا لیژنەی یاسایی کردوویەتی، لەسەر ئەو قسە دەکەین, بەلأم بەگشتی ئێمە بەباشی دەزانین کەوا یاساکە خراوەتە لێکۆڵینەوە, سوپاستان دەکەین, هەروا سوپاسی بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەکەین کەوا ئەم یاسایەی ناردووە بۆ ئێرە, بۆ ئەوەی پێیدابچینەوە, بەشێوەیەك بێت لەگەڵ بەرژەوەندی گەل بگونجێت, بێگومان ئێوەش پابەندن بەهەمان پرەنسیپ, حکومەتی هەرێمیش دەربەستی ئەوەیە کەوا فەراوانترین ئازادی برەخسێت, ئێمە نابێت لە ئازادی بترسێین, ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین فراوانترین ئازادی بۆ میللەتەکەمان برەخسێنین, ئێمە لەولأتێك دەژین, لەهەندێ جێگا ئازادی مۆسیقاش نییە, رۆژنامەنووسان بەکۆمەڵ دەکوژرێن, بەلأم ئێمە دەبێ کەش و هەوای ئازادی بپارێزین, ئێمە لە ناوچەیەك دەژین خەڵکی هەموو لەئازادی دەترسن, تەنها گەلی کوردستان ئازادی دەوێت, ئازادی تەنها بۆ ئێمە باشە, لەبەرئەوە ئێمە دەبێت لەم پرەنسیپەوە بۆی بچین, چ بە پیشنیارەکانی ئێستا, یان هی پێشوو یەك شتە, ئەویش ئەوەیە کە ئێمە چۆن زیاترین ئازادی دروست بکەین بۆ رۆژنامەنووسان, ئێمە دەبێ بڕوا و متمانە بە رۆژنامەنووسان دەست پێبکەین, نەك بە شکەوە, لەم دە, پانزە ساڵە رۆژنامەنووسان ئیسپاتیان کرد کەوا رۆژنامەنووسی هۆشیارن, بەڵی هەندێك کەم و کوڕی هەیە, بەلأم بەگشتی رۆناکبیرن, من لەتەجروبەی خۆمەوە دەڵێم کەوا لە ساڵی 45 ەوە دەنووسم, ئێمە نەوەی کۆن هەموو کۆسپێك لە پێشمان بوو, سانسۆر و جوندی, ئینجا قسەی خۆمان دەکرد, کەواتە ئێمە دەبێ بیزانین هەرچەند کۆت و زنجیر دابنێین ناتوانین رۆژنامەنووس قەدەغە بکەین لەوە زیاتر, ئەگەر لەوەش زیاتر ئازادی بدەین دڵنیا بە هەمووی گوتراوە, چی تر نەماوە, لەبەرئەوە ئێمە نابێت لە ئازادی بترسێین, ئێمە دەبێ رێگا بدەین بەوەی کە نەتەوەیەکی ئازاد و سەربەست پەروەردە بێت, تەنها میللەتێکی سەربەست و ئازاد دەتوانێت لە نیشتیمان دیفاع بکات, میللەتێکی نەزان ناتوانێت دیفاع بکات لە نیشتیمانی خۆی, من لەبەڕێز سەرۆکی هەرێمم پرسیار کرد, وتم رات چییە لەسەر ئیعتیرازی رۆژنامەنووسان, وتی زۆرم پێ خۆشە, وتی پێم خۆشە میللەتەکەمان دیفاع لە ئازادی بکات هەتا ئەگەر قسە بە ئێمە بڵێت, چونکە ئەو میللەتەی دیفاع لە ئازادی بکات, دەتوانێت دیفاع لە نیشتیمانی خۆی بکات, بەس میللەتێك دیفاع لە ئازادی خۆی نەکرد, ناتوانێت دیفاع لە کەسی تر بکات, , زۆر سوپاستان دەکەم ئەمە گەیشتۆتە حەلێکی زۆر باش, زۆر نزیك کەوتۆتەوە, ئێمەش هەوڵ دەدەین

هاوكاری بكەین بۆ حەل كردنی, بەڕاستی ئەگەر بێتەوە یادی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز, ئەو میساقە, یان پێشنیاری ئەخلاقیاتی رۆژنامەنووسی جیهانی, جەلسەی پێشوو من ئیقتیراحم كرد, لەبەر ئەوەی حەلی موشكیلەی ئەو دێرە بكەین كە مەسەلەی ئادابی عامە و نیزامی عامە, من پێشنیارم كرد, ئێستا من زۆر خۆشحاڵم كە قبوڵ كراوە, قبوڵكردنیشی گرنگترین گۆڕانكارییە لە كاری رۆژنامەگەری, چونكە ئەوە رۆژنامەنووسان ئیلزام دەكات بەشتی زۆر گەورە, دەبێ بزانین ئەمە پەیامێكە بۆ رۆژنامەنووسان, ئەگەر ئیلتیزامی پێ بكەن زۆربەی كێشەكانیان چارەسەر دەبێت, لێرەدا جارێكی تر دووپاتی دەكەمەوە, ئەگەر بێتو پڕۆژەی یاسای كاروباری راگەیاندن كە دانراوە, تێیدا ئەنجومەنێكی بالأی رۆژنامەنووسی پێك دێت, ئەوە تەنیا بۆ رۆژنامەنووس نییە, بۆ هەموو راگەیاندنە, ئەوە هەموو كێشەكان حەل دەكات, 99٪ كێشەكان حەل دەكات, پەرلەمان بۆ حكومەت, بۆ سەرۆكایەتی هەرێمیش, جارێكی تر من داوا دەكەم ئەم پڕۆژە یاسایە بە زووترین كات بخرێتە كار, بخرێتە لێكۆڵینەوە, ئێستا لەدەستی برایانی بەڕێزی لیژنەی قانونییە, بەكورتی دەڵێم ئێمە مادام ئەو گفتوگۆیەمان گوێ لێ بوو, ئیسناد لەسەر ئەو گفتوگۆیانە كرا, ئەو بڕگەیە زۆر باش هاتووە كە ئێستا باسی دەكرێت, ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی نەمێنێت, راستە هەردووكی وەكو وشە لێرە نەهاتووە لە هینی رۆژنامەنووسان, بەلأم وەكو مانا هاتووە, من بەڕاستی ئەگەر بشنووسرێ هیچ ناگۆڕێ, ئەوە 15 ساڵە كە هەیە, هیچی نەگۆڕییەوە بەلای منەوە وەكو رۆژنامەنووس دەڵێم, ئینجا وەكو دەسەلأتیش, یەعنی بشنووسرێ, بەلأم لەبەر ئەوەی كێشەی دروست كردووە با نەمێنێ, ئەم عوقدەیە نەمێنێ, لەبەر ئەوەی هەمووی لێرە هاتووە لە میساقی شەرەف, ئادابی گشتی, سیستەمی گشتی وە لەوەش زیاتر مادەی 10 بڕگەی یەكەم كە دەربارەی غەرامەی صەحەفی قسە دەكات, 6 نوقتەی هێناوە, لێرەدا لەمادەی 10 لەگەڵ بڕگەی یەكەم شەش خاڵی هێناوە, زۆر گرنگترە لە ئادابی گشتی و نیزامی گشتی, یان ئەمانە نەمێنێ و یان سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی نەمینێ, یەكێكیان نەمێنێ, هەرچەندە بە پەلە چوومە سەر مادەی 10, ئەگەر بمێنێ شەشەم بكرێتە حەوتەم, حەوتەم ببێتە بەوەی كە ئەگەر پێچەوانەی ئەو میساقە بوو بخرێتە سەری, یەعنی كەواتە وەرگرتنی ئەو میساقە لەلایەن پەرلەمانی بەڕێزەوە گەورەترین گۆڕانكارییە, گەورەترین پابەندبوونی رۆژنامەنووسانە بەشتی زۆر گرنگ, لەبەرئەوە دەڵێم ئێمە لەگەڵ ئەوە داین كە بەم شێوەیە صیاغە بكرێتەوە, ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی پێویست نییە, چونكە لێرە هاتووە مادام باسی ئەو میساقە دەكات تەواو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال روون كردنەوەیەكی هەیە بەنیسبەت قسەكانی خۆی, نەك رایەكە, ئەگەر چووە سەر مەوزوعەكە قسەی پێ دەبڕم, فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەقسەکاندا شتێکم باس کرد, حەز دەکەم ئەم راستییە بگەیەنم بە ئێوە, پسپۆڕانی قانون, شارەزایانی قانون, قانونێك کە پێناسەی بۆ نەکرابێ تەشبیهیان کردووە بە (رەبەربان), (رەبەربان) ئەو لاستیکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی نەبوو, قسەت پێ دەبڕم کاك د. ناصح, فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی کاك فەلەك وەزیری رۆشنبیری روونی کردەوە, ئەو دوو بابەتەی کەوا باس دەکرێ, منیش ئاماژەم پێکرد, لێرەش لەناو میساقەکە, مادام ئێمە میساقمان هێنایە گۆڕێ کە ببێتە پاشکۆ, منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو دوو دەستەواژەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رەئییە, حەقت نییە, دەزانم کاك خورشیدیش عەکسەکەی دەڵێت بەناوی نوقتەی نیزامی, فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش تەئیدی رەئیەکەی جەنابت دەکەم, هەردوولا قسەیان کرد, ئەوەی موئەید بوو, ئەوەی رازی نەبوو, تکا دەکەم بیخە دەنگ و کۆتایی پێ بهێنە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وایە, ئەمانە قسەیان کرد بەناوی نوقتەی نیزامی قسەیان کرد, کاك جەمال گوتی من قسەیەکم کردووە دەمەوێ روونی بکەمەوە, وام زانی ئەو قسەی کە من شەتبم کردووە باسی ئەو دەکات, لەبەر ئەوە قسەم پێ بڕی, کاك د. ناصحیش گوتم ئەگەر مەوزوعەکە رەئیی دانە قسەت پێ دەبڕم, قسەم بەویش بڕی, ئێستا زۆر وازیحە, دوو رەئیی هەیە, زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی رۆشنبیری, کە روون کراوە بۆتان و دیفاعیشی لێکرا, کە دەڵێت داب و نەریت لە بڕگەکە نەمێنێ, نیزامیش هەردووکیان پێکەوە, روونیش کرا و رەئیی موعاکەسەکەش درا, کاك شێردڵ تۆ نوقتەی نیزامی راست دەکەی بزانم چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەمنی نیشتمانیشی تێدایە, هەر باستان نەکرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر, ئەوە جیاوازە, ئاداب عام و نیزامی عام هەردووکیان کە پەخشان خانیش ئاماژەی پێکرد, سارا خانیش ئاماژەی پێکرد, لە لیژنەی رۆشنبیریش کاك رەفعەت ئاماژەی پێکرد, کە دەڵێن لابچێت لە بڕگەکە,

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی رۆشنبیرییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا, کە ئەم دوو دەستەواژەیە نەمینێ, ئەوە سەرکەوتنە بۆ ئەوانەی کە دژیشی بوون, ئەوانی کە دژی بوون بۆ دیموقراتیەت سەرکەوتنە, بەلاَم لەڕاستیدا من قسەم نەکرد, وتم نەوەك وا تەفسیر بکرێ کە تەئسیر بکرێت لەهینەکانتان, ئەوە قبوڵ کرا, موهیم ئەوەیە مەسئوولیەتەکە تێبگەین, رۆژنامەنووس مەسئوولیەت تێبگات, تەنیا مافی ئازادی خۆی نییە, مافی موقابیلەکەشیەتی کە باسی دەکات, ئەو جارنامەیە کە کردمانە مولحەق, دەبێ بلاَو بکرێتەوە, نەدەواتی لەسەر بکرێ, پیشەیی لەناو رۆژنامەنووساندا بچەسپێت, فەرموو بۆ برگەی دووەم, ئەصڵی خاڵی دوو لەمادەی دوو, لیژنەی رۆشنبیری تکایە بیخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی دووەم:

برگەی دووەم/ رۆژنامەگەر بۆی هەیە ئەو زانیاریانە وەربگرێت کە گرنگن بۆ هاوولاَتیان و پەیوەندیان بەبەرژەوەندی گشتی, لەسەرچاوەی جیاواز, ئەگەر پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە نەبێت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەم شێوەی خوارەوەیە:

دووەم/ رۆژنامەنووس بۆی هەیە لەسەرچاوەی جیاواز ئەو زانیاریانە وەربگرێت کە گرنگن بۆ هاوولاَتیان و پەیوەندارن بەبەرژەوەندی گشتی, بەمەرجێك پەیوەندی بە ئاسایشی نیشتمانییەوە نەبێت.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی رۆشنبیری بەم شێوەیە:

دەستەواژەی ئاسایشی هەرێم, بکرێت بە نیشتمانی, برگەکەش بەم شێوەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

دووەم/ رۆژنامەنووس بۆی هەیە هەر زانیاریەك کە سوود و بایەخی بۆ هاوولاَتیان هەبێت لەسەرچاوە جیاوازەکان بەدەست بهێنێ، بلاَوی بکاتەوە, تەنیا ئەو زانیاریانە نەبێت کە زیان بە ئاسایشی نیشتمانییەوە دەگەیەنن.

کەواتە پەیوەندیەکان کراوە بە زیان, زیان بە ئاسایشی نیشتمانی, لە پێشەکی برگەکەش هاتووە (زۆربەی ئەندامانی لیژنە لەگەڵ ئەوەدان کەبەم شێوەیە دابرێژرێتەوە کەخوێندمانەوە), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی هەردوو لیژنە موتەفیقن لەسەر ئەوە, کە برگەکە صیاغە بکرێتەوە و, ئاسایشی هەرێم بکرێتە ئاسایشی نیشتمانی, کەسی موختەلیف هەیە لەگەڵ ئەوە, کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن پێشـەکی ئەمـەوێ ئـەوە بڵـێم, ئـەو هۆکارانـەی کـە ئـەم یاسـایی گێـڕاوە بـۆ پەرلـەمان, دەبـێ ئێمـە لەبەرچـاومان بێـت, کـە کاتێـك کـە ئێسـتا تـاوتوێی یاسـاکە دەکـەین, بۆچـی ئـەم یاسـاییە هاتـەوە؟ ئەگـەر بەهەمان شێوە بڕواتـەوە, دیـارە ئێمـە زۆر شـت ئینجازمـان نـەکردووە, لەبەرئـەوە مـن مەبدەئیـەن لەگـەڵ هەموو ئەو بنەمایەم کە هەر بابەتێك قابیلی تەفسیر بێـت, نابێـت ئێمـە لێـرە تەسـبیتی بکـەین, هـەروەك چۆن ئادابی عامەکە قسەی لەسەر کرا, بەڵام مەجالی قسە نەبوو بـۆ ئێمـە, مـن لەگـەڵ ئـەوە نیـیم بـەناوی ئاسایشی نیشتمانیەوە سانسۆرێك لەسەر رۆژنامەنووسان دابنرێت, چونکە ئەگەر بابەتێك جێگای ئیهتیمـام و بایـەخی هـاووڵاتی بێـت, بابـەتێك کـە مەصـڵەحەی گشـتی بێـت, ئـیتر چ زەرەرێکـی هەیـە بـۆ ئاسایشـی نیشتمانی, ئێمە ئەو قەیدە چییە لێرە زیادی دەکەین, گرفت بـۆ خۆمـان دروسـت دەکـەین, لەبـەر ئـەوە بـا نەمێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم صیغەکە بەم شـێوازە بێـت (للصحفي حـق الحصـول علـى المعلومـات الـتي تهـم المـواطنين والمرتبطة بالمصلحة العامة من مصادرها المختلفة) یان بیکەینە (وفق القانون), یان ئەگەر تێیدا بێـت (الامـن الـوطني), چـونکە زۆربـەی قانونـەکان تەماشـام کردیـە لـە ئیستسـنائات تێیدایـە, بـەڵام نابێـت ماسـە بێـت, یەعنی ئەگەر تەماشای صیغە کوردیەکە بکەین, دەڵێت (ئەوەی پەیوەنـدی هەیـە بـە ئـەمنی وەتـەنی), مـن پێم وایە ئـەو صیغەیە لـەجێی خـۆی نییـە, بڵـێین (المضـرە), چـونکە زۆرجـار مەسـەلەن رۆژنامـە هەنـدێ وێنەی تاوانبار بڵاودەکەنەوە, لەوانەیە موساعید بێت بۆ ئەمنی وەتەنی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەم فەقەڕەیە باس لە پرەنسیپەکان دەکەین, لێرە یەك لەو پرەنسـیپانە دامانـناوە کـە رۆژنامـەنووس مافی ئەوەی هەیە بگات بەهەموو سەرچاوەکانی زانیاری, بەڵام ئەو ئیستسنایەی کە دامانناوە نابێت لەسەر شتێك بنووسرێت کە پەیوەندار بە ئاسایشی هەرێمەوە هەیە, لێرە هەر وشـەی ماسـە یـان پەیوەنـدار بێـت, واتە رۆژنامەنووسێك ناتوانێت ئەصڵەن هەر مەتحیش بکات, هەر شـتێك پەیوەنـدی بـە ئقلیمـەوە هـەبێت, مادام پەیوەنددارە نابێت باسی لێوە بکات, یەعنی هێشتا زاڕە باشترە, زیان دەبەخشێت, بەڵام ماسە خراپـە, دوو/ ئەگەر لەم پرەنسیپە ئێمە تەنیا باسی ئەوەمان نەکردبا کە رۆژنامـەنووس مـافی ئـەوەی هەیـە بگـات بەسەرچاوەی زانیاریەکە, فەقەرەی دووەم کە لەئەصڵی پرۆژەکـەش لـەلای سـەندیکای رۆژنامەنووسـان بـەو شێوەیە هاتبوو \کە فەرمانبەریش پابەندە بەوەی کە زانیاریەکان بدەن بە رۆژنامەنووسان, ئیلا ئەگەر ئەو بابەتە پەیوەند بوو, یان زیان بەخش بوو بە ئەمنی ئیقلیمەوە, کەواتە فەرمانبەرەکە مولزەمە بەوەی ئەم

بابەتانە بدات بە رۆژنامەنووس, رایەکەی من ئەوەیە کە بەڕاستی ئەمە هەر نەمێنێ, ئەو فەقەرەیە, ئێمە ناتوانین, ئەم حەقەمان نییە کۆت و بەند بخەینە دەستی رۆژنامەنووس, بڵێین تۆ نابێ لەسەر بابەتێك قسە بکەیت کە پەیوەندی بە ئەمنی ئەقلیمەوە هەیە, ئەبێ و ئەتوانین ئەوە بکەینە کۆت و بەندێك لەسەر فەرمانبەران, ئەوانەی کە بڵێین مەلەفی نهێنیان لەبەردەستە, بەلآم بەهیچ شێوەیەك ناتوانین ئەو کۆت و بەندە بخەینە سەر رۆژنامەنووسان, لەبەر ئەوە من لەگەڵ لابردنی ئەو کۆت و بەندەم, یان ئەم ئیستسنایەم لەم پرەنسیپە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باس باسی رۆژنامەنووسیە, کاری رۆژنامەنووسی, هەتا ئازادی هەبێت حەتمەن خزمەتی زیاترە, هەروەك جەنابی وەزیرش ئیشارەتی پێکرد, ئەوەش کە باسی لە ئەمنی وەتەنی دەکات, قەیدێکە دانراوە بەڕاستی, مەتاتیشە ئەتواندرێ زۆرجار ئازادی سنووردار بکرێت بەوە, من پێم چاکە بە یاسا تەنزیم بکرێ ئەو ئەمنی وەتەنییە, نەك بە موتڵەقی بمێنێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە پێشەوە تەئیدی رایەکەی تۆ دەکەم, ئەگەر ئەو میساقی شەرەفە رۆژنامەنووس جێبەجێ بکات, ئەوە قیەمی رۆژنامەنووسییە, لە زۆر دەوڵەتان قانونی صەحافە نییە, قیەمی صەحافە هەیە, ئەوە یەك, دوو/ بەنیسبەتی شتی گشتی, شتی گشتی کە تەعریفت نەکرد, چوارچێوەی نابێت, کە چوارچێوەی نەبێت, چۆن حوکمی لەسەر دادەنێیت؟, بەنیسبەت ئاسایشی نیشتمانی, ئاسایشی نیشتمانی تا ئێستا ئەو برادەرانە تەعریفیان نەکردووە, هەر کەس ناتوانێت تەعریفی بکات, یەعنی لەناحیەی شمولی هەموو شتێ دەگرێتەوە, هەر کەس یەعنی حکومەت دەتوانێت بەکەیفی خۆی بیکات, با من شتێکتان بۆ شەرح بکەم, لەو زەمانەی ئێستا کە قوتبیە، سیادەی وەتەنی نەماوە, هەموو رۆژێ سنووری ئێمە قەصف دەکرێ, ئێمە ناتوانین هیچ بکەین, تەیارەی ئەمریکی لە بەریتانیاوە هەڵدەستێت بەو هەموو بەحر و موحیت و ئەو شتانە دادەهات, لوبنان و سوریا عێراقی قەصف دەکرد, صاروخ لە خەلیجەوە هەڵدەستا بەسەر ئێراندا دەهات عێراقی قەصف دەکرد, لەکاتێك کە ئێران دیتان چۆن بوو, ئێستا دەچن ناو پاکستان قەصف دەکەن, یەعنی ئەو سیادە وەتەنییە کە جاران هەبوو ئێستا نەماوە, لەلایەنی ئیقتیصادی بازاڕی ئازاد هەیە, لە بازاڕی ئازاد مەرج نەماوە, یەعنی جوگرافیەکەش ئێستا نەماوە, لەناحیەی عەسکەری کامەیان ئەمنی نیشتمانییە, ئێستا کە وەحدەك لە عێراق دروست دەبێت, لەسەر تەلەفزیۆن دەنووسرێت ئەو فرقەیە دروست بوو, صاروخێکی نوێ کە ئێران دروستی دەکات، لەتەلەفزیۆن پێشانی دەدات دەچێتە ئاسمانێ, یەعنی باسی ئەسلیحە بکەیت, هیچ عیلاقەی بە ئەمنی نیشتمانییەوە نییە, باسی قیتاعی عەسکەری بکەیت, هیچ عیلاقەی بە ئەمنی نیشتمانییەوە نییە, باسی قائیدەکان بکەیت, ناوەکان بهێنی, ئێستا گۆڕاوە

جاران ئەگەر ئێوە تەماشای زەمانی سەدامی بکەیت, ئەگەر یەکێك بینووسیبا ناوەکەی, دەیگوت (العقید) ناوی نەدەنووسی, یەعنی ناوەکەی خۆی نەدەنووسی، رسمی عەسکەری جاران مەمنوع بوو, ئێستا ئەوە هیچی نەماوە, لەسەر تەلەفزیۆن قسە دەکەن, لەبەرئەوە ئەگەر تۆ هەر وەها بە مەتاتی بیڵێی رۆژنامەنووس ناتوانێت هیچ بنووسێت, لەبەرئەوە منیش لەگەڵ ئەوەم کە لابدرێت, یاخود بگوترێ ئەو شتانەی کە زەرەر بە ستراتیجی دەوڵەت دەگەینێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەوانەی کە پێیان وایە مەسەلەی ئەمنی وەتەنی لابدرێت, عەکسی رای لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیرییە, تەنیا مولاحەزەیەکی کاك سەردار هەیە کە دەڵێت (ماسە)ەکە بکرێتە (ضارە), من خۆم تەئیدی لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری دەکەم, نامەوێ تەئسیر لەسەر قسەکان بکات, بەلام بۆ قسەکانی کاك سەردار, (ماسە) بۆ هەر شتێك عیلاقەی هەبێت دەڵێت ئەوە ماسەیە, بەلام شەرت نییە هەموو شتێك زەرەر بێت فەرقەکەی لەوەدا هەیە, لەبەرئەوە ئەو موفتەرەحەی کاك سەردار زۆر لە جێیە, ئەگەر ئەو شتە زەرەری ئەمنی نیشتمانی گەیاند ئەوکات ئەوە هەبێت, هەردوو لیژنەش موافقن لەسەر ئەوە, گۆڕیویانە, لەبەرئەوە پێشنیاری دوو لیژنەکە پێشتر دەخەمە دەنگەوە, ئەگەر دەنگی نەهێنا, ئەوە ئەو موفتەرەحەی کە دەڵێن لابدرێت, ئەو دەخەمە دەنگەوە, ئێستا راپۆرتی هەردوو لیژنە دەڵێت ئەو برگەیە چاك بکرێتەوە بەو شێوەیە (رۆژنامەنووس بۆی هەیە زانیاری بەدەستی خۆی بگەینێ کە پەیوەندیان بە هاوولاتیان و پەیوەندی بەبەرژەوەندی گشتیەوە هەیە, لە سەرچاوە جیاجیاکان, ئەگەر زیانی بە ئاسایشی نیشتمانیەوە نەبێت), یەعنی زیان نەك پەیوەندی, باشە نەصەکە بیخوێنەوە, رایەکەی هەردوو لیژنەکەیە, هەردوو لیژنە موافقن لەسەر ئەوەی ماسەکە بکرێتە زیان, فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی دووەم/ رۆژنامەنووس بۆی هەیە هەر زانیارییەك کە سوود و بایەخی بۆ هاوولاتیان هەبێت لەسەرچاوە جیاوازەکان بەدەستی بهێنێ و بلاوی بکاتەوە, تەنیا ئەو زانیاریانە نەبێت کە زیان بە ئاسایشی نیشتمانیەوە دەگەینێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابی وەزیر موخالیفی ئەو رایە نیت, فەرموو قسەی بکە.

**بەڕێز فلك الدين كاكەيی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەبارەی زمانەوانیەوە یەکەمجار ئیعتیراز هەیە, پاشان شتێك دەڵێم بلاوی مەکەنەوە, مەبەستم ئەوەیە بەکەسی مەڵێن, لەبارەی زمانەوانی جاریٚ هەرێم کوێیە, کام هەرێم؟ نیشتمان, کام نیشتمان؟ ئەگەر کرا بە عەرەبی, نیشتمان, نیشتمانی عێراقە, باشە ئەگەر رۆژنامەنووسێك دەربارەی عێراق وتارێك

بنووسێت, ئایا ئێمە ئەوە بەماسە بزانین؟ یان دەبێ وریا بین لەکەلیماتەکان, من دەڵێم ئێمە ئەتوانین بیکەین بەوەی کەوا ئەمنی کۆمەڵگای کوردستان, حەقی خۆمانە, یان ئەمنی کەیانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت بەجێیە, راست دەکەیت, ئەو فراوانی نیشتمانییە تەفسیر دەکرێت, بەیانی رەخنەیەك لە لایەنێکی عێراقی بگیرێت, ئێمە ناکرێ لێرە دیفاعی لێبکەین, ئەوە مولاحەزەیەکی بەجێیە, ئەگەر هەردوو لیژنەکە موافقن لەجیاتی ئەمنی نیشتمانی بکرێتە (زیان بە ئاسایشی هەرێمی کوردستان), با نموونەیەکتان بۆ بهێنم, ئێمە لە زروفێك داین موشکیلەیەکمان هەیە, کەرکووکە, خانەقینە, سنجارە, پێویستە بەنەوعێك, سیاسەتێك بیلێین, رۆژنامەنووسێك شتێك بلاودەکاتەوە, زیانی هەیە, دەبێ رێگای لێ بگیرێت, هەردوو لیژنە گەیشتوونەتە رایەك لەسەر ئەوە, کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەصڵەن تەرجوومەکەی هەر وەتەنی دەگرێتەوە, واتە نیشتمانی, دوایی ئەگەر ئێمە نەڵێین نیشتمانی, تەبعەن من لەگەڵ ئەوە نیم کە بمێنێ لێرە, نەجاتمان دەدات لە عێراق, چونکە ئەگەر نەڵێین نیشتمانی باشە ئەگەر یەکێك قسە لەسەر عێراق بکات, لەسەرمان ناوەستێت, ئەو ماوەی ئەو هەموو تەصریحەی لەسەرمان نەوەستا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێك هەردوو لیژنە موافەقەتیان لەسەر کرد, کە ئەوە لابچێت, لەجیاتی ئەوە بنووسرێت (من مصادرها المختلفة وفق القانون), کە وتت (وفق القانون), یەعنی (وفق القوانین المرعیة), قەرارێك دەرچوو لە مودەعی عام, قانونێك دەردەچێت, هەر هەمان شت دەگەیەنێ, عەرەبیەکەی بەم شێوەیە (للصحفي حق الحصول على المعلومات التي تهم المواطنين والمرتبطة بالمصلحة العامة من مصادرها المختلفة وفق القانون), باشە, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە, فەرموون, بە ئەکسەریەت ئەم بڕگەیە وەرگیرا, دوو کەس لەگەڵدا نییە, ئەوە بڕگەی دووش تەواو بوو, بڕۆ بۆ بڕگەی 5 لە مادەی دوو, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەی پێنجەم, لەمادەی دووەم, ئەصڵی پرۆژەکە بەم شێوەیە:

نابێ رۆژنامە رابگیرێت، دەرچوونی قەدەغە بکرێت, یاخود دەستی بەسەردا بگیرێت, تەنیا مەگەر بە بڕیارێکی دادوەری نەبێت.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**راى لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە:**

**پێنجەم/ نابێ رۆژنامە رابگیرێت، یان دەستی بەسەردابگیرێت. دەكرێ بەبڕیارێكی دادوەریی بۆ ماوەیەك رابگیرێت لە سێ مانگ تێپەڕ نەكات.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لەبەرئەوەی ئەم بڕگەیەش پرەنسیپە, زۆربەی ئەندامانی لیژنە لەگەڵ ئەوەدان كە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**پێنجەم/ رۆژنامە قەدەغە ناكرێت، دەستی بەسەرداناگیرێت, راناگیرێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو فەقەرەیە, دوو راى جیاواز هەیە لەسەرى, پێشتر بەجۆرێك هاتبوو, لە ئەصڵەكەیدا دەڵێت (مەنعی جەریدە لەدەرچوون و تەعتیلێ كردنی دەبێت بەقەرارێكی مەحكەمە بێت), راى لیژنەی رۆشنبیری دەڵێت (بە هیچ شێوەیەك نابێت رۆژنامە رابگیرێت یان تەعتیل بكرێت), راى لیژنەی قانونی دەڵێت (نابێ رۆژنامە موصادەرە بكرێت, یاخود رابگیرێت, تەنیا ئەگەر مەحكەمە قەرار بدات, ئەویش بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ زیاتر نەبێت), یەعنی بۆ ماوەیەكی كورت, ئەو دوو رایە جیاوازە هەیە, رایەكی تریش هەیە, دەڵێت ئەو تەنیایە جێی لێرە نابێتەوە, چونكە ئەو مادەیە پرەنسیپە, ئەگەر دەكرێت لیژنەی قانونی لەگەڵ غەرامەكان, سزاكان ئەو موقتەرەحە دایبنێت, لێرە تەنها مەبادیئە, لە سزاكان جێگای بكاتەوە, جا مەوزوعی ئەوەی كە تەعتیلی هینەكە خیلافی لەسەر نییە, ئێستا پێشنیارەكە وەهایە, لیژنەی قانونی موافیقە ئەو بڕگەیە كە لە سێ مانگ زیاتر نەبێت بە قەرار بچێتە بابی عقوبات, لەوێ پێشنیاری بكەن, كەواتە ئیختیلاف نابێت لەسەر ئەوە, لێرە لە پرەنسیپەكان كە دەڵێت دەرچوونی رۆژنامە, قەدەغەكردنی رۆژنامە لەدەرچوون, یان موصادەرە كردنی قەدەغەیە, ئیختیلاف نییە, ئەگەر موقتەرەحەكە لەوێ نەنووسرا, یەعنی تەعتیلەكەش قەدەغەیە, ئەوە مەعلومە, چونكە تەعتیلەكە مەنعە, من پێشنیارەكەی لیژنەی قانونی موافەقەتیان كرد بیبەنە بابی سزاكان, كەلەوێ موناقەشەی لەسەر دەكەین, لێرە ئەو رایە وەكو یەكی لێدێتەوە, هەردوو لیژنەی یاسایی و رۆشنبیری ئەمەیان هەموار كردووە, كەواتە موقتەرەحەكەی لیژنەی یاسایی دەچێتە بابی سزاكان لەمادەی 10, كەواتە ئەم بڕگەیە واى لێدێت (نابێت رۆژنامە قەدەغە بكرێت لەدەرچوونی, یاخود موصادەرە بكرێت) مەبدەئێكە هەردوولا موتەفیقن لەسەرى, كێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆى دەنگ ئەو بڕگەیەش تەسبیت كرا, جا لە سزاكان موناقەشەی ئەمە بكەن, تەعتیلەكە بمێنێ, یان نەمێنێ, ئێستا مادەی دوو, ئەو سێ بڕگەی كە هەموار كران, لەگەڵ بڕگەكانی تریش كە لەلاتانە, دەیخەمە دەنگەوە,**

کێ لەگەڵ مادەی دووە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بە ئەکسەریەت ئەم مادەیە قبوڵ کرا, زۆر سوپاس, بڕۆ سەر مادەی سێیەم, لیژنەی یاسایی ئەصڵی موقتەرەحەکە بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی سێیەم: بۆ دەرچوواندنی رۆژنامە پێویستە ئەم مەرجانە هەبن, ئەم رێکارانەی خوارەوە بگرێنەبەر:

1- خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەرەکەی، راگەیاندنێك لەدوو رۆژنامەی رۆژانە لەهەرێمدا بلاّوبکاتەوە کە ناو و نازناو و رەگەزنامە و شوێنی نیشتەجێبوونی خاوەن ئیمتیاز یاخود دامەزرێنەری رۆژنامەکەو ناوی رۆژنامەکە و ئەو زمانەی کە پێی بلاّودەکرێتەوە, لەگەڵ ناوی سەرنووسەرو ماوەی دەرچوونەکەی تێدا بنووسرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە, فەقەرەی یەك مابوو, ئینتباهمان نەکردووە, لەمادەی پێشوو, دوو فەقەرە مابوو کە تەعدیل بکرێت, باستان نەکرد, پێشتر دەبوایە پێمان بلێن, کاك فرسەت سوپاسی دەکەین بە بیری ئێمەی هێناوە, پێشتر وتراوە کە ئاگاداری وەزارەتی رۆشنبیری بکات, نەخێر, ببورە ئەوەی باسم کرد هی مادەی سێیەمە, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی سێیەم: بۆ دەرچوواندنی رۆژنامە پێویستە ئەم مەرجانە هەبن, ئەم رێکارانەی خوارەوە بگرێنەبەر:

1-خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەرەکەی، راگەیاندنێك لەدوو رۆژنامەی رۆژانە لەهەرێمدا بلاّوبکاتەوە کە ناو و نازناو و رەگەزنامە و شوێنی نیشتەجێبوونی خاوەن ئیمتیاز, یاخود دامەزرێنەری رۆژنامەکە و ناوی رۆژنامەکە و ئەو زمانەی کە پێی بلاّودەکرێتەوە, لەگەڵ ناوی سەرنووسەر و ماوەی دەرچوونەکەی تێدا بنووسرێت, راگەیاندنەکەش بە بەیانی دەرچوواندنی رۆژنامەکە دادەنرێت.

2- دەشێ خاوەن هەر بەرژەوەندیەك ناڕازی بێت لەدەرچوواندنی رۆژنامەکە, ئەوە بۆی هەیە لەماوی 30 رۆژ لە مێژووی بلاّوبوونەوەی رۆژنامەکەوە لەلای دادگای تێهەڵچوونەوە لەهەرێم بەسیفەتی تەمییزی ئیعتیڕاز بگرێت, بە پێچەوانەش دەرچوواندنی رۆژنامەکە بەپەسند دادەنرێت.

3- پێویستە لەسەر خاوەن ئیمتیاز, یان دامەزرێنەرەکەی بەیاننامەی دامەزراندن پێشکەش بکات, لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری تۆماری بکات, لەگەڵ دەرخستنی سەرچاوەی ئەو لایانەی داراییەکەی دابین دەکات, پێویستە وەزارەتیش ئەمە بە سەندیکا رابگەیەنێت.

4- ئەو کەسەی کە نیازی دەرچوواندنی رۆژنامەی هەیە, پێویستە لێهاتوویی تەواوی یاسایی هەبێت.

5- نابێت دوو رۆژنامە بەیەك ناو لەهەرێم دەربچێت.

6- پێویسته خاوەن ئیمتیاز, یان دامەزرێنەکەی لەشوێنێکی دیاری ڕۆژنامەکە, بەشێوەیەکی ڕوون ناوی خۆی و سەرنووسەر و شوێن و مێژووی دەرچوون و ناوی ئەو چاپخانەی کە لێی چاپ دەکرێت بڵاوبکاتەوە, پێویستە ڕاگەیاندنێك بە هەر گۆڕانکاریەك, یان هەموارکردنێك لەسەر ناوەڕۆکی بەیانی دامەزراندن ڕوویدات, بۆ ماوەی 30 ڕۆژ لە ڕێکەوتی گۆڕانکارییەکە, یان هەموارکردنەکە بڵاوبکاتەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەمادەی سێیەم/ لیژنە پێشنیازی دارشتنەوەی برگەی سێیەمی بەم جۆرەی خوارەوە دەکات:

سێیەم: ((پێویستە لەسەر خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەرەکەی، بەیاننامەی دامەزراندن و لایەنی داراکردنی پێشکەش بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکات و سەندیکاش ئەم زانیاریانە بە وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕابگەیەنێت)).

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان تێبینیمان هەیە, لەجیاتی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێشەکی ئاگاداری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان تۆمار بکرێت, لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش وەزارەتی ڕۆشنبیری ئاگادار بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرچاکە, ئەوە برگەیەکە هەردوو لیژنە لەسەری موتەفیقە, پێشتر دەبوایە پێشکەشی وەزارەتی ڕۆشنبیری بکات, ئێستا پێشکەشی سەندیکای دەکات, سەندیکا ئاگاداری وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکات, فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بەو فەقەرەیە, نیقابات ئەو ئیستقلالیەتەی کە خۆی هەیەتی دەیکەینە جوزئێك لە وەزارەت, من پێم وایە لەگەڵ ئەو سیستەمە و لەگەڵ ئەو ئیستقلالیەتەی سەندیکا کە هەیەتی ناگونجێت, واباشترە کە وەزارەت خۆی ئەو بەدواداچوونە بکات, جیهەی تەمویلە کە پەیوەندی بە هەندێك مەسائیلەوە هەیە, کە مومکینە لێرە بەرزنەکرابێتەوە, ئەوە حکومەت مەسئولە لەو مەسەلەیە, بەڵام کە وەزارەت ئیجازەیدا, یان هەرچ قەرارێك دەکرێت ئیعلانی نیقابە بکات, یەعنی نوسخەیەك لە کتابەکەی بۆ بنێرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی تۆ موئەیدی ئەو ڕاپۆرتە نیت, کێ موئەیدی کاك شەوقییە, با قسە بکات, کاك دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا, ئێمە هەموومان ئەو کێشەیە دەزانین کەوا لەبەینی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان هەیە, هەر ئەمەش وای کردووە کە کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس لەگەڵ سەندیکا نەبن, من وام پێ باشە ئەو داواکارییە پێشکەش بە وەزارەت بکرێت, وەزارەت ئاگاداری سەندیکا بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ئەو ڕایەی د. فوئادم هەیە, بەڕاستی جگە لەوەی ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسان ئەندام نین لە سەندیکا, ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەیەك دروست دەکات, جگە لەمە هەندێ ئیلتیزاماتی قانونی و مالی هەیە, کە پەیوەندی هەیە بەوەزارەت و بەحکومەت, بۆیە چاکتر وایە ئەو ئیجازەیە ڕاستەوخۆ لەوەزارەت وەربگیرێت, وەزارەت سەندیکا ئاگادار بکاتەوە, بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆیە هەردوو لیژنەکە کۆکن لەسەر ئەو ڕەئییە, چونکە چەندین تێبینیان لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بۆ هاتووە, چ حزبی و چ ئەهلی, ڕەچاوی ئەوەیان کردووە, ئەگەر نا هەردوو ئیسلوب ئاگادارکردنەوەیە, موافەقەت نییە, خۆ نەوتراوە وەزارەت موافەقەت بکات, یان سەندیکا موافەقەت بکات, ئەگەر ئەوی تریش بێت دەبێ وەزارەت ئاگاداری سەندیکا بکات, ئێستا سەندیکا دەبێت ئاگاداری وەزارەت بکاتەوە, لەبەر ئەوە پێشنیارەکان دەخەمە دەنگەوە, ئەگەر دەنگی نەهێنا, پێشنیارە کۆنەکە دەڕواتن, کێ لەگەڵ پێشنیاری هەردوو لیژنەکەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بە ئەکسەریەت قبوڵ کرا, مادەی سێ بەو تەغیرەی کە کرا دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, تەنها مامۆستا محمد حکیم لەگەڵدا نییە, بە ئەکسەریەت ئەو مادەیە قبوڵ کرا, فەرموو بۆ مادەی چوارەم.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی چوارەم: هەر ڕۆژنامەیەك سەرنووسەرێکی دەبێت, سەرپەرشتی ئەو بابەتانە دەکات کە تێیدا بلاّودەکرێتەوە, دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی لێ بێتە دی:

1-دەبێ ڕۆژنامەگەرێکی ئەندام بێت لەسەندیکای ڕۆژنامەگەرانی کوردستان, زمانی ڕۆژنامەکە بە خوێندنەوە و نووسین بزانێت.

2- دەبێ هاووڵاتی هەرێم بێت, یاخود بەبەردەوامی لێی نیشتەجێ بێت.

3- سەرنووسەر و نووسەر بەرپرسیاریەتی مەدەنی و سزایی لەئەستۆدایە لەسەر ئەو بابەتانەی کە بلاّودەبنەوە, بەلاّم خاوەنی ئیمتیاز بەرپرسیاریەتی مەدەنی دەکەوێتە ئەستۆ, بەلاّم ئەگەر ساغ بۆوە

بەکردار بەشداری لە نووسینی رۆژنامەکە داکردووە, ئەوا هەمان بەرپرسیاریەتی سەرنووسەری دەکەوێتە ئەستۆ.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مادەی چوارەم/ لیژنە پێشنیازدەکات رستەی( ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسان) لەبرگەی (یەکەم) بکوژێتەوەو بەم جۆرە دابرێژرێتەوە:

یەکەم/ ((دەبێ رۆژنامەنووس زمانی رۆژنامەکە بە خوێندنەوەو نووسین بزانێ)).

دووەم/ برگەی دووەم بکوژێتەوە.

سێیەم/ برگەی سێیەم بکرێتە دووەم و بەم جۆرە دابرێژرێتەوە:

((سەر نووسەرو نووسەر بەرپرسیارێتی مەدەنی وسزایی لە ئەستۆدەگرن لەسەر ئەو بابەتانەی کە بلأودەکرێنەوە. خاوەنی ئیمتیازیش بەرپرسیەتی مەدەنی دەکەوێتە ئەستۆ.بەلأم ئەگەر بەکردار بەشداری لە نووسینی رۆژنامەکەدا کردبوو ئەوا هەمان بەرپرسیەتی سەرنووسەری دەکەوێتە ئەستۆ.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مادەی چوارەم ئێمە دوو تێبینیمان هەیە:

ماددەی چوارەم:

یەکەم: پێویست ناکا سەرنووسەر ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسان بێ، چونکە بوون بە ئەندام لە هەر کۆمەڵەو سەندیکاو رێکخراوێك ئارەزومەندانەیەو دانانی ئەو مەرجە پێشێل کردنی ماڤ بنەڕەتیو ئازادی تاکە.

دووەم: لابدرێ.

بەقەناعەتی ئێمە خاڵی دووەم لابدرێ, یەعنی مەرج نییە سەرنووسەر مواتنی ئیقلیم بێت, یان دانیشتووی ئێرە بێت, یان موقیم بێت, ئێمە ئەوە بەمەرج نازانین, حەقە ئەم خاڵە لابدرێت, و سێیەمیش وەکو خۆی بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رایەکەیان وەکو یەکە, لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری تەنیا لەنووسیندا نەبێت, هەردوو لیژنە رایان وایە خاڵی دووەم کە دەبێت هاوولأتی بێت لە هەرێم, یان بەشێوەیەکی دائیمی نیشتەجێ بێت تێیدا, داوایان کردووە لابچێت, فعلەن لەگەڵ واقع ناگونجێت, رەنگە سەرنووسەرێك لە لەندەن دابنیشێت, دەتوانێت ئیدارەی ئەوە بکات, بەتایبەتی ئەمڕۆ ئینتەرنێت و ئەو هەموو شتانە هەیە, شەرت نییە لێرە موقیم بێت, ئەوەیان ئیقتیراح کردووە کە لابچێت, ئەوەی یەکەمیان کردۆتە دووبەش, بەشی یەکەم, دەبێ زمانی رۆژنامەکە بە نووسین و بە خوێندنەوە بزانێت, دووەم/ پێشتر نووسرابوو دەبێ سەرنووسەر ئەندام

بێت له سەندیکا, لەسەرداوای ژمارەیەك لـه ڕۆژنامـەكان داوایـان كـردووه ئـەو شـەرتە لابچێت, سـەندیکاش مـانعی نییـه, لەبەرئـەوه ئـەو دوو پێشـنیارە كـەس خیلافـی لەسـەر هەیـە؟ ئەگـەر خیلافـی لەسـەر نییـە, دەیخەمە دەنگەوە, باشە, كاك پیر خدر فەرمووو.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ خالا یەکەم من دگەلم, دگەل پێشنیارا لیژنە یاسایی و ڕۆشنبیری, بەس خالا دویٚ (ان یكون من مـواطنی الاقليم, او مقيم فيها..) لابدرێت, دیتنا من هەرایەك پەیدا دەبێت, یەعنی سبەی وەك جەنابێتە فەرمووی, یەك لەلەندەن بت, نەخەلکی هـەرێمی کوردسـتان بـت, پـارەی بـدات هەنـدەکی گـەنجی مـە سـەرگەرم, هـەر ڕۆژنامەیەك دەری بخن, وەکی دلا خۆ ئـەز بـزانم عـەرەبیا سعودیا ڕەنگـە ڕۆژنامەکـە دەربخـەن لـۆ لەنـدەن ڕەنگێکی تر ڕۆژنامە دەرکرن, هەرچـی شـتێك و ڕەوشـتی جڤاکا مـە تێـك دەدات, گۆڤـارا دەربخـەن خـەلکی لەندەنە و پارەی بۆ چار, پێنج گەنجی مەی خون گەرم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە ڕای کاك پیر خدری هەبێت, کاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕای کاك پیر خدر دەکەم, یەعنی من نازانم ئەو فەقەڕەی دووەم بۆ لادرایـە, لێـرەدا ئەگـەر ئەوە لابدرێت کابرا مەسەلەن وەکو کاك پیر خدر باسی کـرد, لەدیمەشـق دادەنیشـت لەوانەیـە جەریدەیـەك لێرە دابنێت سەرنووسەری جەریدەك بێت, لێرە لە فەقەڕەی سێ باسی ئەوەی دەکات, دەڵێت سەرنووسەر و کاتب تەحەمولی مەسئولیەی مەدەنی و جەزائی دەکەن, باشە ئەگەر سەرنووسـەر لێـرە نـەبێت لـە دیمەشـق بێت, یان لە ئێران بێت, یان لە لەندەن بێت, چۆن سزا دەدرێت؟ یەعنی تاوان ئەنجام دەدرێت و تاوانباریش تێ دەپەڕی بەم جۆرە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یا ئوستاز سەردار, جەنابت قانونی, مەحکەمە لەسەر ئەوەی ڕاناوەستێت کە غایبـە, غیـابی حـوکمی دەدات, بەڵام ئەو موبەریراتانەی کە هەیە, بۆ لابردنی ئـەوە زۆر عەمـەلی تـرە, لەبەرئـەوەی ئێسـتا عەمەلیـەن لـە کوردسـتان ڕۆژنامـە هەیـە, سەرنووسـەرەکەی, یـان خـاوەن ئیمتیازەکـەی هـەر لێـرە نییـە, ئـەوە کۆسـپێکە لەبەردەم ئازادی ڕۆژنامەنووسی, ڕای لیژنـەکان ڕاسـتن, بەهـەرحاڵ, ئـەو دوو ڕایـەی ئەنـدامانی پەرلـەمان, ئەویش مەنتقی هەیـە, بـەڵام ڕای هـەردوو لیژنەکـە بـەم شـێوەی کـە دەسـتکاریان کـردووە, بڕگـەی یەکـەم دەڵێت (سەرنووسەر دەبێ زمانی ڕۆژنامەکە بەخوێندن و بەنووسین بزانێت) ئەو شـەرتەیان لابـردراوە کـە ئەندام بێت لە هینەکە, دووەم لابدرێت کە دەبێ هـاووڵاتی بێـت, یـان نیشـتەجێی کوردسـتان بێـت, سـێیەم وەکـو خـۆی مـاوە, مادەکـە بـەو هـەموو گۆڕانکارییـە وە دەیخەمـە دەنگـەوە, کـێ لەگەڵیـەتی, دەسـتی

بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا, بڕۆ سەر مادەی پێنجەم, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی پێنجەم: لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە رۆژنامە بەهەڵوەشانەوە دادەنرێت:

1-ئەگەر بەبێ بیانوویەکی مەشروع لەماوەی شەش مانگ لە رۆژی پەسندکردنیەوە دەرنەچوو.

2- ئەگەر بەبڕیارێکی یەکلاکەرەوەی دادوەری وەستا.

3- ئەگەر لەدەرچوون بۆ ئەو ماوانەی خوارەوە وەستا:

أ-رۆژنامەی رۆژانە بۆ ماوەی سێ رۆژی یەك لەدوای یەك.

ب- هەفتەنامە بۆ هەشت ژمارەی یەك لەدوای یەك.

ت- رۆژنامەی نیو مانگی و یەك مانگی بۆ چوار ژمارەی یەك لەدوای یەك.

پ- رۆژنامەی وەرزی بۆ سێ ژمارەی یەك لەدوای یەك.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەماددەی پێنجەم/ لیژنە پێشنیازدەکات بکوژێتەوە، چونکە زیادە وزنجیرەی بڕگەکان بەم پێیە بگۆڕێت.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان رەئیی و تێبینیمان هەیە, ئەم مادەیە بە پێویست نازانین لێرە, لابدرێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

هەر ناگونجێت لەگەڵ ئەو بڕیارانەی کەدامان, لەبەرئەوەی پێشنیارەکە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە لابچێت, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ مادەی پێنج لەغو کرا, بڕۆ سەر مادەی نۆیەم, ئێستا دەبێتە هەشتەم, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی نۆیەم:

یەکەم: نابێ رێکاری یاسایی بەرامبەر رۆژنامەگەر ئەنجام بدرێ, لەکاتی تۆمەتبارکردنی بە نواندنی چالاکی پیشەیی پەیوەندیدار, بەدەست دانە پیشەیەکی بەر لە ئاگادارکردنەوەی سەندیکا.

دووەم: نابێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ ڕۆژنامەگەردا بکرێت, یان شوێنی کار و ماڵەکەی بپشکندرێ لەبەر ئەو هۆیەی لەبڕگەی یەکەمی ئەم مادەیەدا هاتووە, بەبڕیارێکی دادوەری نەبێت, نەقیب یان ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی جێی دەگرێتەوە, بۆی هەیە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئامادە بێت.

سێیەم: لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی سزاییدا نابێت دۆکیۆمێنتێك و زانیاری و بەیاننامە و پەراوگەکانی ڕۆژنامەگەر بە بەڵگەی تۆمەتبارکردن لە دژی بژمێردرێت, تەنیا مەگەر پەیوەندیان بە بابەتی سکاڵای تۆمارکراو لەدژی ڕۆژنامەگەرەوە هەبێت.

چوارەم: ئەگەر لەبارەی کارەکانی فەرمانبەرێك, یان یەکێکی ڕاسپێردارو بەخزمەتگوزاری گشتی, یان کەسێکی سیفەتی نوێنەرایەتی گشتی هەبێت بابەتێك بلاٌوکرایەوە, یان نووسرا, بەتاوان دانانرێت, ئەگەر ئەو بلاٌوکردنەوەیە لەکاری فەرمانبەرەکەی ئەوەی خزمەتی گشتی یان نوێنەرایەتی تێنەپەڕیبێ بەمەرجێك بەڵگەی سەلماندنی ئەو کارانەی کە دراونەتە پاڵی هەبێت.

پێنجەم: نابێ دوای تێپەڕبوونی(90) نەوەد ڕۆژ لە مێژووی بلاٌوکردنەوەی هیچ جۆرە ڕێکارێکی یاسایی لە دژی ڕۆژنامەگەر وەربگیرێت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی نۆیەم/ لیژنە پێشنیازدەکات بڕگەی (یەکەم)ی بەم جۆرەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

(یەکەم/ لەکاتی تۆمەتبارکردن و ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکان دژی ڕۆژنامەنووس لەسەرچالاکیەك کە پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەبێت، دەبێ سەندیکای پێ ئاگادار بکرێتەوە)).

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: وەکو پرۆژە یاساکە بمێنێتەوە. ئەوە ڕای لیژنەکەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرقێکی بچووکی هەیە، لەگەڵ ئەوەی لیژنەی یاسایی، لێرە دەڵێ، دەبێ پاش ئاگادارکردنەوە بێت، ئەم ئەڵێت دەبێ ئاگاداربکرێتەوە، شتێکی گرنگ نیە، سارا خان نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم بڕگەی سێیەمی خاڵی سێیەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی حەوتەم موناقەشە ناکرێت.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئادابی گشتی و نیزامی گشتیمان لابرد، لێرە تێیدا دووبارە بووەتەوە ئەڵێت، ئەگەر ناوەڕۆکی وەڵامدانەوەکە یان ڕاستکردنەوەکە پێچەوانەی یاسا یان داب و دەستووری گشتی و ئاداب بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، ڕاستە پێش ئەوەی بچینە ماددەی هەشتەم ئەو مولاحەزەی سارا خان وایە، لە خاڵی سێیەم لە ماددەی حەوتەم کە دەڵێت، ئەگەر ناوەڕۆکی وەڵامدانەوەکە یان ڕاستکردنەوەکە پێچەوانەی یاسا یان داب و دەستووری گشتی و ئاداب بوو. بە عەرەبیەکەش ئەڵێت، إذا كان مضمون الرد او التصحيح مخالفاً للقانون او النظام العام والآداب. بەتەنها للقانون ئەمێنێتەوە، النظام العام والآداب. شەتب ئەبێت، کێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییەدایە؟ با دەستی بڵند بکات، تکایە فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەوت هەمووی دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بکات، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ ماددەی حەوتیش بەو گۆڕانکارییەوە وەرگیرا، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی نۆیەم من پێشنیار ئەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت، بەم شێوەی خوارەوە بخوێندرێتەوە، هەر دەزگایەکی ڕۆژنامەنووسی ڕووبەڕووی هەڕەشە بوویەوە، بۆی هەبێت داوا لە دەزگای پۆلیس بکات پارێزگاری لە بارەگاکەی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە خارجی مەوزوعە، چونکە ئێمە ئیقرارمان کرد تەنها ئەوانە موناقەشە ئەکەین، دەبوایە پێشتر ئەو موقتەرەحەت بدایە بە لیژنەکە، ئێستا مەجال نیە، چونکە دەنگمان بۆ داوە تەنها ئەو بوارانە موناقەشە ئەکەین کە هەردوو لیژنەکە دەنگمان بۆ داوە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە سەرەتاوە دەنگمان دا وتمان تەنها ماددەی ( 2،3، 4، 5، 10) موناقەشەی لەسەرئەکەین، ئێستا ئێمە باسی ماددەی نۆ ئەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەنیسبەت ئەوەی کە ئیجرائات وەر ئەگیرێت بە حەقی صەحەفی ئیعلامی نەقابە بکرێت، حیکمەتی چیە؟، ئەگەر دوایی ئیجرائاتی قانونی لەگەڵدا کراو کرایە ژوورەوە، لەکاتێکدا ئێمە دەنگمان بۆداوە، کە مەرج نیە صەحەفی ئەندام بێت لە نەقابەی صەحافەدا، بۆ چیەتی، یەعنی ئەو فەقەرەیە هەر زیادە، ئەندام نەبێت لە نەقابەو ئیجرائاتەکەشی بەرامبەر وەرگیرا، نەقابە بیزانێت یان نەیزانێت، چ حیکمەتێکی تێدایە، لەبەر ئەوە هەر زیادە لێرەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وا بزانم لە نیزامی داخلی نەقابەدا نالێت، تەنها پشتگیری ئەوانە ئەکات کە لە نەقابە ئەندامن، ئەو دیفاع لە ڕۆژنامە نووس ئەکات، ئەوەی ئەندامەو ئەوەشی کە ئەندام نیە، لەبەر ئەوە مولزەمە لەوەی، ئەگەر ئەندامیش نەبێت بۆی چارەسەر بکات، بزانێت بە قانونی گیراوە یان بە غەیرە قانونی، کاک محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من پێم وایە ئەم ئاگادارکردنەوەیە ئەبێتە پۆلیسی تەبلیغ، یەعنی ئیشی ئەو ئەگرێتە دەست، یەعنی ئێستا وا بووە، یەعنی ئەم ئاگاداریيە هەیە، مەحکەمە داوا ئەکات لە سەندیکا ئەڵێت فلانە ڕۆژنامەنووس تەبليغی بکات، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەمە بگۆڕدرێت بەپێی موافەقەی سەندیکا، یەعنی جۆرێك لە حەسانە دروست بکەین بۆ ڕۆژنامە نووس، وەکو نەقابەی پارێزەران ئەوانیش هەیانە، هەر پارێزەرێك هەر گرفتێکی هەبێت، ئەبێ سەندیکاکەی موافەقە بکات ئینجا ئەگیرێت، چونکە ئەمە جۆرێکە لە ڕێز بۆ ئەو کەسە، جۆرێك لە ڕێزدانانە بۆ ئەو کەسە، نەك ئەوەی لە تاوانەکە ئەیبوورێنیت، بەڵام ئەمە زۆر لاوازە، یەعنی ئاگادارکردنەوە چیە؟، سەندیکایەکی گەورەو گران تۆ ئەڵێیت فلان کەس ئەگرم، یەعنی شتێکی باشە، ئەمە ڕێز لێنانێکە مادام تۆ کۆمەڵێك قەید و مەرجت داناوە بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسە، ئەگەر شتێکی وا بوو خێرا لەسەر پیشەکەی نەگیرێت، ڕێز وتەقدیرێکی بۆ دابندرێت لەڕێگای سەندیکاکەوە، ئێمە شتێکی وامان هەیە، ئێوە ئەڵێن چی؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەرحاڵ ئێستا موناقەشە بەسە، ئەمە پێشتریش هەبوو لە ئەصڵی قانونەکەدا، ئەوەی لیژنەی قانونی ئەو گۆڕانکارییە زمانەوانیەو تۆزێکیش فەرقی هەیە لە شەرحدا، کێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییەی لیژنەی قانونیدایە، بەڵێ کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ داوای لێبوردن نوقتەی نیزام مادام تەصویتمان کرد، مەحەلی نیقاشیشمان تەحدید کرد، بەڕێز کاك عومەر عبدالرحمن باسی کرد، (2، 3، 4، 5، 9، 10) مەعنای وایە ئەوانی تر هەمووی دەنگی لەسەر دراوە، خلاصە تەصویتی دووەم لەسەر ئەو ماددانە، لەسەر ئەو بڕگانە ناقانونیە ئەوە یەك، دووەم: وەکو ئاداب ونیزام عام ئەوانەمان لابرد، مانای وانیە بۆ صەحەفی هەیە، موخالەفەی ئەوە بڵێت، مەعنای ئەوە نیە موخالفی نیزامی عامە، ئێستا تۆ ئەو بڕگەیە لابدەیت وایە کە نیەتی موشەرع ئەوەیە، بۆیان هەیە دژی ئاداب و دژی نیزامی گشتی بنووسن، شت نەشر بکەن ئەوە بەو مانایە نیە، ئەگەر بەو مانایە بێت ئەمە

موخالفی سەریحە بۆ ماددەیەکی دەستووری، تەعنی قانونی لێ ئەدرێت، تۆ ئەڵێیت: (إذا كان مضمون الرد او التصحيح مخالفاً للقانون او النظام العام والآداب) ئەوە غەڵەتە ئەو دەنگدانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ یەکەم شت کاك خەلیل، ئەگەر ئیعتیرازەکەت قانونی بێت، نوقتـەی نیزامیەکـەت ناقانونیـە، چـونکە دەبوایە ئەو وەختە ئەو خاڵەت بوتایە، ئەمە یەکەم شت: دووەم: ئێمە خستمانە دەنگەوە وتمان ئەو مادانـە موناقەشە ئەکەین، (1، 2، 3، 4، 5، 9، 10)کە موناقەشـەت کـرد وهـەموارت کـردەوە، ئەگـەر مـاددەی تـر لەبەر رۆشنایی ئەو هەموارکردنەوە بێتە پێشەوەو پێویست بکات دەبێ لێرە قەراری لێ بدەین، ئێمە وتمان ئـەو ماددانـە ئۆتۆماتیکیـەن، ئەگـەر موناقەشـە لەسـەریان کـراو گـۆڕان دروسـت بـوو کـە تەئسـیر لەسـەر ماددەکانی تر هەبێت، دەبێ هەمواری بکەین، بەڵێ کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەتا، ئەگەر موناقەشەش نەکرایـە ئـەو دەسـتەواژانەی لـە مـاددەی حەوتـدا ئـەهاتن حوکمـەن لا ئەچـوون، چونکە ئێمە لە ماددەکانی تر کە موناقەشەمان کرد لاماندان، ئەوەی لە هەر شوێنێکدا هاتبێت حوکمـەن لا دەچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵاهی خۆی مەنتقەن وایە، بەڵام قانونیەن ئەبێ وا بکەین، مەنتقەن وایـە بـەڵام بـە قـانونی دەبـێ لێـرە بیگۆڕین بۆ ئەوەی تووشی ئەشکالی قانونی نەبین، ئێستا کاك کەریم جارێکی تر بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەماددەی نۆیەم/ لیژنە پێشنیازدەکات بڕگەی (یەکەم)ی بەم جۆرەی خوارەوە دابرێژرێـتەوە:

(( یەکەم/ لەکاتی تۆمەتبارکردن و ئەنجامدانی رێکارە یاساییەکان دژی رۆژنامـەنووس لەسەرچالاکیەك کـە پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەبێت، دەبێ سەندیکای پێ ئاگادار بکرێتەوە)).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس کە کاتت دام قسە بکەم، سێ بڕگە هەیە لێرە حەزەکەم بیخوێنمەوە، ئەوەی یەکەم کـە ئەصـڵی ئەو پرۆژەیە کە بۆ پەرلەمان هاتبوو، لا يجوز اتخاذ الاجراءات القانونية بحق الصحفي عنـد اتهامـه بنشـاط يتصل بممارسة مهنته إلا بعد إعلام النقابة ولا يجوز القاء القبض عليه او توقيفه الا في حالة ارتكـاب جنايـة مشهودة ئـەوەمان وەرنـەگرت، ئـەوەش چـوو بـۆ سـەرۆکی هـەرێم لا يجوز اتخاذ الاجـراءات القانونيـة بحق الصحفي عند اتهامه بنشاط يتصـل بممارسـة مهنتـه إلا بعـد إعـلام مـن النقابـة. ئـەوەش زەجەیـەکی زۆری

نایەوەو جەنابی سەرۆکی هەرێمیش لەسەری ڕازی نەبوو، ئێستا هاتووەتەوە پێشنیارەکەی لیژنـەی یاسـایی توندتری کردووە لەوەی، بزانن ئەوەی ئێستا چییان لێ کردووە، دەڵێت: عند اتخاذ الاجراءات القانونية بحق الصحفي في حالة اتهامه بنشاط يتصل بممارسة مهنته يتم إعلام النقابة بذلك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ کاك سەردار نامەوێت ڕەخنە بگرم یان بڵێم وایە، تۆ بەدیقەت گۆڕانکارییـەکانی پێشـووت ئەگـەر لـە بیر بوایە ئەو مولاحەزەیەت نەئەدا، بۆ؟ ئەگەر گۆڕانکاریمان نەکردایە ئەو قسەیەت ڕاست بوو، ئێمە سجن کردنمان لابرد، ڕاگرتنی جەریـدەمان لابـرد، داب ونـەرێتمان لابـرد، ئەوانـە ئەگـەر بمانایەتـەوە ئـەو قسـەی جەنابت ئەو وەختە ڕاست ئەبوو، ئێستا سزاکان زۆر تەخفیزی تێدایە، سجنی تێدا نیە، زۆر مەسائیلی تری تێدایە، لەبەر ئەوە ئاگادارکردنی نەقابە تەبیعیە لەو کاتەدا بێت، لە دواییدا بێت موهیم نیە، خۆ نەگیرانی تێدایە، نەحەبسی تێدایە بۆ ئەوەی بڵێیت بۆ گیراوە، تول ئەکێشێ کە مەحکەمە دەعوای لەسـەر تۆمـارکرد دوو مانگ، سێ مانگی بەسەر دەچێت، ئەو وەختەش ئاگاداری نەقابـە کراوەتـەوە، ئەگـەر عقوبـاتی بـەدەنی تێدابوایە ئەو قسەی جەنابت ڕاست ئەبوو، ئەگەر گرتنی تێدا بووایە ڕاست ئەبوو، بەهەرحاڵ ئەگەر سەری نەگرت موقتەرەحەکەیان پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە؟ با دەستی بڵند بکات تکایە، کێی لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینە ڕازین، ماددەکە هەمووی، ماددەی نۆیەم، بـەو گۆڕانکارییـەی کـە تێیـدا کرا دەیخەمە دەنگەوە، فەرموو کاك ئاریز.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: ڕوونکردنەوەکە باش نەبوو، کە فەرقەکە چی بـوو لەبـەینی لیژنـەی رۆشـنبیری و لیژنـەی یاسـایی، دووەم: جۆری دەنگدانەکە من دڵنیـام کـە زۆربـەی تێنەگەشـت مـن خـۆم هـیچ تێنەگەشـتم کـە چـیت دایـە دەنگدان، جا بۆیە حەز ئەکەین ئەو مەوزوعە ڕوون بکەیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تێنەگەشتووی ئەوە مەئساتێکە، تازە دەنگمانداوە، بەڵام فەرقەکە لەوەدایە لە بیدایەتەکـەی ئـەڵێت: نابێ بگیرێت تاوەکو پێشتر ئاگاداری نەقابە بکرێتەوە، نابێ ئیجرائـاتی هـیچ وەربگیرێـت، ئـەو وەختـە بـاش بوو کە گیران هەبوو، کە گیران نەما ئەو مەنتقە ئێستا بەقوەتە، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە ئەصڵدا ئەو بڕگەیە هەر پێویست ناکـات، چـونکە مەسـەلەکە تـەنها هـەر مەسـەلەی غەرامەکـە ئەمێنێتەوە، خۆ مەسەلەن هیچ ئیجرائاتی توند بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان وەرناگیرێت، یەعنی حـەبس و سجن زیندان و ئەو شتانە نەماوە، خۆی ئەو مەسەلەیە زیاتر بۆ حەسانەیە کە سـەندیکا دیفـاع بکـات بـۆ

ئەوەی ڕۆژنامەنووس کاتێ لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دادگا حەبس نەکرێت، بۆ غەرامەش سەندیکا ئامادە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەکە تەواو موناقەشەش تەواو بوو دەنگی بۆ درا، فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها ئەوەیە کە لەسەر گرتن نیە، ئێمە وەکو لیژنەی ڕۆشنبیری هەر لەسەرەتاشەوە، لەگەڵ گرتن نەبووین، لەگەڵ ئەو ئیجرائاتە توندانەش نەبووین، ئێمە لەسەر ئەوەین کە ئایا زووتر ئاگاداربکرێتەوە، پێش ئەوەی ئیجرائات بکرێت یان دواتر، خیلافەکەی ئێمە ئەوە بووە، کە دەنگیش درا لەسەر ئەوە بوو، کە ئاگادارکردنەوەکە پێشتر بێت یان دواتر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا زۆربەی زۆری ڕۆژنامەنووسان کە هاتوونەتە ئێرە نەك هەموویان ئەوانەی کە ئیعترازیان گرتووە، ئیعترازەکەیان لەسەر ئەوە بوو کە نایانەوێت ببن بە ئەندام لە سەندیکا، کە یەکێك نەیەوێت ببێت بە ئەندام بۆ ئەوەندە موهتەم بێت ئاگاداری سەندیکا بکرێتەوە ڕەنگە ئەوەشیان پێ زیاد بێت، هەندێکیان ئەڵێن ئێمە دیفاعی سەندیکامان ناوێت، ئەوە شتێکی گەورە نیە، یان خیلافێکی گەورە نیە، ئەگەر گرتنی تێدا بوایە من لەگەڵی بووم سەد دەر سەد، بۆ ماددەی دەیەم تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم:

یەکەم: لەگەڵ زیان نەگەیاندن بە هەر سزایەکی توندتر کەلە هەر یاسایەکی دیکەی بەرکار لە هەرێمدا هاتووە، سەبارەت بە بڕگەکانی (أ)و(ب)، ڕۆژنامەگەر بە غەرامەیەك سزا دەدرێت، لەسێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە دە ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، لەگەڵ ڕاگرتنی ڕۆژنامەکە بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ، ئەگەر لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن یەکێك لەمانەی خوارەوەی بلاوکردەوە:-

أ- هەر بابەتێك ببێتە هۆی شێواندنی باری ئاسایش و بەرپاکردنی ترس لە نێو کۆمەلگا یان هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوان یان جێبەجێ نەکردنی یاساکان.

ب- هەر بابەتێك ببێتە مایەی هاندانی تیرۆر وچاندنی ڕق و کینە و دووبەرەکی و لێك دوور کەوتنەوەی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەلگا.

دووەم: ڕۆژنامەگەر بەغەرامەیەك سزا دەدرێت، لە سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە دە ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ، لە کاتی بلاوکردنەوەی یەکێك لەمانەی خوارەوە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا:-

أ- سووكايەتی كردن بە باوەڕی ئایینی یەكێك لە ئاینزاكان یان بەچاوێكی سووك تەماشاكردنی دروشمەكانیان یان سووكایەتی كردن بە سیمبولێكی كە بووەتە جێگە ومایەی پەرستن وبەگەورە زانین لەلای ئاینزایەكی ئایینی كە یاسا دانی پێداناوە یان زیان پێگەیاندنی.

ب- هەر بابەتێك پەیوەندیی بە نهێنیەكانی ژیانی تایبەتی تاكەوە هەبێ، هەر چەندە ڕاستیش بێ، ئەگەر بڵاوكردنەوەكەی بووە هۆی سووكایەتی پێ كردنی.

ج- هەربابەتێك دابوونەریتی گشتی لەكەدار بكات.

د- جنێودان وقسەی ناشیرین پێگوتن وناو زڕاندن.

هـ- هەر بابەتێكی زیان بەرێكارەكانی دادگاو دادوەریی بگەیەنێ، مەگەر دادگا ڕێگەی بڵاوكردنەوەی بدات.

سێیەم: ئەو رۆژنامەیەی بڵاوی دەكاتەوە سزا دەدرێ بەغەرامەیەك لە دە ملیۆن دینار كەمتر نەبێ ولە بیست ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ.

چوارەم: لەكاتی دووبارەكردنەوە دادگا بۆی هەیە، غەرامەكەی زیاد بكات، بەمەرجێك لەدوو هەندەی پارەی ئەو غەرامەیە زیاتر نەبێ كە لە بڕگەكانی( یەكەم) و (دووەم)ی سەرەوەدا هاتوون تێپەڕ نەكات.

پێنجەم: داواكاری گشتی و زیان پێ كەوتوو بۆیان هەیە داواكاریی بە پێی یاسا پێكەش بكەن.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەماددەی دەیەم/ لیژنە پێشنیازدەكات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

(( یەكەم/ رۆژنامەنووس و سەرنووسەر بەغەرامەیەك سزادەدرێت كە لە(1) ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لەپێنج ملیۆن دینار تێپەڕنەكات لەكاتی بڵاوكردنەوەی یەكێك لەمانەی خوارەوە لەمیدیاكاندا:

أ: چاندنی كینەو رق ودووبەرەكی ولێك دوور خستنەوە لەنێوان پێكهاتەكانی كۆمەڵگە.

ب: سووكایەتی كردن بەبیروباوەڕی ئایینی وشەعائیرە ئایینیەكان.

ج: سووكایەتی كردن بەهێماو پیرۆزیەكانی ئایینی هەر ئایین و ئایینزایەك.

د: هەرشتێك پەیوەندی هەبێت بە نهێنیەكانی ژیانی تایبەتی تاكە كەسان، تەنانەت ئەگەر راستیش بێت، ئەگەر بڵاوكردنەوەی ببێتە مایەی سووكایەتی پێكردنیان.

هـ: جوێن و شت هەڵبەستن و ناو زڕاندن و دەرچوون لەداب و نەریتی گشتی.

و: هەر شتێك زیان بەرێكارەكانی لێكۆڵینەوەو دادگایی كردن بگەیەنێت ، مەگەر دادگا ماوەی بڵاوكردنەوی بدات.

دووەم/ ئەو رۆژنامەی بڵاویان دەكاتەوە سزادەدرێت بە غەرامەیەك لە (10) ملیۆن دینار كەمتر نەبێت ولە (20) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

سێیەم/ لەكاتی دووبارەكردنەوەی سەرپێچی، دادگا بۆی هەیە غەرامەكە زیاد بكات، بەمەرجێك لە دوو هەندی ئەو غەرامەیەی لەبڕگەكانی یەكەم و دووەم داهاتوون پتر نەبێت.

**چوارەم/ داواکاری گشتی و زیان لێکەوتوو بۆیان هەیە داوا تۆماربکەن بەپێی یاسا.))**
**سەبارەت بەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی بە ڕاگرتنی رۆژنامەنووس بۆ ماوەی سێ مانگ، کە پێشنیاز کرابوو بگوازرێتەوە بۆ ژێر خانەی سزاکان، لێرەدا دەمانەوێت لە برگەیەك لەو برگانە جێگای بکرێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لیژنەی رۆشنبیری فەرموون.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم: ئێمە پێشنیار ئەکەین، بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:**

**لە کاتی بلاوکردنەوەی بابەتێك کە ببێتە هۆی ئەم حالەتانەی خوارەوە:**

1. **چاندنی تۆی دوو بەرەکیو رقو کینە لە ناو پێکهاتەکانی کۆمەڵ .**
2. **سووکایەتی کردن بە باوەڕداریو سیمبولو پیرۆزیەکانی ئاینی.**
3. **هەر بابەتێك پەیوەندی بە نهێنیە تایبەتیەکانی تاکەوە هەبێو ببێتە مایەی ریسوابوون.**
4. **هەر بابەتێك کار بکاتە سەر رەوتی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن، تەنیا مەگەر دادگا رێگای پێ دابێ.**
5. **ناو زڕاندنو تۆمەت دروست کردنو جنێو دان.**

**ئێمە پێشنیار ئەکەین رۆژنامەنووسێك کە بەو کارانە هەستابێت بە برێك پارە سزا بدرێ کە لە (1.000.000) یەك ملیۆن دینار کەمترو لە (5.000.000) پێنج ملیۆن پتر نەبێ.**
**دووەم: بەنیسبەت رۆژنامەوە، غەرامەکە لە (5) پێنج ملیۆن کەمترو لە (20) بیست ملیۆن پتر نەبێ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**گرنگترین شت لەو ماددەیەدا کە هەردوو لیژنە پێشنیاری تازەیاندا، لابردنی (اولاً) بوو کە ئەڵێت (مع عدم الاخلال بأی عقوبە أشد) کە ئەوە موهیم بوو لەسەر داوای زۆرینەی رۆژنامەنووسان و سەندیکای رۆژنامەنووسان لابراوە، بەمەش کارێکی باشیان کردووە، هەردوو لیژنەکە دەستیان خۆش بێت، ئەوە کارێکی قورس بوو بەڕاستی، غەرامە کەلەسەر سەحافە هەیە، سێ ملیۆن بوو، داوا کراوە بکرێت بە ملیۆنێك بۆ حەدی کەمتر و پێنج ملیۆنیش بۆ حەدی زیاتر، کە ئەمەش هەردوو لیژنە لەسەری رێك کەوتوون، ئەوە ئیشکالێکی تێدا نیە، لێرەدا ئەوەی ئادابی عامە هاتووە، بەپێی ئەوەی کە پەسەندمان کرد کەلابچێت، لێرەش لادەچێت، اخلال باداب العامە لە پێنجەم، لەو شەش خاڵەی کە هەیە، ئینتیباهم کرد کە خاڵێکیان لەوەی رۆشنبیری ئاماژەی پێنەکرد دیارە لایان بردووە، ئەگەر پێم بڵێن بە دیقەتتر، وا بزانم خاڵێکتان لە ئەصڵی مەشروعەکە لابردووە، ئێستا فەقەرە فەقەرە ئەوانە ئەخوێنمەوە کە موتەفقن لەسەری، یەکەم: غەرامەکە هەردوولا موتەفقن کە رۆژنامەو سەرنووسەر غەرامە ئەکرێن لەیەك ملیۆن**

دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، ئەگەر ئەم شتانە لە ئیعلامـدا بڵاوبکرێتـەوە، یەکەم بەعەرەبیەکەی ئەیخوێنمەوە، 1- زرع الاحقاد وبذر الكراهية والشقاق والتنافر بين مكونـات المجتمـع. ئەوە کەس خیلافی لەسەر هەیە؟، 2- اهانة المعتقدات الدينية أو تحقير شعائرها. ئـەوە کـەس خـیلافی لەسـەر هەیە؟، 3-اهانة الرموز والمقدسات الدينية لای دين او طائفة او الاساءة إليها. ئـەوەش کـەس خـیلافی لەسـەر هەیە، کاك دلێر فەموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من موتەفقم لەسەر خاڵەکە، بەس لـەناو ئەمـەدا عقوبەیـەك یـان هـیچ حاڵـەتێك دیـاری نـەکراوە بـۆ بـیرو بڕوای فکری جیاواز و بۆ تەکفیر کردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی سێیـەم موفتـەرەحە تۆ داوای موفتـەرەحێکی تر بکە باشە، 3-اهانة الرموز والمقدسات الدينيـة لاي ديـن او طائفة او الاساءة إليها. ئەوە کەس خیلافی لەسەر هەیە؟، 4- كل مايتصل باسرار الحياة الخاصة للافراد ولو كانت صحيحة اذا كان من شأن نشرها الاساءة اليهم.

ئەوە کەس خیلافی لەسەر هەیـە؟، هـەردوو لیژنەکـە موتـەفقن لەسـەری؟ هـی رۆشـنبیری بخوێننـەوە بـزانم چیە؟

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بابەتێك پەیوەندی بە نهێنیە تایبەتیەکانی تاکەوە هەبێ و ببێتە مایەی ریسوابوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرقەکە ئەوەیە لە کوردیەکەدا ئەڵێت ریسوابوون، لە عەرەبیەکەدا ئەڵێت: الاساءة إليها، ئیسائەکە فـراوانتر وباشترە، ئەگەر ئیتیفاق ناکـەن هـەردووکی ئەخەمـە دەنگـەوە، لەکـەدارکردن بەعەرەبیەکـەی الاسـاءة، کـاك عزەدین موخالفی فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئـەم ماددەیـە مـاددەی دە، پێچەوانەی قـانونی ئیرهابـە، چونکە لـە پێشـەوە مـع عـدم الاخـلال بـأي عقوبة أشد ينص عليها في اي قانون اخر نافذ في الاقليـم. لەبـەر ئەوەیـە کـە قـانونی ئیرهـاب هـەبوو، ئێسـتا تەحریزی دینی، تەحریزی مەزهەبی، تـەحریزی گشـتیان ملیۆنێـك دینـار ئـەدات و تـەحریز ئـەکات، وەکو مەلا فەرزەندە نەدوەیەکی کردووە لەدژی ئێمە ئەڵێت کوشتنی ئێزیدییەکان حەڵاڵە، ژنیـان ببـەن حەڵاڵـە، ماڵیان ببەن حەڵاڵە، ئەمە تەنها ملیۆنێك دینار ئەدات و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەلایە ڕەئێکی داوە سەوابە وقابیلی خەتایە، ئێمە ناتوانین لەسەر ئەوە قسە بکەین، مەحکەمە لەسەر ئەوە قەرار ئەدات، ئەگەر شتی وا بلاّو بێتەوەو ببێتە هۆیەکی موباشر بۆ کارێکی تیرۆرستی ئەم قانونە نایگرێتەوە، ئەوە مەحکەمە خۆی قەرار ئەدات، ئەزانی چۆنە ئەگەر ئەو شتانە سابت بوو، داواکاری گشتی ئەبێ دەعوای لەسەر تۆمار بکات، ئەو کەسەی کەوای وتووە نە رۆژنامەنووسە، نە سەرنووسەرە، کەسێکی عادییە ئەتوانی شکایەتی لێ بکەیت، ئێمە هەموو مەسەلەکانمان کەباسمان کرد، بریتییە لەوەی کە تێگەیشتنی تەواومان نیە، هەموومان رۆژنامەنووس، هاولاّتی، ئەندام پەرلەمان، بۆ هەموو شتێك ناشکرێت بۆ هەموو شتێك رۆشنبیریمان هەبێت، بۆ هەموو شتێك تێگەیشتنمان هەبێت، بۆ هەموو شتێکیش پێمان وابێ، ئێمە رەئیەکانمان ڕاستە، بەلاّم ئەوەی دەیکەین موقتەنعین پێی دوایش مومکینە شەش مانگی تر بزانین کە غەلەتێکمان کردووە هەمواری ئەکەینەوە، بەلاّم ناکرێت تۆ مەنتقێك بێنیت و مەنتقەکەش سەلیم بێت بمان گەڕێنێتەوە بۆ سفر ئەوە ناکرێت، ئێمە داواکاری گشتیمان هەیە، مەسئولیاتی هەیە لە هەمووش گەورەتر مەسئولیەتی ئینسان خۆیەتی، مەسئولیەتی رۆژنامەنووس خۆیەتی، مەسئولیەتی هاولاّتی خۆیەتی، ئێمە ئادابی عامەمان لابرد، بەس من دڵنیام لەوەی کە رۆژنامەنووسان پابەندن بە ئادابی عامەوە لە دیدی خۆیانەوە، لەبەر ئەوە داوایانکردووە لابچێت چونکە مەترسییان هەیە ئەو ووشەیە بەخراپی بەکار دبێت دژییان، من باوەڕناکەم رۆژنامەنووسێك هەبێت بڵێت من دژی ئادابی عامەم ئەوە موستەحیلە، بەلاّم ئەترسێت ئەم ووشەیە بچێتە قانون سبەینێ دژی بەکار بێت، لەم مەرحەلەیەدا ڕەنگە ڕاست بێت، ساڵێکی تر تەماشا بکەین بزانین ئەو یاسایەی کەدەرمانکردووە ڕەفتارکردنی لەگەڵیدا لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە لەلایەن مەحاکمەوە لەلایەن خەڵکەوە چۆن بووە؟، ئەگەر بزانین غەڵەتێکمان کردووە لێرەدا کۆدەبینەوەو چاکی ئەکەینەوە، زۆر پێویست ناکات لەسەری بڕۆین، ئەو مەترسی و نیگەرانیەی کە هەیە بۆ لابردنی (عدم الاخلال بعقوبە اشد)کاك عزەدین ئەگەر ئەو رستەیە دابنێین ئەوە زۆر قورسە، حەز ئەکەیت هەموو سزاکان لاببە ئەوە دابنێ، کە ئەمەش قورسترین رستەیە کەقانونی ئیرهاب ئەیانگرێتەوە قانونی عقوبات ئەیانگرێتەوە، قانونی جەزائی ئەیانگرێتەوە، بەمە ماڵیان وێران ئەبێت، 5- السب او القذف او التشهیر او الاخلال بالآداب العامة. کە او الاخلال بالآداب العامة. ئەوەمان لابرد، 6- کل مایضر باجراءات التحقیق والمحاکمة الا اذا اجازت المحکمة نشرها. ئەوە لیژنەی رۆشنبیری و یاسایی موافقن کە بمێنێت، ئەوە شەش برگە تەواو بەس حەوتەم ئیختلاف هەیە، ئەگەر ئینتیباە بکەن، فەرموو کاك پیر خدر.

**بەڕێز خضر خلیل سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا موناقەشە لەسەر یاسای رۆژنامەگەری دەکەین، بۆ ئەوەی رێکی بخەین ورۆژنامەگەر سنووری خۆی بزانێت وئەرکی خۆی بزانێت وماڤی خۆیشی بزانێت، بەلاّم پێکهاتی گەلی کوردستان جەنابت

دەزانێت چۆنە، یەعنی لەیەك ڕۆژنامەدا من بەنمونەدەیهێنم پێنج مقالەی تەحریزی کەحەڵاڵ کردنی کوشتنی یەزیدیان بڵاوکرایەوە چیّ دەبێت ببێتە ڕێگر لەو مەترسیە، ئەگەر مادەی (13) کە دەڵێت: لایعمل بای نص یتعارض واحکام هذا القانون، یەعنی وەك کاك عزالدین فەرمووی فەتوایەك لەرۆژنامەیەکدا بڵاو بکاتەوە بەملیۆنێك غرامە یان بە 10 ملیۆنیش چارەنابێت دەردەکە، ئەگەر مادەی (13)یش بمێنێتەوە ئەمە مەترسی لەسەر ئێمە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لایعمل بای قانون خلاف هذا القانون، لایعمل بای نص، مەعنای وانیە ڕۆژنامەنووس جەریمەیەکیش بکات عیقاب نەدرێت، مەعنای وانیە، مەعنای ئەوەیە لەبواری رۆژنامەنووسیدا ئەو جۆرەتاوانانە ئەو موخالەفاتانە بەو قانونە عیلاج دەکرێت، ئەگەر شتێکی تری کرد ئەوە فەوقی ئەوەیە مەحکەمە قەراری دەدات، ئەوە لەبابی ڕۆژنامە گەری دەرچووە، خەڵاص تەواو دەبێت ئەوە، بێی دەڵێیت ئەتۆ زەرعی ئەحقاد دەکەی، ئەتۆ موجریمی دەتوانێت وابڵێیێت، بەڵام ئەوقانونە نەصێکی تر کاری پیّ ناکرێت ئەگەر لەو بوارەدا لەو چوارچێوەیەدا هاتبێت ئەوی پێدەکرێت، ئێستا دووەم لەقانونەکە، یەکەم وتمان موتەفیقین لەسەری خیلافتان لەسەر نیە کە خوێندمانەوە بەتەفسیلّ، کاك محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێ قسەم هەیە لەو مادەیە، جەنابت هەموو مادەکان ڕێگاتدا چەندکەسێك قسەبکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جاریّ ماوە لەمادی 10 یەکەم خوێندمەوە وتم هەردوو لیژنەکە موتەفیقن، کەس هەیە خیلافی لەسەر بێت، کاك عزالدین بوو کە وەڵاماندراوە، خیلافەکە کاك پیرخدر بوو شەرحمان بۆی کرد، ئێستا دووهەم لەمادەی نۆ خیلافت هەیە؟ لەسەر کام بڕگە، بڕگەکەی بڵێ.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە منیش پێشنیارم هەیە سەرۆکی پەرلەمان ئەو پارەیە زۆرە بابکرێتە نیو ملیۆن هەتا دوو ملیۆن دینار، ئەو مەبلەغەم پیّ زۆرە کە ڕۆژنامەنووس تەبعەن هەموویان هەژارن، یەعنی پێناچێت دەوڵەمەندبن یان کۆمپانیایان هەبێت جا بکرێتە نیوو ملیۆن تا دوو ملیۆن دینار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موقتەرەحە هەردوو لیژنە موتەفیقن لەسەری، سزاکانی تر هەمووی لاچووە، تەنها سزای مادی ماوە، رادیعێکە بۆ ئەوەی ئیلتیزام بەنووسین بکرێت، ئەگەر ئەو رادیعە مادییەیش نەمێنێت، مەعنای ئەوەیە ڕێگادەکەیتەوە هەموو ڕۆژێك جنێودان دەبێت، ئەوە دەمێنێت بۆ ئێوە ئەگەر پێتان زۆرە دەیخەینە دەنگەوە، موشکیلە نیە، دووەم: تغرم الصحیفة الناشرة بغرامة لاتقل عن عشرة ملایین دینار ولا تزید عن

عشرين مليون دينار، دوو ئیقتراح هاتووەتە پێش یەکێکیان دەڵێت بکرێتە پێنج ملیۆن هەتا بیست ملیۆن، یەکێکیشیان دەڵێت یەکێکیان لابچێت، هەردوو عقوبە نابێت ببێت، یاخود تەوحید بکرێت، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ڕاگرتنی یان مەنعی اصداری صحیفە بێتە ئیرە باشە، ثانیا: تغرم الصحیفة الناشرة بغرامة لا تقل عن عشرة ملايين دينار ولا تزيد عن عشرين مليون دينار، او منع اصدارها بقرار قضائي لمدة لاتتجاوز ثلاثة اشهر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

والله ڕەئیەك هەیە بەنووسین بۆم هاتووە، دەڵێت ڕاگرتنی جریدە بۆ ماوەیەکی کورت بخریتە حاڵەتێك ئەگەر تکراری موخالەفەکەی کردەوە، مسەلەن، سێیەم دەڵێت: في حالة العودة او في حالة تكرار المخالفة يجوز للمحكمة، دوای ئەوە تەفسیلەکەی بنووسن، ئەوە توزێك تەوزیحی دەکاتەوە، هەم ئەوانەی کە دژی ئەوەن وئەیانەوێ تەعتیل بکرێت، هەم ئەوانەی لەگەڵیان وئەیانەوێ ئەم مادەیە بمێنێت، ئەمە ناوەندە، دەکرێت ببێتە سیهەم وبڵێین: في حالة العودة يجوز للمحكمة تعطيل الصحيفة، ئەوجا لەوێ لە صەحیفەکە، من خۆم پێشنیارێکم هەیە نابێت سێ مانگەکە بۆ ڕۆژنامەیەك ڕۆژانە دەردەچێت، لەگەڵ ڕۆژنامەیەك حەفتانە دەردەچێت وەکو یەك بێت، بۆیە ئەڵێم ئەو جوملەیە: في حالة العودة، یەعنی ئەگەر تکرار موخالەفەکەی کرد، يحق للمحكمة تعطيل الصحيفة اليومية لمدة محددة وبالشكل التالي: تعطيل الصحيفة اليومية على ان لا يتجاوز مدة تعطيلها ثلاثين يوما، لەجیاتی سێ مانگەکە، اما الصحف والمجلات النصف اسبوعية او الاسبوعية لمدة 45 يوماً، اما الصحف والمجلات الشهرية لمدة 90 يوماً، المجلات الفصلية لفصل واحد، بۆ ئەوەی فەرقیان هەبێت، جەریدەیەك هەفتانە دەردەچێت بەهەمان شێوە ناکرێت عقوبە بدرێت و بەوشێوەیە موقتەرەحەکە لەلایەن هەندێك ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتووە کەدەڵێت لەکاتێکدا تکراری موخالەفەی بوو ئەوجا ئەو تەعتیلە هەبێت، ئەگەر لیژنەی یاسایی موقتەرەحەکەی تەعدیل دەکات لەگەڵ لیژنەی ڕۆشنبیری تەبعەن بەو ئیقتیراحەی من ئەوە دەرگا دەکەمەوە قسەبکرێت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ موقتەرەحەکەی سەرۆکایەتین بەو شێوەیەی کە ئێستا جەنابت ئیقتیراحت کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەیش لەگەڵ ئیقتیراحی سەرۆکایەتین و هیچ مانیعمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئەوە شتێكی تازەیە با نووسینەكەی تەسبیت بكەم، دەڵێت: في حالة العودة، یەعنی تكراری موخالەفە، يجوز للمحكمة تعطيل صدور الصحيفة بالشكل التالي: حيث لا تزيد عن المدد التالية: وەكو باسم كردووە، ڕۆژانە، 30 ڕۆژ زیاتر نەبێت، نیو هەفتەو هەفتانە 45 ڕۆژ زیاتر نەبێت، مانگانە یان نیو مانگانە 90 ڕۆژ زیاتر نەبێت، فەسلی یەك فەسل زیاتر نەبێت، ئەو دووە هەردوو لیژنە موتەفیقن لەسەری؟ كێ ڕەئی وانیە، موخالیفی ئەوەیە قسەی دەدەمێ، فەرموو كاك محمد حكیم.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم وایە كە تەعتیلی ڕۆژنامە نەكرێت و ئەو غەرامەیە تەنها یان ڕۆژنامەنووس بگرێتەوە یان ڕۆژنامەكە بگرێتەوە، بەڵام یەك قسەم هەیە ئەگەر مەجالم بدەی ئەوەیش ئەوەیە ئێمە ئەم یاسای ڕۆژنامەگەری كەلەلایەن بەڕێز سەرۆكی هەرێمەوە بۆمان گەڕایەوە زۆربەمان دیارە ئەو فەترەیە كە جەنابت باست كرد هەموومان بەیەك هەڵوێست تەماشای یاساكەمان دەكرد، یەك شتمان لەبەر چاوبوو، ئەوەیش ئەوەیە ئازادی زیاتر بدەینە برایانی ڕۆژنامەنووس وڕۆژنامەكان، بە بۆچوونی من لەبەر ئەوەی هاوكاری پەرلەمانن لەئەركی دووەمی پەرلەمانە كە چاودێری و دەرخستنی كۆمەڵێك گەندەڵی و فەساد لەم هەرێمەیا هەیە و جێی خۆیەتی دەست خۆشیان لێ بكەین و، ئەو موبەریرانەی كە بۆ ئادابی عام هێنرایەتەوە هەمان موبەریرات بۆ ئاسایشی گشتیش بهێنرێتەوە، كە ئاسایشی نەتەوەیی دەیگرێتەوە و لەكوردستانا زیاتر ڕۆژنامەنووس بەدەست مەسەلەی گرتن لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی كێشەی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محسن فەرموو.

**بەڕێز محسن علی اكبر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدانیم ڕۆژنامە تەعتیل بكرێت یان ڕابگیرێت، تەبیعی ئەگەر سزا هەبێت بۆ نووسەر یان سەر نووسەر یان بۆ ساحیب ئیمتیاز هیچ ئیجاب ناكات، ئەوە غرامە هەیە، هیچ ئیجاب ناكات ئەو تەعیلە بكرێت، ئێمە لەكاتێكدا كە هەوڵ دەدەین ئازادی بۆ كاری ڕۆژنامەگەری دابین بكەین لەملایشەوە بێین لە ئەنجامی خەلەلێك یان موخالەفەیەك ڕۆژنامە دابخەین، هیچ ئیجاب ناكات، هەندێك لەڕۆژنامەكان ڕەنگە تۆ بۆ ماوەی یەك مانگ دایبخەی زەرەرێكی زۆر گەورەی بەركەوێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم ڕۆژنامە دابخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ ئەوەمە کە تەعتیلی ڕۆژنامە نەمێنێت، چونکە ئەوە دەبێتە عقوبەیەکی جەماعی، پێش ئێستا ئێمە سەر نووسەرو ساحیب ئیمتیازو نووسەرەکەمان عقوبە دەدا، بەڵام لەوی ڕەنگە لەهەر ڕۆژنامەیەك 100 تا 150 ڕۆژنامەنووس ئیشبکەن، ئەو کاتە ئەوانە هەموو عقوبە دەدرێن، خۆیشی ڕەنگە یەك یان دوو کەس موخالەفەی کردبێت ئەمە ڕەئیەك، ڕەئیی دووەم حەتا غەرامەکە بەرەئیی من زیادە، باشترە کەمتری بکەین و یەك عقوبە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕاوبۆچوونم هەیە، هەر ڕۆژنامەیەك دەردەچێت بەڕاستی ستافێك تێدائیش دەکات، لەوانەیە لەو ستافە یەکێك تاوان باربێت، ئیتر ئەوانەیتر هەموویان زەرەرمەندەبن، لەبەر ئەوە بەڕاستی من بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ڕاگرتنی هیچ ڕۆژنامەیەکدا نیم، دەربارەی غەرامەیش پێشنیار دەکەم یەك غەرامە هەبێت بۆ ڕۆژنامەو بۆ ڕۆژنامەنووس نەك دوو غەرامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ داخستن و ڕاگرتنی ڕۆژنامەدانیم لەبەر دوو هۆ، یەك: کۆمەڵێك خەڵك لەو ڕۆژنامەدا ئیش دەکات ئەوە ئیشەکانیان دەوەستێت، دوو: ئەو ڕۆژنامەیە بۆ فەترەیەك ڕادەوەستێت خوێنەری نامێنێت و بەهایشی نامێنێت پاش فەترەیەك کە کرایەوە ڕەنگە ئەو ڕەواجەی جارانی نەمێنێت، کی تاوان بارە؟ کێ موخالەفەی کردووە لەو ڕۆژنامەیەدا با ئەوە سزابدرێت، ئەگەر دووبارەی بکاتەوە بەقەسد دووبارەی دەکاتەوە با ئەوە عقوبەکەی دووبارەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەوانەی کەوا لەگەڵ ئەوەدان کە عقوبەکە نەمێنێت قسەیان کرد، بۆچوونیان ئەوە بوو کە دەڵێن بەهیچ شێوەیەك ڕانەگیرێت بۆ ماوەیەکی کاتیش، لیژنەی یاساییش دەڵێت بۆ ماوەی سێ مانگ ڕابگیرێت، موقتەرەحی هەندێك ئەندامیش کە بۆ منیان نووسیبوو دەڵێن بمێنێت، بەڵام ئەگەر تکراریان کردەوە، مەحکەمە بۆی هەبێت ئەو قەرارە بدات، من نامەوێت زیاتر ڕەئی بدەم و شەرحی بکەم، بۆ ئەوەی نەبم بە تەرەف، تەنها ئەفکارەکان شەرح ئەکەم بۆتان، یەکەمجار ئەو پێشنیارە تازەیە کە مامناوەندییە دەیخەمە

دەنگەوە، ئـەویش ئەوەیـە کـە ئـەڵێت، لـەکاتی دووبـارە بوونـەوەی سـزاکە بـۆی هەیـە سـزا بـدرێت بـەوەی کـەڕابگیرێت بـە شـێوەیەکی کـاتی بـەو شـێوەی خـوارەوە کـەباسمان کـرد، زیـاتر نـەبێت لـە 30 رۆژ بـۆ رۆژنامەیەك کە رۆژانە دەرئەچێت، زیاتر نەبێت لە 45 رۆژ بۆ ئەو رۆژنامانەی کـە هەفتـەی دووجـار یـان یـەکجار دەرئەچـن، باشـە ئێسـتا ئـەوەی کـە دەڵێـت رۆژنامـە دانـەخرێت بەشـێوەی کـاتیش ئـەوە ئەخەینـە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فـەرموون کێـی لەگەڵـدا نیـە؟ بەزۆرینـە ئـەوەش لابـرا، کەواتە بەکاتیش نامێنێت و غەرامەکەش لیژنەی یاسایی داوای کـردووە، لیژنـەی رۆشـنبیری داوای کـردووە غەرامەکە لە دە ملیۆن ببێت بـە پێـنج ملیـۆن، لیژنـەی یاسـایی ئەگـەر مـوافقن لەسـەر ئـەوە بـا بیخەینـە دەنگەوە، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لە لیژنەی یاسایی موافقین کە وای لێ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەو موقتەرەحەی کە رۆژنامەکە سـزا بدرێـت، کـە موقتـەرەحی هەردوولایـە دە ملیۆنەکـە ئـیقتراح کرابوو، لەلایـەن لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی رۆشـنبیری دەڵێـت، پێـنج ملیـۆن بێـت حـەدی ئەدناکـە یاسـایی موافەقەتیان کردووە، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کـێ لەگـەڵ ئـەو موقتەرەحـە موشـتەرەکەیە تکایـە بادەسـتی خۆی بڵنـد بکات؟ فـەرموون کێـی لەگەڵـدا نیـە؟ کەواتـە ئێسـتا یـەك نوقتـە ئەمێنێتـەوە، ئـەویش ئەوەیـە هەنـدێ بـرادەر وتیـان ئـەو دوو سـزایە، هـەم رۆژنامـەنووس هـەم رۆژنامەکـە یـەك بخرێـت، مـن لـە ڕووی یاسـاییەوە ئەوەنـدەی تێبگـەم ئیحتیمالـە هـەردووکیان تاوانیـان هـەبێت، هـەردووکیان مەسـئولیەتەکە هەڵبگرن، حەز ئەکەم گوێ لە ڕەئی یاساییەکان بگرم لەو بابەتەوە، با ئەوە بهێڵینەوە بۆ مەحکەمە، ئەگەر ئێمە هەموو شتێك خۆمان بیکەین هیچ بۆ مەحکەمە نەهێڵینەوە ئەوە تەقدیری مەحکەمە کەم ئەکاتـەوە بەڕاستی، کاك غەفور مەخموری پرسیارێکی لـەمن کـردووە ئەمـەوێت جوابی بدەمـەوە، ئەگـەر وایـە داوای لێبـووردن بکـەم، ئەگـەر واش نیـە سـەحبی قسـەکانی بکاتـەوە، دەڵێـت لـەم دانیشـتنەدا گفتوگۆکانـت زۆر بەرتەسك کردۆتەوە، ئەمەش بـە پێچـەوانەی بنـەماکانی بیروڕایـە، هـەتا ئـازادی پەرلـەمانتاران بـدەیت لـە گفتوگۆدا، هیوادارم لە دانیشتنەکانی داهاتوودا ئەم حاڵەتە دووبارە نەبێتەوە، پێتان وایە من ڕێگام نـەدابێ ئێوە قسە بکەن، کەواتـە ئـەوە ڕەئـی شەخصـی خۆتـە، ئەگـەر ئەنـدامان پێیـان وابوایـە مـن ئیعتیـزارم بـۆ ئەهێنایتەوە، بەڵام من موقتەنیعم سەد دەر سەد کە تەداخولم نەکردووە، ڕەئی خۆشم نەوتووە بـۆ ئـەوەی تەئسیر لە برادەران نەکـەم، ڕەئـی خـۆم لـە زۆر شـتدا گلـم داوەتـەوەو قسەشـم نـەکردووە بـۆ بڕگـەکان، بـۆ ئەوەی تەئسیر لە ئێوە نەکات، خۆتان قەرارتان داوە بەو شێوە بێت، نە تەئسیرم لە کەس کردووە، نـە ڕەئـی خۆشم ووتووە، نە قسەم بە کەس بڕیوە، بەهەر حاڵ ئێستا لیژنـەکان ڕەئـی خۆتـان تەوحیـد بکـەن لەسـەر ئەو بڕگەیە، منیش پێم باشە، سۆزان خان تۆ پێت وایە ئەو دوو غەرامەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، با نووسەر پارەی خۆی بدات بەغەرامە، مادام ئێمە هەموو ئازادییەکانمان داوەتێ، صەحیفەکەش کە بۆی بڵاو ئەکاتەوە با ئەویش هی خۆی بدات بەپارە، پارە هیچ موشکیلە نیە، بەڵام گرتن و سووکایەتی پێکردن موشکیلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە لەگەڵ کاک فرسەتدا ڕەئیتان یەکی گرتەوە، ئێستا ئەو ئیقتراحە ئەخەمە دەنگەوە، ئێستا ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکارییانەی کەوا تێیدا کراو خرانە دەنگەوە هەمووشی ڕوونە لەلای هەمووتان و هەردوو لیژنەکەش، بەس تەنها چوارەم ئەمێنێتەوە ئەو چی ئەڵێت، خیلافتان هەیە لەسەری، ئیدیعای عام ئەوەی عیلاقەی بە خەڵکەوە هەیە، بەڵێ پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکی تر هەبوو کاک دلێر کردی جەنابت وتت دوایی، منیش زۆر موتەفقم لەسەری، ئەگەر قبوڵ ئەکات بەناوی ئەوەوە بیڵێم جاری پێشووش بەهەمان شێوە پێشنیار کرایەوە دیار بوو وەرنەگیرا، هەندێجار ئێستا ئێمە لێرە ئیهانە بە موقەدەساتی دینی وئەو شتانە هەمووی موافقین لەسەری، بەڵام هەندێجار ئیهانە بە قەناعاتی فیکری ئەکرێت، لەلایەن هەندێ نووسەرەوە یان لەلایەن هەندێ صەحیفەوە، ئەوەش ئیزافە بکرێت، لای ئێمە فیکر ئازادە، با ئەوەش بە یاسا ئیهانە یان قەناعاتی فیکری نابێ مەس بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نابێ هەبێت، بەڵام حەز ئەکەم نموونەیەکمان بۆ بێننەوە کاک دلێر، بۆ ئەوەی لەلای بڕادەران زیاتر ڕوون بێت یان، ئەگەر حاڵەتێك ڕووی دابێت لەو بارەیەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکە قەسدم لەوە بوو، ئێمە باسی موعتەقەداتی دینی وباسی هەموو ئاینێك و هەموو مەجالێکمان کرد کە ئەمانە سووکایەتی پێکردنەو، حەقی خۆیەتی ڕۆژنامەنووس مەجال بەخۆی نەدات کە باسی ئەم لایەنانە بکات، ئەگەر کردیشی ئەم عقوبانەی لەسەرە، بەڵام ڕۆژنامەنووس هەیە لەناو بابەتەکەیدا دێت لایەنێکی فیکری یان ئیتیجاهێکی فیکری سیاسی لەم کوردستانەدا بەهەوەسی خۆی ئەشێلێ، ئەو حەقە بۆ ئەو هەیە یان نیە؟ ئەگەر نیە ئەبێ بڵێین سووکایەتی کردن بە هەر بیروڕایەکی فیکری یان سیاسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە من پرسیارێك ئەکەم لە کاك دلێر و پەخشان خان، ئێمە میساقی شەرەف کە کردمان بە هاوپێچ لەگەڵ ئەوەدا، ئەوەی تێدایە ئەی ئەوە ناگرێتەوە، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئێمە میساقی کاری ڕۆژنامەنووسمان کرد بە هاوپێچ بۆ ئەو یاسایە، بۆیە پێویستە ئینتیهاکی ئەو میساقەش لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە هەمان عقوبەش ئەو بگرێتەوە، با یەکێك لە بڕگەکانی ماددەی دە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان نموونەیەکم بدەنێ بڵێن لە فلان ڕۆژنامە وانووسراوە، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوی کەسەکەو ناوی ڕۆژنامەکەش ناڵێم، دوو هەفتە پێش ئێستا لەیەکێك لە ڕۆژنامەکاندا کابرایەك موئەڕیخە ئیتیهامی حزبێك ئەکات، کە ئەمە هەر دەوری تێکدان بووە بۆ مەسەلەی قەومی کوردی، ئەڵێت من چوومە فلان حزب بەر لە 30 ساڵ موئەڕیخە تەنها لەبەر دژایەتی کردنی ئەو حزبە، یەعنی تەسەوری ئەم کابرایە بکەن، نە بەرنامەو نە هیچ، ئەمە جەریدەیەك کە ئەمەی بۆ بڵاو بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە لەڕاستیدا دەتوانن ئەو حزبە بە دە مەقالە و بیست کادیریش بێن لە جەریدەو لە تەلەفزیۆنیش ڕەدی بدەنەوە، دوێنێ لە جەریدەی شەرقی ئەوسەت کابرایەك ناوەکەیم لە بیر نیە، تەعلیقی لەسەر قسەکانی من داوە، کە گوایە من وتوومە ئەمریکا و بەریتانیا چەك بە عێراق ئەفرۆشن، حەقە گەرەنتی ئەوە بدەن کە دژ بە گەلی کوردستان و عێراق بەکاری نەهێنن، جارێ پێش ئەوە زۆر لە ڕۆژنامەکان پێچەوانەی ئەو قسانە نقڵیان کردووە، ئەو برادەرەش نازانم لە سلێمانیە لە کوێیە، دەڵێت سەرۆکی پەرلەمان دیارە ئاگاداری دەستووری عێراق نیە، کە ڕێگای داوە بە حکومەتی فیدراڵ ئەو شتانە بکات، ئەڵێت هەر تێنەگەیشتووە، جا من ئەبێ چی بکەم، لەگەڵ ئەو کابرایەدا ئەوە لە مینبەرێکی عامەوە ڕەدم دایەوە، ئێوەش ڕەدی بدەنەوە، بەڵێ کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت داوای نموونەت کرد لە پەخشان خان، بەڕاستی ئێمە ئەگەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەڵبدەینەوە تەنانەت لە کەناڵە ناوخۆییەکانیش، ئەگەر بیانکەینەوە ڕۆژانە من پێم وایە ئیهانەی خەڵکێك ئەکات، کە ئیهانەی خەڵکی تێدایە فکری عیلمانیەتی هەیە، فکری چەپی هەیە، بەڕاستی ئیهانە

ئەكرێن نەك موناقەشـەی ئـەفكاری بكرێـت یـەعنی، ئەگـەر موناقەشـەی ئـەفكار بێـت، واریـدە لیبرالیـەت و عیلمانیەت و دیموكراسیەتیش وقەومی و ئیسلامیش هەمووی موناقەشە بكرێت، بەڵام وەختێك حەق بـەو بدرێت ئیهانەی ئەفكاری لیبرالی و عیلمانی بكرێت، تـەكفیر بكرێـت یـان بەهـەر نـاوێكی تـر، حەقـە لێـرەدا جەنابت لەو یاسایەدا ڕێگە لەو جۆرە شتانە بگیرێت، كە ئیهانەی ئەو خەڵكانە نەكرێت كە فكری عیلمانیان هەیە، یان هەر فكرێكی تریان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە قسەكەت ڕاستە، بەڵام جێگای لە قانوندا نیە، تۆش ڕەدی بدەرەوە، مەقالەی لەسەر بنووسـە، یـان بـڕۆ سەر تەلەفزیۆن بڵـێ تـۆ سـەهووی، ئەمـە دژی دیموكراتیەتـە، دژی دەسـتوورە، هـەموو قسـەیەك بكـە، ئـەو ماددەیـە كـە گۆڕانكـاری بەسـەردا هـات، بـەو شـێوەی كـە باسمـان كـرد، دەیخەمـە دەنگـەوە كێـی لەگەڵدایـە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیـە؟ بـە زۆرینـەی دەنـگ وەرگیـرا پەخشـان خـان و كـاك دلێری لەگەڵدا نیە، ئێستا یاساكە بە هەمووی، بەڵام پێش ئەوەی بیخەمە دەنگەوە داوا لـە لیژنـەی یاسـایی ئەكەم، هەروەها لیژنـەی ڕۆشـنبیری دابنیشـن جارێكی تـر بـۆ داڕشـتنی كۆتـایی لـە ڕووی زمانـەوە، ئـەوەی ئیقرارمان كرد، بـۆ ئـەوەی خـیلافێ لەسـەر دروسـت نـەبێت، بەیاساكەدا هـەمووی بچنەوە لـە هەركوێیـەك پێویستی كرد هەمواری بكەن لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو گفتوگۆیانـە و ئـەو گۆڕانكارییانـەی كـە كردمـان، ئێسـتا یاساكە هەمووی دەخەمە دەنگەوە بە هەموو گۆڕانكارییەكانەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایـە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەس كاك شێخ فەتاح، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، پیرۆزە ئومێد ئەكەین ببێتە هۆی ئازادی و چاككردنی كۆمـەڵگاو، میـدیا بەشـێوەیەكی گشـتی بـەدەوری خـۆی هەڵبسـتێت، لـە گەیانـدنی ڕاستی وپابەند بـوون بـە بنـەماكان كـە لێـرەدا لـە میسـاقەكەدا هـاتووە، جـەنابی وەزیـر، ئەگـەر قسـەیەكت هەبێت پێش ئەوەی كۆتایی بەدانیشتنەكەمان بهێنین فەرموو.

**بەڕێز فلك الدين كاكەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسـی جـەنابتان ئەكـەم، سوپاسـی ئەنـدامانی پەرلـەمانیش ئەكـەم، بەڕاسـتی ئـەمڕۆ ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتان، هـەنگاوێكی زۆر باشـی جێبـەجێكرد، كـە ئـەویش یاسـای ڕۆژنامەگەرییـە كـە بەمـە دەرگایـەكی تـازەی كـردەوە، بـۆ ئازادییـەكی فـراوان بـۆ ڕۆژنامەنووسـان، هـەروەها بـەلای منـەوە ئەمـە ئـەگونجێت، لەگـەڵ هـەمان پرەنسـیپ و هـەمان بیروبـاوەڕ وهـەمان بۆچـوونی حكومـەت وسـەرۆكایەتی هەرێمیش، من نامەوێت بڵێم ئەوانیش هەموویان موافقن، بەڵام من دڵنیام كە ئەمە زۆر دەگونجێت، لەگەڵ بیروڕایان، لەگـەڵ بۆچـوونیان، هـەر لەبـەر ئـەوەش بـوو كـە یاساكەیان گەڕانـدەوە بـۆ پەرلـەمان، بێگومـان ئەمێنێتـەوە سـەر خۆمـان، هـی ڕۆژنامەنووسـان و وەزارەتـی ڕۆشـنبیری كـە ئـەو هەلـەی پێیـان دراوە، زۆر بەچاكی بیقۆزنەوە بۆ بنیاد نانەوەی نیشتمان وكوردستان، هەروەها بۆ پەروەردە كردنی نەوەیەكی تازە بە بـیروڕای ئـازاد و ئـازادی بـیروڕا، بەتایبـەتی پابەنـدبوون بـە ئـەخلاقیاتی كـاری ڕۆژنامەگـەری یـان كـاری ڕاگەیانـدن كـە لـە یاساكەدا هـاتووە، ئـەوە بـەلای منـەوە گـرنگترین سـەركەوتنە بـۆ پەرلـەمان وكۆمـەڵگای

كـوردەواری و بـۆ رۆژنامەنووسـانیش، پابەنـدبوون بـەو ئەخلاقیاتـە، بـەو میسـاقەوە، میسـاقی شـەرەفی ڕاگەیاندن، دەمانخاتە قۆناغێکی تازەوە، ئەمەش بێگومان ئەبێ هەموو لایـەکمان هـەوڵ بـدەین، مـن دڵنیـام کـە نـەوەی تـازەی کـورد، نـەوەی رۆشـنبیر ئـەم پرۆسـەیە بـەرەو پـێش ئـەبات، ئەمانگەیەنێتـە قۆنـاغێکی گەورەتر، من نەمویست زۆر موداخەلات بکەم، یەك مولاحەزەم هەیە، پێم خۆش بوو کەوا دەنگتان نەدا بە داخستنی رۆژنامە، بەڕاستی مێژووی کورد هەمووی داخستنی رۆژنامەیە، لە عێراق هەر رۆژنامەمان داخرا، ئێستاش لە وڵاتانی تـریش هـەر رۆژنامـەی کوردی دائـەخرێت، لەبـەر ئـەوەی پرۆسـەی داخسـتن بەڕاسـتی وشەیەکی زۆر ناخۆشە، زۆر زۆریش خراپە، یەعنی ئەبێ ئێمە، لەگەڵ ئازادی بین و نەترسین لە ئازادی، لە ئایندەشدا دەردەکەوێت کە ئـەم یاسایە زۆر زۆر پرۆسـەکە بـەرەو پـێش ئـەبات، ئێمـەش بـەرەو ئاسـۆیەکی فراوان ئەڕۆین، کە ململانێیەکی سیاسی زۆر زۆری تێدایە، چەکی ئێمە لەو نەبەردییەی داهاتوودا ئازادی و دیموکراتیە، دیموکراتی لە نیشتمانەکەماندا ڕوون بکەینەوە، بڵاوی بکەینەوە بە هەموو دامودەزگای سیاسی و کۆمـەڵگای مـەدەنی وحکومـەت و حـزب و بەهـەموو لایـەك دیمـوکراتی بـڵاو بکەینـەوە و ئـازادی بـڵاو بکەینەوە، ئەوە چەکی ئێمەیە، جارێکی تر زۆر سوپاستان ئەکەم، ئومێدی سـەرکەوتنتان بـۆ ئـەخوازم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بـۆ جـەنابی وەزیـر و یەکـە بەیەکـەتان کـەوا لێـرەدا ئـەم یاسـایە پەسـەند کـرا، مـن پـێم وایـە سـەرکەوتنێکی گەورەیـە بـۆ پەرلـەمان، بـۆ دیموکراتیـەت چ ئەوانـەی دەنگیـان بـۆ گۆڕانکارییـەکان داوە، چ ئەوانەی موعتەریز بوون، لە ئەنجامـدا یاسایەکی گونجاوە، لەگـەڵ کۆمـەڵگای ئێسـتادا، ئەگـەر دیسانەوەش ئەیلێمـەوە تـا سـاڵێکی تـر تەماشـای جێبـەجێکردنی ئـەو یاسـایە ئەکـەین، ئەگـەر پێویسـتی کـرد هـەمواری بکەینەوە لەڕووی جێبەجێکردنەوە خەلـەلی تێـدا بـوو، خۆمـان دامـان نـاوەو خۆشمـان ئـەتوانین هـەمواری بکەینەوە، ئەگەر زانیمان نوقسانی هەیە، ئـەوا ماددەیـەکی بـۆ زیـاد ئەکـەین، بەهـەر حـاڵ دەسـتتان خـۆش بێت، سوپاس بۆ هەموو لایەکتان، کۆتـایی بەدانیشـتنەکەمان دێـنین بـەیانی سـەعات 12/30 لەسـەر داوای سـەرۆکی لیژنـەکان دانیشـتنێکی تایبـەت ئەکـەین بـۆ گفتوگـۆکردن لەسـەر مەسـەلەی کـەرکووك و دوا گۆڕانکاری لەسەر داوای خۆیان، ئەگەر پێویستیشی کرد برادەرانی تریش قسە بکەن، یـەعنی گفتوگۆیـەکی گشتیە، بەخێربێن سەر چاوان.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (5)**

**سێ شەممە رێکەوتی 23\9\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (5)

## سێ شەممە رێكەوتی 2008/9/23

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2008/9/23 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی دووەم, ساڵی (2008)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیاریـدرا بەرنامـەی كـاری دانیشـتنی ژمـارە (5)ی خـولی دووەمـی هەڵبـژاردن لـە كاتـژمێر (11)ی پێشـنیوەڕۆی رۆژی سـێ شـەممە رێكەوتی 2008/9/23دا بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگـۆ كـردن لەسـەر دوا پەرەسـەندنەكانی بابـەتی هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگـای كـەركووك و قۆناغەكانی جێ بەجێ كردنی ماددەی (140)ی دەستووری عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بـەپێی حوكمـەكانی بڕگـە (1)ی مـادده (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق، دەستەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیاریـدا بەرنامـەی كاری دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2008/9/23دا بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگـۆ كـردن لەسـەر دوا پەرەسـەندنەكانی بابـەتی هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگـای كـەركووك و قۆناغەكانی جێ بەجێ كردنی ماددەی (140)ی دەستووری عێراق.

دیارە ئەم دانیشتنە لەبەر رۆشنایی داواكاری سەرۆكی لیژنەكانە، ناوەكان دەخوێنمەوە، دكتۆرە نازناز محمد سەرۆكی لیژنەی پەروەردە، مەلا سعدالدین عبدالله سەرۆكی لیژنـەی ئـەوقاف، دكتـۆر دلێـر اسماعیـل حقـی شاوێس سەرۆكی لیژنەی دارایی و ئابووری، كاك اندراوس یۆحنـا سـەرۆكی لیژنـەی پیشەسـازی، كـاك ئـاخر شێخ جمال سەرۆكی لیژنەی ناوخۆ، كاك جمال محمد قاسم لیژنەی رۆشنبیری، كاك عبدالرحمن احمد رضـا سەرۆكی لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری، كاك محمد فرج احمد سەرۆكی لیژنەی مافی مـرۆڤ، كـاك دكتـۆر فؤاد احمد محمد بابان سەرۆكی لیژنەی تەندروستی، كاك شێردڵ عبدالله حەوێزی سەرۆكی لیژنـەی پێشـمەرگە، كاك زرار طاهر امین سەرۆكی لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن، كاك رشاد احمد ابراهیم سەرۆكی

لیژنەی شارەوانییەکان و گەیاندن و گواستنەوە، خاتوو کوردستان پیرداود قادر لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان، کاك خلیل ابراهیم محمد لیژنەی کاروباری یاسایی، ئەو بەڕێزانە داوای ئەو کۆبوونەوەیان کردووە، پێش چەند ڕۆژێك تۆزێك باسمان لەو مەوزوعە کرد، پێم باشە یەکسەر قسە بدەمە ئەو کەسانەی کە داوای ئەم کۆبوونەوەیان کردووە، دواتریش هەر کەسێك قسەی هەبوو فەرموو بە تەسەلسولەکەوە دەست پێ دەکەم، فەرموو دکتۆرە نازناز.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو ئاشکرایە قەزیەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ئاستی عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی کە ئەم دانیشتنە بکرێت و هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان زیاتر ئاشکرا بکرێت لەو بابەتەدا، ئێمەش ئینتیزارێکی زۆرمان کردو ڕۆژ بە ڕۆژ دەبینین موعەقەدتر دەبێت، گوایە ئەمڕۆ پەرلەمانی عێراق دادەنیشێت وەکو مەعلوماتمان هەبێت کوتلەی کوردی لە پەرلەمانی عێراقی ئەمڕۆی بە ئاخیر ڕۆژ داناوە، ئەگەر موافەقەت نەکرێت ئەوانەی کە لەسەری ڕێککەوتوون بگەڕێنەوە بۆ هەڵبژاردنی 2005، منیش وەکو پەرلەمانتارێك دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی کوتلەی پەرلەمانی عێراقی هی کوردی، بۆ ئەوەی ئێمە لەوە زیاتر تەنازول نەکەین بەرامبەر ئەو نەیارانەی خۆمان کە لەوێ بەردەوام دەیانەوێت کورد تەنازول بکات لەبەرامبەر داخوازییەکانی خۆی، بەڵکو پاڵپشت بین لەسەر ئەو شتانەی کە ڕێککەوتووین بە زەختی ئەوان و زەختی دوەلی دراوسێ بە هیچ شێوەیەك تەنازول نەکرێت لە ماددەی (140)، چونکە ئەوانە دوو مەوزوعیان تێکەڵ بە یەك کردووە، یەکێکیان/ دەستووری هەمیشەیی عێراقە کە ماددەی 140ی تێدایە، لەگەڵ سیستەمی هەڵبژاردن لە عێراق کە شتێکی جیاوازە، نابێت ئەم دوو مەوزوعە تێکەڵ بکرێت، هەڵبژاردنی کەرکووك نابێت ئیستیسنا بکرێت لە شارەکانی تر، لە پارێزگاکانی تری عێراقی، دەبێت دوور بێت لە دەست تێوەردانی دەرەکی، چتیر لایەنەکانی تر لە وڵاتانی دراوسێیەوە ڕەئیەکانی خۆیان نەگۆڕن لەسەر ئەو مەوزوعە، ئێمە لێرەوە داوا دەکەین لە پەرلەمانتارانی کوردستان لە بەغدا، تکامان ئەوەیە کە تەنازول نەکرێت بە هیچ شێوەیەك لەمافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای تەغیری ئەحداسە سیاسییەکان بکەین لەو کاتە، لە خیلالی ئەو فەترەیە شتەکانی هەمووی بەزیانی کورد دەشکێتەوە، بەڕاستی نەتیجەکە لەوە بەدیار دەکەوێت کە ئەو برادەرانە صاحێب قەرار لە حکومەتی مەرکەزی زۆر پابەند نینە بە تەحالوفەکانی خۆیان، بە تەوقیعاتی خۆیان، یەعنی ئەوەی ناهێنە پێش چاوی خۆیان کە تەماشا بکەن هەر فەترەیەك لەمەوبەر حکومەتی نوری مالیکی دەڕووخا

ئەگەر هاتوو كورد سەحبى بكردبايەوە، كە ئەوە گەورەترين ئيش بوو كورد لەگەڵى ئەوى كرد، ئينجا ئێستا ئەو شتانەيان لەبەرچاو نييە، يەعنى وەها بەديار دەكەوێت كە كورد چەندى تەنازولات بدات بەرامبەر بە حكومەتى بەغدا هەر زياتر بە زيانى كورد دەشكێتەوە، يەعنى هەتا گەيشتە ئەو رادەى ئەوەوە وردە وردە جێش دەهێننە سەر كوردو سەر خانەقين و، ئەگەر بێتو خانەقين بڕوات دەيهێننە سەر كەركووك و زياتريش لەمەو پێش، ئەگەر بێتو پرسيار بكەين يەعنى هەدەف چيە لە عەرقەلەى عەمەليەى ئينتيخابى، بەتايبەتى لە كەركووك، يەعنى زياتر هەدەف ئەوەيە زۆر جار پێشتر داواى ئەوەيان دەكرد كەركووك ببێتە ئيقليمێكى سەربەخۆ، ئێستا داواى ئەوە دەكەن كە تەساوى سوڵتە ببێت لەنێوان هەموو موكەويناتەكان، سڕ چيە لەوە؟ سڕ ئەوەيە كە ئينتيخابات نەكرێت، كە باس لەوە دەكەن تەغيرى ديموگرافى تێدايە لە كەركووك كە تەزويرى عەمەليە نەكراوە، خۆ ماددەى 140 مەوجودە توانيت تەحقيق لەو شتانە بكەنەوە، بەس هەدەفى گەورە ئەوەيە كە تەهەروب لە ئينيتخابات بكەن، كورد ئێستاكە زياتر لە صاڵحى ئەوە، ئەگەر بێتو تەماشاى سەيرى عەمەليە سياسيەكان بكەين، ئينتيخاب باشترين حەللە ئێستاكە بۆ قەزيەى كەركووك، هەر تەئجيلێك بكرێتەوە، يان هەر تەئخيرێك بكرێت موڕاوەغەيە، ئيحتياڵە لەسەر ئەو عەمەليەى كە ئێستا دەكرێت، ئێمە دەبێت ئەوە بزانين ئێستاكە تەحالوف كە باسى دەكەين، كە دەڵێين لەگەڵ ئەمريكايە مەساڵح دەگۆڕێت، ئەمڕۆ هەر كەسێك بۆ مەصاڵحى خۆى ئيش دەكات، ئەمريكا مەسڵەحەتى خۆى دەوێت لە عێراق، كورديش مەسڵەحەتى خۆى دەوێت لێرە، يەعنى چيتر پشت بەستن بە هەر لايەنێكى ديكە، يان بە هەر قوەتێكى ترى دەرەكى و قوەتێكى رەئيسى، بەڕاستى زەرەرى هەيە، يەعنى ئێستاكە كورد دەبێت بەخۆى حەل و حەسمى نيزاعاتى خۆى بكات، ئەو راپۆرتى ديمستۆرا چ وەرەقەى قەسير، چ وەرەقەى درێژ، چ ئەگەر ئەمشەو، يان لە سەعاتى پێشتر لەناو پەرلەمان ئەوراقى نوێ بێتە ناو پەرلەمان، ئەوە بەڕاستى لە دژى كوردە، يەعنى ئەوە حەلێكى رەئيسى نييە، حەلێكى ئەساسى نييە بۆ مەوزوعى كورد، يەعنى هەر چەند وەرەقەى تر بێتن حەلەكان حەلێكى موەقەتە، يەعنى ئەو حەلەى كەركووك پێويستى بە حەلێكى دائيمى هەيە، ئەو ماددەى (24)، يان هەر ماددەى تر، يان ئەو عەرقەلانەى لە پێش كەركووك دروست دەكرێتن، ئەوە تاخيرە، با ئێستا قانونێكى ترى نوێ بۆ كەركووك دابمەزرێت، ئەوە چۆن شتى وا دەبێتن، يەعنى هەتا لەو راپۆرتەى ديمستۆرا ئەوەى ئەخيرى كە باس لەوە دەكاتن، باسى تەساوى دەكاتن، ماناى چيە، يەعنى ئەمڕۆ قانونى 24 تەتبيق بكە، ئينجا وەرە بە تەساوى، ئەوە غەڵەتە، ئەوە تەئسير لەسەر ئەو عەمەليە دەكاتن، ديسان ئەگەر تۆ هاتى موحافيز و نائيب موحافيزو رەئيس مەجليس موحافەزەت تەوزيع كرد، مەشاكيلێكى ترت بۆ دروست دەكەن، هەتا ئەو وەختى كە قانونێكى ديكەى نوێ پەيدا دەبێتن، داوا دەكەم يەعنى باشترين حەل ئەوەيە لە مەجليسى نواب زۆر زەحمەتە حەلى ئەو ئيشە ببێتن، مەجليسى سياسى هەيە، مەجليسى سياسى ئێستاكە لە روئەساى كوتل، لە رەئيس وزەڕا، لە رەئيسى جمهورى و ئەوانە لەو مەجليسى سياسيەى كە ئێستا مەجليسى سياسى واى لێهاتووە ئيلا بە مەوسمى دادەنيشێتن، بە فەسڵى دادەنيشێتن، يەعنى دەبێت ئەو مەجليسى سياسى دابنيشێت، ئەو ئيشە حەل بكاتن، نەك هەر رۆژێك عەرقەلەك بێتە پێشو، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك دكتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە باس کردن لەهەر دیاردەیەکی کۆمەلاَیەتی، یاخود سروشتی، بەڕاستی پێویستی بەوە دەکات ئێمە بگەڕێینەوە بۆ پێشینیەکی مێژوویی، ئێمە باس لە کێشەیەك دەکەین کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم خوارووی کوردستان، یاخود ویلایەتی موسلّ لکێنرا بەو دەولّەتەی کە لە ئەنجامی دروست بوونی، یاخود پێکەوە لکاندنی ویلایەتەکانی بەغداو بەسرەو موسلّ دروست کرا بەناوی دەولّەتی عێراقەوە، لەو سەردەمەوە ئەو دەولّەتەی کە دروست کرا کۆمەلّە بەلّێنێکی بە خەلّکی کوردستان دابوو، کە مافەکانیان پارێزگاری بکات، کۆمەلّەی گەلان لە هەمان کات کۆمەلّە بەلّێنێکی دابوو بە خەلّکی خوارووی کوردستان کە مافەکانیان پارێزگاری بکات، نە کۆمەلّەی گەلان وەفادار بوون بە بەلّێنەکانی خۆی، نە دەسەلاّتدارانی یەك لە دوای یەکی عێراقیش بە درێژایی هەشتا سالّە پارێزگاریان لەو بەلّێنانە نەکردووە، ئەو پارێزگاری نەکردن و ئەو پابەند نەبوونانە بەو بەلّێنانەوە بووە هۆی ئەوەی کەوا خەلّکی کوردستان خەباتێکی خوێناوی دەست پێ بکات، خەباتێکی زۆری کردووە، قوربانیەکی زۆری داوە، لە ئەنجامی ئەو خەبات کردنەش کۆمەلّە رێککەوتنامەیەکی لەگەلّ دەسەلاّتدارانی عێراقدا مۆر کردووە، بەداخەوە ئەو دەسەلاّتدارانەی عێراق کە بەلّێنیان داوەو رێککەوتننامەیان لەگەلّ خەلّکی کوردستان و نوێنەرانی خەلّکی کوردستاندا مۆر کردووە، هەر لەسەردەمی پاشایەتییەوە تاکو ئێستا بەهیچ جۆرێك ئیلتیزامیان نەکردووە، زەقترین ئەو رێککەوتننامانە، رێککەوتننامەی 11/مارتی/ سالّی 1970یە لەنێوان حکومەتی عێراقی لەگەلّ سەرکردایەتی کورددا، هەموو جارێکیش لەو رێککەوتننامانە سوود لە کات وەردەگرن و دەستی دەستی بە خەلّکی کوردستان دەکەن، ئێمە ئەمڕۆ بە کورتیەکەی و بە کوردیەکەی ئێمە ئەمڕۆ بەرامبەر بە کێشەیەکین لەگەلّ دەسەلاّتدارانی عێراقدا، ئێمە بەشداریمان کردووە لە دروست کردنەوەی عێراقدا، لە هەرەسهێنانی رژێمی کۆندا، بەلاّم بەداخەوە دەسەلاّتدارانی نوێی عێراق پابەند نین بەو دەستوورەی کە خەلّکی عێراق دەنگیان بۆ داوە، بۆیە ئێمە بەرامبەر بە کێشەیەکین کە دەسەلاّتدارانی عێراق و هاوپەیمانان کە دەسەلاّتدارو داگیرکەرن بەپێی یاسا نێودەولّەتیەکان، ئەوانیش پابەند نین بەو بەلّێنانەی کە داویانە بە خەلّکی کوردستان، کێشەی ئێمە لەگەلّ دەسەلاّتدارانی عێراق ماددەی 24 و یاسای هەلّبژاردنی پارێزگاکان نییە بەڕاستی، کێشەی ئێمە ئەوەیە خەلّکی کوردستان خاوەنی مافەکانی نییەو تاوان دەکرێت و خوێنی دەڕژێت، ئەو ئالۆزکاریەی ئەمڕۆ لە عێراقدا روو دەدات، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان لەناوچە دابڕاوەکان لە هەرێمی کوردستاندا روو دەدات، ئەو هێرشانەی کە سوپای عێراقی لێرەو لەوێ دەیکاتە سەر هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکان، بەڕاستی بریتییە لە کودەتایەکی گەورە، ئەم کودەتایە تەنها لە خەلّکی کوردستان نەکراوە، ئەمە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا خستۆتە مەترسییەوە، ئێمە دەبێت قسە لەسەر ئەم مەسەلانە بکەین، رۆژانە نوێنەرانی خەلّکی کوردستان چ لە بەغداو چ لە شوێنێکی تر پاشەکشە دەکەن لە هەندێك داخوازییەکانی خەلّکی کوردستان، ئەمە مەسەلەیەکە بەنیسبەت پەرلەمانتاران و ئێمەی نوێنەرانی خەلّکی کوردستان قبول ناکرێت زیاتر پاشەکشە لەو دەستکەوتانەو لەو مافانە بکرێت، ئەگەر دەسەلاّتدارانی عێراق ناتوانن پابەند بن، ئەگەر ناتوانن وەفادار بن بە بەلّێنەکانی خۆیان و دەستووری عێراقی جێ بەجێ بکەن، ئەو کاتە خەلّکی کوردستان بەڕاستی دەبێت لە رێگەی

کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم کێشەیە، کێشەی ویلایەتی موسڵ و کێشەی خوارووی کوردستان بەتەواوەتی بخاتە بەردەمی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و خەبات بکرێت، بۆ ئەوەی کەوا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە ئەرك و مافەکانی خۆی هەڵبستێت، کێشەیەکی تر هەیە بەڕاستی یەکێکە لەو مەسەلانەی کە ئەمڕۆ لە عێراقدا قسەی لەسەر دەکرێت، ئەویش ڕێککەوتننامەی نێوان عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بەداخەوە هەندێك کەس لێرەو لەوێ هێشتا هیچ شتێك رووی نەداوە، هەل هەلە لێدەدات بۆ ئەو ڕێککەوتنامەی نێوان عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە چی تێدایە، چ بۆ مسۆگەر کردنێکی تێدایە بۆ پارێزگاری کردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان، ئەو ڕێککەوتنامەی لە ساڵی 1930 لەنێوان دەوڵەتی عێراق و بەریتانیا مۆر کراوە، کۆمەڵە بەڵێنێکی تیا بوو بۆ خەڵکی کوردستان، ئینجا سەرەڕای ئەوە سوپای بەریتانیا هاوکاری عێراقی کردو گوندەکانی کوردستان بەتایبەتی بارزانی وێران کردو سەرکوتی شۆڕشێکی کوردستانی کردەوە، ئەمە تاقی کردنەوەیەکی مێژووییە، ئێمە بەڕاستی دەبێت لەسەر ئەو مەسەلانە بوەستین و قسەی لەسەر بکەین، دەبێت بیری لێ بکەینەوە، بۆیە بەڕاستی ئەم کۆبوونەوەیە من پێم وا بێت درەنگ کراوە، ئەمە نابێت دوا کۆبوونەوە بێت، دەبێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئێمە بوەستین و ئەم کێشانە بخەینە باس و لێکۆڵینەوە لەگەڵ سەرکردایەتی خۆشمان و نوێنەرانیشمان لە بەغدا قسە بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك ئەندریۆس فەرموو.

**بەڕێز اندراوس یوخنا گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من جەخت لەسەر ئەو مەسەلە دەکەم، کە ئەوە دواین کۆبوونەوەیە لەم پەرلەمان ساز دەکرێت لەسەر کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، نوێنەرمان لە بەغدا چ حکومەت، یان لیستی هاوپەیمان گفتوگۆو ڕێککەوتنامەی کردووە لەگەڵ بەغدا، دەبوایە ئەم کۆبوونەوەیە دوای پەسند کردنی یاسای هەڵبژاردن لە بەغدا ساز کرا بوایە، هەڵوێست و بۆچوونی پەرلەمان لەبەردەم لیستی هاوپەیمان، دەبوایە پابەند بوایە پێی، نەك ئەمڕۆ چونکە ئێمە دەزانین دوێنێ سێیەمین پرۆژەی دیمستۆرا دەبوایە پەسند کرا بوایە لەوانەی بەرامبەر کە ئامادە بوون، بەڵام کە ئەمە نەبوو کۆبوونەوە دواخرا بوو، سەبارەت بە کێشەی کەرکوك خۆمان دەزانین کێشەی یاسای هەڵبژاردن نییە، کێشەی نەجێ بەجێ کردنی ماددەی 140ە، ئەگەر ماددەی 140 جێ بەجێ کرا بوایە مەصیری کەرکوك دیار کرا بوایە، کەرکوك وەکو هەموو پارێزگایەکانی دی هیچ کێشەی لە هەڵبژاردن نەدەبوو، لێرەش بەڕاستی من پرسیارێکم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە کە پێشی دە مانگ لە کۆتایی ساڵی رابردوو کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ دیمستۆرا نوێنەری یوئێن لەو کۆبوونەوەیە بڕیارماندا لە سەر درێژ کردنی ماوەی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 بۆ شەش مانگدا، ئەو شەش مانگ تەواو بووینە، ئێستا سێ مانگ لەسەری تێپەڕ بوو هەڵوێستی پەرلەمان چی بوو؟ لە یاسای خۆی بەنیسبەت ماددەی 140 من وەك نوێنەری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری ئاشکرامان کردووە لە پەرلەمانی بەغدا، کە ئێمە موتەزامین بووین لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان و

نوێنەرمان لە بەغدا ئینسیحابی کردووە دژ بە ئالیەتی پەسند کردنی ماددەی 24 و دژ بە ناوەڕۆکی ماددەی 24، بەتایبەت هێنانی هێزەکان لە دەرەوەی کەرکووك بۆ ناو شاری کەرکووك، ئومێدمان ئەوەیە لە داهاتوو پێشی گفتوگۆو رێككەوتنامە بکرێت لەگەڵ بەغدا، پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی خۆی هەبێت و پێشکەش بکرێت بە نوێنەرانی هەرێم، ئەوەی کە تەفاوز دەکات لەگەڵ بەغدا، بابەتێکی تر هەیە لە یاسای هەڵبژاردنی بەغدا ئەوەی تایبەتمەندی بەخۆمان هەیە وەك نەتەوەیەك لە عێراق و لە کوردستان، ئەوەش ئەوەیە کە مەسەلەی کۆتا، ئەو بابەتە رەد کراوەتەوە لە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق لە ئەگەری کە دەڵێت هیچ ئالیەت و معیار نییە بۆ ئەم بابەتە، من داوا دەکەم لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان پشتگیری ئێمە بکرێت، بۆ پەسند کردنی ئەم مەسەلەیە بەتایبەت حکومەتی بەغدا دەتوانێت سوود لە ئەزموونی کوردستان وەربگرێت لە ساڵی 1992 لێرە هەڵبژاردنی ئەم پەرلەمانە کۆتا هەبوو بۆ ئێمە، پێنج کورسی دابەش کرا بوون و ئێمە خۆمان بۆ خۆمان نوێنەری خۆمان هەڵبژارد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاخیر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئینقیلابی رۆژی 22ی تەمموز ئینقیلابێکە لەسەر ماددەی 140، لەسەر دەستووری عێراقی، لەسەر ئەو هەموو دەستکەوتووانەی کەوا لە پاش 2003/4/9 بەدەست هاتووە، بۆیە ماددەی 24 پێموایە دەبێت کوتلەی کوردستانی لە بەغدا نابێت هیچ فەقەرەیەکی لەو ماددەیە جێ بەجێ بکەن، هەر فەقەرەیەك لەو ماددەیە بە مانای ئەوە دێت کە ماددەی 140 لە بەین ئەچێت، ئەوە زۆر روون و ئاشکراشە، بەنیسبەت هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە تاکو ئێستا نەگەیشتینەجێ، باس لە کەرکووك دەکرێت، بەڵام باس لە سنجار تاکو خانەقین نەکراوە، کەچی ئەوانیش دەورو ئەهمیەتی خۆیان هەیە، هیچ وزوحێکیش دیار نییە، ئەو ئیتیفاقاتانەی کە ئیئتیلافی کوردستانی لە بەغدا گەیشتینە، یەعنی لە هەندێك خاڵ گەیشتینەتە یەکتر، بەڵام بۆ وزوح دیار نییە، تاکو ئێستا ئەوە چوارەمین جارە گۆڕانکاری بەسەر ئەو لائیحە دێت کە ئیتیفاقی لەسەر دەکرێت، بۆیە دەبێت ئێمە ئاخیر لائیحەمان لە دەست بێت، بۆ ئەوەی بڕیارو شتی خۆمان لەسەر بدەین، مەوزوعی ماددەی 140 و دیمستۆرا پێموایە ئەوەی دیمستۆرا شتێکی زۆر باشە هاتنی یوئێن بۆ ناو ئەو کێشەیەدا، بەڵام ئەویش دەبێت وزوحێکی هەبێت تاکو ئێستا شت بە ئاشکرایی نییە، هەر دەڵێن مانگی هەشت تەقریری دیمستۆرا تەقدیم دەکرێت، دوایێ دواخرا بۆ مانگی نۆ، دوایێ دواخرا بۆ مانگی دە، چاوەڕوان دەکرێت ئەگەر پەرلەمانی بەغدا بگاتە ئەنجامێك و ئەوەی دیمستۆراش بگاتە ئەنجامێك، نازانم ئەو هەموو قەرارات و ئەو هەموو شتانە بەچ دەگەن، ماددەی 140 مەصیری لەناو ئەو هەموو قەراراتانە چی بەسەر دێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك جەمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت لەوانەیە وجهەی نەزەرەکانی من جیاواز بێت لە برادەرەکانم، من دەڵێم دەستووری عێراقی لە ماددەی 140دا مەصیری ئەو مەنتیقانەی دیاری کردووە، ئێمە مەفروزە هەموو هەوڵەکانمان و نوێنەرانمان لە بەغدا، خۆمان لێرە هەڵوێستمان ئەوە بێت کە هیچ لادانێك نەکرێت لە شێوەی تەنفیز کردنی ماددەی140، سوور بین لەسەر ئەوەی کە ماددەی 140 دەبێت تەنفیز بکرێت و لەو دەورانەی کە دەیبینین چ لەناوەوە، چ لە دەرەوە پیشانی بدەین کە ئێمە تا چ رادەیەك هاوکاری تەنفیز کردنی ماددەکەمان کردووە، چۆن هاوکاریمان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، چۆن موافیق بووین کە درێژ بکرێتەوە لەناحیەی تەکنیکی و فەنی یارمەتیمان بدەن، بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە تەنفیز بکرێت، لە هەمان کاتیشدا ئاگامان لە هەڵوێست و تەسەروفاتی خۆمان بێت، من دەیبینم زۆر بە مورەکەزی دەبیسترێت هەموو خراپکارییەکان بخرێتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر تەماشای نووسینەکان لە واشنتۆن پۆست و لە زۆربەی ئەو جەریدانەی کە لە ئەمریکا دەردەچێت زۆر بە مورەکەزی خراپەکانیان خستۆتە سەر ئێمە، ئێمە دەبێت زۆر وریا بین لەو نوقتەیە، مەسەلەن لەسەر باسی مەنتیقەی خانەقین باسی ئەوە دەکات، تەبیعی خانەقین کە کوردستان و عێراقیشە، باسی ئەوە دەکات دەڵێت هەموو مەنتیقەکانی سەر جادە لەحیاتی عەلەمی عێراقی عەلەمی کوردستانی لێیە، شتێکی باشە حەقی خۆمانە عەلەمی کوردستانیشی لێ بێت، بەڵام بۆ ئەوەی جەلبی ئینتیباه رانەکێشین، خەڵکێکی تر ئەوە ئیستیغلال نەکات بۆ ئەوەی کە سەبەبی ئیهانەو تەشجیع کردن و نارەزایی عەرەب کە دروست بێت با عەلەمی عێراقیشی لەگەڵدا بێت، ئەوسا کەس ناتوانێت هیچ نەوعە حیسابێکمان بۆ بکات، لە جەریدەی واشنتۆن پۆست باسی کاك فۆئاد حسێن دەکات مدیر عامی سەرۆکایەتی هەرێم، لە قسەکاندا کە پرسیاری لێ دەکەن ناڵێین ئێمە کە موحاوەلەمان کردووە ئەو مەنتیقەیە داگیر بکەین، دەڵێین داگیرمان کردووە، ئەمە خراپە بە رەئی من، بە رەئی من هەتا ئەگەر داگیریشی بکەین پێویست ناکات بڵێت ئێمە داگیرمان کردووە، ئێمە خۆمان لەو مەنتیقەیە دابووین، ئیتر کام لامان داگیر کردووە، ئەو مەنتیقەیە مەنتیقەی کوردییە، ئێمە نەچووینە تەعدا بکەینە سەر عەرەب و مەنتقی عەرەب داگیر بکەین و عەرەب بکوژین، چونکە ئەگەر ئەوە بکرایە دەبوایە بە تایتڵ باس کرابوایە کێمان کوشتووەو کێمان گرتووە، ئێمە قسەکان و تەسریحاتی خۆمان دەبێت بە سەبەبی ئەوەی خەڵك عەیبەکە بخاتە سەر ئێمە، من داوام ئەوەیە لە قسە کردنمان و لە هەڵوێستمان ئێمە موبەریر نەدەین بە خەڵکی کە خراپەکان بخاتە سەر ئێمە، هەروەها ئەم مەوزوعە بە حەقیقەت دەبێت کاری بۆ بکرێت، دەبێت ئیشی تیا بکرێت، دەبێت دەستووری عێراقی بخرێتە بەردەمی خەڵك، هەموو کەسێك لەسەر ئەم زەمینە نازانێت لە دەستووری عێراقیدا چ باس دەکرێت و چی باس کراوە، ماددەی 140 چیە؟ لە سەرەتاوە نووسەرەکان و عالمەکان و خەبیرەکانی سیاسی باسی ئەوە دەکەن دەڵێن ماددەی 140 وەکو ماددەیەك وایە کە بەنزینی بەسەردا کرابێت بۆ تێکدانی عێراق، ئێمە دەبوایە

لەمە ئیشمان کرد بوایە، ئەم حەقیقەتەمان راست کردبایەوە، ئێمە ماددەیەکی دەستووریمان هەیە، ماددەی 140 هەموو تەرەفەکان کە بەشداری دانیشتنەکەیان کردووە لە 80%ی زیاتر خەڵکی عێراق دەنگی بۆ داوەو موافیقە لەسەر ئەوە، ئێمە شتێکی نادەستووریمان نەکردووە، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە سوور بین لەسەر ئەوە مەوقیفی قوەتی خۆمان پێویست ناکات باس بکەین، ئێمە هەموو وەختێك دەبێت باسی ئەوە بکەین کە خەڵك غەدرمان لێ دەکات، کە واقیع وایە، ئێمە غەدرمان لە کەس نەکردووە، من هیوام وایە هەڵوێستی پەرلەمان لەسەر ئەم مستەوایە بێت بەردەوام ئەم راستیانە راست بکەینەوە دەور ببینین، بۆ ئەوەی دۆستانی ئێمە بە غەڵەت تێنەگەیەنرێت و مەوقیفی سەلبی بەرامبەر بە ئێمە دروست نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالرحمن احمد فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەم بابەتە بابەتێکی سیاسییە، پێش ئەوەی وەکو ماددەیەك سەیر بکرێت، ئێمە دەبینین لەگەڵ ئەم پرۆژە تازەی دیمستۆرا رۆژ بە رۆژ موقتەرەحی تازە دێتە پێشەوە، ئێمە لێرە پێشنیازی ئەوە دەکەین کە ئێمەش هەر لە بەرگری نەبین لە دیفاعدا نەبین، ئێمەش بەردەوام خاڵی ئیجابی خۆمان و وەرەقەی سیاسی خۆمان پێش چاو بخەین، ئێمەش وەرەقەکانی خۆمان بەکار نەهێنین و هەرنەوەستین تا ئەوان تەرحێکی تازە بێننە پێشەوەو ئێمە چاوەڕێیان بکەین چۆن وەڵامیان بدەینەوە؟ پێشنیازێکی تریشم ئەوەی کە ئێمە هەندێك لە هەڵوێستەکانمان بگۆڕین، شێوازی بڕیارو تەنها لە پەرلەمان موناقەشە نەبێت، ئەویش چۆن؟ کە ئێمە ئەجندەی سیاسیمان بە ریزبەندی و خاڵ دیاری بکەین، هەروەها هەموو جەماوەری کوردستان بەشدار بێت، بۆ ئەوەی مەسئولیەتی تاریخی لە لای هەموومانەوە بێت، قیادەی سیاسیمان هەیە، پەرلەمان هەیە، جەماوەرمان هەیە، رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیمان هەیە، پسپۆڕ و رۆشنبیرانمان هەیە، ئەگەر ئێمە مەرکەزێك، هەیئەتێك هەبوایە بۆ کۆکردنەوەی زانیارەکان، بۆ رەئی تازە، بۆ بەدواداچوون، ئەوە زۆر باش بوو بۆ هەموومان، هەموو جارێکیش بە یەك تەوجیە بە مەرکەزیەت هەموو شتەکان ئیعلان بکرا بوایە بۆ جەماوەری کوردستان، بۆ ئەوەی هەموو شتەکان بەرچاو بوایەو رۆشن بێت. خاڵێکی تر، ئەوەیە کەوا گرنگی بۆ کەرکووك و بۆ جەماوەری کەرکووك و ناوچەکانی تریش، ئێمە لە ماددەی 140 خاڵێکی گرنگمان هەیە کە ئەویش ریفراندۆمە، مەسەلەی راپرسی خەڵکە، حیساب کردن بۆ جەماوەر، ئەوە خاڵێکی زۆرە بۆ ئێمە، خاڵێکی گرنگە، لەبەر ئەوە خەڵك زۆر حیسابی سیاسی بۆ ناکات، ئەوە واقیعە، حەقیقەتە، مێژووی ناوچەکەیە، ئێمە زیاتر تەرکیز لەسەر ئەوە بکەین کە جەماوەری خۆشمان رۆڵی هەبێت، هەروەها چاکسازی خۆشمان بەتایبەتی وەزعی کەرکووك پێش ئەوە باسی ئەوە بکەین کە لیژنەی فەسڵی حەقائیق و ئەوانە چاك بکەینەوە، ماڵی خۆمان چاك بکەین، ماڵی خۆمان بەهێز

بکەین، ئەوەش یەك ریزی و یەکخستنی ماڵی خۆمان کە وەرەقەیەکی زۆر بەهێزە بۆ پشتیوانیمان، ئەو خالآنەش هی دیمستۆرایە ئێستا حەوت خاڵە، حەوت بڕگەیە دیارە ئەگەر وا بڕوات دەبێتە بەدیلی ماددەی 140، ئەوەی کە کارێکی خراپە هەر بە واقیع بە مەیدانی ماددەی 140ی راگرتووە، ئێمە هەوڵ لەسەر ماددەی 140 بدەین، هەروەها پێموایە ئەم پرۆژەیەی دیمستۆرا نابێتە پرۆژەیەکی عەمەلی لە مەیدان، تەنها موداخەلە کردنە، تەئکید کردنە، ئێستا باس لەوە دەکرێت باسی مەرکەزیەتی عێراق دەکرێت، باسی هێنانەوەی پێداچوونەوەی دەستووری عێراقی دەکرێت، بەڕاستی ئێمە ئەگەر وەرەقەکانی خۆمان بەکار نەهێنین هەنگاوەکان سەریع نەکەین، ئەو مەرحەلانە شتێکی باش نابن بۆ ئێمە، ئەوە پێنج ساڵ تێپەری بەسەر سێ رەئیس وزەرا ئەو ماددەی 140 هەر لە شوێنی خۆییەتی و وەکو خۆی ماوە، مەسەلەکان چارەسەر نەبوون، کەواتە ئێمە دەبێت پشت ئەستوو بین بە دەستوور، بە مێژووی جوگرافی سیاسی ناوچەکە، هەروەها چڕ کردنەوەی خولە سیاسیەکانمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە لەبەردەم عێراقدا یەعنی دوو شێواز هەیە، یان هێنانی دیکتاتۆر بێت کە هەموو ئەم پێکهاتانە بێ دەنگ بکات و، هەر خۆی حاکم بێت وەکو پێشتر بینیمانە، یان شێوازی پێکەوە ژیان لە وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئاین و فرە مەزهەب و فرە ئەفکارو فرە سیاسەت، هەر دەبێت وا بێت، دەبێت دانووسان بێت، هەر دەبێت موناقەشەو هەرا بێت، هەموو کەسێك داوای مافی خۆی دەکات، لە عێراق ئەمە دەبێت بە شتێکی سروشتی بزانین، وا نەزانین لە وڵاتێکی ئەوها فرەییە ژیان بە ئاسانی بەبێ کێشەو گرفت دەڕوات، من پێموا نییەو موستەحیلە شتی وا، عێراق بەم پێکهاتە فرەییانە موستەحیلە بە ئارامی بڕوات، هەمیشە بەم شێوازە بەڕێوە دەڕوات، من دەڵێم ئێمە واز بێنین لە خوێندن بە بالآی خۆمانە بە عاتیفەو وامان کردو وایان لێ کردین، ئێمە ئێستا لەبەردەم دوو حاڵەت داین:

یەك/ بە جددی پێ دابگرین لەسەر ئەو مافە ئەساسیانەی کە قەناعەتمان پێیەتی، هیچ جۆرە تەنازولێك نەکەین، بەلآم بە عەقلآنیەت و حیکمەت تەرحیان بکەین، دوور بکەوینەوە لە عاتیفەت و هانە هانە دێنین و دوایش بە خراپ دەگەڕێینەوە دواوە.

دوو/ بەڕاستی ئەم خاڵی دووەمەم بە قەدەر خاڵی یەکەم تەقیمی ئەدای خۆمان بکەین، ئێمە هەمیشە دەدەین بەسەر خەڵکی دیکە، ئەوەش دەگەیەنێت، ئەویش وا دەڵێت بە من، کابرا داوای مافی خۆی دەکات، منیش داوای مافی خۆم دەکەم، گرنگ ئەوەیە من تەنازول ناکەم لە مافی خۆم، ئەویش با نەیکات، بەلآم لە شوێنێك تا دەگەینە شوێنێك کە پێکەوە ژیان بێت بە خصوصیەتی خۆم، بە خصوصیەتی خۆی، ئەمە بۆ عێراق مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، ئەگەر لەبەر چاومان نەبێت، من خاڵێکی تر دەبینم کە پێموایە ئەمە

كێشەكانی ئێمەی ئاڵۆز كردووە، هەمیشە كە كێشەو گرفت لەبەینی ئێمەو حكومەتی ئیتیحادیدا دروست دەبێت، بەڕاستی سەركردایەتی كوردی مەسەلەكە بە كراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ خەڵكی تر، خەڵك قسەی تیا دەكات، رۆشنبیرو مەسەلەن یەعنی وردەڵە سیاسی و ئیتر خەڵك هەروا بە كەیفی خۆی شتەكان ئاڵۆز دەكات، مەفروز وایە كێشەكەی ئێمەو حكومەتی ئیتیحادی تەنها سەركردایەتی پەرلەمان و سیاسی قسە بكەن، چونكە ئەمانە دەزانن پێشینەكە چۆنە، یەعنی خەلفیەتەكە چۆنە؟ ئایندەش بەرەو كوێ دەڕوات؟ بەلاَم بەداخەوە تاكو ئێستا هەر كێشەیەك لە بەینی حكومەتی هەرێم و حكومەتی ئیتیحادیدا دروست بوو بێت، هێڵراوەتەوە بە كراوەیی، قسە بەگێڕاوە بۆ خەڵك ئەوەندە ئاڵۆز بووە، دوایێ بە سەركردەكانیش چارەسەر نەبووە، دێمە سەر ئەم بەدیلەی، من پێموایە ئەم حەوت خاڵە، حەوت خاڵی زۆر باشن، هەرچەند پێمانوایە هەندێك تەنازولاتی تیایە، بەلاَم ئەمانە بۆ چارەسەرە، هەر شتێك بۆ چارەسەر بێت نابێت پێی بڵێی تەنازولات، ئەمە گەورەیی ئەم لایەنە دەردەخات كە دەیەوێت ئەم كێشەیە بەرەو ئارامی بەرێت، پێموایە لەمە حیكمەتێكی زۆر باش بە خەڵك دراوە، راستە لە دوورەوە سەیری دەكەیت وەكو تەنازولات وایە، بەلاَم ئەمە بۆ چارەسەر كردنە، نەك بۆ ئەوەیە لەبەردەم بەرامبەرەكە چۆك دابدەیت، نەخێر، بۆ دیفاع كردنە لە مافەكانی خۆت، من پێموایە ئەو برگە چوارە لەسەر ئەوە كێشراوە، كە ئەویش كەلیمەی حكومەتی مەحەلییە، دەیانەوێت بیگۆڕن بە كەلیمەی تر، هەتا ئەگەر ئەوە بكرێت بە ئیدارەی مەحەلی شتێكی سروشتییە، جا پێموایە ئەوە حەددی ئەخیری بێت، ئەزعەف ئیمان بێت، ئیتر لەوە زیاتر بە هیچ جۆرە شتێكی تر رازی نەبن بەوەی كە بڵێن حكومەتی ئیتیحادی بێ سەرپەرشتی ئەوە بكات، هیچ ماعقول نییە ئەوە لێدانە لە هەڵبژاردنی شاری كەركووك و دەوروبەری بۆ ئەو ئەنجومەنەی كە هەڵیانبژاردووە.

خاڵێكی زۆر گرنگتر، من پێموایە ئێمە دەبێت زۆر پێ داگرین كە پارێزگای كەركووك جیا نەكرێتەوە لە پارێزگاكانی تر، بەڕاستی ئەمە نارەزاییەكە بەرامبەر بە كەركووك دەكرێت، چونكە كە كەركووك جیا كرایەوە هەموو كەسێك قسەی تیا دەكات، قسە كردنی زۆریش لەم مەسەلەیە قازانجی تیا نییە، لەبەر ئەوە من پێموایە پەرلەمانی كوردستان، پێشنیاری ئەوە دەكەم داكۆكی لەسەر ئەوە بكات كە كەركووكیش وەكو پارێزگاكانی تر وایە، ئەگەر دەڵێی لەوێ خەڵكی پێكهاتەی جیاواز هەیە لەوانیشدا هەیە، ئەگەر دەڵێی لێرە نەوت هەیە، لە شوێنی تریش هەیە، ئەگەر دەڵێی لێرە مونازەعە هەیە، لە شوێنی تریش مونازەعە هەیە، لەبەر ئەوە ئەمە زۆر مەسەلەیەكی گرنگە، كەركووكیش لە چوارچێوەی ئەو پارێزگایانەی تردا بێت، كە یاسای هەڵبژاردنیان بۆ دەردەچێت. خاڵێكی زۆر گرنگ، كە ئێمە دەتوانین قسەی لێ بكەین، یەعنی بۆچی لە ئەنبار موشكیلە دروست بوو و نەهات لە پەرلەمانی عێراق چارەسەر بكرێت، بردرا لە ئەنبار چارەسەر كرا، بۆچی كێشەی نەجەف نەهاتە پەرلەمان، چوو لە نەجەف چارەسەر بوو؟ بۆچی مەسەلەی بەسرە نەهاتە پەرلەمان، چوو لە بەسرە چارەسەر بوو؟ بۆچی كێشەی كەركووك دەچێت لە پەرلەمان چارەسەر دەبێت؟ بۆچی نایەت لەناو پێكهاتەكانی خۆیدا ئەوانەی كە حەزیان لێیە قسەی تیا بكەن، با بێنە ناو

کەرکووك، بێن لە مەوقیعی عەمەلەکە، لە مەوقیعی نیزاعەکە چارەسەری کێشەکە بکەن، نەك لە دەرەوەی، کە پێموایە لە دەرەوەی هەمیشە گرفتی بۆ ئێمە زۆر دروست کردووە.

خاڵی ئەخیرم، لە دەستووری عێراقیدا ئیشارەت ناکات کێ ئیدارەی مەناتیقی (متنـازع علیـه) دەکات، لە دەستووری عێراقدا هەندێك خەڵك هەیە بەوە ئێمە تۆمەتبار دەکات، کە گوایە کورد لەو ناوچانە دەسەڵاتی زۆر کردووەو چی کردووەو، دوور نییە ئەم قسەیە راستیەکی تیا بێت، بەڵام تەئیدێکی تیا نییە، کە دەستووری عێراق دان بنێت بەوە کێیە موکەلەفە بەوە ئیدارەی مەناتیقی (متنـازع علیـه) بکات، کەوا بوو مادام مەفتوحە، منیش دەتوانم، بەپێی چی دەتوانم؟ بەپێی ئەوەی زۆرینەی ئەم شوێنانە خەڵکی منە، ئینجا من لەحیاتی تۆش کردوومە، بەڵام بەداخەوە نە ئێمە توانیمان ئەم رسالەیە بگەیەنین بەڕاستی، نە بەرامبەرەکەش توانی ئەمە بنرخێنێ، لەبەر ئەوە داوا دەکەم پەرلەمانی کوردستان ئەم خاڵانە، ئەوەی بە گرنگی دەزانێت، من پێموایە گرنگتیرینیان مەسەلەی موحافەزاتە، کەرکووکیش لە زیمنی ئەم موحافەزاتانە بێت، ئیدارە کردنی ئەم مەناتیقانە لە دەستووردا نەدراوە بە کەس بە مەفتوحی ماوەتەوەو، ئێمەش بەپێی ئەو بەرژەوەندیانە دەستمان تێخستووە کە گەلی کوردستان هەیەتی و هیچ زیانێکیش بۆ حکومەتی مەرکەزی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر فوئاد احمد بابان فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی دەستووری عێراق هەموو عێراقیەکان یەکسانن لە ئەرك و فەرمانەکانیاندا، جیا کردنەوەی ئەنجومەنی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووك هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە، هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنەی کە ئێستا لە پارێزگای کەرکووك بەردەوامە، بەپێی هەمان یاسا بوو کە لە هەموو عێراقدا پەیڕەو کرا ساڵی 2005، دانانی یاسایەك بۆ هەڵبژاردن لە کەرکووك وەك ئەوە وایە کەرکووك بەشێك نەبێت لە عێراق، بەڵام دیارە نەیارانی کورد کە ماددەی 24یان خستە ناو یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانەوە، تەنها بۆ ئەوە بوو کە تەگەرە بخەنە رێگای جێ بەجێ کردنی ماددەیەکی دەستووری کە ئەویش ماددەی 140ە، کە لەڕاستیدا نەخشەی رێگایە بۆ چارەسەر کردنی کێشەیەکی سەرەکی، ئەویش کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانە، کە ئەوە ناوەڕۆکی کێشەی کوردستانی عێراقە، بۆیە هەر چەند لیستی هاوپەیمانی کوردستان رازییە لەسەر گفتوگۆ کردن، لەسەر قسە کردن بە جیا، لەسەر هەڵبژاردن لە کەرکووك، پێموایە ئەمە زوڵمێکی ترە لە دانیشتوانی پارێزگای کەرکووك و هەموو کوردستان دەکرێت، ئەویش دووبارە کردنەوەی هەمان زوڵم و ستەمی رژێمی پێشووەو سوور بوونی رژێمی عێراق نیشان دەدات، کە نیەتی نییە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد، چونکە مانەوەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، مانای چارەسەر نەکردنی

کێشەی کوردە لە عێراقدا، بۆیە پێویستە پەلە بکرێت لە جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 و هەڵبـژاردن لـە کەرکووك بەپێی هەمان یاسای پارێزگاکانی تر بێت لە عێراقدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شێردڵ حەوێزی فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەی 140 ناوچەیەك دەگرێتەوە، کە لـە ڕۆژهـەلاّتی خانەقینـەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژئـاوای سـنجار، ئـەوە ناوچـەیەکی زۆر دوورو درێـژە، یـەعنی مەسافەکەی مومکینـە 650 کیلۆمـەتر زیـاتر بێـت، زنجیرەیەك لە شارو شاروچکەو لە گوندو لادێ و شاخ و پردو کانی و ئـەو شـتانەی تێدایـە، کـە زۆر ئاسـانە دوژمنەکانمان لە هەر شوێنێکی ئەو شوێنانە لە هەر شوێنێك وەکو حەفری ئەلغام بۆمـان بتەقێنـەوەو ئـەو نوقتانـەش دەبنـە نوقـاتی ئیسـتیراتیجی لایـەنی عەسـکەری و سیاسـی لـە نوقـاتی ئیسـتیراتیجی، تەبعـەن هەمووشی بۆ ئەوەیە کە مەسەلەی کەرکووکمان لێ دوور بخەنەوە، کە هەدەفە گەورەکە لەناو ئـەو خەتـەی کەرکووکە، لە 22/ تەمموز ئاخیر جەلسەکەی پەرلەمان بوو پێش عوتلەکەیان، کە لـەو ڕۆژانـە کـاك مـەلا بەختیار مەقالەیەکی نووسی بوو ناوی لێ نابوو 22ی تەمموزی ڕەش، بەڕاستی ناوەکە پڕ بەپیستی خـۆی بـوو، لـەو کۆبوونەوەیـەدا لـە گەمـەکی سیاسـی، لـە گەمـەکی پەرلـەمانی یاسایەك دەرچـوو یاسـای 24 بـۆ ئینتیخاباتی موحافەزەکان، برادەرانی ئێمـە، نوێنـەرانی ئێمـە لـە بەغـدا، لـە پەرلـەمان گوتیـان فێڵمـان لـێ کـراوە، بـەلاّم دەرچـوو فێـڵ نییـە، بەرنامەیـە، یـەعنی ئـەوە غـافلگێر کـراین، هـەتا فەخامـەتی سـەرۆکی هەرێمیش گوتی ئەوە ئەجندەی دەرەوەشی لە پشتەوەیەو قسەکەشی ڕاست بوو، هەر لە دوای ئەوەی هاتنە بەعقوبە، پێش ئەوەی بچنە شوێنە گەرمەکان یەکسەر هاتنە خانەقین، لە دوای خانەقین ئەجندەکەیان بە تەواوی کەشف بوو، چونکە ئەو کەسانەی کە تەسریحیاندا لەو حزبانـەن کـە دۆسـتی ئێمـەن لـە دەعـواو لـە مـەجلیس، نـەك دۆسـتی ئێمـە شەخصـەکانی دی کـە تەسـریحیاندا بـرادەری شەخصـیمانن، یـەعنی همـام حەمودی و عەلی ئەدیب هەمووومان دەیانناسین، تەسریحیاندا، ئیتر خەتی سەوزو شینیان بـۆ دانـاین، باسـی بودجـەیان کـرد، جگـە لـە موتەتەریفـەکان باسـی کـەرکووکیان کـرد، تەکریـدی جەلـەولاو نـازانم تەکریـدی ئەنواع شتیان کرد کە دەیلێنەوە، بەلاّم کـە خـەتی سـەوزو شـینیان دانـا مانـای وایـە خەریتـەکیان لـە پـێش خۆیان داناوە هەموو کات تەماشای دەکەن، یەعنی شتەکانیان بە خوتە بووە، ئەگەر تەماشا بکـەین لـە دوای ئەو تەسریحاتانە لـە کـاتی عوتلـەی پەرلـەمان ڕۆژنامـەی ئاسـۆ بـە مانشـێت نووسـی بـووی لـە جەلسـەکانی پەرلەمان لە دوای عوتلە شەڕێکی گەورەمان لە پێشـە، موقابەلـەی لەگـەڵ دوو، سـێ ئەنـدام پەرلـەمان کـرد بوو، یەکێکیان پارتی بوو، یەکێکیان یەکێتی، یـەکێکیان سۆشیالیسـت، هەرسـێکیان قسـە دەکـەن، قسـەکانیان یەکتر ناگرێتەوە، لەسەر بەرنامج قسەیان لەگەڵ دەکرد، بەلاّم دەبینین ئەوانە کە هاتنـەوە لـە دوای ئـەوەی کە عوتلە تەواو بوو، بەڕاسـتی بـە بەرنامـە، بـە پـلان هـاتن، هێـزی 22ی تـەمموزیان هەیـە، فەزیلـە پشـتی گرتنەوە، جگە لەوانەی کەرکووك و ئەوانە، کە ئەو بەرنامەی دیمستۆرا هـات زۆریـان زەختیـان لـێ کـردین،

بەرە بەرە هەر تەنازولیان پێ کردین، هەر تـەنازولیان پـێ کـردین، هـەتا ئـاخیری گەیشـتینە ئـەوەی ئێسـتا ماددەی چوارمان پێ قەبول نییە، لە ماددەی چوار دوێنێ کە گەیشت بوونە حکومـەتی مەحـەلی و جیهـاتی مەعنی کە موستەلزەمات تەهیئە دەکەن عومەر جبوری هی ئێمە پێیان دەڵێن تـەرەفی ئاخـەر، جەماعـەتی هی $22$ی تەمموزو نازانم کێی ترە؟ چەند کەسی تـرە هـەر برادەرانـی ئێمـە باسیشـی ناکـەن، گوتی ئێمـە موفاتەعـەی کۆبوونـەوەی پەرلـەمان دەکـەین، ئەگـەر دیمسـتۆرا ئـەو بەنـدە نـەگۆڕێت، فیعلـەن دوێـنێ بەندەکـەی گـۆڕی، یـەعنی دەیانـەوێت حـوکمی مەحـەلی تێـدا نـەبێت، راسـتە تـا ئێسـتا جەماعـەتی ئێمـە موافەقەتیان نەکردووە، من لەگەڵ ئەوەمە موافەقەتیشی لەسەر نەکەن، باشە ئێمە خۆمـان ئێسـتا مـن دوو شتم هەیە، پرسیارێك و پێشنارێك، پرسیارەکەم ئەوەیە ئێمـە خۆمـان دەزانـین بەڕاسـتی پێـنج ساڵە چۆن ئیدارەی کەرکووك دەکەین؟ باشـە ئێسـتا دوای ئـەو تەنازولانـەی کـە دەکرێـت، کـە ئـەوانیش گوێتـان لێیـە ئـەکرەم فـەوزی و ئـەوان خۆیـان بـە سـەرکەوتوو دادەنـێن، دەڵـێن عـەرز دەگێـڕین لـەدوای ئـەوە تـاوەکو ئینتیخابات دەکرێت، ئێمە چۆن ئیدارەی کەرکووك دەکەین؟ لەبەر ئەوە ئێوە، بەتایبەتی هەردوو بەڕێزتان کە لە قیادەی سیاسـین حەقـە بەرنامەیـەك هـەبێت، جـا چ لـە پەرلـەمان دابنـێین، یـان چ لـە ئێـوە بـۆ ئـەو ماوەیە ئیدارە بکەین، چونکە بەڕاستی لە کۆبوونەوەکان بە هـەر شـێوەیەك بێـت تـەنازول دەکـەین، لەسـەر ئەرز تەنازول بکەین خەتەرە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ئیدارەیە بکەین.

دووەمین/ روون کردنەوەکەم ئەوەیە وەختی خۆی ئێمە لەگەڵ جیبهەتێك عەینی شت عیلاقاتمـان هـەبوو و موناقەشاتمان هەبوو، فەخامەتی سەرۆکی کۆمار ئەو کاتی کە پێشمەرگە بووین قەولەکی مەشهوری هێنایـە پێش گۆتی (وقفا مع صديق) باشە ئێمە کە عومـەر جبـوری چـۆن تـوانی بڵێـت لـە جەلسـە بەشـدار نـابین، هەتاوەکو بەندێك دیمستۆرا نەیگۆڕیبێت بە شەرتێك دیمستۆرا سێ، چـوار جـار گـۆڕی، خۆشمـان تـەنازولمان بۆ کرد، با ئێمەش مەوقیفێك لەگەڵ صەدیق بکەین، بزانین چی دەبێت، یەعنی هـەتا رۆژێـك، دوو رۆژ بـۆ ئەوەی ئەوانیش بەخۆیان دابێنەوە، کە چۆن تەعامول لەگـەڵ ئێمـە دەکـەن؟ مـن لەگـەڵ ئەوەمـە بەڕاسـتی ئاخیر شت حکومەتی مەحەلییە، یەعنی ئەزعـەفی ئیمـان، یـەعنی ئەگـەر ئـەوەی تێـدا نـەبێت چۆن قبـولی بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك زرار طاهر فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەندامە بەڕێزەکان.**

دڵنیام ئەوەی من بە ئێوەی رادەگەیەنم هەمووتان باش دەزانن، بەڵام من بۆ مێژوو ئەوە رادەگەیـەنم، بـاش دەزانن کە زۆربەی دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق ئامادە باشیان نەبووە، کە مافە رەواکـانی گـەلی کورد ببەخشن بە کورد، بۆیە هەر کاتێك دڵسۆزانی کورد و کوردستان داوای مافە رەواکانی گەلەکـەیان کـرد بێت، ئەوان ئەو دڵسۆزانەیان بە تێکدەر ناو بردووە، بەڵام مێژوو شاهێدە تاوەکو ئەمڕۆش ئەوەی لە جیاتی

دەست بۆ بەڵگەی زیندووان بەرێت، دەستی بۆ بەڵگەی مردووان بردووە، ئەوەی راستیەکانی رەش کرد بێتەوە، ناڕاستیەکانی لە جێی تۆمار کرد بێت، هەر ئەوان بوونەو گەلی کوردی ماف خوراو نەبووە، بە هەموو هێزو توانایانەوە بەرەنگاری دواکەوتنی داواکەرانی داوا رەوایەکەی گەلی کورد بوونەتەوە، تا کار گەیشتە سەر ئەوەی بەرامبەر بە گەلەکەمان غازی کیمیاوی و خەردەلیان بەکارهێنا، هەڵەبجەو هاوشێوەکانی هەڵەبجەش شاهێدی ئەو راستیەن، لە سەرەتای رووخانی رژێمی دژ بە مرۆڤایەتی، گەلی کورد لەو پەڕی بەهێزیدا بوو، ئەو کاتیش لە هەموو کاتەکان لەبارترو گونجاوتر بوو، تەنها بۆ ئەوەی وەك گەلانی دنیا مافەکانی خۆی دیاری بکات، نازانم نەیانکرد، یان رێگەیان پێ نەدرا، زیانێکی گەورە بوو لێمان درا، بۆیە دەڵێم بە راو بۆچوونی من دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لایەنی سلبی زۆر زۆر زیاترە لە لایەنی ئیجابی، دیارە لەلای هەمووان ئاشکرایە لە هەڵبژاردنەکانی دوای رووخانی رژێمەوە ساڵانی رابردوو، هیچ داوایەك لەسەر دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك پێشکەش بە لایەنی کوردی نەکراوە لەلایەن هیچ کۆمەڵێك و کەسێکەوە، هەروەکو ئاماژەمان پێ کرد لە سەرەتای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق، گەلی کورد، دەسەڵاتی کوردی زۆر بەهێز بوو، شانسێکی باشی هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ 2008/9/23ە لایەنە ناحەزەکانی کورد، ئەوانەی مافە رەواکانمان بە رەوا نازانن، نازانن بە چ شێوەیەك بیر لە دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بکەنەوە، چونکە لەگەڵ بنەماکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق ناگونجێت، بۆیە هەوڵ دەدەن بەم دواخستنە مەرامەکانیان بهێننە دی، کە دژ بە هەموو مافەکانی مرۆڤە، نەك تەنها بە گەلی کورد، من لەگەڵ ئەم دواخستنەدا نیمە، دڵنیام لە بەرژەوەندی گەلەکەماندا نییە، با سەرکردایەتی کورد باش بزانێت، ناحەزان فێڵێکی تریان لەژێر سەرە، بیر لە پلانێکی تر دەکەنەوە، هەروەها بیر دەکەنەوە کە رۆژ لە دوای رۆژ ئەوان بەهێز دەبن بەرامبەر بە گەلی کورد، بۆیە من دڵنیام ئەم دواخستنە، دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك لایەنی سلبی زۆر زۆر زیاترە لە لایەنی ئیجابی.

خاڵی دووەم/ ئەگەر باس لە لایەنی ئیجابی و دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بکەین، تەنها ئەوەیە لیستی هاوپەیمانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران دەیانەوێت نیەت باشی کورد پیشانی هەموو لایەنەکانی تری ناو ئەنجومەنی نوێنەران و گەلی عێراق بدەن، بەڵام ئایا دەبینن، ئایا ئەو نیەت باشەی کوردی هەست پێ دەکەن؟ گەلی کورد بەربەست نییە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی تری عێراق، گەلی کورد هەمیشە لەگەڵ ئەوە دایە کە رێز لە بنەماکانی دەستوور بگرێت، وا پیشانی بەرامبەرەکانی بدات کە ئامادەیە هەموو هەنگاوێك بنێت، بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی بزانێت تا چەند گەلی کوردی ماڵوێران ئاشتیخوازەو لەگەڵ سەرخستنی دەستووری هەمیشەیی عێراقدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو راپۆرتەی بەڕاستی برگەکان هەر کامیان دەخوێنیەوە هەموو بۆ دواخستنی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140ە، لەوانە لە فەقەرەی دوو هاتووە کە دەڵێت ئەو لیژنەیە هەرچ

لێکۆڵینەوەیەکی دەکات، دەبێت موخالیفی دەستوور نەبێت، مادام موخالیفی دەستوور نەبێت، لە هەر جێگایەك کەلیمەی تەوافوق بێت ئەوە موخالیفەی دەستووره، لە دەستوور لە هیچ ماددەیەك کەلیمەی تەوافوق نییه، ئەوەی رەچاو دەکرێت لێیان پاشەڕۆژ بگەڕێنەوە سەرمان دەڵێن ئەو تەوافوقە موخالەفەی دەستووره.

دوو/ لە بڕگەی (ب) دەڵێت تەحدیدی تەجاوزات بکرێت لەسەر ئەملاکی عامە، ئەوەش بۆ مەقەراتی ئێمەیە، بەڕاستی ئەوە مەقەراتی لقە، مەڵبەندە، ئەو جێیانەی لە ژێر دەسەڵاتی کوردە کێشە دروست بکاتن، بە واستەی حکومەتی مەرکەزی عەلە ئەساس ئەو تەجاوزانە لابرێت.

بەنیسبەت موڕاجەعەتی تەدقیقی سجلات، تەدقیقی سجلات کێ مسئوولە لێی؟ ئەو لیژنەیە لە ئاستی ئەو ئیشەیە کە بتوانێت ئەگەر ئەوان لەوێ نەبن، بتوانێت ئەو سجلاتە بپارێزێت بەنیسبەت ئێمە، بۆی هەیە لە حکومەتی مەرکەزی سجلات دروست بکرێت لەجیاتی ئەو سجلاتانە دابنرێت، پاشان لە سێیەم دەڵێتن (سیقوم المجلس بتشریع قانون خاص) هەر قانونێك تەشریع بکرێتن بەنیسبەت کەرکووك لەناو بردنی ماددەی 140ە، لادانی ماددەی 140ە لە مەساری خۆی، خۆی ماددەی 140 وازیحە، تەتبیعە، ئیستیفتایە، ئیحصایە، مەفروزە ئێمە زەخت لەسەر ئەوە بکەین هیچ شتێك قەبول نەکەین لەو سێیە زیاتر، پاشان دەڵێت لە حەوت (في حالة التعذر على اللجنة تقديم التوصيات الى مجلس النواب، يسن المجلس قانونا خاصا لانتخابات مجلس محافظة كركوك) هەر قانونێك دەربچێت پاش ماددەی 140، ماددەی 140 لە گۆڕێ هەڵدەستێت، دوایێ دەڵێت ئەگەر هاتوو نەگەیشتینە نەتیجەی رەوانەی مەجلیسی ریئاسی بکرێت، کە لە سێ مەجلیس پێك دێت، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لێرە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەم هۆڵی پەرلەمانەی وەعدیدا بە شەش مانگ ماددەی 140 جێ بەجێ بکرێت و میکانیزمی ئوصولی بۆ جێ بەجێ بکەن، بۆ ئەوەی ئەنجام بدرێت و گوتی دەوری ئێمە، دەوری حەل کردنی کێشەکەیەو دیتنەوەی میکانیزمە، کەچی لێرە بگەڕێینەوە بۆ مەجلیسی سێ مەجلیس، مەجلیسی نواب و وزەراو ریئاسە، بە قەناعەتی خۆم بە پێنج ساڵی دیکە ئەو کێشەیە تەسویە ناکرێتن، کەرکووك لەناو دەچێتن، هەر دوێنێ بەڕێز مالیکی لە رۆژنامەی رووداو بلاوی کردۆتەوە دەڵێتن سنووری هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ خەتی سی و شەش.

دوو/ دەڵێت سنووری دەسەلاتی هەرێم لەو جێیە کە پێش 2003/4/9 لێی بووە، ئەوانەی تر دەڵێت بە هیچ حەق حەقی نییە، چ ئاسایشی لێ بێت، چ پۆلیسی لێ بێت، چ پەروەردەی لێ بێت، ئەوە خۆی لە خۆیدا هەر رۆژێك دەرگایەك دەکرێتەوە بۆمان جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بەگشتی ئەگەر تەماشای مەسەلەکە بکەین کە نوێنەری ولاتە یەکگرتووەکان هاتە ناو مەوزوع من وای بۆ دەچم هەر هەمان هاتنە ناو مەوزوعی ساڵی 1975ە بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو کوردستان فەرموو.

**بەڕێز كوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەكانی ئەو بەڕێزانە دەكەم كە پێش من قسەیان كرد، بەڵام چەند خاڵێك هەیە دەمەوێت روونی بكەمەوە سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای كوركووك نابێت تێكەڵ بكرێت لەگەڵ ماددەی 140، هەروەها نابێت ئێمە تەنازولیش لە ماددەی 140 بكەین، یەك بابەت لەلای من زۆر گرنگە كە هێزە كوردیەكان یان ئەو ئەحزابە كوردیانەی كە لە كەركووك دەژین، ئەوانە دەبێت ڕیزەكانی خۆیان یەك بخەن و یەكگرتوو بن، چونكە ئەو یەكنەگرتنە زۆر مەشاكیلی دروست كردووە لە كەركووك، زۆر بەداخەوە، هەروەها پشتگیری لە هەڵوێستی لیستی هاوپەیمانی كوردستانیش دەكەم، زیاتر نامەوێت درێژەی پێ بدەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاشكاوی و بەبێ تەم و مژ جەوهەری موشكیلەی ئێمە مەوزوعی ماددەی 140، قەزیەی كوردیش ئەو خەباتە دوورودرێژە هەر لەسەر ئەو مەوزوعانەیە كە باسی ئەوەی ئێستا یەو چارەسەر كرابا موشكیلەمان نەدەبوو، هەموو ئیجرائات و قەوانین و هەموو ئەو شتانەی كە ئێستا دەكرێت، هەمووی مەبەستی ماددەی 140، مەبەستیان مراندن و دواخستنی ئەو ماددەیەیە، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ تەسریحاتی خۆمان لە بیدایەتی ئەو ماددەیەو نزیكی تەواو بوونی ئەو ماددەیە، هەر جارێك قولتێك تێی كەوتووەو بەردەوام گوتوومانە ئێمە سێ (لا) ئاتمان رەفع كردووە، جارێك ئێمە گوتومانە (لا للتاجیل) جارێك گوتوومانە (لا للتعطیل) جارێك گەتوومانە (لا للتعدیل)، ئێستا ئەو شتەی كە دەكرێت چ ماددەی 24و ئێستاش فەقەرەی 4و هەموو مەبەستیان ئەوەیە، بەڵام لێرە پرسیار ئەوەیە ئێستا قسەی ئێمە بۆچیە؟ كاریگەری چی دەبێت؟ چیمان دەوێت بیكەین؟ ئێمە بڕیارێكمان هەیە كە پەرلەمانی كوردستان مەرجعە بۆ هەموو بڕیارێكی مەسیری لە قەزیەی كوردی، ئەوە مەوزوعێكی مەسیریە، ئێستا ئەو موفاوەزاتەی تەحالفی كوردستانی كە لە بەغدا دەیكات چ لە بیدایەتەوە لە ماددەی 24و ئەم پەرلەمانە چەند ئاگای لە فەقەراتی ماددەی 24 هەبوو پێش ئەوەی ئەو تەسویتەی لەسەر بكرێت، پەرلەمانی كوردستان چەند بەشدارە لە ڕێگای سەرۆكایەتی پەرلەمان و لە ڕێگای لیژنەی ماددەی 140 و یان لە ڕێگەی كوتەل و لیژنەكان كە چەند بەشدارە لەو موفاوەزاتە، چ ختوت و چ معیارێكی ترمان هەیە بۆ ئەوەی بڵێین بابە ئەوە حەدی ئێمەیە، حەدی ئەعلای ئێمەیەو لەوە تەنازول ناكەین، تەبیعەتی تەنازول وەكو گوناحە، كە گوناحێكت كرد گوناحێكی تریشی لەدوا دێت، حاشا ئەگەر ئینسان درۆیەكی كرد چوار، پێنج درۆی تریشی لەدواوە دێت، سەنگەرێك چۆڵ بكەی چەند سەنگەری تریش چۆڵ دەبن، من نازانم ئەو پەرلەمانەی ئێمە چەند بە ئاگایە لەو حیواراتانە بەردەوام كە تەرەفی كوردی تەنازول تا خەتابار نەبێت، تا ئەو سوچە نەكەوێتە سەر

شانی ئێمە، ئێمە چەند لە سورە داینەو بە ئاگاینە کە چی دەکرێ و چی ناکرێت، ئەم 7 خاڵە هیچی لە ساڵحی ئێمە دانیە، ئەگەر دڵی خۆمان بە شتێك خۆش بکەین، دەڵێین ئەشەدو بیللا لە واقعیش تەتبیق نابێت، یەعنی جێگای دڵ خۆش کردن هەر ئەوەیە، بەڵام ئایا ئەو تەسویفەو ئەو تەعتیلە کە هەمووی دەکوژێت و رۆژ بەرۆژ تەرەفی دژی مەتڵەبی کوردی و دژی ئەو ماددەیە بەهێز دەبن و پێگەی ئێمەش زەعیف دەبێت و ناتوانین هیچ بکەین لەو مەوزوعە، ئێمە زۆر غەڵەت دەکەین کە بڵێین ماددەکە بکوژین، لەبەر قانونێکی فەرعی ئینتیخابات بکەین، یەعنی بچووك کردنەوەی مەسەلەکەیە، ئێمە ئەو کات قەسمان نەکردو خەتمان دانەنا لە مانگی 2007/3 تەتبیع نەکرا غەڵەت بوو، لەوەش غەڵەت تر مانگی 7 پێمان دانەگرت کە ئیحسا بکرێت، لەوەش غەڵەت تر کە هاتینە ناوی بۆ تەدویلی مەسەلەکە، ئێستا وەك ئەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم گوتی هەلاو هەلاو دەکەن، ئەجیندای خارجی لەدوای ئەو مەسەلەیە، ئیرادەیەکی سیاسی لەناو عیراق دا هەیە، من دەڵێم ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز هەیە لەناوەندی عیراق، بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە چارەسەر نەبێت و سەر نەگرێت، با ڕۆشن بین وەکو برای بەڕێز د.دلێر گوتی بە کوردی و بەکورتی مراندنی ماددەی 140 ، ئێستا ئێمە دەتوانین چی بکەین، ئایا ئەو سەلاحیاتانەمان هەیە پەرلەمانی کوردستانی بە واقعی ئێستا دەتوانین بڵێین مەتڵەبی ئێمە و تەحالفی کوردستان ئەوەیە، یان لازمە بەشدار بین لە گەڵ موئەسەساتی ئێمەی دەستووری و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانە، نازانم ئەوە دەتوانین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد، هەمووتان تەعبیرتان لە لیژنە جیاجیاکانی پەرلەمانی کوردستان کرد کە ئەندامەکانی تریش تێیدانە، کاك د.کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەڕاستی دا ئەم دانیشتنە زۆر گرنگە، چونکە پەیوەندی هەیە بە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لە تاریخی میللەتەکەمان، ماوەیەکە مەجموعەیەك لە ناو پەرلەمانی عیراقی کە ناویان لە خۆیان ناوە گروپی 22ی تەموز هەوڵ دەدەن بە هەموو شێوەیەك ئەو مافانەی کە رەبتی بە نەتەوەی کورد هەیە پشت گوێ بخرێ، ئەو چەند مادده دەستووریەی کە لەناو دەستووری عیراقی داهاتووە کە جوزئێك لە مافی ئێمەی کورد لە کوردستان دابین دەکات مەحاوەلە دەکەن ئەوانە پشتگوێ بخرێت، ئەگەر ملاحەزەتان کردبێت بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدرێت بە هیچ شکڵێك لەم وەرەقانەی دیمستۆرا ناوی ماددەی 140 نەیەت، وەکو حەرام بێت و وەکو کفرێك بێت کە ناوی بێت، برادەرانی ئێمەش سەد جار بە داخەوە ئەو پاداگرتنەیان نەکرد لە بەغدا کە لایەنەکانی تری کە هەوڵ دەدەن ئەو قانونە بڕواتە پێش جێ بەجێ بێت و یاسای هەڵبژاردن هەڵبگیردرێت و روو لە ئێوە بکەن و بڵێن ئێوە چیتان دەوێت، هەمیشە ئەوانەی نادەستووری، ئەوانەی نایاسایی پایان داگرتووە و هاتوونە کە ئێمە کوڕی باشین و قائیمەیەکی زۆر موسەقەف و پێشکەوتووین و موتەمەدنین، ئێمە تەنازول دەکەین قەینا، حەقی تەحالفی کوردستانی نیە، حەقی هیچ کەسێك نیە، تەنازول لە حەقی میللەتێك بکات، کەرکووك حەقی میللەتی

کوردستانە، موڵکی میللەتی کوردستانە، پەرلەمانی کوردستانیش بە تەنها ناتوانێت ئەگەر هاتوو تەنازول بە یاسا بکەی لەو شارە، پێویستە ئیستفتا لە گشت کوردستان بکرێت، پێویستە خەڵکی کوردستان بڕیار بدات ئایا ئەم قەرارە قەبوڵ دەکرێت یان نا، ئیحترامم بۆ ئەو چوار بەرێزە کە لە وەزعێکی زۆر ناخۆشن بەرامبەر چوار ئەوانەی کە دیفاع لە بەعس و شۆڤینیەتی ناو پەرلەمانی عیراقی کە خەریکە بۆ ئەوانە تەنازول دەکات، رۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تەنازولیان بۆ دەکەن، بۆیە من بە گرنگی دەزانم کە پەرلەمانی کوردستانی دەوری مێژوویی خۆی بنوێنێت و هەڵوێستی هەبێت بە لیستی تەحالفی کوردستان بڵێت ئەو ئیتیفاقە نەکەن، ئەو ئیتیفاقە غەڵەتە، بۆ ئەوەی کە شیش نەسوتێت و کەبابیش نەسووتێت، تەنازول لە حەقی میللەتێك، حەقی من نیە تەنازولی لێ بکەم، حەقی ئێوەش نیە، حەقی میللەتی کوردە، ئەگەر میللەتی کورد لە کەوردستانی عیراق لە ریفراندۆمێکی ئازاد ئەکسەریەی تەواوی هێنا ئەوجا مەسەلەیەکی ترە، بەڵام ئێستا ئێمە دابنیشین بڵێین وەڵڵا قەیناکە، بارزانی نەمر چەند شۆڕشی لەسەر کەرکوك کردە قوربانی، چونکە دەیزانی حەقی ئەو نیە بە تەنها تەنازولی لێ بکات، حەقی میللەتێکە، چونکە لە دواڕۆژ میللەت پرسینەوەت لێ دەکات، ئێمە لە قەبریش بین میللەت پرسینەوەمان لێ دەکات، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر پۆستێکمان هەیە بە هەر سەبەبێك لێرەین یان لە پەرلەمانی عیراق بین، بەڕێزان ئەو وەرەقەی دیمستۆرا هەوڵ دەدەم خاڵەکانی بە ووردی بۆتان شی بکەمەوە، یەکەم: ئەو وەرەقەیە دژی دەستووری عیراقە، دژی مافی مرۆڤە، دژە بە حقوق و حوریاتی ئینسان بە پێی ماددەی $(2)$ دەستووری عێراقی فەقەرە(ب و ج)، ئەوە دەستوورەکەیە بیخوێننەوە ماددەی $(2)$ فەقەرە (ب و ج) ئەڵێ: (لا یجوز سن قانون یتعارض مع مبادئ الدیموقراطیة)، دژی بە دیموقراتیەت، (لا یجوز سن قانون یتعارض مع الحقوق او الحریات الواردة في هذا الدستور)، ئەمەی ماددەی $(24)$ کە لە یاسای هەڵبژاردنەکان کە دەنگیان لەسەردا لە پەرلەمانی عێراق، ئەم وەرەقەی دیمستورا بەس نەصی ئەوەیە بەس عەبایەکی کردووتە بەری، ناوی لێناوە وەرەقەی دیموستورا، هەتا هەموو ئەتراف رێك بکەون لەسەری، ئەتراف کێ؟ ئەترافێ کە لەسەر دەستووری عێراق رێککەوتن و لە $80\%$ خەڵکی عێراقە، ئەوانە حەقیان هەیە تەوافوقیان کردووە و ئێستا واجیبە لەسەر پەرلەمانی عێراق ئەگەر پەرلەمانە، واجیبە لەسەر تەحالوفی کوردستانی، ئەگەر ئەندامی پەرلەمانن، ئەگەر ئەو دەستوورە جێبەجێ بکەن و نەیەن لەگەڵ دوو کۆنە بەعسی کە ئەیەوێت میللەتی کورد ئیبادە بکات، لەگەڵ ئەو رێك بکەوێت، تەوافوق لەگەڵ ئەو بکات، نابێت ئەوە ، مەسەلەن ئەڵێ: (یخول المکون)، ئەو مکەونەی کە زۆرینەی دەنگ دێنێ لە پارێزگای کەرکوك، ئەو فەقەت حەقی چیە؟ تەنها ئەو حەقەی پێ داوە کە رەئیسی مەجلیس بگێڕێ یان نائیبەکەی، کەی ئەوە ئیشی ئەنجومەنی پارێزگایە کە میللەتێك خەڵکی ئەو شارە دەنگی بۆ بدات و بیبەستێتەوە و هەموو حوریەتی لێ بسێنێ و دواتریش مساواتی لێ بسێنێ، دەستووری عێراق ماددەی $(14)$ ئەڵێت: شەعبی عێراقی موتەساوین، وەکو یەکن، فەرق نیە لە بەینی قەوم و لە بەینی دین و لە بەینی رەنگ و لە بەینی وەزعی ئیجتیماعی، نێرە یان مێیە، ئەمە ئەو مەساواتەی داوە ، باشە تۆ بۆ لێرە لە خەڵکی کەرکووکی ئەسێنی، خەڵکی کەرکووك تۆ وەك عێراق نیت، بۆیە واجیبی تەحالوفی کوردستانیە، واجیبی ئێمەیە لێرە دەنگ بەرز بکەینەوە و بڵێین : تەحالوفی کوردستانی تۆ بۆت نیە لەسەر ئەو وەرەقەیە رێك بکەوی، چونکە ئەو وەرەقەیە دژی حقوقی ئێمە و دژی حوریاتی ئێمەیە و دژی دیموقراتیەتە و دژی هەموو شتێکە کە هاتووە، لە هەمووی ناخۆشتر لێژنەیەك پێکهاتووە، ئێمە لە ماددەی $(24)$ $(32\%)$و $(3/2)$ رەفز کرد، ئێستا هاتووە خەراپتری

کردووە، ئەڵێ: لیژنەیەك پێك دێت، دوو کورد، دوو عەرەب، دوو تورکمان، یەك مەسیحی، یەعنی ئەو (32)ی لە تۆ سەندوتەوە و کردوویەتیە (28٪)، مەسەلەن 4 بەرامبەر 2، ئەو لیژنەیە هیچ فەقەرەیەك نیە بلێتن ئەبێ بە تەوافوق قەرارەکانیان بدەن، هەندێ برادەر ئیشارەتی وا ئەکەن و تەزویر دەکەن بۆ ئەوەی هەر بروا ئینتیخاباتەکە ببێ، ئەوە غەڵەتە، چونکە تەنها فەقەرەی (ج) هەیە ئەویش بۆ ئەوەیە: (تدقيق جميع البيانات و السجلات المتعلقة بالوضع السكاني) ئەویش بۆ ئەوەیە نەهێلێت لەوێ ئەو حەقە شەرعییەی کە تۆ هەتە کە دەرکراوی و زوڵت لێ کراوە، ئێستا گەڕاویتەوە و ئەو حەقە شەرعیەت پێ بدات، تەوافوقە ئەڵێ نا یەعنی نا، قەبوڵ ناکات، مەسەلەن جێگایەکی دی دەڵێ: تشريع قانون خاص، کێ قانون خاص دەربکاتن؟ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ، کام ئەنجومەن؟ ئەو ئەنجومەنەی دەنگی بۆ ماددەی (24) دا، کە زۆرینەن ئەوانەی ئەفکاری دژی حوریەتن و دژی دیموقراتیەتن، دژی فیدرالین و دژی دەستووری عێراقن، حەقی پێیان داوە قانونێکی خاص دەربکەن بۆ کەرکووك، یەعنی ماددەی (140) ئەنەیتە قەبر بە دەستی خۆت و بە قانون و بە موافەقەتی خۆت، بێ گەڕانەوە بۆ خەڵکی کوردستان، بێ گەڕانەوە بۆ ئیستیفتاء قەرار ئەدەیت و ئەڵێی: ماددەی (140) مرانەد و سەرم بری و کوشتم، مەجموعەیەك ئەوانەی دژی دیموقراتین، دژی فیدرالین و دژی دەستوورن و دژی نەتەوەی کوردن، ئەگەر بۆیان بکرێت لە سەددام خەراپتر بە میللەتی کورد دەکەن، ئەم پەرلەمانەشت لێ ئەستێنن، ئەوانە قانون دەربکەن، من ئیحتیرامی زۆرم بۆ قورئان هەیە، قورئان کیتابێکی موقەدەسە لە دینی ئیسلام و بیلزەبت وەکو ئەوەیە قورئانەکەت بفرۆشی و رەبابەیەکی پێ بکڕی، بیلزەبت بەو مەسەلە دێیت، یەعنی تۆ ماددەیەکی دەستووریت هەیە، لە 80٪ شەعبی عێراقی دەنگی بۆ داوە، ئەیگۆڕیت و دێیت قانونێکی تر دەدەیتە دەستی بەعسیەکانەوە تا یاسایەکی ترت بۆ دەربکات، ئەمە بەراستی تاوانێکی زۆر گەورەیە، ئەوەی بلێی وا نیە ئەوە غەڵەتە و هەڵەیە، ئێمە لە لایەك ئەڵێین تەنازول لە ماددەی (140) ناکەین، ماددەی (14) ئیلتیزام بە دەستوور دەکەن، هەموومان وا ئەڵێین لە قیمەی سیاسی کوردستان، ئەندامی پەرلەمان، حکومەت، شەعبی کوردستان، نوێنەرانمان لە تەحالوفی کوردستانی وا ئەڵێین، ئێوە بە ئاشکرا و لە پێش چاوی عالەم ئیتیفاقیەتێك ئیمزا دەکەی کە خۆت حەقی ئەدەیتێ، خۆت ئەو حەقە لە خۆت ئەسەنییەوە و ئەیدەیتە ئەو لایانانە و ئەڵێی تەنازول لە ماددەی (140) ناکەم و ماددەی (140) بەوە ئەمرێت بەرێزان، بۆیە پێویستە ئێمە هەڵوێستمان هەبێت و من پێم وایە ئەو شتانە داوا بکەین، ئەگەر ئێستاش ئەوە هەڵوێستی پەرلەمانی عێراق بێت کە ئێستا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانشتنێك قبوڵ بکەن یان قبوڵ نەکەن، ئێمە وەك پەرلەمانتاران مەسئولین لە پێش خودا و لە پێش میللەتەکەمان و لە پێش مێژوو، هەڵوێستی خۆمان بە ئاشکرا بدەین، ئەگەر قبولیشیان کرد بلێین ئەوە غەڵەتە، چونکە حەقی ئەوان نیە بۆیە : یەك: یاسای هەڵبژاردن پێویستە تێکەڵاوی چارەسەری کێشەی کەرکووك نەکرێ، کەرکووکیش شارێکی عێراقیە و بە هەویەیەکی کوردستانی و خەڵکەکەی کە تەواو حەق و حقوقیان هەیە کە لە دەستووری عێراق هەیە وەکو خەڵکی بەصرە و بەغدا و دیالی و موسڵ و هەموو شوێنێکی تر ، باشە بۆ لە موسڵ وا ناکەن، بۆ لە دیالی وا ناکەن؟ بۆ لە بەغدا وا ناکەن؟ بۆ لە بەصرە وا ناکەن؟ بۆ ئیلا هاتوونە یەخەی کەرکووکیان گرتووە؟ راستە مەجموعەیەك هەیە نایانەوێ هەڵبژاردن هەبێت، هەوڵ ئەدەن هەڵبژاردن نەبێت، مەجموعەیەك هەیە ئەو هەوڵە ئەدەن و کەرکووکیان کردە مەهانە، بەلام وەك ئەوەی دوو جۆلەکە بە بەردێك لێبدەن، ئەگەر بۆیان چووە سەر ئەوە زەربەیەکیان لە قەزیەی کورد داوە ، لە

حەقەكانی و لە مافە دەستووریەكانی داوە، ئەگەر بۆیان نەچووە سەر، هەڵبژاردن بوو، ئەوە تەنازولێكی یەكجار زۆریان بە كورد كردووە و هەر قازانج، یەعنی یان ئەگەر هەڵبژاردنەكە نەكراو بۆیان شتێكی گرینگە و ئەگەر هەڵبژاردنەكە فەرز بوو لە لایەنی دەرەكیەوە بەسەریان و مەجبوور بوون بیكەن ئەوە تەنازولێكی گەورەیان بە كورد كردووە، ئیلتیزام بە دەستووری عێراق و بە ماددەی (140) زۆر جار بۆ چارەسەری شوێنە كێشەدارەكان و گشت ئەو ماددانەی تری رەبتیان بە مافی نەتەوەی ئێمە هەیە، بە مافی گەلی كوردستان هەیە، وەكو یاسای پێشمەرگەیە و فدراڵیە و دیموقراتیەتە و شوێنە كێشەدارەكانە و یاسای غاز ونەوتە ، ئەمانە پێویستە ئیلتیزامی پێوە بكرێ و تەنازولی لێ نەكرێ، داوا بكرێ لە یۆنامی ئیتر بەس بێت و یەخەی تەحالوفی كوردستانی بگرێ بۆ ئەوەی تەنازولیان پێ بكات، با وازیان لێ بێنێ، با بروات ئێمە ئەڵێین ئێمە باشین و موشكیلە نیە و ئینتیخابەكە بێت، تەنازول لە مافی خۆمان ئەكەین، ئەوانە خراپن و ئەوانە لەسەریان ئەشكێ كەچی ئەو بۆ ئەو تەنازول دەكات، تەنازولی تر بە تۆ ئەكات، خەریكە رووت و قووتت بكاتەوە، داوا بكەین و دەنگمان بەرز بكەینەوە ئەو ماددە دەستووریانەی كە پەیوەندی بە مافی گەلی كوردستانەوە هەیە بە هیچ شێوەیەك تەنازول لە هیچ یەكێكیان نەكەین، بۆشیان نەبێ بیكەن، كێشەی كەركووك كێشەیەكی تەئریخیە و خەباتی بۆ كراوە و قوربانی بۆ دراوە، لە قانونی ئیدارەی دەولەی عێراق و لە دەستووری عێراق هەوڵی بۆ دراوە و ئالیەتی بۆ داندراوە بۆ چارەسەری ئەو كێشەیە، ئێستا نابێت بێتن شتێكی تری بۆ بكەن، بەرێزان بە حەقیقەت ئەو بەرێزانەی كە پا دائەگرن كە ئێمەش بەرامبەریان پا دانەگرین، لە هەولێریش دەرمان ئەكەن، لە سلێمانیش دەرمان ئەكەن و لە دهۆك و زاخۆش دەرمان ئەكەن، چونكە ئێمە وەكو شەعبێكی مساوی نازانن وەكو خۆیان، حەزارەت بە هی خۆیان ئەزانن، حقوقی تۆ ئیهمال ئەكەن، بۆیە كورد دەبێ هەڵوێستی هەبێ، ئەوەی لە خانەقین و مەندەلی و قەرەتەپە و ئەو ناوەش روویدا ، ئەویش ئیشارەتێك بوو، ئەو تەصریحاتانەی بەرپرسەكانی بەرزیان ئەیدەن ئەویش ئیشارەتێكە ، لێرە نوقتەیەك هەیە، برا سوونەكان حەول ئەدەن پێشمەرگە و مالیكی بەشەڕ بدەن بۆ ئەوەی بەینی شیعە وكورد تێك بدەن، برا شیعەكان حەول ئەدەن پێشمەرگە و جەیشی عێراقی بەشەڕ بدەن بۆ ئەوەی بەینی كورد و سوونە زۆر خراپ بێت و تێك بچێ، بۆیە زوباتە بەعسیە سونەكانی زەمانی رژێم، دەرەجەدارەكانیان هەموویان هێناوە و كردوویانە بەرپرسی ئەو شوێنانە كە لەگەڵ پێشمەرگە رووبەروو بێتەوە و هەر شەڕێك بێت سوونە بكوژرێت، خیلافی ئەو دوو لایەنەی بەینی خۆیان، خەریكە ئێمەش تێكەلاوی ئەو وەزعە بكەن، ئێمە پێویستە زۆر وشیار بین، تەنازول لە مافی خۆمان نەكەین، ئەگەر جێبەجێشی نەكەن، بەلام تەنازول نەكەین بۆ كەسی خۆمان ئیمزا بكەین و بڵێین فەرموو ئەوە لەسەر تەبەقێكی زێر بۆ ئێوە، وەرەقەكانی دیموستوراش و هەوڵەكانیشی لە مەصلەحەت و بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان نیە، هەوڵ ئەدات هەتا بتوانێ تەنازولت پێ بكات بۆ ئەوەی پێی بڵێن ئەوە كادرێكی (UN)ی بەرزی موهیم بوو و توانی موعەقەدترین كێشە چارەسەر بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا زۆر قسە كرا، من لەبەر ئەوەی مەوعیدێكم هەیە لەگەڵ میوانێكی بیانی، لەبەر ئەوە دەبێ بە جێی بێڵم، بەلام دوو قسەم هەیە ، دوایی د.كەمال تەواوی دەكات، بە حەقیقەت هەندێ برادەران هەیە بە تایبەتی ئەوانەی لە لایەنی ترن، حزبی شیوعیە قسەیان نەكردووە، توركمانە، كاك غەفورە داوای دەكرد،

کاك بەڵێنە زەحمەتكێشانە، كاك موحسینە ئەگەر ویستی ، ئەوە دوایی من هینی ئەكەم بە ئیجازەی ئێوە بەس هەر چەندە قەرارم دابوو قسە نەكەم، بەڵام بە پێویستی دەزانم هەندێ خاڵ بخەمە روو بەراستی ، پێم وایە مەسەلەی كەركووك و ماددەی (140) مەسەلەی هەر كوردێكە و هەر كوردستانیەكە و هەر عیراقیەكیشە، كە باوەڕی بە دیموقراتیەت هەبێت و باوەڕی بە لابردنی زوڵم هەبێت و باوەڕی بە پێكەوە ژیان هەبێت، میللەتی عێراق كە دەنگی بۆ ئەو دەستوورە داوە، پابەندە بەو دەستوورە، ئەگەر خەڵكانێك هەبێت دەنگ بەرز بكاتەوە، یاخود هەوڵ بدەن ئەم دەستوورە پێشێڵ بكەن بە تایبەتی ماددەی (140)، ئەوە ئیسائەیەكە بۆ دیموقراتیەت و ئیسائەیەكە بۆ ئیرادەی گەلی عێراق و ئیسائەیەكە بۆ گەلی كوردستان ، داوا كردنێكە یاخود سووربوونێكە لەسەر سیاسەتی رەگەز پەرەستی رژێمی لەناو چووی عێراق،كە لە لایەن هەموو میللەتانی عێراقەوە رەت كراوەتەوە، كەسێكیش ئامادە نیە لە كوردستاندا موساوەمە لەسەر مافەكانی گەلی كوردستان بكات، من دڵنیام لەوە، هیچ كەسێك نە لێپرسراو بێت و نە سەركردایەتی بێت و نە ئەندامێكی سادە بێت، نە هاووڵاتی بێت، لەو مەسەلەیەدا هەموو كۆكین و یەكین، بە دەلیلی ئەوەش كە ماددەی (24) رۆژی 22/تەمووز لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسند كرا بەو شێوەیەی كە دیمان، گەلی كوردستان چۆن رژایە سەر جاددەكان دژی ئەو یاسایە بۆ پشتگیری كردنی هەڵوێستی سەركردایەتی سیاسی ، بەڵام ئینسان دەبێ واقیعی بێت، واقیعیەتیش ئەوەیە ئەو ماددەیە بۆ دانراوە؟ ئەگەر كێشە نەبووایە ماددەی (140) پێویستی نەدەكرد، ئەو ماددەیە بۆ ئەوە دانراوە لەبەر ئەوەی زوڵمێك هەبووە لەسەر ئەو ناوچانە ، نەمانتوانیوە بە خەباتی گەلەكەمان و بە راپەڕینی ساڵی 91 ، ئەو شوێنانە رزگار بكەین، ئەگەر چی كەركووك و ناوچەكانی تر رزگار كران، بەڵام دوایی حكومەتی لەناو چوو بەزەبری چەك و ئەوانە هات و داگیری كردووە، لەو رۆژەوە و پێشتریش لە ساڵانی سەرەتای شەستەكان سیاسەتی رەگەز پەرستی رژێم بۆ گۆڕینی جوگرافیای سیاسی و جوگرافیای نیشتەجێبوونەكان بگۆڕێت و سیاسەتێكی دائیمی هەبووە بۆ گواستنەوەی كوردەكان و توركمانەكان لەو شارە و شارەكانی تر و هێنانی عارەب بۆ ئەو ناوچانە، زۆر جاریش ئەو عەرەبانە خۆیان هاواریان لێ هەڵسابوو كە حەزیان دەكرد بگەڕێنەوە، من باش بە بیرم دێت مفاوەزاتی 91 كە ئێمە زۆر سوور بووین لەسەر مەسەلەی كەركووك، رۆژێكیان ئەو كاتی عزت الدوری لێپرسراوی وەفدی عێراق بوو، وتی وەڵڵا من خۆ بێزار بووم لەوانە ئەو عەرەبانەی كە ئێمە بردوومانەتە كەركووك و ئەوانیش ئێمەیان بێزار كردووە، هەموو رۆژێك دێن و مەتالیبەكیان هەیە یەك دەڵێ دەمەوێ بگەرێمەوە و یەك دەڵێ لێرە ناحەوێمەوە، واتە ئەو مەسەلەیە فەرز كراوە لەسەر بەشێك لەو عارەبانەش، بۆیە دەنگدانەكە بۆ دەستوور بەو شێوەیە بوو كە زۆرینەی گەلی عێراق دەنگی بۆ دا، لێرە لەو پەرلەمانەدا دەیان وەفدی عارەبە هاوەردەكانمان ئیستیقبال كردووە، پارەكە و پێرارەكە بە ئیمزای هەزاران كەسی خۆیان كە پشتگیری لە ماددەی (140) دەكەن و دەیانەوێ بگەڕێنەوە، تەنیا ئەوەیە داوای هاوكاری دەكەن و داوای مافی خۆیان دەكەن و ئەوویش حەقی خۆیانە، بۆیە لەوەدا دەبێ زۆر دیقەتمان هەبێ، لایەنەكانی تر رامان نەكێشن و مەسەلەكە ببێتە كورد و عەرەب، لەوەدا

زەرەر دەكـەین ئێمـە، تـا ئێسـتاش ئـەو مەسـەلەیە وا نیـە و زۆرینـەی عـەرەب پشـتگیری لـە ئێمـە دەكـات، تەماشای ئەوە مەكەن ژمارەیەكە ئـەمڕۆ سـەركەوتوون بـە پیلانێـك بـە هاوكـاری لایـەنی دەرەوە و هەنـدێ وڵاتـان كـە دژی گـەلی كوردسـتانن، دژی رژێمـی دیمـوكراتن لـە عێراقـدا و دژی فیدرالیـەتن، زۆر جـار ئـەو پیلانانـە لەبـەر ئـەوەی پێداویسـتی سـەركەوتنی ئـەو پیلانانـە زۆرە و پـارەی تێـدا سـەرف دەكـرێ و لـە عیلاقاتدا تێدا سەرف دەكرێ، بەڵام هەندێ كەس هەنـدێ جار بـە نـا تێگەیشـتن یـان بـە سـەهو و یـان بـە غەڵت دەكەوێتە لایەنەكەی تریش ، ناخۆشترین شت لـەو مەوزوعـەدا ئەویـە، رۆژی 22ی تـەمووز روویـدا بەو شێوەیەی كە دیمان، پیلانە غەیری پیلانە هەڵەی خۆمانە، بەڵام ئەوەی كە جێگای سـەرنجە، هەنـدێك لەوانـەی كـە رۆژی 22ی تـەمووز ئیمزایـان كردبـوو نـاوی خۆیـان لێنـاوە هێزەكـانی 22ی تـەمووز، ئـەوە خەتەرترین شتە ، ئەگەر بێت و ئەو هێزە لەناو پەرلەمانی عێراقدا هەموویان كۆك بن لەسـەر ئـەوە، واتـا تەیارەكی بەقوەت هەیە دژی دیموكراتیەت لە پەرلەمانی عێراق، من تەبعەن دڵنیام وا نیە، چەند كەسانێك لەناو ئەو خەڵكەدا دەیانەوێ ئەو ئیتیجاهە رابكێشن، من 100٪ دڵنیام ئەو 127 كەسەكەی دەنگیان دا بۆ ماددەی 24 ، زۆرینەیان لەبەر هەندێ ئەسبابی تایبـەت بـەو شـێوەیە دەنگیـان دا ، ئێسـتاكە دڵنیـام لـەوەی جارێكی تر ئەو كۆبوونەوەیە ناتوانن بەو شـێوەیە ئـەو ئیمزایانـە كۆبكەنـەوە، بـەڵام دەبـێ ئێمـە خۆشمان تۆزێك سیاسەتمان، سیاسەتێكی حەكیمانە بێت، لێرەدا دەمـەوێ هەنـدێ شـت روونبكەمـەوە، سـەركردایەتی سیاسی وەكو ئێوە بەپەرۆشن، وەكو ئێوەش و رەنگە زۆرشیان لە ئێوە زیاتر سوورن لەسەر ئـەوەی بـە هـیچ شـێوەیەك تـەنازول نـەكرێ لـە مەسـەلەكانی مافـەكانی كوردسـتان، خـۆم و د.كـەمالیش لـە كۆبوونـەوەكانی بەغدا بەشدار بووین بە ئامادەبوونی هەردوو سـەرۆك، تاڵـەبانی و بـارزانی، چـەندین كۆبوونـەوە كـرا، لـەو كۆبوونەوانە جەخت لەسەر مەسەلەكان كرا، جەخت لەسەر ئەوە كرا كە نابێ تەنازول بكرێ، بەڵام ئـەوەی كە كراوە ئێمە بە تەنازولی نازانین، ئەوە رێگایەكە بە دیالۆگ دەبێ پێی بگەی ، دەستوورێكت هەیە شـتێك نەنووسراوە(1، 2، 3) دەبێ جێبەجێ بكرێ، بەرنامەیەكی هەیە و ئەو بەرنامەیە كۆسپی هاتووتـە پـێش، كۆسپەكان لە لایەن هەندێكیان لەناوەوەیە و لەناو كەركووكە و هەندێكیان لـە دەرەوە زەختێكـی زۆر هەیـە لە توركیاوە و لە وڵاتانی تری دراوسێ، لە هەموو دونیادا دەیانەوێ بەكاری بێـنن، رێگـای جێبـەجێ كردنـی ماددەی (140) بگیرێت، ئێمە خۆمان چیمان كردووەو هەڵـەشمان كـردووە مومكینـە، سیاسەتیشـمان رەنگـە هـەمووی 100٪ راسـت نـەبووبێ مومكینـە ، بۆیـە لەبـەر ئـەوە لـە بەغـدا سـەركردایەتی سیاسـی ئـەو مەسەلەیەی بە جیدی باس كرد، مرونەت لە تەعامول كردنی رۆژانـە بـەبێ ئـەوەی بـە هـیچ شـێوەیەك لـە مەسائیلی مەبدەئیدا تەنازول بكرێت، تەحالوفی كوردستانیش خۆیان لێرە نین و ئێمە خۆمان لێرەین، هیچ شتێكیان نەكردووە بێ ئاگاداری سەركردایەتی سیاسی، ئێمە لێی مەسئولین، راسـتە خـۆ هـەموو نوقتەیـەك ناكرێت كۆتان بكەینەوە بۆتان شەرح بكەین، چاوەڕوان دەكـەین و ئـەو رۆژەی مـن عـەرزم كـرد لێـرە گـوتم دیمستۆرا ئەو خاڵانەی ناردووە و ئێمـەش لـە كۆبوونـەوە وەڵامـان داوەتـەوە و وتمـان بـەڵێ مـوافیقین، هـەر چەندە گلەییمان هەیە و رەخنەمان هەیە ، بەڵام لـەوە كـەمتر رازی نـابین، پێـرێ لەبـەر رۆشـنایی هەنـدێ

لایەن کە ئیسراریان کرد فەقەرەی چوار لابردرێت، دیمستۆرا جارێکی تر موقتەرەحێکی تری هێناوەتەوە، سەرۆکی کوتلەی تەحالوفی کوردستانی برووسکەیەکی کرد بۆ جەنابی سەرۆك کاك مەسعود، نامەی داوەتە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی، دەڵێ ئەوە رەئی دیمستۆرایە، تەبعەن برادەرانی یەکگرتووش ئاگادارن لەو مەسەلەیە و بە تەئکید ئاگاداری مەکتەبی سیاسی خۆیان کردووتەوە، بە تەئکید هەر یەکێك لە تەحالوفی کوردستانی، لایەنەکانی کۆمەڵیشی تێدایە و لە حزبەکانی تریشی تێدایە و ئەوانیش ئاگادارن، حزبی شیوعی تێدایە ئاگاداری سەرۆکایەتی خۆیان دەکەن، دەڵێ دیمستۆرا ئەوەی داوا کردووە، رەئی خۆشی نووسیوەو خۆشی موئەید نیە، ئێمە بە تەلوفۆنات و بە هێن ، هەر هەموومان پێمان گوتووە ئێمە رازی نین بەو شێوەی کە دیمستۆرا تازە هێناوەیەتی ، واتە لێرەدا نە سەرکردایەتی سیاسی ئامادەیی هەیە یان هەبووە بۆ تەنازولێك، بەلام لەوەدا کە قاسمی موشتەرەك بۆ ئەوەی کورد ئیتیهام نەکرێ بەوەی کە بڵێن کۆسپن لەبەردەم هەڵبژاردنی پارێزگاکان، مەسەلەی کەرکووکیان هێناوەتەوە پێشەوە ، ئەگەر چی ناحەقن و ئەگەر چی زوڵم لەمە دەکەن و ئەگەر چی گلەیی لە دەستوور دەکەن، بەلام دەبێ لە گفتوگۆدا و لە دانووستاندن هەر لە ناوەکەیدا دانووستاندنە ، تۆزێك مرونەتێك هەبێ بە بێ ئەوەی تەئکیدمان کردووە دەبێ وشەیەك هەبێ کە ماددەی (140) لەناو ئیتیفاقیەکەماندا هەبێت، هاتە پێشەوە و وتیان ئەوە ماددەی (140) زۆر کەس ئیلحاح دەکەن، وتمان دەبێ ئاماژە بە دەستوور بکرێ، ئەحکامی دەستوور بە تەفسیری ئێمە یەعنی ماددەی (140)یش، رەنگە بە زەقی بۆمان نەکرا بڵێین ئیلا تێدا بنووسرێت و پابەند بوون بە ماددەی (140) ، بەلام پابەند بوون بە ئەحکامی دەستوور، ئەحکامی دەستووریش یەعنی ماددەی (140)ە، کەسیش ناتوانێت نە قسەیەك بکات دژی ئەو مەسەلەیە، بەلام ئەوەی تێدا نەبێ قبوڵ نیە، بەلام ئێمە دەزانین 22ی تەمووز ئینقلابێك بوو لەسەر دەستوور ، ئینقلابێك بوو بە شێوەیەکی سیاسی بەو رێگایەی کە دیمان بۆ ئەوەی بتوانن دەستوور پێشێڵ بکەن، بۆ ئەوەی ماددەی (140)ی پێ ئیلغا بکەن، ئەگەر سەرکەوتووبا من پێم وایە ئەو ماددەیە ماددەی (24)ەکە جێگای (140) دەگرێتەوە، (140) لە بیر دەچوو، ناڵێم لەناو دەچوو، فەرقی هەیە لەناو چوون و لە بیر چوون، لە بیر دەچوو، بەلام لەناوناچێ ، چونکە ماددەیەکی دەستووریە، هەر وەختێك دەکرێت تۆ داوای بکەی و جێبەجێ بکرێ، من رەئیم وایە ئەو داواکاریەی ئێوە قسەی زۆر باش کرایە بە حەقیقەت، هەمووتان دەلیلی ئەوەیە کە بەپەرۆشن و بەدواچوونتان کردووە و موتابەعەتان هەبووە، پێم وایە ئەو داواکاریانەی ئێوە ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی بکرێ و ئێمەش خۆشمان بەشدارین لە کۆبوونەوەکانیان، بەشێکیش لەوانە، نیگەرانی ئێوەش لەم رۆژانەشدا و ئینشاء الله پێش جەژن کۆبوونەوەیەك دەکرێ، هەڵسەنگاندن دەکرێ، دەبێ موتابەعە بکەین، دەبێ راوەستین تەقیمێکی جیدی بکەین، هەڵویستمان لە بەغدا چیە؟ ئەدائمان چۆنە؟ لە کەرکووك چۆنە و چیمان کردووە؟ کاری باشمان کردووە؟ هەڵەمان کردووە؟ ئەگەر هەڵەمان کردووە دان بە هەڵەکانمان بنێین، چاکی بکەینەوە، لە بەغدا ئەگەر پێویست دەکات لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە دۆستین، هاوپەیمانین، لە کێندەر و خەلەلەکە چیە؟ هەندێ ئەندام لە حیزبە هاوپەیمانەکانن بەلام لە 22ی مانگ

دەنگیان دا بۆ ماددەی 24، ئەوەمان هەرچەندە باس کردووە، بەڵام جارێکی تر بێین تەقیم بکەینەوە ئایا ئەو هەڵوێستە لە بەغدا هەر بەردەوامە یان گۆڕاوە؟ چ پێویست دەکات؟ ئێمە هەندێ قەراراتمان داوە لە بەغدا، بزانین ئەو قەراراتانە تا چەندی جێبەجێ بووە؟ ئەگەر جێبەجێ نەبووە بۆ جێبەجێ نەبووە؟ بەڵام بەهەر حاڵ لە زۆر ناکۆکی رەنگە لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا هەبێت، زۆر نارەزایی هەبێت لە ئەدائی حکومەتی هەرێم، زۆر نارەزایی هەبێت لەوەی کە سێ وەزارەتەکە یەکیان نەگرتووە، لەوەی کە دیاردەی ناشرین و نامۆ هەیە لە کوردستان، بەڵام لە مەسەلەی سیاسیدا خۆشبەختانە لەو مەزوعەدا هیچ ناکۆکیەك نیە لە بەینی خەڵکی کورستان و سەرکردایەتی سیاسی ، ئەوەش هێزێکی بەقوەتە و من لێرەشدا دەڵێمەوە چەند بتوانین ریزی ناوخۆمان پتەوتر بکەین، کەم و کوریەکان نەهێڵین و خزمەتگوزارییەکان و مەسەلە سیاسیەکان پتەوتر بکەین و ئازادی زیاتر بکەین و عەدالەت زیاتر دابین بکەین، ئەوەندە ئەوە پشتگیریمان لێ دەکات و لەگەڵمان دەبێت، کافی نیە لە مەسەلە سیاسیەکان لەگەڵدا بێت، دەبێ لە مەسائیلی ئیجتیماعیشدا و لە مەسائیلی حوکمرانیشدا و لە مەسائیلی عەدالەتدا رەئیان کۆك بێت لەگەڵمان و پشتگیریمان لێ بکەن، من سوپاستان دەکەم و داوای لێبوردن دەکەم، دەبێ بڕۆم جا ئەو برادەرانەش قسەی دەکەن جا هەموو مەحزەرەکە د.کەمال بەردەوام دەبێت، هەمووی دەیکەینە نوقات و دەیدەینە سەرکردایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکوکی):**

ئێستا ئەو بەرێزانەی کە ئەیانەوێت ناویان بنووسن، ناویان دەنووسین، پێش ئەوەی ناوەکان بنووسین روونکردنەوەیەك هەیە، برایەکی بەرێز ئیشارەتی بەوە کرد کە د.فؤاد حسین وتوویەتی مەنتیقەکەمان داگیر کردووە و من بە ئەمانەتەوە ئەیلێم، موتابەعەی هەموو وتارەکانی ئەو بەرێزە زۆر بە وردی ئەکەم، ئەو بەرێزە وای نەوتووە، بەڵام رۆژنامە هەندێ جار شت ئەگۆڕن بە ناو زۆر کەسەوە، چونکە لێدوانەکانی ئەو بەرێزە زۆر مەوزونە و زۆریش حیساب کراوە، چونکە ئەو بەرپرسی دیوانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، من زۆر لە نزیکەوە ئاگام لەو بەرێزە هەیە، بەڵام رۆژنامەیەك مێشێك ئەکاتە گامێشێك، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئێستا ئەو بەرێزانەی کە ئەیانەوێ قسە بکەن ناویان ئەنووسین، بەرێز کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر سلیمان کاملا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئاوەڕبدەینەوە لەو کێشەیە، کێشەیەکی مێژوویی سیاسی لە مێژینەی هەیە، کێشەکە لە رژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقەوە کە حاکم بوون بەسەر عێراقەوە، کێشەیەکە کە سەری هەڵداوە تا ئێستا بەردەوام بووە، هەمیشەش کێشەیەکی سەرەکی کورد بووە، وتوێژەکانی کە لەگەڵیدانە بەردوام بووە، ئەمە لەوە دەگەرێن کە لە ساڵی 2003 دوای رووخانی عیراق باس بکەین، کە وا بیر خۆمان بکەینەوە، چەند جار دانووساندن لەسەر ئەوەی کورد دەستپێشخەری کرد، زیاتر هاتووتە پێشی و هەمیشەش لایەنە

پەیوەندیدارەکان بە تایبەتی ئەمریکیەکان و بەریتانیەکان کە حاکم بوون و سیادەی عیراقیان بەدەستەوە بوو لە (UN)یش ، هەمیشە فشاریان خستووتە سەر لایەنی کوردستانی بۆ ئەوەی تەنازول بکات، هەتا لە نووسینەوەی دەستووریشدا لە ماددەی (58) لە ماددەی (140)یش کە ئێستا لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا جێگیر کراوە، ئامانج لەو پیلانانەی کە دەکرێ ئێستا کە سەیر بکەین لە عیراقدا، پیلانەکان ئیقلیمین، پیلانی ئیقلیمی زیاتر کاریگەری هەبووە بەسەر دەرکردنی ماددەی (24) و هێنانی جەیش بۆ خانەقین، نموونەش ئەوەیە کە لە کاتی هێنانی جەیشی عێراقی بۆ خانەقین، زیاتر لە 10 هەزار پاسدار هات بۆ سنووری ئەم ناوچەیە، زیاتر لە چەند مەفاریزیش داخیل بوو بۆ ئەوەی پشتیوانی لە جەیشی عیراقی بکات، مەبەستیان لێرە ئامانجیان هەیە پرۆسەی سیاسی لێرە بوەستێنن، ئامانجێکی تری تورکی هەیە کە تەسلیح کردنی بەرەی تورکمانیە، بۆ دووەمین جار لە ساڵێکدا تەسلیحیان دەکات و ئەوە دەکات بۆ تێکدان، جگە لە ئاوەژرو کردنەوەی راستیەکان، لە هەمان کاتیشدا تەدەخول کردنی سعودیە، نموونەیەکی تر تەدەخولی سوریا باس بکەین کە بەشار الاسد لە کۆبوونەوەیەکی سێ قۆلی لەگەڵ تورکیا و لەگەڵ فەرەنسادا وتی نابێت فیدرالیەت لە عیراقدا بچەسپێت، کە ئەوە پێی دەچێت ئەو کێشەی کەرکووك رەهەندێکی ئیقلیمی، رەهەندێکی دەولی بەخۆی گرتووە، ئەقلیمیەکان دەیانەوێت گەلی کوردستان بە مافە رەواکانی خۆی نەگات و وڵاتی کوردی کەم بکەنەوە، لە هەندێ دەولەتیش دەیانەوێ بەمەبەستی سەقامگیری سیاسی هەمووی لەسەر حیسابی گەلی کوردستانە، کەواتە پێویستە لێرەدا ئەوانەی کە ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کورد دانووساندنێکی جیدی جگە لە هاوپەیمانەکانی کە پێداچوونەوە لە هاو پەیمانەکانی کە چ لەمەجلیس ئەعلایە و چ لە حیزبی دەعوای ئیسلامیە، چونکە ئەوان هەڵویستیان خراپ بوو لەگەڵ دژەکانی ئێمە و لەگەڵ ئەمریکیەکانیش کە دۆستی ئێمەنە بە حیساب کە دۆستی ئێمەنە، دانووساندنێکی جیدی ماددەی (140).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك کەرخی، فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم لە دوا دێری وتە بەنرخەکەی جەنابتانەوە دەست بە قسەکانم بکەم، ئەویش ئەویە هەر شتێك کە دیمستۆرا دەیکات و یا لە لایەنێکی ترەوە هەر تروحاتێك دەبێ، پرۆژەیەك دەبێ، ئەوانە هەموویان بۆ لەناو بردنی ماددەی (140)ن، بەراستی هەر شتێك کە دەکرێ، ئەو پرۆژانەی کە ئێستا ئێمە دەیخوێنین، هەر چەندە لایەنی تەحالوفی کوردستانی لە بەغدا دانیشتنی لەسەر کردووە و قسەشی لەبارەیەوە کردووە، بەڵام بێگومان قبوڵ کردنی ئەو جۆرە شتانە واتە دوورکردنەوەمانە لە کرۆکی ماددەی (140)، ئەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە، بۆیە من پێم وایە واز هێنان لە ماددەی (140) لە دەست خۆمانە، یەعنی کەس ناتوانێ بە زۆری بە ئێمە بڵێ برۆن واز لە ماددەی (140) بێنن، هەر چەندە ئەوان ئیدیعای

ئەوەی دەکەن، بەڵام ئێمە هەتا خۆمان واز لە ماددەی (140) نەهێنین، ماددەی (140) ماددەیەکی قائیمە و پشتی پێ ببستین، چونکە ماددەیەکی دەستووریە، ئەوان کە بەدائیل دێنن بۆ ماددەی (140) هیچ یەکی شتی دەستووری تێدا نیە، ئەوان دەچن ماددەی (24) دێنن لە قانونی موحافەزات ، ئەوان دەچن دیمەستۆرا پرۆژەیەك دێنن، ئەوانە هیچ یەکیان قوەتی دەستووری نیە کە ئێمە پشتی پێ دەبەستین، ماددەی (140) ماددەیەکی دەستووریە، نابێ ئێمە وا بە ئاسانی دەست بەرداری ئەو ماددەیە بین، دەبێ بێنین و بە بەدائیلی ئەوها کە هیچ لە صالحی خەڵکی کوردستاندا نیە پێی رازی بین و قبولی بکەین، ئەوەی موحافەزات، ئینتیخاباتی پارێزگاکان شتێکە و حەقە دەبێ بکرێت و کەس ناتوانێ ببێت بە بەربەست لە پێش ئەو ئینتخاباتانە، بەڵام هیچ عیلاقەی بە جێبەجێ کردنی ماددەی (140) نیە، ماددەی (140) شتێکە کە لە دەستوور ماددەیەکی سەریحە، نەصی لەسەر کردووە و دەبێ جێبەجێ بکرێ، ئەوەی ئینتخاباتی موحافەزاتیش شتێکی ترە دەبێ لە کات و ساتی خۆی بکرێ، بۆچی حەق لە خەڵك بسەندرێ بۆ ئەوەی ئینتیخابات نەکەن، لە شوێنێك بکرێ و لە شوێنێکی تر نەکرێ، ئەوە بەراستی دوورە لە روحی دیموقراتیەت کە یەك لە کۆڵەکە ئەساسیەکانی دەستووری عێراقی بەندە لەسەر دیموقراتیەت و مافی مرۆڤ، کەچی ئێستا لێرەدا لەو تروحاتانە کە تەماشا دەکەین ئەوانە پێشێڵ کراون و ئەوانە پشت گوێ خراون و ئەوە نەك هەر بۆ مەسەلەی کەرکووك، بۆ تەواوی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا شتێکی زۆر خەتەرناکە، پێمان وایە عێراق بەرەو هەنگاوی باش ناڕوات ئەگەر ئەو شتانە روویدات، ئەگەر ئەو شتانە بکرێ، من لە راستیدا حەز ناکەم زیاتر لەبەر کات و لەبەر ئەوەی کە زۆری پێشتر ئەو بەرێزانە بە تێر و تەسەلی باسیان لەسەر ئەو ماددەیە کرد، بەڵام لەو مەسەلەیەی کە لەو حەوت نوقتەیە هاتووە، دوو نەقتەی زۆر موهیمی تێدابوو، یەکەمیان ئەویش ماددەی چوارەمە کە ئەوان رازی نین بە دەستەواژەی (تتكفل الحكومة المحلية في كركوك)، ئەگەر حکومەی مەحەلی لە کەرکووك بە ئینتیخاباتی کەرکووك هەڵنەستێ و یا خوتە دانەنێ کە ئینتیخابات لە کەرکوك بکرێ، چۆن دەبێ خەڵکانێکی تر بێت و لە جیاتی ئەوان ئەو شتانە دابنێن؟ ئەوەی تریش بەراستی باس نەکردنی ماددەی (140) و حەوتەم کە دەڵێ(يسن المجلس قانوناً خاصاً لانتخابات مجلس محافظة كركوك) ئەوەش پێم وایە بەراستی گەمەیەکی زۆر گەورەیە لەسەر مەسەلەی کەرکوك و ئەو شوێنە دابڕاوانەی تریش، هەر هەموویان نەفسی شێوە دەکرێن و پێم وایە بە قەراری قەتعی نابێ ئەو شتانە قبول بکرێ و ئێمە بە ماددەی خۆمان پشت ئەستوور بکەین، بە قەراری گەلی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و بە دەستووری عێراقی کە کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

تكایە رەچاوی وەخت بكەن، تكرار نەبێت، زۆر سوپاس، كاك دیلمان فەرمو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە تەسەوری من ئەوەی لە 22ی تەمووز روویدا خۆی تەئزیم کردنی ئەزمەکە بوو، ئەزمەکە هەبوو یان قەیرانەکە لە بەینی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی هەبوو، خیلافات لەسەر کۆمەڵێك مەلەفاتی گەرم و وفودی کوردستانیش نەیتوانی حلول بدۆزێتەوە لە بەغدا، چونکە تەباین لەسەر رووحی دەستوورەکە هەیە، هەموو خاڵەکانی دەستوور لە خزمەت و لە بەرژەوەندی ئێمەدا نیە، تەفسیری موتەناقیز وەردەگرێتن، لەوەێوە ئەو ئەزمەیە دروست بوو، (un) کە هاتە ناو خەتەکەوە خۆی چارەسەری پێ نیە، بەڵکو ئیحتیوای ئەزمەکەیە، ئەمریکا لە رووی عەسکەریەوە و (un) لە رووی مەعنیەوە کە ئەوەش دەیکات دەبێ تەوافوق بێت، تەوافوقیش یەعنی رازی کردنی هەموو لایەکە و رازی کردنیش یەعنی مفاوەزاتە، ئەمڕۆ جەلسەکەی ئێمە لەسەر ئەو پێشنیارەی ئەخیری (un)ە، ئەو پێشنیارە بە قەناعەتی من خاڵی دووەم شتی باشی تێدایە کە دەڵێتن دەبێ هەموو شتێك ببێت بە پێی خاڵەکانی دەستوور و ئەوانەی پەیوەندی بە کەرکووکەوە هەبن، یەعنی هەر عیلاجێك دەبێ موعارەزە نەبێ لەگەڵ دەستوور، یەعنی قەصدەکەی ماددەی (140)ە، خیلافەك هەیە لەسەر بەشداری حکومەتی هەرێم وەکو بەشداری حکومەتی مەحەلی، بە قەناعەتی من ئێمە دەبێ تەرکیز بکەین لەسەر ئەوە کە دەبێ بەشداری حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی بێت، چونکە تەنها حکومەتی ئیتیحادی بێ، خوتورەتی زۆرە، زۆر شت لە کەرکووك دەبەن و ئینجا ناتوانن چارەسەری بکەن، ئەوەی دیکە هەمووی تەقریبەن تەحالوفی کوردستانی و قیادەی سیاسی کوردستان لەسەری رازی بووینە، باشتر ئێمە ئەوەمان کردبا پێشنیاری یەکەمی دیمەستۆرای کە پێشکەشی کردبوو، ئەو کاتەی لە لای تەحالوفی کوردستانی و قیادەی سیاسی کوردستانی ویجهەت نەزەری پەرلەمان روون دەبوو، دەیانزانی پەرلەمان رەئی چیە لەسەر ئەو پێشنیاری یەکەم، هەرچەندە بەرێزت ئەو پێشنیارەی دیمەستۆرات دابەش کرد لەسەر هەموو ئەنجومەن، بەڵام لە کەم خەمی یان ئەوە رەنگە هەموویان بیروڕایان نەدابێتی ، ئەگەر زوو کۆببوونەوە بکەین بۆ ئەوەی یارمەتی تەحالوفی کوردستانیش بدەین، مفاوەزاتەکە تەحالوفی کوردستانی و سیاسی کوردستان و قیادەی هەرێمە، پەرلەمان مفاوەز نیە، لەبەر ئەوە ئێمە رەنگە بتوانین رەئی و مەشوورە تەقدیم بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك محسن، فەرمووو.

**بەڕێز محسن علی اکبر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەیبینین لە کەرکووك و چەند رۆژێك لەمەو پێش لە خانەقین و پێشتریش لە پەرلەمان لە 22ی تەمووز، ئەوە خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکە هاتووتە پێشەوە، حەق وایە پێش ئەوەی ئێمە شەرحی رووداوەکە بکەین، لە خۆمان بپرسین بۆ ئەمانە دێتە پێشەوە؟ چی بکەین بۆ داهاتوو بۆ ئەوەی زاڵ بین بەسەر ئەو وەزعیەتەی کە بەردەوام دروست ئەبێ؟، دیارە ئەم مەسەلەیە کە هاتووتە پێشەوە لە ئەنجامی دوو مەسەلەیە ، یەکەم: گۆڕان لە تەرازووی هێز ، دووەم: ئەو عەقلەیەتە کۆنەی کە

زاڵە بەسەر هەندێك لە نوخبەی سیاسی ناو عێراق ، ئەو دوو مەسەلەیە یەكی گرتووە، ئەو نوخبە سیاسیانە پێیان وایە گۆڕانێك بەسەر تەرازووی هێزدا هاتووە لە ئەنجامی ئەو دەنگدانەی كە لە 22ی تەمووز لەناو پەرلەماندا كرا سەبارەت بە وەزعی كەركووك و ئینتیخابات لەناو كەركووكدا ، ئەگینا ئێستا وای لێ هاتووە لای ئەو نوخبە سیاسیە پێیان وایە عێراق تەنها ئەو مەناتیقانەیە كە خۆیان پێیان وایە ئەوە عەرەبیە، ئەگینا عێراق مەناتیقی كوردستانی ناگرێتەوە، بۆیە ئەڵێ ئێمە هێز ئەنێرین بۆ ئەو ناوچانەی دەرەوەی هەرێمی كوردستان و ئەوەی ناوچەی عیراقین، كەواتە سلێمانی و هەولێر و دهۆك مەنتیقەی هین نین، عیراقی نین، یەعنی ئەم عەقلیەتە من لە حرصەوە بۆ ئایندەی عێراق، چەند حیرصم هەیە بۆ كوردستان ئەوەندەش حیرصم هەیە بۆ ئایندەی عێراق و مەسەلەی دیموكراتیەت لە عێراقدا، بەو عەقلیەتە پێیان وایە یەعنی هەر شوێنێك كوردی بوو عێراقی نیە؟ ئەیانەوێ ئەو ناوچانەی دابگرن و بیكەن بە ناوچەی عەرەب نشین، مەسەلەكە وایە، ئەگینا بەرێزێك وەكو صالح موتلەگ، كە هەڵئەستێ قسە ئەكات، یان ئەوانەی لە ئەمسالی ئەون، باس لە تەكریدی ناوچەكان ئەكەن، بۆ ئەوەی مەسەلەی تەعریب، كە هەشتا ساڵە تەعریب دەكرێ لە ناوچەكاندا، بە ملیارات دۆلار سەرف ئەكرێ بۆ مەسەلەی تەعریب ئەیانەوێ بە پێنج رۆژ هەمووی تێك بدەن و مەسەلەی تەعریب بكرێ بە مەسەلەی تەكرید، تەكرید هاتووتە ئاراوە و ئەو ناوچانەی دەرەوەی هەرێمن تەوەسوعی كوردی هەیە، ئەمانە بۆتە موصتەلەحاتی رۆژ و بەكاری ئەهێنن و خیتابێكی زۆر چەواشاكارانەیە، پیویستە قیادەی كوردی و قیادەی سیاسی كوردی بە خۆیدا بچێتەوە، لە تەبیعەتی تەحالوفاتی و لە دروشمەكانی و لە خیتاباتی و لە پەیوەندی بە جەماوەری گەلی كوردستان و ئەوانەی كە مەتلووبە لە لایەن قیادەی سیاسی كوردی كوردستانی و لەناو كوردستاندا چی ئەنجام دا مەفروزە ئەوە پێشتریش بیكردبایە، ئێستاش نەچووە بچێ، ئەبێ ئەو شتانە بكات و هیچ ترسێكی نەبێ، كۆمەڵێك مەسائیل هەیە، ئێمە حقوقی توركمان شتێكە مەفرۆزە یەعنی موسەلەم بێت و بنووسرێتەوە و ئیشیشی بۆ بكرێ، من بۆ بیدەم بە دەستی قەدەرەوە، ئێستا هەندێ خەڵكی حیزبی باسی ئەجینداتی تر دەكەن، ئەجینداتی دەرەكیە و ئەجیندەی ناوەكیە و ئەو عەقلیەتە شۆڤینیەی كە لەناو عێراقدا زاڵە بەسەر هەندێ لە نوخەبی سیاسی ئەیانەوێ تەعامول لەگەڵ ئەو مەسەلانە بكەن و بەو جۆرە بیبەن كە لەمەو پێش بەكاریان هێناون، من پێم وایە مەسەلەی عێراق ئیستیقامە ناكات بەو جۆرە عەقلیەتانە و عیراق بە لا رێ ئەبەن و دیارە هەر ئەو عەقلیەتە كە خۆیان بە وەتەنی ئەزانن نەتیجەی ئەو عەقلیەتە بوو كە هەشت ساڵ شەری عێراق و ئێران بووە و عێراقیان كاول كردووە، دوا بەدوای ئەوە كوێتیان داگیر كردووە ، ئەو ئەزەماتەی بەسەر عێراقدا هاتووە داری لەسەر بەردی نەماوە و وەزعیەتی عێراقیش ئێستا وایە نەتیجەی ئەو عەقلیەتەی كە خۆیان تەنیا بە وەتەنیەت ئەزانن و بە عیراقی ئەزانن، هیچ كەسێكی تر كە بە خیلافی ئەو تەفكیرەی ئەوان بیر بكاتەوە عیراقی نین، بۆیە ئەوانەیان ئەوێ كە تەمجیدی ئەو بیر و بووچوونە ئەكات، عێراق تەنیا عیراقی عەرەبیە و كورد میوانە لەناویدا، لە كاتێكدا لە دامەزراندنی دەولەتی عیراقی یەكەم جار كە فەیصەڵیان هێنا بۆ عێراق و

بیکەن بە مەلیکی عێراق ، بەریتانیا پێی ئەڵێن لە کوێ مەلیکی، ئەڵێ حدودی تۆ تاکو حەمرین، یەعنی مەعلوومە ئەوانە هیچ وەختێك ناگەڕێنەوە بۆ مەسائیلی تەئریخ و بۆ مەسائیلی سوکانی و لە ناو عێراقدا چۆن بوو و لە لایانەوە مەتلەب نیە، ئەوەی کە مەتلەبە چ عەقلیەتێك هەیە و عێراقیان بە چی حیساب کردیە؟ قەت بیریان لەوە نەکردووتەوە عێراق لە دوو قەومیەت پێکهاتووە و لە دوو سەرزەمین پێکهاتووە، لە دوای حەربی عالەمی یەکەم ئەو دوو دراینە بە دەمی یەکەوە، بە مەرجێك مافی گەلی کوردستان لە ناوچە میرنیشینەکان یان کوردستانیەکان هەمووی دابین بکرێ، هەمووی وردە وردە هاتوونەتە پێشەوە، پێویستە ئێمە بە خۆماندا بچینەوە، چونکە هێزی ئێمە تەنیا شعارات و قسەکردن و بڵێین سوورین لەسەر ئەوەی و تەنازول ناکەین و تەنازولیش دەکەین، لەبەر ئەوە مەفرۆزە من لێرەوە ئەوە ئەڵێم بەخۆداچوونەوە، یەعنی گەڕانەوە بۆ کۆمەڵانی گەلی کوردستان بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانیان، وەك گوێگرتن لە داواکانیان، ئیستیفاقی جەماوەری گەلی کوردستان لە دەوری قیادەی سیاسی زامنی گەڕانەوی هەموو ئەو ناوچانەیە، بە پێچەوانەی ئەوانەشەوە ئێمە بەس بۆ خۆمان شیعارات بێنین و بڵێین هین ناکەین و تەنازول ناکەین و تەنازول نەکردن بە بێ هێز نابێ ، ئەوارەقەکانی ئێمە چۆنە و لە کوێ بەکاری ئەهێنین و کەی بەکاری ئەهێنین، مەفرۆزە ئەوانەمان هەبێ هیچ سڵیش نەکەینەوە لە هیچ شتێك، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك عثمان، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا پرسیار ئەوەیە ئەو کۆبوونەوەی ئێمە دەیکەین، تەنها بۆ قسە کردنە، یان بۆ وەرگرتنی بڕیارێکە، ئەگەر بۆ وەرگرتنی بڕیارێکە پشتگیری قسەکانی جەنابت دەکەم، پێویستە ئێمە بڕیارێك وەربگرین لەو کۆبوونەوە، ئەوجا تەوجیهی هەر کەسێکی دەکەن، فیعلەن پێ داگرین لەسەر ئەو قسانەی لێرە کراوە و بە هەموو لایەنێك رابگەیەنین، من پێم وایە عێراق هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە مەلیك فەیصەل و پاشان عبدالکریم قاسم و حزبی بەعس و دوای رووخانی سەددامیش وەعدی زۆریان بەکورد دایە و لە دەستووریش شتی باش نووسرایتەوە، بەڵام هیچ کامیان دەستوورەکەیان جێبەجێ نەکردیە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ باوەڕ ناکەم ماددەکانی دەستووری جێبەجێ بکرێ، بۆیە ئێمە حەقە گلەیی هەر لە ناحەزەکان و دوژمنەکان و ئەوانە نەکەین کە دەیانەوێ مافی میللەتەکەمان جێبەجێ نەکەن، گلەیی لە ئەدای قیادەی سیاسی خۆشمان بکەین، چونکە فیعلەن ئەوە مفاوەزاتە یان مەسەلەن ئەگەر ماددەیەکی دەستووریش بێ، محاوەلاتە و مفاوەزاتە و دانوستاندن هەر کەس بۆ خۆی رادەکیشێ، خۆ ئێمەش ئەگەر نەتوانین هیچ جارێك بۆ لای خۆماندا رابکێشین ئەوە دەبێ هەر ئەوە بڵێین ناکرێ هەر نەیڵێین، پرسیار ئەوەیە ئەگەر قیادەی سیاسی کوردستان پیێ وایە پرۆسەی سیاسی لە عێراق کورتی هێناوە و یان ئەمەلی دانووستاندن

نەماوە، ئێمە حەقە فیعلەن بە شەفافانە قیادەی سیاسی بێت لێرە لەو پەرلەمانە، لەو شوێنە پێرۆزە بە میللەتەکەمان بڵێت، ئەوەندەمان پێ دەکرێ و هەتا ئێرەمان هێناوە و پێویستە تەوعیەی جەماوەری ، ئەگەر ئێمە لە پرۆسەی سیاسی فیعلەن کورتمان هێناوە دەبێ بێین تەوعیەی خۆمان بکەین و بە شەفافانە مەسەلەکان بە خەڵکی خۆمان بڵێین، ئەگەر نا ئەمڕۆ پێویستە شەڕێکی دەستووریە، قیادەی سیاسی بە گشتی قورسایی خۆی بخاتە بەغدا، چونکە قەرارات لە بەغدا دەدرێت، قەرار لە کوردستان نادرێت، قەرار لەسەر داهاتوومان لەسەر ئێستامان لە بەغدا دەدرێ، ئێمە دەبێ هەموو قورسایی خۆمان بخەینە بەغدا و لایەنە دژەکان راکێشینە سەر مێزی گفتوگۆ، هەموو کێشە هەڵپەساوەکانی خۆمان بە ئا، یان نا وەربگرین، ئێمە ئەوە 17 ساڵە حوکمڕانی خۆمان دەکەین و 5 ساڵیشە فیعلەن حکومەتی عێراقی دامەزراوە، نەمانتوانیوە وەڵامێکی بە ئا، یان نا بدەینە کەس، خاڵێکی تر بەراستی مەسەلەی ماددەی (140)، ماددەی (140) بە رەئی من ئەگەر ، من پێشنیار دەکەم و جارێکی تریش من وام گوتووە ، ئەگەر ناتوانین جێبەجێی بکەین و فکر هەیە بۆ تەنازول کردن لەو ماددەیە کە زۆر برادەران باسی ئەوە دەکەن کارەکە زەحمەت بوو و (un) هاتە ناوی ، ئێمە حەقە مساوەمە لەسەر شتێکی تر بکەین بۆ وەرگرتنی ماددەی (140)، چونکە ماددەی (140) لە هەموو خاڵەکانی تری دەستوور بۆ کورد گرنگترە، نەوتە و نازانم چیە، ئێمە حەقە لە یاسای نەوت مساوەمە بکەین بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی (140)، دانووستاندنە، راکێش راکێشە، یەعنی ئێمە حەقە هەموو ئەوانە تاقی بکەینەوە و من پێم وایە دەبێ ئەوەش بڵێم، خۆمان قیادەی سیاسی کوردستان لە دانووستاندندا بڵێین یان نەڵێێن، من پێم وایە دوو خاڵی مێژوویی کوردی هێنایە کە قیادەی سیاسی کردوویەتی بە تەئریخی خۆی، یەکیان لە ساڵی 1974 قیادەی سیاسی کوردستان قبولی کرد کەرکووك لە دەرەوەی ناوچەی حوکمی زاتی بێت، ئەوە کارێکە، لەکەیە لەسەرمان و بازاڕی خۆش کردووە بۆ دوژمنانی گەلەکەمان کە بە ئاسانتر پێ لەسەر ئەو مەسەلەیە دابگرن، دوو: لە کاتی رووخانی رژێمی سەددام قیادەی سیاسی کوردستان نەدەبوایە کوردستان بوونی کەرکووك یان کوردستان نەبوونی کەرکووك بە ریفراندۆم قبول بکات، ئەوە رێگای خۆش کرد بۆ ناحەزانی گەلەکەمان کە بێنە ناوەوە و جورئەت بکەن، بۆیە ئێمە بە هەموو شێوەیەك فیعلەن لەسەر ماددەی (140) تەئکیدی دەکەمەوە پێویستە و پێشنیاری دەکەم ئەگەر شتێکی تر هەیە، مساوەمەی لەسەر جێبەجی کردنی ماددەی (140) نەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەرێز کاك د.ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵبژاردنی پارێزگاکان بە هەڵبژاردنی کەرکووکیشەوە، ئەم هەڵبژاردنە بۆخۆی نیمچە راپرسیەکە، هەرچەند چارەنووسی راپرسی بۆ هەندێ بابەت جیایە، بەڵام ئەمەش بۆ خۆی راپرسییەکە و ریفراندۆمێکە، دەنگ بە نوێنەرانی گەل ئەدرێ، کێ زۆرینە دێنێ و کێ کەمینە دێنێ؟ دیارە هەر لە

بنەڕەتدا هەر کۆنەبەعسیەکان و ڕەشەبینیەکان و نوێنەرانی بەرەی تورکمانی بە پشتیوانی دەرەکی دژی هەڵبژاردنەکانن، دلیلیش ئەوەیە باڵوێز احمد ئۆغلو راوێژکاری سەرۆك وەزیرانی تورکیایە، ئەڵێ تورکیا ڕۆڵێکی ڕەئیسی بینی لە هێنانەوەی سوونەکان بۆ پێکهێنانەکانی سیاسی و دواخستنی ریفراندۆمی کەرکووك، لەگەڵ کێ؟ تەبعەن ئەوەی ئەم ئەیەوێ مەبەستی لەگەڵ ئەمریکایە، کە توانی قەناعەت بە ئەمریکا بێنێ کە لەگەڵ سوونەکان نزیك بێتەوە، سوونەش بێتەوە، ئەو هینە بۆ ئەوەی پێگەی کورد یان ئەو پێکهاتەی کە لە عێراقدا هەیە ئەو سێ پێکهاتەیە وجودیان هەبێ، بێگومان لەناو خودی بەرپرسانی ئەمریکیەکان بەداخەوە ئێمە گوێمان لە بۆچوونی جیاواز ئەبێ ، بەرێز باڵوێز کرۆکەر کە دێتە کوردستان، باسی ئەوە ئەکات کە ئەوان باسی ماددەی (140) و ئەوان لەگەڵ ئەوەن کە هەڵبژاردنەکان بکرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا قۆنصولی ئەمریکی لە کەرکووك بە پێچەوانەوە، ئەصلەن هیچ حیسابێك بۆ ماددەی (140) ناکرێ، لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ ڕۆژنامەی ئاسۆ ، باسی ئەوە ئەکات کە ماددەی (140) یان چارەسەر کردنی کێشەی کەرکووك بە یاسا نابێ، جێی سەرسوورمان و سەیرە نوێنەری ئەو وڵاتەی کەوا یەکەم دەستووری داناوە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە، ئەو دژی هەڵبژاردن و دەستوور و یاسا بێت، بێگومان ئەو کاریگەری هەیە، قونصول فەرقی هەیە، ڕۆژانە خەڵکی ئێمە ئەبێنێ، کورد ئەبێنێ و تورکمان ئەبێنێ و عەرەب ئەبێنێ، بۆیە من پێم وایە ئێمە گلەییەکان تەنها لەوانە نەکەین کەوا ئەمڕۆ بە ناو گرووپی 22ی تەمووزن، ئەوانە پشتیوانیان هەیە و ئەوانە هاندەریان هەیە، هاندەریان لە دەرەوەی سنوورەکانن، لە ئەتراف خۆیان، لە دەرەوەی سنوورەکان هاندەریان هەیە بۆ ئەوەی ئەو هەڵوێستە وەربگرن، مەبەستیش وازیحە، چیە، مەبەست ئەوەیە کە ماددەی (140) جێبەجێ نەکرێ، چاویان هەڵئایەت کە ئەو باودۆخەی کە لە هەرێمی کوردستاندا دروست بووە، چاویان بەو بارودۆخە هەڵئایەت، ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر بێت و ئەو ناوچانە بێنە سەر هەرێمی کوردستان، بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو وەختە پێگەی هەرێمی کوردستان لە عیراقی فیدراڵدا بەهێزتر ئەبێت و ئەتوانێ پێدا بگرێت لەسەر زۆر مەسائیلی دیکە، ئەوەی کە ئێمە ناومان لێناوە دۆست کە زۆر جار روو لە هاوپەیمانانی دۆستمان بکەین، پێیان بڵێین ئێوەن و ئێوەش هاوکاریمان بکەن لێرە، ئێوە ئەتوانن ئەوە بگۆڕن، ئەوانە ئەتوانن ببنە ناوبژێوان لە بەینی هەمووومان بۆ تەنها ئێمە تەنازول بکەین، بۆ چی لە هەموو شتێك دەبێ ئێمە تەنازول بکەین؟ ئەوە چوار ساڵە، ڕاستە زۆر لە برایان و خوشکان باسیان کرد کۆمەڵێك لە کەم و کورتیەکان خەتای خۆمانی تێدایە، هەندێ لەو پێشنیارانەی کە عەرەبی شۆڤینی و کۆنە بەعسیەکان و بەرەی تورکمانی پێیان لەسەر داگرت، پێشنیاری خۆمانە، یەعنی خۆمان بەڵامان بۆ خۆمان دروست کردووە، یان هەڵوێستی، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەو برایانەی لە بەغدا ، من ناڵێم هەموویان ، بەڵام بەشێکیان بەداخەوە دەوری خۆیان نەدیوە، ئەگەر دەوری خۆیان بدیتبا نەئەگەیشتە ئەو حاڵەتە، تەبعەن ئەوەش گوناحی ئەوان بەتەنها نیە، سەرکردایەتی سیاسیشە، ئەو کەسانەی وەکو نوێنەر لە بەغدا ئیش دەکات، وەکو کاك عثمانیش باسی کرد شەڕی ئێمە لە بەغدایە، شەڕی ئێمە لەویەیە، لەوێ ئێمە سوقلی خۆمان ئیسبات بکەین، چیمان ئەوێ؟ دانووستاندن لەگەڵ ئەوە ئەکرێ، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانان و ئەمریکا، لەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**کاك محمد ، فەرموو.**

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە پێویستی ئەزانم لە چەند خاڵێکدا باسی ئەوە بکەم بۆ ماددەی (140) گەیشتووتە ئەو وەزعەی کە ئێستا تێکەوتووە؟ یەکەم خاڵ : ئایا دەوری سەرکردایەتی کورد لە جێبەجێ کردنی ماددەی (140) و هەروەها ئەو مەسئولانەی کە لە بەغدا دامانناوە و بە هاوپەیمانی کوردستانیشەوە دەوریان چی بوو؟ دوو: ئیش کردنمان لە کەرکووك وەك پێویست بووە لەگەڵ نەتەوەکانی تر یان نا؟ سێ: رازی بوونمان بە هاتنی (un) بۆ تەداخول بوونی لە کێشەی کەرکووکدا کارێکی باش بوو یان کارێکی تەئسیراتی خەراپی هەبوو؟. چوار: ئێستا چی بکەین ئێمە باشە؟ من دەوری سەرکردایەتی کورد لە جێبەجێ کردنی ماددەی (140) هەر لە زەمانی بەڕێزان عەلاوی و جەعفەری و زمانی مالکیشدا دەورێکی لاواز ، هەر بۆ ئەوەی ئێمە نیشانی بدەین وەکو کورد کە ئێمە تەساموحمان هەیە و ئێمە ئەمانەوێ چوارچێوەی عێراق بپارێزین و ئەو مرونەتەی سەرکردایەتی کورد لەسەر حیسابی دەسکەوتەکەمان بوو کە لە هەزاران شەهید تەسبیتمان کردووە، بۆیە ئەو مرونەتە دەبێ لەمەودوا وازی لێ بێنین، ئەبێ سوور بین لەسەر حەقەکانی خۆمان، دوو: ئیش کردنمان لەناو شاری کەرکووکدا بەراستی وەکو پێویست نەبووە، یەعنی ئەبوایە ئێمە زیاتر هەوڵمان بدایە لەگەڵ نەتەوە جیاوازەکانی تری کەرکووك ، تورکمان و عەرەب و ئاشووری ، زیاتر تەعامولی باشمان لەگەڵ بکردبایە و تێمان بگەیاندبان کە بوونی ئەوان لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا باشترە و لە چاو میللەتی کورددا رەنگە دەسەڵاتی زیاتر بێ و زیاتر بکەن لەوەی کە بچنە ناو 20 ملیۆن عەرەبەوە ، ئێمە ئەم کارەمان نەکردووە، سێ: رازی بوونمان بە هاتنی (un) بۆ ناو کێشەی کەرکووك، بە رەئی من کێشەکەمان خستە ناو هێنەکی نیودەوڵەتیەوە، چونکە (un) کە تەداخولی لە هەر چ مەسائیلێکی کردبێ تا ئێستا نەیتوانیوە چارەسەری بکات، بۆیە کێشەی کەرکووکیش وای لێ ئەکات بە رەئی من، ئێستا ئەبێ ئێمە چی بکەین؟ بەرەئی من سەرکردایەتی سیاسی کورد ئێستا ئەبێ هەڵوێستێکی روون و ئاشکرای هەبێ بەرامبەر ئەو موئامەراتانەی کە ئەکرێ لە لایەن شۆڤێنێتی عەرەبییەوە بە هاوکاری و پشتگیری دەوڵەتەکانی ئیقلیمی و، ئەبێ هەڵوێستێکی روون و ئاشکرامان هەبێ و، ئەو مەسائیلانەی کە ئێستا باسمان کرد تێدا روون بکرێتەوە و، ئەو برادەرانەی عەرەبی کە خۆیان بە حەلیفی ئێمە دەزانن روون و ئاشکرا قسەیان لەگەڵ بکەین، تەنازولی تر نەکەین لەسەر مەسائیلی میللی خۆمان، دووەم: لەگەڵ ئەمریکیەکانیشدا بە رەئی من لەو پلانە ئەبێ باسیان لەگەڵدا بکەین بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی ئاساییشە و ئێستا موئامەرەیەکی گەورەی لەسەر هەیە و ئەیانەوێ ئەو ئارام و ئاساییشە لە هەرێمی کوردستاندا تێك بدەن، کە بە رەئی من تێکدانی ئارامی و ئاسایشی کوردستان تێکدانی ئارام وئاسایشی ناوچەکەیە، کە بە زەرەری هەموو لایەك ئەگەڕێتەوە و بە زەرەری دیموکراتیەت ئەگەڕێتەوە و بە قازانجی پیاو کوژان و تیرۆرستانە، ئێمە پێویستە بۆ ئەم مەسەلانە خۆمان ببەستینەوە بە دەستووری عێراقیەوە، ئەو دەستوورەی کە 80٪ خەڵکی عێراق دەنگیان لەسەر داوە، لەو دەستوورە ماددەی 140 هەیە و ئێمە ئەبێ ماددەی 140 جێبەجێ بکەین و نابێ رازی بین بە هیچ جۆرە موقتەرەحاتێك لەم لا و لەولاوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێز كاك غفور مەخموری، فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پرسەی ئەمڕۆ بەراستی پرسێكی گرنگ و چارەنووسە و دەبێ گفتوگۆی لەسەر بكەین، بەڵام من بەراستی پێشنیاری ئەوەم هەبوو كە خۆزگەشم دەخواست كە ئەو دانیشتنە تایبەتبا بە دیراسەتكردنی داواكاری ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك، كە داوایان كردبوو بگەڕێنەوە سەر هەرێمی كوردستان و بێنەوە ناو باوەشی كوردستان و بە داخەوە پەرلەمانی كوردستان تا ئێستاكە نە لەسەر ئەو داواكاریە دانیشت و نە هیچ هەڵوێستێكی روونیشی راگەیاند كە دەبوایە ئەو دانیشتنە لەسەر ئەوە بوایە، ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر: ئێمە بەراستی دەبێ جورئەتی بریاری سیاسیمان هەبێ ، لە رابووردوودا ئێمە دەبێ چاوی پێ دابخشێنینەوەو سیاسەتێكی باشمان پیادە نەكردووە، هەم لە عێراق و هەم لە كوردستان بۆ ئەوەی بتوانین خواستەكانی خۆمان وەدەست بێنین، جەنابت بەنیسبەت ئەو راپۆرتەی دیمستۆرا روونكردنەوەی باشت دا بەراستی لەسەر ئەوانە، بەڵام دەكرێ ئێمە جوملەتەن و تەفصیلەن ئەو پێشنیارانە هەمووی رەت بكەینەوە، بە هیچ شێوەیەك بەو پێشنیارانە رازی نەبین، لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیارانەی دیمستۆرا هەر هەمووی بە بێ ئیستیسنا لە قازانجی ئێمەدا نیە، مەسەلەی ئەو یەكسان كردنی دەسەڵاتەكان لە كەركووك ئەوە دەبێ ئینتیخابات ئەوە یەكلایی بكاتەوە كێ دەسەڵات وەردەگرێت لەوێندەرێ نەك ئەوە بێت بەبێ ئینتیخابات ئەوە فەرز بكات و نیصابەكان دابەش بكات، ئەوە خاڵێك دواتر دەڵێ پاش ئەوەی نیصابەكان یەكلایی بكەیتەوە ئەوجا ئینتیخابات بكرێ، پاشتر مەسەلەی یاسایەكی تایبەت بۆ كەركووك ئەوە خۆی بۆ خۆیدا بەدیلە بۆ ماددەی (140)، دواتر ناو نەهێنانی ماددەی (140) هەندێ یاساناسی عێراقی دەڵێن: لە دوای 12/31 ماددەی (140) مردووە، ئەوە دیسان تەنزیرە بۆ ئەو بۆچوونەی بەعزە یاسانانسی عێراقی، بەراستی ئێمە دەبێ ئەوانە قبول نەكەین، لە هەمان كاتدا دەبێ بە زووترین كات ئێمە كارەتەكانی خۆمان بەكار بێنن، ئێستا كاتی ئەوە هاتووە بەراستی، ئێمە هەتا ئەگەر بمانەوێ لە رووی دەستووریەوە و لە رووی یاساییەوە و لە رووی ململانێ سیاسیەوە ئەو وەربگرینەوە، بەداخەوە ئێمە لێرە سەركەوتوو نابین، دڵنیاش بن بەو شێوەیە كەركووك قەت قەت ناگەڕێتەوە ناو باوەشی كوردستان، تەنها و تەنها وەكو پێشتریش من ئەوەم راگەیاندووە، ئێمە دەتوانین بەهێز ئەو ناوچانەی وەربگرینەوە و بیخەینەوە ناو باوەشی كوردستان، بێ بەكار هێنانی هێز، ئێمە ناتوانین هیچ شتێك بكەین.

خسوسیەتی عیراق ئەوەیە كەی تۆ هێزت بەكارهێنا ئەو كات دەتوانی مەرجەكانی خۆت بسەپێنی، سایكۆلۆژیەتی عەرەبیش ئەوەیە كە تا تۆ هەڵی بڕی لەبەرت را دەكات، تا لەبەریشی ڕابكەی بەدواتەوە دێت، ئەوە سایكۆلۆژیەتی عەرەبە، بۆیە ئێمە بەڕاستی دەبێت لەو مەسەلەیە هەڵوەستە بكەین و بەزووترین كات ئێمە چەند بڕیارێك وەربگرین، یەكەم: كشانەوەمان لە بەغدا بە تەواوی ستافەكان لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكایەتی كۆماریشەوە، بۆ ئەوەی ئێمە فەراغێكی سیاسی،

ئیداری، ئەمنی لە عیراق دروست بکەین، لەوەوە قەیرانێك دروست دەبێت، ئەمریکاش وەکو ژمارەیەکی بەهێز تر لەناو هاوکێشە سیاسیەکان لە عیراق حیسابت بۆ دەکات و گوێ لەداخوازیەکانت دەگرێت، چونکە تا تۆ قەیران بۆ ئەمریکا دروست نەکەی و ئەجندای ئەمریکا لە ناوچەکە نەخەیتە بەر هەڕەشەوە ئەمریکاش ئەو حیسابەت بۆ ناکات، هەرچی گوتی بەلێ و بۆی بکەی و پێی ڕازی بیت، دووەم: بردنی هێز بۆ دەوروبەری کەرکوك و لە کاتی پێویستی دا داخل کردنی ئەو هێزە بۆ کەرکووك بەوە ئەزمەیەکی ئەمنی لە هەموو ناوچەکە دروست دەبێت، لە نەتیجەی ئەوەشدا ئێمە بتوانین نەوتی کەرکووك ڕابگرین و نەیەلین بڕوات بۆ تورکیا، بەوە ئێمە هەندێك زەختی خۆمان پیشان دەدەین و لە هەمان کات دا دەکەوینە حالەتێك کە دانووستاندنمان لەگەڵ بکرێت و لە خالی بەهێزی خۆمان دا دەبین، من بەڕاستی سەیرم بەوە دێت، بۆچی لایەنە سیاسیەکانی عیراق لە دانیشتنەکان بچنە دەرەوە و تاوەکو مەرجەکانی جێ بەجێ نەبێت نەگەڕێنەوە بۆ دانیشتنەکان، بەلام ئێمە کە تەمسیلی میللەتێك بکەین ئەو هەڕەشانە نەکەین و ئەو کارتانە بەکانەهێنین، ئێوە سەیری ئەوە بکەن سوونیەکان پێشتر بەشداری پرۆسەی سیاسیان نەدەکرد، بەلام ئەمریکا و هەموو ولاتانی تر و هەموو لایەنە عیراقیەکان داوایان دەکرد کە بەشدار بن لە پرۆسەی سیاسی، کە هەموو ئەرکەکانی خۆیان جێ بەجێ کرد ئەو کات بەشدار بوون لە پرۆسەی سیاسی، بۆیە ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو مەنتقە و ئەو خالە و بەو شێوەیە ئێمە مامەلە لەگەڵ کێشەکان دا بکەین، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە نزیك ترین دەرفەت دا کۆبوونەوەیەکی گشتگیر بکات بە ئامادەبوونی هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی کوردستان بۆ ئەوەی بڕیاری یەکلایی کەرەوە وەربگرین بۆ کشانەوەمان لە بەغدا و هیچی تر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان نەچێتە بەغدا، با ئەوان بێنە ئێرەو دیالۆگ لەگەڵ ئێمە بکەن، ئەگەر ئێمە تێبینی بکەین لە رابردوو دا بە درێژایی دیالۆگەکانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش جارێك لە جاران بارزانی نەمر رووی نەکردە بەغدا و هەر ئەوان هاتن بۆ ناوپردان و حاجی ئۆمەران بۆ دیالۆگ، بەڕاستی ئێمە خاوەنی قەزیەیەکین و بەهێزترین کەسین لە ناوچەکەدا، کارتی زۆر بەهێزمان بەدەستەوەیە و سەقامگیری و هێمنی ناوچەکە لە دەستی ئێمە دایە، هەروەها تێکدانی هێمنی ناوچەکەش لە دەستی ئێمە دایە، ئیدی ئێمە لەچی بترسێین لەو قۆناغەدا، بۆیە دەبێت ئەو کارتانە بەکاربهێنین، ولاتانی دەوروبەریش کە ئێمە تەسیرمان لەسەر ئەوانیش هەیە، ئەگەر ئێمە هاوهەلوێستیەك و هەماهەنگیەکی کوردستانیمان هەبێت دەتوانین کاری باش بکەین بە هەموو لایەکمان، هیوادارم بەو ئاراستەیە هەنگاوبنێین، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك بەلێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەلێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن نامـەوێت بگەڕێمـەوە بـۆ سـەر ئـەوەی کـە ئـەو وەزعـە بـۆ گەیشـتە ئێـرە، مـن دەمـەوێت بڵـێم ئـەو دەرفەتانەی کە بۆ ئێمە ڕەخساوە نـەمانتوانیوە ئیسـتغلالی بکـەین، ئێسـتاش دەرفـەت بـۆ ئـەوان ڕەخساوەو ئەوان پلان و نەخشەکانی خۆیان جێ بەجێ دەکەن، بـە حیسـابی ئـەوان هـەروەکو بـرای بـەڕێزم موحسـین ئیشارەتی پێ کرد ئێستا تەرازووی هێز لـە مەسـڵەحەتی کـورد دا نییـە، چ لەسـەر ئاسـتی دەولی و چ لەسـەر ئاسـتی ئیقلیمـی و چ لەسـەر ئاسـتی عیراقـیش، بـە حیسـابی خۆیـان ئـەمریکا لەسـەروبەندی هەڵبژاردنـە پێویستیان بە هەندێك مەسەلە هەیە بۆ ئەوەی تەوزیفی بکەن بۆ هەڵبژاردنەکان بـە تایبـەتیش دوو خـاڵ هەیـە، کـە یەکـەمیان: ئـەو سـەقامگیریە و ئـەو پێشـکەوتنە ئەمنیـەی کـە لـە عـیراق هاتووەتـە پێشـەوە دەیانەوێت ئەو دەستکەوتە تەوزیف بکەن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئیدارەی تازە و نایانـەوێت لـە دەسـتی بـدەن، بـۆ نموونـە هـەر ئـەوەی کـە ئێسـتا دەبیـنن لـە مەنتقـەی خانـەقین و لـەو ناوچـانەی کـە کێشـەی لەسـەرە، ئەمریکیەکان بەڕاشکاوی دەڵێن کـە ئێمـە بـێ لایـەنین لـەو مەسـەلە، بـێ لایـەنی یـەعنی پشـتگیری کردنـی حکومـەتی عیراقـی، خـاڵی دوومیـان پێویسـتیان بـەو ئیتیفاقـە ئەمنیەیـە کـە ئێسـتا دەیانـەوێ لەگـەڵ حکومەتی مالکی مۆری بکەن، ئەو دوو مەسەلەیە پێویستی بەوەیە کە بەرتیل بدەن بە حکومەتی مـالکی و نەیارەکانی ئێمە لە عیراق، ئەو بەرتیلە لەسەر حیسابی میللەتی کورد و ماددەی 140 و مافـەکانی ئێمەیـە لە دەستوور، ئەگینا کەی ڕۆژێك لە ڕۆژان کە چوار ساڵە ئەمریکا لە ناو عیراقـە لـە چ مەسـەلەیەك تـەرەف نەبووە لە چارەسەرکردنی کێشەکان، خێرە ئێسـتا ئـەمریکا هـاتووە بـە ئێمـە دەڵێـت ئێمـە تـەرەف نـین لـە ناوچە دابڕاوەکانی وەکو خانەقین، لەبـەر ئـەوە ئـەوان ئیسـتغلالی ئـەو مەسـەلەیان کـردووە، بۆیـە پێشـنیار دەکەم سەرکردایەتی سیاسی کوردی زۆر بەڕاشکاوی لەگەڵ ئەمریکیەکان قسە بکات، ئەوە کارتی یەکەمە کە دەبێت بەکاری بهێنین و پێیان بڵێین لـەو ڕۆژەی کـە ئێـوە پێتـان لـە عـیراق نـاوە خـەڵکی کوردسـتان وەکـو ڕزگارکەر تەماشای ئێوەی کردووە و پێشوازی لە ئێوەوە کردووە، هاوکاریشی کردوونە، بۆیە ئێستا خەریکـە ئـەو ڕایـە گشـتیە لـە نـاو کوردسـتان ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ کـەم دەبێتـەوە و مسـداقیەتی خۆتـان لـەو وەعـدو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی عیراقتان دابوو هێدی هێدی ئـەو مسداقیەتە لـە لای خـەڵکی کوردسـتان و هێـزە کوردستانیەکانیش بەرەو زەعیفی دەڕوات، بۆیە دەبێـت زۆر بـە ڕاشـکاوی لەسـەر ئـەو کارتـە ئـیش بکـەین، کارتی دووەم وەکو برایانی بەڕێزم لە پێشەوە ئیشارەتیان پێی دا کارتی خۆمانە، بە درێژایی مێـژوو کـارتی میللەتەکەی خۆمانە کە بەرگری سـەرەکی بـووە لـە مافـە ڕەواکـانی، بۆیـە پێویسـتە لەسـەرمان بـەزووترین کات، هەرسێ وەزارەتـی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان یـەك بخـەین، هـەروەها نـاڕەزایی خـەڵك کـە ئێسـتا گەیشـتووەتە ڕادەیـەکی خـراپ بـا هـەوڵ بـدەین ئـەو ناڕەزاییـە لەسـەر مەسـەلەی خزمەتگوزاریـەکان و مەسەلەی ناعەدالەتی چارەسەر بکەین، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردسـتان هـەروەکو کـە مـدافع و بـەرگری کـاری سـەرەکی بـووە لـە مافـە ڕەواکـانی و پـێم وایـە کـە هـەر وا دەمێننـەوە، بۆیـە پێویسـتە ئـەو کێشـانەیان بـۆ چارەسەر بکەین، خاڵێکی ترم وەکو کاك شێردڵ باسی کرد پێداچوونەوە بە بـارودۆخی نـاوەوەی کـەرکووك دا بکرێت، هەوڵ بدرێت جارێکی تریش بارودۆخی کـەرکووك دیراسـە بکرێتـەوە و کێشـەو گیروگرفتـەکانی

که لەوێ هەیە چارەسەر بکرێت، دوا تێبینیم بەرێز سەرۆکی پەرلەمان لەسەر 7 خاڵەکەی دیمستۆرایە، کە لەسەر 6 خاڵی یەکەم هیچ قسەیەکم نیە، دیارە کە مرونەتێکی زۆر پێشکەش کراوە و ناحەقیەکی زۆریش کراوە، بەڵام 6 خاڵەکەی تر ئەگەر بە عەکسەوە ببوایە و هەر شەش خاڵی لە خزمەتی ئێمە بوایە، یاخود هەر 6 خاڵی خۆمان نووسیبامانەوە، ئەوا خاڵی 7 ئاگادار بن نەسفی هەر 6 خاڵەکەی پێشوو دەکاتەوە بۆ؟ دەڵێت (وفي حال تعذر اللجنة تقديم توصياتها الى مجلس النواب يسن المجلس قانون خاص لانتخابات مجلس محافظة كركوك) مەجلسەکە کێیە؟ لە بڕگەی پێشوو دەڵێت مەجلسەکە لە چوار پێکهاتە دروست بووە، لە پێکهاتەکان دووانیان کوردن و دووانیان عەرەبن و دووانیان تورکمانن و یەکێك بۆ برایانی مەسیحی، ئەو لیژنەیەی کە تەوسیات دەدات بە مەجلسی نواب، باشە ئەوانەی کە دەبنە نوێنەری ئەو لیژنەیە لەو کاتانە ئایا نوێنەری ڕاستەقینەی برا تورکمانەکان و عەرەبەکانن؟ یان شۆڤینیەکان و بەرەی تورکمانین، کەواتە با ئێمە هەر لە پێشەوە زەربە لەو مەسەلەیە بدەین لە 31 ی ئادار ساڵی 2009 ئەو لیژنەیە دێت و دەڵێت ئێمە نەمانتوانی تەوسیات بدەین، ئەو کاتە مەسەلەکە دەگەڕێتەوە مورەبەعی یەکەم کە ئێستا تێیداین، مەجلسی نواب کە ئێمە تەخویلمان کردووە بێن یاسایەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك دابنێن، لەوێ باسی تەوافقیش ناکات، موشکیلە ئەوەیە کە لە پێشەوە باسی تەوافق دەکات، واتە ئەکسەریەت و ئەقەلیەت لەوێ دەردێنێت، کەواتە ئێمە ئەو وەرەقەیەی کە دیمستورا پێشکەشی کردووە، یەکەم : ماددەی 140 ی تەواو لەناو بردووە، دووەم: هەموو حەقێکی داوە بە ئەوان، بۆیە پاش 6 مانگی تر ئێمە دێین لێرە دادەنیشین قسەی لەسەر دەکەینەوە، لەبەر ئەوە ماددەی 7 خەتەرێکی گەورەیە لەسەرمان، هیوادارم بەرێز سەرۆکی پەرلەمان چاوێك بەو ماددەیە دا بخشێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەش بە حاڵی خۆم ئەو کۆبوونەوەیە بە شتێکی زۆر بەپەلە دەزانم، بۆیە پێم وابوو بە پێویستم نەدەزانی کە بەو شێوەیە بێت، باس کردن بۆ ئەو مەسەلانەی کە مەناتقی موتەنازعن لە زمنیان کە قەزیەی کەرکووك، بە باشی نابینم کە بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر بکەین، من کۆمەڵێك ڕاوبۆچوونم لێرە دا بیست، کە ئەو ڕایانە هەمووی موتەناقز بوون، ئەوە ئەوە پیشان دەدات کە ئێمە سیاسیەن دیراسەی وردو پێویست ناکەین بۆ ئەو مەسەلانەی کە زەرورەت وایە کە ئێمە وەکو پەرلەمان هەڵوێستی لەسەر وەربگرین، باس کردنی عاتفیانەو تەرح کردنی مەوزوعەکان لە چوارچێوەی کاتدا من پێموایە ئەمە قەزیەی کەرکووك و موشکیلەی ئێمە نییە، ئێمە کۆمەڵێك مەناتیقمان هەیە کە کەرکووك ڕۆحی ئەو مەنتیقەیەو جەوهەری ئەو مەنتقانەیە کە لە خانەقینەوە تا شەنگار سەرتاپای پەیوەندی هەیە بە کۆمەڵێك مەواد کە ئێمە لە ڕێگەی تەوافقێکی سیاسی، ئەگەر نەڵێم تەوافقی سیاسی، چونکە ئێمە لە

ماددەی 140 وەکو کورد گلەییمان لێی هەبووە و ڕەخنەشمان لێی هەبووە کەوا هەموو داواکانی کوردی جێ بەجێ ناکات، ساڵانێکی زۆرە ئێمەی کورد تێکۆشان دەکەین بۆ یەکلایی کردنەوەی سنووری هەرێمی کوردستان، لە کاتێك دا ئێمە توانیمان بەو تەوافقە سیاسیە ماددەی 140 لە دەستوور دا دابندرێت، بۆیە حەق نیە ئێستا محاوەلاتی بەو شێوەیە دەکرێت بۆ بەتاڵ کردنی ماددەی 140 بە ئاسانی ئاوا تێپەڕێت بەسەرماندا، باشە با ئەوە جیا بکەینەوە ماددەی 140 شتێکی دەستووریەو لەگەڵ قانونە، قانونی هەڵبژاردن شتێکی ترەو محاوەلەیەکە لە لایەن خەڵکانێکەوە کە بیدایەتەکەی بە ماددەی 24 دەست پێ دەکات کە هەوڵێکە بە ئاشکرا پێمان دەڵێن ئێمە ڕازی نین بەو حەلەی کە داندراوە لە دەستوور، هەوڵیش دەدەین بۆ تێکدانی، فعلەن هەوڵەکانیشیان بە بەردەوامی هەوڵ دانە بۆ هێنانی خەڵکی تری دەرەوەی عیراق کە نەتەوە یەکگرتووەکانە، لە زمنی ئەوان نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان (دیمستۆرا) چونکە هەرچەند هاتنی دیمستۆرا بۆ ئەو قەزیەیەو دانانی پرۆژە لەلایەن ئەوانەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان مەسەلەی ماددەی 140 لاواز دەکات، ئەگەر چی ئەوە تێکەڵیان نیە بە یەکترەوە، چونکە ئەوەی حەلی داناوە و قانونی هەڵبژاردن بۆ شروتی ناخب دادەنێت، نایەت باس لە تەقاسمی سوڵتەو تەحدیدی مەناتقی تر بکات، تەجاوز و تەحدید و تەدقیقی سجلات بکات، ئەمانە چ ئیشی بە قانونی هەڵبژاردنەوە هەیە، قانونی هەڵبژاردن دەبێت بڵێ ئەو خەڵکانە لە تەمەنی ئەوەندە دەتوانێ دەنگ بدات، ئەوەندە لیستی ئینتیخابی هەیە، ئەگەر تەرح کردنی ئەمانە بێت خۆی وازحە، بۆ تێکەڵ بوونە لەگەڵ ماددەی 140، ئەخیر پرۆژە کە ئەمەی دیمستۆرایە کە 7 خاڵە دیسان هەر نەفسی شتە، دیسانەوە تێکەڵی کردووەو هەندێك خاڵی تیایە کە ناکرێت و ئیشی ئەوێ نیە ئەگەر قانون قانونی ئینتیخاباتە، ئەوە دەبێت لەوەوە سەیری بکەین کە لەگەڵ ئەوەین هەڵبژاردن بکرێت لە کاتی خۆی دا و کەرکووکیش وەکو هەموو دنیا و وەکو هەموو شارەکانی تری عیراق سەیربکرێت، بەڵام با تێکەڵ نەکرێت لەگەڵ ماددەی 140 دا، فەرموون با هەموو لایەنەکانی عیراقی بێن بۆ ئەوەی کە ئێمە موتەفقین چۆن دەبێت و ئاواش تەعاملی لەگەڵ دەکەین، بەڕاستی ئەو پرۆژەیەیەی کە لەم دوایەدا دیمستۆرا تەرحی کردووە، من بەش بەحاڵی خۆم بە خراپی دەبینم، پێم وایە ئەدائی ئێمە بەداخەوە ئادابی لایەنی کوردی لاواز و وەکو پێویست نەبووە، لە شوێنی خۆی دا نەبووە، لە کاتێك دا ئێمە بە عاتیفە تەعاملمان لەگەڵ قەزیە سیاسیەکاندا کردووە، من مالکی وەك شەخس نابینم و نە جەعفەریش وەکو شەخسم بینیوە، نە کەسێکیش لەمانە وەکو شەخس دەبینم وەك سالح موتلەگ و ئەمانە، سەرتاپای ئەمانە زهنیەتێکی سیاسی و بەرنامەیەکی سیاسی دەکەن، لەبەرئەوە ئێمە کاتێك ئەدای شتێك دەکەین لە هەموو کاتێك وابووە کە زەرورەتێك هەیە کە لە بیرمان نەچێت چ کاتێك تەرحی قەزیەکانمان دەکەین، مالکی زەعیف بوو، من پێم وابوو دەبوو لەو کاتەدا شروتی خۆمان فەرز بکەین، هیچ زەرورەت نەبوو هەڵی بگرین بۆ ئێستا، تا ئەمڕۆ بە یارمەتی لایەنی دەرەوە وامان لەگەڵ دا بکەن، باشترین نموونە کە دوێنێ و پێرێ مەعلوماتم لە سەعدیەو ئەوانەوە وەرگرتووەو دەزانم لەلای خۆمەوە پێم وایە زۆر زوڵم لە لایەنی کوردی دەکرێت، نەفەسی ئەوان ئاشکرایە کە چیمان

پێ دەڵێن، پێت دەڵێت دەبێت مەقەرەکەت دوو کەسی تیا بێت، یەك کلاشنکۆف و نابێت تۆ بە کوردی قسە بکەی، چونکە بە کوردی جوێنە پێمی دەدەی، ئەوە من نازانم تۆ چیم پێ دەڵێی، ئەم نەوعە قسانەی کە ئەوان دەیکەن و فەرزی دەکەن لەسەرمان ئەوە بۆ خۆی هەنگاوی تریشی لە دواوە دەبێت، من پێم وایە بۆ ئەوەی رووبەرووی ئەم ئەزمەیە ببینەوە یەکەم لە پەرلەمانی کوردستان نازانم لیژنەی ماددەی 140 هەبوو، بەڵام ئەم لیژنەیە چی بەسەر هات، دەبوایە لە پەرلەمان ئیلغا بکرێتەوە، دووەم من بۆ خۆم لەگەڵ ئەوەم ئیلغا بکرێتەوە و لیژنەیەکی تازە هەڵبژێردرێت، نەك ئیشی ئەوە بێت کە ئیشی مەیدانی بکات لەو مەنتقانە، وەزعی کەرکووك و ئەو ناوچانە بە بەردەوامی لەلای خۆی هەبێت و دیراسەی بکات و تەقریری هەبێت و بیخاتە بەردەم ئەم پەرلەمانە، بۆ ئەوەی بەوردی دیراسەی لەسەر بکەین، لەرووی سیاسیەوە زەرورەت وایە هەموو لایەنە سیاسیەکان لە کەرکووك ئەو ناوچانە بەرنامەیەکی نوێ دابنێن بۆ خۆیان، چونکە دەبێت ئەوە بزانین کە ئەمڕۆ شەڕێکی نوێ هەیە لەم مەنتقەیە، ئێمە ناکرێت حیزبایەتی تەسك لەو ناوچانە بکەین، یەکێك لەو کارەساتانەی کە خۆمان بەسەر خۆمان هێناوە دەبێت ئیتر وازی لێ بێنین، باشتر وایە حیزبێك و بەرەیەك لە کەرکووك و ئەوانە دروست بکەین، نە مەڵبەند و نە مەحەلی حیزبی شیوعی و لقی پارتی و ئەوانە نەمێنێت، فعلەن ئەوە دروست بکرێت لەسەر ئەساسێکی جیاواز، کە زۆر جیاواز بێت لەگەڵ ئەمانە، با بەس لە کەرکووك دا نەبین بەو شێوەیە، کەرکووك کەرت و پەرت کراوە، لە کاتێك دا ئێمە لە ناو مێشك و هەناومان دا هەڵدەسوڕێن و ڕۆژ بەڕۆژ لاپەڕەی ئەوان و قورسایی ئەوان زیاد دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

لێرە باسی ئەوە کرا کە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك دەبوو لێرە موناقەشەی لەسەر بکەین، بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز تاوەکو ئێستا بەڕەسمی ئەو داواکاریە بۆ پەرلەمانی کوردستان نەهاتووە تاوەکو موناقەشەی لەسەر بکەین، چونکە ئەو بەڕێزانە کاتێ ئەو بڕیارانەیان وەرگرت، ئەگەر لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق نەگەیشتنە چارەسەر ئەوجا داوای بکەن و کە داوایەکی شەرعی خۆیانە، ئەوکاتەی کە گەیشتە ئێمە بە بێ تەئخیر کردن وەڵامی دەدەینەوە، بە نیسبەت ئێمە و عەرەبەوە تکایە ڕێز بۆ هەموو بیروراکان هەیە و هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئازادن، بەڵام با مەسەلەکە نەکەینە مەسەلەی کوردو عەرەب، ئەفکاری شۆڤێنی موتەتەرف لە هەموو شوێنێك هەیە بە تایبەتی ئەوانەی کە ئەمڕۆ دژی قەزیەی ئێمەن، پاشماوەی ئەو دکتاتۆریەی کە ساڵەهای ساڵە و خەڵکێکی ترە، بەڵام ئێمە وەکو میللەتێك و نەتەوەیەك لەم ناوچەیە دەوردراوین بە نەتەوەکانی ترەوە، بۆیە پێویستە برایەتی هەبێت و پتەوبکرێت، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت ئیشارەت بە ئەوە دا کە هەر شتەکی کە هاتە بیری ئێمە و وەکو کوردێك قسەمان کردبا، ڕاستی هەندێك قسە کران کە نەدەبوو لەو جەلسەیە بکرابان، وەکو جەنابت ئیشارەت بە ئەوە دا کە قەزیەیەکی

نێوان کوردو عەرەب نیە، هەرچەندە ئێمە منداڵمان وا پەروەردە کردووە، هەرکەسێك کە پەروەردە کراوە لە قوتابخانەیەکی کوردستانیە نەك کوردی، یەکەم وشە کە فێری بووینە و لەبەرمان کردووە هەتاوەکو ئێستاش گوتوومانە کەرکووك دڵی کوردانە، ئەوە بۆ هەموو کەسێك دیارو ئاشکرایە کە کەس تەنازل لە دڵی خۆی ناکات، تاوەکو کوردستانیەکان تەنازل لە دڵی خۆیان بکەن، گەلی کوردستان هیچ کات تەنازولی نەکردووە لە کاتی حەریج دان لە تەنگاوترین ڕۆژدا قیادەی کوردی و گەلی کوردستان تەنازولیان نەکردووە و ئەمڕۆش نایکات، یەعنی شتێکی ئاشکراو دیارە کە گەلی کوردستان تەنازولی نەکردووە و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر باوەڕی قیادەی کوردی و میللەتەکەی، میللەتی کوردیش باوەڕێکی وای بە قیادەی کوردی هەیە کە لە زەمەنێکەوە هەر هەی بووە، وەك دەیان و سەدان و هەزاران ساڵە شەهیدی داوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، ئەوەش بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە، بە تایبەتی بۆ حکومەتی عیراقی و بۆ ئەو جیهەتانەی کە دەعمی عیراق دەکەن و تەوجیهی عیراق دەکەن کە ئیستقراریەت نابێت تەنها بە ئیستقراریەتی کوردستان نەبێت، هەروەها ئاوەدانی عیراق نابێت تەنها بە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان نەبێت، ئەگەر عیراق خۆی بە دەوڵەتەکی سیادی دادەنێت با بچێت ئەو سنوورانەی کە رۆژانە قەسف دەکرێن لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە کە وەزعی داخلی عیراق تێك دەدەن و گوندەکانمان وێران دەکەن، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە کەس تەنازول لە دڵی خۆی ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

هەموو بەڕێزێك ئازادە لەوەی کە بۆ خۆی چی دەڵێت و خۆی مەسئولە لە قسەکانی خۆی ، بە نیسبەت مەسەلەی کەرکووکەوە بارزانی نەمر چەندین شۆڕشی لەسەر دانا و لە بەیاننامەی 11ی ئاداریش وا دانرابوو هەڵبژاردن بکرێت کە خەڵك خۆی بڕیار بدات، بەڵام ئەفکارە شۆڤینیەکانی حیزبی بەعس ئەوە بوو کە جارێکی تر شەڕیان کردەوەو مەئساتیان دروست کرد، ئومێدەوارین ئەوجارە بتوانین زیرەکانە تر و باشتر بەرگری لەو بیروبۆچوونە شۆڤینیانە بکەین کە دەیانەوێت جارێکی تر مەنقەکە بەو شێوەیە ببەن، شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە هەڵبژاردنی 2005 دا کە کاتێك دەنگ درا بۆ دەستووری هەمیشەیی عیراق، بەڕاستی کە فەقەرە ( ب) ماددەی 58 مان لە ماددەی 140 جیاکردەوە، ئەو کاتە کۆتاییەکەی داندرا بۆ 31 /2007/12 ئێمە لێرە لە 2007/12/19 دانیشتنی پەرلەمانمان کرد ئیتر ماددەی 140 برا بۆ مەیتخانە، دیارە زۆربەمان ئەوەمان پێ ناخۆش بوو، لەبەرئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردیش و جەماوەریش بە نیازی ڕاکێشانی کۆمەڵە وەرەقەیەك هەندێك تروحاتیان پێشکەش کردین، چ لە نووسەران و رۆشنبیران و سیاسەتمەداران، بەوەی کە کورد هێشتا ئەوەی لەبەردەم دا ماوە، ئەگەر نوێنەرمان بکێشینەوەلە عیراق، لە لیستی هاوپەیمانی، ئەوە بوو ئەوەمان کرد کە لیستی هاوپەیمانی هاتنە دەرەوە لە کاتێك دا کە ماددە 24 ی یاسای

هەڵبژاردنی پارێزگاکان کرا، وەرەقەیەکی ترمان ئەوە بوو کە کورد بۆی هەبێت فشار بەکاربهێنێت لە کاتێك دا بێتە سەر جادەکان و بڕژێت لە ڕۆژی 22ی تەموز دا ئەو کارەساتەی لێ کەوتەوەو چەندین کەسی لێ کوژراو لێی شەهید کرا، بەردەوام مەوزوعی ماددەی 140 و ئێستاش خانەقینیشی هاتە سەر، ئەوە شتێکی وارد بووە لە ئەقڵیەتی هەمووماندا هەبووە و هەموو هەوڵێکیشمان داوە، زۆربەی وەرەقەکانیش ڕاکێشراون، هەندێك تروحات هەبووە بۆ ئەوەی کە باس لەوە بکرێت کە ئێمە وەکو کورد لەو یاسایانەی کە سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە پێشکەشی کردووە لە 2004 ەوە تا ئێستا 7 یاسا گۆڕاوە لەوانەی کە باسی پاکتاوی ڕەگەزی دەکەن، باسی دەست بەسەراگرتن و کوژانەوەی ئەو زەویانەی کە تایبەتن بە کورد کراوە، بەڵام تا ئێستا ئێمە ئەو هەموو وەرەقانەمان ڕاکێشا، هەتا ئێستا ساڵێکی تریشی چووە سەر بە تەمدید کردنەکەی دیمستۆراوە کە لێرە پێشکەشی کرد بۆ 6 مانگ ، بۆیە دەبێت بە سێ ساڵ ماددەی 140 کە کۆتاییەکەی 2009 یە نەمانتوانیوە هیچی بۆ بکەین بەو پەلەکردنەش پێم وانیە کورد لە خیلالی ئەو 3 ساڵەدا شتێکی وامان نەکردووە و هەموو وەرەقەکانمان ڕاکێشاوەو هەموو ڕێگاکانیشمان تاقی کردووەتەوە و ئێستا بەو پەلەکردنەو بەو کاتە بتوانین شتێك بکرێت، ئەمە ئەوە دەخوازێت جارێکی تر سەکردایەتی سیاسی کورد بە هەموو ئەجیندەکانی خۆی دا بڕواتەوە و ئەوانەی کە بە پراکتیك و بە ئەزموون کە چ دانووستانەکانی دەرەکی و ناوەکی لەگەڵ جەماوەر دا لە هەموو هینەکان دا بتوانن ماددەی 140 بۆ ئێمە پێش بخەن، بەڵام ئەوە ئەوە دەخوازێت کە جارێکی تر بە بەرنامەکانی خۆمان دا بچینەوە، چ لەسەر ئاستی دەرەوە، بزانین مەوقعیەتمان لەسەر خەریتەی دەرەوە چۆنە، چ لەسەر ئاستی جەماوەریش لە دوو ڕێگاوە هەم لەڕێگەی خزمەتگوزاریەوە پێشکەشیان بکات، هەم لە ڕێگەی ئەوەوە شەفافیانە پێیان بڵێت کە مەوقعیەتی گەلی کورد چیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**کاك شێخ الله فەرموو.**

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا زۆربەی قسەکانی کە دەمویست بیکەم برایانم کردیان، شتێکی وایان بۆ ئێمە نەهێشتەوە، من هەندێك پرسیار دەکەم ئەو دەنگە نەشازە، ئەو کۆنەپەرستانە و ئەو کۆنە بەعسیانە، ئەو ڕەگەزپەرستانە کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران لە کاتی داڕشتنی دەستووری عیراقی و پرۆسەی سیاسی عیراق، دەستیان کرد بە پیلان گێڕان و توانیان بەو کەمیەی خۆیان، بەو قەوارە بچووکەی خۆیان ئەو پلانەی 22ی تەموز ڕێك بخەن و سەرکەون، نازانم ئێمەی قیادەی سیاسی کوردی و تەحالفی کوردستانی چیان کرد؟ باشە بۆ ئێمە جارێك پێمان لەسەر ماددەی 140 دانەگرت؟ با لە حوکمەکە بکشێینەوە، ماددەیەکی دەستووریەو 80٪ ی خەڵکی عیراق دەنگی بۆ داوە خۆیان هێنایان و بردیان، ئێستاش بە ئێمە دەڵێن تێکدەر، ئەو شۆڤینیانەو ئەو ڕەگەزپەرستانە موسڵیان لە کورد پاك کردەوە، ئێستا دەنگی نەشازی وەك اسامە نجیفی کە

بە هاوکاری لەگەڵ تیرۆرستان کوردی پاکتاو کرد لە موسڵ، بە هەزاران عائیلـەی کـوردی دەربـەدەر بـوون و ماڵ و حاڵیان داگیر کرا، خەڵکیان کوژرا ئەوجا دەڵێت ئەوان تەکرید دەکەن لە موسڵ، هەمووش بـێ دەنگـن لە بەرامبەری وەکو عمر جبوری و ساڵح موتلەگ و ئەوانە توانیان ئەو هەموو خەڵکە ڕازی بکەن و بەگـەڵ خۆیانی بخەن ودەنگ لەسەر ئەوەی بدەن کە دژ بە بەرژەوەندی گەلی کورد بن، من گلەییم لە دۆستەکانمان هەیە، بەلام کام دۆست، چ لە دەرەوەو چ لە ناوەوە، کوا دۆست، ئەگەر ڕاستە هەڵەیان کـردووە دەبا عـەینی بە دەنگ دان ئەو هەڵەیە ڕاست بکەنـەوە، مـن داوا لـە قیـادەی سیاسـی کـوردی دەکـەم کـە هـەر هـەموومان بەیەك دەنگ، هەرچەندە لەوانەیە ئێستا ئەوان دووبارە دەنگی لەسەر بدەنەوە، ئەوانە ئەگەر ڕاست دەکەن کێشەی کەرکووك بە شێوەیەکی عادیلانە چارەسـەر بکـەن بـە پێـی دەسـتوور بـا مـاددەی 140 جـێ بـەجێ بکرێت، ئەو کات هیچ موشکیلەیەك نامێنێت لە کـەرکووك، ئـەو کـات هـەموو خـەڵکیش بـە هـەموو حـەقی خۆی دەگات، بەلام لە ئەوەڵەوە پیلان بووە لەسەر ماددەی 140، لە هەموو حکومەتەکانی عیراقی لـە دوای بریمەرەوە تا وەکو ئێستا کە ئەو کات ماددەی 58 بوو، هەتاوەکو ئێستاش هەر خۆ دزینەوەیە لە ماددەکە، نەك هەر ئەو ماددەیە لەسەر زۆربەی زۆری ئەو ماددانە، ئەگەر پێیان بکرێت ناهێڵن هیچ شتێك بـۆ ئێمـە بکرێت، بۆ خۆم گوێم لە مالکی بوو دەیگوت فیدراڵی شتێکی باشە، بەلام مانای وانیـە حکومـەتی مەرکـەزی بێ هێز بکات، دەبێت ئەوامری حکومەتی مەرکەزی لەسەر ئەوان جێ بە جێ بکرێت، جەیشی عیراقی بـۆی هەیـە بچێتە هـەولێریش، یـەعنی هـەموو پارێزگاکـانی عیراقـی، ئێسـتا فـەرموو هاتنـە خانـەقین و هاتنـە کەرکووك و ڕازی نین بە مـەخموریش کـە بگەڕێتـەوە سـەر کوردسـتان، ئـەوەی دیمسـتۆراش هـەر هـەمووی پیلانە بۆ مادەی 140، ئەگـەر بێتـوو ئـەوەش سـەر بگریـت، ئـەوکات دەڵێن لـە 12/31 کۆتـایی پـێ هـات، ئـەوەش تەتویجـە، بـۆ ئـەوەی کـە مـاددەی 140 هـیچ نیـە، ئەگـەر سـەیری خـاڵی 4 ی موقتەرەحەکـەی دیمستۆراش بکەن لە حکومەتی ئیقلیمی کوردسـتان کـە بـەس کوردسـتانی تێدا بـوو گۆڕیـان بـە دەسـەڵاتی کەرکووك، بۆ ئەوەی کەرکووك بە هیچ نەوعێك ناوی لەگەڵ کوردسـتان نەیـەت، مـن پـێم وایـە کـاتی ئـەوە هاتووە کە قیادەی سیاسی کوردی و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستانیش بە خۆداچوونەوەیەکی بە پەلە بکەن و چارەسـەری ئـەو کێشـەیە بکـەن، تـا ئێسـتا چـەندین وەفـدی حکومـەتی هـەرێمی کودسـتان چوونەتە بەغدا و جەنابی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوانی تر کە لە بەغدا لەسـەر کێشە هەڵواسراوەکان کام کێشەیان چارەسەر کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەمم ئەوەیە کە داوا بکەین لە سەرکردایەتی سیاسی کوردی نـاو مـاڵی خۆمـان ڕێـك بخـەین و ئـەو عەرەبانەی کە بە حیساب دۆستی ئێمەن دەزانن وەزعی ئێـرە چۆنە، بۆیـە ئـەو زەحتـەمان لێ دەکـەن، مـن

گوێم له جەعفەری بوو کە گوتی چارەسەری ماددەی 140 و جێ بەجێ کردنی لە پێش ئەوەی رەئیسی وزەرا پێی مەسئول بێت، سەرۆکی کۆمار و دەستەی سەرۆکایەتی پێیەوە مەسئولن، ئێمە داوا لە جەنابی سەرۆك کۆمار و هەردوو جێگرەکەی دەکەین، ئەوان با قەزاو ناحیەکان بگێڕنەوە سەر کەرکووك، با مالکی جێ بەجێ ی نەکات، ئەو بە مەرسومی جمهوری با قەزاو ناحیەکان بگەڕێنەوە سەر کەرکووك، ئەوجا با مالکی جێ بەجێ ی نەکات، خاڵێکی ترم کە کاك د.ناصح باسی کرد ئەم پلانە هەمان بۆنی موئامەرەی ساڵی 1975 ی لێ دێت، بەلام بە شێوەیەکی تر، خۆی ماددەی 24 لە گەڵ ئەوەی ساڵی 75 هیچ فەقێکی نەبوو، تەنها کارەکتەرەکان و شوێنەکان و مەکانەکەی جیازازی هەبوو، ئەگەر نا هەمان موئامەرە بوو، ئەمڕۆ لە سایتی چاودێر بلاوکراوەتەوە، دەڵێت ڕاوێژکارێکی رەئیسی وزەرای تورکیا دەڵێت ئێمە بە هاوکاری ئەمریکا توانیمان مەسەلەی هەڵبژاردن لە کەرکووك پەك بخەین، ئەمە بە تەئکید ئەمریکای لەگەڵە، ئەگەر یۆنامی دێت داوای دەکات و دیمستۆرا هەموو ڕۆژێك شتێك بلاودەکاتەوە، ئەویش بە هاوکاری ئەمریکایە، چونکە بە بێ ئەمریکا کەس ناتوانێت لە عیراق شتێك بکات، ئەوانەشی کە زەحت دەکەن بڕوا ناکەم، نە ئێران و نە ئەمریکا بتوانن بەعزە شتێك لە عێراقا جێبەجێ بکەن ، یان بەعزێ شت بلێن ،لە بەر ئەوە دیارە ئەمەریکا لەو وەعدانەی بە کوردی داوە پەشیمان بۆتەوە ،کاتی خۆی من تەنیا قسەیەکم کرد، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان رەدی دامەوە ،وتی من نەم بیستووە ، تەئکید دەکەم کە ئەمەریکیەکان لە 2003 وتیان ئێمە 20 دەوڵەتی عەرەبی نادەین بەسێ ملیۆنی کورد ،ئێستا وا خەریکی جێبەجێ کردن و موئامەرەن، بۆشیان ئەچێتە سەر، لە لایەکی دیکە ئیمڕۆ 140ماڵی کورد لە جەلەولا دەردەکرێت ، ئێمە مەوقیفێکمان دیاری نەکردووە ،هیچ نەبێت قوەتێکی پێشمەرگە هەبێت نەهێڵێت ئەم ماڵانە دەربکرێن ،ئەکوژرێن، ئەلغامیان بۆ دادەنێن ،ئیهانەیان دەکەن، قسەیان پێدەڵێن ،سووکایەتیان پێدەکەن ،سەیری سەیتەرەکان، مەسئولینی حزبەکانی ئێمە لەجەلەولا دائەگرن، ئێستا فەوجێك تەعین بووە لە جەلەولا ، گەورەترین سووکایەتی بە کورد دەکات ،بە مەسئولینی کورد دەکات ،ئەوەتا بڕیاریاندا ئەحزابەکانی ئێمە مەقەرەکانیان چۆڵ بکەن ،یەعنی ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەگەر ئێمە تۆزێ توندو تۆڵی بەکارنەهێنین ،من بەڕاستی قسە ئەکەم ئێمە یان دەبێت دۆلار هەڵبژێرین یان ئەبێت کەرکووك هەڵبژێرین، ئەگەر قەزیەکە ئەوهابێت بەتەمابین دۆلارمان بدەنێ ، با بەتەمای کەرکوك نەبین ،ئەکەر کەرکووکمان هەبێت ئێمە میللەتێکمان لە گەڵە بە هەموو قوەتێکەوە ،ئیمکانیاتی خۆشمان هەیە ، مەعاش با پێنج ملیۆن نەبێت، با دووسەد هەزار دیناربێت،مەسەلە کەرکووك بێت نەك مەسەلە تیجارەت بێت ،لەبەر ئەوە من داوا ئەکەم کە پەرلەمان داوابکات لە رەئیس جمهور، با ئەوان مەرسومێکی جمهوری دەرکەن قەزاو ناحیەکان بگێڕنەوە سەرکەرکووك و شارەکانی دیکەی عێراق، با مالکی جێبەجێی نەکات، داوا لە سەرکردایەتی سیاسی کورد بکەین ،هەڵوێستێکی توند بنوێنێت، چونکە ئەو تەنازول و قسانەی جەنابت کردت 100٪ وایە ، ئەوانەی دیمستۆرا هەمووی خەڵەتاندنە ،دەست بڕینە، فێڵ کردنە، ئومەمی موتەحیدە نەی توانیوە گرێ کوێرەی هیچ ولاتێك بکاتەوە ،بۆیەش هێنایانە ناو مەسەلەکە بۆئەوەی

مەسەلەی کەرکووك زیاتر تاخیر تربکەن ، تەئخیر کردنی مەسەلەی کەرکووك و مادەی 140 هەر بە هەڵبژاردنی موحافەزەکان ، ئەوەتا کیانی کوردی بەرەو خەتەردەچێت ،ئەو هێڵە شینە کە دیاریان کردووە ،هێڵی سەلاحەدین ئەکات ،هێڵی شینی زانکۆی سەلاحەدینە ،2003 زانکۆی سەلاحەدین ئەکات ،لەبەر ئەوە داوا ئەکەم ئێمە داوا بکەین ،سەرکردایەتی سیاسی کورد، نەك فراکسیۆنی کوردی لە پەرلەمان، سەرکردایەتی سیاسی کورد دەبێ مەوقفێ بنوێنێ ، ئەگەر مەوقف نەنوێنێ ، ئێمە زیاتر زەرەر ئەکەین ، زەرەرەکان قورسترەو گران ترە بەرێوەیە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، کاك عزالدین فەرموو 0

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ، من بەکورتی باسی تەحدیدی سیاسی و باکگراوندی مەسەلەکە ناکەم ،وە بە عەواتف و ئینفیعالاتیش ناکەم ، چونکە ئەوە پێش دوو مانگ وابزانم 24 ـ25 مانگی 7 بوو ،عەینی ئەو قسانەمان کرد، عەینی ئەو شتەمان کردو بە بەیانیشمان دەرکرد، بەلاَم هیچ نەکرا ، بەلاَم تەئکید لەسەر پرسیارەکانی مامۆستا خەلیل دەکەمەوە ، لە پێشەوە وتی ئێمە چیمان پێ دەکرێ لێرە بکەین ، بە بڕیار ئەگەر بە بڕیاریش بێت ئێستا ئێمە نیسابی قانونیمان نیە کە بڕیارێك بدەین ئێستا ، بڕیاریش نادەین ، هەر وتمان هەر بە شەفەهییە یان بە بەیانە، ئەمەش وابزانم شتێکە بۆ بەسەر بردنی کاتە نەك بۆ بردنی شتێکە یان بۆ ئیعلامە وابزانم بەرەئی من.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

رەجائەن نا، ئێمە لێرە لە بیدایەت ویستمان هەڵوێستی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەش کە لێرانەن تەمسیلی پەرلەمان دەکەن، چونکە دەنگ دان و دەنگ نەدان نیە، ئەو بەڕێزانەی چووشن هەمانهەڵوێستیان هەیەو، ئەگەر واش نەبێت بۆچی ئیتر قسەی لەسەر بکەین.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم ئەو شتانە باس نەکەین، ئێمە چەند خاڵێکمان هەیە ،یەك: تەجزیئەی مەسەلەی کەرکووك ومەسەلەی موحافەزاتی تر زیاتر نەکرێت ،بە هەڵوێستەکی یەکگرتوو، لەگەڵ هەڵوێستی قیادەی سیاسی خۆمان بکەین، ئایا ئەوە پێمان دەکرێت، نەگەرێینەوە بۆ تەحالفی کوردستان لە بەغدا یان نا، ئیتر ئینتیخابات لە شوێنەکانی متنازع علیها ئینتیخابات نەکرێت ، تاکو ماددەی 140 تەتبیق نەکرێت، چونکە ماددەی 140 شتێکی سەرەکیە بۆ هەموو کێشەکان ،ئەگەر ماددەی 140 تەتبیق بوو ئەو کاتە کێشەکان

گشتیان نامێنێت، من لەگەڵ هەڵوێستی کاك غفور مەخموریمە کە ئێمە هەڵوێستمان چیە، نە بە بەیان و ئیستینکارو ئەو شتانە بێت ،هەڵوێستمان بە ئینسیحاب بێت لە بەغدا ، بە وەرەقەی زەغت بێت، لە نەوت بێت لە چی بێت ، من لە گەڵ هەڵوێستی کاك غفور مەخموریمە ، کە ئێمە ئەو زەغتانە لە بەغدا بکەین، ئێمە بە بەیان و ئەو شتانە وابزانم هیچمان پێناکرێت ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس ، شوکریە خان 0

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆئەوەی پێم نەڵێی دانیشە، ئینجا لەبەر ئەوە من زۆر بە کورتی قسەکانم ئەکەم ،وە نایلێم من زۆرم نووسیوە ،یەکەم شت حەزەکەم ئەوە بڵێم کە دیمستۆرا هاتە ئێرە ،un هاتە ناو مەسەلەکە من لە جێی خۆم هاوارم کرد الفاتیحە بۆ مادەی 140 ئەوەتا ئەمڕۆ هاتۆتە دی ئەمە خاڵی یەکەمم، خاڵی دووەم، من لەوەتی متابەعەی دەستوری عێراقی دەکەم ڕۆژ بە ڕۆژ گۆڕان دەکرێت لە ناو دەستورا ،سەر کردایەتی سیاسیش خۆمان پابەند کردووە بە دەستورەوە ئەوان گۆڕانکاری ئەکەن و وردە وردە هەرجاری کێشەیەك بۆ ئێمە دروست دەکەن، بەڕێزیشت زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری و خەم خۆری ئەو بابەتەشی، هیچیشمان پێناکرێ ، سێ: تا ئێستا نەمان توانیوە دۆستێکی رۆژنامەنووس وەکو عادات و ئسول بۆ خۆمان هەڵبژێرین ،بەڕاستی ئەوەی ئەو ڕۆژنامە نووسەی ئادەم سمث کردی لە واشنتۆن پۆست، هیچ رۆژنامەنووسێکی ئاوا دۆست بۆ خۆمان بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو نووسینانە بداتەوە کە لە واشنتۆن پۆستە دەکرێت ،خاڵێکی ترکە من حەزەکەم ئیشارەتی پێبکەم من زۆر حەزم لە خوێندنەوەی موزەکەراتە دوو تاریخی هاوچەرخ و کلاسیکی ،بەڕاستی کە موزەکەراتی بریمەرم خوێندەوە ، زۆر نیگەران بووم ،ڕەخنە لە کورد دەگرێت ئەڵێ کە لە ئەمەریکا بووم وتیان میللەتێکی بەش خوراو هەیە، نە ئازادی هەیە ، نە سەربەخۆیی هەیە ، نە هیچ ، بەشکەم یارمەتی ئەو میللەتە بدەی بەلاَم ، کە هاتمە عێراق و سەردانم کرد ،پێش هەموو شت وتم ئێوە چیتان ئەوێت، وتیان پارە، وتی ئاگاداری ولاَتی خۆم کرد ، وتیان پارەکەیان بەرێ واز لە مەتاڵبەکانیان بێنە ،ئەمە زۆر هەڵەگرێ ، خاڵێکی تر بەڕێز پرسیارێکی ترم لە بەڕێزتان هەیە، کە من خوێندمەوە ئەو شەشە من هیچی لەگەڵ دانیم هەموو یاری کردنە لەمادەی 58 بۆ 140، ئێستاش بۆ مادەی 24 وە ئەو گروپە پیشەییانەی کە بەڕێزت ناوت ناوە گروپی 22 ی تەموز زۆر لە جێگای خۆیەتی ، من لێرەدا خاڵێك ئەبینم کە تەعەروز ئەکات لەگەڵ مادەی یەکەم.

خاڵی پێنجەم تەعەروزە لەگەڵ خاڵی شەشەم، ئایا وایە یان وانیە من وای دەبینم، زۆر سوپاس0

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سالم0

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەڵبژاردنی کەرکووك تەئجیل دەبێت، بزانین کا لەم مودەیە چ بکەین، تاوەکو زەمانی خەڵکی ئێرە داخواز بکەین، کە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئێمە دەبێت تەماشای وەزعی برای ئێمەی تورکمان بکەین، لێرە ئەوان کەمتر تێدا زەرەرمەند بوونە لەبەر دەستی هەموو ڕژێمی پێشووی عێراق ،ئێمە هەندێك ئیحتیمالاتی مافێت سوەری هەبوون ، ئەو ژی نەبوو ،بۆچی ئێستا ئێمە بترسێین برای ئێمەی تورکمان دەنگی خۆیان لەگەڵ عەرەبەکان بدەن ببنە تەحالف لەگەڵ عەرەبەکان ،وادیارە خەلەلەك هەیە ،بە رەئی من با ئەو خەلەلە چارەسەر بکەین ،ئێمە هەموو دەزانین دووەم نەتەوەینە لە کوردستان، پتر تەماشا بکەین ، پتر دەسەلأتمان هەبێت ،هەتا جێگری سەرۆکی وەزیران بۆ شئونی تورکمانان هەبێت زۆر باشە ،من دەڵێم ئەوکات ئەوانیش دەزانن زیاتر لەمەسلەحەتی ئەوان دایە دەبنە لای ئێمە ، دەنگی خۆیان لەگەڵ ئێمە دەدەن ،هەر ئەوە بوو بەس دەمەوێت شتەکی دیکەش بڵێم ،کاك عوسمان بانی مارانی من تەئیدی قسەی ئەو دەکەم ئەگەرمادەی 140 بێتە کردن ، لەو مستەوایە هەرشتەکی بکەین ڕاستە ،بەس با من بزانم کەنگین قیادەی کوردی موافق بووە، هەندێك ناوچە بێننە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ،نازانم من غەلەت تێگەیشتم ئەوها هاتە بەرگوێی من ،من دەزانم 74 شەری لەسەر پەیدابوو ، زۆر سوپاس 0

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

بەڕێز کاك ئیحسان فەرمووo0

**بەڕێز احسان عبدلله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆربەی قسەکان ئەو برادەرانە کردیان ،منیش هەندیك تێبینیم هەیە ،سەرکردایەتی سیاسی کارەکی گەلەك باشی کردیە وەختێ ل بەراییا پرۆسەی ئازادی عێراقێ شیایی ماددەی 58 کە قانونەك ل دەولەی عێراقی دایە ، پشتێ هەنگی ماددەی 140 تەسبیت بکەن ،لێ دبێت ئەو مەوقعێ عێراقی پێش چاو بێت ،بزانین تەعامل لەگەڵ کێ دەکەین ،ئەو تەرەفەی تر کە معامەلەی لەگەڵ دەکەین کێنەو بۆچوونی ئەو عەقلیەتی چیە؟ واقعا عێراقێ کە عێراقی داگیرکردیە و ئەمەریکا بالأدەستەو چۆن حەزدەکات ،دەبێ ئەجندای ئەمریکی ئەز بزانم ، ئەجندای شۆفێنی عەرەبی ئەز بزانم ، ئەجندای دەوڵەتی ئیران کو پشتەوانیا شیعە دکەت ،وە تورکیاو دەولەتێت عەرەبی پشتەوانیا سونەو تورکا دکەت ، وە ئەمریکا وەزعی ڕادەگریت و ،کورد وەکو هێزێکی کاریگەر لە ئاستی عێراقدا لێ پشتەوانیەکا دەولی و ئیقلیمی بۆ نینە ،ل بەر هندێ دبینین باشترێ دکەن دەسکەوتێ بدەست بینن ل سەر حسێبا خەلکێ کوردستانێ ، عەرەبی شۆفینی شیان ماددەی 24 بکەن قانونی هەڵبژاردنی جڤاتا پارێزگا ، من دەڵێم ئەوە پیلانێکی گەورە بوو ، ئەوە درێژە پێدانی بە عەرەب کردنی کەرکووك و کوردستان بوو ،هەموو شتەکان لەجێگەی خۆی ماوەتەوەو هیچ گۆڕانکاریەك پاش ئازاد کردنی عێراق پەیدا نەبوو ،لێرە شتێکی گرنگ دێتە پێش ،چۆن ماددەی 24 قانونی هەڵبژاردنی جڤاتا پارێزگەها ، ئەو هەڤالە لە لیژنەی پارێزگەدا ئەندامەتی ئەنجومەنی

نوێنەری عێراقێدا بەری کو مەوزوع بێتە پلان ، دانیشتنا دانوستاندنێ ل کیڤە بوونە هەلاٌیەك بەری هەنگی سەردەمەك نەکریە ، ئەو لایەنەی پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی گروپی سیاسی عێراقدابۆ بەری وەختی بزاڤەکا باشتر نەکردیە ،سەر ئەو لایەنانە داکو ئەو مادده هۆسا یا شۆفینیزم نەیەتە دانیشتنەکا پەرلەمانیدا ئەنجومەنی نوێنرایەتی بکاتە تێدا ،پرۆژەی دیمستۆرا بەدیلە بۆ مادەی 140 ، ئەوەش شتەکی ترسناکە ،هەموو دەزانین هەرسێ پرۆژە هاتیتە پێشکەش کردن ، جارە سەری لای UNو کێشەی دەڤەرەکانی دابڕاو ،بەتایبەتی لە ماددەی 140 نایێتە کردن ،شۆفینیستی دووەم ، ماددەی 24 بکەنە بەدیل بۆ مادەی 140 ، دیمستۆرا پێشنیاری خۆی دەکاتە بە دیل ، هەردووکی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دانیە ،واقیعەکە ئەوە ئەمرۆ تێداینە ،ئەگەر تەماشا بکەین چ باشە ئەمرۆ بێتە کردن ،وەکو بزاڤی ئێمەی سیاسی ، ئەمڕۆ لە چوارچێوەی عێراقدا ئێمە قبوڵمان کردووە ، لە عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالیدا یا دەستوریدا بژین،ئێمە دەستورەکمان هەیە  خەڵکی عێراق پەسەندی ئەو دەستورەی کردووە ،مەزنترین کات لەبەر دەستمان وەکو ئێمەی کورد، گەڕانەوەی دەستورە، لەبەر ئەوە پێداگرتی ئێمە وەکو کورد ، ناوەرۆکی دەستوری وە هاندانی ئەترافی تر ، کارکردن بۆ هەندێك پێشکەوتن پەیدابێت ، ئاستی خەڵکی عێراق بە گشتی ، ئاستی هێزی سیاسی کاریگەر ، زۆر گرینگە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ قبوڵ کردنی ناوەرۆکی دەستوری عێراقی لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی عێراقدایە ، ئەوە خواستی هەندێك سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستان و هەموو گروپی سیاسی کوردستانی  کارێکی مەزن بکەن ، حەرەکەکی گەورەتر بێتە کردن ، کو بڕیار بدەست ئاستێ عێراقێدا ، جهەکی پەرلەمانی عێراقی، ئەنجومەنی نوێنەری عێراقی دا هەتا ناوەندێکی تری ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەلاٌیەتی  خەڵکی عێراق حەرەکەی لەسەر بێتە کردن ، ئەم دوێ وەزعی دا بە قەرارا خودێ دبیت لە چوارچێوەی دەولەتێ عێراقی دا بژین ، بزانین عێراقی بنەمای دیموقراتی تێدانیە ،ئێمە عێراقێکی دیموقرات ئاوا دەکەین ، ئێمە دەست پێبکەین بنەمای عێراقی دیموقرات ئاوا بکەین ،ئاوا کردنی دیموقراتی عێراقی کارەکی ئاسان نیە ،شۆلەکی مەزنی دەوێت ، ئەو شۆلەژی پتر مەسئولیەت دێتە سەرئێمە، دەبێت حەرەکەکی مەزنتر بکەینەوە ، حە رەکەکی لەئاستی دەوڵەتێکی ئیقلیمیش بکەینەوە، دەبێت پیشان بدەین مەترسی خەڵکی نەهێڵین ، نەوەك مافی خەلکێکی کورد یان تورکمان یان مەسیحی بێتە پێشێل کردن، ئەم حەرەکە لەسەر تورکیا بکەین، لەسەر سوریا بکەین، لەسەر سعودیا بکەین، لەسەر ئێران بکەین ،هەرووها لەسەر ئەوروپا بکەین ،ئەم گەلەك قۆناغی رابردوو وەکومیللەتی کورد قۆناغی شۆڕشی چەکداری ، گەلەك جار منەزەماتی خێرخوازو دۆستی مافی مرۆڤ بوونە لە ئەوروپا وە لە ئەمریکا بونە ،هەنگین ئەگەر ئێمە موزەکەرەکمان لەوان وەرگرتبا ئێمە مەخسەدەکمان دەزانی ئەمرۆ ئێمە حەرەکەی لەسەر ئەوان ناکەین ، قەناعەتیات پێ بینین، پشتیوانی زیاترمان بکەن بۆ هەندێ ئەم دشێین ، لە گەڵ لایەنی تر ئەم دشێین کار پێبکەین ، دۆستی ئێمە لەگەڵ لایەنی تر رەئیەکی تر و پێداچوونەوەیەکی تر بکەین ، ئەو گروپی بچووکیش لە پەرلەمانی عێراق حەرەکەی لەسەر بکەین محاوەلەی زیاتر بکەین ، لەبەر ئەوە لەو قۆناغە قەرار مایە

هێشتا له چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی بژین، ئەم بشێین قەناعەتی پێ بینین ،تەنازولی لـە حـەقی خۆمـان نەکەین، محاوەله بکەین قەناعەتی پێ بینین ،پشـتیوانی حـەقی ئێمـە بکـەن و حـەقی ئێمـە بگەڕێتـەوەو ، سوپاس 0

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من ئەو نەرمی نواندنەی لایەنی سیاسی کوردی بە شتێکی باش و لە مەسڵەحەتی کورد دا نابینم، ئەو هەموو پێشنیارانەی دیمستۆراش کە کردوویەتی، هەمووی وەکو برادەرانم ئیشارەتیان پێـی دا بەڕاسـتی نەسفی ماددەی 140 و دواخستن و بە موعەلەق هێشتنی کێشەی کورد و کێشەی ناوچە دابڕاوەکانە، تـەنها دەتـوانین بڵـێین نـەیاران و ئـەو کەسـانەی کـە دەیانـەوێت هـەموو مافـە ڕەواکـانی کـورد زەوت بکـەن، ئـەو پێشنیارانە تەنها لە مەسڵەحەتی ئەوانە، هێشـتا ئـەوانیش بـەو پێشـنیارانە ڕازی نـین، چـونکە مەبەسـتیان تەنها وەرگرتنی کارتێکی زیاترە بۆ ئەوەی بتوانن بۆ خۆیان زۆر ترو باشتر ڕێك بخەن بۆ ئەوەی ئەو شتەی کە تا ئێستا ئێمە بەدەستیشمان هێناوە بە ئاسانی لێمـان وەربگرنـەوە، بەڵگەشـم لەسـەر ئـەوە، ئەوەیـە کـە لایـەنی عیراقـی زۆر داکـۆکی لـەوە بکاتـەوە لـەو ڕێککەوتنـەی وەکـو لـە ئـەمریکا دا هەیـە، زۆر داکـۆکی لـە مانەوەی بڕگەی دوو لە مـاددەی 22 دەکـات کـە ڕێگـە دەدات بـە عـیراق لەهـەرکاتێك بتوانێـت لەگـەڵ هـەر دەولەتێکی کە بیـەوێت ڕیککـەوتنێکی ئـەمنی مـۆر بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی جارێکی تـر سـاڵی 75 دیسـان ئـەو مێژووە بۆ گەلی کورد دووبارە بکاتەوە، بەڕاستی ئەوانە هـەمووی دژی بەرژەوەنـدی گـەلی کـوردە، مـن لێـرە یەك داواکاریم هەیە لەسەر سەکردایەتی سیاسی کوردی کە خۆیـان زیـاتر ڕێـك بخـەن و دیسـانەوە جـارێکی باشتر بەخۆیان دا بچنـەوەو بـۆ ئـەو کارتـە فشـارانەی کـە لـە دەسـتمان دایـە بتـوانین بـە شـێوەیەکی باشـتر بەکاری بهێنین، بۆ سەرکردە سیاسـیە عەرەبیـەکانیش ئێـوە دێنـەوە سـەر ئـەوەی بـەڕۆژ ڕێککـەوتن لەگـەڵ ئێمە تەوقیع دەکەن و قسەی جوان و باسی دیموکراسیەت و باسی فیدڕاڵیەت دەکەن، بەڵام لە حەقیقەت دا گەلی کورد و خەڵکی کوردستان بە ژمارەی ڕیزبەند بڕوای بە قسەکانی ئێوە نەماوە، بڕوای بـەوە هەیـە کـە دەڵێت بیرۆکەی ئەو سەرکردە سیاسیانە هـیچ فـەرقی نیـە لەگـەڵ دیکتاتۆریـەی صـدام حسـین، تـەنیا یـەك فەرقی هەیە ئەوە بـوو کـە صـدام حسـین، بـە ڕاشـکاوانە دژایـەتی کـوردی دەکـردو لـە چـەکی کیمیـاوی کـە هەڵەبجـە نموونەکەیـەتی کـە ئـەوەی بـەکارهێنا، بـەڵام ئێـوە ئێسـتا بـەو شـێوەیە نایکـەن، بەڵکـە لـەوێش خراپتر و دوو روونە کە بە شێوەیەکی دۆستی ڕۆژو دوژمنـی شـەون، یـان دەتـوانین بڵـێین لـە پشـتەوە لـە ڕێگەی یاساوە و لە ڕێگەی پلان گێڕیەوە دەیانەوێت مافەکانی گەلی کوردستان زەوت بکەن، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تێبینیەکم هەبوو لەسەر ئەو مەوزوعەی ئەمڕۆ، سێ خاڵی گرنگ تێیدا دەبینم، یەك لەو خاڵانە ئەوەیە کە ئێمە چەند تەنازول بکەین بە حەقیقەت تەرەفی تر هیچ حەقی کورد نایەوێت بدات، لەبەر ئەوە ئەو تەنازولاتانەی کە ئێمە دەیکەین هیچ جێگای خۆی ناگرێتەوە، دوو، سێ موئامەرە لەو بەینە کران دژی میللەتی کورد، یەك لەوانە کۆبوونەوەی پەرلەمان لە 22ی تەموز، ئەو کۆبوونەوەیە دژی کورد بوو و دژی هیچ کەسێك نەبوو، دژی دەستووری عیراقیش بوو، ئەو کۆبوونەوە بۆ ئەوە بوو کە ماددەی 140 لە بەین ببات، ئەگەر ماددەی 140 یش هەر نەمێنێت، ئەوا فیدراڵیەتیش لە دوای ئەو نامێنێت، بەڕەئی من ئێمە با ماددەی 140 بکەینە بنەما بۆ خۆمان و قەناعەتیش بەوەی دیمستۆرا نەکەین، ئەو هەر تەنازول بە ئێمە دەکات و هیچ شتێکیش بۆ ئێمە ناکات، ئێمە ئەگەر تەرکیز لەسەر ماددەی 140 بکەینەوە، خۆی ماددەیەکی دەستووری و شاملە، هەر لە خانەقین هەتا دەچێتە سنجار هەمووی دەگرێتەوە بە کەرکووکیشەوە، ئێمە ئەو ماددانەی کە دامانناوە بە حەقیقەتی زوڵمەکە لە میللەتی کورد دەکرێت، ئێمە ئەوە بە زوڵم دەزانین، لەبەرئەوە پێویستە کورد زیاتر لەوە تەنازول نەکات، دەبێت مەوقفی هەبێت، ئێمە بە هەزاران شەهیدمان دا بۆ ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ ، دیمستۆرا نەهاتووە بۆ مەسڵەحەتی میللەتی کورد ئیش بکات، ئێمە دەزانین ئەوە خۆی لەژێر تەئسیراتی چەند لایەنێکە نەك هەر عیراق، بەڵکو دەوڵەتی دەوروبەرو هەندێك جێگای تریش، بە تایبەتی ئەمریکا تەئسیری موباشری لەسەر هەیە، کە چی بکات و چی نەکات، بۆ ئەوە پێویستە ئێمە تەرکیز لەسەر ماددەی 140 بکەین و لەوەش نەترسین کە داوای حەقی خۆمان بکەین، ئەگەر بمانەوێ هەر بە شەرم داوای حەقی خۆمان بکەین، ئەو عەسکەرانەی کە هێناویەتی بۆ خانەقین ئەوە مەبەستی خۆی هەیە، حکومەتی عیراقی دەیەوێت هەر لە خانەقین هەتا سنجاریش هەمووی بگرێتەوە، ئەو داگیرکردنە بۆ ئەوەیە تەسفیەی کورد بکات، ئەگەر هاتوو هەڵبژاردن کرا ئەوا ئێمەی کورد ئەقەلیەتین، کورد نەبێت ئەو چی دەکات، ئەوە یەکێکە لە موئامەراتە سەرەکیەکان لە دژی کورد، لەگەڵ ماددەی 140یش عەینەن شتە، پێویستە ئێمە تەنازول لەوە نەکەین، خۆی لە دەستوری عیراقیش دەڵێت عەسکەری عیراقی بێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام بە ئیستیشارەی ئێمە، نەك هەروا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی کەرکووك، کێشەیەکی ناوخۆی عێراق بوو بە ماددەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی عێراق جێ بەجێ کرابوو، خاڵەکان کەجێ بەجێ دەکرا بە سێ قۆناغ بوو، تاوەکو ڕاپۆرتی بیکر ـ هاملتۆن نەهاتە

ئـاراوە، مــەوزوعی کــەرکووك زۆر بــە ئاســایی دەچــوو بــەڕێوە، ئــەو ڕاپۆرتــە وای کــرد کــە نەتــەوە یەکگرتووەکانیش تەدەخولی ئەوە بکات، دیمستۆراش هەر بەو ڕێگایە هاتە ناو مەوزوعەکەوە، ئێستاش ئەو شتانە کە عەرقەلەی بۆ دروست دەکرێت، ماددەی 140و بەتایبەتی هی کەرکووك جێ بەجێ بکرێـت، هـەر ئـەو ڕاپۆرتـەی بیکرـ هاملتۆنـە، ئێـستاش ئـەو برادەرانـە لـە بەغـدا کـە کۆبوونـەوەیان هەیـە، بـڕوا ناکـەم تەنازول بکەن لە حەقی کورد، جەنابتان هـەموو ئـەوە دەزانـن کـە گفتوگـۆ دوو لایـەنی هەیـە، جـار بـەجار تەنازول دەکرێت بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکە بەردەوام بێت، کە بەردەوامی هەبوو ئەوا ئەو عیلاقەیە ناپچڕێت، وەکو هاوپەیمانی کوردستان و لایەنەکانی تر، هیوای سەرکەوتن دەخوازین بۆ ئەو برادەرانەی کە لـە هێـزی 22 بـوون و دوێنـێ و پێـری دەرچوون، نـازانم بـرادەران ڕۆژی چـوار شـەممە ئاگایـان لـەوە بـوو کـە ئـەو قسەیەی ئەعرجی و سعدالین ئەرگێچ چی پێ گوت، چ جوێنێکی پێیدا، گوتی هـەموو موشـکیلەکانی عـیراق لـە چـاوی ئێوەیـە، ئەوەیـە نوێنـەری بـەناو بـەرەی تورکمـانی، یـەعنی ئـەوان ئـاژاوەی دەنێنـەوە، د. ناصـح فەرمووی نوێنەرانی بەناو بەرەی تورکمانی لە کەرکووك نوێنەری تورکمان نینـە، عەرەبـە شـۆڤینیەکانیش تەمسیلی عەرەبەکان ناکەن لـە کـەرکووك، ئـەوان تـەرەفێکن پێویـستە ئێمـە چـاو لـەبرا تورکمانـەکانی تـر بکەین، گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانیش بکەین، هەر بەتەنیا لەگەڵ بەرەی تورکمانی نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت زۆر بە کورتی سێ خاڵ ئیشارەت پێ بدەم، وەکو بیرخستنەوەیەك، یـەکێك لەوانـە بـەڕای مـن ئەوانـەی کـە ئـەمڕۆ لـە دەسـەڵات دا بـە د.مالکیشـەوە بیرکردنەوەیـەکی زۆر عەرەبیانەیـە، وەکـو سـەرۆك وەزیرانێکی عیراقی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان بیرکردنەوەی نیە، نموونەشـم بـۆ ئـەوە ئەوەیـە کـە ئێمـە لەکاتی مەحکەمە کردنـی صـدام حسـین و ئەوانـەی کـە لەگـەڵی دابـوون چووینە بەغـداو لـەوێ شـاندێکی وەزارتی شەهیدان و ئەندامانی پەرلەمان سەردانی مالکیمان کرد، زۆر بە ڕاشکاوی باسی لە مـاددەی 140 و ئەوانە کرد، هەموو وەڵامەکـەی ئـەوە بـوو کـە کێشـەی عـەممارەو ناسـریەی کـردە مقـابلی مـاددەی 140 و کـەرکووك و خانـەقین و شـەنگارو هـەموو ئـەو کێشانـەی کـە هەشـتا ساڵە کێشـەیان لەسـەری هەیـە، ئەمـە نیشانەی ئەوەیە کە نیەتەکـەیان پـاك نیـە، دووەم: خـاڵێکی تـر هەیـە ئەوەیـە کـە بەڕاسـتی ئـەو لیژنانـە، سەرۆکی علیای ماددەی 140 لە پەرلەمانی کوردستان دا ئەو لیژنەیە داندرا کە بەڕێز حمید مجیـد موسـی سەرۆکی بوو، جەنابتان داواتان کرد کە ئەو لیژنە بێتە پەرلـەمانی کوردسـتان، کـاتێ کـە هاتنـە ئێـرە دوای ساڵێك ئەندامانی لیژنەکە یـەکتریان نەدەناسـی کـە جـەنابت ئاگاداری لێـرە یـەکتریان ناسـی، بـەڕێز حمیـد مجید موسی گوتی من تا ئێستا هیچ ڕاسپاردەیەکم پێ نەدراوە کە لەسەر ئەو ماددەیە ئیش بکـەم، هیچیـان بە من نەگوتووە، مەبەستیان ئەوە بوو کە هیچ کارێك نەکراوە بۆ ئەو ماددەیە، خاڵێکی تریشم ئەوەیە کـە

به حەقیقەت پێویستە ئیشارەتی پێ بدەین، فشارێکی عەسکەری بۆ سەر خانەقین و ئەو مەنتقانە کراوە، ئەو فشارە بە گشت قەناعەتەوە زەختێکە بۆ ئەوەی کەوا ئێمە لە ماددەی 140 و ئەو شوێنانەی کە موتەنازع عەلەیهایە دووربکەوینەوە، من بە قەناعەتی خۆم ئێمەش دەبێت لەم رووەوە ناو ماڵی خۆمان زیاتر رێك بخەینەوە، هەرچەندە ئەو دوو بەڕێزە ئیشارەتیان بەوە دا بە تایبەتی ئەو سێ وەزارەتە کە تا یەکیان نەگرتووەتەوە ئیتر مەجالی ئەوە نەماوە بە تایبەتی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە، بە حەقیقەت ئەوی ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین مشتە کۆڵەیەکە بۆ ناو دەمی هەرکەسێکمان پەلامارمان دەدات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئەو بەڕێزانەی کە موداخەلەیان کردو بۆ ئەو بەڕێزانەی کە ئامادەبوون و ئەوانەشی کە گوێیان لێمانە، ئەمە مەوزوعێکی زۆر موهیمە و هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستانیش زۆر پیرۆزە، کە بەلای کەمەوە هەر هیچ نەبێت بۆ تاریخ کەبڵێت ئەمە هەڵوێستی ئێمە بووە، ئەو داواکاریەش کە لە قیادەی سیاسی کوردستان و تەحالفی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە ماددەکان تێکەڵ نەکەن، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ چارەسەری کێشەکە تێکەڵ نەکەن، چەند خاڵێك ئیشارەی پێ کرا، پێویستە کە موختەسەری ئەو تەجاوزاتانەی کە ئەوان باسی دەکەن ئەو لیژنە نادەستووریەی کە تەشکیل بووە، دەڵێت تەجاوزات لابدەن، لیژنەکە خۆی تەجاوزی کردووە، تەجاوزی کردووەتە سەر دەستوور، ئەوە تەجاوز لە کەرکووك کراوە پێش 2003 کە لە دوایی چاکی بکات، ئێ خۆی تەجاوزە، دەبێ خۆی تەجاوز بکرێ، جەزا بدرێ، لەبەر ئەوە ئەو ئیشە نادەستوریە، ئیشارە بە ئەوە کرا کە برا تورکمانەکان و برا عەرەبەکان لەگەڵ یەك دەبن و دژی ئێرە، دوایش وەکو ئەوەی لە ئیعلان دەبینـدرێ بەو شێوەیە نیە، خەڵکی کەرکووکی ڕەسەن چ لە عەرەب و چ لە تورکمان و لە ئاسوری و لە کلدانی گشت ئەو پێکهاتانە کوردانە زۆرینەی لەگەڵ ئەوەیە بڕیار بدەن چارەنوسی شارەکەیان لە جەوێکی دیموکراتی و لە ڕیفراندۆم دەست نیشان بکرێت، بەڵام سیاسەتە چەوتەکەیە و لە تەعقیداتەکەیە، بەڕاستی تەعقیدات دەستی پێ کردووە، هەتاوەکو بەڕێز دیمستۆراش شێوازی ئیش کردنەکەی غەڵەتە، نایەت لەگەڵ جیهەتی پەیوەندار بیبڕێنێتەوە و بڵێت ئەوە ماددەیەکی دەستووریەو جێ بەجێ ی بکەن، ئەو لەگەڵ ئەو پیرەمێردو ئەو پیرەژن و ئەو موتەتەرفە دادەنیشێت، چی بکەین، ئەمە یەعنی تەعقیدی ئیشەکەیە، باسی بریمەر کرا کە وای گوتووە، مومکین نیە ڕاستی گوت بێت، قیادەی سیاسی کوردستان زۆر بە ڕێك و پێکی پایان دا لە عەردەوە لە بەغدا، زۆر جاریش دەگەیشتە ئەوەی کە موقاتەعەیان دەکرد و دەهاتنەوە کوردستان، ماوەیەك دەمانەوە هەتاوەکو هەندێك شت جێگیر دەبوو، بریمەر وەکو مقاولێك هات وەزعەکەی گرت بوو، ساڵێك دوو ڕۆژ کەم ماوەو لێرەوە ڕای کرد و لەلاشی موهیم نەبوو کە چی دەبێت و چی نابێت، هەر دەیویست ماوەکەی تەواو بێت، بۆ خۆی زۆر شتی نووسیوە هەندێك لە شتەکانی ڕاستەو هەندێکی تریشی ڕاست نیە، لە تەئریخ دیارە کە ئیتفاقیات لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی، کورد دایمەن ئاشتیخواز

بووەحەزی لە شەڕنەبووە، ویستوویەتی ئەمن و ئاسایش بێت، برایەتی ڕابگرێت ،کە کەرکوك بوە عەرقەلـە تاخیرکرا، بۆ دوای ئینتیخابات نەئەکرا، دوایی شەڕی لەسـەر بـووە ،بـەحریٚ خـوێنی بـۆ دراوە ، بەنسـبەت ئێستاش تەوەقوع نەکەن قیادەی سیاسی کوردستان وازی لێبێنێت، ئەگەر قیـادەش وازی لێبێنێـت، میللـەتی کورد وازی لێناهێنیٚ ،مەسەلەی خاکی کەرکووك هی من و بەڕێزێکی تر نیە، هی ئەم پەرلەمانەش نیـە بـە تەنها، هـی گشـت میللـەتی کـوردە ، بۆیـە خـاوەنی هەیـە ،خاوەنەکـەی بـەیانی ئیتیفـاقی چـەوتیش بکرێـت دەستی لیٚ هەڵناگرێت، هاواری ئێمە لێرە بۆ برادەرانمان ئەوەیە، شتێك ئیمزانەکـەن هەڵـەبێت ، خاسـەتەن بۆئەوەی هەڵبژاردن بێت لە بەغدا ،ئەڵێت بابێت کـەرکووك وابێـت ،ئـیٚ باشـە ئەمـە زوڵمـە ،ئینسـان ئـەبیٚ زوڵم قـەبولٚ نەکات،بەرامبـەر زوڵـم تەزحیـەش بـداتن ئامادەبێـت ، بـەلاٚم سـەری بـۆ شـۆڕنەکات ، مـن ئـەو شتانەی ئێوەی بـەڕێز عـەرزتان کـرد ، بەهەنـد وەری دەگـرین، ڕێکـی دەخـەین ، وێنەیەکیشـی دەخەینـەوە بەردەستی ئێوەی بەڕێز، چـی لێـرە عـەرز کـراوە، بشگاتە ئـەو شـوێنە پەیوەندارانـەی کەتەئسـیریان هەیـە، تەمەنناش دەکـەین بـرادەران لـە بەغـدا سـەرکەوتووبن، هەرچـەندە مەسـەلەکەی کـەرکوك بەهانەیـە، ئـەو بەڕێزانەی تر کە ئەیانەوێت عەرقەلە بکەن ،هەندێکی مەترسی هەیە کەلەو هەڵبژاردنـە فەشـەل دێنێـت ، ئـەو دەسـکەوتانەی جـاران بەدەسـتیان هێنـاوە نـایهێنێتن، هەنـدێکی تـر ئەیانـەوێت ئـاژاوە بنێنـەوە ،هەندێکیش دڵیان ڕەشە بەرامبەر بچووکترین مافی میللەتی کورد، ئەو میللەتـەی کـە هەمیشـە دەسـتی بـۆ ئاشتی و ئازادی درێژ کردووە، نایانەوێت لەگەڵی بـژین ، ئەیانـەوێت هـەر دەرەجـە دوو خزمـەتیان بکـەین، بەدڵنیایش سەرکەوتن بۆ میللەتەکەمانە ، باس کرا کە پشتیوانی میللەتی خۆمان بکەین ،ئەوەی هاوڕێیان دەڵـێن زۆر ڕاسـتە ، تەمـەنناش دەکـەین پەرلـەمانی کوردسـتان بـەدەوری تـەواوی خـۆی لـەم مەرحەلەیـە هەڵبستیٚ ،سیاسەتی حکومەتی کوردستان لەبەردەستی خۆی دابنـێتن ، هـی وەزارەتـەکان پلانیـان چـیە ،بـۆ ئیش کردن ئەو بەرنامانانەیان بخەنە بن میکرۆسکۆب بۆئـەوەی لەبەرژەوەنـدی خـەڵکی کوردسـتان بێـت ، ئەگەر خەڵك فێرنەکەین ئێمە مقەسرین ،دوایـی نـەڵێن ئـەو وەزیـر یـان ئـەو بەرپرسانە یـان ئـەو لایـەنی سیاسـی زەختـی لێمـان کـردووە ،ڕێـزدار مـام جـەلال لـەم پەرلەمانـە، ڕێـزدار جـەنابی سـەرۆکی هـەرێمی کوردستان کاك مسعود لـەم پەرلەمانـە پێمانیـان گـوت ، فـەرموو زیـرەك بـن دەوری خۆتـان ببیـنن ،قسـەی خۆتان بکەن ،نەهێڵن هەڵە ببێت فـەزحی بکـەن ،بـەلاٚم خۆمـان مـات بکـەین ،دوایـش بڵـێین خـەتای ئـەوەو ئەوە، هەر ئێمە خەتا بارین ،چونکە حەقەکە لەدەست ئێمەیە وەکو ئەوەی بەغدا ، ماددەیەکی دەستوریمان هەیە ،ئەگەر هەر ئیتیفاقێکی تر بکەن ئێمە مقەسرین ،قیادەی سیاسی کوردستانە، پەرلـەمانی کوردسـتانە ،نوێنەرانمانە لە بەغدا ،کەسمان لێی بێبەش نابین ،بەلاٚم ئەوەتا ئیمڕۆ لێرە ئەو هاوارە ئەکەین ، بۆئـەوەی لای خەڵکی کوردستان دیـار بێـت ،پەرلـەمانی کوردسـتان هەڵوێسـتێکی پـیرۆزی هەیـە ، داواش لـە تـەحالفی کوردستانی ئەکات ،داوا لە قیادەی سیاسی کوردستانی ئەکات ،دڵنیاشـین قەزیەکـە لەدەسـتێکی ئەمینـە ، دوا ڕۆژیش سەرکەوتن هەر بۆئێوەی بەڕێزو میللەتە سەربەرزەکەمانە ، چونکە لەسـەر حـەقین ، زۆر سـوپاس،

**کۆتـایی بـە دانیشـتنەکە ئـەهێنین ،ئاگادارتـان دەکەینـەوە بـۆ دانیشـتنی داهـاتوو ، لەگـەڵ ڕێـزدار سـەرۆکی پەرلەمان دادەنیشین ، ئاگادارتان دەکەینەوە ، زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (6)

## چوار شەممە رێكەوتی 15\10\2008

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (6)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2008/10/15

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2008/10/15 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەم, ساڵی (2008)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11) ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2008/10/15دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنی ئەوەی کە برا مەسیحیەکانی مووسڵ لە کوشتن و دەرکردن بە دەستی تەکفیری و تیرۆریستەکانی مووسڵ تووشیان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2008/10/15دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنی ئەوەی کە برا مەسیحیەکانی مووسڵ لە کوشتن و دەرکردن بە دەستی تەکفیری و تیرۆریستەکانی مووسڵ تووشیان هاتووە.

سەرەتا بەخێر هاتنی گەرمی مێوانەکان دەکەم، وەزیرە بەڕێزەکان دکتۆر محەمەد ئیحسان و کاک دکتۆر شوان و کاک جۆرج مەنصورو کاک سەعد، کە لێرە لەگەڵمان بەشدارن، هەروەها بەخێر هاتنی ئەلخوری روفائیل سەرۆکی کاهینەی عەنکاوە، ئەبو نازییە شابا کەنیسەی شەقلاوە دەکەم لەگەڵمان بەردەوامن لێرە، کاک فرانك نوێنەری یۆنامی و مێوانانی تری برا کلدان و ئاشوور کە لەسەرەوە دانیشتوون، بۆ ئەم دانیشتنە هاتوون بەخێر بێن سەرچاو، ئەم دانیشتنە لەسەر داوای سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، هەروەها ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد، لە هەمان کاتدا ئەم دانیشتنە بکرێتن کاك رۆمیۆ هەکاری و کاك غەفور مەخموری و کاك دیلمان ئامێدی و کاك جەمال شەمعون ئیلیاو کاك عەبدولکەریم هەماوەندو کاك محەمەد صاڵح و کاك دکتۆر ناصح غەفورو کاك ئارێز عەبدوڵڵاو کاك پیر خدر سلێمان و کاك رەشید کەریم و کاك محەمەد فەرەج و کاك ئارام رەسول و سۆزان خان و کاك جەمال قاسم و فخریە خان، ئەو ژمارەیەش داوایان کردووە، کە ئەو دانیشتنە بکرێتن، ئەوەی راستی بێتن ئەو دانیشتنە تایبەتە بە باس کردنی ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە برا مەسیحیەکان دەکرێت لە چەند رۆژی رابردوودا ئەنجام دراوە، بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەك لێیان شەهید بن و ژمارەیەکیش بریندار بن و سەدان کەسی تر ئاوارە بن و بێنە سەهلی نەینەواو سەهلەکانی کوردستان و لە دەست ئەو تاوانبارانە هەڵێن، ئێمە لە وەختێکی وادا ئەو تاوانانە ئیدانە دەکەین، بە توندی ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین و پێشمانوایە تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە مرۆڤ، بەرامبەر بە برا کلدانی و ئاشوورییەکان، بەرامبەر بە عێراقی تازە، بەرامبەر بە دیموکراتیەت، بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، هەموو پێکهاتەکانی کوردستان ئەم تاوانبارانە ئیدانە دەکەن و تەئکیدیش دەکەینەوە ئەوانەی لە دوای ئەم تاوانانەن چ تیرۆریستان بن، چ ئەو خەڵکانە بن کە دەیانەوێت ژیانی عێراقیان تێك بدەن، چ پاشماوەی رژێمی لەناوچوو بێت، بۆیان تەئکید دەکەینەوە کە هەمیشە فەشل بەدواییاندا دێت و سەرکەوتوو نابن، چونکە ئیرادەی گەل زۆر لەوان بەهێزترە، ویستی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بە هەموو پێکهاتەکەیەوە بڕیاریانداوە کە پێکەوە بژین و پێکەوە بەردەوام بن و دەنگیان داوە بۆ دەستوورێك کە مافی هەموو پێکهاتەکانی پارێزراوەو دابین کراوە، قەدەری خەڵکی عێراق ئەوەیە پێکەوە بژین، قەدەری خەڵکی عێراق بە پێکهاتەکانیەوە بە کوردو عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشووری و بە سوننەو شیعەو بە ئیسلام و مەسیحی و یەزیدی هەموو پێکهاتەکان چ نەتەوەیی بن، چ ئاینی بن قەدەریان ئەوەیە دەبێت پێکەوە بژین و رێز لە یەکتری بگرن و مافی یەکتری بپارێزن، پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو مەدەنی دیموکراتیانە بەڕێز گرتن لە یەکتر، بە تێگەیشتنی مافەکانی یەکتر کەوا بێت، بەڵام ئەوانەی ناحەزی ئەو ژیانە تازەیەن، ناحەزی ئەو دنیا تازەیەن کە لە عێراقدا دروست دەبێتن، هەر لە یەکەم رۆژیەوە دژایەتیان کردووە، هەوڵیانداوە تێکی بدەن و لە هەمووی ئەو دیاردانەو ئەو هەولانەی کە زیاتر دژی مرۆڤەو زیاتر کە خوێناوییە، ئەو هەولانەیە کە کۆمەڵانی خەڵکی عێراق تووشی

بووه به دەست تیرۆریستانەوه، تیرۆریستان بۆ مەرامەکانیان هیچ گوێیان نەداوەتە ئەوانەی دەبنە زەحیەی کارەکانیان، منداڵن، ژنن، پیاون، سوونەنە، شیعەنە، کوردن، عەرەبن فەرق نەبووە لە لایان، یەك هەدەفیان هەبووه، یەك مەبەستیان هەبووه، ئەویش کوشتنی خەڵکی عێراق بووه، لەم کوشتنەدا هەزاران شەهیدی لێکەوتووه، ئەگەر تەماشای بکەین هیچ پێکهاتەیەکی عێراق نییە، نەبوو بێتە ڤیکتەمی ئەو کارە تیرۆریستیانەو ئەو کەسانەی ناحەزن بۆ عێراقی تازە، ئەوەی روویداوە لەو چەند رۆژەی رابردوودا بەشێك بوو لەو سیاسەتە دژ بە گەل و دژ بە مرۆڤ، ئەو لایەنانەی کە باوەڕیان بەکاری تیرۆریستی هەیە بۆ ژیان، پێشتر هەر لە هەمان شار خەڵکی شەبەك کە زۆرینەشیان کوردن، ئێزیدی لەبەر ئەوەی ئاینییان جیاوازە، تووشی ئەو کارە تیرۆریستانە بوون و چەندین کەسیان لێ شەهید بوو و دەربەدەر بوو، دنیای ئینسان بە جیاوازی ئاینەوە، بە جیاوازی بیروباوەڕەوە دەتوانێت پێکەوە بژێتن، دەتوانێت رێز لە یەکتری بگرێتن، ئێمە ئەو دانیشتنەمان بۆ چەند بابەتێکە:

یەکەمیان/ ئەوەیە هەمووومان بە یەك دەنگ ئیدانەی ئەو کارە تیرۆریستیە بکەین.

دووەم/ ئەوەیە لە رێگای نوێنەرانی گەلی کوردستانەوە بە هەموو خەڵکی عێراق بڵێین، بە هەموو خەڵکی دنیا بڵێین کە هەرێمی کوردستان باوەشی کردۆتەوە بۆ پێکهاتەکانی خۆی و بۆ هەموو ئینسانێك کە باوەڕی بە دیموکراسیەت هەیە، رێز لە یەکتر دەگرێتن، رێز لە ئینسان دەگرێتن.

سێیەمیان/ ئەوەیە دەمانەوێت ئەو تیرۆریستانەو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە بەکارهێنانی چەك هەیە بۆ یەکلا کردنی کێشەکانی سیاسی و بە پاشماوەکانی رژێمی بەعس بڵێین کە بە هیچ شێوەیەك رێگا نادەین پلانەکانیان سەر بگرێت و بتوانن فتنە دروست بکەن لەنێوان خەڵکی کوردستان و پێکهاتەکانی کوردستان، لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق، پێویستە ئیرادەی گەل لە هەموو شوێنێکدا سەرکەوتوو بێتن بەوەی رێگا نەدەین ئەوانە پلانەکانیان سەربکەوێتن، بۆیە لێرە ئەندامانی پەرلەمان لە کلدان و ئاشوورییەکان کە هەندێکیان سەردانی ئەو خەڵکانەیان کردووە، پێویستە قسە بکەن، میوانە بەرێزەکانمان، وەزیرە بەرێزەکان ئەوانەی پەیوەندییان بەو مەسەلەیە هەیە، رەئی خۆیان دەربڕن، ئینجا دواتر لە نەتیجەی قسەکاندا هەروەها سەرۆك فراکسیۆنەکان رەئی خۆیان بڵێن، بۆیە هەر کەسێکیش قسەی هەبێت دەتوانێت قسەی بکاتن، بۆیە لێرەوە نامەیەك بەو مانایەی کە عەرزم کردن بۆ هەموو دنیا بڵێین، کە ئێمە دژی تیرۆرین و دژی تیرۆریستانین، لەگەڵ برا مەسیحیەکان هاودەنگین، هاوبیرین، هەست بە ئازاریان دەکەین، داوا لە حکومەتی عێراقی فیدراڵیش دەکەین کە بە پەلە هاوکاری ئەو برا مەسیحیانە بکات، حیمایەتیان بکات و بەهێز پلانەکانی دوژمنان پووچەڵ بکاتەوەو شاری مووسڵیش ئارام بێتن وەکو شارەکانی تری عێراق، من سەرەتا داوا لە برایانی ئەندامانی پەرلەمان، لە کلدان و ئاشوور دەکەم، کە چ قسەیان هەبێتن لەسەر ئەو مەوزوعە بیکەن، کاك رۆمیۆ راپۆرتی هەیە لەسەر داوای من، چونکە سەردانی کرد بوو، داوای لێ دەکەم ئەو راپۆرتەی بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی سەرجەم میوانە بەرێزەکان دەکەم، بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بەرێزان خوشك و برایانی بەرێزی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر داوای بەرێزتان و بە مەبەستی

ئاگادار بوون له وەزع و رەوشی رۆڵەکانی گەلی کلدانی و ئاشووری شاری مووسڵ که بۆ دوو حەفته دەچێت کەوتوونەتە بەر شاڵاوی بێ بەزییانەی هەڕەشەو کوشتن و دەرپەڕاندنیان لەسەر زێدی خۆیان وەك پیلانێکی دارێژراو بۆ چۆڵ کردن و سڕینەوەی ناسنامه و مانەوەیان له شاری مووسڵ که هەزاران ساڵه تێدا بەردەوامی به ژیانی خۆیان دەدەن، ئیمه ئەندامانی فراکسیۆنی کلدان، سریانی، ئاشووری له پەرلەمانی کوردستان (جەمال شمعون، ئەندریۆس یوخنا، رۆمیو حوزیران) سەردانی ئەو دەڤەرەمان کرد و دابەشی سەر دوو میحوەر بووین بەو شێوەی خوارەوە:

یەکەم/ رۆمیو هەکاری و جەمال شمعون له مەحوەری قەرەقۆش، واته بەغدێده و کەرملێش و بەرتیله.

دووەم/ برای بەرێزمان ئەندریۆس یۆخنا له میحوەری تلکیف و تلسکۆف و ئەڵقۆش کەوێرای ئەمانە، ئەو دوو میحوەرە چەندین گوند و شاریان گرتووتە خۆ ، ئێمە زۆر له نزیکەوە له هەر شوێنێك لەم دوو میحوەرە ژمارەیەکی زۆری ئەو خێزانانەمان بە سەر کردەوە کە هەندێکیان تازە گەیشتبوونە جێ، له نزیکەوە ئاگاداری وەزعی ژیان و باری دەروونی و شێوازی دەرکردنیان و کوشتنی رۆڵەکانیان لەبەر چاویان و رەفتاری نا مرۆڤانە و بەربەریانەی بکوژەکان و چۆنیەتی بەجێ هێشتنی ماڵ و حاڵیان و خۆ دەرباز کردن لەم دۆزەخە و رۆیشتنیان بەو شوێنانە و له بەرامبەر ئەمەشدا پێشوازی لێکردن و دەرگا واڵاکردن له لایەن خەڵکی ئەم شار و شارۆچکانە و تەواوی گوندەکانی تر و دڵدەدان و یارمەتی دانیان جێگای سەرنجی هەمووومان بوو، ئاماژەکان بەو شێوەی خوارەوە بوو:

یەکەم/ژمارەی شەهید کراوان تا نووسینی ئەم راپۆرتە 14 کەس بوون لەگەڵ ژمارەیەك بریندار.

دووەم/ ژمارەی خێزانە دەرکراوەکان کە گەیشتوونە ئەو ناوچانە تا نووسینی ئەم راپۆرتە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

قەرەقۆش: واته حەمدانیە(730) خێزان.

کەرەملێش (85)خێزان.

بەرتیلە: (283) خێزان.

ئەلقۆش:(143) خێزان.

تەلەسکۆف: (273) خێزان.

تلکێف: (280) خێزان.

بەتنایا:( 59 ) خێزان.

عین سفلی: واته شێخان(8) خێزان.

بەعشیقه: (121) خێزان.

بەهزانی: (37) خێزان.

دێر مارمەتی: (52) خێزان.

گوندی ئەرمەن: که پێی دەوترێ ئاغاجانیان(13) خێزان.

مەلا بەروان: (10) خێزان.

هەزار جۆت: (5) خێزان.

بنیاسۆر: (5) خێزان.

سەدی مووسڵ: (6) خێزان.

گوندی شەرەفیە: (5) خێزان.

دێر مار بەهنام: (17) خێزان.

عەنکاوە: (65) خێزان.

دهۆك: (103) خێزان.

کە کۆی گشتی ئەم خێزانانە دەگاتە (2274) خێزان.

سێیەم/ تەقاندنەوەی سێ خانوو و داگیرکردنیان بە تەواوی.

چوارەم/تەواوی ئەو خێزانانە بە جل و بەرگەوە توانیویانە خۆیان دەرباز بکەن.

پێنجەم/ لە کۆی 2274 خێزان نزیکەی نۆ هەزار کەس بوون، بەشی زۆریان قوتابی و فەرمانبەری دەوڵەتن بە هەموو توێژەکانیەوە.

شەشەم/ لە 95٪ ئەم خەڵکە لە دیوی رۆژهەڵاتی مووسڵ کە بە عەرەبی پێی دەوترێت(الساحل الایسر) هاتوون و 5٪ لە دیوەکەی تری شارەکە بوون.

داواکارییەکان:

1- کۆمەك و یارمەتیدانیان لە رووی بژێوی ژیانیان و نیشتەجێ کردنیان و بایەخدان بە چارەنووسی فەرمانبەران و قوتابیان بەتایبەتی قۆناغی زانکۆ و پەیمانگاکان، لەبەر نەبوونی زانکۆ و پەیمانگا لەو دەڤەرانەدا.

2 ـ لەرووی مەعنەویەوە ، داوا دەکەم پەرلەمان و حکومەتی هەرێم رۆڵیان هەبێت، بە هەر شێوازێك بێت بۆ خۆش کردنی زەمینەی گەڕانەوەیان و دابین کردنی ئاسایش بۆیان.

3 ـ لە حاڵەتی درێژەکێشانی ڕەوشەکەو لە حاڵەتی مانەوەیان لەو شوێنانە بیر لە چارەنووسیان بکرێتەوە، بیروبۆچوونیان دەربارەی زوڵم و زۆری و ئەم دەرکردنە بە کۆمەڵە. واتە بیربۆچوونی ئەو خەولکانەی کە بینیمان و سەردانمان کردن، هەموو ئەوانەی بینیمان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەمە دەرکردنی نەتەوەیەکەو سەرجەمی بیروبۆچوونەکان تەئکید لەوە دەکەنەوە کە ئەو زوڵم و زۆریە و کردەوە ناڕەوایە دژی مرۆڤایەتی و پێکەوە ژیان و دیموکراسیەت و قبوڵ نەکردنی ئەوی تر، باوەڕ نەبوون بە فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و باوەڕ بوونە بە پاککتاوی نەژادی، کە بەڕاستی ئەم شاڵاوە جۆرێکە لە پاککتاوی نەژادی و ئەوانەی نایانەوێت ئەو وڵاتە ئارامی و ئاسایشەوە ببینێت، لەو سەردانەمان دا پێمان باشە ئەم چەند ئاماژەیەتان بخەینە بەرچاو:

یەکەم: گلیەیی زۆری خەڵکەکە لە بازگەکان بە تایبەتی بازگەی نێوان موسڵ و تلکێف کە بە بازگەی مەتاحم بەناوبانگە لە شێوازی مامەڵە کردن و دواخستنی کاروباریان.

دووەم: یارمەتی و کۆمەك لە لایەن خەڵکی ناوچەکان و هێزو لایەنە سیاسی و ئەنجومەنەکانی گەلەکەمان و مانگی سووری عیراقی و خاکی سووری نێودەوڵەتی و سەرجەم کەنیسەکانی ئەم ناوچانە.

سێیەم: هەموو ئەو دەرکراوانە لەلایەن خەڵکی ئەم دەڤەرانە شوێنی نیشتەجێیان بۆ فەراهەم کراوەو بە خۆڕایی بەلایەنی کەم بۆ ئەم قۆناغە.

چوارەم: گلەیی خەڵکەکە لە دواکەوتنی هەڵوێستی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، وێڕای دڵنیا کردنیان لەلایەن ئێمەوە کە هەموویان هاوخەمی ئێوەن و دژی ئەو کارەساتەو ئەوانەشن کە لە پشتیەوەن.

پێنجەم: داوادەکەین پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بەزووترین کات کۆمەك و یارمەتی بۆ ئەو خەڵکە بنێرن.

شەشەم: هەڕەشەکان هەموویان ڕاستەوخۆ و هەندێکیان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە و ناردنی نامەی هەڕەشە ئامێز بۆیان.

حەوتەم: ئەم شاڵاوە پیلانێکی داڕێژراوە بۆ دەرکردن و چۆڵ کردنی ئەم شارە لە نەتەوەیەکی دێرین و پێکهاتەیەکی ئەسڵی ئەم شارەو ئەم وڵاتە.

هەشتەم: ترسێکی زۆریان پێوە دیارە بۆ گەڕانەوەیان بۆ ئەم شارە، سەرەڕای تەئکید کردنیان کە باشترین چارەسەر فەراهەم کردنی ئەمن و ئاسایشە بۆ ئەم شارەو گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و موڵك و حاڵی خۆیان.

نۆیەم: تا ئێستاش پەیوەندی پێوە کردن و ترساندنیان لە ڕێگەی تەلەفۆن، واتە بە موبایل بەردەوامە بۆ نەگەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان.

تێبینی بۆ دەوڵەمەند تر کردنی ئەم ڕاپۆرتە کاتێکی زیاترمان پێویست بوو، لەگەڵ ڕێزماندا.

اندراوس یوخنا گورگیس

جمال شمعون ایلیا

رۆمیۆ هەکاری

2008/10/14

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەم راپۆرتەتان، بەڕاستی تەفسیلاتێکی باشی تێدابوو ئێستا باشتر لەو رووداوە ئاشنا بووین، من پشتگیری لە داواکانیان دەکەم، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و بەناوی پەرلەمانەوە قەرارمان دا هەر دوێنێ باسی ئەوەمان کرد کە هاوکاری بەپەلە بکرێن و 100 ملیۆن دیناریان بدەینێ، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم هەریەکە لەلایەن خۆیەوە چ تەبەروعێك دەتوانێت بکات، ئێمە بەناوی پەرلەمانەوە 100 ملیۆنمان تەرخان کردووە بۆیان، هەروەها داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەم، لەوانەیە ئەوانیش بڕیاری خۆیان داوە هاوکاریان بکەن، بەزووترین کات ئەو هاوکاریە ئینسانیە بگەیەننە ئەو عائیلانەی کە لێیان قەوماوەو دەربەدەر بوونە لەو شارە، دەمەوێت بەخێرهاتنی بەڕێز ئامینە خان بکەم، کە ئەندامی پەرلەمانی سویدە، کە لەگەڵ وەفدێکی شارەزاو پسپۆر لە وڵاتانی بەریتانیا و ئەمریکا و سوید و هەندێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتوونە بۆ مەسەلەی هاوکاری کردنی گەلی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستیەکان لەسەر جینۆساید کە ئێستا لەگەڵمان بەشدارن، بەخێربێن سەرچاوان، وە بۆ ئەو

مەوزوعەی کە گرنگە بۆ ئەوانیش و بۆ ئێمەش گوێ بیستی هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان ببن لەو تاوانەی کە بەرامبەر بە برا مەسیحیەکان ئەنجام دراوە، هەروەکو هەموو ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر هەموو پێکهاتەکانی عێراق ئەنجام دەدرێتن و، ئاماژەم بە ئەوە کرد کە تیرۆرستان و ئەوانەی کە مێشکیان ڕەشەو پاشماوەی رژێمی کۆنن لە دوای ئەو تاوانانەن، سەرەتا وەکو ئەوەی کاک رۆمیۆ ئاماژەی پێی کرد، کە کاک رۆمیۆ و کاک اندریوس و کاک جمال شمعون، کە بەو ئیشە هەستاون چ قسەیەکیان هەیە بفەرموون، کاک اندریوس فەرموو.

**بەڕێز بایزار ملکۆ اوهان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەجال هەبێت بە عەرەبی ئەو ریسالەیە بخوێنمەوە، (نستنكر بشدة الاعتداءات الاخيرة على شعبنا المسيحي فى الموصل من قبل الزمر الارهابية التكفيرية والاشلاء البعثية المتبقية من النظام السابق بقتلهم والهجرة القسرية من ديارهم الى كوردستان العراق، وكما نستنكر بشدة استغلال مأساة شعبنا من قبل السيد اسامة النجيفى بتصريحاته في قناة الحرة العراق، بتوجيه التهم الى جهات معينة لاغراض مأربهم الشخصية والسياسية والانتخابية، فلا نقبل بهذه احد يستغل مأساة شعبنا بهذه الاتهامات الخطيرة الى جهات معينة وهى اخوتنا الاكراد، وهذا يدل على مدى كراهيتهم وحقدهم للاخوة الاكراد والمسيحين، ونرجو من حكومة اقليم كوردستان والبرلمان العراقى لابداء المساعدة لاخواننا الهاربين من ديارهم)، وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ خاتوو بایزار ئەندامی پەرلەمان کە وابزانم ئەرمەنیە و ئەو رەئیەشی بەهەند وەردەگیردرێت، لەبەرئەوە تەعبیر لە خەڵکی لێ قەوماوان دەکات و ئێمەش پشتگیری لە قسەکانی دەکەین، من بە حەقیقەت لەگەڵ هەموو ئەندامانی پەرلەمان لەم دوو، سێ ڕۆژە باسمان کردووە لە هەندێك قسەی نامەسئول لە لایەن ئەندامێك یان دوو ئەندامی پەرلەمانی عیراقەوە کراوە بە بێ ئەوەی ڕاستیەکان بزانن، بێ ئەوەی ئاگاداربن و مەعلوماتێکیان هەبێت ئیتیهامی کورد دەکەن کە ئەو تاوانەی ئەنجام داوە، جێگای پێکەنین و جێگای نارەزایی هەموو لایەکمانە، چونکە نەك هەر دوورە لەراستی، بەڵکو عەقڵ و مەنتقیش قەبوڵی ناکات و هەروەها ڕووداوەکانیش قەبوڵ ناکات، ئەو خەڵکانەی کە دوێنێ قسەیان کرد لەگەڵ وەفدی عیراقی عەکسی ئەوە ڕەدیان داوە کە ئەوان خۆیان گوتیان ئەمانە خەڵکی تیرۆرستن، خەڵکی پاشماوەی بەعسن، دەنا چۆن دەبێت ئەندامێکی پەرلەمانی عیراقی ڕێگا بە خۆی بدات تاوانی میللەتێك و خەڵکێك و حیزبێك بکات، کە خۆی سوور دەزانێت ڕاست نیە، تەنانەت ڕاشناوەستێت لەسەر ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیەك بکرێت، مەعلوماتێك بێتە دەستی و یەکسەر خەبەرەکە هاتووە و چووەتە سەر تەلەفزیۆن قسە دەکات، بۆیە پشتگیری لە داواکەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی دەکەین کە لە پەرلەمانی عیراقی هەوڵ بدرێت لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر ئەو لێدوانانە، چونکە ئەوە بەشداری کردنە لە دروست کردنی فیتنە، کۆسپ

دروست كردنە لەبەردەم ديالۆگی پێويست لە نێوان پێكهاتەكانی عيراق، كاك اندريۆس و كاك شمعون هيچ قسەی پێويستتان هەيە؟ فەرموو كاك اندريۆس.

**بەڕێز اندراوس يوخنا گورگيس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بە توندی ئيدانەی ئەو كارە تيرۆرستيانە دەكەين كە دژی گەلەكەمان كلدانی و سريانی لە شاری موسڵ كراوە، من نامەوێت ئەو قسەيەی كە لە راپۆرتی خۆمان كراوە دووبارەی بكەمەوە كە لە لايەن بەڕێز كاك رۆميۆ كراوە، بەڵام تەنها دوو مولاحەزەم هەيە سەبارەت بەو كارە تيرۆرستيە، يەكەميان ئەوەيە كە ئەمن و ئاسايشی هەر كەسێك لە وڵاتێك، ئيش و كاری حكومەتی ئەو وڵاتەيە، دواتر ئيش و كاری ناوچەی مەحەلی لەو شوێنە، بەداخەوە كە دەڵێين كە بەڕاستی حكومەتی عيراقی چ وەك حكومەت و چ وەك وەزارەتی ناوخۆ يان وەزارەتی بەرگری عيراق ئيش و كارەكانی وەكو پێويست نەبووە، بە تايبەت لەو ڕۆژانەی كە ئەو كارەی دەست پێ كردووە، بەڵكو ئێستا وەعدی داوە كە هەندێك جار هەڵوێستی هەبێت بۆ ئەوەی چارەسەری كێشەكان بكات، بەڵام بەداخەوە ئەو لێدوانەی كە لەم دوايە بە رەئی گشتی كراوە، كە بەڕاستی لە شاری موسڵ كە باسی ئەو سێ خانووانەی كە تەقێندرايەوە، كە پێش تەقاندنەوەی ئەو خانووانە داوا لە شورتە كراوە و تەبليغی شورتە كراوەو ئاگاداركراونەتەوە و هاتوونەتە ئەو شوێنانە، بەڵام تاكو ئەو خانووانە نەتەقێندراونەتەوە تەدەخوليان نەكردووە، بۆ؟ نازانين، ئێستا وادابنێين هەندێك تەسريحات لە حكومەتی بەغدا دەردەچێت و دەڵێت كە شێواوی ئەمنی هەيە لە شورتەی نەينەوا يان جەيشی عيراقی لە شاری موسڵ، ئەگەر وابێت ئێمە لێرە داوا دەكەين تەحقيقێكی فەوری دەست پێ بكات، هەروەها ئەو خروقاتانە تەحقيق بكرێت و تەحويلی قەزا بكرێت تاوەكو سزای خۆيان وەربگرن، ئەمە خاڵێكيان، خاڵی دووەميان بەڕاستی هەڵوێستی وەزارەتی بەرگری عيراقی وەك پێويست نەبووە بە تايبەت تەسريحاتی ڕاوێژكاری وەزارەت بەڕێز (محمد عسكری) كە دەڵێت 157 خێزان لە موسڵ دەرچوونە، ئايا ئەم راپۆرتە كە بەناو و بە ژمارەو بە كتاب نەهاتووە، بە ناو لە چ شوێنێك هاتووەو هەر خێزانە چەند كەسن، باشە ئەمە هەموو دەرەون، باشە وەزارەتی هيجرەو موهەجرين لە بەغدا كە دەڵێت تا ئێستا 1307 خێزان، ئەوەی تۆمار كراون، موتەحەدس بە ناوی حكومەتی عيراقی دەڵێت 1400 خێزان دەركراون، تەنها وەزارەتی بەرگری عيراقی دروستە؟، بۆ ئەو تەسريحاتەو بۆ كەم كردنەوەو بچووك كردنەوەيە؟ لەلای وەزراەتی بەرگری عيراقی بزانين، ئەخير تەسريحاتی بەڕێز محمد عسكری دەڵێت لە شاری موسڵ تەنها 600 خێزانی مەسحی هەيە، باشە ئەوانەی دەركراون لە كوێ هاتوون؟ لە ئەفغانستان يان لە چ شوێنێك هاتوون؟ بابەتێكی ترم ئەوەيە كە بەڕاستی خوشكە بايزار باسی ئەوە دەكات كە هەندێك تەسريحات لەولا و لەولا دەردەچێت، ئيتيهاماتی هەندێك لايەن دەكرێت، من وەك نوێنەری بزووتنەوەی ديموكراتی ئاشووری و ئەندامی مەكتەبی سياسی ئاشووری دژی ئەو تەسريحاتانەين، تا ئێستا هيچ شوێنێك ئاشكرا نەكراوە كە كێ بەرپرسەو تاوەكو تەحقيقاتەكە دەردەچێت و تەئكيدی دەكاتەوە كە ئەو لايەنەيە، ئەوكات ئێمە بە توندی ئيدانەی ئەو لايەنە دەكەين جا هەر چ لايەنێك بێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی حەز دەکەم ئەوە ئاشکرا بێت بۆ هەموو لایەك، ئێمە کە داوای دانیشتنی تایبەت دەکەین بە مەبەستی تاوتویّ کردن لە مەسەلەکان، بە هیچ شێوەیەك ئیدعای ئەفزەڵیاتمان نەکردووە، خۆمان بە باشتر لە هیچ پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی عیراق و کوردستانمان نەکردووە، ئێمە بەشێکین لە کۆمەڵگای عیراق و کوردستان بە خۆشی و ناخۆشیەکانەوە هاوبەشین، ئێمە زۆر باش لە وەزعی عیراقی تیّ دەگەین، زۆر باشیش لە تەبیعەتی ئیرهاب لە عیراق ئاگادارین، بەڵام ئەوەی لە موسڵ لەو کۆتاییە ئەنجام درا تەجاوزی حەدی ئیرهابی مەئلوفی کرد، ئێمە دەزانین موفەخەخەیەك لێرە، عبوە ناسیفەیەك لەویّ و کوشتنی پیاوی ئایینی لەو لاو، بەڵام ئەوەی ئەو جارە رووی داوە شتێکی جیاواز بوو، بەشێوەیەکی کتوپڕ لە یەك تەوقیت زیاتر 25 گەڕەك لە گەڕەکەکانی موسڵ خانەوادەی مەسیحی تەشخیس بکرێن و کە تەنانەت ناوی منداڵەکانیشیان بزانن، دەربکرێن، لەبەر چاوی جەیش و سوڵتە بەڕۆژ و بەشەو خەڵك بکوژرێت، جەبر کردنیان بە گۆڕینی ئاییەنەکانیان، دەرکردنیان لە خانووەکانیان، تەفجیر کردنیان هەندیّ لە خانووەکان و بە بەردەوامی لە ماوەی 5 ڕۆژ تا ئێستا، ئەوە لە هیچ عەقڵێك گومانی تێدا نیە کە ئەوە ئیرهابێکی ئیعتیادی بێت، ئەوە موئامەرەیەکی زۆر گەرورەیە کە دەرحەق بە میللەتەکەمان دەکرێت، ئەبعادی ئەم رووداوە، ئەبعادی هەمە چەشنی هەیە، هەندێکیان ئاینین، یان بە بیانووی ئایینەوەن، هەندێکیان قەومین، هەندێکیان سیاسین، زۆریشیان تێکەڵاوبوونە، ئەم بوعدانە ترسناکن، نەك تەنها بۆ ئێمەی مەسیحی، ترسناکن بۆ موستەقبەلی عیراق، لەسەر ئەزموونی بنیات نانی دیموکراسی لە عیراق، لە مسداقیەتی بنیاتنانی پرۆژەی سیاسی لەسەرتاسەری عیراق، ئەو دوو پرۆژەیە کە تا ئێستا عیراق، کە ئێستا لە ئیمتیحانێکی قورسدا هەموو عالەم و چادوێران چاویان لێیە، کە ئێمە تا چ رادەیەك دەتوانین ئەم سەرکەوتنە لەو هەنگاوە دەربازبین، بەڵام بەداخەوە وا دیارە لەو ئەزموونە عێراق ساقیت بووە، ئەوەیش ئاسەوارێکی زۆر سلبی و گەورەی هەیە لەداهاتی عێراق، لەبواری بوعدی ئاینی حەزدەکەم هەندیّ قسەبکەم کە هەتا ئێستا بەداخەوە لەلای هەندیّ لایەن ئێمەی مەسیحی بەصەلیبیەکان دادەنین، صەلیبیەکان کە حەملەیەکی ئستیعماری دینی بوو، ئەوە هەزار ساڵی بەسەر چوو، هەتا ئێستا بەکافرمان دەزانن بەنۆکەری ئەمریکاو ئەوروپامان دادەنین بە بیانووی ئەوەی کە ئەوان مەسیحین وئێمە مەسیحین دەبێت نۆکەری ئەوان بین، گومانیان لە ئینتیمای وطني ئێمە هەیە، ئەو فەرهەنگ تێکدەرە بەداخەوە وای لێکرد کە رەسامێکی کاریکاتێری لە ئەوروپا حەماقەتێك بکات، ئێمە لێرە دەبێت زەریبەی بدەین، دەبێت کەنیسەکانمان بسووتێنن، دەبێت پیاوی ئاینیمان بکوژن، هەتا کەی ئەم فەرهەنگە تێگدەرە لە عەقلیەتی ئێمە بمێنێت، ئەوانەی گومانیان لە ئینتیمای وطني ئێمە هەیە با مێژووی کۆن بخوێنن، ئێمە بووین بۆ یەکەم جار لەم وڵاتە یەکەمین پەیرەوی فەرمانرەوایی نیشتیمانیمان دانا، با مێژووی تازە بخوێنن بزانن کە یوسف سلمان کەناوی (فهد) سەرکردایەتی بەهەڵستکردنی ئیستیعماری کردووەو قوتابخانەیەکی نیشتیمان پەروەری و سەنگەری موقاوەمەی بڵاو کردووەتەوە لەعێراق، کە وەختیّ گەلانی عێراق پڕلەخەوتوو بوون، لەسەر ئاستی کوردستانیش بەسەدان لەشۆرش خوازی کوردستان بەشەرواڵ و کەڵاش شەهید بوون، تەنانەت بەناوی کوردو کوردستانیشەوە شەهید بوون، نەك بەناوی مەسیحی و کلدان

وئاشوريش، ئینتیمائی نیشتیمانی چۆن دەبێت زیاتر لەوە، ئێستا دێن زۆر بە سووکایەتی سیفەتی کەمینەمان بەسەر دەچەسپێنن، کەئەنەما هاووڵاتی پلە دووهەمین، نازانم کەمینە بەچ پەیوەرێك دەپەیوەری، ئەگەر بەژمارەبێت، راستە ئێمە کەمینەین، بەڵام با بەکەفائەت بپیوەرێت، با بزانین ئەنجامەکان چۆن دەبن، باسی زۆرینەو کەمێنە دەکەن بەخێری بابیان مەقعەدێك بۆمان تەرخان دەکەن لەمەجلسی گەندەڵی پارێزگاکان، ئەو شەرەفەمان ناوێت، خۆ ئەگەر بەمەبەستی تەئکید کردن لە ئینتیمائی نیشتیمانی خۆمان نەبێت، خۆ ئەگەر بەشداری کردن لەمەسئولییەت بەرامبەر وڵاتەکەمان نەبێت، ئەو مەقعەدەمان بۆ چییە؟ ئەوەی لەموسڵ ئەنجام درا حکومەتی مەرکەزی بەرپرسی ئەساسیە لەو قەزییە، هەرچەند هەندێ دەنگی نەشاز هەیە دەیانەوێ فیتنە لەبەینی مەسیحیکانی موسڵ و تەحالفی کوردستان دروست بکەن، بەڵام بەداخەوە هەندێك لەوانەی کە چاومان پێکەوتن موتەئەسر بوون بەهەندێ تەسریحاتی هەندێك کەس، بەڵام زۆر بە توندی نەفیان کرد، چونکە ئەوانەی کە هەڕەشەیان لێ کرد موجەڕەد میلیشیایەکی موراهیقداربوون وەئێمە دوو نموونەی مەصادری هەڕەشەمان هەیە، ئێستا لەلامانە دوایی پێشکەشی جەنابتانی دەکەین، یەکێکیان لە دەوڵەتی ئیسلامی عێراقەوەیە وئەوەکەی دیش لە جەبهەی ئیسلامی بووە (جبهة الدفاع عن حقوق المسلمين) هەرەشەی مەسیحیکان و کوردەکانیشیان کردووە، هەردوکیان پێکەوە، ئێمە دەڵێین عێراق هەتا ئێستا عێراقێکی نوێیە، عێراقێکی دیمقراطیة، پەرلەمانیە، دستوریە، ئەم جورە وڵاتانە ئەگەر ئەم نەوعە ئینتیهاکانە تیایدا روویدات، ئەبێت حکومەت ئیستیقالە بدات، بەڵام بەداخەوە لەجیاتی ئەوە دەبینین هەندێ لە رموزی حکومەت مەسەلەکە تەلمیعی دەکەن، مەسەلەکە موبەڕیراتی بۆ دادەنەن، کەئەنما بەشدارن لە جەریمەکە، ئێمە داوا دەکەین بەراستی لەم مینبەرە تەحقیقێکی دەولی و فراوان بکرێتەوە و ئەنجامەکانیش دیار بکرێن و تاوان بارەکانیش حوکم بکرێن، چونکە ئەم کارەساتە هیچ کەم نیە لە مەزابحی ئەرمەن ولەناوبردنی موسڵمانەکان لە بوسنەو هەرسك و لە هەندێك شوێنی دیکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك د. شوان وەزیری مافی مروڤ لەبەر ئەوەی پەلەیەتی، مەوعەدێکی تری هەیە، بۆیە قسەئەدەمە جەنابی، فەرموو.

**بەڕێز د. شوان محمد/وەزیری مافی مروڤ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو رووداوانەی کە لە موسڵ رووی داوە، ئەگەر تەماشای جاڕنامەی مافی مروڤ بکەین ئەمانە پێشێلکاری وازحی زەقی مافی مروڤە بەگوێرەی ئەوانەی کە بەندەکانی لێ هاتووە کوشتنی خەڵك پێشێلکاری مافی مروڤە، دەرکردنی خەڵك پێشێلکاری مافی مروڤە، زەفت کردنی موڵك و ئەملاکی خەڵك پێشێلکاری مافی مروڤە، بۆیە ئێمە وەکو وەزارەتی مافی مروڤ پاڵپشتی هەوڵەکانی ئێوە دەکەین و ئێمە هاوکاری وپاڵپشتی ئەو راپۆرتە کە هاتووە دەکەین، بۆیە ئێمە داوادەکەین و دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئێوە کە ئێمە ئیدانەی ئەو کارانە بە وازیحی دەکەین و، داوایش دەکەین لەحکومەتی فیدالّ کەوا ئیجرائاتی جیدی وەربگرێت بۆ موحافەزە کردن لەسەر ژیانی کەس و کاری ئەوانە کە لەوێن، ئێمە داوادەکەین ئەو

خەڵکانەی کەوا ژیانیان لەوی لەژێر تەهدیدە حمایەیان بکەن، ئێمە داوادەکەین کەوا موحافەزەی ئەو خەڵکانانە بکەن کەوا لەسەر موڵك و ماڵیان نەجوولیانە و،هەر وەها ئێمە داوادەکەین ئەو کەسانەی ئەو تاوانەیان ئەنجام داوە بدرێنە مەحکەمەو بەگوێرەی یاسا مەحکەمە بکرێن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەگەر کاك محمد احسان وکاك جورج منصور قسەتان هەبێت فەرموون، کاك محمد احسان فەرموو.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەت ئەگەر ئێمە سەیری حادیسەی موسڵ بکەین، ئەمە جاری یەکەم نیە، یەعنی حەملەی دژ بەبرا مەسیحییەکان لەعێراق باگراوندێکی تاریخی هەیە و لە دوای ساڵی 2003، یەکەم کەنیسە لە ئابی ساڵی 2004 هاتە تەفجیرکردن لە بەغدا، ئەمە تەکمیلەی ئەو موسەلسەلەیە کە لەبەغدا دەستی پێکردووە و کە تەتهیرێکی عرقی دژ مەسیحێیەکان دەستی پێکردووە لە جنوب و وەسەتی عێراق، ئەگەر بێت سەیری عیمارە بکەیت چەند مەسیحی تیابوو ئەمڕۆ چەندی تێداماوە، حەقیقەت ئەمە تەکمیلەی ئەو موسەلسەلەیە، ئەگەر بێت سەیری ناو بەغدا خۆی بکەیت هەندێ گەڕەك هەبوو لەناو بەغدا تەمامەن مەسیحی بوو، دۆرەیە، بەتاوینە، حەی جامیعەیە، ئەو جێگانە ئەگەر بێت ئەمڕۆ سەیری بکەیت بەحەقیقەت کەسێکی تیدانەماوە، مەرحەلەی یەکەم دەستی پێکرد لەناوەندو جنوبی عێراقەوە بگەڕێنە سەر جەهزی خۆی ئەساسی بۆ کوردستان، ئەوەی لەموسڵ ماوە ئەمە تەکمیلەیەکی موسەلسەلەیە کە دەریان بکەن و ئیرهاب دژیان بەکار بهێنن کە بگەڕێنەوە جێگاکانی خۆیان، خەڵکێکی زۆر ئەمڕۆ هاتوون لە برطلة و لە حمدانیة ولە بعشیقة ولە بتمایة ولە قرقوش وتلکیف وسد موصل، رەقەمێکی زۆرە، رەقەمێکی وا نیە کە ناطق لە وەزارەتێکی یان لەجێگایەکدا تەقدیری رەقەمەکە بکات، تەهجیر هەر تەهجیرە ئەگەر عائیلەیەك بێت یان سەد هەزار عائیلە بێت، دزی هەر دزییە، ئەگەر دزی دۆلارێك بێت یان ملیۆنێك بێت، موجریم، موجریمە ئەگەر بەکوشتنی کەسێك بێت یان هەزار کەس بێت، ئەم تەصریحاتانەی کە لێرەو لەوێ گوێمان لێی دەبێت بەحەقیقەت جێگای داخە، ئێمە چیمان کردووە هەتاکو ئێستا لەرۆژی یەکەمەوە کە ئەم خەبەرە پێمان گەیشتووە وەزارەتی ناوچەکانی دابراو لە کوردستان لەگەڵ وەزارەتی هجرەو موهەجەرین و لەگەڵ (IMC) ئەوەی کە کەچی ئیمیرجنسی بۆ ئەو خەڵکەمان دابین کردووە لەو جێگایانە، ئیحسایەکی تەواومان هەیە، دەستمان پێی کرد کە کەمپێکی ئاوارەمان دابین کرد لەمەنتەقەی بەرتڵە دەرچوو کەسێك نایەت بۆ کەمپ لەبەر جەزرەکە لەناو مەنتەقەکەیە بەحەقیقەت و ئەو ئیتیهامانەی کە لەسەحافە بڵاو بوەتەوە کە کورد دەورێکی هەیە بۆ تەتهیری عرقی دژ بە ئەوان، حەقیقەت تاریخی ئەم وڵاتە ئیسپاتی کردووە کە کوردستان لەتاریخەوە، لەسەفەر بەلکەوە وپێش سەفەر بەلك ئێرە جێگایەکی تەساموحی دینی بووە بەحەقیقەت، ئەگەر بێیت سەیری ئەو ئیتیهاماتانەیش

بکەیت ئایە ئەو ئیتیهاماتانە لەکوێوە دەرچووە لەو کەسانە دەرچووە کە هەوێنی ئەساسی فیتنەی تائیفی بوونە لەم وڵاتە، لەو کەسانە دەرچووە کە هەوێنی ئەساسی حەربی ئەهلی بوونە لەم وڵاتە، لە حەربی دینی بوونە لەم وڵاتە، بەڵام بەحەقیقەت لەکوردستان ئەم خەڵکە لەو موستەوایە زۆر زۆر گەورەترە و نەکەفێتە فەخی ئەوە، یەعنی ئێمە ئینکاری هیچ ئیتیهامێکی وابکەین کەکورد بێتە سەبەبی دەرکرن لەو ناوچەیانە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك جورج منصور وەزیری هەرێم بۆ کۆمەڵگای مەدەنی فەرموو.

**بەڕێز جورج منصور/ وەزیری هەرێم بۆ کۆمەڵگای مەدەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، خوشك و برا خۆشەویستەکان، ئەگەر مەجال هەبێت من بەعەرەبی قسەدەکەم لەبەر ئەوەی ئەم وتارەمان دەبێت بچێتە لای ئەو جیهاتانەی کە کوردی نازانن وتێناگەن، لەبەر ئەوەی مەوزوعەکە کێشەیەکی عێراقییە نەك کێشەیەکی کوردستانیە بەتایبەتی، ابتداء اقدم شكري الوافر لبرلمان اقليم كوردستان لعقده هذه الجلسة الاستثنائية، الخاصة بدراسة احوال المسيحين في الموصل واشكر البرلمان ايضا لاتاحته هذه الفرصة لاتحدث بهذه المناسبة، قبل كل شئ اعتقد يجب ان نقر ان الحملة الهمجية في الموصل تقف بضد من الاتفاقية الدولية لعام 1957 والقاضية بحماية السكان الاصليين ومنع تهجيرهم قسرا، كما انها تتعارض مع ابسط مبادئ حقوق الانسان والشرعية الدولية، لكن لنبحث في قضية المسيحين، ان الحملة ضد المسيحين الان في الموصل ليست للمرة الاولى، المسيحين هجروا من بغداد ومن البصرة ومن المناطق الساخنة في العراق ويجب ان نقر بان الحكومة الاتحادية اخفقت لحد الان من تحمل مسؤلياتها في حماية هذا المكون المسالم والامين، المسيحيون هم سكان العراق الاصليون وساهموا في بناء تراثه وحضارته، على العراق الجديد ان يعتبرهم مواطنين من الدرجة الاولى وليس ان يعاملهم بهذا الشكل، لهذا اتوجه من هذا المنبر المهم وعلى جميع منظمات المجتمع الدولي والمؤسسات الدولية ان تضغط على المسؤلين لوضع الاسس الصحيحة لحماية المسيحين وكفل حقوقهم في الدستور العراقي وليس بشكل هامشي، العراق جميل بجميع مكوناته والاعتداء على اي مكون صغيرا كان ام كبير هو الاعتداء على الجميع والعراق الجديد يجب ان يقر بهذا الشئ فالمسيحيون اليوم في الموصل يحتاجون الى اغاثة فورية لكن لايحتاجون الى استنكارات وادانات خجولة، يحتاجون الى شئ ملموس، يحتاجون فعلا الى تثبيت حقوقهم في الدستور العراقي، الهجمة طبعا هي جزء من التطهير العرقي لارغام المسيحين لمغادرة اماكنهم ولمغادرة العراق وبالتالي ليكون العراق ذات نسيج واحد وهذا شئ خطير يجب التوجه له، نطالب من هذا المنبر الحكومة الاتحادية باجراء تحقيق جاد وشامل وفوري لكشف ملابسات الموضوع ومن يقف وراءه وتنظيف المناطق الساخنة من المارقين والمجرمين اعداء العراق، ايضا من هذا المنبر اقدم شكري الى رئيس الاقليم والى رئيس حكومة اقليم كوردستان والى مجلس الوزراء لادانتهم بقوة هذا

العمل الاجرامي ووقوفهم ليس فقط الان وانما وقفوا دائما مع المسيحين الذين هجروا قسرا من المناطق الساخنة في العراق طيلة هذه السنوات، ومن لا يتذكر الاعتداءات الاخرى على المسيحين من قتل القساوسة على قتل رجال الدين على قتل المطران بولص فرج رحو في شهر شباط الماضي، من لايتذكر تعرض الكنائس الى التدمير والتخريب ويوم امس ايضا تم تفجير باب كنيسة "مسكنتا" الموجودة في الموصل، السؤال هو لماذا تحاول الحكومة ان تخفف او ان تخفق من حماية المكونات الصغيرة مثل المسيحين واليزيدية والشبك؟ انا اسأل الجميع هل رأيتم مسيحيا تأذى في اقليم كوردستان؟ لماذا المسيحين يتعرضون الى هذه الهجمة الشرسة في مناطق العراق الاخرى، نأمل ان لا توظف هذه الجرائم بحق المسيحين في سبيل توجيه الاتهام الى الذين وقفوا مع المسيحين طيلة هذه السنوات واقصد بهؤلاء الاكراد، العوائل الكوردية قبل العوائل المسيحية هجرت من الموصل وهجرت المقرات وجرى ما جرى في الموصل، اذا هناك جريمة منظمة في الموصل وانا اعتقد ان التقصير واضح من الحكومة الاتحادية والمسؤلين الحكوميين في الموصل، هل هو قدر المسيحيين ان يهمشوا بهذا الشكل وان يبخل عليهم حتى بـ "كوتا" في مجالس المحافظات، يعني هذا السؤال غريب ان المسيحين اصل التاريخ والحضارة في العراق اليوم يهمشون، اليوم نحن ندعوا الى ان يكون هناك "كوتا" للمسيحين في مجالس المحافظات، انا اعتقد بان هذا يجب ان يكون في العراق الجديد واحدا من الامور البديهية، المسيحيون اليوم يجب ان يبحثوا عن الامور الاخرى لانهم ساهموا في بناء العراق وساهموا في اسقاط النظام السابق من خلال نضالهم المستميت واليوم يساهمون في بناء العراق الجديد، انا اعتقد يجب ان نرى العراق الجميل هو العراق الملون بفسيفساءه الجملية وليس العراق الذي يكون بلون واحد، ومن هذا المنبر اسأل مرة اخرى بعض المسؤلين في الحكومة العراقية هل ان محاولة تصغير هذه الهجمة والاستخفاف بها هو الطريق لحلها؟ ام يجب ان تكون هناك اجراءات صارمة لكي لا تتكرر هذه الانتهاكات، لهذا اطالب ايضا ليس فقط بعودة النازحين الى مناطقهم وانما بتعويضهم على كل خسائرهم، وان تثبيت حقوق المسيحين في الدستور العراقي والتعامل بموجبه ليس فقط تثبيت وانما تطبيق هذا الدستور هو ضمانة لحمايتهم في العراق وشكرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شكرا جزيلا، انا ارد عليك باللغة العربية واشكرك على هذه الكلمة القيمة وأؤكد على ان قوة العراق هو بالحفاظ على تنوعة الديني والقومي والطائفي، العراق جميل بهذا التنوع ويكون قويا اذا حافظ على هذا التنوع، لذلك انا مع ما جاء في كلمتك القيمة واتمنى ان نعمل جميعا على تثبيت حقوق كل التكوينات ليس فقط الدستور الذي ثبت هذه الحقوق وانما كثقافة وكتربية يجب ان ينشأ الجيل الجديد وهو يؤمن بهذا التعايش صدقا وعملا، في كوردستان ومنذ عام 1992 عبرنا عن احترامنا الكامل واقرارنا لكافة الحقوق لجميع التكوينات، القومية التركمانية والقومية الكلدواشورية والمسيحين واليزيدين ومشاركتهم معنا في البرلمان وفي الحكومة دليل على ذلك ولا يخلوا اية تجربة من نواقص وانما ان نستفيد من تجاربنا ومن اخطائنا وان نعمل من اجل تفاديها ومن اجل تطوير العلاقات بين هذه التكوينات، نحن نفتخر اليوم معنا مطراني عنكاوة وشقلاوة وربما القدماء الذين عاشوا سنوات منذ زمن العهد الملكي ومنذ تأسيس الدولة

العراقية والى اليوم يتذكرون كيف ان الكورد كانوا دوما مدافعون عن الاخوة المسيحين، ربما سمعوا كما سمعت انا من الاجيال السابقة في عام 1918 عندما انسحبت كتائب الجيش العثماني من اربيل حاولوا ان يقضوا على كل المسيحين هنا ويقتلونهم الا ان الذين وقفوا في وجههم هم رجال الدين في اربيل، وقفوا وقالوا لا يمكن ان نقبل بذلك لانهم اخوة لنا ولم نرى منهم الا الخير والتعاضد معنا وهكذا رجال الدين المسلمين كانوا بوجه اولئك الذين كانت التكفيرهم مثل هؤلاء تكفيرين والارهابين الذين يقتلون الاخرين بمجرد الاختلاف في الدين او في العقيدة او في القومية، ينبغي ان نتعاضد وان نتعاون ونساند بعضنا البعض لدفع هذا الخطر الذي هو خطر على البلاد وعلى الجميع، اذا كان ابونا خوري روفائيل يحب ان يتكلم وهو رئيس كهنة عنكاوة فليتفضل.

**بەڕێز خورى روفائيل بنيامين/قەشەى عنكاوە:**

**السيد رئيس البرلمان.**

قبل كل شئ سيدي الرئيس نود ان نشكركم على دعوتكم لنا وان نشترك معكم في هذه الجلسة الخاصة بشؤون المسيحين وهذا دليل على انسانيتكم مع جميع اعضاء البرلمان ووطنيتكم الحقيقية، تعرفون جيدا بان المسيحين دائما هم مخلصين في جميع العهود ان كان مع الحكومة المركزية وان كان مع حكومة اقليم كوردستان لم يصدر اي شئ مخالف من اي مسيحي اتجاه هذه السلطات الحكومية وثم في هذه القضية التي اجتمعنا اليوم من اجلها لكي نستنكر هذا الحدث الذي وقع ضد اخوتنا المسيحين في الموصل، حقيقة كانت هناك استنكارات كثيرة وتصريحات كثيرة وهذه الاستنكارات، هذه التصريحات هل تؤدي الى شئ؟ فاليوم نشكركم على هذا الاستنكار الذي يمثل كوردستان بكاملها لان اعضاء البرلمان يمثلون كوردستان بكاملها ونشكر الذين يقومون بزيارة هذه العوائل وتشجيعهم، وايضا على جميع المساعدات، ولكن اقول نقطة واحدة اذا دامت هذه المساعدات، معنى ذلك كسرنا انسانية هؤلاء المساكين لان المسيحين تعلموا ان يكسبوا رزقهم بعرق جبينهم فلا نريد ان يكونوا اتكاليين او يمدون اياديهم للمساعدات، فهذا كسر بحق الانسانية، وثم سمعنا استنكارات ولكن لم نسمع جميع هذه الاستنكارات وان كانت عبر الفضائيات لم نسمع بايجاد حل لهذه المشكلة، اي حل المشكلة في الوقت الحالي و حلها مستقبلا واذا حلت هذه المشكلة بطريقة هشة يمكن ان تعاد في وقت اخر ومرة اخرى، ولكن نطالب برلمان كوردستان برئيسه واعضائه وكذلك نطالب الحكومة المركزية بان يتوجهوا لحل هذه المشكلة، نعم المساعدات ضرورية والقيام بالزيارات وتشجيعهم ضرورية ولكن هذا لايكفي، وبالاحرى يجب ان نجد حل لهذه المشكلة لكي يشعر المسيحي بانه مواطن من الدرجة الاولى كباقي المواطنين العراقيين، وشكرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شكرا جزيلا على هذه الكلمة القيمة والصادقة والعملية وفعلا هذا كلام بناء وكلام نابع من شخص مسؤل وحريص على مستقبل هؤلاء، لا احد يتمنى ان يعيش هؤلاء بالمساعدات والحل الحقيقي هو ان يعودوا الى ديارهم وان تتوفر لهم الحماية الكافية وان تعمل الحكومة العراقية بالتعاون مع كل الاطراف الاخرى للقضاء

على الارهابيين والذين لا يؤمنون بالديمقراطية ولا يؤمنون بالتعايش السلمي بين القوميات والاديان، هكذا يمكن ان يعيش جميع التكوينات بأمان وسلام، ابونا زيا شابا راعي كنيسة الاخوة المسيحين في شقلاة فليتفضل.

**بەڕێز زیا شابا ججی/(قەشەی شەقلاوە):**

**بەڕێ سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتەی کە بۆ ئێمەت تەرخان کرد کە ئامادە بووین لەگەڵ جەنابی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمان کە بیروڕای خۆمان دەربڕین بەرامبەر ئەو کێشەیەی کە ئێستا دروست بووە لەشاری موسڵ، من دەتوانم بڵێم کێشەی ئەمڕۆ هین ئەم حەفتەو دوو حەفتە نییە، بەتەئکید ئەم کێشەیە لەدوای رووخاندنی رژێمی بەغدا دەستی پێ کردووە، سەرەتا لە بەسرە دستی پێکرد و دواجار گەیشتە بەغداو موسڵ و شوێنەکانی تر کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندین، ئێمە ناتوانین بە هیچ شێوەیەك لە خۆمان قەبوڵ بەکەین تاوانەکە بخەینە سەر ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بابلێین کوردستان بەتێکرایی، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەو تەصریحاتانەی کە ئەو بەڕێزانەی کە باسیان کرد و خۆشمان لە کەناڵەکان گوێمان لێی بوو وبیستمان یەك لەوانەیش کە محمد العسکری بوو کە تەصریحاتەکەی من خۆم گوێم لێی بۆ بەشێوەیەکی نامەسئولانە قسەی دەکرد، نەك وەکو کەسێك تەمسیلی حکومەتێکی ناوەندی بکات، تەمسیلی حکومەتێکی فیدراڵی بکات کە بەو شێوەیە قسەبکات لەشەئنی مەسیحێکان کەمبکاتەوە، چونکە حکومەت مەسئولە و بەرپرسە لەپاراستنی ماف و ژیانی هەموو هاوولاتیەك لەهەر شوێنێك بێت لەم ولاتەی چونکە هەر هاوولاتیەك واجیباتی هەیە و حقوقیشی هەیە ودەتوانم بڵێم وەکو مەسیحییەکانیش زۆر بە مەسئولانە هەڵساون بە جێبەجێکردنی ئەرکی ژیانیان بەرامبەر دەوڵەت و بەرامبەر کۆمەڵ و بەرامبەر خێزانی گەورە بابلێین لەعێراق، لەهەموو کاتێکیشدا، کە واتا پێویستە حیسبیان بۆ بکرێت ئەگەر یەك نەفەر بێت وئەگەر چەندین بێت بەگوێرەی ژمارە حیساب لەگەڵ ئەو فیئەتە لەگەڵ موجتەمەعی کە لەعێراق دەژێن بابلێین مەسیحێەکان بەم شێوەیە سەیری نەکرێت، بەڵکو هەر ئینسانێکیش کە حەجمی لە خۆی گەورەتریش بێت موستەحەقە یەعنی بەو شێوەیە تەعامولی لەگەڵ بکرێت، جارێکی تر من پێتان دەڵێم سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم بەتەئکید کەهەر لەبیدایەتەوە یارمەتی مەسیحیکانتان داوە لە کوردستان و باوشتان کردووەتەوە بۆیان کە نەك هەر ئەمساڵ وپارو پێرار، بەڵکو لەبیدایەتەوە موحاوەلەیان کردووە لەو شوێنانەی کە ئاژاوەی تێدایە روو بەرووی کوردستان بکەن و ئیستا هەزاران خێزان لە کوردستان نیشتەجێ بوون وحکومەتی هەرێمی کوردستان موحاوەلەی کردووە کاریان بۆ بدوزێتەوە بە گوێرەی پلەی عیلمی، بابڵێن وەزیفی بۆ ئەوەی بێکارنەبن ویارمەتیان داوەو جێگایان بۆ تەرخان کراوەو بەئازادیانە هاتوچۆیان کردووەو تاکو ئێستا جێگای تەقدیرە لای ئێمە وەکو کەنیسەی شەقلاوە و هەر وەها کەنیسەکانی تریش لە کوردستان، جگە لەمە ئەگەر موقارەنە بکەین لەبەینی مەسیحیەکانی کوردستان لەگەڵ مەسیحیەکانی شوێنەکانی تر، من پێتان دەڵێم وەکو شاری خۆم

دوو کەنیسەمان دروست کردووە، بەڵام لەشوێنەکانی تـر کەنیسـە تەقێنراوەتـەوە موقارەنـە ئەوەیـە، چۆن ئێمە ئیتیهامی خەڵکانێك بکەین، نەتەوەیەك بکەین کە پشتگیری مەسیحیکانی کردووە، ئێستا ئێمـە بڵێین لەسەر زاری شەخصێکی نامەسئولانە کە تەصریحێك بدات لێرەو لەوێ، ئێمە یەك سەر مێشکمان مەشغولَ بکات، نەخێر بە پێچەوانەوە وئێمە جارێکی تر بەناوی خۆمان سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەین و هیـوادارین ئەو برایی وتەباهییە خۆشەویستیانە هەر بمێنێتەوە لەبەین هەردوو لا هەتا دوایی و دوژمنـان کارمـان لـێ نەکەن، زور سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئـەو قسـەیە باشـترین رەدە بـۆ ئـەو کەسـانەی کەدەیانـەوێ فیتنـە دروسـت بکـەن و گومـان لـە هەڵوێسـتی کـورد دەکـەن، باشـترین جـەواب ئـەو جەوابەیـە کـە جـەنابت دات، ئێسـتایش رێگـا دەدەم چـەند ئەندامێك قسەبکات، بەڵام کاك دکتور کمال قسەی هەیە، فەرموو کاك د. کمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان پێش هەر شتێك سەری رێزو نەوازش دادەنەین بۆ شـەهیدانی ئـەو کارەسـاتە دڵ تەزێنـەی کـە لـە موسڵ دژ بەبراو خوشکە مەسـیحییەکان رووی دا وە هـەمووومان، هـەموو کوردسـتان ئـەمڕۆ دڵ گرانـە بـەو کارەسـاتە، بەداخـەوە لـەعێراقی تـازە، عێراقـی دیمـوکراتی لەبـەر چـاوی عالـەم، لەبـەر چـاوی هـەموومان ئەبینین، بەڵام پـێ ئەچێت ئەمـە موئامەرەیـەکی زۆر گـەورە بێـت، دیـارە لـەم رۆژانـەی ئـەخیر بەتایبـەت تەبعەن پێشتریش هەبوو، بەڵام لەم رۆژانەی ئەخیرا تەرکیز کراوەتە سەر برا مەسیحییەکان، ئـەیانکوژن و پیـاوی ئاینیـان ئـەکوژن ماڵیـان ئەتەقێننـەوە، کەنیسـەکانیان ئەتەقێننـەوە، خەڵکـەکانیان ئـەکوژن، دەربەدەریان ئەکەن، کەچی کوردستانیشی پێ ئیتیهام ئەکەن، لەحاڵەتێك کە ئـەو بەڕێزانـە شـەهید ئـەبن، لە ترسی ژیانی خۆیان، شوێنەکەی خۆیان، کەس نیە ماڵی خـۆی بەئاسـانی بەربـدات، کەچـی ئـەوان دەسـت بەرئەدەن و دێن بۆ کوردستان، کوردستان باوەشی بۆیـان کردۆتـەوە، ئـەڵێن وەڵڵا کوردسـتان دەسـتی لێیـان وەشـاندووە، ئەمـە وەکـو ئەوەیـە کەئـەڵێت (ضـربني وبكـى سـبقني واشـتكى) ئـەو ئەندامـەی ئەنجومـەنی نوێنەرانی عێراق کە ناویشی ئەهێنین (ئوسـامە نـوجێفی)کە کوردسـتانی پـێ تاوانبـار ئـەکات، لەیەکـەمین لەحزەی ئەو ڕووداوەدا دیارە شتێك لەڕووداوەکە ئـەزانێت، بۆیـە ئـەرکی پەرلـەمانی عێراقـە، زۆر بـەوردی لێکۆڵینەوە بکات، لێپرسینەوە بکەن، تـەحقیق بکـەن، نـەهێڵن ئـەم تەصـریحاتانە بەبـەلاش بـڕوات، ئـەمڕۆ گشت کوردستان غەمبارە، بەوەی ئەو کارەساتە بەسەر ئـەو خوشـك وبـرا مەسـیحیانە دێـت، شـەریحەی بـرا مەسـیحیەکان بەگشـت پێکهاتـەکانیان، بەگشـت بیروبۆچـوونی جیـاوازی سیاسـیان، بەکەنیسـەکانی موختەلیفیان، لە پرۆسەی ڕزگاری لەدەستی دیکتاتۆر دەستیان هـەبووە، هەمیشـە بـۆ دیموکراتیـەت کاریـان کردووە، لەگەڵ کەسێك بوون کە زوڵمی لێکراوە، لـەناو کوردسـتان، لەبـەرەی کوردسـتانی دەوریـان هـەبووە، لەپرۆسەی ئازادی لـە کوردسـتانی عێـراق و لەگشت عێـراق دەوریـان هـەبووە، لـەم پەرلەمانـەی کوردسـتان لەڕۆژی دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ دەوریان هەبووە، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەوریـان هـەبووە، بـۆ کـاری بـاش هەمیشـە لەپێشـەوە بـوون، هەمیشـە ئینسـانی موسـالیم بـوون، ویسـتوویانە بەئاشـتی کێشـەکان

چارەسەر بکرێت، خوێن ڕشتن نەبێت، توندو تیژی نەبێت، ئیمڕۆ ئەوان هەدەفن، بۆیە واجبی حکومـەت و پەرلەمانی عێراقە دەنگیان بەرز بکەنـەوە، هەڵوێستیان هـەبێت، ڕێگـە چارەیەك بـۆ ئـەم وەزعـە دابنێـت، نابێت بێدەنگ و کرو مـات بمێـنن، شـورتە بنێـرن یـان عەسـکەر بنێـرن، عەسـکەرو شـورتە ئـەمڕۆ دەسـتی ئیرهابی تێکەوتووە، هەر لەناو ئەو شورتانە من لەوتەی ئەم بەڕێزانەم گوێ لـێ بـوو، لـەپێش چاویان ئـەم کارانە کراوە، بەڵام دەنگ ناکەن، بۆیە واجبی هەموومانە لێرە لەکوردسـتان، مـەحالفی دەولـی، پەرلـەمان و حکومـەتی عێـراق دەوریـان هـەبێت، نیهایـەتێك بـۆ ئـەم کارەساتە دابنـێن، ئـەم بەڕێزانـە لەگـەڵ خـەڵکی کوردستان تووشی جینۆساید بوون، جینۆساید دژ بەخەڵکی کوردستان کرا لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆرەوە، زۆر لـە خوشـك وبـرا مەسیحیەکانیشـمان بەرکـەوتن، ئـەمڕۆ بیدایـەتی جینۆسـایدێکی تازەیـە، ئەگـەر وشـیار نەبینەوە، ئەگەر مافیان نەپارێزین، ئەگەر سنووریان دیاری نەبێت، بۆیە ئێمە کار بـۆ ئـەوە ئەکـەین لـەناو دەستووری کوردستان مافی برا مەسیحیەکانمان زۆر بەڕاشکاوی و بـەڕوونی و ئاشـکرا دیـار بێـت، بـۆ ئـەوەی جارێکی تر تەعەدایان لێ نەکرێت، ئێمە لێرە سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیران وگشت خەڵکی کوردستان ئەکەین، بەو هەڵوێستە پیرۆزەی بەرامبەر بەو کارەساتەی بەرامبەر ئـەو خوشـك وبرایانــەمان هـاتووە، ئیدانــەی ئـەو کـارە ئەکـەین زۆر بەتونـدو تیـژی، ئـەمڕۆ و لـەڕابردووش کوردستان هەمیشە ماڵی هەموو برا مەسیحیەك بووە، سوپاسـی گشـت بـرا ئێزیدییـەکان ئەکـەین کەلەگـەڵ برا مەسیحیەکان پێکەوە ژیاون و زەرەریان پێیان نەگەیاندووە، سوپاسی برا ئیسلامەکان ئەکـەین کەلەگـەڵ برا مەسیحیەکان وەکو یەك خێزان لەناو گوند، لەناو شار بەتێکـەڵی ژیـاون، زەرەریـان پێیـان نەگەیانـدووە، سوپاس بۆ گشت پێکهاتەکانی ناو کوردستان لە( تورکمان و کلدان وئاشـوری وئەرمـەنی و کـوردو حـەتا ئـەو عەرەبانەشــی کەلــەناو کوردســتان ئــەژین)، ئــەو خولقێتــەی کوردســتانی وەرگرتــووە، زەرەریــان بــەو بــرا مەسیحیانە نەگەیاندووە، ئەمڕۆ موصڵ زەنگی خەتـەرە، پێویسـتە هـەمووومان لەسـەری ڕابوەسـتین، هـەوڵ بدەین ئەو کارەساتە نابێ بەو شێوەیە تکرار بێتەوە، نابێ مافی ئـەو برایانـە مـایع، بـێ سـنوور دیـاری بێـت، دەبێ لەدەستووری کوردسـتان دیـاری بێـت، لـە موسـتەقبەل لـە دەسـتووری عێـراقیش چـاك بکرێـت، ئـەبێ مـاددەی (50) حـەقی بـرا مەسـیحیەکان زۆر بەئاسـانی نـەهێڵین عەرقەلـە بکەوێتـە پێشـییەوە، بۆیـە داوا لەهەموو دیموکراتی خوازێك ئەکـەین، ئـەوەی کـە بەحەقیقـەت بـەخۆی ئـەڵێت دیمـوکراتی خـوازم ئـەمڕۆ بێدەنگ ڕانەوەستێت، نەك تەنها دەنگیش بەڵکو عەمەلیشی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی بەناوی ئەندامانی لیستی برا  تورکمان لەپەرلەمانی کوردستان فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من بەناوی کوتلەی تورکمانی و گەلی تورکمان لەکوردستاندا، پاش ئـەوەی بـەخێرهاتنێکی گـەرمی ئـەو میوانـە بەڕێزانـە ئەکـەم، هاوسـۆزی خۆمـان دەردەبـڕین بەڕاسـتی بـۆ ئـەو کارەسـاتە گەورەیـەی کـە لەخوشك وبرایانی (کلدانی و سریانی و ئاشووری) دەکرێت ئێستا لەشاری موصڵ، لەڕاستیدا ئێمـە دەنگمـان بەرز دەکەینەوە بەرەو حکومەتی مەرکەزی عێراق ئەڵێین ئەو خەڵکەی کە دەنگی داوە بۆ ئەوحکومەتە بۆ ئەوە دەنگی داوە کەبیان پارێزێت، یەکەم ئیشی ئەو حکومەتە ئەوە بووە، کـە پـەیمانی ئـەوەی داوە بتـوانێ

وەزعی ئەمنی وئاسایش بەرقەرار بکات لەهەموو عێراقدا، بەڵام بەداخەوە تەماشا دەکەین جێشی عێراقی بەئەمری حکومەتی مەرکەزی دەچێت بۆ هەندێ شوێن کە زۆر ئارامە، هیچ پێویستی بەو شتانە نیە، کەچی لەشوێنێکدا خەڵکان جینۆساید دەکرێن، دەردەکرێن، ماڵیان دەتەقێندرێتەوە، حکومەتی عێراقی هیچی پێناکرێت، بەرامبەریان دەستەو وەستان ڕادەوەستێت، ئێستا ئێمە لەم پەرلەمانەدا بەڕاستی من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو ڕاپۆرتەی کە برای بەڕێزم کاك رۆمیۆ هەكاری خوێندییەوە، داواكاریشین چەند هەنگاوێك بهاوێژێت بۆ ئەوەی بەزووترین كات چارەسەر بكرێت ئەو كێشەیەو ئەو خوشك وبرایانەش بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان تۆ قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە لایەكی تریشەوە ڕەنگە ئەو ڕووداوانە ئەجندایەكی سیاسی تریشی بە دواوە بێت، ئەویش ترساندن و تۆقاندنی پێكهاتەكانی گەلی كوردستان بێت لە موسڵ، جا چ كورد، چ ئێزیدی، چ مەسیحی بێت، بۆئەوەیە كە نەتوانن بەشداری لە هەڵبژاردنەكانی موسڵ بكەن، ئەوەش بۆ ئەوەیە كە كورسی زیاد لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ بە دەست بهێنن، خاڵی سێیەم بە قەناعەتی من دروست كردنی توندوتیژی و ناخۆشی و دووبەرەكیە لە نێوان پێكهاتەكانی گەلی كوردستان لە موسڵ، جا چ كوردبێت، ئێزیدی بێت، شەبەك بێت، مەسیحی بێت، بە تایبەتی كە ئێستا هەڵبژاردنەكان لە ئارادایە، بۆ ئەوەی بتوانن بەو شێوازانە دووبەرەكی بخەنە ناو ئەو پێكهاتانە، هەر بۆیەش پێشمەرگە بەوە ئیتیهام دەكەن، ئەوە دوورە لە ڕاستی بەوەی كە دەستی هەیە لەو ڕووداوانە كە ئەساسەن پێشمەرگە دەوری سەرەكی هەیە لەو پێكهاتانە لە شاری موسڵ، خاڵێكی ترم ئەوەیە كە ئەو یەك هەڵوێستیەی پێكهاتەكانی كوردستان وای كردووە كە تیرۆرستان زیاتر نارەحەت بن، بۆیە باشترین وەڵام دانەوەی ئەو ڕووداوانە ئەوەیە یەك هەڵوێستی و یەك ڕیزی و یەكبوونی گەلی كوردستانە، منیش بەناوی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە ئیدانەی ئەو كردەوانە دەكەم، هەروەها داواش دەكەم بەزووترین كات هەڵوێست وەربگیردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەك فراكسیۆنی سەوز بە توندی ئیدانەی ئەم ڕەشە كوژی و تیرۆركردنەی خوشك و برا مەسیحیەكانمان دەكەین، هەروەكو چۆن ئیدانەی هەر كوشتن و تیرۆر كردنێك دەكەین لە سەرانسەری عیراقدا، بۆیە دژی هەموو پاكتاوێكی ڕەگەزی و مەزهەبین، ئاشكرایە كە لە سەرانسەری عیراق دا خوشك و برا مەسیحیەكانمان ڕووبەرووی كوشتن و تیرۆر بوونەتەوە، سەرەتا لە بەسراو دواتر لە بەغداو دواترینیان

که گەیشتووتە شاری موسڵ، ئاشکرایە کە کێ لە پشت ئەو مەسەلانەیە کە قاعیدەو کۆنە بەعسی و ڕەگەز پەرستەکانی عیراق بە پلانی دەرەوە ئەم کارە دەکەن بۆ تێکدانی یەك ڕیزی خەلکی عیراق و دژی پێکەوە ژیانن لە عیراق دا، هەر لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە ئەوانە جگە لە تیرۆر کردن و ڕەشەکوژی خوشك و برا مەسیحیەکانمان دەستیان سوورە بە خوێنی دەیان هەزار هاووڵاتی عیراق بە کورد و عەرەب و شیعە و سونەشەوە، ئەمانە لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە بە دوای ئەوەن کە مەسەلەی ئاشتی و دیموکراسی و ئازادی و پێکەوە ژیان لە بار بەرن و نەیەڵن لەم وڵاتەدا هیچی بەرقەرار بێت، لە شاری موسڵ پێش ئەو ڕەشەکوژیە لە سەرەتا ئەم هەڵمەتەیان بەرامبەر بە کورد کرد، دەیان هەزاران کورد ڕوویان لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر کرد، ئێستاش ئەوە برا مەسیحیەکانی ئێمەی گرتووەتەوە، هەروەك هەرێمی کوردستان چۆن ماڵ و لایەنەیەکی ئارام بووە بۆ برا عەرەبەکانمان لە شیعەو لە سوونە کە هاتوون و هەر بەو شێوەیەش شوێنێکی ئارام بووە بۆ برا مەسیحیەکانمان، بەداخەوە دوای ئەوەی ئەو کارە نامرۆڤانەیەی کە دەستی پێ کردووە لە هەوڵی ئەوە دان تیرۆرستان کە ئەو مەسەلەیە بپێچنە ناوی کوردەوە، کە دەڵێن ئەمە کورد و پێشمەرگە ئەوەیان لە شاری موسڵ ئەنجام داوە، خۆشیان و برا مەسیحیەکانمان و هەموو دونیاش ئەوە دەزانن کە ئەمە درۆیەکی شاخ دارەو بە هیچ شێوەیەك ناچێتە سەر بۆیان، خوشك و برا مەسیحیەکانمان کە لە موسڵ  و بەغداو بەسرە دەرکران، هاتن بۆ هەرێمی کوردستان ئێمە ژیان و گیانمان پاراستن، کەواتە ناکرێت ئەوانە لە ماڵی دوژمنەکانیان بحەسێنەوە، بۆیە ئەمە درۆیەکی شاخ دارەو بە هیچ شێوەیەك بۆیان ناچێتە سەر، ئێمە هەروەك ئەوەی پشتگیری لە راپۆرتەکەی کاك رۆمیۆ و ئەوان دەکەین، داوا دەکەین کە بە پەلە پەرلەمان بەیاننامەیەك دەربکات و ئیدانەی ئەو کارانە بکات، هەروەك داوایەك پێشکەش بکات بۆ پشتگیری داوای لیستی هاوپەیمانی  بۆ وەرگرتنەوەی حەسانە لە ئوسامە نوجێفی و هاوپەیمانەکانیان، چونکە بەڕاستی ناکرێت ئەوانە نوێنەری خەڵکی عیراق بن، داواش لە حکومەتی مەرکەزی و ئیدارەی موسڵ بکەین کە بەر لەو شاڵاوە بگرن و هەروەها تاوانباران بە سزای خۆیان بگەیەنن، هەروەك تەئکید دەکەمەوە لەسەر قسەیەکی کاك کرخی کە ئەو  جەیشەی کە دەینێرن بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویست ناکات، بینێرن بۆ موسڵ و ئەو شوێنانەی کەوا پێویستیان پێی هەیە، بۆ ئەوەی ئاسایش و ئارامی لەو شوێنانە بپارێزن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرمو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، دەنگمان دەخەینە پاڵ ئەو دەنگانەی کە دەیانەوێت بەڕاستی داکۆکی لە مافی تەواوی پێکهاتەکانی عیراق بکەن، هەروەها نارەزایی و دڵ تەنگی خۆشمان بە برا مەسیحیەکانمان ڕادەگەیەنین بەرامبەر بەو کارە نامرۆڤانەی کە بەرامبەریان کراوە لە دەرکردن و کوشتن و وێران کردنی شوێن و جیگاکانیان، ئێمە پێمان وایە ئەم کارانە تێکدانی پیکەوە ژیانە لە عیراق، هەروەها ئەم ئاژاوە نانەوە بۆ ئەوەیە کە ئەو پێکهاتانە لەیەك بپچرێن یان ببنە  دوژمنی یەکتری، بەجۆرێك ئەو ڕەوتە بەرەو ئارامی کە دەڕوات ئەوان بەرەو نائارامی ببەن، من پێم وایە ئەوانەی

که به دوای ئەو ئیشەوەن چەند فاکتەرێکیان بە دەستەو ئامانجیان ئەوەیە کە خۆیان کاری لەسەر بکەن، فاکتەری یەکەمیان تائیفی بوو، کە ویستیان ئەوە بکەن، چونکە ئەوە لە هەموو فاکتەرەکانی تر باشتر گڕی دەگرت، ئەوە بخەنە کار بۆ ئەوەی شیرازەی پێکەوە ژیان لە عیراق دا بە تەواوی پێکەوە هەڵ تەکێنن، عیراق بکەنە بورکانێکی ئاگر بۆ ئەوەی ئەوان ئامانجەکانی خۆیان تیایدا جێ بەجێ بکەن، بەڵام سەرکەتوو نەبوون، ئێستا دەیانەوێت بێن لە فاکتەری ئایینی و قەومیەوە دەست پێ بکەن، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە پێهاتەکانی عیراق زۆر وشیار بن، لەلایەکەوە کاریگەری ئەو خیتابە، لەلایەکی تریشەوە ئیستیفزازانە مامەڵە نەکەین و حوجە بدەین بە دەست ئەوانەوە کە بتوانن قسەی زیاتر لەسەر ئەوانەوە بکەن، من لێرەوە ئەوەش دەڵێم ئیمە خەڵکانێکی لاواز یان بچووك کە ئەو بەها کۆمەڵایەتی و نیشتمانیان نیە لە عیراق دا، ئێمە زۆر نایان هێنینە سەر ساحەکە بەناوبردن و بەو جۆرە شتانە، چونکە قسەی ئەوانە تەعبیر نیە لە هیچ پێکهاتەیەك لە عیراق دا، ئەگەر تەنها تەعبیر بێت لەخۆی، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەو جۆرە شتانە بە شتێکی زۆر گەورەو زەق دەرنەکەین باشە، من خاڵی راگەیاندن زۆ ربە لاوازی دەبینم، کە ئەویش راگەیاندنی عەرەبی و ئەجنەبیە، زۆر زیاتر لە پێویست بەهەر مەبەستێك بێت زیان لە حەدی خۆی قسەی لەسەر دەکەن، ئەمە لەو تەواو نەچۆتە پێشەوە، لەبەر ئەوە زۆر لە جێگای خۆیەتی ئێمەش ئەگەر لە ئەوان زیاتر نەبێت و گرنگی نەدەین بە ئەوەوە، من پێشنیار دەکەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان موناشەدەیەکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بکات، لەبەر دوو هۆ، یەکەم : بە جدی بێتە سەر خەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، دووەم : رێگا گرتن لە خەڵکانێك کە لە ناو ئەو ئەنجومەنە تەعبیرێك دەدەن و تەعبیرەکان تێك دان و ئاژاوە نانەوە و بەرەو هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەکانەو دەڕۆن، رێگاگرتن لەو جۆرە لێدوان و لەو جۆرە تەسریحانە خەڵکانێك لە ناو ئەنجومەنی نوێنەران بەو سیفەتە ئەو قسانە دەکەن، ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و داواش لە حکومەتی فیدراڵی دەکەین نەك حکومەتی مەرکەزی کە هەستێت بەو کارانە، واجبی خۆی بەرامبەر بەو مەسەلەیە بریتیە لە چی؟ یەکەم: رێگاگرتن لەم جۆرە کارانە، ئەمە ئەرکی ئەساسی حکومەتە، دووەم : کاری جدی بۆ گەڕانەوەی خێرای ئەو خەڵکانە بۆ جێگاو زێدی خۆیان و قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی کە لێیان کەوتووە، هەروەها پاراستنیشیان بە جۆرێك کە ئەمانە لە دڵەڕاوکێ و لە ترس رزگاریان ببێت، سێیەم: بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێم باشە پەرلەمانی کوردستان هەمان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمەی کە ئەو راپۆرتە، ئەو پرش و بڵاویە بەڕاستی جیگای ئەوەیە باشتر رێزی لێ بگرین، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جێگایەك دا بە موەقەت ئەمانە کۆبکاتەوە، تەکلیفی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی بازرگانی بکات، کە وەزارەتی بازرگانی لە رووی خۆراکەوە و وەزارەتی تەندروستی لە رێی تەندروستیەوەو وەزاەرتی شارەوانی لە رێگەی رێکخستنی کاروبارەکانیانەوە جێگایەکیان بۆ فەراهەم بێت، ئەمە ئەو دڵەڕاوکێ و نارەحەتیە و ترس و شتەی کە هەیانە بیرەوێنێتەوە، حەتمەن تا بە ئارامی دەگەنەوە جێگای خۆیانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان لە برا مەسیحیەکان و کلدان و ئاسوریەکان قسەیان کرد، هەروەها میوانە بەڕێزەکان و وەزیرە بەڕێزەکان و لێ پرسراوی کوتلەی تورکمانی و هەروەها فارکسیۆنی پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی، ئێستا داوا لە کاك زانا دەکەم لە لیستی کۆمەڵی ئیسلامی فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بەناوی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو کارە تیرۆرستیانە دەکەین کە بەرامبەر برایانی مەسیحی ئەنجام دەدرێت لە شاری موسڵ، ئەم کردارە سەرەتا بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام و ئیسلام دەزانین، پاشان دژی مافی مرۆڤیشی دەزانین، کە بەرامبەر بە هاووڵاتیانی عیراقی دەکرێت، ڕێگام پێ بدەن بە کورتی ئاماژەیەك بکەم بەو پێکەوە ژیانە تەئریخیەی کە لە نێوان موسڵمان و مەسیحیەکان لە عیراق و لە هەریمی کوردستان هەبووە، کە بە درێژایی مێژوو زۆربەی کاتەکان بە خۆشی و بە برایەتی پێکەوە ژیاوین، زۆر جار گرژی هەبووە لە نێوان تائیفەیەك و تائیفە جیاوازەکانی موسڵمانان بە خۆیان، بەڵام ئەو جۆرە گرژیانە هەرگیز نەکەوتۆتە نێوان مەسەڵمانان و مەسیحیەکانەوە، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند خاڵێکی ئیجابی بکەم کە هەڵوێستی مەسیحیەکان لە مێژوو، یەکەم: لە هەڵمەتی خاچ پەرستەکان مەسیحیەکانی هاووڵاتی ئەو نیشتمانە نەك هەر بەشدار نەبوون و بگرە وەکو بەرگری کردنیش لە داگیرکردنی وڵاتەکەیان هاوکاری موسڵمانانیان کردووە لەگەڵ حەملاتی تەنصیر نەبوونە، لە مەسەلەی کوردایەتیش کەم تەرخەمیان نەکردووە و مێژوویان هەیە و شەهیدیان هەیەو بەشداریان کردووە و لە بەرەنگاربوونەوەی ئیستعماری بەریتانیش کاتی خۆی کە لە عیراق بووە ڕۆڵیان هەبووە، بەرامبەر هەندێك لەو حالەتانەی کە تەبشیرو تەنصیر دەکرێت لە لایەن ئەوانەوە نەبووە، بەڵکو ئەوان ئیدانەیان کردووە و کەنیسەکانی کوردستان پێشی ڕازی نەبوونە، مونەزەمات و هەندێ موخابەراتی سیاسی لەوانەیە بەوە هەستابن، بە گشتی خەڵکە، مەسیحی خەڵکێکی موسالم و دۆست و جیرانی باش و ڕێك و پێك و بە باش ناسراوە لە ناو خەڵکی کورد و مامەڵەی باشیان لەگەڵ دەکرێت، عاجباتی نیە کە ئەو پێکەوە ژیانە باشە هەیە لە نێوان موسڵمانان و مەسیحیەکان کە بناغەکەی لە قورئانی پیرۆزەوە داندراوە لە فەرموودەی پێغەمبەرەوە (د. خ) کە لە سورەتی (المائده) لە ئایەتی 82 دەفەرمووێت (ولتجدنهم اقربهم مودة للذين أمنوا  الذين قالوا انا نصارا ذالك بأن منهم قسيسين و رهبانا وأنهم لايستكبرون)، نزیکترین کەس لە مەسڵمانان، ئەوانەن کە بە خۆیان دەڵێن نەسارا کە مەسیحیەکانن، لەبەر ئەوەی قەسیسەکانیان و پیاوە ئایینیەکانیان ئینسانی بەڕێزن و تەکەبوریان نیە، هەروەها پێغەمبەر (د. خ) دەفەرمووێت (من قتل معاهدا لم يرح رائحة الجنة)، هەرکەسێك کەسێك بکوژێت لەوانەی کە لەگەڵ موسڵمانان دەژین و هاووڵاتی دەوڵەتی ئیسلامینە بە تایبەتی ئەهلی کتاب کە برا مەسیحیەکان و ئەوانەی تریشن دەڵێت هەر بۆنی بەهەشت ناکەن، لەسەر ئەو ئەساسە دەتوانین بڵێین ئەو گروپانەی کە بەناوی دینەوە دەیانەوێت ئەو مەسەلەیە بکەن، بەڕاستی دووجار تاوانیان ئەنجام داوە، یەکەمیان بەرامبەر بە ئیسلام و دوومیان بەرامبەر بە هاووڵاتیانی مەسیحی، کە دەکەونە بەرامبەر ئەو هەرەشەیەی پێغەمبەر (ع .ص) کە بۆنی بەهەشتیش ناکەن، ئێمەی کورد بە خۆمان تامی پاکتاوی نەژادیمان کردووەو زۆر باش لە موعاناتیان تێ دەگەین و دەزانین ئەو مەترسیە چەند گەورەیە کە

رووبەرووی هاووڵاتیانی مەسیحی دەبێتەوە، لێرەشدا گلەیی لە حکومەتی مالکی دەکەین کە بەڕاستی بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستاون، تا ئێستا نەیانتوانیوە خەڵکی موسڵ بە هەموو پێکهاتەکانەوە لەو موعاناتانە دەرباز بکەن کە چەندین ساڵە دوای رووخانی ڕژێم خەڵکی موسڵ بە کورد و بە عەرەبەوە بە هەموو پێکهاتەکانەوە لە موعاناتێکی زۆر زۆر گەورەدان، نەخشەیەکی ئەمنی بەهێز نەبووە کە ئاسایش بگێڕێتەوە بۆ ئەم شارە، دڵدانەوەشمان بۆ هاووڵاتیانی مەسیحی ئەوەیە کە تووشی ئەم گرفتە گەورەیە بووینە، پێ یان دەڵێین تیرۆرستان و ئەوانەی کە چاویان بەو وەزعە نوێیە هەڵنایەت بەڕاستی دەستیان لە کەس نە پاراستووە، زانایانی ئیسلام و پیاوانی ئایینی مەسیحی و کەنیسەکان و مزگەوتەکان و تەنانەت زانایانی بواری فیزیا و کیمیا و زانا گەورەکانی عیراقیشیان دەست لێ نەپاراستووە، هەزاران خێزانی کورد لە موسڵ ئاوارە بوونە و ئێستا ئۆردوگاکان و لە هەولێر ولە شوێنەکانی تر لە وەزعەك و بارودۆخێکی خرا پ بوونە و پاشان بنەماڵەو خێزانەکان و تورکمانەکانیشی هاتە سەری، بۆیە لە کۆتایی دا دەڵێم خەڵکی کوردستان لەگەڵتانە و حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیش لەگەڵتانە و ستەم و زۆرداریش تەمەنی کورتە، بە برایەتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەمان بەیەکەوە شکست بەو پیلانە دەدەین انشالله، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەست خۆشیت لێ دەکەم بۆ ئەو قسانەی کە کردت، کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو حیزبی شیوعی کوردستان لە پەرلەمان، بە توندی ئەو شاڵاوە دڕندانەیەو بەرفراوانەی کە دژی ئەم نەتەوە ڕەسەنەی عیراق و کوردستان دێتە ئەنجام دان ئیدانەو مەحکومی دەکەین، لەگەڵ تەزامنی خۆمان و لەگەڵ قوربانیەکانی ئەم شاڵاوە ئیعلان دەکەین، ئەو خێزانانەی کە دەرکراون لەگەڵیان ڕادەوەستین و تەئیدی هەموو داخوازیەکانیان دەکەین، هەروەها داوا لە حکومەتی فیدراڵی دەکەین کە بە زووترین کات موستەلزەماتی گەڕانەوەیان بۆ سەر موڵك و ماڵی خۆیان بۆ تەوفیر بکەن و بە تایبەتی لە ڕووی ئەمن و ئاسایش و پەیداکردنی حیمایەت و تەعویز کردنی ئەو خێزانانە کە زەرەرو زیانیان پێ کەوتووە، هەروەها داوا لە حکومەتی هەرێمیش دەکەین کە چۆن وەك تا ئێستا بەردەوام بووە لە خزمەت کردنی ئەو خێزانانە و ئەو نەتەوەی کە بە شێوەیەکی چاك ئیدارەی لەگەڵ ئەو حاڵەتە کردووەو بەردەوام بێت، تاوەکو ئەو خێزانانە دەگەڕێنەوە سەر جێگاکانی خۆیان، ئێمە لێرەشدا ڕەدی ئەو ئیتیهامانە  دەکەین کە ئاراستەی کورد دەکەن کە دەوریان هەیە لەو شتە، واقعی کوردستان و ئەمڕۆ و گەڕانەوەی ئەو خێزانانە بۆ ئەو جێگایانەی کە پێشمەرگە حیمایەتی تێدا هەیە، باشترین ڕەدە لەسەر ئەو ئیتیهامانە و ناتوانن ئەو ڕاستیانەش بشارنەوە کە ئەمڕۆ لە واقعی کوردستان دا بەردەوامە، ئەوەی کە ئەمڕۆ لە موسڵ روویداوە بە ڕەئی ئێمە شاڵاوێکی ترسناکە  کە بە فراوانی و ئامانجی بەکارهێنانەکانە کە جوزئەکە لەو ململانێیانەی کە لەسەر سیستەمی سیاسی و پاشەڕۆژی عیراق دەبێت، ئەمەش پێویستە کوتلەی کوردستانی و تەحالفی کوردستانی لە بەغدا ڕۆڵێکی گرنگ تر بگێڕن بۆ ئەوەی حکومەتی عیراقی خوتەی ئەمنی لە موسڵ ئەنجام بدات، فعلەن ئەو ئینتیشارەی جەیش لە هەندێك جێگا کە  پێویست نیە لە جێگایەکی گەرم

و گوڕی وەکو موسڵ پێویستی پێیان هەیە، ئەمە وەکو قۆناغێکی سەرەتایی، بەڵام بۆ پاشەڕۆژیش ئەوەی لە کوردستان هەیە وەکو حوکمی زاتی بۆ ئەم نەتەوەیە بەرقەرار بێت، بەتەسەوری ئێمە هەتا لە ناوچەکانی تریش ئەگەر ئەوە ببێتە ئامانجێك بە ئەمنی و بە رەحەتی دەژیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو نسرین فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی فراکسیۆنی شین و سۆشیالست، بە توندی ئیدانەی ئەو تێکدەرانە دەکەین بەرامبەر بەبرا مەسیحیەکانمان کە دەیکەن لە شاری موسڵ، ناحەزانی دژی ئایین و نەتەوە هەوڵی دووبەرەکی دەنێنەوە، توندو تیژی بەکاردەهێنن وەکو تۆقاندن و کوشتن و بریندار کردنیان، ئەمەش ئەنفالێکی تازەیە، جا داواکارین لە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی مەرکەزی کە بەزووترین کات چارەسەری ئەم کێشەیە بکات و ئاسایش لە موسڵ بەرقەرار بکات، بۆ ئەوەی برا مەسیحیەکانمان بە ئازادانە بچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و قەرەبوو بکرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز کاك بەڵێن فەرموو.

**بەرێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە بەناوی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە ئەو کارەساتەو ئەو تاوانە مەزنە بەراستی ئیدانەو مەحکوم دەکەین، پشتگیری تەواو لە قسەکانی بەرێزتان و قسەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، ئیزافەیەکمان نیە لەسەر قسەکانی بەرێزتان، ئەوەی وتتان بەراستی تەعبیر بوو لە ئێمەش، هەروەها پشتگیری لە راپۆرتی کوتلەی برایانی کلدو و ئاشووری و سریانی دەکەم، هەروەها پشتگیری لە داواکانیشیان دەکەم، بەڕاستی ئەوەی جێگەی نیگەرانی و خەم ساردی حکومەتی عیراقیە سەبارەت بەو کارەساتە مەزنەی کە بەرامبەر برا مەسیحیەکانمان لە موسڵدا روو دەدات، تا ئێستا حکومەتی عێراقی نەیتوانیوە بە ئەرکی سەر شانی خۆی هەڵستێ ، من پێشنیار دەکەم جەنابی سەرۆك، پەرلەمانی کوردستان داوا بکات ئەو لێکۆڵینەوەی ئەنجام دەدرێت با لایەنی (UN) تەرەف بێت لەو لێکۆڵێنەوە، ئەگەر تەماشا بکەین چەند رۆژێك بەر لە ئێستا پەرلەمانی عێراقی دانشتنێکی کرد سەبارەت بە شەهید بوونی ئەندامێکی پەرلەمان لە کوتلەی سەدری، تەواوی پێکهاتەی کوتلەکانی ناو پەرلەمانی عێراقی ئیشارەتیان بەوەدا هەموو ئەو کارەساتەی لەو بابەتانەی کە لە عێراق روویداوە حکومەتی عێراقی نەیتوانیوە لە یەك رووداویش بگاتە ئەنجامێك بۆ ئەوە پەرلەمانی عێراقی ئاگادار بکات، یان پشت بەسەر کراوە یان ئەوەتا لێکۆلینەوەکان نەتیجەی نەداوە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو کارەساتە مەزنەی موسڵیش بەهەمان رێی

**کارەساتەکانی تر دا دەڕوات، بۆیە لایەنی (UN) ئاگادار بکرێتەوە، با پەرلەمانی کوردستان داوا بکات لە پەرلەمانی عێراقی لایەنی (UN) ئاگادار بکاتەوە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەو مەوزوعە، دوا قسەم باشترین وەڵام دانەوە بۆ ناحەزانی کوردستان کە خەڵکی کوردستانی ئیتیهام دەکەن و لایەنە کوردستانیەکان ئیتیهام دەکەن، ئەو قسانەی کە د.کەمال فەرمووی ئێمە تەواوی مافەکانی، تەواوی پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان لە دەستووری هەرێمی کوردستان بریار دەدەین، ئەوە باشترین وەڵامدانەوەیە، باشترین تێك شکاندنی ئەو کەلتووری زوڵم لێ کردن و حەق خواردنی پێکهاتەکانە بەناوی ئەقەلەیە و کەمە پێکهاتەکان، باشترین وەڵامدانەوە ئەو وەڵامدانەوەیە کە ئێمە لە دەستووری کوردستان، مافی پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان لە دەستووری هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدەین، ئەو کەلتوور و سەقافەتە زاڵمانەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست هەیە تێك بشکینین و نەموزەجێکی جوانی دیموکراسیەت بدەینە هەموو دونیا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڕێز کاك غەفوور مەخموری فەرمووو.**

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە بەراستی دەبێ هەر هیچ نا بۆ مێژوویەکی زۆر نزیك بگەڕێینەوە، ئەگەر زۆر دوور نەرۆین لە 2003 ، دەبینین بە هاوکاری حکومەتی عێراقی لەوێ دەست کرا بە شاڵاو کردن بەناو ئەوەی کە تیرۆریستان دەری دەکەن و تا ڕادەیەك بۆیان چووە سەر، ژمارەیەکی زۆری کوردیان لەو شارە دەرکرد ئەوە خاڵێك، پاشتر تەماشا دەکەین وردە وردە کەوتنە راوە دونانی پێکهاتەکانی تری ناو موسڵ بەتایبەت خوشك و برا مەسیحیەکان، لەوێش تا ڕادەیەك بۆیان چووە سەر، من بەرپرسیارەتی هەموو ئەو تاوان و هەموو ئەو هێرشانە دەخەمە سەر ئەستۆی حکومەتی عێراقی، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی لەسەر شانی ئەوە کە بتوانێت زامنی ئەمنیەتی موسڵ و ئەمنیەتی شارەکانی تریش بکات، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر ئەوەی کە تێبینی دەکرێت هەتا ئێستا حکومەتی عێراقی بە رەسمی کردنی ئەو شاڵاو کردنەی ئیدانە نەکردووە، هەر ئەوەتا بەرپرسەکان دەردەچن لە تەلەفزیۆن و لە کەناڵەکانی تری راگەیاندن لێدوان دەدەن و دەڵێن ئەوەندە ژمارە دەرکراوە و ئەوەندە کوژراوە، هەبووە کارێکی باش نیە، بەڵام ئەوە بە رەسمی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق تا ئێستاکە ئیدانەی نەکردووە، حەقە ئیدانەی بکات و حەقە لە هەمان کاتیشدا لێژنەیەك بنێرێ سەرپەرشتی رووداوەکان بکات لەوێ کە چۆن ئاوای لێدێتەوە و بگاتە ئەنجامێك، ئێمە لە لایەن خۆمانەوە وەکو یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو کارەساتە دەکەین و بە کارەساتێکی گەورەشی ناو دەبەین کە رووبەروی نەتەوەی کلدانی و سریانی و ئاشووری بوویتەوە، دەبێ بە هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین لەو میحنەتەدا لەگەڵیان دا بین و کارێکی وا بکەین کە ئێمە لە رابووردوودا چۆن هاوکاری و پشتگیریمان کردووە، بەهەمان شێوە ئێستاش لە سەنگەری بەرگری کردن لەوان بوەستین،**

ئێمە لە هەمان کاتدا پێشنیاری ئەوە دەکەین کە سەرکردایەتی کوردستان داوا لە هێزی هاوپەیمانان بکات بۆ پاراستنی موسڵ هێزی کوردستان بچێتن لەوێ جێگیر بێتن، بەراستی ئەوەی تێبینی دەکرێتن ئەو هێزانەی کە لە مووسڵن، هەمووی هاوکارن لەگەڵ تیرۆریستان و هەر هەموویان کار دەکەن بۆ ئەوەی هەر چی خەڵکی تر هەیە لە مووسڵ دەری بکەن، چ کورد بێت و چ برا مەسیحیەکان بن و چ ئیزیدیەکان بن و چ شەبەك بن، هەوڵ دەدەن کە نەهێڵن لە مووسڵ و تەنها خۆیان لە مووسڵ بن، بەراستی ئەوەش کارەساتێکە دەبێ ئێمە بەری پێ بگرین و ئەگەر بەو شێوەیە بکرێت لەوانەیە لە ماوەیەکی کەمدا خسوسیەتی شاری موسڵ نەمێنێت، دواتر ئێمە دەبێ داوا لە حکومەتی عێراقیش بکەین وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان داوا بکەین هەم پەرلەمانی عێراقی و هەم حکومەتی عێراقی هەردوولا بە رەسمی ئیدانەی ئەو شاڵاوە بکەن، لە هەمان کاتدا لە رووی ماددی و مەعنەوی هاوکاری ئەو خوشك و برایانە بکەن کە لە ماڵەکانی خۆیان دەرکراون، لەبەر ئەوە ئەوەی کە دەرکراوە وەکو راپۆرتەکە ئاماژەی پێکردووە تەنها بە جل و بەرگی ماڵەوە دەرکراون، کەواتە ماڵەکەشیان هەمووی تاڵان کراوە و چەند خانووەکی رووخاون، بۆیە ئێمە دەبێ ئەوەش داوا بکەین حکومەتی عێراقی ئەو مەسئولیەتە بخاتە سەر شانی خۆی و قەرەبووی ئەو خەڵکە بکاتەوە کە ئاوا زیانی لێ کەوتووە، لە لایەکی تر مەسەلەی پێکهێنانی ئەو لێژنەیەی کە پێك دێتن بۆ لێکۆڵینەوە لە راستیەکانی ئەو رووداوە، حەقە بەراستی جگە لە لایەنی عێراقی، لایەنی (UN)و هێزی هاوپەیمانان و لایەنی خوشك و برا مەسیحیەکانی تێدا بێت ، بە تایبەت پیاوە ئایینەکانی تیدا بێت لەو مەسەلەیەدا، دیسان لایەنی پەیوەست لەو مەسەلەیەدا  حەقە نوێنەری حکومەتی کوردستان یان پەرلەمانی کوردستانی تێدا بێت ، بەو شێوەیە لێژنەیەکی بێ لایەن بێت و بە دوای راستیەکاندا بچێت و بگاتە ئەنجامێك بۆ ئەوەی جارێکی دی کارەساتێکی وا لە مووسڵ روو نەداتەوە و دووبارە نەبێتەوە و مەسەلەی پاراستنیشیان لە مووسڵ من دڵنیام ئەگەر ئەوە تێپەر بێت بەو شێوەی ئێستا کە ئەوان ئەو شاڵاوە دڕندانەیان دەرهەق بەبرا مەسیحیەکانیان ئەنجام داوە، گەرانەوەیان زۆر زەحمەتتر دەبێت، بە هیچ شێوەیەك گرەنتیەکی نابێ کە دووبارە نەبێتەوە  و نەپارێزرێن، بۆیە داوا کردنی هێز بۆ بردنی  ئەو ناوچانە یان ئەوەتا هێزی هاوپەیمانان پارێزگاریان بکات یان ئەوەتا هێزی کوردستان بە بەشداری خۆشیان بەشدار بن لەو هێزەی کە بپارێزرێن و رووبەرووی شاڵاوێکی وا نەبنەوە، بەراستی ئەوان نەتەوەیەکی ئاشتی خوازن و تا ئێستا باوەڕ ناکەم لە تەواوی عێراق و کوردستانیشدا دەستیان لە یەك کاری تێکدراوی هەبێت، بەردەوام و بە درێژایی مێژوو زوڵمیان لێ کراوە و هەوڵی ئەوە دراوە کە لە شوێنی خۆیان دەربکرێن، خۆشتان باش دەزانن کە پێشتر مووسڵ جگە لە کورد و جگە لە مەسیحیەکان کەسی تری تێدا نەبووە، لە دوای ساڵی حەفت سەدەکانی زاینیەوە عەرب وردە وردە گەیشتووتە ئەو ناوچەیە، کەواتە ئەوەی کە ئێستا هاتووە و لە مووسڵ جێگیر بووە، دەیەوێ خەڵکە ڕەسەنەکەی دەربکات،  بەراستی ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین بەرگری لەو شاڵاوە دڕندەیە بکەین، بوار نەدەین بە هیچ شێوەیەك جارێکی تر ئەو شاڵاوە دووبارە بێتەوە، من لێرەوە سڵاو بۆ ئەو خوشك و برا

مەسیحیانە دەنێرم کە دەربەدەر کراون و سەرەخۆشیش لە خانەوادەی شەهیدەکان دەکەین، هیوادارین ئەوە دوا ناخۆشی و دوا کارەساتی نەتەوەییان بێت کە رووبەروویان دەبێتەوە، وێڕای دووبارە ئیدانە کردنەوەی ئەو کارەساتە نەتەوەییەی خوشك و برایانی کلدانی و ئاشووری و سریانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك غەفوور، بەڵام من حەز دەکەم تەعلیق لە قسەکانت بدەم، قسەکانت بەشێکی بەجێنە و جێی سەرنجە و پشتگیری لێ دەکەین، بەڵام ئەو هێزانەی کە لە مووسڵ دان ناکرێت هەموویان تاوان بار بکەین، چونکە ئەوان خۆیان بەشێکیان و ژمارەیەکی زۆریان شەهید بوون بە دەستی تیرۆریستان، رەنگە خەڵکێك هەبێت تاك تاك سەر بەو گرووپە دڕندەیە بن، بەڵام ئەو هێزانە کارێکی زۆریان کردووە و تەزحیاتی زۆریان داوە و توانیشیانە زەرەباتی باش  لەو تیرۆریستانە بوەشێنن، هەروەها ژیان لە شاری مووسڵ لە بەینی پێکهاتەکانی عەرەب، کورد، موسڵمان، مەسیحی ، ئێزیدی، شەبەك، هەموو لە لایەن ئێمەوە گرنگە و پەیوەندی بەردەوامە و ئومێدیش دەکەین لە ئایندەشدا بەردەوام بێت، پشتگیری لەو قسانە دەکەین کە حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ بە دەوری خۆی دەبێ هەڵبستێ و دەبێ هێزی زیاتر بنێرێ و مەسئولیەتی ئەوە و حکومەتی هەرێمیش هەر چی داوای لێ بکرێت بۆ پشتیوانی کردنی خەڵکی ئەو دەڤەرە بەتایبەتی لە کلدان و ئاشوور و کوردەکان و هەموو پێکهاتەکانی تر ئێمە درێغی ناکەین بە تەئکید، کاك د.نوری وەکو ئەندامێکی سەربەخۆ لە لیستی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان با بفەرموویت.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست ناکات من ئەو قسانەی کە تا ئێستا کران دووبارەی بکەمەوە و پشتگیری لە بەشی زۆریان دەکەم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە بەشی زۆریان لەسەر کلدان و ئاشووری و مەسیحیەکانی ناوچەی مووسڵ وەکو ئیدانە کرا ئێمەش ئیدانەی دەکەین، ئەوە تاوانێکە کەوا پاش ماوەکانی بەعس ئەمڕۆ لە ژێر ناوێکی تر دا و لە ژێر ناوی ئیسلامدا ئەو تاوانە دووبارە دەکەنەوە، ئەوە پێشتریش ئەو کارە کراوە هەتاکو لە مووسڵدا کەوا هێزێکی بچووکی پێشمەرگەی لێبوو و نە کلدانێك و نە ئاشووریەك و نە شەبەکێك و نە ئێزیدیەك و هەر چەند کوردن، بەڵام وەکو ئاینزایەکی تایبەتی کەسێك دەست درێژی نەکرایە سەر ژیانی یان ماڵی، بەڵام ئێستاکە ئەو تۆمەتە دەخرێتە پاڵی کورد، هەر وەکو دوێنێکە برایەك لە یەکێك لە کەناڵێك ئاشکەرای کرد و وتی ئەی لە بەسرە، ئەی لە دۆرە ؟ ئەی لە ناوچەکانی بەغدا؟ ئەویش هەر کورد کردوونی؟ کەواتە ئەوە پلانێکە بۆ مەبەستێکی سیاسی دیاریکراو، ئەو پلانە دارێژراوە دەگەڕێتەوە بۆ گەلەك لەمەو پێشتر، من کارێکی دیکە دەخەمەوە یاد، لە ساڵی 59 بەم لاوە و 60-61 هەر هەمان بەعسیەکان و هاوکارەکانیان لە بەغدا و موصل هەتا لە هەندێ لە گەڕەکەکانی ناو کەرکووکیش هەوڵی ئەوەیان دەدا، کەوا ناوچەیەکی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن ،بۆئەوەی کەوا بتوانن لە 8 ی شوباتی 63 دا بچنە سەر حکومەتی عبدالکریم قاسم ولەو کودەتایە سەرکەوتوو ببن، بۆیە دەبێت ئێمە داوا لە

**حکومەتی ناوەندی بکەین ،لەبەر ئەوەی کەوا ناوچەی موصل بە شێکە لەسەر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دایە، کەوا دەبێت ئاگاداری ژیان و ماڵ و سەروەت و سامانی ئەوخەڵکە بن ،تا بە مەسیحی و بە کوردو بە ئێزیدیو بە شەبەکەکانەوە، هەروەها ئەو عەرەبانەی کەوا باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە لەو ناوچەیە دا ، هەتاوەکو ئەو خەڵکانە بتوانن بە زووترین کات بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و قەرەبووش بکرێنەوە ،من پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بۆ خاڵێکی تر بکەم، کەهەرچەندە پەیوەندی بەو خاڵەوە نیە ،کە ئەمڕۆ پەرلەمان بۆی کۆبووەتەوە ،هۆی ئەوەیە کەوا حکومەتی تورکیا بەردەوامە لە هێرش کردنە سەر ناوچە سنووریەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان ، ڕۆژانە خەڵکانێکی زۆر زەرەر مەند دەبن ،ئێمە بەرەو زستان دەچین ، پێویستە کەوا ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان ئەو کارانە مەحکوم بکەین، ڕێگا نەدرێت بە هیچ شێوەیەك کەوا لەو ناوچانەدا هیچ ناوچەیەکی بە نا ئارامی دروست بکرێت ، چونکە ئەوە نەلە بەرژەوەندی تورکیایە، نەلە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانە، بەڵکو باری ئەو ناوچانە زیاتر ئاڵۆز تر دەکات ، زۆر سوپاستان دەکەم 0**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سوپاس د.نوری ، دواکەس کە قسە بکات ، هەموو فراکسیۆنەکان قسەیان کرد ،چونکە ئەمە قانون نیە مناقەشەی بکەین، سەرۆکی فراکسیۆن تەعبیر لە هەموو ئەندامەکانی خۆی دەکاتن ،هەڵوێستەکە یەك هەڵوێستە ، بەڵام تۆزێك تایبەت مەندی بە برا ئێزدیەکان دەدەین ،کاك پیر خدر ، فەرموو .**

**بەڕێز خضر خلیل سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هاو خەمین لەگەڵ ئەو تراژیدیایەی بە سەر برا مەسیحیەکان و کلدان و سریان و ئاشوری هاتووە، پشتیوانی ڕاپۆرتی برامان ڕۆمیۆ هەکاری دەکەین ،هاودەنگین لە گەڵ ئەو پەیڤی جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بەناوی سەرۆکاتی پەرلەمانی دەرهەقی ئەو بوارە گوتی، ئەو پشتیوانیە چ ماددی چ مەعنەوی دێتە پێشکەش کردن ،وەکو کوردەکی ئێزدی هەرچەندە نەوەختی ئەوەیە، بەس دەڵێمە براکانی مەسیحی و کلدان و سریان و ئاشوری ، ئەوان ئاگادارن باش کە ئەو دوومانگە هاتووچوون لە دەڤەری ئێمە کراوە ، کە ئێمە پێکەوە دەژین، لەگەڵ ئێزدی و لەگەڵ برایانی مەسیحی دانیشتن نوێنەری هێزی هاوپەیمان ، ئەوان دەیانەوێت هاریکاری ئێمە بکەن و ماددەی 125 لە دەستوری عێراق دەردی ئێوە چارەسەر دەکات ،یان ئێمە نابێ دانیشین ، کە ئەو برای ئێزدی و مەسیحی لە بن سێبەری ئاڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانن ،رەوشی خۆتان یان سیاسی یان ئیداری یان ڕۆشەنبیری یان دینی بەراورد بکەن ،بەرامبەر ئەو رەوشە ئەو تراژیدیایە دروست دەبێت ،هەتا بەسراو بەغداو موصل ،ئێمە بزانین مافی ئێمە چیە ،وەکێ بە دڵ پشتیوانی ئەم مافە دەکات و ژ هزرا خۆ بکەین ئێمە بە دەستی خۆمان و دەنگی خۆمان چارەنووسی خۆمان هە ڵدەبژێرین، دووبارە ئەو کارەساتە بەسەر برا مەسیحیەکان داهات بە توندی ریسوای دەکەین، ئەمەش بەری بەسەر هەرکەسێکی کوردی موصل هات ،چ شەبەك چ ئێزدی، ئەمڕۆ کەس خەڵکی ئێزدی**

نەوماوە، ئەمە بەردەوام دەبیتن لەلایەن پاشماوەی بەعسی کو هەندێك خەڵکی ئێمەی سادە ناچار بکەن بڵێن رەحمەت لە کفن دزی بەر لە 2003 ،بەس پاشماوەی بەعسی هێزی شەڕ خواز بزانن ئەو کارە تیرۆرستیانە دەکەن ئەو نکارن خەڵکێمە بخاپینن ، ئێمە ناچار بکەن بڵێین رەحمەت لە کفن دزی ، سوپاس0

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ وەڵامی د. شوکریە دەڵێت هیچ ژن قسەیان نەکرد ، سێ ژن قسەیان کرد ،بەڵام لێرەدا ئەوەیە قسەکان تەعبیر لەهەموو پێکهاتەکان بکاتن ،کاك شێروان حەیدەری بە ناوی فراکسیۆنی زەردەوە قسەی کرد ، زۆر سوپاسی هەموو لایەك دەکەم ئەوەی قسەی کردووەو ئەوەی قسەی نەکردووە ،پێش ئەوە کۆتای بە دانیشتنەکەمان بێنین ،چەند خاڵێك کەلەبەر ڕۆشنایی قسەکانی ئێوەی بەڕێز ، میوانانی بەڕێز ، یەکەم، بە توندی ئیدانە کردنی ئەو تاوانە گەورەیە دەکەین ، سەرەخۆشی لە گیانی شەهیدان دەکەین ،هەموو شەهیدان ئەوانەی بەدەستی تیرۆرو ناحەزانی گەلی کوردستان ، کاری وا ئەنجام دەدەن ،ئومێد دەکەین ئەوانەی بریندارن بە زووترین کات چاك ببنەوە ،داوا دەکەین ئەوانەی دەربەدەرن کێشەکانیان چارەسەر بکرێت ،بۆیە لێرەوە داوا لە حکومەتی فیدرال دەکەین ، کە هەرچی زووە پێداویستی گەڕانەوەی ئەو بنەماڵانە بۆ شاری موصل دابین بکات ،لە رووی پاراستنی ژیانیان دابین کردنی ژیانیان ،بە مەسئولیەتی خۆی هەڵبستێت ، چونکە ئەوە مەسئولیەتەکی حکومەتی فیدراڵە ، ئێمەش هاوکار بین لەو بوارەدا هەرچی بۆمان بکرێت هاوکاریان بکەین ،وەکو پەرلەمانی کوردستان پشتگیری کردنمان پشتگیری کردنێکی مەعنەویە زیاتر وە سیاسیە ،بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەین کەوا بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت وەکو دوێنێش بەیانەکەیاندا ئیدانەیان کرد ، دەست خۆشیان لێدەکەین بۆ ئەو هەڵوێستە ، بەردەوام بن ئێمەش لە لایەن خۆمانەوە سەرۆکایەتی لیژنەیەك پێك دەهێنێت بۆ ئەو بڕیارەی کە بەناوی ئێوەشەوە دامان بۆ هاوکاری کردنیان وە من داوا لە ئەندامانی پەرلەمانیش دەکەم ، هەرکەسێك لە لایەن خۆیەوە هاوکاری بکاتن مووچەی خۆمان و خۆشمان لە سەرۆکایەتی بڕیارمان دا نامەوێت بڵێم چەندە، چونکە بۆ ئەوەی ئازاد بێت هەر ئەندامێك ، چەند دەستی کراوە بێت، ئەوەندە دەستی خۆش بێت ،ئێمە داوا لەپەرلەمان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش دەکەین ، کە پێویستی ڕێگە نەداتن بەو لێدوانانەی نامەسئولانە کە پێش ئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەك بکرێت ، لێدوان دەدرێت لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ، ئەگەر ئەم جۆرە لێدوانانە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانیش بێت، ئێمە پێویستە بە هەمان شێوە ڕەفتار بکەین ،داوای لێبکەین لێرە لێدوانی وا نەدات ،کە ببێتە هۆی ئەوەی فیتنە دروست بێت، ناکۆکی دروست بێت ،ببێتە هۆی ئەوەی خەڵکانێك بکوژرێن یان تاوانبار بکرێن ، پێویستە لە ئەنجومەنی نوێنەران ئەم مەسەلەیە باس بکرێت ،پشتگیری لە داوای لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەکەین ،بۆ ئەم مەسەلەیە داوای کردووە دانیشتنێك هەبێت ،بۆ رووبە روو بونەوەی ئەو جۆرە لێدوانانە، پێویستە حکومەتی فیدراڵ نەك هەر دابین کردنی گەڕانەوەی ئەو بنەماڵانە بۆ شاری موصل، بەڵکو دابین کردنی ژیانیان بکات

پێویسته تەعویزیان بداتن ،قەرەبووی زیانەکانیان بکات کە لێیان کەوتووە لەو کارە ساتەی کە چەند ڕۆژە لێیان کەوتوەتەوە و ماڵەکانیان جێهێشتوە، دەربەدەر بوونە ، پێویستە بە چاوێکی داد پەروەرانە تەماشای ئەو کێشەیە بکات ،چونکە وەکو خۆتان ئاماژەتان پێ کردووە مانەوەی عێراق بەو جۆرە پێکهاتەیە قوەتە بۆ عێراق و بە عەکسیشەوە، من لێرە داوا لە برا مەسیحیەکانیش دەکەم،ئەم جۆرە تاوانانە بەرامبەریان نابێت بە هیچ شێوەیەك ئیرادەیان زەعیف بکات،پێویستە یەك ڕێزیان، یەك دەنگیان بەهێز بێت، ڕێگا نەدەن ببێتە هۆی ئەوەی ولأت بەجێ بێڵن، ئەم ولأتە ولأتی خۆیانە ،هەزاران ساڵە لێرەدا دەژین ، لەگەڵ ئێمە ژیاون، پێکەوە دەبێ بەردەوام بین،هەلأتن لە ولأت، مانای ئەوەیە سەرکەوتوویی دوژمنانە، سەرکەوتنی تیرۆرستانە، دەبێ ئیرادەی مانەوە یان رووبەروو بوونەوەیان ئەو جۆرە سیاسەتە، ئەو جۆرە رەفتارە، ئەو جۆرە تاوانانە بەوە دەبێت، کە پێیان بڵێین ئێمە لێرەین و ناڕۆین، پێکەوە دەژین و دیفاع لە دیموکراتیەت و عێراق دەکەین ،سوپاسی هەموولایەك دەکەین کە لێرە بەشدار بوون بەتایبەتی مێوانە بەڕێزەکان، دوا قسەم پێش کۆتایی هاتن، دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان رۆژی دووشەم دەبێت، سەعات 11، بەرنامەی کار:

1- هەموارکردنی پڕۆژەی باری کەسایەتی.

2- تەواو کردنی پڕۆژەی ئەنجومەنی ئیستیشاری کە مناقەشەمان کردووە، دووبەرنامەی ڕۆژی دووشەممە دێتە مناقەشە کردن، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە خۆیان حازر بکەن، لیژنەی یاسایی راپۆرتەکانیان تەواوی کردبێ، فەرموو کاك شێروان .

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پڕۆژە یاسای باری کەسیەتی هەتا ئێستا راپۆرت حازر نیە، ئی لیژنە، بەراستی کۆبوونەوەکانی لیژنە بەردەوامە لەگەڵ جیهەتە پەیوەندیدارەکان ، بۆیە ناکرێ ڕۆژی دووشەممە گفتوگۆ بکەین، ئەگەر ڕاپۆرت حازر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەمڕۆوە تا دووشەممە پێنج ڕۆژتان لە پێشە ، چەندین کۆبوونەوەتان کردووە، من داواتان لێ دەکەم پەلەی لێ بکەن، ئەگەر نەتانتوانی ئەوە رۆژی دوو شەممە، هۆی ئەوەی راپۆرتەکان حازر نەکراوە، دەتوانن باسی بکەن و لێرە هێن بکەن، بەلأم ئێمە ئەوە چەند رۆژێکە باسمان کرد، دوێنێش کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو مەوزوعەمان باس کرد ئومێد دەکەم کە بتوانین، بەڕاستی

**دواکەوتین و ئێمە پاشی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانمان لە پێشە، دەبێت ئەویش تەواو بکەین، ئێمە هەمووی ماوەیەکی کورتمان ماوە لەم خولەدا، دەبێت تەواوی بکەین، بە هەر حاڵ ئەگەر حازر نەبوو، ئەوە ناچار دەبین کە دوای بخەین و مەسائیلی تر دێتە پێشەوە، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین و سوپاستان دەکەم و بەخێر بێن سەرچاو.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (7)**

**دوو شەممە رێکەوتی 20\10\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (7)

## دوو شەممە رێكەوتی 2008/10/20

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2008/10/20 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی دووەم, ساڵی (2008)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوکمی بڕگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11) ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2008/10/20دا بەم شێوەیە بێت:

1- دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی لەهەردوو لیژنەی دەستور و لیژنەی کاروباری یاسایی.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (118) لە ساڵی 1959ی میلادی کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

3- تەواوکردنی گفتوگۆی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی راویژکاری باڵای هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

1- دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی لە هەر دوو لیژنەی دەستورو لیژنەی کاروباری یاسایی.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (118) لەساڵی 1959ی میلادی کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

3- تەواو کردنی گفتوگۆی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی راویژکاری باڵای هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك فاروق جمیل وەزیری داد، کاك سعد خالد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین لەگەڵمان بەشدارن، زۆر بەخێر بێن بەسەرچاو، و هەروەها بەخێرهاتنی میوانانی بەڕێز دەکەین کە لەسەرەوە هاتوون بۆ ئەوەی تەماشای ئەم دانیشتنەبکەن، زۆر بەخێربێن سەرچاو، داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، دوو کەس لەئەندامانی لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی لەلیژنەکانی تریش جێگایان بێتەوە، خاڵی یەکەم لەبەرنامەی کار دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی لەهەردوو لیژنەی دەستور ولیژنەی کاروباری یاسایی، کاك د. نوری لە 9/22 /2008، داوایەکی پێشکەش بەسەرۆکی لیژنەی یاسایی کردووە، داوا دەکات دەست لەکار بکێشێتەوە و هەر وەها دەست لەلیژنەی دەستور و لەلیژنەی یاسایش لەبەر چەند هۆیەك کە دیاری کردووە و، لیژنەی یاسایی مانیعیان نیە وهەروەها لیژنەی دەستوریش خۆی لە خۆیدا کارەکانی تەواو کردووە و ئەو داواکاریەی د. نوری رەغبەتی خۆیەتی، ئەگەر کەس قسەی نیە دەیخەمە دەنگەوە، رەغبەتێکی شەخسیە بۆ ئەوە نیە لێرە شتی تر بوەرژێننەوە و پێ بنێنە بەنە سەر مەسائیلی سیاسی،

رەغبەتی د.نوریە، هەر رەغبەتەكەی ئیحتیرام دەگیرێت، لیژنەكانی پەیوەندیداریش قسەیان نیەو پەسەندیان كردووە لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو دوولایەن قسەیان هەبێت دەیاندەمێ، ئەگەرنا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵێتی؟ دەست بڵندكات تكایە، كێ لەگەڵدانیە؟ واللە دەبێت بیژمێرین كەواتا، دەستتان بێرنە خوارەوە، ئەوەلەن د. نوری خۆی ئیستیعدادی هەیە كە ئێوە دەڵێن لەگەڵدا نین؟ چونكە ئەوە رەغبەتی خۆیەتی، ئیستیعدادی هەیە ئەگەر بێت و دەنگتان بۆ داو قەبوڵتان نەكرد، ئیستیعدادی هەیە بەردەوام بێت؟ باشە، نەخێر دەنگ نادەمە كەسی تر، هەر د. نوری و لیژنەكان بۆ ئەوە نیە، دەیژمێرم دەنگەكان دەژمێرم، كێ لەگەڵ داواكاری د. نوریە، داوای كردووە عەفوی بكەن لەلیژنەی نووسینەوەی دەستور و لیژنەی كاروباری یاسایی، كێ لەگەڵ ئەو داواكاریە؟ دەست بڵندكات تكایە، دەیژمێرین، كاك شێروان نوقتەی نیزامێت هەیە؟ فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قەیناكە بدرێتە تەسویت، بەس بەعزێ مەسائیل هەیە حەزەكەم روونی بكەمەوە، ئەندامی هەر لیژنەیەك بەنیسبەت لیژنەی پەرلەمانی دەڵێم نەك هەر لیژنەی خۆمان، سێ جەلسە حازر نەبێت نیزامی داخیلی مافت دەداتێ كە حەقی نامێنێت كە ئیتر بەشداری لەم لیژنەیە بكات، من تەسویت بكەم دژی نیزامی داخیلی، بەغەیری رەغبەتی خۆیشی بەراستی من ئەوە بەراست نازانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قسەكەت راستە، بەڵام ئەگەر لیژنەكەتان ئەوەی داواكردبایە، بتانوتایە ئەو ئەندام لیژنەیە، بەڵێ كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بەنیسبەت لیژنەی قانونی قسەدەكەم، كتابێكمان ئاراستەی جەنابی كاك د. نوری كردووە، دەڵێین ماوەیەكە دەوام ناكەی، زیاد لەسێ كۆبوونەوەكەش، حەزدەكەین جەنابت هەڵوێستی خۆت دیاری بكەی كە ئەسبابی دەوام نەكردنت چیە؟ وەڵامی ئێمەی داوەتەوە دەڵێت من چ كۆبوونەوەكانی لیژنەی یاسایی چ لەكاتی پشووی پەرلەماندا، چ لەدوای كاتی پشووی پەرلەماندا بەیاسایی نازانم، من نازانم بەراستی ئەوە تەفسیرەكەی لای خۆیەتی، منیش مەجبورمام داواكارییەكەی تەحویلی لای جەنابتان بكەم، ئەوە موختەسەری مەوزوعەكەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من نەمدەویست بەتەواوی بچمەوە ناو وردەکاریەکان، ئێستاش ناچمە ناو وردەکاریەکانەوە، سەبارەت بە دەست لەکار کێشانەوە لە لیژنەی دەستوری من لە پێنجی مانگی حەفتی (تەمووز)ی ئەمساڵ داواکاریەکەم پێشکەش بە جەنابتان کرد هۆکارەکانم تێایدا روون کردەوە، پاشان سەرۆکی لیژنەی قانونی لە 9/18 نامەیەکی بۆ ناردوومە ئەڵێت تکامان وایە ئاگادرامان بکەنەوە لە هەڵوێستی خۆتان سەبارەت بە بەردەوامبوونت لە لیژنەکەمان، چونکە ئێمە کۆبونەوەکانمان رۆژانە بەردەوامە، منیش هەر هەمان رۆژ لێرەدا، لیژنەی قانونی بەڵێ، لێرەدا من وەڵامم داوە دەڵێم: ئەمڕۆ 9/22 نامەکەتانم بەدەست گەیشت لە رۆژی 9/18 نووسراوە، پێم باشە ئاگادارتان بکەم کە لە لیژنەی قانونی وەك لەلیژنەی دەستوریش دەست لەکار دەکێشمەوە و لەبەر چەند هۆکارێك چاوەڕێ بووم سەرۆکی پەرلەمان دواکارییەکەم بکات، لە 7/5 نووسراوە بەدەست لە کارکێشانەوەم لەلیژنەی دەستوری بخاتە بەردەم پەرلەمان تاوەکو پێکەوە ئەویش بخەمە بەرچاوو دەست لەو دوو لیژنەیە، وبکشێمەوە، روونکردنەوەکەم ئەوەیە، تێبینیم لەسەر کوبۆونەوەکانی لیژنەی قانونی لەکاتی پشووی هاویندا هەیە، بۆیە نەپێشترو نە ئێستایش بەراستی نازانم بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی دەزانم، من باسم لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی قانونی کردووە لەکاتی پشوی پەرلەماندا نەك لەکاتی دیکەدا، من داواکارم لەبەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەوا ئەو داواکاریەم قەبوڵ بکەن، و من بەڵێنیشیان دەدەمی لەناو پەرلەماندا ئەوەی کە پێم بکرێت لێرە بەشداری دەکەم، بۆ ئەوەی کەوا هاوکاری پەرلەمان بکەم بۆ پەسەند کردنی ئەو پرۆژە قانونەی کەوا دەخرێتە بەردەم پەرلەمان، زۆر زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام کاك دکتۆر من دوو وەڵامم هەیە لەسەر دوو مەسەلەی کە باست کرد، یەك: لە 7/5 کە جەنابت ئەو نووسراوەت بۆ ئێمە نووسی پشووی پەرلەمان بوو، دانیشتنی پەرلەمان نەکراوە نە مانگی حەفت نە مانگی هەشت تا وەکو ئەو داواکاریە بەخەینە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، دوایش من لەسەرەتای مانگی نۆدا وتم بەشکو پێداچوونەوەیەکت هەبێت، پەشیمان ببیتەوە، پاشان کە خۆت داوات کرد جارێکی تر ئەو جارە حەقی خۆتە وتەبیعیە، دووەم: ئەو رەئیەتیش من بە هەڵە دەزانم کە دەڵێت لەپشووی پەرلەماندا نابێت کۆبوونەوە بکرێت، بەعەکسەوە، لە پشووی پەرلەماندا، یەعنی پشووی ئەو دانیشتنە نیە، لیژنەکان دەبێت باشترو چالاکترکاربکەن، بەعەکسی هەندێك تێگەیشت، پێی وابێت عوتڵەیە وەکو عوتڵەی مامۆستایان لە پشووی هاویندا، پشووی پەرلەمان تەنها دانیشتنی پەرلەمان نیە، جەلسەمان نیە، یەعنی لیژنەکان دەبێت بەفرسەتی بزانن، سەردانی دام و دەزگاکانی حکومەت بکەن، چاودێری حکومەت بکەن، ئیشوکارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، راپۆرتەکانیان تاوتوێ بکەن، ئەو پشووە ئەصڵەن بۆ ئەوە دانراوە، بەڵام لەعەینی کاتیشدا ئەندامێکی پەرلەمان دووربێت نەخۆش بێت، پێویست بە سەردانێك بکات پازدەرۆژێك ئەویش ئیجازە وەردەگرێت و دەڕوات، ئەو پشووە جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە زۆر جار لە رۆژنامەکاندا باس دەکرێت، پشوونیە بچیت دەوام نەکەیت و لەماڵی خۆت دابنیشی، پشووە لەوەی کە دانیشتنی پەرلەمان نیە،

بۆ ئەوەی لیژنەکان، کارو باری ئەنجومەن، سەرۆکایەتی هەر یەکە تەنزیمی کارەکانی بکات وخۆی ئامادەبکات بۆ خولی داهاتوو، ئەو رەئیەی جەنابت بە عکسەوەیە، یەعنی من بۆیە حەزئەکەم ئەوە روون بکەمەوە، بەهەرحالْ جەنابت پیاوێکی پسپۆری وشارەزای وجێگای تەقدیری، هەموو کەسێك دەزانێت قابلیەتت و ئیمکانیاتت ودەوریتش هەبووە، بەلاَم رێزیش دەگرین لەداواکاریەکەت، مەسەلە ئەوەنیە جاری لیژنەی دەستوری خۆی نەماوە لە حەقیقەتدا، کارەکانی تەواو کردووە مەفروزە ەچەند حەفتەیەکی داهاتووا پرۆژەکە لێرە بیخوێنینەوە و انشاء الله پێش کۆتایی سالْ، کۆتایی پێ ئەهێنین دەستور، لیژنەی یاسایش، کە لەلیژنەیەکدا نەتوانیت ئینسیجامت هەبێت، ناچینە ناو تەفاصیلْ کێ حەقەو کێ حەق نیە، یەعنی رەغبەتی ئەندامێکی پەرلەمان بلێت من لە لیژنە ئیش ناکەم، بیدایەتەکەی هەولْ دەدەی تێبگەیت کە زانێت ناتوانێت ئیش بکات دەبێت رێز لە داوکاریەکەی بگیرێت، ئەوە جێگای ململانێ نیە من بلێم نا ئیلا دەبێت لەو لیژنەیە بیت، کە خۆی نەیەوێت لەو لیژنەیەدا بێت، ئێمە ناکرێت موشکلەیەك دروست بکەین وبێینە ئێرە، خۆی کە بلێت ناتوانم و تۆ بلێت نا دەتوانێت، من حەزناکەم لەسەر ئەو مەوزوعەا زۆر قسەبکەین، بۆیە جارێکی کە دەیخەمە دەنگەوە ئەو رەغبەتەی د. نوری کە جارێکی تر شیکردەوە، کێ لەگەلْ ئەوەیە دەست لەکاربکێشێتەوە؟ بەو روون کردنەوانەی کە خۆی کردی و منیش کردم، تکایە دەستی بلند کات، فەرموون، کێ لەگەلدانیە؟ بەئەکسەریەت قەبولْ کرا زۆر سوپاس، من دلنیاشم کە د. نوری بە موداخەلەکانی پرۆژەکان دەولەمەنددەکات، بە دەوریشی وەکو کەسایەتیەکی ناسراو لە کوردستاندا وەکو کەسێکی شارەزا لەقانوندا، جێگای رێزە چ ئەندامی پەرلەمان بێت چ لەدەرەوەی پەرلەمانیش بێت، زۆر سوپاس، داوا لەلیژنەی ژنان و ئافرەتان بۆ خالْی دووەم ولیژنەی ماڤ مرۆڤ، مەسئولی لیژنەی ماڤی مرۆڤ دیسان نیە، موناقەشە نیە، بەلاَم دەبێت هەر بێن دابنیشن هێشتا قەرارمان نەداوە، فەرمو پەخشان خان، کاك مەلا سعدالدین مئەسول لیژنەی کاروباری ئایینی، دووەم خالْ لەبەرنامەی کار: خستنە روو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (188)ی سالْی 1959 کە لەلایەن ئنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، تەبعەن راپۆرتەکە ئاراستەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان کرابوو، بەتایبەتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی داکۆکیکردن لەماڤ ئافرەتان و ژنان ولیژنەی ئەوقاف ولیژنەی ماڤ مرۆڤ وئەندامانی پەرلەمان، ئومێددەکەم کە راپۆرتەکانیان ئامادەکردبێتن کاك شێروان فەرموو.

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆبوونەوەکانی لیژنەی قانونی لەگەلْ پیاوانی ئاینی و پیاوانی پسپۆر بەردەوامە لەسەر یاسای باری کەسایەتی دوێنێیش لەسەعات 10ی بەیانیەوە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان ئەنجامدا پێکەوە لەگەلْ لیژنەی کاروباری ئەوقاف لە پەرلەمان، ئێشتا راپۆرتمان ئامادەنەکردووە، بریار وایە لەگەلْ لیژنەی ئەوقاف پێکەوە دوای ئەو کۆبوونەوەی کە خەلاَص دەکەین رۆژێك تەحدید بکەین ئەمرۆبێت، بەیانی بێت، بۆ ئەوەی کۆبوونەوی لەسەر بکەین هەردوو لیژنە بۆ ئەوەی راپۆرتێکی هاوبەش پێشکەش بەپەرلەمان بکەین،

وحەزئەکەم لێرەدا ئەوە بڵێم پێویست دەکات ئەو بڕگەیە تەئخیر بکرێت تاوەکو ئێمە راپۆرتەکە ئامادە دەکەین وپێشکەش بەپەرلەمانی دەکەین، انشاء الله بۆ نیهایەتی ئەم حەفتەیە راپۆرتەکەمان ئامادە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتا لیژنەی یاسایی داوای دەکەوتنی موناقەشەکەی دەکات، حەزەکەم لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ژنان قسەبکات، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی راستە لیژنەی یاسایی ولیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئاینی، یەعنی لەگەڵ زانای ئاینی و لەگەڵ توێژەجیاجیاکانی کۆمەڵگا ئەیانەوێ راوبۆچوونیان وەرگرن، بەڵام ئێمە ئەم پڕۆژەیە لە 9/10 لەئەنجومەن خوێنرایەوە، لە 9/10 وە ئیحالەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کراوە، ئەمڕۆ 10/20یە، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان مادە 71، بڕگەی 4 لەماوەی 10 رۆژدا ئەبێت لیژان راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن، ئەگەر سەرۆکایەتی بە پێویستی زانی کە زۆترپەلەبکات، ئەوە لەماوەی پێنج رۆژدا، لەبەر ئەوە بەراستی من ئەو تێبینیەم پێشکەش دەکەم، بەنیسبەت لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان و ژنان بە ئیلتیزام بە پەیڕەوی ناوخۆ کە پێشتر ئەو پڕۆژەیە ناوەندێکی بەر فراوانی پەیوەندیدار دیبوویان بەنیسبەت لیژنەی مافی ئافرەت و ژنانەوە راپۆرتەکە ئامادەکراو خرایە بەردەست جەنابتان، من بەراستی ئەم تێبینیە نەك هەربۆ ئەم جارە هیوادارم، یەعنی ئەوە لەپەیڕەوی ناوخۆیا دەڵێت 10 رۆژ بەهەند وەربگیرێت، زۆر سوپاس، بەنیسبەت ئێمە ئامادەین ئەوە راپۆرتەکەمانە لەبەردەمی هەموو ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ پێش ئەوەی من قسە بکەم، کاك سعدالدین تەواو بووی؟ کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو کاك شێروانیش ئاماژەی پێکرد، ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کۆبوونەوەیەکی موشتەرەکمان ئەنجامدا لەسەر ئەوەی کە هەندێك پسپۆڕی قانون و هەندێك شارەزایانی ئاینی و هەردوو سەرۆکی زانایانی ئاینی ئیسلامی لەکوردستان، لەهەولێر ولە سلێمانی ولە دهۆك پسپۆڕمان هێنا کە بگەینە نتیجەیەك، والحمدلله لەزۆر خاڵی ناکۆکی هەبوو حەتا لەبەینی خۆیان، توانیمان یەعنی رەئیەکی تەوافوقی وەربگرین ئیلا لەسەر هەندێك نوقاتی زۆر بەسیت نەبێت، ئەوەیش پێویستی بەوە هەیە کە لە پەرلەمان

حەلبێت، کەوا هەر وەکو پەخشان خان بەخۆی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، دیاربی ئەویش لەگەڵ زۆر لە شتەکانی ئێمە کۆك بوو وانشاء الله دادەنیشین لەپاش جەلسەکەو کۆدەبینەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، والله ئێستا لیژنەی ئێوەیش وابزانم مانیعتان نیە لە تەئجیلەکەی، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەگەر راپۆرتی ئەو دوو لیژنەیە ئامادەنەبێت، یەعنی هەر ناکرێت، بەڵام هیوادارم یەعنی ئەمە جارێکی کە لەپەرلەمان دوبارەنەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەوابمان لەسەر قسەکانی خوشکە پەخشان زەنگەنە، ئێمە لەلیژنەی یاسایی راپۆرتمان تەقدیم کرد بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەبەر ئەوەیش تەقدیم کرا راپۆرتەکە کە ئەو پرۆژەیەی هاتبوو لە ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە بەراستی ئیعتیبارمان نەکرد بەپرۆژەیەکی قانونی بۆ هەموارکردنی یاسای باری کەسایەتی، لەبەر ئەوەی تێبینی ئەوە دەکرا کە پڕۆژەکە بەناوی راسپاردە هاتبوو نەك قانون یان پڕۆژە، لەبەر ئەوە داوامان کرد لەسەرۆکایەتی پەرلەمان کێشەکە حەلبێت، بەڵام کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هاتە ئێرە کۆبوونەومان کرد لەگەڵ جەنابتان و لەگەڵ ئەویش، داوامان کرد کە کێشەکە بە ودی حەلبێت، نەك بچێتەوە ئەنجومەنی وەزیران بریاری لەسەر بدرێت، تەخیر دەبێت، لەبەر خاتری خوشکانی ئافرەتان وژنان قەرارماندا خۆمان دووبارە کۆبوونەوە بکەین لەگەڵ لیژانی مەعنی و ئەوپسپۆڕانەمان هێناوە ئێرە ومونافەشەمان لەگەڵ کرد بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی یاساکە بۆ بەرژەوەندی ژنان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی کاك سعدالدین باسی ئەوەی کرد کە لەکۆبوونەوەکەی دوێنێ ولە زۆر شتیشا من کۆك بووم لەگەڵ بۆچوونەکان، بەراستی من کۆك بووم لەگەڵ ئەوانەی کە لەپرۆژەکەدا هاتووە ولێرەیشەوە ئیعلانی دەکەم ئەمرۆ لەجەریدە، بەیانی زوو تەلەفۆنیان بۆم کردم وتیان فلان مامۆستا و فلان مامۆستا وتوویانە تۆیش تەراجعت کردووە لەمەسەلەی نەهێشتنی فرەژنی، وتم شتی وانیە موتڵەقەن، برادەران لەقاعەکەدا بوون، بۆ نموونە ئەیڵێم جەنابی کاك سعدالدین وای نەوت، بەڵام بۆ روون کردنەوە، یەعنی ئەو خەڵکە گوێی لێبێت

و ڕەئی تەئجیل کردنیشم، من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ تەئجیلا نەبووم ولەگەڵ ئەندامانی لیژنەکەیش قسەم کرد، بەڵام وادیارە و وابەباش زانرا کە مادام ڕاپۆرت حازرنیە ئێمەیش لەگەڵیانا بین، ئەوە ڕەئیی ئەندامانی لیژنەکەبوو لەقاعەکە، باقسەبکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من خۆم ڕەئیەك دەدەم، ئینجا پاش قسەکانی من ئەگەر قسەتان هەبوو، قسەتان دەدەمێ، ئەگەر نارازی بن بەقسەکانم دەیخەینە دەنگەوە، یەکەم ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی زۆر گرنگە، وتایبەتمەندی خۆی هەیە، پەیوەندی بەهەموو کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە، ڕەئی جیاوازیشی لەسەر هەیە ئەو ڕەئیە جیاوازە نەك تەنها لێرە لەناو کۆمەڵگادا هەیە، لەو ماوەی ڕابردوودا لە هەموو شوێنێکا باس باسی ئەو پڕۆژەیەبووە، لەئەنجومەنی وەزیران یان لەوەزارەتەکان، لەناو مزگەوت، لەتەکیدا، لەلای مامۆستایانی ئاینی، لەلای لیژنەی ژنان، یەکێتی جۆراوجور، ماشاءالله ئەوەندە زۆریشن نەبێتەوە، لەهەموو کۆبوونەوەکان هەر یەکە ڕەئی هەبووە، پاش ئەوەی کە کۆنفراسی بۆکراوە، کۆبوونەواتی بۆ کراوە، ئەوان بەهەموو ئەو جهودەی کە سەرفیان کردووە نەیان توانیوە بگەنە سەر یەك ڕەئی لەسەر هەندێ مەسائیل کە لەناو گۆمەڵگادا جیاوازی لەسەر هەیە، ئەمە وای لێکردووە ئەو پڕۆژەیەی کە بۆ ئێمەیان ناردووە، موعەلەقیان بەجێهێشتووە وتویانە ئێمە ئەو چەندئیقتیراحەتان دەخەینە بەردەم وخۆتان قەرار بدەن، ئەمە یەك، یەعنی حەتا وەکو کۆنووسیش هاتووە، ڕاستە لەنووسراوەکە نووسراوە پڕۆژە، بەڵام لەدیباجەکەیدا لەسەرەوە نووسراوە کۆنووس، لیژنەی یاسایی ئیعتیرازیان کرد وتیان دەبێت، منیش وتم لەسەر ڕۆتین ڕامەوەستن مادام لەنووسراوە ڕەسمییەکە بە پڕۆژە هاتووە، بەپڕۆژە قەبوڵی بکەن بۆ ئەوەی دوا نەگەوێت، ئەوەبوو لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت کۆبوینەوە ئەو مەسەلەیشمان باسکردو تاوتوێشمان لەسەرکرد، ئەو پڕۆژەیە ئاراستەی لیژانەکان کراوە، ڕاستە لەنیزامی داخلیدا دەڵێت لیژانەکان کە ڕاپۆرتیان ئامادەکردو داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەین خیلال 10 ڕۆژدا تەواوابێت، بەڵام پڕۆژەیەکی وا گرنگ، وا حەساس ناکرێت لەبەر ئەوەی ڕۆژێ فلان ئامادە نەبوو، خەلاص بەنارەزایی بێتە ئێرە وکێشەکە ئالۆزتربێت، ئەو داوایە حەقی ئێرەیە و دواکەسیش کە بڕیاردەدات ئێوەن، حەزدەکەن ئێستا قەرار بدەن و بەردەوام دەبێن لەسەری بزانن چێ لێدێت، دیارە قەناعەتان بەقسەکانم نەکرد، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم ئاساییە تەئجیل بکرێت، بەڵام یەك حەفتە، ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بەڵام ئەممەوێ هەندێك تەوزیح بدەم ئەگەر یارمەتیم بدەن، دیارە ئەم پڕۆژەیە هێن ئەوە نیە بەحەفتەیەك و دە ڕۆژ بیروڕای خەڵکی پسپۆڕو یاساو ئەوانەی تر کەرەئیان وەردەگیرێت، جەنابی کاك شێروان خۆی باش ئاگادارەو لەهەندێك کۆبوونەوەکانمان بەشداری کردووە کە ئێمە خەڵکی پسپۆڕ یان یاساناسمان لەسلێمانی، لەهەولێر، لەدهۆك بانگ کردووە، لەلیژنەکەمان بەئامادەبوونی هەندێك

لەئەندامانی لیژنەی یاسایی موناقەشەمان کردووە بۆ چەندرۆژ کۆنفراسمان لەسەر کردووە، هەر وەها خەڵکی شارەزا لەشەریعەت بانگمان کردوون ونوێنەری یەکێتی زانایانی ئاینیمان بانگ کردووە، ئێمە یەك ساڵ خەریکی دارشتنی ئەم پرۆژەیەبووین، یەك ساڵیش لای حکومەت ماوەتەوە کە کونفراسی بۆ کردووە، رەئی خەڵکی یاساناسی وەرگرتووە، هینی شەریعەی وەرگرتووە ئەمانە هەمووی کراوە، هین ئەوە نیە کە ئەم حەفتەیە بە پەلەپەل ئەوە بکرێت، ئەمە زۆر دەمێکە کراوەو د. مصطفی زەڵمی لەمەسەلەی شەریعەیا ئیتر وێنەی نیە، یەعنی خەڵك ناتوانێت تەعنی لەسەر وەربگرێت، شتەکان هەمووی رەئی ئەوی لەسەر وەرگیراوە، مەسەلەی ئەوەی کە راپورتەکەی لیژنەی یاسایی و من ئاگادارم، یەك ئێمە لەکۆبوونەوەکە کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا جەنابت پێت وتین، ئێوە ئەمە تەئجیل مەکەن لەبەر ئەوەی ئەمە ئەصڵەکە لەحکومەتەوە بەپرۆژە هاتووە، دووەم تەنها مەسەلەی فرەژنیە کە دوورەئیە هیچ مەسەلەیەکی کەنیە، دواتر پێش جەژن جەنابت جەوابی لیژنەی یاساییت دابووەوە کە بیخەنە بەرنامەی کارەوە و مەوەستن لەسەر ئەو دوو خاڵەی کە یەکەمیان بەپرۆژەهاتووە و دووەمیشیان مەسەلەی فرەژنیە، با پەرلەمان یەك لایی بکاتەوە، کەواتا ئەوەی کە پەخشان خان باسی دەکات لەپێش جەژنەوە هەتاکو ئێستا زۆر زیاترە لەدە رۆژ، بەڵام لەگەڵ ئەویشدا من لەگەڵ ئەوەدام مادام ئەو لیژنانە راپۆرتیان ئامادەنیە، لەبەر ئەوەنە کەرەئی خەڵك وەرنەگیراوە، رەئی زۆر زیاتر لەپێویست لەخەڵك وەرگیراوە با حەفتەی داهاتوو، رۆژی دووشەمە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ رەئییکی ئیزافیتان هەیە لەسەر قسەکانی؟ رەئیکی موخالیف، فەرموو خەمان خان.

**بەرێز خەمان زرار اسعد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە خۆمان ئەزانین دیارە ماوەیەکی زۆرە، هەمووشمان باسی گرنگی گۆڕان وتەعدیلی قانونی ئەحوالی شەخصی دەزانین، ئەوەی لەلای من پرسیارە، پرسیارەکەشم ئاراستەی سەرۆکایەتی و ئاراستەی هەرسێ لیژنەکەش ئەکەم، ئێمە خۆمان ئەزانین ئەساسی ئەو فکرە یان ئەو بیرۆکەیەی گۆڕینی ئەم پرۆژەیە لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ژنان و ئافرەتان بوو، نزیکەی ساڵێك پێوەی خەریك بوون، لیژنەی یاسا و لیژنەکانی تریش باش ئاگادارن، پاش ئەوەش چووە لای حکومەت، حکومەتیش هەندێ تێبینی تێدا کردووە و هێنراوەتەوە بۆ پەرلەمان، ئێستاکە ئەو پرسیارەی لای من دروست بووە ئەوەیە، بۆچی ئەو لیژنەیەی کەخاوەنی پرۆژەکەیە، کەخاوەنی بیرۆکەکەیە، لە پەراوێز دانراوە، بەڵام لیژنەی تر کە ئێستا بەخۆیان هاتوونەتەوە لە ناوەڕاستدا دانیشتوون، لەم ماوە نزیکە هاتوون، یەعنی وەکو بەربەستێك وەکو کۆسپێك بەرامبەر بەم پرۆژەیەن، بەڕاستی بەرامبەر کاری ئەم لیژنەیە وەستاون، یەعنی بەڕاستی ئەمە پرسیارێکە خۆزگە بیانتوانیایە وەڵامیان بدامایەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەزەکەی من جێگای خۆمی ئەدەمێ، فەرمووو پەخشان خان وەرە ئێرە، هەرکەسێك لە هەرشوێنێك دابنیشێت تەمسیل لە خۆی دەکات ولەوشوێنەشی ئەکات، لە لیژنەکەشی ئەکات، بەوە کەم نابێتەوەو زیادیش نابێت، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمەوێت ئەو میکانیزمەم بۆ ڕوون بکەنەوە، کاتێك لەپەرلەمانەوە پرۆژەیەك پێشکەشی حکومەت ئەکرێت، حکومەتیش ڕەئی خۆی لەسەر ئەدات، میکانیزمی قبوڵکردنی ڕەئیەکەی حکومەت و چاککردنی پرۆژەکە بەپرۆژە حساب ئەکرێت یان بەتەوصیات یان بە وەرەقە پڕکردنەوە، چونکە لێرەوەیە خەلەلەکە، ئێمە خۆمان داوای ڕەئی ومەشهورەتی حکومەتمان کردووە، وتوومانە ڕەئیتان چیە، لەبەر ئەوەی نەوەزارەتێکە و نەدوانەو نە سێیانە، بەڵکو ڕەئی خۆیان بدەن، فیعلەن وابووە حکومەت داویەتی بەهەموو وەزارەتەکان، لەدوایشدا وەزارەتی عەدل ڕەئی خۆی داوە، ئینجا لەدوایدا کۆنفرانسیشی بۆ کراوە، یەعنی من پێم وایە ئەوە سەبەبێکی موقنع نیە، لەوەی کە لیژنەی یاسایی بەمن بڵێت لەسەرەوە نەنووسراوە پرۆژە یاسا نووسراوە تەوصیات، ئەوە میکانیزمەکە، ئەگەر لەوەدا خەلەل هەیە زەحمەت نەبێ پێم بڵێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان داوای لێبووردن ئەکەم، ئەگەر بهاتایەو خیلافی قسەی تۆ وکەسێك رەفتاری بکردایە قەیناکە تۆ ئەو قسەیە بکەی، لیژنەی یاسایی وای وتووە ئێمە سەرۆکایەتی ئەو قسەیەمان کردووە، حەسمیشمان کردووە، لەگەڵ حکومەتیش حەسممان کردووە، لەبەر ئەوە ئەو مولاحەزەیەت حەل کراوە، پێویست بەوە ناکات، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تەنها یەك نوقتە ئەمەوێت تەوزیحی بکەم، لە هەندێ لەقسەکانی خوشکەکانم ئەوانە وا دیار دەکەوێت کە ئەنەهو لیژنەی یاسایی موقەسرە لەو مەسەلەیەدا، ئەوەلەن ئێستا حاڵی حازر 15 پرۆژەمان لەبەردەستە هەمووی پێشی ئەو پرۆژەیە، ئەو پرۆژەیە ئەولەویاتمان داوەتێ، ئەوەش پەخشان خان زۆر باش ئەزانێت، کە یەکەم پرۆژە بێت پاش ئەو جەلسەیە، ئەمە یەك، دوو: بەدەیان پرۆژە هەیە 10 رۆژی بەسەردا تێپەڕیوە کەس باس لەوە ناکات، تەنها باس لەوە ئەکەن کە ئەو پرۆژەیە لەئارادایە، سێیەم: لەهەموو پەرلەماناتی دوونیادا چەند گوێ بگرێت خەڵك ئەوەندەی تر پرۆژەکە دەوڵەمەند ئەبێت، لە یەکتریش نزیك ئەبینەوە، باشترین جەلسەش دوێنێ کرا ئەوە پەخشان خان لەوێ بووە، کەزۆربەی زۆری خاڵەکان توانرا، لەگەڵ پیاوانی ئایینی، لەگەڵ هەردوو سەرۆکی یەکێتی زانایان بگەینە نەتائیجی مەعقول ومەنتقی ومەقبول، کەلێرە نیقاشی زۆریشی لەسەر نەکرا، ئەصڵەن پرۆژەکە وەکو پێویست بڕوات، بۆیە من حەزم کرد ئەو نوقتەیە ڕوون بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها سێ کەس ڕەئیان دەدەمێ دوایی ئەیخەمە دەنگەوە، تاڤگە خان و کاك محمد فرج و کاك شێخ فەتاح، فەرموو تاڤگە خان.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەستخۆشیمان بۆ جوهدو تێکۆشانی هەر هەموو ئەو کەسانەی کە کار دەکەن لەپێناو هەموارکردنی یاساکانی ئەحوالی شەخصی، چونکە بەفیعلی ئێمەش لەگەڵ هەموارکردنی زۆرێك لەو خاڵانەین کە لەیاسای ئەحوالی شەخصی هاتووە، کە پێویستی بەهەموارکردن هەیە، لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ئافرەتان ئەوە ساڵێك زیاتر ئەبێت، خەریکی ئەو کارەیە و جوهدی دەنرخێنین، بەڵام من پێم خۆشە بۆ مێژوو قسە بکەین، کارکردن بۆ هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی پێش هەر هەمووان ڕێکخراوەکان، جوهدی ڕێکخراوەکان لێرە بنرخێنین کە بەفیعلی لەساڵی 1993 وە بوو، ئەوەبوو لە 1995 گەورەترین سیمینار لە سلێمانی بەسترا، هەرهەموو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان وژنان وخوشکان هەر هەمووی، ڕەئی خۆیان وتووە، بۆیە لێرەدا حەز ئەکەم هەر بۆ مێژوو قسە بکەین، کە جوهدی ئەوان بەڕاستی لەبیر نەکەین، ئەو پرۆژەیە تەنها هی یەك کەس ودوو کەس و لیژنەیەك نیە، بەڵکو هی زۆربەی دەنگی ژنان وئافرەتان وخوشکانی کوردستانە، ئەوە خاڵی یەکەمم، خاڵی دووەم: ڕاستە هەموارکردنی پرۆژەی ئەحوالی شەخصی ئێستا بەکۆمەڵێك تەوصیات هاتووە کە ڕێك کەوتوون لەسەر ئەوەی کە ببێت بە پرۆژەن بەپرۆژە هاتووە، بەڵام دوێنێ لەدانیشتنەکەی بۆمان دەرکەوت بەتەنها قسەکردن لەو بەندو بڕگانەی کەهاتوون لەو تەوصیاتەدا، هەندێ موخەلەفاتی تر یان هەندێ شتی تری بۆ دروست ئەبێت، لەداهاتوودا وەکو ئەوەی دوێنێ دکتۆر زەڵمی وتی، بەعزە شتێك هەیە ئەبێ دوایی هەمواری بکەین، ئایا ئێمە پرۆژەی ئەحوالی شەخصی لەهەر شوێنێك بهێنین موتەقەتیع هەمواری بکەین و هەر ساڵەو خەریکی بەندو یاسایەك بین، بەڕاستی دوێنێ کەباسی تەڵاق کرا، وتی ئەبێ دوایی ئەوەش هەموار بکەین، باسی نشوز کرا، وتی ئەوەش ئەبێ دوایی هەمواری بکەین، ئەو هەموو هەموارکردنە لەسەریەك بۆ؟ بۆ ئێمە هەموو دەنگمان نەکەین بەیەك هەموو پرۆژەکە کولیەن تەعدیلاتی خۆی بکرێت وبەپرۆژەیەکی یەك ئاراستە هەمووی بێتە ئێرە، موناقەشەی لەسەر بکرێت، نەوەکو هەر ساڵەو بڕگەیەك و هەر مانگەو بڕگەیەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ قسە ئەکەم، ئەو تەفصیل و تەئریخ وشتانە من حەقم بەسەریەوە نیە، ئەمە کەهاتووەتە ئەو لیژنەی ئێمە، ئێستا چوار لیژنە موکەلەف کراوە بەم مەسەلەیەوە،

لیژنەیەکیان ڕاپۆرتەکەی ئامادەیە، سێ لیژنەکەی تر ئامادە نیە، ئێستا ئێمە لەم دانیشتنەدا قسە لەسەر ئەوە ئەکەین کە ئایا ئێستا قسەی لەسەر بکەین یان دوایی بخەین، ئیتر ئەمە ئەبێ موناقەشەکانی لەو جەلسەیە بێت، ئەوە مەسەلەی یەکەم: دووەم: ئەم ئالۆز کردنەی کە زەمەن تەئسیر ئەکات لەسەر ئەم بابەتە، یەعنی ئەگەر ئەمە هەفتەیەك دوا بکەوێت، هیچ تەئسیر ئەکات؟، من بەش بەحاڵی خۆم لە لیژنەکەی ئێمە، هیچ پسپۆڕێکمان بانگ نەکردووە بۆ ئەم مەسەلەیە، بەس هەر کۆنابینەوە، تۆ ناتوانێت ئەم ئەندامانە هەفتەی ڕۆژێك زیاتر ئیلزامیان بکەیت، نیوەی لە سلێمانیە، نیوەی لە دهۆکە، ئەڵێن ئێمە ناتوانین، من هەر جەلسەکان ئەتوانم ئامادە ببم، ئێمە لەهەفتەیەکدا جارێك کۆبوونەوە ئەکەین، باشە ئەم یاسایە بەم زۆریە بەیەك جەلسە تەواو ئەبێت؟، من ئەوەندە ئەپرسم ئێمە ئەمە دوو هەفتەی بەسەردا ڕۆشتووە، دوو دانیشتنمان توانیوە بیکەین، ئەمە بەلای ئێمەوە بەس نازانم لە لیژنەکانی تر چۆنە، ئەمە ڕەبتی بەزەمەنەوە نیە، ڕەبتی بەوەیە کە ئامادە نابین بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی ئەوە مولاحەزەیەکی باشە، حەق نیە ئەندامی پەرلەمان ئامادە نەبێت کاتێك کە لیژنەکە داوای کرد، پێویستە ئیلتیزامی بە دانیشتەکانی پەرلەمانەوە هەبێت پاش ئەوەش بە کۆبوونەوەی لیژنەکان، ئینجا بە نووسینگەکانیان، یەعنی موهیماتی ئەندامی پەرلەمان هەمووتان ئەزانن، یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان، دووەم کۆبوونەوەی لیژنەکان، ئینجا نووسینگەیە، یەعنی ئەوە بەتەسەلسولە، کۆبوونەوەی لیژنە موهیم ترە لە ئامادەبوونی لە نووسینگەکەی، خۆی مەفروزە حازر بێت، ئەو برادەرەشی کەحاز نەبوو بە غائیبی بنووسن، موهیم نیصاب هەبێت، کاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من داوا لە جەنابتان ئەکەم، ئەو قانونە مەشروعێکی زۆر گرنگە، قانونێکی زۆر هەستیارە، من پێم وایە حەق نیە پەلەی لێ بکرێت، ئەوەی پەخشان خان وتی، مەوعیدمان بۆ دائەنددرێت لەلایەك بۆ ڕۆژی دووشەممە، ئەوە من تکا ئەکەم ئەو قانونە قانونێکی هەستیارە پێویستە ئێمە ڕووبەرووی خەڵکێکی دەرەوە و ژوورەوە ئەبینەوە، حەقی خۆیەتی ئێمە پەلەی لێ نەکەین، پاشان وەکو کاك شێروان باسی کرد، دوێنێ کۆمەڵێك خەڵکی پسپۆڕ، زانا، شارەزا، لەقانون، لە شەریعەت، بانگکراون، ئێمە تەوافوقێکمان هەبوو، لێك نزیك بووینەوە، تەنها لەسەر خاڵێك نەبێت، مومکینە پەخشان خان لەوەدا زۆر لەگەڵێدا نەبێت، ئەگینا ئەوی تر لێك نزیك بووینەوە، من پێم وایە ئەو موناقەشەی ئێستا لێرە ئەکرێت، نەئەبوایە بکرایە، بدرێتە دەنگ بۆ ئەوەی تەئجیل بکرێت یان بەردەوام بێت، چونکە ئەوە قانونێکی وا زۆر سادە نیە، ئێمە بەڕۆژێك ودوان بتوانین بەڕێوەی ببەین وبڕۆین، ئێمە با ڕووبەڕووی خەڵکێك نەبینەوە، کە گلەییمان لێ بکرێت لەدواڕۆژدا، لەبەر ئەوە من تکا ئەکەم بیدەینە دەنگ وتەئجیل بکرێت، تەئجیلەکەشی بۆ ڕۆژی

دووشەممە نا، کەی حازر بووین، لیژنەی تایبەتمەند هەیە، کەی تەواو بووین ئەو وەختە قانونەکە بهێنینە بەردەست، بۆ ئەوەی گلەیی دوارۆژمان لێ نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز ئەکەم، دوێنێ بەحەقیقەت بەشداریم لەو کۆبوونەوەیە کرد بەشی یەکەمی تا نیوەڕۆ، لای من زۆر گرنگ بوو، مەوزوعی گرنگ لەو دانیشتنە ئەوە بوو ڕێگا بەفرەژنی بدرێت، یان فرەژنی لەگەڵ شەرت و شروت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە کاك جەمال تەنها باسی دواخستنەکەی بکە، ئەوەی تری واز لێ بێنە، ئێستا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەدوابخرێت، بۆ دووشەممەی داهاتوو، لەلیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقافیش تەئیدی کرد، لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ژنان وئافرەتانیش مانعی نەبوو، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە کەوا دوابخرێت با دەستی بڵند بکات؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ دوا دەخرێت بۆ دووشەممەی داهاتوو، ئومێد دەکەم لیژنەکان ڕاپۆرتەکانیان حازر بکەن و کەم وکوڕییەکان نەهێڵن، کاك شێروان فەرموون بۆ خاڵی سێیەم، خاڵی سێیەم لەبەرنامەی کار تەواوکردنی گفتوگۆی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی ڕاوێژکاری باڵای هەرێمی کوردستان، کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ئێمە ئەو پرۆژەیە چەند ماددەیەکمان تەواو کردبوو، تا ماددەی دوانزدە ڕۆشتین، دوایی ئیشکالێك هاتە پێشەوە، تەعاروزێك دروست بوو، لەگەڵ ماددەیەك کەپێشتر دەنگی بۆ درابوو، لەو بەینەشدا لیژنەی یاسایی، لەگەڵ سکرتێری ئەنجومەن ڕەئیەکیان پەیداکردووە دەیخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز، با لیژنەی یاسایی بفەرموون بۆمان باس بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك وبرایانم ئەندامانی پەرلەمان، دیارە هەر وەکو بەڕێزتان ئاگادارن، لەکاتی موناقەشەکردنی ئەو پرۆژەیەدا، ماددەی دوازدە لە پرۆژەکە، درا بە تەصویت و ئیلغا کرا، پاش ئەوە ئێمە بیرێکمان کردەوە، بەڕاستی بەدیلێك بۆ ئەو ماددەی دوانزەیە دابنێین، ئەوە بوو لەگەڵ بەڕێز جەنابی سکرتێری پەرلەمانیش دانیشتین وەکو لیژنەی یاسایی هاتینە ئەو قەناعەتەی کە، لەبەر ئەوە مەجلسی شورا ئیرتیباتی هەیە بەوەزارەتی عەدلەوە، لەسەر ئەو ئەساسە پرۆژەکەمان داڕشتەوە، کە مەجلسی شورا پەیوەندی بەوەزارەتی

دادەوە هەیە، ئێستا ماددەی دوانزدە بەو موفتەرەحە تازەیە بۆتان دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەن وبڕیاری گونجاوی لەسەر بدەن.

المادة الثانية عشرة:

اولاً: لوزير العدل تشكيل المحاكم الادارية في مراكز المحافضات في الاقليم حسب مقتضيات المصلحة العامة، برئاسة قاض من الصنف الاول وعضوية قاضيين من الصنف الثاني او الثالث او عضوية قاض و مستشار.

ثانياً:- لوزير العدل طلب انتداب قضاة الى المحاكم الادارية، من غير المنتدبين الى مجلس شورى الاقليم.

ثالثاً:- تنظر الدعاوى الواردة في هذا القانون وفق احكام قانون المرافعات المدنية، بحضور عضو الادعاء العام.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، نوسخەیەکیشمان داوە بە وەزیری عەدل بەنیسبەت ئەو ماددەیە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری داد ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر شتێکی چاکە بەس من یەك مولاحەزەم هەیە، لە دووەم کە دەڵێت لوزير العدل طلب انتداب قضاة الى المحاكم الادارية، دەبێ لەکوێ تەڵەب بکات، غەیر ئەبێت لە مەجلسی قەزا بێت، بۆیە مەجلسی قەزا ئیزافە بکرێت، ئەوە شتێکی باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مولاحەزەیەکی بەجێیە، لوزير العدل طلب قضاة من رئاسة مجلس القضاء، ئەوە ئیزافە بکەن، کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ کاك محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە ئەوە تازە گەیشتووەتە دەستمان، من هەر پرسیارەکەم لەوەدایە، کە ئێمە جیهازی قەزامان جیا کردەوە، وتمان ئەمە سوڵتەیەکی سەربەخۆیە، یەعنی کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی عەدل بوو، دەرمان هێنا، ئەمەی کەلێرە داڕێژراوە، ئێستا ئێوە لێرە بەمەجهول هاتووە، یجوز، ئێستا ئێوە تەعینی فاعیلەکە ئەکەن کە وەزیری عەدلە، ئایا ئەمە وەکو موداخەلە نا وەکو پرسیارێك ئەیکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان وەڵامی بدەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر ماددەی دوو، سێ، شەش بخوێنینەوە، دەبینین کە خۆمان تەصویتمان لەسەر کردووە، مەجلسی شورا زمنی تەشکیلاتی وەزارەتی عەدلە، دەنگیشمان لەسەر داوە، ئەوەش کە ئێستا هاتووە بەنیسبەت ماددەی دوانزدە، موکەمیلی ئەو تەصویتانەی پێشووە، کە ئێمە ئێستا پێشکەشمان کردووە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پەسەند بکرێت، هیچ خیلافێکی تێدا نیە، لە ماددەی دووەم ئەگەر تەماشای بکەین بزەبت دەڵێت پەیوەندی بەوەزارەتی عەدلەوە هەیە، واتە ئێمە هیچ ماددەیەکمان پەسەند نەکردووە، کە فەصڵی مەجلسی شورا بکەین لەوەزارەتی عەدل، یان مەحاکمی ئیداری فەصڵ بکەین لەوەزارەتی عەدل، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەونی فەرموو قسەت هەیە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جگە لەوەش کەکاک شێروان ئیشارەتی پێدا، قانونی وەزارەتی عەدل ژمارە(13)ی ساڵی 2007، تەشکیلاتی مەجلسی شورای تێدایە لەماددەی چوارەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە، موناقەشەکە لە تەشکیلەی قەزای ئیداری ئەو کاتە پرۆژەکە ڕاگیرا، نازانم زۆرباش نایەتە بیرم لە ناوەکەشدا مولاحەزە هەبوو، لەبەر ئەوە بەپێی دەستووری عێراقی مەجلسی دەولە جائیزە کەدروست بکرێت لەعێراقدا ئیختیصاصەکانیشی دیاری کرابوو، لێرەدا بەناوی مەجلسی هەرێم باشترە بێت، بەڕاستی ئەو مەوزوعە ئێمە ڕوبەڕووی ئەوە ئەبینەوە کەعێراق بەپێی دەستووری عێراقی ئەبێ قەزا مزدەوەج بێت، قەزائی ئیداری و قەزائی ئاسایی، من وا تێگەشتم ئەو پرۆژەیە جارێکی تر حکومەت صیاغەی ئەکاتەوە، حەتا ناوەکەشی ئەگۆڕێت، چونکە مەفروزە ئەم یاسایە ناوی یاسای مەجلسی هەرێم بێت بەلانی کەمەوە، بۆ ئەوەی موتابقی ماددەی 101ی دەستوور بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەنیسبەت ناوی قانونەکە ساغمان کردەوە، تەصویتیشی لەسەر کرا، ماددەکە بەو شکلە هاتبوو، المجلس الاستشاری فی الاقلیم، ئێمە کردمان بە (مجلس الشوری فی الاقلیم)، لەبەغداد مجلس شوری فی

الدولەیە، قانونەکەی بەغداشمان ئێستا لەبەردەستدایە، بۆیە ویستمان هەرێمی کوردستان تایبەتمەندییەکی هەبێت، مەجلس شورایەکی هەبێت بۆ ئەو مەسەلانە، وەکو چۆن مەجلس استشاریەکە لە ئەصڵی قانونەکەدا هاتووە، تەنها وا ئیحا ئەکات کە سیفەتێکی ئیستشاری هەیە، بەینەما ئەگەر قەزای ئیداری رەبتی بکەین، صیفەتی ئیصداری قەراریشی ئەبێت، بۆیە بەباشمان زانی مەجلس شوری اقلیم بێت، لەبەغداش نزیك بێت ئەو ناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەی دوانزدە وەکو موفقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە هەموارکرا، بەئیزافەکەی جەنابی وەزیریش دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بلند بکات؟ کێی لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی سیانزدە تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سیازدەم: دادگای کارگێڕی ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە.

1- تێڕامان لەڕاستی ئەو فەرمان وبڕیارە کارگێڕیانەی لە فەرمانبەرو دەستەکانی فەرمانگەکانی هەرێمەوە دەردەچێ لەدوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە، کەلایەنێك دەست نیشان نەکراوە بۆتانووت لێدان لەبەردەمیدا، بەپێی تانووت لێدان لەلایەن کەسانی خاوەن ئەگەری بەرژەوەندنی، تەنیا ئەوەندە بەسە ترسی ئەوە لەگۆڕێدا هەبێت، کە زیان بەر لایەنی بەرژەوەندیدار بکەویٚ.

2-تانەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنی دەستەکانی ناوخۆ.

3-ئەو داواکاریانەی دەستەکان وتاکەکان پێشکەشی دەکەن، سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی بڕیارە دوا هێنەرە کارگێڕییەکان.

4-داواکانی ڕەگەزنامە.

5-داواکانی قەربووکردنەوە لەو زیانانەی لە بڕیارە کارگێڕییەکانی بە پێچەوانەی یاسا دەردەکرێت دەکەوێتەوە.

6-ئەو کێشانەی تایبەتن بە گرێبەستەکانی پابەندبوون یان ئیش و کارە گشتیەکان یان هاوردەکان و هەر گرێبەستێکی کارگێڕیی کە بەیاسایەکی تایبەت ڕێك نەخرابێ.

7-تانە لێدان لە بڕیارە دوایی پێهێنەرەکانی لەلایەنەکانی کارگێڕی دەردەچێت سەبارەت بەمەسەلەکانی باج و ڕەسمەکان بەپێی ئەو یاسایەی کە چۆنیەتی سەیرکردنی ئەو داوایانە ڕێك دەخات.

8-تانە لێدان لە ڕەتکردنەوەو کارنەکردنی فەرمانبەر یان دەستەکان لە فەرمانگەکان ودەزگاکانی هەرێمدا لە دەرنەکردنی بڕیار یان فەرمان کەلەلایەنی یاساییە ئەرکی ئەوانە و پێویستە بیکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة: تختص المحكمة الادارية بمايلي:

1-النظر في صحة الاوامر والقرارات الادارية التي تصدر من الموظفين والهيئات في دوائر الاقليم بعد نفاذ هذا القانون والتي يعين مرجع للطعن فيها(وبناء على طعن من ذي مصلحة محتملة وتكفي ان كان هناك ما يدعو الى التخوف من الحاق الضرر بذوي الشأن.

2-الطعون الخاصة بانتخابات الهيئات المحلية.

3-الطلبات التي تقدمها الهيئات والافراد بالغاء القرارات الادارية النهائية.

4-دعاوي الجنسية.

5-طلبات التعويض من الاضرار الناجمة من القرارات الادارية الصادرة خلافا للقانون.

6-المنازعات الخاصة بعقود الالتزام او الاشغال العامة او التوريد او اي عقد اداري اخر لم ينظم بقانون خاص.

7-الطعون من القرارات النهائية الصادرة من الجهات الادارية في قضايا الضرائب والرسوم وفق القانون الذي ينظم كيفية النظر في هذه المنازعات.

8-الطعن في رفض او امتناع الموظف او الهيئات في الدوائر و اجهزة الاقليم عن اتخاذ قرار او امر كان من الواجب عليه اتخاذه قانوناً.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە، لەگەڵ دەقی ماددەكەین تەنها لەفەقەرە شەش نەبێت، ئەویش تایبەتە بەو كێشانەی كە لەئەنجامی گرێبەستەكانی حكومەت، لەگەڵ هاوڵاتیان ئەویش ئیحالەی مەحاكمی مەدەنی دەبێت، بەئیعتیباری مەحاكمی مەدەنی و قەزا ویلایەی عامەی هەیە، لەگەڵ ئەتراف دەعوا، ئینجا تەرەف دەعوا هاووڵاتی وحكومەت بێت، یان حكومەت و حكومەت بێت، تەنها ئێمە ئەو تێبینیەمان هەیە ئەوی تر، لەگەڵ دەقی ماددەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر چ مولاحەزەیەكت هەیە، باشە جەنابی وەیزیش مولاحەزەی نیە، لیژنەی قانونیش پاش ئەو موراجەعەیەو دانیشتن، لەگەڵ جەنابی وەزیردا موتەفقن لەسەر ئەوە، تەنها فەقەرەی شەش نەبێت، كەلابچێت، ئەگەر كەس قسەی نیە لەسەری دەیخەمە دەنگەوە، بۆ لابردنی فەقەرەی شەش دەیخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ فەقەرەی شەشەم لاچوو، كاك كەریم مولاحەزەت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیاز ئەکەم لەزمنی ئیختصاصات الدعاوی متعلق بالجنسیە احوال مدنیشی بۆ ئیزافە بکرێت، چونکە وەکو یەکن، موتەشابیهن الجنسیە والاحوال المدنیە، ببێتە ئیختصاصی محکەمەی مەدەنی لەبڕگەی حەوتەم دەڵێت الطعون من القرارات پێم وایە الطعون في القرارات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی سیازدە، پێشنیار ئەکەم دوو بڕگە زیاد بکرێت، یەکەمیان تایبەت بێت بەو بڕیارانەی کەلەلایەن لوجانی تەحقیقی لە دامودەزگاکاندا دەردەچێت، لەهەموو وەزارەتێك، لەهەموو فەرمانگەکان لیژنەی تەحقیقی هەیە، کە کێشەیەك ئەبێت ئەو لیژنەیە هەڵدەستێت بڕیار لەسەر ئەو کێشەیە ئەدات و یەکلای ئەکاتەوە، ئەو بڕیارە زۆرجار فەرمانبەرەکان هەست ئەکەن لەبەرژەوەندی ئەوان نیە، لایەنێك نیە تا تەعنی لێ بدەن و ئیعتراز بگرن، بۆیە پێم باشە بڕگەیەك زیاد بکرێت، کە ئەو مەحکەمەیە پسپۆڕ بێت لەسەیر کردنی ئەو بڕیارانە یاخود دووبارە پێداچوونەوەی ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن لوجانی تەحقیقی دامودەزگاکان دەردەچێت، هەروەها تاکو دەسەڵاتی ئەو مەحکەمەیە فراوانتر بێت، پێشنیاری زیاد کردنی بڕگەیەکی تریش ئەکەم، کە هەر مەسەلەیەك لەیاسایەکی تر باسکرابێت، کەوا ئیختیصاصی ئەو مەحکەمەیە لێرە زیاد بکەین، واتە ای مسائل او مسائل اخری تنص القوانین علی اختصاص المحکمە بها، دەسەڵاتی ئەو مەحکەمەیە فراوانتر ئەکەین، لە بڕگەی یەکەم (النظر في صحة الاوامر) من دەقە عەرەبیەکەم لەلایە سەرۆکی پەرلەمان، وابزانم ئەو مەحکەمەیە پسپۆڕ نیە کەسەیری بڕیارەکان بکات تاچەند ڕاستەو تاچەند بەپێی یاساو رێنماییەکان دەرچووە، دەسەڵاتی ئەو مەحکەمەیە تەنها تەماشاکردنی ئەو تەعنانەیە کەلەبڕیارەکان دەگیرێن، واتە لەجیاتی ( النظر في صحة الاوامر) بکرێتە (النظر في الطعون التي تقدم من قبل ذوي المصلحة) نەك (صحة الاوامر) چونکە ماناکەی ئەگۆڕدرێت، هەمان شت بەنیسبەت بڕگەی دووش، تعونەکان یەکلا ئەکرێتەوە، واتە (الفصل في الطعون) نەك بەو شێوەی کە هاتووە، هەروەها پێشنیاری دەمج کردنی بڕگەی سێ وپێنج ئەکەم، کەبەیەك بڕگە باس بکرێت، ئیلغای قەراراتی ئیداری و هەروەها قەرەبووی ئەو کەسانە کەقەرارەکان بەرامبەر بەوان نیە، یاخود لەبەرژەوەندی ئەوان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان تۆ خۆت لەلیژنەی قانونیت، ئەو شتانەت بۆ لە لیژنەکە باس نەکردووە؟.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەدەكرا، لەبەر ئەوەی من ئەوكاتە ئەندام نەبووم لە لیژنەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەبووایە بەنووسین بیاندەیتێ، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی برای بەڕێزم كاك كەریم وتی و باسی كرد، ئەوە مەسائیلی ئەحوالی شەخصیە، ئێمە مەحاكمی ئیعتیادیمان هەیە، تەماشای مەسائیلی ئەحوالی مەدەنی ئەكات، ئەوە یەك، دوو: بەنیسبەت ئەوەی دكتۆرە رۆژان وتی، تەبیعی من لێرەوە ئەڵێم مەحاكمی ئیداری، ئەگەر تەماشای قانونی وڵاتان بكەین، ئیختصاصاتێكی زۆری هەیە، ئەوەی دكتۆرە رۆژان لەوانەیە لە ئیختصاصاتی بەعزێك وڵاتدا هاتبێ ڕاستە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە هاتووە تەشكیلی مەحكەمەی ئیداری تازەیە، هەندێ ئیختیصاصاتی موحەدەدی داوەتێ، كە ئێستا فەراغێكی قانونیمان هەیە، موعالەجە نەكراوە، بۆ ئەم مەرحەلەیە پێم وایە ئەو ئیختیصاصەی كەدیاری كراوە جێگای خۆیەتی لەداهاتووشدا ئەگەر ویستمان ئیختیصاصاتی تری بدەینێ، ئەوە زۆر تەبیعیە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس قسەی هەیە، لەسەر موقتەرەحەكەی دكتۆرە رۆژان، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو لیژنەی یاسایی هەر وەڵامی دكتۆرە رۆژان ئەدەمەوە، خاڵی یەكەم (النظر في صحة الاوامر) لە كۆتاییدا نووسراوە (بناءاً على طعن ذي مصلحة)، ئەوە بۆ روونكردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەتیش ئەو شتەی وت راستە، واوەكە لابەرن، فەوسەكەشی رەنگە زیاد بێت، موقتەرەحەكە بە ئیلغاكردنی فەقەرەی شەش ئەیخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردەم:

1- بڕیارە کارگێرییەکان لە ماوەی (30) رۆژدا لە رۆژی دووەمی ئاگادارکردنەوە لەلایەن داواکاری گشتییەوە تەمیز دەکرێتەوە.

2- بڕیاری دەستەی گشتی کە لە ئەنجامی تانوت لێدانەوە دەردەچێ بنەبڕە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة عشرة:

1- يكون القرارات الادارية خاضعاً للتميز خلال(30)يوماً من تأريخ اليوم التالي للتبليغ ومن قبل الادعاء العام.

2- يكون قرار الهيئة العامة الصادر بنتيجة الطعن باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق وەزیری داد هیچ مولاحەزەیەکت هەیە؟ نیەتی، کەواتە کەس مولاحەزەی نیە، دیارە رۆژان خان تازە بووە، بەئەندامی لیژنەی یاسایی، لەبەر ئەوە حەق وابوو مولاحەزەکانتان لەوێ بدایە، نەیهێننە ئێرە، کاك شێروان قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەلیژنەی یاسایی ئێمە ئیعادەی صیاغەمان کردۆتەوە بەو شێوەی کە هەیە، يكون قرار المحكمة الإدارية خاضعاً للطعن تمييزاً امام الهيئة العامة للمجلس من قبل الادعاء العام او ذوي العلاقة خلال مدة (30) ثلاثين يوماً من تاريخ اليوم التالي للتبليغ أو اعتباره مبلغاً، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم مولاحەزەکەت هەر ئەوەندە بووکاك عومەر، ئەو ماددەیە بەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی کەوای کرد ئەوانەی داوای قسەیان کردبوو، بلێن قسەمان کرا، دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بلّند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەی پازدەم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پازدەم: ئەگەر ناکۆکی لە تایبەتمەندیدا کەوتە نێوان دادگای دادوەری کارگێری و دادگای شارستانی، سەرچاوە دەستەیەك نیشان دەکات کە لە شەش ئەندام پێك دێت، سێ ئەندامیان سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە هەڵیان دەبژێرێ, سێیانەکەی دیکەش سەرۆکی ئەنجومەن لە نێوان ئەندامانی هەڵیان دەبژێرێ، ئەم دەستەیە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێداچوونە کۆدەبێتەوە, بڕیارەکەی کە بەکۆی دەنگ یان بەزۆرینە دەردەچێ، بنەبڕەو دەبێ پێیەوە پابەند بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة: اذا تنازع اختصاص محكمة القضاء الاداري و محكمة مدنية فيعين المرجع هيئة قوامها ستة اعضاء ثلاثة اعضاء يختارهم رئيس محكمة التميز وثلاثة اخرون يختارهم رئيس المجلس من بين اعضاء المجلس و تجتمع الهيئة برئاسة رئيس محكمة التميز و قرارها الصادر بالاتفاق او الاكثرية يعتبر باتاً وملزماً.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە، لەگەڵ دەقى ماددەكەين و هيچ تێبينيەكمان نيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

جەنابى وەزيريش هيچ مولاحەزەيەكى نيە، كاك فرسەت ئەڵێت كەليمەى مولزەمەن زيادە، باتەن بەسە هى ئەخيرەكەى، كەوتت باتەن، واتە مولزەمە، ئەوە تەواوە كێ قسەى هەيە، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پرسيارێكم هەيە، ئەڵێت تحديد المرجع ئەو مەرجەعە كێيە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

مەرجەع، يەعنى عەجەبا مەحكەمەى تەمييز موختەصە ئەو دەعوايە ببينێ ياخود مەجلسى شورا، قەزائى ئيدارى موختەصە ئەو دەعوايە ببينێ، خۆى بۆ ئەو مەسەلەيە ئەو مەرجەعە، ئەو هەيئەى كە موختەصە تەحديدى مەرجەعيەتەكە ئەكات، عەجەبا ئەو دەعوايەى كەتەقديم كراوە، ئەگەر تەنازعى تێدابوو پەيوەندى بە مەحكەمەى ئيدارى هەيە ياخود بەمەحكەمەى تەمييز هەيە، مەقصەدى مەرجەعەكە ئەوەيە تەحديدى مەرجەع، ئەو هەيئەى كە موشتەرەكە تەحديدى مەرجەعەكە ئەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئێستا دەيخەمە دەنگەوە بەوەى كەمولزەمەن شەتب كرا، كێى لەگەڵدايە بادەستى بڵند بكات تكايە؟ فەرموون كێى لەگەڵدا نيە، بەكۆى دەنگ وەرگيرا بۆ ماددەى شازدە تكايە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ماددەی شازدەم: دادگای دادوەری کارگێڕی تایبەت نییە بە سەیر کردنی ئەو تانووتانەی کە بەمانەی خوارەوە پەیوەستن:

1- کارەکانی سەروەری، مەرسوم و ئەو بڕیارانەی سەرۆکی هەرێم دەریان دەکات بە کارەکانی سەروەری دادەندرێت.

2- بڕیارە کارگێڕیەکانی کە یاسا شێوازی بۆ تەزلوم و نارەزایی و تانووت لێدانی داناوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة: لاتختص محكمة القضاء الاداري بالنظر في الطعون المتعلقة فيما يأتي:

1-اعمال السيادة و تعتبر من اعمال السادة المراسيم والقرارات التي يصدرها رئيس الاقليم.

2-القرارات الادارية التي رسم القانون طريقاً للتظلم منها او الاعتراض عليها او الطعن فيها.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە، لەگەڵ دەقی فەقەرەکەین، بەڵام ئیعادەی صیاغەی فەقەرەی یەکمان کردووە، بەو شێوەی کەهاتووە، {اعمال السيادة ويعتبر من اعمال السيادة صلاحيات رئيس الاقليم المنصوص عليها في المادة العاشرة من القانون رقم (1) السنة 2005 المعدل}.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر هیچ مولاحەزەیەکت هەیە؟ نیەتی، کاک کەریم وکاک محمد فەرەج قسەیان هەیە، فەرموو کاک کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باش بوو، لە لیژنەی یاساییش ئەو پێشنیارەم کرد، کە اعمال السيادة تەعریف بکرێت، لەگەڵ ئەوەی کە ئیستسنائاتی دەکەین، با تەعریف بکرێت باشترە لەوەی کەنەك هەر بەمەتاتی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پرسیارە، یەعنی دووەم من هیچی لێ تێنەگەشتووم، یەکەمەکە دیارە، بەڵام دووەم نا ئەگەر تەوزیحێکی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اعمال السیادة ئێمە ویستوومانە لەو پرۆژەی کە ئیقتراحمان کرد بەو شێوەیە بێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (10) لەقانونی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە(1) ساڵی 2005 هەموارکراو تەحدید کراوە، یمارس رئیس الاقلیم الاختصاصات والصلاحیات التالیە:

اولاً:- اصدار القوانین.

ثانیاً: اصدار مرسوم بالانتخابات ئەو فەقەراتانەی کەلەماددەی (10) هاتووە، ئێمە ئیشارەتمان بەژمارەکەی داوە، لەبەر ئەوە فەقەرەکان (18) فەقەرەیە، هەمووی تەحدید بکەین ناکرێت لەقانونەکە، بەڵام ئیشارەت بدەین بە ژمارەی ماددەکە ئەوە کیفایەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکارییەی لیژنەی یاسایی کە کردی و جەنابی وەزیریش موافەقەتی کرد، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی حەڤدەم تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەڤدەم: بەر لەوەی تانووت پێشکەش بە دادگای کارگێری بکات, مەرجە تانووت لێدەر تەزەلوم لەبەر دەم دادگای کارگێڕی تایبەتمەند بکات، ئەویش پێویستە لە ماوەی(30) رۆژدا لە رۆژی تۆمارکردنی تەزەلومەکە لێی بڕوانێ، کاتێ تەزەلومەکە وەرگیرا، یان رەتکرایەوە.

دادگای کارگێری دوای وەرگرتەی رەسمی یاسایی بۆ پەڕی تانوتەکە تۆمار دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السابعة عشرة: يشترط قبل تقديم الطعن الى المحكمة الادارية ان يتظلم صاحب الطعن لدى الجهة الادارية المختصة التى عليها ان تبت فيه خلال 30 يوما من تاريخ تسجيل التظلم لديها و عند البت فى التظلم أو رفضه تقوم المحكمة الادارية بتسجيل الطعن لديها بعد استفاء الرسم القانونى.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**حەزدەكەم ئەو تەوزیحە بدەم، كە ئەویش ئەوەیە، ئەگەر تەماشای ئەسڵی مەشروعەكە بكەی ماددەی 17 و ماددەی 18 رەبتیان بەیەكەوە هەیە، بۆیە ئێمە وەكو لیژنەی قانونی پێشنیار دەكەین كە ماددەی 17 و 18 دەمج بكرێت، سیاغەیەكی تازەمان داناوە بۆ ئەو ماددەیە، ئەگەر ئیجازەم بدەنێ دەیخوێنمەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**اما فيما يتعلق بالمادتين السابعة عشرة والثامنة عشرة تقترح اللجنة دمجهما ضمن مادة واحدة وبتسلسل المادة (17) وصياغتها كالآتي:- وتعديل تسلسل بقية المواد تبعاً لذلك**

**المادة السابعة عشرة:**

**أولاً: يشترط قبل تقديم الطعن الى المحكمة الإدارية ان يتظلم صاحب الطعن لدى الجهة الإدارية المختصة التي عليها ان تبت فيه خلال (30) ثلاثين يوماً من تاريخ تسجيل التظلم لديها.**

**ثانياً: للمتظلم عند رفض تظلمه أو عدم البت فيه خلال المدة المنصوص عليها في الفقرة (أولاً) اعلاه ان يطعن لدى المحكمة الإدارية خلال (60) ستين يوماً من تاريخ انتهاء المدة المذكورة واسقاط حقه في الطعن.**

**ئەمرۆش بەڕاستی كۆبوونەوەیەكمان كرد، لەگەڵ جەنابی بەڕێز سكرتێری پەرلەمان و هاتینە ئەو قەناعەتە كە بەڕاستی 30 ڕۆژەكە زۆرە و هەروەها 60 ڕۆژەكەش زۆرە، موقتەرەحی تازەمان 30 ڕۆژەكە ببێتە 15 ڕۆژ و 60 ڕۆژەكەش ببێتە 30 ڕۆژ، لەبەرئەوەی بەڕاستی ئەوە عیلاقەی بە چینێكی زۆرەوە هەیە، حەق وایە سورعەتێكی بدەینێ بۆ ئەوەی بە سەقفێكی زەمەنی كورت تەواو بكرێت و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری داد  ئەو موقتەرەحە پێت باشە؟ کەواتە ئەو موقتەرەحە کە رەئی لیژنەی یاساییە کە ئەو دوو ماددەیە تەوحید بکرێت، بەیەك و دوو، مودەکەش کەم کراوەتەوە کە یەکەم کە 30 ڕۆژە ببێتە 15 ڕۆژ و 60 ڕۆژەکەش ببێتە 30 ڕۆژ ، ئەگەر کەس قسەی نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد  فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام ئێمە ئیقراری ئەوە دەکەین کە مەحکەمەیەکی ئیداری هەبێت، ئیتر ئەو جیهەتە ئیدارییەی کە ئەم گرفتی لەگەڵ دا هەیە چ پێویست دەکات بۆ تەقدیمی شەکاوە بۆ ئەو بکات بۆچی یەکسەر بۆ مەحکەمەکەی نەکات؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیمکان هەیە لەسەرەتاوە ئەگەر تەڵەبەك تەقدیمی جیهەی ئیداری بکرێت، ڕەنگە جیهەی ئیداری قەناعەت بە تەڵەبەکە دەهێنێت و مەوزوعەکە بە تەفاهومی بەهەر چ نەوعێك بێت حەل دەبێت، بۆیە بەڕاستی ئەو تەڵەبە تەقدیمی جیهەی ئیداری دەکرێت، ئیمکانی رەفزیشی هەیە، ئەگەر رەفزەکە بوو ئینجا مەسەلەی تەزەڵوم دەست پێ دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست جوابی هەیە بۆ کاك محمد فرج، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رەئی لیژنەی قانونیمە، تەزەڵوم لە نەفسی جیهەت دەکرێت، ئەوەی بڕیارەکە دەردەکات، لەوانەیە بە سەعاتێك تەواو بێت، لە مەحکەمە ئیحتیمالە بە ساڵێك تەواوی نەکات، تەسهیل ئەمرە بە نیسبەت هاووڵاتیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی کە جەنابی وەزیریش پشتگیری لێی کرد کە تەحدیدی ئەو دوو ماددەیە بەو دوو فەقەرەیەی کە خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرزبکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا بەو ئیعتیبارەی ئەوەی دەستیشی هەڵنەگرتووە ئیعتبار دەکرێت موافقە، بۆ ماددەی دواتر تکایە، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی نۆزدەم: دادگا لە تانوتەكەی بەردەمی دەكۆڵێتەوە و بۆی هەیە بڕیار بە ڕەتكردنەوەی تانەكە بدات یان هەمواری فەرمانەكەی بكات یان بڕیاری بۆ دەربكات لەگەڵ دەركردنی حوكمی قەرەبوو كردنەوە ئەگەر ئەو مافەی هەبێت بە پێی داواكردنی داواكار، بڕیارەكەشی تانەی لێ دەدرێت لەبەردەم دەستەی گشتی لە ئەنجومەنی ڕاوێژكاری هەرێم لە ماوەی 30 ڕۆژدا لەبەرواری ئاگاداركردنەوەی یان بە ئاگادار كراو دابندرێت، بڕیاری دادگای تانە لێدراو و بڕیاری دەستەی گشتی ئەنجومەنی ڕاوێژكاری هەرێم كە لە ئەنجامی تانە لێ كردن دەرچووە و بنبڕەو پابەند بن پێیەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة عشرة: تبت المحكمة فى الطعن المقدم اليها ولها ان تقرر رد الطعن أو تعديل الامر او القرار المطعون به مع الحكم بالتعويض ان كان له المقتضى بناء على طلب المدعى ويكون قرارها قابلا للطعن به تمييزا لدى الهيئة العامة لمجلس شورى الاقليم خلال 30 يوما من تاريخ التبلغ به، أو اعتباره مبلغا ويكون قرار المحكمة غير المطعون فيه و قرار الهيئة العامة لمجلس الشورى الاقليم الصادر نتيجة الطعن باتا و ملزما.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، تەنها ئیعادەی سیاغەكەمان كردووە بەو شكلەی كە ئێستا بۆ جەنابتان دەخوێنمەوە:**

**أما فيما يتعلق بالمادة التاسعة عشرة من المشروع والتي ستصبح برقم المادة (الثامنة عشرة) تقترح اللجنة اعادة صياغتها كالآتي:-**

**﴿تبت المحكمة الإدارية في الطعن المقدم إليها ولها ان تقرر رد الطعن أو إلغاء أو تعديل الامر أو القرار المطعون به مع الحكم بالتعويض ان كان له مقتضى بناءً على طلب الطاعن ويكون قرارها قابلاً للطعن تمييزاً لدى الهيئة العامة لمجلس شورى الاقليم خلال مدة ثلاثين يوماً من اليوم التالي للتبليغ أو اعتباره مبلغاً ويكون قرار المحكمة غير المطعون فيه وقرار الهيئة العامة لمجلس شورى الاقليم الصادر بنتيجة الطعن باتاً وملزماً﴾.**

**ئەگەر مولزمەكەش زیاد بێت، ( باتا) كافیە، ئەمە ڕەئی لیژنەی قانونیە سەبارەت بە ئیعادەی سیاغەی ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر موافقی؟ کەواتە کەس قسەی نیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، کاك شوقی وەرەقەیەکی بۆ ناردووم کە ئاماژە بە دوای موناقەشەی ئەو پرۆژەیە دەکات کە لێرەدا موناقەشەمان کردووە و لە مەحازردا نووسراوە و چاپ کراوەتەوە، لەویٚ دەڵێت (ئایا ئەو دەسەڵاتە سەربەخۆ بە دەسەڵاتی قەزا بێت یان بۆ وەزارەتی عەدل) دەنگمان بۆ داوە لەویٚ و ئەکسەریەتی هێنا کە سەر بە قەزا بێت، بەڵام دواتر سەرۆکی لیژنەی یاسایی داوای قسەی کردو گوتی ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ناتوانین لەم مەنەسەیە موناقەشەی بکەین، هەشت مادده دەبێت گۆڕانکاری بەسەر دابێت، یەعنی ئەگەر وا بکەن دەبێت هەشت ماددەی پێشوو گۆڕانکاری بەسەردابێت، بۆیە هینەکە دواخرا ، ئێستا ئەو موقتەرەحەی ماددەی 12 کە موناقەشەی بۆ کراو دەنگی لەسەر درا، موعەلەقمان کرد دانیشتنەکە بەو ئیعترازەی کە ئیعترازەکی بەجیٚ بوو، دەنگمان دا بۆ مادەیەك کە تەعاروز لەگەڵ 8 مادده دەکات کە پێشتر دەنگمان بۆی داوە، لەبەر ئەوە تەعلیقمان کرد، لەو ماوەیەدا زۆر موناقەشە کرا لەگەڵ جەنابی سکرتێری پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و خەڵکی تری پسپۆر، وەزیری داد، ئەوە بە ئەوە عیلاج کرا کە ئەو مادده 12 یە بخەینە بەردەمتان، هەم موعالەجەی ئەوە دەکات و هەروەها وا ناکات کە ئەو هەشت ماددەیەی پێشوو تر کە ئیلغا کرابوو موناقەشە بکرێت، بۆیە ویستم هینی بکەمەوە و کە ئیتیفاقەکە بەینی هەموو لایەك بوو، بەو شێوەیە موعالەجەی کرا، ئەگینا مولاحەزەکەی جەنابت، ئەگەر ئەو تەوزیحەم بۆی نەدابوو ڕەنگ بوو خەڵکی تریش هینی بکات، ئێستا بۆ ماددەی دواتر، مامۆستا کاکە فەرمووو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست: دەستەی گشتی لە ئەنجومەنی راوێژکاری هەرێم هەمان تایبەتمەندییەکانی دادگای پێداچوونەوە پیادە دەکات وەکو لە دەقی یاسای دادبینی شارستانیدا هاتووە، کاتیٚ سەیری تانووتەکان سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگا کارگێڕی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العشرون: تمارس الهيئة العامة في مجلس شورى الاقليم الاختصاصات التى تمارسها محكمة التميز المنصوص عليها فى قانون المرافعات المدنية عند النظر في الطعن في قرارات المحكمة الادارية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیریش پشتگیری لێ دەكات، ئەگەر كەس رەئی نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە ئەو ماددەیە، كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، مامۆستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و یەك:

یەكەم: دەستەی رێككاری هەرێم لەوداوایانەی دەپێچێتەوە كە فەرمانبەر بە پێی حوكمەكانی یاسای خزمەتكردنی شارستانی بەرزی دەكاتەوە.

دووەم: بڕیاری دەستە لەبەردەم دەستەی گشتی ئەنجومەن تانووتی لێدەدرێت لە ماوەی (15)رۆژدا، لە رۆژی دوای ئاگاداربوونەوەی.

سێیەم: ئەو داوایانەی دێنە بەردەمی دەستە لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیەدا بەپێی حوكمەكانی یاسای دادبینی شارستانی یەكلادەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادە الحادیە والعشرون:

أولا: تنظر هیئة انضباط الاقلیم الدعاوي التی یقیمها الموظف بموجب احكام قانون الخدمة المدنیة .

ثانیا: یكون قرار الهیئة قابلا للطعن فیه لدی الهیئة العامة للمجلس خلال 15 یوما من الیوم التالی للتبلیغ.

ثالثا: یكون قرار الهیئة العامة للمجلس الصادر بنتیجة الطعن باتا.

رابعا: تنظر الدعاوی الواردة فی الفقرة اولآ من هذە المادة وفق احكام قانون المرافعات المدنیة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بە تایبەتی ئەو ماددەیە فەراغەكی قانونی پڕ دەكاتەوە لە هەرێمی كوردستان تاوەكو ئێستا ئێمە هیچ ئینزباتمان نیە، خەڵك مەحرومە مومارەسەی حەقی خۆی بكات بەرامبەر بە هەیئەی ئینزبات، ئەوە مافێكە دەدرێتە ئەو كارمەندانەی كە بە گوێرەی قانونی خدمەی

مەدەنی ئەگەر هاتوو عقوبەیەکیان درایە، حەقیان هەبێت ئیعتراز بگرن لەبەردەم ئەو هەیئەیە، بۆیە ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فاروق وەزیری دادیش پشتگیری لەو ماددەیە دەکات، ئەگەر کەس قسەی لەسەر نیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیەش قەبوڵ کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و دوو:

یەکەم: دەستەی ڕێك کاری هەرێم لەو ناڕەزاییانەی لەلایەنی پەیوەندیدارەوە پێشکەش دەکرێ دەپێچێتەوە کە تایبەتە بەو سزایانەی لە یاسای بەرزەفتکاری فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە هاتووە.

دووەم: بڕیاری دەستە کە لە ئەنجامی تانەلێکردنەوە دەرکرا وە بنەبڕە.

سێیەم: ئەو ناڕەزاییانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتووە بەپێی حوکمەکانی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکانەوە یەکلادەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والعشرون:

أولا: تنظر هيئة انضباط الاقليم فى الاعتراضات المقدمة من قبل ذوى العلاقة بخصوص العقوبات الواردة فى قانون انضباط موظفى الدولة.

ثانيا: يكون قرار الهيئة الصادر بنتيجة الطعن باتا.

ثالثا: تنظر الاعتراضات الواردة فى الفقرة اولا من هذه المادة وفق احكام قانون اصول المحاكمات الجزائية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها ئیعترازمان لەسەر فەقەرەی یەکەم هەیە ئەویش ئیعادەی سیاغەمان کردووە بەو شێوەیەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە:

﴿أولاً/ تنظر هيئة انضباط موظفي الاقليم في الاعتراضات المقدمة من قبل ذوي العلاقة بخصوص العقوبات الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة أو أي قانون آخر يحل محله ﴾.

واتە ئەو (أي قانون آخر يحل محله) زیاد کراوە، چونکە ئێستا قانونی ئینزباتی مووەزەفی دەولەی عیراقی پیادە دەکەین، بەڵام ڕەنگە لە موستەقبەل قانونێکی تایبەتی خۆمان هەبێت سەبارەت بە مەسەلەی ئینزباتی موزەفین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ڕەئیەکت هەیە؟ بەڵێ ئەویش موئەیدە، بە ئەو ئیزافەیەی کە کەلیمەی (موظفی ) ئیزافە کرا لە یەکەم دا (قانون اخر)، پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیەش قەبوڵ کرا بۆ بابی سێیەم و ماددەی 23 مامۆستا کاکە فەرموو .

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێڕەوی کارەکان لە ئەنجومەندا

ماددەی بیست و سێ: پرۆژەی یاسا و دۆزەکانی لەبەردەمی ئەنجومەن لە تۆمارگایەکی تایبەت تۆمار دەکرێن و لەلای سکرتێر دادەندرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سير العمل في المجلس

المادة الثالثة والعشرون: تسجل مشروعات القوانين والقضايا المحالة على المجلس فى سجل خاص لدى السكرتير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، ئەوە مەسائیلی ئیداریە زۆر تەبیعی و ئاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر پرسیارێك دەکەم، ئەوە ماددەی دەوێت؟ ئەوە تەنها تەعلیماتێکە، ئەو ماددەیە بە زیاد دەزانم هەرچەندە ئەوە ئیشی من نیە، ئیشی قانونیەکانە، کاک عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من ویستم تەئیدی ڕەئیەکەی جەنابت بکەم، مادام لە ماددەی 39 سەلاحیەتمان داوە بە جەنابی وەزیر ئیسداری تەعلیماتی بۆ بکات، ئەم شتانە شتی ئیدارین پێ دەچێت لە داهاتوودا جەنابی وەزیر شتی زیاتر بێتە بەردەستی، با دەستی کراوە تر بێت و بتوانێت تەعلیماتی تەواوی پێ دەربکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسایی مانعی نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، ئیلغای ئەو ماددەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێت دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ ماددەی 23 ئیلغا کرا بۆ ماددەی 24 مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و چوار: پرۆژەو یاساو دۆزەکانی دێنە بەردەمی ئەنجومەن لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە وردبینی دەکرێ، و بۆی هەیە داوا لە وەزارەت بکات، یان لەلایەنی کە پەیوەست نییە بە وەزارەتەوە، کەم وکوڕییەکانی تەواو بکات، بەر لە هەناردنی بۆ دەستەی گشتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والعشرون: يجرى تدقيق مشروعات القوانين والقضايا المحالة عل المجلس من قبل هيئة الرئاسة ولها ان تطلب من الوزارة أو الجهة غير المرتبطة بوزارة استكمال النواقص قبل احالتها على الهيئة العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی مادەکەین هیچ مولاحەزەیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش وەکو ماددەی پێشوو نیە؟ ئەوەش بە تەعلیمات حەل دەبێت، ئەو هەموو ماددەیە پێویست ناکات، خۆی ئەوە هەمووی سەلاحیەتی وەزیرە، ئیجرائاتی ئیداریە، ئەگەر مانعتان نیە کاک شێروان؟ ئەو ماددەیەش دەخەمە دەنگدانەوە بۆ ئیلغاکردنی کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیەش ئیلغاکرا ، بۆ ماددەی 25 مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی بیست و پێنج: دەستەی سەرۆكایەتی پرۆژەو یاساو دۆزەكان ڕەوانەی لای دەستەی گشتی دەكات بۆ دیراسەتكردن وئەنجامدانی كاری پێویست دەربارەیەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الخامسة والعشرون: تحيل هيئة الرئاسة مشروعات القوانين والقضايا على الهيئة العامة لدراستها واتخاذ اللازم بشأنها.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**خۆی بەڕاستی ئەوە دەبێت، بمێنێتەوە، چونكە ماددەی 26 عیلاقەی بەوەوە هەیە، دواتر ئێمە بابێكمان دروست كرد (مجلس العمل فی المجلس) بەڕاستی ئەوە دەبێت ئیعادەی نەزەری لێ بكەینەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**عەفوم بكەن، (سیر العمل) شتێكی ئیداریە، ئەو ماددەیە زیادە، ماددەكەی تر ماددەیەكی تایبەت دەبێت وەكو ئەحكامی خیتامی لە كۆتایی دا دێت، (قرارات بالاغلبیە) ئەوە ماددەیەكی رۆتینە لە هەموو شتێك دا هەر ئەو بابە (سیر العمل) هەمووی زیادە، ماعەدا ماددەی 25 و 26 نەبێت، ئەویش بە ماددەیەكی تایبەت لە هەموو قەوانینێك دا هەیە، ئەگەر موافقن من ئیقتراح دەكەم ئەو ماددەیەو بابەكەش ئیلغا بكرێتەوە، ماددەی 24 بە ماددەیەكی تایبەت بمێنێتەوە، چونكە ئەوە شتێكی زەروریە لە هەموو قانونێك دا دەبێت ئەوە هەبێت، فەرموو كاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەگەر بابی سێیەم (سیر العمل فی المجلس) ئیلغا بكرێتەوە، ماددەی 23 و 24 یش ئیلغا كراوە، مانای وایە دەتوانین 25 و 26 بیكەینە ماددەیەكی موستەقیل بێینە خوارەوە پاش ماددەی 22، بەڵێ رەبتی تێدایە (تحیل هیئة الرئاسة مشرعات القوانین والقضایا الی عمل لدراستها واتخاذ اللازم بشأنها)، ماددەی 26 (تتخذ الهیئة العامة قراراتها بالاغلبیة عدد الاعضاء الحاضرین واذا تساوی الاصوات یرجح الجانب الذی فیە الرئیس).**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێویست بەو بابە ناكات (سیر العمل) ئەو ماددەیە ماددەی 25 و 26 دەبێتە یەك ماددە، ژمارە 1 و 2 ی بۆ دادەنێین، فەقەرەی 2 زەروریە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە عادەتەن ئەو حاڵەتانە وا چارەسەر دەكەین كە باسی مەجلسەكە دەكەین، یەكسەر ماددەیەكمان هەیەو دەڵێت تەسویتەكە بە ئەغلەبیەت دەبێت و رەئیس لەگەڵ ئەودا دەبێت، ئێمە لە ماددەی چوارەم باسی مەجلسەكەمان كردووە بە ڕوونی لە كێ و كێ پێكهاتووە، دەتوانین ئەو ماددەیە هەر لەگەڵ (تحیل الهیئە) ەكە لەگەڵ ئەوەی تر دا بیكەینە یەك ماددەو بە دوو فەقەرە ئیزافە بكرێت، بۆ ماددەی 4 .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ناكرێت ئیزافەی ماددەی 4 بكەین، چونكە ئەوە ڕۆیشتووە، بەڵام وەكو ماددەیەك تەبیعیە بمێنێت، بە دوو فەقەرە، كاك كریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم هەر بە یەك ماددە بگوترێت (تحدد سیر العمل فی المجلس بنظام خاص) یەعنی ئەوە بە نیزامێكی خاس خۆی دەردەكات هەمووشی تەحدید دەكات لەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نیزامی خاسی ناوێت، ئەوە خۆی لە بیدایەتەكەی ئەوە نووسراوە و دیاری كراوە، ئەوەی تر تەبیعیە و رۆتینە، ئەو ماددەیە فعلەن (أ و ب)، یەعنی (الباب الثالث ـ سیر العمل) عنوانی ناوێت، ماددەی 25 و 26 تەوحید دەبێت بەو دوو فەقەرەیەی كە خوێندرایەوە، موافقن كاك شێروان و جەنابی وەزیر؟ ئەو موقتەرەحەی خۆم كە لە لایەن لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیرەوە پەسەند كرا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ قەبوڵ كرا، بۆ ماددەی 27 كە دەبێتە بابی سێیەم، مامۆستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و حەوت: لە دامەزراندنی سەرۆك وجێگری سەرۆك وراوێژكار وراوێژكاری یاریدەدەر جگە لەمەرجە گشتیەكانی دامەزراندن لە فەرمانبەرێتی گشتیدا دەبێ بڕوانامەی بكالۆریۆسی لەیاسا هەبێت یان هاوشانی ئەو بڕوانامەیە بێ ودەبێ دوای دەرچوونی لەكۆلێژدا بەكردەنی خزمەتی دادوەری یان پارێزەرایەتی بۆ ماوەی (20)ساڵ كەمتر نەبێت سەبارەت بە سەرۆك وجێگری سەرۆك وراوێژكار، بەڵام سەبارەت بە راوێژكاری یاریدەدەر(15) ساڵە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الباب الثالث

المادة السابعة والعشرون: يشترط في تعيين الرئيس ونائب الرئيس والمستشار والمستشار المساعد اضافة الى توافر الشروط العامة للتعيين فى الوظيفة العامة أن يكون حاصلا على شهادة بكالوريوس فى القانون أو ما يعادلها وله ممارسة فعلية بعد التخروج من الكلية لمدة لا تقل عن عشرين سنة فى الوظيفة القضائية أو المحاماة بالنسبة للرئيس و نائب الرئيس والمستشار وخمس عشرة سنة بالنسبة للمستشار المساعد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، هیچ تێبینیەكمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر مولاحەزەت نییە؟ باشە تۆش پشتگیری دەكەیت، بابەكە دەبێتە بابی سێیەم، ئەوە ئیتیفاق كرا لەسەری، بەڵێ كاك كریم فەرمووو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر لە یادم نەچوو بێت، پێم وایە ئێمە لە ماددەكانی پێشوو ڕاوێژكاری یاریدەدەرمان بەلاوە ناوە، یەعنی مستشاری مساعدمان وابزانم بەلاوە ناوە لە ماددەكانی پێشوو، بۆیە با مولاحەزەی ئەوە بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكەت موناقەشە كرا، بەڵام نازانم لامان دا یان نا ؟ لەكام ماددەیە ئەگەر بزانن، مادام وایە دیقەت بكەن كام ماددەیە؟ داوای لێ بوردن دەكەن پرۆتۆكۆڵەكەم لە لایە بەدوای دەگەڕێم، داوای لێ بوردن دەكەم، ئەوە ڕێگای ئەوە ناگرێت لێرە ئاماژەی پێ بكرێت، لەبەر ئەوە لەوێ باسی ئەندامیەتی مەجلسەكەمان كردووە، یەعنی شەتبمان كردووە كە نابێت نائیبی موستەشار ئەندام بێت، بەڵام لێرە دەڵێت شروتت داناوە بۆ دامەزراندنی، یەعنی لێرە ئەگەر هەشبێت، ئەوە نابێتە ئەنجومەنی هینەكە، نابێتە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە، لێرە ئەوە بۆدەمێنێتەوە، نائیبی موستەشار هەبێت لێرە یان نا؟ كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مستەشارەی لێرە هەیە، فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو موستەشارەی کە لە مەئەسەسات و وەزارەتی تر دا هەیە، ئەوە خالێکیان، دووەم نائیبی موستەشار بە نیسبەت سوڵتەی قەزائی شەخسێکە کە 15 ساڵ خدمەی قەزائی هەیە، بۆ موساعەدە کردنی مەجلسی شورایە، لە زۆر مەسائیل ئیحتیاجیان بە نائیبی موستەشار دەبێت، کە دەرەجەشی دەرەجەی قازیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانن چیە خۆی مولاحەزەکە لەوەوە هاتووە کە دەڵێت موستەشار بێتەوە بیرتان کە ئەو موستەشارانەی لە وەزارەتەکان هەن ئەوانەن، موستەشار لە مەحاکم جودایە، قەراراتی بەدەستەوەیە، حاکمە، بۆیە نائیبی هەبێت تەبیعیە، وەکو موستەشاری ئێرە نیە بۆ نموونە موستەشارێك هەیە جێگری موستەشار پێویست ناکات، چونکە خۆی موستەشارە، تەوسیات دەدات، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا کاك فرست شتێکی بە بیرهێنامەوە کە بەڕاستی پێشتر جەنابی کاك فاروق وەزیریش ئەوە دەزانێت، پێشتر حاکمی موقەریر هەبوو لە مەحکەمەی تەمییز، مومکینە نائیبی موستەشار دەوری حاکمی موقەریر ببینێت لە زمنی مەجلسی شورا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موساعدی موستەشارەکەت پێ باشە کە لێرە هەبێت؟ باشە لێرە گوتمان کە لە مەجلیسەکان دانشرابێ، بەڵام تەعینەکەی پێویستی پێیەتی بۆ هاوکاری و موستەشارەکان، ماددەکە دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە، بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا ، بۆ مادەی 28 تکایە.

**بەڕێز عبد الکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و هەشتەم: لەو ماوەیەی هاتووە لەماددەی پێشوو دووساڵ کەم دەکرێتەوە بۆ ئەوانەی بڕوانامەی ماجیستێر یان بەدەست هێناوە، وپێنج ساڵ بۆ ئەوانەی بڕوانامەی دکتۆرایان بەدەست هێناوە، کەمترین ماوەی خوێندن بۆ بەدەست هێنانی هەردوو بڕوانامە بەماوەی کارکردن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە دادەندرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والعشرون:

تنزل من المدد الواردة في المادة السابقة مدة سنتين بالنسبة للحاصلين على شهادة الماجستير وخمس سنوات بالنسبة للحاصلين على شهادة الدكتوراه، و تعتبر مدة الدراسة الصغرى للحصول على اي من هاتين الشهادتين مدة ممارسة لاغراض هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی ماددەکە دەکەم و لەگەڵ ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر فەرق ناکات و با تێپەڕێ ، بەڵام ئەو دوو ماددەیە ببێتە یەك ماددە باشترە، فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبد الله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەوە تێنەگەیشتم یەعنی دوو ساڵی بۆ کەم ئەکرێتەوە و ساڵێکیش مودەی دیراسەی سوغرای مەسەلەن ماجستێر و دوو ساڵی دکتۆراکەشی  بۆ ئیزافە ئەکرێ، یان ئەوەی کە ئەڵێ دوو ساڵی لێ کەم ئەکرێتەوە مەبەستی چیە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، شەرتی کە داندرایە لە ماددەی پێشتر کە وتمان، شەهادەی بەکالوریۆسی هەبێت و 20 ساڵیش خزمەتی هەبێت، ئەگەر ماجستێری هەبوو 18 ساڵ خزمەتی هەبێ، ئەگەر دکتۆرای هەبوو 15 ساڵ خزمەتی هەبی، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە با دەستی بڵند یکات، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز عبد الکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست ونۆیەم:

یەکەم: سەرۆك وجێگری سەرۆك وڕاوێژکار بەمەرسوومی هەرێم پشت بەست بەپێشنیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێن.

دووەم: راوێژکاری یاریدەدەر بەبڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پشت بەست بە پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی دادەمەزرێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة والعشرون:**

**اولآ: یعین الرئیس و نائب الرئیس و المستشار بمرسوم اقلیمي بناءآ على اقتراح رئیس مجلس الوزراء .**

**ثانیآ: یعین المستشار المساعد بقرار من رئیس مجلس الوزراء بناءآ على اقتراح من هیئة الرئاسة.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین بەس ئیعادەی صیاغەی بەو شێوەیە كردوومانەتەوە:**

**اولآ: یعیین الرئیس و نائب الرئیس و المستشار بمرسوم اقلیمي بناءآ على اقتراح من وزیر العدل و موافقة رئیس مجلس الوزراء.**

**ثانیآ: یعین المستشار و المساعد بقرار من رئیس مجلس الوزراء بناءآ على اقتراح من هیئة الرئاسة و بتوصیة من وزیر العدل.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوەی دووەم هەندێك وازیح نیە، هەیئەی ریئاسەی ئیستیشاری فەنی ، باشتر وایە بڵێی: یعیین مساعد المستشار بناءآ على توصیة هیئة الرئاسة الاستشاریة و طلب من وزیر العدل، هەیئەی ریئاسەی ئیستیشاریەكەش ئیزافە بكەن با وازیح بێت لێرە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەگەر پێت باش بێ: بطلب من هیئة رئاسة مجلس الشورى، ئیزافە بكەین ئەگەر وازیح بێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك زانا فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لە خاڵی دووەم(و) زیادە: یعین المستشار المساعد، نەك المستشار و المساعد، لە صیاغە نوێیەكەی لێژنەی قانونی ئەو شتە غەڵەتە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەگەر ئەو مولاحەزەی وەزیر وەربگرین، هەردوو فەقەرە مومكینە ببێتە فەقەرەیەك، یعین الرئیس ونائب الرئیس والمستشار ومساعد المستشار .**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی برای بەڕێز کاك زانا لە جێی خۆیەتی بەراستی ، (و)وەکە نابێ هەبێ، چونکە ئێمە مەسەلەی موستەشار لە فەقەرە یەك عیلاجمان کردیە، ئەوەی کە هاتیە موستەشار موساعیدە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موستەشار موساعیدەکە ئەو هەموو مەراحیلەی دەوێ؟ یان ئەوە بکرێتە : (یعین مساعد المستشار بناءآ علی طلب الوزیر)، ئەو تەلەبەی وەزیر حەتمەن ئیعتیماد دەکات لەسەر هەیئەی ئیستیشاری خۆی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆ ئەصلیەکەش هەر بەو شکلە هاتیە، یەعنی موستەشاری موساعید و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەمرەکەی دەردێنی و لە لایەن هەیئەی ریئاسەی مەجلیسەوە ئیقتیراح دەکرێ و بە موافەقەتی وەزیری عەدل، ئەگەر پێتان باشە هەر وەکو پێشتر بەجێێ دەهێڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە ، ئەگەر دووەم وای لێ بکەین، یعیین المستشار المساعد بقرار من رئیس مجلس الوزراء بناءآ علی طلب من الوزیر واقتراح من هیئة الرئاسة الاستشاریة، چونکە هەیئەی ئیستیشاری قەرار نادات، ئیقتیراح دەکات بۆ وەزیرو وەزیر کە تەلەبی کرد یەعنی دەکا بۆ هینەکە، هەیئەی ئیستیشاری ئیقتیراح دەکات و وەزیر موافەقەتی کرد داوا دەکات کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران قەراری پێ دەربچێ، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی هەیئەی مەجلیسی شورا مەربووتی وەزیرە، رەسائیلی موخاتەبات لە رێگای وەزیرەوە دەکرێت، ئەوە تەبیعیشە ئەوها بێت و زۆر تەبیعیشە و چ موشکیلەی تێدا نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا ئەو ماددەیە بەو شکلەوە دەیخەمە دەنگەوە، فەقەرەی یەکەم: بە ئیقتیراحی لێژنەی یاسایی ، بناءآ علی اقتراح من وزیر العدل و بموافقة رئیس مجلس الوزراء و بمرسوم ئەوە کەی لێ دەردەچێت، فەقەرەی دووەم: یعین المستشار المساعد بقرار من رئیس مجلس الوزراء و بناءآ علی اقتراح من الوزیر و بتوصیة من المجلس الاستشاري، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز عبد الکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سییەم:

یەکەم: سەرۆك بەپلەی تایبەتی دەبێ.

دووەم: جێگری سەۆرك مووچەی پلەی تایبەت وەردەگرێ.

سێیەم: راوێژکار مووچەی پلەی تایبەت پۆلی (ب) وەردەگرێ.

چوارەم: راوێژکاری یاریدەدەر مووچەی پلەی یەکەم وەردەگرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثلاثون:

اولاً: یکون الرئیس بدرجة خاصة.

ثانیاً: یتقاضی نائب الرئیس راتب الدرجة الخاصة.

ثالثاً: یتقاضی المستشار راتب الدرجة الخاصة صنف (ب).

رابعاً: یتقاضی المستشار المساعد راتب الدرجة الاولی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە صیاغەی ماددەکە بەو شکلە کردوومانەتەوە:

اولاً: یکون الرئیس بدرجة خاصة و، یتقاضی راتب الدرجة الخاصة (أ).

ثانیاً: یتقاضی نائب الرئیس و المستشار راتب الدرجة الخاصة (ب).

ثالثاً: یتقاضی المستشار المساعد راتب الدرجة الاولی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئیقتیراحەی لێژنەی یاسایی لە جێی خۆیەتی ، کەس مولاحەزەی نیە؟ فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە قەت لە هیچ یاسایەکدا باسی رەواتبی هیچ هینەکمان نەکردووە، هیچ دەزگایەك، یەعنی زەروورە ئێمە لێرە باسی بکەین یاخود هەر لە تێهەڵکێشەکاندا کە باسمان کردووە لە بیدایەتەوە، ئەڵێین: دەرەجەی خاصەیە ئیتر تەواو، بۆ چی لێرە بە روونی باسی دەرجەکەی بکەین و باسی راتبەکانیان بکەین؟ قەت نەبووە ئێمە لە یاسادا باسی راتبی کەسمان کردبێ، هیچ دەرەجەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زەرەرەکی نیە بۆ ئەوەی تووشی ئەوە نەبین، ئەوەلەن، رەئیس هەیە چیە؟ دەبێ بڵێین دەرەجەی وەزیرە، دەرەجەی خاصەیە، ئەوە لەوێ تەحدیدی کردیە، دەرەجاتی خاصە (أ و ب)ی هەیە، فەرموو با لیژنەی یاسایی شەرحی بکات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە ئەو دەرەجاتانە لە خۆمانەوە نەمان هێناوە و، ئەو دەزگایە دەزگایەکی تازەیە، تەماشای قەوانینی دیکەمان کردووە، لە هەمان دەزگا هەمان دەرەجات هەیە بۆی و ئێمەش لە دەرەجەکانی ئەوان کەمترمان دانەناوە، شتێکی تەبیعیشە لێرە ئەو خزمەتانەی کە ئیشارەتمان پێدا ئەو دەرەجانە ئەوە هەڵدەگرێ کە ئەو شەخصانەی ئەو خزمەتانەیان هەیە ئەو دەرجانەیان پێ بدرێت، لە وەزائیفی ئیعتیادی ئەو دەرەجەیان پێ دەدرێت ،جا چۆن ئەگەر عضو مەجلیسی شورا بێت یان عضوە ك بێ 20 ساڵ یان 25 ساڵ خزمەتی هەبێ و دەرەجەی قازی بێ و دەرەجەیان دەدەینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە لە لایەن وەزیرەوە پشتگیری لێ کرا، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیتی؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ ماددەی سی قبوڵ کرا، بۆ ماددەی سی و یەك تکایە.

**بەڕێز عبد الكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی ویەکەم: دەکرێ راوێژکاری یاریدەدەر بەفەرمانی راوێژکار دادەمەزرێ ئەگەر مەرجەکانی لە ماددەی (15) ئەم یاسایەدا هاتووە، هەبێت، بە مەرجێك سێ ساڵ لە ئەنجومەن کاری کرد بێت، لەمیانەی کارکردنیدا بەپێی راسپاردنی دەستەی سەرۆکایەتی لێهاتوویی بەرزی پیشاندابێت.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية و الثلاثون: (رەقەمەکەی غەڵەتە تەسەلسول دەبێ سی و یەك بێت لە مەشروعەکەش): يجوز تعيين المستشار المساعد بوظيفة مستشار عند توفر الشروط الواردة في المادة الخامسة عشرة من هذا القانون على ان يكون قد قضى مدة لا تقل عن ثلاث سنوات في وظيفته في المجلس و اثبت خلالها كفاءة عالية و ذلك بتوصية من هيئة الرئاسة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەسەلسولی ماددەکەمان چاك کردۆتەوەو، ئیعادەی صیاغەی ماددەکەمان بەو شکلە کردووە، (يكون تعيين المستشار المساعد بوظيفة مستشار عند توفر الشروط الواردة في المادة السادسة والعشرين من هذا القانون على

ان يكون قد قضى مدة لاتقل عن ثلاث سنوات في وظيفته في المجلس واثبت خلالها كفاءة عالية وذلك بتوصية من هيئة الرئاسة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێموایە ئەو ماددەیە زیادە، چونکە ئەوەلەن کە تۆ دەڵێیت ئەگەر شروتی ماددەی (26) تێدا بێت، مانای وایە ئەو شروتەی ناوێت بە موساعیدەو کە شروتیشی هەبێتن ئۆتۆماتیکی حەقی خۆیەتی لەوێ بێتن، یەعنی تۆ بۆ ئەو شەرتە بۆ موساعید دادەنێ شەرتێکی ئیزافی بۆ خەڵکێك کە لەوێ ئیشی نەکردووەو، خەڵکێکت داناوە پازدەساڵێکە، بیست ساڵێکە دکتۆرای هەبێت، شتی هەبێتن، ئەوە موساعیدی موستەشارە، ئەگەر عەینی شروتی هەبوو ئۆتۆماتیکی تەوصیە دەکرێت، پێموایە هەر زیادە لێرە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو سێ ساڵەی دابنێین، موستەشار موساعید دەبێتە موستەشار بە حەڤدە ساڵ، بەڵام ئەویتر بەو شکلە نییە، موستەشار موساعید کە سێ ساڵ مایەوە ئیستیفادە دەکات و خیبرەی زیاد دەبێت، بۆیە مودەکەی کەمترە، ئەو مودە کەمە تەرح دەبێت لە خزمەتی ئەسڵی، لێرە موستەشار موساعیدەکە ئیستیفادە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابت دەڵێی بێت و شروتی ماددەی ئەوەندە لێی موتەفیر بێت، شروتەکە دەڵێتن ساڵەکەی تەحدید کردووە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی تەحدیدی کردووە بە بیست ساڵ، موساعید موستەشاری تەحدید کردووە بە پازدە ساڵ، ئەگەر سێ ساڵ لەوێ دەوام بکات دەبێتە هەژدە ساڵ، بە هەژدە ساڵ دەبێتە موستەشار، نەك بە بیست ساڵەکەی لە شەرتەکەدا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێچەوانەوە، دەبێت بڵێی بەدەل لە مەسەلەی خەدەمات، نەك شروتی ماددەی ئەوەندە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە قەیدی ناکات، ئەوەی ئیزافە بکەین موشکیلە نییە، بەڵام ئەوە ئیمتیازێکە دراوەتە ئەو موستەشارەی کە لە مەجلیسی شورا دەوام دەکات و بە سیفەتی موساعید موستەشار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێت صیاغەکە بگۆڕن، (اذا کان لنائب المستشار خدمة فعلیة لا تقل عن ثلاث سنوات فللهیئة الاداریة ترشیحە) یان بیکاتە موستەشار، تۆ ئەوە تۆماتیکیەن کردۆتە نائیب، پازدە ساڵی هەیە، لێرە بڵێ ئەگەر سێ ساڵی هەبوو، بۆی هەیە ببێتە موستەشار، ئەوها دەبێت، نەك بیگەڕێنیەوە شروتی هین و ئەوانە، شروتەکەی ئەوێ دەڵێت بیست ساڵ کەمتر نەبێت، سێ ساڵەکە لێرە کافی نییە، دەبێت پێنج ساڵی هەبێتن بەو صیغەیەی ئێستا، بەڵام ئێستا ئەگەر تۆ دەتەوێت ئەفزەلیەتێکی بدەیتێ دوو ساڵی کەمتر بکەیتەوە لەبەر ئەوەی سێ ساڵ خزمەتی هەیە، دەبێت صیاغەکەی بگۆڕین، جەنابی وەزیریش ئیقتیراح دەکات تەحصیل حاصلە، زیادە ئەگەر موافەقەت دەکەن شەتبی دەکەین با نائیبی رەئیسەکەش بۆ موستەشارین هەمان شروتی هەبێتن، با سێ ساڵ خزمەتی نەبێت، با پێنج ساڵی هەبێتن، لیژنەی یاسایی موافیقن، مانعیان نییە، ئیقتیراحەکەم دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە شەتب بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ئەو ماددەیە شەتب کرا، تکایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و دووەم:

یەکەم: بەپێی دەست نیشانکردنی وەزیری خوێندنی باڵا، وەزیری داد، بۆی هەیە دوو لە ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە لە زانکۆکانی هەرێم، بڕوانامەی دکتۆرایان هەبێت و پلەی زانستیان لەمامۆستای یاریدەدەر کەمتر نەبێت ئینتیداب بکات و، دەبێ رەزامەندی خۆیان بەنووسین دەربڕن کە وەکو راوێژکار بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ئەنجومەندا کار بکەن، تەنیا یەکجار دووبارە دەکرێتەوە.

دووەم: بەرەزامەندی ئەنجومەنی دادوەری، وەزیری داد بۆی هەیە دادوەرانی پۆلی یەکەم وبەرەزامەندی خۆیان بە نووسراو ئینتیداب بکات بۆ کارکردن لە ئەنجومەن وەکو راوێژکاری موتەفەریغ بۆ ماوەی سێ ساڵ تەنیا بۆ جارێك نوێ دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الثانیة والثلاثون:

اولاً: لوزیر العدل وبناء علی تسمیة وزیر التعلیم العالي والبحث العلمي انتداب اثنین من اعضاء الهیئة التدریسیة في جامعات الاقلیم ممن یحملون شهادة الدکتوراه في القانون ولاتقل مرتبتهم العلمیة عن استاذ مساعد وبموافقتهم التحریریة للعمل في المجلس کمستشارین متفرغین لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجدید لمرة واحدة.

ثانياً: لوزير العدل وبموافقة مجلس القضاء انتداب حكام الصنف الاول وبموافقتهم التحريرية للعمل في المجلس كمستشارين متفرغين لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ڕاست کردنەوەی ڕەقمی ماددەکە، ئیعادەی صیاغەمان بەم شێوەیە کردۆتەوە:

أولاً: لوزير العدل وبموافقة وزير التعليم العالي والبحث العلمي انتداب اثنين من اعضاء الهيئة التدريسية في جامعات الإقليم ممن يحملون شهادة الدكتوراه في القانون ولاتقل مرتبتهم العلمية عن استاذ مساعد وبموافقتهم التحريرية للعمل في المجلس كمستشارين متفرغين لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.

ثانيا: لوزير العدل وبموافقة رئيس مجلس القضاء انتداب قضاة الصنف الاول وبموافقتهم التحريرية للعمل فى المجلس كمستشارين متفرغين لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة مع الاحتفاظ لهم بصفتهم القضائية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موفتەرەحی لیژنەی یاسایی بۆ ئەو ماددەیە لە یەکەم لە جیاتی تەسمیە دەڵێت دەبێت موافەقەتی وەزیری تەعلیم عالی بێت، وەزیری عەدل بۆی هەیە لە جیاتی ئەنجومەنی قەزا ڕەئیسی ئەنجومەنی قەزا، دوایێ ئەخیری جوملەکە ئەوەی ئیزافە کردووە (مع الاحتفاظ لهم بصفتهم القضائية)، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەبەست لەوەیە بیانەوێت خوبەڕای ئەوانەی کە دکتۆرایان هەیە لە قانون بچنە ناو ئەو مەجلیسە، پێویست ناکات تۆ لە زانکۆ ڕایکێشیتەوە، تۆ بیخەرە کێبڕکێیەکی عادیلانەوە، چەند کەسێك هەیە لەوانەیە لەم جامیعەیە هەبێت، لەوانەیە لە چەند جامیعەیەکی تردا هەبێت، من مەبەستم لێرەدا ئەوەیە بۆ بەم شێوەیە نەبێت، بۆ نەکەوێتە کێبڕکێ و ئەو کەسانەی کە ئامادەن بچن ئەو کارە بکەن، تەقدیم بکەن و ئیمتیحان دەکرێت، موقابلە دەکرێت، هەرچی دەکرێت، یەعنی بۆ بەو شێوەیە؟ بۆ تەسمیەو موافەقەو هین بێت، شەرت نییە لەوانەیە لە وەزارەتی تەعلیم عالیشدا نەبێت و ئەو کەسە دکتۆراشی هەبێت لە قانوندا، بەڵام کار ناکات لە تەعلیم عالیدا، ئەی ئەوە مافی نییە تەقدیم بکات وەکو موستەشارێك لەو لیژنەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش هەموو شتێك ئەوە مافێکی تەبیعی خۆی هەیە، ئەو شروتەی لە ماددەی پێشوودا باسمان کرد بیست ساڵەکەو، پازدە ساڵەکەو، دکتۆرایەکە، هەموو کەسێك دەتوانێت بچێت تەقدیمی بکات و شروتی تێدا موتەوەفیر بوو، وەزارەتی تەعلیم عالی نایەوێت، ئەو حاڵەتە تایبەتیانە بۆ ئەو مامۆستایانە لە زانکۆ کە تابعی وەزیری تەعلیم عالین و موافەقەتی وەزیری دەوێت، بۆ ئەوەی بۆشایی لە وەزارەت دروست نەبێت لە زانکۆیەکە، بۆیە ئەوە کە موافەقەتی کرد، یەعنی حیسابی ئەوەی کردووە کە بۆشایی لە کولیەکە دروست

نابێت، واته تەفەروغ نەكات، رۆژانه دەبێت دەوام لەوێ بكات ناچێت له هین بكات، ئەمەش پێویست دەكات كەوا وەزیری تەعلیم عالی موافیق بێتن ئەویش لەبەر رۆشنایی وەزعی مامۆستایەكەو كولیەكە قەراری لەسەر دەداتن، دەیخەمە دەنگدانەوە بەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیریش دیار بوو موافیقە لەسەری، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی دواتر.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و سێیەم: نابێ سەرۆك و جێگری سەرۆك و راوێژكارو راوێژكاری ئینتیداب كراوو راوێژكاری یاریدەدەر دەسگیر بكرێت، یان رێكاری سزاییان دەرهەق بكرێ، تەنیا بە رەزامەندی وەزیری داد نەبێ بەدەر لەوانەی كە گەورە تاوانێكی بە ئەنقەست و بینراو ئەنجام دەدەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والثلاثون: لا یجوز توقیف الرئیس او نائب الرئیس او المستشار او المستشار المنتدب او المستشار المساعد او اتخاذ الاجراءات الجزائیة بحقهم الا باذن من وزیر العدل باستثناء ارتكابهم جنایة عمدیة مشهودة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و پشتگیری لە ماددەكە دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دیارە جەنابی وەزیریش موافیقە، كە كەس تێبینی نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و چوارەم: نابێ سەرۆك و جێگری سەرۆك و راوێژكار و راوێژكاری یاریدەدەر خانەنیشن بكرێن تاكو (65) ساڵ لە تەمەنیان تەواو نەكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والثلاثون: لایجوز احالة الرئیس او نائب الرئیس او المستشار او المستشار المساعد على التقاعد الا بعد اكمالهم الخامسة والستین من العمر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەلاّم ئیعادەی صیاغەمان کردۆتەوە بەم شێوەیەی کە بۆتان دەخوێنمەوە (لا یجوز احالة الرئیس او نائب الرئیس او المستشار او المستشار المساعد علی التقاعد الا بعد اکمالهم الخامسة والستین من العمر ویطبق بحقهم قانون تقاعد اصحاب الوظائف العلیا).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەگەر لەسەر داوای خۆی بوو، یان پێی نەکرا ئیشەکە جێ بەجێ بکات، ئەوە چۆن دەبێتن؟ ئەگەر نەتوانێت بەردەوام بێت لە کارەکەی، ئەگەر خۆی وا داوای کرد، دەبێت ئیزافە بکرێت (او لاسباب الصحیة بناءا علی طلبه او عدم تمکنه من اداء واجبه) ئەوانە هەمووی دەبێت، جەنابی وەزیر رەئیت.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە ئەو ماددەیە بەو نەوعە شتێکی زیادە، مانای وایە تۆ ئیجباری دەکەی، لە تەمەن (65) ساڵی ئەو کابرایە دەتوانێت دەوام بکات، لەوانەیە سەبەبێك، شتێك دێتن پێویستی نەبێتن، یان پێویستی بەوە دەبێت تەقاعودی بکەیت، یەعنی مەعقول نییە، فەرز بکە کەفائەتی تەواو نەبوو، من پێموایە ئەو ماددەیە شتێکی زیادە، ئیعتیادی خەڵك چۆن تەقاعود دەبێت، ئەوها بێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فیعلەن ئەگەر قانونی تەقاعودی گشتی لەسەر ئەوانیش تەتبیق دەبێتن، هەمووی زیادە، بەڵێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر قانونێکی تەقاعود، یان هەر بڕگەیەکی تەقاعودی ئەگەر هاتو لە قانونی ئەسڵی موعالەجە نەکرا بوو، ئیعتیادی دەگەڕێتەوە سەر قەوانینی قەواعیدی عامە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ئەو جوملەیەی کە هاتووە (لایجوز)، یەعنی فەرزت کردووە قەت ناتوانێت ئیحالەی تەقاعودی بکات تا 65یش بێت، یەعنی مانای وایە داوای خۆشی بێت، پێشی نەکرێتن هەر ناتوانیت هینی بکەیت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانیت مەسەلەن سنی تەقاعود بەنیسبەت ئەوانە بڵێت (65) ساڵە، ئیمکان هەیە (لا یجوز)ەکە لابرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە باشە بڵێی (یعتبر سن التقاعد خمسة والستین) شتێکی وا، فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لیژنەی یاسایی نووسیەتی وابزانم لە حاڵەتی تەبیعییە، ئەوەی کە جەنابت باست کرد، فیعلەن ئەگەر حاڵەتێکی تر رووبدات لەو حاڵەتە، لەبەر ئەوەی دەبێت بنووسرێت (في الحالات الطبيعية) نابێت ئیحالەی تەقاعودی و ئەوە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، نابێتەکە لا بدرێت، تەمەکەنەشی ئەگەر تەمەنی گەیشتە (65) ساڵ، ئیتر خۆی تەعدیل دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆرێك لە ئەندامانی ئەو دادگایە قازین، واتا ئینتیداب کراون بۆ ئەوەی بەپێی دەسەڵاتی قەزائیش قازی سنی تەقاعودی (65) ساڵە، بۆیە ناکرێت تەعاروز بکرێت، دەبێت بە (65) ساڵەکە، بۆیە بە هەمان شێوە تەحدید بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەریم تەعاروزمان نەگوت، ئێمە دەڵێین بەس کەلیمەکە (لا یجوز)ەکە، (65) ساڵەکە باشە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی قازی مونتەدیبە، لێرە ئێمە ماددەکمان پەسند کرد ئیحتیفاز بە مەنصەبی وەزیفی قەزائی خۆی دەکات، واتا لەسەر ئەساسی قانونی سوڵتەی قەزائی تەقاعود دەبێت، ئەوانی تر کە تەعیناتی موباشیر دەبن بەو شروتە، ئەوانیش ئیمکان هەیە وەکو قازییەکان تەعامولیان لەگەڵدا بکرێت بڵێین سنی تەقاعود بەنیسبەت ئەوانە (65) ساڵە، ئەو شەرت و شروتانە لابدەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەرت و شروتەکە لا بدەن و سنی تەقاعود بکاتە (65) ساڵ، کاک دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە باشە بەم شێوەیە تەحدید بکرێت (سەرۆك و جێگری سەرۆك و راوێژکار و راوێژکاری یاریدەدەر خانەنیشن دەکرێن لە (65) ساڵی)، یەعنی کە (65)ساڵیان لە تەمەنیان تەواو کرد، نابێت زیاتر لەو کارە ببن، پێویستە تەقاعود بکرێن، بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بەو شێوەیە صیاغەتی بکەن، کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە، ئەوەی د.کمال گوتی من دەڵێم کۆتایی ئەم ماددەش ئیزافەی بۆ دروست دەبێت ، ان لم یستجد سبب اخر من یمنع قانونا من مزاولة قانوني

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سیغەکەمان گۆڕی ئەمە وەردەگرێتەوە ،سنی قانون تەتبیق بکرێ، سنی قانونی تەقاعدی 65 ساڵە، ئەوی تر لەسەر داوای خۆی بێت ، پێی هەڵنەستێ نەخۆش بێت تەبیعیە، بەس بلێ سنی تەقاعدی سیغەکەی وابێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

یحال الرئیس او نائب الرئیس او المستشاراو المستشارالمساعد علی التقاعد عند إکمالهم الخامسة والستین من العمر ویطبق بحقهم قانون تقاعد اصحاب الوضائف العلیا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوماددەی کە خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگەوە ،کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا ، ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی وپێنجەم: ئەگەر هەر دەقێك لەم یاسایەدا نەبوو، یاسای خزمەتکردنی شارستانی بەسەردا پیادە دەکرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والثلاثون: یطبق قانون الخدمة المدنیة فیما لم یرد به في هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی مادەکە داین ، پشتگیری لە مادەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە ئەم مادە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بكاتەوە ؟ سوپاس ،بەكۆی دەنگ پەسەند كرا .

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و شەشەم: دەستەواژەی (ئەنجومەنی راوێژكاری هەرێمی كوردستان – عێراق) شوێنی دەستەواژەی (دیوانی نووسینەوەی یاسا) دەگرێتەوە لە هەر یاساو سیستەمەكانی دیكەدا هاتبێ.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والثلاثون: تحل عبارة (مجلس شورى اقليم كوردستان- العراق) محل عبارة(ديوان التدوين القانوني) اينما وردت في القوانين و الانظمة الاخرى.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، چونكە مەسەلەی (مجلس استشاری) ئەمرەكان هاتووە ئەمەش قانونی وەزارەتی عەدلە، بۆیە پێویست دەكات ئەو نەسە لێرە بێت، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر، ئەو موفتەرەحەی لیژنەی یاسایی ، ئەو ماددەیە پشتگیری لێكراوە لە لایەن جەنابی وەزیرەوە ،دەیخەمە دەنگەوە ، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە ، سوپاس ، كێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بكاتەوە ، سوپاس ، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا ، مادەی دواتر تكایە .

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن .**

ماددەی سی وحەوتەم: كار بەهیچ دەقێك ناكرێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والثلاثون: لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی مادەكەین تەنها صیاغەكەمان بەم شێوەیە گۆڕیوە (لايعمل باي نص قانونی او قرار يتعارض واحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە بەو ئیزافەیەی لیژنەی یاسایی، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، مادەی دواتر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن .**

**ماددەی سی وهەشتەم: لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەكان پێویستە حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الثامنة والثلاثون: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون .**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە ئیعادەی صیاغەمان بەو شكلە كردۆتەوە ،(على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**موفتەرەحی لیژنەی یاسایی، ئەویش وەكو مادەكانی ترە، ڕۆتینە لە قەوانینی تریشەوە هاتووە، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس .**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن .**

**ماددەی سی ونۆیەم: وەزیری داد بۆی هەیە ڕێنماییەكان دەربكات بۆ ئاسانكردنی جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة والثلاثون: لوزير العدل اصدارالتعليمات  لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**صیاغەكە بەم شێوەیە دەبێت،(لوزير العدل اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام القانون).**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەم مادەیەش دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا، ماددەی چل.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن .**

**ماددەی چلەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاربعون: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی چل بە پشتگیری لیژنەی یاسایی و ڕەزامەندی جەنابی وەزیر رۆتینیشە ، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس ، كێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

بعد التحولات الكبيرة التى طرأت على الحياة السياسية والاقتصادية والاجتماعية في الاقليم ولعدم وضوح الاحكام الخاصة بالنظر فى المنازعات الادارية ولضمان وحدة التشريع ولغرض إقامة المحاكم الإدارية لأول مرة في الإقليم للنظر في مشروعية القرارات الإدارية المختلفة ولإقامة مجلس إنضباط موظفي الاقليم مما يتيح الفرصة لموظفي الاقليم في ان يطعنوا لديه في القرارت الصادرة بحقهم من رؤسائهم اضافة الى وجود جهة ذات إختصاص قادره على صياغة التشريعات التي تعدها الحكومة تمهيداً لتقديمها الى السلطة التشريعية وقادرة ايضاً على ابداء الرأي في المسائل القانونية الغامضة أو المتنازع عليها بين الجهات ذات العلاقة ورفع مستوى العاملين في مجلس شورى الاقليم واحاطتهم بضمانات كافية تتفق واهمية المهام الملقاة على عاتقهم لذا اقتضى تشريع قانون خاص بمجلس شورى الاقليم لكل ذلك فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر كەس لەسەر هۆكاری یاساكە قسەی نیە ، كاك كريم فەرمووو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم ،ئەو عباراتەش ئیزافە بكرێ، چونكە خۆی مەحاكمی ئیداری یەكێكە لە مەعالمەكانی دیموكراتیەت لە هەر مەجتەمەعێك و وڵاتێكدا ، بۆیە ئەوەی ئیزافە بكرێت لەگەڵ (لغرض ترخيص الاسس الديموقراطية في المجتمع الكوردستانى) زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەس دەمەوێ شەرح بكەی  و رەبتی چیە؟

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە وڵاتانی شمولی دیكتاتۆریەت مەحاكمی ئیداری نیە ، شەفافیەت نیە ، ئەو مەسائلانە خۆیان لە قەرە نادەن، لە وڵاتانی دیموكراتی، نیزامی قەزای ئیداری پەیرەو دەكرێت ، زیاتر لە وڵاتانی شمولی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لە ئیتالیا عالقترین دەوڵەت دیموقراتیە، ئەمریكا پێشكەوتوو ترین دیموقراتیەتی هەیە بۆ خۆی ،لە هەردووكیان ئەو مەحكەمەیە نیە ، یاساكە بەهۆكارە كانیەوە دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس كێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا ، زۆر سوپاستان دەكەم دەستان خۆش بێت، هەموو ئەوانەی كە كاریان كرد ،بۆ ڕۆژی دووشەممە ، ئەگەر جەنابی وەزیر قسەی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من بەناوی وەزارەتی دادەوە زۆر سوپاسی پەرلەمانی كوردستان دەكەم ،كە ئەو قانونەیان پەسەند كرد، بەلآم ، ئەم قانونە فەراغێكی زۆر گەورە لە دام و دەزگاكانی حكومەتی كوردستان پڕدەكاتەوە، بۆ نموونە یەكێكیان ئەوەیە دامەزراندنی مەحاكمی ئیداری كە زۆر پێویستە، دووەمیش ئەو مەسەلەی مەجالسی ئینزیبات كە عیلاقەی بە مۆزەفی دەوڵەتەوە هەیە كە حەقیان هەیە ،مەغدوریەتی خۆیان یان زوڵمێكیان لێبكرێت بۆخۆیان مراجعەتی ڕێگای قانونی بكەن ، زۆر سوپاستان دەكەین .**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیرو ئامادە بوونی، هەروەها كاك سعد لەگەڵمان بەردەوامە كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دێنین تا ڕۆژی دووشەممە لیژنەكان ئیش و كاری خۆیان تەواوبكەن، كاك شێروان ملاحەزەیەكی هەیە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لە لیژنەی قانونی لێرە دانیشتوین، بڕیارماندا سبەی كۆبوونەوەیەكی هاوبەش بكەین، ئێمەو لیژنەی ئەوقاف تكا دەكەم لە لیژنەی قانونی، برادەرانی لیژنەی قانونی زائیدەن لیژنەی ئەوقاف، بەیانی سەعات 10 لە هۆلی لیژنەی یاسایی ئامادەبن، بۆئەوەی گفتوگۆ لەسەر یاسای باری كەسایەتی بكەین ، زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (8)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 27\10\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (8)

## دوو شەممە رێكەوتی 2008/10/27

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2008/10/27 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەرێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەرێز عونی كمال بزاز سكرتێری ئەنجومەن بەوەكالەت, دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی دووەم, ساڵی (2008)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11) ی پێشنیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2008/10/27دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پڕۆژەی هەموار كردنی یاسای باری كەسی ژمارە (188) ساڵی 1959 كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پڕۆژەی هەموار كردنی یاسای باری كەسی ژمارە (188) ساڵی 1959 كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

سەرەتا لەبەر ئەوەی بەرێز كاك فرسەت غائیبە لەبەر نەخۆشی ئینشاء الله زوو چاك دەبێتەوە بە پێی پەیڕەوی ناوەخۆ دەبێ سكرتێرێك دابنێین، بە ئیجازە رۆیشتووە و غائیبەكەی لەبەر نەخۆشیەكەیە ، چەندین جاریش وا بووە، جارێك كاك شێروانمان هەڵبژارد و جارێكیشیان كاك فرسەتیش لێرە نەبوو كاك عەونیمان هەڵبژارد، ئێستاش كاك شێروان سەرۆكی فراكسیۆنە ناكرێت ئەو هەڵبژێرین، من پێشنیاری كاك عەونی دەكەم، ئەگەر كەس ئیعتیرازی نەبێ؟ كاك عەونی پێشتریش كردوویەتی و هەر دەبێ یەكێكی شارەزا بێت لێرە، ئەگەر كەس ئیعتیرازی نیە و پێشنیارێكی تری نیە دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كاك عەونی بە ئیش و كاری سكرتێری هەڵسی بە وەكالەت دەستی بڵند بكاتەوە تكایە؟ فەرموون، كێ موعتەریزە؟ بە كۆی دەنگ، فەرموو كاك عەونی شوێنی خۆت بگرە، با دوو كەس لە لێژنەی یاساو سەرۆكی لێژنەی ئەوقاف و سەرۆكی لێژنەی مافی مرۆڤ بێن لە شوێنی خۆیان لەسەر مینەصە دابنیشن، دوو ئەندامیش لە لێژنەی ژنان، یاسای باری كەسێتی ئەوەندە مێشكی گرتووینە ئەو چەند رۆژە ناوی لێژنەی ژنانیش وای لێهاتووە، پێش ئەوەی دەست بە دانیشتنەكەمان بكەین بەخێرهاتنی هەموو ئەو ژنان و

ئافرتان و خوشكان و  خانمان دەكەم كە لەگەڵمان ئامادەن، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، خوشك و برایان ئەندامانی پەرلەمان، دانیشتنی ئەمڕۆمان بۆ بڕیار دانە لەسەر هەندێ خاڵ بۆ هەموار كردنی یاسای باری كەسی كە یاسایەكی زۆر گرینگە، ئەوە چەندین كۆبوونەوەی بۆ كراوە لە لایەن لێژنەكانەوە، پێشتر ئەو پرۆژەیە كە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئامادە كرابوو و نێردرابوو بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان، ماوەیەكی زۆریش ئەوان چەندین كۆبوونەوەیان بۆ كردووە و كۆنفرانسیان بۆ كردووەو خەڵكی شارەزایان بانگ كردووە، دواتر پرۆژەكەیان بۆ ئێمە ناردۆتەوە، ئەوەی ڕاستی بێت ئەوانیش نە گەیشتونەتە ڕەئیەكی هاوبەش، بۆیە پرۆژەكەیان بەو شێوەیە ناردووە، لە هەندێ خاڵدا كە گرنگن نەیان توانیوە یەك ڕەئی پەیدا بكەن،بە دوو ڕەئیەوە بۆ ئێمەیان ناردووە، دوو ڕەئیەكەش لەلایەن لیژنەكانەوە تاوتۆی لەسەركراوە، لێرەشدا ڕەئی جیا جیا هەیە، ئێوەش هەمووتان ئەو پرۆژەیەتان لایە، داواتان لێدەكەم دیراسەتان كردبێت، بڕیاری پێویستی لەسەر بدەن، لەگەڵ گەڕانەوە بە تێگەیشتن، لە لایەكەوە یاسا، عەدالەت، یەكسانی كۆمەڵگا، ئاین، هەموو ئەو مەسەلانە لەو پرۆژەیەدا دێنە پێشەوە، دەبێت بە ویژدانەوە، بە ڕۆشنبیریەكی بەرزەوە، بە هەوڵدان بەرەو پێشكەوتنی كۆمەڵگا، بەرەچاو كردنی تایبەتمەندی كوردەواری، گۆمەڵگای كوردەواری خۆمان، ئەو یاسایە بێتە باس كردن و بڕیاردان لە سەری هەنگاوێك بێت بۆ پێشەوە چوون، هەنگاوێك بێت بۆ نەهێشتنی ئەو نا عەدالەتیە بەرامبەر بە بەشێك لە كۆمەڵ دەكرێت، هەنگاوێك بێت بۆ ڕێز لەیەك گرتن، لە هەمان كاتدا هیچ دژایەتیێك و دەرچونێك نەبێت لە ئاین و قورئانی پیرۆزو سوننەی نەبەوی، نەك ئەوەی فوقەها دەیڵێن، چونكە فوقەها ئیختیلافیان هەیە، لە شوێنێكی وەكو ئێرە كە یاسایەك دەردەكەین ناتوانین ڕەئی فوقەها بێنین بیكەینە یاسا،ئەگەر خیلافمان هەبوو ئێوە نوێنەری میللەتن، قرارەكەتان قرارێكی گرنگ و مێژوویيە، ئەمڕۆ هەرشتێك لە بەرژەوەندی خەڵك دابێت بەرەچاو كردنی ئەو بنەمایەی كە باسمان كرد، بە ویژدانەوە بڕیاری بۆ بدەن، وەكو وتم بۆ پێشەوە، بۆ نەهێشتنی ئەو هەموونا عەدالەتیەو زوڵمەی بەرامبەر بە ژنان كراوە و دەكرێت، داوا دەكەم لیژنەی یاسایی، لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان، لیژنەی مافی مرۆڤ ، لیژنەی ئەوقاف، من داوام لێكردبوون كە بتوانن ڕاپۆرتەكی هاوبەش پێشكەش بكەن، بەلأم ئەوانیش دیارە ئیختیلافیان هەیە،بۆیە نەیان توانیوە ڕاپۆرتەكەیان یەك بخەن،وابزانم تەنها لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف ڕاپۆرتەكی هاوبەشیان هەیە، لەبەر ئەوەی دوو لیژنەن بەیەكەوە، پێشەكی داوا لەوان دەكەم ڕاپۆرتەكەیان بخوێننەوە، لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان بیخوێننەوە، ئینجا لیژنەی مافی مرۆڤ ڕاپۆرتی هەیە با بیخوێننەوە، فەرموو كاك خەلیل ڕاپۆرتەكەتان ئەسلی مەشروعەكە،مادده بە مادده ئەسلی مەشروعەكە بخوێننەوە، دوایش لیژنەكان ڕەئیەكانیان لەسەری بخوێندرێتەوە، سۆزان خان نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی ژنان لیژنەی تایبەتمەندە، مەفروزە تەقریری ئەوان لە پێشدا بخوێندرێتەوە و دوایش تەقریری لیژنەی یاسایی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادام لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی یاسایی، ڕاپۆرتەكەیان ڕێك نە خستووە، لیژنەی ژنانیش یەك ڕاپۆرت نیە، كەواتە چەند راپۆرتێكی جیایە و پێویستە بەراستی بۆ ماوەیەكی تر دوابخرێ، بۆ ئەوەی باش دیراسە بكرێ و بگاتە نەتیجەك، ئەوجا بێتە پەرلەمان، بەراستی ئەو هەموو رەئیە جیایە لێرە بە باشی نازانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە چەندین جار دواخرا هەر لەبەر عەینی شت و حكومەت نەیتوانی یەك رەئی هەبێت، فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە زۆربەی پرۆژە یاسایاكاندا وەزیری پەیوەندیدار ئامادە بووە و لەو پرۆژە یاساییە وەزیرانی پەیوەندیدار ئامادەیان نیە، بۆ چی؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەزیری پەیوەندیدار كێیە پێم بڵێ؟

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ژنان، وەزیری ئەوقاف، وەزیری داد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەزیری مافی مرۆڤیش ئیزافە بكە، وەزیری دادیش ئیزافە بكە، من ئیشارەتێكم بە قسەیەك كرد ئەگەر ئینتیباهی بەو قسەیە بكردبا ئەو قسەیەی نەدەگوت، ئەویش وتم حكومەت كۆبوویتەوە و ماوەیەكی زۆر موناقەشاتیان كردووە و كۆنفرانسیان گرتووە و نەگەیشتوونەتە رەئیەك، دوو رەئیان ناردووە، وەزیرەكانیش بانگ بكەین و ئەوانیش دوو رەئی بدەن، ئەوە رەئی حكومەتمان لایە و وازیحە، دوو ئیقتیرحیان ناردووە و وەزیریش لێرە بێت و عەینەن موناقەشە لەسەر ئەو ئیقتیراحە بكەن؟ بۆیە یەك

وەزیریش نیە تەعبیر لەوە بکات، دوو وەزیریش نیە، ئەو موشکیلەیە لە ئەنجومەنی وەزیران نەیانتوانیوە ڕێك بکەون وەك پرۆپۆزەڵیان ناردووە، بۆیە بانگمان نەکرد، قسەکەی کاك عوسمان لەبەر ئەوەی چەندین جار دوا کەوتووە و موناقەشەمان کردووە و ناگەنە نەتیجە، دەبێ بڕیاریشی لەسەر بدرێ، کاك خورشید فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەك کاك عوسمان وتی و جەنابیشت تازە فەرمووت، مەجلیسی وزرا نەگەیشتووتە قەرارێك ئیجماعی لەسەر بێت، هەتا لێژنەی قانونیش لە بەعزێ نوقات خیلافیان هەیە، هەتا لەگەڵ ئەوقافیش و لێژنەکەش لە بەعزی نوقات خیلافیان هەیە، بە ڕەئی من ئەو موناقەشە زۆری دەخایەنێ کە خیلافات هەیە و ڕەئی جودا هەیە، لێرە چۆن حەسم دەبێت بە سەد کەسی؟ مەجلیسی وزرا بە دە، پانزە کەس و لێژنەی قانونی کە 12 کەسن نەیانتوانیوە حەلی بکەن، بە ڕەئی من زۆر دەخایەنێ، نازانم یەعنی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.شوکریە نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم خیلافاتە من بە شتێکی سیحی دائەنێم، دونیا بریتیە لە فرە ئایدەلۆژیا، دونیا بریتیە لە فرە حیزب، بریتییە لە فرە فەلسەفەیی، لەبەر ئەوە ئەمە سیحیە، خاڵی دووەمیشم بەراستی لەبەر ئەوەی لێژنەی مافی ئافرەتان، ئەوان ئەوە چەندین مانگە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەموو یەکیان گرتووە و هەروەها لەگەڵ پیاوانی ئایینی چەندین کۆنفرانسیان گرتووە، من پێم باشە ئەوان لە پێشتر ڕاپۆرتەکەی خۆیان بخوێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك باپیر.

**بەڕێز باپیر کاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو خیلافە جیاوازە لە خیلافاتی پێشتر لەگەڵ لێژنەکان و لەگەڵ کارەکانی تر، ئەوە کارێکی حەساسە، گۆڕانکارییەکی گەورە دەبێت، بۆیە منیش تەئیدی کاك عوسمانی دەکەم، پێشنیار دەکەم کە ئەو جەلسەیە تەئجیل بکەین و زیاتر لەسەری ڕابوەستێین، بێگومان ئەمڕۆ ئەو قۆناغەی کە ئێمە تێداینە، تەبایی سیاسیمان لێ دەخوازیت، زامنی تەبایی سیاسی، تەبایی کۆمەڵایەتیە، ئەوە دەبێتە مایەی نا تەباییەکی زۆر، خیلافێکی زۆرە، بۆیە من پێشنیار دەکەم و تەئیدی کاك عوسمان دەکەم بۆ تەئجیل کردنی زیاتر، چونکە هەر ئەوە نیە چ لە ناو حکومەتدا ئەو خیلافە هەیە و چ لە ناو لێژنەکاندا و چ لە ناو

پەرلەماندا، پێش ئـەوەی بگەیـەنێ دەبـێ کۆبوونـەوەی زۆری لەسـەر بکرێـت هـەم لـە لێژنـەکان و هـەم لـە فراکسیۆنەکان، بۆ ئەوەی بگەینە سیغەیەکی مامناوەندی، ئینجا بێین موناقەشەی بکەین لێرە، سـەرکەوتوو تر دەبێ و کاملتر دەبێ و باشتر دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ الله فەرموو.

**بەرێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللاّ منیش هەمان رەئی کاك عوسمان و کاك باپیرم هەیە، مـومکین نیـە ئێمـە شـتێك موناقەشـە بکـەین و نوێنەری حکومەت ئامادە نەبێ، وا بزانم لە چ جەلسەیەکی ئـەو شـتانەمان نـەکردووە و حکومـەتیش یـەك رەئی نەبێ، دوو رەئی هەیە، ئێستا لای ئێمە گەلاّڵە بووە کە حکومەت دوو رەئـی هەیـە، بـە قەناعـەتی مـن داوا بکەین هەم رەئیەکەی حکومەت بە یەك رەئی بۆمـان بێـت و هـەمیش نوێنـەری حکومـەت لێـرە حـازر بێت بۆ موناقشەی و هەر سێ وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەرێز گێلاس محی الدین حمە غریب:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژە یاساییە زۆر دەمێکە موناقەشەی لەسەر دەکرێ و ئەو رەئیە تا ئێستا چۆن هـاتووە هـەر وایـە و چەند جاری تر لەسـەری دانیشـین، بـە کـۆ و بـە تـاك لەسـەری دانیشـین هـەر وا دەردەچـێ، نەتیجـەی ئـەو یاسایەش قاعەکە خۆی تەحەکومی پێ دەکات، دەنگدان تەحکوم دەکات، بۆیە من پێشـنیار دەکـەم تـەئجیل نەکرێ و با وردە وردە لەسەری برۆین و کۆتایی بە یاسایەکە بێنین و، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەرێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر تەئیدی رەئی گێلاس خانی دەکەم، حەقیقەتەن ئەو خیلافە بەردەوام دەبێت لە نـاو پەرلـەمان و لە ناو حکومەت و لە ناو کۆمەلگا، دوو رەئـی هەیـە جیـاوازە، ئـەو دوو رەئیـە حەسـم نابێـت یـان دەبێـت قانونەکە رابگرین و بگەرێنەوە بۆ حکومەت، یان دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئەو دوو رەئیەش بەردەوام دەبێت، چونکە حەسمەکە دەبێ لە رێگای پەرلەمانەوە بێت و دەنگـدانیش موبـەریراتی خـۆی هەیـە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە ماوەیەکە هاتووتە پەرلەمان و ماوەی ساڵێکە ئیشی لەسەر دەکرێ، من هیچ موبەریرێکی نابێنم بۆ تەئجیلی، دوو: ئێمە و لێژنەی ئەوقاف چەندین کۆبوونەوەمان لەسەر ئەو پرۆژەیە کردووە و لە زۆر نوقات خیلافمان هەبووە و ئێمەش نەگەیشتووینە نەتیجە، رەنگە خیلافەکە بێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی پەرلەمان حەسمی بکات، جگە لەوەش ئێمە لە رووی شەرعیەوە ئەو پرۆژەمان زۆر بە باشی دیراسە کردووە، رەنگە لە زۆر خاڵی سەرەکی ئێمە لەگەڵ لێژنەی ئەوقاف گەیشتووینەتە یەك، بەڵام مەسەلە خیلاف بێت، ئەوە خیلاف هەر دەمێنێت و هەر مایە، ئەبێ پەرلەمان حەسمی بکات، سولتەی تەشریعیش خەڵك چاوی لێیەتی بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە حەسم بکات بەراستی، بۆیە من لەگەڵ تەئجیل نیمە و لەگەڵ ئەوەمە کە موناقەشەکە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی مەساری راستی خۆی وەربگرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا دوو موقتەرەح هەیە، موقتەرەحێك هاتووە دەڵێ با تەئجیلی بکەین دوو، سێ برادەر قسەی لەسەر کرد کە داوا دەکەن تەئجیل بکرێ بۆ ئەوەی زیاتر موناقەشەی لەسەر بکرێ، سێ برادەریش موبەریراتی ئەوەیدا کە بەردەوام بین لەسەری و قسەیان کرد و کاك شێروان ئاخیر کەس بوو، ئەو موقتەرەحەی کە داوا دەکات تەئجیل بکرێ دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە تەئجیل بکرێ با دەستی بڵند بکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەردەوام بین دەستی بڵند بکاتەوە؟ زۆرینە دەڵێ کە بەردەوام بین، بەردەوام دەبین، داوا دەکەم بۆ ئەوە زۆر ئیستیفادە لە وەخت بکەین، ئەگەر راپۆرتەکان هەمووی بخوێنینەوە وەختێکی زۆرمان لێ دەچێ بەراستی، لەبەر ئەوە لێژنەی یاسایی ئەصڵی پرۆژەکە مادده مادده بخوێنێتەوە، کە ئەسڵی پرۆژەکەی خوێندەوە و دوایی لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان رەئی خۆی لەسەر برگەکەی بڵێ، دواتر لێژنەی یاسایی و ئەوقاف راپۆرتی موشتەرەکیان هەیە رەئی خۆیان لەسەر بڵێن، ئینجا لێژنەی مافی مرۆڤ رەئی بڵێت، ئینجا ئەیکەینە موناقەشە، فەرموو کاك خەلیل ئەسڵی پرۆژەکە بخوێنەوە، کاك سعدالدین ئەسڵی ماددەکە بخوێنەوە دواتر لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان و دوایی لێژنەی یاسایی و دوایی لێژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**اللجنة المختصة بمراجعة قانون الاحوال الشخصیة المرقم 188 لسنة 1959 المعدل اللجنة البرلمانیة.**

**الباب الاول**

**الزواج**

**الفصل الاول/ الخطبة والزواج**

**المادة الثالثة: يوقف العمل بالفقرة (1) من المادة الثالثة ويحل محلها مايلي:**

**الزواج عقد بين رجل وامرأة يحل كل منهما للاخر شرعآ غايته تكوين الاسرة على اسس المودة والمسؤولية المشتركة وطبقآ لاحكام هذا القانون. اما الفقرات (4 و 5 و 6 و 7) من المادة الثالثة فيوقف العمل بها و تطرح اللجنة محلها مقترحين، وذلك لعدم التوصل الى اتفاق فيما يخص موضوع تعدد الزوجات وفيما يأتي كلا المقترحين:**

**المقترح الاول**

**تقييد تعدد الزوجات**

**لا يجوز الزواج بأكثر من واحدة الا بأذن القاضي ويشترط لاعطاء الاذن تحقق الشروط التالية.**

**1- قيام عذر مشروع يبرر التعدد كالمرض المانع من المعاشرة الزوجية او عقم الزوجة الثابت و ذلك بتقرير من لجنة طبية مختصة.**

**2- ان يكون لطالب الزواج الثاني امكانية مالية تكفي لاعالة اكثر من زوجة واحدة.**

**3- امكانية تحقيق العدل بين الزوجين في القسم و غيره من الالتزامات الزوجية المادية و المعنوية.**

**4- ان لا تكون الزوجة قد اشترطت عدم التزوج عليها في عقد الزواج الاصلي.**

**5- اذا تخلف احد الشروط المذكورة يعاقب الزوج او الزوجة و وولي الزوجة اذا كان مقصرآ بالحبس مدة لا تقل عن ستة اشهر و لا تزيد عن سنة و بغرامة قدرها عشرة ملايين دينار.**

**6- لا يجوز للقاضي الحكم بايقاف تنفيذ العقوبات المذكورة.**

**المقترح الثاني**

**منع تعدد الزوجات**

**1- لا يجوز تعدد الزوجات وفق احكام هذا القانون.**

**2- يعاقب كل من تزوج و هو في حالة الزوجية و قبل فك عصمة الزواج السابق بالحبس مدة لا تقل عن ثلاث سنوات و بغرامة قدرها عشرة ملايين دينار.**

**3- تعاقب كل من تزوجت برجل و هي تعلم انه في حالة الزوجية بنفس عقوبة الزوج.**

**4- يعاقب الوكيل في حالة ابرام عقد تعدد الزوجات بعقوبة الموكل و يعاقب ولي القاصر بدلآ منه في حالة التعدد.**

**5- لا يجوز للقاضي ايقاف تنفيذ العقوبات المذكورة.**

**6- تنفذ هذه المادة بعد مرور سنة من صدور هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان ڕەئی لێژنەی داکۆکی کردنی مافی ئافرەتان و ژنان، فەرموو

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاپۆرتی لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان:

عقدت لجنة المرأة في 2008/9/16 اجتماعاً مكرساً لمناقشة مشروع قانون تعديل قانون الاحوال الشخصية الذي احيل اليها بعد القراءة الاولى له في المجلس في 2008/9/10، لقد اجرت اللجنة مناقشة وافية للمشروع وتوصلت الى عدد من الملاحظات و المقترحات، قسم منها بالاجماع وقسم اخر بالاكثرية، نستعرضها امامكم:

1- المشروع مقبول بشكل عام مع الملاحظات المدرجة ادناه:

أ- ان معالجة المشروع الى حد ما لقضية عدم المساواة في الحقوق بين الرجل والمرأة داخل الاسرة واقراره بالمسؤولية المشتركة لها في بناء الاسرة وتسهيل شؤونها يعتبر خطوة متقدمة تنسجم مع اهداف العملية السياسية في اقليم كوردستان وآفاق تطورها الديموقراطي و المدني ويعبر عن رد بعض الجميل الى الامهات اللواتي دينهن في اعناقنا جميعاً بما يتحملن من عبء ومسؤولية في تنظيم شؤون الاسرة و الابناء وتنشئة الاجيال .

ب- المادة الثالثة الفقرة (أ): تقترح اللجنة اضافة كلمة تراضي بعد كلمة عقد وتقرأ الفقرة كما يلي:

الزواج عقد تراضي بين رجل و امرأة و ........الخ.

2- الفقرات(4-5-6-7) من المادة الثالثة هناك رئيان في اللجنة ، الاكثرية مع المقترح الثاني مع اضافة فقرة وكما يلي:

لا يعتبر زواج الرجل من المرأة الثانية عقداً صحيحاً وفق احكام هذا القانون، اما الرأي الاخر فهو مع المقترح الاول تقييد تعدد الزوجات مع اضافة فقرة وكما يلي: اذا اعتبرت الزوجة الاولى زواج زوجها بالثانية يشكل اضراراً بها.

ئەوە شەمسە خان وفەزیلە خان وکاك کەریم و برادەرێکی تر لەو کۆبوونەوەیە ئامادە نەبوون، دەربارەی ئەو فەقەرەیە ڕەئی نازانین، بەس لە پشتەوە تەحەفوزی نووسیوە، یەعنی نەیوتووە لەسەر چی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕاپۆرتەکەتان بە کوردی نەنووسیوە؟ لێژنەی قانونی و ئەوقاف فەرموون.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا خوشکی بەڕێزم د.ڕۆژان با ڕاپۆرتی موشتەرەك بخوێنیتەوە.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ڕاپۆرتەكە بە زمانی عەرەبیە، بۆیە هەر بە زمانی عەرەبی پێشكەشی جەنابتانی دەكەم.

الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان - العراق

تقرير اللجنة المشتركة

استنادآ الى حكم المادتين 39 و 46 من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان - العراق رقم (1) لسنة 1992 المعدل، اجتمعت اللجنتان القانونية و الاوقاف و الشؤون الدينية بصورة مشتركة ايام الثلاثاء والاربعاء والخميس المصادف 23/22/21 من هذا الشهر باغلبية عدد اعضاء اللجنتين لدراسة مشروع قانون تعديل قانون الاحوال الشخصية رقم 188 لسنة 1959 المعدل في اقليم كوردستان المقدم من قبل مجلس وزراء اقليم كوردستان و المحال الى اللجان المعنية بعد القراءة الاولى له في المجلس بجلسته الاعتيادية المرقمة (1) في 2008/9/10 وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنتان الى ما يلي:

1- تؤيد اللجنة المشتركة المشروع مبدئيآ وتقترح صياغة ديباجة له وترقيم مواده وتبويبه وتنظيمه وتبديل التسلسلات الرقمية بالكتابية واتباع نفس الاسلوب المتبع في تشريع القوانين والقرارت الصادرة من قبل المجلس الوطني لكوردستان - العراق .

2- تقترح اللجنة المشتركة تسمية القانون بقانون تعديل تطبيق قانون الاحوال الشخصية رقم 188 لسنة 1959 المعدل في اقليم كوردستان، لان القانون الاصلي صادر من قبل السلطة المركزية وخارج عن الاختصاصات الحصرية للسلطة الاتحادية .

ئەوە دوو ثيشنيار بوو كە لە راثؤرتي ليَذنەكاني تر نەهاتية، تەنها سيَيەم ئەوەى كە هەردوو ليَذنە ثيَشنياري خؤيان ثيَشكەش كرد.

فيما يتعلق بالمادة الثالثة من القانون والتي ستصبح المادة الاولى من المشروع فترى اللجنة المشتركة مايلي:

أ- تأييد ايقاف العمل بالفقرات (1-4-5-6-7) منها و احلال بدائل عنها .

ب- و بالنظر لورود بديلين عن الفقرات (4-5-6-7) ترى الاغلبية من اللجنة المشتركة الاخذ بالمقترح الاول القاضي بتقييد مقترح تعدد الزوجات بشروط.

ت- اما بالنسبة للفقرة (ه) الواردة في المقترح الاول فترى اللجنة القانونية بالاكثرية صياغتها كالاتي:

ه- كل من اجرى عقدآ بالزواج باكثر من واحدة خلافآ لما ذكر في الفقرات (أ- ب-ج- د) من ثانيآ المادة الاولى : يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن ستة اشهر ولا تزيد عن سنة وبغرامة لا تقل عن خمسة ملايين دينار ولا تزيد عن عشرة ملايين دينار ، اما بالنسبة للجنة الاوقاف و الشؤون الدينية فانها تقترح الاخذ بمبدأ الغرامة وحدها وحذف عقوبة الحبس.

د- تقترح اللجنة القانونية ابقاء الفقرة (و) كما جاء في المشروع بينما تقترح لجنة الاوقاف حذفها، وتكون صياغة المادة الاولى من المشروع كالاتي :

المادة الاولى: اولآ/ يوقف العمل بالفقرة (1) من المادة الثالثة من القانون رقم 188 لسنة 1959 المعدل في اقليم كوردستان و يحل محلها ما يلي :

أ- الزواج عقد بين رجل و امرأة يحل به كل منهما للاخر شرعآ غايته تكوين الاسرة على اسس المودة والمسؤولية المشتركة وطبقآ لاحكام هذا القانون.

ب- يوقف العمل بالفقرات (4 و 5 و 6 و 7) من المادة الثالثة ويحل محلها ما يلي:

لا يسمح بالزواج بأكثر من واحدة الا بأذن القاضي ويشترط لاعطاء الاذن تحقق الشروط التالية.

أ - قيام عذر مشروع يبرر التعدد كالمرض المانع من المعاشرة الزوجية او عقم الزوجة الثابت و ذلك بتقرير من لجنة طبية مختصة.

ب- ان يكون لطالب الزواج الثاني امكانية مالية تكفي لاعالة اكثر من زوجة واحدة.

ج- امكانية تحقيق العدل بين الزوجين في القسم و غيره من الالتزامات الزوجية المادية والمعنوية.

د- ان لا تكون الزوجة قد اشترطت عدم التزوج عليها في عقد الزواج الاصلي.

هـ- كل من اجرى عقدآ بالزواج باكثر من واحدة خلافآ لما ذكر في الفقرات(أ-ب-ج-د) من ثانيآ من هذه المادة يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن ستة اشهر و لا تزيد عن سنة و بغرامة لا تقل عن خمسة ملايين دينار و لا تزيد عن عشرة ملايين دينار.

و- لا يجوز للقاضي الحكم بايقاف تنفيذ العقوبات المذكورة في الفقرة (ه).

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس، لێژنەی مافی مرۆڤ، فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمان الرحيم.**

بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان - عێراق

بابەت/ راپۆرتی لێژنەی مافی مرۆڤ

لە 2008/10/16 و رۆژانی دوایی لێژنەی مافی مرۆڤ زنجیرەیەك كۆبوونەوەی یەك لە دوای یەكی ئەنجامدا بە مەبەستی تاوتوێكردنی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای باری كەسێتی ژمارە 188ی ساڵی 1959 ی هەموار كراو كە لە لایەن سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانەوە ئاراستەی لێژنەكەمان كرابوو، ئەمە و ئەندامانی لێژنەی مافی مرۆڤ بە شێوەیەكی گشتی هەموار كردنی یاسایەكەیان

لـە لا پەسـەند بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا پـاش دیراسـە كردنـی بڕگـەو ماددەكـانی بـەم شـێوەی خـوارەوە تێبینیەكانمان دەخەینە روو:

1- سەبارەت بە بڕگەی یەك لە ماددەی سێیەم لە پرۆژەی یاساكە، ئەندامانی لێژنە بە پەسندیان زانی كە لە دوای وشەی (المودة) وشەی (والرحمة) زیاد بكرێ.

2- سـەبارەت بـە دوو پێشنیارەكەی لـە پـرۆژە یاسـاكەدا هـاتووە دەربـارەی فـرە ژنـی، ئەنـدامانی لێژنـە بـە زۆربەی هەرە زۆری دەنگ پێشنیاری یەكەمی كە لـە پـرۆژە یاسایەكەدا هـاتووە پەسـەند كـرد، واتـە لێژنـە لەگەڵ بوونی پرنسیپی فرە ژنیە بە كۆمەڵێك مەرجەوە.

3- سەبارەت بە بڕگەكانی دی كە لێژنە هیچ تێبینیەكی نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ لێژنەی ئەوقاف زنجیرە كۆبوونـەوەكمان كـرد لەگـەڵ عولـەما و زانایـان، یـەعنی دانیشـتنی زۆر زۆرمان كرد لەگەڵ موختەصین، بە شێوەیەكی مەبدەئی وەكو لێژنەی یاسا ئەوە ئێمە لەگەڵ قانونەكەین و پشتگیری مەبدەئی دەكەین لەگەڵ ئەو تەعدیلە، ئێمە بەس ئەوەمان كردیە لازمە ناوی قانونەكەی بگۆڕین و بڵێین: (قـانون تعـدیل التطبیـق)، ئـەوە بـەگوێرەی دەسـتووری عێراقـی لـە مـاددەی 121 بڕگـەی دووەم، عینوانەكە وا دەبێت.

دووەم: صیاغەی دیباجەی دەكەین وەكو قەوانینی تر تەرقیم و تەبویب و تەسولسولەكەی تـر تـا بگونجێـت لەگەڵ ئەصڵی قانونەكە، وای دائەڕێژین.

سێیەم: ئێمە لەگەڵ تەعدیلی ئەو فەقەراتانەین ، یەك لە مەوزوعی تەعریف كـە گۆڕانكاریـەك بـوو پێشـتر باسی رابیتە موشتەرەكە بوو و باسی ئەوەیان كرد نەسل، ئەم دوو هەدەفـەیان دانـا بـوو، تەبیعیـە ئـەویش، بەڵام ئەوەی باسـی مـەوەدەو رەحمـەو مەسـئولیە موشـتـەرەكە ئـەوا موافیقـە لەگـەڵ مـەبادیئی ئیسلامی و لەگەڵ مەقاصیدی شەریعە لە ئیسلام و لەگەڵ دەقی ئایەتـەكان مـەوزوعی مەسـئولیە موشـتەرەكە، ئەگـەر ئێمە جیاوازی بكەین لە مەوزوعی میرات و ئەوانە، لێرە تەبعەن مەسئولیەی موشتەرەكە هـەردوو تـەرەفن و تەئسیسی كەیانێكی ئیجتیماعی دەكەن كە ئوسرەیە، ئەوە زۆر موهیمە، بە نیسبەت فەقەرەی (4-5-6-7) ئێمە لەگەڵ تەعدیلین، بەڵام دوو موقتـەرەح هاتیـە لـە حكومـەت، موقتـەرەحێك باسـی تەقیـدی تەعـەدود دەكات، با فرە ژنی هەبێت، بەڵام قەید هەبێت و مەرج هەبێت، موقتـەرەحی دووەم ئـەڵێ بـا بنـبڕ ببێـت و هەر نەبێت بەبێ قەیـد و شـەرت، ئـەوە تەحریمێكـە و تەجریمێكـە و عقوبەشـی بـۆ دانـراوە، ئێمـە لەگـەڵ موقتەرەحی دووەم نین، لەگەڵ موقتەرەحی یەكـەمین و ئـەوەش ئـەگونجێت لەگـەڵ مەقاصیدی شـەریعەی ئیسلامی و لەگەڵ ئەو شرووتانە لە ئایات و لە ئەحادیس هاتیە بۆ ئەو مەوزوعە، ئێمـە ئـەوە بـە واقیعـیتر

ئەزانین و زیاتر لە مەصڵەحەتی ئەحوالی شەخصی ئەزانین، چونکە شتی شەخصی چ بۆ پیاو  و چ بۆ ژن و موافق بێت لەگەڵ دەستووری عێراقی زیاتر ئەگونجێت و لەگەڵ مەبدەئی شەریعەی ئیسلامی زیاتر ئەگونجێت، بە نیسبەی فەقەرەی (هـ) ئەوەش سیاغەیەکی ترمان کردیە و گۆڕانکاریمان کردیە لە ئەصڵی مەشروعەکە، باسی عقوبەکە بۆ زەوج و زوجە و (ولي المقصر) هاتیە، ئێمە لەوێ عقوبەکە هەر کەسێ موشتەرەك بێت لەو عەقدە وەکیل بێت، یان شاهید بێت ئەوانە هەمووی ئەتراف موشتەرەکن لەو عەقدە موخالفی ئەو بڕگانەیە ئەوە عقوبە لەسەر ئەوانیشە، ئێمە ئەو تەعدیلاتانەمان کردیە لەسەر ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دوایی رچاوی ئەو قسانەی کاك خەلیل دەکەین، ئێستا چوار لێژنە، دوو لێژنە راپۆرتیان موەحەد بوو، لێژنەی یاسا و لێژنەی ئەوقاف، لێژنەی داکۆکی کردنی ئافرەتان و ژنانیش یەك بوو لەگەڵ لێژنەی مافی مرۆڤ، سێ لێژنە ئەکسەریەتی رەئیان ئەوەیە، موقتەرەحی یەکەم قبوڵ بکرێ کە تەقییدی زەواج بکرێ بەو شرووتەی کە هاتووە، ئەکسەریەت تەبعەن، لەوێشدا ئەکسەریەت و ئەقەلیەت هەیە، لێژنەی داکۆکی کردنی مافی ژنان و ئافرەتان رەئی وایە موقتەرەحی دووەم وەربگیرێ، ئەوە ئەکسەریەت رەئی وایە، پێش ئەوە دەبێ ئێمە ئەوەی یەکلایی بکەینەوە کامە موقتەرەحەمان قبوڵە؟ ئینجا کە موقتەرەحێکمان قبول کرد دەچینە تەفصیلاتەکەی و تەعدیلاتی دەکەین و تەعدیلات هاتووە لێرە و لەوێ، خۆی ئێستا موناقەشەکە لەسەر ماددەی سێیە، لە ماددەی سێ فەقەرەیەك هەیە داوا دەکرێت تەعدیلی لەسەر بکرێت، عەقدی زەواج تەرازیە یان تەرازی نیە؟ کە ئێمە ئەو دوو فەقەرەی دووەم کە موقتەرەحەکەیە حەسممان کرد، دوایی دێینەوە ماددەی سێ، هەمووی فەقەرە بە فەقەرە هین دەکەینەوە ، ئەو دوو موقتەرەحەکە هەیە، یەکەمیان ئەوەیە دەڵێ زەواجی دووەم تەقیید بکرێت، یەعنی شرووتی بۆ دابنرێ و شرووتەکانیان نووسیوە، چەند شرووتێکە و هەندێ لە لێژنەکانیش شرووتی تازەیان هێناوە، دووەم پێشنیار ئەوەیە کە دەڵێ قەدەغە بکرێ بە نیهائی، ژنی دووەم قەدەغە بکرێ، گوێتان لە راپۆرتی لێژنەکان بوو، سێ لێژنە بەئەکسەریەت موقتەرەحی یەکەمی پێ باشە، یەعنی تەقیید بکرێ بە شرووت، لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان بە ئەکسەریەت پێی باشە قەدەغە بکرێ، موقتەرەحی دووەم، جا بۆیە دەبێ ئەوە حەسم بکرێ، ئەگەر کەسێك قسەی لەسەر ئەوە هەیە، ئەگەر نا دەیخەمە دەنگەوە، بیخەینە دەنگەوە موقتەرەحی یەکەم یان دووەم؟ کاك زانا نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز  قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەسەلەیە نابێ بخرێتە دەنگدانەوە، مەسەلەیەکی نیزامیە، قابیلی ئەوە نیە دەنگی لەسەر بدرێ، لەبەر چەند بەڵگەیەکی خوارەوە ئەگەر ئیزنم بدەی روونی دەکەمەوە:

**یەکەم/ لا اجتهاد في مورد النص:** ئەگەر هاتوو دەقێکی سابیت و وازیح هەبێ بە هیچ شێوەیەك بواری ئیجتیهادی تێدا نەماوە، نەصەکەش (فانکحوا ما طاب لکم من النساء) نەصێکی زۆر وازیح و صەریحە.

**دووەم/** دەستوور لە ماددەی دوو رێگا نادات هیچ ماددەیەك دەربچێ پێچەوانەی ئەحکامی ئیسلام بێت، هیندۆسیەك یان بوزیەك لێی بپرسی دەزانی لە ئیسلام تەعەدود هەیە، بۆتە شتێکی بەدیهی و هەموو خەڵك دەزانێ تەعەدود هەیە، جا موقەیەد یان نا موقەیەد ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ماددەی 41ی دەستوور کە دەڵێ: پێویستە قانونی ئەحکامی شەخصی دابندرێ بە پێی مەزاهیب و ئەو تائیفانەی کە هەیە، ئێمەش وەکو موسڵمان جگە لە هەشت ئەندامی بەرێزی ئێرە کە غەیرە موسەڵمانن، قانونی ئەحوالی شەخصی بۆ موسڵمانان دادەنیین و ئەوەی لێ دەخوێنینەوە و نابێ ئەو قانونە لە چوار چێوەی ئیسلام و شەریعەتی ئیسلام دەربچێ، تەشریعاتی هەموو دەوڵەتە ئیسلامیەکان جگە لە تونس کە سیستەمێکی خراپە، لەوێ نوێژ کردن لە مزگەوت بە بیتاقە و بە هەویەیە، ئەگەر نا لێت ناگەڕێن بچیە مزگەوت، لەچك قەدەغەیە، نیزامێکی نا دیموقراتیە ناکرێتە قدوەو میسالی ئێمە، پاشان کە نەص هەبێ نەصیش هەیە دەڵێ نابێ بە پێچەوانە بێ: (ماکان لمؤمن و لا لمؤمنة اذا قضی الله و رسوله امراً ان یکون لهم الخیرة من امره) هیچ ئیمانداریك چ ژن بێت، چ پیاو، ئەگەر هاتوو خواو پێغەمبەر قسەیان لە مەوزوعێك بریەوە بۆی نیە جارێکی تر قسەی لێ بکات، پاشان خوا دەفەرمووی:(یا ایها الذین امنوا لا تقدموا بین یدي الله ورسوله) ئەوە کە خۆی پێ ئیمانداره ناتوانێ شتێك بکات کە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فیکرەکەت گەیشت کاك زانا عەفوم دەکەی تۆ داوای نوقتەی نیزامیت دەکرد و ئەوە شەرحە، فەرموو جەنابت. نوقتەی نیزامیەکەت ئەوە بوو کە نابێ بخرێتە دەنگدانەوە چونکە ئەوە نەصێکی هینە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیدایەتەن من لێرەوە بە ناوی خۆم قسە دەکەم، کەس بۆی نییە موزایەدە لەسەر ئیسلامەتی لەسەر ئەو هەموو خەڵکە بکات ، ئەوە یەك، مەوزوعی دووەم حەق وایە جەنابت چەند کەسێك لەوبەرەو چەند کەسێك لەولایە قسە بکەن لەسەر ئەو مەوزوعە، ئینجا بدرێتە تەصویت، نەك یەکسەر بدرێتە تەصویت و کەس نەزانێ مەسەلە چیە بەڕاستی، بۆیە من حەز دەکەم ئیتیجاهی موناقەشەکە بەو شێوەیە بڕوات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا من قەرارم نەدابوو کە بیدەمە تەصویت، من شەرحی رەئی لێژنەکانم کرد، سێ لێژنە بە ئەکسەریەت رەئی وایە و لێژنەك رەئی وایە، بۆیە وتم بیخەینە تەصویت، یان قسەی لەسەر بکەین؟ ئەگەر هەموویان وتیان تێگەیشتینە دەکرێ یەکسەر بیخەینە تەصویت، ئەگەرنا پێویست بە موناقەشە دەکات، ئێستا دەڵێین

پێویست بە موناقەشە دەکات، تکایە ئەوەی داوای نوقتەی نیزامی دەکات، نوقتەی نیزام بێت، ئەگەرنا وەکو کاك زانا شەرحمان بۆ نەکات، فەرمووو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی کە کاك زانا لەگەڵ ڕێـزم بـۆی ئیستیفادەی کـرد لـەو مینبـەرە ئـازادە و ئاراسـتەی جەوەکـەی گۆڕی، داوا دەکەم لە پەخشان خان وەڵامی هەبێ بۆ ئەم قسانە، چونکە ئاراستەی جەوەکە دەگۆڕدرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان جوابی دایەوە، پێویست ناکات، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی قسەکانی کاك شێروان دەکەم، قبـولم نیـە کـەس لێـرەوە موزایـەدەی ئیسـلامەتی بەسـەرمان بکات، چونکە ئێمە هەمووومان ئیسلامین و هەمووشمان لە کۆمەڵگایـەکی ئیسـلامیداین و شـتێکیش ناکـەین خیلافی شـەریعە بێـت، چـۆن کـاك زانـا کۆمـەڵێك ئایـەتی هێنـاوە، ئێمـەش کۆمـەڵێك تـەبریرمان هەیـە کـە نەخستنە دەنگی شەرعە و نە مەنعیشی خیلافی شەرعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵلا منیش تەوزیحێك دەدەم بۆ قسەکانی کاك زانا، منیش قسەکانم دەخەمە پاڵ کاك شێروان و کوێستان خان، هەمووومان موسڵمانین و خوا دوایی قەرار دەدات کێ موسـڵمانە لـە ئـەوەی تـر، هـەمووشمان پابەنـدی قورئانی پیرۆزین، ئایینی ئەو وڵاتەیە، بەڵام موسڵمان 1400 ساڵە فوقەهاء دێن تەفسیری ئایـەت دەکـەن و حەدیس دەکەن، ئارائیان جیاوازە، بۆیە مەزاهیب دروست بووە؟ لە ناو مەزهەبی سوننی دا چوار مەزهـەبی گەورە هەیە، جیاوازن لە بۆچوونیان، پەرلەمان بۆی هەیە خیلافی ئەوەی کـە کـاك زانـا وتـی یاسـا دەربکـات لەسەر هەموو شتێك، بەڵام بە شەرتێك دژی ئایینی پیرۆز نەبێت، ئەوە لە دەستووری عێراقدا هەیە، بـەڵام تۆ بڵێی حـەق نیـە موناقەشـە بکـرێ و بیخاتـە دەنگدان، ئـەو رەئیـەت قبـوڵ نیـە بەراسـتی، چـونکە ئێمـە ئیشـمان لێـرە ئەوەیـە، ئیشـمان لێـرە تەشـریعە، ئیشـمان لێـرە یاسـا دەرهێنانـە، ئەگـەر شـتێکمان کـرد دژی قورئان بوو، ئەو کاتی بڵێ ئەوە دژی ئەو نەصە ئایەتە پیرۆزەیە، ئەو وەختی دەیکەینـە موناقەشـە، حـەقت دەبێ و ئەو وەختی حەقت دەدەینێ، بەڵام هیشتا تۆ موسبەقەن پێت وایە ئێمە دژی ئـایین دەنـگ دەدەیـن، ئەوە ناحەقی لەوەدا، ئێستا شەش، حەوت کەس با قسە بکات لەسەر ئـەو دوو موقتەرەحـە کـە زیـاتر روون بێتەوە پێش ئەوەی بیدەینە دەنگدان، کاك طارق فەرموو نووقتەی نیزامیت.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

که دەڵێین هەموومان موسڵمانین، بەڵام هەشت کەس لێرە پێنجی مەسیحیەو سێی یەزیدیە، دەبێ بڵێین زۆرینە نەك هەمووومان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامیەکەت لە جێیەتی، دەست خۆش، زۆرینەمان موسەڵمانین، ڕاست دەکات، بەڵام چاوم گێرا برا مەسیحیەکانم نەدیت بەڕاستی، دەنگ دەدەم بە فراکسیۆنەکان، لەبەر ئەوەی ناکرێت 50 کەس قسە بکات، بۆ ئەوەی ئەو موفتەرەحە قسەی لەسەر بکەین و بیخەینە دەنگدان، یان نا، ناکرێت هەمووتان قسەی لەسەر بکەن، کاکە ناوتان دەنووسم، با هەمووتان قسە بکەن، فەرموو نوقتەی نیزامی شەمسە خان.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام شتەکە مەعلومەو لە دوو میحوەر ئەخولێتەوە، تەقییدەکە لەگەڵ مەمنووعەکە جەنابتان لەو ناوە ئیختیار بکەن، سێ لەم تەرەف و سێ لەو تەرەفە قسە بکات، وەختەکە ئەگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قبوڵیان نەکرد، من وا من گوت، وتیان دەبێ هەموو قسە بکەن، بۆ ئەو قانونە لەبەر ئەوەی گرینگە سەبرمان هەیە، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا داواکارم جەنابت و برادەرانیش وشەی لیژنەی ئافرەتان و ژنان بەکار نەهێنن بەڕاستی، ئینسان هەموو جار زەینی بۆ دوو شت دەچێت، دوو ڕێکخراوە یەك بەناوی ئافرەتان، یەکێکیش بەناوی ژنان، هەر ئافرەتان، یان ژنان بەکار بێنن، هەردووکی بەکار دەهێنرێت ئەوە حەق نییە بەڕاستی، ئەوە یەك.

دوو/ ئەوە چەند جارە بەناوی نوقتەی نیزام برادەرێك هەڵدەستێت دەرفەت دەزانێ قسەکانی خۆی دەکات و بیرو بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت، حەق وایە زووتر قسەکانی پێ ببڕیت، سەبارەت بە قسەکانی کاك زانا، بەڕاستی بۆنی تەکفیر کردنی ئەو پەرلەمانەی لێ دێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز وەڵامی درایەوە، تکایە بڕۆ بۆ مەوزوعەکە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا گفتوگۆ کردن لەناو پەرلەمان قەدەغە بکرێتن، ئێمە لە دەستووردا باسی بەندێکی دەکات، لە دەستووردا بەندی دووەمی دەڵێت: نابێت یاسایەك دەربچێت دژی پرەنسیپەکانی دیموکراسی بێت، یەکێك لە پرەنسیپەکانی دیموکراستی دیالۆك و گفتوگۆ کردنە، یەعنی بە قسەی کاك زانا بێت، دەبوایە ئێمە ئێستا

لێرە ئەو گفتوگۆیە نەکەین لە لایەکدا دوو بۆچوون هەیـە، هـەردوو بۆچـوون وەکـو دەڵێن لـە ژێـر سـایەی شەریعەتی ئیسلامی دەرنەچووینە، هەردوو بۆچوون وەکو یەکن، بەڵام ئەو ئیجتیهادێکی هەیە، یەکێکی تر ئیجتیهادی دیکەی هەیە بۆ حەدیسێك، یان بۆ سونەتێك، حەق نییە حەدیس و ئیجتیهادی زانایان کە هـەر کەسێك بەسەر مندا بسەپێنێ وەکو لە سەرەتادا باسمان کرد، ئەوە یەك.

دوو/ باسی ئەوە دەکرێت، ئایا دەکرێت ئێمە باسی ئەوە بکەین (ولا تقربوا الصلاة)، یـان دەبێـت (ولاتقربـوا الصـلاة وانـتم سـكارى)، ئەگـەر یاسـا دژی شـەریعەتی ئیسـلامی نـەبێت، دەبێـت دژی پرەنسـیپەکانی دیموکراسیش نەبێت، حەقیقەتێك هەیـە دەبێـت ئێمـە بیـزانین، یـەعنی ئـەو یاسایە پێویستی بـە هـەموار کردن هەبوو، ئەگەر پێویستی بـە هـەموار کـردن نەبوایـە، یاسـا هەیـە لـە ساڵی 1959ەوە هـەبووەو کـاری پێکراوە، هەنـدێك بەنـدی کـاری پـێ نـەکراوە هـەبووە، بۆچـی کـاری پـێ دەکـرێتن، بێگومـان لەبـەر ئـەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، هەلومەرجی سیاسی، هەلومەرجی ئابووری ئەو کۆمەڵە گۆڕاوە، کە گۆڕاوە دەبێت ئێمـەش یاسـایەکان لەگـەڵ ئـەوە بگـۆڕین، دەبێـت ئێمـە لـە بیرمـان نەچـێت کاتێـك یاسـایەك دەردەچـێت وەزارەتمان هەیە بەناوی مافی مرۆڤ، لیژنەیـەکمان هەیـە بـەناوی مـافی مـرۆڤ، پرەنسـیپی هـەموو حزبـەکان بەناوی مافی مرۆڤە، من لێرەدا دەڵێم داکۆکی کردن لە فرەژنی، یەعنی داکۆکی کردنە لە هێشتنەوەی زوڵـم دژی مرۆڤ، پێچەوانەکەشی واتا پاراستنی مافی مرۆڤ، پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ یەکێکە لـەو پرانسـیپانەی چ حکومەت بەرزی کردۆتـەوە، چ حزبـەکانمان بـەرزی کردۆتـەوە، چ لـەناو خـودی پەرلـەمان گرنگـی پێـدراوە بۆیە لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە، ئەوە بیرو بۆچوونی منە، لەبەر ئەوە من داواکـارم لـە کۆتاییـدا یـەك/ ئەوە لەبەر چاو بگرین هەلومەرجی سیاسی ئێستاو هەلومەرجی دیموکراسی سیاسی ئێستا ئەوە دەخوازێت، یەك/ وەکو ئەو دیموکراسیانە دیالۆك بکەین.

خـاڵی دووەمیشـم/ ئەوەیـە هەلومەرجەکە گۆڕاوە، دەبێـت ئێمـە چـۆن وشـەی دیموکراسـیمان لـەو وڵاتانـە وەرگرتووە، دەبێت بزانین ناوەڕۆکەکەشی بە هەمان ناوەڕۆکی ئەو وڵاتانەی وەرمانگرتووە پێویستە لێـرەدا جێ بەجێی بکەین.

خاڵی سێیەمیشم/ دووبارە قبول نییە، یەعنی هیچ کەسێك نە موزایـەدەی دیـنی، تەئیـدەن بـۆ قسـەی کـاك شێروان، نە موزایەدەی دینی لەسەر بکات، نە بەناوی دین لایەنێك لە لایەنـەکان لـە کۆمـەڵ دوور بکاتـەوە، ئێمە ئەکسەریەتمان موسڵمانین و پابەندین بە شەریعەتی ئیسلامی و بە قورئانی پیرۆزو بە فەرموودەکانی پێغەمبەر، بەڵام ئەو قانونە قانونێکە بۆ کۆمەڵ دادەنێین، بۆ مەسەلەی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو موناقەشانەی ئێستا ئەو هـەموو ئەندامـە بـەڕێزە داوایـان کـردووە، ئەگـەر بـەو تەریقـەی کاك ئارێز بێتن هیچمان نەکرد، دوایێ دێینەوە دیسان یەك موقتەرەح قـەبول دەکـەین، عـەینی موناقەشـە دەکەینەوە، لەبەر ئەوە بە موختەسەری من پێموایە شـەش، حـەوت کـەس قسـەی بکـاتن بەسـە، بـۆ ئـەوەی بتوانین بچینە سەر ئەوانی ترەوە، کاك مەلا ئەنوەر فەرمووە.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت باسەكە، تەبیعی هەموومان دەزانین كە لیژنـەكان زۆر زۆر مانـدوو بووینـە، هـەموو حكومـەت و لیژنـەكان و پەرلـەمان هـەموویان جهـودێكی زۆریـان كـردووە، هـەمووشمان موتـەفیقین لەگـەڵ ئـەوەی كـە پەرلەمانی كوردستان نوێنەرایەتی گەلی كوردو گەلانی تر دەكات لـە كوردسـتاندا، پێویسـتیمان بـەوە هەیـە كە خەڵك ئینتیزاری ئێمە دەكات، كە ئەو شتانەی قازانج و مەسڵحەتی كۆمەڵگای هەیـە، پەرلـەمان وای بـۆ دەچێت و تەسەور دەكات، كە ئەو یاسایە جێ بەجێ دەكرێت، ئەوە دابنرێت، نەك هەر دەرچوونی یاسایەك وەكو خۆی بمێنێتەوەو تەتبیق نەكرێت.

خاڵێكی تر، ئەوەیە ئەوەی كـە كـاك زانـا خوێندیـەوە، تـەبیعی ئـەوە خوێندنـەوەی ئایەتـەو رەئیـە، یـەعنی مەوزوعێك نییـە بچێتە ئـەو بابەتـە، ئێمـە لێـی بخوێنینـەوە، ئـاوا دەرناچێت، بـەڵكو تەوزیحێكـەو حـەقی خۆیەتی كە تەوزیح بدات بەگوێرەی ئەو ئیقتیراحاتانـەی كـە دەكرێت، مەسـەلەی ئـەو دوو موقتەرەحـەی كراوە، مەوزوعی تەعدود بە شروت بێت، یان بە مەنع بێت، تەبیعی هـەر یـەك لـەو دوو مەرجانـە، ئەگـەر تەماشای یەكەمیش دەكەیت مەرجەكان ئەوەندە تەعجیزین هەر بۆنی مـەنعی لـێ دێت، ئەوەنـدە مـەفتوح نییە بڵێت وەڵلا بەشێوازێكە، هەر ئەو قسە خۆشەتان بۆ بگێڕمەوە، كابرایەك گوێی لێ بوو مامۆستا باسـی پردی سیراتی دەكرد گوتی لە شیر تیژترەو لە موو باریكترە، گوتی بەخوای هەر ناچینە بەهەشـتەوە، گوتی ئەگـەرنا ئـەو هـەموو تیـژی و باریكیـە بـۆ چیە، مەرجـەكان ئەوەنـدە قورسـن زۆر بـە زەحمـەتن لەسـەر قەزیەكان، لەبەر ئەوە ئێمە تەماشای دەكەین لە هەمان كاتدا دەبێت ئەو خەڵكەی خۆمان و دەوروبەر وەكو كـاك ئـارێز ئیشـارەتی پـێ كـرد مەسـەلەی سیاسـیەكانیش تەماشـا بكرێـت و لـە واقیعێـك داینـە هـەر چوار دەوروبەرمان و خۆمان شتێكی وا نەكـەین خـەڵك، یـەعنی بـۆنی ئـەوەی لـێ بـێ، هـەر بـەخۆشمان زۆر بـەو شێوازە نین، یەعنی خەڵكێك هەیە میللەتی كورد تاكو ئێستا بە كافر، بە مورتەد لە قەڵەم دەدرێت، شتێكی وا بكەین لەوانەیە موبەریراتی زیاتر و خـراپتر بێـت، ئینجا پەرلـەمان بـاس لـە باسـی هـەموارە، تـۆ ئێسـتا مەنعی بكەیت، بەیانی دەردەكەوێت، خۆ پەرلەمانێك هەیە دێتەوە، دەتوانێت ئەو مەنعـەی چ لـێ بكاتـەوە، بەڵام ئێستا تۆ بە مەرجی دادەنێیت، هەم لە سنووری ئایەتدا، چونكە ئایەت بە مەرجی داناوە (وان خفـتم ان لاتعدلوا فواحدة) خۆی مەجالی مەرجی داوە، ئەو مەرجانەی كە باس كـراون دەبێتـە مایـەی ئـەوەی كـە زیاتر تەقید بكرێت، هەروەها تەنزیم بكرێت، ئینجا ئێمە شتێكمان هەیە بەڕاستی واقیعی كۆمەڵگای ئێمـە كە كەسانێك هەیە تەعدودی كردووەو ئەو شێوازانەی هەیە تەئسیر لە عەقل و عاتیفەی ئێمە نەكات بچین بەرەو مەجالێكی وا بڕۆین، ئێمەش هەموومان لەو واقیعە رازی نین كە كەسێك ژنێك دەهێنێت و ژنەكـەی تری ئیهمال دەكات و زوڵمی لێ دەكات، كەسانی تریش ژنی هەیـە مـافی پێشـێل دەكـات و زوڵمـی لـێ دەكـات،

یەعنی چەندەها شت هەیە هەموومان دەزانین ئەوە پێویستی بەوە هەیە کە مەحکەمە زیاتر پێدا بچێتەوەو دیفاع لە ژن بکات، ئەو کەسانە بە ڕێك و پێکی جێ بەجێ بکاتن، ئەو حاڵەتانەی هەیە، لەبەر ئەوە پێویستمان بەوەی هەیە هەم لە واقیعەکە تێ بگەین، هەم بۆنی ئەوەشی لێ نەکەین، کە ئێمە پێچەوانەی شەریعەت قسە دەکرێت مەجالی ئەوەشمان هەیە کە زیاتر بتوانێت، یەعنی قۆناغ زۆر ماوە لە پێشمان و تەجروبەش سەلماندویەتی، ئەو جۆرە حاڵەتە کە مەنع بێت کابرای کە تەعدود دەکات، هەم بە لامەرکەزی دەیکات، دەتوانێت ژنی یەکەمی تەلاق بدات، ئەو هەر زەرەرێکی گەورەتری لێ دەکەوێتەوە، کە کەسێك نییە سەرپەرشتیاری بێت، ئەوە دەکرێتە زیاتر مایەی زیاد کردن و مەشاکیل دروست کردن و هەڵوەشاندنەوەی خێزان زیاتر لەوەی کە ئەوجا سەرەڕای ئەوەی مەوزوعی کوشتنی ژنانیش، خۆتان دەزانن باسێك لە باسەکانی غەسلی عار کراو کۆمەڵێك شت کرا ڕێژەی کوشتن و وێران کردنی خێزانی زیاتر تێدا بوو تا کەمتری بکاتەوە، بۆیە پێویستمان بەوەی هەیە کە واقعیانە تەماشای بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە من بە عام تەئکید لە قسەکەی پێشووترم دەکەمەوە، ئەگەر باس لەوە دەکەم، کە هەر گۆڕانێك کە دەبێت گۆڕان بەتایبەتی لە گەشەی کۆمەلآیەتی پێشکەوتنی کۆمەلآیەتی لە سەرچاوەی گەشەی ئابووری وەرگرتووە، بێگومان ئەگەر ئاوڕ بدەینەوە لە مێژووی چەند ساڵەی ڕابردوو، دە ساڵ، پازدە ساڵ لەومەوبەر شێوەی پێکهێنانی خێزان و هەندێك دیاردەی کۆمەلآیەتی کە هەبوون بە زەمەن چارەسەر کران، دیاردەی ژن بە ژن، دیاردەی مارە کردنی کچی بچووك، کۆمەڵێك ئەو دیاردانە کە هەبوون، ئێستا بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەکی بۆ دەربچێت، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگریەکی لەسەر بکرێت، بەخۆی چارەسەر کراوە، دیاردەی دوو ژنی ئێستا زۆر کەم بۆتەوە، بەپێی ئەو ئامارانەی کە دەردەکەوێت حاڵەتن، نەك بڵێی دیاردەیەك بێت و نیسبەتێکی زۆری هەبێت، ئەگەر تەماشای واقیعەکەی خۆشمان بکەین، ئەوە واقیعێکە، ئێمە تێیدایبن، ئایا ئەگەر ئێمە قەدەغەمان کرد، ناتوانێت بچێت لە کەرکووك ئەوە بکات، لەگەڵ عێراق و دوای عێراقی نەخەین کە بتوانێت ئەوە بکات، ناتوانێت تا مەخمور بچێت عەقدی زەواج بکات، ئەوە بۆ خۆی ئەوەیەکە، من لەگەڵ فرەژنی نیم، بەلآم یاسایەك دەربکەین کە جێ بەجێ ببێت، بۆیە من موبەریرم هەر بۆ ئەوە بوو کەمێك دوا بخرێت، بۆ ئەوەی بتوانین لەوێ دەکرێت، لە ڕێگای لیستی هاوپەیمانییەوە داوا بکەین لە عێراق ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێت و دەربچێت، دواتر ئێمە دوای بخەین و بتوانین ئەوە بکەین، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە ڕەچاو کردنی دراوسێیەکانمان، ئەگەر بێتو ئێمە مەنعی فرەژنی بکەین، یان دوو ژنی بکەین، دەبێت بەدیلێکی ترمان هەبێت و یاسایەك دەربکەین، ئەویش زیاتر فەراهەم کردنی ئازادی تاك بێت، چونکە بێگومان کە ئازادی تاك نەبێت گومان لەوە دانییە کێشەو ئاریشەی زۆرتری

**کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوەو زۆرتر ئەوە دەبێت، بۆیە دەبێت زۆر بە دیقەتەوە، زۆر بە وردییەوە هەنگاوی بۆ بنێین، ئەوە گۆڕانێکی گەورەیە لە مێژووی باری کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێمە، کە سابیقەی نەبووە لە پێشتر گونجاندنی، بۆیە من جارێکی تر داوا دەکەم کە بتوانین و برادەرانیش پشتگیری بکەن دوای بخەین باشترە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس کاك باپیر، بەڵام ئەو داوایەت خرایە دەنگدانەوە، ئیتر تەواو، کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

**ئەندامانی پەرلەمان.**

**بەحەقیقەت من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ هیچ دەقێك نیمە، کە دژ بێت لەگەڵ ئاینی ئیسلامی پیرۆزو دەقەکانی قورئان، بەڵام ئێمە کە ئەو پرۆژەیەمان دیراسەت کردو دیراسەیەکی زۆر زۆر بە تەفسیلی و هەردوو یەکێتی زانایانی ئاینی لێرە ئامادە بوون و زۆر کەسایەتی پیاوی دینی ئامادە بوون و تەقریبەن بیست ئەندامی پەرلەمانیش ئامادە بوون، ئێمە بە تەفسیل ئەو پرۆژەیەمان تاوتۆ کرد، زۆربەی هەرە زۆری خاڵەکانی ئەو پرۆژەیە لەگەڵ بنەمایەکانی ئاینی ئیسلام دژ نەبوو، لەگەڵ ئایەتەکانی قورئان دژ نەبوو، لەگەڵ سونئەش دژ نەبوو، تەنها دوو، سێ خاڵ نەبێت، کە ئێمە هەر هەموومان خیلافمان لەسەر هەیەو خیلافەکە ئێستاش بەردەوامە، بۆیە پێشکەش کردنی ئەو پرۆژەیەو پەسند کردنی بەو شێوەیەی کە هەیە، پاش گفتوگۆ کردن و یەکلا کردنەوە، من پێموایە ئەمە رەوشی ئافرەت لە کوردستان دەگۆڕێت ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە ئەم ماددانە لە چوارچێوەی شەریعەی ئیسلامی دابڕێژرێت و واقیعی کۆمەڵگایەکەی ئێمەش بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، لە هەمان کاتدا لە رووی سیاسیەوە دەبێت بزانین ئێمە چی دەکەین، بۆ ئەوەی خۆمان لەو مەسائیلانە زۆر بە حەزەر رابگرین.**

**بە قەناعەتی من سەبارەت بە قەدەغە کردنی فەرەژنی بەو رەهاییەی هاتووە موخالیفی دەقی ئایەتی قورئانی پیرۆزە، لە هەمان کاتدا لە دەقی ئایاتی قورئانی رێگە پێدان بە فرەژنی بە هەمان شێوە سنوودارە، واتا قەدەغە کردنی سنوودارەو رێگە پێدانیش سنووردارە، بۆیە بەراستی من پێموایە قەدەغە کردن بەو رەهاییە دژی ئایەتی قورئانی پیرۆزە، ئەمە یەك.**

**دوو/ من پێموایە قەدەغە کردنی فرەژنی بەو شێوەیەی کە هاتووە بە هیچ شێوەیەك لە خزمەتی واقیعی کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەدا نییە، لە هەمان کاتدا بە هیچ شێوەیەك خزمەت بە واقیعی خودی ژنان و ئافرەتان و خوشکان ناکات، بۆ نموونە من پێموایە ئەگەر مەسەلەی قەدەغە کردنی فرەژنی بە یەکجار مەنع کرا، دەبێتە مایەی ئەوەی کە رێژەی تەڵاق لە ئێستا زیاتر بێت، ئەمە لە لایەك، لە لای دووەم من پێموایە رێژەی مارە بڕین لە دەرەوەی دادگا زیاد دەکات.**

سێیەم/ من پێموایە قەدەغە كردنی فرەژنی بەو شێوەیەی كە هاتووە، بەڕاستی دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم قەیرە كچ و بێوەژن و هەتا دوایی، جگە لەوەش دەبێتە هەمان ئاستەنگ لەبەردەم ئەو ئافرەتانەی كە ژمارەو رێژەیان لە زۆر بوون دایە لە كۆمەڵگای ئێمە لە ئەنجامی چوونەوەو كۆچ كردنی گەنجان بۆ دەرەوە، لەبەر ئەم مەبەستانە بە حەقیقەت من پێموایە قەدەغە كردنی فرەژنی بەو رەهاییەی كە هاتووە زەرەرمەندی یەكەم ژن خۆیەتی، یاخود ئافرەت خۆیەتی لەگەڵ منداڵەكانی، بۆیە بە حەقیقەت وڵاتانی دەوروبەریشمان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین، وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، عەدا تونس نەبێت، كە ئەوە واقیعێكی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە من لەگەڵ تەعدودیەتم بەو مەرجانەی كە لە پرۆژەكەدا هاتووە، لێرەدا كۆتایی بە قسەكانم دەهێنم، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر فوئاد بابان فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەندامە بەڕێزەكان.**

ئەم یاسایە پەیوەندی بە ماددەی دوو و ماددەی چواردەو ماددەی چل و یەكی دەستووری فیدراڵی عێراقەوە هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت بنەماكانی ئەم یاسایانە لەم هەموار كردنە رەچاو بكرێت، ماددەی دوو دەڵێت: (ئیسلام ئاینی فەرمی دەوڵەتەو سەرچاوەیەكی بنەڕەتییە بۆ یاسادانان: أ-نابێت یاسایەك دەربچێت لەگەڵ حوكمە نەگۆڕەكانی ئیسلامدا ناكۆك بێت، بەڵام لە هەمان كاتدا دوو بڕگەی تر هەیە كە دەڵێت: نابێت یاسایەك دەربچێت لەگەڵ سەرەتاكانی دیموكراسیدا ناكۆك بێت.

ج- نابێت یاسایەك دەربچێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییە بنەڕەتیانەدا ناكۆك بێت كە لەم دەستووردا هاتووە.

ماددەی چواردە دەڵێت: (عێراقیەكان یەكسانن لەبەردەمی یاسادا بەبێ جیاكاری بەهۆی رەگەزو نەژادو نەتەوە).

ماددەی چل و یەك دەڵێت: (عێراقیەكان لە پابەند بوون بە باری كەسایەتییانەوە بەگوێرەی ئایین و ئایینزاو باوەڕیان بە هەڵبژاردنیان ئازادن).

بەڕێزان، ئەو ئایەتەی دەفەرموێت (فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثناً وثلاثا ورباعا وان خفتم ان لا تعدلوا فواحدة او مالملكت ايمانكم، ويقول لا تستطيع ان تعدلوا بين النساء ولو حرصتم).

بەڕێزان، كە دەڵێت (الاسلام مصدر اساسي للتشريع)، مانای وایە سەرچاوەی تر هەیە بۆ تەشریع و سەرچاوەكانی تری بریتییە لە عورف و عادات و تەقالید.

دووەم/ بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی و پەیمان و گرێبەستی بڕیاری رێكخراوە نێودەوڵەتیەكان، ئەوانەی كە عێراق پابەندە پێیانیەوە، بەڕێزان، دوو جۆر ئەحكام هەیە لە ئیسلامدا، ئەحكامی (واضحة) یەعنی (بینة

وصريحة بحكم قطعيتها) وەك دەفەرمویّت (الاعدام لمن قتل نفسا بريئا دون وجه حق) (وتوجد احكام) حەز دەكەم ئەمەیان بە عەرەبی بێت (يحتمل الاختلاف في الفهم/ مثلا حكم الرجم وحكم الردع) لەم ئایەتەی سەرەوە جیاوازی لێكدانەوە هەڵدەگرێت، ئەوەی سەرەوە كە باسم كرد (مثنىً وثلاثاً) چۆن باسی فرەژنی كردووە، هەروەها باسی تاكە ژنی كردووەو مەرجی داناوە بۆ فرەژنی كە دەڵێت (چەسپاندنی دادپەروەری یەعنی عەدل، بەلاّم فرەژنی بە دادپەروەری ناچەسپێت، كە ئەویش بنەمایەكی بنەڕەتی دینی ئیسلامە) پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمویّت (لا ضرر ولا ضرار في الاسلام) یەعنی ئیسلام بۆ زەرەر گەیاندن بە كەسێكی تر نەهاتووە، یەعنی دەوترێت (الاسلام يزيد المسلمة خيراً ولايزيده شراً)، كەواتە فرەژنی ژنی مرۆڤێك تێدا زەرەر دەكات، ئەویش مانای وایە دادپەروەری ناچەسپێت، ئەحكامی ئیسلام زۆرداری تێدا نییە، هەروەكو دەوترێت (يراعى فيها المصلحة والمفسدة).

بەڕێزان، نموونەیەكی تر لە نیشانەی نادادپەروەری ئەوەیە فرەژنی چەند نەوەیەكی لێ دەكەوێتەوە كە لەناو كۆمەڵدا وەك یەك سەیر ناكرێن، بۆیە دەوترێت زڕ خوشك و زڕ براو بە عەرەبیش پێی دەگوترێت (الاخ غير الشقيق) كەواتە دادپەروەری لەكوێ دایە، سەرەڕای ئەمانە دوو برگەی تری ماددەی دووی دەستوور دەڵێت (نابێت هیچ یاسایەك دەربكرێت دژی دیموكراتیەت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییانە بێت، كە لەم دەستووری عێراقیەدا هاتووە، ئەم كۆمەڵگەیەش گەرچی كۆمەڵگەیەكی ئیسلامە، بەلاّم دیموكراتەو پێشكەوتووە مافی ئازادیەكانی تیا پارێزراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێش ئەوەی باس لە رەئی خۆم بكەم، بەڕاستی دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەگەر هەر كەسێك لێرە قسەی كرد لەسەر دژ بوون بە فرەژنی، وا لێك نەدرێتەوە دەچێتە خانەی دژی ئیسلام و قورئان، ئەوە حاڵەتێكی زۆر خراپە، بەڕاستی ئێمە دێین موناقەشەی حاڵەتێكی كۆمەلاّیەتی دەكەین، دەمانەوێت ئەو حاڵەتە كۆمەلاّیەتییە بە یاسا چارەسەر بكرێت، بۆ یەعنی دەبێت بكرێتە دوو جەبهە، جەبهەك ئەوەیە كە ئەوەی دژی فرەژنی بێت، ئەوە دژ بە قورئانە، ئەگەر كەسێك لێرە قسان بكات دژی فرەژنی بۆ چارەسەر كردنی حاڵەتێكی كۆمەلاّیەتییە، زۆر سوپاس.

من پرسیاری ئەوە دەكەم، بەڕاستی بە پرسیار دەست پێ دەكەم، ئایا لە كوردستان حالەتی فرەژنی تا ئێستا نیسبەكەی چیە؟ یەعنی نیسبەتەكەی زۆرە، یان كەمە، ئەگەر كەمە، بۆ قەدەغەی ناكەین.

دوو/ پرسیاری دووەمم ئەوەیە، ئەوانە كێن كە دوو ژنی دەهێنن؟ ئایا فەقیرو هەژارەكانن؟ یان ئەو كەسانەن كە دەوڵەمەندن و بۆ حاڵەتێكی تایبەت دەچن ژنی دووەم دەهێنن، ئایا ئەو حاڵەتانە هیچ ئیحصایەكمان لەبەردەستە؟ بزانین ئەو كەسانەی كە دوو ژنیان هێناوە لەبەر ئەوەی خێزانەكەی عوقمی

هەیە، یان لەبەر ئەوەی خێزانەکەی ناتوانێت بەواجیباتی شەرعی خۆی هەڵستێت بەرامبەر بە پیاوەکەی خۆی، ئەگەر حاڵەتەکە لەبەر ئەوە ئەکسەریەتی فرەژنی لەبەر ئەو حاڵەتانەیە، من ئەو کاتە دژی ئەوە نابم کە فرەژن هەبێت، بەلاّم ئەکسەریەتی موتلەقی فرەژنی لە کوردستان لەبەر ئەو شتانەیە، لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندە دەتوانێ ژنی تر بێنێت، ئەوانەی دوو ژنیش دێنن بابزانین بێوەژنەکان دێنن، یاخود قەیرە کچەکان دێنن، ئایا ئیحصاییەکمان هەیە لە کوردستان پێمان بڵێ ئەوانەی پەنا دەبەن بۆ فرەژنی بیوەژنەکان دێنن، یان قەیرەکچەکان، یاخود ئەکسەریەتی موتلەقی چوینە کچەکانیان هێناوە؟ کچی 18و19 ساڵیان هێناوە، بابێین ئێمە ئەو حالەتە مناقەشە بکەین، نەك پەنا بۆ ئایەتی قورئان ببەین، کێ دژی قورئانە لێرە برایان؟ کێ دژی ئیسلامە؟ یەعنی ئەگەر هاتو ئێمە فرەژنیمان قەدەغە کرد، بۆ پێتان وایە ئێمە دژی قورئانین و کافرین، من داوا لە مەلا بەڕێزەکان دەکەم، ئەوها تەماشای حاڵەتەکە بکەن، ئێمە لێرە کە مناقەشەی حاڵەتێکی ئیجتیماعی دەکەین، نەك دژایەتی ئایەتی قورئان و ئیسلام دەکەین، ئێمە هەمووومان موسڵمانین، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم بەڕاستی ئەوها حاڵەتەکە مناقەشە بکرێت، من دژی فرەژنیم لە کوردستان، لەبەرئەوەی بە هیچ شکلێك بەشێوە ئیعتیادییەکەی ممارەسە نەکراوە، بەڵکو دژی ژن، دژی مافی ژن بەکار هاتووە لە کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە لێرەوە دەست پێ بکەین، من پێموایە لە هەموو یاساکان موهیمترە، هەر یاسایەکمان دەرکردووە لەوانەیە توێژێك دەگرێ، یان چینێك ڕەچاو دەکات، بەلاّم ئەمە ژن، پیاو، مناڵ، گەورە، بچووك، هەتا مردووەکانیش باری کەسێتی هەموو ئەگرێتەوە، لەبەر ئەوە بەگرنگ سەیری بکەین، من سەرەتای قسەکانم بەم حەدیسە دەست پێدەکەم، (ما اکرمهن الا کریم وما اهانهن الا لئیم)، یەعنی ئافرەت بەم شێوەیە سەیر بکرێت، باری کەسێتی لە مێژوودا هەمیشە لە کۆمەڵگا دوو توێژ ستەمیان لێکراوە، دوو توێژی ناسکی هەستیار ژن و مندالّ، لە هەر کاتێکدا دەسەلاّتەکان سەرەڕۆییان کرد بێت و لە سنووری خۆیان دەرچووبن، تەواوی زوڵمەکانیان ناوە بەسەر ئەم دوو توێژە، پێموایە ئێستا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێشکەوتنێکی باشی بەدەست هێناوە، مەرجەعیەتی لە تاکە کەسەوە هێناوەتە مەرجەعیەتێکی جەماعی، هەم لە رووی شەرعیەوە، هەم لە رووی قانونیەوە، بەڕاستی ئەمە دەسکەوتێکی گەورەیە، یەعنی ئێستا کۆمەڵێك خەڵك، وەکو پەرلەمان دادەنیشن قسە لەسەر کێشەو گرفتەکان دەکەن، وەکو ئەوسا نیە یەك کەس ئەم بڕیارانە هەبێت، یان هەبێت تەنفیزی بکات، یان نازانم چی لێ بکات، ئەمە دەسکەوتێکی گەورەیە بە شتێکی گەورەی سەیر بکەین، من لە دوو ڕووەوە سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەم، یەعنی ئەم ئیقتیراحە دەکەم، ئێمە تەبعەن لەگەڵ ئیقتیراحی تەقیدین.

یەکەم: لە رووی ئاینیـەوە چوار جۆر ئـەحکاممان هەیـە، واجبمـان هەیـە، نـەهیمان هەیـە، لەگـەڵ مبـاح و لەگەڵ مەکروه، ئەم چوارە، دووان، دووان ئەتوانین بیانخەینە خانەوە، یەعنی واجب لەگەڵ موبـاح بکەینـە دائیرەی حەلالەوە، نـەهی و مـەکروهیش بخەینـە دائـیرەی حەرامـەوە، فوقـەهای ئوسـولی دیـن، ئـسولی فیقـە لەگەڵ فوقەهای قانون، بەپێی قسەی (د.حمد الكبيسى) دەڵێ هـەردووکیان موتـەفیقن لەسـەر ئـەوە، موبـاح ئەکرێ تەقیدی بکەین، بەلاَم ناکرێ قەدەغەی بکەین بۆ؟ چونکی جێگاکەی دەگۆڕێ، لە حاڵـەتی حەلاَڵـەوە دەبێتە حاڵەتی حەرام، ئەمەیان مەسەلەیەکی گرنگە، نەك ئەمـە ئـەتوانین دەسـتکاری بکـەین، ئەمـە باسـی دین نیە، باسی کۆمەلاَیەتیە راستە، بەلاَم دەبێت ئەوە بزانین باری کەسێتی لە ئەساسی هـەموو حەزارەتـدا دین دارێژراوە، ئەمە گرفتەکە لێرەیە، یەعنی ئەکرێ تەقیدی بکەین، دەسەلاَت ئەتوانێ موباح تەقید بکات، بـەلاَم ناتوانێـت قەدەغـەی بکـات، بـۆ؟ چونکە جێگاکـەی دەگۆڕێـت، لـە حەلاَڵـەوە دەیبەیتـە حـەرام، بـەلاَم دەتوانیت چۆن پێت باش بێت، دەتوانیت سنووورداری بکەیت قسەی تیا بکەیت، لـە رووی ئازادییـەوە، ئەمـە بواری رووبەری ئازادییە، یەعنی تۆ دەتوانیـت و ناتوانیـت، بـە ئـیرادەی خـۆت دەتوانیـت ئەمـە بکـەیت، بـە ئیرادەی خۆت دەتوانیت ئەمەی نایکەیت، تۆ ئەم رووبەرە تەسك بکەیتـەوە بیخەیتـە قەدەغـەوە، رووبـەری ئازادییەکە کەم دەکەیتەوە، من پێموایە موجتەمەعی بەشەری تەحەمولی قەدەغەکانی دینی هەیە، ئێمەش بێین کۆمەڵێکی تری بیخەینە سەری، ئەمە قورسە هەر چۆن بێت قەدەغە کردنـەکانی خۆمـان پـێ قـەبول دەکرێت، دەڵێین خوایەو خالیقە شتی زۆری لەگەڵدا کردووین تەحەمولی دەکەین.

دوو/ ئەم مەسەلەی قەدەغە کردنە پێم وا نییـە کێشـەکە چارەسـەر بکـات، وەکو ئـەو برادەرانـە کۆمـەڵێك شتیان گوت، یەکێك لەوانە زیانەکان بۆ سەر خودی ئافرەت، خودی خێزان، خودی کۆمەڵگا، بۆ سەر ئافرەت من پێموایە رزگاری ناکات، وەکو گەشەی بۆ دروست دەکات، کێشـەی زیـاتری بـۆ دروسـت دەکـات، وەکو ئـەو برادەرانە گوتیان لێرە نایکات دەچێت لە شوێنێکی تـردا دەیکـات، تـۆ ناتوانیـت مـەنعی لـێ بکـەیت، لەسـەر خێزان لەو ماددەیەدا هاتووە دەڵێت مادام لە عیصمەتی دابێت (قبل ان يفرق من عصمته) مانـای وایـە تـۆ لە ئێستاوە مەجالێکت خۆش کردووە، کابرا دەڵێت باشـە تـەلاَقی دەدەم، وەکو ئـەو حاکمانـەی مەحکەمـەی باری کەسێتی هەموو موتەفیق بوون لەسەر ئەوە، ئەمە رێژەی تەلاَق زۆر زیاد دەکات، جگـە لـەوە بەڕاسـتی پەنا بـردن بـۆ زۆر شـتی خـراپیش زۆر دەبێـت و کـە ئـەوە پێموانییـە ئـەم مەسـەلەیە چارەسـەر بکـات، بـۆ کۆمەڵگا وەکو ئەو برادەرانە گوتیـان هـەم ماددەی دوو لـە دەسـتووری عێراقـی، هـەم مـاددەی چـل و یـەك، هەموو ئایینێك دەتوانێت بەپێی ئاینەکەی ئەمە بکات، لە رووی شتی ترەوە، ئێمە بەڕاسـتی دەمـی نـەیاران لە خۆمان دەکەینەوە، یەعنی ئێمە بزانین ئەوە وەزعی کوردسـتان لەگـەڵ وەزعـی بەغـدا، وەزعمـان لەگـەڵ دەوروبەردا، خەڵکێك هەیە هەمیشە بۆ شتێك دەگەڕێت ئەم بارودۆخە لە ئێمە تێك بدات، من پێمـوا نییـە کە ئەمە بهێڵین ئەم جۆرە شتانە سەربگرێت، راستە ئەم تەعدودە بەشێوەیەکی نادروست مومارەسە کراوە، بـەلاَم ئـەم نادروسـتیە رەبـتی نییـە بـەوە، دیـن دروسـتی کـرد بێـت، کۆمـەڵگا دروسـتی کـرد بێـت، یـەعنی ئینسانێك کە لە رەوتی خۆی دەربچێت وەکو هـەموو شـتێکی تـر، گەنـدەڵی هـەر شـتێکی تـر دەکـات زوڵـم،

ستەم، ئێمە بێین شتەکان روون بکەینەوە، یەعنی ئەم عەقدە شتی وای تیا دروست بکەین ئەم پیاوە پابەند بێت نەتوانێت زوڵم لەم شەریعەیە بکات، بەتایبەتی لە پێش هەموویانەوە ئافرەت، ئێمە لە لیژنەی مافی مرۆڤ مەوەدەو رەحمەمان بۆ زیاد کرد، یەعنی دەبێت ئەم کەسە لەناو ئەم عەقدە مولزەم بکەیت بەو بەڵێنەی کە دەیدات، مەسەلەن دێیت بۆ ئەم پیاوە کۆمەڵێك مەرجی لەسەر دروست بکەیت نەتوانێت لەو مەسائیلانە دەربچێت، حاڵەتێکی تر من لە رووی چارەسەرەوە، ئایا لە کۆمەڵگا یەعنی پیاوێك، کوڕێکی گەنج ژنەکەی گەنجەو نەزۆك دەبێت؟ من هەر لە ژنان دەپرسم ئایا وەکو دایك یەعنی کوڕەکانیان ئیجبار ناکەن ژن بهێنن؟ یان ژنێکی گەنج لەگەڵ مێردەکەی تووشی ئیفلیجی، یان شتێك دەبێت، یان چارەسەری ئەوانە، ئەی ئێمە بۆ نەیەین حاڵەتێکی تریش دروست بکەین، یەعنی ژنانێك کە تەمەنیان زۆر دەبێت بێین ئەمە بە مەرج بگرین، یەعنی ئەگەر کەسێك دەیەوێت تەعدود بکات، ئێمە وەکو پەرلەمان دێین ئەمە دەخەینە قاعیدەو چارەسەرێکیش بۆ ئەمانە بدۆزینەوە، خوشك و برایان، یەعنی جنسیش وەکو خواردن حاجەی بەشەرە، تۆ ئەمانە چی لێ دەکەیت، یەعنی ئەو ئافرەتانەی کە دەمێننەوە چیان لێ دەکەیت، ئایا وەکو ئەوروپا دەتوانیت قانونێك دانێین خەلیلات و عەشیقات دروست بکەین، منداڵی ببێت فەیدی ناکات، ئێستا کاك فوئاد دەڵێت مەسەلەن منداڵ ببێتە براو ئەوە، ئەی باشە لەوێ عەشیقات خۆ منداڵیشی دەبێت و هیچ عەیبیش نییە، یەعنی ئایا ئێمە دەتوانین قانونێکی وا بکەین، ئەم حاجەیە چارەسەر بکەین، لەبەر ئەوە من دەڵێم ئێمە بیر لە شتێك بکەینەوە چارەسەرێك بدۆزینەوە، هەم رەفعی زوڵمەکە بکەین، هەم خەڵکێکیش کە گیرۆدەی ئەم حاڵەتە بووە ئێمە رزگاری بکەین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشی هەموو شتێك لێرە خۆمان دەزانین یەعنی کاتێك یاسایەکانمان دادەنێین، یاسایەکان تەعبیر لە کۆمەڵێك پرەنسیپی سیاسی دەکەن، تا ئێستا نیزامی سیاسی لە عێراق و لە هەرێمی کوردستانیش نیزامێکی سیاسی مەدەنی، ئەسڵەن لەسەر ئەساسێکی لیبرالییە، لەبەر ئەوە کاتێك گۆڕان لە سیستەمی قانونیمان دروست دەکەین، دەبێت هاوتەریب بێت بە فیکری و بە ئادایەکی لیبرالییانە بێتن، ئێمە دەزانین ئەساسی هەموو قەوانینی عێراقی لە زیمنیانەوە ئەو قانونانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستانیشدا هەموو ئەساسی ئەو یاسایانە، یاسای رۆژئاواین و لە یاسای فەرەنسیەوە هەلهێنجراون، بەلاٚم خۆشمان دەزانین کاتێك هاتۆتە سەر ئەو مەسائیلانەی تەنزیمی ئوموری عائیلی دەکاتن، بەتایبەتی قانونی ئەحوالی شەخصی لەوێوە لە یاساو رۆژئاواییەکان پشتمان تێ کردووە، هاتوون لەسەر ئەساسی ئاینی، ئاینی ئیسلام، شەریعەی ئیسلامی بۆ زۆرینەی ئیسلام و ئەوەی لە مەحکەمەی مەوادی شەخصی هەیە، یەعنی بۆ مەسیحیەکان و ئیزیدیەکان ئەوانیش بەپێی حوکمی تائیفی و یاسایی خۆیان، لێرە پرسیارەکە ئەوەیە

کاتێك ئێمە بێین ئەگەر بمانـەوێت یاسـایەك، بەڕاسـتی ئـەم یاسایە بگۆڕین، ئەگـەر بمانـەوێت ئـەم یاسـایە هاوتەریب بێت لەگەڵ سیستەمی سیاسی خۆمان، ئـەو کاتـە پـرۆژەی یاسـای حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دەبێت پرۆژەیـەکی یاسـایی مـەدەنی بێـت، کەواتـە لـە جیـاتی ئـەوەی ئێمـە بـێین لەسـەر قـانونی ئـەحوالی شەخصی قسە بکەین، ئەو کاتە دەبێت قانونێکی عائیلەمان هەبێت، یاسایەکی خێزانمان هەبێت کـە لەسـەر ئەساسی هاووڵاتی بـوون و لەسـەر ئەساسـی یەکسـانی نێـوان هاووڵاتیـان و تاکەکانی کۆمـەڵگا بێـت، کەواتـە یاسایەکەی ئێمە نابێت یاسایەکی دینی بێت و نابێت هاووڵاتیەکانی لەسـەر ئەساسـی تـائیفی و دیـنی گـۆڕی بێت، بەڵکو دەبێت هەمووی بە یەك چاو وەکو هاووڵاتی سەیر کرد بێت، بـەڵام ئێسـتا دەزانـین ئـەو پـرۆژە یاسایە نە لـەلای حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و نـە حزبـە سیاسـیەکان پرۆژەیـەکی ئـاوا لـە ئـارادا نییـە، بەوپێیـە ئێمـە هـاتووین بـۆ حـاڵی حـازر وەکـو هـەنگاوێکی یەکـەم، ئێسـتا هـاتووین لـە قـانونی ئـەحواڵی شەخصی هەر لە زیمنی شەریعەی ئیسلامی هەنـدێك گـۆڕان دروسـت بکـەین، هەنـدێك تەعـدیلات دروسـت بکرێت، ئەم تەعدیلاتە خۆمان دەزانین ئەگەر تەعدیلات دروست بکرێت، کەواتە دەبێت لە سنووری شـەرع دەرنەچێت، یەعنی بەداخەوە خۆزگە ئێستا ئێمـە قـانونێکی مـەدەنیمان هەبوایـە، بـەڵام تـا ئێسـتا ئەمەیـە لەبەردەستمان، ئێستا لە چوارچێوەی شەرعیشدا ئێمە خۆمان دەزانین دوو خیلافی رەئـی هەیـە، خیلافێکـی فقهـی هەیـە، رەئیـەك پێیوایـە رەئییـەکی ریفرۆمخـوازو گۆڕانخوازییـە، پێیوایـە کـە دەبێـت حوکمـەکانی شەریعەی ئیسلامی لەگەڵ زروفی ئێستا، لەگەڵ بارودۆخی ئێستا بگونجێنین، رەئیەکیش پێیوایە چۆن وەکو هـاتووە، چۆن چـەندەهاو سـەدەها ساڵ چۆن بـووە، هـەروا بـەو شـێوەیە بمێنێتـەوە، ئێسـتا لـە پەرلـەمانی کوردسـتان، بـەبێ ئـەوەی ئێمـە موزایـەدات لەسـەر یـەکتر بکـەین، موزایـەداتی ئـاینی لەسـەر یـەکتر بکـەین، هەمووومان لەو چوارچێوە شەریعەی ئیسلامیەوە چۆن هەوڵ بدەین بەلایەنی کەمیەوە بتوانین پشتگیری لە بـاڵی ریفرۆمخـوازی نێـوان فوقـەهای ئیسـلامی بکـەین، ئـەو رەئیـە پەسـند بکـەین کـە لەگـەڵ گونجانـدنی شەریعەی ئیسلامەوە هەیە، ئێستا وا پێ دەچێت مەسەلەی فرەژنی ئەگەر بێین باسـی بکـەین، ئەوانـەی لـە بـاڵی ریفرۆمخـوازن فرەژنـی ئەساسـە لـە شـەریعە ئیسـلامی کـە هـاتووە، دیاردەیـەك نییـە پەیوەنـدی بـە ئیسلامەوە بێت وەکو کاك زانا باسی دەکات دەڵێت لەناو ئیسلامدا، ئەم دیاردەیـە دیـاردەی عـەرەبی جاهلی بـووە، لـەناو جاهیلـەکانی عەرەبـەوە هـەبووە، ئەسـڵەن لـە شـەریعەی ئیسـلامی ئـەم ئایەتـەش کـە هاتۆتـە خـوارەوە لـەناو قورئـان بـۆ ئـەوە هـاتووە ئـەم دیاردەیـە نـەهێڵێت، هـەنگاوی یەکـەمی ئەوەیـە قەدەغـەی کـردووەو کـەمی کردۆتـەوە، کەواتـە ئەسـڵەن شـەریعەی ئیسـلامی لەگـەڵ ئەوەیـە ئـەم دیاردەیـە لەگـەڵ دیاردەیەکی قێزەونە، بەڕاستی فرەژنـی واجیبێکـی ئیسـلامی نییـە بـەرێزان، یـەعنی کـەس نـەهاتووە ژنـی دووەم و ژنی سێیەم بهێنێت بۆ خاتری خواو پێغەمبەر، خـەڵك بـۆ حـەزەکانی خـۆی هێناویـەتی بەڕاسـتی، ئێستا گرنگ ئەوەیە ئەگەر لەم بارودۆخە تەماشای بکەین تەنیا باس دەکەین، کە دەڵێین لە نـاو شـەریعەی ئیسلامیەوە رێگای داوە دوان و سێیان هەبێت، نازانم ئەوان تەقید بکرێت، خۆ لەناو شـەریعەی ئیسـلامیش هـاتووە دەڵێـت خـەڵك دەتوانێـت، یـەعنی پیـاوی ئیسـلامی دەتوانێـت جاریەشـی هـەبێت، بـەڵام ئێمـە بـە

یاسایەکی مەدەنییانە، بەپێی رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان، ئێستا لەناو یاسای هەموو دنیا جاریە نەماوە، یەعنی هیچ پیاوێك ناتوانێت ژنێك بکرێت، هەرچەندە ئەمە لە شەریعەی ئیسلامی رێگەی پێدراوە، باشە ئێستاش ئەمە وایە، مادام شەریعەی ئیسلامی رێگەی پێداوە کە ئەساسەن بۆ تەقید کردنی بووە، ئێستا ئێمە بۆ رێگا بگرین بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە نەمێنێت لە کۆمەڵگای مەدەنی خۆمان، کە دەزانین خۆی ئەم دیاردەیە بە تەبیعەتی کۆمەڵگای ئێمە بەرەو کەمی رۆیشتووە، چۆن ئێستا ئێمە بتوانین یاسا وەکو ئامرازێك بەکاری بهێنین بۆ نەمانی ئەم دیاردە قێزەونە کە خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی قێزەونەو شەریعەی ئیسلامیش بە واجیبێکی دانەناوە، بەڵکو بە مافێکی داناوە بۆ تەقید کردنی ئەم دیاردەیە، نەك بۆ تەشجیع کردنی، لەبەر ئەوە من پێموایە بەڕاستی بە رەچاو کردنی بارودۆخی ئێستامان و بە رەچاو کردنی هەوڵی زیاتر کردنی پشتیوانی نێودەوڵەتی بە رەچاو کردنی یاسایەکانی ئێمە زیاتر بگونجێت لەگەڵ یاسایەکانی نێودەوڵەتی، لەگەڵ پشتیوانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و رۆژئاواش بۆ خۆمان بچەسپێنین و هاوتەریب گۆڕانی یاساناسەکانمان لەگەڵ گۆڕانی سیستەمی سیاسیمان، من پێموایە بەڕاستی دەبێت لەمەیان زۆر سارم بین لەوە فرەژنی بەبێ هیچ موزایەدە کردنێك قەدەغە بکرێت و هیچ مەجالێکی تێدا نەمێنێت، هیچ کەسێك نەتوانێت ئەم حەقە وەکو تەعەسوفێك، یان بە غەدر بەکاری بهێنێت بەرامبەر بە هاووڵاتیەکانی ئێمە، یان بەرامبەر بە ژنەکانمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەوەی ئێستا زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت، مەسەلەی ئەو دوو پێشنیارەیە، پێشنیاری یەکەم و پێشنیاری دووەم، من پێموایە گۆڕانێك لە پێناو گۆڕان نەبێت هیچ دەرئەنجامێکی باشی نابێت، گۆڕان بەس بڵێین لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکمان کردووەو گۆڕانکارییەك بکەین، نەخێر، دەبێت ئێمە گۆڕانکارییەك بکەین بزانین چ دەستکەوتێك لەو گۆڕانە دروست دەبێت، چ دەستکەوتێکی ئیجابی بۆ کۆمەڵگا دروست دەبێت، ئەوە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم/ هەندێك شت هەیە کلتور ئێستا نەیهێشتووە، هەندێك شت پێشتر مومارەسە کراوە، ئەمڕۆ کلتورو رۆشنبیری کۆمەڵگا شتەکەی بەرەو نەمان بردووە، ئێمە با بتوانین ئەگەر وەکو ژنان دیفاع لە مافی ئافرەت دەکەین با بێین بە کلتورو رۆشنبیری سەقافەیەك بڵاو بکەینەوە لەناو ژنان و لەناو خوشکانی خۆمان بزانین تا چەند ئەوان پێیان قەبولە کە تەعەدود مەنع بکرێت، یەعنی ئێمە دەڵێین هەندێك شت ئەوەی بە رۆشنبیرو کلتور دەکرێت، وەکو ئێستا باسی جاریەی کرد، جاریە کلتور نەیهێشتووە لێرە، لێرە کلتوری کوردەواری نەیهێشتووە نەمێنێت، ئینجا با بێینەوە سەر مەسەلەی تەعەدود، مەسەلەی تەعەدود من وەکو رەئی خۆم لەگەڵ تەقیدم، چونکە موباحە، مامۆستایان ئیشارەتیان پێ کرد، مادام لە دائیرەی

موباحە ڕێگەی پێدراوە، ئێمە ناتوانین کە شتێك خوای گەورە ڕێگەی پێداوە مەنعی باتی بکەین، بڵێین دژی خیلافی شەریعەت نییە، مەنع کردنی خیلافە لەگەڵ شەرعدا، ئێمە موزایەدەی دینیش ناکەین، هەموومان خۆمان پێ موسڵمانە.

خاڵی ئەخیرم/ کە باس لەوە دەکرێت ئەگەر ژنێك نەزۆك بێت ژنی بەسەر دێت، بە موتلەقی وا باسمان کردووە بڕگەیەکە، بەلاَم لە ئیسلامدا ئەگەر پیاویش نەزۆك بوو ژن بۆی هەیە تەڵەبی تەفریق بکات، یەعنی ئەوەش زەق بکەینەوە، کە ڕۆشنبیرییەك کە پێویستە ئێمە ئەوەش باس بکەین لە پاڵ پیاوێکی نەزۆکدا ژنێك دەتوانێت تەڵەبی تەفریق بکات، چۆن لە پاڵ ژنێکی نەزۆکدا پیاو دەتوانێت ژنی دووەم بێنێت و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم وا دیارە کەوا ئێمە بەسەر ماددەیەك لەو ماددانە کەوا پێویست بوو قسەی لێ بکرێت بازمانداو باسمان نەکرد، چونکە بڕگەی یەکەمی ماددەی سێ کە باس لە پێناسەی هاوسەرگیری دەکات، لێرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر لێرەدا لێت دەبڕم، باسمان کرد گوتمان و دوایێ ئەوەمان یەکلا کردەوەو گوتمان دەگەڕێینەوە سەری، ببوورە.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەیوەندی بەو باسەوە هەیە کەوا ئێستا ئێمە باسی لێوە دەکەین، بە هەر حاڵ ئەم پرۆژەیە کە ئەمڕۆ لەبەردەستی پەرلەمانەو باسی لێ دەکرێت، پرۆژەیەکە، دەمێکە لە لایەن چەندین لایەنی پەیوەندیدارەوە بە وردی تەماشا کراوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوەو چەندەها کۆبوونەوەش کە کەسانێکی شارەزا لە بواری شەریعەتی ئیسلام و نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەتایبەتی کۆمەڵگای ژنان بەشداریان تێدا کردووە، من لەو باوەڕە دام کێشەکە بەو جۆرە نییە، کەوا بەو جۆرە، بەو زەقیە خراوەتە ئێرە ڕەش، یان سپی، قەدەغە کردنی ژنهێنان بە هیچ شێوەیەك، یان ئەوەتە ڕێگا بدرێت بە چەندین مەرج، ئێمە با تەماشای باری کۆمەڵگای مەدەنی بکەین، ساڵی 1965 من خوێندکار بووم لە زانکۆی پاریس بیرم دێتەوە ڕۆژهەلاَت ناسێکی فەرەنسی زۆر ناسراوە بابەتێکی پێشکەش کرد سەبارەت بە باری سیاسی کۆمەلاَیەتی لە تورکیا، باسی ئەوەی کرد کەوا لە تورکیا قانونی مەدەنی سویسری بە وەرگێراوی لە فەرەنسیەوە کردیانە تورکی، گوتی بەلاَم پاش لەوەی زیاتر لە چل ساڵ لە بەشی زۆری ناوچەکانی تورکیادا، لەو شوێنانەی کەوا ئەگەر دایك و باوکەکانی ئەو مندالاَنەی کە گەمەیان دەکرد نەچووبانە لای مەلا، منداڵەکانی بە چاوی سەیرەوە

تەماشای ئەو منداڵانەیان دەکرد، ئەوە تەنیا لە دادگایە ئەو هاوسەریەتە بەستراوە، گوتی ئەوە دەلیلی ئەوەیە کەوا کۆمەڵگا ئەگەر بێتو شتێك قەبول نەکات، هەتا ئەگەر قانونیشی بۆ دابنێیت، ئەوە کۆمەڵگا ناتوانێت رەفتاری پێ بکات، ئێمە ئێستا لە کۆمەڵگای کوردیدا چەندین گرفتی گەورەمان هەیە، ئێمە هەوڵی چارەسەر کردنیان دەدەین، ئایا ئێمە دەتوانین هەموو ئەو گرفتانە هەمووی پێکەوە بە یەکجار چارەسەر بکرێت؟ یان قۆناغ بە قۆناغ بۆی بڕۆین، من پێش پتر لە چل و سێ ساڵ بابەتێکم بڵاو کردۆتەوە لەسەر مەسەلەی فرەژنی بە زمانی فەرەنسی، لەم کاتەدا من قانونی تەنیا قانونێك لە وڵاتانی ئیسلامیدا کە باسی ئەوەی کرد بێت، پێویستە مەرج دابنرێت لەسەر مەسەلەی فرەژنی قانونی تونسی بوو، کۆمەڵێك مەرجی دانا بوو، وەکو بڵێی سەد جار بە کافر کرا، ئێستا ئێمە کە باس لە مەسەلەی فرەژنی دەکەین، دەبێت بیر لەوە بکەینەوە، ئایا کۆمەڵگای کوردی بەو شێوەیەی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواو تورکیا پێی دەوترێت (پۆلیگان) لێرە قەبوڵی ئەوە دەکات، یان دەچن هەوڵی پێچ و پەنا دەدەن بۆ ئەوەی کە بتوانن لە ڕێگایەکی ترەوە بە هەمان ئامانج بگەن، بەڵام بە پێچەوانەی قانونەکەش نەبێت، بەشێك لەو برادەرانە باس لەوە دەکەن دەڵێن لێرە ژن ناهێنێت دەچێت لە پردێ، لەوێ مارەی ژنی دووەمی دەبەسترێت، لە کاتی تاوتوێ کردنی ئەم پرۆژە قانونەدا لەو کۆنفرانسەی کەوا لەوێ بەسترا لە ئەنجومەنی وەزیران، چەند دادوەرێکی باری کەسێتی گوتی (ڕۆژێك پیاوێك هات بۆ لام ژنەکەی خۆی هێنا بوو بۆ دادگا، ویستی کەوا ڕەزامەندی ئەو وەربگیردرێت، گوتی ژنەکە کە هاتە بەردەم دادگا لەوێ دا گوتی من ڕازی نابم، چووە دەرەوەو هەر لەوێ تەڵاقی دا، بە سەعاتێك وەرەقەی تەڵاق نامەکەی هێنا و خستیە بەردەمی و گوتی منیش ناچار بووم کەوا ڕەزامەندی پێ بدەم)، کێشەکە لەوە دایە ئایا ئێمە ئەگەر بێتو بە موتڵەقی ئەو قانونە بەو چەشنەی کەوا پێشنیاز کراوە کە ڕێگا نەدرێت مەسەلەی فرە ژنی پۆلیگانی وەکو دژی قانون بدرێتە قەڵەم سەردەگرێت، کاری پێ دەکرێت، دادگاکانی هەرێمی کوردستان دەتوانن جێ بەجێی بکەن بەو شێوەیەی کە ئێمە دەمانەوێت، پتر لە چل ساڵە ئێمە داوامان کردووە، یان دەبێت ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین و کۆمەڵێك مەرجی تر بدۆزینەوە لەپاڵ ئەو مەرجانەی کە لێرە دیاری کراون بۆ ئەوەی وەکو هەندێك لە برادەران ئاماژەیان بۆی کرد کەوا ئەو کارە لە بچووك ترین ئاست دا بمێنێتەوە، من لەگەڵ بۆچوونی یەکەمم کەوا پێویستە فرەژنی قەدەغە بکرێت، بەڵام ئایا لە ڕووی عەمەلی ئەوە کارێکی عەمەلیە؟ دەکرێت کاری پێ بکرێت لە کۆمەڵگای ئێمە دا؟ ئێمە با تەماشای ئەوە نەکەین کەوا ئێستا کۆمەڵێك ریکخراوی مەدەنی ژنان هەن داوای ئەوە دەکەن، بەڵام بەڕاستی لە کۆمەڵگای کوردەواری ئێمە دا هێشتا بە شێکی زۆر لە ئافرەتان ئەوە بە حەقی پیاو دەزانن کەوا ژن بێنن، ئێمە ئەگەر بتوانین کۆمەڵێك مەرجی زیادە بخەینە سەر ئەو کارە، من لەو باوەڕەدام لە ڕووی عەمەلیەوە ئەوە کارێکی باشترە، من مەسەلەکە ناخەمە قاڵبی ئەوەی کەوا ئەوە دژی شەریعەتی ئیسلامە، یان لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامە، مەسەلەی جاریە وەکو ئاماژەی بۆ کرا، ئەوە لە قورئانی پیرۆز دا بە مەسەلەیەکی حەلاڵ درابووە قەڵەم، بەڵام ئێستا کاری پێ ناکرێت، من لەو باوەڕەدام ڕۆژێك لە ڕۆژان دێت مەسەلەی فرەژنی وەکو ئەوەی کە دەڵێن خەبەری

(كان)ە، بەڵام ئێستا ئێمە دەتوانین بەو موتڵەقیەی کەوا بڵێین فرە ژنی تاوانێکی گەورەیە، ژنەکەش و پیاوەکەش هەموو ئەوانە پێویستە کەوا سزا بدرێن، وابزانم لەڕووی عەمەلیەوە ئەوە کارێکی عەمەلی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆچوونی یەکەمی سنووردارکردنیەتی، نەك قەدەغە کردنی، بۆ ئەوەی هین نەبێت، بۆچوونی یەکەم سنووردار کردنە، سوزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەستەواژەیەك هەیە هیوادارم برادەران توخوا با بەکاری نەهێنن، دەڵێن با سەیری کۆمەڵگای کوردەواری بکەین، بۆ کۆمەڵگای کوردەواری چیەتی؟ کۆمەڵگای کوردەواری ئەو کۆمەڵگایەیە بەرامبەر بە رژێمە یەك لەدوای یەکەکان بە ژن و بە پیاوەوە....، باسی کلتور دەکەن، بۆ ئەوانەی کە لە ئاستی  خۆیانەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئاستی کۆمەڵگای کوردەواری کەم دەکەنەوە، بەوەی کە ئەگەر شتێك کە نەیانتوانی قوەتیان بەسەر دا بشکێت کەوا کۆمەڵگاکە قبوڵی ناکات، گۆڕانکاری لەم یاسایەدا گۆڕانکاریەکە پاش ئەوەی کە چەندین ساڵ خەباتی ژنان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە دەزانێت خەلەلەکانی یاسایی لە کوێ دایە کە زەرەر لە ژنان دەدات، بۆیە ئەو تەعدیلاتانە داوا کراوە، ئێستا ژنمان هەیە یاساناسە، جاران ئەو شتە کەم بوو، لەبەر ئەوە دەزانین خەلەلەکە لە کوێ دایە، لەبەر ئەوەیە کە داوا دەکەین بگۆڕدرێت، خاڵی دووەمم ئەوەیە کە ئێستا ئەم گۆڕانکاریانە بەو جۆرە کراوە، دەقە یاساییەکان بەدەر لە شەرع نەخوێندراوەتەوە، بەڵام بە ئایدیایەکی تازەوە خوێندراوەتەوە، هەر لە ناو شەرعیش دا، تۆ بۆت هەیە لە ناو شەرع و مەزهەبەکەدا بگەڕێی چی لە قازانجی تۆ دایە هەڵێنجی، چیش لە زەرەردایە بیگۆڕی،  کەس ڕێگە لە تۆ ناگرێت ئیستیفادە لە مەزاهب بکەی، ئەوەی کە کراوە ئێستا ئیستیفادە لە مەزاهب کراوە، خاڵێکی تر زۆر باس لەو ئایەتە کرا ، بەڵام ئەو ئایەتە  ڕاستە، بۆچی تەنها بەشی یەکەمی دەخوێننەوە، بۆ ئایەتەکە هەمووی بە کاملی ناخوێننەوە، ئێمە ئەمڕۆ کێشەمان لەگەڵ ئایین نییە، من هیوادارم ئەو کەسانەی کەوا تەسەور دەکەن ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئایین دایە، ئەمەیان بۆ تەسحیح بکەین، ئایین مافەکەی خۆی داوە بە ئێمە، چونکە گوتوویەتی (ولن تعدلوا) عادل نابن، باشە کە تۆ عادل نابی، عەدالەت چەمکێکە تۆ ناتوانی تەنها بە جل و بەرگ و رایەخ و ماڵ و ئەوانە تەواوی بکەی، هەر خۆی خۆشەویستی بدەی بە ژنێك، ژنی یەکەم یان ژنی دووەم زیاتر، ئەوە خۆی لەوێدا شەرتەکەی جێ بەجێ نەکردووە عەدالەتەکەیشی جێ بە جێ نەکردووە، ئێمە لێرەدا شەڕی ئەوەمان نیە، ئەمە لە چوارچێوەی شەرع دایە یان نا، نەخێر ئێمە ئەمڕۆ شەڕی ئەوەمانە یاساکان بە عەقڵێکی پیاو سالاری  داندراوە، ئەوەمان قبوڵ نیە، دەمانەوێت ئەمڕۆ ژن  رەئی هەبێت لەو یاسایانەدا، چونکە ئەو یاسایانە چۆن لەسەر پیاو تەتبیق دەبێت، ئاواش بەو شێوەیە لەسەر ژن تەتبیق دەبێت، بۆ بە مافی ئێمەی نازانن؟ بۆ بە هەموو

شێوەیەك دەتانەوێت بیخەنە سەر باری ئەوەی تەکفیرمان دەکەن و لە دەرەوەی کۆمەڵگای کوردەواری دادەنێن و وای لێك دەدەنەوە کە کۆمەڵگای کوردەواری قەبوڵی ناکات، حەقیقەتەکە ئەوەیە نەسەکان هەتا ئێستا بە چاوێکی پیاوانەوە خوێندراوەتەوە، دەبا بە چاوی ژنانەش بخوێندرێتەوە، کفرەکە لەوێدایە؟ نەخێر بۆ تەوازنە، خاڵێکی ترم باسی زۆر بوونی ژن دەکرێت، بێوەژن و فەیرە کچ زۆرە، کێ مەسئولە لە شەڕو شۆڕ لە وڵاتاندا، پیاو کەم بێتەوە و ژن زیاد بکات؟ هەر پیاوە شەڕ دەنێتەوە و ژن بێوەژن دەکات، ژن نیە بچێت شەڕ بکات، پیاوەکانن شەڕوشۆڕ دەکەن، پیاوەکانن نسبەتی خۆیان کەم دەکەنەوە، بەوەش نیسبەتی ژنان زیاد دەبێت، بۆ باجەکەی دەبێت ئێمە بیدەین؟ بۆ باجی شەڕی ئێوە و تەوازونی کۆمەڵگا کە تێکی دەدەن بۆ ئێمە باجەکەی بدەین ؟ من لێرە دا حەز دەکەم ئەوە بڵێم، ئایین زوڵمی نەکردووە، بارودۆخ و پیاوان زوڵمیان لە ژن کردووە، لەبەر ئەوە ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە داوای دەکەین، ئەو زوڵمە لابردرێت لەلایەن پیاوانەوە، هەر ئەوەیە کە داوای دەکەین، خاڵێکی تر لەگەڵ هەموو ڕێزێکم بۆ ئەوانەی کە دەڵێن کابرا بە ژنێك تێر نابێت، حاجەی سێکسی پڕ ناکاتەوە، باشە بۆ ژنێکی تر باجەکەی بدات؟ بۆ؟ ئاخر بۆ هەوەسی کەسێك بە باج دانی و تێك دانی و ناعەدالەت پەیڕەو کردن بۆ ژنێکی تر بێت، یەعنی لەم ڕۆژە دا هەموو کەسێك ئارەزووی هەیە، بۆ ئارەزووەکە تەنها لەسەر پیاوەکە حەصر کراوە؟ بۆ تێر کردنەکانی ئارەزووەکەی تەنها ژنەکە باجەکەی دەدات، هیوادارم ئەمڕۆ ئێمە زۆر بە ئاسانی لەوە تێ بگەین، خوێندنەوەی دەقەکان بە شێوازێکی تازەو ژنیش لەگەڵ پیاودا بەشدار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ پێشەکی من پشتگیری لە قسەکانی کاك شێروان دەکەم، چونکە ئێمە لە دوای چەندین کۆبوونەوەو بە ئامادەبوونی خەڵکانێکی پسپۆڕ لە هەموو بوارەکانەوە بە کۆمەڵێك دانیشتن، گەیشتینە ئیتیفاقێك کە ئەو تەقریرە موشتەرەکەی لە نێوان دوو لیژنە دەرچووە، بە عەدالەتێکمان زانیووە، کە نەشیش بسوتێت و نە کەباب، بەڵام ئەوەی من دەیبینم لەو جەلسەیەی پەرلەمان، بە داخەوە خوشکان، وەك ئەوەی جەنابت فەرموون خانمان، خۆیان چوونەتە سەنگەرێك وا دەزانن پیاو دژی ئافرەتە، نەخێر بە داخەوە پیاو لە خزمەتی ئافرەت دایە، لە شەریعەتی ئیسلامیش وایە پیاو بۆ خزمەتی ئافرەت داندراوە، من پێم خۆشە لەو ڕوانگەوە تەماشای پیاو بکرێت، وا نەزانن پیاو دوژمنی ئافرەتە، داوایەکی ترم هەیە ئەو قانونەی کە ئێمە دەڵێین، کە بەشی یەکەمیەتی موقەید کرا بەو تەقەیوداتەی کە زۆر قاسین، پێموایە ئەوە لەلای من (أضعف الایمان)ە، لەگەڵ ئەوەشدا من لە گەڵ ئەوەم، ئیتیفاقیشمان کردووە کە مەبدەئیەن لەو تەقریرە موشتەرەکەی کە هاتووە، بەڵام کە قسەی لێ دەکرێت، دەبێت دیفاع لە ڕەئیەکانمان بکرێت، داوا دەکەم لە هەموو خوشکان و خانمان و کچان شوو بە پیاوی بە ژن نەکەن، تاوانی پیاو نیە،

تاوانی قانون نیه، (نعوذ باللہ) تاوانی خوا نیه، دەبێت ئێمه هەموومان بە پیاوو ئافرەتەوە تەوعیەی کچەکانمان بکەین و بلێین بابە شوو بە پیاوی بەژن مەکە، لەبەر ئەوەی خیلافێکە لە زۆر لایەنەوە کۆمەڵگا تووشی تێك دان دەکات، بەڵام چی بکەین کە بلێین نەخێر خوا ئەمری پێ نەکردووە، حەزدەکەم تەوزیحێك بدەم لێرە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، رەجا دەکەم ئەوانەی کە ئایەتەکە بە شێوازێکی سەریح نازانن با تەدەخول لە ئایەتی خوا نەکەن، چونکە ئەوە خیلافێکە نابێت ئایەت بە شەدەیەك و مەدەیەك دەستکاری بکرێت، رەجاتان لێ دەکەم ئایەتی خوا ئەوەی کە کاك زانا گوتی کفری نەبوو، کاك زانا گوتی ئێمە ناکرێت موخالەفەی نەسێکی خوایی بکەین، ڕاستە من لەگەڵ دوو ژنی نیم، وەللا مەبدەئیەن بە خۆم وەکو شەخس لەگەڵ دوو ژنی نیم، بەڵام ناکرێت ئێمە هەستین دەفعی فەساد بە ئەفسەد بکەین، بۆ نموونە پیاوێك لەو ماوەیە پێشی سێ مانگ هاتووچۆی منی کرد کە قەناعەت بە من بکات  و بە حاکم و بە قازیش بە ژنەکەشی بکات، کە ژن بێنێت، دەرئەنجام نەخێر کەسمان ڕێمان پێی نەدا، چی کرد ئەو پیاوە! خێزانەکەی خۆی تەلاق داو 10 دانە مناداڵیشی هەیە، کە ئەو کچەی هێنای تەمەنی 24 ساڵ بوو، کەواتە ئەوەیە دەفعی فەساد بە ئەفسەد، بۆیە رەجاتان لێ دەکەم، با ئێمە وای لێ نەکەین، کە مەنعی بکەین، نەخێر پێمان مەنع ناکرێت، چونکە نەسێکی خوایی هەیە، برادەران باسی ئەوە دەکەن کە (فاعدلوا) نەخێر وانیە، جەنابت لە قورئان و وشەی عەرەبی زۆر شارەزای خوا دەفەرموێت (فانکحوا) ئەمرە ئەوە، ئەو ئەمرەش لە یەکی دەست پێ ناکات، نافەرموێت (من واحدة) دەفەرموێت (مثنا) بە جوت دەست پێ دەکات، کەواتە ئەو کەسەی کە ژنی هەیە (مثنا وثلاثة وأربعة)، بەڵام هەروەکو ئەوەی ئێمە موقەیدمان کردووە بەو کۆمەڵە قەیدەی، خوای پەروەردگار تەقیدی کردووە و مەشروتی کردووە بە شەرتێك، ئەویش ئەوەیە (وان خفتم أن لاتعدلوا فواحدة) لەگەڵ ئەوەم کە هیچ ئینسانێك ئەمڕۆ لەسەر ئەو زەویە عەدالەت ناکات، کەواتە ئێمە ئەو کۆمەڵە شەرتەی کە هێناومانە لیژنەی قانونی و لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی مافی مرۆڤ، موتابقە بە جێی عەدالەتمان ئەو تەقەیودە دابنێت، با تەقەیودەکان هەبن، بەڵام با زیاتر لەوە نەڵێین با مەنع بێت، ئەوە خیلافێکە لە عادەت و کلتور و دەستوور و ژیانی ئێمە پاشانیش نەصی خوا بیە رەجاتان لێ دەکەم، هی دووەمین من حەز دەکەم هەر هەمووومان ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان بە موسڵمان و بە ئێزیدی و بە مەسیحیشەوە، بە ژن و بە پیاو با تەماشای سیاسەتی ئەمڕۆی ڕۆژمان بکەین، ئایا ئێمە بەرژەوەندی خۆمان لەوەیە کە بە پێش هەموو خەڵك بکەوین، نەخێر نە ئەشهەد و بیلا، ئەو قانونەی ئێستا وەختی نەبوو، لەبەرئەوەی وەختی نیە کە 40 دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامی کە جیرانی ئێمە ئێران و ئەفغانستان و پاکستان و تورکیا ئەو قانونەیان دانەناوە، تەعەددودی فرە ژنی مەنع بکەن بە قانون، بە تەوعیە لەگەڵ ئەوەم وەکو عەرزم کردن با تەوعیەی ئافرەت بکەین، خۆمان و مامۆستایانی ئایینی  و وەزارەتی ئەوقاف، ئەو شتانە باس بکەین، بەڵام بەرژەوەندی گشتی وڵاتەکەی خۆمان با پێش خەڵکی تر نەکەوین، ئەو خەڵکانە هیچ دۆستمان نین، هەموویان لە کەمین دانیشتوون بۆ ئێمە بۆ ئەوەی بزانن ئایا چ بێ شەرعیەك و موخالەفەیەك دەکەین، ئەوە نەمان کردووە دژمانن، ئەی ئەگەر بکەین چیمان لێ دەکەن،

لەبەرئەوە رەجاتان لێ دەکەم ئەو کۆمەڵە شتانە ڕەچاو بکرێت، ئافرەتیش خوشکی ئێمەیە، کچمانن، شەریکی حەیتمانن، من چۆن دژی ئافرەت ڕادەوەستم؟ حەز دەکەم ئەوە بزانن، بەڵام پێویستە تەوعیەی بکەین، بڵێین کچم شوو مەکەن بە پیاوی بەژن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ فرەژنی دانیم، دژی ئایین و شەرعیش نیم، بەڵام تەنها باسی کێشە کۆمەڵاتیەکان دەکەم کە ئێستا لە ناو کۆمەڵگەمان بڵاوبوونەتەوە، ئەو کێشانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پیاوانەی کە دوو ژن دەهێنن، ئەمڕۆ لە ناو خێزانەکان دا گیروگرفت زۆر بووە، ئەگەر ئێمە سەردانی دادگاکان بکەین و سەیرێکی کێشەکانی ناو ئەو دادگایانە بکەین، زۆربەی ئەو پیاوانەی کە ژنی دووەمیان هێناوە، ژنی یەکەمیان داوای تەڵاق دەکات، لەبەرئەوە ژمارەی تەڵاق زۆر بووە، لەلایەکی ترەوە وەکو شەخسی خۆم سەردانی زیندانیەکانم کردووە و چاوم بەو منالانە کەوتووە کە قسەم لەگەڵ دا کردوون زۆربەی ئەو کێشانەی کە تووشیان بووە، ئەمڕۆ لە ناو زیندانەکە هۆکارەکەی ئەوە بووە کە باوکی ژنی هێناوە و پەرتەوازە بوون و دوورکەوتوونەتەوە لە ماڵ و تووشی ئەو کێشانە بوونەتەوە، لەبەرئەوە من لە ڕووی کۆمەڵاتیەکەیەوە لەگەڵ ئەوەدانیم، بە نیسبەت ئەو ئیمزایەی کە لە لیژنەی مافی مرۆڤ کراوە، من تەنها بۆ حزورەکە ئیمزام کردووە، لەگەڵ ئەوە نیم کە فرە ژنی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن بابکر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾، سەبارەت بە حەڵاڵ و حەرامەوە، بەڕاستی من قەناعەتم وایەو پێشنیار دەکەم کە ئەهلی ئیختساس باسی لێوە بکات، ئێمە کە باسی ئیسلام دەکەین و پیمان دەڵێن ئێوە موزایەدەی ئیسلامیمان لەسەر دەکەن، بەڵام بە داخەوە خەڵکێکی تر بە هەڵەت و پەڵەت، هەندێك فەرموودەو ئایەت دەخوێننەوە کە لەلام وا بێت یەك، دوو ڕۆژە هەندێك لە براو خوشکان ئیهتیمامی پێ دەدەن بۆ دانیشتنێکی لەم شێوەیە هەندێك شتیان پێ بێت، ئێمە لەگەڵ فرە ژنین بە شەرتی قورئانی، یەکەمیان خوای گەورە موباحی کردووە، حەرام کردنیشی پێچەوانەی قورئانە، ئەوەش قسەی ئێمە نیە، ئیتیحادی عولەمای هەردوو ئیدارە و مامۆستایانی کوردستان، بە تایبەتی لەم خوتبەی جومعەی رابردوو کە لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی زیاتر لە 200 مامۆستا لە وتارەکانیان دا باسیان کردووە، ئەمەش تەقریری ئیتیحادی عولەمایە کە پێچەوانەی نەسی قورئانی دەژمێردرێت کە ئەگەر مەنعی تەعەدودی بکرێت،

دووەمیان: بە نەزەری ئێمە زوڵمێکە لە ئافرەت دەکرێت، کە ئافرەتان ژمارەیان لە پیاوان زیاترە، هەر ژنی یەکەم ئافرەت نییە، بەڵکو ئەوانەشی کە بەسەر ژنی یەکەم و دووەم دەچن، ئەوانیش ئافرەتن و مافیان هەیە، سێیەمیان: مەنع کردن، تەشجیع کردنی تەڵاقە، چونکە کە یەکێك بیەوێت ژن بێنێت، هەر دەیهێنێت، بەڵام بۆ ئەوەی دووەمیان یەکەمیان تەڵاق بدات، چوارەمیان: مەنع کردن تەشجیع کردنی زیناو خراپەیە، چونکە وەك چۆن دەویسترێت ژنی بە حەڵاڵی نەهێشترێت، هەرواش کە هیچ قانونێك نیە لە کوردستان باسی ئەوە بکات کە ئەوەی دۆست دەگرێت بە ناشەرعی و بە حەرامی ئەویش قەدەغە بکرێت، پێنجەم : گرفتەکانمان لە گەڵ حکومەتی ناوەند و موشکیلەی ماددەی 140 و سنووری کوردستان و...هتد، کە موشکیلەمان ئەوەندە زۆرن، کە ئێمە موستەغنین لەوەی کە مەسەلەیەکی تری دیکەی ئاوا بێنینە پێش کە وەکو تەماشای دەکەی زاهیرەیەکی زۆر کەمە، بە پێی ئەو مەعلوماتەی کە لە دادگاکانی هەولێر کە تۆمار کراوە، لە شارێکی یەك ملیۆنی وەکو هەولێر لە ساڵی 2008 تەقریبەن 72 کەس ژنی دووەم، یان سێیەمی هێناوە، کە ئەوە زاهیرەیەکی زۆر کەمە، ئەو حەقیقەتەش بزانن کە رەئی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە زۆربەی ئەنجومەنی وەزیران رەئی فرە ژنی بووە بە تەقیید، هەروەها ئیتیحادی عولەمای هەر دوو ئیدارە و ئیتیحادی پەرلەمانی کوردستان و یەکێتی پەرلەمان تارانی کوردستان، هەندێك لە رێکخراوەکانی ئافرەتانیش، بە داخەوە کە باسی ئەوە دەکرێت دژی فرە ژنی یەکسەر باسی ئەوە دەکرێت رێکخراوی ئافرەتان لە کوردستان دا ئەوە رەئیانە، نەخێر هەموویان وا نین، ئەوەتا رێکخراوی ئافرەتانی کۆمەڵی ئیسلامیش و یەکگرتووی ئیسلامیش لەسەرەوە وجودیان هەیە، کە دژی فرە ژنی نین، چونکە بە پێچەوانەی نەسێکی قورئانی دەزانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سەرەتا من دەمەوێت لەوەوە دەست پێ بکەم کە بەنیسبەت ئاییەنەوە هەر کۆمەڵگایەك یەعنی لە سەرەتای دروست بوونی بەشەریەتەوە، هەر کۆمەڵگایەکیش کە تووشی داڕووخانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئابووری هاتبێت، خوای گەورە پێغەمبەرێکی ناردووە و لەگەڵیشی دا کتێبێك هاتووە، کە بۆ ئەوەی کە تەنزیمی ئەو کۆمەڵگایە بکاتەوە لە هەموو روویەکەوە، بەنیسبەت ئایینی ئیسلامیشەوە بە هەمان شێوە کە خوای گەورە پێغمبەر ﴿محمد ـ ص .ع﴾ی ناردووە، کە لەگەڵ ئەویش دا قورئانی ناردووە بۆ تەنزیم کردنەوەی کۆمەڵگای بەشەریەت لەو سەردەمدا، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نایەت کە ئێمە لێرەدا قسەیەك دەکەین دژی مەسەلەی ئایین بین یان دژی مەسەلەی ئیسلام بین، من کەسێکی موسڵمانم و باوەڕم بە پرەنسیپەکانی ئیسلامیش هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوە دا ئینسان دەبێت بە پێی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و بەپێی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگاکەت تۆ هەنگاو بنێی و لە خەڵك دانەبڕێی،

من بەنیسبەت ئەو یاسایەی کە ئێستا باسی لێوە دەکەین، یاسایەکی زۆر گرنگە دەتوانم بڵێم هۆکارێکە بۆ گۆڕانکاریەکی گەورە لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کوردستانی، کۆمەڵگای کوردستانیش ئەمڕۆ قۆناغێکی باشی بڕیوەو بەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە، ئێمە دەمانەوێت کۆمەڵگایەکی مەدەنی بینا بکەین لە کوردستان، جا بۆ بینا کردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە کوردستان ئێمە دەبێت هەنگاوی وا بنێین کە ئەو هەنگاوانە لە گۆڕ خواستەکانی تاکی کۆمەڵگا دابن بە پیاو و بە ئافرەتیشەوە، ڕاستە یاساکان تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت بە دیدگایەکی پیاوانە تەماشای مەسەلەکانیان کراوە، دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری یاساکان لەبەرژەوەندی پیاو دان، ئەوەندەی کە لە بەرژەوەندی ئافرەت دابن، من وەکو شەخسی خۆم دژی فرە ژنیم، قەد قەناعەتم بەوە نیە پیاوێك بتوانێت لەیەك کات دا دوو ئافرەتی وەکو یەك خۆش بوێت، یەعنی ناتوانێت عەدالەت بکات، بەڵام تا ئێستا فرە ژنی لە کوردستان نەبووەتە دیاردەیەکی وا بەربڵاو، بە پێچەوانەوە ئێستا خەریکە لەناو دەچێت، زۆر کەم بووەتەوە، جا کە شتێکیش دیاردە نەبێ و بەو شێوەیەی کە خەریکی لەناو چوون و خەریکی پووکانەوە بێت، هی ئەوە نیە کە تۆ بێی بە یاسا ئەو مەسەلەیە تەرکیز بکەی لەسەری، دواتر کە یاسایەك دەردەکەی ئەو یاسایە بۆ کوردستان دەردەکەی دەبێت ئیمکانیەتی جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایەشت هەبێت، ئەگەر ئەو یاسایە وەکو ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت جێ بەجێ نەکرا، ئەو کات دەبێت جارێکی تر تەعدیلی بکەینەوە، ئەوەش گرفتی ترت بۆ دروست دەکاتەوە، ئێمە لەو پەرلەمانە یاسامان دەرکردووە کە لە ناو خودی پەرلەمان جێ بەجێ نەکراوە، بۆ نموونە یاسای جگەرەکێشان، وەرە لە زۆربەی ژوورەکانی پەرلەمان جگەرە دەکێشرێت، یەعنی یاساکە قوەتی ئەوەی نەبووە وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت، بۆیە دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین یاسایەك کە دەری دەکەین ئەو یاسایە ئیمکانی جێ بەجێ کردنیشی هەبێت، باوەڕمان بە قۆناغ بەندیش هەبێت، پێشتر ئەگەر مەسەلەی فرە ژنی بەو شێوە بەربڵاوە هەبوو ئێستا وورده وورده کەم بووەتەوە، تەماشا دەکەی حاڵەتەکان لە هەموو سنووری هەولێر، نەك تەنها ناو شاری هەولێر کە لە ساڵی رابردوو دا 73 حاڵەتی ئەوە بووە کە خەڵك ژنی دووەمی هێناوە، ژنی سێیەم هەر زۆر زۆر کەم بووە، بە مروری زەمەنیش ئەوەی کە تێبینی دەکرێت، ئەو تەقەیودەی کە ئێستا لێرە هاتووە، کە ڕێگریەکە و خیلافی شەریعەتیش نیە، ڕێگریەکە کە ئینسان نەتوانێت ژنی دووەم بێنێت، بەڵام ئێمە دەبێت لە یاساکان دا هەوڵی ئەوە بدەین خواستی موقابلیش ڕەچاو بکرێت هەم خواستی ئافرەتەکەش و هەم خواستی پیاوەکانیش، دیسانەوە ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لە ناو خودی ئافرەتەکانیش خیلاف هەیە، ئەو خیلافەش دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی فیکری ئەو تاکە کە چۆن تەماشای مەسەلەکە دەکات، کە تا چەند باوەڕی بە کرانەوەو بە مەدەنیەت هەیە، هەروەها تا چەند موقەیدە بە مەسائیلی تر، یەعنی خۆشتان دەزانن هەر یاسایەك کە تۆ دای دەنێی بۆ واقعێك دای دەنێی وە لە هەمان کات دا زەرورەتیش حوکم دەکات کە ئەو یاسایە تا چەند پێویستە لەم قۆناغەدا، هەندێك مەبادئی ئینسانی هەیە کە بەڕاستی ئێمە دەبێت پێیەوە مەتەمەسك بین، برادەران باسی ئەوەیان کرد دەستوور کە دەبێت خیلافی شەریعەت نەبێت، هەر یاسایەك کە دادەندرێت لە دەستووری عێراقی، بەڵام لە هەمان مادده دا لە بڕگەی 2 دەڵێت

(هەر یاسایەك كە دادەندرێت نابێت خیلافی لەگەڵ بنەما دیموكراسیەكانیش هەبێت، خیلافی لەگەڵ ئەو ئازادیانەش هەبێت كە لەو دەستووره بە تاكی عیراقی یان بە تاكی كوردستانی دراوه، جا لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە دەبێت بەڕاستی ئەوەی كە قە ناعەتمان پێیەتی، مەسەلە مەبدەئیەكە و مەسەلەی دینی و مەسەلەی ئیسلامی من ڕێزم بۆی هەیە، من لەگەڵ ئەوە دانیم ئێمە شتێك بكەین خیلافی شەریعەت دابێت، بەڵام مەسەلەی قەناعەتی بە شەخسی خۆم من دژی فرەژنیم، قەد ناتوانم تەئیدی ئەوە بكەم كە مەسەلەن دوو ژن هەبێت لە ماڵەوە، ئەوە قەناعەتی شخسی خۆم و پاشخانی فیكری خۆم و تێگەیشتنی خۆم، ناتوانم عەدالەت بكەم، بۆ مەسەلەی ئیجتیهادات جەنابی سەرۆكی پەرلەمان زۆر جوان بۆ ئەو مەسەلەیە چوو، گوتی كە ئەو هەموو مەزاهیبە ئیجتیهاداتە، جا مەسەلەی (أن لن تعدلوا فواحدة) ئەو عەدالەتە هەموو ڕوویەك دەگریتەوە، تەنها مەسەلەی پارەو جل وبەرگ ناگرێتەوە، لە ڕووی مەسەلەی سۆزو عاتیفەو خۆشەویستی دەگرێتەوە، تێبینی بكەن لە كوردستان ئەوەی كە ژنی یەكەمی هەیە، ژنی دووەم دێنی، ژنی یەكەم ئیهمال دەكات، یەعنی ئەكسەریەتی وابووە، لە هەمان كات دا مەسەلەی قەیرە كچی یان بێوەژنی، حەزدەكەم ئەوەتان پێ بڵێم ئەوەی ئێستا دەچێت ژن بێنی، كەس نەچووە قەیرە كچێك بێنێت، كەس نەچووە بێوەژنێك مارە بكات، باوەڕكەم ئەوەش گرفتەكە چارەسەر ناكات، ڕاستە سەرەتا ئەوە بێ و بەو شێوەیەی كە ئێمە دەمانەوێت كە قەدەغەی یەكلایی بكەین، ئەوە تووشی گرفتێكی زۆرمان دەكات، لە هەمان كاتیش دا لەوانەیە ڕەدفعلی گەورە لەسەر ئاستی كۆمەڵگاو لەسەر ئاستی زانایانی ئایینی ڕووبەڕووی پەرلەمانیش ببێتەوە، لەوانەیە ڕووبەرووی دەزگاكانی جێ بەجێ كردنیش ببێتەوە، بۆیە ئێمە دەبێت باوەڕمان بە قۆناغ بەندی هەبێت، قۆناغی یەكەم ئەوەیە كە ئێمە موقەییدی بكەین بەو تەقەیوداتەی كە لە یاساكەدا هاتووە، بەو شێوە تەقەیودەی كە هاتووە ئێمە ڕێگریمان كردووە لە فرەژنی و لە هەمان كات دا دەتوانین شتێكی وا بكەین كە بڵێین ئەوەتا یاساكە دژی شەریعەت نیە، یەعنی لەبەر ئەو عەدالەتەی كە لە قورئان باس دەكرێت، گۆڕیوتە بەو تەقەیودەی كە لە یاساكەت هێناوە، بەو شێوەیە ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە كە لە ماوەیەكی داهاتووی زۆر نزیك دا ئەوەش وردە وردە كەم ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی ڕۆشنبیری كۆمەڵگا زۆر زۆر پێویستە، ئەوە پیاو نیە كە غەدر لە ئافرەت دەكات كە دوو ژن دەهێنێت، چەند برادەرێكی تریش باسی ئەوەیان كرد كە غەدر لە ئافرەتێكی تر دەكات، كە دەزانێ ئەو كابرایە ژنی هەیە بۆ هەندێك بەرژەوەندی ماددی دەچێت مێرد بەو كابرایە دەكات، بەڕاستی ئافرەت هەندێك جار خۆی وەكو كاڵا دادەنێت، ڕاستی هەندێك پیاویش وەكو كاڵایەك تەماشای ئافرەت دەكەن، بەڵام ئافرەتیش هەندێك جار قبوڵی ئەوەی كردووە كە ببێتە ئەو كاڵایە بچێت شوو بە پیاوێك بكات كە یەك ژنە یان دوو ژنە، بەڕستی ئافرەتان دەبێت لەلایەن خۆیانەوە ئەو وشیاریانەیان هەبێت كە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبن، خۆیان لە لای خۆیان تەحریم و تەجریمی ئەوە بكەن كە مێرد بە پیاوێكی دوو ژنە بكەن، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەمووتان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من لەسەر قسەیەك رادەوەستم كە لێرە جگەرە دەكێشرێت لە پەرلەمان، نەسی قانونەكە یەكەم شتی شوێنی مەنع كردووە كە سەرۆكایەتی پەرلەمانە، لەبەر ئەوە هەر كەسێك كە جگەرەی كێشا بێت دەبێت ئەوەڵ جار رەخنە لە خۆی بگرێت و پابەند بێت بەو یاسایە و باجەكەشی بدات، لەمەودوا هەر لێرەوە كەسێك سەرپێچی و موخالەفەی ئەوە بكات، جگە لە وەرگرتنی ئەو برە پارەیەی كە دیاری كراوە لە كۆبوونەوەكاندا ناوی دەهێنم، دەڵێم فلان كەس یاسای شكاندووە كە تەلەفزیۆنیش موباشەرەتەن نەقڵی دەكات، ئەوەش عقوبەیەكی ترە، چونكە ئێمە كە یاسا دادەنێین دەبێت دووجار پابەند بێت بە یاسایەكە، هەر یەكێك بێت، لە جەلسەی داهاتووەوە، هەر یەكێك جگەرەی كێشا بێت، بێجگە لەو 10 هەزار دینارە لێی دەستێنین ناویشی لێرە دەخوێنینەوە، شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەۆكی ئەنجومەن.**

دیارە زەرورەتی هەمواركردنی هەر یاسایەك یاخود دانانی هەر یاسایەك لەو ڕووەوە دەبێت كە گۆڕانكاریەكی زۆر، پێشكەوتنێكی زۆر لەو بوارەی كە دەمانەوێت ئەو یاسایەی هەموار بكەین ڕووی دابێت و یاساكە ئەوەندە كۆن و سواو بێت، نەتوانرێت بە كەڵكی ئەو رووداوە بێت، بەڵام لە یاسای باری كەسێتیدا شتێكی ترە، لەبەر ئەوەی یاسای باری كەسێتی مەسائیلی رۆحی تیایە لەسەر ئاستی خێزان دا و لەسەر ئاستی ڕەگەزی نێرو مێ و منداڵ تیایدا بەشدارەو تەواوی ژیانی ئینسانەكان دەگرێتەوە لە پێش قۆناغی لە دایك بوونیەوە هەتا دوای مردنیشی، لەبەر ئەوە هەموار كردن لەسەر ئەو یاسایە پێم وایە زۆر دەخایەنێت و كۆمەڵگای ئێمەش لەو ڕووەوە ئەوەندە پێش نەكەوتووە كە یاساكە ئەوەندە سواو بێت بە كەڵكی ئەمڕۆی ئێمە نەیەت، ئەگەر نا بێتو یاسایەك ئیستیجابەی نەبێت لە ناو كۆمەڵگا و لە ناو ناخی كۆمەڵگاوە نەبێ و ئەكتیف نەبێت پێم وایە گۆڕانی یاسایەكە هیچ جێگایەك ناگرێت ماعەدا لەوانەیە چەند پەشێویەك بخاتەوە، بەڵام كۆمەڵگا ئەگەر خۆی لە رووكارێكەوە ئەوەندە پێش كەوت خۆی ئۆتۆماتیكیەن ئەو یاسایە بە كەڵكی نایەت، ئەو گۆڕانكاریەش دەبێت لە ناو خودی كۆمەڵگاوە بكرێت، ئەگەر ئەمڕۆ ئێمە مەنعەكە بۆ ئەوە بێنین و موبەررمان ئەوە بێت كە زۆربەی زۆری ژنان و زۆربەی زۆری خێزانەكان زوڵمیان لێ كراوە، ئەوا زوڵمەكە لە خودی دەقەكە و نەسەكە نیە هەتاوەكو ئێمە بێین زەرورەت بێت بۆ ئەوەی ئەو نەسە بگۆڕین، ئەوە كۆمەڵگایە و ئەوە عادات و تەقالیدە ئەو زوڵمە دەكات، نەسەكە هیچ پێویستی بەوە نیە بگۆڕدرێت، دوای ئەوە ئێمە ئەگەر بێتو ئیحسائیەك بخوێنینەوە باس لەوە دەكەین كە ئەمە حاڵاتە، بۆ نموونە ئێستا من ئیحسائیەكم لەبەر دەست دایە كە تۆماركردنی ژمارەی ئەو كەسانەی كە دوو ژنیان هێناوە لە خیلالی 5 ساڵ دا لە دادگای باری كەسی هەولێر كە بەم شێوەیە لە ساڵی 2004 ـ 2008 ، كە لە ساڵی 2004 ەوە 43 كەس تەعەددودی كردووە، لە ساڵی 2005 ، 72 كەس تەعەددودی كردووە، لە ساڵی

2006 یش دا 97 کەس تەعەددودی کردووە کە ئەمە لوتکەیە لەو ساڵەیەدا، لە ساڵی 2007 یش دا 91 کەس، لە ساڵی 2008 یش دابەزیوە بۆ 51 کەس، ئەمە هەتاوەکو 2008/10/22 لە خیلالی ئەو 5 ساڵە کۆیەکەی دەکاتە 354 کەس، ئەمە ئەگەر بێتو بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو ڕێژە زۆرەی کە لە هەولێرو دەوروبەری دا دەبینین کە حاڵەتەو ئەگەر ژمارەکەش ئەزعاف بکەینەوە دەبینین لە 2008 دا تەنها 51 کەس لەناو دادگا ناوەکەی تۆمار کردبێت، با بڵێین 51 کەسیش لە دەرەوەی دادگا تۆماری کردبێت ناگاتە ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ بڵێین ئەو نەسە پێویستی بە گۆڕینە، لەبەر ئەوەی حاڵەتە، خاڵەتیش ناچێتە ژێر بابی دیاردەوە کە گۆڕانکاری لەسەر بکرێت، خاڵێکی تریشم کە دەمەوێت باسی بکەم، هەندێك کەس باس لەوە دەکەن کە تەعەددود مەسەلەیەکە تایبەتە بە عەرەبەوە یان تایبەتە بە لایەنێکی ترەوە، من ئیحسائیەی عولەمای ئیجتماعی وەکو یەکێکی وەکو (جێمس) لەبەردەستمە کە دەڵێت (لە ناو شعوبی موتەحەزر و پێشکەوتوو نیزامی تەعەددود نیزامێکی موتەبەعە) بە عەکسەوە نیزامی یەك ژنە لە ناو شعوبی دواکەوتوو دا نیزامێکی موتەبەعە، ڕاستە ئێمە باس لەوە دەکەین کە (جێمس) عالمێکی ئیجتماعیە هەمووومان ناومان بیستووە، ئەوە قسەی من نیە کە ئەو ڕەئیە باس دەکات، ئەمە لە نیزامی تەعەددود دایە، ئەگەر ئێمە بێینەوە سەر نەسەکە و مەنعی بکەین، ئەگەر ئێمە بێتو مەنعی بکەین کۆمەڵێك ئاسەواری سەلبیمان بۆ دەبێت و دەرهاویشتەی زیاتری دەبێت، ئەو دەرهاویشتەی کە ئێستا هەیەتی، بۆ نموونە ژنەکە زوڵمی لێ دەکرێت، بەڵام مێردەکەی دەری ناکات و دەیەوێت دایکایەتی خۆی بکات، نەفەقەی دەکێشێت، ڕووبەڕووی تەڵاق و عونفی تر نابێتەوە کە لەوانەیە لە دەرەوەی خێزان ڕووبەڕووی ئەو ئەشکالیتانە ببێتەوە، بەڵام ئەو شروتانە و ئەو تەقییدانە کە داندراوە ئەوەندە قاسیە ڕێگەی نەداوە بەو موتڵەقیە کە ئەمڕۆ ئێمە مەترسیمان لەسەری هەبێت، هەموو پیاوێك دەبێت دوو ژن و سێ ژن بهێنێت، من بۆ هەموو پیاوەکان باسی ئەوە دەکەم، خوای گەورە کە باسی کردووە و دەڵێت (فانکحوا ما طاب لکم) ئەو ئەمرە بۆ وجوب نیە، ئەوە نیە هەموو پیاوێك هەستێت بە ئارەزووی خۆی چوار ژن بهێنێت، بەڵکو بۆ ئیباحەیە، ئیباحەش بە تەنها مەجالەکەی تیایە تەنها مەنع کردنی نیە، مەجالەکە تەقیدە، لەبەر ئەوە من دەچمەوە سەر ئەوەی ئەم موبەرراتانەی کە ئەمڕۆ ئافرەتی ئێمە و واقعی کۆمەڵگای ئێمەی تێ کەوتووە ڕێگە بە تەعەددود نادات، جگە لەوەی کە باسی زیانی تەڵاقمان کرد باسی ئەوە دەکەین کەوا دیسانەوە تۆ مەرغوبی دەکەیەوە، کە مەرغوبت کردەوە کەسانی تر دەچن لەژێر دەسەڵاتی ئەو سێ موحافەزەیە مارە کردن دەکەن، دیسانەوە ئێمەش وەکو کۆمەڵگایەکی ئیسلامی ئەگەر مەنعی بکەین پیاوانمان لە دەرەوە زیانی زیاتر بەسەر ئافرەتان دا دەهێنن، جگە لەوەی زەواجی میسار و موتعەو زەواجەکانی تر کە هیچ حقوقێکی ئافرەتی تیادا ناپارێزرێت و بەرەو زیادبوون دەڕوات ئەو کاتە مافی مبیت و نە مەئکەل و نە نەفەقە و نە مەسکەن و هیچ مافێکی تری نامێنێت، لەبەر ئەوە بە پێی هەموو پێوەرەکان ئەو تەقییدە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمە دا یەکدەگرێتەوە و هیچ زەرورەتێك نابینرێت بۆ ئەوەی کە

نەسەكە دەستكاری بكرێت، لەبەر ئەوەی نەسەكە زوڵم ناكات، زوڵمەكان لە ئاستی تەفالید دایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەردەوام بین لەسەر موناقەشە؟ كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد أحمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەڵبەتە من لەگەڵ پێشنیاری دووەمم، قەدەغەكردنی فرە ژنی بە تەواوی، چەند موبەررێك دەهێنمەوە، یەكەم: ئەمە قەدەغە كردنە موخالفی شەرع و دین نیە، چونكە كە دەڵێت (فواحدة) ئاخیری ئایەتەكەیە ئەوەش لزومە، ئەوەی تر مەسموحە، ئەو مەسموحەش مەشروتە، شەرتەكەش عەدالەتە، بە قەناعەتی ئێمە هیچ پیاوێك ناتوانێت بە عەدالەت لەگەڵ دوو ژن بژیت و لەگەڵ دوو ماڵیش ئیدارە بكات و لەگەڵ دوو منداڵی جودا جودا تەعامل بكات، لەبەر ئەوە كە عەدالەتەكە نابێت، ئیتر لە دین و شەرع قبوڵ نیە غەیری (واحدة) نەبێت، دووەم : كۆمەڵێك ئایەت و فەرموودەی سەحیح هەیە كە مەجال دەدات بۆ ئینسان كە لە ئموری دونیەوی تەعامل بكات، وەكو دەڵێت (الضرورات تبیح المحذورات) هەروەها دەڵێت (وأنتم أعلم بشؤون دنیاكم) ئەوەی ئێستا ئێمە قسەی لەسەر دەكەین، شئونی دنیایە، باسی ئەحكام و عیبادات نیە كە لە دنیادا خەڵك دەتوانێت بگونجێت لەگەڵ واقعەكەی كە پێی دەژیت، واقعی كوردستان ئەمڕۆ كە حكومەت بێت یان كۆمەڵگا بێت بەرەو هاووڵاتی بوونە، بەرەو دەستوورە، بەرەو مەساواتە، بەرەو دیموكراسیەتە، بەرەو بەڵگەنامەكانی حقوقی ئینسانە، كە هەموویان دەڵێن ئەو (المواطنون متساون أمام القانون) مواتنین تەمیزی ناكات لە نێوان ژن و پیاودا، لەبەر ئەوە دەبێت ژن و مێرد، بۆیە دەبێت لەبەرامبەر ئەو یاسایە متەساوی بن، ئەوەی كە ئێمە باسی دەكەین متەساوی نیە، لە كۆمەڵێك لە شتەكان ژن بە دەرەجەی دووەم دادەندرێت، هەموو كەموكوڕیەكان لەسەر ژن دادەندرێت، ئەوەیە پیاو رزگار دەكات لە هەموو ئیلتیزامێكی تر، سێیەم : فرەژنی هیچ كێشەیەكی كۆمەڵایەتی لە وڵاتی ئێمە دا چارەسەر نەكردووە، ئەو كێشانەی كە هەن وەكو قەیرە كچی، هیچ كەس نەبووە قەیرە كچێك بهێنێت، هەروەها بێوەژن كە لە زۆر وڵات دا دێن ئیستسنای دەكەن دەڵێن بێوەژن یان (ئەرمەڵە) كە لە حاڵەتی شەڕە نیسبەیەكی زۆر عائیلە ماون بە تەنها، لێرە ئەو كێشانە موعالەجە ناكات، تێكەڵێەك هەیە كە تەنها بایەخ بە جانبی ماددی دەدەین، ئەگەر هاتو ئیمكانیەتی ماددی هەبێت، بەڵام خۆی لە جەوهەرەكە ئەوە شەراكەتە، پیاوەكە دێت شەریك دروست دەكات بە بێ رەزامەندی شەریكی یەكەم، بێ ئەوەی كە بتوانێت بە موقابەلەكە ڕازی بێت، خاڵێكی تر جانبی رۆحی ئینسانی هەیە، چەند زەرەر بە كەسی تر دەدات، قانون و یاساكانی ئێمە هەمووومان دێین دەڵێین ئەگەر زەرەر بە قانونێكی تر بدات با محاسەبە هەبێت، ئەمە زەرەرو زیان دەگەیەنێتە فەرعێكی تر، موعالەجەی تەڵاق بە قەناعەتی من قەدەغە كردنی فرە ژنی موعالەجەكە باشتر دەبێت، چونكە

ئەوەی ژن دێنێت باش تەدقیقی خۆی و ژنەکەی دەکات، مەجموعە ئوسوسەك ئەو عەقدە دروست دەکات کە مەجال نادات بۆ تەڵاق و بۆ ............ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بێ دەنگ بن، ئەگەر نا کۆتایی بە موناقەشەکە دەهێنم، دوو ڕەئیەکە زۆر قسەی لەسەر کرا، لیژنەکانیش قسەیان کرد، ئەندامانی پەرلەمان بە هەموو فراکسیۆنەکان قسەیان کرد یان لەگەڵن یان لەگەڵ نین، یان تەئیدی ڕەئی یەکەم دەکەن یان تەئیدی ڕەئی دووەم دەکەن، نوقتەی نیزامی چیە؟ فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت گوتت فراکسیۆنەکان، هەرچەندە کاك شێروان چووە دەرەوە، لە ناو فراکسیۆنی ئێمە پارتی دیموکراتی کوردستان دوو وجهە نەزەر هەیە ڕەنگە وجهە نەزەری تریش هەبێت، ئەوەی لە ناو کوتلەی ئێمە قسەی کرد ئەوانیش هەموو یەك ڕەنگ بوون لەگەڵ فرە ژنی بوون، ئێمە ژمارەیەکمان من یان مامۆستا جمال قاسم پێویستە قسە بکەین، چونکە ئێمە ڕەئی جیاوازمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان، ئەوەڵەن گوتیان هیچ لیژنەیەك بە کۆی دەنگ ڕەئیەکانیان نەداوە، فراکسیۆنەکانیش مەعلومە هەر هەموویان یەك دەنگ نین لەو مەوزوعە، مومکینە فراکسیۆنێك هەبێت، بەڵام پارتی و یەکێتی هەر دووکیان ئەوەی مولاحەزەم کرد یەك ڕەئیان نیە، لەبەر ئەوە، ئەوە وازیحە بەبێ ئەوەی قسە بکەی لە دەنگ دانیشدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، ناکرێت یەك بە یەك بپرسین ڕەئیتان چیە؟ ئەوە لە دەنگ دان دا دەبێت، بەڵام بە عام قسە کراو ڕەئیشی لەسەر دراو پێم وایە زۆریشە، ئەوە دوو سەعاتە موناقەشەی ئەوە دەکەین، جەنابت کاك محمد حکیم و کاك زانا و کاك حسن و تاڤگە خان زۆر قسەتان کرد، بەحەقیقەت زۆربەتان قسەتان کرد، بە حەقیقەت لەڕووی شەریعەتەوە کاك مەلا أنور قسەی کرد، زۆر ڕێگام دا بە خانمانیش کە قسە بکەن، دیارە دوو ڕەئیەکە وازحە، دوو ڕەئی جیاوازن، یەکەمیان دەڵێت سنووردار بکرێت، تەقیید بکرێت، ئەوەی تریشیتان دەڵێت قەدەغە بکرێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ڕەئیەکی تر هەیە؟ ئەگەر نا بیدەمە دەنگدانەوە، دەبێت یەکلای بکەینەوە، جا پێش ئەوەی هین بکەین، با بەکورتی ڕەئیی دەدەمە سەرۆکی لیژنەکان کە دانیشتوون، دوا ڕەئی خۆیان جارێکی تر بڵێین بە تایبەتی پاش ئەوەی کە گوێیان لە ڕەئی ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان بوو، هەر یەکە بە دوو دەقیقە قسەی بکەن و ڕەئی خۆیان بڵێن، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئیتیفاقمان کرد کە کوێستان خان و من یەکی تۆزێك قسە بکەین، نەك هەر یەکێکمان، ئەگەر ڕێگەمان بدەن، بەڕاستی بەداخەوە یەعنی ئینسان حەزی نەدەکرد موناقەشەکان ئەو ئاراستەیە بگرێت، کە وەکو ئەوەیە ئێستا ئێمە موناقەشەی مەجموعەیەك دژی ئەحکامی ئیسلامەو مەجموعەیەك لەگەڵیدایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەقیقەیەك کە دەنگ دەدەین داوا لە ئەوانی تر دەکەم بێنەوە ژوورەوە، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم : سەبارەت بەو عینوانەی کە دراوەتە پێشنیاری دووەم، ئەوە ناچێتە ناو یاساوە، تەنها عینوانێکە بۆ جیاکردنەوەی لەوەی سەرەوە کە تەقییدی تەعەددودی زەوجاتە، (منع تعدد الزوجات) ئەوە عینوانێك نیە بچێتە ناو یاسایەکەوە، دووەم : عەینەن چۆن لەسەرەوە نووسراوەتەوە (لایجوز تعدد الزوجات ألا......) لێرە نووسراوە (لایجوز تعدد الزوجات وفق أحكام هذا القانون) نەیگوتووە شەرعەن ڕێگەی پێ نادرێت، بە پێی حوکمەکانی ئەم قانونە ڕێگە نادرێت بە فرەژنی، ئەمەش وەك ئەوەی کە برادەران باسیان کرد، نسوس و ئیجتهادات و هتد ...، ئیجتهاداتیش هەیە کە ئینتلاق دەکات لە مەقاسیدی کولی شەریعەی ئیسلامەوە کە دەرئی مەفسەدەیە لە پێش دا ئینجا جەلبی مەسلەحەیە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێت وەلی ئەمر دیاردەیەك ڕابگرێت کە هەیە لە کۆمەڵگا بۆ دەرئی مەفسەدە و بۆ جەلبی مەسڵەحە، ئینجا ئەوە قسەی من نیە، بەڕاستی جەنابی سەرۆك زۆر باس لەوە کرا کە ئەگەر فرە ژنی نەبێت وا دەبێ و وا دەبێت، ئێمە ئێستا لەم قاعەیە برادەران و خوشکانمان کە لە ئایینێکی ترن ڕێگە بە فرەژنی نادەن، ژیانێکی زۆر زۆر تەبیعیش ژیاون، نە خوانەخواستە فەساد لە عەنکاوە هەیەو نە لە شوێنێکی تر، لەبەر ئەوە من زۆر ئەو قسانەم لەبەر گران بوو، بەڕاستی باس لەوە دەکرێت کە ئەمە مەسەلەی کچان و ژنان حەل دەکات، من لێرە حەز دەکەم شتێکتان بە بیر بێنمەوە، ئێمە فەرقی ئینسان و بوونەوەری تر عەقڵە، ئینسان غەرائیز نایڕەوێنێ، عەقڵی ئینسان دەجوڵێنێت، لەبەر ئەوە پێم ناخۆشە کە باس لەوە دەکرێت کەئەنەهو ئینسان عەبدی غەرائیزەکانیەتی، ژیان زۆر لەوە دەوڵەمەند ترە کە تەنها غەرائیز بێت یان تەنها یەك غەریزە بێت، بەڕاستی مەرجی شەرعی و ئەساسی بۆ فرە ژنی عەدالەتە، ئەو عەدالەتە هەر بە پێی خودی شەرع زۆر زەحمەتە، لە ئایەتی 129 لە سورەتی (النساء) دەڵێت [ولن تستطيع أن تعدلوا بين النساء ولو حرصتم ] ئەگەر حەریسیش بن لەسەر ئەوە ( فلا تميل كل الميل فتذرها كالمعلقة وأن تصلح تتقوا فأن الله كان غفورا رحيما) لەسەر شەدە و فەتحە هینم مەکەن، هەر لە خودی ئایەتی 3 لە سورەتی (النساء ) کەوا ئیحاء درا کەئەنەهو ئەمرێکە، چونکە خوا دەفەرموێت (فانكحوا)......... .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستای ئایینی هەیە و قورئان خوێنیش هەیە کە غەڵەت دەکات، مانای وانیە مەقسودەن دەزانم جەنابت چی دەڵێی کە نیەتەکەی وا نیە، فەرموو پەخشان خان تەواوی بکە.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوای لێ بوردن دەکەم، دەخوازم ئەگەر لە فەتحەو زەمە و کەسرە ئەوە هیچ مەقسود نیە، ئێستا من لەبەردەمی خۆم دا کەسانێك کە زۆر پیاوی ئایینن گوێم لێ بە غەڵەتیان خوێندەوە، یەعنی غەڵەتی تیا بوو، هەر ئەوە نیە (فانکحوا) بەڵکو (وأن خفتم أن لا تقصطوا فی الیتامی).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە کاك زانا قسەی کرد، ڕاستە قسەت نەبڕی، بەڵام مەبەستم ئەوەیە مەجموعەیەك گوتیان با بە ئایەت و فەرموودە نەکەن، من دەڵێم کە مەنع دەکەین با بەڵگەی ئایەت و فەرموودە نەهێنینەوە، یەعنی پەخشان خان با بەڵگەی تر بێنێتەوە، بەڵگە لە موجتەمەع و نموونەی خراپ بهێنێتەوە، بەڵام تەفسیرێك ئەگەر بە ئایەت نەکرابێت بە فەرموودە کراوە....... .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێکی ترە، کاك محمد فەرموو، ئەو قسەیەت جوان بوو کە دەڵێی با دڵمان فراوان بێت و قبوڵی یەکتری بکەین، د. شوکریە رەئیت هەیە یان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ خۆتان گوتتان با لە موجتەمەعیش دا نموونە بێنینەوە، من دەڵێم لە ناو مجتمع دا پەندی پێشینانی زۆر جوان هەیە لە شاری هەولێر و لە هەموو شارەکانی تری کوردستان، پیاوی دوو ژنە جەرگی کون کونە، ڕێزیشم بۆ شوێنە ئایینیەکان، کە پیاوی دوو ژنە هەر خەریکی سەفاو مەروایە، ژن هەدووە پیاو لەدووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال تۆش قسەیەك بکە بۆ ئەوەی گلەییمان لێ نەکەی، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

به حەقیقەت من لەو مەوزوعە زۆر مەبەستم بوو بزانم بۆچی ڕەئیم هەیە بۆ یەکێك لەو تەرەفانە، تەبیعی بۆ هەریەکێك  سەبەب و موبەرراتانەی کە لە ناو خەڵکەکە بیستوومە یان ئەو ڕۆژە چوومەتە ئەو دانیشتنەی کە کۆمەڵێك خەڵك هاتبوون کە عولەمای دینی و پرۆفیسۆر و زانایانی ئیسلام، یەعنی بەعام خەڵکێکی زۆری لێ بوو ، کە تەحلیلەکان هەمووی ئیمامی حەنەفی و ئیمامی شافعی و، یەعنی شتەکان هەمووی ئیجتهادات بوو، هیچی باسی ئەوەی نەدەکرد کە لە قورئان دا مەنع کراوە یان لە قورئان دا ئەمە نابێت بکرێت و ئەوەیان دەبێت بکرێت، لەبەرئەوە من ئێستا هەر قەرارێك کە دەیدەم، ئەوەی کە هەیە لە قورئان دا تەنها ئەو ئایەتەی سورەتی (النساء) تەبیعی ئەوە دوو مەفتەعی هەیە، لەلایەك ڕێگا دەدات یەك و دووان و سێیان، لەلایەکی ترەوە دەڵێت ئەگەر عەدالەت نەبێت، دەبێت ئەو شتە نەکرێت، جا لەسەر ئەو بنەمایە و لەسەر قسەکانی تریش، ئەوەی کە لەم کۆمەڵگایە هەیە من فکرەی خۆم باس دەکەم، تەبیعی خەڵك دەڵێت ئەگەر مەنع بکرێت دژی قورئانە، من بە دژی قورئان و ئایینی ئیسلامی نازانم، لەبەرئەوەی من بینیومە و هەتا ئێستا ئەوەی کە من بیزانم، یەك کەسم پێ بڵێ کە دوو ژنی هەبێت و عەدالەتی کردبێت؟ مومکین نیە لە ناو ئەم کۆمەڵگایەو لە ناو هیچ کۆمەڵگایەکی تریش دا لە دەرەوە خەڵکێك بتوانێت عەدالەتی هەبێت لەو مەوزوعە، ئەو مەوزوعە عەدالەتی تێدا نیە، لەبەر ئەوە من ئەوە ناچێت بە مێشکم دا ، بە نیسبەت ئەوەی کە هەندێك پێیان وایە فرە ژنی دژی دەستوورە، من بە دژی دەستووری نازانم، چونکە هەندێك لە برادەران ماددەی دووی دەستووریان باس کرد و هەندێکیش دەڵێن دەبێ دەستوورەکەی ئێمە و ئەو قەراراتانەی پەرلەمانی ئێمە کە دەیدات لەگەڵ ئەوەی بەغدا نابێت نەگونجاو بێت، من دەڵێم ئەوەش وا نیە، چونکە لە ماددەی 121 دا لە بەشی دووەم دا دەڵێت (یحق لسلطة الاقلیم تعدیل تطبیق القانون الاتحادی فی الاقلیم فی حالة وجود تناقض أو تعارض بین القانون الاتحادی وقانون الاقلیم بخصوص مسألة لا تدخل فی اختصاصات للسلطات الاتحادیة) ئەمە ڕێگەی بە تۆ داوە کە تۆ خۆت چی ئیختیار بکەیت و چ قەرارێك بدەی، خەڵکی تر دەڵێن کاکە با دەووروبەر لە خۆمان تێك نەدەین کەی دنیایە خەڵك دابنیشێت لە پەرلەمان، خەڵك دابنیشێت دەستوور دابنێت، یاسا دابنێت، دەبێت بیر لەوە بکاتەوە خەڵکێکی تر چۆنی کردووە؟ خەڵکی تر هەموو شتەکانیان غەڵەتە، هەر خەڵکی ترە دنیایان تێك داوە، خەڵکی ترە ئیرهاب و ئەنواعی شتی تر دەکەن، لەبەر ئەوە با خۆمان دیراسەتی وەزعی خۆمان بکەین، خۆمان چارەسەری موشکیلەکانی خۆمان بکەین، بیر لەوە نەکەینەوە کێ پێی ڕازییەو کێ پێی ڕازی نیە، هەندێك لە برادەران باسی ئەوەیان کرد ..... .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە موناقەشەمان تەواو بوو ، پەخشان خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەم تەواو نەبوو بوو، قسەم پێ بڕدرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامیت گوت، نوقتەی نیزامیەکەش نیو نوقتەی نیزامی بوو، ڤیان خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم جار دەرگای قسە کردن کراوە، زۆر ناویش نووسران، دوایی بە بێ ئەوەی کە جەنابت بگەڕێیتەوە بۆ رەئی ئەو ئەندامانەی کە ماون، ئایا حەقیان هەیە کە قسەکەی خۆیان بە جێ بهێڵن و هیچ قسەیەك نەکەن، بێ ئەوەی کە رەئی ئەوان وەربگری، گوتت بەسە تەنها رەئی سەرۆك لیژنەکان وەردەگیردرێت، رەئی سەرۆك لیژنەکانیش کە گوترا هێشتا تەواوی نەکردبوو کە قسەکەی پێ بڕاو دوو، سێ ئەندامی تر قسەیان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم شت کە ناومان نووسین مولزەم نین بەوەی کە ئەوەی ناوی نووسرا قسەی بدەینێ، سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتی زەبتی جەلسەکە دەکات و ئەو تەقدیری شتەکان دەکات، ئەگەر هەموو جار مولزەم بین مانای وایە تاوەکو سەعاتی شەشی ئێوارە دادەنیشین و ماددەیەکیش تەواو نابێت، لێرە مەسئولیەتی ئێمەیە لە کوێ ڕای بگرین و بلێین بیخەمە دەنگدانەوە، لێرە موناقەشەکان دووبارەو سێ بارە دەبێتەوە و قسەیەکی تازە ناکرێت، کاك جمال هاواری لێ هەستا و گوتم بەڵکو شتێکی تازەی پێیە، بۆیە قسەم دا پێی، ڕاستیەکەت ناوێت؟ گوتم لە ئەمریکایەو قسەی سێیەمی پێیە، ئەویش هەر هەمان قسەی کرد، کاك محمد حکیم نوقتەی نیزامی هەبوو و قسەی پەخشان خانی بڕی، کاك خورشیدیش دەیەوێت بە هەمان ڕێگای کاك جمال قسە بکات، ئەگەر موسیرە لەسەر ئەوە دوو دەقەش قسە دەدەمە ئەو، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من ویستم قسە نەکەم، بەڵام جەنابت دیارە مەجالت زۆر دا قسە بکرێت، قسەکانم هەمووی تیکرارە، بەڵام واقعەك هەیە نە مزایەدەی کەس لەسەر کەس بکەن، نە عاتیفەش بمانگرێت، رەجام وایە کە ئێمە دەمانوێت قانونێك دابنێین و کێشەیەك چارەسەر بکەین، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەزار و دوو سەد ساڵە هەیە، من لەگەڵ ئەوە دانیم کە خۆم بڕوام بە دوو ژنی نیە ، لە حەیاتی خۆم بڕوام پێی نەبووە و نەشم هێناوە، ئەوەی دەشی هێنێت ڕقم لێی دەبێتەوە، بەڵام هەندێك مەسائیل هەیە ناتوانی تەجاوزی بکەی و رەجاش لە خوشك و برایان دەکەم تەقدیری واقعی کلتورو سەقافەت و عادات و تقالیدی میللەتەکەی خۆمان بکەین، مەعقولە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان پەنجا دەوڵەتی ئیسلامی هەیە کە دووسەد تا چوار

سەد ساڵە دەوڵەتە ئێمە لە ئەوان پێشکەوتوو تر بین، هەر چواردەورمان دەوڵەتی ئیسلامین، تەجاوزی هەمووی بکەین، ئێمە  لە ئەوان عاقڵ ترو پێشکەوتوو تر و مەدەنی ترین کە هیچ کیانێکیشمان نیە، دەوڵەتیشمان نیە، لەبەر ئەوە رەجام ئەوەیە با لە حدود دەرنەچین و تەقدیری زروفی خۆمان بکەین، من بە دڵنیاییەوە دەڵێم خوشك و برایان ئەوەی کە دوو ژنی بێنێت، هەر دەیهێنێت، هەندێك برادەرو خوشك باسی ئەوەیان کرد کە دوو ژنیەکە تەلاقی نادات، بەڵام ئەوەی رەغبەتی هەبێت دوو ژنی بێنێت وەکو کاك غفور مەخموری ئیشارەتی پێی کرد بە تەئکید دەبێت ژنەکەی تری تەلاق بدات و دەبێت منداڵەکانیشی بەرەڵا بکات،  لەبەر ئەوە  من تەئیدی فەقەرەی یەك دەکەم، قبوڵ بکرێت بەو قیودەی کە داندراوە، ئەو قیودەش کە داندراوە ئیزافەی هەبێت باشترە، بەڵام رەجاتان لێ دەکەم با لە قاڵبی خۆمان دەرنەچین، با شتێکی سەیرمان لێ دەرنەچیت، چونکە هەموو دوەلی ئیسلامی تەنها تونس نەبێت ئەو قانونەی تەتبیق دەکات، یەك ملیار ئیسلام ئەو قانونەی هەیە با ئێمە تەجاوزی ئەو قانونە نەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە هەمووتان قسەی بکەن حەز دەکەن هەتا سەعات $5$ دادەنیشین، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ موقتەرەحی یەکەمم، خۆم وەکو شەخص دژی ئەوەم کە دوو ژنی هەبێت، بەڵام ئێمە ئەگەر بێتو موقتەرەحی دووەم بەکاربێنین، خۆ ئێمە لە ئەوروپا پێش کەوتوو تر نینە، ئەو خوشك و برایانەی کە چوونەتە ئەوروپا باش دەزانن لەوێ دوو ژنی مەمنوعە، بەڵام قانونێکی تری هەیە، لەوێ پیاو مومکینە $10$ ژنی بێنێت، بەڵام چۆن دەیهێنێت، دوو ساڵ لەگەڵی دا دەبێت و دەڵێت کاکە ئێمە لەیەکتری تێر بووین، کاکە تۆ خواحافیز و من خوا حافیز و دەچێت ژنێکی تر دەهێنێت، هەروەها هەر لە ئەوروپا خانەوادە هەیە زۆر موحافزە یەك ژن دەهێنێت هەتا دەمرێت، ئەگەر لێرە تۆ ئەو موقتەرەحەی دووەم بەکاربهێنی دەبێت تۆ نیزامی ئەوروپاش بێنیە ئێرە، ژن ئازاد بێت کە $10$ مێردی بکات، پیاو ئازا بێت کە $10$ ژنی بێنێت، شتێکی تریش هەیە کە دەتوانن هەر یەك $10$ دۆستیشی هەبێت، فرە ژنی لەوێ نییە، بەڵام لەوێ ئەو ئازادیە هەیە کە ئایا ئەو ئازادیەی ئەوروپا لەسەر ئێمە تەتبیق دەبێت؟ یان نا؟ ئێمە دەتوانین ئەوەی بکەین، لەبەر ئەوە من لەگەڵ موقتەرەحی ئەوەڵم کە تەعەددودی زەوجات هەبێت و شتێکی زۆر باشە، وەکو شەخص لەگەڵ دانیم، بەڵام بۆ کۆمەڵگای ئێمە شتێکی زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرۆکایەتی رەئیەکی هەیە کە پێشکەشی جەنابتانی دەکەین، نیوەی زیاتر قسەیان کردووە، نیوەکەی تریش ماون، ئەگەر بمانەوێت ئەو نیوەی تریش قسەی بکات دەبێت جەلسەکەمان بخەینە سبەی، ئەوەی موئەییدی ئەوەیە کە ئێستا حەسم نەبێت و رەئی لەسەر نەدرێت و ئەوەی ماوە سبەی قسە بکات ئەوجا بیدەینە دەنگدان، دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە بەیانی ئەوانەی ناویان نووسیوە  و تا ئێستا

قسەیان نەکردووە، با قسەی خۆیان بکەن ئەوجا حەسمی بکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە موناقەشەکە دوا بخەین بۆ سبەی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون ، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئێستا حەسمی بکەین؟ دوو رەئیەکە بەو شێوەیە کە تەقدیم و تەئخیرەکەی بکەم، ئێستا کۆتایی بە موناقەشەکە بهێنین، دوو موقتەرەحەکە ئەوها بێت کە ئێستا کۆتایی پێ بێنین و دەیخەمە دەنگدانەوە، یەکەمیان: تەقیید بکرێت و دووەمیان: قەدەغە بکرێت، یان دوای بخەین کۆبوونەوەکەمان سبەی قسەکانی خۆمان تەواو بکەین ؟ فەرموو کاک بارزان چیە؟

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم قسەکردنانە هیچ قسەیەکی تازە نیە، هەمووی تیکرار کردنەوەیە، هەموو باسەکان بە تێروتەسەلی کرا، تەعەددودیە مەنع بکرێت یان نەبێت، ئەوە کافیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئێستا بیخەمە دەنگدانەوە و کۆتایی پێ بهێنین دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ ئەوەیە موناقەشەکە کۆتایی پێ بهێنین نەك بخەینە سبەی دەستی بڵند بکات تکایە؟ زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە ئێستا کۆتایی پێ بهێنین، ئێستا ئەو دوو موقترەحە لە ماددەی 3 کە هاتووە، پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، پەخشان خان ئەگەر رەئیەکت هەیە، فەرموو لەبەرئەوەی کاك محمد حکیم قسەکانی پێ بڕی، بە نوقتەی نیزام تەواوی بکە ، ئینجا کاك خلیل و کاك ملا سعدالدین و کاك کرخی هەریەکە دوو دەقیقە قسەی بکەن، دواتر دەیخەمە دەنگدانەوە، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی من کە ئەو ئایەتەم هێناوە لێرە بەکارهێنرا، کە بۆ دەعمی رەئیەك دژی رەئیەکی تر، نەك هەر ئەوەش یەعنی رەئیەکەی تر هەستم کرد بە غەیر مەقسود نەوعە شێواندنێکی بەرکەوت، بۆیە ئەوانەم هێنایەوە، من قسەی کاك محمد حکیم کە هەرچەند نوقتەکەی نیزامی نەبوو، بەڵام قسەکەی زۆر زۆر باش بوو، مەبەستی قسەی من ئەوە بوو بگەمە ئەو نەتیجەیەی کە ئەساسی شەرعیەتی ژن و هاوسەرگیری وەحدانیەتە لە ئیسلامدا، ئەوە کاك محمد حکیم زۆر کارەکەی ئاسان کرد، بەڕاستی مەسەلەی کە دووبارە لێرە باس دەکرێت مەسەلەی ژن و پیاوە، برادەرێك کە ئەو قسەی کرد زۆر بە حەق گوتی مەسەلەی هەموو کۆمەڵگایە، بلفعل با شتەکە وای لێ نەیەت کە ژنەکان قسەیان کرد پیاوەکان قسەیان نەکرد ئەوە ئێستا هەمووی دیارە، نە هەموو ژنەکان لەسەر یەك رەئین، نە هەموو پیاوەکانیش لەسەر یەك رەئین، مەوزوعێکی تر کە باس دەکرێت، جەنابی سەرۆك کە ژن، با ئەو شوو نەکات، بەڵام وەکو ئەو ڕۆژە کۆمەڵێك لە رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان هات بوون، لە جوابی ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان گوتیان ژن لە دەرگای پیاو دەدات یان پیاو لە دەرگای ژن دەدات؟ پیاوە دەچێتە خوازبێنی ژن، بەڕێزان من ئاخر قسەمە کە دەیکەم، کوێستان خانیش قسەی هەیە، ئێمە ئەو زۆرینەیەی لیژنەی داکۆکی کردن لە ئافرەتان

و ژنان پێمان وانیە ڕێگەگرتن بەو سیغەیەی کە (لایسمح ، لایجوز) بە پێی حوکمی ئەو قانونە شەرعەن پێمان وانیە فەساد بێت، یەعنی ئەوەی ئۆڤیانوسێك لە تاوانی لەسەر نووسرا زیاتر بێت، پێمان وانیە نسبەی تەڵاق لە ئێستا زیاتر دەبێت، پێمان وانیە ژن کوشتن لە ئێستا زیاتر بێت، پێمان وانیە ژن لە ئێستا زیاتر خۆی بسووتێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان بە کورتی، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بە بۆچوونی خۆم وای تێگەیشتووم کە بە پێی ئەو ئایەتانەی کە هەیە، بە شەرعیش فرە ژنی نیە، هەر یەك ژنیە، من پشتگیری لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك محمد حکیم دەکەم کە ئەوە فعلەن یەك ژنیە، قسە بەمنیش مەبڕە کاك محمد ....... .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوپاسی ئەو دوو خوشکە دەکەم کە پشتگیری لە قسەکانم دەکەن، بەڵام قسەکەی من ئەوەیە کە ....... .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لە جیاتی جەنابت قسەکە دەکەم، جەنابت گوتت ئەسڵ یەك ژنیە، ئەوەی تر فەرعە، تێی گەیشتین، کوێستان خان بە کورتی، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەواتە مادام عەدلی دڵ نابێت وەکو پێغەمبەر (د.خ) گوتوویەتی کەواتە عەدالەت جێ بەجێ نابێت، کەواتە فرە ژنی حەرامە و حەڵاڵ نیە، من دەمەوێت لێرەدا پشتگیری لە برای بەڕێزمان کاك عوسمان و کاك مەلا أنور کە دوو کادیری یەکگرتوو و دوو کادیری شارەزا لە شەرع، قسەیان لەسەر مەسەلەی مەمنوع کردووە، لە ڕۆژنامە کاك عوسمان دەڵێت حاکمی دەوڵەت، قازی بۆی هەیە بۆ ماوەیەك ڕێ لە فرەژنی بگرێت، لە پێشیشەوە دەڵێت ئەمە دژی شەرع نیە و لە چەند مناسەبەیەکیش دا کاك مەلا أنور ئەوەی گوتووە، ئەوە ڕۆژنامەکەم لەلایە، من ئەوەندەی تێی گەیشتووم بە پێی شەرع خیلاف نیە، بەڵام لەڕووە کۆمەڵاتیەکەوە حەزدەکەم شەرحێك بدەم بە هیچ شێوەیەك فرەژنی هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی چارەسەر نەکردووە لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایە، هەموومان کۆمەڵێك پیاو دەناسین کە فرەژنی کردووە، هیچ یەکێك لەو پیاوانە مورتاح نیە، هیچ یەکێك لەو ژنانەی ژنی بەسەر هاتووە مورتاح نیە، هیچ یەکێك لەو ژنانەش کە سەر بە

هەویٚ ڕۆیشتووە مورتاح نیە، هیچ یەکێك لەو منالانەی لە خێزانێك دا گەورە بووە کە فرەژنی تیا کراوە، مورتاح نییە، کەواتە تۆ کێشەیەکی کۆمەلایەتیت چارەسەر نەکردووە، بە پێچەوانەوە کێشەی زیاترت بۆ خێزانەکان دروست کردووە، ئەوەشی کە لە ئایەتەکەدا هاتووە، لێرە ئەوە بەهیچ شێوەیەك پەیڕەو نەکراوەو جێ بەجێ نەکراوە، ئەوەی کە ژنی دووەم دەهێنێت، نە کچێك دەهێنێت کە تەمەنی گەورەیە، نە ژنێکیش دەهێنێت کە مێردەکەی شەهید بووە، یان ئەمری خوای کردووە، گەڕاون بە دوای منالْ ترین و جوانترین و باشترین کچی ئەم موجتەمەعە، کەواتە نەك چارەسەری کێشەیان نەکردووە، ڕەنگە فرسەتی زەواجی کوڕێکی گەنجیان کەم کردبێتەوە، ئەوەی من لەم مەسەلەیە تێی گەیشتووم مەسەلەیەکی زیاتر پیاوسالاریانەیە، مەسەلەیەکە لە هینەوە هاتووە، لەم یاسایە مەسەلەی فرەژنی هەبێت، هیچ بنەمایەکی یەکسانی تێدا نابێت، یەعنی ئەگەر پیاو بۆی هەبێت دوو ژن پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەمە هەمووی بنەمایەك و هەمووی مەبدەئی یەکسانی هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمە شتێکی ئینسانیە، شتێکە بە هیچ شێوەیەك پیاو نابێت لەگەڵ دوو ژن کۆببێتەوە، ئەمەیە شتە ئینسانیەکە، بۆ دەبێت پیاوێك دوو ژنی پێکەوە هەبێت، ئەمە کەی ئینسانیەت و کەی عەدالەتی تیا جێ بەجێ دەبێت؟ لە ڕووە ئینسانیەکەوە تەماشای بکەین کە ئەمە شعوری هەر دوو ژنەکە بریندار دەکات، کە پیاوێك نە دەتوانێت عەدالەت لە خۆشەویستیا جێ بەجێ بکات، نە دەتوانێت هەردووکیان وەکو ژن تەماشا بکات، چونکە هەموومان ئینسانین دەتوانین تەماشای ناخی خۆمان بکەین، مومکین نییە دوو ژن وەکو یەك بە هاوسەر تەماشایان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند حەقائیقێك هەیە، یەکەم: فرە ژنی نە تایەبتمەندی دینێکە نە شوێنێکە نە فەترەیەکی زەمەنیە نە حەزارەتێکە، لە هەموو حەزارەت و لە هەموو ئەدیان لە هەموو فەترەیەك و لە هەموو زەمەن هەبووە، لە مەسیحیەت لە هەمووی کەمتر بوو، ئەویش وەکو لە دین و نسوسی دینی مەسیحی تێیدایە (مارتن لۆث) وەکو ئیسلاحیەکی مەسیحی وای کرد ئەوە ببێت، بەهەرحالْ ئەوە باسی من نییە، ئێستاش تەعەدودیەت لەناو مەسیحیەت هەیە کە رەبتی بە تەتەورو مەدەنیەتە، تەتەورن، دیموکراتینە، مەدەنینە، لە دینی ئەوان هەیەو مومارەسەشی دەکەن، دووەم: فرەژنی، قانونی باری کەسێتی لەو وڵاتانەی دەووروبەر لە هەموویان مەسدەری هەرە ئەساسی دەتوانین بڵێین سەد لە سەد فقهی شەریعەتی ئیسلامیە، لە هەموو دەوڵەتانی دەوروبەر، سێیەم: لە عالەمی ئیسلامی سێ تەوەجوھ هەیە بۆ ئەم مەوزوعە، هەندێك فرەژنی بە موتڵەقی دادەنێن لە قەوانینی ئەحوالی شەخسی، وەکوسعودیە و وەکو مصر و هەندێك دەوڵەتی تر، هەندێکیشیان بە قەید داناوە وەکو عیراق و سوریا و سۆماڵ و هەندێك دەوڵەتی تر، هەندێکیشیان مەنعی موتڵەقیان کردووە، ئەوەی مەنعی موتڵەقی کردووە، تەنها و تەنها تونسە، کە ئەویش ئێستا ئەشکالیەتی

لەسەر هەیە، لە خانوویەك دا  ژنێك هەیە و پۆلیس دێت و مودەعی و تەحقیق دێت، دەڵێن (انها خليلتى وليست حليلتى)، بە فەلسەفەی لیبراڵی عەشیقەو سەدیقەو خەلیلە دروستە، بەڵام حەلیلە دروست نییە، من لێرە ئیسلام وەكو شتێك كە حەڵاڵی دەكات، یان حەرامی دەكات موراعاتی مەنتقی خۆی و مزاجی كولی خۆی دەكات، ئیسلام (يحرم زينا)ی دەكات، حەرامی هەموو عیلاقەیەكی ناشەرعی دەكات بە هەموو شێوەیەك، لێرە عقوبەشی بۆ دادەنێت (الى درجة الاعدام) بۆیە كابرا كە خاوەنی منداڵ و ژن بێت، ژنی هێنابێت بە شێوەیەكی شەرعی و ئەوە بكات حەدی ئیعدامە عقوبەی ئەو ، ئیسلام ئەو ڕێگایەی بۆ داناوەو شروتیشی بۆ داناوە، ئێمە ئیعتیدالمان ناوەندیە، چونكە ئیعتیدال شتێكی زۆر موهیمەو هەروەها تەوازونیش شتێكی زۆر موهیمە، نە ئەوەی مەنعی موتڵەق، نە ئەوەی  تەعەدودی بە كەیفی خۆیان بڵێن ئارەزووی ئەوەیەو ئەوەیە، با ئەو قیودانە بن، چونكە ئەوانە زۆر باشن، دەتوانی موقتەرەحی تریش بێتە سەر ئەو قیودانە، باسی ئەوە كرا كە ئەوە موخالفە یان موخالف نیە، برایان، خوشكان، ئێمە لە حكومەت لیژنەیەكی فیقهی دروست بوو كە پێداچوونەوە لەسەر پرۆژەی لیژنەی داكۆكی كرد لە مافی ژنان لەوێ بكەن، ئەوانە بە نەسی سەریح ئەوان گوتیان بابە ئێمە ناتوانین تەبەنی ئەوە بكەین كە ئەوە موخالفە، ئەمە خاڵێكیان، رەئی زانایان و عولەمامان هەیە، كە دوو ئیتیحادمان هەیە، شوكر بۆ خوا انشالله ئەو دووانەش یەكتر بگرنەوە، هەر دووكیان موتەفقن و هەردووكیان یەك رەئیان هەیە كە مەنعی موتڵەق موخالفە، 1800 مینبەر لە كوردستان هەیە، بەیانی ئەوان هەموویان بێنە قسە لەبەرامبەر ئێمە وا نازانم ئێمە نە وەكو سیاسەتی حكومەت نە وەكو وەزعی ئێمەی ئێستا نە وەكو باری ئیجتماعیش باوەڕ ناكەم لە ساڵحی ئێمە بێت، ئەوە كرا كە ئایا تەڵاق زیاد دەبێت؟ یان نا؟ وەڵاهی نە بە قسەی منە و نە بە قسەی پەخشان خانە، بەقسەی مەحاكم و مەحامیە، دانیشتووینە لەگەڵیان و قسەمان لەگەڵیان كردووە كە حادیسە ڕووی داوە ژن چووەتە ئەوێ بۆ ئەوەی لە پێش قازی بڵێت ڕازیمە پیاوی من ژن بێنێت، لەوێ لە پێش قازی گوتوویەتی وەڵڵا پەشیمان بوومەوە و ڕازی نیمە، پیاوەكە گوتویەتی قازی تۆ لێرە شاهید بە یەك، دوو، سێ فەرموو، هەر لەوێ و لەو هەولێرە، یەعنی ئەوە قسەی مەحامی و ئەوانە، من دەڵێم ئەوە موخالفی ئەوەیە، تەبیعەتی ژن وایە حەز دەكات بە شەرعی شوو بكات، فورسەتی یەكەمی نیە، تەنها بۆی هەیە فورسەتی دووەم، بۆ لێ ناگەڕێی ئەوە ببی، با بە حوریەتی خۆی و بە ئیختیاری خۆی بێت، مافی مرۆڤ دەڵێت حەزدەكەم بە شەرعی بژین، ئێ بۆچی ئەو مافەت لێی ستاندووە، مادام بە ئیكراه نییە، عقوباتمان هەیە لە زەواجی بە ئیكراه ، جا من دەڵێم و رەئی سێ لیژنەش لەسەر ئەوەیە، ببورن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك أنور ئیزافەت هەیە لەسەر قسەكانی كاك خلیل ؟  باشە كاك سعدالدين فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ حەقیقەتەك هەیە كە دەبێت هەمووومان ئەوە بزانین، موستەحیلە كەس لێرەو لە ناوئەو پەرلەمانەی لەو برا بەڕێزانە كەوا خیانەت لەگەڵ دایك و خوشك و خێزانی خۆی بكات كە قانونێكی وا دەربێنێن كە زەرەری ئەوان بێت، قەت تەسەور ناكەم ئەو شتەی بكەن كەسمان، خاڵێكی ترم لە مەوزوعی تەعەددود هەتا ئێستاش كە ئەمریكا كە دەوڵەتەكە ئومەی دیموكراتیەتە نەیتوانیوە ئەو حاڵەتەی مەنع بكات، ئێستاش مۆرمۆنیەكان لە ویلایەتی ئەریزۆنا تەعەددود بەكار دەهێنن، ئەوە كاك جمالیش لێرەیەو دەزانێ، هەتا حاكمی ویلایەتی ئەریزۆنای دەیگوتن ئەوانە ئیشەكەیان لە ئێمە تێك داوە، چونكە تەعەددود بەكاردەهێنن و خیلافی قانون زۆر دەكەن، لە كەنیسەی ئسوڵی ئەوە موستەمسەكم لە كنە، نوقتەی دووەم ئەوە حەلەكە قەت ناتوانی تۆ بنەبڕی بكەی قانونێكی وا، هەتا لە بۆنی ئەڵمانیا لە ساڵی 1949 لە پاش ئەو تەوسیاتەی موئتەمەر تەوسیاتی ئەوەیان كردووە كە تەعەددود بگەڕێتەوە، بۆ؟ چونكە نیسبەی ئافرەت زۆر زیادی كردووە، یەعنی عیلاج نییە، یان دەبێت تەعەددودێكی موحتەرەم هەبێت خەلیلەو عەشیقە هەبێت، یان دەبێت ئەوها بە حەلاڵی بێت، ئەوە حاڵەتێكە دەبێت هەڵی بژێری، ئەگەر ئەتۆ مەنعی بكەی زۆرم پێ عەجایبە، یەعنی كو مەنعی دەكەی؟ بە چ حاڵەتێك مەنعی دەكەی؟ ئەگەر یەكێك كەمی هەبوو یان معاشەرەی زەوجی پێ نەكرا، دوایە دەبێت لە پاشان عەینی شت قانونێكی تری بۆ دەربێنیەوە، ژنەكە دەڵێت با مێردەكەم بچێت ژنێكی تر بێنێت، بەس بۆ منداڵی، من رازیم لەگەڵی داببم، یەعنی ئەو حاڵەتە ئەوە خەلەلی دەخاتە بەر مەحاكم، لە قەزیەی ئەو تەقیدەی كە ئێستا كە لێرە هەیە، لە قەزیەی تەقیدەكە ئێمە ئیزنمان داوە، یەكەم: ئیزنی قازی دەوێت، دووەم: عوزرەكی مەشروعی دەوێت، سێیەم: شروتمان لەسەری داناوە، چوارەم: ئاساری موتەرەتبە كە عقوبەی دێتە سەر، پێنجەم: حەبسی دێتە سەر، شەشەم: هەر دەبێت ئیجازەی قازی هەبێت، یەعنی قازی بۆی نیە ئیقافی تەنفییز بكات، ئێ باشە لە پاش ئەو هەموو قیودانەی لەسەری داندراوە، ئێ وەڵڵا مانای ئەوەیە كە كەس ژنی پێ نەیەت، یەعنی ئەو هەموو قیودەی لەسەرە ئەوجا ئێمە ئەو حاڵەتەی بڵێین با بەیەك جاری مەنع بێت؟.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك سعدالدین قسەكەت گەیشت، كاك كرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەی داین، چونكە ئیمزامان كرووە و رەئی جیاوازمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا زۆر وازحە و موناقەشەكان زۆر جوان كران، كەس لەدەرەوە هەیە؟ بزانن كێ لەدەرەوەیە بڵێ بە پەلە بێنە ژوورەوە، بەهەرحاڵ كۆتایی بە ژیان و خەبات نیە، بە هەر شێوەیەك بڕیار بدرێت، ئەو دوو پێشنیارە كە پێشنیاری یەكەم دەخەمە دەنگدانەوە كە دەڵێت سنووردار بكرێت، یەعنی ژن هێنانی دووەم

سنووردار بكرێت و مەرجی بۆ داندراوە، پێشنیاری دووەم دەڵێت قەدەغە بكرێت، گوێتان لە هەردوو بۆچوونەكە بوو لە ڕەئی لیژنەكان و لە ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان، ئەو پێشنیارەی یەكەم كە دەڵێت فرەژنی سنووردار بكرێت بەو مەرجانەی كە داندراوە كە كاك خلیل و كاك سعدالدین ئاماژەیان پێی كرد، كێ لەگەڵ ئەوەیە پێشنیاری یەكەم قبوڵ بكرێت بۆ موناقەشە، چونكە لە موناقەشەدا دەوڵەمەند دەكرێت، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ 39 دەنگ، كێ لەگەڵ ئەوە نیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ 35 دەنگ، بە 39 دەنگ موفتەرەحی یەكەم قبوڵ كرا، ئەگەر هەر سێكیشمان ڕەئی بدەین هێشتا حەسمی ناكات، سەرۆكایەتی ئەو لەحزەیە مەجبورە ڕەئی بدات ئەگەر حەسم نەبوو، بەڵام كە ئەكسەریەتی هێنا پێویست بە ئەوە ناكات، 39 دەنگ بە 35 دەنگ تەواو بوو، من دەمەوێت دوو قسە بكەم لەوە دا، كە تا ئێستا قسەم نەكردووە، ئەو پێشنیارەی دووەم ئەگەر بێتو یەك، دوو شەرت هەیە لیژنەی ژنان و ئافرەتان پێشنیاری دەكەن، ئەویش ئەگەر قبوڵ بكرێت، وەكو ئەوەیە كە قەدەغەی بكەی، ئەگەر ئیلتیزامی پێ بكرێت لەلایەن قازیەوە و لەلایەن كۆمەڵگاشەوە ئەو شەرتانە جێ بەجێ بكرێت، بەقەدەر قەدەغە كردن وایە، چونكە زۆر زەحمەتە بتوانین ڕێگا بدەی بە یەكێك كە ژن بێنێت، بەڵام لە عەینی كاتیش دا بەو شێوەیە تەوازونەكە پەیدا دەبێت، تا سبەی سەعاتی 10,30 بەیانی....... .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مەرجانە، مەرجی تریش هەن، یەعنی دەبێت ئەوانیش موناقەشەی بۆ بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنین بۆ سبەی كاتژمێر 10,30 دەقیەی بەیانی، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **عونی كمال بزاز** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (9)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 28\10\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# **پرۆتۆكۆلی دانیشتنی** (9)

## **سێ شەممە رێكەوتی 2008/10/28**

**كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2008/10/28 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز عونی كمال بزاز سكرتێری ئەنجومەن بەوەكالەت, دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەم, ساڵی (2008)ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمی برگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11) ی پێشنیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2008/10/28دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یاسای باری كەسی ژمارە (188) لەساڵی 1959، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یاسای باری كەسی ژمارە (188) لەساڵی 1959، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**جارێكی تر بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەكان دەكەین كە لەسەرەوە لەگەڵمانا ئامادەن، كاك سعد یش دوێنی غایب بووە ئەمڕۆ بەخێربێت، داوا لەلیژانی پەیوەندیدار دەكەم، كە دوێنێ لێرە دانشتبوون بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشنن، كاك محمدیش دەمێكە غایبە بەخێربێت، خوشك و برایان، ئەندامانی پەرلەمان، دوێنێ ئەو مەسەلە كە گرنگ بوو دەبوایە یەك لای بكەینەوە، جارێكی تر سوپاستان دەكەم پاشی موناقەشەیەكی تێرو تەسەل، بڕیارتان لەسەردا، ئێستا پڕۆژەكە بەوەی كە راپۆرتی لیژنەكان كەهاتووە بەو شێوەیە رێك دەخرێت، مادەی سێ ئەو رەئیانەی كە لیژنەی یاسایی دەریبڕیبوو سەبارەت بە دیباجەكەی و گۆڕینی قەراراتەكانیشی شتێكی رۆتینە دەبێت بگورێت و دوایی خۆیان چاكی دەكەنەوە، دێینە سەر مادەی سێ، لەمادەی سێ داوادەكەم لەلیژنەی یاسایی ئەصلی پڕۆژەكە بخوێننەوە و دوایی رەئی لیژنەكان لەسەری بدرێت، فەرموو كاك سعدالدین.**

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الباب الاول**

**الزواج**

**الفصل الاول**

**الخطبة والزواج**

**المادة الثالثة: يوقف العمل بالفقرة واحد من المادة الثالثة ويحل محلها مايلي:**

**الزواج عقد بين رجل وامراة يحل كل منها للاخر شرعا غايته تكوين اسرة على اسس المودة والمسؤولية المشتركة وطبقا لاحكام هذا القانون، اما الفقرات (4 و 5 و 6 و 7) من المادة الثالثة فيوقف العمل بها وتطرح اللجنة محلها مقترحين وذلك لعدم التوصل الى اتفاق فيما يخص موضوع تعدد الزوجات وفيما يأتي كلا المقترحين، المقترح الاول تقييد تعدد الزوجات، لا يجوز الزواج باكثر من واحدة الا بإذن القاضي ويشترط لاعطاء الاذن تحقق الشروط التالية من لجنة طبية مختصة.**

**ب: ان يكون لطالب الزواج الثاني امكانية مالية تكفي لاعالة اكثر من زوجة واحدة.**

**د: ان لاتكون الزوجة قد اشترطت عدم التزوج عليها في عقد الزواج الاصلي.**

**ج: امكانية تحقيق العدل بين الزوجين في القسم وغيره من الالتزامات الزوجية المادية والمعنوية.**

**د: ان لا تكون الزوجة قد اشترطت عدم التزوج عليها في عقد الزواج الاصلي.**

**هـ: اذا تخلف احد الشروط المذكورة يعاقب الزوج والزوجة وولي الزوجة اذا كان قاصرا بالحبس مدة لا تقل عن ستة اشهر ولا تزيد عن سنة وبغرامة قدرها عشرة ملايين دينار.**

**و: لا يجوز للقاضي الحكم بايقاف تنفيذ العقوبات المذكورة، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**موقتەرەحەکەی تر پێویست ناکات بیخوێنیتەوە، بەڵام لە هذا: يعاقب الزوج او الزوجة، نەك الزوجة، فەرموون لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان وژنان.**

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**راپۆرتی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان وژنان دەربارەی مادەی سێ ئەخوێنمەوە:**

**المادة الثالثة:**

**الفقرة 1:**

**اضافة كلمة تراضي بعد كلمة عقد وتقرأ الفقرة كمايلي:**

**الزواج عقد تراضي بين رجل وامرأة والى اخر الفقرة، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیاری یەکەم و دووەم کە دوێنێ دەنگی لەسەر نەدرا، دارشتنی دیباجەیەك بۆ پڕۆژە یاساکەو، هەر وەها ناوی یاساکە بگۆڕێت بەقانون: تعدیل قانون الاحوال الشخصیة، سەبارەت بەو مادە لەبڕگە (ج) سێهەمدا هاتووە لەراپۆرتی لیژنە، بەزورینەی ئەندامانی لیژنەی یاسایی کەوا لەگەڵ پێشنیاری یەکەم بوون، هەر وەکو لەبڕگە (هـ)ی راپۆرتەکەدا هاتووە لەلاپەرە یەك، لە لاپەرە دوو، المادة الاولى، اولاً: یوقف العمل بالفقرة واحد من المادة الثالثة من القانون رقم 188 لسنة 1959 المعدل في اقليم كوردستان ويحل محلها مايلي:

1- الزواج عقد بين رجل وامراة يحل به كل منها للاخر شرعاً غايته تكوين اسرة على اسس المودة والمسؤولية المشتركة طبقا لاحكام هذا القانون.

2- يوقف العمل بالفقرات (7،6،5،4) منها ويحل محلها مايلي:

لايسمح بالزواج باكثر من واحدة الا بإذن القاضي ويشترط لاعطاء الاذن توفر الشروط التالية:

أ- قيام عذر مشروع يبرر التعدد كالمرض الثابت المانع للمعاشرة الزوجية او عقم الزوجة الثابت بتقرير من لجنة طبية مختصة.

ب- ان يكون لطالب الزواج الثاني امكانية مالية تكفي لاعالة اكثر من زوجة واحدة.

ج- امكانية تحقيق العدل بين الزوجين في القسم وغيره من الالتزامات الزوجية اي المادية والمعنوية.

د- ان لاتكون الزوجة قد اشترطت عدم التزوج عليها في عقد الزواج.

هـ- كل من اجرى عقدا بالزواج باكثر من واحدة خلافا لماذكر في الفقرات (أ،ب،ج،د) من ثانيا من هذه المادة يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولا تزيد على سنة وبغرامة لا تقل عن خمسة ملايين دينار ولا تزيد عن عشرة ملايين دينار.

و- لايجوز للقاضي ايقاف تنفيذ العقوبات الواردة في الفقرة (هـ) اعلاه، زۆر سوپاس.

**بڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خليل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەئیدی پڕۆژەی حکومەت دەکەین، تەنها لەبڕگەی (هـ) وتوويەتی: اذا تخلف باحد الشروط المذكورة يعاقب الزوج والزوجة وولي امر الزوجة اذا كان مقصرا، ئەوة وتوويەتي الزوج والزوجة وولي امر الزوجة،

لیَرة مان طوت، كل من اجرى عقدا بالزواج باكثر من واحدة خلافا لما ذكر، ئەو گۆڕانكاریەی تیابوو، ئەوەی تـر وەكـو خـۆی مـاوە، تەبعـەن لیژنـەی ئـەوقاف رەئـی خۆیـان هەیـە لـەدوو بڕگـە ئـەوان دەتـوانن داوای قسەبكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی داكۆكیكردن لەمافی ژنان لەسەر ئەو شروتانە چ تازەتان هەیە؟ تەغیرێك، شتی تازە، فەرموون.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەوەم نەخوێندەوە، ئەوەی عیلاقەی بەمادەی (4،5،6،7)وە هەیە، بەپێی راپۆرتەكەمان، ئەگەر هاتوو ژنی یەكەم زەواجی پیاوەكەی لەژنی دووەم بەزەرەری زانی بۆ خۆی ئەوەیش یەكێك دەبێت لەشـەرتەكان و ئەوەی كەئێستا پاشی موداوەلە، پاشی نەتائیجی دوێنی بـەعزێ مـەرجی ترمـان هەیـە كـە هـاتووە بـە: قیـام عذر مشروع يبرر التعدد كالمرض الثابـت، ئەو (قیـام عـذر مەشـروعە كـە یـبرر التعـدد) ئـەوە لابـدرێت یەك سەر وادەستی پێبكات: (لايجوز الزواج باكثر من واحـدة الا بـاذن القاضـي ويشـترط لاعطـاء الاذن تحقـق الشروط التالية: المرض الثابت المانع للمعاشرة الزوجية وعقم الزوجة والى اخره)، یەعنی ئەوەی یەكـەم ئـەو جوملەیەی یەكەم لابدرێت چونكە دەرگادەكاتەوە بۆ شتی تر، بەڵام بـا تـەحدیـد بكرێـت كـە لـەچ حاڵـەتێكا بۆی هەیە ژنی دووەم بێنێ، ئەگـەر ژنەكـەی نـەخۆش بـوو، نەخۆشـیەكی مـانع لەموعاشـەرەی زەوجـی یـان عوقمێكی بەردەوامی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەواو راپۆرتی لیژنەكان وا نیە؟ كاك كەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخي نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی مافی مرۆڤ لەبڕگەی یەكەم لەمادەی سێهەم، تەنها یەك وشەمان بۆ زیادكردبوو، ئەوەیش پـاش كلمـەی المـودة، الرحمـةمـان زیـاد كردبـوو، بەنیسـبەت دوو پێشـنیارەكە ئێمـە وەكـو لیژنـە لەگـەڵ پێشنیاری یەكەم بووین وەكو لە یاساكەدا هـاتووە، بەنیسـبەت بڕگـەكانی دی لیژنەكـەمان هـیچ تێبینیـەكی نەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا بۆ ئەوەی ئیشەكان ئاسانتربێت فەقەرە بە فەقەرە موناقەشەی دەكەین، مـاددەی سـێیەم هـەمووی، لـە فەقـەرەی یەكـدا تەعریفـە، ئـەوەی دوێنـێش ئامـاژەی پێكـراو دواخـرا بـۆ ئـەمڕۆ، ئەصـڵی مەشروعەكە كە هاتووە بەعەرەبی خوێنرایەوە كە دەڵێـت: الـزواج عقـد بـين رجـل وامـرأة ويحـل كـل منهـا للاخر شرعا وغايته تكوين الاسرة على اسس المودة والمسؤولية المشتركة وطبقا لاحكام هذا القانون، دوو وشـە موقتەرەح كـراوە بـۆ ئیزافـەكردنی، لیژنـەی داكۆكیكردن لـەمافی ئافرەتـان وژنـان دەڵێـت: (الـزواج) دەبێـت

بنووسرێت عقد تراضي، لیژنەی ماڤی مرۆڤیش دەڵێت لەگەڵ مەوەدەکە رەحمەیش ئیزافە بکرێت، ئەوە بەنیسبەت ئەو فەقەرەیە جا لەبەر ئەوە دەبێت چەند کەسێك قسە بکات لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی ژنان کە دەڵێت تەرازێکە ئیزافەبکرێت و لیژنەی ماڤی مرۆڤیش دەڵێت رەحمەکەیش پاشی مەوەدەکە ئیزافە بکرێت، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی عەقدی زەواج کەهاتووە حەتمەن دەبێت کە عنصری تەرازی تێدا بێت، بۆیە ئەگەر تەرازێکەی تێدابێت بەقەناعەتی من هیچ ئیشکالاتێکی تێدانیە و هەتا بەنیسبەت ئەخیر وشەی کاك کرخی کە ئیشارەتی پێکرد ئەگەر تێدانەبێت هیچ ئیشکالیەتی تێدا نیە، چۆنکە تەواو کەری یەکترین ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوەکان دەخوینمەوە بۆ ئەوەی دوێنی ئەوانەی لێم عاجزبوون، دوێنی کە قسەیان نەکردووە ئەوەڵ جار ناوی ئەوان دەخوێنمەوە، فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ناتوانم لەجیاتی دوێنێ قسە بکەم، چونکە مەسەلەکەی دوێنێ تیپەڕی، بەهەرحاڵ، زۆر سوپاستان دەکەم، بەنیسبەت پێناسەی عەقدی زەواج، ئێمە ئەو یاسایەی کە دەریدەکەین دیارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژنانەو زیاتر لەبەرژەوەندی ژنانە، ئێمە رۆژانە دەبینین ئەو کێشە زۆرانەی ژنان کە بەلێشاو دەکوژرێن، بەلێشاو خۆیان دەسووتێنن، خۆیان دەکوژن، مەسەلەکە ئەوەیە زۆر لەحاڵەتەکان بەرەزامەندی خۆیان زەواجیان نەکردووە، شوویان نەکردووە، یان هاوسەریان هەڵنەبژاردووە، لەبەر ئەوە بوونی ئەو تەرازییە زۆر گرنگە تەئکیدی لێ بکرێتەوە، حەتا لەمەحکەمەکانیش بۆ ئەوەی زۆر جار لەمەحکەمەیش عەقد تومارکراوە، بەڵام رەزامەندیشی نەبووە، یەعنی ئەو تەرازییە زۆر زۆر گرنگە لێرە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر ئەوەندە بە موختەسەر بێت، خۆی دەڵێت: زەواج پەیمانێکە بە رازی بوون، رازیی بوونەکە ئیزافەبکرێت یان نا؟ لە پاشی مەوەدەکەیش رەحمەکە ئیزافە بکرێت، یان نا؟ ئەوەندە رەئی لەسەر ئەو دوو شتە بدەن، گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مـن پشـتگیری لەپێشـنیاری راپۆرتەکـەی لیژنـەی داکۆکیکردن لـەمافی ژنـان دەکـەم، لەبـەر ئـەوەی راسـتە لەناوشارەکاندا تۆزێك کەم بوەتەوە، بەڵام لەئەترافا ئێستا ئەو تەرازییەی تێدا نەبێت ئەو عەقدانە زۆرجار بەزۆر دەکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عادل فەرمو.**

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من لەوەوە دەستی پێدەکەم پێویستە بڕۆژەکە جارێ هـەر نـاوی ئـەوەبێت (تعـدیل تطبیـق قـانون الاحـوال الشخصیة) بەپێی مادەی 121 دەستور ناوەکەی وا لێبکەین سەبارەت بـە ئـەوەی عەقدەکە، ئـەرکانی عقـد،** تراضي محل سبب، **یەعنی هیچ نایەت تۆ باسی تەرازی بکـەی، هـیچ عەقـدێك ئەگـەر تـەرازی تیانـەبێت، یـەعنی ئـەو عەقـدە باتڵە یـان ئـەو عەقـدە خەلـەلێکی تێدایـە، ئـەوە نابێـت بینووسـی ئـەو عەقـدە، ئـەوە ئەرکانەکانێتی، ئینجا من ئیزافەیەکم هەیە سەبارەت بەوەی (المسؤولیة المشترکة)، (المسؤولیة المشـترکة) لـە نیتاقێکی بچووکایە، ئەگەر ئێمە بنووسین (المسؤولیة المشترکة) بچووکە، ئەو ڕۆنکردنەوانەی کە من ئەیـدم قسەی خۆم نییە، لەبـەر ئـەوەی لـە هەنـدێ مەسادرەوە خوێندمەتـەوە، ئەگـەر ئێمـە بنوسـین (المسـؤولیات المختلفة) زۆر فراوانترە بۆ پاراستنی مافەکانی ژن و مافەکانی پیاو، هەر بۆ نموونە تەنها لەسـەر (المسـؤولیة المشترکة) چـی وچـی ئەگرێتـەوە تـەوزیحێك لەسـەری بـدەم، (المسـؤولیة المشـترکة)،** حسن المعاملـة **یەکێکـە لەوانە، (اشباع الغریزة، التعاون علی البر والتقوی، النسل)، ئەم سیانەیە، بەڵام (المسؤولیات المختلفـة) چـیە؟ (المسؤولیات المختلفـة) مساواتە، کـەواتا یەکسانی لـەنێوان ژن وپیـاودا، (المسـؤولیة الشخصـیة)، مسـئوولیەی شەخسیە چیە؟ ئەهلیەی دینی، ئەهلیەی ئیقتیسادی، ئەهلیەی ئیجتیماعی، ئەهلیەی ئوسەری و هـەر وەهـا لەیەکێك لە مسؤلیاتی موختەلیفە،** المسؤولیة الاداریة، **لەمەسئوولیەی ئیدرای دێینەوە سـەر مسـئولیەی موشترەکە کـە بەشـێکە لەمەسـئوولیەی ئیـداری لـەنێوان ژن وپیـاوا، ئەگـەر ئێمـە لـە جیـاتی مەسـئوولیەی موشـترەکە بنووسـین (المسـئوولیات المختلفـة) فـراوانترو گـەروەترو مـافی ژن وپیاوەکـەیش ئـەپارێزێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك دلێر فەرموو.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی منیش لەگـەڵ ڕەئەکـەی لیژنـەی داکۆکیکردن لـەمافی مـرۆڤم، چۆنکە ئـەوەی کـاك عـادل ئـەیڵێت راستەکا خۆی عەقد تەرازی تێدایە، هیچ عەقدێك بەبێ تەرازی نابێت، بەڵام ئەوە بەعەقدێکی تەبیعی بـۆ کڕین و فروشتن، ئێمە لەحاڵەتێك کە عیلاقەی دوو ئینسان کە ژن ومێردە و تەئکید دەکات لـەپیاو ژن، بـۆ ئەو عیلاقەیە ڕەبتەکەین بە عەقدێك کـە ئـەو عەقـدە زەرورەت وایـە کەلیمـەی تـەرازی تێـدابێت، چـونکە**

ئەمە حاڵەتێکە بۆ تەئکید لەهەردوو حاڵەتی ژن و پیاو، هەموومان دەزانین کە مجتەمەعی کوردستانی پڕە لەو حاڵەتەی کە مەفهومی تەرازی نەبووە و زەواجەکەیش کراوە، بەزۆر دراوە بەشوو، ئەو کچە و بەبێ رازی بوونیش، لەحاڵەتێکدا کە هەر عەقدیش بووە و ژیانیشی لەسەر بەردەوام بووە، لەبەر ئەوە بە قەناعەتم کەلیمەی تەرازی زەرورەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش وەکو قانونیەك تێدەگەم کە عەقد ئیجاب و قەبوڵە، بەڵام ئەگەر لیژنەی ژنان پێیان باشە کەلیمەی تەرازی هەبێت ئەوە هیچ مانیعێك نیەو ئیزافەیەکە، مەسەلەی مەسئولیەی موشتەرەکە من تێبینیم لەسەری هەیە بەراستی لەلیژنەی قانونیش باسم کرد، من پێم وایە ئیزدیواجیەت دروست دەکات لەقیادەی ئوسرە، لەناو کۆمەڵگای ئێمە هەر موئەسەسەیەك، هەر دەوڵەتێك، ئەو پەرلەمانەی ئێمە ئەگەر مەسئولییەی موشتەرەك بێت لەبەینی دووکەس، کەس تێناگات کێ مەسئولی یەکەمە و، ئێمە تەجروبەی دوو ئیداریی و پەنجا بە پەنجام زەرەری زۆر گەورەی لێیداین لەئیدارەی کوردستان، ئێستا بێین ئوسرە تووشی ئەو وەزعە بکەینەوە، بەرەئیی من باش نیە، پێشنیارەکەی کاك عادل باشترە، (المسؤوليات المختلفة) بۆ ئەوەی تەعاون بێت زیاتر نەك مەسئولیەی تەفسیری، دوایی بێتە سەر ژن و هەندێ ئاساری قانونی بێتە سەر، بۆیە مەسئولیەی موشتەرەکە موەفەق نیە، المسؤوليات المختلفة باشترەو پشتگیری پێشنیارەکەی کاك عادل دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام تەرازی ئیزافەبکرێت، موشتەرەکەیش وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام من لێرەدا حەز ئەکەم شتێکی زیادە ئیزافە بکرێت، ئەو عەقدی زەواجەی کە دایکم شووی پێی کردووە هەمان نەصە کەمن شووم پێی کردووە و هەمان نەصیش ئەبێت لەگەڵ ئەو عەقدەی کە کچەکەم شووی پێ دەکات، هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، ئێمە لێرەدا دەمانەوێ هەموو کەسێك کاتێك بەتایبەتی ژنان کاتێك کە ئەچن بۆ بەردەمی قازییەکە عەقدەکە ئەکەن، مەفروزە هەم شێوازی عەقدەکە بگۆڕێت هەم قازییەکە تەبلیغی کات، پێی بڵێت تۆ ئەتوانیت شروتی زەواجەکەی خۆت لەناو عەقدەکەدا بنووسی، کەواتە ئێمە دەتوانین هەر ئەم تەعریفە لەدوای ئەوەی بڵێن: (طبقا لاحكام هذا القانون)، ئەوە بکەین بە یەکەم وەکو تەعریف، دووەمیش: (على القاضي اعلام الطرفين)، بۆ ئەوەی هەردوو لا ئاگاداربن، ئەمان رووبەڕووی چی ئەبنەوە

و خەرێکی چین، (على القاضي اعلام الطرفين عند ابرام عقد الزواج بكافة حقوقهما وواجباتهما)، ئەوسا تێگەیشتن بێت هەم تازەگەریەکیشە و هەم مەجالی ئەوەیە خەڵك بزانێت مافەکانی خۆی چیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەموو عەقدێکا روکن هەیە وشەرتیش هەیە، روکن ئەوەیە ئەگەر ئیخلال بەهەر شتێکی هەبوو، بەهەر روکنێك هەبوو عەقدەکە هەڵوەشێتەوە، تەرازی روکنە، روکنی عەقدی زەواجە، یەعنی ئەگەر تەرازی لە بەینی ئەو دوو تەرفانەدا نەبێت، ئەوە عەقدەکە هەر دروست نابێت لەئەصلا، لەکوێدا ئەمە و دەرهاویشتەی چیە؟ دەرهاویشتەی ئیجاب و قەبوڵە، ئەبێت لەبەردەم قازیدا ئەم دوانە ئەو ئیجاب و قەبوڵەیان لێ ببیسترێت، یەعنی هەردووکیان رازیبن بەم مەسەلەیە، ئێستا تۆ بڵێیت تەرازی، تەرازی لەکوێدا دروست دەبێت، ئەبێت سیغەیەکی بۆ بدوزیتەوە یان ئالیەتێکی بۆ بدوزرێتەوە، ئالییەتەکە ئەوەیە لەشروتەکانا دیاری کراوە لەبەردەم قازیدا ئەبێت ئیجاب و قەبوڵ بچێت بەگوێی قازیداو بەچێت بەگوێی شاهیدەکانیشدا، هەتا ئەگەر بەریسالەیش بوو لەشوێنێکی دوورەوە بۆ جێگایەکی تر ئەبێت، ئەو ریسالەیە مەسموع بێت، نەك یەکێکیان مەسەلەن کوێربێت و نەیبینێت، کابرا نەبینێت، ئەبێت بچێت بەگوێیدا، ئەبێت بیبیستێت ئەم ئیجاب وقەبوڵە، ئیجاب و قەبوڵی هەردوو تەرەفەکە ببیستێت، مەعنای وایە کە تۆ ئەڵێیت تەرازی، دەبێت ئالیەتێکی بۆ دانەیت لەجێگایەکدا بۆ ئەوەی تەئکید بێت، ئەمە ئەگەر ببێت ونەبێت هیچ تەئسیرناکات، بەڵام بوونەکەی وەکو تەئکیدێك بێت بەوەی نازانم زەرەر بدات، بەنیسبەت ئەوەی ئێمەوە کە رەحمەمان بۆ زیاد کردووە لە ئەصلا ئەم زەواجە، یەعنی جەعلێکی خواییە کە وتمان بەشەرع حەڵاڵ دەبێت نەك بەعەقد، لەسەر چ ئەساسێك، لەسەر ئەساسی: على المودة والرحمة، مەوەدە دژی توندوتیژییە لەزمانی عەرەبیدا بۆ ئەوەیە و رەحمەیش دژی زوڵمە، یەعنی ئەم دووکەسە کە پێك دێن لەم عەقدە ئەبێت ئەمە لەبیری خۆیان ببەنەوە، ئەم دوو سیفەتە لەخۆیان هەڵکەنن یان کەمیکەنەوە، توندوتیژی و زوڵم کردن، بەلای کەمەوە بەرامبەر بەیەکتری نابێت ئەم دووشتە بکەن، چونکە ئەمە ئیخلال دروست دەکات، ئیخلال دروست دەکات بۆ پەیوەندێکانیان، وئیخلال دروست دەکات بۆ ئەوانەیش کەدوای خۆیانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەوەندە لە رووی یاساییەوە بڵێین عەقد تەرازیش دەگرێتەوە، یەعنی بەبی رازی بوون عەقدەکە نابێت، بەڵام بۆ دڵنیایی ئافرەتان و ژنان و خوشکان، من پێم وایە ئەگەر ئەوەی تێدا بێت تووشی کێشەنابن، چونکە ئەمە دڵنیاییە و تەئکیدکردنە، من پێم وایە هیچ زەرەرێکی نیە ئەگەر تێیدا بێت، ئەوە بەنیسبەت (المسؤولية المشتركة) باشتر وایە بڵێین (المسؤولية المختلفة) وەکو کاك عادل باسی کرد وە لێرە وشەی رەحمە من پێم وایە پێویست ناکات، چونکە ئەوە لەشەئنی ئافرەت کەم دەکاتەوە ئەو وشەیە من پێم وایە ئەوە زیادە وپێویستی نیە، مەوەدە هەیە ئەوە بەسە، ئەوەی رەحمەکە پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەمە تەرازی ئیزافە بکرێت لەسەر ئەوە، چونکە ئەم عەقدە وەکو عقودی موعاملاتی بەیع نیە، لێرە تەوازن نیە لەبەین هەردوو تەرەف وزۆر جار عەواملی دەرەوەی هەردووکیان تەئسیردەکات لەسەر دروست کردنی عەقد، بەتایبەتی ماڵ و باوك و ئەوانە، لەبەر ئەوە ئەگەر تەرازی هەبێت دروست ترە، رەحمە ئەمەیش حیساب دەکەم زیادەیە ئیزافەبکەین، چونکە مەوەدە موراديفە لەگەڵ رەحمە پێکەوەنە شتێکی زیادەدەبێت، المسؤولية المشتركة ئەگەر خەلەل هەبێت، ئیمکانە بڵێت المسؤولية الزوجية المشتركة، حەتا موحەدەدبێت لەزەواج و لەئوسرە لەو حاڵەتانەدابێت و مونتەهی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپێناسەکەدا من عەقدی تەرازی لەگەل لیژنەی ژناندام، راستە یەکێك لە روکنەکانی عەقدە، بەڵام ئەم عەقدە جیاوازە، عەقد خۆی کە ئەکرێت لەبەیع و شیرایە، مەسەلە دەبێت زمەی مالی ئەغلەبیەتی تیدابێت، بەڵام ئەمەی بەینی ژن و مێرد خوای گەورە کە بەمیساق ئەمەی هێناوە، بەمیساقیکی غەلیز جیایە لەو عەقدا، راستە مەسەلەی نەفەقەکە، مەسەلەی تەلازومی مالی تێئەکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوە پێم باشە عەقدی تەرازیبێت، چونکە هەر بەو عەقدەیشەوە پێشترکراوەو کۆمەڵێك ژنیش بەناچاری

بەشوودراوەو، یان خۆی سووتاندووە، یان خۆی کوشتووە، لەبەر ئەوە پێم باشە تەرازیەکە بێت وتەسبێت بکرێت، بەنیسبەت مەوەدەو رەحمەیشەوە بۆ زیاد بکرێت لەگەڵ ئەوەی ماف مرۆڤن، لەبەر ئەوەی رەحمە لێرە ئەوە ناگەیەنی کە پیاوەکە بەزەیی بە ژنەکەدابێت وکەلیمەیەکی سوك بێت، یان ئافرەت کەم بکاتەوە، بەعەکسەوە خوای گەورە کە باسی دەکات مەوەدەو رەحمە لەبەینتانا بێت، مەعنای وایە وەکو شەریکەیەك وایە بەینی ژن و پیاو ئەگەر رەئس مالەکەی دڵخۆشی و سۆزوبەزەییە، ئەگەر ئەم رەبتە هەبێت لەبەینی ژن و پیاو ئەو کێشانە و ئەنواعی توندو تیژی روو نادات، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەو رەحمەیەیش لێرەدا تەسبیت بکرێت، بەنیسبەت مەسئوولیەتی موشتەرەکەوە من لەگەڵ رەئیەکەی کاك عادلم، مەسئوولیاتی موختەلیف بێت باشترە، چونکە ئەمە سبەینی تەعریف زۆر زۆر موهیمە لەوانەیە ئەگەر ئەمە تەسبێت بکرێت بەو نیتاقە تەسکە دوایی لەبڕگەکانی کە وەکو نەفەقەو میراتا ئەڵێن مەسئوولیەتەکە موشتەرەکە، لەبەر ئەوەی نەفەقەکە ئەبێت ژن و پیاو وەکو یەك بێت ومیراتەکەیش وەکو یەك بێت، رەنگدانەوەی بەسەر ئەو مادانەی تر هەیەو ئیشکال دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەمە حاڵەتێکی زۆر زۆر گرنگە پێویستە ئەم شروتانە زۆر بەوردی دەست نیشان بکرێت وزۆربن و وازیح بێت، پێش ئێستا زۆر عەقد کراوە، بەڵام عەقد پێکراوە، یەعنی ئێمەیش پێویستە لێرە روونی بکەینەوە ئەو ئافرەتەی، ئەو ژنەی کە بەشوو دەدرێت ئەچنە پێش قازی بەتەنها قازی لەخۆی بپرسێت پاشان بەجەماعی لیێ بپرسێت، چونکە زۆر ئافرەت هەیە منداڵە ئەترسێت لەبەر شەرمی باوك و برای ئەڕوات عەقدەکات وئەڵێت باشە، بەڵام بەدڵی نیە، بۆ ئەوەی قازی موتمەئن بێت، پێویستە ئەم نوقتەیە موراعات بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوباس بۆ ئەوانەی کە قسەیان کرد، هەموو رەئیەکان وازیحە، کاك د. نوری ماوە، فەرموو.

**بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەداخەوە کەوا هەستەکەم، ئێمە خۆمان بەدەستی خۆمان زمانی کوردی دەشێوێنین وشەی عەقدمان کردووە بەگرێبەست کە لەزمانی کوردیدا نیە، گرێبەند هەرچۆن بێت باشترە، لەبەر ئەوەی ئێمە تەبعەن رێکەوتنمان هەیە لەزمانی کوردیدا رێکەوتن، ئەگەر بەمەعنای ئیتیفاق بێت، ئیتیفاق لەعەقد گەلێك فراوان ترە، من بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکەم بەزمانی کوردی بۆ ئەو پێناسەیە بوترێت، رێکەوتنێکی ئارەزوومەندانەیە لەنێو ژن و پیاودا بەمەبەستی دروست کردنی خێزان لەسەر بنەمای خۆشەویستی

وبەرپرسیاریەتی هەردوو لایان بـەپێی حوکمـەکانی ئـەم قانونـە، کـە ئێمـە وتمـان بـەپێی حوکمـەکانی ئـەم قانونە پاشان کە دەچینە ناویـەوە کۆمـەڵێك ئـەرکی لەسـەر شـانی هـەردوولا دانـاوە هـەموویان دەگرێتـەوە، ئێمە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بڵێین هەموو لایەك ئەوە ناتوانین، بەڵام ئەگەر بڵێین بـەپێی حوکمـەکانی ئـەم قانونـە ئەوانـەی کـەوا لـەو قانونـەدا هـاتووە پاشـان روون دەکرێتـەوە، ئـەوە دەکەوێتـە سـەر شـانی هەردووکیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووکەسی کەیش ڕێگایان دەدەم قسە بکەن، کاك مەلا ئەنوەرو کوردستان خان، فەرموو کاك مەلا ئەنوەر.

**بەڕێز مەلا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت عەقدی تەرازی، ئێمە لەمادەی شەشەم عیلاجی ئەوەمان کردووە لەهەموار کردنی مادەی نویەم دەڵێت: (لایحق لاي من الاقارب اکراه اي شخص ذکـرا کـان ان انثـی علـی الـزواج دون رضـاهم)، یـەعنی ئـەوە تەعریفێکی کردووە لەوێ نابێت بەهیچ شێوەیەك ئیکراه بکرێت، کەواتا ئەگەر (عن تـراضي) هـەبێت، یـان نەبێت زۆر تەئسیرناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کوردستان خان.

**بەڕێز کوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم جار من رەخنەیەکم هەیە لەهەندێك لەو برادەرانە، ورِێزیشم هەیە بۆ قسەکانیان کە باس دەکەن و دەڵێن ئێمـە لەبـەر دڵـی ئێـوە دەدەیـن، بـۆ لەبـەر دڵـی ئێمـە، ئێمـە یاسـایەك دەردەهێـنین، نـازانم یـەعنی دەیانەوێ رەحم بە ئێمە بکەن، شتێکی وانیە ئەو قسە، یەعنی ئەو قسە خۆش نیە، یەعنی لەبۆ قانون ئـەو قسەبکەن لێرەدا بۆ دڵ نەوایمە، چونکە ئەوانیش دایکیان هەیە، خوشکیان، خێزانیان هەیە هـەموو شـتێك، ئەوانیش هەر ئافرەتن، ئەو شتەجوان نیە بۆ ئەندام پەرلەمانێك باسی ئەو شـتەبکات بەراسـتی، دووەم مـن پشتگیری لەپێشنیارەکانی سۆزان خان دەکەم، سێهەم لەگەڵ ئەوەیدامە لـەم پرۆسـدا یـەعنی هاوسـەرگیری و رەزامەندی زیادبکرێـت لەبـەر دووپاتکردنـەوەی هاوسـەرێتی هاوبەشـە لـە یاسـاداو هـەروەها لێـرە دان نانـە بەرۆڵی دایك، چونکە دایـك زۆر دەوری هەیـە، ئێمـە بـەس تـەنها باسـی پیـاو نەکـەین، باباسـی دایکەکـەیش بکەین و هەر وەهایش مەسئوولیەتی موشتەرەکە تەنها مادی نیە، مەعنەویش هەیە لێرانە، کـە مەعنـەوی لێرە باس بکەین زۆرشت هەیە کە لە رابردوودا لە هەشتایەکان، لە حەفتایەکان پیاومان هـەبوو پێشـمەرگە بوو، ئەو دایکە ئەو منداڵانەی بەخێو دەکرد بەهەر شێوەیەك، پیاو ئاگای لێ نەبوو، جاری وا هەبوو نە مام مەسئوولیەتی هەڵدەگرت، نە باپیر، نەبرا کەس مەسئوولیەتی هەڵنـەدەگرت، دایکەکـە هەڵیـدەگرت، ئـەوجا ئێمە لێرە حەزدەکەین بۆ ئەوەیە کە لەیاسادا هەبێت ودیاریش بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمووو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن پشـتگیری ئـەو ڕەئیـەی كوردسـتان خـان دەكـەم كـە ئـەو تەعریفـە بكرێـت بـە دوو فەقـەرە، تەئیـدی فەقەرەكەی دووەمی دەكەم ئیزافەبكرێت، پشتگیری ڕەئیەكەی د.كمال دەكەم كە شـێوازێك بدۆزرێتـەوە كـە فیعلەن كچان بەتەنها ڕەزامەندیان لێ وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سـێ وچـوار تێبـینی و پێشـنیار خرایـە روو، یەكـەمیان سـەبارەت بـەزیادكردنی وشـەی تـەرازی، هـەموو گرێبەستێك ئەساسەكەی تەرازیە، واتا ڕەزامەندی هەردوو لایان، شكلیەتێكی تێدا نیە، ئیلا ئەگـەر دەقێكـی یاسایی تێدا بێت یان هەردوو لا لەسەری ڕێكەون، بـەلآم لێـرە كێشـەكە لەچیدایە، ئـەو پێناسـە لەیاساكەدا هەبووە، بەلآم لەواقیع كێشە زۆر بووە، واتا زۆرلێكردن هەبووە ئەوەی كـە مامۆسـتا مـەلا ئـەنوەر ئیشـارەی پێكرد، ئیكراهەكـە ئـەوە ڕێگایەكـە لـەئیجباركردن وزۆركـردن مـادام ئەصـل لـەعقود تەرازیـە، ئـەو وشـەیە زیادبكرێـت لەپێناسـەكە بەشـێك كێشـەكان چارەسـەر دەبێـت، سـەبارەت بـە مەسـئولیەتی موشـتەرەكەو پێشنیاركراوە مەسئولیەتی موختەلیفـە، هـەردووكیان مەسـئولیەتن، بـەلآم لێـرە مەسـئولیەتی موختەلیفـە ئەو مەعنایە نادات كە مەبەستمانە لەمادەكـە زیـادی بكـەین، هـەر دەبێـت مەسـئولیەتی موشـتەرەكە بێـت، مەسئولییەی موختەلیفە قەبوڵ نیە، چونكە مەعناو مەبەست لەیاساكە دەگۆڕێت و باس لەوە كرا مەوەدەو ڕەحمـە كـە شـتێكە بـۆ ئـافرەت دەكرێـت، ئـەوە باسـی تـەكوینی ئوسـرە دەكرێـت، پێكهێنـانی خێـزان تـەنها مەبەست ئافرەت نیـە لـەو بڕگەیـە، تكاتـان لێدەكـەم بـەوردی بیخوێننـەوە، پێكهینـانی خێـزان لەسـەر ئـەو بنەمایانە نەگوترایە بەرامبەر بەئافرەت، ئەو شتانەبكرێت خێزانیش ئافرەتەكـە دەگرێتـەوە وپیاوەكـەیش دەگرێتەوە، زۆر لە هەمواركردنەكە وپێشنیارەكان مەبەسـت ئـافرەت نیـە، مەبەسـت خێزانـە، بـە مەبەسـت پێشنیارێك كراو چەند ئەنـدامێكیش پشـتگیریان لـێ كـرد، لایەنـەكان ئاگـادار بكرێنـەوە، ئاگـادار بكرێنـەوە مافەكانیان چیەو ئەركەكانیان چیە، ئەو مادە تایبەتە بە پێناسەی گرێبەستی هاوسەرێتی، لەو مادەیە باس لـە تەفاسـیلەكان و وردەكارێكانیـان ناكرێـت، دوای ئەوانـەی كـە ئـەو گرێبەسـتە دەبەسـتن لایەنـەكان كامـل ئەهلیەنـە، ئەهلیـەتیان تـەواوە، دەزانـن ئەنجامـەكانی ئـەو گرێبەسـتە چـیە كەتووشـی دەبنـەوەو تووشـیان دەبێت ئەو مەسئولیەتە كە هەڵدەگرن، بۆیە ئەو مادە تەنها تایبەتە بە پێناسە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک خلیل فەرمووو.**

**بەرێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە مەبدەئێك هەیە بزانین هەر قانونێك كە دایئەنەین یان تەعدیلی بکەین، جێگای دیراسەیە لەموختەسین بەیانی دیراسات لەسەری دەکەن، ئەبحاس لەسەری دەکەن، خەڵکانی تر ریسالەی ماجستێرو دکتوراو ئەوانە لەسەری دەکرێت و ئەو کاتە حوکم دەکەن لەسەر موشەرعی ئێراقی ئەو فەترە چەند مونتەبیە بویە بۆ شتی ئەساسیات، ئایە تەعریف لازمە چی تێدابێت چی تێدانەبێت، ئەحکام چۆن بێت، چۆن نەبێت، عقودو ئەوانە شەبەکەیەکی موتەرابتە پێکەوە، قەوانین موتەرابتە لازمە ئاگامان لەیەکتر بێت ئەمە مەبدەئێکە رۆژێك نەیەت یەکێك بێت بڵێت والله دەورەی پەرلەمانی فلان ساڵ کەسی وای تێدانەبێت کە مونتەبیە بێت بۆ ئەمە، هەتا دەقیق بین لەو مەسەلەکان، ئەمە وەکو مەبدەئێکە ئەوە یەك، دوو ئێمە بزانین ئەمە تەعریفێکی تر کرایە، هەموار کرایە فەقەرەی یەك هەتا مادەی سێ لەقانونی ئەحواڵی شەخسی، مەبەستمان لەو تەعدیلە چێە، مەبەستی حکومەت لەو مەشروعە کە ناردی چیە؟ ئەمە یەکێك پێشتر وتبووی: الزواج عقد بين رجل وامرأة تحل له شرعا، یەعنی بەس باسی ئافرەت بوو، لێرە شتێکی باشکرایە یەعنی، يحل كل منها للاخر، کەمەوزوع ئەوەیەو لەو ئەوەی تریش هەر تەحسیل حاسیلە و ئەمە دەگەیەنێت، بەڵام ئەمە نوقتەیەك بوو، پێشتر وتبووی: غایتە انشاء رابطة الحياة المشتركة بين الرجل والمرأة، ئەمە موافیقی ئەم ئایەتەیە (ومن اياته ان خلق لكم من انفسكم ازواجا لتسكنوا اليها وجعل بينكم مودة ورحمة) ئەوە یەعنی غایەتی یەکەمە، غایەتی دووەم لەتەعریفی پێشتری ئەصلی وتبووی (النسل، انشاء رابطة بين الرجل والمرأة)، (النسل) ئەویش موافیقی ئایەتێکە لەسورە النحل (والله جعل لكم من انفسكم ازواجا وجعل لكم من ازواجكم بنين واحفاد ورزقكم من الطيبات) لێرە لەو تەعریفی ئێستا وتی: (غايته تكوين الاسرة على اسس المودة والمسؤولية المشتركة)، من دەڵێم ئەم تەعریفی ئێستا شتێکی باشە، عەناصری تەعریف هەموو تێدانە وغایەتیش تێدایە ئەو نەسلەی تێدانیە، چونکە شەرت نیە نەسل بێت و زەواجی عەقیمیش دروستە، یەعنی مەعنای ببێت یان نەبێت ئەوەتا، ئەوە یەك، دووەم تۆ ئەڵێیت مەسئولیەی موشتەرەکە، بەڵێ بینای ئوسرە ئەقدس ئەلرەوابێتە، ئوسرە موهیم ترین بینائە وعەقدەکە زۆر زۆر موقەدەسە، مەسئولیەی موشتەرەکە تێدایە بەحوکمی زۆر ئایات و زۆر ئەحادیس وئەوە میساقێکە وەکو میساق تو دائەنەی ئەڵێت غەڵێزە ئەوە مەعنای مەسئولیەی موشتەرەکەی تێدایە قوران ئەڵێیت: (فإن ارادا فصالا عن تراضي منها وتشاور فلا جناح عليهما)، لەمەوزوعی فیصام وئایەتێکی تر دەڵێت: (واتمروا بيَنكم بالمعروف)، باسی زەوج وزەوجەیە، الاتمار لەفزی الاتمار موشتەرەکە، یەعنی (يامر بعضهم بعضا)، یەعنی لەهەردوو تەرەفە مەوزوعی تەشاورە تێدا، لەحەدیسی صەحیح، پێغەمبەر (ص)**

ئەڵێیت: (كلكم راعي وكلكم مسؤول عن رعيته)، له عەینی حەدیسەکه ئـەڵێت: (الـزوج راعـي في بيـت اهلـه ومسؤول عن رعيته والمرأة راعية في اهل بيتها ومسؤولة عنها)، یـەعنی مسـئولیەی موشـتەرەکه شـتێکی زۆر تەبیعی دەبێت، بەڵام تۆ لێرە بێژێت (عقد تراضي) کەلیمەی (الراضي) له قانونی مـەدەنی ئـەرکانی العقـد لەمادەی 77 یەکەم دانەی (التراضي) مەقصەد (بالتراضي) یعنی صیغەیە، صیغەیش یەعنی ئیجاب وقەبوڵە، ئەم ئیجاب وقەبوله دوو تەرەفن (وتـراضي) تیدایـە، چونکه یـەك ئـەڵێت ئـەوەم عـەرز کـرد، دووەم ئـەڵێت (قبلت)، ئەمه رەزای خۆی تێدایە، دووەم ئیجبار لەقەوانینی ئێراقی نیە، یەعنی ئەویش موخالیفە، سێهەم: (الزواج بالاكراه)، جریمەیەو عقوبەی لەسەرە، چوارەم: زواج خاریج مەحکەمە نابێت، وئێستا لەمەحکەمـە هەر قازیەك وەختی تەزویجی کچێك ئەکات، دەڵێت: تـۆ رازیـت؟ تەعـەدا لـەتۆ نەکرایـە، مـن ئـەڵێم یـەعنی هەبێت یان نەبێت هەر خۆی تێدایـە لەهـەموو قـەوانینی ئێراقـی لەمـەعنای عەقد، لەمـەعنای سـیغەکەی ئیجاب وقەبوڵە روکنی عەقدە، ئەمـە هـەمووی تێـدابێت، تێـدابێتیش بڵێم هـەر کەلێمەیـەکی زیـادە بـەس زەرەر نادات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەراستی بەنیسبەت ئەو وشەی (والرحمة) پاش (المودة) جەنابی ماموستا محمد فرج شەرحی کـرد بـۆ هەردووکیانە، یەعنی وا نیه ئەوەی که رەئییك دەرچوو که وتی ئەوە بۆ دڵنەواییه و بۆ ئەوەی که بـەزەیی بەژندا بێتەوە، یەعنی خۆ جار جارە رەحمە هەر بـۆ پیـاو نیـە بـۆ ژنیشـە، دەبێت بەرامبـەر بەمێردەکـەی رەحیمە بێت، یەعنی بـا وا تەفسیر نـەکرێت ئـەو شـتانەی کـە لێـرە نووسـراون تـەنها شـمولی پیـاو دەکات، شمولی هەردووکیان دەکات، چونکه ئەوە موئەسەسەیەکی موقەدەسە پێکهاتووە لەژنێك ولـەپیاوێك وپاشـان منداڵیشیان دەبێت، بەنیسبەت تەرازی و ئەوەی دوو مەوزوع هاتە گۆڕێ، تەرازی ئێمە هیچ خیلافمان نیە، بەراستی با تەرازی هەبێت خۆی ئەصلەن وەکو بـاس کـرا تـەرازی نـەبێت عەقدەکـە ناکرێـت وباتـڵ دەبێـت ئەگەر تەراوی نەبێت، بەڵام من پرسیاردەکەم ئەگەر بەنووسینەوەی کەلیمەی تەرازی ئـەو کێشـەیە ئیکـراە کەئێستا لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە ئەگەر پێی چارەسەر دەبێـت مـن دەڵـێم بـا دە جـار بینووسـین نـەك یەك جار، با دە جار تەرازی بنووسین، بەڵام ئـەوە پەیوەنـدی بـە پێشـکەوتنی رادەی رۆشـنبیری کۆمـەڵگاوە هەیە، پەیوەندی بە پێشکەوتنی رادەی کۆمەڵایەتیەوە هەیە، هەتا چەند پێشکەوتووە لـەم بارەیـەوە، ئـەوە بەنووسینی وشەیەك نابێت، مانیعمان نیە، ئەگەر بنووسرێت، من لەگەڵ ئەوەم کە بنووسـرێت، بـەڵام پـێم وایە ئەگەر کچێك بەتەنها لێیشی بپرسرێت کە چووە پـێش قـازی، ئەگـەر تەهدیـد کرابێت لەلایـەن بـابی ومامی وبراکەی و هەموو لەپێش دەرگا ئینتیزاری ئەوە دەکەن کە بزانن چی دەڵێت والله لەسەر ئەوەی کـە تەرازی نوسرایە، ئەوە حەل دەبێت، وانیە تەهدیدەکـەی ئـەوان دەیخوات، ئێمـە کۆمەڵگاکـەمان وایـە، بۆیـە

پێم وایە ئەصلەن پەیوەندی بەرادەی پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە هەیە ئەو مەسەلەیە زیاتر، دەبێت ئیمە موحاوەلەی ئەوە بکەین ئەو شتە جەزرییەن حەل بکرێت لەعەقدەکەدا، خۆی ئەصڵەن عەقد کە تەرازی تێدا نەبێت، عەقدەکە باتڵە، بەنیسبەت ئەوەی کە دەبێت هەموو شروتێك بنووسرێت بۆ زەواجەکە، هەموو شروتێك کە سۆزان خان باسی کرد، من پێم وایە ئەوە زەواج تەعقیدتر دەکات، بەڕاستی من یەعنی لە مەسەلە روحییەکەیش زیاتر بە دوور دەکەوێت مەسەلەکە، باشە ژیان شتێکی، عەمەلییەکی موستەمیرە، پێشهاتی زۆری تێدایە، تۆ چی دەزانی لە ئایندەدا چی دەبێت هەتا هەموو شروتەکان بنووسیت، باشە ئەگەر پیاوەکە ئیفلیج بوو ئەوکات ئەو شروتە دەنووسێت؟ ئەگەر ئیفلیج بوو من چی دەکەم؟ یان پیاوەکە ئەگەر تۆ شتێکت بەسەر هات چی دەکات؟ من پێم وابی شتەکە ئسوڵی تربێت جوانترە و ئەساسی ئەوە بێت کە تەرازی بێت لەبەینیان، یەعنی عەقدەکە تەجرید نەکرێت لەمەسائیلی خۆشەویستی وروحی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، زۆر قسەکرا لەسەر ئەو مەوزوعە ومن خولاسەی قسەکان جاری پێش هەموو شتێك ئەو موقتەرەحە تازەیە کە دەڵێت دەبێت قازی ئیلزام بکرێت، من پێم وایە تەحسیل حاسیلە، من خۆم کۆری قازی بوومە، زۆریش دیومە و پێش هەموو شتێك قازی ئەوە مەسئولیەتێتی، ئەوە بەدیهیەتێکە ئەوە پێش ئەوەی ئەو عەقدە بکات دەپرسێت رازیە یان نا؟ ئەو شروتانەیش کە دانراون لێرە لەمەحکەمە بەتەئکید دەبێتە ئیستیمارەیەك ئەو کەسەی کە دەیەوێت زەواجی دووەم بکات ئەو ئیستیمارەی دەبێت پڕ بکاتەوە، ژنەکەیش و پیاوەکەیش هەردوو لا ئیلزامی پێدەکرێت، ئەو هەموو شتانەی تێدادەبێت بەراستی، فەقەت ئەوەی تەرازیەکە، کاك عادل باسی کرد عەقد بەبێ ئەوەی بنووسی تەرازی، تەرازیەکەی تێدایە، بەڵام چ زەرەرێکی نیە تەئکید بکرێتەوە، کە مادام زەری نیە، داوای لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان وژنانە بەقەوەتریشی دەکات، من پێم وایە شتێکی تەبیعیە، دەمێنێتەوە سەر کەلیمەی رەحمە ئیزافە بکرێت، دوو رەئی هەیە هەندێك دەڵێن باشەو هەندێکیش دەڵێن ئەوە رەبتی بەهەندێك شت هەیە، هەندێك ژن وئافرەت زەعیف پێشان دەدات، وەکو بڵێت پێویستی بەرەحم و شتی وایە، پێشتر لەپێناسەی پێشوودا حەیاتی موشتەرەك هاتووە، بەینی مەسئولیەتی موشتەرەك و مەسئولیاتی موختەلیفە فەرق هەیە، مەسئولیەتی موشتەرەکە، عائیلەیەکن پێکەوە دەژێن، مەسئولیاتی موختەلیفە جیاوازە، تەفسیری جیاوازی بۆ دەکرێت، بۆچی موشتەرەك نەبێت؟ هەردووکیان لێرە مەسئوولن، لەبەر ئەوە یەعنی موختەلیفە دەرگای دەکرێتەوە، موختەلیفەی چ، ئەوە عائیلەیەکە، ئوسرەیەکە لەناو ماڵەکەدا مەسئولیەتی هەردووکیانە وهاوبەشن، یەعنی لێپرسراوەتی هاوبەشی بۆ بنووسی، لێپرسراوەتی جیاجیا؟ لێپرسراوەتی هاوبەشی بەرامبەر ئەو عەقدە بنووسرێت زۆر زۆر جوانترە، بۆیە من لەجیاتی رەحمەکەیش پێم وایە ئەگەر بێت بنووسن: علی اسس المودة والحیاة والمسؤولیة المشترکة، ئەگەر ئەوە بکەن، حەیاتەکە لەئەساسیشدا لەقانونە کۆنەکە حەیاتی موشتەرەکە هاتووە، ئێمە مەسئولیەتەکەمان ئیزافەکرد،

ومەوەدەکەیش هاتووە ولیژنەی ماف مرۆڤیش پشتگیری لی کردووە، لەجیاتی رەحمەکە بۆ ئەوەی دوو رەئیەکە نەخەینە موناقەشەوە، (المودة والحياة والمسؤولية المشتركة)، ئەوە پێم وایە لێرە جێگای زۆر باش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە من پێش هەموو شتێك بۆ ئەوەی هەمووی پچڕ پچڕ نەکەینەوە ئەو موقتەرەحاتەی کە کۆم کردوەتەوە ئەکسەریەتی بەو شکڵە دەیخوێنمەوە، ئەگەر رازی بوون دەیخەمە دەنگەوە، ئەویش ئەوەیە بەعەرەبیەکەی وایە: (الزواج عقد تراضي بين رجل وامرأة يحل به كل منها للاخر شرعا غايته تكوين الاسرة على اسس المودة والحياة والمسؤولية المشتركة طبقا لاحكام هذا القانون)، پێتان باشە؟ ئەوەی کە پێتان باش بێت کە ئیلزامی قازی بکرێت دەکرێت وەکو فەقەرەیەك دواتر باسی بکرێت لەشروتەکاندا، بڵێین: (على القاضي افهام الطرفين)، کاك شێروان رەئی جەنابت جیە؟ بۆ ئەوەی کە دەڵێت ئیلزامی قازی بکرێت، کاك د. کمالیش ئاماژەی پێکرد، سۆزان خانیش نووسیەتی (على القاضي افهام طرفي عقد الزواج قبل ابرامه بما لهم من حقوق وواجبات والصيغ المختلفة وفق احكام هذا القانون)، ئەگەر ببێتە برگەیەك لەشروتەکان، منیش پێم وایە ئەگەر قازیەکی ئاگاداربێت لە قانون وشتی وا دەبێت ئەوە بەدیهیاتە لەسەری، یەکەم شت ئەوە ئەگەر ئیزافەیش بکرێت لێرە ئیزافە ناکرێت، چونکە ئەوە پێناسەیە عیلاقەی نیە، لەشروتەکانا دەتوانیت بێکەیتە خاڵێك، لێرە جیگای نیە موتڵەقەن، تۆ عەقدەکەی بەینی ژن وپیاوەکە باس دەکەی، على القاضي، دەکەیتە چی؟ دەیکەیتە وەکو شەرتێك تەرحی بکات، دەکرێت لەوێندەر باس بکەین لەپێناسەکە باس ناکرێت، لەشەرتەکانا لەوێندەر دەڵێت یەك، دوو، سێ، دەتوانیت فەقەرەیەك لەئەخیرا تەرح بکەین و بڵێین لەسەر قازیە ئەو شروتەیش هەیە، کاك شێروان لەپێناسە دەکرێت ئەوە باس بکرێت؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە میکانیزمێکە بەراستی قەزا لەسەری رۆیشتیە ماوەیەکی دوورودرێژە، فەرزکە لێرە تۆ ئیلزامت کرد، ئەگەر قازی بەکویێ نەکرد چێ لێدەکەیت؟ من ئەوە بە مەنتیق تەعامولی لەگەڵ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا مەسئولیەتەکە تەحەمول دەکات، هەیئەتی قەزا دەبێت موحاسەبەی بکات، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەگەر تەعریفەکە وەکو خۆی بمێنێت زۆر زۆر باشترە، ئەگەر تەرازیەکەی بۆ زیابکرێت، حەیات ئیزافە بکرێت پێم وایە پێناسەکە لەنگ دەبێت ئەوە یەك، دوو ئەوەی پێشنیار کرا لەلایەن سۆزان خانەوە پێم وایە وەکو فەقەرەی یەکەم لەگەڵ تەعریفەکەدا کە بەمادەیەکی موستەقیل لەدوای تەعریفەکە بێت شتێکی زۆر باشە، بۆیە لێرە باس بکرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك عونى فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**خوشك وبرايانى پەرلەمانتاران.**

لە ماددەى شەشى قانونى ئەحوال شەخصى، ئەو شتانەى كە تازە قسەى لەسەر دەكرێت هەموو موعالەجە كراوە، ئەگەر دەتانەوى با بۆتان بيخوێنمەوە بۆ ئەوەى زياتر ئاگاتان لەوەزعەكە بێت.

المادة السادسة:

اولاً : لاينعقد عقد الزواج اذا فقد شرطا من شروط الانعقاد او الصحة المبينة في مايلي:

أ-اتحاد مجلس الايجاب والقبول.

ب- استماع كل من العاقدين بكلام اخر واستيعابهما بانه المقصود منه عقد الزواج.

ج- موافقة القبول بالايجاب.

د- شهادة شاهدين متمتعين بالاهلية القانونية على عقد الزواج.

هـ- ان يكون العقد غير معلق على شرط او حادثة غير محققة.

ثانيا: الزواج بالكتابة للغائب لمن يريد ان يتزوجها بشرط ان تقراء الكتاب او تقراه على الشاهدين وتسمعهما عبارته وتشهد هذا على انها قبلت الزواج منه.

ثالثا: الشروط المشروطة التي تشترط ضمن عقد الزواج معتبرة يجب الايفاء بها.

رابعا: للزوجة طلب فسخ العقد عند عدم ايفاء الزوج بما اشترط ضمن الزواج.

واتا ئەو شتانە هەمووى لێرە باسكراوە، تەعديلاتەكەيش ئێستا لە پڕۆژەكەيدا هاتووە تەنها دوو بڕگەى دەگرێت، دەوڵەمەند دەبێت، بەڵام ئەوانە هيچى پێناوێت لە پڕۆژەى نوێ ئيزافە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك د. نورى فەرموو.

**بەڕێز د. نورى جميل تاڵەبانى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لەڕاستيدا ئەوانەى كە ئێستا باسى لێ دەكرێت لەكاتى پێداچوونەوە بە پڕۆژەكەدا هەمووى تاوتوێ كران، لەپێناسەدا پێويست ناكات باسى ئەوانە بكرێت، بەڵام لەكاتى باس كردنى مەرجەكان بەتايبەتى مەرجى ئەوەى كە ژنەكە داوابكات كە ئەو پياوە نەتوانێت ژنەى بەسەر بێنێت باس لەوە كرا كەوا فۆرمێكى تايبەتى لەلايەن دادگاوە چاپ بكرێت ودابەش بكرێت بەسەر هەموو ئەو كەسانەدا، ئەو شتانە بەروونى تێدا ديارى بكرێت، بەڵام لەوەيشدا وترا كە پێويست ناكات بە قانون ديارى بكرێت پاش پەسەند كردنى قانونەكە، وەزارەتى داد دەتوانێت بەڕێگەى ڕێنمايى ئەو شتانە روون بكاتەوە لەهەموو دادگاكانى كوردستاندا ئەو فۆرمە دابەش بكرێت و دادوەريش دەتوانێت يەكە يەكە لەهەردوولا بپرسێت، ئايا

دەتەوێت پیاوەکە ژنت بەسەر بهێنێت یان نا؟ ئەگەر وەڵامی بەروونی دایەوە ئەو کاتە دەچەسپێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەئییدی بۆچوونەکەی من دەکەیت، فەرموو خەمان خان.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە جاری بۆ جەوابەکانی بەڕێز کاك عەونی لەم شەرتانەی کە بەڕێزی خوێندیەوە، بەڕاستی هیچ ئەوانەی کە باس دەکرا، ئەوانەی ئەو فەقەرەی دەمانەوی ئیزافەی بکەین لەناو ئەوانەدا نیە کە خوێندیەوە، بەدەر لەوەی کە فەقەرەیەکی تێدایە کەبەپێی تەعدیلات ئەمە ئیلغا کراونەتەوە ئەمە لایەك، دوو: ئێمە کە دەمانەوێ ئەم فەقەرەیە ئیزافە بکرێت کێشەکەی ئێمە لەوەدایە لەگەڵ عەقڵی حوکامەکانی ئێمەیە، لەگەڵ ئەو عورفەیە، لەگەڵ ئەدائی رۆژانەی قازیەکانی خۆمانە کە بەراستی ئێمە خۆمان دەزانین لەمەحاکمیش بووینە، ئەزانین کە بچێتە مەحاکمی ئەحواڵی شەخصی چ هۆسەیەك و چ هەڵایەکە، وە ئەشزانین بەڕاستی حاکم ئەوەندە بەئسلوبێکی خێرایی وبەبێ خوێندنەوەی ئەم هەموو تقوسەی کە پێویستە بیکات، نایکات لەبەر ئەوە ئەمانەوێت ئەم جارە هەوڵدەین هەندێ گۆڕان ئەگەر گۆڕانی زۆر بەسیتیش بکەین و لەچوار چێوەی شەرعیشن، بەڵام بتوانین هەندێ گۆڕانی زۆر بەسیت دروست بکەین، من پێم وایە بەڕاستی کاتێك ئێمە نەسێکی قانونی یان فەقەرەیەك زیاد دەکەین لەعەقدی زەواجا بڵێین بەقازی ئەبێت زۆرتر وەخت بدات بەو تەرەفە یان نە، چونکە خۆمان دەزانین عەقدی زەواج یان بابڵێین مونەزەمەی زەواج پێویستی بەڕاستی بە هەندێك تقوس و ئەوەی گەورە هەیە، بەڕاستی پێی بدرێت، ئەگەر قازی بێت و هەردوو تەرەفەکە بەرامبەر خۆی دابنێت و زۆرتر حقوق وواجیباتیان بدات ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر سەرۆکی پەرلەمان کاتێك ئێمە داوا دەکەین سیغەی جیاوازی یان شێوەکانی جیاوازی گرێبەندی زەواج بۆ هەردوو لایەنی گرێبەندەکە باس بکرێت وئاشکرا بکرێت، ئاخر بۆچی ئێمە ئەبێت مانیع بێن لەبەردەم ئەوانە، بۆ نموونە یەك لە گرێبەندەکانی زەواج کە لەناو شەریعەی ئیسلامیشدا هەیە کە رێگا بەژن دەدات عیسمەتی خۆی بە دەستی خۆی بێت، یەعنی تەلاق بەدەستی خۆی بێت، ئەمە لەچوارچێوەی شەرعدا هەیە ئەوە لە قانونی ئەحواڵی شەخسیش بەپێی مەزاهیبیش رێگای پێدراوە، ئێمە هەتاکو ئێستا بینیومانە هیچ قازیەك ئەم حەقە بەژنان بدات؟ یان ئەم شێوەیە، حەقی هەیە وەکو حەق، بەڵام بینیومانە ئەمانە لەعورفدا یان لەژیانی رۆژانەدا ئادابکرێت، لەبەر ئەوە بەڕاستی زۆر پێداگیری دەکەین لەسەر ئیزافەکردنی ئەو فەقەرەیە، واتا ئەم شتانە هەر خۆتان ئەڵێن ئێمە مانیعمان نیەو لەسنووری شەرعیش دەرنەچووەو ئەی کوا، ئەی کاکە بۆ رێگری ئەکەن لێگەڕێن با ئیزافە بکرێت فەقەرەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فکرەکە گەیشت، کاك شێروان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی نابێت یەعنی لەهۆڵی پەرلەمان ئیهانەی قازی بچێتە مەحازری جەلەساتی ئێمە بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با کەلیمەی یان وشەی هەندی قازی شەتب بکرێتەوە لەمەحازری جەلەسات، کاك عونی جەواب بداتەوە دوای ئەویش صبریە خان قسە بکات، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان خەمان خان ئیشارەتی بەوە دا کە مادەی شەش تەعدیل کراوە، دەمەوێت تەوزیحی ئەوە بدەم کە مادەی شەش هەمووی تەعدیل نەکراوە جگە لەدوو بڕگە، یەك: فەقەرەی یەك، (د)، دوو: فەقەرە سێ، فەقەرە سێ بەوەزعێك هاتووە کە ئیشارەتت پێدا، (للزوجة ان تشترط على الزوج عند عقد الزواج تفويضها بالتطليق)، مادام هەموو فەقەراتەکانی دیکە ماوە ئیشی پێدەکرێت وزیاتر باروونی بکەمەوە، پاش پەسەندکردنی ئەو یاسایە بەو شروتانە کە لەیاساکەدا تەسبیت دەکرێت حەتمەن ئیستیماراتی عەقدی زەواج دەگۆڕێت کەلێرە ئەوانە ئیلزام دەکرێت مەحاکم لە ڕێگای سوڵتەی قەزائی ئیستیمارەی نوێ دابەش دەکرێت وئەو شەرتانەی کە لەقانونەکەدا هاتووە پەسەند دەکرێت و هەموو لەئیستیمارەی نوێ تەسبێت دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دواکەس صبریە خان قسە دەکات فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، ئافرەتان ئەڵێن، ژنان ئەڵێن، بڵێن بکرێت بە چوار دێر، پێنج دێر حەقی خۆمانە، چونکە بەراستی لەئەرزی واقیعدا ئەو مەرجانە ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵام ئایا بەنووسین ئەو گرفتەی ئێمە چارەسەر دەبێت، ئەمە خاڵێکە کە بەراستی ئێمە دەبێت تەغیراتەکان لەشوێنێك بکەین، بەتەعلیمات لەدەزگای پەیوەندیدارەوە ئیشی پێبکات وپێی هەڵسێت وتەفاسیلەکان لای ئەوەوە بێت وئەمە مەتن بێت وسەقافەی ئەو کەسانەی کە دێن لەناو عەقدەکەدا ڕۆڵ دەبینن ودەوریان هەیە، خاڵی دووەم: کە زۆ زەرورە باسی هەندێ وشەئەکەین موستەڵەح، ئێمە حەساسیەتمان پێی هەیە، چونکە وا دەزانین ئەمە مافێکە لای پیاو وخێر بەمن ئەکات، مەسەلەی مەوەدەو ڕەحمە موڵکی پیاو نیە خێر بە من بکات، ڕەحمە هاوبەشە

لەهەردوو لامانە، رجائەن جێکردنەوەی ئەم شتانە ئێمە با بیکەینە موستەڵەحێکی موشتەرەك کە لەبەینی ئینسانەکانا، چون ژن پێویستی بەرەحمەیە لە پیاوەکانیان، پیاویش بەهەمان شێوە پێویستی بەو رەحمە هەیە لەژنەکەوە، چونکە حەیاتی موشتەرەکەیە بەهێن هەردووکیان تەکامولی دروست دەبێت، بۆیە پشتگیری دەکەم ئەو وشەیە جێی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە تەواو موناقەشە تەواو، ئێستا یەك: ئەو موقتەرەحە تازەیە کە وترا نایەتە پێناسە ئەوەی د. نوریش ئیشارەتی پێی کرد، دەکرێت بکرێتە شەرتێك لەشەرتەکان، ئێوە واز لەو مەوزوعە بێن پێناسەکە سێ ئیختیلافی لەسەرە، یەکێکیان: لەسەر داوای لیژنەی داکۆکیکردن لەسەر مافی ئافرەتان و ژنانە، کە کەلیمەی تەرازی پاشی عەقدەکە ئیزافە بکرێت، قسەی زۆر لەسەر کران هەر ئەوەی دەخوینمەوە، ئەو کەلیمەیە ئێزافە بکرێت یان نا، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەلیمەی تەرازی ئیزافە بکرێت؟ دەستی بڵند بکات تکایە فەرموون، کێ لەگەڵیدانیە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کران دووەم: ئەوەیە کەڵیمەی رەحمە، ئەوەی کە لیژنەی مافی مرۆڤ داوای کردووە ئیزافە بکرێت وپاشی کەلیمەی مەوەدە، کێ لەگەڵ ئەودایە ئەو کەلیمە ئیزافە بکرێت؟ دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدانیە؟ زۆرینە لەگەڵ کەلیمەی رەحمەدایە، سێ: ئەوەیە حەیاتی موشتەرەکە هەندێك وتیان مەسۆولیاتی موشتەرەکە ببێتە مەسئولیاتی موختەلیفە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێت کە مەسئولیەتی موشتەرەکە بمێنێتەوە بادەستی بڵندکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەلدا نیە؟ بەکۆی دەنگ مەسئولیەتی موشتەرەکە مایەوە، فەقەرەکە دەخوێنمەوە بەو گۆڕان کاریەی کە کرا دەڵێت: الزواج عقد تراضي بين رجل وامرأة يحل به كل منهما للاخر شرعاً غايته تكوين الاسرة على اسس المودة والرحمة والمسؤولية المشتركة طبقا لاحكام هذا القانون، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بڵند بکات تکایە فەرموون، کێ لەگەڵیدانیە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کران، زۆر سوپاس، ئێستا بۆ شەرتەکان، دەچینە ناو شەرتەکان، شەرتی یەکەم: لايسمح بالزواج باكثر من واحدة الا بإذن القاضي ويشترط لاعطاء الاذن تحقق الشروط التالية:

یەکەم: ئەوەیە کە دەڵێت ئەو فەقەراتانەی کە پێشتر هەیە، ئیقتیراح کراوە، (4،5،6،7) رابگیرێت، یەعنی لەجیاتی ئەوانە ئەو فەقەرە تازە هاتووە، ئەوەی ئیلغا کردنی فەقەراتی (4،5،6،7) هەموو لیژنەکان موتەفیقن لەسەری، دەیخەمە دەنگەوە بۆ ئیلغاکردنی ئەو فەقەراتانە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ دەستی بڵندکات تکایە، کێ لەگەڵیدا نیە؟ ئیزەن ئەو فەقەراتانە ئیلغاکرا (4،5،6،7)، شروتەکانی ژنی دووەم، کە یەك ژن زیاتر ناهێنێت ئیلا بەموافەقەتی قازی نەبێت وبەوشروتانەی خوارەوە:

یەکەم: ئەصڵی مەشروعەکە دەڵێت: (لايجوز الزواج باكثر من واحدة الا باذن القاضي ويشترط لاعطاء الاذن تحقق الشروط التالية:

ئەصڵەکە دەڵێت: (قيام عذر مشروع يبرر التعدد كالمرض الثابت والمانع للمعاشرة الزوجية او عقم الزوجة الثابت وذلك بتقرير من لجنة طبية مختصة)، ئەوە ئێستا فەقەرەی یەکەم موناقەشەدەکەین، لیژنەی

قانونی لەفەقەرەی یەکەمدا تەئییدی ئەوەی کردووە، دەڵێت: قیام عذر مشروع یبرر التعدد کالمرض، ئەصڵی مەشروعەکە دەڵێت: لایجوز، لیژنەی قانونی ولیژنەی مافی مروڤ تەقریریان خوێندەوە، دەڵێت: (لایسمح بالزواج)، وابزانم لیژنەی داکۆکیکردنی مافی ژناژنیش هەمان شتی وتووە، (لایسمح بالزواج لاکثر من واحدة)، شەرتی یەکەم: لیژنەی قانونی تەئییدی کردووە کە دەڵێت: (قیام عذر مشروع یبرر التعدد کالمرض الثابت المانع من المعاشرة الزوجیة او عقم الزوجة الثابت وذلك بتقریر من لجنة طبیة مختصة)، ئێستا داوا دەکەم لە لیژنەی داکۆکیکردنی لەسەر مافی ئافرەتان بیخوێنێتەوە، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەمانەوی ئەو قیام عذر مشروعة یبرر التعدد لابدرێت، یەکسەر بنووسرێت المرض الثابت المانع من المعاشرة الزوجیة او عقم الزوجة الثابت وذلك بتقریر من لجنة طبیة مختصة، چونکە ئەگەر ئەو پێشەکیەی هەبێت عوزری کەیش دەبێت، یەعنی دەرگا دەکاتەوە، جگە لەنەخۆشی و جگە لە عوقم کۆمەڵێ شتی کەیش هەبێت بۆئەوەی تەعدد رووبدات، بۆ ئەوەی حەسربێت لەبەینی نەخوشی و عوقمەکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ هیچتان هەیە ئێوە؟ فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەماددەی پێنجەم، ئێمە پشتگیری لەهەموارکردنەکە دەکەین، ئێمە لەگەڵ مادەکەینە وەکو خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتا ئێوە لەگەڵ پرۆژەکەن، کەواتا فەرقەکە ئێستاکە فەقەت لەبەینی لیژنەی داکۆکیکردن لەسەر مافی ئافرەتان وژنان کە داوا دەکەن ئەو: قیام عذر مشروع یبرر التعدد، نەمێنێت و بنووسرێت: المرض الثابت،فەفرقەکەیشی شەرحیان کرد بۆچی وادەڵێن، کەس ئەگەر قسەی هەیە فەقەت لەبەینی ئەو دوو رەئیە، د. هاله فەرموو.

**بەڕێز د. هاله سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەلیژنەی داکۆکیکردن لەسەر مافی ئافرەتان وژنان دەکەم کە فیعلەن زۆر پێویستە ئەو بڕگەیە لابدرێت کەدەڵێت: قیام عذر مشروع، لەبەر ئەوەبێ کەئەنەما عذري دیکەیش هەیە، کەئەنەما میسالی دیکەیش هەیە، پێویستە ئەو بڕگەیە لابدرێت لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو بڕگەیە بمێنێت کەئەنەما میسالی دیش هەیە کە ناوی نەهاتووە، پێویستە ئەوە لابدرێت، بۆئەوە ئەوە نەبێتە میسال، ببێتە حەصر، تەنها

لەو حاڵەتە بۆی هەیە و پێویستە بڕگەی دووەمیش پێم وایە ئەگەر دەمج بکرێت وببێتە یەك بڕگە کەئەنەما بڕگەی دووەم بڕگەیەکی سەر بەخۆیەو عیلاقەی بەوانەی دیکەوە نیە، کەئەنەما ئەگەر ئەو شەرتە هەبێت و ئیمکانیەی مالی هەبێت بۆی هەیە ژنێکی دیکە بێنێت، زۆر پێویستە ئەو بڕگەیە دەمج بکرێت و تەواو بکرێت لەگەڵی وببێتە: وعلى ان يكون لطالب الزواج امكانية، وهەتا کۆتایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە ئەو ئیقتیراحەمان قەبوڵ کرد، مەعنای فرەژنی قەبوڵ کرا، فرەژنیش هەر یەك ژن نییە ، سێ ژنە لە دوای یەکەم، یەعنی هەتا چوار ژن دەتوانێت ژن بێنیت، هەتا ئێستا وەکو من موتابەعەم کردبێت، ئەوانەی ژنیان هێناوە، ئەوانەی لە ژنێك زیاتریان هێناوە خاوەن سامانن یان خاوەن سوڵتەن یان خاوەنی هەردووکیانن، ئەو دووشتەیش هیچ شێك ڕێگایان لێناگرێت و هەتا ئێستایش شەرعیش ڕێگای لێیان نەگرتووە، باشە قانون چون ڕێگایان لێ دەگرێت؟ تەماشا دەکەین لێرە لەسەر ئەو بڕگەیان باسی ئەوە دەکەین کە نەخۆشە یاخود منداڵی نابێت، باشە تۆ تاوانێکت پێوە ناوە کە خۆی دەستی تێدانیە، یەعنی چ بکات کە نەخۆش بوو، هەموو کەسێك پێی خۆشە سەحەتی لەهەموو کەسێك باشتربێت، کەمنداڵیشی نابێت ژنی ئێمە پێی خۆشە ئەصڵەن نەك منداڵێك، چەندین منداڵی هەبێت ولەپێشەوەیش منداڵەکانی هەمووی کوڕبن، زۆر پیاویش هەیە لای ئێمە مومکینە هەمووومان بیناسین، هەمووومان کەس و دوست هەیە هەتا جەنابێشتان دەزانن، زۆر کەس هەیە ژنەکەی چەندین ساڵە هەیەتی ژیانێکی زۆر خۆشی لەگەڵ دەباتە سەر مەنداڵیشی نابێت، زۆر کەسیش هەیە ژنەکەی نەخۆشی خراپیشی هەیە هەموو پارەی خۆی لەسەر سەرف دەکات و دەیباتە هەموو دونیا بۆ ئەوەی چاك بێتەوە وژنیشی لەسەر ناهێنێت، یەعنی من خزمی خۆم هەبووە وەختی خۆی نەخۆشی سیلی هەبووە کە ئەوەی نەخۆشی سیلی هەبوایە دەمرد، ژنی نەهێنا و خزمەتی کرد هەتا مرد ئەوجا دوایش درەنگیش ژنی هێناوەتەوە، ئێستا من خزمێکی خۆم هەیە وەختی خۆی مێردی هەبوو منداڵی نەبوو، پێش شەش، حەفت ساڵ مێردەکەی مرد، لەو ڕۆژانە باوکی مردبوو من خۆم چوومە لای دەبینم ماڵەکەی هەمووی رەسمی مێردکەیەتی، من سەرخۆشی باوکیم لێ دەکرد، کەچی ئەو باسی مێردەکەی دەکرد، یەعنی وەفاو ست هەیە ڕێگا دەگرێت، دووەمین هەتا لەدەوڵەتە پێشکەوتوەکان مومەسیلێك هەیە کە تەمسیلی (جیمس بوند) دەکات و واتا چەندین ساڵە شیك ترین وجوان ترین پیاوبوو لەعالەم، ئێستایش وایە ناوی (بروسنانە) هەرکەسێك فیلیمی جیمس بوندی بینیبێت دەزانێت لەهەر فیلیمێك زیاتر لەبیست ملیۆن وەردەگرێت، لەو ڕۆژانە موقابەلەیەکی هەبوو لەتەلەفیزیون برسیاریان لێ دەکرد، دەیگوت من ژنەکەی یەکەمم سێ ساڵ سەرەتانی هەبوو، تەبعەن ئەوەی ئەنگو سەرەتان دەگرێتەوە یان نەخۆشی دی، وتی هەندێ لەفیلمەکەم دەبوایە لەجنوبی ئەفریقیا بگرم، گوتی

هەتا ژنەكەم قەبوڵی نەكرد نەچووم بەشەرتێك ئەو مەبلەغە وەردەگرێت لەبریتانیاش دەژێت، من وەگ گوتم ئەوانەی كە ژنی دی دەهێنن شەرت رێگایان لێ ناگرێت، ئەتۆ شەرتی دیكەت داناوە كەبیهێنێت، بۆ شەرتێك دێنی كە دایبنەی شعور برینداردەكات، لەبەر چی، لەبەر ئەوەی ئێمە خۆتان دەزانن ئەگەر واقیعی بین، هەموو كەس لەلای ئێمە كە ژن دەهێنن زۆربەیان كە تەئخیر دەبێت، كچ تەئخیر دەبێت، یان كۆر تەئخیر دەبێت، كەس و كارەكەی وازی لێناهێنن، قسەی پێدەكەن، زەختی لەسەر دەكەن و هەندێ كەس مێرد دەكات یاخود ژن دێنێت لەبەر قسەی خەڵك، باشە ئەوە ئەگەر ژنەكە نەخۆش بێت یاخود منداڵی نەبێت، چونكە زەخت دەكەوێتە سەر، مەسەلەكە ئەوەیە كە زۆر كەس هەیە ژنەكەی نەخۆشە یان منداڵی نابێت، بەڵام ژنیش ناهێنێت، ئەو مەسەلەشم بۆت هێنا هەم لەخۆمان و هەم لە خاریجیشەوە، ئێستا ئێمە ئەگەر ئەو شەرتە دابنەین هەرچی كچی كوردستانە هەمووی تووشی ترس و دڵەڕاوكی دەبێت، دەڵێت من سبەینێ ئەگەر مێردم كرد، ئەگەر منداڵم نەبوو، یان نەخۆش بووم ئەوە قانونێك دانراوە كە ژنم لەسەردێت، هەتا ئێستا قانونەكە كە نەبوو ئیعتیادی بوو ئەوە یەك، دووەم: باشە ئەدی ئەو هەموو وەفاو عەهدو دوستایەتی و لەقورئانا مەوەدو رەحمە هەیە ئەوانە هیچ نامێنێتەوە لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەمە تۆ هەر رێگات پێداوە، بەڵام ئەو شەرتە لابدرێت لەبەر ئەوەی بەراستی شعور برێنداردەكات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەس بۆ مەعلوماتت كاك شێردڵ ئەو شەرتە لەقانونی پێشووشدا هەیە.

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەبڕگەی، قیام عذر مشروع یبرر التعدد بمرض ثابت یكون مانع للمعاشرة الزوجیة، لێرەدا ئێمە شەرم دەكەین باسی بەتەواوی بكەین، باشە موعاشەرە زەوجییە هەر جنسە یان شتی تریش دەگرێتەوە، زۆر جار كە ئیختلاف لەبەینی ژن وپیاوا دەبێت، مەسەلەن یەكێكیان بۆنی دەمی دێت ناتوانێت وتەحەمولی ناكات، ئێمە شەرم دەكەین بڵێین موعاشەرەی جنسی ناومان ناوە موعاشەرەی زەوجی، موعاشەرەی زەوجی هەر جنسەكەنیە بەتەنها كە ئێمە شەرم دەكەین باسی كەین لێرە، موعاشەرەی زەوجی زۆر شتی تر هەیە میزاجە، ئەمە تەفسیری زۆر هەڵدەگرێت، ئەمە لەتەفسیر لای حاكم موعاشەرەی زەوجی هەر ئەوە مانیعەكەیە، موعاشەرەی زەوجی هەر ئەوە نیە، شتی تریشە، ئەمە شمولی هەموو حاڵەتەكان دەكات، من لەگەڵ ژنەكەم رێك ناكەوم لەبەر ئەوەی بۆن دەمی دێت، یان ئەو لەگەڵ من رێك ناكەوێت لەبەر ئەوەی بۆنی دەمم دێت، یان بۆنی جسمی دێت و ئەوانە، هەندێ حاڵات هەیە موعاشەرەی زەوجی هەر جنسە یان شتی تریشە؟ ئەو تەفسیرەم دەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك جمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی من هەر لەگەڵ خاڵی یەکەم نیم کە شەرتێك بێت لەسەر ژن هێنان، بەڵام ئێستا کە دانراوە و مەسەلەی فرە ژنی بوو بەقانون، مەقتەعی یەکەم موبەرر زۆر زیاترە لەبەر ئەوە من بە پێویستی دەزانم کە لابدرێت، قیام عذر مشروع، یەعنی ڕێگاکە کراوەتەوە بەشێوەیەکی زۆر فراوانتر، من پشتگیری لیژنەی ئافرەتان دەکەم کە ئەو مەقتەعی یەکەمە لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. فؤاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە مەبەستی موشەریع لەوشەی سابیت مەقسەدی ئەوەیە کە بڵێت درێژ خایەنەو نەگورە، بەڵام بەراستی لەعەرەبیدا ئەم وشەیە مەعنای، مؤکد یان موقربە، بەکوردیش ئەوە دەگەیەنێت کە مسوگەرەو نەگۆڕەو چەسپاوە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە درێژخایەنەو چارەسەر ناکرێت و لەلیژنە پزیشکێکانیشا ناڵێن سابیت، ئەوترێت المزمن، لەبەر ئەوە من وا پێشنیار دەکەم کە ئەم بڕگەیە وابنووسرێت و بوترێت: (المرض المزمن الثابت المانع للزواج ولا یرجی منه الشفاء)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر المانع للزواج، ئەو مێردی کردووە، ئەوە باسی ژنی پێشوودەکەی تۆ، المانع للزواج چون دەبێت؟.

کاك شێخ فتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم‌وایە ئەگەر ئەو وشەیە لابدرێت، کە لا دەدرێت تەئسیری نامێنێتەوە، چونکە ئەو کەسەی کە ژن دێنێت، دەبێت لەدوای ژنی دووەمدا، ئینجا دەبێت بەتەعدود، تەعەدودەکە لەبەر چیە؟ لەبەر ئەو نەخوشیانەیە، تۆ یەکسەر بڵێ: (قیام عذر مشروع کالمرض)، ناکرێت ئەگەر وشەی تەعدد لابدرێت لەوێ، کەواتا مەفعولی ئیشەکەی جوملەکە نامێنێت لە ئەوەڵ هەتا ئاخیری، عیبارەتەکە سەرانسەر هەڵەوەشێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە وشەی تەعدد ئەگەر بمێنێت شتێکی چاکە، بەڵام ئەوەی کاك د.. فواد باسی کرد، کالمرض المزمن، ئەوە جێگای خۆیەتی ببێت، بەڵام تەعدد کە لاچوو جوملەکە زۆر ئەشێوێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لەپێشەوە، لەسەرەوە نوسراووە، (لايسمح بالزواج من اكثر من واحدة الا بإذن القاضي ويشترط لاعطاء الاذن)، يەعنی (اذن بالزوجة الثانية بالشروط التالية)، لەبەر ئەوە لەوێ نووسراوە، ئەگەر نەنووسرابایە جەنابت قسەکانت تەواو بوو، کاك غفور فەرمو.**

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پشتگیری پێشنیارەکەی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان دەکەم، بەقەناعەتی من ئەگەر ئەو تەقیدە بێمنێت، یەعنی تەعدودەکە هیچ مەعنایەکی نامێنێت، من پێچەوانەی رەئیەکەی جەنابی شێخ فتاحم کە دەڵێت ئەوە ئەگەر بمێنێت، تەعدود مەعنای نامێنێت، بەقەناعەتی من ئەگەر ئەوە ما، تەقید هیچ مەعنایەکی نامێنێت، لەبەر چ؟ لەبەر ئەوەی تۆ بواری دەدەی، لەهەر مەجالێکی ترا دەرگاکە کراوەیە، دەڵێت** کالمرض**، یەعنی ئەوە نموونەیەکت هێناوەتەوە، یەعنی نەخۆشی بێت کە توانای بەیەکەوە ژیانی زەوجی نەبێت، یاخود نەزوکی بێت، لیرەش ناعەدالەتییەك کراوە، باشە ئەگەر تاوانەکە لەپیاو بوو، نەزوکێکە لەپیاو بوو لەئافرەتەکە نەبوو، یەعنی لێرەدا مەسەلەی عەدالەتەکە بەڕاستی ئەبێت هاوشان بێت، راستە لەرووی شەرعیەوە عوزری هەیە، بۆی هەیە داوای تەڵاق بکات ئافرەتەکە، باشە لیرەدا لەکاتێك پیاوەکە دەمرێت، ئافرەتەکە دەمێنێتەوە، کەواتا عەدالەتەکە نەبوو ئەوە خاڵێك، دوویش: ئەگەر ماوە ئەوە ئەو کاتە ئەو کابرایە جگە لەوانە سەفەربکات و ماوەیە نەیەتەوە دیسان حەقی خۆیەتی کابرا ژنەکە لەگەڵی نەچێت، شتێکی نەبوو ژن بێنێت، یان ژنەکەی رۆیشت وبەجێی هێشت وماوەیەك نەگەڕایەوە ماڵ، یەعنی ئەوەیش بکرێت بە مەهانە بۆ ئەوەی جارێکی تر ژنێك نەهێنێت، کەواتە تۆ تەقەیدد نەکرد و بوارەکەت هێشتەوە،بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام ئەو پێشەکیە لابچێت و یەك سەر بڵێت:** تحقق الشروط التالية، المرض الثابت الى اخره، **بەوشێوەیە بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من دوو پێبینیم هەیە، تێبینی یەکەم: لیژنەی موشتەرەکی ئەوقاف و یاسایی پێشنیاریان کردووە کە لایجوز بگۆڕرێت بەلایسمح، بەبی ئەوەی شەرحەکەی بدەن بۆچی ئەو داوایانە کردووە، من لەگەڵ ئەوەم لایجوزەکە بمێنێت، خاڵی دووەم: لەگەڵ برادەران کۆکم کە ئەو** قيام عذر مشروع**، لابدرێت یاخود ئیقتیراح بکەین وبڵێین: (قيام العذر المشروع المتمثل بالمرض الثابت المانع)، لەبەر ئەوەی من ئەوەی تێدەگەم لەوپرۆژەیەی پاش ئەوەی کە پێشنیاری یەکەمان وەرگرت، (منع التعدد) وەرنەگیرا، هەدەف لەوەیە منع زەواج یاخود فرەژنی تەقیید بکرێت ئەگەر ئەو** عذر مشروعة**، بمێنێت بەراستی تەوەسع دەکات لەشەرحەکەی وبەشێوەیەکی عام دەبێت، لێرە دووشت هەیە یان تەوەسوعێکی عام هەیە یان العذر المشروع، یان کە میسالی دا بەدوو نەخۆشی، واتا عوزر مەشروعەکە تەنها بۆ ئەو دوو نەخۆشیە هاتوون،**

باشه لەدەرەوەی ئەو دوو نەخوشیە، من لەدکتۆرەکان دەپرسم چەند نەخۆشی هەیە؟ و لەو نەخۆشیانە چەندی ڕێگا دەدات کە فرە ژنی بکرێت؟ بۆیە من پێشنیاردەکەم ئەوە عوزر مەشروعە لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرمووو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان شێوەی قسەکانی کاك غەفورە بەڕاستی، لێرە وەکو دوو نموونە هاتوەتەوە، ئەو سەبەبانەی کە ڕێگا دەدات بەفرە ژنی وەکو نموونە هاتووەتەوە، حەسری نەکردوە، واتا ئەگەر وای بێڵینەوە وەکو ئەوەی لەپڕۆژەکەدا هاتووە تەقدیراتەکە بۆ قازی دەمێنێتەوە، یەعنی قازی ئەو کات تەقدیراتەکە لەدەستی خۆیەتی، خۆی بەمەزاجی خۆی دەتوانێت ئەو حاڵەتانە تەقدیر بکات و ڕێگای پێبدات، یان نا، لەبەر ئەوە پێویستە بەراستی لێرانە ئەو دوو حاڵەتە، ئەو دوو سەبەبە حەسر بکرێن،دیاری بکرێن، دیارە ئەوەیش بە لیژنەی تەندروستی دەرکرێت، بۆیە پشتگیری لەپێشنیارەکەی لیژنەی ژنان وئافرەتان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاریێز فەرمووو.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی هاتووە هەر وەکو قسەی برادەرانە، ئێمە دەمانەوێ سنووورداری کەین، مەرجی بۆ دابنەین، بەو شێوەیە هیچ مەرج نیە، کالمرض، کەواتا عوزری مەشروعی تر هەیە، نەخوشی تر هەیە ئەوە یەك، دوو: من پێم وایە ئەوەیش من هەر دەمەوێ درێژی بە قسەکانی کاك شێردڵ بدەم، هەر کەسێك بۆ پێنج دەقە بیربکاتەوە خۆی تووشی نەزۆکی دەبێت، یان خۆی تووشی نەخۆشی سەرەتان دەبێت، خۆی بەئارەزووی خۆی تووش نەکردووە، یەعنی غوبنێك بەرامبەری هەیە، یان نەحەقیەك بەرامبەری هەیە، یان خوا رەحمی پێ کردووە، بەهەر نەوعێك بێت ئایا چۆن دەبێت ئێمەیش لێرە بەقانون جارێکی تر غەدرێکی تری لێ بکەین، یەعنی نەزۆکی و تووشبوونی نەخۆشی درێژ خایەن کەس لەخۆیەوە تووشی نەهاتووە، هەتا ئێمە لێرە غەدری لێ بکەین، جارێك نەخۆشە وجارێك ئێمە بەعەزاب بیکوژین، لەبەر ئەوە من لەگەڵ نیم بەراستی و بەهیچ شێوەیەك، بەڵام مادام هەر سنووردار کردنە، چەندێ دەکرێت سنووورداری بکەین، بەو دەستەواژەی ئەلیف کەدەڵێت: (قیام عذر مشروع) بەو شێوەیە لابدرێت، وپشتیوانی لەلیژنەی ئافرەت و ژنان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرمووو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن پشـتگیری لەلیژنـەی مـافی ئافرەتـان دەکـەم کـە: (قیـام عـذر مشـروع)، لابـدرێت، چـونکە ئەمـە دەستەواژەیەکی مەتاتیە، رێگادەدات کە زۆر رێگای تریش بکرێتەوە، هەر وەها من پێم باشە بـەس (المـرض المزمن الثابت المانع للمعاشرة الزوجية) بمێنێتەوەو عوقی زەوجیە لابـدرێت، یـان بـە بڕگەیـەکی دیکـە جیـا ببێتەوە، دوای وەرگـرتنی رەزامەنـدی ژنەکـە، چونکە بەراسـتی عـوقم ئێسـتا زۆر زۆر، زۆر حاڵـەتی نـادری عوقم هەیە کە چارەسەری بۆ نادۆزرێتەوە، ئەگینا ئەوانەی دیکە، ئێمە کەواقیعی خۆشمان دەژین زۆر جـار دەبینین پیاو دەیکات بەحجەیە بەدەستیەوە وە ئەوەی کە دوای دووساڵ لەتێپـەڕ بـوونی زەواجەکـەی یـەك سەر دەڵێت بـە ژنەکـەی کـە تـۆ منـداڵت نابێـت تـەواو مـن نـاتوانم، یـان زۆر جـار هەیـە مەسـەلەن منـداڵی ئەنابیب هەیە شتی تر هەیە، زۆر جار ئەو موحاوەلاتانە هەمووی نابێت، من خۆم کەسێك دەناسـم بـەوەی کە دەڵێت لەجیاتی شەست وەرەقە، یـان حـەفتا وەرەقـە لـەوە سـەرف بکـەم کەبچـم منـداڵی ئـەنابێب بکـەم ومنداڵم هەبێت، خۆ دەچم ژنێکی دیکە دەهێنم باشترە، ئەو حەقیقەتە دەبێت لەپێش چاومان بێت، بۆیـە دەبێت رەزامەندی ژنی یەکەم لەسەر مەسەلەی عوقمەکە هەبێت، جگـە لـەوەیش زۆر حـالاتی عـوقم هەیـە دکتۆرەکان باشتر دەزانن کە لە پیاو و ژن لە هەردووکیانا هەیە، یەعنی لەبەر ئەوەی ئەو دوو کەسـە تـەواو نین و قسمەتیان پێکەوە بووە، عوقمەکـە دروسـت بـووە، ئەگـەر نـا هـەر یـەکێکیان بەتـەنها بوایـەن لەگـەڵ پیاوێکی دیکە یان لەگەڵ ژنێکی کە ئەو عوقمە وجودی نەدەبوو،لێرە ئێمە بێین ئەو غەدرە دیسان لەو ژنـە بکەینەوە و لەعورفی خۆشمان هیچ ژنێك ئەگەر پیاوەکەی نەزۆك بێت بەمێردەکەی نەیوتووە تـەلاقم بـدە، بۆ ئەوەی بچم شووبکەم و منداڵم هـەبێت، ئـەو شـتە وجـودی نیـە لـەعورفی ئێمـەدا، بۆیـە مـن داوا دەکـەم عوقم الزوجە بکرێتە فەقەرەیەکی دیکە یـان هـەر لابـدرێت، خـۆم لەگـەڵ ئەوەمـە لابـدرێت، چـونکە هـیچ کچێك، یان هیچ کوڕێك نازانێت منداڵی دەبێت یـان نـا، ئـیلا دوای ئـەوەی شـوو بکـات یـان ژن بێنێـت، ئـەو تەعریفـەیش کـە دامانـنـاوە نەسـلمان تیـدا نـەهێناوە بـەپێی تەعریفەکـەی خۆشمـان وتوومانـە ئوسـرەیە، ئوسرەیش ژن وپیاو پێکی دەهێنن، ئێمـە دوێـنی زۆربـەی بـرادەران باسـی بێـوەژن و قـەیرە کچیان دەکـرد، یەعنی تەقیید کردنی ژن دەبێت بۆ ئەوە بێت هەتا خەمی ئەوانیش بخۆن، ئەبێت خەمی ئەو منداڵانەیش بخۆن کە بێ دایك وباوکن، با مەسەلەی تەبەنی بێتە وجودی ئەوانەی کە عوقمیان هەیە با تەبـەنی بکـەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزەکەم ئیتیجاهی قسەکان وا نەڕوات کە دوێنێ بەجیاوازی چوار دەنگێکی کەم مەنعەکە دەنگی نەهێنا، مەعنای ئەوەیە کە تەواو فرەژنی موباحە، نەخێر هەتا تەنانەت لەدووهەمیشا تەقیید کە مەبەست تەقیید بوو کە واتا لایسمح نابێت، تۆ ئەتەوێت تەقیید بکەیت عنوانەکەت وا هێناوە: المقترح الاول، تقیید تعدد الزوجات، کەتۆ تەقییدی دەکەیت، لایجوز بەقەوەترە لە لایسمح، خاڵی دووەمان ئەوەیە، ئێمە لەسەرەوە تەعریفی زەواجمان گۆڕی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، حەزەکەم مەشغوڵ نەبێت و گوێم لێ بگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من موفاتەعەت دەکەم، جاری یەکەم تۆ ئەبێت ئیلتیزام بکەیت، هەمووجار کە قسەدەکرێت تۆ خۆت مەشغوڵ دەکەیت وگوێ ناگریت، من ئێستا قسەیەك بۆ تەئیید قسەکانی تۆم کردو مولاحەزەم لەسەردا، ئەو مولاحەزەیە لەسەر خۆت تەتبیق بکە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە قەبوڵمە، ئێمە لەتەعریفەکەدا کۆڕانکاریەکی زۆر گەورەمان کرد، تەعریفە کۆنەکە دەیوت: الزواج عقد بین رجل وامرأة تحل له شرعا غایته انشاء رابطة للحیاة المشترکة والنسل، نەسل شەرت بوو، ئێستا ئێمە لەم تەعریفە تازەدا نەسلمان لابردووە، کەواتا زەواجی عوقەما موشکیلە نیە، یەعنی دووان عەقیمن شووئەکەن بەیەك، چونکە غایەی زەواجەکە نەسل نیە، کەواتە ئێمە دەتوانین ئەصڵەن ئەم شەرتەیش هەر لابەین، ئێمە زۆر خۆمان واپیشان دەدەین رەحمی بخەنە ناو، مەوەدەی بخەنە ناو، ئیزافەی کەن لەبەینی دووانا، حەزەکەم جەنابت بەس پێم بڵێیت ئەوە چ رەحمێکە تۆ بەمنی ئەکەیت کاتێك کە من منداڵم نابێت جەنابت ئەتوانێت بچێت ژنێکی کە بێنێت پیاوی بەڕێز؟ ئەوە کەی رەحمە ئاخر، ئاخر ئەوە کەی رەحمە من بەدەستی خۆم نیە، بەدەستی خۆم نیە سەرەتانم گرتووە، نەخۆشی درێژخایەنم گرتووە، فەقەراتم گرتووە، ئاخر فەقەرات کەی نەخۆشی درێژخایەنە کە خەڵك بڵێت والله دەچم ژن دەهێنم، لەبەر ئەوەی ژنەکەم نەخۆشی درێژخایەنی هەیە، رجاتان لێ دەکەم توخوا با دووفاق نەبین لەگەڵ خۆمانا، توخوا بائێمە زۆر بەسەراحەتی باس دەکەین کە باسی رەحم و مەوەدە دەکەین، رەحم و مەوەدەکە خۆ ئەبێت رەنگ بداتەوە لەشەرتەکاندا نەخۆشی چیە؟ نەخۆشی خوا دەیدات بەسەر بەشەرا، کوڕی نابێت، کوڕی نابێت پیاو مەسئوولە لەجیناتی کوڕ و کچ، هەموو کەسێك و عیلمیش ئەزانێت، چەندین کەسمان هەیە بۆ ئەوە ژن دەهێنێت ئەڵێت لەبەر ئەوەی کوڕم نابێت، ئاخر بەڕێز کە ئەڵێن ئێمە ئەوەتا، ئەو مەقتەعە هەمووی لابەن یان بەشی یەکەمی لابەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جاری بادوو قسەیش بکەین لەبەرژەوەندی پیاو، جارێ زۆرینەی پیاو، 95٪ پیاو ئەو قانونە هەر شمولیان ناکات، چونکە لەخۆیانەوە وەفایان هەیە و بیریش ناکەنەوە ژن بێنن، دوێنی صبریە خان یان شمسە خان بوو ئامارێکی خوێندەوە لەچوار ساڵەدا ئەوانەی ژنی دووەمیان هێناوە ناگەنە 400 کەس، 352 کەسن، کەواتا ئێمە باسی چەند کەسێك دەکەین کە بابڵێین عادل نین، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە بیردەکەنەوە بەناعەدالەتی رەفتار بکەن لەگەڵ خێزانی یەکەمیان رێگا بۆ ئەوانیش بگرین، ئەما ئێوە باسدەکەن ودەڵێن پیاو وەها، پیاو لە 95٪ی پیاو هەر لەخۆیەوە بەبێ ئەوەی قانون هەبێت بیر لەوە ناکاتەوە ژنی دووەم بێنێت، بۆیە ئێمە حەسری ئەو حاڵەتە تایبەتیانە دەکەین کە زۆر نیە لەحەقیقەتدا، ئەو کەمە دەمانەوێ کەمتری بکەینەوە، تەقییدەکە بۆ ئەوەیە بۆ هەموو پیاو نیە خۆئەوە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوی دیفاعێك یەکەم لەژنی نەزۆك و لەژنی نەخۆش، پاش ئەوەی لیژنەی داکۆکی کردن وازی لەوانە هێناوە، کە دیفاعیان لێ ناکات، من پێم سەیرە، یەعنی لە موفتەرەحی خۆیان لیژنەی مافی ژنان رازی بووە کە ژنی نەزۆك بەعوزری شەرعی ژنی لەسەر بێت، یان ژنی نەخۆش رازی بێت بەعوزرێك قەبوڵ بکات، کە ژنی لەسەر بێت، ئەدی کام مەوەدەو رەحمە، ئەدی کام وەفا؟ چۆن دەبێت شتی وا، بەڕاستی ئەوە زۆر زۆر جێگای تەعەجوبەو انشاء الله روونی دەکەنەوە، پەخشان خان کە بەعوزرێکیان قەبوڵ کرد بێ کە ژنی بەسەر بێتن، بۆیە من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاك شێردڵم ئەصلەن ئەوە هەر لابدرێت لەپڕۆژەکەو لەیاساکە، چۆن دەبێت ژن بەسەر ژن بێت، لەبەر ئەوەی نەزۆکە، یاخود نەخۆشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەرووی یاساییەوە، پێم وایە پێشنیارەکەی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ژنان راستە کە دەبێت قیام عوزر مەشروع لا بدرێت، لەبەر ئەوەی مەرج نابێت موبهەم بێت ودیار نەبێت، ئەوەی مەرەز وعوقم ئەوە علا سەبیل المسال هاتووە، علا سەبیل الحصر ناهاتووە لەو فەقەرەیەدا بۆیە دەبێت حەصر بکرێت بەو شێوەیە، من پێم وایە عوقم هەر مەرەزە، بۆیە پێویست ناکات لێرە باس بکرێت، من بەو شێوەیەم دارشتووە: المرض المزمن الثابت او المانع من العاشرة الزوجية ولا يرجى منه الشفاء بتقرير من لجنة طبية مختصة، پێم وایە مەعنایەکە بە تەواوی دەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی كاك شێردڵ، لەگەڵ لابردنی ئەو فەقەرەیەم كە باس لە نەخۆشیە درێژخایەنەكان دەكات، چونكە بەڕاستی ئێمە لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەژین، نە تەقاریرە توبیەكان و نە شەهادەكانمان و نە بڕوانامەكانمان دەتوانرێت كە گومانی لەسەر هەبێت، بۆیە زۆر جار بە ڕاپۆرتی ساختە ئەو شتانە ئیسپات بووە لەسەر ژنان بەبێ ئەوەی ئەو نەخۆشیانەیان هەبێت، لەدواییدا ژن لەڕووی بایەلۆجیەوە، لە دوای 50 ساڵی تووشی چەند گۆڕانكاریەكی هۆرمۆنات دەبێت، ڕەنگی تووشی هەندێك ساردوسڕی لە عیلاقات و ئەو جۆرە شتانە ببێت لەگەڵ پیاوەكەی، هەر ئەوە لەوانەیە بكرێتە بیانووەك بۆ ئەوەی زۆربەی هەڵوەشاندنەوەی خێزانەكانیش لە دوای ئەوتەمەنە ڕوودەدەن، بۆیە من لەگەڵ تەئید كردنی قسەی جەنابتم كە زۆربەی پیاوەكان وەفادارن بەرامبەر بە ژنەكانیان، ئەمە زۆر زۆر ڕاستە زۆر نموونەشمان هەیە كە بە 15 ساڵ و 20 ساڵ دانیشتوون و ژنەكانی خۆیان بەخێو كردووە، بەلام ئەگەر ئێمە ئەوە دابنێین، ئەوەش ڕەنگە بە جۆرێك بەچاو دادانەوە بێت، كە دەڵێت لەگەڵ ئەوەی كە من حەقی ئەوەم هەبووە ژن بێنم بەسەرت، چونكە تۆ نەخۆشی، بەلام ئەوەم نەكردووە، ئینجا ئەوەش دەبێتە بەچاودادانەوەیەكی بەردەوام، ئەویش تووشی حاڵەتێكی نەفسی زۆر خراپ دەبێتەوە بە نەوعێكی تر، جا بۆیە بەڕای من ئەمە كەم كردنەوەی نرخی پیاوە، پیاو كە خێزان دروست دەكات دەبێت تەحەمولی ئەو شتانەش بكات و ئەوە لە كاتی خوێندنەوەی عەقدەكە دەبێت سوێند بخۆن كە پارێزگاری لە یەكتری بكەن تا دوا چركەی ژیانیان بە هەموو نەخۆشی و نەبوونیەكان ڕازی ببن، دوایی ئێمە لە مەنتیقەیەكی شەڕاوی ژیاوین، سی، چل ساڵە شەڕمان بەسەردا فەرز كراوە لایەزالیش لە عیراق شەڕ هەر هەیە، زۆربەی كاتەكان پیاو معوەق بووە لەشەڕ، پیاو بریندار بووە، ئینجا زۆر بە وەفاداریەوە دانیشتووە بەخێوی كردووە، باشە بۆ ئەو حاڵەتانەش حیساب نەكەین كە جاروبار نەخۆشی سەرەتانی مەمكە و سەرەتانی رەحمە و تەهدیدی ژن دەكات و نەخۆش دەكەوێت، لەو حاڵەتە ئیستیسنایە پیاو وەفادار نەبێت بەرامبەر بە ژن، بۆیە بەڕاستی من لەگەڵ لابردنی ئەو فەقەرەیەم بەگشتی و بە تایبەتی ئەوەی كە باس لە نەخۆشیە موزمینەكان دەكات، چونكە لە ناوچەیەك دەژین كە دەكرێت زۆر ئیستیفادە لەو فەقەرەیە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من دوو، سێ مولاحەزەم هەیە، مولاحەزەی یەکەم : هەندێك لە بەڕێزان لە ڕاپۆرتەکە بە نەوعێك رەئیان داوە و ئێستا کە دێنە ناو هۆڵی پەرلەمان رەئی خۆیان دەگۆڕن، لە کاتێك دا کە ئیمزایان لەگەڵ ئێمە کردووە، بەداخەوە حەق وایە ئینسان یەك رەئی هەبێت، لە ناو پەرلەمان بێت یان لەدەرەوەی پەرلەمانیش بێت، دووەم: مەسەلەی (یسمح) لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی لەگەڵ یەکێتی زانایانی هەر دوولا و لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی ئەو پرۆژەیان ئامادەکردووە، ئەو (یسمح) هەر هەموویان موافق بوون، گوتیان (لایجوز) کەلیمەیەکی پۆلیسیە، بۆ (لایسمح) ئیستعمال نەکەین کە کەلیمەیەکی مەرن و ڕێك وپێك ترە، ئێمەش حەقی قسەمان هەیە، بۆ قسەم پێ دەبڕی سۆزان خان؟ جەنابت قسەت کرد کەس ئیعتڕازی نەگرت، نا مەسەلەکە تەشەنوج نیە، بەهەرحاڵ، بەنیسبەت ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە، عوزرە مەشروعەکە مەبەستی ئەوەیە بەڕاستی کە هاتووە، لە قانونی پێشتر هاتووە کە جەنابت ئیشارەتت پێی دا بە مەسڵەحەتی مەشروع هاتووە، بەڵام لێرە بە عوزر هاتووە، عوزرەکە کە دەڵێت (کالمرض الثابت) یان کە دەڵێت (کالعقم) ئەوانەی بە نموونە هێناوە، ئەو عوزرانەی کە پێشتر هەیە، نابێت لە مستەوای ئەو عوزرانە کەم تر بن کە قازی بە کەیفی خۆی حوکم بداو بڵێ وەڵڵا فلان کەس عوزرە و ئەوە عوزر نیە، نەخێر دەبێت ئەو عوزرانەی کە هەیە لەو مستەوایە بێت، کەمتر نەبێت، ڕەنگە هەندێك حاڵەت هەیە، چ ئێستا ئێمە بە بیرمان بێت، چ لە ئاییندەش بە بیرمان بێتەوە، بەڵام بەبەر قەزا دەکەوێت، ئیمکان هەیە قازی نەتوانێت ئەسڵەن هیچ تەسەروفێك بکات، ئەو حاڵەتە حاڵەتێکی تازەیە، بۆیە دەبێت ئەو حاڵەتانە بە عوزری مەشروع ئیعتیبار بکرێت لە مستەوای ئەو حاڵەتانە بێت، من لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەمە و ئیمزاشم کردووە و بە سەراحەتیش قسەی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جاری پێشوو من قسەم کرد بە تەشەنوج وەریان گرت، هیوادارم ئەو جارەیان بە تەشەنوج وەری نەگرن، من لەبەرژەوەندی دایك و خوشك و خێزان و کچی خۆم دەمەوێت قسە بکەم، نەك بە پێچەوانەکەیەوە، ئەسڵەن من نە لەگەڵ پرۆژەکەی لیژنەی یاساییم نە لەگەڵ پرۆژەکەی لیژنەی داکۆکی کردنم لە مافی ئافرەتان یان ژنان، من پێم وایە ئەسڵەن ئەوانە هەمووی زیادن کە لێرە نووسراون، سێ خاڵ بەسە کە لێرە تەئکیدی لەسەر بکرێتەوە، یەکەمیان بەم شێوەیە بێت (لایجوز الزواج بأکثر من واحدة الا بموافقة الزوجة) ئەوە شەرتی یەکەم بێت ئینجا (باذن من القاضی)، دووەم: یان بە (کل من أجری عقدا بالزواج بأکثر من

واحدة خلافا لما ذكر بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد عن سنة وبغرامة لاتقل عن خمسة ملايين دينار ولا تزيد على عشرة ملايين دينار) وەكو خۆی بمێنێتەوە بەس ئەو فەقەراتەكانی لێ لاببردرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنها فەقەرەی یەكەمە د. ناصح ، فەرمووو كاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(لایجوز بالزواج باكثر من واحدة الا بموافقة الزوجة وبإذن من القاضی)، من پێم وایە ئەوە گەورەترین ڕێگریە بەرامبەر بە ئەوانەی كە دەیانەوێت دوو ژنی بهێنن یان بیكەن بە سێ و چوار، ئەگەر ڕەزامەندی خێزانی لەگەڵ نەبێت چۆن دەبێت تۆ ژنی تر بهێنی؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د.كمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵە زۆر زۆر گرنگە بەنیسبەت گشت ماددەكە، چونكە ئەساسی فرە ژنی دەبێت لەو فەقەرەیە بێت، ئەوانەی لە دواوە دێن هەمووی دەبێت پابەند بە ئەوە بن، بۆیە بە حەقیقەت وەك زۆر لە بەڕێزان ئیشارەتیان بەوە دا كە ئافرەتێك نەخۆش بكەوێت و تۆ كابووسێكی تر بەسەری دا بهێنی، ئەوە عەجەلە كردنە لە مردنی، ئەوە زۆر زۆر جەریمەیەكی گەورەیە، پێویستە ئەم خاڵە ئەو بەڕێزانەی ئەندامانی پەرلەمان باشتر و چەند نوقاتێكی زۆر زۆر موحوددە دیار بكرێت، چەندیش لەسەری بوەستین كەمە، چونكە ئەمە پێكەوە ژیانە، بناغەی ماڵ دادەنێی كە بەردەوام دەبێت لە تولی عومرت، جا ئەو ژیانە ژیانێكی سەعید دەبێت، یان ژیانێكی تەعیس دەبێت، یان یەكێك لەو دووانە ئەگەر غەڵەت نەكەین، بۆیە پێویستە ئەمە زۆر ورد تر بیری لێ بكەینەوە، لە هەموو حاڵەتێكیش چی دابندرێت پێویستە بوترێت بە موافەقەتی ژنەكەی، ئەگەر موافەقەتی نەبێت لەسەری و ڕەزای نەبێت لەسەری تەحریم بكرێت، ئەو بەڕێزانەی كە دەڵێن تەعەددودی زەوجات لە ئیسلام هەیە، ئایینی ئیسلامی پیرۆز زۆر بە جوانی حقوقی ئافرەتی لە قورئانی پیرۆز روون كردوەتەوە، ئەوانەی ئیجتهادیان تێی كردووە كە ئەوانەی لە ئافرەتێك زیاتر دەهێنن دەبێت عەدالەت رەچاو بكەن، عەدالەتیش لەهەموو ڕوویەكەوە، یەكێك لە ڕووەكانی بزەبت ئیشارەت بەمە دەكرێت كە عولەمای ئیسلام دەیلێن، ئینسانێك دوو منالی هەبێت، هەردووكیانی وەكو یەك خۆش دەوێت، لەو حاڵەتەش دەبێت بەو دەرجەیە بێت، ئەگەر بە غەیری ئەوە بێت حەرامە، یەعنی بەو دەرجەیە كە خۆشەویستی بەرامبەریان یەك نەبێت، ئەوەش لە شەرعی ئیسلامیش دەردەچێت، بۆیە لێرەش لازمە عەدالەت هەبێت، لازمە ژنی دووەم بە موافەقەتی ژنی یەكەم بێت، ئەگەرنا ئیشەكە بە خراپی دەڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە مەسەلەی هەمواركردنی ئەم یاسایە هی ئەمڕۆ و دوێنێ و هەفتەیەك نیە، چەندین ساڵە ڕێكخراوەكانی ژنان خەباتی بۆ دەكەن، ئێمە لەو ڕوانگەیەوە پرۆژەیەكمان ئامادە كرد، كە پرۆژەكەی ئێمە زۆربەی زۆری ئەندامانی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان لەگەڵ مەنع دابووین، مەنعمان كردووەو هیچ مەرجێكمان بۆی دانەناوە، ئەو پرۆژەیە كە دراوە بە سەرۆكایەتی نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەیەكی تری بۆ دروست كردووە، لیژنەكە پێك هاتووە لە كۆمەڵێك فوقەها لەگەڵ ڕێكخراوەكانی ژنان و نوێنەری داكۆكی كردن لە مافەكانی ژنان، لەوێ دوو ڕەئی هەبووە، بۆیە دوو ڕەئی هاتووەتەوە بۆ ئێرە، لەبەرئەوەی لە ناو ئەو لیژنەیەدا دوو ڕەئی هەبووە، ڕەئی ڕێكخراوەكانی ژنان و نوێنەری لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ژنانیش لەگەڵ مەنع بوونە، دواتریش لە ئەنجومەنی وەزیران دیارە كە ساغ نەبووەتەوە، هەندێك لەگەڵ مەنع بوون، هەندێكی لەگەڵ تەقیید بوون، دیارە كە دوێنێش ڕەئیەكانمان دیار بوو، دەنگەكانمان دیار بوو، كە لیژنەی ژنان لەگەڵ چی دابووین، ئاشكرایە كە لەگەڵ مەنع دابووین، بەڵام كە بە چوار دەنگ نەمانتوانی سەركەوتن بە دەست بهێنین و مەنعەكە جێ بەجێ بكەین و هاتینەوە سەر تەقیید بۆ ئەوەی فرە ژنی بە ڕەهایی نەمێنێتەوە ئەزعەف و ئیمان چی دەكەین؟ كۆمەڵێك مەرجی بۆ دادەنێین، ئێمە وەك زۆربەی ئەندامانی لیژنەی ژنان ئاوا سەیری عیلاقەی ژن و مێردایەتی دەكەین و زۆر بە گەورەو پیرۆزی دەزانین، ئێمە لەو ڕوانگەیەوە كە ئەو عیلاقەیە بەڕاستی عیلاقەیەكی پیرۆزە و عیلاقەیەكە كە ناكرێت بە شتێك ئیستغنای لێ بكرێت، بە تەنها حەسرمان نەكردووە لەسەر چێژ و منداڵ بوون، لەو ڕوانگەیەوە دەمانویست مەنع بكرێ و مەسەلەی هەندێك غەریزەو مەسەلەی منداڵ نەكرێتە تەبریر بۆ ئەوەی فرەژنی بمێنێتەوە، ئەمە مەسەلەیەكە سوورین لەسەر ئەوەی كە لە بڕگەی یەكەم دا ئەوەی كە گوتمان لابردرێت با لابردرێت،چونكە ئەگەر لانەبردرێت فرە ژنی بە ڕەهایی دەمێنێتەوە، مانای تەقیید لێرە نامێنێت، ئیتر بە ڕەهایی فرەژنی دەكرێت، بۆیە تەئكید دەكەینەوە كە ئەو پێشەكیەی لێرە هەیە لابردرێت، ئەگەر بكرێت ئەوەی د. فؤاد سیاغەی كرد، سیاغەیەكی تری بۆ بكرێتەوە، مەسەلەی ئەوەی كە نەخۆشی هەبێت، ئەو مەسەلەیە مەسەلەی نەخۆشی درێژخایەن نیە، مەسەلەكە زۆر كەس بە سەرەتان و بە سیل و ئەوانەوە هێناوە كە وازحە لە مەرجەكە، نەخۆشیەك كە ببێتە هۆی ئەوەی كە ژن نەتوانێت مەعاشەرەی زەوجی بكات، دیارە مەعاشەرەی زەوجی چیە، یەعنی پێویست بەشەرح كردن ناكات، دیارەو روونە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بمێنێت دەزانن بۆچیە، لەبەر ئەوە ئێمە دەمانەوێت نەخۆشیەكی درێژخایەن كە چارەسەر نەكرێت كە ببێتە هۆی ئەوەی كە ژن نەتوانێت مەعاشەرەی زەوجی بكات، ئێمە لەگەڵ ئەوەین مەسەلەی ڕەزامەندی ژن ئیزافە بكرێت، چونكە

ئەمەش بەڕاستی مەرجێکی باشە هەرچەندە دڵنیاشین لەوەی کە پیاوێك بیەوێت ژنی دووەم بێنێت، ئەگەر پێویستی بەڕەزامەندی ژنی یەکەم بێت، زۆر ئاسانەو دەشزانین چۆنی دەبا بۆ مەحکەمەو ڕەزامەندیشی پێ وەردەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان ئیزافەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کوێستان خان گوتی تەعبیر لە رەئی لیژنەکە دەکات، بەڵام من حەزدەکەم شتێك بە بیری ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بهێنمەوە، دوێنێ زۆرینەی ئەوانەی کە قسەیان کرد، ئەگەر نەڵێم هەموویان لەگەڵ ئەوەی کە ڕێگە بە تەعەددود دەدەن، سەبەبی ئەساسی منداڵ بوون و ئەگەر ژنەکە نەخۆش بوو و نەیتوانی حەیاتێکی زەوجی تەبیعی بکات، باشە ئەی فرەژنی بۆچی بکرێت؟ ئەی ئەگەر وابێت بۆچی ئەوە بکرێت؟ ئەگەر منداڵ سەبەبی رەئیسی بێت، کە دوێنێ پێیان وابوو سەبەبی رەئیسی بوو کە باس کرا، خاڵێکی تر ئەی ئەگەر ژنەکەی نەخۆش بوو نەیتوانی موعاشەرەی بکات، ئەی باشە ئێستا من تێ ناگەم ئەی فرە ژنی لە چ حاڵەتێك دا بکرێت؟ ئەوە پرسیارێکە بۆهەمووان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو فەقەرەیە وازحە و زۆر قسەی لەسەر کرا، ئەو وشەیەی کە لابېردرێت (لایسمح) و (لا یجوز) فەرقی نیە بە حەقیقەت، (لایجوز) نەفسیەن بە قوەت ترە، ئەگەرمانعتان نیە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف، (لایجوز) بمێنێت وەك ئەوەی لە ئەسڵی مەشروعەکە وا هاتووە، ئەوە بووە (لایجوز) موشکیلەمان لەوە نەما، لەسەر ئەساسی پێشنیاری ئەوانەی کە هینیان کردووە، ئیجازەم بدەن، هەمووتان قسەتان کرد لە حەقیقەت دا، ئەگەر وا بێت بە مانگێکیش تەواو نابین لەو قانونە، تکا دەکەم قسە مەکەن، تەعلیقیش نەدرێت لە کاتی قسە کردنی ئەندامێکی پەرلەمان، سۆزان خانم بۆیە هێنایە پێشەوە بۆ ئەوەی دوور بێت لەوانەی دەوروبەری و قسە نەکات، تەنها بە داواکردنی ئیزن ئەوجا قسە بکەن، ئەو جوملەیەی کە داوا کراوە لابېردرێت لەلایەن لیژنەی داکۆکی کردنی مافی ئافرەتان و ژنان (لایسمح بزواج أكثر من واحدة الا باذن القاضی ویشترط ...قیام عذر مشروع بالتعدد ..) ئەوانە شەتب بکرێت (المرض الثابت من المعاشرة الزوجیة أو عقم الزوجة الثابت بتقریر من لجنة طبیة مختصة)، ڕەنگە ئەگەر ئەوەی لاببەین، سیاغەکە پێویست بکات تۆزێك گۆڕانکاری بەسەر دابێت، ئەگەر ئەو (قیام عذر مشروع)ەکە لاببەین، ئەو هینەی کاك عونی نووسیویەتی، ئەگەر پێتان هین بێت لە جیاتی ئەوە بنووسێت (مرض الزوجة) (لمرض لایرجی شفاءه أو كونها عقیم لاتنجب وذلك بتقدیم تقریر لجنة طبیة رسمیة مختصة تؤید ذلك) ئەوە سیغەیەکە لە مەقالەکەی کاك عونی نووسراوەو بڵاوبووەتەوە لە جەریدەیەکدا ، عەینی قسەکەی کاك کریم دەگرێتەوە، ئەوەی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان دەڵێن ئەو جوملەیە شەتب بکرێت، زۆر

قسەی لەسەر کرا ئەوەی بەینی موئەید و بەینی هین و ئەوانـە، ئـەوە هەنـدێك تەئیـدی ئـەوەیان کـرد کـە لاببردرێـت، هەنـدێك پێیـان وایـە زەروریـە کـە بمێنێـت، ئـەو موقتەرەحـەی لیژنـەی داکـۆکی کردنـە، زۆر موناقەشەی لەسەر کرا، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنیٚ تەسویتمان لەسەر ئەو مەبدەئە کردووە، ئێستا چۆن دەتوانن ئیلغای بکەین؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ من نەم گووتوە ئیلغا بکرێت، رەئیەکە گوتراوە کە ئیلغا بکرێت، وەکو کاك شـێروان گـوتی وا نـەهاتووە، چونکە ئێمە دوێنیٚ ئەوەمان قبولٚ کرد بەو شروتانەی هەبوو، چۆن دەکرێت ئـەو شـروتانە ئیلغـا بکرێـت، ئێمـە ئـەو موقتەرەحـەمان قبـولٚ کـرد کـە بـەو شـروتانەی کـە هـاتووە، ئێسـتا موناقەشـە زۆر کـرا، تـەنها ئەوەندەیە کە ئەوە بخەمە دەنگدانەوە، پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە تەبعەن لیژنەی داکۆکی کـردن لـە مافی ئافرەتان و ژنان داوایان کردووە ئـەو جوملەیـە شـەتب بکرێـت، هەنـدێك لـە ئەنـدامانی پەرلـەمانیش تەئیدی ئەوەیان کرد، خۆشیان قسەیان کردو جارێکی تـر دووپاتیـان کـردەوەو شـەرحیان کـرد، ئێسـتا قسـە دەدەمە کاك خلیل بۆ دواجار تەرحی وجهە نەزەری خۆی بکات، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەشروعی حکومەت وا هاتووە (قیام عذر مشروع) ئێمە لە ڕاپۆرتی موشتەرەك تەئییدی ئـەوەمان کـردووە کە وەکو خۆی بمێنێت، زەواج حقوق و ئیلتیزاماتە لە نێوان هەر دوو تەرەف، لێرە وەکو ئـەو کەلیمـەی کـە هاتووە (قیام عـذر مشـروع )، ئـەو دوو شـتە بـۆ میسـالن نـەك بـۆ حەسـر، حـالاٚتی زۆر تـر هەیـە، حـاکم و مەحاکم دەزانێت تەقیدیرەکە بۆ ئەوە، یـەعنی ئـەو تەقـدیری دەکـات، تەعـەدود لـەوە زیـاترە، بـۆ نموونـە ژنێك ناشیزەیەو ناگەڕێتەوە و حەزیش ناکات تەفریق ببێت، هەردووکیان لەگەلٚ ئەوە نینـە، ئـەو لـە مـالیٚ خـۆی و ئـەو لـە مـالیٚ خـۆی و نـە موعاشـەرە دەکـات و نـە هـیچ موشـکیلەیەکیش نیـە، ئەمـە حالەتێکـە، حالەتێکی تریش هەیە، ژنێك لە دەرەوەیـە و مێـردی لێرەیـە، مێردەکـەی پێـی دەلێـت وەرە ئێـرەو منـالٚ و خانوومان و حقوقی من وایە، نایەت بۆ ئەویٚ، حەز ناکات لە تەلاٚق، هەردوو تـەرەف حەزناکـەن لـە تـەلاٚق، ئایا مەجبوری بکەین کە تەلاٚقی بـدات لـەو حالەتـە، هەنـدێك ژنـی تـر هـەن هـەر نـاتوانن (قیـام بواجبـات الزوجیة) حقوقی ئەو مێردە نادات، حەزیش ناکات، هەردوو تـەرەف حـەزیش ناکـەن لـە تـەلاٚق، چـی لـەوە بکەین؟ دەیان حالاٚت هەیە غەیری ئەوە، بـا بـۆ برایـان و خوشـکان بخوێنمـەوە و بـا ئێمـە مونسـف بـین لـە ماددەی 43 باسی تەفریق لەچەند حالاٚت داندراوە، بۆ ژن حەقی تەفریق هەیە، 9 حالەتی هەیە بۆ حەقی تەفریق، هەمووش میسالیان بۆ هێناوە و گوتی (أو مما یماثلها) لێرە لە برگەی 2 لە ماددەی 43 کـە دەلێـت (للزوجة طلب التفریق ، 1 ـ اذا هجر الزوج زوجته مدة سنتین فـأکثر بـلا عـذر مشـروع) لێـرە (اذا هجـرت

الزوجة زوجها مدة سنتين بلا عذر مشروع....) بۆی هەیە بێنێت یان نا؟ لێرە گوتوویەتی بۆ ئافرەت هەیە کە داوای تەفریق بکات، (4 ـ اذا وجدت زوجها عليلاً أو مبتلى بما لايستطيع معه القيام بواجبات الزوجية سوى أكان ذالك لاسباب عضوية أو نفسية، أو اذا اصيب بذلك بعد الدخول بها وثبت عدم امكان شفاءه منها) هەروەها لە خاڵی ( 5 ـ اذا كان الزوج عقيما أو ابتلي بعقم بعد الزواج ولم يكن لها ولد على قيد الحياة) ئەوەش هەر حەقی تەفریقەیە، وەرە بۆ خاڵی (6 ـ اذا وجدت بعد العقد ان زوجها مبتلى بعلة لايمكن معها معاشرته بلا ضرر، بالعلة كالجذام أو البرص او السل أو الزهرى أو الجنون، وانه قد اصيب بعد ذلك بعلة من هذه العلل أو ما يماثلها) دەستی قازی نەبەستنەوە لێرە، حاڵاتی زۆر هەیە، ئینجا دەگەڕێمەوە ئەگەر ئێمە وا بکەین حاڵاتی تەڵاق زۆر دەبێت و مەشاکلی تریش زۆر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێردڵ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە گوتم نەخۆشی، گوتم ئەوە زوڵمە بیکەینە قانون، تۆ ڕێگات داوە ئەگەر ئەوەشی تێدا نەبێت هیچ لە وەزعەکە ناگۆڕێت، بەڵام زوڵمێك لەو پەرلەمانە لە قانون، چەند کەسێکیش تەئییدی کردن، تۆ بیدە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەوە بڕگەی سێیەم با هەموو کەس تەئییدی دەکردن، بەڵام بڕگەی یەکەم ئەوەت هێناوە تۆ دەچی شعوری یەکێك بریندار دەکەی و خەڵك دەبەیە ناو دڵە ڕاوکێ و تووشی نەخۆشی نەفسیان دەکەی، لە کاتێکدا ئێمە لە دوای حەرب دەژین، ئەنواع نەخۆشی پەیدا بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قەیدی نیە، بەڵام هەموو قانونەکە دەگۆڕێت، ئێمە دوێنێ دەنگمان داوە بە هێن، هەموو وەزعەکان دەگۆڕێن، فەرموو کاک شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆ فەقەراتی ترت داوە، هیچ ڕێی نەگرتووە، ئەوە شەرتێکی بریندارکەرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ڕاستی دا ئەو قسەیەی کاك شێروان کردی زۆر ڕاستە، یەعنی لە لیژنە دانیشتوون و ماوەیەکی دوورو درێژە بە حەقیقەت، ڕاپۆرتتان تەقدیم کردووە و لێرە هەریەکە ڕەئی تازەتر تەرح دەکرێت، یەعنی ئەوە هەتا لە سیاغەش دا تا ئێستا ئەندامانی جیاجیا شەش تا حەوت نەوعە سیاغەیان ناردووە، باشە ئەی ئێوە کۆبوونەوەتان بۆ کردووە؟ ئەگەر تەحەفوزیشتان نووسی بێت، با ئەوە بڵێ تەحەفوزم نووسیوە، هەتا لیژنەکە لێرە لە بەینی خۆیان دا ئیختلافیان هەیە، کاك عونی لە تەنیشتمەوەیە و موقتەرەحی تازەی تەقدیم کردووە، ئەویش لە لیژنەی قانونیە، کاك کریم لەوێوە هەرواو ، لە ڕاستی دا ئەوە بەو شکلە نابێت،

ئەگەر تەحەفوزیشتان هەبێت، ئەوە دەنووسرێ کە تەحەفوزیان هەیە، هەر ئەو کەسە نیـە کـە تەحـەفوزی هەیە، هەتا ئەوەی کە تەقریرەکەی نووسیوە، ئەویش مەقتەرەحاتی تازە دەهێنێت، لە ڕاستی دا ئێستا مـن هەشت موقتەرەحم لە پێشە، کاك شێردڵیش لەوێوە ئیقتراحێکی تر دەهێنێت کـە هـەمووی نەسف دەکات، جارێ ئەوانەی قانونین ئەو موقتەرەحەی کاك شێردڵ، ئەگەر تەرح بکرێت، وەزعی قانونەکە دەگۆڕێت یان نا؟ دەمەوێت ئەوانەی شارەزای قانونن، قسە بکەن، کاك زاناو کاك کریم و کاك د.نوری، ئەو سێ یـە قسـەی بکەن، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمـە بۆیـە داوای ئیلغـای ئـەو شـەرتە دەکـەین، چـونکە بـە ئیهانـەی دەزانـین بـۆ ژنـی نـەزۆرك و نـەخۆش سووکایەتیەکە بۆی، پاشـان کۆمـەڵێك مـەرجی تـر هەیـە، ڕەزامەنـدی ژن و ئـەو خاڵانـەی تـر کەنووسـراوە، یەعنی بابەتەکە هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵام ئەو مەرجەمان پێ ناخۆشە و بریندار کردنی شعوری ژنی نەزۆك و نەخۆشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنـێ کـە موافـق بـوون لەسـەر مەسـەلەی تەعـەدود بـە تەقیـد لەسـەر ئـەوە بـوو کـە مەسـەلەی عقـم و مەسەلەی نەخۆشی و منداڵ نەبوون بـوون، بەڕاسـتی ئەگـەر ئـەوە لاببـەین، ئـەوە تـەناقوز دروسـت دەکـات لەسەر مەسەلەی تەقیید، بۆیە ناکرێت لەڕووی یاساییەوە ئەوە لاببردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.نوری  فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن لەگـەڵ ئـەوەدم کـەوا شـەرتی یەکـەم ئـەوە بێـت، کـەوا ڕەزامەنـدی ژنـی یەکـەم وەربگیردرێـت، ئـەوە مەرجێکی زۆر زۆر گرنگە لە هەمان کاتیشدا ڕێگا بە پیاوەکەی نـەدرێت لەسـەر ئـەوەی کـەوا مـافی ئـەوەی هەبێت ژنەکەی تەڵاق بدات، مەرجی دووەم ئەوە بێت کەوا پێویستە......، نازانم مـافی قسـەکردنمان هەیـە یـان نـا؟ مـەرجی دووەم ئەوەیـە کـەوا پێویسـتە دادوەر ئاگاداری ژنەکـە بکاتـەوە کـەوا مـافی ئـەوەی هەیـە، مـەرجی ئـەوە لەسـەر پیاوەکـە دابنێـت کـە ناتوانێـت ژنـی بەسـەر بهێنێـت، مـەرجی سـێیەم سـەبارەت بـە مەسـەلەی نـەزۆکی ئـەوەی کـەوا نـەتوانێت موعاشـەرەی زەوجـی لەگـەڵ دا بکـات، مـن ئاگـاداری زۆر شـتم، بەهۆی ئەوەی کەوا خێزانەکەم پسپۆڕی ژنانە، بەشێکی زۆری لـەو ژنانـەی کـە دێـن بـۆلای هـەموویان بـاس

ئەوە دەکەن کەوا پیاوەکانیان دەیانەوێت ژنی بەسەر بهێنن، لەبەرئەوەی کەوا منالّی نابێت، ئەو مەرجە دەبێت بمێنێت بەو شەرتەی ، بەلاّم بەو سیغەیەی کەوا لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان پێشنیازی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە کاك زانا دەیلێت بەڕاستی من لەگەڵی نیمە لەڕووی قانونیەوە، ئەوەی کە کاك کریم دەیلێت من تەئیدی ئەو دەکەم، ئیلغاکردنی ئەو فەقەرەیە تەعاروز لەگەڵ تەسویتی دوێنێ دەکات و قانونەکە سەقەت دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، قانونیەکان ئەوەیان حەسم کرد، ئێمە ناتوانین ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە، چونکە دوێنێ دەنگمان بۆ شتێك داوەو تەعاروز دەبێت لەگەڵ ئەو، داوای لێ بوردن لە کاك شێردڵ دەکەم، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە کە ئەو جوملەیە ئیلغا بکرێت لە جیاتی ئەوەی (قیام عذر مشروع ... کالمرض الثابت) ئەوە رەئی مەشروعەکەیە و لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ئەوقاف تەئیدی ئەسڵی نەسەکە دەکەن، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ژنان دەڵێن ئەو سێ کەلیمەیەی پێشوو لابربدرێت و یەکسەر بنووسرێت ، (لایسمح أو لایجوز بزواج بأکثر من واحدة الابأذن القاضی ویشترط ... التالیة) موقتەرەحی تازە کە لیژنەی داکۆکی کردنی مافی ژنان دەڵێن یەکسەر بنووسرێت (المرض الثابت المانع من المعاشرة الزوجیة أو عقم الزوجة الثابت بتقریر من اللجنة الطبیة المختصة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر نەنووسرێت (لایرجی منه شفاء) لەوانەیە ئەو عوقمە و ئەو نەخۆشیە چاك ببێتەوە، بۆیە لە ئەو زۆر زۆر موهیمە بگوترێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەو موقتەرەحەی لابردنی ئەو دوو جوملەیەی پێشتر، دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دوو، سێ کەلیمەیە لابربدرێت؟ ئەسڵی مەشروعەکەم خوێندەوە، کە لەلایەن هەر سێ لیژنەکە پشتگیری کرا، لیژنەی داکۆکی کردنی مافی ئافرەتان و ژنان، دەڵێن پێویست ناکات بنووسرێت (قیام عذر مشروع ) واتە ئەوەیان پێ زیادەیە، هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان پشتگیریان لەو داوایە کردووە، ئەوە

موقتەرحێکی تازەیە کە لابردرێت، دەیخەمە دەنگدانـەوە، دواتـر دێینـەوە سـەر تەفسیلاتەکان، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحە تازەیەی ژنانە دەستی بڵند بکات تکایـە؟ 39 دەنـگ لەگەڵ دایـە، کێ لەگەڵ دانیـە؟ 27 کەس لەگەڵ دانیە، کەواتە ئەو فەقەرەیە لابردرا، ئەوجا دێینـە سـەر ئـەوەی سیاغەی فەقەرەکە پێویست دەکات دەوڵەمەند بکرێت، (المرض المزمن الثابت) ئەوەی کە کاك کریم گوتی (أو المانع من المعاشرة الزوجية ولايرجى منه الشفاء بتقرير من اللجنة المختصة) کە ئەوەی ئیزافە بکرێت (لايرجى منـه الشفاء) ئەوەیـە موقتەرەحەکـە کـە کـاك کـەریم کردوویـەتی یـەك، دوو بـڕادەریش پشـتگیری کـردووە، دکتـۆرە هالـە بەئیعتیباری ئەوەی دکتۆرەیە لەڕووی توبیەوە، ئەگەر ڕەئیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. هاله سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم نە موزمین و نە سابت، ئەو نەخۆشیەی ئەمڕۆ سابتە لەوانەیە چەند ساڵێکی تر سـابت نـەبێت، وشـەی مـوزمینیش زۆر مەتاتیـە، بـۆ نموونـە نەخۆشـی زەخـت موزمینـە، نەخۆشـیەکی خـەفیفی شەکرە موزمینە، یەعنی ئەوانە دەرگای ترمان بۆ دەکەنەوە، ئەو دوو وشـەیە لابرێـت، بـەس ببێتـە المـرض المانع من المعاشرة الزوجية، ئەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ ئەوە ناکرێت هەر موناقەشەی بکەین، کاك دکتۆر فوئاد فەرمووو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە کردم (المرض المزمن الثابت المـانع مـن المعاشـرة الزوجيـة، والـتي لايرجـى منـه الشـفاء، او عقم الزوجة المزمن الثابت)، عەفو ببووره عـوقم نەخۆشـی نییـە، لەڕاسـتیدا نیشـانەی چـەندین دیاردەیـە، لەبەر ئەوە ناکرێت بڵێین (مرض العقم)، نەخۆشی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئـەو صـیاغە تازەیـە بـەوەرگرتنی وجهـە نـەزەری دکتـۆر فوئـاد، (المـرض المـزمن الثابـت المـانع مـن المعاشـرة الزوجية، والتي لايرجى منه الشفاء، او العقم الزوجة الثابت بتقرير من لجنـة طبيـة مختصـة)، ئـەوە باشـە، فەرموو خەمان خان.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەزانین تەڵاق دەسەڵاتێکی حەسریە بەدەست پیاوەوە هەیە، ئـەزانین کـەوا تـازە عـوقم ونەخۆشـیمان کرد بەتاوانێك لەدەست ژنی یەکەم، من ئیزافەی شتێك ئەکەم، لەو حاڵەتەی ئەگەر ژنێك نەخۆش بوو یان عەقیم بوو، کە ڕێگا ئەدرێت پیاو ژنی دووەم بهێنێتەوە، مانای وایە بە موافەقەی ژنی یەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو ئەوە لە جێگایەکی ترە، موافەقەتی ژن چەند ئەندامێکی پەرلەمان و دکتۆر کەمالیش باسیان کرد، ئەوە دوایی باسی ئەکەین، لێرە جێگای نیە، ئێستا ئەیخوێنمەوەو ئەیخەمە دەنگەوە، (المرض المزمن الثابت المانع من المعاشرة الزوجية، والتي لايرجى منه الشفاء، او عقم الزوجة الثابت بتقرير من لجنة طبية مختصة)، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئینجا دەچینە سەر فەقەرەی دووەم، ئێستا ئەم فەقەرەیە چوار، پێنج ئەندامی پەرلەمان و کاک دکتۆر کەمالیش وتیان ئەبێت ئەوە ئیزافە بکەین کە خێزانی یەکەمی موافق بێت، بۆ هێنانی ژنی دووەم، ئێستا ئەو فەقەرەیە تازەیە کەهاتووە، ئەگەر ئیقرار کرا ئەبێتە فەقەرەی یەکەم، موافقة الزوجة الاولى على زواج زوجها امام المحكمة. ئەوە کێی لەگەڵدا نیەو ئەیەوێت قسە بکات ناوتان دەنووسم، کاک محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا ئەم خاڵەی ئێستا کە ئیقرارمان کرد حەسرتان کردووە، ئەو خاڵەی ئێستا کە ئیقرارمان کرد حەسرت کردووە، لە دوو عوزردا من پێم وایە ئەو عوزرەی کە جەنابتان و دکتۆر کەمال ئیزافەی کردووە، ئەوە شتێکی زیادەیە تۆ ئێستا شتەکەت بە بەربڵاوی وەکو جاران نەهێشتەوە، تاکو ئێستا ئەو عوزرەی کە ئێستا هەیە یان ئەو شەرتە ڕەزامەندی ژنی یەکەمە کە ئێستا لە مەحاکمی کوردستان ئیشی پێ ئەکرێت، یەعنی ئەوە هەیەو ئیشی پێکراوە، یەعنی ڕەزامەندی ژنی یەکەمی ئەوێت، ئێستا تۆ هیچ عوزرێکت نەهێشتەوە بۆ قازی کە موبەڕیر تر بیخوات، دوو موبەڕیرت دۆزیوەتەوە و ئاشکرایە، ئەمەکەی تر من ئێستا خۆم وەکو کاک شێردڵ زۆری هێنایەوە خزم و ناسراو نموونەی زۆر بوون، نموونەیەکم لایە ژنەکە منداڵی نابێت، پیاوەکە بردوویەتی بۆ ئوردن، بۆ تاران و دکتۆرەکانی ئێرەش هەمووی، ئەیەوێت ژن بهێنێت ژنەکەی ڕازی نیە، بەپێی ئەمەی کە ڕەزامەندی ژن ئەزاندرێت، ئەبێ ژنەکەی تری تەڵاق بدات، ئەم قانونەش تەشجیعی تەڵاق ئەکات، تەشجیعی تەفریق ئەکات، ئەوە حەقیقەت و واقیعێکە، یەعنی ئەم ژنە ڕازی بێت پیاوەکەی ژنێکی تر بهێنێت کە حەزی لە منداڵە یان ژنەکەی یەکەمی تەڵاق بدات، بۆلای خوای گەورە بۆلای کۆمەڵگا کامیان باشترە، شیرازەی خێزانێك تێك بدەیت و ئەو حەدیسەی پێغەمبەرمان پێشێل بکەیت کە ( ابغض الحلال عند الله الطلاق) یان ئەو مەرجە لاببەیت، بۆیە ئەو مەرج دانانە وەلەو واتان لێکرد کە مەنعەکە چاکتر بوو، پێم وایە دوێنێ مەنعەکە تەسبیت ببوایە، چونکە ئەمە زۆر نزیکە لە مەنعەوە کە ئێوە بەو دوو عوزرە ڕێگاتان پێداوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەس یەك مولاحەزە کاك محمد حکیم ئەوە مانای وانیە تەڵاق بدرێت، ئەگەر پیاوەکە بیەوێت تەڵاقی بدات، ئەوە ڕێگای لێ ناگیرێت، ئەوەی جەنابیشت وتت ئەوە عورفە قانون نیە، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەگەر هەندێ شروتی با بڵێین غەیر صەحیح زیاد بکرێت، ئەو کاتە ئەبێتە شەرتی تەعجیزی، ئەوکاتە بەڕاستی موبەڕیڕی تر دروست ئەکات بۆ تەڵاق، بۆ فێڵ کردن لە قانون لە یاسا، هەندێ ئاماژەش هەیە ئەڵێت ئەوەندە شەرت زیاد بکەین وەکو مەنعی لێ بکەین، ئەوکاتە یاساکە تەعنی قانونی وەردەگرێت، ئێمە داوا لە بەڕێزتان دەکەین کەوا زیاتر تەرکیز بکەنە سەر خەڵکە قانونیەکان تا نەصەکان تێك نەدەن، ئەگەر وا بڕوات بەو وەردەکارییەوە نەصەکان تێك ئەچن، دەبێتە شەرح و تەفاصیل ئەوکاتە یاساکە جێگای خۆی ناگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بەپێچەوانەی ڕەئی ئەو دوو برادەرەم لە ڕووی قانونیەوە، من پێم وایە ئیزافەکردنی ئەو شەرتە، تەواوکەری شەرتەکانی ترە، بۆ ئەوەی وەحدەی خێزانی بپارێزین ئەمە یەك، دوو: زۆر لە بەڕێزان لێرە ئیشارەتیان پێدا بەعزە نەصێك دابنێین قازی ئیلزام بکەین، ئێستا لە قانونی پێشتر هیچ نەصێك نیە قازی ئیلزام بکات کە موافەقەتی ژنەکە وەربگیرێت، ئێستا حاڵی حازر موافەقەتی ژن وەردەگیرێت، بۆیە بوونی ئەو نەصە لەناو ئەو ماددەیە، هیچ لە قانونەکە ناگۆڕێت و هیچ تەئسیرێکیش ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی کاك محمد حکیم و برادەران ئەکەم، من تەئیدی کاك محمد حکیم و برادەران ئەکەم، بە عەکسی کاك شێروانەوە، چونکە ئێستا هەیە، ئەمە یەك، دوو: ئەگەر ئەوەش نەکات ئەو ئافرەتە کە منداڵی نەبێ، داوای شوێنی جیاو خانووی جیاو ژیانی جیا لە پیاوەکە بکات، سێیەم: موشکیلەیەکی گەورە لە نێوان دوو بنەماڵەدا دروست ئەکات، ئەگەر ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت ئەبێ ئافرەتەکە ڕازی ببێت، ئینجا ئەو ژنی دووەم بهێنێتەوە ئەوە سێ، چوار مەشاکیل دروست ئەکات، تەڵاق زیاد دەکات، ژنەکەش بەجیا ئەژی و داوای ژیانێکی جیا ئەکات، ئەبێتە موشکیلەش لە نێوان دوو خێزاندا، ئێستا پەنا ئەبەن بۆ خێزانی ئافرەتەکە کە ڕازی ببێت، بۆ ئەوەی پیاوەکە ژنی دووەم بهێنێت، لەبەر ئەوە مەشاکیل زیاد دەکات و کەمی ناکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نسرين محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

محكەمە ئەبێ ئاگاداری ژنی یەكەم بكاتەوە، كە پیاوەكە ژنی دووەم ئەهێنێتەوە، بە ژنی دووەمیش بڵێت كە ژنم هەیەو منداڵم هەیە، بۆ ئەوەی هەردوولا ئاگادار بن، زۆر كێشە ڕووی داوە ئێستا لە دادگاكاندا كە ژنی دووەم هاتووە، نازانێ كابراكە ژنی یەكەمی هەیە، لەبەر ئەوە ئاگادار بكرێتەوە كە ژنی هەیەو منداڵی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشيد سليم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من قسەم نەماوە تەئیدی كاك محمد حكیم و كاك شێخ جعفر ئەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك دیلیمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(ديلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوێنێ كە دەنگماندا لەسەر تەعەددودی زەوجاتی موقەیەد بوو، بەڵام لەسەر قیودەكان دەنگمان نەدا و موناقەشەشمان نەكرد، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ ئەتوانین لەسەر هەموو خاڵەكانی قیود قسە بكەین، ئەمە یەكەم، دووەم: ئێمە لەسەر عەقد قسەمان كرد كە تەڕازیە، كە بوو بەتەڕازی لە هەموو حاڵەتەكانی دیش ئەبێت ئەو شەراكەتە دوو لایەنیە بە موافەقەی هەردوولا بێت، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەكەم كە لە سەرەتاوە بێت بنووسرێت لايجوز الزواج بأكثر من واحدة الا بموافقة زوجة اولى، ئەو موقتەرەحەی بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان تەرح كری، دووەمیش لە ڕاپۆرتی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان خاڵێك هاتووە، ئەگەر ئەوە ئیزافە بكەین، مەنعی تەڵاقیش دەكات، كە دەڵێت(إذا اعتبرت الزوجة الاولى، زواج زوجها بالثانية، يشكل اضراراً بها) حەتا ئەوكاتە ئەگەر زوجەكە بگەڕێتەوە بۆ تەڵاق دەبێتە زەرەر لەسەر ئەو ئەساسە ناتوانێت تەڵاقیشی بدات، لەبەر ئەوە تەڵاقەكەش موقەیەد دەبێت، لەبەر ئەوە تەڵاقەكەش موقەیەد دەبێت، یان ئەو موقتەرەحەی ئافرەتان ئیزافە بكرێت و بیكەین بەخاڵێك لەسەری یانیش لە موقەدیمەكە مەنعی زەواجەكە هەبێت، ئیلا بەو مەرجانە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە پێشەوە دوو شەرتمان داناوە، یان دەبێ عـوقمی هـەبێت یـان نەخۆشـیەکی مـوزمینی هـەبێت، باشـە ئەگەر ئەو دوو نەخۆشیەشی هەبوو، بەڵام موافق نەبوو، ئایا تـەڵاق حەلـە بـۆ ئـەو کێشـەیە، نـەخێر حـەل نیە، ئێستاکە حەتا ئەوەی بیەوێت لەسەر ئەوە سور بێت کە ژنی دووەم بهێنێت و موافەقەی ژنی یەکـەمی بوێت، دەچێ لە مەحکەمە تەڵاقەکە دەکات بە ڕەجعی لە خیلالی فـەترەی ڕجعـەی ژنەکـەی دەهێڵێتـەوە و دەچێ ژنەکەی تر مارە دەکات، دوایش ڕەجعەت بە ژنەکەی تر دەکات، ئەوەش دەتوانـدرێت بکرێـت، لەبـەر ئەوە ئـەو شـەرتەی زەوجـە عەرقەلـە بـۆ شـتەکە دروسـت دەکـات، زۆر کـەس هەیـە تـەڵاق دەخـوات دەڵێـت بەژنەکەی، ئەگەر تۆ لێنەگەڕێیت و نەیەیت موافەقەم بۆ نەکەیت لە مەحکەمە تەڵاقت کەوتبێ، ئەو کاتـە یان دەبێ و مەجبوریشە لەگەڵی بڕوات یان تەڵاقەکە وەربگرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو. ببورە جارێ کاك بارزان نوقتەی نیزامی هەیە با بزانین چیە؟ فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برادەرانەی کەوا ئەچنە سەر مەنەسە، ئایا تەعبیر لە ڕەئی لیژنە ئەکەن یان ڕەئی شەخصی؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەکەی ڕاستە بەس لەبەر ئەوەی موقتەرەحێکی تازەیە، بۆیە تەعبیر لە ڕەئی شەخصی خۆیـان ئەکـەن، فەرموو کاك دکتۆر نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرەتای ماددەکەدا هاتووە ئەڵێت (لایجوز الزواج بأكثر من واحدة الا بأذن القاضي)ئێمە هەڵسەنگاندنمان داوە بەدادوەر، حەتا ئەگەر ئەو هەموو مەرجانەش کە ئێستا باسـیان لـێ ئەکـەین، هـەمووی مـەوجود بـن، دادگا ئەتوانێت ڕێگا بەپیاو نەدات ژنی دووەم بهێنێت، بۆیە پێویسـتە ڕەزامەنـدی ژنـی یەکـەم وەربگیرێـت، لەهەمان کاتیشدا ئەبێ بیر لەوە بکەینەوە، ئەگەر هاتو ژنەکە ڕەزامەندی نەدا پیاو نەتوانێ ئەو ژنە لەبەر ئەو هۆیە تەڵاق بدات، ئەوەش لە دەستەڵاتی قازیدایە، ئەبێ ئەوەش ڕوون بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەموو عەقدێكی یاسایی بەتەڕازی بەڕێوە ئەچێت، بەتەڕازیش ئەتواندرێت ئەو عەقدە پوچەڵ بكرێتـەوە، لەگەڵ مەرجەكانی ئیخلال كردن بەعەقدەكە كە بەشێكی ترە لـە پوچـەڵ كردنـەوەی عەقدەكـە، لەوكاتـەدا تەڕازی پێویست ناكـات لایـەنی موخـل تـەڕازی وەربگیرێـت، ئێمـەش پێویسـتە یاسـاكانمان لەسـەر ئەساسـی شكوك بەرامبەر بە دادگاو قازی دابنێین، مەفروزە وا چاوەڕوان بكەین قازییەكانمان، دادوەرەكانمان لەئاستی ئـەو موهیمەیـەدان كـە دەیبینـین، پێویسـت ناكـات لەسـەر ئەساسـی شـەك، زۆر تـەداخولی تایبەتمەنـدێتی ئیشەكانیان بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن پێشتریش ئیشارەتمان پێكرد، كە خێـزان دروست ئـەبێت، ئـەبێ سـەعادەتی تێـدا بێـت لـەوماڵـەدا، ئەگەر تەرەفێك ڕازی نەبێت، سەعادەت لەو ماڵەدا نابێت، موستەمر كێشە دروست دەبێت، ئەمـە لەلایـەك لەلایەكی تریشەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستووری عێراق ماددەی چواردە دەڵێـت ئینسـان یەكسـانە ژن و پیاوو ئەو لە چ قەومێكە لە چ ڕەنگێكە، یەكسانە، ماددەی دوو فەقـەرەی یـەك نـابێ قانونێـك یـان نەصێك دەربچێت تـەعاروز بكـات، لەگـەڵ مـەبادئی ئیسلام، ئـەوە دوێـنێ قەرارمانـدا كـە بـەو شـێوەیە بـوو تعـدد الزوجات حەڵاڵ كرا، فەقەرە نابێ تەعاروز بكات، لەگـەڵ حقـوق وحوریـاتی ئینسـان، نـابێ لەگـەڵ مـەبادئی دیموقراتی نەگونجێت، بۆیە لێرەدا حەقە ئەو ئینسانە كە تەرەفێكە لەو ماڵە، لەناو ئەو ماڵەدا ئـەژی ڕەئـی وەربگیرێت، بەبێ ڕەئی ئەو تۆ چۆن ئەتوانی عائیلەیەك دابنێیت سەعید بێت، ئەگەر ئەوەندە ناڕازی بێت كە ویستی تەڵاق بدرێت، ئەوە باشترە لەوەی كە لەماڵەوە بێت وموسـتەمر كێشـەو موشـكیلەی هـەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوانەی كەوا داوایانكرد و ناویانم نووسی تەواو بوو، ناكرێ هەموو جار خەڵكی تریش قسە بكات، ئەوانەی كەوا داوایان كرد ناویانم نووسی وتەواو بوون، من خۆم ئەمەوێت هەندێ قسە بكەم لەسەر ئـەو مەوزوعـە، ئەوە لەبەر ئەوەی كەوا موقتەرەحێكی تازەیە، ئێمە دوێنێ قەرارێكماندا مەرجمان دانا، ئەصڵی مەبدەئەكە لە چیەوەیە، ئەصڵ ئەوەیە ئەو عەدالەتـەی كـەوا لـە ئایـەتی پـیرۆزدا هـاتووە، باشـە ئـەو عەدالەتـە بەچـی دابین دەكرێت، قانون بۆ ئەوەیە نەك بەوەی كە كەسێك دوو قسـەی خۆشـی كـرد ببێـت بـە عەدالـەت، یـان خانوویـەكی بـۆ ژنـی یەكـەمی كـڕی، پێـی وابـێ ئـەوە عەدالەتـە، ئـەو هـەموو شـتانەمان دانـاوە، بۆیـە ئـەو شەرتەی كە باسكرا، هیچ لە بنەمای مەبدەئەكە ناگۆڕێت، جگە لەوەی كـە لـە دەسـتووری عێراقـدا هـاتووە،

سێ شەرتی گرنگ هاتووە، لایجوز سن قانون یتعارض مع ثوابت احکام الاسلام ئەوە یەك، دوو: لایجوز سن قانون یتعارض مع مبادیء الدیموقراطیة، سێ: لایجوز سن قانون یتعارض مع الحقوق والحریات الاساسیة الواردة في هذا الدستور، یەعنی دەستووری عێراقی، ئەو سێیە ئەگەر بیری لێ بکەیتەوە ئەوەی کە ئێمە لەم قانونەدا دەیبینین یەکێکیان دوێنێ قەرارماندا لەسەری دا لەسەر سەوابتی ئیسلام تەعاروز نەکات، ئەگەر بتوتایە مەنعەکە ڕەنگە زۆر تەفسیری وا بکرایە، ئەویش هەرچەندە فوقەها موختەلیفن لەسەری بەس دوێنێ ئەوە حەسم کرا و بڕایەوە، دووەمیان ئەوەیە ئەی مافی ئینسانەکە مافەکانی ئەساسی، دیسان دەیلێیمەوە ئەو کەسەی کە ئەیەوێت ژنی دووەم بهێنێت، زۆر نسبەتێکی کەمە، ئەو قەیدانەی کە دائەندرێت بۆ ئەوەیە کە ئەو عەدالەتە دابین بکرێت، ئەو عەدالەتە بتوانێت بێتە جێ، ئینجا کە وتت موافقە الزوجە من قەناعەتم وایە ئەو کەسەی کە ژنی دووەم دێنێت، زۆربەیان دەتوانن ژنی یەکەم ئیقناع بکەن، چونکە ئێمە شەرتێکمان داناوە ئەڵێین دەبێ ئیمکانیەتی مالی زیاتر بێت، کەواتە ئەچێت خانوویەکی بۆ دەکڕێت، زێڕی بۆ دەکرێت، بەوەش ئیقناعی ئەکات، خۆ هەموو ژنان و ئافرەتان مستەوای سەقافی بەرزیان نیە، تێبگەن لە حقوقی خۆیان، ئەوە هاوکارییەکە بۆ ئەوەی تەمەتوع بەو حقوقە بکەن، ئەگەر چیش لێی تێناگەن، ئەگەرنا ژنێك کە تێگەیشتنی زۆری هەبێت مێرد بەیەکێك ناکات کە ئیمکانیەتی ماددی نەبێت، سەبەبێکی وەجیهیشی نەبێت، نەزانێت عەدالەت دابین نەکات، کێشەش بۆ ژنەکەی پێشووی پەیدا نەکات، بەلاّم ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە لێی نازانن و لێی تێناگەن، کەوا بوو ئێستا دوو ڕەئیەکە وازحە لەبەردەمتاندا موقتەرەحەکە لە ئەصڵی مەشروعەکەش لە زۆربەی زۆری کۆبوونەوەکانیش باسیان کردووە، بەلاّم نازانم بۆ نەبووە بە موقتەرەح لە پرۆژەکەدا، ئەگینا ئەوە لە بیدایەتەوە باسکرا، ئەوە شەرتی یەکەم بووە، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانیش بە حزوری مامۆستایانی ئایینی وئەوانەش باسکراوە، بەلاّم لە پرۆژەکەدا نەهاتووە، لە ڕاپۆرتی لیژنەی قانونیش نەهاتووە، بەلاّم شەرتێکە من پێم وایە دەبێ شەرتی یەکەم بێت، بۆ ئەوەی عەدالەت هەبێت، بۆ ئەوەی مەشاکیل دروست نەبێت، بە عەکسەوە ئەوەش وای لێ دەکات ئەو پیاوەی کە ژن دێنێت خەتوەی یەکەمی ڕاست دەبێت، ختوەی یەکەمی ئەوەیە کە ژنەکەی یەکەمی ئیقناع ئەکات، بۆیە ئەچێتە هاوسەرگیری دووەم بە ئیتمئینانەوە، بەمەش موشکیلەی نابێت، بەینەما ئەگەر وا نەبێت مومکینە بەدزیی بیهێنێت، شەش مانگ حاشا حازری ئەو شەش مانگە هەر درۆ بکات، بڵێ من ژنم نەهێناوە، ئەوە تووشی درۆی ئەکات، شەش مانگیش خۆی بشارێتەوە لە مەسئولیاتی بەرامبەر هەردووکیانەوە، بۆیە ئەوە من دەیخەمە دەنگەوە، ئەو موقتەرەحەی دکتۆر کەمال کە هەندێ ئەندامیش ئاماژەیان پێکرد و پشتگیرییان لێ کرد، هەندێ ئەندامیش وتیان هەر پێویست ناکات، ئێستا دەیخوێنمەوەو دەیخەمە دەنگەوە، (موافقە الزوجە الاولى، على زواج زوجها امام المحكمە) کی لەگەڵ ئەو ڕەئیەدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ قبوڵکرا، زۆر سوپاس، بڕۆن بۆ بڕگەی سێیەم، ئەمە ئەبێت بەیەکەم ئەوەی

تریش كه گۆڕانكاریمان لێ كرد، دەبێت به دووەم، ئێستا دووەم له ئەصڵی مەشروعەكه كه ئەبێت به سێیەم واته حەرفی ( ب) كه ئەبێت به (ج) ئێستا ئەصڵەكەی بخوێنەوه كاك سعدالدین واته (ب).

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ب- ان يكون لطالب الزواج الثاني امكانية مالية تكفي لاعالة اكثر من زوجة واحدة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر خاڵی (ب) ڕای لیژنەی یاسایی و ئەوقاف چیه؟ فەرموون.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان لەسەری نیه، تەئیدی پرۆژەكه ئەكەین وەكو چۆن هاتووه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینیەكمان لەسەری نییه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخي نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ پرۆژەكەداین و هیچ تێبینیەكمان نیه؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال ڕەئی هەیه، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵەش زۆر گرنگه، یەعنی وای لێنەیەت ئەوەی ئیمكانیەتی هەبێ یان بڵێت ئیمكانیەتم هەیه، بتوانێ ژنێكی تر بهێنێت، بۆیه من پێشنیار ئەكەم ئەم فەقەرەیه وای لێبێت،( ان يكون لطالب الزواج الثاني امكانية مالية تكفي لاعالة اكثر من زوجة واحدة، وذلك ببيان مدخولاته الثابتة) یەعنی ئیسباتی بكات لەپێش قازی كه ئەو ئیمكانیەتەی هەیه ئەمه یەك، دوو: فەقەرەیەكی تری بۆی ئیزافه بكرێت ان يوفر مسكن مناسب للعائلة ويقدم مستمسكات رسمية لاثبات ذلك؛ یەعنی ئەوە بكرێت بەدوو فەقەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان لە ناحیەی قانونی بزانین چی ئەڵێت، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شەرتەی کەوا دکتۆر ئیشارەتی پێدا لە قانونی پێشتر هەیە، ئەو دەسەڵاتە بۆ قازی ئەگەڕێتەوە ئێمە لێرە زەوابت دانێین بۆ قازی بەڕاستی بە واریدی نازانم، قازی خۆی ئەبێت تەحەققوقی ئەوە بکات، عەجەبا ئەوە ئیمکانیەتی مالی هەیە، یان نیەتی، من لێرە زەوابت بۆ قازی دابنێنم بەڕاستی ئەوە من بەڕاستی نازانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانن چۆنە، ئەگەر بۆ هەر فەقەرەیەك دوو سەعات موناقەشەی بکەین، ئەوە ناکرێت بەڕاستی ئەوە جوملەیەکە هاتووە شەرتێکە شەرتی مالی ئەوەی کاک دکتۆر کەمال وتی، ئیزافەیەکە کاک شێروان ئەڵێت پێویست ناکات، من پێم وایە ئەگەر بێت و تۆزێك تەعدیلی بکەین ئەوە بەقوەتی ئەکات، بەوەی بڵێین مەسەلەن لێرەدا نوسیوومانە ان یوفر مسکن مناسب للعائلة ویقدم مستمسکات رسمیة لاثبات ذلك، ئەوەندەی بڵێین یەعنی بۆ ئەوەی قازی ئیجتیهاد نەکات، بڵێت ئاگادارم دەوڵەمەندە، موستەمسەکاتی هەبێت، کاک دکتۆر کەمال رەئی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە قازی، قازیە بەس قازیش بە نەص ئیش ئەکات، ئەبێ نەصەکەی لەبەردەستدا بێت، کە ژنێك ئەهێنێت ئەیباتە ماڵی ژنە کۆنەکەی ئەبێتە مەئسات بۆیان، بۆیە پێویستە سابتی بکات کە هەم ئیمکانیەتی هەیە بە موستەمسەکاتی رەسمی، هەم ماڵێکی تریشی هەیە، ئەگینا نەبێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە با شتی عەمەلی بڵێین ئێستاکە چۆنە لە مەحاکم، یەکێك ئەڵێت من ئیمکانیەتم هەیە، ئەگەر نەصێکی وا نەبێت مومکینە تەعاهودێك بنووسێت، بڵێ من تەعاهود ئەدەم کە ئیمکانیەتی مادیم هەیە، ئەتوانم خانوویەك بکەمەوە، دەتوانم دوو ژن بەخێو بکەم، سێ ژنیش بەخێو بکەم، ئەگەر ئەو نەصە نەبێت وقازی سیقەی پێ بکات، مولزەم نیە لەوە زیاتر داوای لێ بکات، ئەگەر ئەو نەصە نەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو نەصە هەبێت، بڵێ موستەمسەکات بێنە، تاپۆ بێنە کە تۆ موڵکت هەیە، وەرەقەی بانك بێنە کە تۆ پارەت هەیە، وەرەقەی مرور بێنە کەتۆ سەیارەت هەیە، ئەو شتانەی نیشان ئەدات، بەهەرحاڵ ئێستا دوو ڕەئی هەیە، بۆ ئەوەی زۆر نیقاش نەکەین، ڕەئیەك ئەوەیە کە باشە ئەتانەوێت قسە بکەن، بەس ئەوانە نەبێت کە قسەیان کردووە، با ئەوانە بن کەقسەیان نەکردووە، ناوتان ئەنووسم، فەرموو کاك حاتم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من یەك قسەم هەیە، ئەویش ئەوەیە حەزەکەم ئیشارەت بەوە بدەم، کە لەدوێنێوە قسە ئەکرێت جارجارە تەشەنوجێك دروست ئەبێت، ئێمە کە لێرەین چ ئەندامی ئافرەتانی بەڕێز و چ هی پیاوانیش ئێمە هەموومان وەکو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لێرەین بە حەقیقەت، ئەو قسانەش کە ئەیکەین وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەیکەین چ پیاوان چ ژنانیش، ئەوە نیە خوانەخواستە ئێمە ئەو ئافرەتانەی کەوا لە وڵاتی ئێمەدان هەموو کەسوکاری یەکترین، خوشك و دایکی ئێمەن بەحەقیقەت، ئێمە لامان پیرۆزن و ئەمانەوێت قانونێکیش بۆ وڵاتەکەمان دابنێین کە قانونێکی وا بێت ئیستیفادەی لێ بکەین، ئەمە یەك، دووش: ئەم پەرلەمانەش زمان حاڵی گەلێکە ئەبێ لێرەوە قسەی لەسەر بکەین وەکو ئەندامی پەرلەمان، حاڵەتی دووەمیش لەسەر ئەو بڕگەیە ئەوەیە من پێشنیارێکم هەیە، ئەم بڕگەیە بۆ ئەوەی حەقی خۆی پێبدرێت وبە هێز تریش بێت، بڕگەی (ب، ج) بکرێت بەیەك بڕگە، بەم شێوەیە (ان یکون لطالب الزواج الثاني امكانية مالية تكفي لاعالة اكثر من زوجة واحدة وتحقيق العدل بين الزوجين من الالتزامات الزوجية( المادية والمعنوية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ان يكون لطالب الزواج الثاني امكانية مالية تكفي لاعالة اكثر من زوجة واحدة، ئەم زوجة واحدة تا چوار ئەڕوات، ئیحتیمالە ئەو شەرت و مانعانەش کە ئێمە دای ئەنێین لە زەوجەی دووەم دووبارە ببێتەوە، عوقمە، نەخۆشیە، بۆیە ئیحتیمالی هەیە دووبارە ببێتەوە، بۆیە من تەرحی ئەوە ئەکەم لە هیچ حاڵەتێکدا عوزری مەشروع و غیر مەشروع ژنی سێیەم و چوارەم هەر نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەوەمان دوێنێ حەسم کرد، ناکرێت، چونکە تەعاروز ئەکات، لەگەڵ نەصی ئایەتی پیرۆز، کاك مەلا ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو مەرجە زۆر پێویستە کە هەموومان ئەمانەوێت دیفاع لە ئافرەت بکەین، ئەوەی کە زەرەرمەندی یەکەمە ئافرەتی یەکەمە، کە زەرەری زۆری تووش ئەبێت، ئێمە هەر تەماشای واقیعی ناو کۆمەڵگا بکەین کە چەندەها زەرەر هەبووەو خێزانێك ئیبادە بووە، بەهۆی خێزانی دووەمەوە، لەبەر ئەوە ئەو مەرجە هەروا چاکە لە ڕووی شەرعیشەوە حەرامە کابرا دوو ژنی هەبێت کۆیان بکاتەوە لە خانوویەك،

لە ڕووی شەرعەوە نابێت، ئیلا ئیمکانیەتی مالی تەواوی هەبێت بۆدابین کردنی خانووبەرە بۆ ئەوی تریشیان، من پێم چاکە لێرەدا مەرجێك هەبێت بۆ ئەو کەسەی کە ژنی دووەم دێنێت، ژنی یەکەم شتێکی لەسەر تاپۆ بکات، یەعنی عەقارێك هەبێت یان شتێکی هەبێت بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا نەچێتە ئاستێکی وا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگە بەڕاستی ئەو کەسەی کە خۆی فەقیرە، نەگبەتە سێ ژن ئەهێنێت، من دراوسێم هەیە 27 منداڵی هەیە، ئەم بڕگە ڕێگا لە فەقیر ئەگرێت، ئەوەندە فەقیر تالبی ژنی دووەم و سێیەمە دەوڵەمەند تالب نیە، ئێستا ئێمە بڵێین ئیلا ئەبێ پارەو ماددەو سامانی هەبێت ئینجا بۆی هەبێت ژن بهێنێ، ئەی ئەگەر ژنەکەی نوقسانی هەبوو ئەو فەقیرەو نەیتوانی ژن بهێنێ یان ژنەکەی منداڵی نەبوو، یان لەگەڵیدا نەژیان ئەوە چۆن ئەبێت؟، یەعنی مادام ئیمکانیەتی نیە نابێ بیهێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو مەسەلەیە زۆر گرنگە، ئەوەی کە موتەزەڕیرە کە مامۆستا انوریش باسی کرد ژنە یەکەمەکەیە، من تەواو پشتگیری پێشنیارەکەی جەنابی کاك دکتۆر کەمال ئەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاستی ئەو کابرایە، ئەگەر ئەوەندە دەوڵەمەندە و دەیەوێت لەبەر ئەوەی ژنەکەی شتێکی هەیە لەو دوو حاڵەتە، بۆیە ژنێکی تر بهێنێتەوە با یەکەمجار دابینی ژیانی ژنی یەکەمی بکات، من زۆر لەگەڵ ئەوەدام خانوویەك بەناوی بکرێت، ئینجا هەر شێوەیەك بێت خانووەکە، چونکە ئەویش هەست بە ئیتمیئنان ئەکات، نیەتی پیاوەکەش بەدەر دەکەوێت، کە نیەتی ئەوە نیە غەدر لە ژنی یەکەم بکات، لەبەر حاڵەتێکی ترە کە ژنی دووەم دێنێت، بۆیە پێم وایە ئەوە زۆر گرنگە کە بکرێت، ئەگەر ئەوەی فەقیرەکەش کە جەنابی کاك شێخ جعفر باسی کرد، ئەگەر پێی نەکرێت دوو ژن بەخێو بکات وەڵڵا حەق نیە ژنی تر بهێنێت، ئەگەر پێی ناکرێت چۆن ئەتوانێ ژنی تر بهێنێت با منداڵیشی نەبێت، کەپێی بەخێو نەکرا مەسیری ژنەکە چی لێ دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانن چیە تکایە بە عاتیفە شت تەرح مەکەن، ئێستا ئەوە دوو برادەر کاك کەرخیش داوا ئەکات، کە خانوو بۆ ژنی یەکەم بکات، چۆن ئەبێ تۆ نەصێکی وا دابنێیت کە ئیمکانیەتی ئەوەی نیە، ئینسان فەرق

ئەکات دەوڵەمەندە یان مام ناوەندییە، یان فەقیرە، ئەو حاڵەتە ڕەبتی ئەوە کراوە مادام وتمان ژنی یەکەم موافەقەتی وەربگیرێت، ئەوەشمان تەسبیت کرد، کەوابوو بڵێت موافەقەت ناکەم تا خانووم بۆ دابین نەکەیت، یان بڵێت پارەم دەوێت یان هەرچی دەوێت داوای بکات، بەڵام تۆ لێرەدا لە قانونێك بنووسی خانوویەك، ڕەنگە خانوویەکی بۆ بکرێت 100 مەتر بێت، بەڵام ئەمەش ئیعتیماد دەکاتە سەر ئیمکانیەتی پیاوەکە، ئەیکاتە سەر ژنەکە سەر رۆشنبیری ژنەکە، تێگەیشتنی ژنەکە، مەوقیعی مالی و ئیجتیماعی ژنەکەش، لەبەر ئەوە بەو شێوەیە نا مادام ئێمە وتمان موافەقەتی ژنی یەکەمی پێویستە ئەوە کافیە بۆ حەل کردنی ئەو مەسەلەیە، کاك رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ڕەئیەکەی کاك دکتۆر کەمال ئەکەم، دیارە ئیمکانیەتی مالی خۆ ئەبێت تەسبیت بکرێت، کە هەیەتی یان نیەتی، ئەوە شتێکی عامە کەلێرەدا هاتووە، لەبەر ئەوە دەبێ لەبەردەمی قازیدا ئەو ئیمکانیەتە ئیسپات بکات کەهەیەتی، ئینجا ژنی دووەم بهێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی من تەئیدی فکرەکەی کاك دکتۆر کەمال ئەکەم، کە ئەمڕۆ گوێمان لەدەنگی بوو، گلەیی ئەوەی لێ ئەکەم کە دوێنێ گوێمان لەدەنگی نەبوو، بەڵام بەڕاستی من حەزەکەم وەڵامی ئەو برادەرانە بدەمەوە کە ئەڵێن خانوویەکی بەناوەوە بکات، یەعنی هیچ خۆشەویستیەك نیە لەدونیادا بەوە تەعویز بکرێتەوە، هەڵی بخەڵەتێنێت خانوویەکی بۆ بکرێت، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا نابێ لەبیرمان بچێتەوە ئەو ژنە ئەبێ تەواوی مافەکانی دابین کرابێ، ئەوەی کەهەیەتی خانووی جیا واتە سەربەخۆ ئەوە نەبێ هەردووکیان لەماڵەکەشدا بەیەکەوە دایان بنێت، لەبەر ئەوە لەسەدا سەد پشتیوانی لە قسەکانی کاك دکتۆر کەمال ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من دژی ئەم بڕگەیەم لە پێشتریش باسم کرد کە دژیم، چونکە ئەمە مانای وایە، مەسەلەکە بەپارەیەو ماددەیە، ئەی باشە ئەگەر ئەوەی ئەیەوێت ژنی دووەم بهێنێت، ژنی دووەم کچە دەوڵەمەندە یان پارە دارە، ئەوە چی لێ ئەکەیت، ئەتوانێ لەڕێگەی ئەوەوە ئەو شتە بکات، بۆیە من پێم وایە ئەصڵەن ئەم

برِگەیە نـەمێنێت، وەكو جـەنابت باسـت كـرد خۆشـم تەئكیـدم لـێ كـردەوە، كـە مـەرجی ڕەزامەنـدی ژنـی یەكەممان دانا، ئەوە لەوێ ئەتوانێ داوای هـەموو ئـەو پێویسـتیانە بكـات، بۆیـە لێـرە پێویسـت ناكـات ئێمـە باسی ئەم خاڵانە بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلا ئەوە كاك مەلا ئەنوەر جوان جوابی دایەوە، ئەگەر تەحقیقی ئیمكانیەتی ماددی نەكرێت، مانای وایـە مەشاكیل لە ماڵەكـەدا دروسـت ئـەكات، حـەتا وەكـو باسیشـی كـرد زۆر راسـتە ناكرێـت هـەردووكیان لەیـەك خانوودا بن، گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو دیاردەی دوو ژنیە ئەوەندە ناشیرینە، هەر حـەز ناكـەم قسـەی تێـدا بكـەم، دژیشـیم بەهـەموو شێوەیەك، بەلأم كە بوو بەشتێك لە واقیعی كۆمەڵگای ئێمە، ئەو پیاوەی كە ئەیەوێت ژنـی دووەم بهێنێـت، نەفسیەن ژنی یەكەمی دەمێكە تەلأق داوە، نەفسـیەن كێشـەو گـرفتی بـۆ دروسـت ئـەكات، مـن پشـتگیری لـە پێشنیارەكەی كاك دكتۆر كەمال ئەكەم، چۆن لە زەواجی یەكەمدا مەرجێك لەمەرجەكان ئەوەیە پیاو مـاڵی شەرعی هەبێت وماڵی سەربەخۆ بۆ ژنەكەی دابین بكات، نەفەقەی بكێشێ لـە زەواجـی دووەمـدا ئـەوە چـڕ بكرێتەوە، هەڵسەنگاندن بكرێت بۆ ئەوەی بـزانن ئـەم پیـاوە چـۆن ئـەتوانێ ئـەم گرفتـە بـۆ خـۆی دروسـت بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا نەصەكە ئەخوێنمەوە قسەی زۆر كرا لەسـەری، یـەكێك لەشـەرتەكان (ان يكـون لطالـب الـزواج الثـاني امكانية مالية تكفي لاعالة اكثـر مـن زوجـة واحـدة)، بـە ئیزافـەكردنی پێشـنیارەكەی كـاك دكتـۆر كـەمال و برادەران كە ئاماژەیان پێكرد، على ان يثبت ذلك بالمستمسكات الرسمية يقدمها للمحكمة؛ ئێستا بەو ئیزافەی كەوا كرا، دەیخەمە دەنگەوە كێـی لەگەڵدایـە بادەسـتی بڵنـد بكـات تكایـە؟ فـەرموون كێـی لەگەڵـدا نیـە؟ بـە زۆرینـەی دەنـگ وەرگـیرا، دوو كەسـی لەگەڵـدا نـەبوو، ئێسـتا خـاڵی (ج) كـە ئـەبێت بـە(د) فـەرموو كـاك سعدالدین.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ج- امكانية تحقيق العدل بين الزوجين في القسم و غيره من الالتزامات الزوجية( المادية والمعنوية).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕەئی من ئەو خاڵە حەشوە واتە زیادە، وایە كاك شێروان؟ كاك دكتۆ كەمال قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم فەقەرەیە من بەزیادی نازانم، پێویستە تەقویەی بکرێت، چونکە لێرە دەڵێت (امکانیة تحقیق)، من ئەڵێم بگۆڕدرێت بۆ ان یتعهد الزوج بتحقیق العدل بینهن و یوفي بالتزاماته الروحیة (مادیة والمعنویة). (ویتعهد في حال اخلال الشروع بتعهداته بعد الزواج یعاقب الزوج بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولا تزید علی السنة و بغرامة قدرها عشرة ملایین)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان ڕەئی لیژنەی مافی ئافرەتان وژنان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەری نەداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەداین کە بمێنێتەوە، چونکە زۆر حاڵەت هەیە پیاوەکە دوو ژن ئەهێنێت، ئیمکانیەتی مالیشی هەیە، یەکێکیان ئیهمال ئەکات ولەگەڵ ئەوی تریان ئەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی کە عەدالەت جێبەجێ بکرێت پێویستە ئەوە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی عەفوم بکەن، من لەحەقیقەتدا وتم زیادە، یان هەندێ شت مەنووسن کە قابیلی تەنفیز نیە، قابیلی تێگەیشتن نیە، قازی لەکوێ بزانێ ئەوە تەحقیق ئەبێت، ئەوە شتێکە دەڵێت پاش ئەوەی ژنی هێنا، دەبێ هەفتەیەك لەلای ئەو بێت وهەفتەکەی تر لەلای ئەوی تریان، باشە ئەوە قازی چوزانێ جێبەجێ ئەکرێت یان نا، کاتێ کە عەقدەکە دەنووسرێت، باشە قسەی لەسەر بکەن و ناوتان دەنووسم، ئێستا ڕەئی لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموون.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەکەداین، واتە هیچ تێبینیەکمان نیە، بەس لەگەڵ مانەوەین نەك لابردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاساییش لەگەڵ دەقی پرۆژەکەدان کەهاتووە، پشتگیری لێ دەکەین و سوورین لەسەر مانەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەوە هەموو لیژنەکان ئەڵێن با بمێنێتەوە، دیارە تەنها منم پێم وایە کە زیادە، ئێستا ناوتان دەنووسم ئەوەی کە دەیەوێت قسە بکات، کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت فرە ژنی خۆی مەسەلەیەکی ناعەدالەتیە، ئەو کۆبوونەوەی پەرلەمان کە چەند رۆژێکە قسەی لەسەر دەکەین، چونکە شتێکە ناعەدالەتی لەناو کۆمەڵگا پەیدا دەکات، ئێستا هاتووینەتە سەر ئەوەی فەقەرەیەك دابنێین بڵێین دەبێ ئیمکانیەتی تەحقیق کردنی عەدالەتی تێدا هەبێت، بە تەسەوری من ئەوە شروتێکی خەیاڵیە، چونکە کە ژنی دووەم دێنێت ئەصڵەن ناعەدالەتی هەیە، تۆ ئەوکاتەش کە رێگای پێدەدەیت ژنی دووەم بهێنێت کە حاڵەتێکی زۆر زۆر دەگمەنەو بە زەحمەتە، دووەم کە نەخۆش بێت وجێگایەکی جیاوازی بۆ دروست بکەیت وکۆمەڵێ پێویستی هەبوو بۆت دابین کرد، ئەو کاتە لەڕووی ماددی و رۆحیەکەوە ئەتوانی عەدل تەحقیق بکەیت، لەبەر ئەوە شتێکە بەتەصەوری من ئیمکان نیە، کە ئیمکانیش نەبوو، بەپێویستی نازانم ببێتە فەقەرەیەك لێرەدا تەسبیتی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو فەقەرەیە کەهاتووە، مەرجێکی شەرعیە، ئێمە وتمان کاتێك کە دەیکات بە دوو ژن دەبێ عەدالەتی هەبێت، کە عەدالەتی نەبوو نابێ بیکات، کەواتە ئەمە مەرجێکی شەرعیە، بۆ ناحیەی ماددی و مەعنەوی بۆ رێزی خێزان، هەروەها پیاو دەبێ عەدلی هەبێت، لەگەڵ خێزانی یەکەمی ئەگەر لەگەڵ ئەو نەیتوانی ئەوا ناتوانێ، لەگەڵ دووەمیش هەیبێت، کەواتە بمێنێتەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەقسەکانی کاك عبدالرحمن ئەکەم، بەڕاستی تاکە شەرت کەلە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا هاتووە، لە سورەتی نیساء ئەوەیە کە عەدل هەبێت، بەڵام لێرەدا کە دەڵێت زوجین من پێم وایە زوجین دەقیق نیە لە زمانی عەرەبیدا، لە نەحوی عەرەبی زوجین نێرو مێ ئەگرێتەوە، بەڵام لە قانونی ئەحوالی شەخصی عێراقی پێی وەرنەگرتووە، فەرقی کردووە لەبەینی زوج وزوجە، بۆیە پێشنیار ئەکەم بکرێت بە الزوجتین یان بینهما، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لـە قسـەكانی جـەنابت ئەكـەم، بەڕاسـتی ئـەو فەقەرەیـە لێـرەدا زیـادە، یـەعنی ئـەوە پـێش مارەبڕینە، خۆ ئەوە دوای مارەبڕین نیە، یەعنی قازی كە لێی دەپرسێت هەر ئەوەندەیە كە دەڵێت دەتوانی تەحقیقی عەدالەت بكەیت، دەڵێت بەڵێ خۆ ناڵێت نەخێر، من مستمسكات ناڵێم ئەوە شـتێكی تـرە، یـەعنی كە قازی دوای ئەوەی مارەی بڕی دەچێت بانگی بكاتەوە، بڵێ ئایا تـۆ تـەحقیقی عەدالـەتت كـردووە، لەبـەر ئەوە بەڕاستی ئەو فەقەرەیە لێرەدا زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی من لێرەدا تەئیدی ڕەئەكەی كاك عبدالرحمن ئەكەم لەلایەك، لەلایەكی تر تەئیدی ڕەئیەكەی كـاك دكتۆر كەمال ئەكەم، ئەو ئیمكانیەتـە زەعیفـە ئـەبێ بـەقوەتی بكرێـت، یجب تحقیـق العـدل بـین الـزوجین، ئیمكانیەت قابیلی ئەوەیە كە نەیكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی خۆ ئەو جوملانە جوانە یجب وئەو شتانە، بەس تۆ لەبەردەمی قازیدایت نووسراوە، بـۆ ئـەوەی قازی تەحقیق بكات بۆ مارەبڕینی دووەم، چی ئەتوانێ وابكات تۆ قازییەكـە قەناعـەت پـێ بـێنی، ئایـا ئـەوە چۆن ئەكرێت؟، یجب لەكوێ بزانێت قازی، واتە قازی چۆن ئەتوانێ تەحقیقی بكات، چۆن ئـەتوانێ تەئكیـد بكات كە ئەو عەدالەتە هەیە، بەهەرحاڵ ئەوە دوایی ئەیخەینە دەنگەوە، شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەئیدی قسەكەی جەنابت ئەكەم، لەبەر ئەوەی عەدلە ماددییەكە ئێمە لـە فەقـەرەی پێشـووتر تەسـبیتمان كرد، ئەمێنێتەوە عەدلە مەعنەوییەكە، عەدلە مەعنەوییەكە چۆن لەبـەردەمی قازیـدا تـەحقیق ئەكـەیت، یەعنی شـتێكی قەلبییـە بـۆ هـەموو ئەوانەشـی كـەوا ئایەتەكـە ئەهێننـەوە، هـەموو موفەسـیرین خیلافیـان لەسەر ئەوەیە كە ئەوە شتێكی قەلبییـە، یـەعنی پیاوەكـە ناتوانێـت لەبـەردەم مەحكەمـەدا ئیسـپاتی بكـات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ڕەئی جەنابتم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگانەی کەوا دامانناوە ئەڵێت ئەبێ قابیلی قیاس بن، یەعنی چۆن قیاس بکرێت کە ئەو شتە ئەبێت، خاڵەکانی پێشتر هەمووی دیارەو مادديەو شتەکان چارەسەر ئەکرێن، بەڵام ئەگەر جوملەکە بە تەعاهود دەست پێبکات باشترە، ان يتعهد ئەوە ئیلتیزامێکی ئەدەبی و ئەخلاقی دەکەوێتە سەر، بەڵام پاشان من لەگەڵ کەلیمەی مەعنەوی نیم، مەعنەوی بەهیچ شێوەیەك ناتوانی قیاسی بکەیت، بەڵام تەعەهودەکە لەجێگای خۆیەتی، کە تەعەهود بدات کە عەدالەت جێبەجێ ئەکات، ئیتر ئەگەر ئیلتیزامی نەکرد، خیلافی ئیلتیزامێکی ئەدەبی وئەخلاقی کردووە، ژنەکە بۆ خۆی ئەتوانێ داوای تەفریق بکات، بەڵام قانونەن ناتوانی هیچ موستەمسەکی لێ وەربگریت، کە دەلیلێکی مادديەو ئەتوانێ عەدالەت بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موقتەرەحێکی تازەيەو مەعقولیشە، تەعەهود هیچ شتێکی نیە، نە تەحقیقی ئەوێت نە تەئکیدی ئەوێت، تەنها تەعەهودێکە و ئەچێتە ناو ئەوراقەوە کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر باسکرا کە لای حاکم وەعد ئەدرێت ودوایی ناکرێت، ئەمە زۆر زۆر جێگای سەرسوڕمانە، لای حاکم کە تەعەهودیدا، پێویستە جێبەجێی بکات، ئەگەر پاشان نەیکرد شکایەتی لێ ئەکرێت، کە شکایەتی لێ کرا ئەوجا بەپێی ئەو نەصەی کە بۆی دادەندرێت سزا دەدرێت، لەبەر ئەوە من پێشنیارەکە تەعدیل ئەکەم، وەکو ئەوەی کاك زانا ئەگەر دەنگی لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە فیعلەن کەلیمەی ئیمکانیەت لێرەدا هیچ گرنگ نیە هەبێت، نە بە يجب نە بە امکانیەت، بەڵام ئەمە ئەبێ بمێنێت، قەزیەکە ئێستا نیە، کە ئەچێتە بەردەم قازی ئەڵێت من تەحقیقی عەدالەت ئەکەم، ئەمە ئاسارو ئیلتیزامات دروست ئەکات، چونکە تەئکید لە ئیلتیزامات ئەکاتەوە، کاتێ کە ئەو ژنە داوای جیابوونەوەی کرد، لە مەسڵەحەتی ژنەکە ئەبێت بۆ ئەو حاڵەتەی کە نەیتوانیوە تەحقیقی عەدالەت بکات، لەبەر ئەوە لە مەسڵەحەتی ژنەکەیە کاتێك کە ئاسەواری قانونی لەسەر دروست ئەبێت، بۆ داهاتوو، لەبەرئەوە ببێت باشترە لە خزمەتی ژناندایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی هەندێ مەعلومات ئیستیفادەی لێ ئەكرێت، مەحاكمی هەولێر فەحصێك ئەكەن بۆ پیاوەكە، كە بەمەش ناحیەی عەدالەتی مەعنەوییەكەی بۆ دەرئەكەوێت حاكمەكە، هەبووە خێزانیشی ڕازی بووە، كاتێ كە حاكم فەحصەكەی بۆ هاتووەتەوە دەبوایە برادەرانی قازی ئەو قسەیە بكەن، من مەعلوماتی هەولێرم هەیە، پیاوەكە ژن هێنانی دووەمی ڕەفز كراوە، لەبەر ئەوەی ناتوانێ هەردوو ژنەكەی ئیحسان بكات، ئەوەی كە ئەو خاڵەی نووسیوە زۆر زیرەكانە نووسیویەتی مەبەست لە مەعنەوییەكە ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر كەس كاك مەلا ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە كە باسی مەوزوعی عەدل ئەكەین، تەبیعی وازحە ئیعتیماد لەسەر ئایەتەكە ئەكەین، من حەز ئەكەم یەك قسە بكەم، ئەوەیە كە ژن هێنانی  یەكەم خۆی سونەتە، ئەگەڕێتەوە سەر ئەو ئەحكامانەی كە تەوزیع ئەكرێت، ئەگەر كەسێك ژنی نەهێنابوو، بەڵام لە خۆڕا نەبێت كە عەدالەت بكات، لەگەڵ ئەو ژنەدا كەحقوقەكانی دابین بكات، ئەوە حەرامە ژن بهێنێت، یەعنی ژنی یەكەمیش حەرام ئەبێت نەك ژنی دووەم یان سێیەم وچوارەم، لەبەر ئەوە شەرع زۆر لەو مەوزوعە قسەی كردووە، دەبێ عەدالەت بكات لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە، مافەكانی ژنی یەكەمیش پێشێل نەكات، كەواتە ژنی دووەم واجب ترە، ئەگەر ئەو واجب بێت ئەو ئەوجەبە، واتە زیاتری پێویستە، لەبەرئەوە پێویستی ئەوە هەیە كە مەسەلەی عەدل لەڕووی ماددییەوە بمێنێتەوە، زیاتریش تەئكیدی لەسەر بكرێت، چونكە نەبوونی عەدالەت خەلەل لەو مەشروعە دروست ئەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پێم وایە، مانەوەی ئەو نەصە بۆ مەصڵەحەتی هەموو لایەكە بەتایبەتیش بۆ ئافرەتان، مەسەلەی تەعاهود من لە مەحاكم 25 ساڵ ئیشم كردووە، مومكینە لەمنیش قەدیم تر هەیە، نەیان بینیوە بین لەوێ تەعاهود بدەن، چونكە من بەنەصێكی قانونی ئیلزامی بكەم، ئەو كاتە تەعاهود چ قیمەتێكی هەیە، من بەنەصی قانونی ئیلزامی ئەكەم كە عەدالەت بنوێنێ لەڕووی ماددی و مەعنەویش، ئەگەر عەدالەتی نەنواند قانون ڕێگای بۆ داناوە، چ لەقانونی پێشتر چ لە قانونی ئێستاش، بۆیە بەڕاستی من مەبدەئی

تەعاهود بەشتێکی ڕاست دانانێم، نەصێکی قانونی بەباشتر ئەزانم کە تێیدا بێت، لەگەڵ دەقی نەصەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر کەمال تەوزیحی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینسان هەیە، مادیەنیش ئیش بۆ خێزانی یەکەمی جێبەجێ ئەکات، بەڵام ئیهمالی ئەکات قسەی لەگەڵ ناکات، سەیری ناکات، موحارەبەیەکی ڕۆحی ئەکات، هەزار هەزار خراپترە لەوەی کە بەزێڕ هەڵی بکێشێت، لەبەر ئەوە بمێنێت باشترە، کە مەحاکمی پێش ئێستاش ئەو شتەیان لەبەردەستدا نەبووە، ئەوە غەڵەت بووە، بۆیە دەبینین کۆمەڵگاکەمان پڕە لە نەخۆشی ئێمە محاوەلە ئەکەین یەک هەنگاو بچینە پێشتر، چونکە هێشتا زۆرمان ماوە، یەعنی بەتەدریج بەرەو پێشەوە ئەچین، لەبەر ئەوەیە بمێنێ زۆر زۆر باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ئەوەشدا کە من مولاحەزاتی خۆمم داوە، عەرەبیش باش ئەزانم ئەو جوملەیە لەبەردەم قازی موحەیەر ئەبێت پێی، امکانیە تحقیق العدل بین الزوجین، هەریەکەو خۆی بکات بەقازی، ئەو شەرتە چۆن فەرز بکات لەکاتی مارەبڕینەکەدا، فەرموو کاک کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دوای ئەو هەموو گفتوگۆیە گەیشتینە نەتیجەیەک ئەویش ئەوەیە، لەڕووی یاساییەوە ئیستیحالەیەکی قانونی هەیە، بۆ ئەوەی ئەو شەرتە جێبەجێ بکرێت، پێش ئەوەی بێنە لای قازی چۆن تەحقیق ئەبێت ئەو شەخصە عەدل ئەکات لە بەینی ژنەکانیدا ئەوجا ڕازی ببێت و ئیزن بدات بۆ مەسەلەی زەواجەکە، ئەوە دوای دخول دوای ئەوەی کە دەیگوازێتەوە، ئەو شەرتە تەحقیق ئەبێت، بەڵام بۆ پێش وەخت من تەئیدی جەنابت ئەکەم، ئەو مەرجە نەمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من پێم باشترە بگەڕێینەوە سەر ڕەئەکەی کاک زانا، هەرچەندیش دوێنێ ڕەئێکی زۆر توندی دا، بەڵام ئەم ڕەئیەی ئەمڕۆی دڵیانی داوەتەوە، با بەقسەی بکەین خراپ نیە، کاک عەونیش تەوزیحی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو فەقەرەیە بمێنێتەوە، بەڵام بەو پێشنیارەی کە کاك زاناو دکتۆر کەمال ئیقتراحیان کرد، بەو صیاغەیەش (ان یتعهد الزوج کتاباً بتحقیق العدالة) ئەگەر هاتو تەعەهودیشی داو نەیکرد، ئیلتیزاماتی قانونی دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەعەهود دەدات، دەتوانێ ئیجرائاتی قانونی لەگەڵ بکرێت، ئیعتیبار دەکرێت موخالەفەی شەرتێکی قانونی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر ئەو دەقە لابەرین لەناو ئەو ماددەیە بەڕاستی، ئەگەر ژنێك غەدرێکی ماددی یان مەعنەوی لێکرا، بچێ شەکوای خۆی بەرێت بۆ کوێ؟ کە نەصێك نەبێت لێرە دیفاعی لێ بکات، چۆن دیفاع لەخۆی بکات؟ ئینجا تەعەهودیش زەعیف ترە لەوە ئیمکانیەتی تەحقیق هەر نەمێنێت باشترە، هەر بەموتڵەقیەت تحقیق العدل في القسم ئەوە ئەکەوێتەوە سەر زەمیری پیاوەکە، کە تا چەند تەحقیقی ئەو عەدلە ئەکات، یەعنی هەر تەحقیقەکە بە موتڵەقی بمێنێتەوە، ئەی ئیتر باشە ئافرەت بچێ لەکوێ دیفاع لەخۆی بکات، لە حەقی خۆی بکات، نە لە قەسەم، نە لەپارە، نە لە هیچ شتێکی تردا، باشە چ نەصێك هەیە دیفاعی لێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێکەڵاوییەك هەیە، ئەوە لەکاتی مارەبڕینەکەدا چەند شەرتێك پێویستە هەبێت یەك: ژنەکە ڕازی بێت، دوو: پیاوەکە دەوڵەمەند بێت، سێ: ئەگەر ژنەکە نەخۆش بێت بە مەلوسی کە تەقریری توبیە یان موستەمسەکاتی ڕەسمیە، بەڵام ئەمە تۆ ئەڵێیت امکانیە تحقیق، باشە من ئێستا ڕێگا ئەدەم بە لیژنەکان دواجار ڕەئی خۆیان وەکو شەخص با بدەن، فەرموو کاك سعدالدین.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك بەڵێن ئیشکالێکی دروست کرد، کاتێك وتی ئەوە ڕەئی قازیەو پرسیاری لێ ئەکات، پێشی دخولە، یەعنی هەروەکو لە قسەی جەنابیشت دێتە دی کە پرسیارەکە پرسیارێکی حەشوە، ئەگەر لە زوجەکەی دەکات، بەس لێرەدا دەتوانین حەلی بکەین، یشترط تحقیق العدل بین الزوجین في القسم وغیرە من الالتزامات الزوجیة بعد الدخول، بۆ چی؟ ئەگەر لەپاشان ئەو قەسەمەی نەکرد واتە عەدلی جێبەجێ نەکرد، تخلف احد الشروط یعاقب الزوج، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەر موقتەرەحەکەی کاك زانا ئەگرێتەوە، بە تەعەهودەکە حەل ئەبێت، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن مـەوزوعێك بـاس ئەکـەم لـە ئـەمریکا چـۆن چارەسـەری ئەمـەیان کـردووە، حـاکم کـە ئافرەتەکـە و پیاوەکەش بانگ ئەکات، لێی ئەپرسێت ئەڵێت فلانی کوڕی فلان یان فلانی کچی فلان تـۆ ڕازیـت کـە ژیـان، لەگەڵ فلانی کوڕی فلان ببەیتە سەر بە خۆشی و ناخۆشی بـە نەخۆشـیش ئـەم پرسـیارە لـە هـەردووکیان ئەکات، هەردووکیان وەعد ئەدەن ئەڵێن، بـەڵێ ڕازیـن، یـەعنی تەعـەهود ئـەدەن هـەردووکیان بـەو شـێوەیە ژیان بەرنەسەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئێمە ناگرێتەوە، ئەوە زەواجی کاسۆلیکیە بـە نەخۆشـی، بەهـەموو شـتێك هـەر قبوڵـە، پەخشـان خـان ڕەئیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ مانەوەین بەس موشکیلە نیە، ئەگەر کەلیمەی امکانیەت لابرێت، تەعەهود نابێـت، چـونکە لـە پێشەوە ئەڵێت تحقق الشروط التالیة، یەعنی شەرتی دانـاوە، ئەمـە ڕاسـتە لـەوەختێ کـە ئەچـێ ژنـی دووەم مـارە ئـەکات، نـازانێ ئـەتوانێ ئـەو عەدلـە بکـات یـان نـا، بـەڵام ئەمـە ژنەکـە ئـەتوانێ ژنـی یەکـەم، دوایـی بەلگەیەك بێت بەدەستیەوە بەپێی ئەم بڕگەیە بچێ بـۆ مەحکەمـەو موقـازاتی پیاوەکـە بکـات، بـۆ ئـەوەی بگەڕێتەوە عەدالەت بکات لە نێوانیاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها ئەوەندە بۆ تەوزیح، یقدم التعهد قبل الاجراءات، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە تێکەڵ کردنە، بەڕای من قازی قـەت ناتوانێـت، ئەگـەر لێـرە جێگـای بکەینـەوە بـەو ماددەیـە مەحکەمەو جەزای پیاوەکە بدات، ئەگەر ئەیگوازنەوە بۆ شوێنی دیکە، ئـەوە موشـکیلە نیـە، مـن لەگەڵیـدام بەس با لە جێگایەکی تر بێت، چونکە ئێرە جێگای ئەو نیە، با تێکەڵی نەکـەین، گـەرنا خـۆ مـن دژی ئـەوە نیم نەقڵی بکەن بۆ شوێنێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو نەصەی لە ئەصڵی قانونەکـەدا هەیـە، کـە هـاتوون گۆڕانکارییـان تێـدا کـردووە، ئـەو نەصـەی ئێسـتایان هێناوە، پێیان وایە عەینی شت ئەگرێتەوە بـەس فـەرقی هەیـە، نەصـە قەدیمەکـە زۆر تەبیعیـە و دەکرێـت

**دەڵێت(اذا خیف عدم العدل بین الزوجات فلا یجوز التعدد ویترك تقدیر ذلك للقاضي) ئەوە شتێکی جیاوازە، کاك شێروان (او اذا خیف) باشتر نیە، لەوەی ئێستا.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەقەناعەتی من ئەوەی لە قانونی پێشتر هەیە، بەقوەت ترە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**یەکەم شت، ئەوەی لە قانونی پێشتر هاتووە بزانن چیە، وەکو کاك شێروان وتی زۆر بەقوەت ترە، ئەگەر هەموو ئەو شەرتانەش کە گوتوومانە، ئەو هەموو شەرتانەش موتەوەفیر بوون، ئەگەر قازی گەیشتە قەناعەت کە ئەو پیاوە لەگەڵ ئەو ژنە ناتوانێت عەدالەت هین بکاتن مارەییەکەی نابڕێتن، ئەوە بەقوەتترە، شەرتێکی فەوقە لعادەیە، یەعنی شەرتەکان بەردەوامن، یەك/ ژنەکە دەبێت موافیق بێت.**

**دوو/ ئەگەر نەخۆش بوو تەقریر توبی هەبوو عوقمە، یان موعاشەرەی جنسی و ئەوانە.**

**سێ/ پارەی هەبێتن.**

**چوار/ ئەوانە بەردەوامن، سابتن، لە جیاتی ئەوەی کە ئەوەمان نووسیووە، شەرتێکی تریش، ئەوە بمێنێتەوە بۆ قازی، ئەگەر ئەو شەرتانە هەمووی موتەوەفیر بوو تەقدیری خۆی ئەوە بوو بە رەغمی خۆی کە هەموو ئەو شەرتانە موتەوەفیرن، ژن موافیقە، پارەی هەیە، ئیمکانیاتی هەیە، نەخۆشیەکەو نازانم چی، بەڵام قازیەکە گەیشتە قەناعەت کە ئەو پیاوە عەدالەتی پێ ناکرێت، مومکینە تەماشا بکات بڵێ ئەوە عەقڵی تەواو نییە، خۆی لە تەقریرەکان نەنووسراوە، کە قازی گەیشتە ئەوە رەغمی ئەو شوورتانەی تێدا موتەوەفیرە، ئەو پیاوە راستگۆ نییە بە رەغمی ئەوەی موستەمسەکانی تەقدیم بکرێت، بە رەغمی ئەوەی ژنەکە موافیقە، بەڵام قازی گەیشتە ئەو قەناعەتە، ئەوە قوەتێکە بۆ ئەوەی شەرتێکی بەقوەتە، زۆر زۆر باشترەو قابیلی ئەوەشە هین بکرێتن، فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەگەر ئەوە بێت تۆ بتەوێت ئەمە وەکو شەرتێك دابنێیت، کە ئەمە ناپێورێت، دەتوانیت بە شێوازێکی تر بنووسیت (اذا لم یکن هناك امکانیة لتحقیق العدل بین الزوجتین في القسم وغیره من الالتزامات المادیة والمعنویة فلا یأذن القاضي بالزواج الثاني)، تۆ هێناوتە تێکەڵکێشت کرد.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرموو، کاك عەونی قسەی هەیە، سارا خان نوقتەی نیزامی هەیە.**

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هەر چەند بەنیاز نەبووم لەسەر ئەو فەقەرانە قسە بکەم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە قسەیە، من نامەوێت، نوقتە نیزامیەكەت چیە؟

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تۆ هێناتەوە وەكو شەرت، لە قانونە كۆنەكەی باری كەسێتی شەرت نییە، فەقەرەیە، یەعنی شەرتی زەواج دووانە لە قانونە كۆنەكە (ويشترط لاعطاء الاذن تحقق الشرطين التاليين) دووەم، بەس ئەوەی جەنابت باست كرد فەقەرەیەكی دیكەیە، هەر لە زەواج لە قانونی ئەحوال شەخصی، جا ئەگەر لێرە بكرێتە شەرت، ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە شەرت نییە وایە، بەڵام لێرە تەفسیری ئەو فەقەرەیە ئەوەندەیە لەوەوە هێناویانە كردویانە بە ئیمكانیەت وەكو شەرتێك، كە ئەو شەرتە ئیمكان نییە تەحقیق بێتن لەبەردەم قازی، بۆیە ئێمە هین دەكەین، بە هەر حاڵ كاك عەونی قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دووبارە قسەكانم تكرار دەكەمەوە، تەئیدی قسەكانی كاك زاناو دكتۆر كەمال دەكەم صیاغەكەی بەو شێوەیە بنووسرێتەوە (ان يتعهد الزوج امام المحكمة قبل اجراء العقد بتحقيق العدل بين الزوجين في القسم وغيره من الالتزامات الزوجية المادية والمعنوية)، تەئید قسەكانی كاك عەدنانیش دەكەم، ئەگەر ئەو فەقەرەیەش بمێنێتەوە لە فەقەرە پێنجی لە ئەسڵی قانونەكە (اذا خيف عدم العدل بين الزوجات فلا يجوز التعدد ويترك تقدير ذلك للقاضي)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحە بەو شێوەیەی صیاغە كرا، موقتەرەحی تازەتر هات لەهەمووان هینترە، لەجیاتی ئەو فەقەرەیە كە ئیمكانیەكە (ج)ەكە وای لێ بێتن (ان يتعهد الزوج امام المحكمة قبل اجراء العقد لتحقيق العدل بين الزوجين في القسم وغيره من الالتزامات الزوجية المادية والمعنوية)، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە، كاك شێروان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت قانونەكە قانونێكی سەقەت دەرنەچێت، لێرە كە دەڵێی ئیمكانیەتی تەحقیقی عەدل، ئەو ئیمكانیەتە هەر بۆ قازی گەڕاندۆتەوە، دەچیە سەر قانونی پێشتر ئەو ئیمكانیەتە هەر بۆ قازی گەڕاوەتەوە، ئێستا بێت زەوج تەعەهود بدات لەو ئیلتیزاماتە هەمووی دەرباز بێت و قەناعەت بە قازیش بكات وەڵلا من ئیمكانیەتی تەحقیقی عەدلم هەیەو ئیزنەكەم بدێ، یەعنی كامیان بەقوەتترە، لەسەر قازی

بەجێ بهێڵینەوە، یان لەسەر لایەنی تر بەجێ بهێڵین، من ئەوەندە لە ئێوە دەپرسم، تەعەهودەکە زۆر زەعیفە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی وەڵامی دەداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نامانەوێت ئەو فەقەرەیە فەقەرەکانی تر بخوات، ئەوە ئیزافەیە تەئکید دەکەینەوەو شروتی قورس دادەنێینە سەر پیاو، ئەو کەسەی کە بەنیازە ژنی دووەم بهێنێت ئەو شەرتەش ئیزافە بکرێتە سەری، هەتا مەجالی ئەوەی نەدرێتی ژنی دووەم بهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کاك شێروان هینی کرد، دەکرێت تۆزێك ئەگەر تەعدیلی موقتەرەحەکەی کاك دکتۆر کەمال و کاك زاناو کاك عەونی و برادەرانی تر وا بکرێت (ان یقدم الزوج تعهداً خطیاً امام المحکمة بتحقیق العدل بین الزوجین في القسم وغیره من الالتزامات الزوجیة والمادیة والمعنویة)، ئەوە تۆزێك هینی دەکاتن، یەعنی تەقدیمی وەسیقەیەك دەکاتن بە کتابێك کە تەعەهودی تێدا بێتن و عەدالەت دابین بکاتن لەنێوان هەردوو ژنەکەی، لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت و ژنان موافیقن، ئێستا دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان لەجیاتی ئەو فەقەرەیە (یقدم الزوج تعهداً خطیاً امام المحکمة بتحقیق العدل بین الزوجین في القسم وغیره من الالتزامات الزوجیة والمادیة والمعنویة)، دیسان نوقتەی نیزامیت چیە؟ فەرموو. کاك شێروان، (اذا خیف العدل) لە ئەسڵەکە نییە، لە مەشروعەکە لادراوە، من لەگەڵتم تەئیدی ئەوەم کرد، کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی مەجالی نادەنە ئێمە کو ئەم وەکو بەرخودانێ تەقریری دیفاعێ بەرەڤانی ئیشی خۆ بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵاهی کاك خەلیل تۆش ئیتیهامەکەی، دوو جار ناوم هێنای کە قسە بکەیت دەرچوو بووی، فەرموو نوقتەی نیزامیت چیە؟

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دوو جارە جەنابت دەست بە ئێمە بەرز دەکەیتەوە، دوایێ کە یەکێك دەست بەرز دەکاتەوە، دیسان دێیەوە سەر موناقەشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**نوقتەی نیزامیەکەت راستە، بەڵام نوقتەیەکی حەساسە، نامەوێت فەرزی شتێك بکەین پێش ئەوەی روون بێتن و هەموو لە برادەران قەناعەتیان پێ بێت، ئەگەر وا تەفسیلم نەکرد بوایە، ئەو فەقەرەی لە ئەسڵ هاتووە دابین بکەین سبەینێ زۆر لە حاکمەکان دێن دەڵێن ئەوەتان چۆن نووسیوە، وەکو هەندێك قەوانینی تر کە کراوە، لەبەر ئەوە هەندێك جار ئەگەر قسەکەت راستە، بەڵام هەندێك جار ئەوە پێویستە، بۆ ئەوەی بگەینە ئەو حەللەی کە قانونی بێتن، مەسەلەن زۆر جار رێگە دەدەمە کاك شێروان و کاك عەونی، ئەوانە قانونینە زیاتر، بۆ ئەوەی لە ناحیەی قانونی غەڵەت نەکەین، فەرموو کاك خەلیل.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ببوورە، من بە ئیجازە دەرچوو بووم، داوای لێبوردن دەکەم، ئێمە تەبعەن تەقریرمان هەیە، تەئیدی پرۆژەی حکومەتمان کردووە، کە وەکو خۆی هاتووە (امکانیة تحقیق العدل)، نەك لە ئەمە، لە زۆر شتەکان مەوزوع بوو تەقدیری قازی دەبێت، قازی نەزەرێکی مەوزوعی، نابێت موحابات نابێت تەعەسوف، خۆی و زەمیری خۆی، بەڵام ئەسڵ لە قەزا ئەوەیە مەجالی بدەیتێ و تەفسیری خۆی هەیە، تەقدیری خۆی هەیە، ئالیاتش هەیە بۆ ئەو تەقدیرە، ئێستاکە تۆ بڵێیت (یقدم تعهد) ئاخر ئەو تەعەهودە بۆ چیە؟ پێشی ئیجرائی عەقدە، باشە ئیجرائی عەقد کێن؟ دوایێ ئیلتیزام بەو تەعوهودەی نەکات، چی لێ دەکەیت؟ باشە ئەم ژنە حەپسی ئەم پیاوە دەکات، شەش مانگ لەسەر ئەوە دەگیرێت، دوای ئەوە نەتیجە چی دەبێت، ئاخر موشکیلەی زۆر بۆ ئێمە دروست دەکەیت بەبێ مانا، تۆ شتێکت دانا تەحقیقی عەدل، کابرا قازییە سەیری دەکات، دەزانێت ئەم پیاوە بەم سەرو بەرە، بەم وەزعە ئیمکانیەتی باسی موبەریراتی ئەوەی ئیمکانیەتی ئەوەی هەیە، یان نا، خۆی میحرارێك نییە، مقیاسێك نییە، مەستەرەیەك نییە بێژت عەدالەت ئەوەندە تەقدیرەو ئەوەیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**مەشروعەکە ئێستا تەواو، مەشروعەکە هاتووەو دیارە، لیژنەکانیش پشتگیریان لێ کردووە، موقتەرەحێکی تازە هاتە پێشەوە، کاك کەمال قسەی کرد، کاك زانا قسەی کرد، کاك عەونی قسەی کرد، هەندێك برادەرانیش قسەیان کرد، ئەویش ئەوەیە نەك موقتەرەحەکە، پێموایە ئەوە هەر زیادە، بەڵام ئەو موقتەرەحە تازەیە، لەبەر ئەوەی تازەیە زیاتر لە دوو ئەندام تەقدیمیان کردووە، ئەوەل جار ئەوی دەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا، دەگەڕێینەوە سەر ئەسڵەکە، فەرموو کاك کەریم.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە سێ کەس داوامان کردووە ئەو بڕگەیە ئەسڵەن لێرە لا ببرێت لە شوێنێکی دیکە جێگەی بۆ بکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەوە بە شروتی تەعەدود ناشێتن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، عەفوم دەکەیت، یەکێك داوای کردووە کە لابدرێت ئەویش خۆم بووم، ئێستا دوو موقتەرەحە، موقتەرەحی تازەکە دەخەمە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا، ئەو وەختی دەچینەوە سەر ئەسڵەکە، لەجیاتی ئەو فەقەرەیەی کە نووسراوە دەڵێت (امکانیة تحقیق العدل) زۆر قسەی لەسەر کرا، ئێمە ئەو موقتەرەحە تازەیە کە لە لایەن کاك دکتۆر کەمال و کاك زاناو کاك عەونی و هەندێك برادەر کرا، کە موقتەرەحی تازەیە دەڵێت (ان یقدم الزوج تعهداً خطیاً امام المحکمة قبل اجراء عقد الزواج بتحقیق العدل بین الزوجین في القسم وغیره من الالتزامات الزوجیة والمادیة والمعنویة)، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ دەژمێرم (29) دەنگ، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (29) دەنگ، (29) بە (29) دەنگە، خۆم لەگەڵ ئەوەمە ئەو موقتەرەحە بمێنێت، ئەوە تەواو بوو حەسم بوو، بڕۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ملاسعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د- ان لا تکون الزوجة قد اشترطت عدم التزوج علیها في عقد الزواج الاصلي.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەو شەرتەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاساییش لەگەڵ ئەو شەرتەیەو لەگەڵ دەقی بڕگەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی پرۆژەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە هەموو لیژنەکان پشتگیری لەوە دەکەن (ان لا تکون الزوجة قد اشترطت عدم التزوج علیها في عقد الزواج الاصلي)، کاك عادل و کاك عبدالرحمن قسەیان هەیە، فەرموو، کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای تەقریری لیژنەی یاسایی و ئەوقاف بكەین، ئێمە ئەسڵیەكەمان لابردووە، عەقد زەواج ئەسڵیەكە ئەوە نەكراوە، ئەوە یەك راست كردنەوە.

دوو/ پێشنیار دەكەم لە سەرۆكایەتی لەبەر ئەوە ئەو یاسایە زۆر گرنگە سەعات دە كۆبوونەوەكان بكرێت، نەك سەعات یازدە.

سێ/ ئەو شتەی كە باس دەكرێت، كە ژنی بەسەر نێت، ئەوە حەقێكی مەشروعە، بەڵام چەند ژن داوای كردووە، دووش/ تەفویزی تەڵاق هەیە، ئەویش مافێكی ژنان و ئافرەتانە، پێویستە تەوعیە بڵاو بكرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو دوو مافە كە عەقدی زەواج تەسبیت بكرێتن، نەك تەنیا لەسەر كاغەز بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم بڕگەیە لەگەڵ بڕگەیەكی پێشوو حاڵەتێك هەیە، رەنگە هاودژی یەك بن، ئەگەر هاتوو ژنێك مەرجی ئەوەی داناوە، نابێت ئەو پیاوە ژن بهێنێت، دوای ئەوەی دەركەوت نەزۆكە، ئێمە لە بڕگەی پێشوودا گوتوومانە لەكاتی نەزۆكیدا بۆی هەیە ژنێكی تر بێنێتەوە، ئەو دوو دژە چۆن چارەسەر دەكرێت؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەم نەصەی تێدا بێتن، یەعنی فەرزە ئەگەر نەخۆش بێت، ئەگەر نەخۆش نەبێت مەنعی كردووە، ئەم نەصە لە عەقدەكە هەبێتن حاسمە، كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعيل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاكە پێشی كە دەنگەكە بدرێتن، بۆ ئێمە وازیح نەبوو دەنگ بۆ كام لا بدەین، یەعنی تێكەڵیەك هەبوو، من داوا دەكەم دووبارە دەنگ بدرێتەوە، تۆ ئەوەلی گوتت ئەو موقتەرەحەی تازە، دوایێ دەرچوو هی كۆن، بە هەر حاڵ من حەز دەكەم جارێكی دی دەنگدان بدرێتەوە، بۆ ئەوەی وازیح بۆ كام لا دەنگ بدەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمن سەعات و نیوێك قسەمان لەسەر كرد، هەموومان دەزانین دەنگمان بۆچی داوە، ئەگەر جەنابت بە تەنیا دەنگت بۆ شتێك داوە، ئەوە مەسئوولیەتی خۆتە، كاك دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منــیش هــەمان ڕەئیەكــەی كــاك عادلــان هەیــە، ئەمــەیان ئــەوەی یەكــەم ڕەفــز دەكاتــەوە، تەبعــەن ئەمــە بەهێزترە، بە قەناعەتی من بەهێزترە، لەبەر ئەوە هەر ئەوەندە بۆ شەرح كردن، ئەمە ئەوەی یەكەم ڕەفز دەكاتەوە، لەبەر ئەوە من بە پێویستی دەزانم بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێموایە لە ڕووی یاساییەوە، ئــەوە دووبارەیــە، بــەلاّم بەشـێوەیەكی دیكــە، بــە صــیاغەیەكی دیكــە، ئێمــە مافمــان داوەتــە ژن كــە ڕەزامەنــدی ژن وەربگیرێــت، كەواتــە لێــرە ئــەو (اشــتراط)ە زیــادە، شــتێكی زیــادە لــە عەقدەكە بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەنگە لە سەد هەزار حاڵەتدا، حاڵەتێكی وا نەبێت، شتی وا مــن هــیچ نەمبیســتووە، لــە ژن و مێــرد كردنــدا، ژنەكە دەبێت بڵێت ئیلا لە عەقد بنووسرێت كە ژنی دووەم لەسەری نەهێنێت، تەنیا ئەوەم لێرە بیستووە، بەلاّم باشیشە تێدا بێت، شەرتێكی هین و ئەوانەیە، بەڵێ كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربــەی كاتــەكان نــاو دەنووســرێت و موناقەشــەكان تــەواو دەبێــت، یــەكێك لــەو بەڕێزانــە شــتێكی بــەبیر دەكەوێتــەوەو دەســت هەڵــدەبڕێت و شــتێكی تــازە دەهێنێتــە پێشــەوە، جــارێكی دیكــە موناقەشــەی لەســەر دەكرێت، ئەگەر بكرێت موناقەشەكان كەمێك چڕ بكرێتەوە باشترەو لە قازانجی پرۆژەكەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پــێش هــەموو شــتێك بــەخۆتان بڵــێن لــە لیژنــەی داكــۆكی كــردن لــە مــافی ئافرەتــان و ژنــان، خۆتــان ئــاڕائی موختەلیفتان هەیە، سۆزان خانە، خەمان خانە، ئەوە خۆتانن، لە ئێوە زیــاتر حەماســەتیان هەیــە، فــەرموو دكتۆرە ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بوونی ئەو مەرجە لــەناو گرێبەســتەكە، مانــای ئەوەیــە ســەرەتا لــە كــاتی بەســتنی گرێبەســتەكە، هــەردوولا لەســەری ڕێككــەوتوون، واتــا ئافرەتەكــەو پیاوەكــە، ئینجــا بۆتــە مــەرجێك، بۆتــە بڕگەیــەك، بەنــدێك لــە

گرێبەستەکە، مانای ئەوە نییە کە ئافرەتەکە سەرەتا شتێکی فەرز کرد بێت لەسەر پیاوەکە، خۆیان هەردوولا لەسەری ڕێککەوتوونە، زۆر ئاساییە کە لێرە هەبێت، وشەی (اصلي) کە لە ئەسڵی پرۆژەکە هەیە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و ئەوقاف لابردراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو خاڵەی کە لەلایەن هەر سێ لیژنەکەوە ئیقتیراح کراوە، بەبێ ئەوەی کەلیمەی ئەسڵیەکە زیادە لە عەقدی زەواج پێویست ناکات ئەسڵی، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، خاڵی دواتر.

**بەڕێز ملاسعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هـ- اذا تخلف احد الشروط المذكورة يعاقب الزوج والزوجة وولي الزوجة اذا كان مقصراً بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولا تزيد عن سنة وبغرامة قدرها عشرة ملايين دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەکان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی بەشێوەیەکی تر دامانڕێشتۆتەوە بڕگەی (هـ- كل من اجرى بعقد الزواج باكثر من واحدة خلافا لما ذكر في فقرات (أ، ب، ج، د) من ثانياً من هذه المادة يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد على سنة وبغرامة لاتقل عن خمسة ملايين دينار ولاتزيد على عشرة ملايين دينار).

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەیە، خاڵی (ه) لە پرۆژەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەی لیژنەی مافی مرۆڤ لەگەڵ پرۆژەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێش ئەوەی قسەتان بدەمێ، شەرحی تۆزێك ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاساییتان بۆ بکەم، بۆچی وای لێهاتووە، لە ئەسڵەکەیدا دەڵێت (اذا تخلف احد الشروط المذكورة يعاقب الزوج والزوجة وولي الزوجة اذا كان مقصراً بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولا تزيد عن سنة وبغرامة قدرها عشرة ملايين دينار)، لێرەدا

دەڵێت (كل من اجرى عقداً) یـەعنی (زوج و زوجـة) قازییەكـەش دەگرێتـەوە، مەلایەكـەش دەگرێتـەوە كـە خارجی مەحكەمە رەنگە شتی وا بكاتن، ئەوە زۆر بەقوەتترە، لەبەر ئەوە حەقـە لیژنـەی داكۆكی كـردن لـە مافی ئافرەتان و ژنان پشتگیری لەوە بكەن، ئەوە ئـەو مەلایـەش دەگرێتـەوە كـە خـارجی مەحكەمـە شـتی وا دەكاتن، حاكمیش دەگرێتەوە ئەگەر گوێ نەدات و ئەو شەرتانە جێ بـەجێ نـەكات، كـاك كـەمال قسـەیەكی هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە دەڵێت (كل من اجرى عقداً) ئەمە رێگا دەداتە ئەوە كە مامۆستایەك، یان فەقێیەك لە دەرەوەش عەقد بكات، بۆیە پێویستە لێرە روون بێت، تەنها قـازی عەقـد بكـات، مامۆسـتاش ئەگـەر بێـت لـەلای قـازی بێـت، یەعنی بە یەكەوە بیكەن بە غـەیری ئـەوە (كـل مـن اجـری عقـداً بـالزواج بـأكثر مـن واحـدة) نـەك (بـأكثر واحدة) (بواحدة او اكثر)، یەعنی ئەوەش (بواحدة او اكثر) هەر زەواجێك كرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئەوقاف رەئی خۆی نەگوتووە.

**بەڕێز ملاسعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی لە كۆبوونەوەكەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی قانونی سێ رەئـی جیـاواز هـەبوو، رەئیـەكیان ئـەوە بـوو كـە ئیختیار لە دەستی حاكم بێت لە مەبدەئی غەرامـەو لـە مەبـدەئی حـەبس و یـان هـەردووكیان، رەئـی ئێمـە ئـەوە بـوو بـەس مەبـدەئی غەرامـە بێـت، حەبسـی لەگەڵـدا نـەبێت، چـونكە ئـەوە تـەبیعی جونحـە نییـە، موخالەفەی شروتە، رەئی لیژنەی قانونی بە زۆرینە ئـاخیری گەیشـتە سـەر ئـەوەی كـە مەبـدەئی غەرامـەو حەبس هەبێت، یەعنی دوو رەئی جیاوازە، زۆرینەی لیژنەی قانونی و زۆرینەی لیژنەی ئـەوقاف، زۆرینـەی لیژنەی قانونی لەگەڵ ئەوەدایە كە حەبسی لەگەڵدا نەبێت، بەس غەرامە بێت، ئینجا غەرامەكە هەرچـەند بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان قسەت هەبوو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەكرێت هەردوو فەقەرەكە، یـەعنی ئـەو پێشـنیارەكەی لیژنـەی یاسـایی و ئـەوەی لـە مەشـروعەكە هـاتووە تێكەڵ یەك بكرێت، بۆ ئەوەی مانای ئەوەی كە لـە فەقـەرەی (هـ) پرۆژەكـە هـاتووە روون بێـت، چـونكە لـە پرۆژەكە دەڵێت (اذا تخلف احد الشروط المذكورة)، یەك شەرتیان نەبوو، یەعنی ئـەوە نابێـت، بـەڵام ئەمـەی لیژنەی یاسایی ئیحایەكی وایە، ئەگەر یەك هەبوو، دوو هەبوو، سێ هەبوو بێت، بۆ ئەوەی بـە وازیـح بێـت،

ئەوەی لیژنەی یاسایی ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە هەر کەسێك ئەو عەقدەی کرد، یەعنی بکەوێتە ژێر سزاوە، بەڵام ئەو (احد الشروط المذكورة) تیایدا سابت بێت، یەعنی هەر بە نەبوونی یەك شەرتیان مانای ئەوەیە نابێت، ئێمە لەگەڵ مانەوەی غەرامەو حەبسەکەین، یەعنی لا نەچێت، غەرامەکەش کەم نەکرێتەوە دە ملیۆن بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیە بەجێیە، دەکرێت بەوە چاك بکرێت (كل من اجرى عقد الزواج باكثر من واحدة خلافا لما ذكر في اي من الفقرات)، دوایی چاك بکرێتن، دەمێنێتن خیلافەکان لەسەر ئەوەی لیژنەی ئەوقاف دەڵێت عقوبەکە تەنیا پارە بێت، هەردوو لیژنەکەش سزای تریشی تێدایە، دکتۆرە رۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

خیلافەکەمان لەسەر ئەوە بوو ئایا عقوبەی غەرامەو حەبس پێکەوە بێت، یان تەنها غەرامە بێت وەکو لیژنەی ئەوقاف داوای کردووە، ئەگەر هەردوو عقوبە بێت، هەروەکو لە قانونەکەدا هەیە، لە واقیع دادوەر کە بڕیار دەدات زۆربەی زۆری غەرامەیە، واتا لێرە ئەو کەسەی کە باری ئابووری باشترە دەتوانێت غەرامەکە بدات سەرپێچیەکە بکات، ئێمە نەمانویست ئەو جیاوازییە بمێنێت لەنێوان ئەو کەسەی کە باری ئابووری باشەو تواناى ئەوەی هەیە کە غەرامەکە بدات لەنێوان ئەو کەسەی کە باری ئابووری باش نییەو توانای نییە غەرامەکەی بدات، بۆیە پێمان خۆش بوو عقوبەی حەبسەکە بمێنێت، دوایی ئەو حەبسە تەنها لەو حاڵەتەیە ئەو کەسە سەرپێچی بکات، ئەگەر سەرپێچی نەکرد ئەوە سزایەکە نادرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرمووو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە منیش لەگەڵ ئەوەدامە، کەوا رەچاو نەکردنی یەك لە شەرتەکان ئەوە هەڵبوەشێتەوە، ئەوە یەك.

دوو/ من پێشنیازی ئەوە دەکەم، لێرە مادام مەسەلەکە خێزانی تێدا هەیە دەڵێم هاوسەرگیریەکە ئەگەر بێتو غەرامە بێت لەگەڵ حەبسەکە، من پێشنیازی ئەوە دەکەم هەر حەبسەکە بێت بە تەنها، بەڵام جێ بەجێ بکرێت، چونکە لێرە مەسەلەی خێزانی و خێزانداری دەکەوێتە گۆڕێ، لێرە دەڵێت ئەگەر بێتو لە گرێبەستەکە سەرپێچی کرا، یەك لەوانە ئەگەر پیاوەکە، یان ژنەکە، یان سەرپەرشتیاری ژنەکە، لێرە مەسەلەی خێزان دێتە گۆڕێ، چونکە ئەوانە بێ سەرپەرشتیار دەمێننەوە، بێ کەسێك دەمێننەوە کەوا سەرفیان لێ بکات لە ژیانی رۆژانەیان، تەنیا حەبسەکە بمێنێتەوە، ئەویش تەتبیق بکرێت لەماوەی شەش مانگدا، تا ساڵێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵائەوەی ڕاستی بێت منیش، لەگەڵ مانەوەی حەبسەكەم چونكە، ئەگەر حەبسی لەگەڵ نەبێت، واتە تەنها غەرامە بێت، ئیعتیادی ئەوانەی بەزۆری كە ژن ئەهێننەوە، دەوڵەمەندەكانن و غەرامەكە ئەدات و لەسەر ئیشەكە خۆی بەردەوام ئەبێت، لەسەرووی ئەوەشەوە ئێمە ئەم قانونە بۆ تەحزیر دەرئەكەین، بۆ شتێك دەرئەكەین كە نەكرێت، كە تۆ عقوبەی حەبسەكەت دانا، پارەكەت دانا، ئەو بەرەو ئەوە ئەچێت كە نەیكات، بەڵام عقوبەی حەبس لابرا ئەو ئەیكات، مەبەستی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پیشتیوانی لە لیژنەی یاسایی ئەكەم، پێم وایە تەنها حەپسەكە بێت غەرامەكەی تێدا نەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێكم هەیە، نازانم لەم بڕگەیەدا یان لە كۆتایی ماددەكە جێگای ئەبێتەوە، بەڵام مادام وەلی ئەمری قاصر ناوی هاتووە، من پێشنیار ئەكەم لە خوار تەمەنی 18 ساڵەوە بەهیچ شێوەیەك گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجام نەدرێت لە مەحاكمدا، وەلی ئەمریش نەگرێتەوە، چونكە هەموومان عەقدی زەواجمان لە مەحاكم ئەنجام داوە، پێویستی بە بوونی وەلی ئەمر نەكردووە، ئەمە ئەو غەرامەو حەبسە ئیجحافە بە حەقی وەلی ئەمر ئەكرێت لەو حاڵەتەدا، بۆیە پێشنیار ئەكەم لەخوار تەمەن 18 ساڵەوە گرێبەست ئەنجام نەدرێت، دووەم: لە موقتەرەحی لیژنەی یاسایدا هاتووە، ئەڵێت هەر كەسێك بەشدار بێت لە پرۆسەكەدا، لە پرۆسەی عەقدی زەواجدا لەوانە حاكم، قازی ئەگرێتەوە، ئەمە تەزاروب ناكات لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری، چونكە تۆزێك پێش ئێستا لە موقتەرەحێكی كاك دكتۆر كەمالدا، كاك شێروان سەرۆكی لیژنەی یاسایی باسی ئەوەی كرد، ئێمە بۆمان نیە زەوابت یان لەڕووی یاساییەوە نەشیاوە زەوابت بۆ قازی دابندرێت، لەكاتێكدا ئێمە لێرەدا سجن و غەرامەشمان بۆ داناوە، پرسیارەكەم ئەوەیە، ئایا ئەمە تەزاروب ناكات لەگەڵ دەسەڵاتی ئەنجومەنی قەزادا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم پێش هەموو کەسێك ئەبێت پابەند بێت بەیاسا، ئەو یاسایانەش جێبەجێ بکات کە لەپەرلەمان دەردەچێت، ئەندام پەرلەمانیش ئەگەر پابەند نەبێت ئەبێ موحاسەبە بکرێت، چونکە ئەوە ئصولی هەیە، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەربارەی ئەو خاڵە بەڕەئی من واباشترە تەنها هەر حەبس بێت باشترە، بۆ ئەوەی عەدالەت جێبەجێ بکرێت لەبەینی فەقیرو دەوڵەمەند، ئەوەی دەوڵەمەندە پارە دەدات وهیچ منەتێکیشی پێی نیە، بەڵام فەقیرەکە پارەی نیەو حەبس دەبێت، لەبەر ئەوە داوا ئەکەم حەبسەکە بێت بۆ هەموو لایەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن احمد بۆ دابین کردنی عەدالەت فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە، لەباتی (و)ەکە ئەو بێت، یەکێك لەو مەرجانە، ئەویش یاسا چەند ئاسان بکرێت، ئەوەندە تەنفیزیشی بۆ یاسای و بۆ مەحاکم ئاسانترە، بۆ یەکێك لەو مەرجانە بۆ ئاسان کردنی تەنفیزی بۆلای قازی، لەبەر ئەوە عەواقبی خراپتری بەدوادا نەیەت، لەوانەیە بەپارەکە بێت ئەو کاتە، ئەگەر سجنەکە بێت ئەو پیاوە حاڵەتێك ئەیگرێت بەیانی تەڵاق و عەواقبی خراپی بەدوادا دێت، لەباتی (و)ەکە ئەو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لە کۆتایدایە نازانم ئێوە چۆنتان نووسیوە، ئێمە یەکمان تەعدیل کرد، دوو، سێمان هەیە، من پێم باشە مەرجەکان ئەوە لەژێر سەقفی چوارەمدا بێت، بڕگەی (هـ) بکرێت بە پێنجەم، من لەگەڵ ئەوەشم عقوبەی حەبس و غەرامەکەش هەبێت، بەم شێوەی لێ بێت، (کل من خالف احکام هذه المادة یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر و لاتزید عن سنة، وبغرامة قدرها عشرة الاف دینار)وە لەگەڵیدا بنووسرێت ئەو بڕگەی خوارەوە کە واوە ئەویش دەمج بکرێت لەگەڵی، (ولا یجوز للقاضی الحکم بایقاف تنفیذ العقوبات المذکورة في هذه المادة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من یەك ڕەئیم هەیە، با شتەکان بە چاوی دەرەوەو ئەورووپا سەیر نەکەین، نەفسیەتی کۆمەڵگای خۆشمان بخوێنینەوە، بەحەقیقەت من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە حەبس هەبێت لەناو ئەو قانونە بۆ پیاوەکە، چونکە ئایا دوای ئەوەی کە ئەو ئافرەتە شەش مانگ یان ساڵێك پیاوەکەی خۆی کردە سجن، لەدوای دەرچوونی و گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە شتی تر ڕوونادات واتە تەلاقدان ڕوو نادات، بۆیە من لەگەڵ حەبسەکە نیم بەس غەرامەکە موشکیلە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو بڕگەی کەلە پرۆژە ئەصڵیەکەدا هاتووە، لەبەر ئەوەی هەندێ شتی ورد کردۆتەوە باش دەیبینین، لەبەر ئەوە لێرە باس لەوە ئەکات، سزای وەلی زەوجە دەدرێت، ئەگەر( اذا كان مقصراً) لێرەوە وا نووسراوە، وا بزانم دەبێ قاصرە بنووسرێت، جارێ من پرسیار ئەکەم بۆ کێ ئەگەڕێتەوە موقەصیرەکە؟، چونکە لە هەندێ حاڵەت هەیە هەر لەیاساکەدایە، کە دوایی دێینە سەری لەکەمتر لە 18 ساڵ، جاری وا هەیە وەلی مارەی دەبڕێت، بۆیە سزای ئەویشی تێدا بێت زۆر باشترە، لەگەڵ سزای حەبسیشداین، چونکە غەرامە بەتەنها چارەسەری کێشەکە ناکات، حەبس با بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە هەردوو عقوبەکە بمێنێتەوە، نازانم ئەوەی دکتۆرە ڕۆژان دیاری کرد، کە ئیمکانە کە عقوبەکە حبس یان غەرامەکە بێت، لە نەصەکەی لیژنەی قانونی ئەوە نەهاتووە، دەڵێت (يعاقب بالحبس و بالغرامة)، یەعنی هەردووکی تێدایە، ئەمە یەکەم شت، دووەم: لە ئەصڵەکەدا ڕەنگە باشتر هاتبێت، (اذا تخلف احد الشروط) ئەگەر لێرەدا لەعەقدەکە احد شروتەکە تەنفیز نەکەین، بە چ شێوەیەك موحاسەبە ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان سلێمان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەم خاڵە، لەگەڵ ئەوەدام کە تەنها سزای حەبسەکە هەبێت، سزای پارەکە نەمێنێتەوە، چونکە لەوانەیە بۆ ئەوەی خێزانەکە تووشی کێشە نەبێت، تووشی گرفتی ئابووری ئەبنەوە، بەس حەبسەکە بمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیارێکم هەیە، وا دیارە لە ئاینی ئیسلامیش کە هاتووە، ئەوەش لەو کاتەدا هاتووە کە شەڕ وشۆڕێکی زۆر هەبووە، ڕێژەی بێوەژن زۆر بووە، بۆیەش ئەو مەرجانە هاتووە، بەدەر لەوەش کە ئەو هەموو ژنەی کە پێغەمبەر(ص) هێناونی تەنها یەکێکیان کچ بووە، کە حەزرەتی(عائیشە) بووە، هەموویان بێوەژن بوون، ئێمەش کە ئیسلامین بە زۆرینەی دەنگەکان قەیدەکەمان داناو وتمان مەنعەکە ئەوەیە، کە لەوانەیە خیلافی ئیسلام بێت، بەهەمان زروفیش تێپەڕیوین، بێوەژنمان زۆرە بەدەست کێشەیەکی تریش بەهۆی عورفی خۆمان دەناڵێنین، ئەویش ئەوەیە کە زیاتر کچی ئێمە مەسەلەن پارچەی کوردستانی باشوور کە هەیە، ئەوەی کە هاوسەرگیری ئەکات، تەنها لەم پارچەیە ڕوو ئەدات، واتە لەپارچەکانی تر ژن و ژن خوازی ناکرێت، واتە لەگەڵ رۆژ هەڵات و رۆژ ئاواو باکور ناکرێت، بۆیە من پێشنیار ئەکەم یەکێك لە مەرجەکان ئەوە بێت، ئەگەر ئەمانەوێت بەدروستی بیچەسپێنین بەمەرجێك، کە ئەمەیە زیاد بکرێت ژنی دووەم یان بێوەژن بێت، یان سەرووی تەمەنی 30 ساڵی بێت، کە ئەوەش فعلەن ڕێژەی قەیرە کچ لەنێوان ئێمە کەم ئەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من، لەگەڵ دەقی ئەو برگەیەدام، بەڵام دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان: لێرەدا سزا تەنها بۆ ئەو کەسانە دانراوە کەوا ڕاستەوخۆ بەشداری ئەکەن لەو ڕێککەوتنەدا، بۆ ئەو کەسانەی دی کەوا وەکو مەلا یان وەکو قازی بەشداری ئەکەن، ئەوە سزای تایبەتیان بۆ دانراوە کە پاشان باس ئەکرێت، بەڵام حەتا سەبارەت ژنی دووەم پێویستە لێرەدا ئێمە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەواندا، چونکە دوێنێش من ئاماژەم بەباری ئابووری کۆمەڵگای کوردی کرد، وتم چەندین کچی وا هەیە، لەبەر بێ کەسی لەبەر ئەوەی کەلە حاڵەتێکی زۆر زۆر خراپدا دەژی لەژێر دەستی باوەژندایە، لەژێر دەستی براژنێکی خراپدایە خوا خوایەتی لەو ماڵە دەربچێت، حەتا بچێتە ماڵێکی دی کەوا ژنێکی دی تێدا بێت، لەم حاڵەتەدا ئێمە ناکرێ کەوا بڵێین ئەو ژنەش وەکو ئەو ژنە  سزا بدرێت کەوا لەبەر سامان و سەروەتی ئەو پیاوە شووی پێکردووە، پێویستە ئەو دەسەڵاتە بە دادوەر بدرێت، بۆ ئەوەی جیاوازی بکات لەنێو ئەو ژنەی لەبەر بێ کەسی ونەداری شووی کردووە بەسەر بەهەوێ، لەگەڵ ئەوەی لەبەر سەروەت و سامانی ئەو پیاوە شووی پێکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانی من دووبارەیە بۆ ڕای برادەران زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ڕەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە تێگەیشتنی من (كل من اجری عقداً بالزواج) بەس مێردەكە دەگرێتەوە قازی و شاهیدی و ئەوانە تۆ عەقدەكە لەبەردەم قازیدا ئەكەیت و بە حزوری قازی دەبێت، قازی عەقدەكە ناكات تۆ و ژنەكە عەقدەكە ئەكەن، لەبەر ئەوە قازی عەقدی نەكردووە، عەقدەكە بەس ژن ومێردەكە ئەگرێتەوە، بۆ كەسایەتی قازیش من پێم ڕەوا نیە بیخەینە بەردەمی لێ پرسینەوەی هەبێت بەجۆرێكی تر كە یاسای قوزات بۆی داناون، نەك ئێمە بیخەینە سجنەوە وەكو مێردێك حسابی بۆ بكەین، كە ئیشێكی ناڕەوای كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر بۆ وەڵامی جەنابت كاك دكتۆر ڕەمەزان قازی مەسئولیەتی لەوەدایە ئەگەر ئەو شەرتانە موتەوەفیر نەبوو، عەقدەكەشی كرد ئەو كاتە ئەویش تەرەفێكە لە عەقدەكەدا، ئیمزای ئەكات، ئەگەر قازی نەبێت عەقدەكەش نیە، مەسئولیەتەكەی لەوەدایە تەماشا بكات بزانێ ئەو شەرتانە موتەوەفیرە یان نا، كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانی من كران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ جعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەقەدەر دەكەس دژی فرەژنیم، من ئیشیشم بۆ كردووە، خەڵكیشم هانداوە كە نەیكات بە دوو هاوسەر، شاهیدم زۆرە، ئەمە یەك، دوو: من سەیرەكەم ئەمە ژن هێنان نیە، ئەمە ئیعدام كردنە، ئەمە خەڵك بۆ جەهەنم بردنە، سێ: مەبدەئی حەبس لێرەدا گەورەترین موشكیلە بۆ خێزان دروست ئەكات، قەت مومكین

نیـە پیاوێـك لەسـەر ژنێـك حـەبس بكرێـت، پاشـان بێتـە نـاو خێزانەكـەو لەگـەڵیان دابنیشـێتەوەو بـژی، غەرامەكە جائیز ترە، بەڵام حەبس زۆر قورسە لێـرەدا بـۆ هاوسـەرگیری، لەبـەر ئـەوە مـن پێشـنیار ئەكـەم حەبسەكە لابچێت، با بەس غەرامەكە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی ڕەئیەكم هەیە بەس نەڵێیت توندە، دڵی كەسیش عـاجز نـەبێت مەبەسـتم نـەبووە، ئەگـەر دوێـنێ برایەك یان خوشكێك عاجز بووە، من  هەوڵم داوە قسەكانم بە مونتەهای ئـەدەب بێـت نـە تەزكیـەی خـۆم بكەم و نە تۆمەتی كەسیش بكـەم، ڕەئیەكـەم جیـاوازە لـەو مەوزوعـە لـە ڕەئـی هـەموو ئەنـدامان لێـرە، لـە لیژنەی قانونیش موناقەشەم كرد نەگەیشتمە قەناعەت، بۆیە لێرە دووبـارەی دەكەمـەوە، پیاوێـك دەچـێتە بەردەم قازی و داوای مارەبڕینی ژنـی دووەم دەكات، قانونەكـەی خوێنـدۆتـەوە بـەپێی ئـەو قانونـە دەیـەوێ بچێ ئیزنـی قـازی وەربگرێـت، بەحسابی خـۆی هـەموو موستەمسـەكاتێكی تـەواو كـردووە، قـازی هـەموو شتەكانی لێ دەپرسێت وئیزنی دەدات ودەڵێ ئەوە عەقدەكەم بۆ كردی، پاشان ئەگـەر خەلـەلێك هـەبێت لـە عەقدەكە تاوانی چیە ئەو پیـاوە و ئـەو ژنـە و ئـەوانی تـریش، ئەگـەر تاوانێـك هـەبێت ئـەوا تاوانەكـە هـی قازییە، هی ئەوانی تر نیە، پاشان قازی چۆن ئیزان ئەدات كاتێ كە شـەرتێك تەخـەلوف بكـات لـەو عەقـدە، ئـەوە چ قازییەكـە شـارەزای قـانون نـەبێت، یـەعنی ئـەوە فەرەزییەكـە لەسـەر سـوئی زەن بینـا كـراوە، قازییەكانمان زۆر شارەزا نین، ئاگادار نین قانون جێبەجێی ناكەن، چۆن ئیزنـی عەقـدێكی زەواج دەدات كـە یەكێك لە شەرتەكان تەخەلوفی كردووە، من تێناگەم، پاشان ئەگەر عەقدەكـە لـە دەرەوەی مەحكەمـە كـراوە هـی دووەم، ئایـا ئێمـە لەباسـی تەسـجیلی عەقـدی زەواج لـە لاپـەڕەی پێـنج باسمـان كـردووەو عقوبەیـەكی توندیش دانراوە، هـەر كەسـێك ژنـی دووەم بهێنێـت ولـەدەرەوەی مەحكمـە بێـت، پاشـان كەچـوو تەسـجیلی زەواجەكە بكات، عقوبەیەكی زۆر سەختی بۆ دادەندرێت، كە سێ ساڵ سجن بـاس دەكرێـت، بۆیـە مـن پـێم وایـە هـاتنی ئـەو عقوبەیـە لێـرەدا جێگـای نابێتـەوە، ئەگـەر هەشـە ئـەبێ تـەنها بـۆ قازییەكـە بێـت، قازییەكانیشمان گومانی باشمان پێیان هەبێت، موخالەفەی قانون ناكـەن، پـێم وایـە شـتێكی زۆر زۆر سـەیر ئەبێت، كە ئەو مەسەلەیە لێرە دێت، داوای لێبوردن ئەكەم، ئەبێ هەر سووریش بین لەسەری لە كۆتاییەكە بنووسرێت ( مالم تكن الزوجة الثانیة ارملة) بۆ تەشجیعی زەواجی دووەم لە ئەرمەلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی 40ی قانونە کۆنەکەدا باسی تەفریقی قەزائی ئەکات، بڕگەیەکمان هەیە، کە ژنی دووەم بێ ڕێگە پێدانی دادوەر یەعنی لێرەدا، ئەگەر ژنی دووەمی هێنا و دادوەر ڕێگای پێنەدا، مەسەلەن ئەتوانێ لەبواری تەفریقدا، بەڵام لێرەدا عقوبەکەی بۆ مێردەکە گەڕاندووەتەوە، کە ئێمە لێرەدا ئەڵێین(کل من اجری) کە مەلاو ئەوانە ئەگرێتەوە کەدەستیان هەبووە لەوەدا، ئایا ئەوە تەناقوز ناکات، لەگەڵ ئەو بڕگەی ماددەی 40دا ئەمە یەکەم، دووەم: دکتۆرە ڕۆژان خوێندیەوە ئەوەی لیژنەی یاسایی باسی ئەکات، ئەڵێ ئێمە حەبسەکە بۆیە دائەنێین لەگەڵ غەرامەکەدا بۆ ئەوەی فەقیرو دەوڵەمەندەکان فەرقیان نەبێت، بەڵام ئێمە لە شروتەکاندا ئەرکانی مادديمان کرد بەشەرتێك، کەوابوو هەر ڕێگامان کردۆتەوە بۆ دەوڵەمەندەکان، فەقیر ناتوانێ ژن بهێنێ، ئێمەش باسی مەرج و شروت ئەکەین، ئەگەر خاریجی مەرج وشروتەکە بێت، سێیەم: ئایا ئەمە ڕێگا نادات کە ئێمە حەبسەکە بکەینەوە ئەو مەجالە ڕێگا نادات بەوەی بچێت لەخاریجی هەرێم لە پارێزگاکانی تر مارەی ببڕێت، ( کل من اجری) ئەو کاتە چۆن ئەبێت، مەسەلەن عقوبەی ئەو ئەحوالی شەخسیە یان مەحاکمی ئەو شوێنانەی کە باسمان کردن دوێنێ وتمان کەرکووك وچەند شوێنێکی تر، ئایا تۆ ( کل من اجری) بێنی عقوبەی ئەوانە ئەدەیت، کە لەوێ تەسجیلی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی دوێنێش ئیشارەت کرا، کە ئەو کەسەی بچێت لەدەرەوەی هەرێم ئیجرایەك بکات، ئەمە بگەڕێتەوە ئێرە حوکمی قانونی ئێرەی لەسەر تەتبیق ئەکرێت، ناکرێت ژنێکی مارەکردبێ و بێتە ئێرە، هەمان شەرت لێرە قبوڵ ناکرێت، نە تەسجیلی بۆئەکەن و نە قبوڵیشی ئەکەن، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێت من قسەکانم کران، بەس من دوو پێشنیارم هەیە، یەکێکیان ئەوە بوو کە تازە جەنابت ئاماژەت پێدا، ماددەیەکم صیاغە کردووە بەو شێوەیە، دەڵێت (یمنع تسجیل اي عقد زواج اخر لدى سجلات الاحوال المدنية ما لم يكن صادراً من احدى محاكم الاقليم المختصة) ئەگەر ئەو نەصە دابنێین لێرەدا ئەوا ڕێگە دەگرێت لەو عەقدی زەواجانەی کە لەدەرەوەی هەرێم دەکرێت، چونکە هەر عەقدێك بکرێت لەدەرەوەی هەرێم ئێمە مولزەمین لێرە جێبەجێی بکەین، مەرجێکی تریش، چونکە لێرەدا هاتووە ئەو مەرجانەی کە دیاری کراوە (أ، ب، ئەوانی دیش)، من مەرجێکم داناوە سەبارەت بەوە تەنها بگوترێت، (ان تكون الزوجة الثانية في العقد الرابع من عمرها على الاقل) واتە لە چل ساڵیدا بێت بەلانی کەمی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئێمە کە ئەڵێین (کل من اجری) مەبەستمان پیاوەکەیە، خۆی دوێنێ کە ئێمە دەنگمان نەدا بۆ مەنع دەنگمان بۆ تەقید دا، ئۆتۆماتیکیەن یەعنی تەقیدی ئەکەین، خۆی وا تەسەور نەکەن تەقید ئەبێ شەرتەکانی زۆر موریح بێت، کابرا زۆر بەئاسانی بچێ ژنی دووەم بهێنێ، ئێمە مەبەستمان تەقیدە، ئەبێ بزانن ئێمە باسی تەقید ئەکەین، هەتا چەند قورسیش بێت ئەوە داوای ئێمەیە، ئێمەی ژنانین ئەمانەوێت وابێ، حەزەکەم بەسەراحەت ئەوە بزانن، کە تەقیدیش هەبوو من، لەگەڵ ئەوەدام حەبسیش و غەرامەش هەبێت، چونکە کە تۆ شتێکت کردووە، خەتایەکت کردووە، چی تیایە با عقوبەی بدەین، با ئێمە فێری ئەوە بین کە سزاکە قبوڵ بکەین، مادام غەڵەتمان کردووە با سزاکە قبوڵ بکەین، لەگەڵ ئەوەشدام کە هەردووکیان بمێنێتەوە، ئەگەر حەزیش ئەکەیت من ئیقتراحی ئەوەش ئەکەم کە زیاتر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە نوقتەی نیزامی من و کاك محمد حکیمە، چونکە لە دوێنێوە هەندێ لە پیاوەکان دڵیان خۆشە، ئەگەر لێرە نەتوانن ئەچنە دوبزو کەرکووك و ئەو شوێنانەی تر عەقدەکە ئەکەن، بەڵام ئەوە ناکرێت، چونکە لە هەرشوێنێك تۆ بتەوێت عەقدی زەواج بکەیت، ئەبێ نفوسی ئەو ناوچەیەت هەبێت، ئەگینا ناتوانی، بۆیە لە هەرشوێنێك بێت ئەبێ تەئیدی نفوس بێنێ، لەبەر ئەوە با دڵیان خۆش نەکەن بەو مەوزوعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا وا لێرە دەردەچێت کە هەندێك لەو بەڕێزانە وا ئەزانن ئەمە لە صاڵحی پیاوە، بابە دوو ژنی ماڵوێرانیە بۆ ئێوە، محاوەلە بکەن ئەو قیودانە چەند سەخت بێت، بۆ ئەوەی کەس غەڵەتی وا نەکات، ئەوە یەك، دووش: بەنیسبەت ئەو غەرامەو حەبسەوە، من لەگەڵ ئەوەدام کە دەبڵ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەر لە پێش چاویان بێت، کەس محاوەلە نەکات ژنی تر بهێنێت، ئێمە ئەو مەرجە سەختەمان دانا بۆ ئەوەی هەنگاوێك بێت بۆ بەرەوپێش و لە داهاتووشدا باشتر بەرەو پێش بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەصڵی خاڵەكە، كە لیژنەی قانونی تەعدیلی كردووە، دەڵێت (كل من اجرى عقداً بالزواج باكثر من واحدة خلافاً لما ذكر في اي من الفقرات)، ئەوە لەسەر داوای لیژنەی مافی ژنان و ئافرەتان بوو، الواردة في المادة الثالثة من القانون، يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد على سنة و بغرامة لاتقل عن خمسة ملايين دينار ولاتزيد على عشرة ملايين دينار) لیژنەی ئەوقاف دەڵێت فەقەت با پارە بێت، زیندانی تێدا نەبێت، زۆر قسەی لەسەر كرا، ئیقتراحی لیژنەی ئەوقاف، كەئەڵێت با بەتەنها غەرامەكە بێت، مامۆستا خەلیل قەست هەیە، فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە هەموومان ماندووین و مێشكمان ماندووە، من نازانم ئێمە لە لیژنەی یاساییش بەڕاستی یەك دەنگ نەبووین، لەسەر ئەو مەوزوعە، هەر جیهە جیهە بووین لە بیدایەت، لێرە باسی عقوبە هەیە، تەبعەن فەلسەفەی عقوبە لە تەئریخ بەسێ قوناغ تێپەڕیوە، مەرحەلەی یەكەم: (ثأئر الانتقام)ە، مەرحەلەی دووەم: تەكفیری زنوبە، مەرحەلەی سێیەم: باسی تەحقیقی عەدالەتەو ئیصلاحی گیانیە، ئێستا تەوەجوهی سائید لە مەسائیلی عقوبات ئەوەیە، كە تا بكرێت عقوبە موقەید بێت بۆ حوڕیەت ئەوە باشترە، بە غەرامە چارەسەر ناكرێت، دیراسات ئێستا بەزۆری لەسەر ئەوەیە، ئەوە یەكەم شت: دووەم: لێرە ئێمە ئەڵێین (اذا تخلف احد الشروط كل من اجرى عقداً) ئێستا قازی ئیزن ئەدات، نابێ قازی ئیزن بدات هەتا تەحقیق و تەئكید بكات ئەم مەرجانە هەبێت، بەڵام ئەگەر ئیزنیدا، بەڵام مەرجێكی تێدا نەبوو، تۆ ناتوانی لێرەدا ئەو عقوبەیە تەنفیز بكەیت، ڕەئی من لێرەدا جێگای ئەم عقوبەیە نیە، چونكە عقوبە لێرەدا تەنها باسی ئەوە دەكات، موخالفی ئیزنی قازی ئەویش لازمە لە شوێنێ بێت، كە خارجی مەحكەمە بێت، چونكە ئێستا قازی ئیزن نادات تا ئەم مەرجانەی تێدا نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر قازی ئیزنیدا، دوایی تۆ ناتوانی تەجریمی ئەمە بكەی ئیكتیسابیەتی شەرعیەت بكات قانونەكە، ئەمە هەر نابێت لێرەدا، ئەگەر ئێمە بیكەن تەبعەن لە شوێنی تر، (حبس او غرامه او بهما يان كلاهما) یەعنی ئەوە بوو، بەڵام لێرە جێگای ئەوە نیە، ئێستا مرور ئیجازەی سیاقە دەدات بە كابرایەك، دوایی دەرئەكەوێت كە سائق نیە، بەڵام خۆی شەرعیەتی وەرگرتووە بەو ئیجازەیە، كەوابێ لێرەش قازی ئەگرێتەوە، ( كل من اجرى) قازیش ئەگرێتەوە، قانونیەن تەنها ئێمە ئەتوانین وا بكەین، زوجە كە خاوەنی شەئنە ئەتوانێ تەعن لە ئیزنی قازی بدات كە ئەم مەرجانەی تێدا نەبێت، ئەگەر تۆ ئیزنتدا تێیدا بێت یان تێیدا نەبێت، تۆ ناتوانی ئیكتیسابی شەرعیەت تەجریم بكەیت، تۆ ناتوانی عقوبەی بۆ دابنێیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەو ماددەیەدا لەو پرۆژە، چەند مەرجێکمان داناوە، زۆر ئاساییە، ئەگەر سزاشی تێدا بێت واتە پێچەوانەی یان سەرپێچی ئەو مەرجە بکات، بەو شێوە سزا دەدرێت، سەرپێچی نەکرد زۆر ئاساییە سزاکە نایگرێتەوە، لێرە سزاکە تەنها بۆ ئەو حاڵەتانەیە کە (أ، ب، ج، د) لە بڕگەکەدا هاتووە، کێشەکە لەبەر چیە؟، سەبارەت بە حەبس و غەرامە، وابزانم کاك دیلمان لەمن غەڵەت تێگەشت، من داوای هەردوو سزام کرد، هەروەکو زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی یاسایش، لەگەڵ ئەوەدا بووین کە هەردوو سزاکە بمێنێت، بەس وتم لە ئەصڵی یاساکە حەبس یان غەرامەیە، ئەویش لە واقیعدا کێشەکانی زیاد کرد، چارەسەری نەکرد، چونکە لە مەحاکمی ئەحوالی شەخصیدا زۆربەی زۆری کێشەکان دادوەر کە بڕیار دەدات، بڕیارەکە بەزۆری بەلای غەرامەکەدا دەچوو نەك حەبسەکە، بۆیە ئێستا پێمان باشە هەردووکیان بەیەکەوە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ تەئیدم بۆ هەموو قسەکانی دکتۆرە ڕۆژان، دووبارەی ئەکەمەوە، ئەگەر مەسەلەی حەبس نەمێنێت بەتەنها غەرامە بێت، دەوڵەمەندەکانیش بۆیان هەیە ژن بهێنن، غەرامەکە ئەدەن ولێی دەرئەچن وتەقیدەکە نامێنێت، ئەگەر بکرێت ئێمە، لەگەڵ ئەوەداین حەبسەکە شەش مانگ بۆ ساڵێك بێت، و غەرامەکە دە ملیۆن بێت، نەك پێنج بۆ دە ملیۆن بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئەوقاف بۆ دواجار دیفاع لە وجهە نەزەری خۆی ئەکات، فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دائیمەن ئەبێ ژنی یەکەم بچێت ڕەفعی دەعوا بکات، ئەو خاوەنی شەئنە دەی وەڵڵاهی پیاوەکە هەر لە دەرگای سجن نەچووەتە ژوورەوە ژنەکەی تەڵاق داوە، ئەوە شتێکی موتەبەعەو حەز ئەکەم بزانن، یەعنی ئەوە مەشاکیل زیاتر ئەکات، بۆ قەزییەی حەبس دوایی باسی غەرامەکە ئەکەن، کە کەم وزیاد بکرێت ئەوە چەند زیاد بێت موشکیلە نیە، دوایی فەقیر کەی پارەی هەیە، بچێت دوو ژن بهێنێت، باشە کەی مەجالی دەدرێتێ دوو ژن بهێنێت ئێمە باسی ئیمکانیەی مالیمان کرد، حەقی فەسخی هەیە حەتا ئەگەر شتەکەش ببێت، بەو مەرجانەی کە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی موقتەرەحەكەی لیژنەی ئەوقاف بخەینە دەنگەوە، دەبێ دوو وشە ئیزافە بكرێت،(كل من اجرى عقداً بالزواج باكثر من واحدة خلافاً لما ذكر في اي من الفقرات) ئەوە ئیزافە بكرێت( اي) و كل حسب مسؤولية) ئەوەش ئیزافە بكرێت، لەبەر ئەوەی هەندێ مەسئولیەت هەیە هی پیاوەكەیە هەندێكیشی هی ژنەكەیە، هەندێكیش هی قازییە، ناكرێت تۆ مەسەلەن ئەوەی ژنی دووەم دێنێت تەعاهودەكەیدا، بەس درۆیە، ئیخلالە ئەوە قازی مەسئولیەتی نیە لێرەدا، یان موستەمسەكی هێناوە، تەقریرێكی توبی هێناوە كە درۆیە، قازی لێرەشدا مەسئول نیە لەوە، شاهیدەكان بەدرۆ سوێندیان خواردووە، تەنها ئەوان مەسئولن، بۆیە لێرەدا(كل حسب مسؤولية) ئەوە ئیزافە بكرێت، ئەمە یەك، دووش: ئەو دوو ڕەئیە پەیدا بوون كە یەكێكیان دەڵێت (ئەو سزایە بەس پارە بێت یان پارەو حەبسەكەش بێت) لیژنەی یاسایی زۆرینەیان، لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ و ئافرەتان، دەڵێن با هەردوو سزاكەی تێدا بێت، لە لیژنەی ئەوقافیش هەموویان ئەڵێن تەنها با غەرامەكە بێت، واتە پارە بێت، لەبەر ئەوەی موقتەرەحەكەی لیژنەی ئەوقاف تازەیە، یەكەمجار ئەو دەخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە؟ ڤیان خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێنج، شەش ئەندام پەرلەمان ڕەئیان وابوو، وتیان با حەبسەكە بێت، ڕەئی سێیەمیش هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێنج، شەش ئەندامەكە كێ بوون غەیری خۆت؟ ئەوەی گوتی تەنیا زیندان بێتن، پارەی تێدا نەبێت، كاك ئاریێز تۆش بووی.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من خوێندنەوە بە ئەوە تێگەیشتبوو، نەك بە هەردووكی، ببوورن من لەگەڵ هەردووكیمە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ بوو داوای كرد سزایەكە بەس زیندانی تێدا بێت، پارەی تێدا نەبێت، هەردوو ڤیان، ئەویش تەڕاجوعی كرد، ئەگەر سێ كەس نەبێتن نابێتە پرۆژە، ئێستا موقتەرەحی لیژنەی ئەوقاف هەندێك ئەندامی پەرلەمانیش پشتگیریان لێ كرد، كە دەڵێت سزایەكە تەنیا غەرامە بێت، كێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی ئەوقافە دەستی بەرز بكاتەوە؟ دەیژمێرم (17) دەنگ، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆرینە لەگەڵدا نینە، زۆر سوپاس، كەواتە هەردوو سزایەكە دەمێنێتەوە حەبس و غەرامە، لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان دەڵێت پارەكە كەمە، زیاد بكرێتن، ئێستا هەردوو سزایەكەی تێدایە لە ئەسڵی یاسایەكەدا هاتووە، كە لەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤیش پشتگیری لێ كردووە، لیژنەی

ئەوقافیش پشتگیری لێ کردووە، دەڵێن پارەکە لە پێنج ملیۆن کەمتر نەبێت، لە دە ملیۆنیش زیاتر نەبێت، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان دەڵێت لە دە ملیۆن کەمتر نەبێتن، ئەسڵی پرۆژەکەش واهاتووە دەڵێت لە دە ملیۆن کەمتر نەبێتن، با لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی مافی مرۆڤ دەڵێن سزایەکە پارەکە کەمتر نەبێتن لە پێنج ملیۆن زیاتریش نەبێتن لە دە ملیۆن، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان دەڵێن ئەسڵی پرۆژەکە دەڵێتن لە دە ملیۆن کەمتر نەبێت، یەعنی دە ملیۆن مومکینە زیاتر دەڕواتن، پەخشان خان نوقتەی نیزامت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکە (بغرامة قدرها عشرة ملايين دينار) نەك کەمتر نەبێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی موحەددەد بە دە ملیۆن، لیژنەی مافی مرۆڤیش لەگەڵ ئەسڵی مەشروعەکەیە، دەڵێت غەرامەکە دە ملیۆن بێتن، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان دەڵێن دە ملیۆن بێت، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف کەمتر نەبێت لە پێنج ملیۆن لە دە ملیۆنیش تێپەڕ نەبێت، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان موقتەرەحێکی تازەیە، کە پشتگیری کراوە لە لایەن لیژنەی مافی مرۆڤیشەوە دەڵێت سزایەکە لە ناحیەی ماددیەکەی دە ملیۆن بێتن، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ موقتەرەحی تازەیە هی دە ملیۆنەکە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ دە ملیۆنەکە تەسبیت بوو، کەواتە ئێستا خاڵەکە دەخوێنمەوە بەو تەعدیلاتەی کە کراوە، خاڵەکەی وای لێ دێتن (كل من اجرى عقداً بالزواج بأكثر من واحدة خلافاً لما ذكرت في اي من الفقرات من هذه المادة كل حسب مسؤوليته يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد عن سنة وبالغرامة قدرها عشرة ملايين دينار)، کێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، خاڵی (و) دەمێنێت، فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

و- لايجوز للقاضي الحكم بإيقاف تنفيذ العقوبات المذكورة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەکان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی (و) بەم شێوەیە دامانڕیشتۆتەوە، لە مەبدەئەکە وەکو یەکە (لايجوز للقاضي بإيقاف تنفيذ العقوبات الواردة في الفقرة (هـ) اعلا).

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان نییە لەسەر ئەو فەقەرەیە.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی پرۆژەکەین.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمانوایە ئەوە دەست بەستانی قازییە، چونکە ئەگەر هەر عقوبەیەك لە ساڵێکی کەمتر بوو قازی بۆی هەیە ئیقاف تەنفیز بکات، لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە فەقەرەی (و) حەزف بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەوە رەئی لیژنەی قانونی هەیەو تەئیدی کردیە، بەس من خۆم لەوێش موعتەرز بووم، ئێستاش ئیعتیرازی خۆ نووسیەو تەوقیعی خۆم هەیە، من وا دەبینم ئەمە (لایجوز للقاضي الحكم بإيقاف تنفيذ)، مەوزوعی ئیقاف تەنفیز لە قانونی عقوبات ماددەی (144) لەوێ ئەو حەقەی داوە بە قازی، ئەو ماددەیە لە قسمی عقوبات عامە هاتووە، یەعنی وەکو قەواعید عامە تێدا، لێرە تۆ ناتوانیت بەشتێکی وا ئیلغای بکەیت، یان تەعتیلی ئەوێ بکەیت، یەعنی ئەمە باش نییە، ئەمە لە ماددەی 144 قازی لێرە دەستی دەبەسترێت بە شتێکی عام، قاعیدە عامە بۆ قازی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل من لێرە لە ئێوە فێر بوویمە، زۆر جار لە ئێوەم گوێ لێ بووە (الخاص يقيد العام)، بەمانای ئەوە نا بچێت لەسەر پرۆژەکە، نەخێر بەو مانایە ناڵێم، بەلأم لێرەدا دەکرێتن تۆ کە قانونێك دەردەکەیت، نازناز خان دیسان نوقتەی نیزامییە، یان رەئیە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك مەلا سەعدەدین گوتی ئێمە لەگەڵ لابردنی ئەو فەقەرەیەن، گوتی ئێمە، یەعنی لیژنەکە، کەچی ئەوە لە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لەوێش تەوزیح کراوە، کە لیژنەی ئەوقاف لەوەدا، ئەوانەی ئیختیلافیان هەیە تەوزیحیان کردووە، کەواتە ئێستاکە شتەکە زۆر وازیحە، پێویست بە قسە کردن ناکاتن، قازی کە حوکم دەداتن لە قەزایەی موختەلیف، بۆی هەیە دەڵێت (مع ایقاف التنفیذ) یەعنی رایدەگرێتن لە حاڵەتێکی موعەیەندا، ئەگەر ئەو حوکمەی کە درا بێتن لە ساڵێك زیاتر نەبێتن، بۆی هەیە رابگرێتن، لەبەر ئەوەی مەسەلەن حاڵەتێك هەیە بۆ تێگەیشتنی خۆی دەبێتن، لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ دەڵێن نابێت قازی ئەو حەقەی هەبێتن، ئەو حوکمە دەبێت بدرێتن بەبێ ئەوەی ئەو حەقەی هەبێتن رابگیرێت، لیژنەی ئەوقاف داوا دەکاتن ئەو فەقەرەیە ئیلغا بکرێت، هیچ شەرحی ناوێتن، موقتەرەحی لیژنەی ئەوقاف دەخەمە دەنگدانەوە، کە ئەو فەقەرەیە ئیلغا بکرێتن، کێ لەگەڵدایە بۆ ئیلغا کردنی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو کاك کەریم.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سەبارەت بەوەی کە ئەوانەی گرێبەست، یان عەقدی زەواج لە دەرەوەی هەرێم دەکەن، ئەگەر سبەی رۆژێ بێن لێرە دەبێت جێ بەجێ بکرێت، چونکە بەپێی دەستوور لە هەر محاکمێکی عێراقی قەرارێك دەربچێت واجبی تەنفیزە، ئەگەر ماددەیەکی ئیستسنائی لێرە دانەنێن، ئەو شمولی ئەو قانونە ناکات، ئەگەر ماددەی تێدا نەبێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوایێ ئەوە شروتی عەقدی زەواجە، دەکرێتن ئەو موقتەرەحەی دوایێ کە باسمان کرد، وەکو ماددەیەك تەرح بکەین، ئێستاکە ماددەی سێ کە فەقەرە بە فەقەرە دەنگمان بۆدا، بەو تەعدیلاتەی دەیخەمە دەنگدانەوە، هەمووی خوێندراوەتەوەو ئاگادارینە، ماددەی سێ هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە بە پێناسەوە، بە شروتەکانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، دوو کەس لەگەڵدا نییە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، بەیانی سەعات (11) کۆدەبینەوە، بەلاَم بەیانی لە سێ سەعات زیاتر دانانیشین، سەعات دوو تەواو دەبێتن.

| | | |
|---|---|---|
| **عونی کمال بزاز** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (10)**

**چوار شەممە رێکەوتی 29\10\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (10)

## شەممە ڕێكەوتی 2008/10/29

كاتـژمێر (10،30)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی چـوار شـەممە ڕێكـەوتی 2008/10/29 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز عـدنان رشـاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامادەبوونی بـەڕێز محمـد قـادر عبـدالله(د.كمـال كـەركووكی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز عـونی كمـال بـزاز سكرتێری ئەنجومەن بەوەكالەت, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەم, ساڵی (2008)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیاریـدرا بەرنامـەی كـاری دانیشـتنی ژمـارە (10)ی خـولی دووەمـی هەڵبـژاردن لـە كاتـژمێر (10,30) ی پێشـنیوەڕۆی ڕۆژی چـوار شەممە ڕێكەوتی 2008/10/29دا بەم شێوەیە بێت:

1- بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو وگفتوگـۆكردنی پـرۆژەی هـەمواركردنی یاسـای بـاری كەسـی ژمـارە (188) لەساڵی 1959، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

1- بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو وگفتوگـۆكردنی پـرۆژەی هـەمواركردنی یاسـای بـاری كەسـی ژمـارە (188) لەساڵی 1959، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

بەخێرهاتنی میوانـە بـەڕێزەكان دەكـەین كـە لەسـەرەوە میـوانن بیانیمـان لەگەڵـە، كـاك سـعدیش هەمیشـە بەخێر بێت، داوا لە ئەنـدامانی پەرلـەمان دەكـەم لەلیـژانی پەیوەنـدی دار كـەدوێنی لێـرە دانشـتبوون بـێن لەشوێنی خۆیان دابنیشنن، فەرموو كاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەكەم بۆ سەرۆكایەتی كە دانیشـتنی ئـەمڕۆمان بـەپێی ئـەوەی دوێـنێ بـەڕێوە نەچـێت بەراستی لەكاتی نووسینی ناوەكان، ئەو ناوانەی كە دەنووسرێت هەر ئەوان قسەبكەن نەك هەر كەرەئیـەكی هات قسەبكات، چـونكە ئەگـەر بـەو شـێوەیە بێـت دوێـنێ ئێمـە یـەك دانیشـتنی تـەواومان كـرد تـەنها یـەك مادەمان تەسویت كرد، ئەگەر وابێت بەدوو حەفتەی تریش ئـەوە تـەواونابێت، بۆیـە پێشـنیار دەكـەم ئـەوە زیاتر منەزەم تربكرێت و تـەنزیمی زیـاتر هـەبێت لـەو مەسـەلانە، ئـەوەی كـە نـاوی خـۆی دەنووسـێت، كـە دەستی بەرز كرد مەجالی قسەكردنی دەدرێتێ، چونكە كە مادەكـە دەخوێنرێتـەوە رەئیـەكان دەخرێتـە ڕوو

کێ قسەی هەیە با نەبێت هەرکەس قەسی هەیە قسەی خۆی بکات، دواتر بۆ پێشتر ئەندامی پەرلەمان ئەو پرۆژەیەی خۆێندبێتەوە خۆی ئامادەکردبێت کەدێت بۆ گفتگۆکردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەسیحەتێکی زۆر باشە، زۆر سوپاس بۆ ئەو نەسیحەتە، هەمیشە ئینسان هەتا ڕۆژی مردن پێویستی بەنەسیحەتە، کاك شێخ فتاح نەصیحەتت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەعەکسەوە ئەوەی من نەسیحەت نیە داواکاریە، سوپاسی جەنابت دەکەم ئەگەر ڕێگام پێبدەی، ئەویش بەحەقیقەت من پێم وایە ئەو جەلسەی ئێمە بەمەساری خۆیداناروات، بۆ؟ لەبەر ئەوە چەند لیژنەیەکی پەیوندیدار هەیە بەو مەوزوعە بەتایبەتی لیژنەی قانونی، لیژنەی ئەوقاف، ئێمە تەقریرێکی موشتەرەکمان هەیە یاخود دەبێت لەنوێنەری لیژنەکان کە لەسەر مەنەصەن ڕەئیان وەرگیری یان دەبێت زیاتر ڕەئی دەدەن مەجال بدرێت بەئێمە کە لەسەر مەنەصە نین ڕەئی خۆمان بدەین و دیفاعی لێ بکەین، جا لەبەر ئەوە داوا لەجەنابت دەکەم و سوپاست دەکەم ئەوەی ئەمڕۆ بەمەساری دوێنێ نەڕوات، زیاتر ملاحەزەی ئەو تەقریرە موشتەرەکە بکرێت کە لەبەینی لیژان دانراوە، چونکە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان قانونی ئەحواڵی شەخصی قانونێکی گرنگە و هەستیارە، دووەم: هەموو قانونێکی دونیا لەسەر بنەمای دینەکەی خۆی دانراوە، دینی ئیسلام بێت، مەسیحی بێت، ئیزیدی بێت، هەر دینێك بێت و لەهەر وڵاتێك بێت، من پێم وایە ئەو قانونە کە ئەحواڵی شەخصیە لەسەر بنەمای ئەرکانی ئیسلام ودینی ئیسلامدا دروست بووە، مەفروز وایە ئێمە مولاحەزەو موراعاتی هەندێك لەو بابەتە بکەین، چونکە قانونەکە خۆی لەو بنەمایە هاتووە، ئەوەی دوێنێ کرا، جارێ ئێمە خۆمان قازیمان دوورکردەوە، بێبەشمان کرد لەهەموو شتێك، پێموایە عقوبەشی بۆ دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو کاك شێخ فتاح، کە گەیشتە قازی مەمنوعە باسی بەخراپی بکرێت، دوێنیش باسمان کرد، لەڕاستیدا خۆم دەمەویست هەندێ قسە بکەم، ئەوەی جەلسەی دوێنێ زۆر جەلسەیەکی گرنگ بوو، گەرم بوو، بەڵام یەك شت هەیە 111 ئەندامین لای کەم 80 ئەندام حازرن لێرە، یان 85تان حازن لێرە، بیروڕای جیاواز هەیە، هەر یەکێکتان کەسایەتیەکتان هەیە، مەنبەعی ڕۆشنبیری جیاواز هەیە، خوێندنەوەتان، هەر یەکە ئاستی خوێندنەوەی، تێگەیشتنی، ئەزموونی فەرقی هەیە لەگەڵ یەکتر، لەحیزبی جیاجیا هاتوون، بەڵام کەئیشکالێك دەبێت هەر یەك پێی وایە حەقەکە لای خۆیەتی، پێی وایە ئەگەر بێت قەسەی نەدرێتێ مەعنای وایە ئەوە لە پرەنسیپی دیموکراتی دەرچووە، هەڵەکراوە و سەرۆکایەتی لێی مەسئولە، لێرە لەبەر ئەوەی لەم مەوقیعە دانیشتووم باشتر دەبینم، هەرکامێکتان لێرە دابنیشن وەکو من دەبێنن، چەند مەلاحەزەیەك لەو مولاحەزانەی کاك غەفور وتی، ماموستا شێخ وتی، پێشتریش چەندین مولاحەزە،

جەلسـەی یەکـەم هـەمووتان نـەتانتوانی قسـەبکەن، مـن ناوەکـانم لێـرە نووسـیبوو، زۆریـش بەدیقـەت وبەحیساب هەڵم دەبژارد کێ قسەبکات، لەدەرچووندا ڕێگایـان لێگرتـووم ئـەوەی وتـی ئـەمڕۆ ڕێگـات نـەدا بەئەندامانی یەکێتی باش قسەبکەن، یەك گۆتی پارتییەکان باشتر قسەیان کرد، یەك گۆتی هەردوو حیزبـی ئیسلامی زیاتر قسەیان کرد، یەك گۆتی کەمتر قسەیان کـرد، منـیش وەرەقەکـەم بـاش بـوو لابـوو، تەماشـام کرد ڕەنگە بەسوتفەیش بێت ئەوەندە دیقەت ناتوانم بکەم، بـەلاّم ئەوەنـدە عەدالـەت بـووە، ڕەنگـە ئـەوەی ڕەخنەی لێگرتبوو، کەبلێت پارتی زیاتر قسەی کردووە، دەرچوو پارتی یـەکێك کـەمتر قسـەی کـردووە، یـان ڕەخنـەی گردبێت وتـووبێتی زیـاتر بـوارت داوەتـە ژنـەکان، دەرچـوو نیسـبەتی ژنـەکان کـەلێرە 29 کەسـن بەرامبەر 111 ئەندام هەر ئەوەندە قسەیان کردووە، غێر هەر ئەوەندە داوایان کردووە قسە بکـەن، بـەلاّم یەکێك ئەگەر ڕێگای نەدرایە قسەبکات، مەعنای وا نیە دەبێت پێی وابێت کۆسپە، پێـی وابێـت دانیشـتنەکە خراپە، گفتوگۆکان خراپە، یـان ڕەئیـەك دەدات، ڕەئیەکـە سـەر نـاگرێتن، مـن خـۆم ڕەئـیم دا دوێـنێ سـەری نەگرد، تەئییدی کاك شێروانم کرد وتم باشترە سەری نەگرت، مـەعنای وانیـە بڵـێم پـێم وابێـت هـەمووتان غەڵـەتن ئـەوەی ڕەئیـی ئەکسـەریەتە دەبێـت ڕێـزی لـێ بگیرێـت، بـەلاّم لەگـەڵ ئەوەیشـدا مـن یـەك ڕجـام لەهەموو ئەندامانی پەرلەمان هەیە، ڕاوبۆچوونی خۆیان بەئازادی دەیلێن، پێویسـت بـەوە ناکـات ئیتیهـامی یەکتری بکەین، پێویست بەوە ناکات من ئەگەر ڕەئیەکم داو سەری نەگرت بەوەی تر بلێم تۆ تێناگەی، یـان بچم لەدەرەوە لەرادیۆ یان لەتەلـەفزیۆن، لەجەریدەکانـدا قسـەیەك بکـەم و دڵـی موقابیلەکـە بشـکێنم، یـان ئیتیهاماتی بکەم کە لـە دەرەوەی شـتەکەبێت، ئـەوەی قسـەکراوە لێـرە کـراوە نەتیجەکەیشـی هـەموو ڕێـزی لێـدەگرێت، وهـەموو پابەنـدین پێـی بەئەکسـەریەت و بەئەقەلییـەت، چـونکە ئـەوە مـەوزوعێك نیـە وەکـو بەغـدا بێـت دیموکراتیـەتی تـەوافق بێـت، ئـەوە قانونێکـە بـۆ خـەڵك، لەبـەر ئـەوە قـەت ناکرێـت قانونێـك دەربێنین هەموو پێتان ڕاست بێت، مومکین نیە ئـەوە هـیچ قانونێـك لـەدونیادا دەر نەچـووە، مەگـەر شـتە نۆڕماڵەکان نەبێت کە هەموو بەیەك دەنگی دەنگی بـوو بـدەن، ئـەوەی کـە سـزابێت، ئیختـیلافی هەیـە، پـارە بێت، ئیختیلافی هەیە، دامەزراندنی هەتا کۆلیژێك بێت دووکەس، سێ کەس هەر پێی دەڵێت پێویست ناکات دایبنەین، هەر قەرارێك ئەوەی کە جەماعی دەبێت، ئیلا ئەو قەراراتانەیە کە نوڕماڵن، مەسەلەن دەڵێت ئو قانونـە لـەڕۆژی دەرچـوونێەوە جـێ بەجێـدەکرێت، هـەمووتان دەسـتان بلّنـد دەکـەن، ئـەوە مـەعنای وانیـە ئیختیلاف نیە لەبـەینتان، بـەلاّم ئـەو دووخاڵـەی دوێـنێ موناقەشـەمان کـرد، ئـەو مادەیـەی دوێـنێ وپێـرێ مناقەشەمان کرد ئەگەر ئیختلاف نەبێت تەبیعی نیە، ئیختیلافەکە زۆر تەبعیە، وەکو دەڵێت: (اختلاف امة رحمة) ڕەحمەکە لەچیەوە هاتووە، ئەوەیـە کـە دەگەینـە نەتیجەیـەکی بـاش، ئـەو ئیختیلافـە وای لێـدەکات دەوڵەمەندی ئەو موناقەشە بکەی، ڕەئیی جیابـدەیت، ئیمکانیـەتی ئـەوەی هەیـە غەڵـەت بێـت، ڕۆژگـار کـە ئیسپاتی کرد کە تۆ غەڵەتی پێدادەچیتەوە، دوێنێ مەسەلەن ئێمە لەقانونەکەدا لەسەر داوای لیژنـەی مـافی ئافرەت و ژنان وشەی تەرازیمان ئیزافـەکرد، مـن دوێـنێ تەلـەفۆنم بـۆ هـاتووە لەمامۆسـتا مصطفی زەڵمـی، لەخەڵکی تر لەئەورپا، لە "منذر الفضل" کە شارەزایەکی زۆرە، دەڵێت: ئـەو کەلیمەیـە زۆر زیـادە، چـونکە

عقد تراضي ئەوە عەقدێکی شکڵیە، نایزانم بەحەقیقەدا، دەبێت لێرە بپرسین بزانین وایە یان نا، ئەگەر وابێت دوایی پێدادەچینەوە، کاك شێروان دەڵێت شەرت نیە، یەکێکی تر دەڵێت تەلەفۆن بۆ منیش هاتووە، یەعنی مەقسەدم وایە کە ئێمە بەئەکسەریەتیش لێرە قەرارماندا، ئیمکانیەتی ئەوەی هەیە کەغەڵەت بین، بەشەرە غەڵەت دەکات، لەبەر ئەوە، ئەوەی کە رەئیەکی سەرکەوت، حەق نیە زۆر بەکەیف بێت پێی کە ئەوە سەرکەوتنە بۆ خۆی دەبێت بزانین کە سەرکەوتنە بۆ هەموو پەرلەمان، بۆ قانون، بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دادوەری بگاتە هەموو کەسێك، ئەوەی کە رەئێکی سەری نەگرت دڵ گران نەبێت بەوەی کە رەئیەکەی سەری نەگرت، دیارە حجەتێك هەیە، دیارە ئەسبابێك هەیە رێز لەئەکسەریەت بگرێت، یەکێك ئاماژەی بەناوی قازی هێنا، کاك شێروان ئاماژەی بەوە کردەوە شەتبمان کرد لەمەحزەری جەلسە، ئێمە رێزمان بۆ حاکمەکان هەیە، بۆ قازێەکان هەیە، دەسەڵاتی دادوەری لێرە بەدەنگی ئێوە قانونیکمان دەرهێنا ئەو دەسەڵاتەمان سەربەخۆ کرد 100٪ ، بۆ ئەوەی بتوانێت ئیش بکات، ئێمە خۆمان لێرە موبادەرەیەکی خۆمان بووە، رێزگرتن لەوان دەبێت زۆر زیاتریش بێت، خۆشیان دەبێت هەوڵ بدەن ئەو رێزگرتنەی خەڵك بۆیان زیاتر بێت بەو قانونە و ببێتە ئەمرێکی واقێع، حاکم وقازی لەناوکۆمەڵگادا لەهەموو کۆمەڵگایەکدا دەورێکی گەورە دەبینن، رێزی تایبەتیان هەیە، لێرەیش رێزی تایبەتیان هەیە، یەکێك یان ئەندامێك قسەیەکی کرد مومکینە مەقسەدیشی نەبووە، حەق نیە ئەوانیش دلگران بن، سێ، چوار حاکم دوێنێ تەلەفۆناتیان کردووە ودەڵێن دلگران بوونە لەو وشەیە، باشە یەك ئەندامی پەرلەمان قسەی کردووە وشتبیشمان کردووە وئەویش حەق نیە دلکران بێت، مەقسەدم هەر ئێوە نین، مەسەلەکە زاتیە زۆر جار قسەلەسەر یەکێك دەکرێت، کە مادام هەموو پەرلەمان قەراری نەداوە، تەعبیر لەخەڵك ناکات، تەعبیر لەو کەسەدەکات وئەویش مومکینە بەغەڵەت وتوویەتی، یان هاتبێتە سەر زمانی وهەمووشمان ئیمکانە غەڵەت بکەین، مادام بەشەرین غەڵەت دەکەین، قازیبێت، سەرۆکی پەرلەمان بێت، سەرۆکی هەرێم بێت، سەرۆکی کۆمار بێت، هەموو ئینسانێك هەڵەدەکات، ئەو کەسە هەڵە ناکات کە لەماڵی خۆی دانیشتووە، هیچ ئیشی نییە، مەسئولیەتی نیە، مومکینە هەڵە نەکات، ئەویش هەڵەیەك دەکات، دانیشتنەکە هەڵەیە، هەموو هەڵەیەکیش رێگای قانونی خۆی هەیە، تەعنی لێ بگرێت، قازی ئەگەر هەڵەبکات دەزگای دادوەری خۆی هەیە دەبێت موحاسەبەی بکات وتەعن لەقەرارەکەی بکات، ئەی بۆ مەحکەمەی تەمییز هەیە؟ قەرار لەمەحکەمە دەردەچێت مەحکەمەی تەمییز هەیە ئەگەر هەڵەی کردبێت تەعنی لێ دەدات، لەرۆژنامەدا ئەی هەموو ئەو رەخنانە چیە؟ لەبەر ئەویش ئێمە خۆمان فێری ئەوە بێن هەم رەخنەی بەجێ بگرێن وهەم تەحەمولی تەعن بکەین لەچوار چێوەی رێزگرتن، لەچوار چێوەی نەورۆژاندنی مەسائلی لابەلا، ئومێددەکەم ئەمرۆ دانیشتنەکەمان بەو پێیە بڕوات، من دوێنێ کە سۆزان خانم هێناوە پێشەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ کاك شێخ فتاح دا تەعلیقات لەیەکترنەدەن، لێرەوە چاو لێ بوو، تەعلیقاتیان لەیەك دەدا، بۆ ئەوەی تەعلیقات لەیەك نەدەن، ئێستا لێرە کە دادەنیشن و چاویشم لێتانە تەعلیقات مەدەن و کاك کریم دەتوانێت بێتە تەنیشت د. ئەرسەلان ئەمرۆ، ئەگەر پێت خۆشە

بێیته پێشەوە، سۆپاستان دەکەم و سوپاسی ئەو کەسانەیش دەکەم کە مولاحەزەیان پێشکەش کردووە، لەدوێنێوە هەتا ئەمڕۆ بەڕێوەچوونی دانیشتنەکەی دوێنێ، ئێستایش داوا لەکاک سعدالدین دەکەم ئەصلی مادەی دواتر بخوێنیتەوە، کاک محمد حکیم ئەتەوێ قسە بکەی فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیجازە لەجەنابت دەخوازم بۆ ئەوی چەند دەقەیەك قسەبکەم، ئێمە ئەو خوشك و برایانەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەو ماوەی کە هێناومانە، من یەکێك کەخاڵێك لەخاڵەکان کە دڵم پێی خۆش بێت ئەوەیە کە ئەو یەك ریزیە لەبواری برایەتی و خوشکایەتی نێوان خۆمان پاراستومانە، کە هەموومان لەقاعەی پەرلەمان دەچینە دەرەوە، خاڵێك کە دڵمان پێ خۆش دەبێت و دەچینە دەرەوە سینگمان بەرامبەر یەك پاکەو هەرچی قسەیەکیش هەبێت زۆر جار بەرامبەر بەیەك کە تەجریحی بەرامبەرمان کردبێت زۆر داوای لەیەك بۆردنمان کردووە، ئەوە خاڵێکی ئیجابیە لەنێوان ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە کە دێینە پەرلەمان هەر بەکۆرتی بۆ ئەوەی ئیعادە نەبێت بۆ قسەکانی جەنابت، من ئیسلامی کە هاتوومەتە پەرلەمان دەبێت بەزۆرینە رازی بم، زۆرینەی دەنگ دان ئیلا ئەوەی کە قیادەی کوردی ئەوەی کە دەستور دیاری کردووە، هەندێ سنووری شەرعی نەتەوەیمان هەیە کە دەبێت نەیبەزێنین، ئەوە هەمووومان لەسەری موتەفیقین وەکو میللەتی کورد و هەمووپێکهاتەکانی ئاینەکانی ترو تایفەکانی ترەوە، بەلاّم بەراستی لەم مەسەلەیە هەندێ قسە ئەکرێت لەدەرەوە من لەگەڵ رێزم بۆ قسەکەرەکە برای منە، خوشکی منە داوای لێدەکەم دووبارەی نەکاتەوە، ئەوانە هەندێ بۆچوون دەخەنە ناو شەقامی کوردی ئیستفادەی لێ ناکەین، دەرگای هەندێ سیراعاتی فکری هەیە کە پێم وایە ئیستفادەی لێ ناکەین، ئێمە تەنها شوێنێك دەنگەکانمان یەك لاکاتەوە وهەمووومان پێی پابەند بین سەندوقی هەڵبژاردنەکانە کە ئایندەمان وئەنجاممان وکۆششی هەموو لایەکمان دەردەخات، رەخنە گرتن لەعەقلیەتی پەرلەمان وتەشهیرکردن بەشێوەیەك لەشێوەکان لێی ئەوانەی کە رۆژی یەکەم پاساوی شەرعیان هێناوەتەوە بەشێوەیەك ناویان بهێنی، ئەوانەی کە پرۆژەکەیان داناوە پیاوی بەڕێزن، ماموستایان لەهەموو عالەمی ئیسلامیدا وەکو فەقهی وقانونی وشەرعی دەستیان بۆ درێژ دەکرێت بەتایبەتی مامۆستا زەڵمی، با قسەیەك نەکەین ئەویشمان لێ نیگەران بێت، ئیمە بەحەقیقەت دوێنێ، پێری هەموو قسەکانمان بەتەصویت یەك لاکردوەتەوە، دەبێت لەدەرێش ئاگامان لێ بێت کە هەر تەسریحاتێك دەدەین تەرەف بەرامبەر بریندارنەکەین، من ئیسلامیم نابێت پەرلەمان تەوزیع کەم بەسەر عەلمانی و ئسلامیەت و ئەمە بۆ ئەوی و ئەوە بۆ ئەوی، فیرەق فیرەقی بکەم و لە یەك جیای بکەمەوە، نا خالّی هاوبەشمان زۆرە لەبەرامبەریشا دەبێت بەرامبەریش ئاگای لەشعوری من بێتن، شعورم برێندارنەکات، وام لێنەکات رەدی بدەمەوە، رەدانەوەکە لەنێو شەقامی کوردیا رەنگ بداتەوە، ئەمە خاڵێکی سەرەکی بوو کە ویستم ئاماژەی پێ بکەم، هەندێ قسەی تر هەیە بەڕێزان من لەکاتێکدا دەست خۆشی لەوانە دەکەم کە رێکخراوی ژنان ولیژنەی

داكۆكی لەمافی ئافرەتان و ژنان كە ئەوەی قەناعەتیان پێی هەیە وداكۆكی لێ دەكەن، بەڵام دوو تەكلیفیان لێ دەكەم یەك: پێم خۆشە دوای ئەم پڕۆژەیە، پڕۆژەیەكی باشیش ئامادە بكەن بۆ قەدەغەكردنی لەش فرۆشی وریگرتن لەلەش فرۆشی، چونكە بەئامارەكان رێژەی لەش فرۆشی ورێژەی ئەو گەنجە كوردانەی كە روو لەو خانووانە دەكەن كە لەشارەكانی كوردستان زۆر لە (تعدد) وئەوانەی (تعدد) دەكەن زیاترە لەهەمان كاتدا ئەگەر (تعدد) عەیب بێت، بەراستی بۆ ئەو ئافرەتانە كە لەریزی ریكخراوەكانا چەندەهای چەند ساڵە بانگهێشتی قەدەغەكردنی فرەژنی دەكەن، من پێم خۆشە لەلایەن رێكخراوەكان و لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندیەوە زیاتر ئەوان نەنامۆ بكرێن، چونكە چەنەهای چەند ساڵە هێچ نەكراوە دەربارەی ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك محمد حكیم، كەس ئەو وشەی عەیبەی بەكار نەهیناوە، وشەی زوڵمیان بەكار هێناوە، فرەژنی وتویانە زۆڵمە نەیان وتووە عەیبە، لەبەر ئەوە لەئایەتدا هاتووە دەڵێت: فرەژنی هەیە، بەڵام باسی عەدالەت كراوە، وتوویانە زوڵمە، دەیانەوێ ئەو زوڵمە لابچێت، كاك سعدالدین بۆ مادەی دواتر، ئەصلی مادەكە بخوێنەوە تكایە.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

الفصل اثاني

اركان العقد وشروطه

المادة الخامسة: يوقف العمل بالمادة الخامسة ويحل محلها مايلي:

تتحقق الاهلية في عقد الزواج بتوافر الشروط الواجب توافرها في العاقدين او من يقوم مقامهما وفق احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی قانونی، د. رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەدانیشتنی دوێنێ مادە یەكی راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی یاسایی ولیژنەی ئەوقاف تاوتوێ كرا كە دەكاتە مادە سێی ئەصلی یاساكە، ئەمڕۆ مادە دووی راپۆرتە كە لەراپۆرتەكەداهاتووە بەژمارەی مادە دوو، لەئەصلی یاساكە مادە پێنجە بۆ ئاگاداریتان.

اما فيما يتعلق بالمادة الخامسة من القانون الاصلي فان اللجنة المشتركة تؤيد مضمونها ولا ملاحظات لها عليها وتصبح المادة الثانية من المشروع، كة دةكاتة مادة ثيَنجي ئةصلي ياساكة، كالاتي:

المادة الثانية:

يوقف العمل بحكم المادة الخامسة من القانون ويحل محلها مايلي:

تتحق الاهلية في عقد الزواج بتوفر الشروط الواجب توافرها في العاقدين او من يقوم مقامهما وفق احكام هذا القانون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئەوقاف موشتەرەكە ئەو رەئیەتان وا نیە؟ لیژنەی مافی ژنان وئافرەتان، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچمان نیە لەسەر پرۆژەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك اسعد، فەرموو رەئی لیژنەی مافی مروڤ.

**بەڕێز اسعد شاكر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەمادەی پێنجەم لەپرۆژەی یاساكە ئەندامانی لیژنەمان بەتێكڕای دەنگ پشتگیری لەهەمواركردنەكە دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە مادەیەكە وابزانم زۆر موناقەشە هەڵناگرێت لەبەر ئەوەی هەر سێ لیژنەكە پشتگیریان لێ كردووە، لەئەصڵەكەیدا تەنها یەك جوملە ئیزافەكراوە لەمادەی ئەصڵدا ئەویش: بتوافر الشروط الواجب توافرها في العاقدين، ئەگەر كەسێك قسەی لەسەر نیە دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەو گۆڕان كاریەیە لە مادەكە؟ كە هەر سێ لیژنە پشتگیری لێ كردووە با دەستی بڵند كات تكایە، فەرموون، كێ لەگەڵدانیە؟ ئەوە بەكۆی دەنگ قەبوڵ كرا فەرموو بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

اركان العقد وشروطه

يوقف العمل بالفقرتين (1)، (د)، والفقرة الثالثة من المادة السادسة ويحل محلهما مايلي:

د- شهادة شاهدين متمتعين بالاهلية القانونية على عقد الزواج ويستوي في ذلك الرجل والمرأة.

ثالثا: للزوجة ان تشترط على الزوج تفويضها بالتطليق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی و ئەوقاف، د. رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خامسا: اما فيما يتعلق بالمادة السادسة من القانون والتي ستصبح المادة الثالثة من المشروع فاغلبية اعضاء اللجنة القانونية مع ماورد في المشروع بالنسبة للشهادة اما الاغلبية من لجنة الاوقاف فليس مع ما ورد في المشروع وتكون الصياغة كالاتي:

المادة الثالثة: يوقف العمل بالفقرتين (1)، (د)، والفقرة الثالثة من المادة السادسة ويحل محلهما مايلي:

د- شهادة شاهدين متمتعين بالاهلية القانونية على عقد الزواج ويستوي في ذلك الرجل والمرأة.

ثالثا: للزوجة ان تشترط على الزوج عند عقد الزواج تفويضها بالتطليق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەصڵی پڕۆژەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك اسعد، فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم هەموارکردنەی کە بەسەر بڕگەی (1)، (د) لەگەڵ سێدا لەمادەی شەش هاتووە، ئەندامانی لیژنە بەتێکڕای دەنگ پشتگیری لەهەموارکردنەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدين لیژنەی ئەوقاف ئەغلەبیەتان لەگەڵدا نین؟ فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئاینی، ئعتیرازەکە لێرەدا، ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەودا نین کە دەڵێت: ويستوي في ذلك الرجل والمرأة، بەس لەض، في الاهلية، یەعنی لە ئەهلیەت وەکو لەدینیشدا هاتووە، ويستوي في ذلك الرجل والمرأة، پێمان باشە کەلیمەی ئەهلیەی بۆ زیادبکرێت، لەبەر چ؟ یەکەم: زۆر جاروایە راستە لەهەندێ مەزاهیبی ئیسلامی وەکو مالك، یان ابن القيم و ئەوانە شاهیدی هەر شەرت نیە بۆ نیکاح، چونکە شەرتە و روکن نیە، بەڵام چەندی شاهیدێکە پیاوی زیاتر تێدابێت ئەوەندە بەقەوەت تر دەبێت، لەبەر چ؟ لەبەر ئەوەی شاهیدی بۆ ئەوەیە سبەینێ ئەو کابرایە کە ئەو ژنەی مارەکردووە ئینکاری لەشەهادەکەی نەکات و نەڵێت ئەوە ژنی من نیە، یەعنی شاهیدی لەبەر جحودە، جحودیش ئەو ئینسانەیە کە مەسەلەن

نەوەك ئینكاری لەشەهادەكەی بكات، كە پیاوی تێدابێت زیاتر ناتوانێت زیاتر ئەو كابرایە ئینكاری بكات، حمایەتەن بۆ عەقدی زەواجەكەی، ئەمە مەقصەدمان پێی ئەوەیە، نەوەك لەهەندێك مەزاهیب هەر شەرت بەشاهیدی ناگرێت وشەهادەت بەس بۆ تەقویەی حوكمەكەیەو بۆ هیچی كە نیە و ئەوە رەئی لیژنەی ئەوقافە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی، د. رۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبەست ئەوەنیە گرێبەستەكە بەقەوەت دەبێت ئەگەر شاهیدەكان پیاوبن یان ئافرەت بوون، گرێبەستەكە پیرۆزی خۆی هەیە، ئەركانی لەهەرسێ یاساكە بۆی دیاری كراوە، دوایی كە دەڵێن حضور شاهیدین، ئەوە دادوەر لەوێ ئامادەیە كە عەقدەكە تەسجیل دەكات، خۆی ئەگەر ئەو دوو شاهیدەیش نەبێت شاهید هەیە ئەو فەرمانبەرەی كە پسپۆڕە یان موختەصە بەو ئیشەیە كە تۆماركردنی عەقدەكە لەبەردەم قازییەكە ئیشەكە دەكرێت، ئەوە نییە هەر دووكەس رێك كەون و عەقدەكە دەبەسترێ و تەواو، نە بەئامادەبوونی شاهیدی پیاو گرێبەستەكە بەهێزتر ونە پیروزتریش دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوەی كە داواكراوە هەمواربكرێت فەقەت ئەوەی كە ئیزافەی پیاووژنی تێدایە، ألرجل والمرأة، لەئەصڵدا شاهیدینە، دەڵێن فەرقی نیە ئەگەر ژن بێت یان پیاو، كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە بەندی (د) لەبڕگەی (1) لەمادەی شەش وەكو پێشتر هاتووە، شهادة شاهدین متمتعین بالاهلیة القانونیة علی عقد الزواج؛ ئەمە وەكو قانونی قەدیمە هەتا ئەوی هیچ كۆرانكاری كاری نەهاتووە، لەئەهلیەی قانونیش لەقانونی احوال الشخصیة، ئەهلیەی شەرعیش دەگرێت، یەعنی هەرچەندە لەپێشتر هەردووكی هاتوون لێرە بەس ئەهلیە قانونی هاتووە فەرق بەینی ئەهلیەی شەرعیە و ئەهلیەی قانونی، ئەهلیەی قانونی فەقەت بۆ تەنزیمی ئوسەریە وزەمانی حقوقە، ئەمە لەمەحكەمە ئەوەیە، ئەهلیەی شەرعی ئەحكامی تری هەیە، چونكە لەبەر مەسدەری شەریعەتە وفقی دینی ئیسلامی دانراوە بۆ ئەحواڵی شخصی موسلمینە، ئەوە ئەحكامی تر حل وحرمە و ئەوە عەقدی باتڵە، ئەوە فاسدە، ئەوانە موتەرەتبە، لێرە من نابینم لەوێ هیچ ئیشكال ببێت، مەوزوعی رجل وامراە، ئێستایش هەر لەقانونی ئێراقی وەكو یەكن لەمەوزوعی ئەحواڵی شەخصی وهیچ مانعی شەرعیش لەو مەوزوعە نیە ولەقانونی ئیسباتیش هین ئێراقی هەروا هاتووە، یعنی كاتێ بڵێی شاهید چ پیاو بێت چ ژن بێت، زكورەت و ئنوسەت لەمەوزوعی شەهادەت ولەمەحاكم هیچ معیار نیە، معیار باسی بەینەیە چۆن ئەم حەقە پێی ئیزهار ببێت، جا هەندێ

جار بەیەك شاهد ئیسپات دەبێت و ئەوەیش تەنها بەژنە، هەنـدێك جـار نابێـت شاهیدێك هـەبێت غـەیری ژن، چونكە ئەو مەوزوعە جگە لەژن كەس لەسەری پێـی نازانێـت، هەنـدێ جـار نابێـت ئـیلا بەسـێ شـاهید نەبێت، هەندی جار نابێت ئیلا بەچوار شاهید نەبێت، هەندێ جار نابێـت ئـیلا بـەزەلامێك و دوو ژن، یـان ژنێك ودوو زەلام، یەعنی ئەمە هەموو ڕێگای ئیسپات كردنـە كـە زۆر هەیـە، هەنـدێ جـار شـاهیدی ناوێـت باسی نكولە، هەندێ جار بەس ڕەئی دەوێت، مەبەستم لێرە بۆچـی ئـەو تەوزیحـە ئـەدەم، ڕەجائـەن خـەڵت نـەكرێت بـەینی دوو مـەوزوع، مـەوزوعی شـەهادە لەمـەحاكم كـە ڕێگایەكـە لـەڕێگاكانی ئیسـپات لـەكاتی خصومەدا، لەكاتی مونازەعەدا، شتێكی تایبـەت هـاتووە لـە سـورەتی (بقـرة) باسـی ئایـەتی دەینـە لەسـەفەر ئەوەیش باسی تـاڵبی حەقـە و ئیشهادە لـەوێ فـەرقی بـەینی ئیشهادی تـاڵبی حـەق لەسـەفەرێكە بخـۆی بـۆ تەوسیقی خۆی باسی داواكاری شتێك بێت و تەوجیهێكی تەوزیحی ئیرشادی دەوێت، لێرانە باسـی مەحاكمـە لەوێ باسی مەحاكم نیە، بەس حەزم كرد ئەو تەوزیحە لەمەوزوعەكە بدەم كە ژن وپیـاو وەكـو یـەكن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، شەرحێكی باشی كرد كاك خلیل،یەعنی بۆ ئەوەی ئەو ئیشكالە دروست نەبێت، ئەوە شەهادەیە لـەقانونی ئێراقیشـدا هـاتووە، ئـەوە جائیـزە ئـەو ئیزافەیـەی بكرێـت وەكـو هەرسـێ لیژنەكـەیش ئاماژەیـان پێكرد و ئەوەی كاك سعدالدینیش وتی ئەهلیەكە لێرەشدا ماوەتەوە لەپڕۆژەكەدا ئەهلیەكە هاتووە، فەقەت لەفەقەرەی سێهەمی دەڵێت: للزوجة ان تشترط على الزوج عنـد عقـد الـزواج تفویضها بـالتطلیق، ئـەوەیش تازەیە لەبەڕگە كۆنەكەدا بەنەوعێكی تر هاتووە، ئەوەیش لەزۆ وڵاتی ئیسلامیشدا جـایزە بەعەقـدە، مـادام تەرازی هەبوو تەبیعیە، ئەگەر كەس قسەی هەیە ناوتان دەنووسم، خاتوو فەزیلە فەرموو.

**بەڕێز فضیلة رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی یەكەم كە شەهادەیە، هیچ تێبینیم لەسەر نیە و پشتگیری لەسـەر دەكـەم، بـەڵام بـۆ خـاڵی دووەم: للزوجة ان تشترط على الزوج تفویضها بالطلاق؛ بەراستی ئەو خاڵە موخـالیف نیـە لەگـەڵ شـەرعدا بەس پیش نیاردەكەم هەرحەز ببـێتن بـۆ ئەگـەرەكی و ئەوەیشـە تەشـجیعی طـلاق دەكـەت وئێسـتا طـلاق لەكۆمـەڵگای خۆمـان بۆیەتـە دیـاردە، ئـەوە زۆر خەتـەرە لەسـەر خێـزان، راسـتە ئـەوە حـەقی ژنـە، بـەڵام كۆمەڵگای ئێمە هەمووی ئەندام پەرلەمان نین وهـەموو موسـەقەف نـین، ئێمـە دەزانـین واقیعـی كۆمـەڵگای ئێمە چۆنە، لەئەو كاتەدا پێویستە ئەو فەقەرەنەبێت تەشجیعی تەڵاق دەكات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ فتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر خاڵی یەکەم، مولاحەزەم تەنها ئەوەندەیە کە دەڵێت (شهادة شاهدين متمتعين بأهلية شرعية، قانونية) حەز دەکەم وشەی شەرعیە زیادبکرێت، لە کۆبوونەوەی ئەوەڵیەکەش باسمان لەوە کرد کە برادەران دەزانن، لە خاڵی سێیەمدا (للزوجة أن تشترط على الزوج تفويضها بالتطليق مقابل التنازل عن المهر المؤخر) یان لاببردرێت وەکو فەزیلە خان گوتی یان دەبێت ئەو وشەیە ئەو جوملەیەی بۆ زیادبکرێت، لە کۆبوونەوەی موشتەرەکیش لەگەڵ پسپۆران مامۆستا زەڵمی و جەماعەتی د. محمد گەزنەیی ئیتیفاقمان وا لەسەر کرد، حەزدەکەم یان لاببردرێت یان ئەو وشەیەی بۆ زیادبکرێت (مقابل التنازل عن المهر المؤخر) سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئارێز دەڵێت بە عەرەبی ڕەنگە خەڵکێك هەبن تێ نەگەن ئەو دوو هینە، فعلەن دەبووایە بە کوردیش هەبێت، بەس دیارە زۆری دەخایاند، من ئەو دوو هینە بە کورتی بە کوردیەکەی دەیڵێم ئەوەی کە دەمانوێت هەموار بکرێت، لە کاتی عەقدی زەواجدا یان مارەبڕیندا دوو شاهیدی دەوێت، دوو شاهیدەکە دەبێت، ئەهلیەی قانونیان هەبێت، ئەهلیەی قانونیش یەعنی چی ؟18 ساڵی تەواو کردبێت، نەخۆش نەبێت، شێت نەبێت، تەبیعی بێت یەعنی لەناو خەڵك دا ئیعتیباری هەبێت، یەعنی ئەوانەن ئەهلیەی قانونی، لە قانونی پێشوو دا نەهاتووە کە پیاو بێت یان ژن بێت، لێرەدا ئەوەی ئیزافە کراوە، کە وەکو یەکن ژن و پیاو بۆ شاهیدیەکە، یەعنی دەکرێت وەکو یەك تەماشا بکرێن، بە تایبەتی کاك خلیل زۆر جوان شەرحی کرد کە ئەوە لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلام دا تەعاروزی نیە و بۆ شەهادەت بە یەکسانی تەواو کراوە، شەرتی دووەم کە دەڵێت ژن بۆی هەیە لە عەقدەکەدا شەرتێك دابنێت کە حەقی ئەوەی هەیە ئەویش تەڵاق بدات، ئەوەش لە زۆر لە وڵاتان لە مصر هەیە ڕەنگە ئەوە خۆتان لە فیلمی (عصمة فى يد المراة) ئەوەیە کە دەڵێت لە عەقدەکەدا ژنەکە مەترسی هەیە لەوەی پیاوەکەی زوڵمی لێ بکات و بە ئیتیفاقی خۆی و پیاوەکە شەرتێك وەکو شەرتەکانی عەقدەکە ژنەکەش بۆی هەیە، ئەگەر ویستی تەڵاقی بدات، ئەو حەقە بە قانون تەسبیت بکرێت، ئەگەر داشی نەنێت ئەوە هیچ دایناێ ئەوە نیە کە مولزەم بێت، بەڵام ئەگەر ژنەکە یان کچەکە ئەو شەرتەی ویست پیاوەکەش ڕازی بوو قانونیەن ڕێگای پێ بدرێت، صبریە خان فەرمووو.

**بەڕێز صبريه غفار أمين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رەئی هەر سێ لیژنەکە دەکەم لەگەڵ هەردوو خاڵەکەم کە بمێنێتەوە، چونکە ئێمە ئیشکالمان لە مەسەلەی شاهیدی نەبووە، بەڕاستی لەڕووی عەمەلیەوە هەڵەی لەگەڵ دا مومارەسە کراوە، پشتگیری لەو رەئیەی مامۆستا خلیل دەکەم، لەسەر تەوزیح دانی مەسەلەی شەهادەی ژن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەتەن بۆ قسەکانی تۆ مەوزوع هەر مصر نیە، کاتی خۆشی پێغمبەر (ص .ع) گوتوویەتی (أن احق الشروط أن توف ما استحللتم به الفروج) یەعنی دەتوانی شەرتەکانی خۆت دابنێیت وەکو ژنێك، من دوێنێ پێشنیارێکم کرد، داوای ئەوەم کرد کە قازی دەبێت هەردوو لای تەرەفەکە تێ بگەیەنێ کە دەتوانن شەرتەکانی خۆیان چیە لە ناو عەقدەکەدا ئیسپاتی بکەن، هەر بۆ تەئکیدیش بۆ ئەوە، ئێمە دوێنێ لە خاڵێك لە خاڵەکان گوتمان سنووردارکردنی فرەژنی گوتومانە ئەگەر هاتو ژنەکە لە عەقدەکەدا ئەو شەرتەی نەنووسی بێت، دیارە هەتا ئێستا ئێمە ئەوەمان پەیڕەو نەکردووە کە ژن شەرت و شروتی خۆی بنووسێت لە ناو عەقدەکەدا، لەبەرئەوە من داوای ئیزافە کردنی ئەو فەقەرەیە دەکەم و دوێنێش ناردم بۆ بەڕێزانی لیژنە، (على القاضى أو المحكمة افهام طرفى عقد الزواج بواجباتهم وحقوقهم قبل ابرام العقد والشروط الواجب على أحد الطرفين تثبيتها فى العقد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ماددەکەمان هەموو لانەبردووە، لە قانونە ئەسڵیەکە ئەوە هەیە، ئەوەی تۆ دەیڵێی لە قانونە ئەسڵیەکە ئەوە هەیە، (لاينعقد عقد الزواج اذا فقد شرطا من شروط الانعقاد أو صحة بين مايلى : اتحاد مجلس الاجاب والقبول)، ئەوە دەبێت قازی پێیان بڵێت، (سماع كل من العاقدين كلام الاخر واستعابهما بأنه مقصود منه عقد الزواج موافقة القبول للايجاب، شهادة شاهدين متمعين بالاهلية القانونية) ئەوە هەمووی ئەو شتەی کە تۆ دەیڵێی تیایدا هەیە، ئەو کە دەڵێت (اتحاد مجلس الايجاب والقبول) لە هەواوە دێت؟ غیر لە ناو مەحکەمە قازیەکە قسە دەکات، (سماع كل من العاقدين)، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوێنێش گوتم ئەو عەقدەی کە دایکمی پێ مارە کراوە هەمان عەقدە کەمنی پێ مارە کراوە، کچەکەشم سبەی بەهەمان عەقد مارە دەکرێت، ئەوە بوو گوتتان بڵێن باشە با ئێمە سیغەکەشی هەر دەبێت بگۆڕین، چونکە ئێستا شەرت و شروتی تێ کەوتووە، ئەی باشە ئەگەر قازی فۆرمێکی تایبەتی نەبێت و هەر ئەو وەرەقەیە بێت کە وەکو شەڕەپشیلە نووسراوە ئاخر چۆن دەبێت؟ ئەمەی تیا دروست نابێت، باوەڕت هەبێت من خۆم عەقدی خۆمم بۆ ناخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك أنور جوابی بدەوە، فەرموو.

**بەڕێز ملا أنور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی سۆزان خان پێی دەگوترێت كەفائەیە لەڕووی شەرعەوە، بۆ نموونە ئایا وەكو مەرجێك لەومەرجانە كەفائەتە، ئەو كچە چ پیاوێك هەڵدەبژێرێت، ئەو كوڕەش چ كەسێك هەڵدەبژێرێت، كە پێی خۆشە مەرجەكەی ئاوا بێت و ئاوا بێت، ئەوانە شتی شەرعینەو تەبیعیە دەكرێت پێشی عەقدەكە ئیتیفاقی لەسەر بكرێت، بۆ نموونە لە عەقدەكە كەی (تراضی العقد بین الرجل والمرأة) ئەوە كەفائەتە لە شەرعیش دا دەكرێت كە بە كەفائەتی خۆی، لەوانەیە ئەو حەز بكات كە مهندسە بێت یان عەقڵی وا بێت، بیركردنەوەی وا بێت، تێڕوانینی وا بێت، یەعنی كۆمەڵێك شت لەوانە هەیە، ئەوانە دەكرێت پێشی عەقدەكە بكرێت، زۆر تەبیعیە، ئەگەر لێرەش بكرێتە مەرجێك كە كەفائە هەبێت، ئەوە وا هەست دەكەم هیچ تەئسیر لەوە ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر ئەوانە قسەی دەكەن كە ناویان نووسراوە، كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی 6 باسی شروتی ئینعقاد دەكات كە شروتی سحەیە، ئەمە باسی ئەوەیە كە زەواج ئایا لە چ كاتێك ئینعقاد دەبێت و لە چ كاتێك باتڵ دەبێت، چ كاتێك فاسد دەبێت، لێرە لەو ماددەیە هەر خۆی لە ئەسڵ دا ماددەیەكی موەفق نیە، چونكە هەموو شروتەكان وەكو یەك داناوەو لە یەك خانە فەرقی نەكردووە لە نێوان شروتی سحە و شروتی ئینعقاد، شروتی ئینعقاد ئەوەیە كە یەك شەرت لەوانە نەبێت زەواج باتڵە، زەواجی باتڵ یەعنی وەكو نەبوون، هیچ شتێك موتەرەتب نیە، بەڵام شروتی سحە ئەگەر نەبێت ئەوە فاسدە، فاسد ئەحكام لەسەری تەرەتوب دەكات، موساهەرە دەبێت، حەدی زینا نابێت، مەهر دەبێت، لێرە نابێت ئێمە ئەوە دروست بكەین، ئەو ئیقتراحەی جەنابت دەتوانێت شوێنێكی تر بگرێت، لەو شەرتە نابێت، چونكە تۆ دەڵێی (لاینعقد) مەنای وایە تۆ زەواج ئینعقاد دەكەی بە باتڵ، دەتوانی لە فەقەرەیەكی تر زیاد بكەی، لەڕووی فەنیەوە ئەمە باسی شروتی ئینعقادەو باسی شروتی سحەیە، لازمە لە بیدایەتی ماددە بخوێنیەوە، ئەمە فەقەراتی تەبیعیە ئەو ماددەیە، ناكرێت بچیتە ناو ئەو ماددەیە، چونكە لێرە تەعدیل تەنها لە دوو بڕگە كراوە، تەبعەن ئەوە جێگای ئەو نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوونی بڕگەیەکی وا کە پێش ئەوەی عەقدەکە ئیمزا بکەن، ئەو دوو کەسەی دەیانەوێت پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن لە حقوق و واجباتی خۆیان تێ بگەن، شتێکی زۆر باشە، لەلایەکی تریشەوە، ئەگەر قازی لە ژنەکە بگەیەنێت حقوقی چیە دەتوانێت چی لە عەقدی زەواجەکە بنووسێت، ئەویش پێم وایە شتێکی باشە، من پێم وایە لێرە جێگای دەبێتەوە، ناڵێین (لاینعقد) تەنها ئەوە نەبێت، بەڵام دەکرێت ئەویش وەکو بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێت، ئەوەی کە ئێستا سۆزان خان گوتی، بەڵام نەك ئەوەی واجبە لەسەری ئەوەی کە حەقی هەیە ژنەکە لە عەقدەکە بینووسێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار أسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی پشتگیری لە لیبراڵترین ئەندامی پەرلەمان سۆزان خان و مامۆستای بەڕێزی ئایینی مامۆستا مەلا أنور دەکەم، بۆ ئەوەی کە بەڕاستی ئەم خاڵەی کە لەلای سۆزان خانەوە بڵێین پێشنیار کرا و مامۆستا مەلا أنور و لیژنەی ژنانیش پشتیوانیان لێی کرد، منیش جارێکی تر پشتیوانی لێی دەکەم، بۆ جوابی کاك خلیل کاتێك دەڵێت (لاینعقد) عەقدی زەواج لەم فەقەرەیە، کاتێك دەڵێی (اتحاد مجلس الایجاب والقبول)، ئەوەی لە مەحکەمەی ئەحوالی شەخسی دەیبینین یەك سیغە تا ئێستا لە زەواج هەیە، یەعنی یەك کلێشە هەیە بەردەوام کە کلێشەیەکە هەموومان و زۆربەی زۆری ئەوانەی بینیومانە کلێشەکە چۆنە، خۆی ئەنواعی سیغ هەیە بۆ گرێبەندەکە، بەڵام لێرە یەك شێواز هەیە لەبەر ئەوە ئەگەر بۆ نموونە ئەوەی سۆزان خان دەیڵێت ڕەنگە ژنێك بێت لەبەردەمی قازی بە کچەکەو بە کوڕەکە بڵێن ئێمە نامانەوێت مارەیی بنووسرێت ناو عەقدی زەواجماندا، بۆ نموونەیە یان ئەمەی دوێنێ شەرتێکی ترمان دانا گوتمان ئەگەر ژنێك لە یەك لە مەرجەکانی کە دای دەنێ بڵێ من قبوڵم نیە مێردەکەم ژنی ترم بەسەر بهێنێتەوە، کەواتە لێرەوە ئێمە دەمانەوێت بڕگەیەك زیادبکرێت تیایدا قازی بڵێت ئاگاداری هەردوو لایەنی گرێبەندی هاوسەری بکرێتەوە و پێیان بڵێت ئێوە ئەم شەرتانەتان هەیە، ئەم مافە و ئەو ئەرکانەتان هەیە، لەبەرئەوە من پێم وایە شوێنێکی زۆر گونجاوە، ئەگەر لە فەقەرەی (أ و ب) یش نەبێت دەتوانی وەك چۆن ئەوەی دووەم لەگەڵ یەکەم جیاوازە دەتوانی بۆ نموونە ببێتە خاڵی پێنجەم، لەبەرئەوە پشتگیری لەوە دەکەم، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان من داوایەکی ترم هەیە، ئەگەر بکرێت ئەو فەقەرەیە زیادبکرێت کە هەموو سیغەکانیان، هەموو شێوە جۆراوجۆرەکانی گرێ بەندی زەواج بدرێتە بەردەمی دوو لایەنی گرێبەندەکەوە، بۆ نموونە ئەوەی کە پێی دەڵێی تەفویزی تەڵاق ئەوە یەك لە شێوازەکانی هاوسەرگیریە، لەبەرئەوە ئەگەر بکرێت، ئێمە وەکو فەقەرەیەك یان وەکو بڕگەیەك لێرە بیسەپێنین، ئەوە بۆ هەموو ئەو

**کەسانە بە تایبەتی ئەوانەی خوێندەوارنە ئەوانەی خەریجی کولیەکانن بەرچاو روونیەکیان بۆ دەبێت لە کاتی زەواج دا هەست نەکەن یەك نەوعە کلێشەی زەواج هەیە، هەست بکەن ئیختیاراتی یان مۆدێلی گرێبەندی زەواج زیاتر لە جۆرێك لە شەریعەی ئیسلامی رێگای پێ دراوە، ئەو کاتە بە پێی بیروبۆچوون و باوەڕی خۆیان و بە پێی ئیختیاری خۆیان شێوەیەك لە شێوازەکان هەڵبژێرن، سوپاس بۆ هەمووتان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك جعفر فەرموو.**

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی قانونی، ئەگەر کاك خلیل مەشغوڵ نەبێت؟ ئەم مەوزوعە خۆی دروستە و بە باشی هاتووە، ئەمە بۆ کچ و کوڕێکی ئیعتیادیە کە ژن دەهێنێت و ئەویش شوو دەکات، ئەی ئەو کچ و کوڕانەی کە دایك و باوك ڕازی نابن خۆیان دەچنە مەحکەمە بۆ مارە کردنیان، ئەو شەرت و شروت و شاهیدە چۆن چۆنی دەیانگرێتەوە؟ زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك محمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وەڵڵا قسەکەی من مامۆستا خلیل فەرمووی لەبەینی شروتی ئینعقاد و سحەدا تێکەڵیەکی کردووە و لەیەکی جیانەکردووەتەوە، خاڵی دووەمم ئێمە هەروەکو شایەتییەك بۆ حاکمەکان یەعنی ژنمان هێناوە و شایەتیش بووینە لەسەر ژن هێنانی کەسانی تر، حاکم لە کچەکە دەپرسێت، کچم زەختت لێ کراوە، فشاریان لەسەرت هەبووە؟ مەگەر حاکمێکی ئیستسنا هەبێت، ئەگەر نا مەلاش کە دەچێت مارەی کچێك دەبڕێت دەچێتە ژوورەوە جا لەگەڵ باوکی کچەکە بێت یان هەریەکێکی تر، لەوانەیە لە کچەکەش بپرسێت ڕازین یان نا، یەعنی ئەوانە هەمووی ئسلوبی خۆی هەیە، بەڵام حاڵەتی ئیستسناشی هەیە وەکو سۆزان خان باسی لێوە کرد، سێیەم قسەم ئەوویش ئەوەیە ئەسڵی مەشروعەکە لە خاڵی سێیەم من پێم وایە ئەوە جوانتری نووسیوە کە (الشروط المشروعة التی تشترط ضمن عقد الزواج معتبر یجب الافاءبها)، روونکردنەوەم بۆ لیژنەی یاسایی ئەوەیە کە بۆ ئەوە لابراوە، شروتی مەشروعە و تەفویزەی کە نووسراوە شتێکی مەشروعە، بەڵام بۆ لە نێوان کۆمەڵێك شروت دا ئێمە تەنها یەك شەرت بڵێین، یەعنی ئافرەت بۆی هەیە شروتی تری مەشروع بگرێت لەسەر پیاوەکەو پیاوەکەش مولزەمە بەپێی حەدیسی پێغەمبەر (المسلمون عند الشروط الا شرطا احل حراما أو حرم حلالا) تەنها ئەوە نەبێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوەی کە کاك محمد حکیم گوتی و تا حەدێکیش داواکاریەکەی سۆزان خانیش دەگەیەنێت، لە سێیەم دا نووسراوە (الشروط المشروعة التی تشترط ضمن عقد الزواج معتبر یجب الایفاء بها) بۆ ئەوەی حەقی ژنەکە داندراوە و یەکێکە لە عەقدی زەواج بۆ ئەوەی بۆی هەبێت ئەویش تەلاق بدات، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت داوای خوشکان کە ئەمە لە عەقدەکە هەبێت، جێگای وی ئێرە نیە، بۆخوشکانی خۆم بێژم، جێگای ئەوە ئەو ماددەیە نیە، ئەوە باسی شروتی ئینعقاد و سحە مەوزوعێکی ترە، ئەوەی ئێوە دەیلێن لە فەسڵی چوارەمە کە باسی شتی ئیجرائی دەکات، ئەوانەی ئێوە دەیلێن شتی ئیجرائیە، باسی تەسجیلی عەقدی زەواج (اثباته) لەوێ شروتیان داناوە، عەقدی زەواج ئەو ئیستیمارەی کە پێی دەڵێن (حجة الزواج) یان (استمارة عقد الزواج) لەوێ هەندێك شروتی تری داناوە، دەتوانین لە ماددەی 10 ئەو مەوزوعە بکەینەوە و بڵێین با ڕێکخراوەکانی خوشکان، مونەزەمات یان مەجلسی قەزا یان با ئیستیمارەیەك دروست بکات هەموو حقوقی زەوج و زەوجە مورفەق بێت تێیدا، حەقی تۆ ئەوەیە و ئەوەش شتێکی ئیجرائی تەنزیمە و جێگای وی ئەو ماددەیە نیە و ببەنە ماددەی 10 کە باسی ئەو مەوزوعە دەکات، خاڵی دووەمم لێرە مەشروعی حکومەت هاتووە و دەڵێت (یوقف العمل بالفقرتین .....3 ـ للزوجة ان تشترط علی الزوج تفویضها بالتطلیق) ئەمە بووە بەدیل بۆ ئەو فەقەرەیەی کە گوتی (الشروط المشروعة التی تشترط ضمن عقد الزواج معتبر یجب الایفاء بها) من دەڵێم و روئیشم ئەوەیە ئەو بڕگەی کە دەڵێت (للزوجة ان تشترط علی الزوج تفویضها بالتطلیق) ئێمە نەیکەینە بەدیل بۆ ئەو بڕگەیە، ئەمەشی با تێدا بێت و ئەوەی تریشی با تێدا بێت، یەعنی ئەوە ببێتە بڕگەیەکی ئیزافی و سێیەمیش وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەمە بەو شێوەیە باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد أحمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و قانونیەکان دەکەم، لەگەڵ موقتەرەحی ئەوقاف نیم، چونکە ئەمە ئیقراری واقعە و ئیسپاتی واقیعەشە، هەروەها زەمانی شروتی ئەم واقعەیە، ئەمڕۆ ژن حاکمەیە، مودەعی عامەیە، کاتبەتی عەدلە، لە مەحکەمەیە، بە مانای ئەوەی خۆی ئەسڵەن شاهیدە لەسەر واقعەکە، لەبەرئەوە ئەو تەساویە مەتلۆبە، ئەوەی خاڵی سێیەم تەبعەن مافەکە بە ژنی دەدەن دەتوانن مومارەسەی بکەن و دەتوانن مومارەسەشی نەکات، یەعنی مەجبور نیە، بەڵکو حەقێکە

و شەرتێکە دایدەنێ پێش ئەوەی عەقدەکە مۆربکات، هەردوو (طرفا العقد) دەتوانن ڕێك بکەون و دەتوانن ڕێکیش نەکەون، منیش لەگەڵ موفتەرەحی ئەخیری کاك خلیلم کە شروتی مەشروتە ببێتە خاڵی سێیەم و ئیزافە بێت و موشکیلەکە چارەسەر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن أحمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت فەقەرەی دووەم کە باسی تەفویزی تەڵاقە، من تەوزیحاتێك دەدەم، دیارە تەڵاق مانای هەڵوەشانەوە و تێك دانی خێزانە، لە فەرموودەیەکی سەحیح دا هاتووە کە پێغمبەر (ص.ع) دەڵێت (ابغض الحلال عند الله الطلاق) ناشیرینترین و خراپترین شت کە حەڵاڵیش بێت لەلای خوای گەورە تەڵاقە، کەواتە مەسەلەی تەڵاق کە زۆر خەتەرە شتێك نیە ببەخشرێت بە ژنان کە پیاو موجازەفە دەکات ئەگەر ژن تەڵاق بدات یان پەنا بۆ تەڵاق بەرێت، ئەوەیماڵی خۆی وێران دەکات، لەبەرئەوەی منداڵی و سەروەت و سامانی، بەڵام بۆ ژن لەبەرئەوەی کە ناسکە و دڵ پاکە لەوانەیە زوو پەنا بۆ ئەو بابە بەرێت، بە تایەبەتی لەو بارودۆخە کە زۆر باسمان کردووە و خۆیان زۆر بە مەزڵوم دەزانن، ئەوە شتێك نیە پێیان ببەخشرێت، چونکە من ئەوە بە ئەرکێکی زۆر قورسی دەزانم، پێ دەچێت ئەوەش کێشەی زۆری لێ ببێتەوە لە کۆمەڵگای ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ اخر فەرمووو.

**بەڕێز اخر جمال أنور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت فەقەرەی (د) (شهادة شاهدین متمتعین بالاهلیة القانونیة علی عقد الزواج ویتساوی فی ذلك الرجل والمرأة) ئەوە بە پێچەوانەی هەر چوار مەزهەبە، تەنها ئیمامی حەنەفی دەفەرموویێت ئافرەت دەبێت دوو ئافرەت بن لە شاهید، یەك نەبێت، دەبێت دوو ئافرەت بن، ئەوەش مەسئولیەتێکی شەرعیە دەکەوێتە سەر مامۆستایانی ئایینی و سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە نیسبەت فەقەرەی سێیەمی (للزوجة ان تشترط ...) من پێم وایە ئەو فەقەرەیە هەر نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمووومان دەزانین کە تەڵاق بە ئیرادەی مونفەردە دەکرێت، لێرە باس لە تەفویزی تەڵاق دەکرێت، من پێم وایە پێویست ناکات ئێمە لێرە ئاماژەی پێ بدەین، چونکە لەبەرئەوەی لە ماددەی 34 هاتووە، لێرە دەڵێت بۆ ژنەکە هەیە مەرج دانان، بەڵام لە ماددەی 34 دا هاتووە (الطلاق رفع قید الزواج بإیقاع من الزوج أو من الزوجة وان وکلت بە أو فوضت) مەعنای وایە لە ماددەی 34 دیسانەوە هاتووە کە مێردەکە بۆی هەیە تەفویزی ژنەکەی بکات، من پێم وایە ئەوە زیادەیە، ئەو پرسیارەشم هەیە کە ئێمە دەزانین تەڵاقی یەکەم ڕەجعیە، ئایا ئەو تەتویجی تەڵاقە ڕەجعەیە یان بایینە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەك لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ژنان پشتگیری لەو پێشنیارەی کاك خلیل دەکەین کە بڕگەی سێیەم بمێنێتەوە و ئەوەی کە لێرە بڕگەی سێیەمە ببێت بە بڕگەی 5، یەك جوابم هەیە بۆ مەسەلەی خەتەرە ژن تەڵاقی بە دەست بێت، زەرەرمەندی یەکەم لە تەڵاق دا ژنە، ژن زۆر بە سەبر ترە لە پیاو، لەبەرئەوە هیچ خەتەر نیە و جگە لەوە شەرع ڕێی پێداوەو لەوانەیە لە وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەتی لە مصر جگە لەوەی کە ئەمە بە ئیتیفاقە، پیاوەکە دەتوانێت ڕازی نەبێت، یەعنی لە مەحکەمە کە دەچن عەقد دەکەن دەتوانێت ڕازی بێ ودەشتوانێت ڕازی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبداللە مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو قەسەیەی کاك دیلمان لە قورئان هاتووە کە ژن مەلیکەیە، یەعنی (أعلى من كل شيء) یەعنی باسی مەلیکەی بەلقیسە دەکات، مەعنای وایە مەنتەهیە بۆ هەموو شتێك، ڕەئی ئێمە ئەوەیە وەکو لیژنەی ئەوقاف بەس ئەگەر بڕێك بە تەواوی لە ناو ناوەڕۆکەکەی وردبینەوە، ڕاستە وەکو ئەوەی د.ڕۆژان دەڵێت بۆ تەقدیس نیە ئەو شەهادەیە، ئەو شەهادەیە بۆ تەقویەی عەقدەکەیە، هەتاوەکو عەقدەکە زیاتر بە قوەت تر بێت، کە باسی ئەوە دەکات (ويتساوى في ذلك الرجل والمرأة) مەعنای مەفهومە موخالەفەکەی ئەوەیە کە مانای وایە لە جێگای تر هەیە کە ژن وەکو پیاو نیە، ئێمە پێمان وایە لە هەموو حاڵەتەکان ژن وەکو پیاوە ، بەڵام ئەگەر تۆ لێرە ئەو قەیدەت زیادکرد، مانای وایە لە جێگای تر هەیە کە ژن وەکو پیاو

نیە، دەبێت لە مەفهومی موخالەفە ئەو نەسەی والێ ڕابیینی، ئێستا لە مەحاکم ئەو شەرتە نیە، بۆ ئێمە لێرە ئیسارەی بکەین، هەروەکو خۆی بێت باشترەو ئەوەندەی تێدا نەبێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم بابەتە لە کاتی پێداچوونەوەی بە پرۆژەکە قسەی زۆری لەسەر کرا، من ئێستا قانونە ئەسڵیەکەم لەبەر دەست دایە کە باسی ئەوە دەکات و دەڵێت (الشروط المشروعة التی یشترط ضمن عقد الزواج معتبر یجب الایفاء بها) ئێمە دەتوانین لە زمنی ئەوە ئەوە بهێڵینەوە و بڵێین (بضمنها تفویض المرأة بالتفویض) ئەمە وەکو بڵێی نموونەیەکە دەیهێڵینەوە بۆ ئەو شەرت و شروتانەی کەوا ژن دەتوانێت لێرەدا دایبنێت، بەو حاڵەتە مادده ئەسڵیەکەش دەمێنێتەوەو ئەوەی کەوا ژنان داوای دەکەن لێرەشدا ئەو دەچەسپێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە ئەگەر خولاسەکەی بڵێم، شەمسە خان داوای قسەت کردبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو ماددەیە لە بڕگەی أ فەقەرە (د) (شهادة الشاهدین) ئەوە هیچی تیا نیە هیچ نەسێکی لەسەر نیە کە حرام بێت، لە بورای ئەحوالی شەخسیشدا جێگای دەبێتەوە و ئەگەر پیاویش حزوری نەبێت و ژنیش حزوری نەبێت بۆ خۆی قازیەکە لەگەڵ ئەوەی کە تەسجیلی دەکات، هەردووکیان شایەتن و عەقدەکە کۆتایی پێ دێت، بۆیە لە ڕووی دینەوە هیچی تیا نیە، لەسەر بڕگەی 3 ئێمە لێرەدا کە باس لەوە دەکەین تەڵاق پیاو تەفویزی بکات بۆ ئافرەتەکە ئەمەش نەسێك نیە لەسەر حەرام کردنی، بەڵام لە مادده 34 بە نەوعێکی تر هاتووە، یەعنی ئیختیارەکەی داوەتە دەست پیاو، دەمەوێت شتێکی تریش لەسەر تەڵاق بڵێم، تەڵاق بەڕاستی کە دەبینین ڕێژەکەی بەرز دەبێتەوە، وەکو خوشکێکیش فەرمووی یەعنی هەموو ئافرەتەکان لە پلەی سەقافەتدا وەکو یەك نین، لە تێگەیشتن دا وەکو نین، ئەمڕۆ کچێکی مناڵ شوو دەکات بە کوڕێك، یەعنی کە تەمەنی 16 ساڵی بۆ داندراوە یەکسەر تەڵاقی بدەی قەراراتی توبی هەمووی لەسەر ئەوە کۆکن کە ئافرەت بڕیاری عاتفی زۆر زۆر زیاتر زاڵە بەسەریدا، یەعنی ملیۆنێك زوڵمی لێ بکە، بیخەڵەتێنە بەیەك قسەی خۆش یەکسەر لەگەڵت ئاشت دەبێتەوە، بەڕاستی ئەوە بەرگە لە تەڵاق دان دەگرێت بە قەراراتی توبی دەڵێت بە یەکەم هەڵچوون لەوانەیە تەڵاقی مێردەکەی بدات، لەوانەیە یەکسەر تەڵاقی خۆی بخاتە دەستی مێردەکەی، ئێمە لێرەدا ڕێژەی تەڵاق زۆر دەکەین، لەوانەیە ببێت بە سیلعەیەکی کڕین و فرۆشتن، بۆ نموونە سیلعەیەکی تیجاری ئەمڕۆ من شوو دەکەم بە پیاوێك کە نەفەقەی

لەسەرە، تەكاليفی زۆری لەسەرەو مەهريشم دەداتێ سبەی خۆم تەڵاق دەدەم و نيوەی مەهريەكەم وەردەگرم و دەچم شوو دەكەمەوە بە پياوێكی تر ، ئەوە بوو بە سيلعەيەكی تيجاری.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازناز خان نوقتەی نيزاميت هەيە، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تەوەقوعم نەدەكرد ئەندام پەرلەمانێك بەو شێوەيە پێناسەی ئافرەت بكات كە بە دوو قسەی خۆش هەڵدەخەڵەتێت....

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفوم بكە ئەوە نوقتەی نيزامی نيە، ئەوە رەئيەكە لەسەر رەئی ئەندام پەرلەمانێك، ببورە، بەڵێ نازناز خان؟

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەی عولەما دەهێننەوەو داتا دەدەن و هۆشداری دەدەن من نازانم يەعنی بە چ حەقێك ئێمە نە سەنتەری لێكۆڵينەوەمان لە پەرلەمان هەيە، نە خۆشمان ئەو بەحسانەمان هەيە و نە داتامان هەيەو نە ئاماريشمان هەيە، چۆن گەيشتينە ئەو قەناعەتە كە ژن بە دوو قسە هەڵدەخەڵەتێت و ڕێژەی تەعەددودی زەواج بەو شێوەيە دەبێت، بۆيە من نازانم ئەو عەدەدو ئەو ئەرقامانە لە كوێوە هاتووە؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قسەكەت جوانە، بەڵام نوقتەی نيزامی نيە، ئيعتزازم لەسەر ئەوەيە كە داوای نوقتەی نيزاميت كرد، بەڵام رەئيت هەبوو، كاك ملا أنور فەرموو.

**بەڕێز ملا أنور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر لەسەر بڕگەكانی (د) و بڕگەی 3 من پێم چاكە قسە كە لەسەر ئافرەت و پياو دەكرێت، پێش هەموو شت قسە لەسەر ئينسان بكرێت، فەرق نيە لە نێوان چ ژن و چ پياو هەردووكيان ئينسانن، هەردووكيان خاوەن شعور و حقوق و مافی خۆيەتی ، با ئێمە تەقسيمی نەكەين، ئەو تەقسيماتە دەبێت بگەڕێتەوە سەر ئەو ئەرك و واجباتەی كە لەسەر شانی هەردووكيانە بە شەوو بە ڕۆژ، فەرق لە نێوان شەوو ڕۆژ چيە؟ هەريەكەيان ئيشێك دەكات، ئەوجا خاڵێكی ترم هەيە كە بەڕاستی ئێمە لە دياری كردن و وازح كردنی حقوقی ئافرەت نەترسێين، يەعنی ئێمە لەوە نەترسێين وەڵڵا ئەگەر باس بكەين وای لێ دێت و ئەو شتانە بە بۆچوونی من شتی خراپن، چونكە شەرع ئەوەی دياری كردووە، بە نيسبەت خاڵی سێيەم يەعنی ئەگەر تەفويزی تەڵاق بكرێت، ئافرەت عاتيفەی وايە و ئەو شتانە مادام لەڕووی شەرعەوە جائيزە، ئێمەش

تەشريعين، بۆيە لێرە حەقی خۆيانە هەموو ئافرەتێك كە مافەكانی خۆی بزانێت، موستەوای عاتيفەو عەقڵيش لە پياويش دا يەك مستەوا نيە و لە ژنيش دا يەك مستەوا نيە، زۆر ژن هەيە كە لە پياو بەهێز ترە، ئەسڵەن مەسەلەی شاهيديەكە تەبيعيە كە شاهيدی لە مەزهەبی حەنەفی مەجالی داوە، ڕاستە لە هەر چوار مەزهەبەكە وەكو يەك نيە، وەكو جەنابی شێخ اخر باسی كرد، ئيمامی عمر و ئيمامی علی لە كاتی خيلافەتی حكوميان بە شاهيدی ئافرەت داوە، مەسەلەيەك نيە بيكەينە مەوزوعەك بڵێين وەڵڵا ئەوە بێ دينيە و يان بە دينيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قسەكەت زۆر ڕاستە من دەمويست جوابی ئەو بدەمەوە، من لە ژن مارە كردن دا ئەگەر ناچار بێت شاهێديشی نەوێت، ئەگەر شاهێد نەبوو نابێت، جەنابت باشتريش دەزانی ژن و پياوەكە موافق بوون و بە ڕێگای ئيسلامەتی ئەگەر قازيش نەبوو خوا ڕێگای داوە عەقدەكە بكەن، كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە لەو ماددەيە هاتووە لە فەسڵی دووەم دا، دوو بڕگەيە يەعنی خيلافمان لەسەر هەر دوو بڕگەكە نيە، ئێستا شتێكی لاوەكی هاتووەو موناقەشەكەی بەلاوە ناچێت، يەعنی ئەوەی كە لە ماددەكە هاتووە هەر چوار ليژنەكە لەگەڵی نييە، ئەبوايە جەنابت پێشتر بتخستايەتە دەنگەوە، هەر پێشنيارێك كە ئەكرێت، جارێ لە پێشەوە بيخەرە دەنگەوە، تا بزانی ئايا خەڵك لەگەڵ ئەم پێشنيارەدايە، ئەگەر لەگەڵی بوون ئينجا موناقەشەی با بكەين، ئێمە هەر هەرا ئەكەين پێم وابێ ئەوە هەر تەعليماتە، يەعنی ئەوەی كەداوا كرا مافە، خۆ ئەصڵ نيە، ئەو ژنە حەقيەتی هەر شتێك داوا ئەكات، بەلام ئايا تەرەفەكەی تر قبوڵيەتی؟ تۆ وتووتە ئيجاب و قبوڵ، يەعنی بۆ ئيمە دژی ماف بين، كابرا مافێك داوا ئەكات، ئەڵێت من حەزم لێيە لەباتی سەيارە بە ولاخ بمبەی، ئەگەر پياوەكە قبوڵيەتی ئەبێ، بەلام ئەگەر نەيكرد ئەوە هيچ، يەعنی ئێمە لەو شتانە بۆ بترسين؟ ئەوە مافێكەو داوای ئەكات، پێم وايە ئەوە بەتەعليمات دەرئەچێت ئەتوانن مەحاكم، سوڵتەی قەزائی كە ئێستا سەربەخۆيە، كۆمەڵێك تەعليمات دەربكات، مەرج نيە لەياسا جێگای ببێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وايە ئەو نەصەی كەهاتووە زۆر زۆر موەفەقە و لەجێگای خۆيەتی، من تەئيدی نەصەكە ئەكەم ئەوەيەك، دووش: كە دەڵێت للزوجە مەوزوعەكە جەوازييە وجوبی نيە، يان دەيكات يان نايكات، سێ:

مەسـەلەی ئیجـاب و قبـولّ لەگۆڕێیـە، ئـەم شـتانە هـەمووی بـە ئیتیفـاق ئـەبێت، بۆیـە مـن لەگـەڵ دەقـی نەصەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە، کاك غەفور مولاحەزەیەکی دا، داوای لەسەرۆکایەتی کـرد کـە قسـە نـەدەم بـەو کەسـانەی کـە ناویانم نەنووسیوە، دەفەرموو هەشە قسەی کردو تۆ لەجێگای من دانیشە بڵێ قسە مەکەن، کاك ئەنوەر بـە توڕەیی داوای قسە کردنی کرد، کاك محمد فەرەج بە عاجزی داوای کـرد، کـاك محمـد حـەکیم لـەوێوە تـوڕە بوو، هەموویان بەهەمان شێوە، هەر بەو بەیانیە تەعلیقێکم لێدان وتم هەمووتان بـوون بـە مـوفتی، لەبـەر ئەوە هەر کەسێك داوای کردووە هەر ڕێگا بـەوە ئـەدەم، ئەگـەر نەگەشـتینە نەتیجـەو نـەمانتوانی حـەسمی بکەین ئەو وەختـە جارێکی تـر قسـەی لەسـەر ئەکـەین، کـاك دکتـۆر کـەمال قسـە ئـەکات، دوایـی دەیخەمـە صیغەی نیهائی فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەحەقیقەتدا ئێمە دانیشتووین بۆ ئەوەی شتێك دابنێین عەدالەت رەچاو بکرێت، بەنیسـبەت ژن، ئافرەتـە، خوشکە، دایکە، هەر شتێکە، بڵێین زوڵمیان لێ نەکراوە، وەڵلاهی لێیان کراوە، یەعنی ئێستا کە ئەو حسەیان هەیـە، بـۆ ئـەوەی زۆر دڵنیـا بـن، کـە لـەداهاتوودا قانونێـك دابنـدرێت زوڵمیـان لـێ نـەکرێت، ئـەوە حـەقی هەموومانـە وەکـو مامۆسـتا مـەلا ئـەنوەر فـەرمووی، کـە زۆر بـەوردی و زۆر بەجـدی ئـەوە رەچـاو بکـەین، بەنیسبەت ئەو خوشکەی کە وتی ڕێژەی تـەلاق زیـاد بـووە ئـەوە ڕاسـتە، چـونکە ئینسـان زۆر بـووە، جـاران ئینسـان کـەم بـوو بەنیسـبەت ئـەو نیسـبەی خـەڵکی ئـەو شـوێنە تـەلاق هـەبووە، ئێسـتا ئینسـان زۆر بـووە، نیسبەکەش زیاد بووە، بەنیسبەت ئەوەی کە پیاوێك عەقدێك بکات خـۆی ڕازی بێـت، تـەفویزی تـەرەفی تـر بکات کە تەلاقی لەدەست بێت، بۆ ئێمە ببین بەمانع بڵێین نـابێ ئـەو پیـاوە لـە داهـاتوودا ئـەو شـتە بکـات، ئیحتیماله ئەگەر پیاوەکە ڕازی نەبێت تەفویزی ئەو ژنەی کە ئـەیهێنێت تـەلاقی لەدەسـت بێـت، ئیتیفـاقی لەسەر بکات و ژنەکە موافەقەتی کرد ئەویش ئەبێ، بەڵام ئەگەر پیاوەکە خۆی حازر بێت ئـەو شـتە بکـات، بۆ ئەوە نـەبێت، پێویسـتە ئـەو شـتە بکرێـت مـن پشـتیوانی لـە پێشـنیارەکەی کـاك خـەلیل بـە ئیزافەکـەی خوشکە سۆزان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەگەر ئیجازەم بدەن، چونکە ئەگـەر موناقەشـە بـەردەوام بێـت زۆر ئەخایـەنێت، باشـە ئێستا ئەو موقتەرەحەی کە هاتووە کاکە ناکرێت هەموو هەر قسە بکەن، ئـەو ڕەدی ئـەو بداتـەوە، یـەکێکی تر ڕەدی ئەوی تریان بداتەوە، زۆر ئەخایەنێت ئەوەش ناکرێت، ئێستا یەکەم موقتەرەح دەخەمـە دەنگـەوە (شهادة شاهدين متمتعين بالاهلية القانونية على عقد الزواج ويستوي في ذلك الرجل والمـرأة) کـە دەبـێ دوو شاهد ئەهلیەی قانونیان هەبێت، لەسەر مارەبڕین لەوەدا ژن و پیاو وەکـو یـەکن، ئـەوە ڕەئـی یەکەمـە، زۆر

لەئەندامانی پەرلەمان پشتیگریان لەو ڕەئیە کردووە، لەڕووی شەریعەتەوە هیچ خیلافی نیە، لەگەڵ دینی ئیسلامی، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ ئەوە قبوڵکرا، فەقەرەی دووەم کەدەڵێت(للزوجة ان تشترط على الزوج عند عقد الزواج تفويضها بالتطليق) لەجیاتی فەقەرەی سێ هاتووە، کە کاک دکتۆر نوری ئیشارەتی پێداو منیش ئیشارەتم پێدابوو، فەقەرەی سێ بمێنێتەوە، ئەو جوملەی ئەخیری ئێرەش ئیزافە بکرێت، واتە وای لێ دێت (الشروط المشروعة التي تشترط ضمن عقد الزواج معتبرة يجب الايفاء بها و للزوجة ان تشترط على الزوج عند عقد الزواج تفويضها بالتطليق) ئەوە هەمووی ئەگرێتەوە، بەڵێ کاک کەریم بزانم چیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دوای ئەوەی کاک عادل ئیشارەتی پێدا لە تەعریفی تەڵاق، لە ماددەی 34 باس لەوە ئەکات کە زەوجە لەحاڵەتی (تفويض) حەقی تەتلیقی هەیە، یان تەوکیل لە تەعریفی تەڵاق، ماددەی 34 لای جەنابتانە، مولاحەزەی ئەوە بکەن، لەوێش هاتووە لێرەش دووبارە ئەبێتەوە، بۆ ئەوەی موعیب نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەموو قسەشت کرد، ئەوە عیلاقەی بەو بابەتەوە نیە کەباسی ئەکەین، نیهائیەن عیلاقەی بەوەوە نیە، ڕەبتی نیە لەگەڵ نە لەدوور نە لە نزیکەوە، ئەوە تەفویزە شتێکی تر تەفویز ئەکات بۆ تەڵاق، ئەوەی کە ئێمە باسی ئەکەین لە عەقدی زەواجەکەیە کە دەبێ ئەو بەندە بنووسرێت، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی سێ ئێمە وەکو کوێستان خان وتی، لەگەڵ مانەوەیم، بەڵام حەقی تەفویزی تەڵاق با وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەو شروتە مەشروعانەی کە شەرتی ئەکات تەنها تەفویز نیە بەتەڵاق، ئێمە لەماددەی دوێنێدا شتێکی ترمان ئیزافە کرد، حەقێکی ترماندا بە ژن، کەئەتوانێ ئیشتراتی ئەوە بکات کە ژنی بەسەر نەیەت، ڕەنگە شتی تری هەبێت، لەبەرئەوە من پێم باشە ئەو فەقەرەیە بەتەنها خۆی بمێنێتەوە، یەعنی ئیزافە بکرێت وفەقەرەی سێش بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەینەن شت ئەکات، ئەگەر وایە باشە ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە سێیەم بمێنێتەوە، با دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ کەواتە سێیەم وەکو نووسراوە دەمێنێتەوە، ضوارەم (للزوجة ان تشترط على الزوج عند عقد الزواج تفويضها بالتطليق) کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ ئەویش قبوڵکرا بەکۆی دەنگ، ئەو ماددەیە بەو سێ گۆڕانکارییە دەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثالث**

**الاهلية**

**يوقف العمل بالفقرة (2) من المادة السابعة و يحل محلها مايلي:**

**للقاضي ان يأذن بزواج احد الزوجين المريض عقليا اذا ثبت بتقرير طبي على ان زواجه لايضر بالمجتمع و انه في مصلحته الشخصية اذا قبل الزواج الاخر بالزواج قبولاً صريحاً كتابة في عقد الزواج.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ڕەئی لیژنەکان تکایە.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بڕگەی شەشەم لە ڕاپۆرتی لیژنە یاسایی کەباس لە هەموارکردنی ماددەی حەوتی ئەصڵی پرۆژەکە ئەکات، (اما فيما يتعلق بالمادة السابعة من القانون والتى ستصبح المادة الرابعة من المشروع فتؤيدها اللجنة المشتركة و كالآتى:.**

**المادة الرابعة/ يوقف العمل بحكم الفقرة(2) من المادة السابعة ويحل محلها مايلى:**

**2- للقاضي ان يأذن بزواج احد الزوجين المريض عقلياً اذا ثبت بتقرير طبي ان زواجه لايضربالمجتمع وانه في مصلحته الشخصية وقبل الزوج الآخر بهذا الزواج قبولاً صريحاً كتابة في عقد الزواج). ئەوەی لێرە زیاد کراوە لەو بڕگەیە لە هەموارکردنەکە وەکو لە ڕاپۆرتی هاوبەش هاتووە، لەئەصڵی یاساکە هەیە تا (قبولاً صريحاً) تەنها ئەوە زیادکراوە (كتابة في عقد الزواج) کە دەبێ بەشێوەیەکی نووسراو بێت، بەس ئەو بڕگەیە زیاد کراوە لە ئەصڵی قانونەکە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرموو کوێستان خان.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە وەکو لیژنەی ژنان، لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك اسعد فەرموو.**

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمەش لەگەڵ هەموارکردنەکەین بەکۆی دەنگ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو خوشكە ڕۆژان وتی فەقەت كتابة في عقد الزواج زیاد بووە، ئەویش زیادە فی توسیق وەلەو لە مەحاكم قبولاً و صریحاً ئەنووسرێت، بەڵام باشە بمێنێت، بەس لێرە من ئەڵێم لێرە نەخۆشی عەقلی و شێت كە بچێتە سەرشەقام و ئەو شتانە، زۆر گرنگە كە زیاتر تەئكیدی لێ بكرێتەوە، ئەو تەقریرە توبیە پێم باشە بڵێین صادر من هیئە مختصە، چونكە هەندێجار تەقریری توبی ئیحتیمالە هەر دكتۆرێك بەتەنها دەری بكات، تا زیاتر تەئكیدی هەبێت، چونكە عامیلی ویراسی دكتۆرەكان لێرەنە ئیختیصاصیان باشترە، تەقریری توبی صادر من الهیئە المختصە من پێم باشترە، ئەوە بوو موقتەرەحی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر كەمال قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت ئەمە بە زەرەری ئافرەتە، بەزەرەری ژنە، چونكە پیاوێك شێتیش بێت ژنێكی ڕێك وپێك كەسوكاری ڕازی ئەكەن ئەڵێن ئەمە ئەتوانێ لەگەڵیدا بژێت، بۆیە بۆ ئەمە پێویستە زۆر بەوردی لەسەری بوەستین، چونكە من لە تەجروبە بینیومە لەناو ئەم هەرێمی كوردستانەی خۆمان، ژنی زۆر موحتەرەمیان داوە بە پیاوێكی نیو شێت، كە عەلا ئەساس عاقڵ ئەبێ یان عاقڵ بووە، پاشان ژنەكەی كوشتووەو سووتاندوویەتی، لەبەر ئەوە پیاوێكی عاقڵ ناچێت ژنێكی شێت بهێنێت، بە حەقیقەت نایهێنێت، ئەمە بە زەرەری هەردووكیانە، بۆیە پاشان وەكو كاك خەلیل وتی منداڵیان ئەبێت، منداڵەكان ویراسیەن نقلٚ ئەبێت و ئەوانیش شێت دەرئەچن، واجبی حكومەتە شێتەكان چاك بكات، ئەساليبێكی تر بۆ ژیانی بەختەوەری ئەو كەسانە دابین بكات، ئەگەر ئینسانێك عەقڵی تەواو نەبێت و خێزانێكیش بكەوێتە سەری بەخوا هێشتا شێت تر ئەبێت، واتە چاكتر نابێت، بەڵكو شێت تر ئەبێت، لەبەر ئەوە من داوا لە بەڕێزان ئەكەم زۆر ورد لەسەری بوەستن بۆ ئەوەی صیاغەیەك بهێنین كە ئەو كۆمەڵگایە تووشی نەخۆشی زیاتر نەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەكەی كاك دكتۆر كەمالم، بەڕاستی مەسەلەكە خێزانە نابێ ئێمە بە عاتیفە بچینە ناو مەوزوعەكەوە، ئەوە چیە با دڵی ئەوە نەشكێنین ژنەو ئەوە كچە بەپێچەوانەشەوە پیاوێك، لێرەدا مەسەلەكە وەچەی لێ دێتە گۆڕێ و خێزانی لێ دەكەوێتەوە، منداڵ و مەسئولیەت دەكەوێتە گۆڕێ و دەكەوێتە ئەستۆی ئەو خێزانە، كۆمەڵگاش لێ مەسئول ئەبێت وحكومەتیش بەهەمان شێوە، ئەوە یەك، دوو: لێرەش موعارز ئەبێت لەگەڵ فەقەرەی دووی ماددەی 10، سێیەم: حكومەت لەلایەك بێت چارەسەری ئەو نەخۆشیانە بكات و منداڵەكانیشی بەملدا دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من پێشنیارێكم هەیە لەوەی كە كاك خەلیل فەرمووی، هەر چەند تەقاریری توبی جۆرەها تەقریر هەیە، لەبەر ئەوە وا باشترە بووترێت (لجنة طبیة رسیمیة المختصة) بۆ ئەوەی هەموو لیژنەكە تایبەت مەند بێت كەوا بڕیار بدات لەسەر ئەوەی نەخۆشێك عەقڵی تەواو نەبێت ژن بێنێت یان شوو بكات، لەپاشدا لێرەدا دوو شەرتی باش دانراوە، بۆ ڕوونكردنەوەكەی كاك كەمال، چونكە ئەڵێت ئەو تەقریرە توبیە ئەبێ وا باس بكات كە (زواجە لایضر بالمجتمع)ئەمە یەك، دووش: (انە في مصلحتە الشخصیة)، واتە دوو مەرجی داناوە بۆ ئەوە، لەبەر ئەوە ئەو دوو مەرجە ئەو لیژنە توبیە موختەصە ڕەچاوی بكات مانای وایە كێشە نابێت، هەرچەند ئەبێ ئەوەش بزاندرێت كەوا هەندێ نەخۆشی عەقڵی هەیە، ئەگوازرێتەوە بۆ نەوەكانی داهاتوو، بەڵام ئەو لیژنە توبیە ئەبێ ئەم دوو خاڵە رەچاو بكات، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەگەر وا بوترێت باشترە، نەك هەر تەقریری توبی (تقریر اللجنة الطبیة الرسمیة المختصة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فضیلة خان فەرموو.

**بەڕێز فضیلة رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم لێرەدا ئەو خاڵە مەبەستی ئەوە نینە كە شێت بت، هەندەك هەیە شێت نینە بەس نەخۆشی ئەعسابی هەنە، یەعنی مانگی جارەك یان دووجارا ئیغما دەبیتن دەدەقیقەیەك ئاوها، پشتگیری لە مامۆستا خەلیلیش ئەكەم، ئەوە هەبێت بۆ سەلامەی هەردووكیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتیوانی لە ڕاكەی كاك خەلیل ودكتۆر فوئاد ئەكەم، كە لیژنەیەكی موختەص بێت، لەبەر ئەوەی زۆرجار ڕاپۆرتی پزیشكی هاتووەو ئەصڵی مەسەلەكەش وا دەرنەچووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی دكتۆر فوئاد ئەكەم، كە لیژنەی توبی موختەص بێت، كە تەقریرەكە ئەدات لێرەشدا كەلیمەی (فی مصلحته الشخصیة) بكرێت (فی مصلحتهما الشخصیة) یەعنی ئەگەر ئەو نەخۆشی عەقڵی هەیە و مەصڵەحەتی هەیە لەو زەواجە، دەبێ ژنەكەش مەصڵەحەتێكی هەبێت، ئەگینا بۆ قبوڵ ئەكات شوو بەیەكێكی موتەخەلیف بكات، یان نەخۆشی عەقڵی هەبێت، مەسەلەی نەخۆشی عەقڵیش دەرەجاتە، نەخۆشی زۆر سووك هەیە كەئەصڵەن بە نەخۆش دانادرێت، حالاتی جنون هەیە كە ئەصڵەن بۆی نیە ژن بهێنێت، ئەوەش كەوابوو لیژنەی توبی قەرار ئەدات، زۆر پێویستە لیژنەی توبی موختەص هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی من نازانم لە فەقەرەی یەكی ماددەی حەوتدا شتێكی تر ئەڵێت، موخالفی ئەو فەقەرەیەی دوو ئەكات، شەرتی تەواو بوونی ئەهلیەی زەواج بە 18 ساڵی داناوە، بڕگەی یەكی لە بڕگەی دوودا ئەڵێت ئەگەر نەخۆشەكە عەقڵیەن نەخۆش بوو، ئەو كەسەی كە شوو ئەكات بۆی هەیە بدرێت بەشوو، لەفەقەرەی یەكەم خۆی ئیكمالی ئەهلیەی زەواج، عەقڵ و تەمەنە، یەك لەو شەرتانە عەقڵە دەی باشە كە عەقڵی تەواو نەبوو كەوابوو فەقەرەی یەك تەناقوز ئەكات لەگەڵ فەقەرەی دوودا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ با من تەوزیحێك بدەم، ئەو ماددەیە لە قانونی عێراقیشدا هەیە، زۆریش دراسەت كراوە، لەلایەن خەڵكی پسپۆڕ و بەتەجروبە، ئەمە ساڵێك ودووساڵ نیە، ڕەنگە 50 ساڵ بێت ئەو قانونە هەیە، یەعنی ئەو ماددەیە لە مەحاكمی شەرعی تەتبیق ئەكرێت، من لەگەڵ ئەوەدا كە لیژنەی توبی موختەص بێت، ئەوە ڕاستە هەمووتان ئاماژەتان پێكرد، بەڵام خۆ مەبەست ئەو شێتە نیە، كە لەسەر جادەیە و خەڵك ئیزعاج ئەكات، هەندێ نەخۆش هەیە بۆچی ئاماژەم بە لیژنە كرد، بۆ تەقریری توبی دەبێ ئەم لیژنەیە بڵێت كە

منداڵیان بوو، ئەو نەخۆشیە ئینتیقال ناکات بۆ منداڵەکەیان، بڵێت ئەو نەخۆشە خەتەر نیە لەسەر ژنەکە کە بیکوژێت، یان پەلاماری خەڵك بدات، دەبێ ئەو شتانەی تێدا بێت، کاك عەونی لەو تەنیشتەوە دوو نموونەی هێنایەوە بۆم، لە هەولێر ناسیاوەو خەڵك دەناسێت، نەخۆش بوون دوای ئەوەی ژنیان هێناوە چاك بوونەتەوە، واتە مومکینە عیلاج بێت، خۆ شەرت نیە شێتەکە هەر پیاو بێت بەڵکو ئیحتیمالە ژنیش بێت، ئەگەر مێرد بکات ئەویش چاك ئەبێتەوە، ئەوە دەخەمە دەنگەوە بە ئیزافەکەوە، للقاضي ان يأذن بزواج احد الزوجين المريض عقليا اذا ثبت بتقرير منلجنة طبية مختصة على ان زواجه لايضر بالمجتمع و انه في مصلحته الشخصية اذا قبل الزواج الاخر بالزواج قبولاً صريحاً كتابة في عقد الزواج. کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵکرا بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يوقف العمل بالفقرة(1) من المادة الثامنة من الفصل الثالث ويحل محلها مايلي:

1-اذا طلب من اكمل السادسة عشرة من العمر الزواج، فللقاضي ان يأذن به، اذا ثبت له اهليته و قابليته البدنية، بعد موافقة وليه الشرعي فإذا امتنع الولي طلب القاضي منه الموافقة خلال مدة يحددها له، فإن لم يعترض او كان اعتراضه غير جدير بالاعتبار اذن القاضي بالزواج، وتضاف الفقرة التالية الى المادة الثامنة: 3- تعتبر الام ولياً اذا كان الاب متوفياً او غائباً و فيما اذا كانت حاضنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوەداین کە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە وەکو چۆن لە پرۆژەکەدا هاتووە، کە دەکاتە ماددەی پێنج، لە ئەصڵی پرۆژەکە ماددەی هەشتە، بەزیاد کردنی برگەی سێ، اما فيما يتعلق بالمادة الثامنة من القانون والتي ستصبح المادة الخامسة من المشروع فان اللجنة المشتركة تؤيدها مع اضافة فقرة (ثالثة) اليها كما هو وارد في المشروع وكالآتي:

المادة الخامسة/ تضاف فقرة بتسلسل (3) الى المادة الثامنة من القانون في أقليم كوردستان ـ العراق وكالآتي:

(3) تعتبر الام ولياً اذا كان الاب متوفياً او غائباً وكانت حاضنة). زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە، لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەكەین داواش ئەكەین(وفیما اذا كانت) ئەوە دابندرێتەوە، واتە ئیزافە بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك اسعد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاكر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەندامانی لیژنە بە تێكڕای دەنگ پشتیگرییان لەو پێشنیارە كردووە، كەلە پرۆژەكەدا هاتووە،یەكەم: سەبارەت بەتەمەنی شووكردن لە 15 ساڵیەوە بۆ 16 ساڵی بگۆڕدرێت، دووەم: سەبارەت بەو پێشنیارەی كە بۆ ماددەی هەشت كراوە، لە پرۆژەی یاساكەشدا هاتووە، واتە بۆ زیاد كردنی بڕگەی سێ لەگەڵ پرۆژەكەداین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە ماددەی حەوتە، ماددەی شەش باسی ئەهلیەی كامیلە دەكات، پێشتر ئەهلیەی قانونی كامیلە بلوغە و 18 ساڵیە، لێرەدا ئەهلیە حاڵاتی تری ئیستسنائی هەیە، كە بۆ قەزا ئەگەڕێتەوە، ئەوە پێشتر لە قانونی پێشتر 15 بوو، لە قانونی مەدەنیش هەر هەیە، 15 ساڵە لێرە ساڵێك زیاد كراوە بۆ زەواج، چونكە زیاتر روشد و نوزجی پێویستە، ئەم ساڵەی بۆ دانراوە، بۆیە ئێمەش پشتگیریمان كرد، كە ببێت بە 16 ساڵ، ئەوی تر كە دەڵێت(تعتبر الام ولیاً او اذا كانت)، یەعنی ئەمە مەوزوعێكی زمانەوانیە، یەعنی دەقیق ترە لەوەی كەتۆ بڵێت (اذا كانت حاضنة) كەوابوو ئەمە باشترە، بەمە موعالەجەی ئەوە كراوەو سابت بووە لە مەحاكم، پێشتر ویلایەت بەتەدەروج بووە، تەبعەن لەلای شیعە شتێك بوو لەلای سونەش شتێكی تر، كەوا بوو ئەگەر باوك نەبێت دەچێتە باپیر ومام و دواتریش برا، واتە دایكی تێدا نیە، سابت بووە كە دایك زیاتر مەصڵەحەتی ئەم كوڕە یان ئەم كچانە ئەزانێ، تەبعەن ئێستا لەمەحاكم ئەو شتە ئەكەن، دایكەكە ئەهێنن، بەڵام لێرە پێی ناڵێن وەلی دەیكەن بە وەصی، چونكە لە قانون ئەڵێت یان وەلی بێت یان وەصی، ئیعتیبار ئەكەن كە دایكەكە وەصیە، ئێمە ئەڵێین با هەر وەلی بێت هیچ موشكیلە نیە، مادام باوك نەماوە یان غائیبە، كەوابوو دایك بە وەلی نزیكترە لە باپیر لە مام بۆ مەصڵەحەتی ئەم كچە، لێرەدا ویلایەتیش نەماوە بەڵكو ئیلتیزامە، ئیلتیزام لازمە لە مەصڵەحەتی ئەوە بێت كە تۆ بۆی دەكەیت، كە كچە یان كوڕە، لەبەر ئەوە شتێكی زۆر جوان هاتووە، ئێمە وەكو لیژنەكان پشتگیری لێ ئەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل وەصی بۆ مردوو نیە؟ داوا ئەكەم لە كوێستان خان ئەو فەرقە شەرح بكەن، (في ما اذا كانت حاضنة)و ( وكانت حاضنة) جیاوازییەكە لە چی دایە؟، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەرقەكە لەوەدایە كە دەڵێت كاتێ وەلیە كە باوكەكە مردبێ یان غائیب بێت، بەڵام هەندێجار هەیە ئەم ژن و مێردە جیابوونەتەوە، منداڵەكان دایكیان بەخێویان ئەكات، پێویستە لەو حاڵەتەشدا دایكەكە وەلی بێت نەك باوك، یان ئەبێ حاڵەتی تەلاقیش زیاد بكرێت یان (وفي ما اذا كانت حاضنة) بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ڕێزم هەیە بۆ ئەو تەفسیرە بەس بەو شێوە نیە، كە كوێستان خان تەفسیری كرد، حەزانە لە هەندێ حاڵەت بۆ دایكە لە هەندێكیش بۆ باوكە، لێرەدا ئەوە ئەگرێتەوە كە حەزانەكە بۆ دایك بوو، یەعنی (في حضانة امها) مەسەلەكە ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك خەلیل ئیشارەتی بە نوقتەیەكی خیلافی قانوندا، ڕێزم هەیە بۆ ڕەئیەكەی ئیشارەتی بە وەصیە دا كە ژن دەبێت بە وەصیە، ئەوە لە حاڵەتێكدا ئەبێت كە باوكە كە بمرێت، بەپێی ماددەی(75) لە قانونی ئەحوالی شەخصی، هەر مەبەستم ئەوە بوو كە تەوزیحی بكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شتێك، ئەگەر مەسەلەكە زمانەوانیە ئێمە داوا ئەكەین وەكو خۆی لێبێتەوە، ئەگەر هەر تەنها زمانەوانیە، واتە ئەگەر شتی تری تێدا نیە، بەڵام ئەوەی من تێگەیشتووم و لیژنەكەمان تێگەیشتووە، لەو حاڵەتەی كە مێردەكە مردووە، یان غائیبەو دایكەكە حازینە، ئەو كاتە ئەبێت بەوەلی، بەڵام ئەی ئەگەر

جیاببوونەوەو دایکەکە ئەم منداڵەی بەخێو کردبوو، پیاوەکەش لە منداڵەکەی نەپرسیەوە، بۆ ئەبێ باوك وەلی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە زۆر کەس ئەیەوێت قسە بکات، ناوتان ئەنووسم، کاك محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتێك بۆ مردوو یان غائب بۆ باوکەکە ئەوە ڕاستە، دایك ئەو جێگایە بگرێتەوە، یەعنی مافێکی شەرعی زۆر باشە، ئەتوانێ لەو مەسەلەیە قسە بکات، بەڵام ئەگەر لە مەسەلەی فیراقدا بوو، یەعنی فیراقی تەڵاق بوو، هەردووکیشیان مابوون لە ژیاندا، تەنانەت لە قورئاندا ئیشارەت بەوە ئەکات، ئەگەر ئەمە بۆ ڕیزاعە بوو ئەبێ تەشاور لە مابەینیاندا هەبێت، یەعنی هەزار مەسئولیەتی موشتەرەکیان ماوە، نابێ پیاوەکەش حەزف بکەین حەتا وەختی ئەو منداڵە کە ئیفتیراق دەکەن و جیا دەبنەو منداڵێکیان دەبێ ئەبێ بۆ ریزاعە، یەعنی بۆ شیر دان یان، بیخەنە حەزانەیەك ئەبێ هەردووك تەشاور بکەن، ئیتیفاق بکەن لەسەر جێگایەك، نەك ئەو بە مەیلی خۆی و ئەو بە مەیلی خۆی مەنع بکات، جا ئەمە ئەهلیەتی منداڵ لە سنی زەواجدا ئەیکرد مەسەلەی باوك و دایك ئەگوێزرێتەوە، لەبەر ئەوە بڵێین ئەوە هەردووکیان مەسئولیەتی موشتەرەك بێت، یەعنی هەردووکیان لەو منداڵە تەشاوریان هەبێ و ڕێك بکەون لەسەر صیغەیەك، حازینەکە بۆ ئەوەیە کە ئەو پیاوە مردبێ یان غائیب بێ و دایکەکە لەسەرییەتی، مامەکە لە کوێ ئاگای لێیەتی؟ لەوانەیە هەر نەیەت بۆ ماڵیان، لەبەر ئەوە جێگەی خۆیەتی ئەم بیبات، بەڵام ئەگەر فوراقی تەلاق بوو، پێم وایە ئەبێ هەردووکیان ڕەئیان وەربگیرێ لەو مەسەلەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا من تێبینیم لەسەر شتەکانی تر نیە، بەڵام حەز دەکەم تەئکید لەسەر خاڵێك بکەمەوە، مەقتەعی دووەم: (اذا ثبت لە اهلیتە و قابلیتە البدنیة) یەعنی شکی هەیە لەوە کە 16 ساڵ شیاوی ژن هێنان بێ، تەبیعی لە سەردەمی ئەمڕۆ ئەوەی کە من بزانم لە هیچ شوێنێك 16 ساڵ قبوڵ ناکەن، جگە لە ئەو مەنتیقەی شەرقی ئەوسەت، چونکە 16 ساڵ موتەکامیل نیە، نە جسمیەن و نە عەقلیەن و نە هەستی بە شتێك هەیە، دووەم هەر زەواجێك لەو مەجالە و لەو عومرە ببێت ئەوە سەرکەوتنی زۆر مەحالە، لەبەر ئەوە من قەناعەتم وایە با لەو خاڵە لەگەڵ خەڵکی تر بین و لەگەڵ ئەو هەموو عالەمە و ئەو هەموو خەڵکە پسپۆرەی کە 18 ساڵیان کردۆتە بنەمایەك بۆ زەواج، وەڵڵاهی زەلامێك ببێنن 24 ساڵ بێت هەتا ئەگەر لە سەیارەیەکدا بێت و لەگەڵ یەکێك کە 16 ساڵ بێت حوکمی ژیان بدرێ، یەعنی ئەوەندە

نارەحەتە، یەعنی وەکو وایە کوشتبێتی لەبەر ئەوە من داوام وایـە ئـەو 16 سـاڵە بکرێـت بـە 18 سـاڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن موداخەلـەم لەسـەر ئەوەیـە ئـەڵێ کـە وەلـی ئـەمر بچێتە بـە دەسـت حـاکم و ئیعـتیراز بکـات، دوایـی ئیعتیرازەکەی لای حـاکم مـەقبوڵ نـەبێت، تەسـەور ناکـەم، ئـەوە حاڵـەتی زۆر نـادرە، وەلـی ئـەمر ئەصـڵەن ئەگەر رازی نەبێ هەر موافیق نەبێ ئەوە هەر ناچێتە بە دەست حاکم، بـەڵام حاڵـەتی تـر دێتـەوە ئـاراوە، حاڵەتی خۆشەویستیە و حاڵەتی رەدووکەوتنە، یەعنی حاڵەتی تایبەتی دێتە ئـاراوە، مـن پـێم وایـە وای لـێ بێ، او اذا وجد القاضي ضرورة قصوى لـذلك اذن بـالزواج، یـەعنی زەرورەی قوسـوای بـۆ ئیزافـە بکـرێ ئـەو جوملەیە، یەعنی ئەگەر وەلی ئـەمر رازی نـەبێ ئەصـڵەن ناچێتە بـەردەم حـاکم، زۆر حاڵـەت هەیـە ئـەبێ وەلـی ئـەمر ئیجبـار بکـرێ بچێتە لای حـاکم، چـونکە وەلـی ئـەمر سـەد درۆی دێنیتـەوە وەڵڵا کچمانە و شەرەفمان دەشکێ و حەیامان ئەچێ، بۆیە ئەگەر زەروورەی قصوا بوو و حاکم بتوانێ لە جیاتی وەلی ئەمر قەرار بدات و جێبەجێ بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە فەقەرەیە دوو: للقاضي ان يأذن ، لە فەقەرە دوو بەس لە ئەسـڵی هینەکـە، بـەس لـەوێ دەبـێ هینەکـە 15 ساڵ ببێتە 16 ساڵ ئەگەر ئیقرار بکرێ، کاک جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی رەئی کاک جەمال قاسم دەکەم، ببێتە 18 ساڵەکە ئەوە یەك، دوو ئەو بڕگەی سێکە زیاد کراوە بڕگەیەکی زۆر چاکە و پیرۆزیشە، بەڵام ئەوە ڕاکردنە بۆ خۆ دزینەوەی کـەس و کـاری ئـەو منداڵانەیـە کـە باوکیان تێك ئەچێ لەو عائیلە، لەبەر ئەوە بە رەئی من ئەو بڕگە بۆ خۆی بمێنێ و بۆ هاوکاری ئافرەتەکـە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ(بە هاوکاری واریسی یەکەمی ئەو پیـاوە) ئـەو منداڵانـە بـە خێـو بکـرێن، چـونکە ئـەو کاتە دەبێتە حوجەیەك مامی یان برای گەورەی یان خەڵکی دیکە ناچێتە دوای ئـەو منداڵانـە، ئـافرەت بـە تەنیادەرەقەتی ئەوە نایەت منداڵ بە تەنیا بەخێو بکات، هەشت منداڵ بـەخێو بکـات، ئەگـەر ئێمـە ئـەوەی بە موتلەقی دابنێن عیلاقەی بە واریسی مێردەکەیەوە نـەمێنێت ئـەو منداڵانـە زەرەر دەکـەن و ئافرەتەکـە دەکەوێتە ژێر بارێکی گرانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ساڵەکەوە بەراستی 16 ساڵ منیش پێم باشترە بکرێت بە 18 ساڵ، چونکە لە زۆربەی وڵاتانی دەوروبەریش وا هاتووە کە 18 ساڵە، بە نیسبەت خاڵی سێیەم بۆ ئەوەی مەسەلەن ئەگەر هاتو باوکەکە غائیب بێ یان متەوەفی بێ یان هەتا ئەگەر هاتو مەوجودیش بێ، بەڵام مەسەلەی جیابوونەوەی هەبێ و منداڵ لای دایکی پەروەردە بووبێ، بەرای من ئەگەر بەو شێوەیەی لێ بکرێ باشە: تعتبر الام وليآ اذا كانت حاضنة، ئیتر هەمووی ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک حاتم، فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا منیش لە رەئی تەمەنەکە هەر هەمان رەئی ئەو بەڕێزانەم هەیە بکرێتە 18 ساڵ ، بەڵام پرسیارێکم لە لێژنەی قانونی و لێژنەی ئەوقاف هەیە کە لێرەدا حاڵەت هەیە، ئەگەر ئافرەتێك دوو کچی هەیە بۆ خۆی پێی خۆش بووە لەگەڵ کچەکانی خۆی بمێنێتەوە، بەڵام کەسوکاری دوای ئەوەی کە پیاوەکەی نەماوەو مردووە یان ون بووە، ئافرەتەکەیان بردوەتەوە بە زۆر، بردوویانە لای خۆیان و کچەکانی چوونەتە لای مام و کەسوکارەکەی، ئایا لێرە تا چەند ئافرەتەکە کە بە خۆشی خۆی نەچووە، بە زۆر بردوویانە، ئایا تا چەند وەلیە بەرامبەر بە کچەکانی بۆ بەشوودانیان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبد الله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر فەقەرەی سێ بەراستی دەمەوێ موداخەلە بکەم، من تێناگەم بۆ لە کاتێك کە ئیلا لە حاڵەتێك کە باوك بمرێ یان غائیب بێ ئەو کاتە بەرپرسیاریەتی ئەخرێتە ئەستۆی دایك؟ ئەگەر دایك ئەو توانایەی هەیە لە دوای مردنی باوکیان، یان غائیب بوونی قابیلیەتی ئەوەی هەیە منداڵەکانی بەڕێوە ببات تا دەیانگەینێتە سنی روشد و بە مێردیان بدات و ژنیان بۆ بێنێ، بۆ لە کاتی ئیستیمراری حاڵەتی زەوجی و ئیستیمراری هاوسەرێیەتی ئەو حەقەمان لێ سەندۆتەوە؟ یەعنی ئەو حەقەمان لێ سەندۆتەوە ئەگەر پیاوەکە مەوجود بێ ئەو حەقەی نیە و تەنها باوك وەلی ئەمرە، یەعنی لەو کاتە ئەهلیەتی نیە، بەڵام ئەگەر مێردەکەی مرد و غائیب بوو ئەو مەسئولیەتە قورسەی ئەخەینە سەر ئەستۆی، ئەو حەقەشی دەدەینێ کە سەرپەرشتیان بکات تا سن الروشد و بەڕێیان بکات، کەواتە ئیسباتە ئەوە دەتوانێ و لە شوێنێکی تریش وتوومانە پێکهێنانی خێزان مەسئولیەتی موشتەرەکەیە، بۆیە بەراستی ناحەقێکی

گەورەیە بەرامبەر ئافرەت دەکرێت لە وەلی ئەمر، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بنووسرێ( تعتبر الام الی جانب الاب ولیآ للقاصر سواء ان کانت الحیاة الزوجیة مستمرة او منتهیة) ئەوە بەراستی عەدالەتی تێدایە بەنیسبەت ئافرەت، من داوا دەکەم ئەو فەقەرەیە تەسبیت بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن ئەو قسەیەت وا دیارە لە فەقەرەکە باش حاڵی نەبووی، ئەو فەقەرەیە بۆ ئەوەی نەهاتووە باسی یەکسانی یان نا یەکسانی بکات، لە کاتی وجودی پیاوەکە وەکو یەکن مەسئولیەتەکە، و زۆر ماڵ هەیە ژنەکە وەلیترە لە پیاوەکە و هەمووشمان ئەوە دەزانین، بەڵام حاڵەتێك هەیە ئەگەر پیاوەکە وەفاتی کرد یان غائیب بوو بۆ ئەوە مام یان باپیر یان کەسێکی تر نەییت ببێتە وەلی ئەمر، ئەو بەعەکسەوەیە دیفاعە لە ژن، دیفاعە لە حەقی دایکەکە، زۆر بە وازیح هاتیە، بە قوەت هاتیە بۆ ئەوەی ئەو حەقە بە عورفی عەشائیری و بە عورفی عادەت باپیر یان مامەکە لێان نەستێنێتەوە و بڵێی من وەلیم، بۆ ئەوەی تۆ ژنی و حەقت نیە، مادەم منداڵەکە لای ژنەکەیە ئەو حەقەی بداتە ژن، ئەوە زۆر باش هاتووە و لە جێی خۆیەتی، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەتی من وەللاهی من لەگەڵ ئەوەمە کە تەمەنەکە دوو ساڵی بۆ زیاد بکەین بە تایبەتی بۆ ئێرەش هەر بۆ کور هاتووە بۆ کچ هیچ نەهاتووە، من بە نیسبەت تەمەنەوە بۆ کور بە تایبەتی هەرچەندە بە بڕوای خۆم کەمیشە، بەڵام ئەزعەف الایمان هەر 18 ساڵەکە بێت، کچ ئەتوانێ 16 ساڵ بێت، بەڵام کوڕ بەراستی لە وڵاتی ئێمە و مەسئولیەتی دابین کردنی ماددی ماڵەکە وەردەگرێ، جگە لەوەش بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوەمە کە ژیان بەرپرسیارەتی موشتەرەکی هەیە لە نێوان ژن و پیاو، هەم دایکیش وەلی ئەمرە و هەم باوکیش وەلی ئەمرە، بۆیە لەبەر ئەوەی کە ئەو خاڵە بە جوانی تەئکید بکەینەوە لێرە لە خاڵی (أ) دەڵێ: فاذا امتنع احدی، کەلیمەی (احدی) بۆ زیاد بکرێ لە حاڵەتی کە ژیانی هاوسەرێتی بەردەوام بێت و لە هەردوو کیان مەوجود بن، هەردووکیان وەلی ئەمرن، نەك تەنیا باوکەکە لێرە با حەقی دایکەکە نەخۆینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حەسەن، فەرموو.

**بەڕێز حسن بابکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە یەکەم: اذا طلب من اکمل 16، (من) بۆ ژن و پیاوە تەبیعی، کەواتە بۆ هەردووکیان، فللقاضي ان یأذن بە، ئەو (من)ە بۆ هەردووکیان دەگەڕێتەوە، من رەئیم وایە کە 16 ساڵەکە بمێنێتەوە، چونکە ئەوە شتێکی عام نیە، بەڵکو شتێکی ئیستیسنائیە و اذا ثبت اهلیتە، یەعنی قازی بۆی هەیە لە کاتێکدا کە

ئیسباتی ئەهلیەت و قابلیەتی بەدەنی هەبێ، شەرتێکی تریشی بۆ داناوە (بعد موافقة ولیه الشرعي)، ئەوە لە هەموو موجتەمەعێکدا خەڵکانێك هەیە مەسەلەن لەوانەیە وەکو شتێکی ئیستیسنائی لە 15 ساڵی یان لە 16 ساڵیش لە زۆر رووە تەواو بێت، با ئەو مەجالە بۆ قازی بهێشترێتەوە، ئەو شتە ئەگەر سابیت بوو، سەبارەت بە وەلی بوونی پیاو و ژن لە کاتی وجودی هەردووکیان، یەعنی شەرعەن و بۆ ئەوەی هەموو لایەکمان بزانین هەتاکو باب بمێنێ بەراستی وەلی موشتەرەك نیە بڵێین ویلایەتی موشتەرکە سەبارەت بە منداڵەکانی پێشتر باوکە، ئەگەر باوك مرد ئەویش ئیختیلاف هەیە ئایا بۆ برا دەگەڕێتەوە، بۆ مام ؟ یەعنی ئەوە رێیەکە دۆزراوەتەوە لە شەرعیشدا هەیە کە دایك دانراوە، ئەگەر نا هەتاوەکو ئێستا مەسەلەن لە مەزهەبی ئێمەدا وەکو مەزهەبی ئیمامی شافیعی دوای باوك کە مرد باپیر دێت وەلیە، ئینجا برا دێت ئینجا بۆ مامەکان و ئەوانە، یەعنی کە مەبەستم ئەوەیە لەحاڵەتی مەسەلەن کە باوك و دایك کە دەمێنێت، باوك وەلیە، نەك وەلی موشتەرەك بەشوودانیان و ژن هێنانیان بۆ کوڕەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو رۆژەی کە من مارەم برا زۆرم حەز دەکرد دایکم ئیمزای بکردبایە، سەراحەتتان پێ ئەڵێم، تەمەنی 38 ساڵ بوو کە دانیشت من و برایەکەمی بەخێو کرد، بۆ؟ ئەگەر باوکیشم مابوو هەر ئەو ئاگای لە ئێمە بوو، یەعنی ئێوە بۆ ژن ئەوەندە بە شتێکی هین سەیری ئەکەن؟ بۆ ئەگەر باوکیش بمێنێ ژن ناتوانێ وەلی بێ؟ جەنابتان وتتان، بۆ باوکەکە و بۆ باپیر و مامەکە ماف ئەوەیان هەبێ ویلایەت بکات؟ برایەکەی ماف ئەوەی هەبێ ویلایە بکات، ئەو دایکەی کە نۆ مانگ بە زگ هەڵیگرتووە، ژیانی بە مەمرە و مەژی بەخێوی کرد، ئێوە لێرە وا ئەزانن خێری پێ ئەکەن سەعاتێکە دانیشتوون قسە ئەکەن لەسەری، ئەوەی ماف ئەوەی هەبێ یان نەیبێ؟ جارێ سەیری ئەوە بکەن حاڵەتە ئینسانیەکانیشی لە لاوە راست بکەن، ئەوە حاڵەتێك بوو، چونکە زۆر تەئسیری لێ کردم، داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر تۆزێك دەنگیشم بەرز کردبێتەوە، هەر بۆ روونکردنەوەیەك لە ماددەی 7 دا هاتووە ئەوەی کە شوو دەکات و ژن ئەهێنێ ئەبێ 18 ساڵی تەواو کردبێت، یەعنی ئێمە نەمانوتووە با بێت ببێت بە 16 ساڵ، بەڵام لێرە هەندێ حاڵەت هەیە تۆ بتەوێ یان نەتەوێ ئەچن لە دەرەوەی مەحکەمە مارە ئەکەن، ئینجا ئێمە بۆ رێگا لەوە نەگرین؟ ئەگینا خۆی لە هەموو عوراق دونیادا 16 ساڵ منداڵە، ئەوەی ئەو کارەش دەکات کەسێکی نەخۆشە، ئەبێ چارسەر بکرێ، بەڵام ئیتر کە ئەشیکا ئەبێ تۆ ماف ئەو کەسە نەفەوتێنێ، ئەبێ بچێ لە بەردەم مەحکەمە و قازی و بە قازی بڵێ ئەمە ئەتوانێ ژن بهێنێ یان شوو بکات، ئەگینا ئێمە لەگەڵ نەصی ئەصلی قانونەکەین کە ئەبێ 18 ساڵ بێ بۆ ئەوەی بتوانێ لەبەردەم قازیەکە بڵێ من ئەمەوێ شوو بکەم و رازیم یان رازی نیم، بەڵام لە هەندێ حاڵەت هەیە ئەچن لای مەلا مارەی ئەکەن، چاوەڕێ ئەکەن دوو ساڵ یان سێ ساڵ تاکو تەمەنی

ئەبێ بە 18 ساڵ، جا بۆ ئەو مافەی بفەوتێ ئەوکەسە، منداڵەکانیشی ئەگەر منالی هەبێ ئەو فەترەیە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەمووومان ئەزانین ئەو یاسایە بەراستی زۆر وردە و ئەبێ زۆر بە وردانە تەعامولی لەگەڵ بکەین لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە هەموو کۆمەڵ و ئەوانەی لە دوای ئێمەش دێن، لێرە ئەڵێ دایك وەلیە ئەگەر باوك مردبوو یان غائیب بوو، غائیب ئەو کەسەیە کە ئێمە ئەزانین ماوە، بەڵام نازانین شوێنی لە کوێیە؟ پێویستە ئێمە مەفقودیش زیاد بکەین، مەفقود ئەو کەسەیە کە نازانین ماوە یان مردووە؟ ئەو حاڵەتە ئەگەر روویدا ئەوە باوکی مەفقودە، لێرە ئەگەر نەینووسی ئەوە لێرە دایك نابێتە وەلی، بۆیە زەروورە وشەی غائیبەن یان مەفقودەن زیاد بکەین بۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك غەفوور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو لایەکمان دەزانین پێکهێنانی خێزان مەسئولیەتێکی گەورەیە، ئەو کەسەی کە خێزان پێك دێنێت دەبێ ئیمکانیەتی بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵ و ئیدارەکردنی خۆشی هەبێت، بۆیە بە قەناعەتی من ئەو 16 ساڵە زۆر زۆر کەمە، کەسێك تەمەنی 16 ساڵ بێت نە کچەکە و نە کوڕەکەش لەوانەیە ئەو توانایەی نەبێت، راستە ئەوە بۆ حاڵەتی ئیستیسنا داندراوە و لە یاساکە باس لە 18 ساڵ دەکات، بەڵام دەبێ ئێمە رێ بەوە نەدەین و ئەو دەرگایە نەکەینەوە، لەبەر ئەوە ئێستا تەماشا دەکەین لە کۆمەڵگای کوردستان ئەکسەریەتی ئەو حاڵەتانەی کە تەلاق هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە، لەبەر ئەوە کچە و کوڕە لە حاڵەتێك شوویان کردووە یان ژنی هێناوە لە رووی عەقلیەوە و لە رووی بەدەنیەوە پێنەگەیشتووە، راستە تەقدیرەکە بۆ قازی دەگەڕێتەوە، دەچێتە پێش قازی، قازی لەوانەیە لە رووی شکلەوە تەماشایان بکات و بیانبینێت، بەڵام ئەی لە رووی عەقلیەوە؟ ئەی لە رووی بەدەنیەوە، ئەی ئیمکانیەتی ئەوانە؟ خۆ ئەگەر تەداخولاتیش هەبێ لەو ماڵە نوێیە و داوای ماڵی زیادیش بکرێ و لە ماڵی باییشیان نەمێنێتەوە کورەکە، ئەی ئەو کاتە چۆن دەتوانی خۆی ئیدارە بکات؟ بەراستی دەرگا کردنەوەی ئەوە بە قەناعەتی من شتێکی باش نیە ئەوە شتێکی خراپە، ئێمە یان ئەوەتا بڵێین 18 ساڵەکە دیاری بکەین وەکو برادەرانی تریش باسیان کرد، یان ئەو 16 ساڵە نەمێنێت، تا ئەهلیەتی قانونی خۆی تەواو بکات، من رەئیم لەگەڵ ئەوەیە و ئەوەی دووەمیش من لەگەڵ ئەوەدام کە وەکو خۆی بمینێتەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا باس دەکات لە کاتی

غیابیش، کەواتە غیابیش ئەگەر ماوە ئامادە نەبێ لە شوێنێکی ترە، دایکەکە ئەو حەقەی هەبێ کە کچەکەی بە شوو بدات و تەدەخول لە ئەموری کچەکەی بکات بۆ شوودانی، نەك تەنها لە حاڵەتی وەفاتی بێت، مەسەلەن ئێستا تەماشا دەکەین زۆر کەس هەیە لە دەرەوەی وڵاتە لێرە نیە مەسەلەن چوار ساڵ یان پێنج ساڵ و ناگەڕێتەوە، کە نەگەڕاوە با دایك ئەو دەسەڵاتەی هەبێ کە ئیدارەی ماڵەکە دەکات و ئیدارەی منداڵەکانی دەکات، منداڵەکانی بەخێو دەکات با ئەو دەسەڵاتەی هەبێ ئێمە ئەو دەسەڵاتەی لێ بستێنێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من لەسەر بڕگەی سێ بێ ئەوەی قسەی بکەم، بە حەقیقەت وەکو ئەوەی سۆزان خان باسی کرد پێم وانیە مەسئولیەتەکە هەر بۆ باوك بێت بە تەنیا و تەکوینی عائیلە بۆ دایك و باب موشتەرەکە، بەڵام لە حاڵەتێکدا دایك دەوری مارە بڕین نابینێ وجودی هەیە و شەرعەن وایە و باپیر کە وجودی هەیە ئەو وەلی موجبەرن، لەبەر ئەوە پێویستە باب مەوجود بێ، بەڵام بابێك بێت ئەهلیەتی هەبێ و زۆر بابیش هەیە شێتە، بۆ ئەوە ناتوانێ مارەی کچی بکات، لەبەر ئەوە باب هەیە ئەهلیەتی نیە و دایکیش پێویستە شەرتێك زیاد بکەین ئەویش (اذا كان لديها شروط اهلية) دوای ئەوە (تعتبر الام وليآ اذا كان لديها شروط الاهلية)، چونکە زۆر جار دایك هەیە چوار کچی داوە بە شوو، گەڕاوە لەوێ و لەوێ و کێ پیاوێکی دەوڵەمەندی دیوە کچەکەی خۆی داوەتێ، لەبەر ئەوەی ماڵی هەیە دوای دوو حەفتە تەڵاقی دەدات، لەبەر ئەوە هەموو دایکێك ئەهلیەتی مارە بڕینی نیە لە هەموو حاڵەتێکدا، هەموو باوکێکیش نییەتی، بۆیە داوا ئەکەم ئەو بڕگەیە (تعتبر الام وليآ اذا كان لديها الشروط الاهلية)، ئەوە زیاد بکرێ، ئەوەی دیش (اذا كان الاب متوفيآ او غائبآ، اذا كانت حاضنة)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ مانەوەی برگەی یەکەم، تەبعەن لە 16 ساڵی ئیستیسنا داندراوە هەموومان دەزانین و بۆ حەل کردنی هەندێك مەشاکیلی کۆمەڵایەتیە، لەو کۆمەڵگایە گەنجێکی 16 ساڵ چ کچ بێت و چ کور بێت، بە هەر شێوەیەك بێت ڕەدووکەوتنە، یان شتێکی ترە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لێ دروست بووە، دەبێ بایی ئەوەندە مەجال بدەینە قازی ئەو موشکیلەیە حەل بکات و گەورەتر نەبێ، دوایی گوتراوە (للقاضي) یەعنی دەتوانێ قازی دوایی تەقدیر بکات، ئەگەر بینی موناسیب نیە بە شێوەیەکی تر حەلی بکات و

عەقدەکەشیان بۆ نەکات، بە نیسبەت ویلایەتی دایك و باوك، ئەوە لە موجتەمەعی کوردەواری بەراستی ویلایەتەکە بە عەمەلی موشتەرەکە، بە شکلی بۆ باوك ماوەتەوە کەم باوك مەشوورەت لەگەڵ خێزانی خۆی ناکات لە کاروباری منداڵەکانی، لە مەکتەب لە دوای وەلی ئەمری تەلەبەکان دەنێرن یا دایکی بێ یان باوکی بێ، وا لە بەشوودان زۆر زۆر دەگمەنە ئەو بابانەی کە بە بێ ئاگاداری داکیان کچەکەیان بە شوو بدەن، بگرە زۆربەی شتەکان تەواو دەبێ لەلای ژنان، ئاخیری بە پیاوان دەڵێن، لەوانەیە پیاو هەر ئاخیر کەس بێت بزانێ، دەبێت تەئکید بکەینەوە لەوەی ویلایەت لەگەڵ حەزانە دەکرێ، ویلایەت و حەزانەت پێکەوە بەستراوەتەوە، ئەگەر ژنەکە حەزانەتی منداڵەکانی لایە حەقی خۆیەتی و ئەو وەلی ئەمرە لە کاتی غائیب و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوردستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێکهێنانی خێزان، گرنگترین شتە کە خێزان ژن وپیاو پێکدێنن کە یەکتری ناناسن، بەڵام خێزانێکی زۆر رێك و پێك پێکەهێنن، لەکاتی سەر پەرشتی کردنی منداڵیان کە باوکەکە نەمێنێت، دایکەکە حەقی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر دایکەکە مایشبێت دیسان ماڵ و منداڵی خۆی بەجێبهێنێت بە دە یان پازدە ساڵ، ئەو ژنە بە ساڵەهای ساڵ بەهەزار بەد بەختی و بەهەزار بوونی ونەبوونی منداڵەکانی خۆی بەخێوکردووە و گەورەی کردووە، ئێستا کەبەمێردی دەدات حەق نیە بابەکە بێت تەدەخول بکات، لەبەر ئەوەی هیچ سەرپەرشتی منداڵەکانی نەکردووە، ئاگای لەمنداڵەکان نەبووە، ماوەی ئەو دەساڵ یان پازدەساڵە، بەراستی من لەگەڵ دایکدام کەسەرپەرشتیارەکە چ مابێت وچ حازربێت، ئەگەر تەلاقیشی دابیبێت چ مردبێت با هەر دایك سەرپەرشتی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسێ وچوار شتا کە لەم وڵاتە تەتبیقی دەکەین، 18 ساڵ سنی روشدە لەدەنگ دانا و لەتەقریری طبي کە ئەڵێت ژن لەدوای 18 ساڵ حامیلە بێت باشترە، زەواج تەنها ئەوە نیە کە بەژن وباڵای منداڵێك ببینێت بڵێت ئەمە پێگەیشتووە، بۆیە من لەگەڵ تەمەنی 18 ساڵیام، کاك غەفور زۆر لەخاڵەکانمی وت ناچمەوە سەری جارێکی تر، لەمەسەلەی ولایەی دایك کە من هەر چەند لەعەرەبیدا بەهێز نیم، بەڵام ئەوەی دەڵێت: بعد موافقه الولی الشرعی، ئەو ولی شەرعیە ئەگەر ژن و پیاو بگرێتەوە لێرە ئەوە باشترە، هەر لێرە ئەمڕۆ کچێکم بینی ئەڵێت باوکم ژنی دووەمی هێناوە و پێنج ساڵە ئێمەی نەبینیوە و، ئێمە

شەش مندالێن، باشە ئەو باوکە چ مافێکی بەسەر ئەو کچەوە هەیە لەکاتی مارە بڕینا بێت خۆی بکات بەکوێخاو تەکبیریش لەوەزیعاتەکانیان بکات، ئەگەر ئەو رستە بکرێت بۆ هەردوولایان بگونجێت لەوێدا جێی ولایەتەکە بۆ هەردوو لایان بگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تەمەنەکە، ئێمە مندالی خۆمان لەتەمەنی شازدە سالدا دەیبینین هیچ ئەو ئەهلیەتەی تێدا نیە کە بە قسەی خۆت ناکات، یەعنی هەلس و کەوتەکەی خۆت بەدل نیە، ئینجا چۆن ئەو مەسئولیەتە گەورەیە دەخەیتە سەر شانی، چ کوڕ وچ کچیش کە خێزانێکی پێکەوەبێنیت کە ئێستا باسی زۆری رێژەی تەلاق دەکەن، من پێم وایە کە بەشێك لەزۆرینەی ئەو زەواجانە زۆر نەبەکامن بۆیە پێك نایەن و تەلاق دروست دەبێت، لەسەر مەسەلەی ولایەتی دایك ئەو دوو خالەم پێ باشە، بەلام لەحالەتی تەلاقدا کە ژنێك تەلاق ئەدرێت وحەزانەی مندالەکانی دەکەوێتە سەر خۆی و بەهیچ شێوەیەك ئەو باوکە لێیان ناپرسێت لەناحێیەی مادی و مەعنەوی و پەروەردە و هەموو شتەکان دەکەوێتە سەر شانی دایك، بۆ لەئەخیرا ئەو باوکە قوت بێتەوەو ئەبێت بەموافەقەتی ئەو بێت، خۆ رەنگە لەو حالەتەدا باوك کچەکە بدات بەژن بۆ خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیەکەی من وترا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستیبێت، ئێمە یاسا دادەنەین بۆ رێکخستنی کۆمەلگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لەکۆمەلگا سەر هەلدەدات، بۆیە لەبڕگەی یەکەم کە هاتووە مەسەلەی شازدە سالی وهەژدە سالی وەکو ئیستسنایەك لەئەهلیەت شتێکی زۆر دروستە بۆ ئەمڕۆ ولەو قۆناغەدا، لەبەر ئەوە لەکۆمەلگای ئێمە هەتا ئێستاش مەسەلەی ئەوە کە لەخوار 18 سالیەوە مەسەلەی هاوسەرگیری یەك جار زۆرە، بۆیە بۆ چارەسەرگردنی ئەو کێشانە و بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەلگا پێویستە ئەو بڕگە یەکەمینە بمێنێتەوە وەکو

خۆی، سەبارەت بەبڕگەی سێهەم، من پێم باشە من لەلیژنەی یاسایشدا هەر لەگەڵ ئەوە بووم، فیما اذا، کە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە وە لەگەڵ ئەصلی پرۆژەکەدام و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەزیلە خان فەرموو.

**بەڕێز فضیلة رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەم، ئیشارەتیان پێ دا ئەو ئەندام پەرلەمانانە هەموویان، فیعلەن ئەوە حالەتێکی ئیستیسنائیە، ئەو حالەتە زۆر باشە، چونکە تەشجیعی خەڵك دەکات بچن بۆ ئەو حاڵەتە زەرووریە و عەقدەکە لە داخیلی مەحکەمە بێت، لە خاریجی مەحکەمە نەبێت، ئەوە یەکەم، دووەم: پرسیارێك لە لیژنەی قانونی هەیە و مامۆستا خەلیل گوتی 16 ساڵ لە ئێرە هاتووە، بەس قانونی مەدەنی 15 ساڵە، ئیشکالی نابێت لەگەڵ ئەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من بەشێکی قسەکانم کاك کەریم کردی، خۆی ئەصڵەن 18 ساڵە، ئەهلیەتی قانونی 18 ساڵە، بەڵام ئیستیسنائەکە 16 ساڵ دانراوە، کۆمەڵێك حیساباتی تێکراوە، کاتێك کە رازی بوونی وەلی شەرعی تێدا بوو ئەوە بۆ ئیسباتە بۆ قەزا، پاشان کە ئیسبات دەبێ بەدەنیەن وجەسەدیەن، پێم وایە موجتەمەعی کوردەواری زۆر جار خەڵك هەیە کە عومری بۆ دیاری کراوە دوو، سێ ساڵ گەورەترە بە نەوعێکی تر دەبێ، ئەو حاڵەتانە زۆرە لە کوردەواری ، زۆر جار ئەوانەش بووینەتە ئەمری واقیع، ناچار دەبێ بچێتە دەرەوەی مەحکەمە مارە بکات، پێم وایە بۆ ئەوەی لەدەرەوەی مەحکەمە ئەو حاڵەتانە کەم بکرێتەوە با ئەو 16 ساڵە بمێنێتەوە، خۆی 18 ئەسڵەکەیە، بەس 16 ئیستیسنایە، لە بەشی دووەمدا کەلیمەی غائیب حیساب کراوە لەسەر مەسەلەی ئامادە نەبوونی باوك، یەعنی مردن و غائیب، غائیب بێ ئیتر ئەگەر شوێنەکەی مەجهول بێ یان مەجهول نەبێ غائیبە، مادەم وەلی لێرە بۆ حالەتی بەخێوکردنەکەیە، ئەگەر ئەو بەخێوی بکات لەو حاڵەتە ژنەکە حەقی خۆیەتی بە ئەکیدی ئەوە حەقێتی، ئێمە ئەم مافە کە بۆ یەکەم جار لێرە بۆ ژن تەسبیتی دەکەین دەبێ لەگەڵی بین، لە حالەتی تەفریقدا ئەگەر هاتو مەسەلەی تەلاق و جیابوونەوەی تێدا بوو، ئێمە دەتوانین لە تەلاقدا و تەفریقی قەزائی و ئەمانە لەوێ نەصێك ئیزافە بکەین لە حاڵەتی ئەوەی ئەگەر منداڵەکە لای ژنەکە ماوە، ئەو کاتە دیسان ئەکرێت دەوری هەبێ لە مەسەلەی بەشوودانی، چونکە لەوێ مەسئولیەتی موشتەرەکەی دێنێتەوە، زۆر جار مەسەلەی موشارەکە و مەسەلەی بەخێوکردن بۆ مناڵ لە پاش تەلاقیش بە موشتەرەکی دەبێ، لەوێ حوکمێکی تری قانونی هەیە دەبێ ئێمە

لەوێ عیلاجی ئەو حاڵەتە بکەین، بەس لێرە ئەبێ ئەو نەصە بمێنێ، لە حاڵەتی مردن وحاڵەتی غیاب دەبێ دایك ئەو مەسئولیەتە ببێنێ، چونکە بەراستی نە مام و نە باپیر و ئەمانە ناتوانن ئەو دەورە ببێنن و ئەو حەقە نادەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە کاك دلێر قسەکانی منی کرد، بەس لەسەر غیاب دەمەوێ تۆزێك تەوزیحاتی بدەم، ئەوەی کە متەوەفی یان غائیب، غائیب ئێستا رەنگە مەحکومە سێ ساڵە غائیبە، یانیش سەفەری کردیە و چوویتە دەرەوە و زۆر حاڵەتیش هەیە شەش حەوت ساڵە لە درەوەیە و لجوئیشی وەرنەگرتیە و خێزانەکەشی نەدیتوە، ئەو لەوێیە و ئەم لێرەیە و ئیتیسالاتیش ئێستا ئاسانە و رەئی و تەشاوریش لەگەڵ یەك هەر بەردەوامە، لەو حاڵەتە کە دەڵێن حەیاتی زەوجی شەراکەتە، ئەگەر بڵێین (تعتبر الام الی جانب الاب) لە حاڵەتی ئەوهادا هەتا عیلاقەی (وان کان علی قید الحیاة او غائباً) ئەوکاتە صەلاحیەتی باشتر دەدرێتە ژنەکە و ئاسانتر عەمەلیەکە بەرێوە دەچێ، لەو جانیبەوە رەنگە لەگەڵ کاك بەڵێن بم کە (الام الی جانب الاب) بێت، هەم تەئکیدی شەراکە ومساوات دەکات و هەمیش ئەو حاڵەتەی غیابەی موعالەجە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من لەسەر 16 ساڵیەکە پێم وایە کەم نیە، لەبەر ئەوەی زۆر کێشە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی لە کوردستان چارەسەر دەکات، جگە لەوەش مەناخی هەموو دونیا وەکو یەك نیە، مەناخ تەئسیری خۆی هەیە لە پێگەیاندنی ئینسان، موحتەمەلە لە جنوبی ئەفریقیا زۆر زووتر ئینسان بگاتە ئەو حەدەی چ کچ و چ کور شوو بکەن، حەتا فەرقی بەینی ئێرە و بەصرە، فەرقی ئێرە و ئەوروپاش هەیە بە تەصەوری من، بە نیسبەت فەقەری سێ من لەگەڵ ئەوەمە (اذا کانت حاضنة) زۆر شتم دیتیە ئافرەتێك مێردەکەی مردیە دوو منداڵی هەیە و سێ منداڵی هەیە، چوار منداڵی هەیە لە دوای بەجێ مایە و چووە شووی کردووتەوە، منداڵەکانی بەجێ هێشتووە، ئەمە لەو حاڵەتە ئەگەر (حاضنة) نیە، کو دەبێ حەقی ئەوەی هەبێ وەلی بێ؟ بەڵام هەیە و زۆر هەیە لەناو کۆمەڵگای ئێمە یەك منداڵی هەبووە لەسەری ماوەتەوە و زۆر مەردانە ئەو منداڵەی خۆی بەخێو کردووە و پێی گەیاندووە و، ئەوە حەقێکی زۆری خۆیەتی کە وەکو وەلی ئەمر حیسابی بۆ بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک سعدالدین فەرموو.**

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وەللاهی جارێ بیدایەتەن ولایەت ئیلتیزامە، یەعنی حەق نیە، یەعنی یلتزم بجانب، ویلایەتەکە لە بۆ کێیە؟ (دائماً یتقرر لمصلحة القاصر)، یەعنی با هەمووومان بزانین ویلایەت لە بۆ مەصلەحەتی قاصر ،خۆ ئەگەر عومری بووە 18 ساڵ، ولایەت نامێنێ دەکەوێتە دەستی خۆی ، یەعنی ئەوە مەفهومێکە حەز دەکەم روون ببێتەوە، قەزیەی ئەوەی کە ویلایەت بۆ ئافرەت دەبێت، ویلایەت بۆ ئافرەت نابێت شەرعەن حەدیسی پێغەمبەر هەیە لەسەر مەزهەبی ئیمامی حەنەفی، کە عائیشە کچی برای خۆی، عەبدولرەحمانی کوڕی ئیمامی بەکری کە لە غیابدا بوو بە مێردیدا، مانای وایە ویلایەتی کرد، کە هاتەوەش نەیتوانی فەسخی بکات، یان شتەکەی نەهێڵێت، ئەوە شەرعەن مانای شتێکی جائیزە، بەڵام لێرە حەز دەکەم شتێك روون بکەمەوە، بۆ؟ راستە هەندێك لە تەمەنی شازدە ساڵی هەندێك کێشەی حەل دەکاتن، بەڵام من لەگەڵ ئەوە دامە کە هەروەکو ئێستا لە سعودیە هەیە (17) ساڵ بۆ کچە، (18) ساڵیش بۆ کوڕ، بۆ؟ ئێستا زۆر جار دەبینیت ئەغلەبی مەشاکیلی عەوانیس لەو شتە دروست بووە، هەتا ئەوەی عومری بچووکە دەچێت دەیهێنێت، دوو خوشکن یەکێکیان عمری بچووکە لە خوار شازدە ساڵ، ئەوەی تر لە بیست و سەرەوەیە نایهێنێتن، یەعنی کە عمری بووە بیست و قصور ساڵ، یان بیست و دوو و بیست و سێ ساڵ حیسابی قەیرە کچی بۆ دەکاتن، یەعنی ئەوە یەك لەو موشکیلانەیە کە بە بچووکی بە مێرد دان ئەو موشکیلەی عەوانیسی دروست کردووە لە ناو کۆمەڵگا، نەخێر لێ بگەڕێ، کە لێرە باس دەکات با قابلیەتی بەدەنی هەبێت، با بزانێتن مەسئوولیەتی عائیلە چیە؟ با عمری ببێتە هەژدە ساڵ و سەرەوەی هەژدە ساڵ، ئینجا حەقی ئەوەی هەبێت بە مێرد بدرێت، ئێستاکە راستە هەندێك شتی توبی هەیە با دکتۆرەکان روون بکەنەوە، ئەغلەبی ئەو سەرەتانانەی کە لە رەحمی دروست دەبێت و ئەغلەبی ئەوانەی کە نەخۆشی درێژخایەن و زەختی حەمل لەو کەسانە دروست دەبن کە زوو مێردیان کردووە، مانای وایە ئەو زوو مێرد کردنە لە جانبی بەدەنی، لە جانبی جسمانی تەئسیری هەیە، زەرەری هەیە، فازانجی نییە، جا ئێمە لەگەڵ ئەوە داینە، راستە ئەگەر ئەوەکە موخالیفیش بێتن لەگەڵ لیژنەی قانونی، رەئیەکە موخالیف بێت، لەبەر هەندێك داوای ئەوەم تێدا کرد، ئێمە لەگەڵ ئەوە داینە کە عمری هەژدە ساڵ بە حەڤدە ساڵ بێت، ئەگەر دەڵێن کێشەش دروست دەبێت لە محاکم کوڕو کچێك بە ناشەرعی لە عمری بچووك ئەو ئیشەی دەکەن زوو دەچنە مەحکەمەی هەتا کێشەکە حەل بێت، با بە قەرارێکی مەحکەمە عمری گەورە بکەن زۆر ئیعتیادییە، هەتا کێشەکە حەل ببێتن، لەگەڵ رێزمدا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو قسەی دواییت قەبول نییە، یەعنی فێڵ لە قانون بکەین، کاک خەلیل فەرموو.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە لە ماددەی هەشت ئێمە باسی دوو شت دەكەین بەو تەعدیلە، باسی ئەهلیەت دەكەین، دوایش باسی ویلایەتی دایك دەكەین، ئێمە لێرە قانونێك دادەنێین، تەشریعێك دادەنێین، لازمە رەبتی بكەین، بزانین پێشتر چیمان گوتووە، پاشان چیمان گوتووە، كە رەبتی بەوە هەیە، فوقەها گوتیان ئەمە مەصدەری ئەحوالی شەخصی ئەم قانونە شەریعەتی ئیسلامە، لە شەریعەتی ئیسلام فوقەهای موسلمین تەحدید نەكردیە ئەهلیەت بۆ تەزویج، بۆ زەواج بە ماوەیەكی موعەیەن، بە عمرێكی موعەیەن تەحدید نەبووە، ئەوە وا مەتروك بووە، موشەرەعی عیراقی حەسەنەن فەعەل، شتێكی زۆر باشی كرد ئەهلیەت كرا دوو قسم، كرا ئەهلیەتی كامیلە كە لە ماددەی حەوت لە بڕگەی یەكەم گوتی (تتحقق اهلیه، اتمام الاهلیە، تمام الاهلیه بالعقل) و هەژدە ساڵ، ئەوە ئەهلیەی كامیلە، ئەهلیەی ناقیصەش دوو حاڵەتی دانا، ئێك/ باسی ئەو مەجنونەو ئەوی پێشترمان باس كرد لە ماددەی هەشتیش باسی عمری پازدە ساڵی دەكات، پێشتر ئەوەیە لێرە موشەریعی عێراقی حەسمی كردووە ئەو خیلافەو دەتوانیت بلێی ئەو فەوزایە گوتی ئەگەر ئەهلیەی ناقیصە ببێت، یەعنی نەگاتە دەرەجەی هەژدە، تەقدیری دانا بۆ قازی گوتی ئەگەر یەك هات عمری پازدە ساڵ بێت، لێرە كردمانە شازدە ساڵ، پازدە ساڵ بێت ئەم قازی دەتوانێت ئیزنی بدات بۆ زەواج، كە ئەمە بكات دوو شەرتی بۆ دانا، ئێك/ گوتی ئەگەر بەو پازدە ساڵیە، یان شازدە ساڵیە ئەهلیەتی وی، دیتی ئەهلیەتی هەیە، قابلیەتی بەدەنی هەیە، شەرتێكی تریشی دانا وەلی وی ئیزنی دەدات، هەتا ئەگەر وەلی وی ئیزنیشی نەدات كە ئیعتیرازی كرد قازی سەیری دەكات، ئایا ئەگەر ئیعتیرازی وەجیه بێت وەردەگرێت، ئەگەر ئیعتیرازی وەجیه نەبێت وەرناگرێت، ئەم مەوزوعە لە زۆربەی زۆری قەوانین هەیە، هی عێراقیش و هی ئیسلامیش و غەیری ئیسلامی، ئەمە مەوزوعێك، یەعنی لێرەش زۆر زۆر جوان هاتووە، باسی شازدە ساڵ، من دەڵێم باشە تا نزوج زیاترە لە پازدەش، بەلأم ئێستا واقیعی محاكم لە پازدە ساڵیش، هەندێك جار سێزدە ساڵی هاتووە، قازی بۆی دروست كردووە، هەندێ مەشاكیلی تریش دروست بووە، دیتی ئەهلیەی هەبووە، یەعنی هەبووە مەشاكیل دروست بووە بەو تەزویجە لە مەحكەمە خیندارییەك، عەداوەتێك لەنێوان دوو ماڵ قەزا بووە، ئان حەزێكیان كردووە، یان شتێك روویداوە لە بەینیان، ئینجا بهێڵن زۆر جوان هاتووە، ئەمە یەك.

مەوزوعی دووەم، هەندێك برادەران گوتیان (الام بجانب الاب) لە هیچ قانونێك و لە هیچ شەرعێك نەهاتووە دوو ویلایەت جەمع بن لەسەر یەك حاڵەت، لەسەر تەسەروفێكی شەرعی، ئان قانونی لە یەك حاڵەت ئەوە نییە، نە لە قوانین هەیە، نە لە شەرعدا هەیە، ناچێت ئیجتیماعی دوو ویلایەت، لازمە تۆ بلێیت ئەمە لە حاڵەتی غیابە، یەعنی غیابی حەقیقی، ئان حوكمییە، غیابی حەقیقی مردنە، غیابی حوكمی یەعنی لە حوكمی مردنە، لێرە یان غائیبە، یان مەفقودە، یان هەمووی دەگرێتەوە، كاك عەونی

گوتی كاك خەلیل شتێكی خیلافی قانونی گوتووە، نەخێر من شتێكی خیلافی قانونیم نەگوتووە، من گوتوومە ژن ئەو دەورەی بینیووە، ئێستا لە محاكم بۆ زانینتان ئەم بڕگەیەشی تێدا نەبوو موعامەلەی وەصیان لەگەڵ كردووە، ئەوەش هەر باسی حاڵەتی مردنە، غائیبە، ئەوەی ئیصاش راستە باسی ئان حاڵەتی غیابە، ئان مردنە، واقیعی مەحاكمی ئێستا باسم كردووە، یەعنی كە ئەم ئیشەیان كردووە، نەك بەناوی ژن وەلییە، گوتی كردویانە بە وەصی كە ئەمە ئیختیاری قازییە.

نوقتەی ئەخیر، من موفتەرەحێكم هەیە تا ئێمە لەم خیلافە دەربچین و ئەوانە، لەوانەیە ئێمە صیاغەكەی ئەمە بڵێین (الام كالاب في الولاية على القاصر في حالة وفاة الاب او غيابه او فقدانه) یان (او فقدان اهليته)، چونكە دا باوكەكە ئەوەش دەكات، حازرە، بەڵام مەسڵەحەتی ژنەكە نازانێت، یەعنی ژنەكە باشتر دەزانێت لەسەر سەبەبی عەقلی، نەفسی، مەرەزی، یەعنی حالات زۆر هەنە، من دەڵێم بڵێین (موته) ئان (غيابه) ئان (فقدان اهليته)، نە موتە، نەغیابە، بەڵام ئەهلیەتی ئەوە نییە، بڵێین (الام كالاب)، من دەڵێم ئەوە شتێكی باشە (اذا كانت حاضنة) ئەو حازنەیەش تێدا بكەین بەو شێوەیە وابزانم جوان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش دەمویست ئەمە روون بكەمەوە، كە لە یاسایەكە ئاماژە كراوە بە ئەهلیەت كە عمری هەژدە ساڵەو ئەمەی كە ئێستا كراوە بە شازدە ساڵ، ئەسڵەن لە یاسایەكە خۆی بە پازدە ساڵەو لە بڕگەی دوای ئەوە لە یاسایەكە لە عمری كەمتریش ئیجازە دراوە لە حالاتی زەرورەتی قصوی، یەعنی كاك خەلیل ئەوەی لە من باشتر روون كردەوە، بەڕاستی بەنیسبەت ویلایەتەوە، ئەگەر باوكەكە ئەهلیەتی نەما بوو ئەوە شتێكی باشە، بەڵام دەبێت لە حاڵەتێكدا ئەگەر دایك حازینە بوو دەبێت ویلایەتی هەبێت، ئێمە لەسەر ئەوە سورین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەكاتی تاوتۆ كردنی ئەو پرۆژە یاسایە لە یەك لە كۆبوونەوەكانی لیژنەی یاسایی، من پێشنیارێكم هەبوو بەس پشتگیریان لێ نەكرد، ئێستا ئەو كێشەو ئەو گفتوگۆیانەی هەموو بۆ چارەسەر دەكردین، ئەوەی داهاتی ئەو پازدەو شازدەو حەڤدە، بەڕاستی ئەو ژمارانە ئەوها ئاسان نییە دەستكاری بكرێت، یاخود بگۆڕدرێت، بۆیە ئەگەر ئیستیسنائەكان كەم بكەین، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو ژمارانە پاش چەندین دیراسەت و پاش چەندین كۆ كردنەوەی ئامارو شتی وا دادەنرێت، لە دەوڵەتێك بۆ دەوڵەتێكی تر دەگۆڕێت،

ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین ئیستیسنائەکان نەمێنێت، تەوحیدی ئەحکامی ئەهلیەت بکرێت، ئیکتیفا بکەین بە هەژدە ساڵەکە، ئەو کێشەو هەموو ئەوانەمان بۆ چارەسەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر کەمال مولاحەزەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەت وەکو لە یاسایەکەدا هاتووە، کاک خەلیل زۆر باش روونی کردەوە هەژدە ساڵ ئەوە ئەساسی مەوزوعەکەیە، ئەویتر بۆ حاڵەتی قصوی، بۆ حاڵەتی زەرورەت هاتووە، بۆیە پێویستە بمێنێت، چونکە حالاتی ئیستیسنائی دێتە پێشەوە، پێویستە چارەی بکرێت، موجتەمەعی ئێمە وەکو ئەوروپا نییە، ئەوان بە شێوەیەکی تر چارەسەری کێشەی خۆیان دەکەن، لێرە لە قازی بکرێت زۆر مەشاکیل بەلاوە دەچێت.
بەنیسبەت ئەهلیەت، ئەمە راوەستاوە لەسەر عائیلەکە، هەندێك عائیلە هەیە پیاوەکە رێك و پێکترە، دەتوانێت باشتر عائیلە بکات، هەندێك ئافرەتەکە دەتوانێت، هەندێك عائیلە هەیە پیاوەکە ناتوانێت قیادەی ماڵەکە بکات، بۆیە پێویستە ئەمە وەکو لە یاسایەکەدا هاتووە بەم شێوەیە بێت.
بەنیسبەت منداڵیش، ئەگەر دایکێك منداڵەکان بەخێو بکات، بۆچی بۆ برای پیاوەکە بێتن؟ یەعنی بۆ مامی بێتن، لەوانەیە هەر رەحمیشی لەسەریان هەبێتن، یان نەبێت، چونکە ئەوەی دوو کەس لە ماڵێك موعاشەرە بکات عەتفی زیاتر دەبێت لە هەموو روویەکەوە زیاتر پابەند دەبن بە یەك ئەگەر لە مەسڵەحەت بن، ئیحتیرام بۆ ئینسان، ئیحتیرام بۆ ژن و بۆ پیاویش لە ماڵەوە بێت کۆترێکت هەبێت، پشیلەیەکت هەبێت زیاتر عەتفت دەکەوێتە سەری، جا کوا ئەوەی کە لێت دوور بێت عەتفی کەمتر دەبێت، بۆیە هەر دایکەکە بێت باشترەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت باست کرد کە من لەو فەقەرەیە باش تێ نەگەیشتیمە، لە نەتیجەی موناقەشەکان دەرکەوت کە من باش تێگەیشتیمە، قسەکانی کاك خەلیل ئیسپاتی ئەوە دەکات کە من باش لەو فەقەرەیە تێگەیشتیمە، لەبەر ئەوە بەڕاستی من جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە، ئێمە لێرە بەگوێرەی ئەو فەقەرەیە من تێدەگەم ئەگەر غائیب بوو، یان مرد دایك حەقی ویلایەتی هەیە، من باش لەوە دەگەم، یەعنی ئەوە حەقێکی باشی داوەتێ تاکو ئێستا کێشەیەکی زۆر لەو مەسەلەیەدا هەبووە، دوای مردنی باوك مام هاتووە تەدەخولی کردووە، خەڵکی تر تەدەخولیان کردووە، من لەوە دەگەم، بەلاّم کێشەی من لە کارە ئیستیمراریەکەیە، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەگەر ژنێك توانای ویلایەتی هەبێت پاش مردنی مێردەکەی منداڵەکانی بەڕێوە

ببات، بۆ له كاتی ئیستیمرار ئەو حەقەی نادەیتێ له تەنیشت پیاوەكەی قەرار لەسەر مەسیری منداڵەكانی بدات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فیكرەكەت گەیشت، زۆر سوپاس، من ناڵێم له عەرەبی نازانی، وامنەوتووە، بەڵام لە كاتی وجودی پیاوەكە موشكیله نییه هەردووكیان مەسئوولن، ئیشكال نییه، ئێمە باسی ئیشكال دەكەین، له كاتی مردنی پیاوەكە، كاك مەلا ئەنوەر فەرموو وەڵامیان بدەوە.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك بەڵێن دەڵێت شتێكی زۆر موتەناقیزە له هەموو مەوزوعەكان، یەعنی باب وەلی بێت و دایكیش وەلی بێت له یەك كاتدا ئەوە نابێت له حاڵەتی وجودیدا، بەڵام حەدیس دەفەرموێت له كاتی بە شوودانی كچە مەشوەڕەت بە دایكی بكرێت، یەعنی بە مشوەڕەتی دایكەكەش بێت، نەك ئیهمال كردنی دایكەكە بێت، هەر نەفسی حەدیسی پێغەمبەر (د.خ) وا دەڵێت لەو مەوزوعەیدا، كەواتە ناكرێت، ئێستا دەكرێت دوو كەس مەسئوول بێت لە پەرلەمانـدا لە یەك كاتـدا، یەعنی دەبێت، تەبیعاتی شت ئەوایە، لەبەر ئەوە پێچەوانەیە له واقیع، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە ئەو مەوزوعە بۆ ئەوە هاتووە، ئەو كچە، یان ئەو كوڕە كە دەیەوێت ژن بهێنێت، یان مێرد بكاتن لە كاتێكدا كە باوكەكەی وەفاتی كردووە، مام و خاڵ و باپیریان تەدەخول نەكەن زۆر وازیحە عیلاقەی بە شتی ترەوە نییه، ئەوە حەقی دایكەكەیە، حەقی خۆیەتی حازینەیەتی، تێكەڵاوی شتی تر مەكەن، من لەگەڵ یەكسانیمە، بەڵام لێرەدا جێگای نییە، هەر لە هەموو جوملەیەكدا حەشری جوملە بكەیت، بۆ ئەوەی بگەیتە ئەوە، ئەوە ناكرێتن بەحەقیقەت، لێرە زۆر بە وازیحی هاتووە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەو مەبدەئەی كە ئێستا هاتۆتە ناو ئەو یاسایە مەبدەئێكی تازەیەو پشتگیری لێ دەكەم، كە ویلایەت لە پیاو وەردەگیرێتەوەو دەدرێتەوە ژنەكە، بۆیە من ئەو مەبدەئە زۆر بە پەسند دەزانم، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەك شت هەیە خیلافی لەسەرە، حەوت ئەندامی بەڕێز قسەیان كرد دەڵێن تەمەنەكە دەبێت ببێتە هەژدە ساڵ، له هەژدە ساڵ كەمتر نەبێت، یەعنی حاڵەتی ئیستیسنائی نەبێت شازدە ساڵەكە، ئەوانەی كە وایان داوا كرد كاك جەمال بوو، چرۆ خان بوو، كاك حاتەم بوو، كاك جەعفەر بوو، ڤیان خان، سۆزان خان، كاك غەفور بوو، كاك ملا سەعدەدینیش بوو، هەشت كەس باشە ئەوە بووە دە كەس، بەرامبەری ئەوەشەوە

هەندێك ئەندام شەرحیان كردووە، لە قانونی مەدەنی ئەهلیەت هەژدە ساڵە تەواوە، بەلاّم ئەو شازدە ساڵەیان ئەوانەی كە قسەیان كرد كاك كەریم و كاك شێخەللاّ و كاك دلێرو كاك دكتۆر فوئادیش بە نامە بۆ ئێمەی نووسیووە شەرح دەكاتن، ئەو شازدە ساڵییە لەبەر ئەوەیە، مەلەسەن لە شوێنی گەرمدا فەرق دەكاتن، ئەفریقیاو شەرقی ئەوسەت فەرق دەكاتن لەگەڵ ئەوروپا لە گەیشتنی بابڵێین گەورە بوونی پیاو و یان ژن و ئەوانە، بۆیە ئەوە دانراوە، لە حاڵەتی تایبەتدا بۆ چارەسەرو ئەوانە، بۆیە من پێموایە ئەو مەوزوعە بیخەینە دەنگدانەوە، كە دە ئەندامی پەرلەمان داوایان كردووە، وەكو قانونی مەدەنی حاڵەتی ئیستیسنائی شازدە ساڵەكە نەبێت، ئەو دە ئەندامە بەڕێزە داوا دەكەن شازدە ساڵیەكە نەمێنێت، هەمووی هەژدە ساڵە، لە هەژدە ساڵ زیاتر ڕێگە نەدرێتن مارە بڕین و ئەوانە، موقابیل بە ئەوانەی داوایان كردووە بە ئەكسەریەت، هەندێك ئەندام پەرلەمانیش دەڵێت موبەریراتی بەردەوام بوونی پازدە ساڵەكە بكرێتە شازدە ساڵ، موقتەرەحە تازەكەی ئەندامانی پەرلەمان كە دەڵێت هەژدە ساڵ كەمتر نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە هەژدە ساڵ كەمتر نەبێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، (23) دەنگ، كێ لەگەڵ ئەسڵی ماددەكەیە، زۆر سوپاس، زۆرینەیە، كەواتە شازدە ساڵەكە دەمێنێتن، ئێستا ئەو ئیقتیراحەی كە پازدە ساڵەكە ببێتە شازدە ساڵ لە هینەكەدا، وەكو لە موقتەرەحەكەدا هاتووە، فەقەرەی یەكەم كە هەر سێ لیژنەكە پشتگیریان لێ كردووە، بەس ئەوەندەیە پازدە ساڵەكە دەبێتە شازدە ساڵ (اذا طلب من اكمل) لە جیاتی (الخامسة عشرة، السادسة عشرة من العمر الزواج فللقاضي ان يأذن به اذا ثبت له اهليته وقابليته البدنية بعد موافقة وليه الشرعي، فاذا امتنع الولي طلب القاضي منه موافقته خلال مدة يحددها له فان لم يعترض او كان اعتراضه غير جدير بالاعتبار اذن القاضي بالزواج)، ئەو پازدە ساڵە بووە شازدە ساڵ، كێ لەگەڵ ئەو بڕگەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بڕگەی دووەم كە ئیزافە كراوە دەڵێت (تعتبر الام وليا اذا كان الاب متوفياً او غائباً او حاضناً)، لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان دەڵێت ئەسڵەكەی باشترە، كەواتە (تعتبر الام وليا اذا كان الاب متوفياً او غائباً فيما اذا كانت حاضناً) وانییە، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەسڵی مەبەست ئەوەیە، ئەگەر هاتو ئەو ژنە حازینە بوو، حازینەی منداڵەكە بوو، هەتا ئەگەر بە جیابوونەوەش لە مێردەكەی دوور بوو، نەك هەر موتەوەفی و غائیب بوو، یەعنی (فيما اذا كانت حاضنة) ئەوە باشە، بۆ حاڵەتێكە ئەگەر ژنەكە مێردەكەی نەما بوو، یان دوور بوو و شووی نەكردبۆوەو منداڵەكە خۆی حازینە بوو، ئەوە دەگرێتەوە، (واذا كانت حاضناً ايضا) لە حاڵەتی تەلاقدا، جا ئەوە چۆن صیاغەی دەكەن برادەرانی لیژنەی یاسایی، ئەوە لای ئەوانە، ئەسڵی مەبەست ئەوەیە، یەعنی تەنها حاڵەتی وەفات و غیاب نەبێت، لە حاڵەتێك ئەگەر جیابوونەوە، بەلاّم خۆی حازنی منداڵەكە بوو لەوەشدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە پەخشان خان، ئەوەلەن/ ئەوە ئیسارە نەکراوە.

دووەمیش/ تەلاقدان لە حەقی بابەتی نایەخێت، قەیدی ناکات تەلاقیدا، بەلام مەسئوولیەتی باوك و دایکە، هەردووکیانە، لێرە باسی وەفات و غیاب دەکات، قەیدی ناکات تا هەژدە سالی، کە ئەهلیەتی بوو لە هەژدە سالی خۆیەتی، لێرە جێگای نابێتەوە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە لە حاڵەتی تەفریق حەزانە بۆ دایکە، ئەگەر هاتو مەحزون زەرەری پێ نەکەوت ئەمە ئەحکامیەتی، لە حاڵەتی وەفاتیش بە هەمان شێوە حەزانە بۆ دایکە، ئەگەر هاتوو مەحزونەکە موتەزەریر نەبوو، ئەوە ئەحکامی عام، ئەویتر بۆ دایکە بۆ ماوەی دە ساڵ، کاری تەمدید هەیە بۆ پازدە ساڵ، پاش پازدە ساڵ ئازادە لە حەزانەی باوك دەبێت، یان لە حەزانەی دایك دەبێت، ئەوە ئەحکامەکەی حەزانەیە بەڕاستی ئەگەر لێ بزانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان موفتەرەحی خۆی سەحب کرد، چونکە شەرحێك هەبوو و ئەوانە، ئەو صیاغەی کە کراوە دیقەتی بدێ، بەڕاستی پاشی چەند کۆبوونەوەو خەڵکی شارەزاو لە رووی قانونیەوە، لە رووی شەرعیەوە هەمووی دیقەتی تێدایەو وا کراوە، لەبەر ئەوە من وەکو خۆی پێم باشە بیخەمە دەنگدانەوە، پاشی ئەوەی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان تێگەیشتن، ئەو ئیزافە بکرێت (تعتبر الام وليا اذا كان الاب متوفياً او غائباً وكانت حاضناً)، (وكانت حاضناً) یەعنی منداڵەکە لەلای خۆیەتی، یەعنی لە شازدە ساڵیەوە منداڵەکە لەلای خۆیەتی لە ئەسبابێکی دیار، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، دوو کەس لەگەڵدا نییە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، کۆی ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، دوو کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، بۆ عام نییە، بۆ ئەو ماددەیە، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، تا رۆژی دوو شەممە سەعات یازدە، زۆر سوپاستان دەکەم.

| | | |
|---|---|---|
| **عونی کمال بزاز** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (11)**

**دوو شەممە رێکەوتی 3\11\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (11)

## دوو شەممە رێكەوتی 2008/11/3

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2008/11/3 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز عونی كمال بزاز سكرتێری ئەنجومەن بەوەكالەت, دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی دووەم, ساڵی (2008)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (10,30) ی پێشنیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2008/11/3دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژەی یاسای پەسەندكردنی دەستوری هەرێمی كوردستان - ئێراق كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژەی یاسایی هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 2006، یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان كە لەلایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆەی یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری كەلەلایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

4- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆكردنی پڕۆژەی هەمواركردنی یاسای باری كەسی ژمارە (188)ی ساڵی 1959 كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژەی یاسای پەسەندكردنی دەستوری هەرێمی كوردستان - ئێراق كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژەی یاسایی هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 2006، یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان كە لەلایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆەی یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری کەلەلایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

4- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (188)ی ساڵی 1959 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم بۆ خاڵی یەکەم و دووەم وسێهەم بێن دابنیشن لەشوێنی خۆیان، هەر ئێستایش لیژنەکانی تر کە پەیوەندیان هەیە بەخاڵی چوارەم وەکو رۆژی پێشوو بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن، جارێکی تر بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین کە لەگەڵمان بەشدارن، هەروەها کاک سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەخێربێن سەرچاو.

خاڵی یەکەم لەبەرنامەی کار:

خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستانی ئێراق کە لەلایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان پێشکەش کراوە، ئەو پڕۆژەیە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، کاک عمر عبدالرحمن، کاک کریم بحری، خاتوو کوێستان محمد عبداللە، کاک عادل محمد امین، کاک ناصح غفور، کاک سالم محمد علی، کاک د. دلێر شاوێس، کاک عونی بەزاز، کاک شێروان حەیدەری، کاک خلیل ابراهیم محمد، کاک عبدالکریم هەمەوەند، کاک طارق جامباز، پێشکەش کراوە، لەبەر گرنگی پڕۆژەکە پێم وایە بەکوردییەکەی بیخوێنینەوە، زۆریش نیە، دوایی ئاراستەی لایەنی پەیوەندی داری دەکەین، د. رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

پڕۆژەی یاسای پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان - ئێراق، یاسای ژمارە () ساڵی 2008، یاسای پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان.

بەشی یەکەم

پێناسەکان

مادەی یەکەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ کاری ئەم یاسایە.

1- هەرێم، هەرێمی کوردستان – ئێراق.

2- ئەنجومەن، ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان – ئێراق.

3- پڕۆژە، پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان کە لە 2007/11/17، بەپێ بڕیاری ژمارە 26 لەلایەن ئەنجومنەوە پەسەندکراوە.

4- لیژنە، لیژنەی تایبەتمەند کە بەبڕیاری ئەنجومەن لە 2005/9/8، راستپێراوە بۆ بەدواداچوونەوەی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان.

## بەشی دووەم

## ڕێکارەکان

**مادەی دووەم**: ئامانج لەم یاسایە دیارکردنی شێوەی دەستورێکی هەمیشەیە بۆ هەرێم، بەپێی حوکمەکانی مادەی (117) یەکەم و مادەی (120) لەدەستوری ئێراقی فیدرالیدا.

**مادەی سێهەم**: خولی یەکەمی هەڵبژاردن لەهەرێمدا بە کۆمەڵەی دامەزرێنەر دادەمەزرێت، لەبەر ئەوەی سیستمی فیدرالی بەپێ بڕیاری ژمارە (22) لە 1992/10/4، بەبنەمای پەیوەندی لەنێوان هەرێم و ئێراق دانراوە کە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان – ئێراق، بەپێی بڕیاری ژمارە (26) لە2002/11/7دا پەسەند کردووە.

**مادەی چوارەم**: پڕۆژەکە بەدارشتنە کوتاییەکەیەوە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبیوە، هەر کاتێك کۆتایی بەکارەکانی هات لەلایەن لیژنەکەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکرێت.

**مادەی پێنجەم**: سەرۆکایەتی ئەنجومەن دارشتنی کۆتایی پڕۆژەکەی بەهەردوو زمانە فەرمییەکە دوای وەرگرتنی پڕۆژەکە لەخشتەی کارەکانیا دایدەنێت ولەیەکەم دانیشتنیدا دەیخاتە بەردەم ئەنجومەن بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن.

**مادەی شەشەم**: پڕۆژەکە لە ئەنجومەن بە پەسەندکراو دادەنرێت، ئەگەر دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەنگیان بۆیدا، ئینجا وەکو دەستورێکی جێبەجی کراو لەهەرێمدا کاری پێ دەکرێت هەتا رۆژی ئەنجامدانی راپرسی کشتی.

**مادەی هەفتەم**: حکومەتی هەرێم هەڵدەستێت بەچاپ کردنی ژمارەیەکی پێویست لەپڕۆژەی دەستوری پەسەندکراوی ئەنجومەن، ئینجا بەهەردوو زمان دەخرێتە بەردەستی گەل، لەراپرسیەکی گشتیدا کە ماوەکەی لەمیژووی پەسەند کردنی لەلایەن ئەنجومەنەوە ئەو پەڕی لەشەش مانگ زیاتر نەبێت.

## بەشی سێهەم

## حوکمە کوتایەکان

**مادەی هەشتەم**: دەستوری جێبەجێ کراو بە دەستوری هەمیشەیی دادەنرێت بۆ هەرێم ئەگەر لەراپرسی گشتیدا زۆرینەی دەنگدەران دەنگیان بۆیدا.

**مادەی نۆیەم**: لیژنەی پیادەکار بەلیژنەی قائم دادەنرێت هەتا ئەو رۆژەی گەل رەزامەندی لەسەر دەستورەکە دەدات و دوای بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیدا لیژنە هەڵدەوشێتەوە.

**مادەی دەیەم**: ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**مادەی یازدەهەم**: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندی دارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێبکەن.

**مادەی دوازدەهەم: فەرمانی هەرێمی دەردەچێت بۆ دەرچواندنی دەستورو بڵاو کردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیدا.**

**مادەی سیازدەهەم: دەستورەکە دەبێتە دەستورێکی هەمیشەیی و جێبەجێکراو دوای نەوەت رۆژ لەدوای دەرچوواندن و بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیدا.**

**مادەی چواردەهەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە لەمێژووی دەرچوواندنیەوە جێبەیٔ دەکریٔ و لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، ئەو پڕۆژەیە ئاراستەی لیژنەی بەدواچوونی دەستوری هەمیشەیی، دەستوری هەرێمی کوردستان دەکەم لەگڵ لیژنەی یاسایی و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان وداوایان لێ دەکەم بەزۆرترین کات راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژەیە وەك یاسایەك دەربچێت تاوەکو دواتر دەستوری هەرێمی کوردستان بخەینە بەردەمتان بۆ بڕیاردان لەسەری، خاڵی دووەم لەبەرنامەی کار:**

**خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 2006، یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.**

**ئەو پڕۆژەیە لەلایەن ئەندامانی بەڕێز کاك خلیل ابراهیم، کاك قادر سعید خضر، ناسراو بە (زانا)، کاك شێروان حەیدەری، خاتوو د. رۆژان دزەیی، کاك تارق جامبار، کاك محمد فرج، کاك اسعد ئەربیل، کاك عونی بەزاز، کاك دلێر محمد شریف، کاك بەڵێن عبداللە محمود، دوە پێشکەش کراوە، وابزانم زۆر کورتە، بریتییە لەشەش مادە، دەکرێت بیخوێننەوە، د. رۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 2006، لەیاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**

**مادەی یەکەم: بڕگەی نۆیەم لەمادەی سێیەم لەبەشی یەکەم زیادەکرێت و بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:**

**نۆیەم: بەشداری کردن لە پرۆسەی چاکسازی ونەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی.**

**مادەی دووەم:**

**یەکەم:**

**لەبڕگەی یەك مادەی چوارەم هەمواردەکرێت و بەم جورە دەخوێنرێتەوە:**

**یەك: هاووڵاتی کوردستان بێت یان نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکات لەیەکێك لەپەرلەمانەکاندا.**

**دووەم: لەبڕگەی سێ مادەی چوارەم هەموار دەکرێت و بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە.**

سێ: ئەندامی کارا بێت لەئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق یاخود لەکۆمەڵەی نیشتیمانی ئێراق یان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی کاتی ئێراق ئەندام ببێت لەدوای رووخاندنی رژێمی لەناوچوو ساڵی 2003، کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکەن.

مادەی سێهەم:

یەکەم: لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایە دەستەی گشتی هاتبێت دەکرێتە کونگرە.

لەهەرشوێنێکی ئەم یاسایە دەستەی ئیدارەی هاتبێت دەکرێتە دەستەی باڵا.

مادەی چوارەم: مادەی شەشەم بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:

سەرەتای مادەی شەشەم بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:

کۆنگرە هەر چوارساڵ جارێك بۆ وەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە کۆدەبێتەوە:

بڕگەی یەکەم:

لەمادەی شەشەم هەموار دەکرێت و بەم شێوە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم: هەڵبژاردنی دەستی باڵای یەکێتی بەدەنگدانی نهێنی و راستەوخۆ بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان کەپێك دێت لە نۆ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەك.

مادەی پێنجەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

مادەی شەشەم:

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی رەسمی وەقایعی کوردستان دەخرێتە کار.

هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە:

بەمەبەستی بەشدای کردن لەپرۆسەی چاکسازی و سوودوەرگرتن لەئەزموونی هەموو نوێنەرانی گەلی کوردستان لەپەرلەمانەکان و رێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداری یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بەجورێك کە بگونجێت لەگەڵ گەورەیی ئامانج وئەرکەکانی و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کەلەیاساکەدا دەرکەوتن ئەم یاسایە دەرکرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی وئەندامانی پەرلەمان دەکەم بۆ دیراسەت کردنی وخۆ ئامادەکردن بۆ رۆژی موناقەشە، خاڵی سێهەم لەبەرنامەی کار:

خوێندنەوەی یەکەمی پرۆەی یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری کەلەلایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەندامانی بەڕێز کاك سەردار هەرکی، کاك رشاد احمد، خاتوو کوێستان محمد، خاتوو ڤیان دزەیی، کاك شێروان حەیدەری، کاك عبدالکریم هەمەوەندی، د. رۆژان دزەیی، کاك حمد عبداللە محمود (بەڵێن)، کاك رۆمیو هەکاری، کاك محمد فرج احمد، کاك کرخی نجم الدین نورالدین، کاك اسعد ئەربیل، خاتوو نسرین محمد صالح، پێشکەش کراوە،

ئەم پڕۆژەیە بریتیە لە (22) مادە و ئامادە کراوە وبەکوردی و عەرەبیش تەرجەمە کراوە، لەبەر ئەوەی دوورو درێژە ولەبەر ئەوەی وەختمان لێ نەگرێت هەر یەك سەر ئاراستەی لیژنەی یاسایی ولیژنەی رۆشنبیری دەکەم لەگەڵ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بۆ تاوتۆکردن لەسەری و خۆ ئامادەکردن بۆ رۆژی موناقەشەی، پڕۆژەیەکی گرنگە و پێویستە باش دیراسەت بکرێت، ئەو پڕۆژەیەی بەدەستهێنانی مافی زانیاری ئاراستەی لیژنەی ناوخۆیش دەکەین لەبەر ئەوەی ئەوانیش پەیوەندیان پێی هەیە، خاڵی چوارەم لەبەرنامەی کار:

بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پڕۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (188)ی ساڵی 1959 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، فەرموو کاك د. نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێ لەساڵێکە پڕۆژەی هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئامادەکراوە، تاوەکو ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوە کەچی بەشێك لەو پڕۆژە قانونانەی وا ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کرد، هەمووی چەند رۆژێکە و ماوەیەکی کەمە ئامادە کراون، بابزانین هۆی نەخوێندنەوەی ئەو پڕۆژە قانونە هەتاکو ئێستاکە چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەلیژنەی یاسایی دەپرسم، کاك عونی شەرحی بکات، بۆ چی دواکەوتووە هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆ، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو د. نوری ئاماژەی پێدا راستە، ئێمە لەلیژنەی یاسایی پڕۆژەکەمان ئامادە کرد، بەڵام مادەکانی ئەوەندە زۆرە ئەو ماوەمان بۆ رێك نەکەوت لەو بەینەی بتوانین داخلی بەرنامەی پەرلەمانی بکەین بۆ گفتوگۆکردن، لەبەر ئەوەی مادەکانی یەك جار زۆرە و ئەو پڕۆژانەی کە ئێستا بۆمان دێت وئەو پڕۆژانەی کە ئێستا لەبەر دەستمانە گرنگتربوون لەو پڕۆژانەی کە هەیە لەپێشوو، بۆیە بەباشمان زانی کە دوابخرێت بۆ ماوەیەکی تر، هەتا بتوانین زیاتر قسەی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەلیژنەی یاسایی پڕۆژەی هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆمان ئامادە کردووە و هیچ عیلاقەی بە ئێمەوە نەماوە و ئاراستەی سەرۆکایەتیمان کردووە، ئەگەر ئێوە داخلی بەرنامەی بکەن بۆ خوێندنەوەی یەکەم ئێمە هیچ مانیعیکمان نیە و هیچ کەموکوڕیەکیشی تێدانیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمـەیش ئاراسـتەی كاروبـاری ئەنجومـەنمان كـردووە، ڕەزامەنـدیمان پێشـانداوە بـۆ ئـەوەی خوێندنـەوەی یەكەمی بۆ بكرێت وبخرێتە بەرنامەی كار، داوایـش دەكـەم ئێستا لەبـەردەم ئێـوە كـە لەدانیشـتنی داهـاتوو بخرێتە بەرنامەی كار بۆ خوێندنەوەی یەكەمی، كاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەهـەموو پەرلـەماناتی دنیـا كـە پەرلـەمان دەسـت بـەكاربوو دەبوایـە، ئێمـە سـاڵی 2005 دەسـت بەوئیشـە بكەین نەك ئێستا، چونكە پەرلەمان ئێستا بـەرەو كۆتـایی دەچێت، لـەئێراق چـەند سـاڵە پەرلـەمان هەیـە دووجار پەیڕەوی ناوخۆیان گۆڕیوە، ئێستا درەنگە بەرەئیی من ئەمە بۆ دەورەیـەكی تـر دەیكـەین نـەك بـۆ خۆمان و دەبوایە یەكەم شت لەپەرلەمانی كوردستان، پەیڕەوی ناوخۆ بگۆڕایـە وەك لەهـەموو دنیادەكرێت و ئەوەی كراوە زۆر دواكەوتووەو بەرەئیی من كردن و نەكردنەكەی یەك شتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕاستە دواكەوتووە، بەڵام مەعنای ئەوە نیە دوای بخـەین بـۆ خـولی داهـاتووی پەرلـەمان وپـاش هەڵبـژاردن، ئەوە ئەركی ئێمەیشەو ئەوانیشە كە بۆمان بكرێـت دەیكـەین، بۆمـان نـەكرێت ئـەوان دەیكـەن، نازنـاز خـان نوقتەی نیزامێت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هـەر بـۆ پاڵپشـتكردنی قسـەكانی د. نـوری تاڵـەبانی، ئێمـەیش دوو حەفتـە پـێش ئێسـتا هـەموو سـەرۆك لیژنەكان شتێكمان نووسی و ئاراستەی جەنابی د. كمالمان كرد بۆ ئەوەی بەزوترین كات پەیڕەوی نـاوخۆیی بێتـە نـاو بەرنامـەی كـار و ئـەوەی كـە بەراسـتی هانـدەریش بـووە بـۆ ئێمـە كـە ئـەوەمان داواكـردووە بـۆ پێچەوانەی ڕەئیەكـەی كـاك طـارق جامبـاز، ئێمـە سـێ سـاڵە ئـیش دەكـەین بـەو پـەیڕەوی ناوخۆیـە وە كـو سەرۆكی لیژنە و وەكو ئەندامانی پەرلەمان، كەمو كوڕی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ ئێمە دەركەوتووە، بۆیە حەقی وایە ئێمە ئێستا ئیصلاحاتی تێدابكەین، بەڵام ئەو گروپەی كە لەدوای ئێمە دێت ئـەویش دەبێت دوو سـاڵ ئیش بكات تاوەكو بزانێت كەموكوڕییەكان چیە، بۆیە هـەر وەكـو خـۆی دەمێنێتـەوە بۆیـە بـەر لەڕۆیشـتنی ئێمە شتێكی زۆر باشە پەیرەوی ناوخۆی نوێ دابڕێژین، لیژنەیەك پێـك بێـت لـەناو پەرلـەمان، لیژنەیـەك لەپسپۆڕو كارامـە سـەرلەنوێ بـا پـەیرەوێكی نـاوخۆی گونجـاوی سـەردەمەیانە دابڕێـژێت، ئەمـە بـۆ سـاڵی 1992 باش بوو، شتێكی كە دابمـەزرێنین یـاخود ئـەو تەعدیلاتـەی كـە لیژنـەی یاسـایی كـۆی كردووەتـەوە ئەوە بخەینە كار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تازە دەیخەینە بەرنامەی کار و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین انشاء الله لەئایندەدا، خاڵی چوارەم لەبەرنامەی کار ئەوەی خوێندمەوە، بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی، ئێستاکە دەیخوێنینەوە، من دەمەوێ پێش ئەوە بەئیجازەی ئێوە هەندێ قسەی لەسەر بکەم، یەکەم ئەهمیەت و گرنگی ئەو پرۆژەیە دەرکەوت لەخیلالی گفتوگۆکانی ئێوە و هەروەها رەنگ دانەوەی لەناو کۆمەڵگادا دیارە کە زۆر کەس بەوتارو بەنووسین موتابەعەی کردووە، تەنانەت هەندێك مامۆستایانی ئایندەی بەڕێز لەخوتبەی جومعەیشدا ئاماژەیان پێکردووە، ئامارێك لێرە پێشکەش کران دەریخست کەلەو چوار ساڵەی رابردوودا ئەو حاڵەتەی کەتەسجیل کراون لەمەحاکم، حالاتی هێنانی ژنی دووەم ناگاتە چوار سەد کەس، پرسیارێك لەئارادایەن خەڵك هەر دەپرسێت شتێکی وا کە ئەوەندە دیاردەیەکی کەم بێت بۆ ئەوەندە پەرلەمان ئیهتیمامی پێ بدات؟ وخۆی مەشغوڵ دەکات، ئەوە رێگای کردەوە خەڵکانێك هەندێکیان بەمەسئولیەتەوە، هەندێکیان بەبێ هەستکردنی مەسئولیەت لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بکەن، یان وتاری لەسەر بنووسن، پێش هەموو شتێك گرنگی ئەو یاسایە تەنها لەوەدا نایەت ئەو چوار سەد کەسە ژنی دووەمیان هێناوە، گرنگیەکە لەوەدادێت ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بەهەموو کۆمەڵەوە هەیە، هەموو خەڵکی کوردستان باسی لێدەکەن و بەئیهتیمامەوە وەریانگرتووە بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە لەسەر ئەو موناقەشاتانە وگفتوگۆکردنە کە لەپەرلەماندا کراوە، جگە لەوەیش لەرووی یاسایەوە ئەو یاسایە لەساڵی 1959 دەرچووە، هەموو یاسایەك لەرووی عەمەلیەوە کە رەفتاری لەسەر دەکرێت، کەم و کوڕیەکانی دەردەکەوێت، بۆیە هەریاسایەك کە دێتە هەموارکردن لەبەر رۆشنایی ئەزموونی دەسەڵاتی دادوەری پەیوەندیدارەکان کە بەپێویستی دەزانن هەمواری بکەن بۆ ئەو خەلەلانەی، ئەو پێداویستیانەی کە پێویستە بۆ ئەو یاسایە چاکتربکرێت دەیخەینە بەردەمتان هەتاکو ئێستا دەیان یاسا هەموارکراوە، دەیان بڕیار هەموارکراوە و هەر لەبەر رۆشنایی ئەوە بووە، جگە لەوەیش ئێستاش لە مەحاکمەکان لەکوردستاندا هەیە رەفتاری جۆراوجۆر دەگرێت، هەموو وەکو یەك نیە، بڕیارێك هەیە لەسلێمانی ئیختیلافی هەیە لەگەڵ ئەو یاسایە، ئەمەیش پێویست دەکات حکومەتی هەرێم یەکی گرتووەتەوە، یەك لەبڕیارەکانمان، یەك لەبەڵێنەکانمان ئەوەیە هەموو ئەو یاسایانەو بڕیارانە کە لە دوو ئیدارەیدا هەن دەبێت هەموار بکرێن و بکرێنە یەك یاساو یەك بڕیار، ئەمەش بەشێکە لەمەسەلەکە، جگە لەو شتە دیاردەیەك لەکوردستاندا هەیە، دیاردەیەکی زۆر ناشرینە دژی ئیسلامە، دژی شەریعەتە، دژی مرۆڤە، ئەویش دیاردەی کوشتنی ژنە، هەمووومان باسی دەکەین وهەموومان پێی ناڕازین، هەمومان هەوڵدەدەین وخەبات دەکەین بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە نەهێڵێن، جگە لەوەی ئەو یاسایە کە موناقەشە دەکرێت و رەئی لەسەر دەدەین، ئێمە دەمانەوێت رۆشنبیریەك لەناو کۆمەڵگادا بڵاو ببێتەوە کە ژنیش مرۆڤە، ئینسانە، خەڵکانێك کە موتابەعەی ئەو یاسایە دەکەن لەهەمان کاتدا ئەو رۆشنبیریە لەلایان دەچەسپێت بۆ رێزگرتنی زیاتر لەژنان، چونکە ئەو ژنانە کە باسیان دەکەین ئەگەر خێزانیشمان نەبن یان

دایكمانن یان خوشكمانن یان كچمانن یان كچی برامانن یان كچی خوشكمانن، بەهەر شێوەیەك بێت هەموو ئینسانێك لێیان مەسئولە، زوڵمێك لەیەكێك بكرێت لەبنی دنیایش بێت ئینسان لێرەدا بۆی موتەئەسیر دەبێت، بەوە نیە كە دوورە لەتۆ، چونكە ئەوەی دوورە لەتۆ هەستێكی هەیە ئینسانیەت كۆمان دەكاتەوە، جالێرە جگە لەئینسانیەت ئێمە نەتەوەیەكین لەكوردستاندا دەژین لەگەڵ نەتەوەكانی تر هەموومان لێرەدا پێكەوە دەژین، هەموومان بەیەكەوە موتەئەسیرین، خەم بۆ یەكتر دەخۆین، خەفەت بۆ یەكتر دەخوین، حەزەكەین ژیانی هەموو خەڵكی كوردستان باش بێت، هیچ زوڵمێك، هیچ جورە زوڵمێك لەسەر خەڵكی كوردستان نەمێنێت بە ژن وپیاوو منداڵ وپیرەوە، هەر یەكە لەشوێنی خۆیدا رێزی تایبەتی هەبێت، دیارە دینیش لە كوردستاندا وەكو هەموو وڵاتانی رۆژهەڵات جێگاو رێزی خۆی هەیە، خەڵكێك پابەندن بەدین، ئیماندارن هیچ یاسایەك، من ئەو رۆژەیەش ئاماژەم پێی كرد، بەناچاری جارێكی كە ئاماژەی پێدەكەم، ئێمە دەنگمان داوە بەدەستووری هەمیشەیی ئێراق، پرۆژەی دەستوری خۆمانیش لەبەردەمانە، سێ بنەمای ئەساسی هەیە لەدەستوری ئێراق و دەستوری ئێمەش، نابێت هیچ یاسایەك دەربچێت دژی بنەماكانی دینی ئیسلامی پیرۆز، نابێت هیچ یاسایەك دەربێت دژی بنەماكانی دیموكراتیەت، نابێت هیچ یاسایەك دەربێت دژی مافەكانی مرۆڤ، مافەكانی ئەساسی كە لەدەستوردا هاتووە، بەرچاوكردنی ئەو سێ شتە یاساكان دەردەچن، جا كەدێتە موناقەشە كردن بەتەئكید هەر یەكە لەروانەگەی تێگەیشتنی خۆیەوە، رۆشنبیری خۆیەوە موناقەشە دەكات و رەئی دەدات، ئەوەی رەئی دەدات بەهەرچی رەچاوبكرێت رێزدارە، بەرێزە، ئەبێت خەڵك رێزی لێ بگرێت، چونكە هەوڵێكە، ئەوەی ئیجتیهاد دەكات ئەوە ئیجتیهادە ئێوە دەیكەن، ئەگەر ئیجتیهادەكان سەری گرت و راست بو و، خزمەتی كرد ئەوە دوو ئەجری هەیە، ئەگەر نا هەتا ئەگەر هەڵەیەكیش بوو هەوڵێكە بۆ چاكردن، ئەو قسە مەشهورە كە دەڵێت: للمجتمهد اجران، اذا اصاب اجران واذا لم يصب اجر ، لەبەر ئەوەی هەتا ئەو كەسەی كە رەئیەك دەڵێت و رەئیەكەیشی راست نەبوو یان سەری نەگرت ئەجرێكی هەیە، چونكە هەوڵێكی داوە رەئی بدات، ئەو رەئیە زۆر زۆر سەهوە، زۆ هەڵەیە كە دەیەوێ پەرلەمان تەقسیم بكات بەینی موحافیزكارو پێشكەوتنخۆازو ئەوانە، شتی وا لەناو پەرلەماندا نیە و ناشكرێت خەڵك رێگا بەخۆی بدات بەوشێوەیە باسی بكات، ئەوە بۆ رۆژشنبیریەكە، بۆچوونێكە هەر یەكە لەباگراوندێكی جیاوازەوە هاتووە، زۆر كارێكی نا بەجێیە كە ئەو كەسانەی كە بەو شێوەیەدا ئەیانەوێ پەرلەمان تەقسیم بكەن، ئەمرۆ لەرۆژنامەیەكدا نووسراوە ئەڵێت یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بڕیاری داوە لەوانەیە دە ئەندامی خۆی زیاتر سزابدات، من ئەندامی مەكتەبی سیاسیم تەلەفۆنم كرد بۆ د. كمال بەو بەیانیە وتم شتی واهەیە؟ وتی نە، ئەندامێكی تر هەر لەعەینی شوێندا وتی شتی وا نیە، باشە ئەوە یەكێتی چۆن شتی وا دەكات؟، حزبێك مەسئول بێت چۆن ئەندامی پەرلەمان كە متمانەی پێی داوە ببێت بە ئەندامی پەرلەمان رێگای لێدەگرێت و دەڵێت رەئی خۆت مەدە، مەگەر لەسیاسیەتی حزب دەربچێت، ئەوە دەرچوون نیە لەسیاسەتی حزب، ئەوە سیاسەتێكە كە بۆ كۆمەڵگا، هەر یەك رەئیەك دەدات بۆ ئایندەیەك، بۆ كۆمەڵگایەك، بۆ پێشكەوتنی ئەو كۆمەڵگایە، بۆ نەهێشتنی زوڵمێك بەرامبەر بەژنان و

تێگەیشتنی باشتر لەمەسئولیەت، برادەرێك دەنووسێت دەبێت ئەو پەرلەمانە هەڵبوەشێتەوە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی 39 کەس دەنگی داوە بۆ ئەوەی فرە ژنی هەبێت، ئەوە لەخۆیەوە ئەو قەرارە چۆن دەدات، من تێناگەم ئەوە چ دیموکراتیەکە، هەر لەبەر ئەوەی بەدڵی نەبووە قەرارەکە، دیموکراتیەت یەعنی چ، یەعنی لەموناقەشەدا هەر دەبێت ئەکسەریەت وئەقەلیەت، کە مەسائیلی کۆمەڵگابێت ئەکسەریەت و ئەقەلیەت قەراردەدات، ئەمڕۆ لەنەتیجەی موناقەشەدا پاش ئەوەی دوو ساڵ ئەو پڕۆژەیە موناقەشە کراوە لێرە گفتوگۆی لەسەر کراوە، چووەتە حکومەت گفتوگۆی لەسەر کراوە، خەڵکی پسپۆڕ هاتووە موناقەشەی لەسەر کردووە لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا پیاوی ئاینیە، مامۆستای جامیعەیە، خەڵکی رۆشنبیرە، ریکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە هەموو رەئیان لەسەر ئەوە داوە وهەر یەك بۆچوونی جیاوازی هەیە، ئەو بڵێت لەبەر ئەوەی تۆ بەدڵی من نەبێت، دەبێت پەرلەمان هەڵبوەشێتەوە، ئەو بڵێت تۆ لەبەر ئەوەی پێنج کەس دەنگی داوە بۆ فرەژنی دەبێت ئەو پەرلەمانە کافربێت، باشە کێ حەقی داوەتە تۆ ئەو حوکمە بدەیت لەسەر ئەو پەرلەمانە، ئایەت دەخوێنیتەوە لەمزگەوت بەرامبەر خەڵکێکی دیندار، دەڵێت نەسیحەتی ئەو پەرلەمانە دەکەم، تەشبیهی پەرلەمان دەکات، قەراری پەرلەمان دەکات بەقەرارێکی صدام یان بەقرارێکی فرعۆن، ئەوە بەراستی تێنەگەیشتنە لەدین کە ئایەتەکەیش دەخوێنێتەوە بەتەواوەتی نایخوێنێتەوە، مثنی وثلاث ورباع، بەڵام تەواوی ناکات کەدەڵێت: فإن خفتم فواحدة، ئەویش ناڵێت بۆ ئەوەی وازیح بێت، دوایی جگە لەوەیش ئایەتێکی تری لە سورة النساء دەڵێت: ولن تستطیعوا ان تعدلوا بین النساء ولو حرصتم، باشە ئەو ئایەتە بۆ ناخوێنێتەوە، فلا تمیلوا کل المیل، لێرەدا ئایەتی پیرۆزی قورئان بە ئەمر نەیوتووە دوو ژن و سێ ژن بێنە، ئەڵێت دەتوانێت بێنی، موباحە نەیوتووە نابێت ئەوە بکەی، یان دەبێت ئەوە بکەی، واجب نیە دەڵێت دەتوانێت نەفسی بەشەر ئەزانێت، خوای تبارك وتعالی نەفسی بەشەر باش دەناسێت و دەڵێت برۆ بیکە، بەڵام دەڵێت: ئەگەر ترسای مەیکە، لەشوێنێکی تر ئەڵێت: ناتوانیت عەدالەت بکەی لەبەینی ژنان، باشە تەجروبەی بەشەریش نیشانی داوە ئەو عەدالەتە ناکرێت، بۆچی ئەگەر یەکێك ئیجتیهادێك بکات بڵێت: ئەوە یان شەرتێك دابنات لەحیاتی ئەو قسەیە، فأن خفتم، ئەو شەرتێك بۆ دابنات، پیاوێکی گەورە وەکو شێخ محمد عبدە کە شێخی ئەزهەر بووە، نەك هەر شێخ ئەزهەر بووە، یەکێکە لە موفەکرین و فەیلەسوفینی ئیسلام، رێزی تایبەتی هەیە و دەیان کتێبی هەیە، کتێبێکی هەیە تایبەتە ناوی (ژن وئیسلام)، لەوێدا شەرحی ئەو ترسەدەکات، شەرحی ئەو حرسەدەکات، لەنەتیجەدا دەڵێت من تێگەیشتنم ئەوەیە خوا دەفەرمێت مەیکەن، خوا بەتۆ دەڵێت مەیکە، نایەوێت بەیەك جاری لەبەر ئەوەی دەزانێت نەفس چەند (امارة بالسوء)، ونەفسی بەشەر خۆی زۆر خوشدەوێت، بەڵام پێت دەڵێت، دەڵێت ئەگەر ترسای مەیکە، کە دەیشزانی دەترسێی، دەڵێت ئەگەر دەتەوێت عەدالەت بیت و حرسیشت بێت بۆ ئەو عەدالەتە ناتوانێت بیکەیت، شێخ محمد عبدە دەڵێت: من لەوکتێبەدا ئەوەی دەیەوێت ناوی بگەرێت، ناوی (المرأة والاسلام)، پێی دەڵێم کە وایە دوو ژنی نابێت هەبێت لەبەر ئەوەی نە ئەو عەدالەتە دەتوانیت دابین بکەیت، بەڵام فێڵ لەخۆت دەکەیت، لەتۆ وایە ئەو ترسەت لانیە، بۆیە یەعنی ئەو ئسینانەو ئەو بۆچوونانە

داوایان لێ دەکەم چۆن ئەوان نەسیحەتی ئێمە دەکەن، زۆر سوپاسیان دەکەین بۆ نەسیحەتەکە، بەڵام خۆزگە راوەستابان هەتا هەموو یاساکەیان بدیبایە ئیجا تەقیمیان بکردایە، خۆزگە پێمان بڵێن لەکوێندەر دژی شەریعەت ئێمە قسەیەکمان نووسیوە، بڵێت لەفلان جملەدا دژی شەریعەت نووسراوە ئەو قسەیە، فەیناکە، ئەو خەڵکانەی کە موناقەشەی ئەوەیان کردووە، کاك د. نوری یەك لەوانە بووە، بەشداری کردووە، یەکێکە کە دینداره، موسڵمانە، کاك مصطفی زەڵمی کە داعیەیە کەسێکی وەکو ئەومان نیە بتوانێت فتوامان بۆ بدات، هەموو پرسی پێکراوە، دەڵێت دژی شەریعەت نیە، مامۆستایەك لەمزگەوتێکدا قابیلە لە مصطفی زەڵمی زیاتر تێبگات، ئەگەر تێشدەگات مەمنونی دەبین پێمان بڵێت لە کوێندەر دژی شەریعەت جملەیەك نووسراوە و ئەو ئینسانەیش پێی وایە، ئێمە دیموکراتی نین وکۆنە پەرستین ئەویش پێمان بڵێت لەکوێندەر، ئێمە بەعەکسەوە ئەو قەیدانەمان کە داناوە بۆ ژنی دووەم بۆ ئەوەیە کە نەبێت، لەگەڵ شەریعەتیشدا دەگونجێت و لەگەڵ دیموکراتیەتیشدا دەگونجێت، چونکە تۆ ناتوانیت بێیت لێرەدا کەقانونێك دابنەیت، حەقائیقی ناو کۆمەڵگا لەبیربکەیت تۆ قانونێك دانانەیت بۆ ئەو خەڵکانەی لەئەسکیمو، تۆ لەکوردستانیت، کوردستانیش مەعروفە چ بنەمایەکی هەیە کۆمەڵگاکەمان، مانشێتێك دەنووسرێت دەڵێت، بەبڕیاری پەرلەمان ژن بۆی هەیە طلاق بدات، ئەوە کەی پەرلەمان قەراری وای داوە، دەڵێت ژن بۆی هەیە داوا بکات لەمارەبڕینا ئەو مەرجە بدرێتە ئەو، کە پیاوەکە قەبوڵی نەکرد تەواو، ئەوە ئێمە بیڵێین یان نەیڵێین ئەو قانونە بیکەین یان نەیکەین ئەوە 1400 ساڵە ئەوە هەیە، ریگای نەگرتووە، بەڵام ئێمە زیاتر بۆ بڵاو کردنەوەی رۆشنبیریە، بۆ ئەوەی لەرێگای قانونیشەوە مادەکە بنووسرێت کە وا نووسراوە، یەکێکیش دەڵێت پەرلەمان فرەژنی بڕیارداوە ئاخر بەراستی ئەوە تێکدانی راستیە یەك، بۆورووژاندنی خەڵکە، داوا لەرۆژنامەنووسان دەکەم کە بەمەسئولیەتەوە تەماشابکەن، هەموو یاساکە وەکو خۆی تەماشابکەن، ئەوەی کە دژی دیموکراتیەتە پێمان بڵێت کێیە دژی دیمورکراتییەت؟ ئەوی پێی وایە دژی ئاین ئیشمان کردووە پێمان بڵێت دژی ئاین ئیشتان کردووە لەفلان شوێنا، بێتە ئێرە ئەگەر دەیەوێت بەراستی خزمەتی گەل بکات وخزمەتی ئاین بکات لەجیاتی ئەوەی لەخوتبەیەکدا بیڵێت، بێت لێرە لەگەڵ لیژنەی یاسای دابنیشێت وقسەبکات، ئەندامانی پەرلەمان حەتمەن ژمارەیەکیان هەیە دەیناسن لەگەڵ ئەوان قسەبکەن، بەنووسین بۆمان بنووسن وبڵێن فلان فەقەرەتان، فلان شتان دژی ئاینە با دیراسەتی بکەین، ئەوە کاك عونیش دەڵێت هەر ئەو قانونە لەئێراقدا 13 جار تەعدیل کراوە، بەقەراریش 13 قەراردراوە بۆ؟ ئەگەر نەهاتبایە هیچ کەمو کوڕی تێدانەبوایە بۆچی 13 تەعدیل دەکرێت؟، بەهەر حاڵ من داوا لەئەندامانی بەرێزیش دەکەم رەئی خۆیان لێرە چیە بیدەن، ئازادن، هەموو کەسێك ئازادە لەرەئیدانی خۆی، بەڵام نە کەس لێرە پێی وابێت کە ئیصلاحیە یان پێشکەوتووخوازە ولایەنەکانی تر پیان وابێت کە موحافیزن یان کۆنە پەرستن، نە کەسیش پێی وابێت کە ئەوانە لە دین لایان داوە، کۆمەنیست یان وانە و وانە، یەعنی ئەو ئیتیهاماتە بەراستی بەجێنین، ئێمە لێرە لەخزمەتی یاسادایین، لەخزمەتی ئەوەین کە شتێك بکەین بۆ کۆمەڵگا سوودی هەبێت و قازانجی هەبێتن، مەسئولیەتی ئێوە هەر لێرە نیە،

مەسئولیەتی ئێوە لەدەرەوەیشە، یەعنی ئەندامێکی بەڕێز ئەگەر بڕیارەکە بەدڵی نەبوو پێی وانەبێت دنیا تاریکەو تەواو، هەرکەسێك پێی وایە ئەوشتانەی بەبیروباوەڕی خۆی باشە، پێم وایە موتڵەقەن راستە لەرووی دینیەوە، ئەگەر لەبنەمایەکی دینیەوە ئنتیلاقی کردبێت، راستەئەگەر لەرووی دیموکراتیەوە ئەگەر پێی وابێت لەرووی عەلمانیەتەوە سەیری کردبێت، هەڵەکە لەوەدایە کە واتەسەور بکرێت کە ئەم دونیایە دبێت بەس گوێ لەرەئی تۆ بگرین، لە بڕیاری تۆ بگرین، ئەگەر وابێت بۆ گفتوگۆدانراوە لەپەرلەمان، بۆ هەڵبـژاردن دەکرێت، غێر بۆ ئەوەیە گوێ لەزۆرینەی خەڵك بگرێت، ئینجا باشترینیان بەوەی کە زۆرینەی لێی رازی دەبن وبڕیاری بدەن و پەیڕەوی بکەن بۆ ئایندە، ئەگەر هەڵەیشی کردبێت هەر بەعەینی رێگایە و جارێکی تر دەتوانێت دابنیشێتەوە وبڵێت هەڵەمان لەفلان شوێنا کردووە، دەبێت دابنیشین هەمواری بکەین، بەهەر حاڵ من ئومێد دەکەم ئەم دانیشتنەمان کە بەردەوام دەبێت و ئەمڕۆیش بڕوا ناکەم تەواو بێت، بەو مەسئولیەتەوە موناقەشەکانمان تەواو بکەین وخزمەتی دەرهێنانی باشترین هەموارکردنی ئەو یاسایە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان و بۆ خزمەتی مروڤ و بۆ نەهێشتنی ئەو زوڵمەی لەسەر ژن هەیە بەتایبەتی بۆ چاکردنی ماڵی کورد، کاك د. نوری تاڵەبانی بەئعتیباری بەشداری کردووە لەزۆر لەو دانیشتنانە، فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ عوزر خۆاستن لە جەنابی د. مصطفی زەڵمی، دوێنێ رووداوێکی بۆگێڕامەوە حەزەکەم ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری ئەو رووداوە ناخۆشەبن، رۆژی هەینی رابردوو لەیەکێك لەمزگەوتەکانی هەولێر د. مصطفی زەڵمی چووە بۆ نوێژی جمعە، خوتبە خوێنی ئەو مزگەوتە ناوی ناهێنم بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین باسی پەرلەمان و حکومەتی کردووە سەبارەت بە پڕۆژە یاسای باری کەسیەوە، لەپاش تەواو بوونی خوتبەی یەکەمدا د. مصطفی زەڵمی خۆی پێڕانەگێرا وهەستاوەتە سەر پێ و توویەتی ئەو قسانەی کەوا جەنابی مامۆستا کردی هەمووی بەپێچەوانەی حەقیقەتن، بۆیە مەلاکە نەیتوانیە خۆی بگرێت وچوەتە دەرێ، بەڵام بەشێك لەئامادە بووانی ئەو مزگەوتە، بەشێکی کەمیان بەناشرینانە گفتوگۆیان لەگەڵ جەنابی د. مصطفی زەڵمی کردووە، ئەوە شێوازێکە لەوەی کەوا بەشێوەیەکی زۆر نادروستانە ئەو پڕۆژە قانونە دەخرێتە بەردەم رای گشتی خەڵکی کوردستان، پێویستە ئێمە لێرەدا بەروونی باسی هەموو لایەنەکان بکەین هەر وەکو جەنابتان ئاماژەتان پێکرد، لێرانەدا باس لەوە نەکراووە کەوا طلاق دراوەتە دەست ژن، نەخێر، ئەوە مەرجێکە لەو مەرجانەی کەوا لەقانونی پێشویشدا هەیە کە دەتوانێت ئەو کچە یان ئەو ژنە لەکاتی مارە بڕیندا ئەو مەرجە دابنێت، ئەگەر بەرامبەرەکەی رازی نەبوو ئەو کاتە ئەو مارە بڕینە سەرناگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها توزیحێكم هەیە لەسەر قسەكانی جەنابت، چونكە ئەوە جاری دووەمە من بەراستی لەگەڵ ئەو ئامارانە نیم كە ئەندامانی پەرلەمان لێرە پێشكەشی دەكەن، بەداخەوە دەبوایە ئێمە پێش سێ ساڵ لێرە باسمان كرد سەنتەری لێكۆڵینەوەمان هەبێت لەناو پەرلەمان بۆ هەر پڕۆژەیەك، یاسایەك خۆمان لێكۆڵینەوە بكەین بۆ ئەوەی ئاماری دەقیق بدەین، من حەقی خۆمە شك بكەم لەو ئامارانەی كە دەدرێت و خەڵكیش حەقی هەیە شك بكات لەو ئامارانەی كە من پێشكەشی دەكەم، بۆیە ئەو ئامارەی كە جەنابت ئیشارەتت پێدا، ئێمە ناتوانین قەبوڵی بكەین، دووەمیش: زۆربەی زەواجەكان ئێستایش بەتایبەتی لەناو خەڵكی عەشایەر لەمەحكەمە ناكرێت، بۆیە زۆر رووداوی وا هەیە لەدەرەوەی مەحكەمە، سێهەم شت، ئێمە كەدیاردەیەك دەمانەوێت بنبڕی بكەین دیارە لەنەتیجەی كۆمەڵێك لێكۆڵینەوەی كۆمەڵناسیدا مجتەمەعی خۆت دەناسیت وەكو جەنابت باست كرد، مەسەلەكە ئەوە نیە كە (500) كەس لەخیلالی ئەو چەند ساڵەی پێشوو ژنی دووهەمیان هێناوەو كێشەیان دروست كردووە، بەڵكو ئەمە هەرەشەیەكە لەسەر هەموو خێزانەكان وەكو رۆژانە بوەتە داردەستێك بەدەستی پیاو بۆ ئەوەی هەرەشەی پێ بكات لەسەر ژنان كە تاوەكو ئیتاعەی نەكات یان موخالەفەیەكی بچكۆلەبكات، بڵێن من بۆم هەیە ژنی دووەم بێنم، تۆ دەتەوێت توندو تیژی و ژیانی هەڕەشە لەناو خێزاندا كەم كەیتەوە، بۆیە دەتەوێت ئەمە بنبڕبكەیت، دوایش بالەبیرمان نەچێت بەراستی ئەوەی كە قوربانی فرە ژنیە منداڵەكانن نەك تەنها ژن و پیاو كەخۆیشیان قوربانی ئەو وەزعە دەبن، بەڵكو منداڵەكان لەناو سیراعێكی دووبەرەكیدا دەژێن و ئێمە هەمووومان لەدەورو بەری خۆمان دەیان دەرئەنجامی وەها بەچاوی خۆمان دەبینین، لەهەمان كاتیشدا ژمارەیەكی زۆر لەو ژنانەی كە رووبەرووی خۆكوشتن دەبن یان دەكوژرێن بەشێكیان هۆكارەكەی بۆ ئەو هەڕەشانە دەگەڕێتەوە كە پیاوەكە بەزۆرو زۆردارێتی دەیەوێ رەزایەتی ئەو وەربگرێت بۆ ژنی دووەم و سێهەم، بۆیە ئەو یا ئینتیحار دەكات یاخود بەشێوەیەك لەشێوەیەكان وای لێدەكرێت كە خۆی بكوژێت، ئەمە لەسەر قەزیەی ئامارەكە، مەسەلەكەی تریش جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، زۆر ئیعتیادیە لەمێژووی بریتانیا لە ساڵانی هەزارو شەش سەدەكانەوە كە پەرلەمان دامەرزا، یەكەم جار دوو فراكسیۆن دروست بوون، ئەو دەمەی كە هێشتا حزب دروست نەبوو، فراكسیۆنی پارێزگاران وفراكسیۆنی ئازادیخواز، یەعنی زۆر زۆر تەبیعیە ئەمە شتێكی زۆر تەندروستە لە ناو پەرلەمانی ئێمەیش خەڵكێك هەبێت پارێزگاربێت وخەڵكێك هەبێت ئازادی خوازبێت، ئەمە بەمەعنای رەفزكردنەوەی هیچ لایەكیان نیە، پارێزگاریش فكرەیەكە، بیروبۆچونێكە زۆر جێگای ئیحتیرامە، حەقی خۆیەتی ئەو دەیەوێت ئەو شتانەی كە هەیە بیپارێزێت، خەڵكێكیش هەیە حەز لەگۆڕان و ریفۆرم دەكات، ئەمەشیان زۆر زۆر تەبیعیە، بانەبێتە داردەسێك بۆ هەڕەشەكردن و ئیهانەكردنی یەكتری، رەئی هەردوو لا زۆر موحتەرەمە و زۆر پێویستیشە، لایەزالیش ئێستاش وەكو حزب لەبریتانیا سێ

حزب هەیە وا ئیشدەکەن لەناو پەرلەمان، حزبی محافظین و حزبی کرێکارەو حزبی لیبڕاله، یەعنی ئەمانـە ئێمە توزێك بابەتەبیعی وەربگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن بابکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك، دوو مولاحەزەم لەسەر قسەکانی جەنابت هەیە، یەکەمیان ئیمام محمد عبده موجتەهید نـەبووە، لەتاریخی ئیسلامدا وەکو مفکر ئەو جەمال الـدین ئـەفغانی و خـەڵکێکی دیکـە، بـەڵکو ئەوانـەی موجتەهیـد بوون و لـەفیقهی ئیسلام لێکۆڵینەتـەوە خـەڵکێکی دیکـەن، یـەعنی لـەنێو عولـەمای ئیسـلامدا دیـارن، بۆیـە مەسـەلەی ئیمـام محمـد عبـده لەگـەڵ ڕێزمـان بـۆی وەکـو مفکرێکـی ئیسـلامی قەزایـەی فیقهـی و شـەرعی لێوەرناگیرێت لـەعالی ئیسلامی نـەك هـەر لەکوردسـتانی خۆشمانـدا، ئەگـەر لیشـی وەربگیرێـت لەفەرزێکـدا لەئیسلامدا قاعیدەیـەك هەیـە، دەفـەرمێت: (الفتـوی تختلـف زمانـا ومکانـا وشخصـا) ئایـا کوردسـتانی ئێمـە لەوقۆناغ و شوێنە کە ئەو شتەی لێبوترێت ئەوە خاڵێك، دووەمیان مەسەلەی مامۆسـتا زەڵمـی، ئێمـە وەکـو ئاگادارین دوای ئەوەی کە دەنگدراوە لەسەر هەندێ مادەو بڕگە بەراستی ئەو تێبینی خۆی هەیـە بەتایبـەت لەسەرەتای مادەی یەکەم کە باسی عوزری مەشروع دەکات، علی سبیل الحصر، ئێمە ئەکسەریەتی پەرلـەمان دەنگی بۆدا کە لە دوو نەخۆشیدا کۆی کردەوە، بەڵام ئەو علی سبیل المثال هێنابووی گلەیی زۆرە لەوە هـەر بۆ مەعلوماتی جەنابتان، سـەبارەت بـە ئـازادیخوازو پارێزگاریش بەراسـتی ئێمـە شـانازی بـەوە دەکـەین کـە پارێزگاربین لەسەر دین و قیەم و کلتورو ڕەسەنایەتی گەلی کوردستان کە شتێك نەکـەین لەگـەڵ عەقیـدەو بیروباوەڕ ڕێك نەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کـاك حسـن مـن نـەمووت شـێخ محمـد عبـده موجتەهیـدە، وتم موفـەکیرو فەیلەسـوفە، شـێخی ئەزهەریشە، من وتم ئیجتیهاد لەئێوەدا، ئێوەیش هەریەکە ئیجتیهاد دەکەن، ئەگەر ئیجتیهادەکان ڕاست بوو دوو ئەجرتان هەیە یەکێك کە ئیجتیهادەکەتان ڕاستەومادام جوهدتان لێی سەرفکردووە، ئـەجرێکت هەیـە، بـەڵام نـەموتووە محمـد عبـده موجتەهیـدە، بابگەڕێنـەوە سـەر ئەصـڵی مەوزوعەکـە تکایـەو لەمـەوزوع دەرنەچین، من دەزانم هەر یەکە قسەیەك بکەن وەختەکەمان بڕوات، کـاك د. کمـال دەمێکـە داوای کـردووە دوو قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە وەکو ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردسـتان دانیشـتوینە یاسـایەك هەمواردەکـەین کـە شـعورێك بێـت زوڵمی تێداهەیە، بۆیە عەدالەت بەرپابکرێت، بۆ ئەوەی عەدالەتێك دابنرێت، ئەو عائیلانە، ئەو کۆمەڵگایە

بەسەعادەت لەگەڵ یەك بژین، لەو ڕەوانگایەوە و هەوڵی هەموو ئەم بەڕێزانەیش ئەوەیە کە ئەو عەدالەتە بەرپابکرێت و واجیبی ئێوەی بەڕیزیشە وەکو ئەندامانی پەرلەمان دوای ئەوەی یاساکە تەواو دەبێت لەگەڵ میدیاکان، لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی، لەناو گوندەکان لەگەڵ خەڵك خەڵك ڕوونی بکەنەوە کە بەچی شێوەیەك و بۆ ئەم شتانە کراوە، چونکە کەسانێك هەیە هەوڵەدەن سوء ئیستیفادە بکەن و وانیشانی بدەن کە دژی دینە، ئەمە بەهیچ شێوەیەك دژی قورئانی پیرۆز نیە، دژی شەریعەت نیە وە لەو ڕەوانگەیەوە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بۆچوونەکانیان لەدائەرێژن، دینەکانی تریش تەحدیدی زەوجە نەکراوە، قانون بۆیانی کردووە، بەڵام لێرە چ عەلمانی چ پیاوی ئاینی لەرۆژنامەکانا دەنووسن یان لەمنبەرەکانا قسەئەکەن، ئێمە داوایان لێ دەکەین بەخێربێن بۆ ئێرە موناقەشەیان لەگەڵ بکەین، ئەو بۆچوونەی لەبیرو مێشکی ئەوانە ئەوەیش هەر ئێوەی بەڕێز قەرارتان لەسەر داوە، بەڵام ئیحتیمالە سوء فەهمێك هەبێت، باش گوێی لەقسەکان نەبێت، لەتەفصیلەکان باش تێنەگەیشتبن، بۆیە هەر کەسێك لەحرسی خۆیەوە، ئێمە نالێین ئەوانە دژی پەرلەمانن یان خراپن یان دژی دینن یان دژی عەلمانین، بەڵام تەوەقوعیان وایە، بۆچوونیان وایە، واتێگەیشتوونە، بۆیە ئەمیش بەدانیشتن، بە موناقەشە، بە گفتوگۆ و بەشێوەیەکی هێمنانە لەگەڵ یەك تێدەگەین وە تەوەقوع دەکەم هەموو کۆمەڵگاکەمان لەگەڵ ئەو بڕیارەیە کە پەرلەمانی کوردستان دەری دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەگەر قانونەکە تەواو بێت بەکۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی ئیعلانی دەکەین، بەنیسبەت قسەکردن تەنها کاك د. نوری دووجار قسەی کردووە، ئەویش لەبەر ئەوەی لەموناقەشەکاندا لەگەڵ بووە لەئەجومەنی وەزیران، لەکۆنفراسەکان، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، لەگەڵ لیژنەی ژنان پێکەوە دانیشتوون و موحتاجی ئەوە بووین کە پێمان بڵێت، فەرموو ئەصڵی مادەی نۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم:**

المادة التاسعة: يوقف العمل بالمادة التاسعة من الفصل الثالث ويحل محلها مايلي:

اولاً : لايحل لاي من الاقارب او الاغيار اكراه اي شخص ذكرا كان ام انثى على الزواج دون رضاه ويعتبر عقد الزواج بالاكراه موقوفا اذا لم يتم الدخول بعد زوال اثر الاكراه، كما لايحق لاي من الاقارب او الاغيار منع من كان اهلا للزواج بموجب احكام هذا القانون من الزواج.

ثانيا: يعاقب من يخالف احكام الفقرة واحد من هذه المادة بالحبس مدة لاتقل عن سنة ولا تزيد عن ثلاث سنوات اذا كان قريبا من الدرجة الاولى، اما اذا كان المخالف من غير هؤلاء فتكون العقوبة السجن مدة لاتقل عن ثلاث سنوات او السجن مدة لا تزيد عن عشرة سنوات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان ئێوە رەئی خۆتان بڵێن، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەكاتی خۆی لەهەمواركردنی ئەم مادەیە، كێشەی مارە كردنی كچی منداڵ لە ئارادابوو، كێشەیەكی گەورە بوو و داوایەكی زۆر هەبوو بۆ چارەسەركردنی ئەو مەسەلەیە، بەراستی ئەوە بوو لەپەرلەمانیشدا جارێك، دوو جار باسكراو رەبت كرا بەم یاسایەوە، ئێستا دیارە ئەوەی لەم هەمواركردنەدا هێشتا جێی، یەعنی رازیبوون یان ئەوانەی كە گیرۆدەی ئەو حاڵەتەن، حاڵەتی مارەكردن بەمنداڵی، كوڕو كچ، دیارە رەئیێكی تریان هەیە، داوا دەكەن توزێك توند تر بكرێت ئەو مادەیە، ئێمەیش وەكو لیژنەی داكۆكیكردن لەمافی ئافرەتان و ژنان تەبەنی ئەو رەئیەمان كردووە، ئینجا ئەگەر ئیجازە بدەن من ئەیخوێنمەوە: بڕگەی دوو لەهەمواركردنەكە لەمادەی نۆ:

تعديل الفقرة الثانية:

يعاقب من يخالف احكام الفقرة (1) من هذه المادة بالحبس لمدة لاتقل عن سنتين ولا تزيد عن خمس سنوات اذا كان قريبا من الدرجة الاولى، اما اذا كان المخالف من غير هؤلاء فيكون الحبس مدة لاتقل عن ثلاث سنوات او السجن مدة لاتزيد عن عشرة سنوات واضافة فقرة اخرى الى المادة التاسعة وهي، ابطال عقد النكاح المبرم لصغيرات السن ممن لم تكمل السابعة عشرة من العمر دون موافقتها وموافقة القاضي ويتم ذلك امام المحكمة المختصة وكل من خالف ذلك يعاقب بالحبس مدة مدة لاتقل عن ثلاثة سنوات ولا تزيد عن خمس سنوات.

رەنگە جەنابی سەۆك مەسەلەی (ابطال عقد النكاح) ئەوە بكرێت بە تەعلیماتیش وچارەسەر بكرێت، بەڵام ئێمە پێمان باشە ئەمە لەوروانگەیەوە موناقەشەی ئەم مادەیە بكرێت كە ئێستا كێشەیەك لەئارادایە، كێشەی مارەكردنی منداڵ بەكوڕو كچەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سعدالدين لەگەڵ لیژنەی یاسایی یەك رەئیتان هەیە؟ كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی مافی مرۆڤ لەگەڵ بڕگەی یەكەمین لەهەمواركردنەكە، فەقەرەی دووەم، بڕگەی دووەمی: اما اذا كان المخالف غير هؤلاء فتكون العقوبة الحبس مدة لاتقل عن سنتين ولا تزيد عن خمس سنوات، بۆ ئەوەی هەر بەحەپسی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەر حەپس بێت، چونكە ئێمە لەسەرەوە وتوومانە كەلیمەی سجن بكرێت بەحەپس، سجن لەپێنج بەرەو ژوورە، حەپس لە پێنج بەرەو خوارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک محمد فرج، یەعنی دەڵێت دوو ساڵ، بۆ ئەو مەوزوعە داوا لە کاک عونی دەکەم تۆزێك شەرحی کات، پێش ئەوەی قسەتان پێبدرێت، فەرموو کاک عونی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێشەکی دەمەوێت بەیانکەم دەرەجەی قەرابە چیە، وچەند دەرەجەیە، وچۆن تەوزیع کراوە، دەرەجەی قەرابە بەپێی قانونی ئەحواڵی شەخسی لەچوار دەرەجە پێك دێت:**

**دەرەجەی یەکەم: باب و دایك و منداڵەکان.**

**دەرەجەی دووەم: باپیرو دا پیرو خوشك وبرا.**

**دەرەجەی سێهەم: مام و پلك و خاڵ، پلك بەدوو لایەن، لایەنی باب ولایەنی دایك، بەعەرەبییەکەی: الاعمام والعمات والاخوال والخالات وابناء الاخ وبنات الاخ وابناء الاخت وبنات الاخت.**

**دەرەجەی چوارەم: اولاد العم واولاد الخال واولاد الخالة.**

**ئەوە دەرەجاتی قەرابەیە لەقانونی الاحوال الشخصية، ئەوە دارجە، نیزامێکی دەتوانین بڵێین، سیستمێکی عالمیە، بەنیسبەت پرۆژەکە، لەپرۆژەکەدا هاتووە جیاوازی کردووە، ئەگەر هاتو ئەو کەسانەی کە ئەو تاوانانە دەکەن کەمەوزوعی مادەکەیە، مادەی نۆ لەقانونی احوال الشخصیە، ئەگەر هاتو خزمەکان لەدەرەجەی یەك بوون عقوبەیەکی جیاوازی بۆ داناوە لەوانەی کە لەدەرەجاتی دیکەن یان غەریبن لە مەوزوعەکە، بەوسیاغە هاتووە: لایحق لاي من الاقارب او الاغیار اکراه شخص ذکرا کان ام انثی علی الزواج دون رضاه ویعتبر عقد الزواج...... هەتا دوایی، بۆ عقوبەکەی بەو شێوە هاتووە، یعاقب من خالف احکام الفقرة (1) من هذه المادة بالحبس مدة لاتقل عن سنة ولا تزید علی ثلاث سنوات اذا کان قریبا من الدرجة الاولی، واتا ئەگەر باب و دایك یان منداڵەکان بوون، ئەوانە حوکمیان کەمترە لەوانەی کە غەریبن زیاتر یان دەرەجەی قەرابەیان دوورترە، ئەوەیە مەوزوعەکە، دەرەجەی قەرابەی دوورتر ئەوانەیە: باپیرو داپیر و خوشك و برا ئەوە دەرەجەی دووەمە، دەرەجەی سێهەم: اعمام و عمات واخوال وخالات وابناء الاخ وبنات الاخ وابناء الاخت وبنات الاخت، دەرەجەی چوارەم: اولاد العم واولاد الخال واولاد الخالە، واتا ئەوانەی دەرەجەی دووەم وسێهەم و چوارەم ئەگەر هاتو ئەو تاوانەیان تەواو کرد حوکمەکانیان بەکوێرەی پرۆژەکە لیژنەی یاسایی و ئەوقاف تەئییدیان کردووە لەسێ ساڵ کەمتر نابێت و لەدە ساڵیش زیاتر نابێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئێستا لاتان رون بووەوە چۆنە، یەعنی عقوبەکە لیژنەکان موختەلیفن لەسەر ساڵەکان، کەلیژنەی مافی مرۆڤ دەڵێت ئەوەی دەرەجە یەکە ببێت بە دوو ساڵ هەتا پێنج ساڵ، دەرەجە یەك وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی دەرەجە یەك نیە نووسراوە سێ ساڵ هەتا دە ساڵ، لیژنەی مافی مرۆڤ دەڵێت ببێتە دوو ساڵ هەتا**

پێنج ساڵ، لیژنەی ئەوقافیش لەگەڵ لیژنەی یاسایش عەینی رەئیان هەیە، لیژنەی ژنانیش دەڵێن ئەوەی یەکەم لەیەك ساڵ با بکرێتە دوو ساڵ، سێ ساڵەکەیش بکرێتە پێنج ساڵ، کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوەی کە دەیڵێم رەئی خۆمە نەك رەئی لیژنە، لەسەر هەندێك لەبڕگەکانی ئەو مادەیە، لێرەدا لەم مادەیە، لەزەواج نوقتەیەك هەیە حەز دەکەم روونی بکەمەوە، زەواج باتیلە، فاسیدە، موکرەهە، لە قانونی ئەحوالی شەخصی ئەصلیەکە، لەوێندەرێ بە باتیل هاتووە، لێژنەی تەعدیلی سێ رەئی هەیە، باتیل، فاسید، مەوقوف، لێژنەی موعەدەل کە موشەریعی عێراقیە، یەعنی ئێستاکە باتیلی هەڵبژاردیە، ئەو لێژنەی تەعدیل مەوقوفی هەڵبژاردووە، لێرە پرسیارێك هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئێمە باس لەوەی دەکەین کە نابێ زەواج موکرە بێ بە هیچ شێوازێك، ئەوە مەوزوعێکی دیاری کراوە، بەس ئەگەر هاتوو (بعد الدخول) بوو، چونکە لێرە بەس باسی (قبل الدخول)ی کردیە، ئەگەر (بعد الدخول) بوو، هەتا ئەگەر زەواجەکە مەوقوفیش بێت ئایا شەرعیەتی پێ دەدرێ؟ ئەوە لێرە دەبێ ئەو خاڵە حەلی بۆ بکرێ، نوقتەی دووەم: مەوقوف راستە یەعنی کە گوتت مەوقوف یەعنی (عدم الساری) باشە کو مەوقوف دەبێت؟ ئەوە ئەگەر (بعد الدخول) بێ کو مەوقوف دەبێ؟ یەعنی لێرە موشەریع شەرعیەتی داوەتە زەواجەکەی ئەگەر مەوقوف بێ، یەعنی (تترتب علیه الاثار ام لا تترتب علیه اثار العقوبة) یەعنی ئەوە نوقتەکە دەبێ لێرە حەلی بۆ ببینینەوە، دووەم: وجوهی ئیکراهی دیاری نەکردووە، ئایا وجوهی ئیکراه چیە؟ ئەدی لە پاش ئیعلانی زەواج ، زەواجەکە ببوو و دخولەکەش ببوو چ ئیکراهێك لێرە قبول دەکرێ و قبولی ئەو نەوعە ئیکراهە هەیە؟ نوقتەکی تر هەیە جەنابی سەرۆك، لێرە کەلیمەی مەنع ، مەنع زۆر بە موتلەقی هاتووە، کە دەڵێ(لا یحق لاي من الاقارب او الاغیار منع من کان اهلآ للزواج) ، ئایا هەموو مەنعێك؟ نەسیحە و مەشوورەتیش داخیل دەبێ؟ ئەگەر مەقصەدێکی لادەدا و مەنعە یان نەسیحەت و مەشوورەت بوو ئایا مەنعەکە بە موتلەقی بێت یان بەس لێرە مەنعی تەعەسوفی مەقصودە؟ یەعنی ئەگەر لێرەش تەقییدی ئەو مەنعە بکرێ باشە کە مەنعی تەعەسووفی بێت، نەك مەنعێك بێت لە قازانجی ئافرەتەکە بێت، حەلێکی دیکە حەز دەکەم هەر لەناو ئەو ماددەیە بیبینینەوە باشە، لە زەواجی کەنەسی یەعنی مەسیحی نابێ لە بۆ موسڵمان، ئەگەر هاتو کچێك ویستی مێرد بە کوڕێك بکات، کوڕێکی موسڵمان ئایا کە ئەوان مەنعیان کرد ئەوە بە مەنع حیسابە یان نا؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبد الله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مارەبڕین بە زۆر یاخود بە ئیکراه پێم وایە دوو لایەن ئەگرێتەوە، یەکێکیان کە ئەو کەسە گەورەیە و بە زۆر مارەی ئەبڕن، ئەوەی تریشی مندالە لە خوار سنی یاساییە هێشتا نەگەیشتووتە تەمەنی یاسایی و ئەهلیەتی تەواو نەبووە ئەوەش مارەی ئەبڕن، هەردووکی بە ئیکراهە، من پێم وایە ئەوە تاوانێکی گەورەیە، تاوانە دژی کەسەکە خۆی کە بە زۆر مافەکانی لێ زەوت دەکەن و بەزۆر ئازادییەکانی لێ زەوت دەکەن و بە زۆر بەشووی دەدەن و یان بە زۆر مارەی ئەبڕن، لە لایەکی تریشی ئەوە تاوانێکە لە رووی کۆمەڵ، چونکە لە ئەنجامی ئەو جۆرە مارە بڕین و ئەو جۆرە مارە کردنانە چ لەوەی پێشی ئەوەی بە ئیکراه بێت هەندێك کاریگەری لەسەر کۆمەڵ دەبێت، کێشە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و هەموو جۆر کێشەیەك رەنگە سەر هەڵبدات، لەبەر ئەوە ئەوە تاوانێکە بەرامبەر بە تاکەو تاوانێکە بەرامبەر بە کۆمەڵ، بۆیە من سەد دەرسەد تەئیدی دەرکردنی سزایەکە دەکەم بۆ رێگە گرتن لەو دیاردەیە و بە تایبەتی پشتیوانی لە لێژنەی داکۆکی کردن لە ئافرەتان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی منیش سەبارەت بە کچ یان کور بە زۆر مارە بڕینی بۆ بکرێ، ئەوە کێشەیەکە باری خێزان تێك ئەدات، باری کۆمەڵ تێك ئەدات بە گشتی، لەبەر ئەوە عقوبەکە هەتا توند بێ بەراستی من بە کەمی ئەزانم، تەئیدی پێشنیاری لێژنەی مافی ئافرەت دەکەم، ئەوە یەکەم، دووەمیش: بەراستی من لەگەڵ سجنەکەشدا پێم باشە غەرامەشی لەگەڵ بێ، نەك هەر سجنەکە بێت، غەرامەکە لە 15 ملیۆن کەمتر نەبێ و لە 30 ملیۆنیش زیاتر نەبێ، لەگەڵ سجنەکە، یەعنی غەرامەکەشی لێ بسێندرێ و لەگەڵ سجنیش بکرێ بەو پێشنیارەی کە لێژنەی ئافرەتان کردیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە مەوزوعێك باس دەکەم بە حەقیقەت لێرە باس نەکراوە، بەڵام لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئیکراە یەعنی کە بەزۆر ئافرەتێك ئەدەن بە شوو لەناو چ تابعێکدایە؟ عادەتەن لەناو کەسوکاردایە یان کوری مامە و یان کچی پوورە و یان کوڕی خاڵە، یەعنی ئەوەی من تێبینیم کردبێ و دیراسەم هەبێ تەبیعی حەز دەکەم برادەران بزانن من تەفسیری قورئانم بە حەقیقەت چەند جارێك زۆر بە موفەسەلی و بە وردی

خوێندووتەوە، ئەگەر سەیری بکەی ئەزانی قورئان مەنبەعی حەزارەتە، مەنبەعی تێکۆشانە، سەرچاوەی سەرکەوتن، هەرچی تۆ تەسەوری دەکەی لە ژیاندا کە ئەبێ، ئەتوانرێ لەناو قورئاندا بدۆزرێتەوە، چونکە بە حەقیقەت لە تەجاروبی شعوب و لە هەموو شتێکی تێدایە، بەڵام مەوزوعێکی گرنگ هەیە ئێستا خوبەراو و خەڵکی پسپۆر و زانایان و ئەوانەی کە شارەزاییان هەیە لە باری دروست کردنی خێزان و ئەوانە، مەوزوعێك هەیە مەسەلەی مارە کردنی خزم ، ئێستا لە دەرەوە و لە کۆمەڵگای مەدەنی خەڵکێك ئەگەر ئامۆزا بێنێ یان پوورزا بێنێ زۆر قەدەغەیە لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی سەبەبێکی تەندروستی زۆر گەورەیە، عادەتەن ئەو کەسانەی کە خزمی خۆیان دێنن و بە زۆر ئەیاندەنێ ئەنجامی منداڵەکان خەلەلیان هەیە یان کوێرن، یەعنی زۆرینەیان مەشاکیلی سیحیان هەیە، لەبەر ئەوە قەدەغە کراوە کە خەڵك خزمی خۆی بێنێ، لێرە ئەگەر جێگەیەك بۆ ئەو بابەتە بکرێتەوە، گۆڕینێك لەم بابەتە بێت بۆ داهاتووی خەڵکی کوردستان، بەرەئی من شتێکی باشە، ئەوە لە لایەك لە لایەکی تریش بە حەقیقەت لێژنەی ئافرەتان مەوزوعێکیان وروژاند ئەویش مارە کردنی منداڵ، منداڵ کەی مارە ئەکرێ خۆ 7ساڵ و 8 ساڵ مارە ناکرێ، ئێوە دەنگتان دا بۆ 16 ساڵ ، مەعنای ئەوەیە لەوێ ڕێگەتان کردەوە و موافیق بوون لەسەر ئەوەی 16 ساڵ مارە بکرێ، ئێستا کە ئەڵێین نابێ منداڵ مارە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە فەقەرەی یەکەم دیارە مارەبڕینی بە زۆر بە تاوان لە قەڵەم درایە، سەرەرای پشتگیریم بۆ قسەکانی مامۆستا سعد الدین لە مەسەلەی مەوقوف و باتیلەکە دەبێ یەکلا بکرێتەوە بەراستی، بەڵام لە فەقەری سێ کە تاوان بکات دەرەجە یەك بێت یان دوو بێت یان سێ بێت یان چوار بێت، تاوانە ئیتر ئەنجامیداوە، بۆ لەوێ تەسنیفمان کردووە؟ ئەگەر باوك تاوانێك بەرامبەر کوڕەکەی یان کچەکەی بکات یان مامی کچەکە یان کوڕەکە هەر تاوانێك بکات ئەوە تاوان نیە؟ ئێمە لە فەقەری یەکەم مەبدەئەکەمان وتمان تاوانە ئەوە نابێت بکرێت، بۆ لە حوکم دانەکە و سزا دانەکە تەصنیفی دەکرێت؟ لەبەر ئەوە بەرای من یەك حوکم هەبێ لەسەریان و حوکمەکەی قورس بێت و پێویست ناکات تەصنیفی بکەین دەرەجەی یەك و دوو و سێ و چوار، ئەوەی تاوانە، تاوانە، جا بابی بیکات، برای بیکات، کورە مام بیکات، پلك زا بیکات، هەر نازانم کێ بیکات، ئەوەی تریشیان سەبارەت بە رای من کە ئێمە لەو قانونە 16 ساڵیمان کردۆتە تەمەنی بە مێردان و ژن هێنان داڕشتووە حەق نیە لە خوار ئەوە و ئەوانە ئیتر مارە بڕین چ کوڕ بێت چ کچ بێت بکرێت، ئەویش وەکو تاوانێك حیساب دەکرێ، بەڵام پێم وا نیە عقوبەکەی دەبێ وەکو ئەوەی کە لێرە هاتووە فەرقی هەبێت، ئەویش یەکێکە لە تاوانەکان، مادەم ئێمە دامانناوە لە 16 کەمتر هەقی مارە بڕین و ژن هێنانی نیە، لازمە عقوبەشی لێرە دیاری بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك مەلا ئەنوەر فەرمووو.**

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**تەبیعی فەلسەفەی زەواج بریتیە لە مەوەدە و رەحمە و خۆشەویستی، هەر وەكو لە ئایەت باس كراوە: (وجعلنا بینكم مودةو رحمة ان في ذلك لایة لقوم یتفكرون) ، ئەو كەسانەی كە ئەتوانن زیاتر بیر لەو مەجالە بكەنەوە و تێبیگەن دەبێ بە فكرەوە بێت نەك بە شتێكی تر ، حەتمەن ئەگەر شتێك بوو بە ئیكراە و بە زۆر ئەو فەلسەفەیە نایەتە جێ لە زەواج، یەعنی مەوەدە و رەحمە دروست نابێت بە زۆری، یەعنی شتێك نیە وا بكات ئینسان لە عەتف و لە سۆزەوە بە زۆری بێ، ئەوەی كە ئێمە ئەزانین و هەموومان وەكو هەست پێكردنێك وایە زۆر دوورە لە شەریعەت و خوا كە ئەگەر كچە بە تایبەتی ئافرەت كە ئەگەر بە زۆر بەشوو بدرێ و چەندەها ئەحادیسمان هەیە لەسەر ئەوە كە ئافرەت بە زۆری بەشوو دراوە، هاتووتە لای پێغەمبەری خوا (د.خ) پێغەمبەر (د.خ) فەسخی نیكاحەكەی كردووە و فەرموویەتی بە خۆت ئەو كەسە هەڵبژێرە كە حەز دەكەی شووی پێبكەی نەك ئەوەی كە باوكت ویستوویەتی، وەكو ئەو كچەی كە ناوی خەنسا بوو دوو داخوازی دیكەی هاتبوو یەكێكیان ناوی ئەبو نوبابە بوو و یەكێكیان عەشیرەتی خۆی بوو و گوتی من حەز دەكەم ئەوەی كە ئەبو نوبابە هاتووە شووی بەوی بكەم، بەڵام باوكم بە زۆر و زۆریم لێ دەكات مێرد بەوەی كە لە عەشیرەتی خۆمەو خزمی خۆم بكەم، فەرمووی ئەوەی هەڵبژێرە كە تۆ حەزت لێیە نەك ئەوەی باوكت، ئەو حەدیسانە زۆرن كە ئەوە زۆر دوورە لە شەریعەتی ئیسلام، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ هەموو مامۆستایانی ئایینی بە دەرەجە یەك بەراستی هۆشیار كردنەوەیەكی تەواو بدەین لەناو كۆمەڵگای خۆمان كە ئەو جۆرە حاڵەتانە هەنە و بوونە و الحمدلله كە ئێستا كەمتر بووە، بەڵكو هەر نەمێنێ، جا ئێستا ئەگەر بێت و ئافرەتێك خۆی بالیغە بێت و گەیشتبێتە 18 ساڵی و ئەوانە باوك بۆ نەبێ، ئەدی ئەوانەی هەر بە هیچ شێوەیەك ئێستا نوزوجی نەبووە، منداڵە، چۆن ئەكرێ كە ئیرادەی زەواجی نیە و مارە بكرێ و بەیانی ببێتە عەرقەلە و كێشە لەناو كۆمەڵگادا شتی وا رووی داوە، لەبەر ئەوە، ئەوە پێچەوانەی شەرعە بە دەرەجەی یەكەم و ئەو جۆرە حاڵەتانەی كە ئێستا هەن زۆر جاران كە ئافرەتێك ئەدەن بە پیاوێك بۆ سوڵح و ئەیكەن بە بەدەل خوێن و ئەیكەن بە شتێكی تر كە ئەوە نە لە دین و نە لە ژین جێی نابێتەوە، لە فەلسەفەی ژیان زۆر زۆر دوورە، یان كەسێك دەسەڵاتدارە ئەچێ بە زۆر ئیغتیسابی ئافرەتێك دەكات و ئەیهێنێ، لەوانەیە كەسێك مامۆستایەك ئیحتیمالە وەكو پێویست شارەزا نەبێت، بێت و بچێت ئەوەش مارە بكات، كە ئەوانە بەراستی هەمووی پێچەوانەی ئەو ئیسلامە پیرۆزەیە و هەروەها پێچەوانەی فەلسەفەی زەواجە، بە نیسبەت عقوبەكانیش من پێم چاكە عقوبەی مادیشی لەگەڵدا بێت، باسەكە لە باسی حەبس نەبێت و ئەو حەبسەش بەو شێوازە بكرێت و رەئیم وایە كە یەك شێواز بێت و لەگەڵ غەرامەی مادی ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرمووو.

**بەڕێز سارا خضر پێروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە پێش پێشنیارەکان هەندێك روونکردنەوە لەسەر ئەو حاڵەتانە بدەم، ئێمە دیارە لە 2005 هوە پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر ئەو مەسەلەی قەدەغەکردنی مارەبڕینی کچی منداڵ دەکات کە ئەوە جێگای دەست خۆشیە، کاتێ خۆی 60 ئەندام پەرلەمان ئیمزایان کرد و کردمانە پرۆژە، ئەوەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمان وتی با لە یاسای باری کەسی موعالەجە بکرێ، ئێستا کاتیەتی کە ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێ، هەندێ کەس دەڵێن ئەو دابو نەریتە کەم بوویتەوە و کەی ئەوە باوی ماوە، زۆر جار گوێبیستی ئەو حاڵەتانە دەبین، بەڵام من بۆ دڵنیاییتان دەڵێم ئەو دیاردەیە ئەگەر لە فرە ژنی زیاتر نەبێ کەمتر نیە لە ناو کۆمەڵگای ئێمە، بۆ ئەوە نموونەمان هەیە، ئێمە لەناو خۆمان ئامار زۆر کراوە بە تایبەتی لە بیتوێن و پشدەر، سەنتەری رووناکبیری و راگەیاندن ئاماری کردووە، وەزارەتی مافی مرۆڤ ئاماری کردووە، ئێمە وەکو پەرلەمان عەینی شت بەدواداچوونمان کردووە لە خوێندنگاکان و لە شوێنەکان و لەو ناوچانە، هەر بۆ بەرچاوروونی ئەو ئامارانەی کە کراوە، لە کۆی ئامارەکان 5218 حاڵەت بەس لە بیتوێن وپشدەر هەیە، کە دڵنیام لە ناوچە دوورەکانی تری کوردستانیش هەیە، بەڵام لەوانەیە ئامارەکان نەکرابن و بەدواداچوون نەکرابێ، سەبارەت بە ئامار لێرە قسە لەسەر ئەوە کرا کە باسی هەندێ ئامار دەکرێ و بۆ ئەوەی دڵنیابوونیش کە ئەو ئامارانەی من باسی دەکەم راستەقینەیە، ئەوە ناوی کچەکان بە وازیحی نووسراوە و ساڵی لە دایك بوونیان و لەگەڵ هەتا ئەوەی کە هەندێکیان کە خوێندکاری خوێندنگاکانن، پۆلی خوێندنەکەشیان نووسراوە، یەعنی ئەوەندە بە وردی ئەو ئامارانە ئەنجام دراون، هەتا لەگەڵ وەزیری پەروەردە باسم کرد کە هاتە ناوچەکەمان کە ژمارەیەکی زۆری قوتابی و خوێندکار لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی کە ئەو حاڵەتەیان هەیەو چارەنووسیان بەستراوەتەوە بە کەسێکەوە لە تەمەنی پێنج و شەش ساڵی تا 10 ساڵی، بڕوا بکەن جارێ وا هەیە لەسەر بێشکە بێ ئەوەی یان هەتا پێش لە دایك بوون، یەعنی لەوانەیە باوەڕ نەکەن کە پێی دەڵێن بنەتۆ، بە هەر حاڵ من دڵنیام ئەو حاڵەتە بەرەو کەمی دەڕوات، بەڵام بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو کێشەیە دوو رووی هەیە، یەکێکیان ئەوانەی کە لەمەودوا ئەو یاسایەی ئێستا کە لەبەر دەستە، بەشوودانی بەزۆر بکرێ ئەوە بەشێکی چارەسەر دەکات لە داهاتوو، سزایەکەش تەنها هەر دیاری بکرێ کە بۆهەموو ئەوانە بێت، بۆ ئەو مەلایەی کە مارەی دەکات لە دەرەوەی دادگا، ئەوە لە مارەبڕینی دەرەوەی دادگا تەئکیدی لێ دەکەینەوە، پێشنیارەکە لە لای لێژنەی ژنان هەیە، رووەکەی تریان ئەو حاڵەتەیە کە ئێستا ئەو کچانەی کە چارەنووسیان بەستراوەتەوە چی بکەن؟ ئایا دەکرێ لەو یاسایەدا؟ ئەگەر لەو یاسایەدا ئەوە ناکرێ دەبێ پەرلەمانی کوردستان بڕیارێك دەربکات بەراستی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو مارە بڕینانە جا نازانم بە چ شێوەیەك دادەڕێژرێتەوە ئەو بڕیارە، کە ئازاد بکرێن

ئەو کچانە، پێویستیان بە ئازاد کردن هەیە، سەبارەت بە پێشنیارەکانیش لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ژنان خوێندیەوە، بەڵام سەرەرای ئەوە پشتیوانی لە رایەکەی کاك بەڵێن و چرۆ خانیش دەکەم ئەگەر غەرامەشی لەسەر بێ باشترە و سزایەکە توندتر بێ، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(یعتبر عقد الزواج بالاكراه موقوفاً)، دیارتان نەکردیە، ئەز بە رەئیا من بیێتە (موقوفاً علی من اكره علی الزواج)نوقتەکی دی كاك مەلا سعد الدين گوتی ، (بعد الدخول) نەکردیا راست دەبێژیت، بێژی لڤێری ئەوە لاببەین (موقوفاً اذا لم يتم الدخول)لابردرێت، دەبێ شامل بێت و هەردوو حاڵەت بگرێت، چونکە (اذا لم يتم الدخول) بەحسی وی حالەتێ کردیا لە ئەصڵێ قانون وتی (يعتبر العقد باطلاً) لێرە ئێمە بێژین مەوقوفەن، بلا هەردوو حالەتا شامل كات، (بعد الدخول و قبل الدخول)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەم ماددەیەدا ئەبینم تۆزێك کۆکردنەوەی دوو حاڵەتە، حاڵەتی یەکەم بە ئیکراه زەغت بکەی لە یەکێك و بە زۆر بیدەی بە شوو، یاخود، ئێمە هەر باسی ژن ناکەین، چونکە کوڕیش هەیە کە ئارەزووی ئەوەی هەیە یەکێکی تر بێنێ و بە زۆر یەکێکی خزمی خۆی بۆ مارە ئەکەن، ئەو حاڵەتەش هەیە، لێرەدا بەشێکی ئیکراهە ئەوەیە کە ئیکراهی دەکات بۆ زەواج، بەڵام لە شەتری ئەخیردا نووسراوە کە (لا يحق لای من الاقارب او الاغيار منع من كان اهلاً للزواج) کەواتە دوو حاڵەت لێرەدا لە عەینی ماددەدا ئەیەوێ چارەسەری بکات یاخود باسی بکات، یەکێکیان بە زۆر بیدات بە شوو و ئەوەی تریان مەنعی بکات شوو بکات بەو کەسەی کە دڵخوازێتی، یاخود ئەوەی کە رەزامەندێتی لەسەری ، من پێم باشە ئەو دوو حاڵەتە جیا بکرێتەوە و ئەلف و بای بۆ بکرێ، چونکە دوو حاڵەتی زۆر جیاوازە، ئەوە ئیقتیراحی یەکەمی منە، ئیقتراحی دووەمی من ئەوەیە: (ويعتبر عقد الزواج موقوفاً اذا لم يتم الدخول بعد زوال الاكراه) باشە ئەدی ئەگەر(اذا تم الدخول مع الاكراه) ئەوە چۆن چارەسەر دەکرێ؟ ئیکراه کراوە و هیچ چارەسەرێکی نیە و ناشتوانێ هیچ شتێك بکات و (دخل بها) ئەدی چ بکەین دوای ئەوە؟ حاڵەتی سێیەم: من تێناگەم یەعنی بۆ ئەو تاوانە ئەنجامدراوانەی نێوان کەسوکارەکان و دەرەجاتەکاندا جیاکراوەتەوە، تاوان هەر کەسێك بیکات دەرەجە یەك بێت یان دەرەجە دە بێت، کە ئەو حەقەی دا بەخۆی کە ئەو تاوانە بکات مەفروزە یەك عقوبەی هەبێت و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ روونكردنەوەیەك، ئینسان ئەگەر دخولی لەسەر كرا بە ئیكراه لە ماددەی 40 لە ئەصڵی قانونەكە عیلاج كراوە، تەلەبی تەفریق لە حاڵەتێكدا لە چوارەم دەڵێ: اذا كان الزواج قد جرى خارج المحكمة عن طريق الاكراه و تم الدخول، یەعنی ژنەكە دەبێتە ژنی، بەڵام بۆی هەیە داوای تەفریق بكات، كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو دیاردەی گەورە بە بچووك، یان بچووك بە گەورە، هەر چەندە سارا خان ئاماژەی پێدا، ئێستا وردە وردە بەرەو كەمی دەڕوات و ئەو ژمارەی ئەویش گوتی ئەو ژمارەیە لە 100٪ راستە، بەڵام لە كۆندا ئەو شتانە كراوە، ئێستا زۆر زۆر بەرەو كەم بوونەوە بووە، بەڵام من لێرە پرسیارێك ئاراستەی هەموو ئەندام پەرلەمانە بەرێزەكان دەكەم و هەموو ئەوانەی كە ئێستا گوێیان لێمانە، ئایا كەس رازیە گەورە بە بچووك بدرێ یان بچووك بە گەورە بدرێ؟ دڵنیام كەس رازی نیە، ئەی باشە بۆ چی لەسەر دانانی غەرامەكان یان عقوبەكان جیاوازی هەبێ؟ من پێم باشە چەند زیاد بكرێ باشە، ئێمە لە یاسای باری كەسێتیدا ئاماژەمان بەوە كرد دوای ئەوەی تەمەنی 16 ساڵ نەبێ ناتوانێ بە شوو بدرێ، ئەی باشە بۆچی لێرە جارێكی تر باسی ئەوە بكرێ گەورە بە بچووك بدرێ یان بچووك بە گەورە بدرێ حەبسەكەی دوو ساڵ نەبێ، سێ بێ، یان سێ ساڵ نەبێ، دوو بێ؟ بەراستی من لەگەڵ ئەوەدام چەند زیاد بكرێ ئەوەندە باشە، شتێكتاان بۆ دەگێڕمەوە: ئێمە لە یاسای باری كەسێتیدا لە دانیشتنی رابووردوو ئاماژەمان بەوە كردووە ئەوەی تەمەنی 16 ساڵ نەبێ ناتوانێ مارەی ببڕدرێ، ئەی باشە مندالێك لەسەر بێشكە مارەی ببڕن، سزاكەی چەند زۆر بێ جێگای خۆی نیە؟ دەڵێ جارێكیان لە دایكێكیان پرسی، دایكێك بە منداڵەكانی خۆی گوت و وتی وەسیەتێكتان بۆ دەكەم لەبەر ئەوەی من بە سەیارە تێك دەچم، توخوا ئەگەر بردتانم بۆ سەر قەبران بە دار جەنازە بمبەن و بە سەیارە مەمبەن، وتیان دایە گیان جا خۆ تۆ كە مردی تێكچوون كوا ماوە؟ دەڵێ ئەوەندە بە رشانەوە ترساوم دەترسێم بە مردوویش بڕشێمەوە، بەڵام ئێمە ئەوەندە لە دانی گەورە بە بچووك و بچووك بە گەورە دەترسێین، بۆیە لە دوای دەركردنی ئەو یاسایەش باس لە گەورە بە بچووك و بچووك بە گەورە دەكەین، خۆی لە راستیدا حەقە غەرامەیەك و عقوبەیەك دابنرێ كە كەس نەوێرێ بە لایەوە بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دووەم ئەندامی بەرێزە كە ئاماژە بەوە دەكات، ئێمە یاسایەكمان داناو دەنگمان بۆدا فەقەت، بۆ ئەوەی كە لە 16 ساڵ كەمتر نەبێت، ئەوە لە مەحكەمەیە، قازیە، بەڵام ئەوەی كە ئێوە باسی دەكەن لە دەرەوەی مەحكەمەیە و مەلایە كە دەبێ سنوورێك بۆ ئەوانیش دابنێ، ئێمە قانون لە دوائیری دەوڵەت جێبەجێ دەكرێ، بەڵام لە دەرەوەی دەوائیری دەوڵەت لە ناحیەی شەرعی مەلا، بۆی هەیە مارەی ببڕێت، ئەگەر بێت

و ئەو قانونەو ئەو سزایە دانەنێن، رەنگە مەلایەکە بەردەوام بێت لەسەر ئیشی خۆی، بۆیە ئەو سزایە، بۆ ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی مەحکەمە ئەو کارە دەکەن، کاك باپیر کامەلا فەرمووو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو دیاردەی کە باسی مارە کردنی کرد، بنەتۆ و گەورە بە بچووك و بچووك بە گەورەو ئەوانە دیارە بووە، ئێستا دیاردەکە کەم بوویتەوە بەرادەیەکی زۆر ئەو ئامارەی سارا خانیش باسی کرد هی پێشترە، بە تایبەتی لە 2000 بەرەو سەر کەم بوویتەوە هەتا وای لێ هاتووە زۆر لەو کەسانەی کە کچی بچووکیان لێ مارە کراوە بۆ خۆیان و بە ئارەزووی خۆیان لە گوندەکانیشدا من ئاماریشم هەیە و بەناویش لە لامە کە خۆیان دەچن داوای ئەوە دەکەن کە ئازادیان بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من تەئیدی پرۆژەکە دەکەم، ئەوەی کە لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان ئیزافەی کردووە بۆ ئەوەی کە دووبارە نەبێتەوە و رێگەی لێ بگیرێ بۆ تەئکید کردن من تەئیدی دەکەم، ئەو سەرنجەی کاك سعدالدین باسی کرد من لەگەڵێدام کە ئەوە نەك هەر بەس مەوقوف بێت، بەڵکو باتیڵ بێت، بۆ ئەوەی کە نەك ببێتە ئەمرێکی واقیع کە هەر یەکێك بە تۆبزی ئەوە دەکرێ کە دەکەوێتە ناو ئەمرێ واقیع و دوایی بە سوڵحی عەشائیری پێك دێن، راستە ئەوەی کە باس دەکرێ کە دوو کەس کێشەیەك یان ناخۆشیەکیان دەبێت بە تایبەتی ئافرەتێك بە تۆبزی یان بە ناخۆشی بێت دەروات لەگەڵ یەکێکی تر و دوو کچی بچووکی لەجیاتی ئەدەنێ، هەرچەندە ئەوە ماوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر کەمە و ئەو فەقەرەیەی کە زیادیان کردووە لێژنەی داکۆکی مافی ئافرەت دووبارە من تەئکیدی لێ دەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صبریە خان فەرمووو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا یەعنی تەندروستی گرێبەستی هاوسەرێتی مەرەجی سەرەکی بریتیە لە رەزامەندی جا شتێکی حەسم و قسە هەڵنگرە، ریوایەی فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ): ژنێك دێتە لای دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا، باوکم مارەی کردووم لە کوری مامم بە ئیکراهی خۆم، ئەفەرمووێ دەتوانی هەڵیبوەشێنیەوە و دوایی ئافرەتەکە دەڵێ رەزامەندیم هەیە، بەڵام بۆیە ئەوەم تەرح کرد بۆ ئەوەی ژنان بزانن (وان لیس للاباء من الامر شيء)، یەعنی بۆیان نیە باوك و کەسوکار هیچ شتێك بە ئیکراه بە کچەکانی بکات، ئەوە فەرموودەیەکی صەحیحە دەربارەی (رضا) لە مەسەلەی عەقدی زەواجدا، بەراستی لەم گرێبەستە مەوقوفە و ئەم مەوقوفە (رضا) حوزوزری نیە لە ئەساسی مەسەلەکە و ئیرادەی ئینسان حوزوری نیە تیایدا و دخولیش نەبووە، ئێمە راستە خیلافاتی زۆر هەبووە لەسەری، بەڵام چ ئیشکالێکمان هەیە بیکەینە

عەقدێکی باتیل، هەر کاتێك رەزامەندی بوو بە عەقدێکی صحیح تەرتیبی بۆ بکرێ، من لەگەڵ ئەوەم بەراستی وەکو عەقدێکی باتیل موعامەلەی لەگەڵ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی قسەکانی من صبريە خان کردی ئیتر منیش رەئیم وایە، هەڵبەوەشێتەوە و دوایی عەقدێکی سەر لەنوێ بکرێتەوە، چونکە ئەو مەوقوفە ماوەدانە بۆ خزم و کەس و کارەکانی بۆ ئەوەی ئیقناع بە ژنەکە بێنن، ئەویش ئەگەر لە شەرمی خۆی و ئەو بابەتانە و لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەو باتیلەمە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان احمد فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژی یەکەم لە باسی موناقەشەی ئەو پرۆژە یاساییەی باری کەسی کرا، هەموو ئەندامانی پەرلەمان لە سەرەتای قسەکانیان دەیانگوت ئێمە هەمووومان موسڵمانین و شتێك نالێین و ناکەین پێچەوانەی قورئان و سونەتی پێغەمبەری پێشەوا بێت (د.خ)، بەراستی ئەوە جێگەی دڵخۆشی بوو، دەست خۆشی و ئافەرینیش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پرۆژە یاسایەکەی نارد، یان پێش ئەوەی پرۆژە یاسایەکەی بنێرێتەوە بۆ پەرلەمان، لێژنەیەکی فیقهی لە زانایان و خوبەرا و شارەزایان دیاری کرد، تا بە دەقیقی مودارەسەی بکەن و شتێك پێچەوانەی قورئان و سوننەت و شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام بێت نەنێردرێ بۆ پەرلەمان، ئەوەش جێگای دەستخۆشی لێ کردنە، قورئانی پیرۆز هەر سەرەتا لە سورەتی بەقەرەدا دەفەرمووێ: (بسم الله الرحمان الرحيم: الم ذلك الكتاب لا ريب فيه هدى للمتقين) ئەو قورئانە کە کەلامی خوایە گومانی تێدا نیە، ئەصڵەن وەختی موناقەشە لەهەر ئەحکامێك دەکەین، ئەگەر لە 1٪ گومانت هەبێ لەسەر راستێتی ئەو قورئانەی هەبێ (والعياذ بالله) لە دائیرەی ئیسلام دەچێتە دەرێ، سوپاس بۆ خوای گەورە و ئومێد دەکەم کەس بە خەیالی دڵی تێنەپەرێ کە هەر شتێك ئیقرار دەکرێ لەو پەرلەمانە پێچەوانەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەری پێشەوا بێت (د.خ) ، قورئان دەفەرمووی (وما ارسلناك الا رحمة للعالمين) تۆمان نەناردووە ئەی موحەمەدی پێشەوا ئیلا بۆ رەحمەت و بەرەکەت بۆ تەواوی عالەمین، لەو قانونەداو لە فەقەرانەدا کە باسی مەوقوف و باتیل دەکرێ، برادەران پێویستە شارەزا بن لە فیقهی ئیسلامیدا کە ئەوەی خۆی بە موسڵمان بزانێ دەبێ شانازی بکات کە ئەو فەقیهە گەورانەی ئیسلام و ئەو موجتەهیدە گەورانەی ئیسلام رەزاو رەحمەتی خوایان لێ بێ گۆریان پڕ نوور بێ، سەدان ساڵ پێش ئێستا ئەوەی کە دایان ناوە پێشکەوتووترین قانونی ئەو سەردەمە هەر ئەوان دایاننـاوە و وتوویانە، بۆیە جێی شانازیە بۆ

ئیمانداران ئەوان شەو و رۆژ و بەیانیان و ئێواران بڵێن (رضیت بالله رباّ و بالاسلام دیناّ و بمحمد نبیاّ و رسولاّ و بالقرآن حکماّ و اماماّ) ، ئاخر ئەگەر تۆ بڵێی ئەو فەقیهانە خوێندویانەتەوە (موقوف قبل الدخول او بعد الدخول) بێ، مەسەلەی عەقدی زەواج ئەگەر مەوقوف نەبێ جارێ (قبل الدخول) یان (بعد الدخول) جارێ ئافرەت ئیکراهی لەسەر کرابێ یان نەکرابێ، ئیسلامی پیرۆز رێگەی داوە بە ئافرەت، ئەوە حەدیسەکەی پێغەمبەری خوایە کە صبری خان خوێندییەوە کە بۆی هەیە ئەو ئافرەتە رازی نەبێ بەو عەقدی نیکاحە و بچێتە لای قازی شەرعی داوای فەسخی نیکاحی بکات، چەند عەزیمە ئەو ئیسلامە، (نعم الدین الاسلام) بەراستی، ئەگەر باتیل بێ ئەو عەقدە (قبل الدخول وبعد الدخول) ئەگەر ئەو عەقدە (قبل الدخول ) باتیل بێ، سێ شتی زۆر خراپی لە واقیع دەبێ کە دژی ئافرەت و مرۆڤ بوونی ئافرەتە، یەکەم: ئەو دخولە دەبێتە زینا (والعیاذ بالله)، دووەم: ئەو حەملەی کە دەبێ دەبێتە (ولد الزنا والعیاد بالله) وە هیچ حقوقێکیشی ناکەوێت، بۆیە ئەگەر مەوقوف بێت، (قبل الدخول) یان (بعد الدخول) ئەو ئافرەتە بۆی هەیە بچێتە لای قازی و بە پێی شەرع و حاکم دادگا داوای فەسخی نیکاحی خۆی بکات، مەسەلەی کچی بچووکیش لە ساڵی 1993 کە خەتیب بووم لە قەڵادزێ سارا خان زۆر باش ئەوە دەزانێت، کۆمەڵەی فەرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپە بۆ خۆم بەپرسی یەکەمی بووم داوام لە ئیتیحادی عولەمای کوردستان کرد کە ئەو مەسەلانە قسەی جدیان لەسەر کراو نامەیەکیشم بۆ مەرحومی مەلا عبدالکریمی مودەریس نووسی کە رەئیسی عولەمای عیراق بوو و گەورە عالم بوو لە ئاستی عالەمی ئیسلامی نووسینێکی جدی لەو بارەیەوە بنێرێت بە تایبەت بۆ پشدەر و بیتوێن، ئەو مەوزوعانە جێی خۆیەتی باس بکرێت بە وردی، بەڕاستی موستەڵەحەکان موستەڵەحی فکرین، ئەو مامۆستا بەرز و بەڕێزانە و ئەو لیژنەی فقهیەی کە بە پێی تەوسیەی جەنابی سەرۆکی حکومەت تەوسەیە کرابوون، مامۆستا زەڵمی کە هەم یاساناس و عالمێکی زۆر گەورەیە، بەڵام موجتەهید نیە تەبعەن، کۆمەڵێك عالم و یاساناس و نوێنەری ئافرەتانیش لەوێ وجودیان هەبووە، ئەو موستەڵەحانە زۆر گرنگن، لەبەر ئەوە مەوقوف وەکو لیژنەی ئافرەتان گوتیان باتڵ بێت، لەڕاستی ئەوە شتێکە زۆر موخالفە، ئەسڵەن موخالفە لەگەڵ حقوقی ئافرەتان، مەسەلەی عقوبەکەش غەرامەش بێت و حەبسیش بێت، تکایە ئەو حەبس کردنانە دوو ساڵ و سێ ساڵ و چوار ساڵ ئەوانە شتی زۆر خراپی تری لە واقع دەبێت، سەرکەوتوو بن (والسلام علیکم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لیژنەی ئافرەتان نەیان گوتووە باتڵ بێت، ئەوە صبریە خان باسی ئەوەی کردو، فەرمووو.

**بەڕێز صبریە غفار أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو شتە لەلامان وازحە، عەقدی باتڵ ئەگەر دخول بێت، فعلەن یەعنی ئاسەوارەکانی خراپە، بەڵام ئێمە دەڵێین ئەو عەقدە مادام ریزای تیا نیە و شەرتی ئەساسی عەقدی زەواجە، ئیرادەی ئینسانەکە دەبێ

حزوری بێت، ئەم عەقدە با باتڵ بێت، ئیشی پێ نەکرێت، ئەگەر بوو ئێمە لەگەڵ ئەوەین (قبل الدخول)، ئەگەر نا هەمووی لەگەڵ عەقدی مەوقوف داین، ئەوە ئاسەوارەکانی هەمووی وازحە لەلامان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من حەزدەکەم تەوزیحێك بدەم بەر لەوەی رەئیەکەم بدەم، ئەوە سی ساڵە ئەو ماددەیە هەیە پێم وایە ئیشی پێ نەکراوە، سۆزان خان ئاماژەی بەوە دا ئێمە لێرە ئەگەر تەماشای ماددەکە بکەین دەتوانین بڵێین ئەوە ماددەیەکی جەزائیە، ئەو حاڵەتە دوو فعلی بە جەریمە داناوە، مەنع کردن لە زەواج ئەگەر کوڕ بێت یان کچ ئیکراه لە زەواجە، یەعنی دوو رەد فعلە بە جەریمە داندراوە، سەبارەت بە مەوقوفەکە قسەی زۆری لێوە کرا، ئێمە هەموومان دەزانین هەروەك ئەوەی لە تەعریفەکەش باسمان کرد یەکێك لە ئەرکانەکانی عەقد دەبێ ڕەزامەندی هەبێت، مادام (قبل الدخول)ە من پێم باشە باتڵ بێت هیچ ئاسەوارێکی نیە هێشتا نەیگواستووەتەوە و مەشاکلی نەبووە، بەڵام دوای (بعد الدخول) مەوزوعێکی ترە کە پێم وایە لە تەفریق باس کراوە لە ماددەی 40 ، من رەئیم ئەوەیە کە بە باتڵ بێت لە دخولەکە، سەبارەت بەوەی لە بڕگەی ئەخیر لە ئەسڵی یاساکە نەهاتووە، ئێمە وەکو خۆمان دەزانین ئیختساسی مەحکەمەی ئەحوالی شەخسی سەبارەت بەوەی ئەگەر یەکێك مەنع بکرێت یان ئیکراه بکرێت ئیختساسی مەحکەمەی ئەحوالی شەخسیە، مەحکەمەی ئەحوالی شەخسی ئەو جۆرە دەعوایانە دەبینێت، دواتر ئەم جۆرە دەعوایانە ئیعتماد دەکاتە سەر ئەوەی کە کەسێك هەبێت تەحریکی بکات، وەکو گوتم ئەم ماددەیە 30 ساڵە هاتووەو کەس بەکاری نەهێناوە، نە ژنێك نە کوڕێك، دەیان کوڕ، دەیان کچ ئامۆزایەکی نەهێڵاوە شوو بکات، دەیان کوڕ هەیە بەزۆر باوکی ژنی بۆ هێناوە کە لە تەمەنی ئەو دا نەبووە، بۆیە من پێم باشە بڕگەی سێی ماددەکە بمێنێتەوە لەبەرئەوەی دەبێت قازی ئەم قەزیەیە تەحویلی سوڵتەی تەحقیقی بکات، لەبەر ئەوەی بە پێی قانونی ئسوڵی مەحاکەماتی جەزائی کە قانونێکی شکلیە، بەڕاستی مەنع دیاری نەکراوە، لێرە ئەم عقوبەیە کە قانونێکی خاسە، ئەم نەسە کە لێرە داندراوە من پێم باشە بڕگەی سێ ئەسڵەکەی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی کە شکات دەکات خۆ قازی ئەحوالی شەخسی ئەو ناچێت تەحقیق بکات، هەتا سوڵتەی تەحقیقی هەبێت لەوێ تەحقیق بکات و دواتر ئیحالەی مەحکەمە بکرێت بۆ عقوبەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەزدەکەم تەوزیحێك بدەم لەسەر ئەو ئەشکالەی بەینی کاك عثمان و صبریە خان و کاك عادلیش دروست بووە، ئەسڵی مەشروعەکە دەڵێت (یعتبر باطلا اذا لم یتم الدخول) زۆر وازحە، یەعنی لە منالێەوە مارە دەبڕێت، هەر کاتێك ئاشکرا بێت ئەوە باتڵ دەبێت، بەڵام کە دخول بوو بوو مانای چیە؟ یەعنی ئەو ئافرەتە یان ئەو کچە گەورە بووە و وەعی هەیە، ئیحتیمالی هەیە قبوڵی کردبێت ئیحتیمالی هەیە

**دخولەکەشی بە ئیکراه بوو بێت، ئەگەر قبوڵی کردبێت، ئەو باتڵە نامێنێت، ئەگەر بە ئیکراه بێت بۆی هەیە داوای تەفریق بکات لە ماددەی 40 کە هاتووە و پێشتریش ئاماژەم پێی کرد، کاک عثمان فەرموو.**

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دیارە ئەو تاوانە 3 خاڵە، یەکەمیان: ئەوەی کە باسیان کرد مارە بڕینی منداڵی بچووک.**

**دووەمیان: بە زۆر بە شوودان.**

**سێیەمیان: ڕێگری لە شوو کردن بە ئازادی.**

**تەبعەن خاڵی سێیەم زۆر زۆر ترە لە ئەوانی تر، هەموو ئەندامانی پەرلەمان لە سنوورو ناوچەکانی خۆیان زۆر باش دەزانن دەیان کچ هاتووەتە سەر ئەوەی شەکراو بخورێتەوە، کەسێکی دوور لە خانەوادەکە ڕێگری دەکات و تا ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە، من پێم وایە ئەو تاوانەی خاڵی سێیەم هیچ کەمتر نیە لە تاوانی خاڵی یەکەم و دووەم، چ ئەوەی بە منداڵی مارە دەکرێت چ ئەوەی بە زۆر بەشوو دەدرێت، هەروەها چ ئەوەی ڕێگری لە شوو کردن دەکات، یەعنی حەز دەکەم ئەو خاڵەش ئیزافە بکرێت شان بەشانی خاڵەکانی تر، فعلەن ڕێگریەکەش هیچ جیاوازی نیە، تاوانەکە وەکو یەکن، مەسەلەی سزا دان بۆ کەسی تاوانبار چ لەوەی مارەی دەکات، چ لەوەی موسەببە بۆ ڕێگری، حەقە هەردووکیان بگرێتەوە جا چ مامۆستای ئایینی و چ ئەو کەسەی ڕێگرە، مادام ئەو یاسایە دەرچووە دەبێت فعلەن ئیلتیزام بەو یاسایەوە بکرێت، دەنا ئەگەر بە پێی ئەو یاسایە ئەو مەلایانەش ئیجرائاتی خۆیان وەرنەگرن کە مارە دەبڕن لە دەرەوە، یەعنی ئەو یاسایە هەروەکو خۆی دەبێت و مەرەکەبی سەر کاغەز دەبێت، ئەوانەی ڕێگریش دەبن فعلەن کە دیسانەوە تەئکیدی دەکەمەوە، کە سجن و سزاش، هەردوو خاڵەکە بیانگرێتەوە بۆ ئەوەی بنبڕی ئەو مەسەلەیە بکرێت، هەموومان دیفاع لە ماف دەکەین، چونکە ئەو مافەی لێرە دیفاعی لێ دەکەین و خەتەری نیە لەسەر کیان، بۆیە پێشتر کە ڕێگاتان نەدا دوو قسەی بکەین، پەرلەمانتارانیان دابەش کرد، بەرەی ڕیفۆرم خواز و بەرەی محافزکار، کە زۆر بە داخەوە ئێمە پێمان وایە هەندێك قەرار هەیە لێرە تەئسیری لەسەر کیانی نەتەوەییمان دەبێت، بۆیە عەجەلەکردنی بەڕاستی خراپە، ڕەنگە مەبەستمان کاتەکە بێت، ئەگەر زۆربەمان نالێم هەمومان لەگەڵ مافی ئافرەتین، من خۆم دژی فرەژنیمە، بەلاَم داوام کرد کە دوا بخرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بە حەقیقەت زۆر باس لەسەر عەقدی باتڵ و مەوقوف کرا، بەلاَم من وەکو ناحیە قانونیەکەی قسەی لەسەر دەکەم، ئەگەرچی جەنابیشت پێش تۆزێك تەلمیحێکت لەسەری دا، ئەسڵی عەقدی زەواج وەکو هەموو**

عەقدەکانی تر روکنی رەزایە، ئەگەر روکنی رەزای تیا نەما ئەو عەقدە ئینعدام دەبێت و نامێنێت، پێویستە روکنی رەزا لە عەقدی زەواج دا هەبێت هەروەکو لە مەوادی ماددەی یەکەم دا لە ئەسڵی زەواجەکە دەڵێت موتابەقەی قبوڵ و ئیجاب دەبێت، ئەگەر موتابەقەی قبوڵ بە ئیجاب نەبوو، ئەوا ئەو عەقدە قانونەن نەکراوەو مەعدومە و هیچ ئەسەرێکی نامێنێت، بە نیسبەت ئەو فەقەرەیەی من باس لەسەریدەکەم (قبل الدخول) هیچ پێویست ناکات لێرە ئەو عەقدە پێی بوترێت عەقدێکی مەوقوف، ئەگەر پێی بڵێین عەقدی مەوقوف، کەواتە ئێمە لە فەقەرەی دووەم لە عقوبەکان دا دەبێت دەستکاریەکی عقوبەکەش بکەین و تەغیراتی تیا بکەین، بەڵام بۆ؟ عەقدی مەوقوف یەعنی وەستاوە لەسەر ئیجازە، یەعنی هەر کاتێك ئیجازە درا وەقفەکە نامێنێت، بە گوێرەی فقه (اذا زال المانع عاد الممنوع) دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی خۆی، کەواتە ئەو کەسەی کە بە زۆر کچەکەی خۆی دا بە شوو یان بە زۆر ژنی بۆ هێنا یان مەنعی کرد شوو بکات، عقوبەکەش نامێنێت لەسەری، لە فەقەرەی دوو دا کەواتە هیچ پێویست بە ئەوە ناکات، ئەمە من پێم وایە شتێکی باش نیە، بۆچی؟ زۆر جائیزە بە ئیکراه لەلای ئێمە کچ بدرێت بە شوو یان ژنی بۆ بهێندرێت، بەڵام وەکو گوتەنی لای خۆمان لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو کەسێك کە دوو ڕیش سپی لێ کۆدەکەنەوەو دوو برادەری دەکەن بە گژی دا بەهەر نەوعێك بێت قەناعەتی پێ دەکەن، ئەو زەواجە قوڕ بەسەریە هەر بە زۆر بەسەریدا دەسەپێنن، ئەو کاتە دەڵێن مەوقوفەکە نەماو لەسەر ئیجازەی خۆی ئیجازە دراو زەواجەکە لە زەواجی ئیکراه نەماو بوو بە زەواجێکی شەرعی و فەرموو بڕۆ دخولی پێ بکە، ئایا ئەو ژیانە چۆن دروست دەبێت، لەبەر خاتری ئەم و ئەو ، چونکە عیلاقەی زەوجی لەبەر خاتری من و تۆ و لەبەر خاتری ڕیشی فلان دەبێت، بۆیە من پێم وا نیە ئەو زەواجانە ناجیح بێت، زەواج دەبێت روکنی رەزای تیا بێت، لەبەر ئەوە لە ئەسڵی مەشروعەکەی عیراقیش دا کە ئیعتمادی لەسەر هەموو مەزاهیبی ئیسلامی کردووە، بەڕاستی ئەوە سەنەدێکی زۆر زۆر بە قوەتە بە عەقدی باتڵ هێناویەتی، ئەگەر روکنی رەزای تیا نەما ئەو عەقدە موباشەرەتەن دەبێتە عەقدێکی باتڵ، مەفسوخە و ئەو ئافەرەتە حور دەبێت، ئیترئەو عەقدە هیچ قیمەتێکی قانونی نامێنێت، بۆی هەیە حەیاتی خۆی بەرێت بەڕێوە، بە نیسبەت باقی تری عقوبەکان، ئەگەر بێتو بە مەوقوفی بمێنێت، دەبێت عقوبەکان گۆڕانکاری تیا بێت، بەڵام ئەگەر هاتو بوو بە عەقدی باتڵ ئەمە فیت ناحیە قانونیەکەی خۆی سەد لەسەد لە هەدەفی خۆیدا نابێت، ئەو عقوبانەش عقوبەی چاکن

بۆ ئەوەی بمێنێت بۆ ئەو کەسانەی کە بە زۆر کچ بە شو دەدەن، وەکو موشەرعی عیراقی دەڵێت ئیکراه بە زەواج لەغوە، یان مەنع کردنی شوو کردن یان بە زۆربە شوو دانی کچ، وەلەو من پێم باشە ئەو عەقدە مەوقوف نەبێت، ئەو عەقدە موباشەرەتەن باتڵ بێت (قبل الدخول) بەڵام ئەگەر دخول بوو ئەوا دەبێتە حەقیقەتەن، حوکمەن، واتە ئەو بە ماددەی 40 فەقەرەی 4 بۆی هەیە ئافرەتەکە لەسەر رەغبەتی خۆی (قد يجوز) حەملی هەبێت ئیتر وازی لێ دەهێنێت و ئیکراهە، وقوفە و چارە نامێنێت و دەڕوات بەڕێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلاَ هەر سەبارەت بەوەی كە پەلە كراوە لەو پرۆژەیە یان پەلە نەكراوە بۆ كاك عثمان، ئەو پرۆژەیە لە ساڵی 2006 لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، یەعنی نزیكەی دوو ساڵ و چوار مانگە، لەبەر رۆشنایی حكومەت پێداویستی پێی هەیە، بۆیە دەبێت ئەم یاسایە هەموار بكرێت، نوقتەیەكی تریش هەیە كە یەكخستنەوەی هەموو بڕیارو یاساكان كە لە دوو ئیدارەیی دا هاتوون، لێرە پاش ئەوەی كە دیراسەت كرا و پاش ئەوەی كە ناردمانەوە بۆ حكومەت و گوتمان هەندێك بۆچوونی جیاواز هەیە پێوست دەكا دیراسەتی تری بۆ بكرێت ئەو پرۆژەیە و، بۆیە با پەلەی لێ نەكەین، ئێمە گوتمان پەلەی لێ نەكەین، ئەوان دیراسەتیان كردو قەراریان دا كۆنفرانسێك ببەستن، داوایان كرد كە ئەندامانی پەرلەمان بەشدرا بن و لیژنەی یاسایی و لیژنەی داكۆكی كرد، لە مافی ئافرەتان و ژنان بەشداریان كردو چەندین كۆبوونەوە كرا و خەڵكی پسپۆری زۆر كە ئاماژەم پێی كرد بەشدرایان كرد، جارێكی تر پرۆژەكەیان بە هەمواركردنەوە ناردیانەوە بۆ ئێمە و جارێكی تریش لێرەوە پاش ئەوەی كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا درا بە لیژنەی تایبەت، ئینجا ئەو لیژنانەش چەندین كۆبوونەوەیان كردووە و پاش دوو ساڵ و چوار مانگ زیاتر لەو تەئخیر كردنەكەی مەسئولیەت دەكەوێتە سەر ئێمە لە ڕاستی دا، چونكە ئەوە پێش هەموو شت داواكاریەكی حكومەتە بۆ یەكخستنی بڕیار و یاساكانە، دواتر زۆر بە تێروتەسەلی موناقەشەی كرا، بەڵام تۆ بڵێی بگەینە ئەوەی كە هەموومان یەك رەئی بن، ئەوە زۆر زەحمەتە، ڕەنگە دوو ساڵی تریش تەئجیلمان بكردبا ئەو ئیختلافەو ئەو موناقەشەیە هەروەكو خۆی دەمایەوە، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ خاڵی سێەمی لیژنەی داكۆكی كردنی مافی ئافرەتانم، كە مارەیی منالّ حالآتی زۆری تیّ كەتووە، ئەوە دوو قەزیەیە، یەكەم ئەوانەی كەوا منالّن و لەسەر بێشكە مارە دەكرێن و شعوریان نیە و 5 ساڵی و 6 ساڵین تا دەگاتە ئەو تەمەنەی كە كاتیەتی، حاڵەتێكی تر ئەوەیە كە گەورە بە بچووك حاڵەتێكی ترە دەبینین خێزانی گەورەكەیە ژیانێكی تەبیعی و ئاسایی بەڕێوە دەبات، دەمێنێتەوە، ئەوەی بچووكەكە ئەوەیە كێشەیەكی تر دەهێنێتەوەو كاتێ: كە دەگاتە تەمەنی هاوسەرگیری ئەوەش كێشەیەكی ترە، یەعنی ئەوە لێرە دو حاڵەتی دەبێت، زۆر لەگەڵ خاڵی سێیەمی لیژنەی داكۆكی كردنی ژنانم، كاتێك كە شێوازی عقوبە دەدرێت لەو خاڵە منیش لەگەڵ ئەوە بووم كە زۆر لە ئەندامان ئەوەیان پێشنیاز كرد كەوا عقوبەكە لە بۆ هەموو خزمەكان وەكو یەك بێت، چونكە كاتێك كەوا یەكێك پلە سێیەو پلەی چوارە هەڵدەستێتەوە لە حاڵەتێكی وا ئەوە شتێكی زۆر ناشایستە و نا ڕێكە، كەوا لە هاوسەرگیریەك هیچ حقوقێكی نیە و لێی هەڵدەستێتەوە، خاڵێكی ترم ئەوەیە كە هاوسەگیری خزمانە ئەوە بە هۆشیاری دەبێت، چونكە هۆشیاركردنەوەی تەندروستی دەبیّ دەست پیّ بكرێت لە ناو كۆمەڵگا و لەقەناتەكانی راگەیاندن بە هۆشیاركردنەوە دەكرێتو بە یاسا نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فضيله خان فەرموو.

**بەڕێز فضيله رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو ماددەیە زۆر ماددەیەكی باشە، چونكە ئەگەر تەماشای كۆمەڵگای خۆمان بكەین دەبینین هەموو ئەو كێشانەی ئێستا پەیدا بووە لە ناو كۆمەڵگا سەبەبی ئەو خاڵەیە كە بە ئیكراهە، مەوزوعی تەعەدود دەبێتە سەبەبێك ئەگەر ئەو پیاوە ئەو ژنەی هێنا بێت بە ئیكراه تەبعەن تەعەدودی دەكات، مەوزوعی تەڵاق مەوزوعی خیانەتی زەوجی لەسەردەمی ئێمە پرۆژەی عونفی خێزانی دروست كرا، موتابەعەی سجن و ئەو شتانەی كرد، زۆربەی ئەو شتانەی كە كرا و زەحیە بوون و لە سجن دابوون و تووشی غەڵەتی بوون بۆ ئەو ئیكراهانە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم عقوبەكەی توندتر بێت و هەتا بتوانین مەنعی ئەوە بكەین، پشتگیری لە لیژنەی ئافرەتان دەكەم كە ئەو خاڵە ئیزافە ببێت، چونكە ئێمە پێویستمان بە ئەوەیە كە روون ترو وازح تر بێت بۆ خەڵك، ئەوەش ئەوەیە دوو فەقەرە بێت، وەكو ڤیان خان ئیشارەتی پێ دا، مەوزوعی مەهری تێ بچێت و مەوزوعی شیغاریش تەبادول و گەورە بكرێ و گەورە بە گەورە و بچووك بە گەورە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ماددەكەدام، بەڕاستی مەسەلەی ئیكراه لە هەر شتێك دابێت بەرەو خراپی دەبات، بە تایبەتی لە عەقدی زەواج، ئەگەر هەموو شتێك ڕێی پێ درابێت لە زەواج نابێ، زۆرترین هەرەسهێنانی خێزانەكان لە ئەنجامی ئەوە بووە كە لەسەرەتاوە بناغەكەی دروست نەبووە و لەسەر ئیكراه بووە، مەسەلەی مارەبڕینی منداڵ بە بچووكی دیارە ئەو قانونەی ئەحوالی شەخسی یەك جۆرە عەقدی زەواج كە شەرعیەتی قانونی پێداوە، ئەویش ئەوەیە كە لە 16 ساڵ كەمتر نەبێت، ئەوانەی تری هەمووی شەرعیەت لێ سەندووەتەوە، بەڵام جێگای خۆیەتی لێرە ئەو ماددەیە موعالەجەیەكی بكەین، من پێشنیارێكم هەیە بۆ جەنابتان ئەگەر پێتان باش بێت، عیبارەتێك زیاد بكەین لە دوای (ذكرا كان أو انثى قاصرا كان أو بالغا دون رضاه) ئەوەش زیاد بكەین، ئەو كات منداڵیش دەگرێتەوە، عقوبەكانیشی لەجێی خۆیەتی، بەڕاستی مەنع كردنیش لە زەواج تاوانێكە، زۆر خەڵك هەن بە داخەوە كە دەچی داخوازی كچێك دەكەی دەبێت ئەو ڕازی بكەی و ئامۆزاكەی ڕازی بكەی و خاڵۆزاو كەسانی تری ڕازی بكەی، ئەوەش گرفتێكی گەورەیە بۆ ئاسانكاری پێكەوەنانی خێزان، جا ئەگەر ئەو تەعبیرە زیادبكرێت، (قاصرا كان أو بالغا) ئیحتیماله منداڵیش بگرێتەوە باش دەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم شێوەی زەواجە بەهەر شێوەیەکیان بێت هەر تاوانە ئیتر دەرەجە یەك پێی هەڵسێت یان دەرەجە سێ، ئەگەر دەرەجە یەك کە باوك و دایکی خۆی دەگرێتەوە رەحمە لەسەری نەبێ و زوڵمی لێ بکات ئیتر سێ و چوارەکە هەر گوێشی پێ نادەن، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە عقوبەکان توند تر بکرێ و هەموویان وەکو یەك بگرێتەوە، من شتێکی ترم هەیە کە (قبل الدخول و بعد الدخول) هەیە کە (قبل الدخول)، ئەوە باتڵ دەبێتەوە، بەڵام (بعد الدخول) ئەگەر ئەمە ڕاگیرێت، ئەگەر بە ناڕازی ئەو کچە مارە بکرێت لە هەموو شتێك بە ناڕازی ئەو بکرێت ئیکراهە، ئەمە چۆنە یەعنی حەڵاڵ و حەرامەکەی لە کوێ دایە، یەعنی بەڕاستی من داوای لێ بوردن دەکەم، ئەمە وەکو ئیختسابێك وایە، بەڵام بە ئاگاداری خەڵك، بۆیە من پێشنیار دەکەم لەو حاڵەتەش ئیبتاڵ بکرێتەوە، هەروەها عقوبەی (بعد الدخول) لە ئەوانی تریش زیاتر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێك جار ناچارین کە تەعلیق بدەین، ئەوەی جەنابت داوای دەکەی ئیمکان نیە کە (قبل الدخول وبعد الدخول) وەکو یەك بێت، (بعد الدخول) ئەمرێکی واقعە، چۆن دەتوانی بڵێی (بعد الدخول) باتڵە، ئەی ئەو دخولە چۆن تەفسیر دەکەی؟ ناکرێت ئەوە، کاك حاتم نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزامم ئەوەی کە ئەو هەموو بەڕێزانەی کە قسەیان کردووە هەمووی یەك قسەیە، قسەیەکی تر نەبووە کە مونافسی ئەو قسانە دروست بێت، بۆیە با بخرێتە دەنگدانەوە تەواو شتێکی تیا نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەوزوعە وەکو مەسائیلی تر نیە، مەسەلەیەکی حەساسە، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم ئەگەر دخول ڕووی نەدابێت باتڵ بێت، بەڵام (بعد الدخول) مەوقوف بێت، ڕابگیرێ تاوەکو ئەو ئیکراهەی لەسەر نەمێنێت، لە سزا دانەکەش غەرامەشی بێتە سەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە، کە دخول بوو نابێت بە قانون ئیقافی بکەین، یەعنی ژنەکە ئەگەر داوا نەکات چۆن دەبێت تۆ وای لێ بکەی، مانای وایە داخل بووە، نابێت تەنها ئەگەر خۆی داوای کرد، قازی بۆی هەیە تەفریق بکات، کە

دخولی کرد باتڵەکە نامێنێت، دەمێنێتەوە سەر ژنەکە کە داوا بکات قازی بۆی هەیە بەپێی ئەو حوکمە ئیقافی بکات، لەبەر ئەوەی ئیکراهی تێدا بووە، د.هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهيل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت مارە بڕینی منداڵی بچووك ئەکید لەمەودوا پاش دەرچوونی ئەم یاسایە، ئەو نەوعە عەقدە نابێت بکرێت، بەڵام ئەوەی کە کراوە و مارەی بڕاوە لە تەمەنێکی بچووك و ئێستا 15 یان 16 ساڵە، ئەوانە لەڕووی دەروونیەوە و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کێشەیەکی یەکجار زۆریان هەیە، جا چ کچ بێت یان کوڕ بێت،دەکرێت لەو یاسایەو لەو فەقەرەیە جێی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی لە ناوچەیەکی 5 هەزار کەسی، ئەکید لە هەموو کوردستان ژمارەکە زۆر لەوە زیاترە، ئێستا جێی خۆیەتی کە ئێمە لێرە کێشەکە چارەسەر بکەین و حەلی بۆ دابنێین، بە ڕەئی من ئەو عەقدانەو ئەو مارەبڕینانە سەرلە نوێ هەڵبوەشێنەوە و سەرلەنوێ ڕەئی کوڕ و کچ وەربگیردرێت بۆ ئەوەی عەقدی نوێ بکرێت، لەبەرئەوەی کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە تەوەقوعی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد أحمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕەئی من بڕگەی یەکەم، خۆی دوو حاڵەتە ئیکراهەو مەنعە، ئەوەی عیلاقەی بە عەقدی زەواجەوە هەیە وابزانم مومکینە کە لێرە نەمێنێت بچێتە فەسڵی چوارەم، (تسجیل عقد الزواج واثباته) لەوێ عقوباتی لەسەرعەقد داناوە، ئیتر ئەوەش مومکینە یەك لەو عقوبانەی کە بە ئیکراه دەبێت عقوبەی لەسەر هەبێت، لێرە تەنها دوو حاڵەتی ئیکراه و مەنع دەبن وە عقوبەکەش تەنها لەسەر هەدوو حاڵەت هەبن، ئەگەر هاتو بەردەوام بوو لە ئیکراه دوو شت موخالفە، یەکەم: موخالەفی تەعریفی زەواجە، دووەم: موخالفی (تحقيق الاهلية فی الزواج) کە (شروط العاقدين)ی تێدا نیە، ئیفترازیشی تێدا نیە، منیش لەگەڵ ئەوەمە کە ببێتە باتڵ، دەربارەی بڕگەی دووەم لە عقوبات، من لەگەڵ ئەوەم چەند عقوبە زیاتر بێت زیاتر خزمەت دەکات، چونکە ئەوە تەنها ئیکراهی یەك کەس نیە، یان حوریەتی یەك کەس تەقییم ناکات، کەواتە یان جەریمە لەگەڵ یەك کەس ناکات، بەڵکو لەگەڵ هەموو کۆمەڵگا دەکات، لەگەڵ خێزان دەکات کە کۆمەڵێك منداڵی دەبێت و ئیفترازاتی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو حاڵەتە زیاتر زەرەر بە خەڵك دەگەیەنێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ پێشنیارەکانی لیژنەی ئافەرتانم کە عقوبەکان زیاتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت قسە لەسەر سێ مەسەلە بكەم، یەكەم: كە حدودێك بۆ ئەوانە دابندرێت كە مارەییەكە دەكەن و ئەوەی كە بە زۆر بە شووی دەدات، هەم سجنەكەو هەم غەرامەكەشیان بۆ دیاری بكرێت، ئەوەی كە مارە دەكات بە رەئی من چ مامۆستای ئایینی بێت چ هەركەسێكی ترە، لە سالێك بەرەو سەرەوە تر بێت، لە 5 ملیۆنیش كەمتر نەبێت كە غەرامەی بۆ دابندرێت، ئەوانەی كە بە زۆر كچ بەشوو دەدەن، ئەوە با لە دووسالْ بەسەرەوە بێت و غەرامەكەی هەرچەند بێت حەقە لێرە تەحدید بكرێت، چونكە بەڕاستی شتێك هەیە كە دەمەوێت لێرە باسی بكەم، تا ئێستاش ژن زەحیەیە لە زۆر لە ناوچەكان، بۆ نموونە ئەوەی من بۆت باسی دەكەم دوو ڕۆژە لەسەر كێشەیەكی كۆمەلایەتی كچێك لەحیاتی برایەكەی لە قەسرێ ڕاكێشراوە، واتە ئیختساب كراوە، مەفەرەزەیەكی ئاسایش چووە كۆمەڵێك چەكدار بە ناوی ئاسایشەوە كچێكیان بردووەو لە ماڵەوە دەریان هێناوە و ئێستا لە ماڵە قایمقامی سۆرانیان داناوە، بە زۆر بە شوویان داوە، ڕەنگە سولعی پێ بكەن، من لێرە داوا لە لیژنەی ئافرەتان دەكەم فریای ئەو مەسەلانە بكەون، بە زۆر سولع بەو كچە نەكرێت، تا ئێستا لەو شوێنانە ئەوە دەكرێت، من قانونی نیم ڕەنگە لە قانونی ئیجرام هەیە كە ئیختساب باس بكات، بەلام ئەگەر شوێنێك دیاری بكرێت لەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو جۆرە تاوانانە كاری مودەعی عامە، كاك د.كمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كەسێك زیندانی بكرێت، ئەگەر تەعزیب درا، ئیعترافی كرد كە بچێتە پێش حاكم ئیعترافەكەی قەبوڵ ناكرێت، چونكە بە زۆر ئیعترافی پێ كراوە، لێرە ئەگەر یەكێك بە زۆر بەشوو بدەی ئێنجا چ كوڕ بێت، یان كچ بێت، هەیە بۆ كوڕەكەی ژن دێنێت بە نابە دڵی و بە خۆی بۆی دێنێت، ئەوە قەبوڵ نییە، ئەوە عەدالەت نیەو زەواجیش نیە، ئێمە لە ماددەی 6 گوتمان ئەگەر شەرتێك لە شروتی زەواج نەبێت، ئەو عەقدە باتڵە، یەعنی نابێت، پاشان باسی ئەوە دەكرێت (بعدالدخول) ئەگەر یەكێك بەنابەدڵی بەشوو بدرێت، تەجاوزی بكرێت، ئەوە ئیختسابە، یەعنی ئەوە دەبێت بە دەرەجەی ئیختساب عیقاب بدرێت، عەقدەكەش باتڵ بێت، ئینجا دابندرێتەوە لەسەر نوێ، ئەگەر خۆی ڕازی بوو ئەوجا عەقدێكی تر بەو ئسوڵەی كە داندراوە، ئەگەر وا نەبێت هەركەسێك كچەكەی ئیجبار دەكات و بە ئیكراه بەشووی دەدات، ئەوجا دەبێتە ئەمری واقع و دخولیش دەبێت و حاكمیش لە پێشی ئەمری واقعەكە دەمێنێتەوە و، هەروەها كچەكەش لە پێش ئەمری واقعەكە دەبێت، یەعنی زوڵمێكی مورەكەب دەكرێت، هەم لە دادگا و هەم لە كچەكەش دەكرێت، بۆیە با ئێمە ئەو مەجالە نەدەین، با ئەو مەجالەی زۆر وازح تر بێت، ئەوەی شەرتێكی زەواج لە ئەوانەی كە داندراوە بە قانون نەبێت ئەو عەقدە باتڵ بێت، پاشان مەسائیلی تر دێتە

پێشەوە، بۆیە ئەگەر وا نەکەین ئەو عەمەلیە بەردەوام دەبێت و بەزۆر کچەکان بە شوو دەدەن، یان هەندێك کوڕی گەنجی تریش هەن کە بە زۆر ژن بۆ کوڕەکەی دەهێنێت، ئەوەش هەر ئیختیسابە، حاڵەتی زەواجیان بۆ دروست دەکەن و دەچنە پێش مەحکەمەو وەڵڵا چی بکەین؟ دخول بووەو ئیتر چارەمان نیە، کچەکەش شەرم لە خۆی دەکاتەوە و لە بنی ئەو زوڵمە دەمێنێتەوەو دادەڕزێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەو ناوانەی کە ناوم نوسیوون هەمووم خوێندەوە و داوام کرد کە کێ ناوی نەنووسراوە با بینووسم، دواتر نابێت تەنها ئەگەر خیلافێك هەبێت یان موشکیلەیەك هەبێت، دوایی بە دوای حەلی دەگەڕێین، ئەوە قەیدی نیە، بەڵام ئەوانەی هینیان کرد هەموویان دیارن، خیلافەکی وا نیە، تەنها لەسەر دوو، سێ شتە، دەیخوێنمەوە، داوا دەکەم لیژنەی یاسایی جارێکی تر ڕەئی خۆیان بڵێن، بۆ ئەوەی هینەکەیان دیسانەوە بخەینە دەنگدانەوە، با لە کوێستان خانەوە دەست پێ بکەین، لە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەك لیژنەی ژنان و ئافرەتان پشتگیری لەو پێشنیارەی کاك عادل دەکەین کە بڕگەی 3 ئیزافە بمێنێتەوە لە یاساکە، پشتگیری لەو ڕەئیەی کاك اسماعیلیش دەکەین، کە ئەو مەلایەی کە گرێبەستەکە دەکات عقوبەشی بۆ دابندرێت، بۆ ئەوەی هیچ مەلایەك نەتوانێ لە دەرەوەی مەحکەمە بە بێ ڕەزامەندی کوڕ یان کچ هیچ گرێبەستێك بکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم تەعدیلە، تەبعەن ماددەکە وەکو گوتم باسی بە شوودانی کچە و ژنهێنانە بۆ کوڕ، ئیکراهەکە باسی هەردووکیانە، ئیکراهیش لەسەر فعلەو مەنعە، یەعنی تۆ کە ناهێڵی ئەو کچە شوو بکات و ئەو کوڕە ژن بێنێ، یەعنی بۆ هێنانیشە واتە بۆ مەنع و بۆ فعلە، لە هەموو عقود ئیرادە، ئیختیار، حوریەت، ڕەغبەت، ئەمانە روکنێکن لە سیغەی ئیجاب و قەبوڵ دەبێت، ئێمە ڕەوتی ئەو گۆڕینە و ئەم هەموارکردنەی یاسایە لەبەرئەوە تاوەکو ئێمە ژیانی شەراکەتی حەقیقی لە نێوان ئەو دوو تەرەفە، مەسئولیەتێکی مەشتەرەك دروست بکەین، ئیلتزامات و حقوق لەسەر ئەساسێکی وازح بێت، ئیکراه لە ئیسلام دا هیچ شتێك قەبوڵ نیە، لە حەدیسێکی سەحیح پێغمبەر (د.خ) دەڵێت (ان الله وضع عن امة الخطأ والنسيان وماستكره عليه) مەوزوعی ئیمان یەعنی یەکێك بەزۆری لازمە کافر بێت، کە لەفزی کوفر بدات، یان سوجدە ببات بۆ غەیری خوا ، ئەمە چونکە ئیکراهی تێدایە کافر نابێت، یەکێکی تر بە تەعەدا بڵێ وەرە شەهادە بهێنە

کافر نابێت، مادام بە ئیکراه بێت شەهادەشی پێ بهێنی هەر کافر نابێت، لە عەینی ئەم قانونە لە ماددەی 35 دەڵێت (لايقع طلاق المكره)، یەعنی عونسوری ئیرادە شتێکی زۆر گرنگە، لە عەقدێکی وەکو زەواج ئەوەندە ئەهمیەتی خۆی هەیە، ئەوەندە قودسیەتی خۆی هەیە، کە عونسوری رەهبەت و ئیجبار و قوەت تێدا بێت، چ مەعنا بۆ ئەمە دەبێت؟ چ ئیکراهە دوای ئەو زاڵ ببێت، ئەمە شتێکی ترە، ئێمە باسی عەقدێك دەکەین، ئەم سیاغەی ئێستا مونسەجم نیە لەگەڵ ئەو رەوتەی ئێستا دەمانەوێت باسی عەقدی زەواجە کە عەقدێکی رەزائیە، باسی مەسئولیەتی موشتەرەکەیەو شەراکەتێکی حەقیقی من نابینم مونسەجم بێت، ئەو کەلیمەی مەوقوفیە من نای بینم مونسەجم بێت لەگەڵ فەقەرەی دووەم کە باسی عقوباتەکان دەکات، ئەسڵی ماددەکەش کە دەڵێت (يعتبر) ئیتیفاقی موکرەه باتڵە، ئەو ماددەیەش غەڵەتە، چونکە گوتی (اذا لم يتم الدخول) لە هەموو قەوانینی دنیا باتیڵە، گوتی ئەم عەقدە باتڵە (لا تلحقه اجازة، واذا لم يتم الدخول)، (اذا تم الدخول) ئەوە عەقدێکی باتڵتان صەحیح کرد، یەعنی ئەمە نازانم چۆن موشەریعی عێراقی ئەم خەتەئە گەورەیەی کردووە کە لێرە دروست بووە، لێرە من پێم باشە نە ئەمە بێتن و نە ئەویتر، عەقد لازمە باتڵ بێت، بەلاَم کەلیمەی عەدم دخول نەڵێین (لايتم الدخول) لازمە حزف بکرێت، دەڵێت کە ئەم واقیعە دروست کرا، ئێمە عیلاجی واقیعێك دەکەین بەو قانونە تەصحیح دەکەین، ئەگەر شتێك روویداو لەو قانونە نەبوو ئەو کاتە با بگەڕێینەوە بڕگەی دوو لە ماددەی یەکەم یەعنی (شريعة الاسلامي الاكثر ملائمة) ئەوە دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل زۆر سوپاس، بەس یەك پرسیارت وەلاَم نەدایەوە، داوا لە کاك شێروان دەکەم وەلاَمی بداتەوە، لیژنەی داکۆی کردنی مافی ئافرەتان و ژنان داوا دەکەن، وەلاَمی نەدایەوە من ئەوەم مەبەستە، فەقەرەی سێ، فیکرەکە گەیشت بڕۆ بۆ سەر ئەو خاڵە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی قانونی لێرە دانیشتووە کە وەلاَم و تەسائولات بدات و تەوزیح بدات، رەئی خۆشی بدات، یەعنی ئیشی ئێمە ئەوەیە، راستە قسەمان زۆرتر دەبێت لە برادەرانی تر، ئێمە تەئیدی ئەو بڕگە دەکەین، کە بڕگەی سێ بمێنێت، چونکە ئێمە لەگەڵ عقوبەکەینە، من لێرە ئەگەر ئیجازە بە من بدەن برادەرانی لیژنەی قانونی لەگەڵ تەشدیدشم، عقوبە تەشدید بکرێت، چونکە عنصری ئیکراه شتێکی زۆر خەتەرە بۆ ئەم عەقدە، ئێمە سوڵتە دەدەینە قازیش و دەدەینە مەحکەمە تەعقیباتی قانونی بکات، بۆ ئەو کەسی تەرەفی عەقدی کو ئیکراه کەوتووتە سەر، بۆ ئەویش هەیە حەقە شکایەت بکات، ئەو بڕگەی سێیەم زەرورە بمێنێت، تا ماددەکە هەمووی موتەکامل بێت، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من دەڵێم ئێمە ئەگەر کەلیمەی (اذا لم يتم الدخول) ئەوە لا ببەین و عەقدەکە بکەینە باتڵ لەگەڵ هەموار کردن هەمووی مونسەجم دەبین لە

هەردوو فەقەرەش پێکەوە گونجاو دەبین، موحارەبەی عنصری قوەت و تەرهیب و ئیکراهیش ئەوە تەحقیق دەبێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە تۆ بەناوی لیژنەی یاسایی قسەی دەکەیت، تۆ دەتەوێت (اذا لم یتم الدخول) لاببەی، نازانم کاک شێروان تۆقسەیەك بکە، ئەگەر ئەوە بکەین مانای وایە زۆر موشکیلەیە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك، دوو تەوزیحم هەیە، ئێمە تەبیعی ئەو رەئیەمان کە داوە، بەڕێزان مامۆستا مصطفی زەڵمی و مامۆستا مەلا بەشیر حازر بوون لەوێ، ئەو تەفسیراتەی کە ئەوان کردیان، بەڕاستی پێتان بڵێم ئێمە کەوتینە ژێر زەختی ئەو تەفسیراتانە، بۆیە لە راپۆرتەکەمان بەو شکلە هات، بەڵام ئێستا لە نەتیجەی موناقەشات دوو، سێ نوقتە هەیە دەبێت من تەوزیحی بکەم، یەکەم: بە نیسبەت ماددەی 3 دەبێت بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر ماددەی 3 نەمێنێت، تەوازون نامێنێت لەگەڵ فەقەرەی 1 و 2، یەك لە نەقسەکانی ئەو پرۆژەیە ئەوەیە، بە داخەوە دەیڵێم کە ماددەیەکیان دوو فەقەرەیان لە ماددەیەك تەعدیل کردووە تەوازنیان نەداوەتێ لەگەڵ فەقەرەکانی تر، هەر ئەو فەقەرەیە نیە فەقەرەی تریش هەیە، بۆیە من لەگەڵ مانەوەی فەقەرەی سێیەمم، دووەم: من پێم وایە ئەسڵی مەشروعەکە چ لە ماددەی 1 و چ لە فەقەرەی 1 و چ لە فەقەرەی 2 یش، زۆر بە باشی هاتووە، هەتا ئەوەی سۆزان خان گوتی بە نیسبەت کچ و کوڕ تێیدایە، بۆ لەغو کراوە من نازانم، بۆیە بەڕاستی من لەگەڵ مانەوەی ئەسڵی ماددەکەمە بە هەر سێ فەقەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موناقەشە تەواو بوو، چونکە زۆر قسە کرا، لیژنەکان کۆکن لەسەر مانەوەی فەقەرە 3، ئەگەر کەسێك رەئی هەیە کە فەقەرە 3 نەمێنێت؟ تەنها ئەوانەی کە پێیان وایە فەقەرەی 3 نەمێنێت، کاك د.نوری رەئیت وایە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك تێکەڵی پێکەڵی دەبینم سەبارەت بە تەمەنی 18 ساڵی، ئێمە لێرە بڕیارمان دا پێش تەمەنی 18 ساڵی بە هیچ شێوەیەك جائیز نیە، بۆ حاڵەتی ئیستسنائی ........ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.نوری عەفوم دەکەی، ئەوەڵەن 18 ساڵی نیە، 16 ساڵیە، دووەمیش ئەو نوقتەیە موناقەشە بکە، کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ 16 ساڵی تەنها ئەگەر هاتو کچەکە یان کوڕەکە تەمەنی 16 ساڵ بوو، بە بڕیاری دادگا، چونکە هەنـدێك حاڵەتی تایبەتی هەیە، تەماشا دەکەی کچێك تووشی کارێکی خـراپ دەبێت، تۆ ئینتـزار بکـەی تـا تەمـەنی دەگاتـە 18 سـاڵ، ئـەو کاتـە حەملەکـە دەردەکـەوێت و ئـەو کچـە دەکوژرێـت، بۆیـە لـەو حاڵەتـە دا دادوەر دەتوانێ بڕیاری ئەوە بدات کە ئەوا ئەو کچە مارە ببڕێت لەو کوڕە، چونکە هەر دوولا بـە موافەقـەتی وەلی ئەمریان هـەردوو ڕازی بوونـە، ئـەوە غەڵـەتێکی حـەزم کـرد ئـەوە ڕوون بکرێتـەوە، لێـرەدا بـە پێـی بنـەما سەرەکیەکان بە هیچ شێوەیەك مارە بڕین، پێش 18 ساڵی ناکرێت، ئەگەر کرا ئایا لەناو بێشکە بوو پێشی 16 ساڵی تا دەبێتە 18 ساڵی ئەوە باتڵە، بە پێی بنەما سەرەیەکان، بەڵام بۆ حاڵەتێکی تایبەتی کـە لێـرەدا باس کراوە، دەڵێ ئەگەر هاتوو باسی ئەوە کرا ئەوە مەوقوفە، مەوقوفیش پێویست دەکات کەوا ڕەزامەندی لەسـەر بـدرێت، ببـورە ئێمـە پێشـنیازی ئـەوەمانکردووە، کـەوا سیسـتەمی مـەئزون لەکوردسـتاندا کـاری پێبکرێت، پاش ئەوەش پرۆژەیەك ئامادە دەکرێت، دێتە بەردەم پەرلـەمان، بـۆ ئـەوەی کـەوا هـەر مەلایـەك نـەتوانێ لـەجێگای خۆیـەوە مـارەبڕین ئـەنجام بـدات، تـەنها چـەند مەلایـەك لەناوچـەیەکدا دێـن دەورەی تایبەتیان بۆ ئەکرێتەوە لەوەزارەتی ئەوقاف، ئەوانە تەنها دەسەڵاتیان ئەبێت، وەکو ئێستا لـە میصـر کـاری پێ ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ئەوە مەحکەمەی شەرعی لەهەموو شوێنێك هەیە، لە ناحیەکانیش ئەگەر نەشبێت مدیر ناحیە دەتوانێ بەو ئیشە هەڵبستێت دەسەڵاتی قەزای هەیە، ئەوە دەمانگەڕێنێتەوە دواوە،ئێستا لیژنەی یاسایی و لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەتان دەڵێن فەقەرە سێ بمێنێتەوە بگەڕێتەوە، ئەوەل جار ئەوە دەخوێنمەوە ، کێ لەگەڵ ئەوەیە فەقەرەی سێ بمێنێتەوە؟ فەقەرەی سێ دەخوێنمەوە، (على المحكمة الشرعية او محكمة المواد الشخصية اشعار الى سلطات التحقيق بأتخاذ التعقيبات القانونية بحق المخالف باحكام الفقرة (اولاً) من هذه المادة ولها توقيف لضمان حضوره، امام السلطات المذكورة، ويحق لمن يتعرض للاكراه او منع مراجعة سلطات التحقيق مباشراً بهذا الخصوص) زۆر جوان هاتووە نازانم بۆ هین کراوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە دەستی بڵند بکات؟ سوپاس ، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کەواتە ئەو فەقەرەیە مایەوە، دەمینێت لەسەر ئەوەی باتلەکەو هینەکە لە ئەسلی پرۆژەکەدا هاتووەو دەڵێت (لا يحق لای من الاقارب او الاغيار اكراه ای شخص ، ذكرا كان ام انثى على الزواج دون رضاه ، ويعتبر عقد الزواج بالاكراه باطلا اذا لم يتم الدخول كما لايحق لای من الاقارب او الاغيار منع من كان اهلاً للزواج بموجب احكام هذا القانون من الزواج) تەبعەن لە موفتەرەحەکەدا هاتووە و دەڵێت ئەو باتلە ببێتە مەوقوفەن،زۆر لە برادەران قسەیان کرد ووتیان، باتڵ باشترە،کاك عەونی لە تەنیشتەوە دەڵێت هەتا د.مونزریش پێیوایە دەبێت باتڵ بێت، ئەسڵەن کە باتڵە باشترە، (اذا لم يتم الدخول) ئەوەی کاك خەلیل شەرحی کرد ئەوە

لابدرێت هەمووی باتڵ بێت،ئەوە رەئی خۆتە یان رەئی لیژنەی یاساییە، ئاخر ئەگەر رەئی لیژنەی یاساییە دەبێت دەنگی لەسەر بدەن، ئەگەر رەئی خۆتە ئەوە شتێکی ترە، کاك شێروان رەئی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەوە چیە؟ کاك خەلیل رەئی خۆی شەرح کرد.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەسڵی نەصەکەمە کەلە ئەصلی قانونەکەدا هاتووە،ئەوە مەبدەئێکە پەنجا ساڵە قەزای عێراقی لەسەری ڕۆیشتیە، ئیستقرارەکی قەزائی لەسەرە، بۆیە بە حەقیقەت پێویست ناکات دەسکاری مەبدەئێك بکەم کە پەنجا ساڵە لەسەری رۆیشتین و مەحاکم ئیستقراری لەسەر کردووە، هەموو لە بەرامبەر مەحاکم ڕوونە، بۆیە مانەوەی نەصەکە وەك خۆی لە جێگای خۆیەتی، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر عەفوم دەکەی، موساعەدە بکەن توخوا، مانەوەی قانونەکە وەك خۆی ناتوانین دەنگی بۆ بدەین،ئێمە مناقەشەی زۆر فەقەراتمان کردووە باتلەن هەیە، مەوقوفەن هەیە، عقوباتەکە جیاوازە، رەئیەکە دەڵێت (الاقارب) دایك و باوکە ئەوانە هەموو جیاوازن، بۆیە دەبێت بڕگە بە بڕگە ئێمە فەقەرەی سێیەممان تەسبیت کرد، ئێستاکە لە ئەسڵی مەشروعەکە کەلیمەی باتڵ لە ئەسڵی قانونەکە، ئەوەل جار باتڵ یان مەوقوفەن، ئەو شتەی تازە داوا کراوە کە ببێـە مەوقوفەن، ئەگەر پەشیمان نین لیژنەکان داوا سەحب ناکەنەوە، دەبێت بیخەمە دەنگدان، لیژنەی یاسایی لیژنەی مافی مرۆڤ رەئیتان لەسەر کەلیمەی مەوقوفەن و باتڵەن، کاك خلیل، فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس رەجائەن تۆ ناتوانی بڵێی باتلەن وەکو کەلیمەی(اذا لم یتم الدخول)هەتا ئەوکەلیمە لەوێ ببێت قانونەن و شەرعەنیش نەدروستە،لە قانون عەقدی باتڵ نابێتە صحیح لە شەرعەنیش عەقدی باتڵ نابێتە صحیح بەهیچ شێوەیەك، هەتا ئێمە دەمانەوێت بە باتڵ بێت، لازمە ئەو کەلیمەی (اذا لم یتم الدخول) لاببەین من رەئیم ئەوەیە لابچێت و ببێتە باتڵ ئەمە باشتر دەبێت،ئەگەر (اذا لم یتم الدخول) مایەوە لازمە ببێتە مەوقوف، ئەگەرما شەرعەن و قانونەن نابێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ڕاستە کە ئیکراه بوو باتڵە، بەڵام ئەمە کە سەماحی پێ دەدرێت لەبەر کۆمەڵێ هۆکاری ترە،یەعنی کە دخول بوو کۆمەڵێ هۆکاری تر دێنە پێشەوە، مەسەلەن منداڵە، فلأنە ئەمە گرفتەکە لێرەدایە، ئەمەیە

جەواز ئەدات بە صەحیەتی ئەم نیکاحە، ئەگینا لە ئەصلاً ئەگەر دخول نەبێت باتڵە ئەم کەسە ئیختیاری هەیە ئەتوانێ فەسخی نیکاحەکە بکات، چ ژنەکە بێت چ کوڕەکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ راستەکەی زۆر ڕاستە، کوێستان خان، فەمرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش دوای ئەو شەرحەی کاک خەلیل لەگەڵ ئەو رەئییەی کاک خەلیل داین وەك لیژنەی مافی ژنان دوای ئەو شەرحەی ئەو کردی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قەیدی ناکات ئێوە موساعەدە بکەن، یەعنی دەبێت واقعیانە بیر بکەینەوە، ئەو قسانەی کاك خلیل لەگەڵ واقعەکە ناگونجێت، کاك خەلیل دەڵێت باتڵە، ئەو بعدە دخولە لاببەین، باشە ئەگەر دخولی کرد باتڵ بوو چی دەکەی؟، جوابمان دەوێت، ئەگەردخولی کرد ئەتۆش باتل حسێب دەکەی، ئەوەمناڵی بوو، چۆن معامەلەی لەگەڵ دەکەی؟.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەگەر عەقد باتڵ بوو، کاچ متەرەتبە لەسەر عەقدی باتل و هەم لەسەر ئەوەش، چونکە ڕوکنی ریزا تێدانیە،ئیجبارە ئیرادەی مەفقودە،سەلبی ئیرادە کراوە،ئەمە هەموو ئەحادیسی پێغەمبەر(د.خ) هەموو قسەش ئەوی بەو شێوەیە کراون، پێغەمبەر(د.خ) گوتویەتی ژنەکە ئایا تۆ رازی، یان نا، قەبولی نەکردووە، دوای رازی بوون بووە بە عەقدێکی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە قانونیەکان دەپرسم کاك عومەر و کاك کریم قسەی بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رەئیەی کاك خلیل دانیم بۆچی؟ بۆ (قبل دخول) ئەگەر عەقدەکە باتڵ بێ هیچ ئەسەرێکی نابێت، بەگوێرەی قانون (العقد باطل لاینتج اثارا ولا یفید حکم)، ئەگەر دخول بوو دخولەکە (حقیقة وحکما)مەعنای رزای خۆی پێشان دابوو، بۆیە دخول بوو، لەنەتیجەی ئەم دخولە نەسەب دروست دەبێت ئەو نەسەبە چی لێدێت،دوو، حوکمی میرات دێتە پێشەوە لەدوای دخول بوو، باشە یەکێك لەم ژن و مێردە مردن،چۆن ئەو میراتە تەحدید دەکرێت،لە کاتێك ئافرەتەکە خۆی بە رەزامەندی خۆی تازە چاری نەماوە، ڕۆیش قبوڵی کرد، ئیجازەی داوەتێ وەقفەکە نەما،لەبەر ئەوە قەبلە دخولەکە ئاساری نیە، بەڵام بعد دخول ئاساری هەیە، نابێت پێی بوترێت عەقدی باتل چونکە( عقد الباطل لاینتج اثرا ولا یفید حکم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێت لەڕووی یاساییەوە، بۆچوونەکەی کاک عومەر پڕ بەپێستیەتی ڕاستە، ئەگەر باتڵ بێت (قبل الدخول) باتڵ دروستە، بەڵام (بعد الدخول) مەوقوفە، بۆیە (بعد الدخول) حوکمەکەی ئەگەر ئیکراهی تێدا بێت دەچێتە حوکمی ئیختصاب، ئیختصابیش ڕائەوەستێت موتەوەقیفە لەسەر ڕەزای ئەوەی کە ئیختصاب کراوە، ئەگەر ڕازی بوو حساب ئەکرێت بە موتەزەویج دائەندرێت، ئەو کاتەش عەقدەکە ڕاست ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورن من کە قسە ئەکەم، بەس بۆ زیاتر وەڵام دانەوەی کاک خەلیل، عەقدەکە باتڵە پێش دخول، پاش دخول ئەو ژنە، ئەگەر بەزۆریش دەخل کرابێت، تەماشای خۆی ئەکات ئایا قبوڵی بکات یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی و بۆ کەسوکارەکەی دروست بکات، لەبەر ئەوە ئیمکان نیە، تۆ پاش دخولیش بێیت بڵێیت باتڵە، مناڵە، ئیرسە، کۆمەڵایەتیە، کاک زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا منیش پێچەوانەی ڕەئیەکەی مامۆستا خەلیلم، کاتێ عەقدەکە باتڵ دابنێین پاش دخول، ئیکراهەکە زوڵمێکە، باتڵ کردنیشی زوڵمێکی ترە لێی ئەکەین، لەبەر ئەوە نەمەسەلەی میرات نە مەسەلەی نەسەب، هیچ حقوقێکی ناکەوێت ئەو ژنە، بۆیە ڕەئیەکەی وابزانم تەواو نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بە خەمان بڵێ با بزانین چی بوو قسەکەی، خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕەئیەکەی بەڕێز کاک خەلیلم، کە پشتگیری لیژنەی ژنانیشی بۆ کرا، لەبەر ئەوە ئێمە باسمان کرد، لەو دانیشتنانەی ڕۆژانی ڕابردووش هەر باسمان کرد، ڕەزامەندی ڕوکنێکی ئەساسی عەقدی زەواجە، ئێمە کاتێك ژنێك بەزۆری بەشوو دراوە، زەواجی کردووە، یەعنی ڕوکنە ئەساسیەکەی ئەو عەقدە نەماوە، لە حوکمی شەریعەی ئیسلامی، ئەگەر باسی شەریعەی ئیسلامی بکەین وەکو کاک عوسمانی بەڕێزیش باسی کرد، ئەمە ئەبێت بە زینا، مناڵەکانیش حوکمی منداڵی زینای لەسەر تەتبیق ئەبێت، بەپێی قانونیش وەکو لە قانونی عقوباتی عێراقی هاتووە، ئەمە بە ئیختیصاب حیساب ئەکرێت، دیسان لەوێش هەمووی ئاساری موتەڕەتیبەیە بە جەریمەی ئیختیصاب بۆی حیساب کراوە، لەبەر ئەوە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدا نیم بە

هیچ شێوەیەك، بە عاتیفەی خۆمان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان زۆرجار باسی ئەکەیت، ئەڵێیت ئەبێ یاساکانی ئێمە لەکاتی دەنگداندا بە عاتیفە بڕیار نەدەین، ناکرێت بەڕاستی لەبەر ئەوەی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دروست ئەبێت، یان لەبەر خاتری ئەوەی باوك وبرایەك تووشی ئیحراجی نەبن، یان لەبەرخاتری ئەوەی کچێك کچایەتی خۆی لەدەست داوە، یان کۆمەڵێك تەبرێراتی تر ئێمە بێین شەرعیەت بدەین بە گوناهێك، چونکە گوناه بەپێی شەریعەتی ئیسلامی تاوانیشە، بەپێی یاسای سزادانی عێراقیش لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەبێ حوکمەکە باتڵ بێت، چ پێش دخول بێت چ پاش دخول بێت، هیواداریشم ئەگەر بکرێت وشەکانمان زیاتر بەکوردی بەکاری بهێنین، چونکە ڕەنگە هیچ یاسایەك بەقەد ئەم یاسایە خەڵك لەماڵەوە بەتایبەتی ژنان موتابەعەی دانیشتنەکانی پەرلەمان نەکەن، قبل الدخول وبعد الدخول خەڵك چوزانێ مانای چیە؟، ئەکرێ بووترێت پێش گواستنەوەو دوای گواستنەوە، بۆ ئەوەی خەڵکەکە باشتر تێبگات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەی دوایتم زۆر بەدڵە، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ڕەئیەکانی کاك عومەر ئەکەم، من خۆم بۆ نموونەیەکی زیندوو شاهیدم، لە ساڵی 2002 لە حەج بووین لە سعودیە، مەلایەکی خانەقینی ناوەکەیم لە بیر چووە، لەگەڵمان بوو، عەرەبێکی خەڵکی مەکە، کەبینی جلی کوردی لەبەرایە هاتە لای مەلاکە وتی دەتوانی بێیتە ماڵی ئێمە، وتی تۆ ئیشت بەمن چیە نە دەمناسی و نەدەتناسم، وتی نەخێر بەس حەزم لێیە بێیتە ماڵی ئێمە، لەماڵەوە داوای تۆ ئەکەن، وتی دەمناسی وتی نەخێر بەس تۆ کورد نیت، وتی بەڵێ کوردم ئاخیرەکەی چوو، کە چوو ماڵەکەی یەکێك لەو ئافرەتانە بوو کە لە ئەنجامی ئەنفال فرۆشرابوو، مێردی بە عەرەبێکی سعودی کردبوو، پاش دانیشتن مەلاکە لێی پرسی کە چوار منداڵی هەبوو، ئافرەتەکە خەڵکی گەرمیان بوو، وتی دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ کوردستان، وتی تازە بێمەوە بۆ کوێ، ئەی منداڵەکانم چی لێ بکەم، لەبەر ئەوە ئەو باتڵەکەی پاش دخول ئاساری زۆر موزاعەفاتی لێ دروست ئەبێت، مەسەلەی میراتەو هی منداڵەو کۆمەڵێك مەشاکیل دێتە ئێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو مەوزوعە، ئێمە لێرە وەکو داکۆکی کەرێك لەمافی ئافرەتان دەبێ قسە بکەین، ئێمە باوکیشی هەیەو عەقدەکەشی صەحیحە، جاری وا هەیە مەسئولیەت هەڵناگرێت، جا وەرە لە نەتیجەی عەقدێکی

باتڵەوە بێت، یان عەقدێك كە دخول بێت و منداڵیش هەبێت، ئەو منداڵە مەسیری چی لێ دێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار ئەكەم، ئەگەر لەباتڵ جێگای نەبێتەوە(اذا تم الدخول) ببێت بە عەقدێكی فاسد، چونكە فاسد موتەڕەتیباتی عەقدی صەحیح ئەگرێتەوە، خۆی دوای ئەوەی كە ژنەكە بەزۆر درابوو بەشوو، مەسەلەی زیناو ئیختیصاب، زینا ڕەزامەندی ژن وپیاوەكەی لەسەرە، ئەبێ هەردووكیان ڕازی بن ئینجا ئەچێتە بابی زینا، بەپێی حوكمی شەرع، بەڵام ئەگەر ژنەكە ڕازی نەبوو ئەو كاتە ئەبێت بە ئیختیصاب، چونكە زینا ڕەزامەندی ژن وپیاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

با ئێمە لەیەك حاڵی ببێن، چونكە ئەمە مەوزوعێكی زۆر خەتەرە، ئاسەواری زۆریشی دەبێت لەدەرەوە، من باسی شێت ئەكەم ئێمە وەكو تەشریعێك دائەنێین لازمە دەقیق بین لە بەكارهێنانی موصتەڵەحەكان، موصتەڵەح لێرە لە قانونی ئەحوالی شەخصی لازمە مەنتقی قانونی قبوڵ بكات، مەنتقی شەرعی قبوڵ بكات، وەكو تۆ عەقدێكت دانا بە باتڵ مانای وایە (لاتلحقە الاجازة) یەعنی مەوقوف نیە لەسەر شتێكی تر، ئەم عەقدە باتڵە مانای وایە باتڵ هەبوون و نەبوون وەكو یەكە، موشەڕیعی عێراقی هەمووجار بوتلانی بە موتڵەق داناوە نەك بە نیسبی، بوتلانی نسبی هەندێجار تلحق الاجازە لە قەوانینی عێراقی بوتلانی نیسبی نیە هی موتڵەقە، من ئەڵێم لێرەدا، ئەگەردخول نەبێ دخول دەبێ بە ئیجازە، باشە چۆن ئیجازە لە مەنتقی شەرعیدا و هی قانونیش (تلحق عقد الباطل)؛ ئەمە لە هیچ شوێنێك نیە، خاڵی دووەم: ئەگەر مالم یتم الدخول، كە ئەنەهو تۆ دێیت تەحایولێك لەسەر قانونێك ئەكەیت، هەرجارێك كە دخول هەبێت مانای وایە ئەمە تەواو بۆ ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ببورە كاك خەلیل كاك دكتۆ فوئاد نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر گرنگی ئەم گفتوگۆیەی كە كراوە، لەسەر دەربڕینی ڕای زۆربەی یاساناسان، لێرە كە جیاوازییان هەیە، من پێشنیار ئەكەم ئەم ماددەیە دوا بخرێت بۆ پاش ئەوەی كە لیژنەی یاسایی، كۆبوونەوەیەكی تر ئەكات، لەگەڵ چەند شارەزایەكی تر لە یاساو لە فقهدا پاش ئەوە بگەڕێینەوە بۆ باسكردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامیەكەت دەبوایە ڕابوەستایتایە تا كاك خەلیل قسەكەی تەواو ئەكرد، فەرموو كاك خەلیل قسەكانت تەواو بكە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك ڕستەم ماوە بەڕێزان، یەعنی تۆ ئێستا لە بەینی دوو شتدایت، ئەگەر بیکەین بە باتڵ نابێ تۆ نەشەرعەن نە قانونەن بڵێیت(اذا تم الدخول) ئەگەر ئەو کاتە وترا (اذا لم یتم الدخول)مانای وایە لازمە بیکەیت بە مەوقوف، یان بیکەیت بە فاسد وەکو ئەوەی خوشکێك وتی فاسدیش دروستە، ئەگەر تۆ کردت بە باتڵ نابێ تۆ دخول دابنێیت، چونکە دخول ئیجازەیە، دخول ئیزنە، ئەمە قبوڵ ناکرێت، نە عەقڵەن نە مەنتقەن، نە قانونەنیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر وەکو جوابێکی بچووك بۆ کاك خەلیل، تۆ ئەو هەموو تەعنە ئەکەیت بۆ ئەو قانونە، کە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێت، ئەو قانونە لە ساڵی 1959 موشەرعی عێراقی داینـاوە، لە خۆتەوە بە موشەرعی عێراقی کە چل ساڵە یان پەنجا ساڵە، تەتبیق ئەکرێت، تۆ پێت وایە غەڵەتە، باشە بەس بەو موتڵەقیە مەڵی غەڵەتە، با نە من بیڵێم، نە تۆش بیڵێ، کەسیش نەڵێت بەشتێك کە غەڵەتی موتڵەقە، نە ئیختیصاصین ئێمە، نە موشەرعین بەتەنها خۆمان، پەرلەمان هەمووی موشەرعە بەتەنها کەسێکمان موشەرع نین، لەبەر ئەوە لێرەدا مەڵێ فلان شت غەڵەتە، بۆچوون هەیە، موناقەشەی دەکەین دەپرسین دەگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکان ئەوکاتە بڕیاری لەسەر ئەدەین، ئەوە پەنجا ساڵە کاری پێ ئەکرێت، جوملەکەش وا هاتووە، ئێستا بڵێین غەڵەتە، کەوابوو ئەوە پەنجا ساڵە ئەو قانونە بەغەڵەتی لێرە تەتبیق ئەکرێت، ئەوە چۆن شتی وا ئەبێت، یەعنی مەنتقەکە قبوڵی نیە، موقتەرەحی کاك دکتۆ فوئاد ئەڵێ باپرسیار بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا کە من خۆم شەخصی موتەئەکیدم لەوەی کە لە ئەصڵدا نووسراوە ڕاستە، با بمێنێتەوە بۆ سبەینێ، ئەگەر موافقن تەئجیلی ئەکەین، کاك شێروان تۆ ڕەئیت چیە؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ موقتەرەحەکەی جەنابتم، من پێم وایە باتڵ (قبل الدخول) شمول ئەکات (بعد الدخول)یش شمول ئەکات، هەر یەکەشیان ئاسەواری قانونی خۆی دیارییە کە چی تەرەتوب ئەکات لەسەر (قبل الدخول وبعد الدخول)، چ بەنیسبەت ئینجاب، چ بەنیسبەت نەسەب، چ بەنیسبەت عدە، چ بەنیسبەت عقوبەش، بە نیسبەت هەر چوارییان، بۆیە بەڕاستی من، لەگەڵ مانەوەیم لەسەر بوتلان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی دکتۆر فوئاد، کە دەڵێت با دوابخرێت دەیخەمە دەنگەوە، باشە سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پاش تێگەیشتن لەوە، ئێمە ئەتوانین هەردوو حاڵەتەكە جیا بكەینەوە (قبل الدخول) ئەتوانین وا بڵێین(لایحق لاي من الاقارب او الاغیار اكراه اي شخص، ذكراً كان ام انثى على الزواج دون رضاه و یتعتبر عقد الزواج باطلاً، قبل الدخول و موقوفاً بعد الدخول، و بعد زوال اثر الاكراه) هەردووكی ئەگەر داخڵ بوو ئەوە مەوقوف ئەكرێت، ئەوكەسە یان ئەو ژنە، ئەگەر توانی ئەچێ شكایەتی خۆی ئەكات، بەڵام قبل الدخول با بە باتڵی بمێنێتەوە، یەعنی تۆ حەلێكی وەسەت لەبەینی هەردووكیان ئەكەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە سۆزان خان، تۆ لە ڕستەی یەكەمدا ڕاست ئەكەیت، باتڵی ئەكەیت (قبل الدخول)، بەڵام كە دخولی كرد، ناتوانین قەرار بدەین لەسەر ئەوەی كە وقوفە، لێرەدا ناكرێت وقوف بێت مادام دخولی كرد دەمێنێتەوە بۆ ئیرادەی خۆی، ئەگەر بە زۆری بێت ڕەغبەتی نەبوو ئەچێت هاوار ئەكات ئەڵێ من بەزۆر مارەبڕاوم، بەزۆریش بە ئیكراه ئەوەم كردووە، ئەو كاتە حەقە قازی بە پێی ماددەی 40 فەقەرەی 4 دەتوانێ تەفریقی بكات، ئەمە خۆی قەرار ئەدات بەشكوم ڕەئیەكەی گۆڕی باش ئەوەی كە ئیكراه كرا، بەڵام كە بەیانی هەستاو ئەو واقیعەی بینی و پێی ڕازی بوو، فەقیرە هیچی دەسەڵات نیە، باشە ئەوە چۆن ئەبێ تۆ لە خۆتەوە قەرار بدەیت، كاك كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەحەقیقەت ئەمە مەوزوعێكی زۆر حەساسە، ئەوەی كاك خەلیل وتی زۆر دروستە، ئەبێ لەو وەختەوە عەقدەكە باتڵ بێت، بۆیە من پێشنیارەكەی كاك دكتۆر فوئاد پشتیوانی ئەكەم، بۆ ئەوەی برادەران ورد تر، لەگەڵ شارەزایان قسەی لەسەر بكەن، بۆ سبەی دووبارە لەسەری دابنیشینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فەرەج فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە خیلافمان لەسەر ئەوە نیە، ئەم عەقدە باتڵە، چونكە باتڵەو ساری مەفعولیش ئەبێت، بەڵام كە بعد الدخول بوو، ئەچێتە حاڵەتی ئیزتراری ئەم ئافرەتە، ئەگەر منداڵێكی بوو كێ تەحەمولی هەڵگرتنی ئەم منالە ئەكات، بە كوڕی زینا، یەعنی وەكو ئەو كەسە وایە كە گۆشتی بەراز حەرامە بیخوات، بەڵام كە ناچار بوو ئەیخوات، یەعنی حاڵەتەكە بۆ ئەو ئەگۆڕێت بە شێوەیەكی تر، ئەمە حاڵەتی ئیزترارییە نە حاڵەتێكی تەبیعی، حاڵەتی تەبیعی ئەو عەقدە باتڵە، بەڵام بۆ ئەم كەسە ئەگۆڕدرێت، جا ئەم ئافرەتە خیاری هەیە،

ئەگـەر زانـی تـەڕەتوباتی لەسـەر دروسـت نـەبووە، ئاسـاری لەسـەر دروسـت نـەبووە ئـەتوانێ عەقدەکـە هەڵوەشێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی هەیە کاك جەمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی نوقتەی نیزامیەکەم لەسەر جەنابتە، کتێبەکە هەڵئەگریت و ئەڵێیت ئەمە لە 1959 دانـراوە، زۆر واردە لە 1959 دانرابێ، بەڵام بەغەڵەت دانرابێ ئێستا ئێمە ئەبێ چاکی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەم قبوڵە، بەڵام قبوڵم نیە بڵێیت غەڵەتە یەکسەر، قبوڵـە بڵێیـت دەبـێ چـاکی بکـەین یـان موناقەشـەی بکەین، قبوڵە بڵێیت با هەمواری بکەین، بەڵام قبوڵم نیە بڵێیت غەڵەتـە، دەبـێ ئیزنیشـت پـێ بـدەم، باشـە سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف داوای قسە کات، فەرموو کاك سعدالدین.

**بەڕێز ملاسعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ ئیشکال لەسەر ئەوە نیە، ئەگەر عەقدێك لەپێش دخول بوو ئەوە باتڵە، چـونکە کـەل عەدەمـە، ئـەوە هەموومان موتەفقین لەسەر ئەوە، لەبەر چی؟ چونکە عەقدی باتڵ فەرقی بەینی باتڵ و مەوقوف ئەوەیـە، باتڵ هیچ تەرەتوبێك ئاساری لەسەر ناکات، کەل عەدەمە، بەس مـەوقوف ئاسـاری لەسـەر تـەرەتوب ئـەکات، مانای چیە، یەعنی ئەگەر هاتوو (بعد الـدخول) بـوو خـۆ تـۆ ناچیت، ئەگـەر منـداڵێکیان بـوو بڵێیـت ئـەوە زینایە، نەسـەب لـە مابـەینیان نیـە، لەبـەر ئـەوە دەڵێین مەنتیقـەی فـەراغ کـە لێـرە عیلاجـی بـۆ نـەکراوە ئەوەیە کە بعد الدخول بێت، ئەسەری ئیکراهیش لێرەدا ئەوەیە کە نەسەبەکە ئەمێنێت، یەعنی ڕاسـتە ژن و مێردایەتیەکە هـەڵ ئەوەشـێتەوە، نەسـەبەکە ئەمێنێتـەوە، بـەڵام لێـرە ئـەوە باشـە وەکـو زۆر بـرادەریش ئیشارەتیان پێکرد، کە قبل الدخول باتڵەو ئیشکالی نیە، بعد الدخولیش با مەوقوف بێت، چونکە ئەسـەری لەسەرە، بەس بە حەسەب ماددەی 40 بۆی هەبێت داوای ئەوە بکات، کە حەقی هەبێت فەسـخی نیکاحەکـە بکات، یان حەقی ئەوەی هەبێت کە نیکاحەکە بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە، عەقدی مەوقوف عادەتەن لە مەسائیلی مەدەنی و لە مەسائیلی عقودی ئیعتیادی دەبێت، عقودی مەوقوف لە مەسائیلی ئەحوالی شەخصی نایەتە گۆڕێ، من تەسەور ناکەم لەم قانونە کەلیمەیەك هاتبێ بە کەلیمەی مەوقوف، لە ماددەی یەکەوە تا ئەخیری ماددەکانیش، بۆیە بە قەناعەتی من ئەوەی لە قانونەکەدا هاتووە لە جێگای خۆیەتی، مەسەلەی مەوقوفیش من تەحەداش ئەکەم، لەیەك ووشەدا نەهاتووە لەم قانونەدا، چونکە ئەوە تەنزیمی ئەحوالی شەخصیە، ئاساری موتەڕەتیب لەسەر بوتلان داینـاوە، قبل الدخول و بعد الدخول، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**داواکارییەکە بۆ دواخستنی بۆ سبەینێ سەعات یانزە، چونکە کەمێك ئیلتزاماتمان هەیە، باشە کێی لەگەڵدایە بادەستی بلند بکات کە دوابکەوێت بۆ سبەینێ سەعات 11؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا بۆ سبەی سەعات 11 خواحافیز.**

| | | |
|---|---|---|
| **عونی کمال بزاز** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (12)**

**سێ شەممە رێکەوتی 4\11\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (12)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2008/11/4

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2008/11/4 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز عونی كمال بزاز سكرتێری ئەنجومەن بەوەكالەت, دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی دووەم, ساڵی (2008)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگە (1) لە مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (10,30) ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2008/11/4دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان ژمارە(1)ی ساڵی 1992 هەمواركراو كە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشكەشكراوە.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان كەلەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشكەشكراوە.

3- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یاسای باری كەسی ژمارە(188)لە 1959، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانشتنەكەمان دەكەینەوە بەرنامەی كارمان:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان ژمارە(1)ی ساڵی 1992 هەمواركراو كە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشكەشكراوە.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان كەلەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشكەشكراوە.

3- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یاسای باری كەسی ژمارە(188)لە 1959، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

داوا لە ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی پەیوەندیدار دەكەم وەكو دوێنێ بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، خاڵی یەكەمی بەرنامەی كار، خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی

نیشتمانی کوردستان ژمارە(1)ی ساڵی 1992 هەموارکراو کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشکەشکراوە. فەرموون بە کوردی بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو**

ماددەی یەکەم: زاراوەی (پەرلەمانی کوردستان) لەجیاتی ( ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق ) بەکاردێ لەهەرجێیەکی لە یاسا جێبەجێ کراوەکان لەهەرێمدا هاتبێ و زاراوەی (پەرلەمان) لەجیاتی (ئەنجومەن) و (ئەندامی پەرلەمان) لەجیاتی (ئەندامی ئەنجومەن) لەیاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراودا دادەنرێ.

ماددەی دووەم: ماددەی یەکەم لەیاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو ، هەمواردەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە.

(پەرلەمانی کوردستانی عیراق) لەئەندامان پێکدێ کە ژمارەیان لەسەدو یازدە ئەندام کەمتر نەبێ لەسەر بنەڕەتی نوێنەرێك بۆ هەر سی هەزار کەس.

ماددەی سێیەم: برگەی/1 ی لەماددەی چوارەم هەمواردەکرێ وبەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

نابێ ئەندامیەتی پەرلەمان و هەر کارێك یا پایەیەکی فەرمی دیکە کۆبکرێنەوە.

ماددەی چوارەم: ماددەی (21) هەموار دەکرێ و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

1ـ دەبێ لە هاووڵاتیانی کوردستان ـ عیراق بێ و بەبەردەوامی لێێ دانیشتبێ .

2ـ تەمەنی  لەسی ساڵ کەمتر نەبێ.

3ـ کەسێکی شارستانی  ناسراو خاوەن خوورەوشت و ناوبانگی باش بێت.

4ـ خاوەنی بە لایەنی کەم بڕوانامەی ئامادەیی یا هاوتاکانی بێت.

5ـ بەتاوانی عەمدی یا کەتنی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێ.

6ـ بەشداری لەتاوانەکانی رژێمی بەعس لەکوردستاندا نەکردبێ.

ماددەی پێنجەم: ماددەی (40) هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم/ نابێ لەکاتی دەورەکانی بەستنی پەرلەمان هیچ کارێکی وەك لێکۆڵینەوە یان پشکنین یان گرتن یان زیندانی کردن یان هەرکارێکی سزایی دیکە دەرهەق بەئەندامی پەرلەمان بکرێت مەگەر لەکاتی روودانی تاوانێکی ئاشکرا تاوەکو پێش وەخت مۆڵەت لەپەرلەمان وەرنەگیرێت و پێویستە لەکاتی روودانی تاوانێکی ئاشکراش پەرلەمان ئاگادار بکرێتەوە بەو رێکارە سزاییانەی کە لەیەکەم کۆبوونەوەیدا دەیگرێتەبەر لەبارەی هەر رێکارێکی لەغیابی گرتراوەتەبەر لە دژی ئەندامەکە و پێویستە بۆ بەردەوام بوونی ئەم رێکارە رەزامەندیی پەرلەمانی لەسەر وەربگیرێ.

دووەم/ نابێ ئەو رێکارانەی کە لەبڕگەی (یەکەم) لەدەرەوەی دەورەی بەستنی وەربگیرێن بەبێ ڕەزامەندیی سەرۆکی پەرلەمان، نەبێ مەگەر لەحاڵەتی ئەنجامدانی تاوانێك بێ.

ماددەی شەشەم: ماددەی (41) هەموار دەکرێت و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

هەریەك لەسەرۆکی پەرلەمان وجێگرەکەی و سکرتێرو هەروەها ئەندامانیش مووچەو دەرماڵەیان لە 2.5٪ی زیاترە لەو مووچەو دەرماڵەیەی کە بۆ وەزیرێك لە حکومەتی هەرێم تەرخان کراوە.

ماددەی حەوتەم: بڕگەی (2) لەماددەی (42) لەیاساکە هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

﴿ ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان تووشی ناتەواوییەك بوو رێی لە ئەنجامدانی ئەرکەکەی گرت، یان لەکاتی خزمەتدا کۆچی دوایی کرد، خۆی یان خێزانەکەی بەپێی حاڵەتەکانی مووچەیەکی خانەنشینی بەرێژەی (80٪) ی ئەوەی هاوکارەکانی کە بەردەوامن لە خزمەت لەسەرجەم مووچە و دەرماڵە وەردەگرێ.

ماددەی هەشتەم: ماددەی (43) هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەندامیەتی پەرلەمان لەیەکێك لەم حاڵاتانەی خوارەوە کۆتایی دێت:

1- تەواو بوونی ماوەی پەرلەمان یان هەڵوەشاندنەوەی .

2- مردنی.

3- وازهێنانی ئەندام و قەبووڵ کردنی لەلایەن دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان.

4- لە دەستدانی ئەندام مەرجێك لەمەرجەکانی پاڵاوتن بۆ ئەندامیەتی و ئەمەش بەرەزامەندی زۆرینەی دەنگی (3/2) دوو لەسەر سێی ئەندامە ئامادەبووەکان دەبێ.

5- ئامادە نەبوونی ئەندام لە (5) پێنج دانیشتنی یەك لەدوای یەك بەبێ بیانووی ڕەوا یاخود (7) حەوت دانیشتنی کە لەدوای یەك نەبن، دوای ئاراستەکردنی ئینزاری کۆتایی بۆی و بەزۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان بەوازهێنەر دادەنرێ.

ماددەی نۆیەم: ماددەی (45) هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

پەرلەمان دانیشتەکانی لەتەلاری پەرلەمان لەهەولێری پایتەختی هەرێم سازدەکات و دەشێ لەکاتی پێویستی دا دانیشتنەکانی لەشوێنی دیکە بەپێشنیازی دەستەی سەرۆکایەتی و رەزامەندی پەرلەمان بەزۆرینەی (3/2) دوو لەسەر سێی ئەندامانی گرێبدات.

ماددەی دەیەم: ماددەی (46) هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

پەرلەمان یەکەمین دانیشتنی لەکاتژمێر (10) لەرۆژی بەستنی لەماوەی (10) رۆژدا دوای دەرچوونی مەرسوومی هەرێمی بە بەستنی سازدەدرێ و لەکاتی دەرنەچوونی بانگهێشتنەکە بۆی، لە رۆژی دوای کۆتایی ماوە دیاری کراوەکە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هە مووارکراودا هاتووە کۆدەبێتەوە.

ماددەی یازدەم: ماددەی (47) هەموار دەکرێ و بەم جۆرە ەخوێندرێتەوە:

یەکەم/ پەرلەمان یەکەمین دانیشتنی بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەبەستێ و دەبێتە سەرۆکی کاتی.

دووەم/ سەرۆکی کاتی و ئەندامان ئەم سوێندە لەبەردەم پەرلەمان بە ئامادە بوونی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی دەخۆن:

﴿ سوێند بەخودای گەورە دەخۆم کە پارێزگاریی لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستان ـ عیراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم و پشت بە دەستوور ببەستم و ئەرکی خۆم بەفیداکاریی و دڵسۆزیی ئەنجام بدەم﴾ .

ماددەی دوازدەم: ماددەی (49) هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم/ سەرۆکی پەرلەمان یان کەمتر لەسێیەکی ژمارەی ئەندامانی بۆیان هەیە بانگهێشت بکەن بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی و کۆبوونەوەکە تەنیا سەیری ئەو بابەتانە دەکات کە لە بانگهێشتەکەدا دەستنیاشان کراون.

دووەم/ سەرۆك بۆی هەیە بانگهێشت بۆ بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی بکات لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم یاخود سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە کاتی پێویستدا.

سێیەم/ پەرلەمان لەساڵێکدا دوو دەورە دەبەستێ یەکەمیان لەرۆژی یەکەم پێنج شەممەی مانگی ئادارداو لەکۆتایی مانگی حوزەیراندا کۆتایی دێت و دووەمیشیان لە یەکەم پێنج شەممەی مانگی ئەیلوولدا دەبەسترێ و لەکۆتایی مانگی کانوونی یەکەمدا کۆتایی دێ.

چوارەم/ ئەو دەورەیەی کە بودجەی گشتی هەرێمی تێدا دەخرێتە روو تا دوای پەسندکردنی کۆتایی نایەت.

ماددەی سێزدەم: ماددەی (50) هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم/ نیسابی بەستنی پەرلەمان بەئامادەبوونی زۆرینەی سادەی ئەندامانی تەواو دەبێ جگە لەو بارانەی کەوا دەخوازێ زۆرینەی تایبەتی بوێ و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان، ئەو لایەنە پەسند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە.

دووەم/ نابێ دەنگدان بکرێت تەنیا لەکاتی تەواو بوونی نیساب نەبێ لەناو هۆڵی کۆبوونەوەدا و بەڵام وتوێژکردن پێویست بەهەبوونی نیسابی بەردەوام نیە.

ماددەی چواردەم: ماددەی (52) هەمواردەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

دانیشتنەکانی پەرلەمانی ئاشکرانە , مەگەر سەرۆك یاخود بەلایەنی کەمەوە چواریەکی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان داوا بکەن بکرێتە نهێنی، یاخود بە پێشنیازی سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و رەزامەندیی پەرلەمان لەسەری بەزۆرینەی ئامادەبووان و لەو بارەشدا دانیشتنەکە تەنیا ئەندام لە خۆ دەگرێت و جێگری سەرۆك، یان سکرتێر، یاخود ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی دایدەنێ کۆنووسی دانیشتنەکە رێك دەخات.

ماددەی پازدەم: ماددەی (53) هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:
سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان لیژنە هەمیشەییەکان یاخود لەیازدە ئەندام کەمتر نەبێ بۆیان هەیە پرۆژەی یاسا و بریار پێشنیاز بکەن و پەرلەمان وتووێژ لەسەر پرۆژەی یاسا یان بڕیار ناکات تاکو لیژنەی تایبەت تەماشایان نەکات و هەر پڕۆژەیەکی پەرلەمان رەفزی کردبێ لەماوەی بەستنی هەمان دەورەی دا پێشکەشی ناکرێتەوە.
ماددەی شازدەم:
یەکەم/ هەموو ئەندامێك بۆی هەیە پرسیاری بەنووسین ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یا جێگرەکەی یاخود وەزیرەکان یان سەرۆکەکانی دەستەو موفەوزیەتەکانی سەربەخۆ یا بەستراو بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان ئەوەی بەپلەی وەزیرە یان هەر بەپرسێکی تر لەدەسەلاتی جێبەجێکردن بکات لە رێگەی سەرۆکی پەرلەمانەوە لەبارەی هەرکاروبارێکی نایزانێ کە دەکەوێتە بواری پسپۆڕیەکەی، یاخود بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەرووداوێکی کەزانیبێتی لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە وە یان بەمەبەستی زانینی زانیازی حکومەت لەکارێك لەکارەکانی.
دووەم/ بەرپرس بەنووسین وەلامی پرسیار لەماوەیەکدا لەحەوت رۆژ زیاتر نەبێ دەداتەوە .
سێیەم/ بەرپرسی پەیوەندیدار وەلامی پرسیار لەدانیشتنێکی دیاری کراو بۆی هەیە داوای دواخستنی وەلام دانەوەکەی بکات بۆ ماوەیەك لە دوو هەفتە زیاتر نەبێ و داواکەشی پەسند کرابێ و نابێ دواخستنەکە لەو ماوەیە زیاتر بێ مەگەر بەبڕیارێکی پەرلەمان نەبێ.
ماددەی حەڤدەم: ماددەی (56) هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:
پەرلەمان ئەم تایبەتمەندیی و ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:-
1/ دەرچوواندنی یاساکان و ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم یاخود ئەنجومەنی وەزیران یان لیژنەکانی پەرلەمان یان ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیازدەکرێن.
2/ دانانی پێڕەوی ناوخۆ بۆ پەرلەمان لە سەرەتای هەر دەورەیەکی هەڵبژاردندا کە ئەرك و کارەکانی دەست نیشان دەکات.
3/ چاودێری و سەرپەرشتی کردنی کاری دەستەلاتی جێبەجێ و سیاسەتەکەی و فەرمانبەرانی.
4/ پەسند کردنی رێککەوتننامە وبڕیاردان لەسەر مەسەلەی چارەنووسی بۆ گەلی کوردستان - عیراق و دەست نیشان کردنی پەیوەندیی دەستووری و یاسایی لەگەڵ دەستەلاتی فیدراڵیدا.
5/ ناونانی سەرۆکی دەستەلاتی جێبەجێکردن کە ئەویش دەستەلاتی ناونانی ئەندامانی دەستەلاتەکەی هەیە.
6/ پێدانی متمانە بە دەستەلاتی جێبەجێ کردن و لێکێشانەوەی.
7/ رەزامەندیی دەربڕین لەسەر دانانی باجەکان و خەرجیەکان.
8/ لێدوان لە کێشە گرنگەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێو دەوڵەتی .

9/ گوێگرتن لەستەم و زۆرینەکانی وهەڵگرتنیان لەسەر زۆر لێکراوان.

10/ ڕەزامەنــدیی دەربــڕین لەســەر پێشـنیازی هەموارکردنــە دەســتوورییەکان و ئەنجامــدانی گوێزانــەوە لەنێوان دەروازەو بەشەکانی بودجەی گشتی و کەمکردنەوەی سەرجەم گوژمە پارەکانی و بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا پێشنیاز بۆ ئەنجومەنی وەزیران بکات کۆی گوژمەکانی خەرجیەکان زیادبکات.

12/ یەکلاکردنەوەی ئەو تانوتانەی کە لە دروستی هەڵبژاردنی ئەندامان دراون.

13/ لێپرســینەوەو پرســیارکردن لــە ئەنــدامانی ئەنجومــەنی وەزیــرانو ســەرۆکەکانی دەســتەکانو موفەوەزییەتە سەربەخۆ یان لکێندراو بەسەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران یـان ئەوانـەی بەپلـەی وەزیـرن یان هەر بەرپرسێکی دی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات.

14/ لێکۆڵینــەوە لەگــەڵ هــەر بەرپرسـێکی ئامـاژە بـۆ کـراوی سـەرەوە بکـات لـەبارەی هـەر ڕووداوێـك کـە پەرلەمان وادەبینێ پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی گشتی یان مافی هاوڵاتیانەوە هەیە.

15/ داواکردنــی زانیــاریی‌و بەڵگەنامــە لەهــەر لایــەنێکی فــەرمی لــەبارەی هــەر بابــەتێکی پەیوەنــدیی بــە بەرژەوەندی گشتی یان مافی هاووڵاتیان یاخود جێبەجێ کردنی یاساکان یان پیادەکردنیان لەلایەن دەستەو دەزگاکانی دەستەڵاتی جێبەجێ کردنەوە.

16/ داواکردنی ئامـادەبونی هـەر کەسـێك لەبـەردەمی بـۆ شـایەدی دان یـان ڕوونکردنـەوەی هەڵوێسـت یـان دەرخستنی زانیاری لەبارەی هەر بابەتێکی کە خرابێتە بەردەم پەرلەمانو لـە مەیـدانی لێکۆڵینـەوی خـۆی بێت.

17/ تەماشاکردنی ڕاپۆرتی ئەو وەزیرەی کە پێویستە پێشکەش بەپەرلەمانی بکـات لـەبارەی سـەفەرکردنی بە سەرۆکایەتی شاندێك لەناو هەرێم یا دەرەوەی دا لەگەڵ ئەنجامەکانی.

ماددەی هەژدەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

ماددەی نۆزدەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیرانو لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسـایە جێبـەجێ بکەن.

مـاددەی بیسـتەم: ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی دەرچـوونیەوە جێبـەجێ دەکـرێو لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی (وەقـائعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە لە لایەن ئەندامانی بەڕێز (کاك عـونی بـەزاز، کـاك عبـدالکریم هەمەوەنـد، کـاك شێروان حەیدەری، کاك کەریم بەحری، کاك محمد صالح، کاك خلیل ابراهیم، کاك تارق جامبـاز، کـاك قـادر سعید، کاك سەردار هەرکی، کاك رشاد احمد)ەوە پێشکەشکراوە، پرۆژەکە گرنگـە، پێویسـتیشـە پـێش ئـەوەی پەیڕەوی ناوخۆ هەموار بکەین، ئەو پرۆژەیە پەسـەند بکرێـت، وەکـو یاسـا بـۆ ئـەوەی ئاسـانکاری بکـات بـۆ تەواو کردنی پـەیڕەوی نـاوخۆی تـازە، ئـەوەی کـە پێشکەشـکراوە، ئـەم پرۆژەیـە ئاراسـتەی لیژنـەی یاسـایی وئەندامانی پەرلەمان ئەکەم، ئومێد دەکەم زوو کارەکانی تەواو بکەن، ڕۆژێکی بۆ دابنێین بۆ گفتوگۆکردن و

بڕیاردان لەسەری، خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کەلەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشکەشکراوە. ئەمەش تەبعەن لەسەر داوای سەرۆکایەتی بوو داوامانکرد کە ئەو پەیڕەوە حازر بکرێت، هەموو پێداچوونەوەیەك کراوە خۆی هەموارکردنە، بەڵام هەموو ماددەکان پێداچوونەوەی تێدا کراوە 146 ماددەیە، دوای خوێندنەوەی ئاراستەی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی ئەکەم، هەروەها لیژنەی یاسایش پاش ئەوەی کە پرۆژەی یەکەممان کە خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کرد و بڕیارمان لێدا، ئەمەش دەخەینە بەرنامەی کار، بەڵام تا ئەو وەختە هەر ئەندامێك تێبینی هەیە، بۆ کار ئاسانکردن چونکە، ئەگەر وابێت بەمانگێك ئەوە تەواو نابێت، دەکرێت ڕەئی خۆی بە نووسین بنووسێت، بۆ سەرۆکایەتی یان بۆ لیژنەی یاسایی بنێرێت، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دانیشتندا کارەکانمان ئاسانتر بێت، خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار: بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە(188)لە 1959، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە. دوێنێ ئێمە زۆر قسەمان لەسەر ئەو ماددەیە کرد، ماددەی نۆیەم کە دوایش ڕاوەستاین، ئەمڕۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف، لەگەڵ ژمارەیەك لە قازییە بەڕێزەکان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی ڕەئی ئەوانیش بزانن لەسەر ئەو گفتوگۆیەی کە دوێنێ کرابوو، لەسەر داوای ئێوەش دوامان خست بۆ ئەوەی پرس بەوانە بکەین، دیارە سوپاسیان ئەکەین کە هاتبوون بۆ ئێرە، جێگای تەقدیرە ئەو هاتنەیان، ئەوان پێیان وایە ئەو باتڵە ئەبێ بمێنێ، پێشیان وایە ئەصڵی ماددەکە کە لە قانونی ئەحوالی شەخصیدا هاتووە، هی ساڵی 1959 موعالەجەی کردووە، ئەوە هەم لەگەڵ قانون ئەگونجێت هەم لەگەڵ شەریعەتیش ئەگونجێت، هەم لەگەڵ واقیعیشدا ئەگونجێت، بۆ ئەوەی ئەو تێبینیانەی کە دوێنێ روونمان کردنەوە ئەوانیش هەمان تێبینیان هەبوو، کەواتە ئەوان پێیان وایە ماددەکە بەو شێوەیە بێت، کە عەرەبییەکەی وایە( لايحق لاي من الاقارب او الاغيار اكراه اي شخص، ذكراً كان ام انثى على الزواج دون رضاه، ويعتبر الزواج بالاكراه باطلاً اذا لم يتم الدخول، كما لايحق لاي من الاقارب او الاغيار منع من كان اهلاً للزواج، بموجب احكام هذا القانون من الزواج) ئەوە ڕەئی یەکەم: بوو، ئەوە دیسان ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان ئەو حاڵەتەیان شەرح کرد پاشی گواستنەوەی، ئەوە دیارە پێش گواستنەوەی باتڵە، پاش گواستنەوەش قازییە بەڕێزەکانیش وتیان دەتواندرێت بگەڕێتەوە بۆ ماددەی 40 فەقەرەی چوارەم، داوای تەفریق بکات حەقی ئەوەی هەیە، ئەگەر بێت وبیەوێت ئەو عەقدە باتڵ بکات پاش گواستنەوەی، باشە پێش گواستنەوەی عەقدەکە ئەگەر ئاشکرا بکرێت، یان داوا بکات باتڵ دەبێت، ئەگەر لەوە زیاتر شتێك هەیە، کاک کەریم فەرموو چیت هەیە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لێرەدا باس بکرێت بعد الدخول موقوف بێت لە عەقدەکە، واتە هەر لێرە زکر بێت، نەك بۆ ماددەی تەفریق لێ بگەڕێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان من باسی ڕەئی قازییەکانم بۆ کردن، ڕەئیم تەرح نەکرد، وەکو پێشتر بیستم لە کاک شێروان و کاک عونی لێرەدا، ڕەئی قازییەکانیان بۆ نقلّ کردین وتیان ئەصلّی ماددەکە باش هاتووە، عیلاجی ئەو حاڵەتەی پێشی گواستنەوەی کچەکە  کە پێشتر بە زۆر کراوە ئاشکرا کراوە، کە ئاشکرا کراو ژنەکەش هات شکایەتی کرد ئەو کاتە باتڵە، پاش گواستنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ماددەی 40، دوێنێ کاک عومەریش باسی کرد، منیش باسم کرد و ژمارەیەکی تریش باسیان کرد، ماددەی 40 فەقەرەی چوار موعالەجەی کردووە، ئەوەیان وتووە، کاک شێروان ئەگەر خیلافی ئەوەیان وتووە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بزەبت ئەوەی جەنابت وتت، چارەسەری رەئی ئێمەشی کرد، ئێمە کە کۆبووینەوە هەر سێ قازی ئەحوالی شەخصی لێرە ئامادە بوون، فیعلەن ڕەئیەکەیان بەو شێوە بوو کە جەنابت وتت، تەبریراتی خۆشیان دا، تەبیعی بەنیسبەت قبل الدخول ئەوانیش پێیان وابوو کە باتڵە، ئەوانیش پێیان وابوو ئەو سێ فەقەرەی کە هاتووە، لەسەر باتڵ تەتبیق ئەبێت، نەک لەسەر مەوقوف ئەوانیش پێیان وایە ئەوەی لە ماددەی 40 هاتووە، دیسان بعد الدخول بە نیسبەت اکراه تەتبیق ئەبێت، چونکە ئەوەش لە ماددەی 40 هاتووە، حاڵەتێك موعالەجە ئەکات، کە عەقدەکە خارجی مەحکەمە کراوە، اکراهی تێدایە حەقی داوە بە زوجە ئیقامەی دەعوای تفریق بکات، بەهەمان شێوە ئەگەر هاتوو بعد الدخول بێت بەس اکراهی تێدا بێت، ئەم حەقەی هەیە بۆ ئەوەی حقوقەکان نەفەوتێن بەگوێرەی ئەو ماددەیە حقوقەکان پارێزراوبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاک کەریمین، کەلە حاڵەتی دوایدا ببێت بە مەوقوف، چونکە ئەوەی من تێگەیشتووم ئەوە دوایی کە داوای تەفریق ئەکات، نە ئەوانەی کە بەزۆر داویانە بەشوو، یان بەزۆر ژنیان بۆ هێناوە سزاکەی ئەیگرێتەوە، من ئەو پرسیارە ئەکەم ئایا دوایی حەقی ژنەکە چی لێ دێت، کە خۆی داوای تەفریق ئەکات، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەو ڕەئیەی کاک کەریمین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ زۆر باسمان کرد، هەر یەك لە ئێمەش موتابەعاتی زۆرمان کرد، ئەمە لە قانونی مصری یەعنی زەواجی باتڵ داناوە (یترتب شيء من اثار الزواج الصحيح ولو حل بعد الدخول) لە ئوردنیش هەروایە، لە قانونی تر چۆن ئەم مەسەلەیان حەل کردووە، یان بەناوی فاسدیان داناوە یانیش لە کوتوبی تر بە موقوف دانانی زیاتر ئەگونجێ، لەگەڵ شەرع وەکو موصتەڵەحیش وا باشترە، من لێرەش تەئکید ئەکەم، یەعنی تۆ دانێی باتڵ و ئەوی تریش دانێیت وەکو ناحیەی شەرعی ئەو وەسفەی بۆ دائەنێیت، یەعنی قانونی و شەرعی هەردووك لەسەرە، ئەصڵی عەقد ئەکرێت تا ئەو دخولەی پێ حەلاڵ بێت، عەقدێکی باتڵ بەدخولێك چاك بێت، جا بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە وەك پرۆژەی پێشتر کە هاتووە مەوقوف باشترە، دەتوانین لەو موشکیلەش دەربچین، من خۆم لێرە ڕەئی خۆم تەسبیت ئەکەم، با بە موقوف بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕەئێکی تایبەتی خۆتە، ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ڕەئیەك ئەوەیە کە لیژنەی یاسایی وتی، حاکمەکان ئەمڕۆ دایاننـاوە، ڕەئەکەی تریش هی لیژنەی داکۆکی کردنە لە مافی ئافرەتان وژنان، کاك خەلیلیش پشتیگری لەوە ئەکات، لەڕاستیدا زۆر قورس نیە هەرکامێکیان بێت، ئەگەر بوترێت مەوقوفیشە هەر دەگەڕێتەوە بۆ ماددەی (40 )ەکە، چونکە دەبێ دیسان قازی حوکم بدات ئەو مەوقوفیە بەردەوام ئەبێت لەسەر داوای ژنەکە، ئەگەر بێت ژنەکە شکایەت بکات بڵێت من نەمزانیوە داوا بکات مەوقوف بێت، ئەوە باتڵی ئەکات، دوو ڕەئییە دوێنێش زۆر موناقەشە کرا، من ئەو موقتەرەحە تازەیە کە لەلایەن لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ئافرەتان وژنان کە ژمارەیەکیش دوێنێ پشتگیرییان لێ کرد، بەو شێوەیە کە دەیخوێنمەوە پێشتر ئەوە ئەخەمە دەنگەوە، ئینجا ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو کاتە ئەصڵیەکە ئەمێنێتەوە، بەڵێ پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، ئەگەر هاتو مەوقوف بوو، ئەو عقوباتانەی کە لەسەر ئەو اکراهە دانراوە، ئەبێت، یەعنی سەرەیانی ئەبێت؟، ئەمە پرسیارێك، ئەگەر لەو حاڵەتە داوای تەفریقی کرد حەق وحقوقی بەکاملی ئەتوانێ دەستی بکەوێت؟ من ئەو دوو پرسیارەم هەیە، چونکە ئەگەر مەوقوف بێت بەپێی تێگەیشتنم بەو مانای کەلیمەکە، ئەو عقوباتانەی دوای ئەو نازانم چۆن ئەیگرێتەوە، حەز ئەکەم ئەوەم بۆ ڕوون بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لەکاك شێروان ئەکەم بۆی ڕوون بکاتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حاڵەتێکمان لە پێشە دخولی حەقیقی بووە، باشە ئەگەر عەقدەکە مەوقوف بوو، ئەو دخولی حەقیقیە چی لێ دێت، ئەمە یەك، دوو: ئەم عەقدە مەوقوفە لەسەر ئیجازەی کێ ڕادەوەستێت؟ ژن موافقە، مێردیش موافقە، دخولیش بووە، با برێك عیلمیانە بچینە ناو مەسەلەکە، بۆیە بەقەناعەتی من ئەگەر ئێمە بمانەوێت وەحدەی خێزان بپارێزین، ئەو مەوقوفە نابێ دابنێین، ئەوە کەلیمەیەکە لە مەسائیلی مەدەنی ئیستیعمال ئەکرێت، نەك لە مەسائیلی ئەحوالی شەخصی، ڕجاتان لێ ئەکەم لەمەسائیلی قانونی مەدەنی ئەوە زۆر ئیسارە ئەکرێت، ئەوەی تر کە پەخشان خان وتی، بەقەناعەتی من هەموو حقوقێکی ئافرەت لە باتڵەکە زامنە، چونکە ئەمڕۆ لەگەڵ قازییەکان قسەمان کرد، هەر حەقێکی هەبێت بەنیسبەت بوتلانەکەی حەقەکەی زامنە، لە حاڵەتی بعد الدخول، بۆیە بەقەناعەتی ئێمە ئەو بوتلانەی کە قبل الدخول هاتووە، ئەو مەرجانەشی کە قبل الدخول هاتوون بەهەمان شێوە وەکو بعد الدخول مەعامەلەی لەگەڵدا دەکرێت، کەلە ماددەی 40دا هاتووە، ئەوە هیچ فەرقی نیە، تەنها ئەو لە خارجی مەحکەمەیە ئێرەش لەبەرامبەر مەحکەمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موناقەشە کراوە تەنها لەڕووی یاسایی ئەمێنێتەوە، ئێستا کاك عبدالکریم دوایش کاك کریم ئیتر تەواو، فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رەئیم وایە مەوقوف دابندرێت، چونکە باتڵ (لاتلحق الاجازە) ئەگەر ئەوە بۆ باتڵ بێت، دوایش موافەقە بکات، یان نەیکات نابێ، ئەو عەقدە هەر باتڵە، پاشان تەرەتووبی ئەحکامی لەسەر دەردەکەوێت، لێرەدا هەردووکیان زەوج و زەوجەش هەر زەرەر ئەکەن لەم بابەتەدا، نەسەبە، نەفەقەیە، هەموو جۆرە جەریمەیەکیش، ئەو جەریمەی کە پەخشان خان ئەیڵێت ئەوەی کە عقوبەی دانراوە، مەوقوف بێت عقوبەکەی هەر دەدرێت، مەوقوفیش نەبێت هەر عقوبەی دەدرێت، بەڵام باتڵ مانایەکی هەر زۆر گەورە ئەگەیەنێت، کە (انە لم یکن) کەواتە ئەگەر شتێك نەبێت چۆن ئەتوانی لەپاشان بیکەیت بە صەحیح، نەخێر ئەوە فاسیدە، لەبەر ئەوە بەڕەئی من ئەبێ ئەوە زۆر زۆر باش ئاگامان لێی بێت، ئەوە غەڵەتێکی شائیع بووە، کە ئەڵێن باتڵە، باتڵ نیە موقوفە چونکە باتڵ هیچ حوکمێکی لەسەر ئەوە نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مەعلومە عەقد سێ روکنی هەیە، (رضا، محل، سبب) لێرەدا دوو فقە هەیە، فقهی غەربی و فقهی ئیسلامی، فقهی غەربی بوتلانی تەقسیم کردووە بۆ دوو بوتلان، بوتلانی موتڵەق و هی نسبی، لە شەریعەتی ئیسلامیدا ئەوە نیە، بوتلان هەر بوتلانە واتە باتڵە، موتڵەق و نسبی نیە، بەڵام ئەو رضایەی کە شاهیدەی تێدا بێت، بە ئیکراه چ نوقسانی ئەهلیەی تێدا بێت ئەوە پێی ئەوترێت عەقدی مەوقوف لە ئیسلامدا، عەقدی مەوقوفیش لێرەدا ئێمە پێمان باشە، ئەوەی قبل الدخولە ئەوانە، لەبەر ئەوە هیچ ئاسارێك تەرەتوب ناکات، ئەوە باتڵ بێت، ئەوەی بعد الدخوله موقوف بێت، لەبەر ئەوەی ئاسار تەرەتوب ئەکات، ئەگەر هاتو بەباتڵی بوو ئەوە دوو جۆرە ئاسار هەیە، ئاساری ئەصڵی وئاساری عەرەزی، هی ئەصڵییەکە، لە بوتلان نامێنێت، بەڵام ئاسارە عەرەزییەکە ئەمێنێت، وەکو (مهر وحەد) ئەوانە ئیسقات ئەکات، هەروەها نەسەبی منداڵەکەش ئەوە ئیقراری بۆ ئەکرێت بۆ پیاوەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سعدالدین نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز ملاسعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك کەریم ئەڵێت لە شەرعیەتی ئیسلامی باتڵ و فاسید نیە، بابە دەڵێت فقهی ئیسلامی، لە فقهی ئیسلامی، لە فقهی حەنەفی کە لێرەدا باس لەوە ئەکات، باتڵ ئەوەیە کە خەلەل بگەڕێتەوە بۆ رووکنەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە کاك سعدالدین قسەت پێ دەبڕم ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، ڕەئیە لەسەر ڕەئی تر، مادام وایە داوای قسەت بکردایە، کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا ئێمەش خۆی ئەصڵەن وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ، ئێمە لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەکە بووین، بەڵام پاش ئەو هەموو باس وگفتوگۆیەی کە هاتە سەر ئەو ماددەیە، ئێمە قسەشمان لەگەڵ مامۆستا محمد فەرەج کردووە لەو بارەیەوە، ڕەئیمان ئێستا ئەو عەقدەی کە کاتی خۆی کراوە، رضای تێدا هەبووە، ئەگەر بە اکراهیش بووبێ، کە رضای لەسەر هەبێ، چونکە رضا لە عەقد روکنە شەرت نیە، لەبەر ئەوە نەبوونی ڕوکن لە عەقدەکە، عەقدەکە باتڵ ئەکات، بۆیە ئەوە مەوقوف بێت پێمان باشترە، هەتا ئەو ئاساری موتەڕەتیبەی کە دەبێت، حەلێکی بۆ ببینینەوە ئەگینا موشکیلەکە گەورەتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەلا ئەنوەر ئەو کیتابەی ناردووە، (احکام النکاح) مامۆستایەکی زانکۆ نووسیوویەتی، نیزام الدین عبدالحمید لەساڵی 1986 چاپ کراوە، ئەو حاڵەتە وەسف ئەکات، دەڵێت(لایجوز الدخول بالمرأة في عقد الباطل) شەرحی ئەکات،(ولایجب به المهر ولا نفقة ولا تثبت بە توارث ولا نصیب اي لایترتب علیه اي اثر من الاثار الزوجیة واذا تمت الدخول علی اساسه وجب الافتراق) یەعنی باتڵە ئەگەر دخولیش هەبێت، (والا لم یفترق وجب علی کل من له علم بالحال مراجعة قاضي لارغامهما في الانفصال) ئەوە زۆر بەقوەت هاتووە، بەهەر حاڵ ئەوە زۆر موناقەشەی لەسەر کراوە، دوو موقتەرەحی جیاواز هەیە، موقتەرەحی تازە کە لەلایەن لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان وژنان و پشتگیری کردنیشی لەلایەن چەند ئەندامێکی پەرلەمانەوە هاتووە، بەو شێوەیە دەبێت کە دەیخوێنمەوە(لایحق لاي من الاقارب او الاغیار اکراه اي شخص، ذکراً کان ام انثی علی الزواج دون رضاه، ویعتبر عقد الزواج بالاکراه باطلاً اذا لم یتم الدخول، وإذا تم الدخول فیعتبر موقوفاً، کما لایحق لاي من الاقارب او الاغیار منع من کان أهلا بالزواج بموجب أحکام هذا القانون من الزواج)، ئەوە موقتەرەحی تازەیە و ئەو ئیزافەیە کراوە، کێ لە گەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ 46 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ باشە بە زۆرینە موقتەرەحەکە موافەقەتی لەسەر کرا، فەقەرەی یەکەم تەواو بوو، فەقەرەی دووەم لە ماددەی 9 دا عقوبەکەیە، بۆ ئەوەی فەقەرەی یەکەم دڵنیای ئەوەتان بکەم کە دەنگیشی لەسەر درا، بەڵام فەرقێکی ئەوتۆ نیە لەڕاستی دا، لە نێوان ئەوەی سیغەی ئەسڵیەکەو بەینی ئەو سیغەیە تۆزێك تەئکید لەسەر مافەکە بکات، بۆ ئەوەی زیاتر پابەند بن پێی، زیاتر هینی دەکات، عقوبەکە لە ئەسڵی پرۆژەکە دا هاتووە، من جوملەیەك دەڵێم بەداخەوە یەعنی ئەو چەند ڕۆژە مولاحەزەم کرد زۆربەی زۆری خەڵکانێك هەن کە باس لە لەو یاسایە دەکەن، کە خەڵکانی رۆشنبیریشن، ئەسڵی قانونەکەیان نەخوێندووەتەوە، چونکە ئەسڵی قانونەکە کە لە ساڵی 1959 دەرچووە کە حوکمی تێدایە، حەبسی تێدایەو نەیانخوێندووەتەوە و پێیان وایە تازە پەرلەمان قەراری حەبسی داوە، پەنجا ساڵە ئەو قانونە جێ بەجێ دەکرێت و ئیقرار کراوە، کەهەندێك رۆژنامەنووس پێیان وایە ئێمە هاتووین و قەراری حەبسمان داوە، ئەوە ئەسڵی ماددەکەیە و بۆتان دەخوێنمەوە (یعاقب من خالف أحکام الفقرة أولا من المادة بالحبس مدة لاتزید عن ثلاث سنوات وبالغرامة أو بأحدی العقوبتین اذا کان قریبا من الدرجة الاولی، أما اذا کان مخالف من غیر الهؤلاء فتکون العقوبة بالسجن مدة لاتزید علی عشر سنوات، أو الحبس مدة لاتقل من ثلاث سنوات) ئەوە لە 59 وا نووسراوە (بالحبس)، دوێنێ زۆر موناقەشەی ئەوەمان کرد، موقتەرەحی تازە ئەوەیە غەرامەکە لابردرێت لە عقوبەکە، عقوبەکە تەنها حبس بێت یان سجن بێت، دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە غەرامەکە لابردێت؟ کە لیژنەکانیش پشتگیریان لێی کردووە، دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ غەرامەکە لادرا، دوو شتی تر دێتە پێشەوە، تەبعەن ئەو قسانەی کە دەیکەم هەمووی لەبەر رۆشنایی گفتوگۆکانی دوێنێ یە، بۆ ئەوەی جارێکی تر نەچینەوە سەری و سەرلەنوێ هینی نەکەینەوە، دوێنێ کاك بەڵێن بۆ یەکەم جار گوتی

دەبێت ئەقارب وەکو یەك بێت، وەاتە باوك و دایك لە دەرەجە یەك و دوو عقوبەکەیان با وەکو یەك بێت، دوو ئەندامی تریش پشتگیریان لە ئەوە کرد، پێش ئەوەی ئەو موقتەرەحەی بخەمە دەنگدانەوە تەنها شەرحێکی پێویست دەکات، بۆچی موشەریع لە ساڵی 59 ەوە تا ئەمڕۆش کە ماوەتەوە ئەو جیاوازیەی کردووە؟ بۆچی عقوبەی دایك و باوك کەمترە لە مام و خاڵ و کەسی تر؟ لەبەر ئەوەی مەعلومە کە باوك و دایك حرس و خۆشەویستیان بۆ نەوەکەو بۆ کچەکەیان و بۆ کوڕەکەیان زیاترە لە ئەوانی تر، مەعلومیشە ئەگەر باوك و دایك نەما وەلی ئەمر بووە مام یان خاڵ ئیحتمالی ئەوەی هەیە زۆر بە ئەرکی بزانێت لە ماڵ دا، مومکینە زۆر بیر لەوە نەکاتەوە کە بیەوێت بەشووی بدات و لەکۆڵی بکاتەوە، بۆیە عقوبەی ئەوان زیاترە بۆ ئەوەی ترس بخاتە دڵیان، ئەگەر وەکو یەك تەماشای بکەین من پێم وایە کە لەنگ دەبێت شتەکە، ئەو شەرحە دەدەم ئەگەر کاك بەڵێن و برادەران بەردەوام بن لەسەر رەئیەکەیان ئەوا مەجبورم بیخەمە دەنگدانەوە، یەکێك کە کچی خۆی هەبێت وەکو مام و خاڵ نیە کە بە ئەرکی بزانێت لە ماڵ کە غەریبێکە تا حەدێك بە ئاسانی بیەوێت لە کۆڵی بکاتەوە، فەرموو کاك بەڵێن تۆ ساحبی موقتەرەحەکەی.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیە، من موقتەرەحەکەم سەحب دەکەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم شتەکە بە پیاوانەوە هین دەبێت، یەعنی کەس و کار ئەگەر بەڕاستی خۆشی دەوێت بە عەکسەوە ئەگەر عەتفی بۆ هێنا بێت ناتوانێ بە زۆر بە شووی بدات، یەعنی بێگانەیەك کە بە زۆر بە شووی دەدات لێی ناگری کە دوورە خزمایەتیەکەی، چ خۆشەویستیەکە کە دایك و باوك بۆ منداڵەکەی کە بە زۆر بە شوی بدات؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا، نا بە عەکسەوە، قسەکانی من تێ نەگەیشتی، تۆ دەڵێی بە عەکسەوە، منیش دەڵێم کە عەکسەکەت بۆ روون بکەمەوە کە وانیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر دوێنێ لیژنەی ژنانیش پشتیوانیان لەو پێشنیارە کرد کە سزاکە زیاد بکرێت، لە ساڵێکەوە ببێتە دوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە باسی زیادبوونەوەكە ناكەین، فەقەرە بە فەقەرە دەڕۆین، دوێنێ موناقەشە لەسەر چەند فەقەرەیەك كرا، یەك: ئەوە بوو كە غەرامەكەمان حەسم كرد، دوو: ئەوەی كاك بەڵێن داوای كرد دەڵێت عقوبەكە بۆ خزمی دەرەجە یەك و دوو و سێ وەكو یەك بێت، یەعنی باوك و دایك ئەگەر نەمان ئەو منالآنە تەمەنیان بچووكە غیر وەلی ئەمرەكە و مام و خاڵ و كەسانی تر دەبێت، داوای كرد وەكو یەك بێت كە شەرحم كرد ئەو سەحبی ئیقتراحەكەی كردەوە، سێ: عقوبەكەیە، عقوبەكە لە ئەسڵەكەیدا كە هاتووە، باشە ئێستا ئێمە دوو شتمان حەسم كرد، كە یەكەمیان غەرامەكەمان لابرد، دووەمیان ئەو موقتەرەحەی كاك بەڵێنی سەحب كراوە، كە دەبێت فەرق هەبێت لە نێوان دەرەجە یەك و دەرەجە دوو، لە ئەسڵی قانونەكە عقوبە پاش ئەوەی كە پارەكەمان لابرد، دەڵێت (مدة لاتزيد عن ثلاث سنوات اذا كان قريبا من الدرجة الاولى) یەعنی ئەگەر دایك و باوك بێت لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت عقوبەكەی، (اما اذا كان المخالف من غير هؤلاء ) ئەگەر بێتو ئەوەی موخالەفەكەی كردووە غەیری ئەوانە بوو، ئەوە كێ دەگرێتەوە؟ كە مام و خاڵ و ئەوانە دەگرێتەوە (فتكون عقوبة السجن مدة لاتزيد على عشر سنوات، أو الحبس مدة لاتقل عن ثلاث سنوات) یەعنی زیاتر لە سێ ساڵ و كەمتر لە 10 ساڵ، موقتەرەحێكی تازە هاتووە كە بە زیاد كردنیەتی كە دوێنێش موناقەشەی ئەوەمان كرد، دوو ڕەئی جیاواز هەیە لە زیادكردنی، فەرموو یەكەم جار لیژنەی داكۆكی كردنی مافی ئافرەتان بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نازانم  دوێنێ ڕەئیەك هاتووە دەربارەی ئەو مەوزوعە كە ئێمە پشتگیری لێ دەكەین، كە بە نیسبەت عقوبەكە كە لە دووساڵ كەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت حەبسەكە، بۆ نزیكی دەرەجە یەك، ئێستا لام وایە شتێكی تر باسی لێوە كرا، بە نیسبەت ئەوەی تر وەكو خۆی دەمێنێتەوە لە قەریبی دەرەجە یەك بەولاوە، ئەو ڕەئیەی كە هەیە جەنابی سەرۆك لەوەوە سەرچاوەی گرتووە كە كێشەیەك هەیە و سارا خان كۆمەڵێك پاساوی هەبوو بۆ ئەوە و ئێمەش تەبەنیمان كردووە كە ژمارەیكی زۆر لە كچان هەن، كە سارا خان باسی مەنتیقەی بیتوێن و پشدەری كرد، بەڵام ئەو موشكیلەیە لەگەرمیان و لە شوێنی تریش هەیە كە كچان گیرۆدەی مارە كردنی بەزۆرن، بۆیە پێویستە ڕێگە بگیردرێت لەوەی ئەو مەلایەی كە ئەو مارەكردنە دەكات لە دەرەوەی مەحكەمە، ئەویش جەزایەكی هەبێت، بەڵام ئەوە ڕەنگە لە جێگایەكی تر لە بابی ئەوەی كە زەواجی خارجی مەحكەمە شوێنی بۆ كراوەتەوە، ئێستا مەسەلەیەكی تر هەیە لە پاڵ ئەوە، كۆمەڵێك كوڕو كچ گیرۆدەی ئەو موشكیلەیەن، دەكرێ لە یاساكە شتێك دابنێین یان دەكرێت ئێستا پەرلەمان بڕیارێك بدا كە بڕیارێك دەردەچێت ئەو مارە كردنانەی كە كراون بە بێ ڕەزای هەردوو تەرەف

ئیبتاڵ بکرێت هەر ئێستا، ئەوەی کە بە شەرعەن کراون، کراوە تازە ئەوە شەرعەن مارە کراوە، ناتوانێ بچێت شوو بکات بە یەکێکی تر، پیاوەکە دەتوانێت بچێت ژنێکی تر بێنێت، بەڵام ئەو ناتوانێت بچێت شوو بکات بە یەکێکی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو وەڵامم هەیە بۆ پەخشان خان، یەکەم: بە نیسبەت عقوبەی ئەو مەلایەی کە مارەی دەبڕیت لە خیلافی قانون لە ماددەی دواتر لە 5 داهاتووە (یعاقب بغرامة لاتقل عن مليون دينار ولاتزيد عن ثلاثة ملايين دينار كل من اجرى عقد الزواج خارج المحكمة) ئەوانە دەگرێتەوە (وتكون عقوبة الحبس مدة لاتقل عن ثلاث سنوات ولاتزيد على خمس سنوات اذا عقد خارج المحكمة زواجا اخر مع قيام الزوجية) ئەوە لێرە دەتوانین موناقەشەی بکەین ئەوانە، دووەم: ئەوەی کە بە ئەسەری رەجعی ئەو قەرارە و ئەو قانونە ناکرێت، بێجگە لەوەش ئەو قانونەی ئێستاش هەیە دەتوانێ بەو قانونە بچێت کە ئەوە باتڵەو شتێکی تازەمان نەهێناوە، ئەو زەواجەی کە کراوە پێشی ئەوەی ئێمە ئیقراری بکەین، بۆتان دەخوێنمەوە، ئێستا دەتوانین بە پێی ئەوەی دوێنێ و پێرێ و ئەمرۆش تاوەکو ئەو قانونە دەردەچێت (لايعقل لأى من الاقارب أو الاغيار اكراه أى شخص ذكرا كان أم انثى على الزواج دون رضاه ويعتبر عقد الزواج بالاكراه باطلا) دەتوانی بەو نەسە بچێت داوای تەفریق بکات، بە ئەسەری رەجعی ناکرێت، لەبەرئەوەی هەتاوەکو ئەوە دەرنەچێت، ئەوانەی داوای قسەیان کردووە، کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من پرسیارێکم هەیە، ئێمە ویلایەتمان لە کاتی نەبوونی باوکدا ویلایەتمان گەڕاندەوە بۆ ژنەکە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا مام و خاڵ و ئامۆزا چ مەوقعێکیان هەیە قانونیەن لەم مەوزوعە هەتا تەدەخول بکەن، مەبەستم ئەوەیە ویلایەت لە ژنەوە لە کاتی غیاب ونەبوون دا درایە ژن، ئامۆزاو خاڵۆزا و مام و ئەوانە چ مەوقعێکیان هەیە تا بێن تەدەخول بکەن؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەبتی نیە بە ئەوەوە، لێرە باسی ئەوە دەکەین ئەگەر بە زۆر بە مێردی دا باوك و دایکی نەبێت و وەلیەکەی ئینتقال دەکات بۆ باپیری، یان مامی، یان خاڵی، بە پێی دەرەجەی ئەقاربی کە کێ مەوجودە، باسی ئەوە دەکەین، ئەوەی جەنابت دەیڵێی لە حاڵەتێکی ترە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا باسی کێشەیەك دەکەین کە بڵێین مەوجودە، کە کۆمەڵێك کچی پێوە گیرۆدە بووە، گەورەترین کێشە کە ئێستا هەیە، ئەوەیە کە ئەمانەی کە لەسەر بێشکە مارە کراون لە یەکتری ناهێڵن بخوێنن، یەعنی مادام مارە کراوە، واجباتی زەوجیە و تەسەروفاتی زەوجی بەرامبەری دەکەن، ناهێڵن بخوێنن، ناهێڵن ئیختیاری

یەکێکی تر بکەن، ناهێڵن بەردەوام بن لە ژیانیان، یەعنی ئێمە ئێستا موقابەلەی کێشەیەك دەکەین کە جزورەکەی قوڵە، داوای پارەیان لێ دەکەن لە جیاتی ئەو، کە دەڵێت من دەچم شکایەت دەکەم دەڵێ برۆ شکایەت بکە، بەڵام من لێت خۆش نابم و ناچمە دەرەوە لە سجن، هەر دەبێت بە نموونە 50 وەرەقەم بدەیتێ، ئاخر کچێکی ئاوا لە ئامادەیی دەخوێنێت، 50 وەرەقەو 60 وەرەقەی لە کوێ بوو هەتاوەکو خۆی پێ رزگار بکات، لەبەرئەوە با ئێمە لە پێشدا تێ بگەین مەوزوعەکە چیە؟ ئەوەیان کردووە، کە کچیان مارە کردووە لەسەر بێشکە ئێستا وەکو مێرد تەسەروفی لەگەڵ دا دەکات، یان حوریەتی خۆت دەکڕیتەوە بە پارە یان ئەوەتا من تەسەروفاتی خۆمت لەگەڵ دادەکەم، ئەمەیە کێشەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چیە سۆزان خان، خۆ ئێمە ناتوانین بچینە ناو هەمووماڵێك و هەموو تایبەتمەندیەك و هەموو عەقڵیەتێك، ئێمە کە قانونێك دادەنێین بۆ ئەوەی ئەو قانونە تەئسیر لەو عەقڵیەتانە بکات کە لە قانون تێ ناگەن یان ناعەدالەتانە رەفتار دەکەن لەگەڵ مەسائیلی ئاوا، بەڵام ئەوەی جەنابت دەیڵێی ڕاستە، بەڵام ئەوەش ئەرکی ئێمە نیە بچینە ناو هەموو ماڵێك بۆ ئەوەی بڵێین ئەوەی مەکە و ئەوەی بکە، ئەوە بە هەموو لایەکمان دەبێت چارەسەری ئەوە بکەین، قانونەن ڕێگەمان داوەتێ کە ئەوە بکات، بۆیە ئەوەیە واجبی ئێمە، قانونی کۆنیش هەر وابووە، ئەوە لێرە نووسراوە دەڵێت تەفریق هەتا قەزاییش لە ماددەی 40 دەڵێت (اذا كان عقد الزواج قد تم قبل اكمال أحد الزوجين الثامنة عشرة دون موافقة القاضى) بۆی هەیە داوای تەفریق بکات، یەعنی ئەگەر مەلا مارەی بڕیبێت، هەر هیچیش نەبێت، تەنها لەبەرئەوەیە کە لە 18 ساڵی کەمترە بۆیە دەتوانێ داوای تەفریق بکات، خاتوو نازناز فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە برادەرانی پێشووی خۆم دەکەم بۆ ئەو تەرحەی پەخشان خان گوتی، ڕاستە ئێمە ئەوە قانونمان دانا وەکو تیۆری شتێکی زۆر جوانە و دروستە، بەڵام لە عەمەلدا، زۆر زەحمەتە تەتبیق بکرێت لەسەر ئەو نموونانەی کە سارا خان باسی کرد، دەشزانین ئەوە هەیە، من دەڵێم و شکیش دەکەم لەو هەموو ئامارانەی کە هەیە، بەڵام ئەو دیاردەیە هەمووومان دەزانین لە وڵاتی ئێمە هەیە، کە هەیە دەبێت بەڕاستی چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ بکەین، ڕاستە ئێستا ئێمە ئەو قانونەمان نووسی و ئەو 111 کەسە لێی تێ دەگەین و چەند قازیەکیش لێی تێ دەگەن، بەڵام لە مەناتقی دوورەدەست و گوندەکان و ناحیەکانی ئێمە خەڵك ئاگای لێ نیە، ئێمە هەمووومان وەزعی موجتەمەعی خۆمان دەزانین، ئایا کچێکی 12 ساڵەی دووی ناوەندی دەتوانێ بڵێ ئەو قانونە هەیە، ئێستا ئاگای لەو وەزعە هەیە کە لێرە وا دەکرێت، بچێت بڵێ من بە پێی ئەو قانونە و ماددەی فلان دەمەوێت داوای جیابوونەوە بکەم، من مامۆستای زانکۆ بووم هیچم لە یاسای باری کەسی نەدەزانی تا هاتمە پەرلەمان، ئەی ئەو منداڵەی دووی ناوەندیە و بەسەریشیدا فەرز کراوە، چۆن ئەوە دەزانێ؟ بۆیە من داواکارم و حەز دەکەم هاوکارانیشم بەڕاستی لە پشتمان بن، پاش

ئەوەی ئەو قانونەمان دەرکرد بڕیاریشی پێ دەربکەین، هەموو ئەو زەواجانەی کە بە منداڵی و بە ئیکراهەوە کراوە بە تایبەتی ئەوانەی لە خوار 16 ساڵین بە باتڵ حیسابە، هەر هەمووشیان پێویستە موراجەعەی مەحکەمە بکەن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ مەسەلەی عەقدی زەواجیان بۆ بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو داواکاریەت باشە، بەڵام من پێش ئەو داوایە داوایەکی ترم لە ئێوە هەیە بە تایبەتی لەوانەی کە شارەزان، ڕۆژانە پاش ئەوەی کە ئەو جەلسانە تەواو دەبن حەقە چەند کەسێك لە تەلەفزیۆنەکان شەرحی ئەو جەلسەیە بکەن، ڕێژەیەکی زۆری خەڵك تێ ناگات، بە تایەبتی هەندێکیان کە حەقیانە، چونکە سیغەکان عەرەبین و تێی ناگەن چۆنە، شەرحی بکەن بۆ خەڵك، جارێ من ئینتیباهم کردووە کە زۆربەی ئەوانەی کە لەسەر ئەو مەوزوعەی دەنووسن قانونە کۆنەکەیان نەدیوە، چونکە ئێمە شتێکی تازەمان نەهێناوەتە پێشەوە غەیری ئەوەی نەبێت کە لەگەڵ ئەو چل ساڵەی گۆڕانکاریە کە لەگەڵ ئەوە بگونجێت، پێیان وایە کە شتی تازەمان هێناوە، هەندێك دەڵێن فرەژنیان قەبوڵ کردووە، کوا ئێمە قبوڵمان کردووە، فرەژنی هەیە و بە قانونیش ڕێگای پێ دراوە، بەڵام مەرجەکانمان توند کردووە، لەبەر ئەوە داواکارم لە ئێوە ئەوەی شارەزایە بە پێی ئیمکان لە پاش جەلسەکان ئێوە لە تەلەفزیۆن و لە ڕادیۆ و لە ڕۆژنامەکانیش شەرحی دانیشتنەکان بکەن، نەك بچێت بۆچوونی خۆی بە تەنها بڵێ و بڵێ ئەوا بوو، بەڵام بەداخەوە سەری نەگرت، ئەوە ئیشی پەرلەمان نیە لەڕاستی دا، هەر کەسە ڕەئی خۆی هەیە، زۆر جار منیش زۆر ڕەئیم هەبووە و سەری نەگرتووە، بەڵام دەکرێت بچم بڵێم من ڕەئیم وابوو، بەڵام چی بکەم ئەکسەریەت وا قەراری دا، ئەی دیموکراتیەت چیە؟ دەبێت پابەند بین بە ئەکسەریەت و دیفاع بکەین، بۆ ئەوەی خەڵکەکە تێ بگات، مەبەستمان خزمەت کردنی خەڵکە، هەدەفمان ئەوەیە هەموو خەڵك لەو قانونە تێ بگەن، ڕەئی خۆمان کە لێرە دەیدەین لەبەرئەوە پابەند دەبین بە قەراری پەرلەمان، ئەگەرنا بۆچی پەرلەمانین؟ پابەند نەبین بە قەراری پەرلەمان بە ڕەغمی ئەوەی کە هەندێك جار لەگەڵ ویست و بۆچوونی خۆمان نیە، ناکرێت پێمان بڵێین ئێمە نوێنەری خەڵکین، چونکە زۆرینە تەعبیر لە ئیرادەی خەڵك دەکەین، پەرلەمان بڕیارێك دەدەن و قانونێکی دەردێنێ دەبێ پابەند بین پێی و دیفاعی لێ بکەین و شەرحی بکەین بۆ خەڵك، گولاڵە خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆ پشتگیری لە ڕایەکەی جەنابت لە کاتی ئیش کردنی خۆم لە مافی مرۆڤ پێنج لەو حاڵەتانەم هاتۆتە بەردەم، یەعنی یاساکە کۆنە ئەوە نیە بڵێین ئەمڕۆ دروستمان کردووە و خەڵك بیکەن بە شتێك، 5 حاڵەت هاتووەتە لام کە ڕێگر بوونە لەشوو کردنی کچە کە، یەکێکیان گواسترابووەو خۆی سووتاندبوو بەوەش هەر ناڕازی بوو، من پێشتریش بۆیە زۆر داکۆکیم دەکرد، دەمویست پرسیار لەوە بکەم کە ئافرەتێك بە زۆر دەگوازرێتەوە و خۆشی دەسوتێنێ و ناشمرێت، دواتر تەڵاقی دەدەی، کێ سزا دەدرێت؟ چ مافێکی بۆ

دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبێت ئەگەر بە تەعلیماتی دادگاش بێت ئەو ئافرەتانە قەرەبوو بکرێنەوە، قەرەبووی تەئمینی حەیاتە، تەئمینی ترە.... دوێنێ پیاوێك لێی پرسیم باشە ئەگەر ئافرەتێك بە زۆر گوازرایەوەو ئێوەش دەڵێن زەواجەکەی باتڵە، ئەگەر منداڵێکی بوو، مەسیری ئەو منداڵە چیە؟ من بەشەرحی خۆم گوتم ئەو منداڵە شەریکە لە میراسی باوکی، چونکە ئەو منداڵە گوناحێکی نیە دەبێت ئەوە وابێت، ڕاستیەکەشی هەر ئەوەیە، ئایا مەسەلەی گەورە بە بچووك، زۆربەی باوکەکان دەستیان هەیە لە گەورە بە بچووکی، کەمتر مام و خاڵ و ئەوە دێت، بۆیە ئێمە داکۆکیمان دەکرد کە عقوبەکە وەکو یەك بێت، باوکە دێت گەورە بە بچووکی دەکات، کچ هەیە دەڵێت پارە لە مەعاشی خۆم کۆدەکەمەوە و خۆمی پێ دەکڕمەوە، ئەو کچە گوناحی چیە؟ بە نیسبەت ئەوەی کە ئێستا داکۆکی لێ دەکەین، دووبارەی دەکەمەوە یاساکە کۆنە، بەڵام شەرح و روونکردنەوەمان دەبێت کە ئەو حاڵەتانە بێت کە ژنێك بە زۆر دەگوازرێتەوەو دواتریش ناڕازیە بە ئەوەوە، ئەوە بەڕاستی دەبێت تەعویز بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە دەتوانین ماددەیەك ئیزافە بکەین، هەر زەواجێك کە دەکرێت، پێویستە عەقدێکی زەواجی قانونی هەبێت، ئەوجا ئەوانەی کە دەچن عەقدەکە دەکەن، چ ئەوەی کە بە منداڵی عەقدی زەواجیان بۆ کردووە، دەچنە مەحکەمەو یەکلا دەبێتەوە، ئەو شروتە قانونیەی ناکرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم، کە هەر زەواجێك کە دەبێت دەبێت عەقدێکی قانونی هەبێت و ئەو عەقدەش لە پێش قازی کرا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێکەڵیەك و ناوازحییەك دەبینم هەتا لەلایەن ئەندامانیشەوە، من لە دانیشتنی دوێنێش باسی ئەوەم کرد کە جەنابیشت باست کرد کە ئەم یاسایە لە 1959 دەرچووە، لە ساڵی 1978 تەعدیلێکی بۆ کراوە، لە ساڵی 1987 یش تەعدیلێکی تر بۆ ئەم ماددەیە، یەعنی مەسەلەکان ئەوە نیە کە ئەو عقوبەیە وجودی نیە، بەڵام دەبێت هەموو لایەك ئەوە بزانین کە مەنع کردن دەوەستێت لەسەر ئەوەی کە کەسەکە دەبێت خۆی بچێت داوای بکات، کچە، بێوەژنە، دەیەوێت شوو بکات، کوڕەکەی ناهێڵێت یان باوکێکە ژنی مردووە دەیەوێت ژنێکی تر بهێنێتەوە، یەعنی ئەو مەوزوعانە ئەوە نیە تۆ بچی دەستی بگریت و بیهێنی، من دەپرسم بۆچی ئەم ماددەیە سی ساڵە هەیە و ئەو حاڵەتانەش هەر هەبووە، بەڵام بۆ خەڵك نەچووە سکاڵا

بكات؟ ئەوە عیلاقەیەکی ئیجتماعیە ئامۆزایەك شكات لە ئامۆزایەك بكات دەبێتە هۆی زۆر كێشە، من یەكێك دەناسم چووە شكاتی لە ئامۆزای خۆی كردووە، بووەتە مایەی ئەوەی تێك چوون رووبدات لە نێوانیان، یەعنی ئەوە مەوزوعێكە دەبێت زۆر باش لێی بزانین پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە كە خودی شەخسەكە كە مەنع دەكرێت یان ئیكراهی لەسەر دەكرێت دەبێت بچێت دعوا بكات، ئەگەر ئەو نەچێت دەعوا بەرز بكاتەوە خۆ ئیدیعای عام ناچێت ئەوە بكات، ئەمە مەوزوعێكە دەبێت وای لێ حاڵی ببین، سەبارەت بە گەورە و بچووكی یان ئەوەی بە بچووكی مارە دەبڕێت، نیهائیەن مارەی نەهاتووە، با خراپ حاڵی نەبین، ئێمە پێشتر ئەوەی 15 ساڵی تەواو كردبێت بۆی هەیە ئیستسنایە داوای زەواج بكات، ئەگەر كوڕ بێت یان كچ، ئێمە ئێستا كردمانە 16 ساڵ، كەوایە لەخوار ئەوەوە و بە قانونە كۆنەكەش كە لەخوار 15 ساڵیەكەشەوە، ئەو بچووكانەی كە مارەییان بڕاوەو ئێستا ئۆباڵیان بە گەردەنی من ئەوانە مارەییان نەهاتووە، خۆیان ئازادن چ دەكەن یان چی ناكەن، یەعنی مەوزوعێكە ئەساسی نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە كاتی تاوتوێ كردنی بڕگەی دووی ئەم ماددەیە، ئێمە باسی ئەوەمان كرد كەوا وشەی (لاتزید) بكرێت بە (لاتقل) تاوەكو ئەو سزایە هەموویان بگرێتەوە، بەلایەنی كەم ئەو ماوەیەی كەوا لێرە دیاری كراوە، بۆیە لێرەدا هەردوو لا دەگرێتەوە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم كەوا ئێستا كاك عادل ئاماژەی بۆ كرد بە تاڵ بوون ماوەی بۆ نیە، ئێمە دەڵێین بە تاڵ بوونی گرێبەند مانای ئەوەیە كە ئەو عەقدە لەسەرەتاوە نا دروستن، هەموو كاتێك ئەوەی كەوا مارەی بڕاوە بەو شێوەیە ئەو عەقدەو ئەو گرێبەستە و ڕێككەوتنە بنەمایەكی قانونی نیە، هەموو كاتێك خۆی یان كەسوكاری بە هاوكاری ڕێكخراوانی ژنان و ئافرەتان دەتوانن هاوكاریان بكەن وداوا لە دادگا بكەن كەوا ئەو گرێبەستە و ئەو ڕێككەوتنامەیە بە تاڵ بكرێتەوە، من لەگەڵ بڕگەی دووەمم تەنها ئەوەندە دەڵێم (مدة لاتقل عن ثلاث سنوات ولاتزید عن عشر سنوات) جاری دووەم سجن ئەوە زیادەیە، لەم حاڵەتە دا هەموویان ئەو سزایە دەیانگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەك دوێنێ باسی ئەو حاڵەتەمان كرد، دەست خۆشی لە گوڵاڵە خان دەكەم كە ڕوونكردنەوەیدا لە ناوچەكەی ئەوانیش ئەو دیاردەیە هەیە، دیارە ئەوە شتێكە لە هەموو كوردستان هەیە هەتا لە ناوچەی ئاكرێ و بادینان و لە شارەزوور، ئێمە كە دەڵێین پشدەر و بیتوێن، یەعنی ئامار لەوێ كراوە، نموونەیەك

دێنمەوە پار كچێك ڕای كردبوو لە حاجی ئۆمەران هات پەیوەندی بە كۆمیتەی ژنانی قەڵادزێ كرد، كێشەكەی خۆی خستە ڕوو و گوتی بیستوومە دەڵێن لە پشدەر ئەو كێشەیەم چارەسەر دەكرێت، كە لە ڕاگەیاندنەكان ئەوەی بیستبووی ئامار لەوێ كراوە و ئەو حاڵەتە هەیە، جا مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بێتو ئامار بكرێت دیارە لە هەموو شوێنەكان ناوهێنان ئەو حاڵەتە هەیە، بۆیە چارەسەر كردنی ئەو كێشەیە بەڕاستی گرنگە، ئەگەر لە یاسای ساڵی 1959 یش ئاماژەی پێ نەكراوە، وەكو كاك عادل دەڵێت ئەوانە عەقد نین و كەیفی خۆیانە، بەڵام چۆن دەكرێت ئەوانە وازیان لێ بێنین، ڕاستە ئەوانە لە دەرەوەی دادگا مارە بڕاون، ئێستا بۆیان نیە داوای تەفریق بكەن، چونكە عەقدیان نیە و لە دەرەوەی دادگا مارە بڕاون، چۆن داوای تەفریق بكەن؟ لەبەرئەوەی حەقی تەفریقیان نیە، بۆیە من تەئكیدی لەسەر دەكەمەوە كە ئەو بڕگەیە زیاد بكرێت، ئەگەر ڕێگام بدەن دەیخوێنمەوە (ابطال عقد النكاح المبرم لصغيرات السن من لم تكمل 17 من العمر دون موافقتها وموافقة القاضي ويتم ذلك امام المحكمة المختصة) یەعنی ئەگەر دادگایەكی تایبەت بۆ ئەو مەسەلەیە هەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د.ڕمضان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە لە حوكمەكان غەرامە بمێنێت، چونكە ئێمە حكومەتمان مولزەم كردووە كە كۆمەڵێك نەفەقاتی موتەڵەقەو ئەو كەسانەی كە موتەزەررن لەم مەحكەمەیەدا، دوایش فەلسەفەی بەند كردن سێ شتە ، یەكەم: پاراستنی تاوانبار لە لایەنی موتەزەرر لەوانەیە هێرش بكرێتە سەر، دووەم: چاكسازی، سێیەم: عقوبەیە، لێرەدا ئەوەی كە تێبینی دەكرێت و جێی خۆی دەپێكێت تەنهاعقوبەكەیە، چونكە كەسێك ژنێك دێنێت هەموو ڕۆژێك ناچێت ژنی تر بهێنێت، تیكراری نەكاتەوە، لێرەدا بەس مەبدەئی عقوبە هەیە، كەواتە بوونی غەرامە زەرورە لە هەموو دونیادا بەشێك لە نەفەقاتی مەحكەمەو نەفەقاتی تەحقیق دەكەوێتە سەر موتەهەم بۆ كارئاسانی، پێویستە ئێمە مەبدەئی غەرامەش بمێنێتەوە، چونكە ئەو موئەسەساتەی كە هەڵدەستێت بە تەعویز دانەوەی موتەزەرر دەتوانێت بەشێك لەو پارەیە بەكاربهێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. ڕمضان ئێمە دەنگمان بۆی داو غەرامەشمان لابرد، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو عقوبەیەی كە دانراوە لە فەقەرە دووی ئەو ماددەیە و باسی لەسەر كرا، جەنابت تەوزیحێكی باشت لەسەر دا، بۆیە كە دەرەجاتی ئەقاریب بە دەرەجات دانراوە، بە دەرەجەی یەك و دوو و

سێ و چوار دانداروە، لەبەرئەوەی عقوبەکانیش بە تەفاوت داندراوە ئەوە شتێکی زۆر تەبیعیەو زۆر قانونیە، لە قانونە کۆنەکەش دا وا هاتووە، ئەگەر غەرامەکەشی لابرردرێت لەسەر عقوبەی حەبس و سجن و ئەمانە فەسڵ بکرێت شتێکی زۆر باشە، چونکە پێ دەچێت ئەو کاتە سەلاحیەت بدرێت بە قازی یان سجن بێت، یان حەبس بێت، یان غەرامە، یەکیان دەبێت حوکم بدات، جائیزە بیکات بە غەرامەو ئەمە لە سالحی من پێم وایە ژنان و ئافرەتان نیە، ئەگەر هەر بە حەبسەکە بمێنێتەوە ئیتر بە سێ ساڵە، پێنج ساڵە بە تەفاوت شتێکی باشە، ئەما بەنیسبەت ئەوەی کە جەنابی کاك عادل و سارا خانیش باسیان کرد کەوا زەواجی منالێ کە لەسەر بێشکە دەدرێت بە شوو جا لەلایەن دایکی بێت یان باوکی واردە یان وارد نیە؟ دەتوانێ هەڵی وەشێنێتەوە یان ناتوانێ هەڵی وەشێنێتەوە؟ کاك عونی باش لەوە دەزانێت کە ئیشمان تێیدا کردووە و یاسا کۆنەکەش باسی لەسەر کردووە، لە فەقەرە سێی ماددەی 40 دا بۆی هەیە وەلیەکە بێت داوای هەڵوەشانەوەی عەقدی زەواجەکە بکات، خۆشی بۆی هەیە کە گەیشتە 18 ساڵی با بێت لەلای قازی تەڵەبێك تەقدیم بکات و بڵێت من ئەو کاتەی کە قاسر بووم وەلیەکەم داومی بە شوو، بەڵام ئێستا من رەزامەند نیم، ئەو عەقدە زەواجە بە لەحەزات، یەعنی بەیەك جەلسە تەواو دەبێت، ئێمە سەدان حاڵەتمان لە مەحاکمی شەرعی سلێمانی و کەرکووك و هەولێر و دهۆك دیوە کە ئەو عەقدە زەواجانە هەڵدەوەشێنەوەو بە بێ هیچ ئاسارێك، لەبەرئەوە یاسا کۆنەکە رێگایەکی زۆر باشی بۆ داناوە هیچ مانعێك لەوە نییە کە ئەو منالەی لەسەر بێشکە دراوە بە شوو موراجەعەی مەحکەمە دەکا و زەواجەکەی هەڵدەوەشێتەوە، سارا خان باسی ئەوەی کرد کە ئەوانی عەقدی زەواجیان نیە، عەقدی زەواج شەرت هەر نووسین نیە، عەقدی زەواج کە دەنووسرێ ئێستا عیبرەت بە تەسجیل کردن لە دەوائیری حکومەت بۆ مەسائیلی دەفتەر نفوس و شتی وا، جاران عەقدی زەواج هەر لای مەلا دەکرا ئیعتیباری قبوڵ و ئیجابە، عەقدی زەواج لە شەریعەت دا هیچ رێسایەکی بۆ دانەنراوە، موجەرەد موتابەقەی قبوڵ و ئیجاب هەبێت و دوو شاهیدی عەدلی لەسەر بێت عەقدی زەواجە، بە واتای عەقدی زەواج قابیلی ئیسپاتە لەبەرئەوەی لەبەردەم مەحکەمە بە هەموو وەسائیلی ئیسپات، دوو کەس دەتوانێ بێت بڵێن ئەمە زەوجیەکەیە، ئینجا مەحکەمە زەوجیەکەی بۆ ئیسپات دەکات، دەشتوانێت تەڵەب بکات و بڵێت ئێستا من ئەو پیاوەم ناوێت و باوکم داومیەتی بە شوو، عەقدەکەم بۆ هەڵوەشێنەوە مەحکەمەش هەڵی دەوەشێنێتەوە بە گوێرەی ماددەی 40 فەقەرەی 3ی، بۆیە شتێکی زۆر تەبیعیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی کە بیستم بە تایبەتی لەسەر مارە کردنی کچی بچووك و منداڵ سەرنجێك و روونکردنەوەیەکم هەیە، دەربارەی ئەوەی کە ڕاستە ئەوە هەبووە و ئێستاش بوون و ئاسەواری هەر ماوە،

بەڵام زۆر کەم بووتەوە ئەو مارەکردنە، بەڵام ئەوەی کە باس دەکرێت بەو شێوەیە نیە، با ئێمە هەر لایەنە چەق بەستووەکەی کۆمەڵگا نەبینین، پێم وایە ئێستا پێچەوانەش بووەتەوە، ئێستا خەڵك کە ئەوەی کچەکەی مارە کراوە بۆ خۆی داوا دەکات دەڵێ وەرە کچەکەم بگوازەوە، دەڵی کە کوڕەکەم پێی ڕازی نەبێت، بێ هیچ مەرجێك دەستبەرداری دەبێت، ئەو دیاردەیە زۆر بووە لە دوای 2001 و 2002 و 2003، ئەوە بە ڕێژەیەکی زۆر، بە پێی مروری زەمەن و پێشکەوتنی دونیا ئەوە لەلایەك، لە لایەکی تر ڕەنگە ئەوە زانیاریەکی زۆر ئەوە بێت، داخوازیەکەی خەریکە پێچەوانە دەبێتەوە لە حاڵەتێك لە هەولێر داخوازی لە جیاتی ماڵی کوڕە بچن داخوازی بکەن، ماڵی کچەکە خۆیان چوونەتە داخوازی کوڕەکە، ئەوە بوونی هەیەو ، مەبەستم ئەوە نیە کە ئێمە بەو تاریکیە بیبینین، من پێم وایە ئەوە بووە کێشەیەکی زۆر لەو بڕیارەی کە باس دەکەین، ئەو بڕیارە بدرێت، بەڵام لێرە بەدواوە ئەگەر لە یاساکە جێگیر بکرێت باشە، وەکو جەنابتان فەرمووتان ئەسەری ڕەجعی نیە، واتە گەڕانەوەی بۆ دواوە نیە، سەرنجەکەم ئەوەیە کە پێم وایە لە یاسا کۆنەکەش دا هەیە، بەڵام کاری پێ نەکراوە، دوو لایەنی هەیە، یەك وشیاری خەڵك بەتایبەتی ئافرەت و ژنان کە ئەو وشیاریەی نەبووە، ئەوەش دەبێت ڕەخنە لە چ بگرین؟ ڕەخنە لە ڕێکخراوی ئافرەتان و ئەو هەموو ڕێکخراوانەی ئافرەتان هەیە تا ئێستا نەیتوانیوە وشیاری ئافرەتان بەو شێوەیە داکۆکی لە مافی خۆیان بکەن، کە هەر حیزبێك چوار تا پێنج ڕێکخراوی ئافرەتانی دروست کردووەو لە ژێر ناوی جیاجیا دا، ئەوە دەلیلی ئەوەیە کە ئێمەش با ڕەخنە لە ئافرەتان بگرین، کە نەیانتوانیوە بەو ڕادەیە بچنە ناو ئافرەتانەوە و بتوانن داکۆکی لە مافی خۆیان بکەن و ڕادەی وشیاریان بەرنە سەرێ، بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە لە ناوچە دوور لە شارەکان دەژین، نەچووینە ناویان و دەوریان نەدیوە و نوێنەرایەتیان نەدیوە، سەرنجی دووەمم ئەوەیە، کە ئێمە باس لە یاسا دەکەین، یاساکە بوونی هەیە جێبەجی کردنی نیە، ئەو یاسایە بوونی هەیە و گەورە و بە بچووکی هەیە و سزار بۆ مەلا هەیە و سزا بۆ وەلی هەیە، بەڵام جێبەجێ کردنی نیە، با پێدا بگرین ئەو یاسایانەی کە ئێمە دەریان دەکەین جێبەجێ بکرێن، پێ لەسەر ئەوە داگرین، زۆر یاسای تریش لەو پەرلەمانە دەرمان کردووە تا ئێستا جێبەجێ ناکرێ، من پێم وایە خەلەلەکە دوو رووە ، یەکیان رادەی وشیاری و تێگەیشتن بۆ یاسا و دووەمیشیان ئەوەیە کە جێبەجێ نەکردنێتێ، هەیئەتی تەنفیزی بەدواچوونی ناکات و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تەواو دوا قسە دوو دەقە دەدەمە کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەسەلەی ئەوەی کە یاسا هەیە، کاك عومەر و کاك باپیر باسیان کرد، ئەم قەزیەی کە ئەکرێ لە مەنتیقە دوورەکان ئەکرێ لە جێیە دوورەکانی گەرمیان ئەکرێ و لەتەمەنی خوار 16 ساڵەوە ئەکرێ، ئەو کچانەن کە وشیاریان نیە، دووەم، ئەو کچانە جورئەتیان نیە بچێتە بەردەم مەحکەمە هەر نازانێ

مەحكەمە لە كوێیە؟ هەر نازانی یاسای وای هەیە، ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەكە هەیە ئێستا ، راستە ئێستا و لەمەودوا ناكرێت خەڵك كچی خۆی لەسەر بێشكە نادات بە شوو و گەورە بە بچووكی پێ ناكات، بەڵام ئەوەی كە 16 ساڵ پێش ئێستا كراوە و 17 ساڵ پێش ئێستا كراوەو 20 ساڵیش پێش ئێستا كراوە، بە دەیان كچ كە لە هەموو مەنتیقە دوورەكانی ئەو هەرێمە هەیە، ئەوە پێویستی بە رێگا چارەسەرێك هەیە، من نازانم رێگا چارەسەرەكە چیەو خۆم ئێستا فیكرەیەكم لا نییە، بەڵام ئەوانە ژمارەیەكی زۆرن و هەر كچێیش نین و كوریشن و قوربەسەرن و پێشتر مارە كراون لەسەر بێشكە نە كچەكە كورەكەی بە دڵە و نە كورەكە كچەكەی بە دڵە، نە ئازادی ئەكەن و ئەبێ وەكو گوڵاڵە خان و سۆزان خان باسی كرد بۆی بكرێتەوە وئەگەر ئینكاری كرد ئەیكوژن، زۆربەی حاڵەتی ئەو كوشتنانەی هەیە ئەوانەن كە ئەكوژرێن، بەناوی شەرفیشەوە ئەكوژرێن بەس لەبەر ئەوەی لە منداڵیەوە بە شووی داوەو رازی نییە شوو بەو كورە بكات ئەیكوژن و ئەڵێن بۆ شەرەف ئەیكوژن، ئەم موشكیلەیە هەیە، بەڵام پێویستی بە چارەسەر كردنێك هەیە، چۆن؟ من نازانم و پێویستە چارەسەرێكی بۆ بكەین و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا من فەقەت تەعلیقێكم هەیە ئەوەیش ئەوەیە، تكام وایە هەندێ جار تێكەڵاوی دەكرێت، دیاردەی ناشرین هەیە لەناو كۆمەڵگادا هەندێ كولتووری خراپ هەیە بەكار دێتن و عیلاقەی نیە بە یاساكە، یاسا شتێكە دایدەنێین و دەبێ خەبات بكەین بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە ناشرینانەی ناو كۆمەڵگاكە، منداڵ لە ناو بێشكەدایە بە مێردی دەدەن و ژن دەكوژرێ و دەسووتێندرێ و ئەوانە هەمووی دیاردەن، نە دین قبوڵی دەكات و نە یاسا قبوڵی دەكات و نە ئینسان قبوڵی دەكات، دەبێ خەبات بكەین و هەموو لایەكمان ئەو دیاردانە نەمینێت، بەڵام لێرەدا یاساكە ئەوە دەكەین، قسە تەواو بوو لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەصڵی ماددەكە و عقوبەكە بەو شێوەیە، ئەصڵی ماددەكە كە لە 59 نووسراوە و چەندین جار هەمواریش كراوەتەوە: مودەی حەبسەكە لە 3 ساڵ زیاتر نەبێ و غەرامەكەمان لابرد، ئەگەر بێت و ئەو كەسەی كە ئەو كارەی كردووە، باوك بێ یان دایك بێ، یەعنی وەلی ئەمر بێت، لەدەرەجە یەك بێت خزمیاتیەكەی و ئەگەر بێت و خزمایەتیەكەی لە دەرەجاتی تردا بێت عقوبەكە لە 3 ساڵ كەمتر نەبێ و لە 10 ساڵ زیاتر نەبێ، ئەوە ئەصڵی قانونەكەیە، لێژنەی یاسایی رەئیەكی تری هەیە، لێژنەی یاسایی دەڵێت: لە یەك ساڵ كەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ ئەگەر بێت و دەرەجە یەك بێت، ئەگەر بێت و ئەوەی كە موخالەفەی ئەوەی كردووە، عقوبەكەی لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ ، تەبعەن ئەوە لێژنەی ئەوقافیش موشتەرەكە، لێژنەی داكۆكی كردنی مافی ژنان و ئافرەتان، دەڵێ: لە دوو ساڵ كەمتر نەبێ دەرەجە یەك، یەعنی ئەوەی كە ئەو موخالەفەیە دەكات لە دەرەجە یەك بێت و لەگەڵ ئەوەی كە قەراری بۆ داوە دەرەجە یەك بوو لە دوو ساڵ كەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێ، یەعنی ساڵەكەی كردۆتە دوو ساڵ و زیادەكەشی لە سێ ساڵ كردوویەتە پێنج ساڵ، مافی مرۆڤیش پشتگیری لە ئەصڵەكەی دەكات، فەرموو .

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەصەكە بخوێننەوە كە لەوێندەر نووسیمانە، (يعاقب من يخالف احكام الفقرة الاولى من هذه المادة بالحبس مدة لا تقل عن سنة و لا تزيد عن ثلاث سنوات اذا كان قريباً من الدرجة الاولى، اما اذا كان المخالف غير هؤلاء فتكون العقوبة الحبس مدة لا تقل عن سنتين).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئێستا بووە دوو بەش ، يەكەم جار ئەوانەی كە دەرەجە يەكن، يەعنی ئەو كەسانەی كە دەرەجە يەكن خزمايتيەكەيان، لێژنەی مافی مرۆڤيش وەكو لێژنەی ياسايی دەڵێ: كەمتر نەبێ لە ساڵێك و زياتر نەبێ لە 3 ساڵ، هەر وەكو ئەصڵەكەيە تەقريبەن، لێژنەی داكۆكی كردنی مافی ئافرەتان و ژنان، دەڵێ نەخێر: ئەوەی دەرەجەی يەك بێت ، دوو ساڵ كەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵ زياتر نەبێ، لەبەر ئەوە موقتەرەحی لێژنەی داكۆكی كردنی مافی ئافرەتان و ژنان موقتەرەحی تازەترە لەوان، ئەوەڵ جار ئەوە دەخەمەوە دەنگەوە، كەواتە ئەوەی كە موخالەفەی دەكات و خزمايەتيەكەی دەرەجە يەك بوو وەكو باوك و دايك و ئەوانە، داوايان كردووە كە عقوبەكە لە دوو ساڵ كەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵ زياتر نەبێ ، ئەو بەشەی لەو فەقەرەيە دەخەمەوە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەيە دەستی بڵند بكات تكايە، فەرموون، كێ لەگەڵ ئەوەدا نيە؟ بە زۆرينەی دەنگ قبوڵ كرا، عقوبەكە بووە لە دوو ساڵ كەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵ زياتر نەبێ ئەوەی لە دەرەجە يەكە، كەواتە ئێستا لێژنەی داكۆكی كردنی مافی ئافرەتان و ژنان و لێژنەی ياسايی و لێژنەی ئەوقاف، هەر سێ لێژنەكە دەڵێن ئەصڵی پرۆژەكە كە لە حكومەتەوە هاتووە ئەوانەی كە موخالەفە دەكەن، لە ئەقارب و لە خزم و كەسەكان كە دەرجە يەك نينە عقوبەكەيان بەو شێوەيە دەبێت: لە سێ ساڵ كەمتر نەبێ و لە دە ساڵ زياتر نەبێ، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەيە دەستی بڵند بكاتەوە تكايە، كێ لەگەڵدا نيە؟ كەواتە فەقەرەكە وای لێ دێت، بەعەرەبی دەيخوێنمەوە: يعاقب من خالف احكام الفقرة (1) من هذه المادة بالحبس لمدة لا تقل عن سنتين و لا تزيد على خمسة سنوات اذا كان قريباً من الدرجة الاولى، اما اذا كان المخالف من غير هؤلاء تكون العقوبة الحبس مدة لا تقل عن ثلاث سنوات او السجن مدة لا تزيد على عشرة سنوات. فەقەرەكەی هەمووی دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵيتی دەستی بڵند بكات، كێ لەگەڵدا نيە؟ بە زۆرينەی دەنگ وەرگيرا، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەقەرەك ئيهمال كراوە، فەقەرەی سێيەمە كە لە هەمووی موهيمترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابت لێرە نەبووی دوێنێ دەنگمان بۆ داو تۆ چووبويە دەرێ، فەقەرەی سێيەم دەنگمان بۆدا، ئێستا ئەو ماددەيە دوێنێ فەقەرەكەی ئەصڵيمان كە هين كردبوو گەڕاندمانەوە لە ئەصڵی قانونەكەدا فەقەرەی

سێیەم کە دەنگمان بۆ داو هاتووە وتمان ( على المحكمه الشرعيه.......الخ) سێیەم بوو لەو فەقەرەیەو دەنگمان بۆدا ، کەواتە گەراوە، ئێستا بە هەر سێ فەقەرەکەیەوە یەکەم کە دەنگمان بۆ دا پاش چاککردنی:

لا يحق لاي الاقارب او الاغيار..........الخ).

دووەم: عقوبەکەیە.

سێیەم: مەحکەمەی شەرعیە، ئێستا هەر سێك خوێندرایەوەو دەیخەمە دەنگەوە ئەو ماددەیە، کێ لەگەڵێتی دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون ، کێ لەگەڵدا نییە؟ بە ئەکسەریەت قبوڵ کرا، سێ دەنگ موخالیفە، زۆر سوپاس، بڕۆن بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الرابع

تفسير عقد الزواج واثباته

يوقف العمل بالفقرتين (2 و 5) من المادة العاشرة و يحل محلها ما يلي:

2- يرفق البيان بتقرير طبي يؤيد سلامة الزوجين من مرض نقص المناعة و بقية الامراض السارية و الموانع الصحية و بالوثائق الاخرى التي يشترطها القانون.

5- يعاقب بغرامة مالية لا تقل عن مليون دينار و لا تزيد عن ثلاثة ملايين دينار كل رجل عقد زواجه خارج المحكمةو تكون العقوبة الحبس مدة لا تقل عن ثلاث سنوات و لا تزيد عن خمس سنوات اذا عقد خارج المحكمة زواجآ آخرآ مع قيام الزوجية.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان رەئیە، تەنها لە بڕگەی دوو کە وشەی (مكتسبة) زیاد کراوە ( مرض نقص المناعة المكتسبة) لە بڕگە پێنجیش ( كل من اجرى عقد الزواج) ئەوە زیاد کراوە، ئەو گۆڕانکاریە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەك لیژنەی ژنان داوا دەکەین دەربارەی ئەو پیاوانەی کە لە دەرەوەی مەحکەمە ژنی یەکەمیش مارە ئەکەن، سجنی بۆ زیاد بکرێتەوە، لە ساڵێك کەمتر نەبێ و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ ، کە لە ئەصڵی مەشروعەکەش حەبسی تێدایە، داوا ئەکەین لە ساڵێك کەمتر نەبێ و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ، ئەگەر

لێرەش، چونکە لە ماددەی 9 باسی ئەوە دەکەین کە لە ماددەی 10 جێگای بۆ دەکەینەوە، بۆیە لێرە مەلایەکەشی بۆ زیاد بکەین کە لە دەرەوەی مەحکەمە ژنێك یان کوڕێك مارە ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە راپۆرتی لێژنەی ئەوقاف و لێژنەی یاساییدا هاتووە، دەڵێ: کل من اجری، ئەوە مەلایەکەش دەگرێتەوە، ئەوە موتەفیقین لەسەر ئەوەی کە لە ئەصڵی پرۆژەکە کە ئەوەی خیلافی لەسەر نییەو لە ئەصڵی پرۆژەکە هاتووە کە هەموو پیاوێك، هەر چوار لێژنەکە موتەفیقن لەسەر ئەوەی (کل من اجری) یەعنی مەلایەکەش ئەگرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی بڵند بکاتەوە تکایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەواتە ئەو مەوزوعە حەسم بوو، (کل من اجری) مەلایەکەش دەگرێتەوە و ئەوەی کە مەسئولیشە دەیگرێتەوە، دەمێنێتە سەر عقوبەکەی، لە ئەصڵی پرۆژەکەی هاتووە(یعاقب بالحبس مدە لا تقل عن 6 اشهر و لا تزید عن سنة) یەعنی عقوبەکە لە 59 حەز دەکەم بیڵێم و دەیڵێمەوە لە 59 ەوە ئەو عقوبەیە هەیە، بەڵام شەش مانگە کەمترینی و ساڵێکە زیاترینی، او بغرامة لا تقل عن 300 دینارو لا تزید عن 1000 دینار، کل رجل عقد زواجە خارج المحكمة وتكون العقوبة الحبس مدة لا تقل عن ثلاث سنوات و لا تزيد عن خمس سنوات اذا عقد خارج المحكمة زواجآ اخرآ مع قيام حالة الزوجية، یەعنی ئەگەر ژنی دووەم لە دەرەوە مارەی بڕن خیلافی قانون، ئەوە عقوبەکەی سێ ساڵە تا پێنج ساڵ لە ئەصڵی قانونەکە ئەوەی 59 ، بۆیە دیسان دەیڵێمەوە بۆ ئەوەی خەڵك نەڵێت پەرلەمان قەراریدا مەلا حەبس بکات، بەبێ ئەوەی بزانێ مەلا موخالیفی قانونە یان نا؟ رەئی لێژنەی یاسایی و لێژنەی ئەوقاف وا بزانم مافی مرۆڤیش عەینی رەئیە، کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الرابع، چونکە بەراستی من لێرە موکەلەفم ئەو راپۆرتە بخوێنمەوە،

الفصل الرابع

تفسير عقد الزواج و اثباته

1- ئەندامانی لێژنە پشتگیریان لە برگەی پێشنیار کراو لە جیاتی برگەی دوو لە ماددەی 10 لە پرۆژە یاسایەکەدا کرد، لەگەڵ زیاد کردنی وشەی المكتسبه (الايدز) ، یەعنی ئەو وشەیە تەحدید بکرێ، ئەو نەخۆشی مەناعەی موکتەسەبە هەر دەبێ ناوەکە بهێندرێ.

سەبارەت بە برگەی پێنج لە ماددەی دەیەم، ئێمە وەك لێژنە پێشنیار دەکەین کە سزاکە کەم بکرێتەوە و بەم شێوەی خوارەوە بخوێندرێتەوە، (5- يعاقب بغرامة مالية لا تقل عن مليون دينار و لا تزيد عن ثلاثة ملايين دينار کل من (ئەوەی ئێستا کە جەنابتان تەصویتتان لەسەری کرد پێش ئەوەی ئێمە تەقریرمان بخوێنینەوە، ئەوە لێرە بوو ئیعتیرازەکەم، چونکە من ئێستا پاش تەسویت ناتوانم بڵێم ئێمە (کل رجل)مان دانابوو، بەڵام ئێستا بووە (کل من)و تەسویت کرا لەسەری) عقد زواجه خارج المحكمة( ئەوە بە رەئی ئێمە

(زواجه) نابێ ، دەبێ ببێته (كل من عقد زواجآ) بۆ هەموویان بێت، چونكە (زواجه) تەنیا بۆ پیاوەكە دەگەڕێتەوە)، (وتكون العقوبة الحبس مدة لا تقل عن سنة ولا تزيد عن ثلاث سنوات اذا عقد خارج المحكمة زواجآ آخرآ مع قيام الزوجية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، من وامزانی تۆش لەگەڵ راپۆرتی هاوبەش و موشتەرەك بووی و هەندێ جاریش لەوانەیە چاوم حوكمەكەی تا ئێرە بروات، غەرامەكە ئێستا وازیحە، بە نیسبەت ئەو فەقەرەی دووەم كە داوا كراوە هەموار بكرێ، فەرقەكەی ئەوەیە لێژنەی مافی مرۆڤ داوا دەكات پاشی ئاماژە كردن بە نەقصی مەناعە (ایدز)یش بنووسرێ بۆ ئەوەی وازیح بێت كە مەبەست ئایدزە، لە عقوبەكە فەرق هەیە لە بەینی لێژنەكان، لە پرۆژەكەدا نەوعێك هاتووە و لە لێژنەكانی پەیوەندیدار رەئیان وایە كە هین بكرێ، ئەوەی كە (كل رجل) گۆڕیمان و دەنگمان بۆدا (كل من اجرى)، غەرامەكە لە ناحیەی پارەكە خیلاف نیە وا بزانم، (يعاقب بغرامة مالية لا تقل عن مليون دينار ولا تزيد عن ثلاثة ملايين دينار كل رجل عقد زواجه خارج المحكمة وتكون العقوبة الحبس مدة لا تقل عن ثلاث سنوات ولا تزيد عن خمس سنوات اذا عقد خارج المحكمة زواجآ آخرآ مع قيام الزوجية)، لێژنەی مافی مرۆڤ پێشنیار دەكات لە یەك ساڵ كەمتر نەبێ و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ، لێژنەی یاسایی و لێژنەی ئەوقاف و لێژنەی داكۆكی كردنی مافی ئافرەتان و ژنان دەڵێ: سێ ساڵ بێت كەمترینی و پێنج ساڵ بێت زیاترینی، یەعنی لەسەر مودەكە ئەو ئیختیلافە هەیە بەینی سێ لێژنە و لێژنەی مافی مرۆڤ، ئەوەی تر مەفهومە كە عقوبەكەی ناڵێت (احداهما) كەواتە هەردووكیەتی مەفهومەكەی وایە، فەرموو پەخشان خان نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ قازی نەبێ ئەو حوكمە رابگرێ؟ چونكە ئێمە لە تەجروبەیەكدا قازی مەحكەمەی شەرعی وتی: هەتا ئێستا كەس هیچ سزایەك نەدراوە لە مەحكەمە لەبەر ئەوەی كە زەواجی خاریجی مەحكەمەی كردووە، لەبەر ئەوە قازی بۆی نەبێ ئەو حوكمانە رابگری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ تەوزیح، ئەگەر ساڵێك زیاتر بێت قازی بۆی نیە رایبگرێ، لە ساڵێك كەمتر بێ ئەوجا بۆی هەیە، بۆیە لەوێ دوێنێ رەئیمان دا وتمان بۆی نەبێت رایبگرێت، لەبەر ئەوەی لە ساڵێك كەمترە، لە ساڵێك زیاتر بێ بۆی نییە رایبگرێت، جا كێ رەئیەكی تازەی هەیە ناوی دەنووسم، فەرموو كاك كەریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەس تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی دوو، (يرفق البيان بتقرير)، نەك (تقرير طبي، بتقرير لجنة طبية) لە نەتیجەی مومارەسەی عەمەلی لە مەحاكیمان زۆر جاران یەك دەیەوێ تەقریرێكی دەدا بە برادەرێكی

که پێی دەدا بە (تقرير طبي) حيساب دەكرا، بەراستی ئەوە ئاساری باشی نەبوو، بكرێتە لێژنەی طبي، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبيعی ئەوەی من تێبينم كرد لەم چەند ماددەی ئەخیر، سزاكان پارەشی تێدايە و سجنيشی تێدايە، بەڵام يەك نوقتەی موهيم كە كۆمەڵگای مەدەنی چارەسەری ئەو كێشانەی كردووە، ئەوەيە كە نەتيجەی ئەو مەسەلەيە كە زۆر ئەبێ يان كەم ئەبێ، نەتيجەكەی چيە؟ يەعنی لە ئەنجامی چيە؟ لە ئەنجامی ئەوەيە، خوێندەواری وەكو پێويست نيە، زانست نيە، شارەزايی نيە، ئيحتيماله مەعلومات نەبێ لەسەر ئەوەی ئەوە يەكێكی گەورەيە و ئەوە يەكێكی بچكۆڵە ئەهێنێ، زەرەری چەندە؟ كۆمەڵگای مەدەنی چارەسەری ئەوەی كردووە، ئەو كەسانەی كە ئەو موخالەفانە ئەكەن وەكو هەموو جونحە، يان جينايەتێكی تر لە مەحكەمە فەرزی دەكات لەسەری ئەبێ لەو شوێنەی كە لێيەتی كە چاكسازيە، ئەبێ ئەگەر نەخوێندەوار بێ، ئەبێ فێری خوێندن ببێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ بەشداری بەرنامە بكات بەپێی ئەو كەم وكورييەی و ئەو شتەی كە مەحكەمەكەی لەسەر كراوە و كە سزاكەی لەسەر دراوە، ئەگەر لەسەر ئەو مەشاكيلە ئيجتيماعی و خێزانيانە حوكم درابێ ئەبێ لە چاكسازيەكەدا بەشداری دەورە ببێ و خۆی تەتوير بكات و بزانێ ئەم ئيشەی كە كردوويەتی و كە حوكم دراوە لەسەری مەشاكيلەكانی چيە و زەرەرەكانی چيە، بۆ ئەوەی تێبگات سبەينێ كە دێتە دەرەوە لەناو كۆمەڵگاكە خۆی ببێت بە ئەداتێك بۆ بنبڕ كردنی ئەم موشكيلەيە، لەبەر ئەوە ئەو نوقتەيە بە نەزەری من زۆر زەرووريە و كۆمەڵگای مەدەنيش زۆر زۆر گرنگی پێ داوە، هەر كەسێك كە لەسەر كارێك ئەگيرێ ئەبێ ئەو مودە زەمەنيەی كە تێدا حوكم دراوە، ئەبێ زانياريەكی تەواوی هەبێ لە سەر ئەو مەشاكيلانە، بۆ ئەوەی يەكەم : ببێتە عاملێكی موساعيد بۆ ئەوەی بنەبڕی ئەو كێشانە بكات، دووەم: ئەو شەخسە چاكسازی لە شەخسيەتی بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرمووو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من مولاحەزەيەكم لەسەر تەقريری لێژنەی مافی مرۆڤ هەيە، لێژنەی مافی مرۆڤ بە ناوی مافی مرۆڤەوە ئەيەوێ عقوبەكان زۆر خاو بكاتەوە، بەناوی مافی مرۆڤ ئەيەوێ ژن وەكو مرۆڤ نەبێ، لە 59 دا 300 دينار بوو ، 1000 ديناری داناوە بۆ غەرامە، لە 59 كەم كەس 300 ديناری هەبووە، چونكە ئەو غەرامە گەورەبوو لە مەنتيقەی پشدەر و گەرميان وئەوانە، 300 بووە 1000 لە 59 هەر نەئەسووڕا، ئێستا لەم پارە زۆرە و لەم ئيمكانيەتە زۆرە لە 59 ماڵ و خانوو و سيارە هەمووی لايە، ئێستا تەقريرەكانی لێژنەی مافی مرۆڤ بە ناوی مافی مرۆڤ ئەيەوێت حوكمەكان خاو بكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن زیـاتر بـۆ بـەهێز کردنـی قانونەکـە ئیقتیراحـێکم هەیـە، ئـەویش ئـەوەتانێ برگەیـەك زیـاد بکـرێ لـە بیدایەتەوە، برگەکە بەو شێوەیە بێت ، کە هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیری لە لای قازی نەبێ، ناکرێت، ئەو برگە زیاد بکرێ دوای ئەوە ئەو عقوبانە دیاری بکرێ، ئەوە زیاتر یاسایەکە بەهێزتر دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبد الله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر زیاتر پرسیارێکم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی، ئێمە ئەوەمان کردە (کل من اجری عقدآ ) ئایا ئەوە کێ دەگرێتــەوە ؟ کــچ و کوڕەکــە دەگرێتــەوە، یــان ژن و پیاوەکــە دەگرێتــەوە؟ مەلایەکــەش دەگرێتــەوە؟ یــان شاهیدیش دەگرێتەوە؟ دایك و باوکی کچە و کوڕەکە دەگرێتەوە؟ ئەوە دەمەوێ لەبـەر چـاوم روون بێتـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل جەوابی دەدەیەوە؟ بەرەئی من هەموویان دەگرێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(کل من اجری) کەواتە (کل) لە قانون و لە لوغەی عەرەبی (من الفاظ العموم)ە، یەعنی هەردوو تەرەف کـە ژن و مێردن و وەکیل و شاهید، ئێمە ئەو عیبارەتەم پێ باش نیە کە بلێین هەر مەلا دەگرێتەوە، مەلا ئـەو کاتی کە عەقدەکەی دەکات وەکیلە، کەواتە وەکیل دەگرێتەوە، خۆی دەکاتە وەکیلی بـاوکی ئینجـا ئـەو کچـە دەدات، ئینجا دەڵێین وەکیل دەگرێت و شهود دەگرێت و هەردوو تەرەفی عەقدیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەلاش دەگرێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وەکیل بوو دەگرێتەوە، ئەگەر وەکیل نەبوو ناگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د.ئاریان فەرموو.

**بەڕێز د. ئاریان خالص جواد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بەیاناتەكان باسی ئەوەی دەكات (تقرير طبي يؤيد سلامة الزوجين)، قانونێكمان دەركرد لە پەرلەمان پیش چەند مانگ باسی تالاسیمیای دەكرد، لە دانشتنێكدا سیاسەتی بنبڕ كردنی نەخۆشی تالاسیمیا لە كوردستان، بۆیە پێم وایە زەروریە لێرە ئیزافەی بكەین لە وەسیقەكانی نەخۆشی تالاسیمیا، هەروەها نەخۆشی نەقسی مەناعەی موكتەسبە(ئیدز)و هەروەها (الامراض السارية) ئێستا (الامراض السارية) شتێكی وا نیە مەنعی زەواج بكات، نەخۆشیەكی وا نییە، چونكە چارەسەری هەیە، بەس ئەوەی كە لە كوردستاندا ناكرێت بەس ئەو قانونە بۆ دوا رۆژیشە نەخۆشی (ویراسی عائیلە) هەیە، بۆیە زۆر زەروریە باسی ئەو نەوعە نەخۆشیانە بكرێ كە لەناو عائیلەش دەگوازرێتەوە، دەبێ بنكەیەكی تایبەتمان هەبێ بۆ پشكنینی پێش زەواج و بە تقرير طبي بێت ئەو بنكە تایبەتیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی قسەكانم كرا، من تەنیا لە برگەی پێنجەم لەگەڵ ئەوەم بەراستی غەرامەكە زۆر زۆرتر بكرێ و ئەوەی لە لێژنەی موشتەرەك هاتووە ئەڵێ ئەوەی لە یەك ملیۆن دینار كەمتر نەبێ و لە سێ ملیۆن زۆرتر نەبێ ، ئێمە خۆمان باسمان كرد و دووبارەشی دەكەینەوە ئەو یاسایانەی ئێمە دەریان دەكەین كێشەكە لەویەیە، لە دادگاكانی هەرێمی كوردستان جێبەجێ ناكرێن، بەڵام من پێم وایە ئەگەر حەبس و سجنەكەش هەندێ جار جێبەجێ نەكرێ ئەوە غەرامەكە باشترە جێبەجێ بكرێ، من لەگەڵ ئەوەم بەراستی تا چەند غەرامەكە زۆر بكرێ بەلای كەمی لە پێنج ملیۆن كەمتر نەبێ و لە دە ملیۆن زیاتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مارە كردن لە دەرەوەی دادگا وەكو ئەوەی كرا، غەرامەیەك دیاری كراوە ناتوانێ رێگری لەوە بكات كە لە دەرەوەی دادگاكان مارە كردن نەكرێ، بەڕاستی تەنیا مارە برین لەناو دادگاكان بۆ ئەوە نییە ئیلتیزاماتێكی یاسایی جێبەجێ دەكات، یەكێك لەو شتە زۆر گرنگانەی ئەوەیە راپۆرتێكی پزیشكی دێنێت، ئەو راپۆرتە پزیشكیە ئەهەمیەتێكی زۆری هەیە بۆ هەردووكیان، چونكە زۆر كەس لە دەرەوەی دادگاكان مارە برینیان كرد، لەبەر ئەوەی بڕی پارەكە كەمە ئەتوانن پارەكە هەڵسوڕێنن و لە وەختێكی درەنگتر ئەچنە دادگا تا پارەكە ئەتوانن جێبەجێ بكەن، بەڵام دواجار گرفت و كێشەی زۆریان بۆ دروست دەبێت و زۆر عائیلە هەن منداڵەكانیان كەم ئەندامن و منداڵەكانیان مردوون، یان گرفتی تەندروستی بۆ ژن و پیاوەكە دروست بووەو بوویتە سەبەبێك بۆ تێكچوونی ئەو عائیلەیە، جاری وا هەیە دەبێتە سەبەبی

هێنانی ژنی دووەمیش، یەعنی ئەبێتە بیانوو بۆ ئەوەی ژنی دووەم بێنێ و بە بیانووی ئەوەی منداڵەکانیان نەخۆشن و یان منداڵیان نابێ، ئەوە لە لایەك گرفتێکی زۆر گەورەیە، بۆیە بڕی پارەکە باشترە کە زیاد بکرێ، چونکە لە ساڵی 59 دا 300 دینار دیاری کراوە، کە کەم کەس توانیویەتی ئەو بڕە پارەیە هەڵسوورێنیتەوە و لە دادگا ئەو پارەیە بدات، بەڵام ئێستا ئەو بڕە پارەیە زۆر کەس ئەتوانێ بیدات و بە بیانووی ئەوەی پارەکەی ئەتوانن بدەن درەنگتر ئەچنە دادگا، زۆر جار پێش ئەوەی بچنە دادگا ئەو عەقدەی کە لە لای مامۆستایەکی ئایینی جێبەجێ کرا هەر لە لای مامۆستایەکی ئایینی هەڵئەوەشێنرێتەوە و ئەوە کۆتایی پێدێت، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تر لە راستیدا زۆر دایك و باوك رازی نابن کچ و کوڕەکانیان بچنە دەرەوە بۆ مەحکەمە و بۆ هەندێ موعامەلات و ئەوانە تا وەکو لێی مارە نەکرێ، باشترە وا رێك بخرێت پێش گواستنەوە عەقدی زەواجەکەیان لە دادگا جێبەجێ بکرێ، لە یەکێ لە برگەکانی تر ئەو حەبسەی کە دیاری کراوە بۆ پیاو بەڕاستی ئەوە گرفتێکی تر دروست ئەکات، راستە زۆر کەس کە تاوان، سزایەکەیان بە حەبس دەکرێت، دەچنە سجن و ئیش و کاری بەڕێوەبردنی عائیلەیەك و خەرجی دابین کردن بۆ عائیلەیەکیان لە ئەستۆیە، راستە ئەمە کێشەیەکە، بەڵام کۆمەڵێك کێشەی تری بۆ دروست دەبێت بۆ ئەو عائیلەیە کەکێ بەخێویان دەکات، ڕەنگە ژنان ئەمەیان پێ ناخۆش بێت کە کەسێك لەسەر مەوادی موخەدەر دەگیرێت بۆ 20 ساڵ کێ ئەو عائیلەیە بەخێو دەکات؟ بۆ تەنیا لە کێشەی ژنان‌دا ئەمە دێننە پێشەوە، لەوەی مەوادی موخەدەرو لەوەی کەسێکیش دەکوژرێت سجن دەکرێت وەلەوەی ئێستاش ژنێك لە دەرەوەی دادگا مارە دەکرێت، کە ئەمەش بۆ خۆیان هەر گرفتن، پێویستە حکومەت ئەمە بخاتە سەر خۆی و چارەسەری بکات، بەڕاستی بۆ ئەوەی ژن و منداڵان نەکەونە دەرەوە، لە بازاڕدا زۆر عائیلە هەیە ناتوانن ئیدارەی ژیان و خەرجی ژیانی خۆیان دابین بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەدەفی موشەرەعی عیراقی و هەدەفی ئەو برادەرانەو ئەو خوشکانەی کە ئەو تەوسیاتانە یاخود ئەو پرۆژانەیان نووسیوەتەوە وای تێ دەگەم کە هەوڵ دەدەن مارە بڕین لەدەرەوەی دادگا مەنع بکەن بە دەلیلی ئەوەی چەندین سزایان هێناوەتەوە، لەبەرئەوەی لە مەحکەمە ئەو مارەبڕینە دەکرێت، تەوسیق دەکرێت ئەو مافانەو ئەوئەرکانەی لەسەر هەردوو لا هەیە، ئەوەش وا دەکات کە پارێزگاریەکی یاسایی لە بۆ ئەو مافانەو ئەو ئەرکانە بکرێت، بەڵام من حەز دەکەم ئاماژە بە یەك شت بکەم کە یاسای پێشتر حەبسی تێدا بوو کە دەڵێت (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد عن سنة أو بغرامة لاتقل عن ثلاثة مائة دينار ولاتزيد عن ألف دينار بالرجل عقد زواجه خارج المحكمة) لێرە لە پرۆژەکە من وای دەبینم کە کەمی کردووەتەوە، یەعنی داوای تەعدیلی کردووە، ئایا هەدەفی ئەو پرۆژەیە چیە؟ ئەوە ئەسڵی قانونەکەیە، لەو پرۆژەیە هەر زیندانیەکە لادراوە، نازانم یەعنی هەدەفی ئەو پرۆژە ئەوەیە تەخفیف بکرێت یان هاندانە بۆ ئەوەی زەواج خارجی مەحکەمە بکرێت، ئەو پرسیارە لەو برادەرانەو لەو خوشکانە دەکەم کە پرۆژەکەیان نوسیوتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەمەلیەن كاك سەردار تا ئێستا ئەو قانونە كە لە ساڵی 59 ەوە هەیەكە دەڵێت یان حەبس یان غەرامە، نەمبیستووە كەس حوكم درابێت، هەر بە غەرامەكە بووە، عەمەلیەن زەواجی یەكەم هاتووە لە مەحكەمە تازەی كردووەتەوە، هەندێك جار غەرامەكەشی بە تەریقەیەكی تر كراوە، بۆیە عەمەلیەن من نەمبیستووە كەس لەبەر ئەوەی كە مارەی بڕیوە حەبس بكرێت، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن زۆر لەو یاسایانەی كە دانراون زۆر مادده دەبینین كە جێ بەجێ نەبووە، لەبەرئەوەی لە دادگاكان بە باشی جێ بەجێ یان نەكردووە، ئەگەر بهاتبا بە باشیان جێ بەجێ كردبا و زیندانی تێدابا، بە قەناعەتی من ئێستا ئەوە وا نەدەما، یەعنی مارە بڕین لەدەرەوەی مەحكەمە نەدەما، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەزانین كە حاڵەتێكمان هەیە كە پێی دەگوترێت مارەكردنی دەرەوەی دادگا، ڕاستە مەلایەك دەیكا، بەڵام لەگەڵیشی دا ئەو هینانە هەیە، یەعنی ئەو شتانەی كە لە دەرەوەی یاساش دەكرێت كە یاساش باوەڕی پێی نیە، ئەو موخالەفاتانە دەكرێت، هەر مەلایەكە دێت دوو مناڵەكە مارە دەكات لەسەر بێشكە، من لەگەڵ هەموو ڕێزێكم بۆیان، یەعنی مەبەستم نیە لە شەخسی ئەو كەسە كەم بكەمەوە، بەڵام موخالەفەكە دەكات، هەر ئەوە دەیكات لەدەرەوەی مەحكەمە، باشە بە ڕەئی ئێوە ملیۆنێك تا سێ ملیۆن دینار بۆ ئەو عقوبەیە ئەگەر بخەینە ناو میزانێكەوە بە قەدەری خۆیەتی؟ ئەگەر هاتوو بۆ مناڵێكی مارە كرد یان شتێك كە پرس و ڕاو قبوڵ و ئیجابی تیا نەبوو یان گەورە بە بچووك بوو یان لە بڕی خوێن بوو كە ڕەدعیش ناكات، ئەوە یەك، خاڵی دووەمم سەبارەت بە خاڵی یەكەم، ئێمە گوتمان (مرض نقص المناعة المكتسبة) بەڵام ئێمە خۆشمان لێرە لە پەرلەمان یاسایەكمان دەركردووە ئەوەی تالاسیمیا، ئەگەر برادەرێكیش پێش من گوتبێتی من پشتگیری دەكەم بخرێتە ناو ئێرەوە بۆ ئەوەی لەمەودا حاكمەكان داوای بكەن، من ڕەجام وایە ئێمە تەنها بیر لە ئەوە نەكەینەوە و بڵێین غەرامە ڕەدعەو تەواو، پارە هەموو كەسێك دەتوانێ پەیدای بكات بۆ ئەوەی كە كێشەیەكی هەبوو كێشەكەی خۆی پێ حەل بكات، با ئێمە ڕەدعێك دابنێین بۆ ئەو موخالەفاتانەی كە لە دەرەوەی مەحكەمە دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێم وایە حەقە زۆر واقعی بین، هەموومان كە ژنمان هێناوە پێش ئەوەی لە مەحكەمە مارەی ببڕین چووینە لای مەلا مارەمان بڕیوە، بە حیساب ئەوە هەر دەكاتەوە زەواجی خارجی، ئەم مەوزوعە هەر

بەردەوامیش دەبێت، کۆمەڵگای کوردەواریش کە هەتا ئێستاش لە مەحکەمەکان دە زەواجی خارجی دێت لەویٚ تەسدیق دەکرێت، بۆیە بەڕاستی حەق وایە زەوابتێك دابندرێت بۆ ئەو مەلایانەی کە لە دەرەوەی مەحکەمە، یەعنی ئەگەر بە نیزام بێت، ئەگەر بە قانونێك بێت، زەوابتێك دابندرێت لە ناوچەیەك مەجموعەیەك خەڵك ئیزن بدرێت بە مەرج و بە شروت بۆ ئەوەی مارە بڕینەکە بکرێت، هەمووومان دەزانین کاتێك قازیش دەڵێ زەحمەت نەبێت مارەت بڕیوە؟ یەعنی ئەوەش وەکو تەئیدەك وایە بۆ ئەو مەوزوعە، ئەوە واقعێکە هەیە با ئێمە خۆمانی لێ ئەوە نەکەین، وانیە و خەڵك بێت لە مەحکەمە مارە ببڕێت، سەبارەت بە کۆتایی بڕگەی 5 ئێمە بۆ فرەژنی عقوبەمان دانا، بۆ ئەو کەسەی کە ژنی دووەم دەهێنێت عقوبەمان دانا، لێرەش عقوبەیە، بەڵام من نازانم پێم وانیە ئەگەر یەك کەس دوو عقوبەی بدەی، ئێمە لێرە عقوبەیەکمان داوە، لەوێش عقوبەیەك، من نازانم کامیانە کە یەك فعل یەك عقوبەی هەیە، ئەگەر من خراپ تێ گەیشتبم هیوادارم تێم بگەیەنن؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. رۆژان ئەو قسەیەی کاك عادل تێ گەیشتی؟ جوابی دەدەیەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سزایەی کە دانراوە لە ماددەی پێشوو کە باسمان لە مەرجەکانی سنووردار کردنی فرەژنی کرد جیایە، ئەو سزایەی لەو ماددەی کە پەسەند کراو دەنگی بۆ درا تەنها باسی چەند حاڵەتێك دەکات کە سەرپێچی ئەو بڕگانەی کە بە (أ و ب و ج و د و هـ) هاتووە، کە سەرپێچی کرد سزایەکە، تەنها بۆ سەرپێچی کردنی ئەو حاڵەتانەیە، بەڵام ئەوەی ئێرە جیایە، هەر سزایە، بەڵام بۆ بابەتێکی ترە مەوزوعەکە دەگۆڕێت، لێرە باس لەوە دەکەین کە ئەو گرێبەستە دەبەسترێت لە دەرەوەی دادگا، بۆیە باسی دوو جۆرە سزا کراوە، چونکە دوو بابەتی جیاوازن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە عەقدی زەواجی خارجی مەحکەمە، ئەوە زاهیرەیەکی کۆمەڵایەتیە، ئەو بەڕێزانەی لە پێش منەوە ئاماژەیان بەوە کرد کە خەڵك ئیلتزاماتی هەیە، دڵنیا نابێت، بۆ چارەسەری ئەمە پێشنیازی ئەوە دەکەم کە تەنسیقێك لە نێوان وەزارەتی ئەوقاف لەگەڵ وەزارەتی عەدل کە نیزامی مەئزونی پێ دەڵێن کە لە هەندێك وڵات دا هەیە، بە زەوابتی مەحکەمە ئیستمارەیەکی تایبەت هەیە ئەو مەسەلەیە رێك دەخات و ئەو تێکەڵیە ناهێڵێت، ئینجا گونجاندنێکی باش دەبێت، هەروەها ئەو تەشەنوجەی ئێستا هەیە لەلایەن مامۆستایان و زانایانەوە کەمی دەکەینەوە لە پێشنیازی خۆشیان هاتووە کە راپۆرتێکیان نووسیوە، چەند

ماموٚستایەکی شارەزا بە زەوابت سەر بە وەزارەتی عەدل لە ناوچەکان و لە گەڕەکەکان ئەو مەسەلەیە ڕێك دەخەن لەگەڵ وەزارەتی عەدل، چونکە ئەگەر وەك ئاماژەمان پێی کرد لە زۆر گوند و شاروشارۆچکەکان مەحاکم نیە، دادگا نیە، خەڵکیش هەر دەچێتە لای ماموٚستای ئایینی و بۆ ڕێکخستنەوەی ئەوە بە تەنسیقێك و بە ئیستیمارەیەك بە زەوابتی مەحکەمە دەتوانن ئەوە ڕێك بخەن بە یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن جەنابت وابزانم باسی ئەوەت کرد، یان برادەرێکی تر بوو؟ مەسەلەی مەئزون و ئەوانە، ڕاستە لە هەندێك وڵات هەیە، وابزانم لە مصرە، لێرە ئەوە بکەین پاش دیراسەتێك بێت لە دەسەڵاتی دادوەریەوە، ئەگەر بە باشیان زانی سیغەیەك تەقدیمی ئێمەی بکەن، ئێمە موناقەشەی بکەین، ئێمە لێرە ئێستا ئەوە بکەین کێشەیەکی گەورە دروست دەبێت، وانەبێت ئینسان تێ ی نەگات کە ئەوە پێداویستیەو ئەو شتەیە، با سوڵتەی قەزائی ڕاوێژ لەگەڵ مەحکەمەی شەرعی بکات، ئەگەر پێیان باش بێت، با پرۆژەیەك تەقدیم بکەن، ئەوە شتێکی گرنگە، ئەگەر پرۆژەیەکیان تەقدیم کرد لێرە دەتوانین باسی لێوە بکەین و بڕیاری لەسەر بدەین، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پشتگیری لە قسەکانی کاك جوتیار و کاك عادل دەکەم، بەڕاستی زەواج زەواجی مەدەنی نیە لەلای ئێمە، بڵێین زەواجی مەدەنیەو هیچ عیلاقەی بە دینەوە نەبێت، رابیتەیەکی موقەدەسە لە زۆربەی ئاییینەکانیش سیغەیەکی دینی هەیە، لە کەنیسە دەکرێت یان لە شوێنی تر دەکرێت، بەداخەوە هەندێك لە قازیە بەڕێزەکان سیغەی شەرعی لە کاتی عەقدی زەواج بەکارناهێنن وەکو تەزویج و تەنکیح و ئەوانە، ئەوەش شك پەیدا دەکات لای هاووڵاتیەکی مولتەزمی بەدین، حەز دەکات ئەو قەزیەیە شەو لەلای مەلا بیکات و بەیانی بچێت لە مەحکەمە بیکات، ئەوەی کە قانون موشکیلەی لەگەڵی هەیە تەسدیقی زەواجی خارجیە، کابرا زەواجی کردووە و منداڵی پەیدا بووە و تا ئێستا نە عەقدی زەواجی کردووە نە منداڵەکانی تەسجیل بووە لە هیچ شوێنێك، ئەو موشکیلەیە تەقریبەن لەبەر بیتاقەیتەموینی حەل بووە، کابرا ئەو ڕۆژەی ژنی مارە دەکات دەچێ عەقدی زەواجەکە دەردێنێ بۆ ئەوەی بیتاقە تەمویلیەکەی مەزمون بێت، کەواتە موشکیلەی ئێمە لە عەقدی زەواجی خارجیە کە حقوقی منداڵەکانی یان حقوقی ژنەکەی دەفەوتێت، بۆیە دەتوانین بڵێین (کل من اجری عقدا خارج المحکمة بخلاف الشروط الواردة في هذا القانون) ئەگەر خیلافی کردبێت حەقی هەموو جۆرە سزایەکی هەیە، یەعنی ئێمە لێرە بابەتەکە بابەتی تەسجیلی عەقدی زەواجە، هەر بابەکەو فەسڵە قانونیەکەش هەر وایە، تەسجیلی عەقدی زەواجە، نەك ئیجرایەکەی، پاشان ئێمە لە شروتی تەعەدود وەکو ئەو برادەرەی پێش من باسی کرد عقوبەکەمان دانا، لێرە دوو موخالەفەیە، یەکەم: تەعەددودی کردووە بە خیلافی شروتی ئەو قانونە، دووەم: لە خارجی مەحکەمە کردوویەتی، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەی لەوە دەرناچێت کە موخالەفەیە، نەگەیشتووەتە دەرەجەی جونحە هەتا ئێمە عقوبەیەکی وا گەورەی بۆ دانەنێین سێ ساڵ و چوار ساڵ و شتی وا بێتە گۆڕێ، بۆیە عقوبەی یەکەم کە دەڵێت شەش مانگ تا ساڵێك بۆ تەعەددودەکەی کە کردوویەتی بە خیلافی ئەو قانونە و غەرامەکەشی کە لە پێشەوەیە لەبەر ئەوەی لە خارجی مەحکەمە کردوویەتی، ئەوە حەلێکی وەسەتە بە ڕەئی من توند تر نەبێت لەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماموٚستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی د. ئاریان باسی مەوزوعەکەی کرد، من مولاحەزەیەکی کورتم هەیە لە ( بقیة الامراض الساریة الخطیرة ) دابندرێت، چونکە پەسیویش ساریە، ئایا ئەگەر پەسیوی هەبوو لێی مارە ناکرێت؟ جا لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەوە بکرێت باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی دوو (یرفق البیان بتقریر اللجنة الطبیة) ئەوەی کەوا پێشنیاز کرا من تەئیدی ئەوە دەکەم و لەگەڵ ئەوەدام کە باسی (نقص المناعة المکتسبة و بقیة الامراض الساریة والموانع الصحیة) ئەوە هەمووی دەگرێتەوە، (والوثائق الاخری) لێرەش مەبەستی ئەوەیە ناسنامەی کەسێتیە کەوا بزانن تەمەنیان چەندە؟ ژنی هێناوە یان ژنی نەهێناوە، سەبارەت بە بڕگەی 5 لێرەدا وەکو ئاماژەی بۆ کرا جیاوازی لە نێوان دوو حاڵەت دا دەکرێت، یەکەم: ئەوەی کەوا ئەو مارە بڕینەی لە دەرەوەی دادگا کراوە، ئەوە سزایەکی تایبەتی بۆ داندراوەو دەچێتە شێوازی موخالەفە، پێویست ناکات کەوا تۆ عقوبەی بۆ دابنێی، لێرەدا دووبارە من ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم لە کاتی تاوتوێ کردنی ئەم ماددەیە لە ئەنجومەنی وەزیران پێشنیازی ئەوەمان کرد کەوا سیستەمی مەئزون کە جەنابتان ئاماژەتان بۆی کرد پێویستە لە کوردستان دابندرێت، چونکە لە زۆر جێگا دادگا نیە، هەموو کەس ناتوانێ بچێتە دادگا جگە لەوەی وەك کاك زانا ئاماژەی بۆ کرد، هەتا لە وڵاتانی رۆژئاواشدا لە پێشدا دەچنە کەنیسە، لەوێ مارە بڕینەکە دەکرێت پاشان دەچن لەلای بەرپرسی مەدەنی ئەو مارە بڕینە لەوێ دووبارە تەسجیل دەکرێتەوە، من ئاماژە بۆ قسەیەکی کاك جمال دەکەم کەوا باسی لە سزادان کرد، سزادان لە وڵاتی ئێمەدا پێویستە ببێتە هۆیەکی چاکسازی نەك تۆڵە سەندنەوە، من هەر بۆیە کاتێك کە باسی ئەو راپۆرتەی وەزارەتی کاروبار کرا هی زیندانیەکان باسی ئەوەم کرد کەوا سیستەمێکی زۆر فراوان هەیە، من دیراسەیەکم لەسەر کردووە کاك شێروان حەیدەری ئاماژەی بۆ کرد و گوتی لە عێراقدا هەیە، لە عیراق دا 15٪ ی وەرگیراوە کە ئیفراجی شەرتیە، بەڵام ئەو سیستەمەی کەمن باسی لێوە دەکەم سیستەمێکی گەلێك فراوانە، حاکمێك دروست دەکرێت بەناوی حاکمی جێبەجێ کردنی سزاکان، دەتوانێت بچێتە ناو هەموو زیندانیەکان، پەیوەندی پێوەیانەوە بکات، چاودێری رەوشتیان بکات، پاشان راپۆرتی خۆی پێشکەش بکات بۆ ئەوەی کەوا ئەو سزایانە، ئەگەر ئەو کابرایە بەرەو ئەوە چووە ڕەوشتی چاك بکات، داوا بکات کەوا بەرەڵا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمه أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی قسەکانم کرا، بەڵام لێرە بە نیسبەت ئەو پێشنیارەی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان  کە کردیان من لەگەڵ پێشنیارەکەمە، بەڕاستی ئەگەر هاتو عقوبەکە غەرامەکەی لە ملیۆنێك بۆ سێ ملیۆن بێت من زۆر بە کەمی دەزانم، پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو غەرامەیەش زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قسەکانمان و لە واقعیشدا شتێك دەرکەوت کە دادگاکان کۆمەڵێ یاسا هەیە جێ بە جێی ناکەن، من دەڵێم نەك ئەوەندە ساڵ، یەك مانگیش بۆ ئەو کەسانەی کە سەرپێچی دەکەن و لە دەرەوەی دادگا ژن مارە دەبڕن بەند بکرێت، ئەو دیاردەیە لە ساڵی 59 ەوە تاوەکو ئێستا ئاوا نەدەما، دووەم: مەلاکانی ئێمە تا ئێستا سیستەمێك پەیڕەو دەکەن بە کچ دەڵێن کێ دەکەیتە وەکیل، خۆی دانیشتووە و دەڵێت کێ دەکەیتە وەکیل بۆ ئەوەی مارەت ببڕم؟ یەعنی ئەگەر مەلاش، قەد شەرعیەت نادەمە ئەوە مەلاو ئەوە دابنێن، ئەمە واقعێکەو بەسەریدا تێ دەپەڕین، وەزارەتی ئەوقاف ئەو تەعلیماتانە دەربکات کە مەلا با لەو سیستەمە بهێنێت، کچە کە خۆی دانیشتووەو شەخسیەتی کاملە، یەعنی چیە باوکی دەکەیتە وەکیل، دادگاکانیش دەبێت یاسا جێ بەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەڕێز جەنابی کاك شێخ فەتاح و کاك عومەر، چونکە ئێستا ناوتانم نەنووسیبوو چونکە داوای قسەتان نەکردبوو، ئەگەر لە وەڵامی لیژنەکان قسەی ئێوە نەکرا، قسەتان پێدەدەم، باشە فەرموو کاك شێخ فەتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من ڕەخنە لەسەر یەك قسە ئەگرم، زۆربەی بەڕێزان گوێم لێبوو، ئەمڕۆ مەلاکان، مەلاکانیان بوو، من مەلا نیم هەمووتان ئەزانن، بەڵام زۆر ئەسەف کە پیاوی ئایینی بەو شێوە بەبێ ڕێزییە  ناوی ببردرێت، چونکە مەلا ئێستا گوڵاڵە خان مەلا مارەی بڕییوە، هەتا گوڵاڵە خان مەلا مارەی نەبڕی، حاکم مارەی نەبری، ئەوە حەقیقەتێکە، کەواتە بۆچی ئێمە بەو شێوە تەماشای ئەو پیاوە موقەدەسانەی خۆمان بکەین، کە مەلا قدوەی ئیسلامە، حەز ئەکەم بەشێوازێکی تر باسی مەلا بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا ئەگەر ڕەخنەکەت ئاراستەی من دەکەیت، ئەوە جەنابت خۆت باش ئەزانیت ئێمە لە خزمەتی مەلایان بووینە، لە خزمەتی پیاوانی دین بووین، بەڵام لێرەدا ئێمە مەقسەدمان ئەو مەلایەیە کە موخالەفەی قانون ئەکات، ڕەنگە لە 2%ی مەلاکان نەگرێتەوە، کە دەڵێین مەلاکان مەقسەدمان ئەو مەلایە

که موخالفی قانونه، خیلافی شەرع شت ئەکات، ئەگینا مەلا بەڕێزە تەنها ئەوەندەیە، یەعنی لە هەموو ڕێژەکاندا موحامی هەموویان بەڕێزن ئایا هەموویان وەکو یەکن؟ دکتۆرەکان هەموویان بەڕێزن ئایا هەموویان پابەندن بەو سوێندەی کەداوییانە؟ بەتەئکید فەرقیان هەیە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمەوێت تەوزیح بدەم، ئەو بڕگە پێنجە لەو ماددەیە، زۆر بەڕێك وپێکی هاتووە لە مەشروعەکە، من پێموایە خەلقێك هەبێت لە تێگەیشتندا، کە بۆ یەکەمجار مەلا لە دەرەوەی مەحکەمە مارەیان ئەکات، وەکو گولاڵەخان باسی کرد، دادگاکان دەوری خۆیان نابینن، بەعەکسەوە دادگاکان دەوری خۆیان بینیوە، بەدەعوای مونجەزە کاك عەونی و کاك شێروانیش باش ئەزانن، ئیحالەی مەحکەمەی جونح ئەکرێن و سێ سەد دیناریش غەرامەیان لێ ئەسەندرێت، ئینجا ئەگەڕێتەوە بۆ مەحکەمەی شەرعیە، عەقدی زەواجی بۆ تەنزیم ئەکرێت، بە تەسبیتی زەواجی خاریجی، بەنیسبەتی ئەوەی تر کە عقوبەی فەقەرەی دووەمی مودەی حەبس (لاتقل عن ثلاث سنوات) عقوبەکان زۆر کافیە، پێم وایە ئەو فەقەرەیە هیچ ئەشکالێکی لەسەر نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر یەك تەوزیحم هەیە، بۆ ئەوەی کاك عومەر، بەتەئکید پشتگیری لێ ئەکەم، بەس یەك ڕاست کردنەوەم هەیە، ئێمە موناقەشەی فەقەرەی پێنج ئەکەین لە ماددەی 10 ئەو فەقەرە پێنجە، لە خولی پێشووی پەرلەمان تەعدیل کراوە، سزاکانیشی تەشدید کراوە، ئەوە نوسخەی قەرارەکەی لای کاك عەونیە، بۆیە من حەزم کرد ئاماژە بەوە بدەم، یەعنی ئەو ماددەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەوەی کە ئێستا ئێمە موناقەشەی ئەکەین، چ ئەو سێ سەد دینارە ماوە چ ئەو عقوبەیەش ماوە، بڕیارێکی تازەی وەرگرتووە لە پەرلەمانی پێشوو، لەو بابەتە سزاکانی توند کردووە، بەڵام ئێستا ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە سزاکان دەبێ توندتر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا موناقەشە تەواو، دواجار قسە ئەدەم بە لێپرسراوی لیژنەکان کە لەسەر مەنەسە دەنیشتوون، سەرەتا بە لیژنەی مافی مرۆڤ دەست پێدەکەم، لەبەر ئەوەی غەدرێکمان لێ کردووە، فەرمووو کاك کەرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا ئێمە لە ڕاپۆرتەکەماندا ڕەئی هەموو ئەندامانی لیژنەکەمان دەرخست، بەڵام ئەوەی کە کاك بارزان باسی کرد، کە گوایە لیژنەی مافی مرۆڤ، خاوی دەکاتەوە، عقوبەکان کەم دەکاتەوە، من نازانم لە پارەکە ئەوەی عقوبەی یەکەم، هی هەموو لیژنە پەیوەندیدارەکان وەکو یەکین، بۆچی تەنها باسی ئێمەی کرد

نازانم؟، چونکە هەتا لیژنـەی داکۆکی کـردنیش لـەمافی ئافرەتـان وژنـان، ئـەوانیش هـەر نەفسـی عقوبـەیان دانـاوە بـۆ حاڵـەتی یەکـەم، ئێمـە تـەنها لەحاڵـەتی دووەم عقوبەکـەمان کـەم کردۆتـەوە، ئـەویش ئێمـە لـە ڕوانگەی ئەوەوە باسی ئەو مەسەلەیە دەکەین، ئەو عقوبەیە بۆ ئیصلاح کردنی کەسەکانە، بۆ موعالەجـەی حاڵەتێکە، بۆ تۆڵە سەندنەوە نیە، ئێمە وەکو لیژنەی مافی مـرۆڤ تـەبیعی ئـەبێ سـەیری هـەموو لایەنـەکان بکەین، سـەیری ئـەوەش بکـەین کـە چۆن شـتێك بکـەین کـە شـیرازەی کۆمـەڵگا نەشـێوێت، مـن پرسـیار لـە جەنابتان دەکەم ئایا؟ ئەگەر عقوبەکە زیاتر بکەین، یەعنی کابرایەك شتێکی وای کردبێ منداڵی لێی بووەو چەند ساڵێکە ئەو شتەی کردووە، بەزیاد کردنی عقوبەکە موعالەجە ئەکرێت؟، یان تـۆ ئەبێتـە موسـەبیبی سەرەکی لەوەی کە خێزانەکە تێك بچێت و تەڕەتوباتیشی لەسەر دروست ئەبێت، ئێمـە ئـەو شـتەمان تـەنها لێرەدا فەرقێکی زۆر بچووکمان هەیە، دەنا لەوی تردا هەموومان وەکو یەکین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی ئافرەتان و ژنان کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی داکۆکی کردن لەمافەکانی ژنان تەئکیـد ئەکەینـەوە، کـە هـەردوو سـزاکە هـەبێت، لەبـەر ئەوەی وەکو جەنابتان ئاماژەتان پێـدا، غەرامەکـە ئـەدرێت و کـەس عقوبـەی دووەم نادرێـت، کـە عقوبـەش وەکـو زۆر لـەبرادەران باسـیان کـرد، مەسـەلەی غەرامـە زۆر ئاسـانە هـەموو کەسـێك ئـەتوانێ بیـدات، بۆیـە تەئکید ئەکەینەوە حەبسەکەی تێدا بێت کە لەساڵێك کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیـاتر نـەبێت، لەگـەڵ غەرامەی پارەکەش، لەسەر مەسەلەی ئەوەی کە پیاو ژنی دووەم لە خاریجی مەحکەمە بێنێت، پشتگیری لە قسەکانی دکتۆرە ڕۆژان ئەکەین، دیارە ئەوە ئەو پیاوانـەن کـە مـەرجیان تێـدا نیـە، لـە دەرەوەی مەحکەمـە ژنەکە مارە ئەکەن، بۆ ئەوەی لەو سزایە نەجاتیان بێت، بۆیە تەئکید ئەکەینەوە کـە پرۆژەکـەی حکومـەت بێت، لەسەر مەسەلەی ئەوەی کە مەئزونی شەرعی ومەحکەمە دوورە، ئەوەی کە من بـزانم زۆربـەی هـەرە زۆری ئینسانەکان لە ژیانیاندا تەنها یەکجار زەواج ئەکەن، مەعقولـە ئـەو یـەکجارە نەچێت بـۆ مەحکەمـە، زۆر ئەرکێکی قورس بێت، لەبەر ئەوە پێویست ئەکات ئەو یـەکجارە لەژیانیـدا کـە گرێبەسـتی هاوسـەرگیری ئەکات، کە گرێبەستێکی زۆر گرنگە بۆ ئینسان بچێت لـە مەحکەمـە تەسـجیلی بکـات، یـەك ڕەدم هەیـە بـۆ کاك شێخ فەتاح من تـا ئێسـتا بـۆ خـۆم نـەمزانیوە وشـەی مـەلا وشـەیەکی ناشـیرین بێـت، مـن بەوشـەیەکی جوانم زانیوە، یەعنی ئەوەی کە گرێبەستی هاوسەرگیری ئەکات، ئەوەی کە لە مزگەوت بانگ ئەدات، ئـەوەی کە ئەو شـتانە ئـەکات نـاوی مەلایـە، یـەعنی بـە وشـەی ناشـیرین نـەمان وتـووە، بـە وشـەیەکی ناشیرینیشـم نەزانیوە، وام زانیوە وشەیەکی جوان و پیرۆزە، بۆیە بەکارم هێناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش مەلا زادەین کوێستان خان، باشە فەرموو کاك شێخ فەتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من ڕێزم هەیە بۆ کوێستان خان من نەموتووە مەلا، چونکە گوێم لێیە ئەڵێت مەلاکە، مەلاکە من قسەکەم لەسەر ئەوەیە، کە ئەڵێن مەلاکە، مەلا پیشەی خۆیەتی زۆر شتێکی جوانە، بەڵام بۆچی بە مامۆستایەکی ئیبتیدائی تەربیە ئەوترێت مامۆستا، بەڵام بەمامۆستایەکی عالی زانا ئەوترێت مەلاکە، قسەکەی من لێرەدایە، وشەی مەلاکە لابەرین بڵێین مامۆستا یان مەلا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردوو ناوەکە بەکار دێت مامۆستاش و مەلای ئایینیش، لیژنەی یاسای فەرموون.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: ئێمە لەڕاپۆرتەکەی خۆمان ئەوەی کە هاتووە تەئیدی ئەوە ئەکەین، لێرەدا ئێمە تەئیدی ئەو نوقتەیەش ئەکەین(بتقریر طبي) ببێت بە (تقریر لجنة طبیة رسمیة) ئەمە زۆر باشە، دووەم: باسی نەخۆشی تر ئەکرێت، وابزانم خۆی ئەڵێت (الامراض الساریة والموانع الصحیة) خۆی عادەتەن لە وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەکی موختەص ئەم نەخۆشیانە دیاری ئەکات، تەعمیمی ئەکات لەسەر مەحاکم ولەسەر دکتۆرەکانیش، حەتا ئەوە نەصی تەعمیمی وەزارەتی تەندروستیە کە باسی نەخۆشی تەناسولی ساری ئەکات، باسی (جوزان ئەکات، باسی تەئەدومی ریئەوی ئەکات، باسی نەخۆشی عەقڵی ئەکات) ئەمە ئیشی ئێمە نیە، بڵێین با ئەوە زیاد بێت با ئەوەی تر زیاد بێت، ئەوە ئیشی وەزارەتی تەندروستیە، بە تەعلیمات ئەمە دائەبەزێنێت، ئەمە دوو، سێش: قانون بۆ واقیع دائەندرێت، فەلسەفەی قانونیش بۆ ئەوەیە کە نابع بێت لە واقیع وموومکینی تەتبیقیش بێت، ئێمە لەواقیعی خۆمان دێی دوور هەیە، زۆر کۆمەڵگا هەیە، هەر مەحکەمەی لێ نیە، هەندێ شوێن هەیە سەختن و زەحمەتە ئەوەی کە موتڵەق بڵێت خارجی مەحکەمە، یەك رۆژ خارجی مەحکەمە یەك سەعاتیش خارجی مەحکەمە ئەبێت، ڕەئی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، کە هەموو جارێك لە هەموو پرۆژەیەکدا ڕەئی ئەدەن، تەعمیم ئەکەن لەسەر لیژنەکان، لەسەر ئەندامان تکامان وایە ئیستیفادە لە ڕای ئەوانیش بکرێت، چونکە لەوێ زۆر کەسی موختەص بانگ ئەکرێت، ڕەئی ئەوان بەئیجماع بۆ ئەوە بوو کە مودەیەك دابندرێت، بڵێن لە ماوەی ئەوەندەدا ، چونکە هەندێ دێ هەیە ئیحتیماله خارجی مەحکەمە عەقدەکە بکات، بزانێ ئەگەر زمنی ئەو ماوەیە بێت ماشی ببێت ئیشەکەی، بۆیە موقتەرەحی ئەوان 60 رۆژیان داناوە، لە ماوەی ئەو کاتەدا، ئەگەر نەهات تەسجیلی بکات لە مەحکەمە یەعنی ئەوکاتە ئەو عقوبەیە ئەدرێت، ئەمە وا بزانم ڕەئیەکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم ئەوە ڕەئی لیژنەی قانونی هەموویانە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ڕەئی کاك خەلیلە، ڕەئی لیژنە قانونی نییە، ئێمە ئەو ڕەئیەی کە هەمانە بە تەحریری داومانە، هەر سەقفێکیش دابندرێت بەڕاستی خیلافی قانونە، بۆ ئەو مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعدالدین هیچ قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێزملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە زۆر باس لەسەر مەسەلەکان کرا، بەس زەواجی خارجی مەحکەمە حەقی وایە، وەزارەتی ئەوقاف دوو پرۆژەمان بۆ بنێرێت، یەکەم: بەکێ ئەوترێت مەلا؟، چونکە ئێستا ئەوە زۆر موشکیلەیە خادیم وموئەزنە لە مزگەوت مەندیلێکیان هاویشتۆتە سەریان پیان دەوترێت مەلا فلان و مەلا فلان، ئەوە دەبێ عیلاجی بۆ بکرێت، دووەم: مەشروعێکمان بۆ بنێرێت بۆ مەئزونی شەرعی کە دیاری بکات، چونکە هەرچەندە مەحکەمەش هەبێت خەڵکی ئێمە یەعنی هی کوردستان، هەتا نەچێت لەلای مەلا ژنەکەی مارە نەبڕێت دڵی ئاو ناخواتەوە، دەبێ هەر مارەشی بکات، ئینجا بەڕاستی ئەبێ ئەوە حەل بکرێت، یەعنی ئەو دوو جانبە هەردووکیان حەل بکرێت، یەك پرسیار هەیە؟ لە فەقەرەی پێنجەم لە ئاخیرەکەی ئەڵێت (اذا عقد خارج المحكمة زواجاً اخر مع قيام الزوجية) ئێمە لە ماددەی یەکەم باسی موخالەفەی شروتمان کرد، دەڵێت (لايجوز الزواج بأكثر من واحدة) واتە نابێ لەیەك زیاتر بێنێت، ئەگەر لە یەکێك زیاتری هێنا ئەوە (يترتب عليه) یان موخالەفەی ئەو مەرجانەی کرد ئەو عقوبەی لەسەر وارید ئەبێت، دیسان هاتووین لێرەدا عقوبەیەکی تریشمان بۆ داناوە، ئەوە ناکرێت تۆ بڵێیت ئەوە داخیلی مەحکەمەیەو ئەوە خارجی مەحکەمەیە، ئەوی تریش هەر لە خارجی مەحکەمە کراوە، زەوجەکە تەحریکی دەعوای کردووە و هاتووە وتوویەتی ژنی بەسەر من هێناوە، یەعنی دەبێت دوو عقوبە لەسەر یەك حاڵەت بێت، یەعنی ئەگەر بشڵێن ئەوە بۆ قازییە مەعنای وایە ئەگەر هاتوو موفتەرەحی یەکەم کە ڕابوورد وەدەنگمان لەسەردا، حوکمەکە بەس بۆ قازی ئەگەڕێتەوە، کابرا مانای وایە موخالیف نیە، ڕەجا ئەکەم ئەمە وانابێ، یەعنی عیلاجێك لەو دوو عقوبەیە بکرێت، هەر هەمان عقوبەیە ئەگەر لە خارجی مەحکەمە بێت، لە ماددەی یەکەم هەر هەمان شتیشە ئەگەر لە داخلی مەحکەمەش بیکات بە ئیزنی قازیش بێت، ئەگەر موخالەفەی شروتی تێدا بێت، دوایش ئەگەر دوو عقوبە بێت بۆ لێرە بەو توندیەیە، بۆ لێرەش بەو شێوەی تر، من ڕەئیم وایە جەنابی سەرۆك کە باسی غەرامەکە ئەکەین باسی عقوبەکە ئەکات، عقوبەی ئەوە زیاد بکرێت کە خارجی مەحکەمە ئەکرێت، یەعنی(كل من اجرى عقد زواجه خارج المحكمة) ئەو فەقەرەیە بەس بۆ خارجی مەحکەمە بەجێ بهێڵدرێت ئەو (مع قيام الزوجية) لێرەدا زیادەیە، چونکە لەماددەی یەکەم چارەسەری بۆ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موناقەشە زۆر کرا، ئێستا دێینە سەر ئەوەی کەلەبەر ڕۆشنایی موداخەلاتی ئێوە کرا، فەقەرەی یەکەم لەماددەی دەیەم، کە دوو فەقەرەیە خراوەتە هەمووارکردن و موناقەشەکردن، یەکەم: لەبەر ڕۆشنایی موداخەلەکانتان وای لێ دێت، (يرفق البيان بتقرير اللجنة الطبية) ڕەسمیەکە ئەگەر داخڵ بکەین، ئێستا خەستەخانەی ئەهلیمان هەیە، کە بەهەموو ئیشەکان هەڵئەستێت، ئەوەش موئەهەلە کە زیاد بکرێت، وە

ئەگەر خەستەخانەی ئـەهلیش بێت دکتۆرەکان پابەنـدن بەیاساو ڕێنماییـەوە، لەبـەر ئـەوە ڕەسمـی داخـڵ بکـەین دەبـێ بچـێتە خەسـتەخانەوە، ئینجا بەمـە ئیشـەکە قـورس ئەبێـت، بۆیـە ئـەو مولاحەزەیـە کـاك ئاریزیش دای ڕاستە(یرفق البیان بتقریر من اللجنة الطبیة یؤید سلامة الزوجین من مـرض نقـص المناعـة المكتسبة، هیچ زەرەرێکی تێدا نیە، لەبەینی قەوسدا (الایدز) وبقیة الامراض الساریة، ئەو بەقیـە مەعروفـە توبیەن، والموانع الصحیة، مەوانعی صەحی ئەوەی دکتۆرە ئاریانیش باسی کـرد دەیگرێتـەوە، ئەگـەر بێـت و لەناو خێزانەکەدا نەخۆشییەك هەبێت مانع بێت بۆ زەواجی خزم و کەسوکار، وەك ئەوەی نەخۆشی هەیە بە ویراسە نقلْ ئەبێت، ئەوەش دەگرێتەوە، ئەوەی کاك دکتۆر نوری ئاماژەی پێکرد، والوثائق الاخری ئـەوە توبی نیە، یشترطها القانون، ئینجا ئێستا وای لێ دێت، بۆیە دەیخەمە دەنگەوە بەڵێ دکتۆرە ئاریان، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاریان خالص شێخ جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر باسی ئەیدز بکەین، لەگەڵ تالاسیمیا، ئەیدز ئەوەنـدە موشـکیلە نیـە حالیـەن لـەناو کوردسـتان وەکو تەلاسیمیا، بەس تەئکید کردن لە ئەیدز دەبـێ نەفسـی شـت بێـت لەگـەڵ تەلاسـیمیای، بـەس ئـەوەی ئـەوە الامراض الساریة هەر پێویست ناکات، یەکسەر الموانع الطبیة، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر ئەگەر وابێت لێرەدا بەڕەئی ئێوە ئەبێت، چونکە لێرەدا موختەصە، کاك دکتۆر فوئادیش بـا قسـەمان بـۆ بکـات لەوبارەیـەوە، ئەگـەر بنووسـرێت (مـرض نقـص المناعـة المكتسـبة والموانـع الصـحیة) ئـەوە کافیـە، فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا کە وتمان الموانع الطبیة ئەوە هـەمووی ئەگرێتـەوە، یـەعنی ڕاسـتە ئێمـە یاسـامان دەرکـردووە بـۆ تەلاسـیمیاو بـۆ نەخۆشـیە بۆماوەییـەکانی تـر، لەبـەر ئـەوە پـێم وایـە کێشـەیەك نیـە، وەزارەتـیش خـۆی تەعلیماتی هەیە، وەکو کاك خەلیلیش باسی کرد، کەوا ئەو نەخۆشیانە کامانـەن کـە دەبـێ تـەقریری تـوبی هەبێت، دیاری کراوە هیچ کێشەیەك نیە لەم یاسایەدا بەعەمەلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ڕەئی پزیشکی دیـارە دکتـۆرە هالـەو دکـۆر ڕەمـەزانیش هـەمان ڕەئیـان هەیـە، ڕەئـی پزیشکیە کاك جەمال باشە فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا مـن لەسـەر مەوزوعەکـەی خـۆم قسـەم هەیـە، مـن شـتێکم تـەرح کـرد، کـەوەکو واقیـع بنـەمای بـۆ چارەسەکردنی ئەم کێشەیە، گرنگی پێنەدرا، د. نوری پشتێوانی کردم حەز دەکەم ئەوە توزێك بەفراوان تر باسی لێبکەین، مەسەلەی چاکسازی و ئـەو دەورانـەی کـە لەچاکسازیا ئـە نوێنـەری بـۆ کەمکردنـەوەی ئـەم موشکیلەیە، خەڵك کە دەچێتە سجن سێ ساڵ سجنەکە تـەواو دەکـات، بـەڵام نازانێـت لەسـەر چ گێـراوە وچ

موبەریریێك، یەعنی جارێکی تر وەکو ئینسانیك صالح ناچێتەوە کۆمەڵگا، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەوزوعێکی ترە کاك جمال، ئێستا ئەو فەقەرەیە بەو شێوە، ئەوە طبي کەیە، فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونی تەلاسیماکە مەنعی زەواجی نەکردووە، فەقەت بۆ ئاگادارکردنەوەیە، یەعنی مەنعێکی تێدا نیە ئەوەی تالاسیماکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو سیغەیە دەیخوێنمەوە ئەگەر بەدڵتان نەبوو ئەوجا قسەتان ئەدەمی، ئەگەر بەدڵت نەبوو، فەرموو کاك بکر.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەندەی من دەزانم کەسبی مەناعەی موکتەسەبە بەس ئایدزنیە، مەجموعەیەك نەخوشی هەیە کەسبی مەناعەی موکتەسەبەی هەیە وەکو ئایدەز دوای ئەوە نەوعی گروپی خوێنەکەی کە ئەمانە زۆر موشکیلەی دروست دەکات بۆی، ئینجا حەقە تەحدیدی بکەن لەسەر ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چیە، ئێستا بەوە ناسراوە، بەڵام بەو سیغەیە کەسیغەیەك نووسراوە دەیخوێنمەوە لەبەر رۆشنایی طبیش، خیلافت هەیە کاك رمضان؟ ئەگەر سیغەکەت بەدڵ نەیە ئەوجا رێگات دەدەمی قسە بکە، سیغەکە دەڵێت: (یرفق البیان بتقریر من لجنة طبیة مختصة یؤید سلامة الزوجین من مرض نقص المناعة والموانع الصحیة والوثائق الاخری التي یشترطها القانون)، خیلافێکتان لەسەر ئەوە هەیە؟ دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی دەستی بڵندبکات تکایە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ ئەو فەقەرەیە وەرگیرا، فەقەرەی دووەم: لیژنەی یاسایی ولیژنەی ئەوقاف خیلافیان نیە ولیژنەی داکوکی کردنی مافی ژنان پشتگیری پڕۆژەکەیان کردووە کە دەڵێت: یعاقب بغرامة لاتقل عن ملیون دینار ولاتزید عن ثلاثة ملایین دینار کل من اجری عقد الزواج خارج المحکمة وتکون العقوبة الحبس مدة لاتقل عن ثلاث سنوات ولا تزید عن خمس سنوات اذا عقد خارج المحکمة زواجا اخر مع قیام الزوجیة، ئەوە موتەفیقن لەسەری تەنها لیژنەی مافی مروڤ نەبێت کە دەڵێت عقوبەکە لە سێ ساڵ ببێتە ساڵێك و کەمترین شت ساڵێك بێت وزیاترین شت سێ ساڵ بێت، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە داوای ئەوەمان کرد کە بۆئەو پیاوەی کە بۆ ئەو کەسانەی عقد دەکەن لەدەرەوەی مەحکەمە جگە لەوەی کە ژنی دووەم ئەهێنێ ئەوەیش عقوبەی ئەوەی بۆ دابنرێت کە لە ساڵێك بۆ سێ ساڵ، یەعنی لەگەڵ غەرامەکەدا حەپسیش هەبێت، ئەوە بۆ ژنی یەکەمیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا موقتەرەحی تازەیە، یەعنی جیاوازە، تازەیە، ئەم موقتەرەحە تازەیە دەڵێت هەتا بۆ ژنی یەکەمیش لە لایەن لیژنەی داکوکیکردن لەمافی ژنان، ئەگەر لەدەرەوەی مەحکەمە ژنی یەکەمیش مارە کرا، ئەوە موقتەرەحە دەبێت بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەصلی قانونەکەش ئەو عقوبە هەیە، لەئەصلی قانونەکەی ساڵ 1959 حەپس هەیە، بەڵام ئەمە من نازانم بۆ تەخفیف کراوە لەوەی کە لەحکومەتەوە هاتووە، ئەو پڕۆژەیە کە لەلیژنەی ژنانیش چووتە حکومەت خۆی هەر دوو عقوبەکەی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وتمان وباسمان کرد ئەوە لەپڕۆژەی پێشودا هاتووە دەڵێت: عقوبەکە لەشەش مانگ کەمتر نابێت یان غەرامە (300) دینار بێت، وتیشمان و شەرحیشمان کرد وتمان عەمەلیەن کەس عقوبە نەدراوە، ئەگەر بەمەعلوماتی ئێوە کەس عقوبەدرابیت هەتا ئێستا لەو پەنجا ساڵەیدا لەخاریجی مەحکەمە، کاک غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی داکۆکی کردن لەمافەکانی ئافرەتاندا نیم، لەبەر ئەوەی کە ژنی یەکەم مارەدەکرێت، کابرا ژنی نەهێناوە، لەگوندێك دانیشتوونە یان لەکۆمەڵگایەك دانیشتوونە کە مەحکەمەیشی لێ نیە و خزمەکان کۆدەبنەوە بەیەکەوە دەچنە خوازبێنێ ئەو کچە وپاشتر دێنە موحکەمەو مارە دەکرێت ئەوە یەك، دوویش: یەعنی بەراستی حەق نیە بەو شێوە، ئەوەندە مامۆستایانی ئاینی ئەوەندە بە گومان بین، کە لەدەرەوە ئیش دەکەن، ئیشی غەیرە شەرعی دەکەن، خۆ دواتر زۆر جاریش هەیە کە لەمەحکەمەیش مارە بکرێت ئیلا دەیبەنە لای مەلا مارەی دەکەن، یەعنی حەقە ئێمە هەندێ رێز لەو کۆمەڵگایە بگرین و حەق نیە ئەوەندە تەهەجومیش بکەینە سەر مامۆستایانی ئاینی لەبەر ئەوە، یەعنی ئێمە هەموو شتێك بەگومان تەماشابکەین، لەیاساکانی پێشتریش هەندێ جار بەگومانەوە تەماشای ئەدای واجیبی حاکمەکان دەکرا، یەعنی بەراستی دەبێت ئێمە هەندێ ئەو شتەکان مەوزوعیانە بیربکەینەوە، ئێمە یاسایەك دەردەکەین ئەو یاسایە بۆ کۆمەڵگای کوردستانە، دەبێت شتێکی وابێت ئیمکانی جێ بەجێکردنی ئەو یاسایەش هەبێت، بەڵام ئەگەر پێشنیارەکە بۆ ئەو مەبەستە بێت کە لیژنە دەیکات، هەندێ کەس کە ژن لەدەرەوەی مەحکەمە مارەدەکەن و پاش دوو، سێ منداڵ ئینجا دەچن زەواج دەکەن، ئەوە پێشنیارەکەیان لەجێگای خۆیاندایە ئەگەر بۆ ئەو ئامانجە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن جـەوابێکم هەیـە بـۆ کـاك غـەفور، تکایـە قسـەکانی ئێمـە بـا بەهەڵـەو تەشـویە وەرنـەگیرێت، ئێمـە نەمانوتووە و گومانیشمان لەکەس نیە لەدەرەوەی مەحکەمە و لـەپیاوانی ئـاینی و ەکو کـاك غـەفور باسـی دەکات، مەسەلەکە ئەوەیە کە جاری واهەیە کە لـەخاریج مەحکەمـە عەقـدی زەواج دەکرێـت، زۆری تێدایـە بـەبێ رەزامەنـدی کچـەکەیە، بـەبێ رەزامەنـدی کوڕەکەیـە، مەسـەلەکە ئەمانەیـە، مەسـەلەکە ئـەوە نیـە گومانمان لەکەس بێت ودەکرێت وئەمە لەدەستوری هەندێ ولاتیش نووسراوە وئەو پیاوی ئاینیەی کە کوڕو کچێك مارە دەکات، ئێمە دڵنیاین کە هەر کچ و کوڕێك لەهەرێمی کوردستان لەدوای ئەوەی کە لەمەحکەمـە مارە دەکرێن هەر دەچنە لای پیاوێکی ئاینی، یەعنی پیان وایە ئەگەر نەچنە لای پیاوێکی ئاینی شـەرعیەت وەرناگرێت، دەکرێت ئـەو پێـاوە ئاینیـە کاتێـك ئـەو عەقـدە بکات کـە وەرەقـەی مەحکەمـەی پێبێـت وئـەو وەرەقــەی مەحکەمەیــە بباتــە لای پیــاوی ئــاینی، ئینجــا مــارەی کــەن، ئەمــە مــن لەدســتوری ولاتیــك خوێندمەتەوە وکاتی خۆیشی مەناقەشەمان کردووە لەلیژنەی یاسایی کـە لەدەسـتوریش ئـەوە بنووسـرێت، هیچ پیاوێکی ئاینی کچ وکوڕێك مارەنەکات ئەگەر وەرەقەیەکی مەحکەمەی پێنەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئێوە مەوزوعێکی تازەتان هێناوە پێشەوە خەرێك بـوو تـەواوی بکـەین ئـەو مەوزوعـە و هێناومانتانـە سەر سفر، صبریە خان فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا من سەیری سەراپای ئـەم یاسایە دەکـەم دوو گـرفتی گـەورەمان پێکـەوە تێکـەڵ کـردووە، یەکـەم: گرفتی باگراونـدێکی تـاکێکی ئـەم کۆمەڵگایـە کـە تـەغیرێکی جـذري، سـەقافی، کلتـوری، کۆمەڵایـەتی دەوێـت ودەمانـەوێ لەئەساسادا هەمووی جێ بکرێتەوەو تەرتیب بکرێت، من یەك نموونە بۆ جەنابتان دەهێنمـەوە، لەسەراپای هەموو هەرواماندا کویەیەك بێنە کۆمەڵێك لـەم دیاردانـە کـە کچـان تیـادا دەچەوسـێنەوە بـەدی ناکرێت، گـەورە بەبچووك، شـیربایی، لەسـەر بێشکەمارەکردن، فرەژنـی، نـادر حالاتمـان هەیـە، بـۆ؟ چـونکە سـەقافەی جـذري تێـادابووە، کاریگـەری، بـۆ نموونـە لـە کۆیـە مـەلای گـەورە چ تەئسـیراتێکی گـەورەی بەجێهێشتوە لەسەر ئەو شوێنە، لەهەورامانا ئەو سەقافە ئیسلامیە بوەتە جذورێکی باش، رۆڵ و کاریگەری بینیوە، ئێمە ناتوانین بەغەرامەو بەعقوبە و بەسجن ئەم شتانە چارەسەربکەین، باشە من شتێك ئاراستەی ئەم خوشکە بەرێزانـە دەکـەم، لیژنـەی مـافی ئافرەتـان، ئـەو ئافرەتـەی شـووی کـردووە بەرەزامەنـدی خـۆی لەدەرەوە، عەقدی لەگەڵ پیاوێك کردووە لەبەر کەمی ئاستی سەقافەی، لەبەر نەگونجانی، لەبەر بەنەزەرور زانینی، هەتا ئێستا لەرووی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەوە وامان نەکردووە کە ئەم عەقـدە لـەناو مەحکەمـەدا زەرورە، دەبێت ببێت، ئێستا سەقافەکە وردە وردە دروسـت دەکرێـت وبەراسـتی مـن لـەو رۆژانـەدا پرسـیاری زۆرم کردووەو دەڵێن نیسـبەیەکی زۆر بـاش دروسـت بـووە، ئێمـە جـاری وا هەیـە 15٪ یـان 10٪ حالاتمـان هەیـە لەوانـە وردە وردە، تەدریجیـەن ئەمـە چارەسـەردەکرێت، باشـە کـە پیاوێـك غەرامـەدەدات لەحیسـابی منداڵەکانی و ژنەکـەی نیـە؟، پیاوێـك سـجن دەکرێـت لەحیسـابی ژنەکـەی ومنداڵـەکانی نیـە؟، بەراسـتی بـا

وردترو عميق تر بچينه ناو مەوزوعەو بەديدێكی مروڤ دۆستانه لێی بدوێين نەك يەك جانبی بۆ ئەوەی مافی هەموو كەسێكی تێدا بارێزرابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە حەقی خۆمانه بەنوقتەی نيزامی قسەبكەين لەبەر ئەوەی صبريه خان هجومێكی ناڕوای كردە سەر ليژنەكەمان، ئێمە ئەوە حەڤدە ساڵه رێكخراوەكانی ژنان خەباتی بۆ دەكەن، زۆر ورد، زۆر بەمروڤ دۆستانه ئيشی لەسەر دەكەن، ئێمە لە بيدايەتی مەسەلەكانەوە كە قسەدەكەين لە ديدێكی ئينسانيانەوە لەسەر پرۆژەكە قسەدەكەين، لەمادەی سێوە هەتا ئێستا، لەديدێكی ئينسانياەوە و تەئكيديشمان كردوەتەوە وساڵێك لەليژنەكەی خۆمان بەئامادەبوونی رێكخراوەكانی ژنان، رێكخراوی كۆمەڵگای مەدەنی، كۆمەڵێك حاكم كۆمەڵێك شەريعەتناس هاتوونەتە ئەيرە وئەو پرۆژەمانە نووسيوە، زۆر بەوردی و زۆر بەمروڤ دوستانه تەعامولمان لەگەڵيا كردووە وەنەبێت ئێمە خەڵكی ورد نەبين ومروڤ دوست نەبين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ دەيەوێ قسەبكات لەسەر ئەو مەوزوعە ناوی دەنووسم، موقتەرەحێكی تازەيە، ليژنەی ژنان هێناويەتی، دەڵێت: زەواجی يەكەميش لەدەرەوەی مەحكەمە دەبێت ئەوەی مارەی دەبڕێت، پياوە ئاينيەكە، مامۆستاكە، سزابدرێت، ئەوە موقتەرەحێكی تازەيە، كێ دەيەوێ قسە بكات؟ كاك محمد حكيم فەرمووو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من راپۆرتێكم لەبەرەستە، راپۆرتی ليژنەی داكۆكی لەسەر مافی ئافرەتان، لەدوێنيوە تەماشادەكەم، لەگەڵ رێزمدا تەبعەن بەمافی خۆم دەزانم ئەو رەخنەيە بگرم، خوشكان تەرحی تازەيان پێيە كە لێرە نەنووسراوە، من چۆن بزانم ئەو پێشنيارانەيان هی ليژنەكەيانە كە كۆبوونەتەوەو ئەوەيان تەرح كردووە، يەعنی راپۆرتێكم لەبەردەستە لەدوێنێوە هيچ ئەوەی تێدانيە، بۆ هەر مادەيەك سێ شتی تازەيان پێيە، ئايا ئەوە موخالەفەی عورف نيە؟ دووەم: داوا لەجەنابتان دەكەم يان زۆر مەرن بيت ، يان زۆر توند بيت، كەناو دەنووسيت، دوای ناو نووسين كەس هەڵنەسێتەوە، يەعنی رۆژێك زۆر توندی، دەستت خۆشبێت، رۆژێكيش زۆر نەرميت، هەم دستت خۆشبێت، بەڵام پێم وايە لەو نێوانەدا هەندێك وەسەت بە، بۆ ئەوەی نەوعە عەدالات بەرپابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەمووتان موافيق بن، بەتوندی ناڵێم من ، بەڵام بەزەبتی دانيشتنەكە، من مەمنونم، بەڵام هەريەكە لەديدی خۆيەوە تەماشای دەكات، هەر يەك پێی وايە ئەو حەقە وەكو لێدوانەكان، لەلێدوانەكانيشدا نەفس شتە، لەبەر ئەوە تۆيش لێرە دابنيشی نەفس شت دەكەيت، ئەمرۆ لەم جەلسەيەدا تەنها نوقتەی نيزامیە،

چەندكەس بەناو نوقتەی نیزامیەوە قسەی كرد؟ هەمووی رەدانەوەبوو، فەرموو لیژنەی داكوكی كـردن لـە مافی ژنان و ئافرەتان بۆچی لەراپۆرتەكەتانا نەهاتووە؟ ئایا ئەوە رەئی هەمووتانـە یـان نـا؟ وقسـەكەی كـاك محمد حكیم راستە، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەم دوو مادەیەدا دوێنێ پەخشان خان ئیشارەتیشی پێدا، وتی ئەم پێشنیاری تازەیە لەلایەن كۆمەڵێك رێكخراوەوە بۆمان هاتووە، ئیشارەتی پێدا، بەیارمەتیت صبریە خـان تـۆ قسـەی خـۆت كـرد مـەجال بـدە بـا ئێمەیش قسەی خۆمان بكەین، ئینجا تۆ قسەبكە، ئێمە دوێنێ پەخشـان خـان ئیشارەتیشـی پێـدا، وتـی ئـەم پێشـنیارانە لەكۆمـەڵێك رێكخـراوەوە بۆمـان هـاتووە و ئیزافەیـە وئیشارەتیشـمان پێـداوە، وتـی تازەیـە وئیزافەیشمان كردووە و، ئێمە وەكو خۆمان پشتگیری دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەكسەریەتی لیژنەی ژنان موناقەشەتان كردووە لەبەینی خۆتان كە تەرحی بكەن؟ كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەكرێت ئێستا لێیان بپرسن، چونكە ئەمە پێشتر، جارێكی كە لیژنـەی ژنـان پـێش ئـەوەی كـە یاسـای بـاری كەسی ئێمە پرۆژەكەی بۆ دارێژین، لیژنەی ژنان بـەكۆی دەنگـی هـەموومان ئـەم پرۆژەیـەمان جارێـك داوە بەسەرۆكایەتی پەرلەمان، بەڵام دواتر ئێوەی سەرۆكایەتی پێتان راگەیاندین لەبەر ئـەوەی هەمواركردنەكـە پارچە پارچە نەبێت، هەمووی دەكەین بەیەك، ئەگینا ئەمە پیشتر جارێكی تر بـەجیا و بـەئیمزای هـەموو ئەندامانی لیژنەی ژنان دراوەتە سەرۆكایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ ئێستاكە ئەمە موقتەرەحێكی تازەیە هاتووەتە پێشەوە لەبەر رۆشنایی ئەم موناقەشاتانە، كـاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەوزوع موقتەرەحات بـێ، بەراسـتی ئێمـە وەكـو لێژنـەی یاسـایی، ئێمـەش موقتـەرەحاتێكی زۆرمـان هەیە لەسەر ئەو یاسایە، ئێمە هەر هەموومان دانیشتووین و مامۆستا زەلی لـەوێ بـوو و هـەموو لێژنـەكان لەوێ بوون، مامۆستا زەلی تەرحی ئـەوەی كـرد و گـوتی: وەڵڵاهـی مـن پرۆژەیـەكم لـە دەسـتە بـە نیسـبەت قانونی ئەحوالی شەخسـی لـە ئەلفـەوە بـۆ یـاء ، پرۆژەیـەكی موتـەكامیلم لەدەسـتدایە، خوزگـە ئـەو پـرۆژە موتەكامیلە بهاتبا ئێستا لێرە گفتوگۆی لەسەر بكرابا نەك بەو شێوەیە، بەڵام ئێستا بە قەناعەتی شەخسـی خۆم، ئەگەر ئێمە لێرە موقتەرەحێك وەربگرین خاریجی پرۆژەكە بێت، ئێمە رەنگە تووشی هەڵە بـین لـەو یاسایە و یاسایەكە سەقەت دەردەچێت، بۆیە بە حەقیقەت و لەبەر ئەوەی لە راپۆرتەكەش نەهاتووە، حـەق وایە ئێمە پابەندی راپۆرتەكانی خۆمان بین و لەسەر ئەو ئەساسە موناقەشە بكەین، نەك ماددەیەك بێنین وقانونەكەشمان لێ سەقەت بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان عەفوم دەکەی قسەکەت وەکو مەبدەء وایە، بەڵام لە نەتیجەی موناقەشە کە دوو کەس یان سێ کەس پێشنیارێك بکات دەبێتە پێشنیار بەناوی لیژنە نا، زۆربەی ئەندامانی لیژنە وەکو ئەندامانی پەرلەمان ئەو پێشنیارەیان هێناوەتە پێشەوە کە دەڵێ من پێویست ناکات بیخەمە موناقەشەوە، بەڵام چونکە زۆر روونە، لیژنەکە دەڵێ وەکو نازناز خان وتی و پەخشان خان و سۆزان خان دەستی هەڵگرتووە، ئەوە سۆزانە و ئەوە کوردستانە ئەوانە ئەکسەریەت وانە و دەڵێ زۆر موناقەشەمان کردووە، دەڵێ بەندێك هەبێت بۆ جاری یەکەمیش ئەگەر بێت و لە دەرەوەی مەحکەمە مارە بڕا عقوبە بدرێت یان ئەصڵی ماددەکە بمێنێتەوە کە دەڵێت ئەو عقوبەیە بدرێت لە شەش مانگی حەبس کەمتر نەبێ و غەرامە 300 دینار، لە ئەصڵی هینەکە دەڵێت یان غەرامە یان حەبس، ئەوان دەڵێن با هەردووك بێت، ئێستاکەش لە پەرلەمانەدا ساڵی 2001 ئەوە هەموار کراوەتەوە، ئەوەی لە 2001 کە ئێستا ساریە لە کوردستان دەڵێ (یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر و لا تزيد عن سنة او بغرامة لا تقل عن 3000 دينار و لا تزيد عن 5000 دينار كل رجل عقد زواجه خارج المحكمة)، موقتەرەحی ئەوانە دەڵێ: ئەو (او) ببێتە (و) یەعنی هەردووکی بگرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحە تازەیەی داکۆکی کردنی مافی ژنان و ئافرەتانە با دەستی بڵند بکاتەوە تکایە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمەڵێك نوقتەی نیزامیم هەیە و داوای لێبوردن دەکەم دەبێ قسە بکەم، بەداخەوە پێش رەئی دانەکان هەر چ فەقەرەیەك ئاراستەی گفتوگۆکان بەلایەکدا دەروات کە تەبیعی نیە، دەیکەنە ململانێی ژن و پیاو، دەیکەنە ململانێ عەلمانیەت و ئیسلامیەت، ئەنواعی ململانێ دروست دەبێت ئاراستەکە دەگۆردرێت، ئێستا بۆ نموونە من یەك یەك باس دەکەم، کاك شێروان لەگەڵ رێزم بۆی هەڵدەستێ و دەڵێ بریا ئەوەمان نەکردبا و جەنابی شێخ زەلی پرۆژەیەکی پێ بوو لەوە موتەکامیل ترمان هێنابایە، ئەوە ئەو موشکیلاتانەش حەل دەبوو، ئایا شێخ زەلی پرۆژە تەقدیم بکات یان سەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان؟ ئایا ئەندام پەرلەمانێك لە پێشترە یان شەخسێك با عەلامەی دەهەریش بێت؟ ئێمە بۆ لێرە نرخی ئەندام پەرلەمانەکانی خۆمان کەم بکەینەوە؟ لیژنەیەکی زۆر کارا بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و حوزوریشمان دوو رۆژ لەسەر یەك لێرە بینی، ئەوە بەشێك لە موجتەمەعی ئێمە داوای ئەو گۆڕانکاریانە دەکات، بۆ دەبێ ئێمە بە ئاراستەیەکی دیکە ببەین و مەلایەك لە دەرەوەی ئەو پەرلەمانە لەگەڵ رێزم حەز دەکەی با عەلامەی عالەمیش بێ، بەڵام ئەوەی هی خۆمان لە پێشترە نەك ئەوە، ئەوە نوقتەی نیزامی یەکەم، جەنابی شیخ فەتاح و کاك غەفور هەر لە خۆرا ژنەکانی ئێمە و ئافرەتەکانی ئێمە هیچیان نەگوتووە و ئەو تانە و تەشەرەی دەخەنە پاڵیان گوایە ئیهانەی پیاوانی ئایینیان کردووە، رۆژێك لە رۆژان ئێمە کە نیوەشمان مەلا زادەین دانیشتووینە لێرە یان کەسوکارمان

مەلان، باشە کەی ئێمە ئیهانەی مەلامان کردووە؟ دوایی ئێمە باس لە قانونێك دەکەین، کە ئەو قانونـە کـە ئەوەی موخالیف و سەپێچکارە بەدەرجەی یەك پیاوانی ئـاینی یـاخود مەلایـەکانن ئەوانـەی کـە عەقدەکـە دەکەن، دایك و باوکانن، ئێمە باسی دایك و باوکانیشمان کردووە، ئایا ئەوە بووە مەعنای ئەوە کە ئێمە دژی دایکایەتی و دژی باوکایەتین؟ یان کە دەڵێین خێزان دەبێ رێك بخرێ، ئەوە یەعنی ئێمە دەمانەوێ شیرازەی خێزان تێك بدەین؟ بۆ شتەکان دەبێ بە ئاراستەیەکی تردا بڕوات؟ خۆمـان هەمووەمان شاهیدین هـەر ئـەو ئاراستە و جەوەکە کە دەگۆردرێ تەئسیر دەکاتە سەر دەنگدان و شێوەی دارشتنی قانونەکەو، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەوەلەن تەسویت کرا، دووەمیش: من خۆم روونکردنەوەیەم دا، پێویست نەبوو جەنابت وا بڵێ، خۆم جوابی کاك شێروانم دایەوە کە وتم ئێمە و سێ ئەنـدامی پەرلـەمانیش پێشـنیارێك دێننـە پـێش دەیکەینـە پێشنیار و دەیخەینە دەنگەوە، ئەوەی پێویست نەدەکرد بیڵێـێ، چونکە مـن جوابم دایـەوە، دووەمـیش مـن دوو جاریش و سێ جاریش رێگەم دایە کوێستان خان رەئی خۆیدا و زۆریـش بـە روونـی و بـە ئاشکەرایی و ئەو ماددەیەش کە قبوڵ نەکرا، لە راستیدا من نەمویست رەئی خۆم بدەم نەوەك تەئسیر لە هەندێ بـرادەر بکـات و ئەوانـە، ئـەو ماددەیـە زۆر تەبیعیـە، نیگـەران نـەبی لەسـەر ئـەوە، خـۆ چـی وتـووە؟ ئیلغـای ئـەو ماددەیەی نـەکردووە کـە پـێش سـەعاتێك ئیقرارمـان کـرد، وتمـان ئەگـەر بـە ئیکراه بێـت باتیلـە و حـوکم دەدرێت، ئەوە مارە بڕینێکی تەبیعیە و عادەتێکە خەڵك دەچێت کچەکەی مارە دەبڕێ لـە لایـەن مـەلا، زۆر تەبیعیە دوو مانگ پێشتر دەچێتە مەحکەمە و ئەوەش موخالیفە، ئێستا قـەرارمان دا ئـەوەش نـابێ بکـرێ، دەبێ ئەوەل جار بچێتە مەحکەمە، بەڵام تاوەکو خەڵکەکە تێـدەگات لـە ئێسـتاوە حاڵـەتێکی زۆر تـەبیعی و زۆر ئاسایی و نۆرماڵ لەگەڵ قانون بگونجێت، تۆ زیندانی باویتە ناوی، ئەوە قورسە، رۆیی و دەنگمان بۆ دا، بۆیە ئەو شەرحەی دەکەم، ئەگینا دەیانگوت تەئسیری لێ کردووە، ئەوە مانای وا نیە کە ئێمە پێشتر گوتمان ئـەوەی بـە ئیکـراه زەواجـی دەکـات سـاڵەکانمان دیـاری کـردووە و باتیلـە و ئەگـەر پاشـی ئـەوەی کـە دەگوازرێتەوەش مەوقەفە ئەوەمان هین کردووە و لە هینەکان هەمووی سزا دەدرێن، ئەوەی کە ئێستا باسی دەکەین فەقەت ئەو حاڵەتانەی بۆ زەواجی یەکەم نەك دووەم، ئـەوەی دووەم ئێسـتا دێـین و باسـی دەکـەین، زەواجی یەکەم لای مەلا کە سجنی تێدا بێت یان نا؟ ئەوە دەنگتان بۆ نەدا تەنها مالیەکـە، لەبـەر ئـەوە دژی یاسا نیە زۆر لە حەقیقەتدا موخالەفەیـەکی قانونیـە و عقوبەکـە زۆر هـین دیـاری کـراوە، لەبـەر ئـەوە زۆر نیگەران مەبن کە ئەوە هین بووە، شتێکی گەورە نیە بڵێین مافی ژنان پیشێل کراوە، دوا قسەشم بۆ جەنابت ئەوەیە ئاراستەی ئەوە مەکەن کە ژن و پیاو، لێرەدا زۆرینەی دەنگ بۆ ئەو پـرۆژەی کـە لـە لایـەن لێژنـەی داکۆکی مافی ئافرەتان و ژنان درا زۆرینەیان پیاون، ئاخیر دەنگدانیش ئەگەر سەیری بکـەین، ئـەوەی دەنگـی بۆ دا بۆ ئەو پرۆپۆزەلە تازەیە پیاو زیاتر بوون، بۆیە ئەو جوملەیە وارید نیە، عەفوم دەکەن، ئێستا دێینـە سەر فەقەرەی یەکەم دەنگمان بۆ دا، فەقەرەی دووەم موقتەرەحی کاك هین دەنگی نەهێنا، فەقەرەی دووەم کە لێژنەکان موتەفیقن لەسەری، (یعاقب بغرامة لا تقل عن مليون دينار و لا تزيد عن ثلاثة ملايين دينـار

**كل من اجرى عقد زواج خارج المحكمة و تكون العقوبة الحبس مدة لا تقل عن 3 سنوات و لا تزيد عن خمس سنوات اذا عقد خارج المحكمة زواجآ اخرآ مع قيام الزوجية)، یەعنی ئەوە ئەگەر دووەم بێت، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من تەنیا یەك پرسیارم لە جەنابتان هەیە، تەبعەن زۆر مارە کردن هەیە، مەسەلەن پێش ئەوەی بچنە مەحکەمە، بە خۆشەویستیە، پێش ئەوەی بچنە دادگا، ئایا ئەوەش دەگرێتەوە؟**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دەرەوەی مەحکەمە بە پێی ئەو قانونە تازەیە باتیلە، بەلاّم ئەگەر زەواجی یەکەم بێت ئەوە غەرامەیە، ئەگەر زەواجی دووەم بێت ئەوە تەنیا حەبسە، زەواجی دووەم بێت لە دەرەوەی مەحکەمەش بێت.**

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مەسەلەن ئێستا زۆر کوڕ و کچ هەیە پێش ئەوەی بچنە مەحکەمە شەو دەچن بۆ لای مامۆستایەك بۆ ئەوەی ئەو مەلایەیە پێی ناخۆش نەبێ دەچن مارە کردنەکەی تەواو دەکەن، دوایی کە مارەکردنەکەیان تەواو کرد دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژی پێ ناچێ دەچن لە مەحکەمە دەیکەن، ئایا شمولی ئەوانە دەکات؟**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەگەر بێی لە ڕووی ڕەسمیەوە، بەڵێ ئەوانیش شمول دەکات، بەلاّم لە ڕووی شەرعیەوە نەخێر، لە ڕووی شەرعیەوە جائیزە، بەلاّم ئێمە لێرە باسی قانون دەکەین، باسی قانونی ئەحوالی شەخسی دەکەین، بە پێی ئەو قانونە دەریدەکەین، هیچ زەواجێك لە دەرەوەی مەحکەمەی شەرعی ناکرێت، باسی مەئزونیان کرد منیش تەئیدی ئەوە دەکەم کە دەسەلاّتی دادوەری پرۆژەیەك تەقدیم بکات بۆ ئەوەی سیستەمێك دابنێن کە کار ئاسانی بکات، ڕەنگە ئەوە هەندێك زەحمەت بێت ئەو جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە، خۆی ئۆتۆماتیکیەن وای لێ دێت لە مەحکەمە مارەببڕن و پاشان لە لای مەلا، بەڵێ کاك زانا نوقتەی نیزامی.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئایا مەلا شەرعیەت دەداتە قەراری مەحکەمە بۆ ئەوەی لە پاش مەحکەمە بچێ بیکات؟ یان مەحکەمە شەرعیەت دەداتە ئەوەی کە مەلا کردێتی؟ ناکرێت لە دوای مەحکەمە بچێتە لای مەلا، ئەوە یەك، دووەمیش ، ئەگەر قەصدی لێژنەی داکۆکی مافی ئافرەتان و ژنان بێت بەس لەبەر ئەوەی غەدر دەکرێت و حیسابی شرووتی عەقد ناکرێ، بە پێی ئەو قەصدی شارع ئەوەی قەصدی شارع بێت دەبێ بلّێین: بخلاف احکام هذا القانون، یەعنی ئەگەر لە خاریجی مەحکەمە بوو بە خیلافی ئەحکامی ئەو قانونە کرا ئەوجا عقوبەکە بیگرێتەوە، چونکە ئەوە وەکو کوێستان خان شەرحی کرد، لەبەر ئەوەیە کە هەندێ خروقات هەیە، زۆر سوپاس.**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تا کاک زانا ئەوە بۆ رێکخستنی ئەو مەوزوعەیە، لە مەحکەمە عەفوم دەکەی، مارە بڕین قانونیە و شرعیە، چونکە مەحاکم قازیە و دەسەلأتی شەرعی و قانونیشی هەیە ، بەلأم هەندێ کەس هەیە نەفسیەن لای مەلایەکە مارەکە دەبرێت پێی وایە نوقسانیەکی هەیە، لە مەحکەمەی دەبڕی، بەلأم بۆ جانیبە نەفسیەکەی خۆی و جانیبە ئیجتیماعیەکە خۆی ئەتوانێ، بەلأم پێش ئەوەی لە مەحکەمە کە مارەی ببرێت بۆی نیە لە دەرەوە مارە ببڕێت، ئەگەر شتێکی ترت نیە کاک خۆرشید دەمەوێ بیخەمە دەنگەوە، فەرموو.

**بەرێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعی مارە کردنی ژنی یەکەم کە بە رەغبەتی خۆی هێناوەیەتی و بە ئیکراە نەبێ، سزای لەسەر بێ تا نەچێتە مەحکەمە و کارەساتێکی گەورەمان بۆ دروست دەکات، ئەو لادێیەی کوردستان و شارەکانی کوردستان لە پایتەختی کوردستان ئەوە تەنفیز ناکرێ، ئایا لە گوندێکی سەر حدوود ئەوە دەکرێت دەبێ ئیلا لە قازی؟ مارە شەوێ دەیکات بە رەزامەندی هەموو لایەکە و بە ئیکراە نیە، یەعنی رۆژی مەحکەمە هەر ئەو کارەی دەبێت بچێت خەڵك بگرێ، تکام وایە بیر بکەنەوە لەو مەوزوعە، ئەوە ئەوەندە ئاسان نیە، هەموو کەسێك بێتە مەحکەمەی بە ئیکراە بێت لەگەڵتانم، بەلأم بە رەغبەتی هەموو لایەك بێت مەلا مارەی دەکات، ئەوە کارەسات دروست دەکات، مەحکەمەی ئێمە موشکیلەمان بۆ دروست دەکات.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک خورشید، ئێمە ئاماژەمان پێکرد رەنگە جەنابت ئینتیباهت نەکردبێ یان لێرە نەبووی، ئەو قانونە 50 ساڵە جێبەجێ دەکرێ، 49 ساڵ پێش ئێستا موشەریعی عێراقی ئەو قانونەی دەرکردووە لە هەموو مەحاکیمی شەرعی جێبەجێ دەکرێ، ئەو وەختی دەڵێت: یعاقب بالحبس مدة لا تقل عن 6 اشهر و لا تزيد عن سنة، او بغرامة..........كل رجل عقد زواجه خارج المحكمة، 50 ساڵە ئەو قانونە هەیە خۆ شتێکە لە گیرفانمان دەرنەهێناوە، دوایی لە 2001 پەرلەمان هاتووە جارێکی تر تەئکیدی لەسەر کردووە، ئێستاش ئەو هەموار کردنە تەئکیدەکی ترە بەرەو زیاتر بەبیر هێنانەوەیە و توندکردنیشە بە سەریەکەوە، دەیخوێنمەوە و دەیخەمە دەنگدان، فەرموو.

**بەرێز بارزان محمد قادر:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگەیەی زەواج خاریجی مەحکەمە موقارەنەی بکەن بە بڕگە سێ هەندێ شەرت و شرووتمان داناوە، حوکمەکە لەوێ جیاوازە، لەوێ دەڵێ: (لا يجوز الزواج باكثر من واحدة الا بأذن القاضي و يشترط......) هەندێ شەرت و شرووتی هەیە لە خوارەوە .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی گوتمان ئیکراهە و بە زۆرە و شتێكی ترە، ئەوەی وتمان و باسمان كرد دوێنی و ئەمڕۆ ئەو زەواجە بە زۆرە، ئەوە بە رەغبەتە، ئەوەی لێرە باسی ئەوەی دەكات، دەرەوەی مەحكەمە عەقدی زەواجەكە لە دەرەوەی مەحكەمە ئەگەر شرووتیشی تێدا بێت نابێ لە دەرەوەی مەحكەمەی بیكات، حالەتی یەكەم و حالەتی دووەمیش، ئەوە فەرقی هەیە ئەوە فەقەت باسی ئەوە دەكات مەنع كردنی زەواج لە دەرەوەی مەحكەمە، زەواجی یەكەم و دووەمیش، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر لێرە، یەعنی سێ ، چوار لایەن موناقەشە كرا، موناقەشە ئەكرێ و دێینە سەر لایەنێكی دیكە و ئەگەڕێینەوە سەر موناقەشەی ئەوەی تر، پێم وایە ئەوە خیلافی نیزامی بەرێوەچوونی جەلساتەكانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەللا ئەوە راستە، بەلاّم منیش وا بزانم ئێوەش لە پەیرەو لاتان داوە وەكو لێژنە، پرۆژەیەكتان هێنا و لێتانم قبول كرد و دەنگیشمان لەسەر دا، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە یەكەم جار نیە لەم مینەصەیە لێژنەی قانونی و لێژنەكانی تر لەم مینەصەوە پێشنیاری تازەیان كردووە، ئەوە یەك، دوو: ئەو پرۆژەیە لە $9/10$ لێرە خوێندرایەوە و لێژنەی داكۆكی ماڧ ئافرەتان و ژنان تەقەیودەن بە نیزامی داخیلی پەرلەمان $9/16$ كۆبوونەوەی كردووە و تەقریرەكەی ختسووە خزمەتی ئێوە و ئەندامانی پەرلەمان، بەلاّم شتی تازە كە ئەوەندە دواخرا، شتی تازە هاتووە و تەقاریری لێژنەكانی ترمان دیت، لەبەر ئەوە ئەوە یەكەم جار نیە شتێ لەم مینەصەیە پێشنیاری تازە ئەوترێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارەكەی ئێوەمان قبولّ كردو ختسمانە دەنگەوەو دەنگی نەهێنا، ئەوە یەك، دووەم: دیسان دەیلێمەوە بەداخەوە ئەو قسەی كە كاك محمد حەكیم كردی كە داوای لێ كردین زەبتی بكەین، لە هەردوو حالّەتدا دەستی خۆش بێت، من لە یەك حالّەتدا دەستم خۆش بێت كە زەبتی دەكەم، كە تەساهولم كرد یاخوا دەستم خۆش نەبێ، بەلاّم خەتای ئێوەشە عاجز دەبن و منیش رێزتان هەیە نامەوێ عاجزتان بكەم، هەر لە یەكە یەكەتان و كەستان عاجز ناكەم، هەر یەكە كە داوای قسە دەكات و ناتاندەمێ لە دلّی خۆتان گرژ دەبن و جەنابیشت دوور نی لەوە، تۆش عاجز دەبی، كاكە ئەوە زۆر موناقەشە كرا، ئەم خالّە دەخەمە دەنگەوە،تەواو مناقەشەكە تەواو،دەخوێنمەوەو دەیخەمە دەنگەوە، (یعاقب بغرامة لاتقل عن مليون دينار ولا تزيد عن ثلاثة ملايين دينار كل من اجرى عقد الزواج خارج المحكمة وتكون العقوبة الحبس مدة لاتقل عن ثلاثة سنوات ولا تزيد عن خمس سنوات إذا عقد خارج المحكمة زواجا أخر مع قيام الزوجية) كێ

لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە ئەکسەریەت قبوڵ کرا، ئێستا هەردوو فەقەرەکە لە ماددەی پێنجەم هەموارکردنەکە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە ئەکسەریەت دوو فەقەرەکە لە ماددەی دە هەموار کرا، کە لێرە لە پرۆژەکە ماددەی حەوتە، ماددەیەك هەیە زۆر کورتە فەقەرەیەکە، پرۆژەی حکومەت دەڵێت ماددەی 19 وەك خۆی بمێنێتەوە، وەکو دانراوە، کە ئەسڵ پێویستی نەدەکرد بخرێتە ناو پرۆژەکەوە، کە حکومەت گوتوویەتی وەك خۆی بمێنێتەوە دەستی لێمەدەن، چ خیلافتان لەسەری هەیە لیژنەی داکۆکی کردنی ژنان، کەواتە دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە ماددەی 19 وەك خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، وەك خۆی مایەوە، کۆبوونەوەکە دوا دەخەین بۆ بەیانی سەعات دە، زۆر سوپاستان دەکەم، بەخێر بێن سەرچاو.

**عونی کمال بزاز**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**